

مەنسوور حیکمەت (ژووبین ڕازانی)

2002 - 1951

*کریکارانی جیهان یەکگرن!*

# هەڵبژاردەیەک لە نووسراوەکانی

# مەنسوور حیکمەت

## لە دوو بەرگدا

## بەرگی

## 1

*ئامادەکردن و پیاچوونەوەی*

*سالار ڕەشید*



ناوی کتێب: هەڵبژاردەیەک لە نووسراوەکانی مەنسوور حیکمەت
بابەت: باسەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری
ئامادەکردن و پیاچوونەوەی: سالار ڕەشید
بەرگ: کەریم مەلا ڕەشید
چاپ و دابەشکردن: چاپخانەی ڕەنج
چاپی یەکەم، سلێمانی 2008
تیراژ: 500 دانە
ژمارەی سپاردن: ژمارە 2228ی ساڵی 2008ی پێ دراوە

# پێشەکی

لە پاش هەوڵ و ڕەنجێکی زۆری زیاتر لە یەک ساڵ و نیو، توانیمان بۆ یەکەمین جار، نزیک بە تەواوی نووسراوەکانی مەنسوور حیکمەت کە بۆ زمانی کوردی وەرگێڕاون، لەم سایت و ئەو سایت، لەم نامیلکە و ئەو ئۆرگان و گۆوار، لە کوردستان و ئەم وڵات و ئەو وڵات گرد بکەینەوە، تایپیان بکەینەوە و بە سەر لە بەریدا بچینەوە و بەم چەشنەی ئێستای، بیخەینە بەر دیدی خوێنەران و تێکۆشەران بە گشتی و کرێکاران و تێکۆشەرانی کۆمۆنیست بە تایبەتی، کە بێگومان لە خەبات و هەڵسووڕانیاندا، دەبێتە چەکێکی کارا و کاریگەر و توانابەخش.
ئێمە هاتووین، ئەم نووسراوانەمان کردووەتە دوو بەرگەوە، تاوەکوو بۆ خوێندنەوە خۆشدەست بن. هەروەها باسەکانیشمان بەپێی ئەو دەورانەی ئەم بزووتنەوەیە تەی کردووە، کردووەتە چوار بەشەوە، کە سێ بەشیان کەوتووەتە نێو بەرگی یەکەم و ئەوی تریشیان کەوتووەتە نێو بەرگی دووەمەوە.
لە بەئەنجامگەیاندنی ئەم کارەدا، لە سۆراخکردن، پەیداکردن، نووسینەوە، پیاچوونەوە و کۆمەکی ماڵیدا، زۆربەی ئەوانەی ڕووم لێ نان، کۆمەکیان کردم، کە بێگومان بەبێ ئەوان ئەم کارە بە ئاکام نەدەگەیشت. من لەم ڕووەوە، دەستەکانیان بە توندی دەگوشم و لە نووسینێکی تایبەتیدا ناویان دەبەم.
بەڵام لێرەدا ناکرێ ناوی هاوڕێ "ئامانج ئەمین"، کە زۆر ماندوو نەناسانە، ژمارەیەکی زۆری لە باسەکان دووبارە تایپ کردەوە، هاوڕێ "جەمال کرێکار" کە هەر لە سەرەتاوە پشتیوانێکی گەورەی کۆمەکی ماڵی ئەم پرۆژەیە بوو، هەروەها هاوڕێ "سەردار حامید" و هاوڕێکانی، کە بە وەرگرتنی مۆڵەتی چاپی ئەم کتێبەوە زێدە ماندوو بوون، نەهێنم.
بێگومان، سەرباری دوو جار پیاچوونەوە و هەر وردەکارییەک، سەرباری ئەوەی لە زۆر جێگا کە باسەکە ڕۆشن نەبووبێت، بۆ دەقە فارسییەکە گەڕاوینەتەوە و لەگەڵ ئەودا بەراوردمان کردووە، بەڵام هێشتا کارێکی وا، بێ کەموکووڕی نابێت. بۆیە لە خوێنەران و هاوڕێیانی ئازیز دەخوازم، هەر ڕەخنە و پێشنیارێکیان کە هەیە، وەیان هەر نووسراوێکی مەنسوور حیکمەتیان کە شک برد، بۆمانی ڕەوان بکەن، تاوەکوو چاپەکانی دواتر، پوختەتر بن.



پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوەش بکەم، کە یەکێک لە باسەکان بە نێوی: "تاوانی یەکێتیی نیشتمانی لە دژی خەڵکی کوردستان مەحکوومە"، سانسۆر کرا و ڕێگای بڵاوکردنەوەی پێ نەدرا.
ماوەتەوە ئەوە بڵێم، ئەم پرۆژەیە ئەگەرچی پرۆژەی هیچ حیزب و لایەنێک نییە، بەڵام پرۆژەی هەموو ئەوانەیە کە پشکدارییان تێدا کردووە، وە هی تەواوی ئەو تێکۆشەرانەیە کە دڵسۆزی کۆمۆنیزم و کۆمۆنیزمی کرێکارییین.


## سالار ڕەشید

سویسرا
2008 .11 .09

salarrasheed@yahoo.com

# مەنسوور حیکمەت کێ بوو؟

(1951 _ 2002)

**نووسینی: حەمیدی تەقوایی**

16ی تەموزی 2002

زیندەگی مەنسوور حیکمەت، بیرمەند و تیئۆریسینی بەرجەستەی مارکسیست و ڕابەری بزووتنەوە و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، لە دیرۆکی ئەم بزووتنەوە و حیزبە، لە تەواوی چرکەساتەکان و هەڵچوون و داچوونەکاندا جودا نییە. ئەم نووسراوەیە بیۆگرافی مەنسوور حیکمەت و لە هەمان کاتدا مێژووی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ و کۆمۆنیزمی کرێکاری لە ئێرانە. یادی بەرز و بەڕێز و ناوی پایەدار بێت!

ژووبین ڕازانی لە حوزەیرانی ساڵی 1951 لە شاری تاران لەدایک بووە، سەردەمی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە تاران بەسەر بردووە و لە زانکۆی شیراز دەرچووی بەشی ئابوری بووە. ژووبین لە ساڵی 1973 بۆ تەواوکردنی خوێندن بۆ لەندەن دەچێت و لەو سەردەمەی کە لە ئینگلتەرە خوێندکاری خوێندنی باڵا بوو، دەستی بە خوێندنەوەی کاپیتاڵ و دانراوەکانی دیکەی مارکس کرد. بیری ڕەخنەگرانە و پڕ لە شۆڕ و هەژانی ئەو، وەڵامی پرسیارگەلە پایەییەکانی خۆی، لەمەڕ شرۆڤەکردنی دنیای نابەرابەر و دژەمرۆیی و ڕێگای گۆڕینی ئەوانەی لە مارکسیزمدا بینییەوە. سیفاتی قووڵی مرۆڤدۆستی و ئازادیخوازانەی ژووبینی لاو، لەگەڵ ڕەخنەی ڕادیکاڵی مارکس لە سەرمایەداری ئاوێزان بوو. بەم شێوەیە مەنسوور حیکمەت و مارکسیزمی مەنسوور حیکمەت پەیدا بوون. ئەم مارکسیزمە هیچ جۆرە لێکچوون و نزیکایەتییەکی لەگەڵ مارکسیزمی باودا نەبوو. کۆمۆنیزمی لە تەرزی ڕوسی، چینی، چریکیزم، سۆسیال دیموکراتیزم و ترۆتسکیزم گشت، نەک هەر بنەما و خاڵی دەسپێکی ئەو نەبوونە، بەڵکە ئەمانە بۆخۆیان بابەتی کاری ڕەخنەی ئەو بوونە. لە هەمبەر ئەم لێکدانەوە لادەرانە بۆ مارکسیزم، مەنسوور حیکمەت ڕاستەوخۆ لە مارکسەوە دەستی پێ کرد و ئۆمانیزم و ڕادیکاڵیزمی بۆ مارکسیزم گەڕاندەوە. مارکسیزمی مەنسوور حیکمەت ڕەخنەگری بەردەوامی ناسیۆنالیزم، ئایین، دیموکراسی، لیبراڵیزم و ڕیفۆرمیزم بوو، هەروەها تەواوی ئەو ڕەوتە چەپانەی، کە بەم تێڕوانینانە گرفتار ببوون، لە تیغی بڕندەی ئەم ڕەخنەیە قوتاریان نەبوو. ئەو



چەپەی کە مارکسیزمی کردبوو بە چتێک بۆ نۆژەنکردنەوەی نیزامێک، کە هەنووکە لە کاردایە، پێش هەمووان جێگای ڕەخنەی ئەم مارکسیزمە زیندووکراوەیە بوو.

## شۆڕشی 1979 و سەرهەڵدانی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ

یەکەمین نوسراوەی مەنسوور حیکمەت، کە ئەمڕۆ بە بەشێک لە کلاسیکی مارکسیستی ئێرانی دەژمێردرێ، بە پرسگەلێکەوە، کە شۆڕشی 79ی ئێران هێنابوویە گۆڕ، پەیوەست بوو. شۆڕش لەنێو شەقامەکاندا ڕەخنەی لە چەپی باو گرت و خستییە کەنارەوە. چریکیزم، ماویزم و خەڵکگەرایی بە شێوەیەکی عەمەلی لە کۆمەڵگا و لە ئەزموونی شۆڕشەوە، ڕەخنەیان لێ گیراو وەدەر نران. وەلێ بزاڤی کرێکاری و چەپی شۆڕشگێڕ پێویستییان بە تیۆری و ئاڵای تیۆری خۆیان هەبوو. یەکەمین نووسراوەی مەنسوور حیکمەت وەڵامدانەوەی ئەو پێویستییە بوو. ڕێک لەبەر ئەوە، لەنێو بزووتنەوەی چەپ و لەنێو ڕابەرانی عەمەلیی بزووتنەوەی کرێکاری بە خێرایی نفوزی پەیدا کرد. لق و پۆ هەمە جۆرەکانی چەپی باوی ئێران هەر هەموو، هەر لە حیزبی تودەوە، تا بە ڕێکخراوگەلی سەر بە ڕێبازی چریکی و ڕێکخراوگەلی هەمە جۆرەی ماویستی ئەگات، نوێنەرایەتی جۆرێک نارەزایەتی، لە مەڕ دواکەوتوویی و ناکامڵی سەرمایەداری ئێرانییان دەکرد، تەنانەت کار گەییشتبووە ئەوەی کە بڕێک لەوانە، ئابووریی ئێرانیان بە فیۆداڵی و نیمچەفیۆداڵ_ نیمچەکۆڵۆنی لەقەڵەم دەدا و پێیان وا بوو، کە بەشێک لە بۆرژوازی ئێران شۆڕشگێڕ و پێشکەوتنخوازە. لە ڕوانگەی ڕێکخراوگەلی وەک حیزبی تودە، یان چریکە فیدائییەکانیشەوە، کە بڕوایان بە سەرمایەدارییبوونی نیزامی ئێرانی هەبوو، بەشێک لە بۆرژوازی و وردەبۆرژوازی، پێشکەوتووخواز و شۆڕشگێڕ بە ژمارە دەهاتن. سەرجەم ئەم ڕێکخراوانە، بەدەر لە جیاوازییەکانی نێوانیان، نوێنەرایەتی بزووتنەوەیەکیان دەکرد، کە ئەوپەڕەکەی نارەزایەتییان لە کەموکوڕی و ناکامڵییەکانی سەرمایە، نەک خودی چەوسانەوەی سەرمایە هەبوو. لە ڕاستیدا هێزێک، کە بە نێوی مارکسیزمەوە لە ئێراندا کاری دەکرد، هەر وەکوو دواتر مەنسوور حیکمەت لە باسەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا ئاماژەی پی کردووە، بەشی چەپی بزووتنەوەی میللی_ ئایینی دژی پاشایەتی بوو، کە بەستەگی بە بزاڤی کرێکاری و ڕەخنەی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە سەرمایەدارییەوە نەبوو. ئەم واقیعەتە نەک هەر بە تەنها لە نابەستەگی ئەوانە بە سۆسیالیزم و ڕەخنەی کۆمۆنیستی لە سەرمایە و چەوسانەوە، بەڵکە لە تەواوی مەیدانەکان و لە هەڵسوکەوت

له تەک مەسەلە جۆراوجۆرە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیشدا، کە بە هۆی ڕەوشی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵگاوە بە وێنەی مەسەلەی ڕۆژ خۆی قوت ئەکردەوە و سەرنجی مرۆڤی بۆ خۆی ڕادەکێشا، بە ڕۆشنی دەبینرا. ئەم چەپە لە پەیوەست بە ماف و داخوازییە سەربەخۆ کرێکارییەکان، ئازادیی حقوقی و مەدەنی لە کۆمەڵگا، ڕزگاریی ژنان، ڕەخنە و بەرامبەرکێ لە گەڵ ئایین و ناسیۆنالیزم و تەنانەت لە بارەی ئەو داواکاری و خواستانەوە، کە پەیوەندی بە خۆشگوزەرانی تێکڕای خەڵکەوە هەبوو، قسەیەکیان پێ نەبوو. ئەگەرچی گرفتی ئەم چەپە تیۆر و تێڕوانین نەبوو، بەڵکە ئامانج و ئاسۆی کۆمەڵایەتیی سیاسی تەواو ناکرێکاری ئەوان بوو. بەم جۆرە مارکسیزم لە ئێران، دەبوو لە دەسپێکی کاردا، حیسابی تیۆری خۆی لەگەڵ ئەم بەشەی چەپ لە بزووتنەوەی ناسیۆنالیست_ ئایینی دژی شا یەکلا بکاتەوە. بۆ سازماندانی بزووتنەوەی سۆسیالیستیی کرێکاری لە ئێران، سەرەتا دەبوو مارکسیزم لەژێر داروپەردووی سیاسەت و ئامانجی چینەکانی دیکە دەربهێنرێت. ئیدی ئەم کارە، لەو دەمەوەی کە چینی کرێکار پێی خستە نێو مەیدانی شۆڕشێکی مەزنەوە، بووە پێویستییەکی فەوری و هەنووکەیی. بزاڤی کرێکاری لەنێو دڵی شۆڕشێکدا، تیۆر و سیاسەتی سەربەخۆی خۆی گەرەک بوو، دەبوو مارکسیزم و کۆمۆنیزم بۆ بزووتنەوەی کرێکاری بگەڕێنرێنەوە، مەنسوور حیکمەت وەڵامی ئەم پێویستییە مێژووییەی دایەوە. مەنسوور حیکمەت لەو نووسینانەی کە لە نێوان ساڵەکانی 78_ 82 بڵاوبوونەوە، بە شێوەیەکی ڕەوان و تەبا و وردبینانەی سەیر، ئاماژەی بەوە کردووە، بۆرژوازی میلیی پێشکەوتنخواز ئەفسانەیەکە و تێکڕای چینی سەرمایەدار لە ئێران لە دیکتاتۆرییەتی شا، کە بوون و پێویستی خۆی لە وەدەرهێنانی زێدەبایی لە چینی کرێکاری ئێراندایە، سوودمەندن. ئەو سەلماندی، کە کۆمەڵگای ئێران سەرمایەدارییە و نیشانی دا، کە مەسەلەی ئازادی و ڕزگاری لە کۆمەڵگای ئێران بە تێکۆشانی کرێکاران لە هەمبەر نیزامی سەرمایەداری گرێی خواردووە. هەروەها ئەوەی ڕۆشن کردەوە، کە بۆچی هێزگەلی ئایینی و لیبراڵ ئایینی و ناسیۆنالیستی ناتوانن و نایانەوێت ئازادیخواز بن. مەنسوور حیکمەت لە نووسراوەکانیدا، مانای ڕزگاری، ئازادی و بەرابەری شرۆڤە کرد و ڕێگای گەیشتن بە وانی ئاماژە پێ دا. نووسراوەکانی ئەو لەو دەورەیەدا، بە تایەکاری نووسراوەکانی، "ئەفسانەی بۆرژوازیی میلیی پێشکەوتنخواز لە ئێران"، "دورنمای فەلاکەت و تیۆری مارکسیستیی



قەیران"، "سێ سەرچاوە و سێ بەشی سۆسیالیزمی خەڵکی"، دەسگای تیۆریی چەپی ناکرێکاریی ئێرانی تێکوپێک دا و بنکاری سیستەمێکی تەبا و ڕادیکاڵی مارکسیستی دامەزراند، کە بە ڕەوتی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ ناوی دەرکرد. گوتارە سیاسییەکانی مەنسوور حیکمەت لەو قۆناغەدا وەکوو، "دوو باڵ لە شۆڕشی چەواشەی بۆرژوا ئیمپریالیستیدا"، "ناکۆکی لەسەر جێبەجێکردنی سۆسیالیزمی خەڵکی"، "جەنگ، تیۆری و تیۆری جەنگ" و "پۆپۆلیزم لە بنبەستدا" لە ڕاستیدا بەکاربردنی ئەو تیۆرانەیە لە ڕەخنەگرتن لە ڕژێمی ئیسلامی تازەبەدەسەڵاتگەییشتوو و سیاسەتی ناپێگیر و سازشکارانەی چەپی باو لە دژی. ئەم نووسراوانە زمان و ئاڵای کرێکارانی سۆسیالیستە لە جەرگەی شۆڕشێکدا، کە چینەکانی دیکە، ئەوانەی لە دەوڵەتی تازەبەدەسەڵاتگەییشتوو و ئۆپۆزیسیۆنی ساردوسڕی ناکرێکاریدا، بە تاڵان بردیان.
نووسینەکانی مەنسوور حیکمەت ڕۆشن و تەبا و قووڵ و بڕندەن، داڕشتنیان ڕوون و زیندوو و ڕەوانن، لە هەمان کاتدا لەسەر قوڵترین و موجەڕەدترین مەسەلەی تیۆری بە شێوازێکی سادە و لێکهەڵپێکراو و قابیلی تێگەییشتن، قسەی کردووە. هەروەها شێوازی داڕشتنی نووسینەکانی مەنسوور حیکمەت بە وێنەی ناوەڕۆکەکانیان، لە ئەدەبیاتی سیاسیی ئێراندا بێوێنە و بەرجەستەن.
لە سەردەمی شۆڕشدا، کۆمەڵگای شۆڕشگێڕانە و پڕ لە پێکدادانی ئێران، بە توندپێچ و خاڵی وەرچەرخانی زۆردا تێپەڕی و لە هەر بارێکدا کۆنەپەرستیی ئیسلامی، کە بە نێوی شۆڕشەوە بە دەسەڵات گەییشتبوو، هەنگاوێکی دیکەی بۆ سەرکوتی کرێکاران و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی هەڵدەنا. هێزگەلی سیاسیی چەپی باو و ناسیۆنالیستی ئایینیی دەرەوەی حوکوومەتیش هەریەکەیان بە پلەیەک داکۆکییان لە حوکوومەتی نوێ دەکرد، وە یان لە هەر بارێکدا لەبەرامبەری نەدەوەستانەوە. لەم بار و دۆخەدا مارکسیزمی شۆڕشگێڕی مەنسوور حیکمەت دەربڕ و نوێنەری سیاسی و تیۆری شۆڕش و بزووتنەوەی کرێکاری بوو. سەبارەت بە چۆنییەتی ڕەفتارکردن لەگەڵ جەنگی ئێران و ئێراق، داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئێران، بزووتنەوەی تورکمانسەحرا، بزووتنەوەی کوردستان، هێرشی ڕژێم بۆسەر ژنان، بۆسەر کرێکارانی بێکار، بۆسەر زانکۆکان و شووراى کرێکاران، سەبارە بە ناکۆکییەکانی نێوان باڵەکانی ڕژێم، لێکدانەوەکانی مەنسوور حیکمەت لەم بارانەوە، ڕاستییەکانی شی دەکردەوە و ڕێگای تێکۆشانی بە کرێکاران و هێزە شۆڕشگێڕەکان نیشان ئەدا. لە

ڕاستیدا مارکسیزمی شۆڕشگێڕ، خاڵی بەیەکگەییشتن و بەرئەنجامی ڕەخنەی بڕندەی مارکس لە سەرمایەداری و پرسگەلی جۆراوجۆری شۆڕشێکی زیندوو لە ئێرانە.

وەلیَ بایەخ و ڕۆڵی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ تەنها بە ئێرانەوە ناوەستیَ. تێڕوانینەکانی مەنسوور حیکمەت بۆ ئەو ڕەوتە مارکسیستانەی کە لە ئاستی جیهاندا بوونیان هەیە، بە تەواوەتی تازە و پەرچەڕەوتیشە. ڕەخنەگرتن لە پۆپۆلیزم لە ئێران بە تەنها سیستەمی فکریی جەمسەرە جیهانییەکانی ئەوانە واتە، کۆمۆنیزمی ڕووسی، چینی و ڕێبازی چریکی ناکوتێتەوە، بەڵکە لە ڕێگای خستنەڕووی خاڵە ئیسپاتییەکانی خۆت، جەختکردنەوە لەسەر سۆسیالیزم و بەتەوەرەکردنی ڕەخنەی مارکس لە سەرمایەداری، ڕەوتگەلی وەکوو ترۆتسکیزم و سۆسیال دیمۆکراسی، کە لە ئێران نوێنەرایەتی نەدەکران، بەر ڕەخنە دەکەوون. مارکسیزمی شۆڕشگێڕی مەنسوور حیکمەت لە گۆشەنیگای ڕەخنەی کرێکار لەسەرمایە، لە پرسگەلی کۆمەڵگا و شۆڕشی ئێرانی دەکۆڵییەوە، هەر بۆیە خەسڵەتێکی جیهانی هەیە. مەنسوور حیکمەت بە تەنها هەر لە سەرمایەداری لە ئێران ناڕازی نەبوو، بەڵکە ئەو ڕەخنەگری سەرمایەداری لە پێشکەوتووترین شێوازی خۆی لە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا و ئەمەریکاشە و ئازادی، بەرابەری و ڕزگاری، کە ئەو بۆ کرێکاران و خەڵکی ئێرانی گەرەک بوو، ئومێدی کرێکارانی تەواوی دنیایە. مارکسیزمی شۆڕشگێڕ بە فارسی و سەبارەت بە شۆڕشی ئێران نووسراوە، وەلیَ مارکسی بۆ دیرۆکی هاوچەرخی جیهان گێڕایەوە. هەڵوێست، میتۆد و کرۆکی ڕەخنەی مەنسوور حیکمەت، بەدەر لەوەی لە بارەی چ بابەتگەلێکەوەیە، تێڕوانینەکانی ئەوی بەجیهانی کردەوە.

## مارکسیزمی شۆڕشگێڕ لە مەیدانی خەباتی عەمەلیدا

مارکسیزمی شۆڕشگێڕ تەنها یەک ڕەوتی فیکری نەبوو. شانبەشانی بڵاوبوونەوەی نووسراوەکانی مەنسوور حیکمەت و هەر لە هەنگاوی یەکەمدا، سازماندەیی و دەخاڵەتی عەمەلی لە تێکۆشان و ئاڵوگۆڕە یەک لەدوای یەکەکانی کۆمەڵ، کەوتە نێو بەرنامەی کاری مەنسوور حیکمەت و هاوڕێیانی خەباتکارییەوە. سەرەتا لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا، لە ساڵی 1979 ئەڵقەیەکی کۆمۆنیستی بە نێوی "سەهەند" و پاشان ڕێکخراوی "یەکێتیی تێکۆشەرانیی کۆمۆنیست"یان دامەزراند. ئەم ڕێکخراوە ئۆرگانێکی بە نێوی "بسوی سۆسیالیزم" (بەرەو سۆسیالیزم)ەوە دەرئەکرد و بە بڵاوبوونەوەی تێڕوانینەکانی مەنسوور حیکمەت لەم ئۆرگانەدا، پێشڕەوترین شۆڕشگێڕانی



کۆمۆنیست و هەڵسووڕاوانی بزاڤی کرێکاری، بە مارکسیزمی شۆڕشگێڕ و یەکێتیی تێکۆشەرانیی کۆمۆنیستەوە پەیوەست بوون. هەڵسووڕان و کەوتنە نێو خەباتی کرێکارانی بێکار و بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەیەک لە دژی بێکاری، ناڕەزایەتی لە بەرامبەر سنووردارکردنی ئازادییەکان، کە کۆنەپەرستیی تازەبەدەسەڵاتگەییشتوو دەستی پیَ کردبوو، وە تەرحکردنی داخوازیی ئازادیی بیَ قەید و شەرتی سیاسی، لە چەپی باوی جیا دەکردەوە، کە ئازادییان تەنها بۆ "خەڵک" دەویست، داکۆکی لە مافی ژنان لە هەمبەر بە تۆپزی سەپاندنی چارشێو لە لایەن ڕژێم و لە هەمبەر ئەو هێزە چەپانەی کە پشتگرتنی ناڕەزایەتییەکانی "ژنانی باکووری شار"یان بە شایان نەدەزانی، پێکهێنانی ئەڵقەی فێرکاریی کاپیتاڵ لەنێو ڕابەرانی عەمەلیی بزووتنەوەی کرێکاری، چەسپاندنی بزووتنەوەی شوورایی و تێکۆشان بۆ پێکهێنانی کۆبوونەوەی گشتیی کرێکاری لە کارخانەکان، لە یەکەمین هەڵسووڕانە عەمەلییەکانی مارکسیزمی شۆڕشگێڕە.

پێویستیی بوونی بەرنامە و دامەزراندنی حیزب کارێک بوو، کە یەکێتیی تێکۆشەرانیی کۆمۆنیست هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە خستییە نێو دەستوری کاری خۆیەوە. لایەنێکی کۆششی یەکێتیی تێکۆشەران لەم قۆناغەدا، تێگەیاندنی ڕێکخراوە چەپەکان بوو، سەبارەت بە بایەخ و جێوشوێنی بەرنامە، کە هیچ کامێکیان گەرەکیان نەبوو، وە نەیاندەتوانیَ ئامانج و سیاسەتەکانی خۆیان لە قاڵبی بەرنامەیەکدا ڕابگەیەنن. لە ساڵی 1980 مەنسوور حیکمەت بەرنامەی یەکێتیی تێکۆشەرانیی کۆمۆنیست دەنووسێتەوە، کە دواتر دوای پرس و ڕا بە تێکڕای ئەندامان بە ناونیشانی بەرنامەی ئەم ڕێکخراوە بڵاو کرایەوە. لەم بەرنامەیەدا ئامانجی سۆسیالیستیی چینی کرێکار، تایبەتمەندی و شێوازی دەوڵەتێک، کە دەیانەوێت و خواست و داواکاریگەلێک، کە کرێکاران بۆ خۆیان و بۆ بەشە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگایان گەرەکە، ڕاگەیاند.

یەکێک لە لایەنە جیاکەرەوەکانی دیدگا و شێوازی بیری مەنسوور حیکمەت تێڕوانینی ئەو بۆ مەسەلەی ڕیفۆرم و شۆڕش و پەیوەندی نێوان ئەو دووەیە. ئەو شۆڕشگێڕێکی ئامانجدار و کۆڵنەدەر بوو، سازانی قبوڵ نەبوو، گەرەکی بوو، کۆمەڵی سەرمایەداری لە ڕیشەوە بگۆڕیَ و مرۆڤایەتی لە تەواوی لایەنەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری ڕزگار و ئازاد بکات. لە هەمان کاتدا پراتیسین و ڕابەرێکی عەمەلی وەها بوو، کە بەها و گرنگی گچکەترین ئاڵوگۆڕ و چاکبوونی لە ژیانی مرۆدا

درک دەکرد و بۆ بەدەستهێنانیان خەباتی دەکرد. لە سیستەمی فیکریی مەنسوور حیکمەت و مارکسیزمەکەی، نەک هەر دژایەتییەک لە نێوان خەبات بۆ ڕیفۆرم و شۆڕش لە ئارادا نییە، بەڵکە ئەو دوو شتە، بە دوو ڕووی یەک خەبات حیساب دەکرێن. ئەو ڕەخنەی لەو مارکسیستانە هەبوو، کە یان وەکوو ڕەوتی ناسراو بە چەپی ئیتالیا، کە لەبەر پەرگیریی "شۆڕشگێڕانە"ی خۆی گشت ئاڵوگۆڕێک لە کۆمەڵگای سەرمایەداری بە نەشیاو دەزانێت و خۆی بە خەباتی ڕۆژانەی چینی کرێکارەوە "ئالودە" ناکات، وە یان بە وێنەی سۆسیال ڕیفۆرمیستەکانی ئەوروپا، کە بە تەواوی دەستیان لە سۆسیالیزم شۆردووە و تەواوی ئاسۆ و هیوای خۆیان لە ئاستی ڕیفۆرمدا دەبینن. ئەو مارکسیستێک بوو، لە جۆرێکی دی. ئەو لە هەمان کاتدا، کە خوازیاری ڕماندنی نیزامی سەرمایەداری بوو، خوازیاری هەرچی باشتربوونی دۆخی کرێکاران و تێکڕای خەڵکی لە هەمان نیزامدا بوو. لە نووسراوەکانی مەنسوور حیکمەت و هەر لە سەرەتادا، وە بە دیاریکراوی لە بەرنامەی یەکێتیی تێکۆشەرانیی کۆمۆنیست و لە تێکڕای ئەو بەرنامە حیزبییانەی کە پاشتر نووسیونی، ئەم جۆرە لە تێڕوانین لە مەڕ ڕیفۆرم و شۆڕش بە شێوەیەکی زەق بەرچاو دەکەوێت. لە بەرنامەی یەکێتیی تێکۆشەرانیی کۆمۆنیستدا، شانبەشانی ڕاگەیاندنی لەنێوبردنی نیزامی سەرمایەداری و دامەزراندنی سۆسیالیزم بە ناونیشانی ئامانجی دەسبەجێی کۆمۆنیستەکان، خواستی زیادکردنی کرێ و مافی خانەنشینی و باخچەی ساوایان لە کارخانەکاندا، تا دەگات بە مافی پێدانی خانوو و بیمەی بێکاری و مافی بەرابەر بۆ ژنان و دەیان خواستی دیاریکراوی دیکە بۆ کرێکاران و ژنان و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵ تەرح کراوە و ڕاگەیەنراوە. بەرنامە، تەرحی مەسەلەی تێکۆشان بۆ ئەم خواستانە چ لەو ڕووەوە، کە بار و دۆخی زیندەگی خەڵک باش دەکات و چ بە ناونیشانی پێشمەرجی پێویست بۆ خۆشکردنی خەباتی چینی کرێکار لە پێناوی سۆسیالیزمدا، بە پێویست دەزانێ. ئەم هێڵەیە، کە تا دەگات بە بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری هەر درێژەی هەیە.

بڵاوبوونەوەی بەرنامەی یەکێتیی تێکۆشەران، سەرنجی گشت لایەک بۆ خۆی ڕادەکێشێت. ڕێکخراوە چەپەکان لە ڕێگەی نووسینەکانیانەوە، ئەو بەرنامەیە بە ناونیشانی بەرنامەیەکی "ڕیفۆرمیستی" ڕەت ئەکەنەوە، وە یان وەکوو بەرنامەیەکی چەپڕەوانە و ترۆتسکیستی لێیان دەڕوانی. وەلێ لەنێو پەیکەرەی ڕێکخراوەکان و



لەنێو هەڵسووڕاوانی چەپدا، بەرنامە بە خێرایی شوێنی خۆی کردەوە. هەر لەو دەمەدا یەکێک لە نوێنەرانی ئەنجومەنی ئیسلامی ئاماژەی بە ترسناکیی بەرنامەی یەکێتیی تێکۆشەران، وەک بەرنامەی یەکێک لە "گروپەکانی دژی شۆڕش"، کە بەڵێنی داخوازیی "خەیاڵی و غەیرە عەمەلی" بە خەڵکی ئەدات و ئاستی چاوەڕوانییان بەرز دەکاتەوە، کردووە. نیگەرانییەکەی ڕێک لە جێی خۆیدا بوو. ئەمڕۆ چەمکگەلی ئەو بەرنامە ترسناکە بۆ وێنە، ئازادیی بێ قەید و شەرتی سیاسیی ڕاگەیاندن و چاپەمەنی و جیایی دین لە دەوڵەت، بووە بە خواستی گشتیی خەڵک و بگرە بەشێکی زۆری هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش. ئەمڕۆکە، بەشێکی بەرنامەکەی مەنسوور حیکمەت ئاڵای تێکۆشانی خەڵک لە هەمبەر کۆماری ئیسلامییە.

پێبەپێی گەشەکردن و نفوزی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ لە کۆمەڵگا و بزووتنەوەی چەپدا، لەنێو ڕێکخراوە چەپەکان، بە دیاریکراوی پەیکار، ڕەزمەندەگان و فیدائی، فراکسیۆنی لایەنگری یەکێتیی تێکۆشەرانیی کۆمۆنیست دروست دەبێت. بەڵان خاڵی وەرچەرخان لە پەرەگرتنی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ، ڕووهێنانی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران (کۆمەڵە)، کە ڕێکخراوێکی جەماوەری و دەرگیری فراوان لە خەباتی چەکدارانە و ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی لە کوردستاندا، بۆ ئەو تیروانینانە بوو. کۆمەڵە لە پراتیکی هەموو ڕۆژەیدا و لە ڕەفتارکردن لەگەڵ پرسگەلێکی دیاریکراو، کە تێکۆشانی جەماوەری لە کوردستان دەیهێنایە پێش، هەستی بە ناتوانایی و نەزۆکی تێڕوانینی پۆپۆلیستی دەکرد و ڕێگای پێشڕەوی خۆی لە مارکسیزمی شۆڕشگێڕدا دەبینییەوە. گوایە، نووسراوەی "بزووتنەوەی جوتیاران لە دوای چارەسەری مەسەلەی زەوی لە ئێران" و "ئەفسانەی بۆرژوازیی میللیی پێشکەوتنخواز"، بۆ وەڵامدانەوەی گرفتەکانی شۆڕشگێڕانی چەپ لە کوردستاندا نووسراونەتەوە. کۆنگرەی دووەمی کۆمەڵە لە نیسانی ساڵی1981، بە شێوەیەکی فەرمی تێڕوانین و ڕێبازی یەکێتیی تێکۆشەرانیی کۆمۆنیستی قبوڵ کرد. چەند مانگێک دوای ئەوە، چەند کەسێک لە ڕابەرانی ئەو دەمەی کۆمەڵە لەگەڵ ڕابەرانی یەکێتیی تێکۆشەرانیی کۆمۆنیست لە تاران چاویان بە یەک دەکەوێت و لە هاوینی هەمان ساڵدا، مەنسوور حیکمەت کە تا ئەو دەمە ئەو ناوەی بۆ خۆی هەڵنەبژاردبوو، وە لەنێو ڕێکخستندا بە نادر ناسرابوو، دەچێتە کوردستان و دەرگیری باسە ناوخۆییەکانی کۆمەڵە دەبێت. ڕابەران و کادرەکانی کۆمەڵە بە زوویی درکیان بەوە کرد، کە ئەم لاوە

پاک و گاڵتەچی و بێفیزە، بە نادر ناودەبرێت، نەک هەر بە تەنها لە مەیدانی تیۆری، بەڵکە لە مەیدانی سیاسەت و وەڵامدانەوە بە مەسەلە عەمەلییەکانی بزووتنەوە لە کوردستانیش، خاوەنی تێروانینی پێشڕەو و تازە و ئاڵوگۆڕبەخشە. لە هەمان ساڵدا، جارێکی دی دەچێتەوە بۆ کوردستان. وە لە نیسانی ساڵی 1982، لە گەرمەی هێرشی فراوانی کۆماری ئیسلامی بۆسەر شۆڕشگێڕانی چەپ، ڕابەرانی یەکێتیی تێکۆشەرانیی کۆمۆنیست بڕیار ئەدەن، کە بۆ ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان بچن.

24ی ئابی ساڵی 1981، لە پەیوەند بە ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان بە گشتی و بزووتنەوەی چەپی ئێران بە تایبەتی، خاڵی وەرچەرخان بوو. ڕژێمی تازەکار، کە تا ئەو دەمە توانای پاشەکشەپێکردن و بە شکستهێنانی تەواوەتیی شۆڕشی نەبوو، دەستی بە شاڵاوێکی سەرکوتگەرانەی فراوان و دڕندانەی وەها کرد، کە لە مێژووی هاوچەرخدا، لەڕووی ڕادە و دڕندەییەوە بێوێنە بوو. ئەم سەرکوتە، ڕەوتی گەشە و بڵاوبوونەوەی مارکسیزمی شۆڕشگێڕی لە بزووتنەوەی چەپی ئێراندا وەستان. لە سایەی شۆڕشەوە، لە ماوەی نێوان شوباتی ساڵی 1979 هەتاوەکوو 24ی ئابی ساڵی 1981، بەکردەوە، کەش و هەوایەکی کراوە و بار و دۆخێکی نیمچە دیموکراتیک لە کۆمەڵگادا هاتە ئاراوە، کە لە کۆمەڵگادا زەمینەی بۆ مارکسیزمی شۆڕشگێڕ و تێروانینەکانی مەنسوور حیکمەت خۆش کرد و بواری بۆ کردەوە، تا لەدەوری خۆی هێز خڕ بکاتەوە. لە لایەکی دیکەوە، هەر لەو کاتەدا، چەپی باو بەرەو پوکانەوە دەچوو. حیزبی تودە، زۆربەی ڕێکخراوی فیداییان، ماویستە سێ جیهانییەکان و ترۆتسکیستەکان بە ڕژێمەوە پەیوەست دەبن و لە کەناری ئەم باڵ یان ئەو باڵی سەرکوتگەری ڕژێم دەگیرسێنەوە. هێزگەلی هێڵی سێ لە چەشنی ڕەزمەندەگان و پەیکار دوچاری قەیران دێن و هەروەها کۆمەڵەش، بە بنبەست دەگەن. پۆپۆلیزم بە هەموو شێوازە جۆراوجۆرەکانییەوە، نەزۆکیی خۆی بە ئاشکرا بە هەمووان نیشان دا و لەنێو سەرجەم بزووتنەوەی چەپی شۆڕشگێڕانەی ئێراندا، ڕێگا بۆ مارکسیزمی شۆڕشگێڕ کرایەوە. شاڵاوی سەرکوتگەرانەی 24ی ئابی 81 ئەم ڕەوەندە دەوەستێنێ و پرۆسەی بنیاتنانی حیزب بۆ مارکسیزمی شۆڕشگێڕ ئاڵۆزتر و درێژتر کردەوە. بەڵام نەیتوانی ڕێگای پێشڕەویی لێ ببەستێ. ئەم ڕێگایە بە کوردستاندا دەگوزەرێ، کە تاوەکوو ئەو دەمە ستەم و سەرکوت خۆیان نەگرتبوو، وە شۆڕشیش هەر بەردەوام بوو.



لەو قۆناغەدا، یەکێتی تێکۆشەرانیی کۆمۆنیست دەست بە بڵاوکردنەوەی ئۆرگانێکی سیاسی بە نێوی "کارگەری کۆمۆنیست"ەوە دەکات و بۆ یەکەمین جار، لە ژمارە چواری ئەو بڵاوکراوەیەدا، ناوی مەنسوور حیکمەت لە چاوپێکەوتنێکدا، سەبارەت بە پێداویستییەکانی دامەزراندنی حیزب، دەکەوێتە ناوانەوە. وتار و نووسراوەکانی مەنسوور حیکمەت تا ئەو دەمە، هەر وەکوو چۆن لەنێو چەپی ئێرانیدا باو بوو، بە بێناو بڵاو دەبوونەوە. بڵاوبوونەوەی وتار بە ئیمزای نووسەرەکەی، یەکێکە لە دەرئەنجامەکانی ڕەخنەی مەنسوور حیکمەت لە شێوازی کاری چەپی باو، کە ڕابەرەکانیان هەمیشە بێناو و نەناسراو بوون. مەنسوور حیکمەت لە سەروتاری بڵاوکراوەی بسوی سۆسیالیزم (دەورەی یەکەم)، ژمارە 5ی شوباتی ساڵی 1982دا دەڵێت، ئەم نەناسراوی و چارەوونییەی کە لەنێو چەپدا باوە، ناتوانێت ببێتە شێوەکاری حیزب و بزووتنەوەکەی ئێمە. ئەو ئەیگوت، ڕابەران و بیریاران و نووسەرانی بزووتنەوەکەی ئێمە دەبێ بناسرێن، تا بتوانن شێوە و شکڵ بە هێڵێکی فیکری و سیاسی دیاریکراوی وا بدەن، کە لە لایەن ڕێکخستن و کۆمەڵگاوە، قابیلی ڕەخنە یان قبوڵکردن بێت. ئەو ڕابەری پشت دەرگا داخراوەکانی ڕەت ئەکردەوە و ئەیگوت، چینی کرێکار دەبێ، ڕابەرانی خۆیی و ڕابەرانێک کە دژی ئەوە بناسێت. ئەم باسە لە ڕاستیدا، بەشێکە لە باسێکی کامڵ و هەمە لایەنەتر "حیزب و کەسایەتییەکان"، کە مەنسوور حیکمەت لە پاش 15 ساڵ ئەیخاتە ڕوو.

## دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

حیزبایەتی (تەحەزوب) و بنیاتنانی حیزب مەسەلەیەکە، کە مەنسوور حیکمەت و یەکێتیی تێکۆشەرانیی کۆمۆنیست هەر لە دەسپێکی هەڵسووڕانی خۆیانەوە وەک پێویستییەک لەبەرچاویان گرتووە و جەختیان لەسەر کردووە. لە دەزگای فیکریی چەپی ناکرێکاری، دامەزراندنی حیزب، هەر وەکوو گەلێک دەستەواژەی دیکە و مەسەلەگەلی عەمەلیی مارکسیستی، دەبێتە گرفتێکی بێچارە. ئەم چەپە هەر لە بنەڕەتەوە گەرەکی نییە حیزب بنیات بنێ، تیۆرەکانیشی لە ڕاستیدا، ڕوانگەگەلێکن بۆ پاساودانی ئەوەی، کە بۆچی لە هەر بار و دۆخێکدا ناکرێ و نابێت حیزب دابمەزرێنرێت. وەلێ بە لای یەکێتیی تێکۆشەرانیی کۆمۆنیستەوە، ڕۆنانی حیزب کارێکی دەستبەجێ و دەمودەست بوو.

لە پاییزی ساڵی 1982، کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی تێکۆشەرانیی کۆمۆنیست لە ناوچە ئازادەکانی کوردستان هاتە گرێدان. لەم کۆنگرەیەدا مەنسوور حیکمەت ڕەخنەی خۆی لە پۆپۆلیزم لە مەیدانی پراتیک و شێوازی کاردا دەخاتە ڕوو، وە بنکار و بناغەی شێوازی کاری کۆمۆنیستی شرۆڤە دەکات. ئەمە لە واقیعدا، لایەنگیری عەمەلیی یەکێتیی تێکۆشەرانیی کۆمۆنیست بۆ پێکهێنانی حیزب بوو. هەر لەو دەمەدا، مەنسوور حیکمەت پێشنووسی بەرنامەی حیزب، کە لە لایەن دوو ڕێکخراوەوە، یەکێتیی تێکۆشەرانیی کۆمۆنیست و کۆمەڵەوە پەسەند دەکرێت، دەنووسێتەوە.

لە سیمینارێکدا، کە دواتر بە "سیمیناری باکوور" ناو دەرئەکا و لە زستانی ساڵی 1982 لە کوردستان دەبەسترێت، مەنسوور حیکمەت تێزەکانی خۆی لەمەڕ تیۆری حیزب و ڕێگای دیاریکراو بۆ دامەزراندنی ئەو حیزبە، لە بار و دۆخی دیاریکراوی چەپی ئێراندا ڕادەگەیەنێت. ئەو لەم تێزانەدا، تێڕوانینەکانی چەپی باو وەکوو، "تیۆری پەیوەند"، دەداتە بەر ڕەخنە و حیزبی کۆمۆنیست وەک سیمای سەربەخۆی هەمە لایەنەی چینی کرێکار، لەڕووی تیۆری و سیاسەت و پراتیکەوە دەناسێنێت و ڕایدەگەیەنێت، کە مارکسیزمی شۆڕشگێڕ دەکارێت و دەبێت، حیزب بهاوێتە نێو دەستووری کاری دەمودەستی خۆیەوە. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لەسەر ئەم بنەمایە و بەم ئاسۆیەوە دادەمەزرێت.

لە ئەیلولی ساڵی 1983دا، یەکێتیی تێکۆشەرانیی کۆمۆنیست، ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان (کۆمەڵە) و کەسان و فراکسیۆنگەلی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ لە ڕێکخراوەکانی دیکە، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران پێک دەهێنن. ئەمە هەنگاوێکی مێژوویی و یەک خاڵی وەرچەرخانی چارەنووسسازە لە مێژووی چەپی ئێراندا. چینی کرێکاری ئێران بۆ یەکەمجار بە حیزبێک چەکدار دەبێت، کە ئامانج و بەرنامەی سەربەخۆی ئەو نوێنەرایەتی دەکات و سۆسیالیزم ئامانجی فەوری ئەوە. بە شێوەیەکی دیاریکراو و لە هەلومەرجێکی تایبەتیشدا، کە حیزبی تێدا دادەمەزرێت، ئەمە بۆ مارکسیزمی شۆڕشگێڕ و تەواوی بزووتنەوەی چەپ، پێشڕەوییەکی گەورەیە.

لە هەلومەرجێکدا، کە سەرکوتی دڕندانەی شۆڕشگێڕان لە دوای 24ی ئابی ساڵی 1981 مەیدانی لە بەردەم کۆمۆنیستەکان لە شارەکانی ئێران بەرتەسک کردەوە و ئاسۆیەکی تاریک و نووتەکی خستە بەرچاویان، مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێران نەک هەر تێکنەشکا، بێدەنگ نەبوو، پاشەکشەی نەکرد، بەڵکە بە دامەزراندنی حیزب لە



کوردستان، دەڤەرێک، کە هێشتا شۆڕش تێیدا بڵێسەی ئەدا، دەستی بە بەربەرەکانێکردن کرد و مەیدانێکی بەربڵاوی بۆ تێکۆشانی خۆی کردەوە.

خودی دامەزراندنی حیزب و هەواڵی پێکهاتنەکەی، شەپۆلێک لە ئومێد و دڵگەرمی و بڕوابەخۆبوونی لەنێو چەپ، کە لەسەرتاسەری ئێران، لەژێر تیغی ئیعدام و زیندان دەیناڵاند، دروست کرد. تەنانەت لە کونی زیندانەکان، کۆمۆنیستەکان و شۆڕشگێڕان دەهێنێتە شادی و پێکهێنانی حیزب لە یەک دی، پیرۆز دەکەن. مارکسیزمی شۆڕشگێڕ بە دامەزراندنی حیزب، قۆناغێکی نوێی لە مێژووی چەپی ئێراندا هێنایە کایەوە و ژیانی دووبارەی بە شۆڕشگێڕانی چەپی ئێران بەخشی.

لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا، مەنسوور حیکمەت لە هەر زەمینەیەکدا، لە خەباتی چەکداری و سیاسییەوە بیگرە، هەتا بە تەبلیغات و پەیوەندی نێوان هێز و حیزبە ناسیۆنالیستەکان دەگات، قسەی نوێ و پێشڕەوانەی هەبوو. لە تێکۆشانی نێو شارەکان و ڕێکخستنی کرێکارانەوە هەتا ناساندنی ئامانج و قۆناغی تێکۆشانی چەکدارانە لە لادێکان، لە ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگەوە، تا گەشتە سیاسی و سەربازییەکان، تا پێویستی و ڕێگای گەشەپێدانی زیندەگی گوندنشینان لە ناوچە ئازادەکان، تا مافی بەرابەری ژنان لەنێو ڕێکخستنەکان و سازدانی ژنان لەنێو هێزی پێشمەرگە، ناوەڕۆکی ئەو بڕیارنامە و نەخشەکارانەن، کە مەنسوور حیکمەت تەرحی ئەکردن و لە دەستووری کاری حیزب دایدەنان. لە بەیاننامەیەکدا بە نێوی، "مافە سەرەتاییەکانی زەحمەتکێشان لە کوردستان"، مەنسوور حیکمەت هێڵە گشتییەکانی خواست و داواکارییە یاسایی و خۆشگوزەرانییەکانی خەڵکیی لە کوردستان ڕادەگەیەنێت. بڵاوبوونەوەی ئەم بەیاننامەیە، هەنگاوێکی دیکە لە ڕەخنەی عەمەلی لە نەریتی خەباتی ناسیۆنالیستی لە کوردستاندا بوو. نەریتگەلێک، کە تیایدا ماف و داخوازییەکانی خەڵک هیچ بایەخێکی نەبوو.

خاڵێکی دیکە، کە ڕەنگە بۆ خوێنەرانی ئاسارەکانی مەنسوور حیکمەت کەمتر ئاشکرا بێت، ڕۆڵی بەرجەستە و یەکلاکەرەوەی ئەو لە مەیدانی خەباتی چەکدارانەیە. مەنسوور حیکمەت بە تیژبینی و ڕۆشنبینیی تایبەتی خۆی، نەریتگەلی ناسیۆنالیستیی خەباتی چەکداری لە کوردستان بە قووڵی دەداتە بەر ڕەخنە و ستراتیژی شەڕی چەکدارانە لە کوردستان، لە پاڵ سازماندان و ڕابەریی تێکۆشانی کرێکارانی کوردستان لە شارەکان، بە وێنەی بەشێک لە سەرجەم تێکۆشانی حیزب دەناسێنێ و

ڕۆشن دەکاتەوە. ئەو هێزی پێشمەرگە بە بازووی سەربازیی بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستان دەبینێ و پێناسە دەکات. تێڕوانینەکانی مەنسوور حیکمەت لە مەیدانی خەباتی چەکدارانە لە گەلێک لایەنەوە، کە شێوەگەلی باوی خەبات بە بنبەست دەگات، کارساز و پێشڕەوانەیە. ڕێنوێنییەکانی ئەو لە کۆنگرەی 5ی کۆمەڵە لە ساڵی 1985 یەکێک لەو نموونانەیە، ئەویش لە بار و دۆخێکدایە، کە مەیدانی خەباتی چەکدارانە ئێجگار بەرتەنگ بووەتەوە و شێوازگەلی باوی خەباتی چەکدارانە جگە لەسەرچڵی وە یان پاسیڤیزم هیچ ڕێگایەکی دیکەی لەبەردەمدا بۆ نەمابووەوە. ئەو هات، تاکتیکی سەربازیی عەمەلیی واقیعبینانە و پێشڕەوانەی لە بەردەم کۆمەڵە دانا.

یەکێکی دیکە لە ڕەهەندەکانی کەسایەتیی مەنسوور حیکمەت، کە دیسانەوە لە نووسینەکانییەوە ناتوانرێت پەی پێ ببرێت، شێواز و سروشتی قووڵی ئینسانی و پێشڕەوی ئەوە. هەلومەرجی ئاشکرای تێکۆشان لە کوردستان، وای کردبوو، کە ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگە و ئەندامان لە نزیکەوە مەنسوور حیکمەت ببینن و بناسن. ئەو، کە هەمووان تەنانەت لە دوای هەڵبژاردنی ناوی مەنسوور حیکمەت بۆ خۆی، هەر بە نێوی خۆمانەی نادر، وە یان کاک نادر بانگیان دەکرد، گەلێک سادە و ساکار و پاک و یەکڕەنگ بوو. ئەو بە توندی ڕقی لە موجامەلە و بەگەورەگرتن و پیداهەڵگوتن و پلە و پایە بوو. لەگەڵ ئەو حەمکە لێهاتووییە کەموێنەیەی، کە هەی بوو، تۆزقاڵێک فیز و خۆبەزلزانین چییە، نەی بوو. خۆی لە بەرامبەر هەموو کەس بە یەکسان دەزانی و لەگەڵ هەموو کەس بە یەک جۆر ڕەفتاری دەکرد. گاڵتەچی و قسەخۆش بوو، بە سانایی دەبووە دۆستی هەمووان و گاڵتەی ئەکرد. لە کۆبوونەوە و دانیشتنەکاندا، ئاشکرا و ڕۆشن دەدوا و لە جێگاوڕێگایەکی تەواو بەرابەرەوە قسەکانی دەکرد. خۆی نە بە مامۆستای کەسێک دەزانی و نە بە باب و براگەورە. ڕێک هەر لەبەر ئەوە، موجامەلەی هیچ کەسێکی نەدەکرد، قسەی دەم و دڵی یەک بوو، لە وتووێژدا سازشکار نەبوو. لە وتوویژ لەگەڵیدا، یان قەناعەتی پێت دەکرد، وە یان قەناعەتی دەهێنا. لە فیکری هەمووان و نیگەرانی حاڵی هەموان بوو. هەر لە باری زیندەگیی خەڵکی ئاوابییەوە، تا دانانی باخچەی ساوایان لە ئۆردوگا و بنکەکانی کۆمەڵە، تا وەزعی پۆشاک و تەندروستیی پێشمەرگە و جێگاوڕێگای ژنان لە ڕێکخستنەکاندا، بیری لە هەموویان دەکردەوە و بۆ هەر مەسەلەیەک ڕێگەچارەیەکی هەبوو. ڕێزی ئەو بۆ ژیان و بۆ مرۆڤ، بەشێک لە بوونی ئەو بوون. ئەمانە گشت لە



سرووشت و تایبەتمەندییەکانی شەخسیی ئەو بوون و لە هەڵوێست و تێڕوانینی سیاسیی ئەودا بە ئاشکرا دەرئەکەوتن. سەرقاڵیی بنەڕەتی مەنسوور حیکمەت، هەر لە دەسپێکی بنیاتنانی حیزبەوە، بە جەماوەریکردن و بەکرێکاریکردنی حیزب بوو. نووسراوەکانی ئەو لەم دەورەیەدا، وتارگەلی وەکوو، باسی ئاژیتاتۆر، کۆڕ و کۆمەڵی کرێکاری و ڕابەرانی عەمەلی بزووتنەوەی کرێکاری، سیاسەتی سازماندەیی ئێمە لەنێو کرێکاران و ئەندامێتیی کرێکاری، لەسەر میکانیزمەکانی ڕێکخستن و خەباتی ڕابەرانی عەمەلیی بزووتنەوەی کرێکاری و پەیوەندییان بە حیزبەوە قسە دەکات. ئەم باسانە لە ڕاستیدا، پێشەکی و دەسپێکی باسگەلێکی قوڵ و هەمە لایەنەن، کە دواتر مەنسوور حیکمەت بە نێوی "کۆمۆنیزمی کرێکاری"یەوە تەرحییان ئەکات. سەرئەنجام ئەمانە قووڵتر و فراوانتر ئەکاتەوە و بناغەی تیۆریی پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری فەراهەم دەکەن.

## کۆمۆنیزمی کرێکاری و ناسیۆنالیزمی کورد

لە پێش دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، کۆمەڵە، نەک هەر ڕەخنەی قووڵی لە ناسیۆنالیزمی کورد نەبوو، بەڵکوو لە بنەڕەتدا لەسەر بنچینەی نەریتگەلی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی لە کوردستان کاری دەکرد. کۆمەڵەی پۆپۆلیست لە ڕاستیدا، باڵی چەپی بزووتنەوەیەک بوو، کە حیزبی دیموکرات باڵە ڕاستەکەی پێک دەهێنا. لە خەباتی چەکداری، لە پراتیکی سیاسی و هەڵسووڕان لە ناوچە ئازادەکان و چۆنییەتی ڕەفتارکردن لەگەڵ گوندنشینەکان، لە ڕەفتارکردن لەگەڵ ئایین و مەسەلەی ژێردەستەیی ژنان و تەنانەت لە پەیوەندییە ڕێکخراوەییەکاندا، کۆمەڵە بە نەریتگەلی زۆر دواکەوتووی ناسیۆنالیستی ئالوودە بوو. مەنسوور حیکمەت هەر زوو، تەنانەت بەر لە دامەزراندنی حیزبیش، ڕەخنەگرێکی شێلگیری تەواوی ئەم دواکەوتووییانە بوو. لەگەڵ دامەزراندنی حیزب، تێکۆشان لە دژی نەریتگەلی دواکەوتووانە و بە ڕەچەڵەک ناسیۆنالیستی لە ڕێکخراوی کوردستانی حیزبدا دەستپێ دەکات. ناسیۆنالیزم هەنگاو بەهەنگاو لە پرۆپاگەندە، ڕەخنە لە ئایین و ڕەووشتی پاشکەوتوو، لە پەیوەند بە جێگا و ڕێگای ژنانەوە، کار لەنێو خەڵکی و ڕەخنەگرتن و ئاڵوگۆڕدان بە نەریتگەلی خەباتی پێشمەرگایەتی، پاشەکشەی پێ کرا. وەلێ ناسیۆنالیزم لە دەرەوەی ڕیزەکانی حیزب، ناتوانێت ئەم ئاڵوگۆڕانە لە بزووتنەوەیەکدا، کە وەک باو بوو، وابەستەی ئەو بوو، تەحەمول بکات. پرۆپاگەندەی کۆمۆنیستیی کۆمەڵە بە لای ئەم حیزبەوە، لە ڕادە بەدەر

توند و "سوکایەتی بە پیرۆزییەکان" دەهاتە ژماردن. پەرەسەندنی کۆمەڵەی کۆمۆنیست لە کۆمەڵگای کوردستاندا، بە لای حیزبی دیموکراتەوە بە تەواوی جێگای مەترسی بوو. لە پاییزی ساڵی 1984دا، حیزبی دیموکرات لە ناوچەی هەورامان، هێرش دەباتە سەر پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و جەنگی نێوان کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات دەستپێ دەکات و زیاتر لە سێ ساڵ دەخایەنێت.

بە لای ناسیۆنالیستەکانی نێو کۆمەڵەوە، ئەمە ململانێی نێوان دوو هێزی ڕەقیب لە جەرگەی بزووتنەوەی میللیدایە. وەلێ ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە حیزبی دیموکرات ناتوانێت کۆمەڵە بە ناونیشانی ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیست و پڕۆپاگەندەکەری بیروباوەڕی کۆمۆنیستی لەنێو خەڵکی تەحەمول بکات، مەنسوور حیکمەت بە هەمان شێوە شرۆڤەی جەنگەکە دەکات. ئەو ئەم جەنگە بە ململانێی نێوان پرۆلیتاریا و بۆرژوازی کورد لەسەر مەسەلەی ئازادیی پڕۆپاگەندە و هەڵسووڕانی کۆمۆنیستی لێک دەداتەوە. لە ڕاستیدا بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئێران، کۆمۆنیزمێکی ئاوەها ڕۆشن و ڕادیکاڵ دەرئەکەوێ، کە تەنانەت بۆرژوازی لە ئۆپۆزیسیۆنیشدا، ناتوانێت تەحەمولی بکات. جەنگەکە، لە دوای سێ ساڵ و لە دوای ئەوەی، کە حیزبی دیموکرات بۆی دەرئەکەوێت، کە توانای شکستپێهێنانی کۆمەڵە و تەنانەت سنووردارکردنی سیاسەتگەلی کۆمۆنیستی ئەوی نییە، بە داهێنانی مەنسوور حیکمەت و لەسەر بنەمای گەڵاڵەی ئەو، بە شێوەیەکی یەکلایەنە، لە لایەن کۆمەڵەوە ڕاوەستا. ڕێکخراوی کوردستانی حیزب لە یەکەمین دەرگیریی چەکداریش لەگەڵ بۆرژوازی ناوخۆیی، سەربڵند هاتە دەر.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، لە سیستەمی تیۆریی مارکسیزمی شۆڕشگێڕدا، ڕەخنە لە ناسیۆنالیزم ناتوانێت لە چوارچێوەی تێڕوانین و سیاسەت و سەرئەنجام شێوەگەلی عەمەلی و شێوازی کار زیاتر تێپەڕێت. ئەگەرچی بە لای ڕابەریی کۆمەڵەوە، کە لە بنچینەدا بەهۆی بە بنبەستگەییشتنی دیدگای پۆپۆلیستی، لە مارکسیزمی شۆڕشگێڕ نزیک بووەوە، قبوولکردنی ئەو ئەندازەیە لە ڕەخنەی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ لە ناسیۆنالیزم کارێکی سەختە و بە توندڕەو و زێدەڕۆیی دێتە ژماردن. وەلێ بە لای مەنسوور حیکمەتەوە بە پێچەوانەوە، ئەم ڕەخنەیە بە گوێرەی پێویست قووڵ و ڕادیکاڵ و هەمە لایەنە نییە. ئەو بە باسەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری، ئەم قووڵی و گشتگیرییە بۆ ڕەخنە و شیکردنەوەی مارکسیستی لە بزووتنەوەگەلی کۆمەڵایەتی و لە



نێوانیشیاندا ناسیۆنالیزم، دەگەڕێنێتەوە. ئەو دەڵێت، جیاوازی و ململانێی نێوان بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، لەگەڵ ئامانج و ئاسۆ چینایەتییەکان جودایە و ڕەخنەگرتن لە ناسیۆنالیزم لەسەر تێڕوانین و سیاسەتەکان و تەنانەت نەریت و شێوەگەلی عەمەلی نییە. ناکرێت بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی بە مارکسیزم قانع بکەیت.

بێگومان گرایشی ناسیۆنالیستی کۆمەڵە، کە بە شێوەیەکی گشتی، مارکسیزمی شۆڕشگێڕ و دامەزراندنی حیزبی بەبێدەنگی تەحەمول کردووە، بەهیچ جۆرێک خۆشیی بەم باسانە نایات. ناسیۆنالیزمی نێو کۆمەڵە، دێتە قسە و دەست بە بەرهەڵستی دەکات. مەنسوور حیکمەت، کە لەو دەمەدا لەگەڵ ناوەندیی حیزب لە ئەورووپا بوو، بە شێوەی دەمی و بە نووسین تێڕوانینەکانی خۆی شی دەکاتەوە و بەنێو ڕێکخستنەکاندا بڵاویان دەکاتەوە.

بەشێک لە کادران و لە ڕابەرایەتی کۆمەڵە بەبێئوسوڵانەترین شێوە هێرش ئەکەنە سەر مەنسوور حیکمەت و تێڕوانینەکانی. قسە و باسێکی توند و تیژ لەنێو ڕێکخستنەکاندا دێتە گۆڕێ. ئەگەرچی ناسیۆنالیستەکان کەمایەتی بوون، وەلی مەنسوور حیکمەت، لەو شوێنەدا کە گەرەکی نەبوو ئۆتۆریتە و جێگا و ڕێگای حیزبیی، هیچ ڕۆڵێک لە بڵاوکردنەوەی تێڕوانینەکانیدا ببینن، لە کۆمیتەی جێبەجێکردن دەست دەکێشێتەوە و کانوون (ناوەند) و فراکسیۆنی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەنێو حیزبدا پێک دەهێنێ. ئەو تێڕوانینەکانی خۆی بە دوور و درێژی دەنووسێتەوە و لە سیمینارە حیزبییەکاندا شرۆڤەیان دەکات. لە بەرامبەر ئەمانەدا ناسیۆنالیستەکان تەقەلا ئەکەن، کە بە دواکەوتووترین شێوە، بەرهەڵستی ئەم تێڕوانینانە بکەن. زۆربەی هەرەزۆری ئەندامان و کادرانی حیزب بە فراکسیۆنی کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە پەیوەست دەبن و سەرئەنجام لە پلینۆمی شازدەهەمی حیزب لە ساڵی 1989دا، ڕابەریی گرایشی ناسیۆنالیستی لە ناوەندیی کۆمەڵەدا، شکستی خۆی پەسەند دەکات و بە شێوەیەکی فەرمی ڕەخنە لە خۆی دەگرێت و پلینۆم بە تێکڕای دەنگ، مەنسوور حیکمەت بۆ ئەندامەتیی مەکتەبی سیاسی و سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێرێت. مەسەلەکە لە ئاستی ڕێکخستندا، بە تەواوەتی بە قازانجی کۆمۆنیزمی کرێکاری دەشکێتەوە. بەڵام مەنسوور حیکمەت ئەیزانی، کە گرفتەکە لە ڕوانگەی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە هەر لە شوێن خۆیەتی. ئەو دەیویست حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەشێکی ڕێکخراوی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری بێت، وە یان بەو جۆرەی کە

خۆی دەیگوت، یەک حیزب، یەک پێکهاتە بێت و دەیزانی کە حیزبەکەی ئەو بەو جۆرە نییە. ناسیۆنالیزم ملی خەواند و دووبارە بێدەنگ بوو، وەلێ درێژە بە ژیانی خۆی لەنێو حیزبدا دەدات. جەنگی کەنداو زەمینەی سەرلەنوێ بڵندبوونەوەی ناسیۆنالیزمی فەراهەم کردەوە. ئەمریکا و هاوپەیمانانیشی هێرش بۆ سەر عێراق دەهێنن و هێزەکانی ناسیۆنالیستی کوردیش ئەمە بە هەلێکی گونجاو دەزانن، تا لە بەرامبەر سەدام لە ئەمەریکا نزیک ببنەوە. ناسیۆنالیستەکانی کۆمەڵەش بۆ نزیکبوونەوە لە هاوتا عێراقییەکانیان، دەکەونە جم و جووڵ و عەبدوڵای موهتەدی ئەندامی ناوەندیی حیزب، گەلاڵەی بڕیارنامەیەک سەبارەت بە پاراستن و ڕاگەیاندنی هاوپشتی لەگەڵ ناسیۆنالیستەکانی کوردی عێراق و بە تایەکاری، یەکێتیی نیشتمانی، بۆ مەکتەبی سیاسی دەهێنێت. مەنسوور حیکمەت لە نوسینێکدا، بە ڕۆشنی ماهییەتی ناسیۆنالیستی دژەکۆمۆنیستی ئەم بڕیارنامەیە ڕیسوا دەکات و سەرلەنوێ مشتومڕی نێوان ناسیۆنالیستەکان و کۆمۆنیزمی کرێکاری سەرهەڵئەداتەوە، بەڵان ئەم کەڕەتەیان لەسەر مەسەلەی جەنگی کەنداو.

بەڵگەنامەکانی باسەکانی ئەم دەورەیە، کە بە شێوەی کۆمەڵە بەڵگەنامەیەکی جەنگی کەنداو بە ئاشکرا بڵاو کراونەتەوە، بە تایبەت ئەو نووسینە فراوانەی مەنسوور حیکمەت بە نێوی "تەنها دوو هەنگاو بۆ دواوە"، تابلۆیەکی ڕۆشن لەسەر چۆنییەتی بەرێوەچوونی وتووێژەکان ئەخاتە پێش چاو، ئەمە سەرباری دروستی و توندوتۆڵی و هاوئاهەنگی تیۆری هەڵوێستەکانی مەنسوور حیکمەت، بە ڕۆشنی، ژیری و تیژبینیی سیاسی ئەو، هەروەها ئوسوڵ و پرانسیپگەلی باڵای ئەخلاقیی ئەو لە وتووێژ و پلمیکی سیاسی لەگەڵ بەرهەڵستکارانی لە حیزبدا نیشان ئەدات. لە ڕەوتی ئەم قسە و باسانەدا، بۆ مەنسوور حیکمەت دەرئەکەوێت، کە ئەو حیزبەی ئێستا، حیزبێکی یەکپارچەی کرێکاری نییە و لەئارادابوونی گرایشی بەهێزی ناسیۆنالیستی کورد تیایدا، سەرباری ملدانیان بە ئەو و بە ڕەوتی کۆمۆنیستی لە حیزبدا، یەک کۆسپی تەواوەتی لە ڕێگای یەکپارچەبوونی واقیعی حیزب لەدەوری ڕێبازی کۆمۆنیزمی کرێکارییە. ئەو لە هەمبەر ئەم پرسەدا، بڕیارێکی جەسوورانە و بە تەواوەتی داهێنەرانە و بێوێنە ئەدات. ئەو لە حیزب، حیزبێک کە زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندی و کادران و ئەندامانی، تێڕوانینەکانی ئەویان قبوڵ بوو، وە ئەویان بە ڕابەری خۆیان دەناسی و تەنانەت بەرهەڵستکارانی ناسیۆنالیستیش لەڕووی ڕێکخراوەییەوە پەیڕەوییان لەو دەکرد،



دەست دەکێشێتەوە. ئایندە نیشانی ئەدات، کە ئەم دەستکێشانەوەیە لە حیزب، لە حاڵێکدا ئەو لە دۆخی بەهێزیدا بوو، کە هاوڕێیانی نزیکی ئەویش بە سەرسوڕمانەوە تێیان دەڕوانی و بۆیان شی نەدەکرایەوە، ئوسوڵیترین و کەمدەردیسەرترین ڕێگا، بۆ هاوئاهەنگی و پێشڕەوی کۆمۆنیزمی کرێکارییە.

## دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری

بە دەستکێشانەوەی مەنسوور حیکمەت لە حیزب، زۆرینەی ئەندامانی ڕابەری، ئەو کادر و ئەندامانەی، کە لایەنگری تێڕوانینەکانی مەنسوور حیکمەت بوون، دەست لە حیزب دەکێشنەوە و بە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، کە مەنسوور حیکمەت بە ڕێکەوتن لەگەڵ ئەندامانی کانوونی کۆمۆنیزمی کرێکاری بانگەوازی بۆ کرد، پەیوەست بوون.

مەنسوور حیکمەت هەر وەک بۆخۆی دەڵێت، تەنها قەڵەمەکەی و بەس، لە حیزبێک، کە ئەو ڕابەرێتی دەبات و دەچێتە دەرەوە و ناو و ئیمکانیاتی حیزبی بۆ ئەوانە بەجێ هێشت، کە لە حیزبدا مانەوە. بەپێی هەرچی پێودانگ و پرانسیپی سیاسی و پەیڕەوی ناوخۆیی بێت، ئەوە مافی خەتی کۆمۆنیستییە، کە لە حیزبدا بمێنێتەوە و ڕەوتی ناسیۆنالیستی پاکسازی بکات. مەنسوور حیکمەت لەم مافەی خۆی دەبوورێ، تا هەر چەشنە قسە و قسەڵۆک و کەڵکئاوەژوویەکی ناسیۆنالیستی کورد هەر لە سەرەتاوە خاڵی بکاتەوە. ئەو لە ماف و پرانسیپی ڕێکخراوەیی ئەولاتری دەبینێ. ئەو دەیزانی، لە دنیای پاش یەکێتیی سۆڤێت و قوتبوونەوەی ناسیۆنالیزم لە ناوچەکە و گشت جیهان، باڵادەستی تیۆری و سیاسی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە حیزب و پشتیوانی زۆرایەتی لێی، بەس نییە. ئەو دەیزانی، کە لەژێر هێرشی کۆنەپەرستیی جیهانی بۆ سەر کۆمۆنیزم، کۆمۆنیزمی کرێکاری لە ئاستێکدا نییە، کە بەبێ دانجیرکردنەوە و پێکدادان لەگەڵ بەرهەڵستکارانی ناسیۆنالیستی نێو کۆمەڵە، کە لە ڕێکخراوێکی چەکداردا، دەشێت بەتێکهەڵچوونی چەکداری بگات. ناسیۆنالیزم لە ڕیزەکانی پاک بکاتەوە. ئەو بە سادەیی تەنها خۆی دەست لە حیزب دەکێشێتەوە و تەنانەت داوای لە لایەنگرانی خۆی نەکرد، کە دەست لە حیزب بکێشنەوە. لایەنگرانی تێڕوانینەکانی ئەو، بۆ پەیڕەویکردن لەو، خۆیان دانە دانە لە حیزب دەکشێنەوە و پەیوەندی بە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارییەوە دەکەن. ئەمە شارستانیترین و کەمدەردیسەرترین ڕێگای جوداکردنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە ناسیۆنالیزمی کوردە. کادرانی ڕابەری کە هەر لە حیزبی

کۆمۆنیستدا مانەوە، بە مەنسوور حیکمەتیان گوت، ئەوان درێژە بە ڕێبازی ئەو ئەدەن، ئەویش ئارەزووی سەرکەوتنی بۆیان خواست. ئاوەها جودابوونەوەیەک، لە دیرۆکی بزووتنەوەی چەپ و دیرۆکی حیزبەکان بە گشتی لە ئاستی جیهاندا، بێوێنەیە.
لە دوای تێپەڕبوونی دوو ساڵ بەسەر دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە ئێران، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقیش دامەزرا. نووسینەکانی مەنسوور حیکمەت بەر لەوە بە ماوەیەکی زۆر، بۆ زمانی کوردی و عەرەبی وەرگێڕابوون و لەنێو بزووتنەوەی چەپی عێراقدا نفوزی بۆ خۆی پەیدا کردبوو. سەدان کەس لە ڕابەران و هەڵسوڕاوانی چەپ لە کوردستانی عێراق بە مەبەستی خوێندنەوەی ئاساری حیکمەت، خۆیان فێری زمانی فارسی دەکەن. بە تایبەتی شیکردنەوەی مەنسوور حیکمەت بۆ جەنگی کەنداو و هەڵوێستگیری ئەو لە بەرامبەر ئەم جەنگەدا، لەنێو چەپی عێراقدا پێشوازی لێ کرا. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بەرهەم و سەرئەنجامی پێگەییشتن و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی تێڕوانینەکانی مەنسوور حیکمەت لە کوردستانی عێراقە. ئەمە تاکە حیزبە، کە لە ناوچەکەدا، لە بەرامبەر کۆنەپەرستیی پارتە ناسیۆنالیستە کوردییەکان، کە لە درێژەی جەنگی کەنداو لە کوردستانی عێراق دەسەڵاتیان کەوتە دەست، دەوەستنەوە و بەرانبەرکێ لەگەڵ نفوزی ئایین و ڕەوشتگەلی دواکەوتووانە لە کۆمەڵگادا دەکەن. مەنسوور حیکمەت پەیوەندی بەردەوامی لەگەڵ ڕابەرایەتی ئەم حیزبەدا دەبێت و ئەندامانێک لە ڕابەرایەتیی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران و ئێراق بۆ ئەندامەتی لە کۆمیتەی ناوەندیی هەردووک حیزب هەڵدەبژێردرێن.
حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە پاش دەورەیەک لە کێشمەکێشی سیاسی و تیۆری لەگەڵ ناسیۆنالیزمی کورد دێتە دامەزراندن. لێ کۆمۆنیزمی کرێکاری ئانتیی تێزی ناسیۆنالیزم نییە و گرنگیی بنیاتنانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریش لە باڵادەستی ئەو بەسەر ناسیۆنالیزمی کوردا نییە. کۆمۆنیزمی کرێکاری لە بەرامبەرکێی تەواوەتی لەگەڵ ئەو کۆمۆنیستانەی، کە لە ئاستی جیهاندا هەن، هەبوونی خۆی ڕادەگەیەنێت، وە لە بنەڕەتەوە جۆرە بزووتنەوەیەکی دیکەیە. لە ڕاستیدا مەنسوور حیکمەت نوێنەرایەتی کۆمۆنیزمی مارکس، جیاواز لە بزووتنەوەگەلی چینەکانی دیکە، کە ئەوانیش خۆیان بە مارکسەوە ئاوێزان کرووە، دەکات. ئەمە خاڵی وەرچەرخان لە مێژووی کۆمۆنیزمی هاوچەرخ لەسەر ئاستی جیهانە.



## کۆمۆنیزمی کرێکاری جیاواز لەو کۆمۆنیزمانەی کە لە ئارادان

کۆمۆنیزمی کرێکاری لەسەر ئەم تێزە پایەییە بنیاتنراوە، کە کۆمۆنیزم سیستەمێکی تیۆریی پەتی، وە یان تەنانەت حیزب و تێکۆشانی حیزبی نییە. بەڵکە پێش هەر شتێک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتییە، بزووتنەوەی چینی کرێکار لە دژی سەرمایەدارییە، کە سەربەخۆ و بەر لە مارکسیزم و خەباتی حیزبی لە کۆمەڵگادا هەبووە و بەردەوام هەیە. کۆمۆنیزمی کرێکاری بۆ ڕەخنەگرتن و هەڵسەنگاندنی تیۆرەکان، حیزبەکان و ڕێکخراوەکان، بۆ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانیان دەگەڕێتەوە و جیاوازییەکان و ناکۆکییەکانیان لەسەر ئەم بنەمایە شی دەکاتەوە. بەم پێیە بۆ نموونە، ئەوەی بە لای مارکسیزمی شۆڕشگێڕەوە بە لادان لە تیۆری، وە یان چاوخشاندنەوە بە مارکسیزم ناسراوە، لە دیدی کۆمۆنیزمی کرێکاری، کاربردی مارکسیزمە لە لایەن بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەوە. باس لەسەر بەدحاڵیبوون و تێنەگەیشتن لە تیۆری و جیاوازی تیۆری، لە کامپی مارکسیزمدا نییە، بەڵکە جیاوازی نێوان بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە تەواو لێکجوداکان و ئاسۆ و ئامانجی کۆمەڵایەتی و سیاسی لێکجودان. لە دیدگای کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە، کە لە یەکێک لە قووڵترین و کامڵترین نووسینەکانی مەنسوور حیکمەت واتە، "جیاوازییەکانمان"، بە درێژی شی کراوەتەوە، ئەوەی وا باوە پێی بڵێن، لادان لە مارکسیزم، هەر لە ماویزم و کۆمۆنیزمی ڕوسییەوە بگرە، هەتا سۆسیال دیموکراسی و چەپی نوێ لە ئەوروپا، بە ناونیشانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە ناکرێکارییەکان دەکەونە بەر ڕەخنە. پۆپۆلیزمی ئێرانییش نەک بە ناونیشانی لادان لە بزووتنەوەی کرێکاری، بەڵکە بە وێنەی بەشی چەپی بزووتنەوەی ناسیۆنال ڕێفۆرمیستی لە ئێران هەڵدەسەنگێنرێت. لە نووسراوەی "ئاناتۆمی لیبراڵیزمی چەپ"، کە یەکێک لە شرۆڤەکارییە درەخشانەکانی مەنسوور حیکمەت لە مەڕ شۆڕش و تیۆری مارکسیستیی شۆڕشە، تێڕوانینەکانی ڕێکخراوی "یەکێتیی کۆمۆنیستی" بە ناونیشانی بەشی چەپی "بەرەی میللی ئێران" دەداتە بەر ڕەخنە. دواتریش بۆ هەڵسەنگاندنی هێزگەلی سیاسی لە ئێران، هەمان میتۆدی بەکار برد. وەلێ کاربردی درەخشانی تیۆرییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری، شیکردنەوەی سۆڤێت و ئەزموونی شۆڕشی ئۆکتۆبەرە، کە بە شێوەی زنجیرە باسێک لە بۆڵتەنەکانی مارکسیزم و مەسەلەی سۆڤێت لە ساڵەکانی 88_ 1986 بڵاو کراونەتەوە. مارکسیزمی شۆڕشگێڕ بۆ ئەم کێشە بنەڕەتییەی چەپی جیهانی، وەڵامێکی تیۆری پێ نەبوو، وە نەشی

دەتوانی هەبێت. لە ئاستی جیهانیشدا، ڕەوتگەلی ڕەخنەگر لە سۆڤێت، بە ترۆتسکیزم، ماویزم و چەپی نوێوە، وەڵامێکی ڕۆشنیان بۆ ئەم مەسەلەیە پێ نەبوو. مەنسوور حیکمەت لە باسە قوڵ و هەمە لایەنەکەی لە بۆڵتەنەکانی سۆڤێتدا، هۆکاری شکستی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، لە دوا شیکردنەوەدا، شکستی بزووتنەوەی کرێکاری و بۆلشەڤیکەکان لە لایەن ناسیۆنال ڕیفۆرمیستەکانی ڕووسیاوە، کە خوازیاری بەپیشەسازیکردنی ڕووسیا بوون، هەڵدەسەنگێنێ. ناسیۆنالیزمی مەزنخوازی ڕووس، کە بەهۆی پاشکەوتوویی سەرمایەداری ڕووسیاوە، ئەویش ناڕەزایەتی بەرامبەر بە تزاریزم هەبوو، سەرئەنجام لە کۆتایی دەیەکانی سەدەی بیستدا، دەتوانێت بەسەر بۆلشەڤیزمدا زاڵ ببێت، حیزب و دەوڵەتی تازەپێکهاتووی پرۆلیتاریای ڕووسیا لەدەست بگرێ و لەژێر نێوی سۆسیالیزمدا، سەرمایەداریی دەوڵەتی سازمان بدات. تێڕوانینەکانی مەنسوور حیکمەت لە ڕەخنەگرتن لە سۆڤێت، ڕۆشنترین، هاوئاهەنگترین و قوڵترین ڕەخنەن، کە دەربارەی شیکردنەوەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و سۆڤێت لە بزووتنەوەی چەپی جیهانیدا خراونەتە ڕوو. لەسەر بنەمای ئەم ڕەخنەیەیە، کە کۆمۆنیزمی کرێکاری لە دوای داڕوخانی سۆڤێت، دەتوانێت سەربڵند بوەستێ و بە ڕووی دنیای یەکجەمسەری دوای جەنگی سارد بوەستێتەوە. مەنسوور حیکمەت بۆخۆی دەڵێت، کۆمۆنیزمی کرێکاری لەم هەلومەرجەی ئێستادا، جگە لە کۆمۆنیزمی مارکس، چتێکی دیکە نییە. تیۆریسین و ئالاهەڵگرانی مارکسیزمی ئەم چەرخە، جیهانێک لە بەرامبەریاندایە، تا ڕەخنەی لێ بگرن و ئاڵوگۆڕی بەسەردا بهێنن.

## بایەخ و جێوشوێنی جیهانیی دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، لە درێژەی پلمیک و لێکۆڵینەوەی دووروودرێژی مەنسوور حیکمەت سەبارەت بە ڕۆشنکردنەوە و توێژینەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری و لە پاش دەسکێشانەوەی خۆیی و لایەنگرانیی تێڕوانینەکانی لە حیزبی کۆمۆنیست، لە پاییزی ساڵی 1991 دادەمەزرێت. دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری وەڵامێکە بە پێداویستییەکانی بزووتنەوەی سەربەخۆی کرێکاری و پێویستی ئەم بزووتنەوەیە بە حیزبیبوون، بە جیا لەو کۆمۆنیست و حیزبە چەپانەی لە ئارادا بوون، کە لە واقیعدا نوێنەرایەتی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەیان دەکرد. بار و دۆخ و ڕۆژگارێکیش، کە حیزبی تێدا بنیات دەنرێت، ڕەنگدانەوەی هەمان واقیعەتە. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە هەلومەرجێکدا دامەزراندنی خۆی ڕادەگەیەنێت، کە لە ئاستی جیهاندا،



حیزب و هێزە کۆمۆنیستییەکان لە حاڵی داڕوخاندان. چەپی ناکرێکاری لەگەڵ دیواری بەرلیندا داڕوخان و بۆرژوازی بە خەیاڵی خۆی جەژنی کۆتاییهاتنی مارکسیزم دەگێرێت! حیزبە کۆمۆنیستەکانی سەر بە سۆڤێت، یان ئەوانەی ڕەخنەیان لێی هەبوو، یان دەتوێنەوە، وە یان ناو و نیشانی خۆیان دەگۆڕن، ئابووریی بازاڕ و دڕندایەتی سەرمایەداری بێهاوتا دێتە مەیدان و هەر چەشنە ئایدیا و ئامانجێکی ئینسانی و بەرابەرخوازانە لەگەڵ پەیکەرەکەی لێنین بە زەویدا دەدرێن. لە ڕۆژگارێکی ئاوهادا، مەنسوور حیکمەت حیزبێک پێک دەهێنێ، کە نەک هەر دەستی لە ئامانج و ئایدیای ئینسانیی مارکس نەشت، بەڵکە بە ڕوونی و پوختەییەکی بێوێنە لە مێژووی چەپی هاوچەرخی جیهان، دروستی و ڕەوایی مارکسیزم نیشان دەدات و پاگوشارییان لەسەر دەکات. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، وەڵامی مەنسوور حیکمەت بە هێرشی کۆماری ئیسلامی بوو و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریش وەڵامی ئەو بە هێرشی سەرمایەداریی جیهانی بۆ سەر کۆمۆنیزم بوو.

لە ڕاستیدا ئەم هێرشە، دەمێک بەر لە ڕووخاندنی دیواری بەرلین لەگەڵ تاتچەریزم و ڕێگانیزم لە دەیەی هەشتاکان لە جیهاندا دەستی پێ کردووە. تاتچەریزم هێرش دەکاتە سەر هەر هێمایەکی ئینسانی، بەرابەریخوازی و ئازادیخوازی و لە جێگای ئەوانە، لە تێکڕای مەیدانەکاندا، لە سیاسەت و هونەر و فەرهەنگدا، وەحشیگەری بێپەردەی سەرمایەداریی بازاڕی ئازاد دادەنێت. گوایە بۆرژوازی ڕۆژئاوا تۆڵەی خۆی لە دنیای چەپی دەیەی شەست دەکاتەوە. ئەو کۆمۆنیزمانەی، کە لە ئارادا بوون، چەپی ڕووسی، چینی، سۆسیال دیموکراسی، ترۆتسکیزم و چەپی نوێ، توانای بەربەرەکانێکردنی ئەم هێرشە فراوانە کۆنەپەرستانەیەیان نەبوو. لە ڕاستیدا نامۆیی و نابەستەگی ئەم ڕەوتانە لەگەڵ کۆمۆنیزمی ئازادیبەخشی مارکس، خۆی بۆخۆی یەکێکە لەو فاکتەرانەی کە زەمینەی بۆ سەرهەڵدانی ڕاسترین و کۆنەپەرستانەترین باڵ و نوێنەرانی بۆرژوازی لە ڕۆژئاوا و لە ئاستی جیهاندا خۆش کرد. تاتچەریزم لەگەڵ خۆیدا هەرچی بۆگەناوی مێژوو هەیە، خستییە دەشت. ئایین، ناسیۆنالیزم، ڕاسیزم و قەومپەرستی پەرە دەسێنن و نەک تەنها هەر لە سیاسەتدا، بەڵکە لە بواری ڕۆشنبیری، هونەر و فەلسەفەشدا سایەی شوومی خۆی دەخاتە سەریان. داڕوخانی سۆڤێت ئەم ڕەوەندی بەرەوپاشچوونە، پلەپلە خێرا دەکات و جیهانی یەکجەمسەری پاش جەنگی سارد دەکاتە مەیدانی هێرشی بۆرژوازی سەرمەستی ڕۆژئاوا.

مەنسوور حیکمەت بە قەڵەمەکەی، بە تێڕوانینی قووڵی ئینسانی و ڕادیکاڵ و بە حیزبەکەی، دەچێتە جەنگی ئەم دنیا تاریکەوە. نووسینەکانی ئەو لەو دەورەیەدا "دەرکەوتنی خوێناویی نەزمی نوێی جیهان"، بە ئینگلیزی نووسراوەتەوە و دەربارەی شیکردنەوەی جەنگی کەنداو و جێوشوێنی لە جێگیرکردنی سیستەمی نوێی جیهانە، زنجیرە وتارێک لە ئینتەرناسیۆناڵ سەبارەت بە ڕەخنە لە دیمۆکراسی، ناسیۆنالیزم و ئیسلامی سیاسی و سەرئەنجام توێژینەوە و هەڵوێستی ئەو لە مەڕ ڕووداوی 11ی سێپتامبەر و دنیای پاش 11ی سێپتامبەر، مانیفێست و دەعوانامەی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە بەرامبەر دنیای ڕەشی پاش جەنگی سارده. مەنسوور حیکمەت لە "جیاوازییەکانی ئێمە"دا ڕای دەگەیەنێت، کە کۆمۆنیزم دەبێ کۆتایی بە پلمیک لەگەڵ خۆیدا بهێنێ و بڕوات لە ئاستی کۆمەڵگادا، شەڕی ئایدیا بۆرژواییەکان بکات. ئەو دەیگوت، دەبێت هەر بەو جۆرەی مارکس، بیرمەندانی بۆرژوازی بە ناکۆکییەکانی خۆیان وردوخاش بکەین. ئەو خۆی ئەمەی کرد. وتاری "دیموکراسی لە نێوان دەربڕین و ڕاستییەکان"، "میللەت، ناسیۆنالیزم و بەرنامەی کۆمۆنیزمی کرێکاری"، لە نموونە درەخشانەکانی ئەم جۆرە گەڕانەوەیە بۆ مارکس، لە مەیدانی خەباتی تیۆریدایە. وەلێ ئەمە تەنها دووبارەکردنەوە و زیندووکردنەوەی مارکس نییە، بەڵکە فراوانکردن و قووڵکردنەوەی ئەو، لە مامەڵە لە تەک پرسە هەمەجۆرەکانی دنیای کۆتایی چەرخی بیستەم و سەرەتای چەرخی بیستویەکە.

دواهەمین نووسراوەی مەنسوور حیکمەت، ئەو وتارانەی بوو کە دەربارەی 11ی سێپتامبەر لە چوار ژمارەی ئینتەرناسیۆناڵ بڵاو کرایەوە، کە لە ڕاستیدا، ئاڵای دنیای شارستانییەت لە هەمبەر هەردووک تیرۆریزمی ئیسلامی و تیرۆریزمی دەوڵەتیی ڕۆژئاوایە. لە 11ی سێپتامبەردا تیرۆریزمی ناتۆ و تیرۆریزمی ئیسلامیی سیاسیی دەستپەروەردەی خۆی، لە بەرامبەر یەکدیدا دەوەستنەوە. لە هەڵوێستگیری لە بەرامبەر ئەم ڕووداوەدا، ئەوە تەنیا ڕێباز و هەڵوێستی مەنسوور حیکمەتە، کە هەمیشە ڕەخنەگر و ڕیسواکەری نەزمی نوێی جیهانی لە لایەک و ڕەخنەگری شێلگیری ئیسلامیی سیاسی لە لایەکی دیکە بووە، بتوانێت هاواری نارەزایەتی مرۆگەلێک بێت، کە لە نێوان مەنگەنەی ئەو دوو کۆنەپەرستییەدا گیریان خواردووە. بەبێ ئەم ئاڵای سێهەمە، دنیای دوای 11ی سێپتامبەر، تاریکتر دەبوو.



سەبارەت بەم تێڕوانین و نەبەردە تیۆرییەی، کە مەنسوور حیکمەت ئاڵاکەی بڵند کردەوە، حیزبەکەی ئەو خەباتێکی عەمەلیی بەرفراوانی لە ئاستی دنیادا بەڕێ کرد. هێزی کارای ئەم خەباتە، ڕێکخستنەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە دەرەوەی وڵات و کەمپین و ئۆرگانە جیاوازەکانن، کە بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، لە ڕێگای حیزبەوە لە گەلێک لە وڵاتان بەڕێوەچوو. بەرگریی لە مافەکانی ژنان و پەنابەران، بەرامبەرکێ لەگەڵ ڕاسیزم، بەرگری لە مافەکانی منداڵان لە جەرگەی ئەورووپای ڕۆژئاوا و لە بار و دۆخێکدا، کە دەوڵەتەکان هێرشێکی بەرفراوانیان بۆسەر مافە سەرەتاییەکانی کۆچکردووان و پەنابەران دەستپێ کردووە، بەرامبەرکێ لەگەڵ ئیسلامی سیاسی و گەشەسەندن و پەرەسەندنی ئایین لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوا، بەرامبەرکێ لەگەڵ تێزی فەرهەنگی ڕێژەیی و ڕیسواکردنی ماهییەتی دژە ئینسانی و کۆنەپەرستییەکەی و بەکورتییەکەی، کردنەوەی مەیدانەکانی نەبەرد بە ڕووی گشت ئەو بوارانەی کە نەزمی نوێی جیهان هێرشی کردووەتە سەر ماف و حورمەتی مرۆڤەکان، ئەمانە گشت، بەشێک لە تێکۆشانی بێووچانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارین. تێکۆشانێک بەم ڕەهەندانەوە، نەک تەنها هەر لە مێژووی چەپی ئێراندا، بەڵکە لە مێژووی چەپی جیهانیشدا بێوێنەیە. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە هەر وڵاتێک کە ئەندام و ڕێکخستنی هەیە، حیزبێکی کارا و دەخاڵەتگەر لە کۆمەڵگا و دەوروبەری خۆیەتی. ئەمەش ڕێک لە بەرامبەر نەریتەکانی ئەو چەپەی کە لە ئارادایە، چ لە ئێران و چ لە جیهان دەوەستێتەوە، کە ئەوپەڕی ڕادیکاڵیزمەکەی، خەبات لە دژی ڕژێم و دەوڵەتی وڵاتی خۆی لە تاراوگە بووە، وەکوو، خەباتی کۆنفێدراسیۆنی خوێندکاران لە سەردەمی شا، یان چەپەکانی ئافریقای باشور و ڕێکخراوی A. N. C. لە دژی ئاپارتاید، وە یان لە چەشنی شێوازکاری هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕژێمی ئێران، تەنانەت سەرنگوونیخوازەکانیان، لە دەرەوەی وڵات. ئەمانە نەریتی کۆمۆنیزمی کرێکاری نین. کۆمۆنیزمی مەنسوور حیکمەت ڕەوتێکی دوورخراوەی وڵات نییە، کە تەنها هەر لە دژی دەوڵەتی خۆیی خەبات بکات. بەڵکوو بزووتنەوەیەکە، لە تێکڕای ڕەهەندەکانەوە، لە هەمبەر کۆنەپەرستی و دواکەوتوویی دەوەستێتەوە و لە هەر جێگایەک، کە بۆی بکرێ، زیندەگیی خەڵکی باشتر دەکات. کۆمۆنیزمی کرێکاری، تەنانەت لە ئۆپۆزیسیۆن و لە تاراوگەش، حیزبێکە، کە جێدەستی خۆی لەسەر کۆمەڵگا

و زیندەگی خەڵک بەجێ دەهێڵێت. ئەمە سیمایەکی تاقانەیە کە ڕابەرێکی تاقانە پێی بەخشیوە.

## کۆمۆنیزمی کرێکاری لە مەیدانی سیاسەتی ئێراندا

لە بەرامبەر ڕژێمی کۆماریی ئیسلامی و باڵەکانی و هێزەکانی لایەنگری لە ئۆپۆزیسیۆندا، مەنسوور حیکمەت نوێنەر و ڕوخساری ئازادی و ڕزگاری بوو. ڕەخنەی قووڵ و تیژ و ڕیشەیی ئەو لە ئیسلامی سیاسی و کۆماری ئیسلامی و باڵەکانی و شیکردنەوەی قووڵی ئەو سەبارەت بە ماهییەت و ڕۆڵ و جێگای هێزەکانی دووی خوردادی لە ئۆپۆزیسیۆن، نەک تەنها هەر ڕێگای خەبات بۆ حیزب و هەڵسووڕاوانی حیزبی ڕۆشن دەکاتەوە، بەڵکە دەبێتە ئاڵا و جێگا ئومێدی هەموو ئەو مرۆڤانەی کە دڵیان بۆ مرۆڤایەتی و ئازادی و ڕزگاری لێ ئەدات. نووسراوە سیاسییەکانی ئەو لەو دەمەدا، کە لە ئینتەرناسیۆناڵ بڵاو دەبێتەوە، وتارەکانی وەکوو، "دوا قەیران"، خەونە تابۆکانی موجاهیدین"، حیجابگێتی ڕاهی کارگەر"، "مێژووی نەبەزیوان"، "ئال ئەحمەدە پلاستیکییەکان" و دەیان نووسراوەی دیکەی لەو بابەتە، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بە تاکە تریبوونی سکۆلاریزم و مۆدێرنیزم و مرۆڤدۆستی و ئازادیخوازی و بە ئاڵا و قسەبێژی واقیعی بزووتنەوەی سەرنگوونی، کە لە کۆمەڵگای ئێراندا شکڵی گرتووە، کردووە.

لە کۆنگرەی دووەمی حیزبدا، مەنسوور حیکمەت باسگەلێکی تازە و پێشڕەوانە سەبارەت بە پەیوەندی نێوان حیزب و دەسەڵاتی سیاسی و جێگای حیزب لە کۆمەڵگادا ئەخاتە ڕوو. ئەو گەرەکی بوو، حیزب بۆ خەڵکی بکاتە شتێکی بەرجەستە و ناسراو و نزیکەدەست. گەرەکی بوو، کادران و ڕابەرانی حیزب بە ڕووخساری ناوداری سیاسەتی ئێران بکات. گەرەکی بوو حیزب لەنێوەندی سیاسەتی ئێران و لە پێشەنگی بزووتنەوەی سەرنگوونی جێ بگرێت. ئەو لە وتارەکەی خۆی لە کۆنگرەی سێهەمدا دەڵێت، بۆ ئاڵوگۆڕدان بە زیندەگی بەشێکی فراوان لە خەڵکی و بە چەشنێکی پایەدار، دەبێ دەسەڵاتی سیاسی لە دەست بگریت، وە تەواوی کۆششی ئەو لەم دەورەیەدا، ئامادەکردنی حیزب بۆ گەییشتن بە دەسەڵاتی سیاسی بوو. باسەکانی ئەو لەم دەورەیەدا، دەربارەی "حیزب و کۆمەڵگا" و "حیزب و دەسەڵاتی سیاسی" زۆر داهێنەرانە و بێوێنە و ئاڵوگۆڕبەخش بوونە. کاری خوڵقێنەرانە و داهێنەرانەی مەنسوور حیکمەت بێپایان بوو.



حیزب لەم دەورەیەدا، لە گەلێک مەیدانی جۆراوجۆرەوە ڕووبەڕووی کۆماری ئیسلامی بووە، کە نەخشەسازی و پیادەکاری ڕاستەوخۆی زۆربەی ئەوانە لە لایەن مەنسوور حیکمەتەوە بوو. ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ خۆچەسپاندن لە دەرەوەی وڵات و لە لای دەوڵەتان بیروڕای گشتی ڕۆژئاوا، کە ترۆپکی ئەوانە، کەمپینی سەرکەوتووانەی حیزب لە دژی کۆنفرانسی دووی خوردادییەکان لە بەرلین، کەمپین لە دژی بەردبارانکردن، کەمپین لە دژی چارشێوی زۆرەملێ و ئاپارتایتی ڕەگەزی، کەمپین بۆ داکۆکی لە کرێکارانی نەوت، کەمپین بۆ ئازادی مەحموودی ساڵحی، کە یەکێک لە ڕابەرانی کرێکاریی سەقزە، لە زیندانی کۆماری ئیسلامی، کە سەرکەوتووانە بە کۆتایی گەییشت، ڕۆنانی ڕێکخراوی یەکەم منداڵان، ڕۆنانی ڕێکخراوی لاوانی حیزبی کۆمۆنیست، بەڕێخستنی کەمپینی گۆڕینی نووسینی فارسی و داهێنانی نووسینی ئەوروفارسی، کە ڕاستەوخۆ پرۆژەی خودی مەنسوور حیکمەتە. ئەمانە گۆشەیەک لە تێکۆشانی شێلگیر و هەمە لایەنەی حیزب و بزووتنەوەی مەنسوور حیکمەت لە هەمبەر کۆماری ئیسلامی و کۆنەپەرستی و پاشکەوتوویی بە گشتی لە کۆمەڵگای ئێرانن.

ڕەخنەگرتن و پەردەلەڕووهەڵماڵینی شێلگیری خاتەمی و خەتی دووی خورداد هەر لە سەرەتاوە و بەرەنگاربوونەوەی پرۆپاگەندە و سیاسەتەکانی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی دووی خوردادی لە دەرەوەی وڵات، مەیدانی خەباتێکی بێوچانی حیزبە لەم دەمەدا. مەنسوور حیکمەت لە بڕیارنامەی "هەڵبژاردنی خاتەمی و سەرهەڵدانی سەرلەنوێی ئۆپۆزیسیۆنی پرۆ ڕژێم" و زنجیرە وتاری "دوا پەردە"دا، سێ بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی لە مەیدانی سیاسەتی ئەمرۆی ئێراندا دیاری دەکات. بزووتنەوەی پاشاییخواز، وە یان ناسیۆنالیزمی ئێرانی پرۆڕۆژئاوا، بزووتنەوەی میللیی ئایینی، کە لە دۆخی ئێستادا دووی خورداد نوێنەرایەتی ڕەوتی سەرەکی دەکات، دواییش بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی، کە لە ڕێگەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارییەوە نوێنەرایەتی دەکرێت. لەم توێژینەوەیەدا جێگای کۆمەڵایەتیی حیزبەکان و ڕێکخراوە سیاسییەکان، لەسەر بنەمای ڕەوتی کۆمەڵایەتییان و بزووتنەوەیەک، کە پێیانەوە ئاوێزانە، دەنرخێنێت. مەنسوور حیکمەت لە توێژینەوەکەیدا، کە نموونەی بەرجەستە لە کاربردی تێڕوانینی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە ڕەفتارکردن لەگەڵ بار و دۆخی سیاسیی هەنووکەیی لە ئێرانە، نیشانی ئەدات، کە ڕێکخراوگەل و کەسایەتییەکانی وەکوو حیزبی تودە، ئەکسەرییەت،

بزووتنەوەی ئازادی، ڕێکخراوی موجاهیدینی شۆڕشی ئیسلامی، خاتەمی، سرووش، خەڵخاڵی و حەجەریان بە یەک بزووتنەوە، ئاسۆ و ئامانجی سیاسییەوە پەیوەستن و بە هەمان ناونیشانیش، دەبێ ڕەخنەیان لێ بگیرێ و ڕیسوا بکرێن. گرنگیی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لەم چەشنە لە حیزبەکان، لە ناسین و هەڵسەنگاندنی دۆخی سیاسی ئەولاتر دەچێت و تیشکێکی نوێ دەخاتە سەر مێژووی 25 ساڵەی ئەم دواییەی ئێران و مێژووی حیزبەکان بە گشتی و هێزە سیاسییەکان لە ئێرانی هاوچەرخدا. نووسراوەی "دوا پەردە" و "مێژووی نەبەزیوەکان"ی مەنسوور حیکمەت، کە لەسەر هەمان بنەما نووسراونەتەوە، لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ و ڕۆشن لە مەڕ ڕیزبەندییە سیاسییەکانی دوو دەیەی ئەم دواییەی ئێران بەدەستەوە ئەدات. بەبێ مەنسوور حیکمەت و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، چەپ و مرۆڤدۆستی و ئازادیخوایی چەپ لە سیاسەتی ئێراندا، نوێنەرایەتی نەدەکرا و مەیدانەکە بە تەواوی دەکەوتە دەستی پارێزەرانی ڕژێمی ئێستا، وە یان هی پێشوو. حیزبەکەی مەنسوور حیکمەت لە ئەمڕۆدا، هێزێکی بنەڕەتی لە مەیدانی سیاسەتی ئێران و لە جوڵانەوەی سەرنگوونی کۆماری ئیسلامی پێک دەهێنێت.

## میراتی مەنسوور حیکمەت

بەرهەمی 25 ساڵ هەڵسووڕانی بێووچانی مەنسوور حیکمەت لە مەیدانی تیۆری و هەروەها سازماندەیی و ڕابەری سیاسیی بزووتنەوەیەک، کە لەم تێڕوانینانەوە سەرچاوەی گرتووە، سەدەها وتار و نووسراوەی تیۆری، توێژینەوەی سیاسی، بڕیارنامەی تاکتیکی و نەخشەکاری ڕێکخراوەیی، بەرنامەی "یەک دنیای باشتر"، سەدەها گوتار و سیمینار، دەیەها دەزگا و ئۆرگان و سازمان و بڵاوکراوە لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی تێکۆشان، وە لە سەرووی هەموویانەوە، هەردووک حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە ئێران و ئێراقە. ئەم تێکۆشانە مەزنە سازماندراوە کە لە ڕووی ڕەهەندەکان و بەرفراونیی مەیدانە عەمەلییەکانییەوە، هەروەها قوڵی و ڕۆشنیی تیۆرییەوە، لە مێژووی چەپی ئێران و دنیای هاوچەرخدا بێوێنەیە. میراتی ئازیز و گرانبەهای ئەو، بۆ تەواوی تێکۆشەرانی ئازادی و ڕزگاریی ئینسانە.

ژیاننامەی ژووبین ڕازانی بە کۆچی ناوادەی لە 4ی تەمووزی ساڵی 2002 بە کۆتایی دەگات، وەلێ ژیانی مەنسوور حیکمەت بە کۆتایی نەگەییشتووە. سەرگوزەشتەی حیزب و بزووتنەوەکەی ئێمە، هەمیشە داستانی ژیانی مەنسوور حیکمەت دەهێڵێتەوە.



کاریگەری ئەو میراتە مەزنەی کە ئەو بۆ ئێمەی بەجێهێشتووە، بەم دەورەیەی ئێمە و بەم نەوەیەی ئێمە ناوەستێتەوە. تا ئەو دەمەی کە هەژاری، چەوسانەوە، نادادوەری و نابەرابەری لە دنیادا بوونی هەبێت، مەنسوور حیکمەت و بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری، کە ئەو ئاڵاکەی بەرز کردەوە، هەر دەمێنێ.

وەرگێڕانی: سالار ڕەشید

سەرچاوە:
بیوگرافی کوتاە منصور حکمت (ژوبین رازانی)
1330 _ 1381
از انتشارات بنیاد منصور حکمت
ژوئیه 2002، تیر 1381

# بەشی یەکەم

## شۆڕشی 79 ئێران_ دەورەی سەهەند و یەکێتیی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست هەتا سێپتامبەری 1982

# ئەفسانەی بۆرژوازیی میللی و پێشکەوتنخواز
## بەشی (1)

### پێشەکیی نووسەر بۆ وەرگێڕدراوی کوردی

شۆڕشی ساڵی 1979 (57) لە ئێران، هەرچەندە بە ئامانجە دیموکراتیکدا و شۆڕشگێڕییەکانی خۆی نەگەیشت، بەڵام سەبارەت بە بزووتنەوەی نوێی کۆمۆنیستی ئێران، سەرەتایەکی رووی لە هەورازبوون و پێشڕەوی و گەشە بوو. کۆمۆنیزم، مارکسیزمی مارکس و لینین، لەنێو ئەم شۆڕشەدا بە خاوێنی و خالیسییەکی کەموێنەوە خۆی گرت و سەرەڕای ئەو هەموو سەرکوتگەری و تاوانانەی بۆرژوازی و دەوڵەتە ئیسلامییەکەی دژی کرێکارانی شۆڕشگێڕ و کۆمۆنیستەکان کردیان، ڕەوتی پرگۆڕانکاری گەشەی خۆی، هەتا پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەرەو پێش برد. یەکێک لە تەوەرە ئەسڵییەکانی ئەم گەشەی کۆمۆنیزمە لە ئێراندا، خەباتێکی تیۆریی قووڵ بوو، کە لەنێو بزووتنەوەی چەپی ئێراندا بەرەو پێش چوو. ئەو پڕوپووچە ڕیڤیژینیستییە گیانسەختانەی کە ساڵەهای ساڵ کەوتبوونە جەستەی بزووتنەوەی چەپی ئێران و تەنانەت سەرتاپای ئەو بزووتنەوەیەی داپۆشیبوو، ئێستا بەرانبەر بە هێرشی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ لە ڕەوتی شۆڕشێکدا کە خۆی بە شێوەیەکی بابەتی بوو بە "یارمەتیدەری کۆمۆنیستەکان" و بوو بە بەڵگە بۆ ڕاست و ڕەوابوونی مارکسیزم، یەک لەدوای یەک توانەوە و لەنێو بران. ئەمڕۆ ئەگەر مێژوونووسێک بێت و بیروڕا بنچینەییەکانی شەش ساڵ لەمەوپێشی ئەو ڕێکخراوانەی کە زۆرترین کۆمۆنیستەکانیان تێدا بوو لێک بداتەوە، نیشانێکی وا لە مارکسیزمیان تێدا نابینێ. شۆڕشگێڕی کورتبینانەی وردەبۆرژوایی لە هەموو لایەکەوە بەسەر ئەم بزووتنەوەیەدا زاڵ بوو.

لە باری فەلسەفی و میتۆدۆلۆژیی لێکدانەوەوە، ماتەریالیزمێکی میکانیکی و نەزانانە ڕەواجی تەواوی بوو، کە لە مەکتەبی ڕیڤیژینیزمی مۆدێرنەوە وەرگیرابوو. بزووتنەوەی چەپی ئێران بەگشتی، ئاشنایەتییەکی لەگەڵ نووسراوە بنچینەییەکانی مارکسدا نەبوو. بەشی هەرە زۆری کۆمۆنیستەکان دەستیان بە کاپیتاڵی مارکس (کە نەک هەر ڕەخنەگرییەکە لە ئابووریی کۆمەڵگای بۆرژوایی، بەڵکوو هەروەها



نموونەیەکی زیندووە لە بەکارهێنانی دیالێکتیک لە زانستی کۆمەڵدا) نەگەیشتبوو. ئەم بۆشاییە، بە نووسراوە دەستتێوەردراوەکانی ڕیڤیژینیستییە ڕووسییەکان و نووسراوە "فەلسەفی"یە کاڵ و خاوە میتافیزیکییەکانی "ماوتسیتۆنگ" پڕ کرابووەوە. لە زانستی ئابووریدا، ناسیۆنالیزمی تۆخ (ناسیۆنالیزمێک کە پاڵی بە تیۆری مەکتەبی بۆرژوایی لە چەشنی "ئابووریی گەشەکردن"ەوە دابوو) زاڵ بوو، ئەو تیۆرییانەی کە لە باشترین و پوختەترین حاڵەتی خۆیدا، نارەزایەتی دژی مۆنۆپۆڵی وردەبۆرژوازیی داماوی وڵاتی ژێردەستەی وەک ئێرانی بەیان دەکرد. لەودیوی وشەگەلی شێوە مارکسیستییەوە خەون و خەیاڵی بەرپاکردنی سەرمایەدارییەکی بەهێز و ڕێکوپێکی "میللی" (کە گوایە دەبوو هەلومەرج بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی لە سەدە داهاتووەکاندا لەبار بکا) خۆی دەنواند. قارەمانی ئەم خەون و خەیاڵە منداڵانە و یۆتۆپیاییەی وردەبۆرژوایی، شتێکی ئەفسانەیی بوو بە نێوی "بۆرژوازیی میللی و پێشکەوتنخواز" کە بە بڕوای بەشی زۆری بزووتنەوەی چەپی ئێران لەو سەردەمەدا، دەبوو لە ئاکامی خەباتی چینایەتیی پرۆلیتاریا بپارێزرایە و وەکوو هاوپەیمانی چینی کرێکار لە شۆڕشی "گەلیی"دا بەقەدر و حورمەت بمایەتەوە. لە باری سیاسییەوە، بزووتنەوەی چەپی ئێران لەدوای شۆڕشگێڕییەکی کورتبینانەی هەر تەنیا "دژی دەوڵەتی" و بە ڕواڵەت و بە قسە دژی ئیمپریالیستی ئەسیر بوو، کە ڕەنگدانەوەی قازانج و بەرژەوەند و هەڵوێستی وردەبۆرژوازی ئێران بوو. لەم سیستەمە فیکرییەدا خەباتی چینایەتی بەکردەوە دەشاردرایەوە و بێدەنگەی لێ دەکرا. بە بیانووی پاراستنی "یەکێتیی گەل" بەرانبەر بە "ئیمپریالیزم"، داوا لە کرێکاران دەکرا، کە بەرژەوەندیی چینایەتی خۆیان لەبیر بەرنەوە، جارێ لە پێکهێنانی ڕیزی سەربەخۆی خۆیان لە شۆڕشدا چاوپۆشی بکەن و لەوە گەڕێن کە ستراتیژی و تاکتیکی وەها هەڵبژێرن کە لەبەرژەوەندی چینایەتییانەوە سەرچاوەی دەگرت.

مارکسیزمی شۆڕشگێڕ لە ئێراندا، لە یەکەم هەنگاویدا ئەم سۆسیالیزمە وردەبۆرژواییەی بەرانبەر بە خۆی دی. پۆپۆلیزم، یان ڕیڤیژینیزمی پۆپۆلیستی، ناوێک بوو کە مارکسیزم نایە سەر ئەو سۆسیالیزمە "گەلیی"یە و ئەو ناسیۆنالیزمە سیاسی و ئابوورییە. بە درێژایی چەند ساڵ بنج و بناغەی میتۆدۆلۆژیک و سیاسی ئەم شێوە ڕیڤیژینیزمە کە لە ئێران باو بوو ڕەخنەی لێ گیرا. مارکسیزمی شۆڕشگێڕ لە ئێراندا لەم کێشە ئایدیۆلۆژیکە دیاریکراوەدا سەرکەوت و توانی ڕەوتێکی ڕێکوپێک

و گونجاوی حیزبی و له ئاکامیشدا حیزبێکی سیاسی پتەو پێک بێنێ. حیزبێک که بۆ مەبەستی تێوەچوونی سەربەخۆی چینی کرێکار له شۆڕشدا مەرجێکی حەیاتییه و هەروەها ئامرازی سەرەکییه بۆ سەرکەوتن له کێشەیەکی ئایدیۆلۆژیکی یەکجار حەیاتیتردا دژ به ڕیڤیژینیزمی مۆدێرن.

نامیلکەکانی "ئەفسانەی بۆرژوازیی میللی و پێشکەوتنخواز" گۆشەیەک لەم کێشه تیۆرییەی مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێرانه. ئەم نووسراوانه بەشبەحاڵی خۆیان، له تێکشکاندنی سەنگەرەکانی سۆسیالیزمی وردەبۆرژوایی له مەیدانی بیروڕادا دەورێکی کاریگەری گێڕا. نووسینی بەشەکانی دیکه "ئەفسانه ..." به هۆی جۆربەجۆرەوه دەستی نەدا، بەڵام ئەو قسه و باسانه و ئەو لێکۆڵینەوانەی که دەبوو بەشوێن ئەو نامیلکانەدا بێته گۆڕێ، له چەند نووسراوەی تردا له لایەن "یەکێتیی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست"وه بڵاو کرایەوه. لەوانه دەکرێ باسی "سێ سەرچاوه و سێ بەشی سۆسیالیزمی گەلیی ئێران"، "دوورنمای فەلاکەت و ڕوو له هەورازبوونەوەی سەرلەنوێی شۆڕش"، "کۆمۆنیستەکان و بزووتنەوەی جووتیاری" و "کێشه لەسەر بەدیهێنانی سۆسیالیزمی گەلی" بکەین.

ئەم نووسراوەیەش دیاره له پەیوەند لەگەڵ پێداویستیی دەورەیەکی دیاریکراو له گەشەی بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی ئێراندا نووسراوه. بەڵام ئەو لادانانەی لەم نووسراوەیەدا دراونەته بەر ڕەخنه، له باقی وڵاته ژێردەستەکانی ئیمپریالیزمیشدا، نوێنەرانی سیاسیی خۆیان هەیه. لەم بابەتەوه وەرگێڕانی ئەم نووسراوەیه به زمانی دیکه، وه لەوانه به کوردی، بێگومان به ڕادەیەکی بەرینتر یارمەتیی خەباتی مارکسیستەکان دژی لادانه بۆرژوایی و وردەبۆرژواییەکان دەدا.

له کۆتاییشدا کەڵک لەم هەله، که وەرگێڕانی ئەم نامیلکەیه به زمانی کوردی پێی داوم، وەردەگرم و سەبارەت به دەستەواژەی "سەرمایەداریی وابەسته" خاڵێک ڕوون دەکەمەوه.

ئەم دەستەواژەیه له سەرەتای شۆڕشەوه له بزووتنەوەی چەپی ئێراندا زۆر باو بوو. پۆپۆلیستەکان لەژێر ئەو ناوەدا، یانی بەوەی که سیستەمی ئابووریی ئێرانیان ناو دەنا "سەرمایەداریی وابەسته" بەکردەوه حاشایان له تایبەتمەندییەکانی سەرمایەدارانەی بنەڕەتیی ئابووریی ئێران دەکرد. وەک بڵێی "سەرمایەداریی وابەسته" سیستەمێکی بەرهەمهێنانی جیا له سەرمایەدارییه و له قانوونمەندی گشتیی ڕەوتی کۆمەڵگای



سەرمایەداری، بەو جۆره که مارکسیزم لێکی داوەتەوه، کەم تا زۆر جیاوازه! ئەمەش بەناچار، دەبوو به پاکانەیەکی تیۆریک بۆ نەفیکردنەوەی خەباتی چینایەتی که تەوەری گۆڕانکاری بار و دۆخه له هەر سیستەمێکی سەرمایەداریدا.

ئێمه هەر له سەرەتاوه پێمان لەسەر ئەوه داگرت که "سەرمایەداریی وابەسته" هەر هەمان سەرمایەدارییه له وڵاتانی ژێردەستەی ئیمپریالیزمدا. تایبەتمەندییەکانی سەرمایەداری لەم وڵاتانەدا، نەک هەر به هیچ چەشنێک_ قانوونمەندییه گشتییەکانی سەرمایەداری نەفی ناکاتەوه، نەک هەر (به هیچ چەشنێک) ڕێگا ناکاتەوه بۆ ئەوەی خەباتی چینایەتیی کرێکاران دژی بۆرژوازی خۆوڵاتی له تیژی بکەوێ، بەڵکوو به پێچەوانەوه، ئەم ناکۆکییه چینایەتییه به توندترین شێوه دەخاته بەرچاو و پێویستیی قەوارەگرتنی ڕیزی سەربەخۆی چینی کرێکار چەند لانه زیاتر دەهێنێته گۆڕ.

ئێمه هەر بەو بۆنەیەوه که دەستەواژەی "سەرمایەداریی وابەسته" جەوهەری بۆچوونێکی لادەرانەی لەم چەشنه بوو، له ئەدەبییاتی سیاسیی خۆماندا ئەو دەستەواژەیەمان وەلاناو له جێگای ئەوه "سەرمایەداری له وڵاتی ژێردەستەی ئیمپریالیزم"مان دانا.

مەنسوور حیکمەت
10/ 01/ 1985
21ی بەفرانباری 1363

## پێشوتار

ئەم نامیلکەیه، سەرەتایەکه لەسەر زنجیره نووسراوێک که "سەهەند" به مەبەستی شیکردنەوەی ئەم هەڵوێستانه و ئەو تێزانەی که له نامیلکەی "شۆڕشی ئێران و ڕۆڵی پرۆلیتاریا"دا هاتووه (و مانگی مارسی ساڵی 79 بڵاو بووەتەوه)، لەمەودوا بەردەوام بڵاوی دەکاتەوه. لەبەر چەند هۆیەک بەتایبەتی به هۆی تەنگەبەربوونی ئیمکاناتەوه، بڵاوکردنەوەی هەموویان وەکوو کتێب دەست نادا. بۆیه بەناچار ئەو نووسراوانه وەکوو چەند نامیلکەی جیاجیا (7 تا 10 نامیلکه) له ماوەی چەند مانگێکدا، یەک لەدوای یەک، بڵاو دەبێتەوه. ئەو کاره نەک هەر بۆ خوێنەر، بەڵکوو بۆ خۆشمان هەندێک گیروگرفتی تێدایه، له لایەکەوه خوێنەر ناتوانێ به ئاسانی شوێنی بەڵگەهێنانەوەکان و لێکۆڵینەوەکان بگرێ، له لایەکی تریشەوه پێویست دەکا که ئێمەش هەموو نامیلکەیەک به جۆرێک دەرکەین (که هەرچەنده دووبارەکاری ببا) به تەنیا

وەکوو نامیلکەیەکی سەربەخۆ بەکەڵک بێ. لە هەر حاڵدا، هاوڕێیان دەبێ ئەوەیان لەپێشچاو بێ کە چوارچێوەی گشتی ئەوەی کە لەم زنجیرە نامیلکانەدا پێشچاو دەخرێ، لە نامیلکەی "شۆڕشی ئێران و ڕۆڵی پرۆلیتاریا"دا هاتووە و پەیوەندی مەنتیقیی نامیلکەکان بە گەڕانەوە بۆ سەر ئەو نامیلکەیە دەردەکەوێ".
بەشی یەکەمی ئەم زنجیرە نووسراوانە (دیارە) تا ڕادەیەکی زۆر دەچێتە سەر باسی بابەتە ئابوورییەکان و ئێمە لەم بەشەدا زۆرتر لەو مەسەلە تیۆریکە ئابوورییانە دەکۆڵینەوە کە ژێرخانی بنچینەیین بۆ ئەو هەڵوێست و تێزە سیاسییانەی کە لە نامیلکەی "شۆڕشی ئێران و ڕۆڵی پرۆلیتاریا"دا هاتووە. دیارە لە ڕوانگەی لێکۆڵینەوەی مارکسیستییەوە لێکۆڵینەوەی ئابووری هیچ کاتێک لە خۆیدا مەبەست نەبووە. لێکۆڵینەوەی ئابووری ئەگەر بە ئاکامی دیاریکراوی سیاسی نەگا و ئەگەر بۆ بەرەوپێشچوونی چینی کرێکار لە خەباتی چینایەتیدا ڕێخۆشکەر نەبێ، وە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو هێزە سیاسییانەی لە خەباتی چینایەتیدا دەستەویەخەن و بۆ داڕشتنی بەرنامە و تاکتیکی خەبات، یارمەتی کۆمۆنیستەکان نەدا، ئەوەی دەمێنێتەوە تەقەلایەکی ئاکادیمیک و ڕووناکبیرانەیە و بەس! لە لایەکی تریشەوە، ئەگەر بۆ لێکۆڵینەوەی دروستی قانوونە ئابوورییەکانی ڕەوتی کۆمەڵ بە شێنەیی کار بکرێ و لە لایەن پێشەنگان و توێژە هۆشیارەکانی چینی کرێکارەوە بە شێنەیی لە تایبەتییەکانی بکۆڵرێتەوە و گوایە بیانووی ئەم شێنەییبوونە ئەوە بێ، بڵێن با ئاکادیمیست نەبین، لەوانەیە ئەوە ببێتە سەرچاوەی لادانی ئایدیۆلۆژیکی و سیاسی و ڕێکخراوەیی وەها کە لە کردەوەدا توانای بەرەوپێشچوون و سەرکەوتن تەنانەت لە دڵسۆزترین هێزە سیاسییەکانی چینی کرێکاریش بگرێتەوە.
سەبارەت بە شێوەی لێکۆڵینەوەی ئابووری دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێ، کە ئێمە باسی <u>لێکۆڵینەوەی مارکسیستی لە ژێرخانی ئابووریی</u> کۆمەڵ دەکەین، نەک هەر باسی ڕیزکردنی ئەو چینانەی کە لە کۆمەڵدا هەن، چینەکانی کۆمەڵ تیشکدانەوەی ئینسانی ئەو پەیوەندییە دیاریکراوانەی بەرهەمهێنانن کە لە کۆمەڵدا زاڵن. مەرجی پێویست بۆ لێکۆڵینەوە سەبارەت بە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایدیۆلۆژیکی چین و توێژە جۆربەجۆرەکان، تێگەیشتن لەوەیە کە ڕیشەی گۆڕانی کۆمەڵ، قانوونمەندی ئابووری هەیە، چینە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندی بەرهەمهێنان ناخوڵقێنن، بەڵکوو خۆیان لەو پەیوەندییانەوە پەیدا بوون و لە مەیدانی ئەو پەیوەندییانە و بەپێی ئەو



قانونمەندییانەیە کە چینە جۆراوجۆرەکان بۆ هێشتنەوە، وە یان گۆڕینی شۆڕشگێڕانەی ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییەی کە لە ئارادایە خەبات دەکەن. بەم جۆرە، ئێمە بە شێوەی مارکس و لێنین، سەرەتا لێرەوە دەستپێ دەکەین، کە قانوونمەندی ئابووریی زاڵ لە کۆمەڵدا چییە؟ پاش تێگەیشتن لەوە (وە تەنیا پاش تێگەیشتن لەوە) دەوری ئابووری و سیاسیی چینە جۆراوجۆرەکان هەڵدەسەنگێنین. بێگومان لێکۆڵینەوەی مارکسیستی بەبێ باسی ئەوەی کە کۆمەڵ بە چین و توێژی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی_ سیاسی دابەش بووە، دەست نادا، بەڵام ئەگەر لێکۆڵینەوەی مارکسیستی تا ئەو ڕادەیە بێنیتە خوارەوە کە لە باسی دابەشبوونی کۆمەڵ بە چینەکان تێپەڕ نەبێ، مانای ئەوەیە مارکسیزم لێنینیزمیشمان تا ڕادەی زانستێکی کۆمەڵناسی ساکاری بۆرژوایی هێناوەتە خوارەوە.
مەسەلەیەکی تر ئەوەیە کە ئێمە لە لێکۆڵینەوەی ئابووری خۆماندا بەشوێن وەڵامی هەندێک پرسیاری دیاریکراودا دەگەڕێین. مەبەستی ئێمە ئەوە نییە کە هەموو کاروباری ئابووریی وڵات بێ کەم و زیاد بخەینە پێشچاو. ئێمە بە تایبەتی بەشوێن وەڵامی ئەو پرسیارانەدا دەگەڕێین کە <u>خەباتی چینایەتی</u> و <u>شۆڕشی ئێستا</u> دەی نێتە پێشمان، دەڵێین "خەباتی چینایەتی" و "شۆڕشی ئێستا" نەک "پەرەسەندنی ئابووری" و "گەشە و هەڵدانی مێژوویی کۆمەڵ"! یەکەم هەنگاوی هەموو مارکسیستێک لە هەر چەشنە لێکدانەوەیەکی کۆمەڵایەتیدا پێویستییەکانی خەباتی چینایەتی لە ڕوانگەی قازانج و بەرژەوەندیی سەربەخۆی چینی کرێکارەوەیە. مارکسیستەکان ڕاوێژکاری ئابووریی کۆمەڵی بۆرژوایی نین کە بۆ نموونە، باسی چۆنیەتی پەرەسەندنی کشتوکاڵی وڵات و "کەوتنەڕێگەی چەرخی بەرهەمهێنان"، سەنعەتیکردنەوە، دابەشکردنەوەی داهات، ڕیفۆرمی ئیداری و شتی وا لە <u>چوارچێوەی نیزامی ئێستادا</u> بکەن. بۆرژوازی و ئیمپریالیزم بە قەد پێویستیی خۆیان کادریان بۆ ئەو کارانە پەروەردە کردووە و دەیکەن. مارکسیزم <u>ڕەخنەگری زانستیی</u> کۆمەڵگای سەرمایەدارییە و کلیلی گۆڕینی شۆڕشگێڕانەی ئەو کۆمەڵگایەیە. مارکسیزم زانستێکە کە دەبێ وەکوو چەکێک لەدەست چینی کرێکاردا بێ و شێلگیرانە بەکار بهێنرێ بۆ خستنە پێشچاوی ئەو ناکۆکییە چارهەڵنەگرانەی کۆمەڵگەی سەرمایەداری کە لە بنج و بناغەی دایە، بۆ خستنە پێشچاوی سەرەوگۆڕبوونی بێچارەی ئەو کۆمەڵگایە، بۆ هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی قەیرانەکانی، بۆ پێشبینیکردنی بزووتنەوی سیاسی و

ئابووریی چینە داراکان لە هەر قۆناغێکی گەشە و هەڵدانی خەباتی چینایەتیدا، بۆ رزگارکردنی کۆمەڵانی بەرینی چینی کرێکار لە خورافەی بۆرژوایی و ... و بەکورتی بۆ هەموو مەیدانەکانی خەباتی چینایەتی.

گرنگترین پرسیارێک کە شۆڕشی دیموکراتیکی ئێستای ئێران (کە نەک هەر بزووتنەوەکی سەرووچینایەتی نییە، بەڵکوو تیشکدانەوە و بەرەنجامی دیاریکراوی پلەیەکی دیاریکراو لە گەشەی خەباتی چینایەتییە لە وڵاتی ئێمەدا) دەینێتە بەردەم مارکسیستەکان، مەسەلەی هەڵسەنگاندنی دەورەی بۆرژوازی لیبراڵە لە شۆڕشی ئێستادا(1).

لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی چینی کرێکاری ئێرانەوە، خەبات دژی دەسەڵاتدارەتی ئیمپریالیزم بەشی جیانەکراوەی خەباتێکە کە ئەم چینە بۆ پێکهێنانی پێشمەرجەکانی دوا هەستانی خۆی بەرەو سۆسیالیزم گرتوویەتە پێش. لەنێوبردنی یەکجارەکی دەسەڵاتدارەتی ئیمپریالیزم لە مەیدانەکانی ئابووری و سیاسیدا، واتە رووخاندنی نیزامی چەوساندنەوەی ئیمپریالیستی کرێکاران و زەحمەتکێشان و دیکتاتۆری ڕووت و ئاشکرای دژی کرێکاری، شەرتی حاشاهەڵنەگرە بۆ بەدیهاتنی سەرکەوتنی شۆڕش لە ڕوانگەی قازانج و بەرژەوەندیی ئێستا و دوارۆژی چینی کرێکارەوە. ئاشکرایە کە بەم پێیە، لە ڕوانگەی قازانج و بەرژەوەندیی سەربەخۆی چینی کرێکارەوە، شێوەی دروستی بەرچاوخستنی مەسەلەکە ئاوایە، ئایا هیچ کام لە توێژەکانی بۆرژوازی لە ئێراندا، لە دوالیکۆڵینەوەدا، بۆ لەنێوبردنی دەسەڵاتی ئیمپریالیزم و سڕینەوەی تەواوی دیکتاتۆرییەتی ئەو، هێندە خاوەن قازانج هەیە کە لە خەباتێکی شۆڕشگێڕانەدا دژ بە ئیمپریالیزم و بە ڕابەریی چینی کرێکار، بەشداری بکات؟ ئایا هیچ کام لە توێژەکانی بۆرژوازی لە ئێراندا دژ بە ئیمپریالیست و دیموکرات هەن؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە دوو ڕێگا هەیە، ڕێگای یەکەم ئەوەیە کە بۆرژوازی بەپێی ئەو شتانەی کە خۆی سەبارەت بە خۆی دەیڵێ، بەپێی دەستەواژە و چەمک و شێوەکانی لیکۆڵینەوەی خۆی و مانۆرە سیاسییە عەوامفریودەرەکانی خۆی، داوەریی لە سەر بکەین. لێکدانەوەی بۆرژوازیی و ڕواڵەتکارانە هەرگیز خەیانەتی بە بۆرژوازی نەکردوە، شێوە بۆچوونێکی ئاوا بەناچار، وەڵامی بەڵێ بۆ ئەو پرسیارە بەدی دێنێ و بێگومان جارێکی تریش چینی کرێکار لە مەیدانی شکانی شۆڕشی دیموکراتیکدا دەکێشێتەوە زنجیر. ڕێگای دووەم ئەوەیە کە پشت بە فێربوونە زانستی و



شۆڕشگێڕەکانی مارکسیزم و لێنینیزم ببەستین و جەوهەر و ماهییەتی توێژە جۆراوجۆرەکانی بۆرژوازیی ئێران و توانا و لێوەشاوەیی سیاسی، یان بەپێی بار و دۆخی ماددی وجوودیان، بەپێی قانونمەندی ئابووریی ڕەوتی کۆمەڵ هەڵسەنگێنین و بە شێوەی مارکس، ئەنگڵس و لێنین لە ڕوانگەی قازانج و بەرژەوەندیی سەربەخۆ و بەپێی ئایدیۆلۆژیی زانستی و شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکارەوە، بۆرژوازی بناسین و بیناسێنین.

بە بڕوای ئێمە، لە ڕوانگەی مارکسیزم_ لێنینیزمەوە وەڵامی ئەو پرسیارە "نا"یە. ژێرخانی ئابووریی نیزامی سەرمایەداریی وابەستە بە چەشنێک دیکتاتۆری ڕووت و ئاشکرا دەخوازێ کە لادان هەڵناگرێ و حوکوومەتی سەرمایەدارانیش لەو نیزامەدا، چاوی لەوە نییە کە کام توێژی بۆرژوازی حوکوومەت دەکا، مادام ئەو حوکوومەتە پێویستییەکانی دەسەڵاتدارەتی سەرجەم سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە بار و دۆخی ئیمپریالیستیدا دەبێ دابین بکا، ناتوانێ دیموکراتیک بێ و ئەو دیموکراسییەی کە بۆ کۆکردنەوە و ڕێکخستنی چینی کرێکار بەرەو سۆسیالیزم پێویستە تەنیا لە ڕێگای بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە و بە ڕابەریی چینی کرێکار و دژ بە بۆرژوازی دەتوانێ بێتە بوون.

نامیلکەی "شۆڕشی ئێران و ڕۆڵی پرۆلیتاریا" کە وەکوو چەند تێزێکی گوشراو بڵاو کرابووەوە، پشتی بە ناسینێکی دیاریکراو لە قانوونمەندییە ئابوورییەکانی بزووتنی کۆمەڵگای سەرمایەداریی وابەستەی ئێران بەستبوو، وە ئەو ئاکامە سیاسی و ئایدیۆلۆژیکانەی کە سەبارەت بە پێویستبوونی سەربەخۆیی ئایدیۆلۆژیک و سیاسی و ڕێکخراوەیی چینی کرێکار و پێویستبوونی دابینکردنی سەرکردەیی ئەم چینە لە شۆڕشی دیموکراتیکی ئێراندا و خەسڵەتی دژ بە شۆڕشبوون و دژ بە کرێکاربوون دیکتاتۆرییانەی گشت بۆرژوازی ئێران و مەترسی بۆچوونە لادەرە "گشت خەڵکی"یەکان بۆ بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی و بە هۆی ئەوەوە بۆ سەرتاپای بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی وڵات و ... بەدی هاتبوو، هەمووی سەرچاوەی لە تێگەیشتنێکی کۆنکرێت لە ژێرخانی ئابووریی ئێرانەوە دەگرت. ڕاستییەکانی خەباتی چینایەتی لە مانگی سەرماوەزەوە(2)، (کاتێک کە ئەو تێزانە بە ڕادەیەکی بەرتەسک بڵاو کرانەوە) هەتا ئێستا مۆری ڕاستبوون و دروستبوونی لە گەلێک لەو خاڵانەی کە لەو نامیلکەیەدا هاتووە داوە. بۆرژوازی ڕەنگ لیبراڵی ئێران، ئەو توێژەی کە لە

جەنگەی شۆڕشدا ڕیاکارانە باسی ئازادی و ماف و سەربەخۆیی دەکرد، وە ئەو ئێستا ئەرکی ڕزگارکردنی سەرمایەداریی وابەستە و ئیمپریالیزمی لە تۆفانی شۆڕشی زەحمەتکێشان گرتووەتەوە سەر شان، ئەوەتا ئیتر تەنانەت بە بیستنی ئەو وشانەی کە دەورەی پڕ جۆش و خرۆشی ڕابردووی بیر دەخاتەوە، بە بیستنی وشەی وەکوو شۆڕش، دیموکراسی، شوورا، سوپای گەل، خودموختاری و شتی وا مووچڕکی پێدا دەگەڕێ و بۆ ماوەیەک (هەتا ژەنەراڵەکان و ڕاوێژکارەکان دەبووژێنەوە و ئامادەیی خۆیان ڕادەگەیەننەوە)، ناهومێدانە و لە چەشنی نەخۆشێکی سەرەو گۆڕ، خۆی خزاندووەتە داوێنی "پیرۆز و میهرەبانی" وردەبۆرژوازیی کۆنەپارێز وە بەرانبەر بە گەشەکردنی ڕۆژ لەڕۆژ زیاتری شۆڕش و بیروباوەڕی کرێکاری، دەست لەناو دەستی کۆنەپەرستترین کەسان و کۆنەپەرستترین هێزەکان، خەریکی پیلانگێڕانە بۆ خنکاندنی ئازادی و لە قەوارەخستنی شۆڕش. ئەمجار ئیتر ئەوە بۆ هەمووان دەبێ لە ڕۆژ ڕووناکتر بێ کە: "لە سەردەمی ئیمپریالیزمدا حوکوومەتی بۆرژوازی لە ئێران ناتوانێ دیموکرات بێ! "ڕووداوەکان بە هێزێکی چەند لانە بەتواناتر لە بەڵگەهێنانەوە، حەقیقەت دەبەنە وشکترین مێشکەوە. بەڵام بۆ مارکسیستەکان کە ئەرکی ڕابەریی بزووتنەوەی کرێکاری و شۆڕشی دیموکراتیکی ئێرانیان لەسەر شانە، بۆ کەسانێک کە بەرهەمی تیۆریک و ئەزموونی زیاتر لە دوو سەدە خەباتی کرێکاری سەراسەری جیهانیان وەکوو ئەمانەتێک لە لایە، ئەوەندە بەس نییە کە پاش ڕووداوێک لێی تێ بگەن! شۆڕشگێڕانی مارکسیست ئەرکی سەرشانیانە کە لە ڕووناکایی ئایدیۆلۆژیی زانستی و شۆڕشگێڕانەی خۆیاندا و بەپێی لێکۆڵینەوەی قانوونەکانی ڕەوتی بزووتنەوەی کۆمەڵ، وێنەیەکی ڕۆشن لە گونجاوترین ڕێڕەوی شۆڕش، لە جیاکردنەوەی هێزەکانی شۆڕش و دژی شۆڕش، توانا و لێهاتوویی چین و توێژە جۆراوجۆرەکان، لە مەیدانی خەباتی چینایەتیدا و بار و دۆخ و پێویستییەکانی شۆڕش لە ڕوانگەی چینی کرێکارەوە بخەنە پێشچاو. شۆڕشی دیموکراتیکی ئێران بێ ئەوەی سەربەخۆیی ئایدیۆلۆژی و سیاسی و ڕێکخراوەیی چینی کرێکار و سەرکردەیی و ڕابەربوونی ئەو چینە لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەدا دابین بکرێ، سەرناکەوێ. بۆ بەدیهێنانی هەلومەرجێکی ئاوا، ئەسڵ ئەوەیە کە قانوونمەندی ئابووری ڕەوتی کۆمەڵ لە ڕوانگەی مارکسیست_ لێنینیستەوە بناسرێ.



به ڕای ئێمە، ڕوانگە لادەرە گشتخەڵکییەکان، کە لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئەم وڵاتەدا، برەویان هەیە، وە ئەوە خۆی بنچینەی چەککردنی سیاسیی چینی کرێکارە بەرانبەر بە بۆرژوازیی لیبراڵ و وردەبۆرژوازی، لە ڕوانگەی تیۆریکەوە هی ئەوەیە ناسینی مارکسیستی و لێنینیستی لە قانوونەکانی ڕەوتی کۆمەڵی ئێمەی بەدەستەوە نەبووە و لە جیاتی مارکسیزم و لێنینیزم نموونەی کلێشەیی بە شێوەی میکانیکی دانراوە. دەبێ بنچینەی تیۆریکی ئەم لادانانە لەوەدا بدۆزرێتەوە، کە ڕوانگەی غەیرە مارکسیستی و غەیرە لێنینیستی لە سەرمایە و نیزامی سەرمایەداری و ئیمپریالیزم و نیزامی سەرمایەداری گرێدراو، باوە و ڕەواجی هەیە. لادانی سیاسی گرنگ (وەکوو ئەوەی کە بەشێک لە بۆرژوازی ئێران بە "میللی و پێشکەوتنخواز" دانراوە، یان ئەوە کە لە جیاتی ڕۆیشتن بەرەو پێکهێنانی بەرەی شۆڕشگێڕی دژی ئیمپریالیستی، سیاسەتی سازانی چینایەتی گیراوەتە پێش و بەکردەوە لە ڕیسواکردنی بێبەزەییانەی بۆرژوازیی لیبراڵ و بەشی کۆنەپارێزی وردەبۆرژوازیدا کەمکاری کراوە و بەناچار واز لە ڕابەریکردنی سیاسیی خەباتی دیموکراتیک هێنراوە و خراوەتە باوەشی وردەبۆرژوازی و بۆرژوازیی لیبراڵ، وە گەلێک هەڵەی لەم چەشنە) هەمووی لە باری تیۆریکەوە ڕەنگدانەوەی ئەو بۆشاییيە گەورەیەن کە تیۆری "شۆڕشگێڕانە" لە ئێراندا، لە دەرسەکانی مارکس و لێنین (سەبارەت بە ڕەخنەگریی لە ئابووریی سەرمایەداری و بەرزترین قۆناغەکەی کە ئیمپریالیزمە)، جیا دەکاتەوە. بەشی گەورەی ئەدەبییاتی تیۆریکی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی وڵاتی ئێمە (نەک لە ڕوانگەی مارکسیزمەوە، بەڵکوو لە ڕوانگەی سەرمایەدارەوە) چاو لە سەرمایە دەکا و تێی دەگا، بەبێ لێکۆڵینەوە و ناسینی قانوونمەندی و پێویستییەکانی ڕەوتی <u>گشت سەرمایەی کۆمەڵایەتی</u> و پێشمەرجەکانی بەرهەمهێنان و دووبارەکردنەوەی بەرهەمهێنان و کۆمابوون لە نیزامی سەرمایەداریی وابەستەی ئێراندا، یەکسەر دەچێتە سەر لێکۆڵینەوەی توێژە جۆراوجۆرەکانی بۆرژوازی، (نەک توێژە جۆراوجۆرەکانی سەرمایەش). بۆرژوازیی ئێران بەشبەش دەکا، "باڵ"ە جۆراوجۆرەکانی بەگژ یەکتردا دەدا، قازانج و بەرژەوەندی دژبەیەکیان بۆ هەڵدەژمێرێت و بە شێوەیەکی میتافیزیکی و هەر لەبەرخۆوە جارێک ئەم و جارێک ئەو توێژی بۆرژوازی "لە ڕیزی گەل"دا، یان "لە دەرەوەی ڕیزی گەل"دا دادەنێ، وە سەبارەت بە سەرجەم ئەو نیزامەی کە لەسەر پایەی قازانجی هاوبەشی توێژە جۆراوجۆرەکانی سەرمایە (و دیارە بۆرژوازیش) ساغ

بووەتەوە، سەبارەت بە نیزامێک کە لە بناغەوە هەبوون و کۆمابوونی سەرمایە، بە ڕادەیەکی بەرزی سوودبەخشییەوە گونجاو دەکا، سەبارەت بە نیزامێک کە چینی کرێکار و پێشەنگانی کۆمۆنیستیی بەپێی دوایین لێکۆڵینەوە دژی تەواوی ئەو نیزامە، جەنگاوەرانە لە خەباتدان، تەنانەت یەک و شەش ناڵێ و بێدەنگە! ئاکامی سیاسی شێوە بۆچوونێکی ئاوا ئاشکرایە. کاتێک کۆمۆنیستەکان لەبیریان بچێتەوە کە دەستیان داوەتە ڕەخنەگری و ڕیسواکردن و ڕووخاندنی کامە نیزامی کۆمەڵایەتی و لە جیاتی کێشەی چینایەتی کە جەوهەری شۆڕشی دیموکراتیکە، ململانێی توێژە جۆراوجۆرەکانی بۆرژوازی بخەنە پێشچاوی چینی کرێکار، کاتێک هەر ڕۆژە بە بیانوویەک (وەکوو ئەوەی کە شۆڕشی ئێستا سۆسیالیستی نییە) بۆ بەشێک لە بۆرژوازی لای چینی کرێکار شفا و لاڵە بکەن و بەکردەوە (تەواو بە پێچەوانەی پێویستییەکان و تێگەیشتنە مەنتیقییەکانی چینی کرێکار و تەنانەت ئەو تێگەیشتنانەی کە لەخۆوە پەیدای کردووە) بیروڕای تێکڕا گەلی (پۆپۆلیستی) خۆیان بەسەر ئەو چینە داببڕن و سەرەنجام سۆسیالیزمی زانستی لە کرێکاران بشارنەوە، لە ئاکامدا بزووتنەوەی کرێکاری لە هێرش دەکەوێ و کۆنەپارێز دەبێ و هیوای خۆی بە حوکوومەتی سازشکارانەوە گرێ دەدا. خۆی لە سیاسیبوونەوەی بزووتنەوە ئابوورییەکانی خۆی دەترسێ و ئاخری بۆ ڕیفۆرمیستەکان و سازشکاران و هەلپەرستان مل کەچ دەکا و خۆ بەدەستەوە دەدا. مەرجی پێویست بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی دیموکراتیک بە ڕابەریی چینی کرێکار ئەوەیە، کە بەشێکی گەورە و بەرین لە کرێکاران هەبن، قازانج و بەرژەوەندیی دوارۆژی خۆیان بناسن. کە چاو لە سەرکەوتنی شۆڕشی دیموکراتیک وەکوو ئامانجێکی ڕووەو خۆ و ئامانجی ئاخرین نەکەن و وەکوو هەنگاوێکی پێویست لە پێناو بەدیهاتنی پێشمەرجەکانی حەرەکەتی نیهایی چینی کرێکار بەرەو سۆسیالیزم چاولێ بکەن.

مەبەست لەوەی کە ئەم نامیلکانە بڵاو دەکەینەوە ئەوەیە کە زەمینەیەکی تیۆریک بەدەستەوە بدەین بۆ سڕینەوەی ئەفسانەی "پێشکەوتنخواز"بوون و "میللی"بوونی بەشێک لە بۆرژوازی ئێران. ئەگەر لێنین سەبارەت بە شۆڕشی 1905ی ڕووسیا بە لێبڕاوییەوە نووسی: "بۆرژوازی هێزێکی بزوێنەری شۆڕشی ڕووسیا نییە!"، ئێمە پاش ڕابووردنی زیاتر لە 70 ساڵ، لە نیزامێکی سەرمایەداری و وابەستەدا، لە سەردەمی دەسەڵاتدارەتی بێگومانی ئیمپریالیزمدا، هەرچی لێبڕاوانەتر ئەو وتەیەی



لێنین سەبارەت بە شۆڕشی دیموکراتیکی ئێستای ئێران دووبارە دەکەینەوە. لەم زنجیرە نامیلکانەدا تێدەکۆشین کە بە شێوەیەکی کۆنکرێت ئەوە نیشان بدەین کە بە پێچەوانەی گومانی بەشێکی بەرچاو لە هێزە کۆمۆنیستەکانی وڵاتمان، ئەو ململانێیەی کە لەنێو توێژە جۆراوجۆرەکانی سەرمایە لە وڵاتدا هەن، بەرژەوەندی و قازانجی هاوبەشی ئەوان لە هێشتنەوە و پاراستنی نیزامی بەرهەمهێنانی ئیمپریالیستی و سەرخانی سیاسی ئەو نیزامە، یانی قازانجی ئەوان لە دیکتاتۆری ڕووت و بێپەردە و دژ بە کرێکاری، هەرگیز نەفی ناکاتەوە. ئێمە بە شێوەیەکی کۆنکرێت ئەوە ڕوون دەکەینەوە، کە لە نیزامی سەرمایەداریی وابەستەی ئێراندا (سەرمایەداری لە وڵاتی ژێردەستەی ئیمپریالیزمدا) هیچ کام لە توێژەکانی بۆرژوازی (واتە تیشکدانەوەی مرۆیی و چینایەتی توێژەکانی سەرمایە) قازانجێکیان لە ڕووخاندن و تێکدانی بار و دۆخی گشتیی ئیمپریالیستی بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوە و کۆمابوونی گشت سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە وڵات و پێویستییە سیاسییەکانی ئەو نیزامەدا نییە و بەو جۆرە بۆرژوازی هیچ خەسڵەتێکی دژی ئیمپریالیستی (میللی؟) و دیموکراتیک (پێشکەوتنخواز؟)ی لە خەباتی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵانی زەحمەتکێشی ئێمەدا نییە! تەواو بە پێچەوانەوە، ململانێی توێژە جۆراوجۆرەکانی سەرمایە و بۆرژوازی لە سایەی ئەو هەموو تەوەهوومە پۆپۆلیستی (تێکڕاگەلی)یەوە کە لە بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی وڵاتی ئێمەدا برەوی هەیە، ڕێگادەست بۆ بۆرژوازیی سەرتاپێ وابەستەی ئێران دەکاتەوە کە بە شێواندنی کرۆکی چینایەتیی شۆڕشی دژ بە ئیمپریالیستی ئێستا و بە ڕاکێشانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کرێکاران و زەحمەتکێشان بەرەو مەیدانی شەڕە زێڕینگەرانەی نێوخۆی چینی دەسەڵاتدار، دەسەڵاتدارەتی ئیمپریالیزم، هەر بەو ناوەرۆکە ئابووری و سیاسییەی پێشووەوە (ڕەنگە بە ڕواڵەتێکی دیکە) لەم وڵاتەدا بیلێتەوە و بیبوژێنێتەوە.

## سەرەتا

ئەم بەشە، کە چەند نامیلکەی جیاواز دەبێ، بەرینکردنەوە و ڕوونکردنەوەی ئەو مەسەلانەیە کە لە بەشی 2ی نامیلکەی شۆڕشی ئێران و ڕۆڵی پرۆلیتاریا"دا بە کورتی باس کراون، ڕوونکردنەوەی پایە بنچینەییەکانی نیزامی سەرمایەداری و قۆناغی ئیمپریالیستیی سەرمایەداری لە ڕوانگەی مارکس و لێنینەوە، گشت سەرمایەی کۆمەڵایەتی، یەکێتیی قازانج و بەرژەوەندیی توێژە جۆراوجۆرەکانی سەرمایە و

مەسەلەی ململانێ لە ڕوانگەی تیۆریکەوە، هەلومەرجی بنەڕەتیی هەبوون و مانەوەی نیزامی سەرمایەداری، تایبەتییەکانی سەرمایەداری لە سەردەمی ئیمپریالیزمدا، مەسەلەی سەرمایەداریی وابەستە و کارکردی کۆنکرێتی سەرمایەداریی مونوپۆڵی لە وڵاتی ژێردەستەدا، ڕیشە و ڕەچەڵەکی مێژوویی و بار و دۆخی ئەم سەردەمەی وابەستەبوونی سەرمایەداری لە ئێران، دیکتاتۆری، سەرمایەداریی وابەستە و بۆرژوازیی لیبراڵ، توێتوێبوونەوەی بۆرژوازیی ئێران و ڕەخنەگری لەسەر یۆتۆپیای "دیموکراسی و سەرمایەداریی سەربەخۆی ئێران بە ڕابەریی بۆرژوازیی میللی" و ... بەشە بنچینەییەکانی باسی "ئەفسانەی بۆرژوازیی میللی و پێشکەوتنخواز" پێک دێنن. ئەسڵی دەقی لێکۆڵینەوەکەمان لە نامیلکەی دواییەوە دەستپێ دەکات. لەم سەرەتایەدا هەندێک ئاماژەی کورت بە شێوە لادەرەکانی بۆچوون بۆ مەسەلەی وابەستەبوون دەکەین و بەس.

نەبوونی لێکۆڵینەوەیەکی هەمەلایەنە لەسەر گەشە و هەڵدانی سەرمایەداری لە ئێراندا و باوبوونی دەستەواژە و چەمکگەل و شێوە لێکۆڵینەوەی غەیرە مارکسیستی لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێراندا، زیاتر لە هەموو شتێک ڕەنگە لە چۆنیەتی بۆچوونی سازمان و گروپ و کەسانی شۆڕشگێڕی وڵاتمان سەبارەت بە مەسەلەی سەرمایەداریی وابەستەدا خۆی بنوێنێ. بەشی زۆرتری ئەو ڕایانەی کە سەبارەت بەم مەسەلەیە باس کراون، زیاتر لەوەی پشتی بە دەرسە زانستی و شۆڕشگێڕەکانی مارکسیزم بەستبێ، لەگەڵ زانستیی ئابووریی بۆرژوایی، بەتایبەت مەکتەبی تازەبابەتی وەک "گەشەنەکردن" و " ئابووریی گەشەکردن"دا دێتەوە و ڕیشەی ئەو دەستەواژە و چەمکگەلەی لێی کۆڵراوەتەوە، نەک لە کتێبی "سەرمایە"ی مارکس و کتێبی "ئیمپریالیزم"ی لێنیندا، بەڵکوو لە نووسراوە و وتار و لێکۆڵینەوەی ناڕەزایانەی نوێنەرانی بۆرژوازیی تازەپێداکەوتووی وڵاتە ئاسیایی و ئافریقایی و ئەمەریکالاتینییەکان و چارەسازە ئیمپریالیستییەکانی سازمانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنستیتۆتە حەقیقییەکانی وڵاتە ئیمپریالیستییەکاندایە. بەرزبوونەوەی تەوژمی شۆڕشە دژی ئیمپریالیستییەکان لە وڵاتانی ژێردەستەدا و گەشەکردن و هەڵدانی ڕۆژ لەڕۆژ زیاتری مارکسیزم لێنینیزم لەم وڵاتانەدا، زانستی ئابووریی بۆرژوایی (کە لە باری تیۆریکەوە، خۆی کۆکردنەوە و بەگشتیکردنی تیۆریکی بەرژەوەند و قازانجی سەرمایەیە، ناچار بەکردەوە سەرنج بداتە "دەرد"ەکان و گیروگرفتە "ئابوورییەکانی



وڵاتە "گەشەنەکردووەکان". لایەنگرانی مافی میللەتانی ژێردەستە، ناکاو لە کۆنەپەرستترین دەزگاکانی لێکۆڵینەوە و بەرنامەدانانی ئیمپریالیزمەوە سەریان بەرزکردەوە و ئابووریی بۆرژوایی بە هەموو هێزی خۆی قۆڵی بۆ ئەوە هەڵماڵی کە ناکۆکییە تەفروتوونکەرەکانی ئیمپریالیزم پینە بکات، یان بیشارێتەوە و بزووتنەوە دژی ئیمپریالیستییەکان لە باری تیۆریکەوە گێژ بکا و مارکسیزم_ لێنینیزم لە قەوارە بخا و بیگۆڕێ. لەقەوارەخستن و گۆڕین و لابەلاکردنەوەی دەستەواژە و چەمکگەل و مەسەلە بنچینەییەکانی مارکسیزم و گواستنەوەی باس لەسەر خەباتی چینایەتی و دژی ئیمپریالیستی و دوان لە گیروگرفتی "گەشە و هەڵدانی ئابووری لە وڵاتی ژێردەستەدا" لە ڕێگەی پێشگرتن بە بڵاوبوونەوەی بیروڕای بناغەدانەرانی مارکسیزم و لەجیاتی ئەوانە بڵاوکردنەوەی تێکەڵ و پێکەڵ و لادەرانەی نووسەرانی بەناو مارکسیست، "چەپ" و "پێشکەوتنخواز" و "ئینساندوست"، وە لە ئاکامدا نیشاندانی مارکسیزم لە ڕوانگەیەکی بۆرژواییەوە، یەکێکە لە خەنجەرە ژەهراوییەکانی پسپۆڕانی ئیمپریالیزمی جیهانی دژی مارکسیزم. بەم جۆرە بەشێک لە مارکسیستەکانی وڵاتە ژێردەستەکان لەوانە ئێران، کە زیاتر لە 50 ساڵ لەمەوپێش لە کۆنگرەی دووەمی ئینتەرناسیۆناڵی سێیەم و لە کۆنگرەی میللەتانی ڕۆژهەڵاتدا باسی کێشەی ئاشتی هەڵنەگر و لێبڕاوانە دژی ئیمپریالیزم بە ڕابەری کۆمۆنیستەکان و باسی پشتگیری بێدرێغی ئینتەرناسیۆناڵی لێنینییان دەکرد، ئێستا دەڵێی بوونەتە کارشناس و پسپۆڕی وەها کە سەبارەت بە "نەبوونی پیشەسازیی دایک"، "نرخبڕینەوە بۆ کاڵا کشتوکاڵییەکان"، "زەرەر و زیانی نیزامی تاکبەرهەم"، "ڕوحییە و عادەتی خەرج و مەسرەف لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا(!)، "چۆنیەتی خستنەگەڕی چەرخەکانی ئابووری" و مەسەلەی لەم چەشنانە، دەبێ ڕێنوێنیی بۆرژوازی بەناو میللی بکەن، کە بە قسەی ئەوان گوایە قازانج و بەرژەوەندیی خۆی ناناسێ! لەباری تیۆرییە ئابوورییەکانەوە، دەستکێشانەوەی بەشێک لە کۆمۆنیستەکانی ئێمە لە خەبات دژی کوللی بۆرژوازی، تا ڕادەیەکی زۆر هی ئەوەیە، کە بیروڕای ئابووریی بۆرژوایی ڕەواجی سەندووە و تیۆرییە شۆڕشگێڕەکانی مارکس و لێنین کراونەتە کاریکاتۆر ... (3) چاوپۆشی لە لێکۆڵینەوەی قانوونمەندیی گشت سەرمایەداری کۆمەڵایەتی (کە خۆی بنچینەی کتێبی "سەرمایە"ی مارکس و کتێبی "ئیمپریالیزم"ی لێنین بووە) و هەر لەڕێوە چوونە سەر توێتوێبوونەوەی بۆرژوازی، یەکێکە لە بەرەنجامە گرنگەکانی نفووزیی ئایدیۆلۆژیی

بۆرژوایی. بەهیواین لە ناملیکەکانی دواییدا گرنگایەتی "گشت سەرمایەی کۆمەڵایەتی" و قانوونەکانی ڕەوتی ئەوە، بۆ خوێنەر ڕوون بێتەوە. ئەوەی کە دەبێ لەم کورتە باسەدا بیهێنینەوە یاد ئەوەیە، ئێمە کاتێک جەخت دەکەینە سەر ئەمە، مانای ئەوە نییە کە بمانەوێ حاشا لەو توێتوێبوونەوە بابەتی و ماددییانە بکەین کە لەنێوخۆی سەرتاپای سەرمایەی کۆمەڵایەتیدا هەیە و لە باری چینایەتییەوە بناغەی بابەتییە بۆ هەبوونی توێژە جۆراوجۆرەکانی بۆرژوازی. تەواو بە پێچەوانەوە، نیازی ئێمە ئەوەیە کە بە لێکدانەوەی ئەو پەیوەندییانەی کە لەنێوان <u>توێژە جۆراوجۆرەکانی سەرمایەدا</u> هەن، پەیوەندیی ئۆرگانیکی ئەوان و هەروەها یەکبوونی قازانج و بەرژەوەندییان لە <u>شۆڕشی ئێستای ئێراندا</u> ڕوون بکەینەوە و دژی ئەو خۆشخەیاڵییانەی کە سەبارەت بەسەربەخۆبوونی قازانج و بەرژەوەندیی بەشێک لە بۆرژوازی ئێران (بۆرژوازی بەناو میللی)، وە بەناو "ناکۆکیی" ئەو بەرژەوەندییە لەگەڵ نیزامی بەرهەمهێنانی ئیمپریالیستی لە ئێرانی ژێردەستەدا برەوی هەیە، ڕاوەستین و بەربەرەکانی بکەین.

ڕەنگە هیچ کام لە خەنجەرە ئایدیۆلۆژیکەکانی بۆرژوازیی ئێران بەقەد ئەو لەقەبە کورتەی "میللی"، کە بەشێک لە سەرمایەدارانی وڵات بە ناحەق (هیچ نەبێ لە کامڵبوونی ڕەوتی "دەسکۆتاکردن"(4)، واتە لە ڕیفۆرمی زەویی ساڵەکانی 63 تا 68، بەم لاوە) خستوویانەتە شوێنی خۆیان، بۆ نەزۆک و بێئەنجامهێشتنەوەی خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشانی وڵاتمان کاریگەر نەبووبێ. ئەم خەنجەرەی بۆرژوازی هێشتا هەر تا ڕادەیەک تیژ ماوەتەوە و تەواو کول نەبووە. لە سایەی ئەم مەدالیای شانازییەدا سەرمایەدارانی "میللی" داوا لە کرێکارانی شۆڕشگێڕ دەکەن، کە خاوەندارێتیی تایبەتی بەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێناندا و هەروەها چەوسانەوە لە کارخانە و کۆمپانیاکانیاندا لەبەرچاو نەگرن، ئەوان تووشی ئاکامی خەباتی کرێکاران نەکەن و لێیان خۆش بن. "لەبەر خاتری ئەوان" باسی شوورا و سەندیکا و کۆمیتەی مانگرتن نەکەن، کرێی کەمتر وەرگرن و زێتر کار بکەن بۆ ئەوەی پیشەسازی "میللی" هەستێتەوە. لە مەیدانی خەباتی سیاسیدا کاتێک کە چەند مانگ لەوە تێپەڕ ببوو کە کۆمەڵانی زەحمەتکیش بە خەباتی خۆیان گەڵای ڕژێمی پاشایەتییان لەدار کەندبووەوە و بەرەو مەرگ دەیان برد، سیاسەتمەدارانی بۆرژوازی "میللی" (کەسانی وەکوو "سەنجابی" و "بازرگان" و "سدیقی" و "فرووهەر" و "بەختیار") بەهیوابوون کە خەڵکی زەحمەتکێشی ئێران لە مەشرووتەخوازبوونیان(5) (کە هەمان باسی خائینانەی



پشتگیریکردن لە نیزامی پاشایەتی و ڕاوەستان بەرانبەر بە گۆڕانکاری بنەڕەتی بوو) لەبەر خاتری "میللی"بوونیان خۆش بن. لەو جێگایەدا کە دامودەزگای حوکوومەتی سەرمایەی ئیمپریالیستی بەرانبەر بە پەلاماری دلێرانەی کرێکاران و زەحمەتکێشان خەریک بوو تێک دەڕووخا و ئیمپریالیزم کون بەکون بەشوێن سازشکاراندا دەگەڕا کە بیانهێنێتە مەیدان، دیسانەوە هەر سەرمایەدارە "میللی"یەکان و نوێنەرە سیاسییەکانی ئەوان بوون کە لە پەنای ئەو قەڵغانەدا کە پێشکەشیان کرابوو، خەریکی ڕێککەوتن لەگەڵ ئیمپریالیزم بوون. ئێستاش کە هەمان سازشکاران چوونەتە مەقامی "پاراستنی کاتی(6) قازانج و بەرژەوەندیی سەرمایەی ئیمپریالیستی لە ئێران"، دیسانەوە هەمان لەقەبی گۆڕینی "میللی"یەکە بۆ بەڕێوەبردنی دەوری خائینانەیان هێزیان پێ دەبەخشێ. لەم سەردەمە دیاریکراوەی گەشە و هەڵدانی خەباتی چینایەتیدا، ئەو خۆشخەیاڵییانەی کە سەبارەت بە خەسڵەتی بەناو "میللی و پێشکەوتنخواز"ی دەوڵەت و بنچینەی چینایەتی ئەو دەوڵەتە لە مێشکی زەحمەتکێشاندایە، یەکێکە لە کۆسپە گەورەکانی هەڵکشانی شۆڕش و سەرکەوتنی یەکجاریی شۆڕش و بووەتە بەردی بناغە بۆ گەڕانەوەی دەسەڵاتدارەتی بێ ملۆزمی کۆنەپەرستی ئیمپریالیستی. بەم جۆرە ڕوون دەبێتەوە کە دانی لەقەبی "میللی" بە بەشێک لە بۆرژوازی ئێران، لە ڕوانگەی گشت بۆرژوازییەوە، چەند بەخششێکی گەورە و چەندە چەکێکی بەکار دەبێ.

بەڵام ئایا ئەوە بەشێکی گەورە لە خودی کرێکارانی شۆڕشگێڕ و پێشڕەوانی کۆمۆنیستی ئەوان نین کە بەشێک لە بۆرژوازیی ئێران بە میللی دادەنێن و لە باقی بۆرژوازی جیا دەکەنەوە؟ بزانین لە بنچینەوە بۆرژوازیی میللی لە ڕوانگەی مارکسیزم لێنینزمەوە مانای چییە و لەم سەردەمە دیاریکراوە لە شۆڕشی ئێراندا "میللی بوون"ی ئەم یان ئەو توێژی کۆمەڵ لە چ ڕەوت و جووڵانەوەیەک و لە چ توانا و لێهاتوویییەکی سیاسی و ئابووریدا خۆ دەنوێنێ.

بۆ ئێمە وەڵامی ئەم پرسیارە ڕوونە. بۆرژوازیی میللی و سەربەخۆ تەنیا دەتوانێ وەکوو ڕەنگدانەوەی چینایەتی هەبوون و کارکردی (فۆنکسیۆنی) سەرمایەی میللی و سەربەخۆ بناسرێ. سەربەخۆبوونی سەرمایە هەرگیز مانای ئەوە نییە کە خاوەندارێتی شێوە جۆراوجۆرەکانی سەرمایە (پووڵ، ئامراز، کاڵا) سەربەخۆ بێ. سەربەخۆبوونی سەرمایە کاتێک دەبێ کە "سەربەخۆبوونی هەلومەرجی سوودبەخشبوونی سەرمایە، یانی سەربەخۆبوونی پەیوەندیی چەوسانەوە" بێ و

سەرمایە سەربەخۆ لە ئیمپریالیزم (سەرمایەی میللی) تەنیا بە سەرمایەیەک دەوترێ کە هەلومەرجی سودبەخشبوونی خۆی (واتە هەلومەرجی چەوسانەوەی کاری کرێگرتە) سەربەخۆ لە ئیمپریالیزم بۆ خۆی دابین بکا و بتوانێ درێژەشی پێ بدا. بەم پێناسەیەوە، ئەوەی کە بڵێین سەرمایەی میللی و بۆرژوازیی میللی لە نیزامی سەرمایەداریی وابەستەی ئێراندا هەیە، لە بنەڕەتەوە پووچ و بێمانایە. لە ڕوانگەی سیاسییەوە "پێشکەوتنخوازی"ی بۆرژوایی تەنیا ئەو کاتە دەتوانێ لە ژێرخانی ئابووریی کۆمەڵدا پایە و بنچینەیەکی ماددی بەخۆیەوە ببینێ، کە دیموکراسی (بە مانا بۆرژواییەکەی) لە ڕوانگەی گشت بۆرژوازییەوە تەماشا بکرێ. بۆرژوازی تەنیا ئەو کاتە دەتوانێ (ئەویش تا ڕادەیەک دەتوانێ) لە هەلومەرجی دیموکراتیکدا خاوەن قازانج بێ، کە دیکتاتۆری کۆسپی سەر ڕێگای گەشە و هەڵدانی سەرمایە و سەرمایەداری بێ. بەم جۆرە ڕوون دەبێتەوە کە دانانی وشەی "میللی" بۆ بەشێک لە بۆرژوازی ئێران بەپێی ئەو پێناسەیەی کردمان، ئەو بەشە لە بۆرژوازی لەگەڵ بەرهەمهێنانی ئیمپریالیستی زاڵ بەسەر کۆمەڵ و بەسەر سەرخانی سیاسییەکەیدا (کە دیکتاتۆری ڕووت و ئاشکرایە) دەخاتە ناتەبابییەوە. لە لایەکی ترەوە لایەنگرانی بۆرژوازیی "میللی" دەبوو بەپێی مەنتیق لێرەوە دەستپێ بکەن کە ئیمپریالیزم و دیکتاتۆری خۆی لەگەڵ گەشە و هەڵدانی سەرمایەداری ناتەبایە و بۆرژوازیی "میللی" وەکوو ئاڵاهەڵگری گەشەی کلاسیکی سەرمایەداری لە ئێران، لە سڕینەوەی دەسەڵاتداریێتی ئابووری و سیاسیی ئیمپریالیزم بەسەر بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا زور خاوەن قازانجە. لە ڕوانگەی خەباتکارانەوە، بە "میللی"دانانی بەشێک لە بۆرژوازی بە پێی پێناسە، ئەم توێژە دەخاتە ئۆردووی هێزەکانی دژی ئیمپریالیستی ئەم سەردەمەی ئێرانەوە و هیچ تێبینی و ئەملا و ئەولایەک سەبارەت بە "ڕاڕابوونی" بۆرژوازیی "میللی" ناتوانێ ئەو بەرەنجامە بشارێتەوە.

کەوایە باس لەسەر وشە نییە. "بۆرژوازیی میللی و پێشکەوتنخواز "دەستەواژەیەکە کە ناوەندە بۆ کۆبوونەوە و پێکگەیشتنی پێکنەرە بنچینەییەکانی لێکۆڵینەوە و ڕوونکردنەوەی شۆڕشی ئێران. لەپشت ئەو دوو وشەی "میللی" و "پێشکەوتنخواز"ەوە تێگەیشتنێکی دیاریکراو لە تایبەتییەکانی پەیوەندیی بەرهەمهێنان لە ئێراندا، پایە ماددییەکانی شۆڕشی ئێستا، جیاکردنەوەی سنووری هێزەکانی شۆڕش و دژ بە شۆڕش، ناوەڕۆکی سیاسی و ئابووریی شۆڕش و شێوەکاری خەباتکارانەی پێویست



بۆ بەدیهێنانی داخوازە شۆڕشگێڕانەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ... خۆی شاردۆتەوە. لە ئێرانی ئەمڕۆدا، دەستپێکردن لەوەوە کە مەسەلەی سەرمایەداریی وابەستە بە دروستی بخرێتە بەرچاو و ئەوەی کە دەستەواژەی بۆرژوازیی "میللی و پێشکەوتنخواز" پووچەڵە، خۆی هەر هەنگاوێکە بۆ دنەدان و بەرزکردنەوەی کێشەی ئایدیۆلۆژیک دژی ڕوانگەی تێکڕاگەلی و سەرووچینایەتییەکان و بۆ پتەوکردنەوەی سەربەخۆیی ئایدیۆلۆژیک و سیاسیی چینی کرێکار لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی وڵاتدا. سەرەتا دەبێ هێڵە گشتییەکان و بەشە بنچینەییەکانی ئەو بۆچوونە لادەرانەی کە سەبارەت بە مەسەلەی وابەستەبوون و "بۆرژوازیی میللی و پێشکەوتنخواز" ڕەواجیان هەیە، بخەینە بەرچاو.

*

وێنەیەکی باڵاوین کە بەپێی ئەو نیشانانەی لێرە و لەوێ لە ئەدەبییاتی کۆمۆنیستی ئێمەدا سەبارەت بە بۆرژوازیی "میللی" بە دەستەوەیە و دەکرێ بیخەینە بەرچاو ئاوایە، کە "بۆرژوازیی میللی" بەشێکە لە بۆرژوازی کە لەباری ئابوورییەوە قازانج و بەرژەوەندی دژی ئیمپریالیستی هەیە و لە کارکردی ئیمپریالیزم (کە هۆی دواکەوتنی ئابووریی وڵات و هۆی ناهاوتابوونی بینای ئابووری و گەشەنەکردنی هەمەلایەنەی کۆمەڵ بووە) ناڕازییە. لە مەیدانی بەرهەمهێنان و گۆڕینەوەدا، لەچاو سەرمایەی مۆنۆپۆل و لەچاو ئەوانەی وابەستەن بە مۆنۆپۆڵەکانەوە، بار و دوخێکی نالەباری هەیە، تا ئەو ڕادەیە کە هەست بە مەترسی بۆ حەیاتی ئابووریی خۆی لەم ململانی نابەرابەرەدا دەکا. لە باری سیاسییەوە لەگەڵ دیکتاتۆرییەت ناتەبایە (چ ئەم دیکتاتۆرییەتە وەکوو دەسەڵاتی سەرمایەدارانی وابەستە و ئیمپریالیزم پێناسە بکرێ، وە یان وەکوو سەرخانی سیاسی بۆ سیستەمی نیوە فیۆداڵی_ نیوەکۆڵۆنی، یان سیستەمی بەرهەمهێنانی پێش سەرمایەداری، یان شێوەی بەرهەمهێنانی ئاسایی، یان شتی تر). وە لە ئاخرین لێکۆڵینەوەدا ئەم بۆچوونە خوازیاری گەشەکردنی سەرمایەداری بە شێوەی کلاسیک و دامەزرانی دیموکراسی و کۆماری و پەرەدان بە فەرهەنگ و نەریتی میللی و خوازیاری سەربەخۆیی ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی لە ئیمپریالیزمە. سەبارەت بە چینی کرێکار و باقی زەحمەتکێشان، بۆرژوازیی میللی ئەوەندەی بۆرژوازیی وابەستە، چەوسێنەر نییە و بە ئینساف ترە! لە باری خەباتی سیاسییەوە، ئەو توێژە پێشینەیەکی دوورودرێژی خەباتکارانەی دژی ئیمپریالیستی و

دژی دیکتاتۆری هەیە و ڕابەرانی سیاسییان لە لایەن ڕژێمی وابەستەی حاکمەوە، بە ڕادەی جۆراوجۆر، سەرکوت کراون.

جێگای خۆیەتی ئەگەر پێکنەرە جۆراوجۆرەکان و ئەو بەشانەی کە ئەو وێنەیەی سەرەوە لە بۆرژوازی "میللی" بەدەستمانەوە دەدا، بە شێوەی جیاجیا بخەینە بەر باس و لێکدانەوە(7).

## 1) جیاکردنەوەی بۆرژوازیی "میللی" لە بۆرژوازی وابەستە بەپێی جێگا و دەوری ئابووری ئەم توێژانە:

ئەلیف) وابەستەبوون، یان وابەستەنەبوونی سەرمایەدار بەسەرمایەی پوولی دەرەوە، یان بە سەرمایەی دەوڵەتی، وەکوو نیشانەیەکی ناسینەوەی بۆرژوازیی "میللی" لە بۆرژوازیی وابەستە، لەم فۆرموولبندییەدا سەرمایەداریی وابەستە، بە سەرمایەدارێک دەڵێن کە سەرمایەی پوولی خۆی لە مۆنۆپۆڵەکانی دەرەوە، یا لە بانکە وابەستەکان بە سەرمایەی مۆنۆپۆڵی دەرەوە، وە یان بانکە دەوڵەتییەکان دابین بکا (دەوڵەت وەکوو کارگێڕی سەرمایەی دەرەکی دادەنرێ و ئەوە ڕاستە)، بۆرژوازیی میللی لەسەر بنچینەی ئەم بەشە پێکنەرەی پێناسەکەی، بەو توێژە لە خاوەن سەرمایەکان دەڵێن کە لە ڕادەکانی خاوەندارێتی سەرمایەی پوولیدا بەو چەشنە وابەستە نەبێ و خۆی خاوەنی سەرمایەی پوولی بێ، وە یان لە سەرچاوەی ئیعتیباری غەیرە مۆنۆپۆڵی نێوخۆ و تایبەتییەوە دابینی بکا. دیارە بەپێی ئەم پێکنەرەی پێناسەی بۆرژوازیی "میللی"، وابەستەبوون و وابەستەنەبوون، ناتوانێ یەکجارەکی و ڕەها لەبەرچاوبگیرێ و ڕادەی جۆراوجۆری وابەستەبوونی توێژە جۆراوجۆرەکانی بۆرژوازی بە پوول و ئیعتیبار و بە سەرچاوەی جۆراوجۆری ئیعتیبارییەوە و هەروەها گرێدراوبوونی ناچار و بێچارەی داموودەزگای جۆراوجۆری ئیعتیباری بە یەکتر و لەدوا لێکۆڵینەوەدا وابەستە بە سەرمایە مۆنۆپۆڵەکان، پێش بەوە دەگرێ کە سنوورێکی ڕوون و جیاکەرەوە لە نێوان توێژە وابەستە و ناوابەستەکانی بۆرژوازیدا لەباری خاوەندارێتی سەرمایەی پوولی سەرەتاییەوە بکێشرێ.

ب) جیاکردنەوەی بۆرژوازیی "میللی" لە بۆرژوازیی وابەستە بەپێی وابەستەبوونی یا نەبوونی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بە سەرمایەی مۆنۆپۆڵی، بەپێی ئەم پێکنەرە، بۆرژوازیی وابەستە توێژێکە لە بۆرژوازی کە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان (واتە ئامرازی کار یا کەرەستەی خاو)ی خۆی لە دەرەوی وڵات دابین دەکا. بەم پێیە بۆرژوازیی



"میللی" دەبێتە ئەو توێژە لە بۆرژوازی کە ئامرازی بەرهەمهێنانی خۆی لە نێوخۆی وڵات دابین دەکا. بۆ وردتربوونەوە لە سەر ئەو فۆرموولبەندییە، دەکرێ باسی چەند خاڵێک بکەین کە لێرەشدا پێش بەوە دەگرێ کە سنوورێکی ڕۆشن و جیاکەرەوە لەنێوان توێژە "میللی"یەکان و توێژە وابەستەکانی بۆرژوازیدا بکێشرێ. یەکەم: ئەوەی کە ئەم پێکنەرە تەنیا سەرمایەی پیشەسازی کە پێویستی بە ئامێری بەرهەمهێنانە دەگرێتەوە، وە لە بنەڕەتەوە سەرمایەی بازرگانی (کە لە بەرهەمهێناندا بەشدار نییە) دەنێتە لاوە و بەناچار کاتێک بەرتەسکبوونی بەرهەمهێنانی ئامرازی بەرهەمهێنان لە ناوخۆدا لەپێشچاو بگرین، بۆرژوازیی میللی هەر دەبێ لە بەشی بەرهەمهێنانی کاڵا تەقلیدییەکان و کاڵای مەسرەفی سووکدا بمێنێتەوە. دووەم: ئەوەیە کە بەرهەمهێنانی ئامرازی بەرهەمهێنان لە نێوخۆی وڵاتدا، بەپێی هەردووک ئەو پێکنەرانەی تا ئێستا باسمان کردووە، دەکرێ خۆی وابەستەی سەرمایەی مۆنۆپۆڵی بێ. سێیەم: ئەوەیە کە ئامرازی بەرهەمهێنان بەپێی چی بە سەرمایەدار دەفرۆشرێ (بۆ نموونە، ئایا فرۆشیار بەرهەمەکەی بە پوول دەگۆڕێتەوە؟ یان لە کۆمپانیای کڕیاردا بەشدار دەبێ؟ مۆنۆپۆڵی دابینکردنی ئامێرە یەدەکییەکان و تەعمیرات بۆ خۆی ڕادەگرێ؟ یان ناو ...) خۆی پلەی جۆربەجۆری وابەستەبوون بەسەر سەرمایەدارانی کڕیاری ئامرازی بەرهەمهێناندا دەسەپێنێ.

ج) بازاڕی فرۆشی بەرهەمەکان وەکوو نیشانەیەک بۆ جیاکردنەوەی بۆرژوازیی "میللی" لە بۆرژوازی وابەستە، دابەشکردنی سەرمایەداران بەوانەی کە کاڵای خۆیان لە بازاڕی نێوخۆدا دەفرۆشن و ئەوانەی کە بە نیازی فرۆش لە بازاڕی دەرەوەدا کاڵا بەرهەم دێنن، وە دانانی بەشی یەکەم بە بۆرژوازیی "میللی" و بەشی دووەم بە "بۆرژوازیی وابەستە" (تەنانەت ئەگەر وای دابنێین کە ئەمە تەنیا نیشانەیەکە بۆ جیاکردنەوەی توێژەکانی بۆرژوازی) خۆی لەخۆیدا هیچ بایەخێکی بۆ لێکۆڵینەوە نییە. بەڵام ئاماژەی لەم چەشنە لە نووسراوی بڕێک لە سازمانەکاندا هەیە. بەرهەمهێنانی فەرش (کە نموونەی کلاسیکی پیشەسازییە "میللی"یەکانە لە نووسراوەکانی لایەنگرانی بۆرژوازیی میللیدا) تا ڕادەیەکی یەکجار زۆر ڕووی لە بازاڕەکانی دەرەوەیە و بەشێکی بەرچاوە لەو کاڵایانەی کە بێجگە لە نەوت لە ئێرانەوە بۆ دەرەوە دەنێردرێ، وە لە لایەکی ترەوە زۆربەی بەرهەمەکانی کارخانە مۆنتاژەکان (ئۆتۆمۆبیل و ئامێرەکانی ژیانی نێوماڵ و شتی وا) کە هەمووان لە سەر ئەوە ساغن کە ئەوانە

پێشەسازیی وابەستەن، لە بازاڕی نێوخۆدا دەفرۆشرێن. لە بنچینەدا هەناردنی کاڵا خۆی یەکێکە لە مەرجە بنچینەییەکانی گەشەی سەرمایەداریی کلاسیک و وابەستەبوونی سەرمایە جۆراوجۆرەکان بە بازاڕی فرۆشی دەرەوە، هەرگیز مانای وابەستەبوونی ئەو سەرمایانە بە "دەرەوە" نییە. بەڵام ئەگەر مەسەلەی بازاڕی فرۆش، نەک بۆ جیاکردنەوەی توێژە جۆراوجۆرەکانی سەرمایە و نەک وەکوو نیشانەی جیاکردنەوەی بۆرژوازیی وابەستە لە ناوابەستە، بەڵکوو وەکوو نیشانەی وابەستەبوونی گشت سەرمایەی کۆمەڵایەتی و سەرتاپای بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی بە بازاڕی دەرەوە بخرێتە بەرچاو، دەتوانێ بۆ شکڵ و شێوەی وابەستەبوونی گشت سەرمایەی کۆمەڵایەتی و گشت بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی بە بازاڕی دەرەوە بخرێتە بەرچاو، دەتوانێ لە باری ئابوورییەوە (بۆ نموونە ئەوەی کە ئابووری تاکبەرهەمە و کەرەستەی خاو بۆ دەرەوە دنێرێ و بەناچار وابەستەیییەکی تەواوی هەیە بە بازاڕی فرۆش و بە سەروخوارکردنی جۆربەجۆری نرخەکان لەم بازاڕەدا) بۆ ڕوونکردنەوەی یەکێک لە بارەکانی وابەستەبوونی ئابووری بەکار بێت.

د) بایی مەسرەفی کاڵا وە یان لە باری کۆمەڵایەتییەوە، کێبوونی ئەوانەی کاڵاکە مەسرەف دەکەن وەکوو نیشانەیەک بۆ جیاکردنەوەی بەرهەمهێنەری "میللی" لە وابەستە، بەشبەشکردنی سەرمایەداران بە توێژێک کە کاڵای بەکەڵک و پێویستی بۆ کۆمەڵ (یان پێویست بۆ زەحمەتکێشان) بەرهەم دێنێ، وە یان دەیفرۆشێ، وە توێژێک کە خەریکی بەرهەمهێنان و فرۆشتنی کاڵای بێکەڵک و بن ئەمباری "جەلەبی"یە، وە یان کاڵایەکە کە کەڵکی بۆ دەوڵەمەندان (و چینی دەسەڵاتدار بە گشتی) هەیە، یەکێکی ترە لەو پێکنەرانەی کە بۆ جیاکردنەوەی بۆرژوازی "میللی" لە بۆرژوازیی وابەستە باوە، کە جارجارەش لە ڕاگەیاندنی سازمانە سیاسییەکان و سازمانە کرێکارییە جۆراوجۆرەکاندا بەرچاو دەکەوێ.

## 2) **وابەستەبوون وەکوو تایبەتمەندیی گشت نیزامی بەرهەمهێنان**

دابەشکردنی بۆرژوازیی ئێران بە توێژی "میللی" و توێژی وابەستە، لە ڕاستیدا هەنگاوی سەرەتایی ئەو ڕوانگە و بۆچوونانەیە کە بۆ ناساندنی گرێدراوبوونی گشت نیزامی بەرهەمهێنان باون و ڕەواجیان هەیە. ئەو پێناسانەی کە لە نیزامی سەرمایەداریی وابەستە دەخرێنە بەرچاو، زۆرتر لەسەر ئەوە داندراون کە گۆڕانکارییە ئابوورییەکانی بۆرژوازی وابەستە بە شێوەیەکی میکانیکی تەعمیم بدرێ و



سەرمایەداریی وابەستە لە ڕاستیدا وەکوو "نیزامی بەرهەمهێنانی ژێردەسەڵاتدارەتی سەرمایەدارانی وابەستە" دەبیندرێ. وابەستەبوونی پوولیی سەرمایەدارانی وابەستە بە مۆنۆپۆڵەکانی دەرەوە لەوەدا دەنوێندرێ کە سەرتاپای نیزامی بەرهەمهێنان وابەستەی سەرچاوەی پوولی و ئیعتیباری دەرەکییە. وابەستەبوونی سەرمایەدارانی وابەستە بە ئامرازی بەرهەمهێنانی دەرەکی لە وابەستەبوونی گشت نیزامی ئابووریی ژێردەسەڵاتی ئەوان بە تەکنەلۆژی و پیشەسازییە قورسە دەرەکییەکاندا دەنوێندرێ و پشتبەستنی گشت نیزامی ئابووری بە بازاڕە دەرەکییەکانی فرۆشەوە، خۆی وەک ڕەنگدانەوەی دەسەڵاتی ئابووری و سیاسیی ئەو سەرمایەدارە وابەستانە دێتە بەرچاو، کە لە بەرهەمهێنانی خۆیاندا، بازاڕە دەرەکییەکانیان لەپێشچاوە نەک پێویستییەکانی ناوخۆ. ئەم شێوە لێکۆڵینەوەیە چینبەندی کۆمەڵایەتی دەخاتە سەرووی لێکۆڵینەوەی ماتەریالیستی قانوونە ئابوورییەکانی ڕەوتی کۆمەڵەوە و سەرمایەداریی وابەستە وەکوو نیزامێک دێنێتە پێشچاو کە هەر تەنیا کۆکراوەی میکانیکی ڕەوت و جووڵانی سەرمایەدارانی وابەستە و بەس. بۆرژوازیی میللی لەم چەشنە بۆچوونانەدا، وانییە کە لە زەمینەی نیزامێکی بەرهەمهێناندا و بەپێی قانوونەکانی ئەو نیزامە دەچێتە پێش، بەڵکوو گوایە لە تەنیشتیدا بە پێچەوانەی ئەوە درێژە بە ژیانی دەدا و ناچار دەبێ، قازانج و بەرژەوەندیی ئابووریی خۆشی نەک لە کارکردی سەرتاپای نیزامی وابەستەی ئابووریدا، بەڵکوو لە دژایەتی ئەودا دابین بکا.

## 3) **وابەستەیی لە ڕوانگەی کارکردی گشتیی ئابووری و ئەو کارەی کە وابەستەبوون دەیکاتە سەر بینای ئابووریی وڵات، وە ڕێبازی "سەربەخۆ"ی بۆرژوازیی میللی بەرانبەر بەوە، (پێکنەرە جۆراوجۆرەکانی بۆچوونە لادەرەکان).**

ئەلیف) "ئەنجامی کارکردی ئابووریی وابەستە دەبێتە هۆی چوونەدەرەوەی زێدەبایی بەرهەمهێنراو لە وڵات و سەروخواربوونەوەی بۆ نێو گیرفانی مۆنۆپۆڵە دەرەکییەکان و سەرمایەی ئیمپریالیستی". لەم فۆرموولبەندییەدا بۆرژوازیی میللی (لە دژایەتی لەگەڵ کارکردی نیزامی سەرمایەداریی وابەستەدا) وا دەخرێتە بەرچاو کە گوایە لایەنگری ئەوە بێ کە زێدەبایی بەرهەمهاتوو دەبێ لەنێو خۆی وڵاتدا بکرێتە سەرمایە،

ب) "بەتالانچوونی سەرچاوە سرووستییەکان بەدەستی ئیمپریالیزم"، لەم فۆرموولبەندییەدا بۆرژوازیی "میللی" وەکوو لایەنگری میللیکردنی سەرچاوە سروشتییەکان و کەڵکوەرگرتنی میللی و "عاقڵانە" لەوانە دەناسرێ.
ج) "ئەنجامی وابەستەبوون، لار و خوار و ناهاوتابوونی بینای ئابووریی وڵاتە". بەپێی ئەم فۆرموولبەندییە دەسەڵاتدارەتی سەرمایەدارانی وابەستە دەکێشرێنە ئەوەی کە ئابووریی وڵات بۆ بەرهەمهێنان و ناردنەدەرەوەی سەرچاوەکان و کەرەستەی خاو، ئاراستە دەبێ و بەشی بەرهەمهێنانی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لە وڵاتدا گەشە ناکا و لە جیاتی ئەو، سەنعەتە مۆنتاژەکان و سەنعەتە کاڵای مەسرەفی و خزمەتگوزارییەکان پەرە دەستێنێ، ئیمپریالیزم، بە موشەخەس کشتوکاڵی وڵات لەبەین دەبا، تاکوو وڵات لەباری بەرهەمە خۆراکییەکانییەوە وابەستەی خۆی بکا. لە ئاکامدا ئابووریی وڵات بە شێوەیەکی "هاوئاهەنگ" و هەمە لایەنە گەشە ناکا و بەتایبەتی سەبارەت بە پیشەسازییە قورسەکان و پیشەسازییە دایکەکان لە لایەکەوە و کشتوکاڵ لە لایەکی ترەوە ئابووری هەر وا وابەستەی مۆنۆپۆڵە دەرەکییەکان دەمێنێتەوە، بۆرژوازی "میللی" بەمپێیە لایەنگری گەشەکردنی "هاوئاهەنگ"ی سەرمایەداری لە ئێراندایە و بە لایەنگری خودبەسبوون (خودکفایی) لە باری کشتوکاڵەوە و بە لایەنگری سەنعەتیبوونەوە دەناسرێ. ئەم فۆرموولبەندییە لە بنچینەوە پشتی بەو خەیاڵە بەستووە کە ئیمپریالیزم لەگەڵ پیشەسازیبوونەوەی وڵاتی ژێردەستە "دژایەتی" هەیە!
د) ئەنجامی وابەستەبوون دەکاتە کرانەوەی دەروازەکانی وڵات بۆ هاتنە ناوەوەی کاڵا مەسرەفییەکان، هەروەها کاڵای جوانکاری، یان کاڵای بنئەمباری دەرەکی. هاتنەناوەوەی ئەم جۆرە کاڵایانە زیاتر دەبێ و ئەو بەهایەی کە لە فرۆشتنی کاڵای تاقانەی هەناردەوە (واتە، نەوت) بەدەست هاتووە، لە وڵات دەچێتە دەرەوە. بۆرژوازیی "میللی" لەم نێوەدا دەبێتە لایەنگری پاراستنی هاوتابوونی بازرگانی دەرەکی و دانانی داهاتی نەوت بۆ ئاوەدانکردنەوەی وڵات، دانانی گومرگ بۆ یارمەتیدانی بەرهەمهێنانی نێوخۆ و پێشگرتن بە چوونەدەرەوەی بێجێی بەهای دەرەکی، گۆڕین و "عاقڵانە"کردنەوەی دەستووری مەسرەف بۆ چینەکانی کۆمەڵ و پێشگرتن بە مۆرکردنی پەیمانی ئابووریی نابەرابەر و فریوکاری ئیمپریالیستی، جگە لەو فۆرموولبەندییانەی سەرەوە، کە سەرەڕای مانەوەیان لە پلەی سەرەتاییترین تیۆرییە ئابوورییە بۆرژواییەکاندا، هیچ نەبێ وابەستەبوون وەکوو پەیوەندییەک دەنوێنن و



دەورێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی دیاریکراو بۆ بۆرژوازی "میللی" دادەنێن، هەندێک هاوکێشەی کاڵ و خاوی دیکەش بۆ پێناسەی بۆرژوازی "میللی" هەن وەکوو، بەیەکزانینی بۆرژوازی "میللی" و سەرمایەدارانی بچکۆلە و ناوەنجی، بازرگانانی بازاڕ، سەرمایەدارانی بەشی بەرهەمهێنانی کاڵا تەقلیدییەکان (پیشەسازی دەست و هونەریی، وە یان بیناسازیی و خانووبەرەسازیی) و شتی لەم جۆرە.

## 4) **هێڵی گشتیی بیروڕا لادەرەکان، سەبارەت بە ڕێبازی سیاسی_ ئایدیۆلۆژیکی بۆرژوازیی "میللی"**

کاتێک بۆرژوازیی میللی بەپێی ئەو فۆرموولانەی سەرەوە، لە باقی توێژەکانی بۆرژوازی جیا کرانەوە، ئەو کاتە دەبێ بەشوێن خەسڵەتە سیاسی و ئایدیۆلۆژیکەکانیدا بگەڕێن. (هەرچەند لە واقیعدا بە پێچەوانەیە! لەڕاستیدا، هەندێک لە هێزەکان هێندە بە تاسەی باوەرهێنان بە ئەفسانەی بۆرژوازیی لیبراڵن کە بە پەلە خەریکن تا لە بینای ئابووریی وڵاتدا ڕیشە و پایەی ئابووری بۆ ببیننەوە!)
لەم زەمینەیەشدا فۆرموول و تیۆری کەم نین. چونکە کاتێک لە پلەی ئابووریدا "ناتەبایی بۆرژوازیی میللی لەگەڵ ئیمپریالیزم" ڕوون بوەوە(!)، ئەو کاتە دەکرێ باسی ڕێبازی سیاسی لە خەباتدا دژی ئیمپریالیزم بێنیتە پێشچاو. ئێمە لێرەدا تەنیا باسی چەند پێکنەری جۆراوجۆر دەکەین.
ئەلیف) بۆرژوازیی میللی وەکوو بەشێک لە بۆرژوازی دەناسێندرێ کە لایەنگری دیموکراسیی بۆرژوایی و کۆمارییە. بنچینەی ئەم بۆچوونە ئەوەیە، کە گوایە دیکتاتۆری وەکوو ڕوبینای سیاسیی سەپێندراو بەسەر نیزامی بەرهەمهێناندا، دژایەتی لەگەڵ گەشە و پەرەسەندنی سەرمایەداری لە ئێراندا هەیە و بۆرژوازیی میللی (وەکوو توێژێک) بە پێچەوانەی لایەنگرانی دیکتاتۆری (کە بە فیۆداڵەکان و کۆمپرادۆرەکان و ئیمپریالیستەکان و شتی وا دادەنرێن) بەشوێن گەشەکردنی کلاسیکی سەرمایەدارییەوەیە لە وڵاتدا، بێگومان و بەناچار دامەزرانی ڕوبینای سیاسیی سەرمایەداریی کلاسیک، واتە دیموکراسی، پێخۆشە.
ب) بۆرژوازیی "میللی" وەکوو بەشێک لە بۆرژوازی دادەنرێ کە لایەنگری سەربەخۆیی سیاسی_ سەربازیی ئێرانە لە ئیمپریالیزم و لە سیاسەتە جیهانییەکانی ئیمپریالیزم. بەم جۆرە بەپێی ئەو بۆچوونانە بۆرژوازیی "میللی" لە باری

حوکوومەتکردنەوە، لایەنگری کەمکردنەوە خەرج و مەخاریجی سەربازی و ملنەدان بەوەی کە لە ناوچەکەدا دەوری پۆلیس بۆ ئیمپریالیستەکان بگرێتە ئەستۆ و لایەنگری هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی نیزامی و "ئەمنییەتی" لەگەڵ ئیمپریالیزمی ئەمەریکا و ئەورووپا و هەڵچنینی پایەگا سەربازی و جاسووسییەکانی دەرەوە و شتی وایە.

ج) بۆرژوازیی "میللی" بەپێی ئەم بۆچوونانە، نەک هەر دژی خەفەقان و دژی سەرکوتکردنی دامەزراوە دیموکراتیکەکان و دژی سەرکوتکردنی ئازادییە فەردییەکانە، بەڵکوو گەشە و هەڵدانی خۆی لەوەدا دەبینێ کە ئەم جۆرە ئازادییانە پەرە بگرێ و بەرین بێتەوە.

د) بۆرژوازیی "میللی" دژی بڵاوبوونەوەی فەرهەنگ و بەها ئیمپریالیستییەکانە لە وڵاتدا و پابەندی سونەت و نەریتی میللی و ئایینیی ئێرانە.

ە) بۆرژوازیی "میللی" ئەو بەشەیە لە بۆرژوازی کە پێشینە و نەریت و یادگارەکانی خەبات بۆ میللیکردنی نەوتی بەشوێنەوەیە. بە واتایەکی تر، بۆرژوازیی "میللی" پایەگای چینایەتیی موسەددەق و "بەرەی میللی" و لق و پۆپەکانییەتی.

## 5) دەسەڵاتدارەتی و دیکتاتۆری، هێڵە گشتییەکانی ڕوانگە لادەرەکان سەبارەت بەهۆی هەبوون و دامەزرانی دیکتاتۆرییەت لە ئێراندا.

لەبەر ئەوەی ئەو بۆچوونانەی سەرەوە هەریەکە بە چەشنێک باسی گەشەی "ناکامڵ" و "ناهاوتا" و وابەستە و شێواوی سەرمایەداریی ئێران دەکەن، خەسڵەتی دیکتاتۆرییەتی حوکوومەتیش، کە بەشێکە لە سەرخانی سیاسیی نیزامی ئابووریی دەسەڵاتدار لە ئێراندا، ناچار بە شێوەی جۆراوجۆر بەو بۆ چوونانەی سەرەوە گرێ دەدرێ.

ئەلیف) دیکتاتۆری وەکوو سەرخانی سیاسیی نیزامی نیوەفیۆداڵ_ نیوەکۆلۆنی:

ئەم لادانە پشتی بەو تێگەیشتنە غەیرە لێنینیستییە بەستووە کە گوایە دیموکراسیی بۆرژوازی سەرخانی سیاسی پێویستە بۆ نیزامی سەرمایەداری لە هەر کات و شوێنێک و هەر قۆناغێک لە گەشە و هەڵدانیدا! بەپێی ئەمە هۆی دیکتاتۆرییەت لە ئێراندا گەشە و هەڵدانی نارەسا و ناتەواو و زاڵنەبوونی سەرمایەدارییە لە وڵاتدا. بەپێی ئەم بۆچوونە، مانەوەی نیزامی فیۆداڵی بەناچار نەیهێشتووە سەرخانی سیاسی ئەو نیزامەش (واتە ملهوڕی) لە وڵاتدا لەنێو بچێ و لە چوارچێوەی نیزامێکی بەرهەمهێنانی نیوەفیۆداڵ_ نیوەکۆلۆنیدا (کە گوایە شێوەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتییە



لە ئێراندا)، ملهوڕی سەرخانی سیاسییە بۆ یەکگیربوونی قازانج و بەرژەوەندیی کۆنەپەرستانەی "فیۆداڵەکان" و "ئیمپریالیستەکان". دیارە لەم سیستەمە لێکۆڵینەوەیەدا، بۆرژوازیی "میللی" کە گوایە لایەنگری گەشەکردنی کلاسیکی سەرمایەداری و سڕینەوەی پەیوەندیی فیۆداڵی و نەهێشتنی دەسەڵاتدارەتی ئیمپریالیزمە، کۆماریخواز و دیموکرات دەخرێنە پێشچاو!

ب) دیکتاتۆری وەکوو ئامرازی داسەپاندنی دەسەڵاتی سەرمایەدارانی وابەستە لە ململانێیدا دژی بۆرژوازیی میللی:

ئەم فۆرموولبەندییە دان بەوەدا دەنێ کە نیزامی سەرمایەداری لە ئێران دامەزراوە، بەڵام وەکوو فۆرموولبەندی پێشوو تووشی ئەو بۆچوونە نادروستەیە، کە گوایە سەرخانی گونجاو لەگەڵ نیزامی سەرمایەداری هەر دەبێ دیموکراسیی بۆرژوازی بێ و هۆی دیکتاتۆرییەت بەناچار دەبێ لە گیروگرفت و ناتەواوی و کۆسپەکانی ڕێگای گەشەی سەرمایەداری لە ئێراندا بدۆزێتەوە. تێهەڵکێشانی ئەم بۆچوونە نادروستە لەگەڵ تێگەیشتنێکی میکانیکی لە وابەستەبوون لە ئیمپریالیزم، دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە هەبوونی دیکتاتۆرییەت لە ئێراندا، ڕەنگدانەوەی دەسەڵاتدارەتی بێشەریکی سەرمایەدارانی وابەستەیە، نەک خەسڵەتی دەسەڵاتدارەتی سەرتاپای بۆرژوازی ئێران.

بەپێی ئەوە، سەرەڕای دەسەڵاتدارەتی سەرمایە بەسەر بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا (کە بەپێی ئەم بۆچوونانە پێویستی بە گەشەی دیموکراسی بۆرژواییە)، سەرمایەدارانی وابەستە و دەوڵەتەکەیان بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆیان لە مەیدانی ململانێیاندا دژی بۆرژوازی "میللی" و بۆ پاراستنی بازاڕی نێوخۆ و هەروەها سەرچاوەکان و کانەکانی وڵات بۆ سەرمایە دەرەکی و وابەستەکان، باقی توێژەکانی بۆرژوازی لە حوکوومەت وەدەردەنێن و دیکتاتۆرییەتی خۆیان دادەسەپێنن. لەم ڕوانگەیەوە، دەسەڵاتدارەتی بۆرژوازی "میللی" لە چوارچێوەی نیزامی "سەرمایەداری سەربەخۆ"ی ئێراندا، بەپێی سرووشتی خۆی سەرخانێکی دیموکراتیک (بە مانای بۆرژوایی وشەکە)ی دەبێ. حوکوومەت، بەپێی ئەم بۆچوونە، ئامرازی داسەپاندنی زەبروزەنگی گشت چینی سەرمایەدار بەسەر چینی کرێکار و باقی زەحمەتکێشاندا نییە و ئۆرگانەکانی سیاسیی بەرژەوەندیی هاوبەشی توێژەکانی سەرمایە نییە و تەنیا ئامرازی ئەوەیە، کە توێژێکی بۆرژوازی بکەوێتە باندەستی توێژێکی ترەوە(8)!

هەر وەک وتمان، ئەو فۆرموولبەندی و پێناسانە کە هێناومانەتەوە، وشە بەوشە نەقڵ نەکراون، بەڵکوو لە ئیشارەی لێرە و لەوێی گۆڤار و بڵاوکراوە جۆراوجۆرەکانی سازمانە کۆمۆنیستی و کرێکارییەکانی وڵاتدا، کە سەبارەت بە مەسەلەی وابەستەبوون و دیکتاتۆری و بۆرژوازیی میللی هاتوون، بەرچاومان کەوتوون واتاکەیمان وەرگرتووە و لێرەدا هێناومانەتەوە. ئێمە لە گەلێک بارەوە لەگەڵ ئەو شتانەی بۆ نموونە لەو فۆرموولبەندییانەدا هاتوون، بە تەواوی هاودەنگین، بۆ نموونە، تاکبەرهەمبوونی ئابووری وڵات، هەوڵدان و گەورەبوونی بەپەلەی بەشی خزمەتگوزارییەکان و بەرهەمهێنانی کاڵای مەسرەفیی سووک، پشتبەستن بە تەکنەلۆژیی دەرەکی، دواکەوتوویی بەشی کشتوکاڵ و زۆربوونی هێنانی کەلوپەل و شتی وا، هەموو ئەوانە نموونەی تەواو دروست و حاشاهەڵنەگرن. بەڵام قسە لەوەیە کە ئەو نموونانە چۆن و لە چ جێگایەکدا دەبێ بێنە نێو لێکۆڵینەوەی باسی وابەستەبوونەوە. ئەم نموونە بەرچاوانە <u>هی</u> کارکردی نیزامی سەرمایەداریی وابەستەی ئێرانن، نەک بەشبەش و گۆشەگۆشەی پێناسەکەی. بەهیواین گرنگیی ئەم جیاکردنەوەیە، بەو قسە و باسەوە کە بەدرێژایی ئەم نووسراوانە دەیکەین، بۆ خوێنەر ڕوون بێتەوە. لێرەدا تەنیا بە کورتی ئەوە دەڵێین، کە مارکسیزم نیزامێکی کۆمەڵایەتی (وەکوو هەموو کوللییەتێکی دیکەی ئۆرگانیک) بەپێی قانوونمەندییە دەروونییەکانی ئەو نیزامە دەناسێ. نەک بەپێی ئەوەی کە ئەو قانوونمەندییانە لە چ شکل و شێوەی کۆنکرێتدا خۆدەنوێنێ و چۆن دەردەکەوێ. بۆ نموونە ئەوەی کە ئابووریی ئێران بە شێوەیەکی تایبەت کاردابەشکردنی کۆمەڵایەتی بە خۆیەوە گرتووە، هۆ و جەوهەری وابەستەبوونی سەرمایەداریی ئێران نییە و ئاڵوگۆڕی لەمە بەدواوەی ئەو کاردابەشکردنی کۆمەڵایەتییەش (وەکوو سەرهەڵدانی نوێی بەرهەمهێنان) پێویست ناکا مانای ئەوە بێ، کە پەیوەندییە وابەستەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لە وڵاتدا نەماوە. ئەو قەوارە تایبەتییەی کە کاردابەشکردنی کۆمەڵایەتی لە ئێرانی ئەمڕۆدا بەخۆیەوە گرتووە، ئەنجامی کارکردی وابەستەبوونە، بەڵام دیارە کە جەوهەری وابەستەبوونی سەرمایەداری لە ئێراندا، ناکرێ بەوە ڕوون بکرێتەوە کە شێوازی کاردابەشکردن چۆنە. واقیعییاتی کۆنکرێت لە هەر لێکۆڵینەوەیەکدا ئەو عەینییاتەن (عینة: نموونە)، کە لێکۆڵینەوەکەمان لەوانەوە دەستپێ دەکەین. بۆ ئەوەی کە بە لێکۆڵینەوەی پێکنەرە جۆراوجۆرەکانی و دۆزینەوەی پێکهێنەرە بنچینەییەکانی، جارێکی



تر هۆی بوونیان وێڕای تایبەتییە دیاریکراوەکانیان <u>ڕوون بکەینەوە</u>. بەم جۆرە "واقعییاتی کۆنکرێتی" وەک تاکبەرهەمبوونی ئابووریی ئێران، دواکەوتوویی کشتوکاڵ و شتی وا دەبێ لە لێکدانەوەی مەسەلەی وابەستەبووندا وەکوو ئەنجامگیری لێکۆڵینەوەکە خۆی دەربخا، نەک وەکوو هەنگاوی دەستپێکردن، گەرچی لە ڕاستیدا خاڵی هەنگاوهەڵهێنانەوە و سەرچاوەی تێگەیشتنی ئێمەن(9).

بەپێی ئەوە لێکۆڵینەوەیەک کە سەرمایەداریی وابەستە وەکوو کۆکردنەوەی میکانیکی نموونەی کۆنکرێت بخاتە بەرچاو، بێجگە لە ئەمپریزم (ئەزموونگەری)ی ساکار، هیچی بەسەر شێوە لێکۆڵینەوەی مارکسیستییەوە نییە.

مەسەلەیەکی دیکە ئەوەیە، کە پێکنەری جۆراوجۆر کە ئێمە لە بۆچوون و پێناسە لادەرەکان سەبارەت بە مەسەلەی گرێدراوبوون هێنامانەوە، نەک هەر پێکەوە ناتەبا نین، بەڵکوو خۆیان لە ڕاستیدا وێنەی جۆراوجۆری بۆچوونێکی گشتیی لادەرانە لە سەرمایە و ئیمپریالیزم بەدەستەوە دەدەن. خستنە بەرچاوی دروستی مەسەلەی سەرمایەداریی وابەستە و ئەو مەسەلانەی پەیوەندی پێوەیە، دەبێ لە تێگەیشتنێکی مارکسیستییەوە، لەو دەستەواژەیە واتە، لە <u>سەرمایە و ئیمپریالیزم</u>ەوە دەستپێ بکا. لە پشت ئەو فۆرموولبەندییە ساکارانەی باس کراوە، تێگەیشتنی نادرووستی خاوەنەکانی ئەو فۆرموولبەندییانە، لە دەستەواژەی وەکوو سەرمایە و ئیمپریالیزم، بە ئاشکرا بەرچاوە:

1) لە فۆرموولبەندییەکانی سەرەوەدا، لە ڕوانگەی غەیرە مارکسیستییەوە بۆ مەسەلەی سەرمایە و سیستەمی سەرمایەداری چوون. سەرمایە هەتا ڕادەی شکڵ و شێوەی خۆنواندنی سەرمایە (پوول و ئامرازی بەرهەمهێنان و کاڵا) هێنراوەتە خوارەوە و نیزامی سەرمایەداریش هەتا ڕادەی ئابووریی کاڵایی. جەوهەری بنچینەیی سەرمایە، کە بەرانبەربوونەوەی کاری کرێگرتە و سەرمایەیە، وە هەروەها بنچینەی ئابووریی نیزامی سەرمایەداری کە زاڵبوون و دەسەڵاتدارەتی "پەیوەندیی سەرمایە" بەسەر بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدایە، بە تەواوی لەبیر براوەتەوە. ئەو وابەستەبوونەی کە فۆرموولەکانی سەرەوە باسی دەکەن، ئەوپەڕەکەی دەتوانێ وابەستەبوونە ئابوورییەکەی کاڵایی (نەک سەرمایەداری) ڕوون بکاتەوە. وابەستەبوونی پوولی هیچکامیان خۆیان لەخۆیاندا وابەستەبوونی سەرمایە نین، چونکە سەرمایە ئەگەر بمانەوێ لە چوارچێوەی زانستیی ئابووریی بۆرژوایی واوەتر بچین وە بە

تێگەیشتنێکی مارکسیستییەوە چاوی لێ بکەین، شتێکە بەرزتر لە مەسەلەی پوول و کاڵا، وە یان ئامرازی بەرهەمهێنان. سەرمایە لە ڕوانگەی مارکسەوە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتییە، کە لەودا زێدەبایی بەرهەم دێت و پوول و ئامرازی بەرهەمهێنان و کاڵای بەرهەمهاتوو، هیچکامیان سەرچاوەی زێدەبایی نین. بەپێی ئەوە، ئەگەر بمانەوێ باسی وابەستەبوونی سەرمایە بکەین، دەبێ ئەو وابەستەبوونە بەڕاشکاوی لەسەر بنچینەی وابەستەبوونی پەیوەندی سەرمایە (واتە بەرانبەرکێی کاری کرێگرتە و سەرمایە یانی، پەیوەندی چەوساندنەوە و بەرهەمهێنانی زێدەبایی) بە ئیمپریالیزمەوە، ڕوون بکەینەوە. بە واتایەکی تر، پێویستە سەرەتا ئەو مەسەلەیە ڕوون بکرێتەوە کە چۆن بەرهەمهێنانی زێدەبایی لە ئێراندا بە ئیمپریالیزمەوە گرێدراوە و پاش تێگەیشتن لەوە_ لە خۆمان بپرسینەوە کە چۆن ئەو وابەستەبوونە ماهییەتی سەرمایە، شکڵ و شێوەی کۆنکرێتی ئابووریی دەوروبەرمان ڕوون دەکاتەوە. لە لایەکی تر لەبیربردنەوەی چەوسانەوەی کاری کرێگرتە و هێنانەخوارەوەی سەرمایە تا ڕادەی شکڵ و شێوەی جۆراوجۆری سەرمایە، لە هەلومەرجێکدا کە لە بناغەوە دەستەواژەی گشت سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە ئەدەبییاتی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێمە ونە، بووەتە هۆی هاتنەخوارەوەی پێناسەی ئابووریی سەرمایەداری هەتا ڕادەی "ئابووریی کاڵایی"! گشت سەرمایەی کۆمەڵایەتی ناکاتە بەرهەمی کۆکردنەوەی ماتماتیکی ئەو سەرمایانەی لە وڵاتدا هەن، بەڵکوو دەستەواژەیەکە کە پەیوەندیی بەرامبەریەکی کاری کرێگرتە و سەرمایە لە کوولی ئابووریدا دەگرێتەوە. بەم جۆرە ناکرێ باسی وابەستەبوونی نیزامی سەرمایەداری لە ئێراندا بکرێت، بێ ئەوەی قانوونمەندی ڕەوت و پێویستیی گەشە و پەرەگرتنی گشت سەرمایەی کۆمەڵایەتی و ناتەباییە دەروونییەکانی لەپێشچاو بگیرێ. پەیوەندیی بەرامبەریەکی کاری کرێگرتە و سەرمایە لە کوولی ئابووریدا، یەکەم هەنگاوی هەموو لێکۆڵینەوە و ڕوونکردنەوەیەکە کە لە مەسەلەی وابەستەبوونی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لە ئێراندا. ئەگەر نا، ئەوا هەر تەنیا وابەستەبوونی ڕواڵەتیی ئابووریی کاڵاییمان ڕوون کردووەتەوە بەس!

2) لادانی بنچینەیی دووەم، کە خۆی لە باری تیۆریکەوە لە لادانی یەکەمەوە سەرچاوەی گرتووە، دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی تێگەیشتنی لێنینی لە ئیمپریالیزم. لە فۆرموولبەندییەکانی سەرەوەدا، ئیمپریالیزم نەک وەکوو نیزامێکی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، واتە سەرمایەداری لە بەرزترین قۆناغی خۆیدا، بەڵکوو وەکوو



میکانیزمێکی دەرەوەی سنوور بۆ تاڵانگەری دەخرێتە بەرچاو. لێنین بە ڕاشکاوی بەرانبەر بەو بۆچوونەی کاوتسکی کە ئیمپریالیزم تا ڕادەی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە سەرمایەدارییە پێشکەوتووەکان دێنێتە خوارەوە، ڕاوەستاوە. دیارە کاتێک سەرمایەداریی تا ڕادەی بەرهەمهێنانی کاڵایی بێتە خوارەوە، ئیتر بۆچوونی لێنینی سەبارەت بە ئیمپریالیزم جێگای نابێ و ئیمپریالیزم وەکوو کۆمەڵێک لە پیلانی ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی کە لە دەرەوەی وڵات، بە مەبەستی "تاڵان"کردنی بەرهەمەکانی "ئابووریی کاڵایی" ئێمە دەیگێڕن، دەخرێتە پێشچاو. بۆ نموونە پێناسەی کارکردی ئیمپریالیزم وەکوو میکانیزمێکی چوونەدەرەوەی زێدەباییەک کە لە وڵاتدا بەرهەم هاتووە، پەیوەندیی ئیمپریالیزم هەتا ڕادەی چۆنیەتی دابەشکردنی جوگرافیایی زێدەبایی، وە یان خاوەندارێتی حوقووقی زێدەبایی، دێنێتە خوارەوە و لەبیری دەچێتەوە کە ئەگەر زێدەباییەک کە بەهۆی سەرمایەی مۆنۆپۆڵییەوە بەرهەم هاتووە لە ئێرانیشدا بمێنێتەوە، نەک هەر هیچ شتێک لە خەسڵەتی ئیمپریالیستیی بەرهەمهێنان و چەوساندنەوە ناگۆڕێ، بەڵکوو تونتریشی دەکاتەوە. یان تیۆری ناردنەدەرەوەی کاڵای "بنئەمباری" بێجگە لەوەی کە سەبارەت بە "بایی مەسرەفی کاڵا" دەکاتە یەک و لە بنچینەوە ئەو جیاوازییە ڕاشکاو و بنچینەییەی لەبیر دەباتەوە کە لێنین لەنێوان ئیمپریالیزم وەکوو ناردنەدەرەوەی سەرمایە لە لایەکەوە و ناردنەدەرەوەی گەڵاڵەیەکی دیکەوە دای دەنێ.

بەم جۆرە فۆرموولەکانی سەرەوە، ڕوانگەی نادروستی خۆیان لە بارەی سەرمایە، دەکێشنە سەر ئیمپریالیزمیش. لەم فۆرموولانەدا ئیمپریالیزم (کە سەرمایەداری ئەم سەردەمەیە) نیزامێکی بەرهەمهێنان نییە، یانی کۆمەڵێک لە پەیوەندی کۆمەڵایەتیی بەرهەمهێنان کە هێزە بەرهەمهێنەرەکان لەنێو دەروونی خۆیدا بپەروەرێنێ (وە یان لە قۆناغێکی دیاریکراودا مەیدانی گەشەکردنیان لێ تەنگ بکاتەوە)، نییە، بەڵکوو لە بنچینەوە نیزامیی تاڵان و وێرانگەرییە. ئیمپریالیزم لە ڕوانگەی چینی کرێکارەوە نابینن کە لەنیزامی ئیمپریالیستیدا خەریکی بەرهەمهێنانە و لە پەیوەندییەکی بەرهەمهێناندا خەریکە دەچەوسێتەوە، بەڵکوو لە ڕوانگەی توێژە ناوەنجییەکانی بۆرژوازییەوە کە لەسەر دابەشکردنی بەرهەمی ئەو چەوساندنەوەیە ململانێیەکی بێ ئەنجامیان لەگەڵ مۆنۆپۆڵدا هەیە، دەی بینن و تێی دەگەن. ئاخر ئەوە ڕێک بار و دۆخی بەرهەمهێنانە کە ئیمپریالیستییە و باندەستبوونی مۆنۆپۆڵەکان بەسەر سەرمایە غەیرە مۆنۆپۆڵەکاندا

لە چۆنیەتی دابەشکردنی گشت زێدەبایی بەرهەمهێنراو، لە هەلومەرجێکدایە کە مۆنۆپۆڵەکان بەسەر بەرهەمهێناندا زاڵن و دەسەڵاتیان بەسەریدا هەیە. کەوایە سەبارەت بە پێکنەری دووەمی پێناسەی وابەستەبوون، یانی ئیمپریالیزم، دیسان دەبێ لە پەیوەندی بەرامبەریەکی کاری کرێگرتە و سەرمایەوە، وە لە بار و دۆخی ئیمپریالیستیی ئەم پەیوەندییەوە دەستپێ بکەین و پاشان (وە دروست ئەو وەختە) بچینە سەر ئەو مەسەلەیە کە چۆن هەبوون، بەردەوامبوون و هێشتنەوەی بار و دۆخی ئیمپریالیستیی چەوساندنەوەی چینی کرێکار، چەند مەوازینێکی دیاریکراویشی بەسەر پەیوەندی بەرامبەریەکی توێژە جۆراوجۆرەکانی سەرمایە و بۆرژوازیدا سەپاندووە. تەنیا پاش تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان کار و سەرمایە، لە سەردەمی ئیمپریالیزم لە وڵاتی ژێردەستەدایە کە دەتوانین پەیوەندی بەرامبەریەکی تەکنەلۆژیک، پوولی، ئیعتیباری، بازاڕی، وە هەروەها پەیوەندی سیاسی_ ئایدیۆلۆژیکی نێوان توێژە جۆراوجۆرەکانی بۆرژوازی ڕوون بکەینەوە و لەو پەیوەندییانە بە قازانجی چینی کرێکار لە شۆڕشدا کەڵک وەربگرین.

بۆ خستنەڕووی دروستی مەسەلەی وابەستەبوون و بەدەستهێنانی هەڵوێستی سیاسیی شۆڕشگێڕانە بەو پێیە، دەبێ لە ناسینێکی دروست سەبارەت بە سەرمایە و ئیمپریالیزمەوە دەستپێ بکەین. سەرمایەداریی وابەستە، سەرمایەداریی سەردەمی ئیمپریالیزم لە وڵاتی ژێردەستەدایە. ئەمە مانای ئەوەیە کە یەکەم، لەم نیزامەدا بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی و گەشەی هێزە بەرهەمهێنەرەکان بەگشتی لە چوارچێوەی گەشەکردن و پەرەسەندنی سەرمایەدا بەڕێوە دەچێ. دووەم، ڕەوتی گشت سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە وڵاتدا لە وەڵامدانەوەی پێویستییە جیهانییەکانی سەرمایەی مۆنۆپۆڵدا، بە لەبەرچاوگرتنی دابەشبوونی ئاشکرای جیهان بە وڵاتە ئیمپریالیستییە ژێردەستەکان، لە پلەی ئابووری و سیاسیدا قەوارە دەگرێ. بەم جۆرە کاتێک باسی سەرمایەداریی وابەستە دەکەین، باسی شێوە بەرهەمهێنانێک دەکەین کە دامەزرانی سەرمایەداری سەردەمی ئیمپریالیزم لە وڵاتی ژێردەستەدا بەشوێن خۆیدا هێناوە(10). کەوایە پێش هەموو شتێک قسە لە وابەستەبوونی نیزامێکی بەرهەمهێنان لەگەڵ ئیمپریالیزمە، نەک وابەستەبوونی میکانیکی و ڕواڵەتی بەشبەشی ئەو نیزامە. ئەم خاڵە دەبێ بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە باسی سەرمایەداریی وابەستە دەکەن



ڕوونبێتەوە کە بۆچی دەڵێین سەرمایەداریی وابەستە و ناڵێین " ئابووریی ژێردەسەڵاتی سەرمایەدارانی وابەستە".

هەر وەک وتمان لە ڕوانگەی مارکسیزمەوە نیزامێکی کۆمەڵایەتی، پێش هەموو شتێک بە قانوونمەندیی دەروونی ڕەوتی خۆی دیاری دەکرێ و ئێمە لە لێکدانەوەی نیزامی سەرمایەداریی وابەستەدا دەبێ پێش هەموو شتێک لە باسی وابەستەبوونی قانوونمەندییە ئابوورییەکەی ڕەوتی ئەم نیزامە بە ئیمپریالیزمەوە و لە باسی یەککەوتنی قانوونەکانی ڕەوتی گشتیی سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە ئێران لەگەڵ قانوونەکانی ڕەوتی سەرمایەی مۆنۆپۆڵییەوە دەستپێ بکەین و پاش تێگەیشتن لە وابەستەبوون لەم پلەیەدا ئەمجار بچینە سەر باسی چۆنیەتی پەرەگرتنی هێزە بەرهەمهێنەرەکان و باسی پەیوەندییەکانی نێوان چینە ئەسڵییەکانی کۆمەڵ و چۆنیەتی دابەشبوونی گشت زێدەبایی لەنێوان توێژە جۆراوجۆرەکانی سەرمایەدا و توێژتوێژبوونەوەی نێوخۆی بۆرژوازی و توانا و لێهاتوویی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو توێژانە. بێگومان ڕوونکردنەوەی هەموو ئەو باسانەی سەرەوە نەک هەر لە چوارچێوەی ئەم کۆمەڵە نووسراوانەدا ناگونجێ، بەڵکوو لە بناغەوە لە توانای تیۆریک و لێکۆڵینەوەی گروپێکی بچووکی کۆمۆنیستی(11)دا کە ئیمکاناتیان بەرتەسکە ناگونجێ. ئەمە ئەرکێکە کە لە لێکدانەوەی ئاخردا تەماشای بکەی بەسەرشانی هەموو بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستیی وڵاتەوەیە. ئەو ئەرکەی کە ئێمە لەم نامیلکەیەدا ناومانەتە بەرانبەری خۆمان، خستنەڕووی ئوسووڵیی مەسەلەی وابەستەبوون و بەدەستهێنانی بەرهەمی سیاسیی گشتییە سەبارەت بە توانا و لێهاتوویی (وە یان بێتوانایی و لێنەهاتوویی) دیاریکراوی سیاسیی توێژە جۆراوجۆرەکانی بۆرژوازی لە ئێراندا.

چوارچێوەی گشتی لادانە باوەکان خۆی یەکەم هەنگاوی لێکدانەوەکەی ئێمە دیاری دەکا. "بەشی ئەفسانەی بۆرژوازیی میللی و پێشکەوتنخواز" بە وەبیرهێنانەوەی پایە بنەڕەتییەکانی تێگەیشتنی مارکسیستیی لێنینیستی لە سەرمایە. نیزامی سەرمایەداری و ئیمپریالیزم دەستپێ دەکا. نیازی ئێمە لەم بەشەدا دووبارەکردنەوەی دەستەواژە و پێناسە پایەییەکانی مارکسیزم لە چەشنی چەوساندنەوە، زێدەبایی، هێزە بەرهەمهێنەرەکان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و ... نابێ، بەڵکوو مەبەستمان توێژینەوە و لێکدانەوەی چوارچێوەی گشتی ئەو لادانەیە کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێ

کردووە. بۆ ئەم بەشە کتێبی کاپیتاڵ (هەر سێ بەرگەکەی) و بەشبەشێک لە "تیۆرییەکانی زێدەبایی" (بەرگی یەکەم، بەشی کاری بەرهەمهێنەر و بەرهەمنەهێنەر)، "فۆرماسیۆنەکانی ئابووریی پێش سەرمایەداری" ، "گرۆندریسە" لە مارکسەوە و "خەسڵەتنوێنی ڕۆمانتیزمی ئابووری" و "پەرەسەندنی سەرمایەداری لە ڕووسیا" و "ئیمپریالیزم وەکوو بەرزترین قۆناغی سەرمایەداری" و "کاریکاتۆری مارکسیزم و ئیکۆنۆمیزمی ئیمپریالیستی" و "ئیمپریالیزم و لەتبوون لە سۆسیالیزمدا" لە لێنینەوە، وەکوو سەرچاوەی سەرەکیی تیۆریک دەگرینە بەرچاو. پاش خستنە ڕووی مەسەلە پایەییەکان، دەچینە سەر لێکدانەوەی هەلومەرجی مێژوویی دامەزران و هەلومەرجی ئەم سەردەمەی بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەی نیزامی سەرمایەداریی وابەستە لە ئێراندا. سەرچاوەی کەڵک لێوەرگیراو بۆ ئەم بەشە لە کۆتایی نامیلکەکەی تردا دەناسێنین. ئەوەی لەم بەشەدا لێی دەکۆڵینەوە، ڕوونکردنەوەی قانوونە بنەڕەتییەکانی ڕەوتی گشت سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە وڵاتدا دەبێ و مەسەلەی توێتوێبوونەوەی دەروونیی بۆرژوازیی ئێران و ڕەخنەگری لە یۆتۆپیای سەرمایەداریی سەربەخۆ و دیموکرات. ڕەخنەگری لە بەشبەشی پێناسە و بۆچوونە لادەرەکان کە هێڵە گشتییەکانیمان لەم سەرەتایەدا باس لێ کرد، لەم بەشەدا دەیخەینە بەرچاو. پاش خستنەڕووی مەسەلە ئابوورییەکان، دەچینە سەر باسی ڕۆڵی بۆرژوازیی لیبراڵ لەم شۆڕشەی ئێستادا و بە ڕاشکاوی و بە بەڵگەهێنانەوە، ئەو خۆشخەیاڵییانەی کە سەبارەت بە دەوری سیاسی ئەم توێژە لای هەندێک لە هێزە شۆڕشگێڕەکان هەیە، دەخەینە بەرچاو. ئەو سەرچاوانەی بۆ ئەم بەشە کەڵکی لێ وەردەگرین، زۆرتر نووسراوەکانی لێنین سەبارەت بە دەوری بۆرژوازی لە شۆڕشەکانی 1905 و 1917دا دەبێ و هەروەها نووسراوە و وتارەکانی ڕابەرانی سیاسیی بۆرژوازیی لیبراڵ لە ئێران و هەڵوێستەکانی سازمانە کۆمۆنیستییەکانی وڵاتمان بەرانبەر بە ڕەوتی ئابووری و سیاسیی بۆرژوازیی بەناو میللی و ڕابەرانی سیاسیی ئەو، دەخەینە بەرچاو. دەبێ ئەوەش بڵێین کە لە ئێستاوە بەڕوونی لێمان مەعلووم نییە کە چەند نامیلکەمان بۆ بەشی "ئەفسانە ... " دەبێ و ناونیشانیان چی دەبێ. هیوادارین کە بتوانین لەگەڵ بڵاوکردنەوەی نامیلکەی دووەمدا، کە بە مەسەلەگەلی تیۆریکی گشتی تایبەتە، سەبارەت بە چۆنیەتی دابەشکردن و مێژووی بڵاوبوونەوە و سەرچاوەی کەڵک لێوەرگیراو بۆ هەر نامیلکەیەک زیاتر هاوڕێیان ئاگادار بکەین.



**پەراوێزەکان**:

1) هەرچەندە، ڕووداوە سیاسییەکانی ئەم یەکساڵەی دوایی تا ڕادەیەکی زۆر خەرمانەی موبارەکی لە نێوچاوانی بۆرژوازیی لیبراڵ سڕیوەتەوە، کە لە سایەی لادانەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستییەوە هەی بوو، گۆشەیەک لە واقیعییەتی ناشیرین و وابەستەبوونی بە ئیمپریالیزمەوە و ملهوڕبوونی ئەوی بە ئاشکرا دەرخستووە، بەڵام بێگومان ئەوە مانای تێکشکانی بۆچوون و بیروباوەڕی تێکڕا گەلی و مەنشەڤیکی (کە باوەڕ و متمانەکردن بە بۆرژوازی توێژە لیبراڵەکانی تەنیا ڕەنگدانەوەیەکێتی) نییە و پێش بەوە ناگرێ کە ئەو بۆچوون و بیروباوەڕە لە دوارۆژدا سەر هەڵداتەوە.

2) مانگی ئاخری پایز (22 ی تشرین تا 21 کانوون) مەبەست ئاخری پایزی 79 بووە.

3) ئەوانەی وتمان هەرگیز بە مانای لێکۆڵینەوەی هۆی لادانە تیۆریکەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی ئێران نییە. ئێمە هەر تەنیا یەکێک لە پێکنەرە تیۆریکەکانی ئەو لادانانەمان خستە بەرچاو. بە هەندێک سەرنجدان دەکرێ ڕەنگدانەوەی بیروڕای لادەرانەی نووسەری چەپنوێنی وەک "پۆل سوئیزی"، "پۆل باران" مۆریس داب"، " فرانک" و ... لە ئەدەبییاتی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی ئێراندا بە تایبەت لەسەر باسی ئیمپریالیزم و ئابووریی ژێردەستە بدۆزیتەوە.

4) مەبەست دەسکۆتابوونی زەحمەتکێشانی دێهاتە لە زەوی و بوونیانە بە فرۆشیاری هێزی کار.

5) مەشرووتە، نیزامی پارلەمانی بە ڕاگرتنی پاشایەتییەوە.

6) مەبەست دەوڵەتی کاتییە کە ئەو کاتە بە سەرۆکایەتی بازرگان پێک هاتبوو. و.

7) گەلێک نموونە لەو فۆرموولبەندییانەی کە باسی دەکەین لە نووسراوەکانی زۆربەی سازمانە کۆمۆنیستییەکاندا هەن. ئێمە لەم کورتە باسەدا باسی نووسراوی سازمان، یان گرووپێکی دیاریکراو ناکەین و ئەوە دێڵینەوە بۆ نامیلکەکانی دوایی و پاش خستنە بەرچاوی مەسەلە پایەییەکان، دەبێ ئەوەش بڵێین کە ئەو تێبینییانەی کە ئێمە لێرە لەسەر هەر فۆرموولبەندییەک باسی دەکەین، تەنیا بۆ وردکردنەوە و ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەو فۆرموولانەیە، نەک بۆ ڕەخنەگری لەوانە. ئەو ڕەخنە بنچینەییانە و ئەو

تێکەڵاوکردنە تیۆریکانەی کە لەم جۆرە پێناسانەدا شاردراوەتەوە، لە نامیلکەکانی دواییدا، بە وردی و بە دوورودرێژی دەخەینە بەر لێکۆڵینەوە.

8) بەم پێیە هەردوو بۆچوونەکەی سەرەوە، واتە چ ئەوانەی باسی نیزامی نیوەفیۆداڵ_ نیوەکۆڵۆنی دەکەن و چ ئەوانەی کە نیزامی بەرهەمهێنانی زاڵ لە ئێراندا بە سەرمایەداریی وابەستە دەزانن بەڵام تێگەیشتنێکی غەیرە مارکسیستی و غەیرە لێنینییان لێی هەیە، لە کردەوەدا لە باری هەڵسەنگاندنی دەوری توێژێکی دیاریکراو لە بۆرژوازی ئێران لەم شۆڕشەی ئێستادا، کە هەردووکیان پێی دەڵێن "بۆرژوازیی میللی" ئەگەنە یەک شت و بەناچار سیاسەت و تاکتیکی چۆنیەک، بەرانبەر بەو دەگرنە پێش. ئێمە لەم زنجیرە نامیلکانەدا، بۆچوونی یەکەم، واتە ئەوانەی کە حاشا لەوە دەکەن کە نیزامی سەرمایەداری بەسەر بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی لە ئێراندا زاڵە واتە، لایەنگرانی تێزی نیوەفیۆداڵ_ نیوەکۆڵۆنی نادوێنین! قسە و باسی ئێمە لەم نامیلکانەدا زۆرتر لەسەر پەردەلادان لەسەر تێکەڵاوکردنە تیۆریکەکەی بەشی دووەم (کە هیچ نەبێ بە ڕواڵەت لە ئێمە نزیکترن) دەڕوا، هۆی ئەوەی کە لەم هەلومەرجەدا ئێمە ئەم شێوەیە دەگرینە پێش ئەوەیە، کە لایەنگرانی تێزی نیوەفیۆداڵ_ نیوەکۆڵۆنی، لەچاو بۆچوونی دووەم پلەیەک لە تێگەیشتنی بار و دۆخی کۆنکرێتی ئێران دوورترن. گیروگرفتی زیاتری ئەم بەشە کە دەگەڕێتەوە بۆ شێوە لێکۆڵینەوەی نامارکسیستی ئەوەیە، کە نموونە بۆ خۆیان دادەنێن و لاسایی ئەزموونی وڵاتی دیکە دەکەنەوە. ئەمڕۆ ئەوە گرنگ نییە کە ئەوان لە سەرمایە و سەرمایەداری بە باشی تێنەگیشتوون، وە یان ژمارە و ئاماری ئابووری تەواو کامڵیان بۆ تێگەیشتن لە پایەییترین نیشانەکانی شێوەی بەرهەمهێنان لە ئێران بەدەستەوە نییە. باسکردنی ئەو لادانە، بە شێوەی ئوسووڵی تەنیا کاتێک دەست دەدا کە بۆچوونی فیکری دووەم واتە، ئەوانەی باوەڕیان بە هەبوونی نیزامی سەرمایەداریی وابەستە لە ئێراندا هەیە، بەهۆی بەدەستەوەدانی لێکۆڵینەوەی ڕوونی تیۆریک و بەڵگەدار، ئەو تێکەڵ و پێکەڵییە فیکرییەی کە هەیانە لایبەرن و بە تێگەیشتنێکی مارکسیستی_ لێنینیستی لە دەستەواژەی ئابووری و سیاسی و ئەو ڕاستییانەوە کە هەن، بەرەو ڕووی بۆچوونی یەکەم ببنەوە.

9) مارکس، "میتۆدی ئابووریی سیاسی"، گروندریسە (لە چاپی ئینگلیزی) لاپەڕەی 110.



10) ئێمە هەلومەرجی دامەزرانی سەرمایەداری بە گشتی و خەسڵەتی ئیمپریالیستی ئەو پرۆسەیە لە ئێراندا لە نامیلکەکانی دواییدا بە وردی لێک دەدەینەوە.

11) مەبەستی گروپی "سە هەند"ە لەو سەردەمەدا/ و.

وەرگێڕانی: ڕێبوار
تایپکردنەوەی: ئامانج ئەمین

*

# ئەفسانەی بۆرژوازیی میللی و پێشکەوتنخواز
# بەشی (2)

## قسەیەک لەگەڵ خوێنەران

ماوەی 9 مانگ کەوتووەتە نێوان نامیلکەی یەکەم و دووەمی "ئەفسانە ... "، کەواتە پێویستە هەر لێرەدا ئەو ڕەخنەیە لە خۆمان بگرین کە لەم ماوەیەدا قوسووریمان هەبووە. هەندێک کەموکووڕی لەوەدا هەبووە، کە ئێمە لەناو خۆماندا بە باشی کارەکانمان دابەش نەکردبوو، کە هەڵبەت پێمان وایە، ئێستا تا ڕادەیەکی زۆر چارەسەر کراوە، وە ڕەنگە ئەمە گرنگترین هۆی ئەو دواکەوتنە بووبێ. ئەوەش بڵێین، هەندێک مەسەلە کە بەپێی تەرحەکەی پێشوو، قەرار وا بوو کە لەم زنجیرە وتارانەدا باسیان بکەین، ئێستا لە نووسراوەکانی ترماندا باسیان کراوە. لێکۆڵینەوە و قسەوباس لەسەر پێشمەرجەکانی گەشەی سەرمایەداری لە ئێران کە تەوەری ئەم باسە پرۆسەی دەسکۆتاکردنی ساڵانی شەستە، وە بەپێی تەرحەکەی پێشوو، دەبووایە ببێتە ناوەرۆکی نامیلکەی چوارەمی "ئەفسانەی ... "، بە شێوەیەکی گشتی، لە کتێبی "کۆمۆنیستەکان و بزووتنەوەی جووتیاریی پاش چارەسەری ئیمپریالیستیی مەسەلەی زەوی"دا، مانگی ئاداری ساڵی 80، پێشکەش کراوە. هەر بەم جۆرە هەندێک خاڵ سەبارەت بە بەرهەمهێنان و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی تەواوی سەرمایەداریی کۆمەڵایەتی لە ئێراندا، وەک پاشکۆی کتێبی "دوورنمای فەلاکەت و هەڵچوونی سەرلەنوێی شۆڕش" ئاداری 80 نووسراوە، کە لە نامیلکەی پێنجەمی "ئەفسانە ... "دا

به درێژی له سه‌ری ده‌ڕۆین. به‌ڵام هیچ کام له‌مانه، به بڕوای ئێمه ناتوانن ببنه بیانوویه‌ک بۆ ئه‌وه‌ی ئێمه ئه‌م زنجیره وتارانه به شێوه‌یه‌کی به‌رده‌وام بڵاو نه‌که‌ینه‌وه، وه ئێمه بۆ ئه‌وه‌ی جارێکی تر به‌ڵێنه‌که‌مان دووپات که‌ینه‌وه و جه‌خت له‌سه‌ر شێلگیربوون له به‌جێهێنانی ئه‌م ئه‌رکه‌دا بکه‌ین، وه بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌گه‌ر له داهاتوودا دیسانه‌وه که‌مته‌رخه‌میمان کرد، هاوڕێیان ده‌ستیان ئاواڵه‌تر بێ بۆ ڕه‌خنه‌گرتن لێمان، له کۆتایی ئه‌م نامیلکه‌یه‌دا ته‌رحی گشتیی ئه‌م زنجیره وتارانه وه‌ک پاشکۆی ئه‌م نامیلکه‌یه پێشکه‌ش ده‌که‌ین.

به‌ڵام ئه‌گه‌رچی ئێمه ماوه‌یه‌کی دوورودرێژ نامیلکه‌کانی "ئه‌فسانه ... "مان واز لێهێنا، ڕاستییه‌کانی خه‌باتی چینایه‌تی وازیان نه‌هێنا و ده‌ستیان له گه‌رووی ئه‌فسانه‌ی بۆرژوازیی میللی به‌ر نه‌دا. ساڵێک له‌وه‌پێش، ئه‌گه‌ر که‌سێک له ڕووی دڵسۆزییه‌وه بۆ بزووتنه‌وه‌ی کرێکاری "ئیهانه"یه‌کی به "بۆرژوازیی میللی" کردبایه، ئه‌گه‌ر وتبای "بۆرژوازیی میللی" دژ به شۆڕشه، وتبای بۆرژوازی ڕێی ناکه‌وێ شانی له شانی وشه‌ی "میللی" (که له وڵاتانی ژێرده‌سته‌ی ئیمپریالیزمدا، ته‌نیا مانای "دژی ئیمپریالیست"ی لێ ده‌درێته‌وه) بدا، وه ئه‌گه‌ر که‌سێک پێشبینی خه‌یانه‌ته‌کانی (ئه‌و بۆرژوازییه‌ی) کردبا، وه وای له کرێکاران کردبا که لێی بپرینگێنه‌وه، وه ...، ئه‌و ئاشقانه‌ی که به‌رۆکیان بۆ ئه‌م داوه‌ڵه شڕه داده‌دڕی، هاواریان لێ هه‌ڵده‌ستا و به ڕێژنه ناونیتکه‌ی "سیاسی" وه‌ک، "شێوه ترۆتسکیست" و"چه‌پڕه‌و" و ئه‌م جۆره شتانه‌یان به‌سه‌ردا ده‌باراند، هه‌ڵبه‌ت ڕه‌نگه هه‌قیشیان بووبێ! تۆ بڵێی له‌وان سه‌رده‌می له مێژینه! دا، شێوه‌ی به‌رهه‌مهێنان له ئێراندا له‌گه‌ڵ ئێستا جیاواز بووبێ، قۆناغی شۆڕش جیاواز بووبێ، ده‌سته‌به‌ندییه‌کانی نێو تاقمی ده‌سه‌ڵاتدار جیاواز بووبێ، حه‌قیقه‌ت له‌گه‌ڵ ئێستا فه‌رقی بووبێ، "مارکسیزم" فه‌رقی بووبێ، وه ...!؟ به‌ڵام هه‌ر چی بووبێ ئێستا وا نییه. ئه‌و لافاوه‌ی که له خوێنی پاکی کرێکاران و زه‌حمه‌تکێشانی شۆڕشگێڕ و جه‌نگاوه‌رانی کۆمۆنیستی ئێران له سه‌رتاسه‌ری ئه‌م وڵاته، له کوردستان، بلووچستان، تورکمان سه‌حرا، خووزستان، ئیسفه‌هان، تاران و ... به "لوتف و که‌ره‌می" هه‌ر ئه‌و ئاغایه‌نه‌ی "بۆرژوازیی میللیی ئێران" له یه‌ک ساڵی ڕابوردوودا که‌وته ڕێ، بناغه‌ی خۆشخه‌یاڵییه مه‌نشه‌ڤیکییه‌کانی به‌شێکی به‌رین له کۆمۆنیسته‌کانی ئێرانی له‌قاندووه. "بۆرژوازیی میللیی ئێران " سیمای دزێو و گه‌نده‌ڵی خۆی به ئاشکرا نیشان داوه. ئه‌و به‌ڵگه و سه‌نه‌ده "که‌شف کراو"انه‌ی که نیشانی



ده‌ده‌ن، هه‌ر ئه‌م ئاغایانه سه‌فاره‌تی ئه‌مه‌ریکایان گوڵباران کرد، زۆربه‌ی هێزه‌کان ده‌خه‌نه‌وه بیری بۆمببارانی زه‌حمه‌تکێشانی کوردستان، وه ئه‌فسانه‌ی بۆرژوازیی میللی و پێشکه‌وتنخواز، به حوکمی هه‌لومه‌رجی بابه‌تیی خه‌باتی چینایه‌تی، جارێ هه‌تا نۆره‌یه‌کی تر، خرایه گۆڕه‌وه. به‌ڵێ! به ڕاستی واقعییه‌تی ڕووداوه‌کان زۆر باشتر له به‌ڵگه‌هێنانه‌وه، توانیویه‌تی کام مێشک هه‌ره وشک و ڕه‌قه، له‌گه‌ڵ حه‌قیقه‌ت ئاشنا بکا.

به‌ڵام ئه‌و <u>شێوه‌یه</u>، که به‌شێکی به‌رین له بزووتنه‌وه‌ی کۆمۆنیستی به‌رانبه‌ر به‌م "<u>ناسینه</u>" (یانی ناسینی بۆرژوازیی میللی) و گۆڕینی هه‌ڵوێستی خۆی به‌رانبه‌ر به‌و گرتوویه‌ته پێش، یه‌کجار جێگه‌ی سه‌رنجه. هه‌موومان دیتمان که چۆن زاراوه‌ی "بۆرژوازیی میللی" ئیتر به‌سه‌ر زاری بزووتنه‌وه‌ی کۆمۆنیستیدا نه‌هات. سه‌ره‌تا وشه‌ی "میللی"یان وه‌ک ئاوه‌ڵناوێکی لاوه‌کی و ته‌واوکه‌ر له پاڵ ئاوه‌ڵناوی وه‌ک "لیبراڵ"، "تایبه‌تی" و "ناوه‌نجی"یه‌وه، له‌نێو که‌وان په‌ستاوت و پاشان له ماوه‌ی نێوان دوو نامیلکه، دوو ڕاگه‌یاندن، وه یان له ماوه‌ی نێوان دوو ژماره‌ی گۆڤارێکدا، بێ ئه‌وه‌ی مته‌قیان لێ بێ، سه‌ری که‌وانه‌کانیشیان به بن گۆمدا کرد. ئه‌مڕۆ ئیتر وای لێهاتووه، که له بڵاوکراوه‌ی "ڕه‌زمه‌ندگان"، "په‌یکار"، "کار"، "نه‌به‌رد" و ته‌نانه‌ت له بڵاوکراوه‌ی "زه‌حمه‌ت"دا، زاراوه‌ی "بۆرژوازیی میللی" بۆ ده‌رمانیش وه چنگ ناکه‌وێ(1).

به‌ڵام ئایا له‌م هه‌نگاوه‌دا (که به هه‌ر حاڵ هه‌نگاوێکه به‌ره‌و پێش) هیچ ده‌سکه‌وتێکی تیۆری بۆ بزووتنه‌وه‌ی کرێکاری جێگیر کراوه؟ ئایا هیچ کام له‌و هێزانه‌ی که هه‌ڵوێستی خۆیان به‌رانبه‌ر به "بۆرژوازیی میللی" گۆڕیوه، به ڕاشکاوی ئه‌وه‌یان به بزووتنه‌وه‌ی کۆمۆنیستی ڕاگه‌یاندووه که بۆچی له ڕابوردوودا وایان بیر ده‌کرده‌وه؟ هه‌ڵه‌که‌یان له چیدا بووه؟ وه کام بۆچوونی تازه به‌رانبه‌ر به په‌یوه‌ندییه‌کانی به‌رهه‌مهێنان و په‌یوه‌ندییه‌کانی چینایه‌تی له کۆمه‌ڵدا، وه یان چ بۆچوونێک به‌رانبه‌ر به مارکسیزم بووه‌ته بناغه‌ی ئه‌م هه‌ڵوێستگرتنه‌ی ئێستایان؟ بزووتنه‌وه‌ی کرێکاری و کۆمۆنیستیی ئێران و باقی وڵاتانی ژێرده‌سته‌ی ئیمپریالیزم، چۆن ده‌توانن کارێکی وا بکه‌ن که له داهاتوودا تووشی هه‌ڵه‌ی له‌م چه‌شنه نه‌بنه‌وه؟ ئایا ئه‌و هێزانه‌ی که باسی "بۆرژوازیی میللی"یان له ده‌زگای فیکریی خۆیان ئاوا ده‌رهاویشتووه، هه‌ست به‌وه ناکه‌ن که پێویسته ئاڵوگۆڕێک له باقی به‌شه‌کانی ئه‌م ده‌زگا فیکرییه‌دا پێک بهێنن؟ وه بێگومان وه‌ڵامه‌که "نا"یه. چونکه وا دیاره هه‌موو هونه‌ری "تیۆریسینێکی باش"ی سیکتاریست له‌وه‌دایه، به جۆرێک هه‌ڵوێستی خۆی بگۆڕێ، که گا به کولانه‌دا به‌رێته

ده‌ره‌وه و هیچ که‌س پێی نه‌زانێ و هه‌تا بۆی بکرێ کارێکی وا بکا، که‌وا به‌رچاو بکه‌وێ، که هه‌ڵوێستی ئێستای گرووپه‌که‌ی یان ڕێکخراوه‌که‌ی، هه‌ر درێژه‌ی "ڕێکوپێکی" هه‌ڵوێستی پێشوویه‌تی. ئه‌م شێوه‌یه له لایه‌که‌وه بۆیه "باشه" که گرووپه‌که‌یان بێ پێز نابێ و له چالاکی ناکه‌وێ، ئه‌و کادرانه‌ی که له مه‌یدانی جۆراوجۆردا فه‌عالییه‌ت ده‌که‌ن، دڵسارد نابنه‌وه، وه بوونی تێکه‌ولێکه‌ی فیکری و خوا نه‌کرده داماوی و به‌ربه‌ستبوونی تیۆرییان به‌سه‌ردا ناچێ، وه سه‌رنجیان بۆ لای گرووپ و ڕێکخراوه‌کانی تر ڕاناکێشرێ و ده‌یان "که‌ڵکی" تری له‌م چه‌شنه‌ی هه‌یه: وه له لایه‌کی تره‌وه، ئه‌م که‌ڵکه‌شی هه‌یه که تیۆریسینه‌که‌مان هه‌میشه ده‌توانێ بێ ئه‌وه‌ی تووشی هیچ گیروگرفتێک بێ، باداته‌وه سه‌ر هه‌ڵوێسته‌کانی پێشووی، بێ ئه‌وه‌ی له‌م هاتووچۆ و بێنه‌وبه‌ره و ته‌ڕ و وشککردنه‌دا، "ڕێکوپێکی" و حورمه‌ته‌که‌ی له کیس بچێ، وه لێره‌دا ئه‌و مه‌سه‌له‌یه به لایانه‌وه هه‌ر هیچ بایه‌خێکی نییه، که بزووتنه‌وه‌ی کرێکاری و کۆمۆنیستی له هه‌ر چه‌شنه ده‌سکه‌وتێکی تیۆری بێبه‌ش ده‌مێنێته‌وه و هه‌میشه ده‌که‌وێته شوێن ڕووداوه‌کان، هه‌موو جارێک له سفره‌وه ده‌ست پێ ده‌کاته‌وه و شکست له دوای شکست ده‌بێته باری سه‌ر باری. سیکتاریزم، یانی ئه‌وه‌ی که گرووپێک به‌رژه‌وه‌ندیی خۆی به بانتر له به‌رژه‌وه‌ندیی گشت بزووتنه‌وه‌ی کرێکاری بزانێ، وه سیکتاریزمی تیۆری شێوه‌ی هه‌ره پوخت و قاڵکراوی سیکتاریزمه. بزووتنه‌وه‌ی کۆمۆنیستی ئێران که لێبڕاوانه ده‌یه‌وێ و پێویستی به‌وه هه‌یه "هه‌ڵه‌کان بکوتین"، ناتوانێ مل به‌م پێشه‌نگه بدا. پرۆلیتاریای ئێران ناتوانێ هه‌تا هه‌تایه قوربانی بدا، له خوێن و ئاره‌قه ئه‌زموون وه‌رگرێ و پێشکه‌شی بزووتنه‌وه‌ی کۆمۆنیستی بکا و له‌بری ئه‌و "ئابڕوومه‌ندیی تیۆری" وه‌ربگرێ. تیۆری ناتوانێ هه‌تا هه‌تایه چاو له دوای کرده‌وه بێ، چونکه به‌بێ تیۆری شۆڕشگێڕانه، کرده‌وه‌ی شۆڕشگێڕانه به ناچار تووشی داوکه‌وتن و شکست ده‌بێ.

به‌ڵام لایه‌نی دیکه‌ی مه‌سه‌له‌که، یانی هێشتنه‌وه‌ی هه‌ندێک کون و که‌له‌به‌ر بۆ ژیاندنه‌وه‌ی ئه‌و بۆچوونه لاده‌رانه‌ی که له‌بیر براونه‌ته‌وه یان بێده‌نگه‌یان لێ کراوه، تا ئه‌و جێگایه‌ی که به چه‌مکی "بۆرژوازیی میللی" په‌یوه‌سته، یه‌کجار گرنگه. ئه‌گه‌ر مه‌به‌ستمان له نووسینی ئه‌م نامیلکانه ته‌نیا ئه‌وه بووایه که ئه‌و وشه‌یه له ئه‌ده‌بیاتی بزووتنه‌وه‌ی کۆمۆنیستیدا نه‌مێنێ، ده‌بووایه هه‌ر ئێستا ده‌ستمان له کار هه‌ڵگرتایه و پاڵمان بدایه‌ته‌وه، وه ڕامانگه‌یاندایه که ویسته‌که‌مان به‌دی هاتووه و جێبه‌جێ بووه.



به‌ڵام خاڵی سه‌ره‌کی لێره‌دایه (هه‌ر وه‌کوو له نامیلکه‌ی یه‌که‌میشدا باسمان کرد)، چه‌مکی "بۆرژوازیی میللی" شوێنی پێک گه‌یشتنه‌وه‌ی لادانێکی بنچینه‌ییتر و ڕیشه‌دارتره. لادانێک که له شکڵ و شێوه‌ی جۆراوجۆردا خۆ ده‌نوێنن، وه چه‌مکی "بۆرژوازیی میللی" ته‌نیا شکڵێکه له‌و لادانه و ڕه‌نگه له ساڵی ڕابوردوودا ئاشکراترین شکڵی بووبێ. که‌واته، هه‌ڵوێستگۆڕین به‌رانبه‌ر به چه‌مکی "بۆرژوازیی میللی"، تا ئه‌و کاته‌ی که به ڕه‌خنه‌ی مارکسیستی به‌رانبه‌ر به ته‌واوه‌تی ئه‌و ده‌زگا فیکرییه‌ی که ئه‌م چه‌مکه به‌شێکێتی، پشت ئه‌ستوور نه‌بێ و پشت به‌م ڕه‌خنه مارکسیستییه نه‌به‌ستێ، تا ئه‌و کاته‌ی که ڕه‌خنه‌لێگرتن و وه‌لانان و ڕه‌تکردنه‌وه‌ی ئه‌م چه‌مکه، ڕه‌نگدانه‌وه‌ی جێگیربوونی حوکمه بنچینه‌یی و ئوسووڵییه‌کانی مارکسیزم لێنینیزم له زه‌مینه‌ی ئیمپریالیزم، سه‌رمایه‌داری، وه تایبه‌تییه‌کانی شۆڕشی دیموکراتیک له وڵاتی سه‌رمایه‌داریی ژێرده‌سته‌دا نه‌بێ، هیچ بایه‌خێکی پایه‌داری سیاسیی تیۆریی نابێ. ئه‌و لادانانه‌ی که تا دوێنێ له‌و بڕوایه‌دا خۆی ده‌نواند که "بۆرژوازیی میللی" له شۆڕشی ئێمه‌دا هه‌یه و ده‌ورێکی "پێشکه‌وتنخوازانه" ده‌گێڕێ، ئه‌مڕۆ له شکڵی ئه‌و تیۆرییه‌دا خۆی نیشان ده‌دا که ده‌ڕوانێته سه‌ر باڵبالْکردن و ده‌سته‌به‌ندیکردنی تاقمی ده‌سه‌ڵاتدار، وه شێوه‌ی هه‌ڵوێستگرتنی به‌رانبه‌ر به ده‌وڵه‌تی فریوده‌ری بۆرژوازی، وه سبه‌ینێ له بۆچوونی مه‌نشه‌ڤیکی و ڕێفۆرمیستی به‌رانبه‌ر به به‌رنامه‌ی کۆمۆنیستی له شۆڕشی ئێستادا، وه به تایبه‌ت له فۆرمووله‌به‌ندیی داخوازییه‌کانی پرۆلیتاریا له‌م شۆڕشه‌دا خۆ ده‌نوێنێ. درێژه‌ی ئاسایی ئه‌و لادانه بنچینه‌ییانه‌ی که بڕوا به "بۆرژوازیی میللی"، یه‌که‌م شکڵی بوو، جگه له‌وه‌ی سه‌ره‌نجام سه‌ربکێشێته سه‌لماندنی تێڕوانینی ڕێگای گه‌شه‌ی ناسه‌رمایه‌داری و تێزی سێ جیهان، هیچ ڕێگایه‌کی تری له پێشدا نییه. وه ئه‌مه ئاگادارکردنه‌وه‌ی ته‌واوی ئه‌و هێزانه‌یه که له لایه‌که‌وه ده‌یانه‌وێ سنووری نێوان خۆیان و ئه‌م تێڕوانینه دیاری بکه‌ن، وه له لایه‌کی تره‌وه هێشتا له زه‌مینه‌ی بینای ئابووریی کۆمه‌ڵ و جه‌وهه‌ر و ناوه‌ڕۆکی شۆڕشی ئێستادا، ده‌ستیان له لاساییکردنه‌وه و بۆچوونی میکانیکی هه‌ڵنه‌گرتووه.

که‌واته، ئه‌گه‌ر چی گوشاری خۆبه‌خۆی تاقیکردنه‌وه پاشه‌کشه‌ی به‌و که‌سانه کردووه که بڕوایان به ئه‌فسانه‌ی بۆرژوازیی میللی و پێشکه‌وتنخواز هه‌بوو، هێشتا بزووتنه‌وه‌ی کرێکاری و کۆمۆنیستی شکستی ئه‌م بۆچوون و تێڕوانینه‌ی تیۆریزه و جێگیر نه‌کردووه و خه‌بات له دژی ئه‌م لادانه ده‌بێ درێژه‌ی پێ بدرێ. به‌ڵام ئه‌وه‌نده

ئاشکرایە کە هەر لەبەر ئەوەی ئەفسانەی بۆرژوازیی میللی و پێشکەوتنخواز لانی کەم لەم قۆناغەدا کەمڕەنگ بووەتەوە، ئەم خەباتە دەبێ بە شێوەیەکی تر درێژەی پێ بدرێ، وە بچێتە سەر وەلانان و ڕەتکردنەوەی هەندێک شکڵ و شێوەی تری ئەم لادانە بنچینەییانە. ئەو شتەی کە خەباتی ئێمە دەبێ بچێتە سەری، بە بڕوای ئێمە لە لێکدانەوەی کۆتاییدا، مەسەلەی دیاریکردنی ناوەڕۆکی ئابووریی سەرکەوتنی شۆڕشی دیموکراتیکی ئێران لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی سەربەخۆی پرۆلیتاریاوەیە. ناوەڕۆکێک کە دەبێ هەر ئێستا کاکڵەکەی وەک داخوازیی پرۆلیتاریا لە بەرنامەی کۆمۆنیستەکاندا لەبەرچاو بگیرێ. لەم ڕوانگەیەوە، سنووری یەکلایی نێوان بۆڵشەڤیزم و مەنشەڤیزم لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێمەدا بە سەلماندن وە یان نە سەلماندنی جێوشوێن و پێویستی و دڵخوازبوونی دامەزراندنی "سەرمایەی میللی و سەربەخۆی ئێران" وەک ناوەڕۆکی سەرکەوتنی شۆڕش دیاری دەکرێ. ئۆتۆپیای سەرمایەداریی میللی و سەربەخۆ ئێستا تەنیا داردەستە جێبەجێکەرەکەی خۆی (واتە، "بۆرژوازیی میللی"ی) لە دەست داوە. وە مەنشەڤیزم بە تەمایە خودی پرۆلیتاریا بکاتە داردەست بۆ بەدیهێنانی "سەمایەداریی میللی و سەربەخۆ"، وە ئەوە بە ئەرکی سەرشانی پرۆلیتاریا دابنێ کە هەر چی کەند و کۆسپێ لەسەر ڕێگای گەشەی "سەرمایەداریی میللی"دا هەیە، لای ببات. بەرانبەر بەمە کۆمۆنیستەکان دەبێ بە تێکشکاندنی ئۆتۆپیای سەرمایەداریی میللی و سەربەخۆ بە هەموو لایەنەکانییەوە، داخوازییەکانی پرۆلیتاریا لە شۆڕشی دیموکراتیکدا، بە ڕوونترین شێوە ڕابگەیەنن و جێگیریان بکەن. ئەو داخوازییانەش لەوەوە سەرچاوە دەگرن، کە پرۆلیتاریا بۆ بزاوتی کۆتایی بەرەو سۆسیالیزم، پێویستی بە بەدیهێنانی ئەو پێشمەرجانە هەیە کە ڕێگای بۆ خۆش بکەن.

کەواتە، تا ئەو جێگایەی کە بەم زنجیرە نامیلکانەوە پەیوەستە، کارەکەمان نەک هەر کۆتایی پێ نەهاتووە، بەڵکوو لە ڕاستیدا دەبێ تازە دەست پێ بکا. ئەم نامیلکانە دەبێ بە تایبەتی خزمەت بە ڕەتکردنەوەی ئۆتۆپیای سەرمایەداریی میللی و سەربەخۆ بکەن. هەر وەکوو لە نامیلکەی پێشوودا وتمان، ئەم وتارانە بۆ لێکۆڵینەوەی دەستەواژەکان و سەرەتاکانی مارکسیزم لە مەڕ سەرمایەداری و ئیمپریالیزم دەست پێ دەکات. لەم بەشەدا، مەبەستمان دووپاتکردنەوەی پێناسە و پێناسە گشتییەکان نییە، بەڵکە دەمانەوێ ئەو دەستەواژە و پەیوەندییانە دەستنیشان بکەین کە نەبوونی دەرک و تێگەیشتنی مارکسیستی لێیان، ژێرخان و بناغەی بۆچوونی لادەرانە لەمەڕ ئەو



پەیوەندییە ئابووری_ چینایەتییانەن کە بەسەر کۆمەڵدا زاڵن. بە وتەیەکی تر، ئێمە بە سازکردنی ئامرازی تیۆری، یان باشتر بڵێین، بە بیرهێنانەوەی ئەو ئامرازە تیۆرییانەی کە ڕابەرانی مەزنی پرۆلیتاریا، مارکس، ئەنگڵس و لێنین سازیان کردووە، دەست پێ دەکەین و پاشان لە نامیلکەکانی تردا، بەپێی توانا، ئەو ئامرازانە وەک چەکێک بۆ ڕەخنەگرتن لە ئۆتۆپیای سەرمایەداریی میللی و سەربەخۆ بە دەستەوە دەگرین، لە هەمان کاتدا هەوڵ دەدەین، لە هەر قۆناغێکدا، بە لەبەرچاوگرتنی لایەنی مەعریفەتی ئەو باسەی کە دەستی پێ دەکەین، ڕیشەی تیۆریی ئەو لادانانە لە هەمان پلەی لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەدا شی بکەینەوە.

ناوی ئەو کتێبانەی لەم نامیلکەیەدا ناویان هێنراوە، بەم جۆرە کورت کراونەتەوە:

| ناوە کورتکراوەکە | ناوەکە بە تەواوی |
|---|---|
| _ بەرگی یەکەم (دووەم و ...) | سەرمایە، بەرگی یەکەم (دووەم و ... )، مارکس، لە بڵاوکراوەکانی پرۆگرێس (بە ئینگلیزی) |
| _ "ئەنجامەکان" | "ئەنجامەکانی پرۆسەی بەردەوامی بەرهەمهێنان"، پاشکۆی بەرگی یەکەم، سەرمایە، لە بڵاوکراوەکانی پنگوئن (بە ئینگلیزی) |
| _ "تیۆرییەکان" | "تیۆرییەکانی زێدەبایی" مارکس، لە بڵاوکراوەکانی پرۆگرێس (بە ئینگلیزی) |
| _ "گروندریس" | "گروندریس"، مارکس، لە بڵاوکراوەکانی پنگوئن (بە ئینگلیزی) |
| _ "ڕەخنەی ئابووریی سیاسی" | "سەرەتایەک لە ڕەخنەی ئابووریی سیاسیدا"، مارکس، لە بڵاوکراوەکانی پرۆگرێس (بە ئینگلیزی) |
| _ "پەرەسەندنی سەرمایەداری" | "پەرەسەندنی سەرمایەداری لە ڕووسیا"، لێنین (بە فارسی)، خاکەلێوەی 59 |

## ئەفسانەی بۆرژوازیی میللی و پێشکەوتنخواز (2)

### 1) دەستەواژە و چەمکە بنچینەییەکان: سەرمایەداری
### (بەشی یەکەم)

لە نامیلکەی یەکەمدا وتمان، کە ئەفسانەی بۆرژوازیی میللی و پێشکەوتنخواز، وە ئۆتۆپیای سەرمایەداریی میللی و سەربەخۆ (وە هەر بەم پێیە ئەو ڕێڕەوە ڕاسترەو و سازشکارانەیەی کە پشت بەم ئۆتۆپیایە دەبەستێ) لە سایەی سەری زاڵبوونی دوو بۆچوونی لادەرانەی بنچینەیی بەسەر بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی ئێمەدا بەڕێوە دەچن، یەکەم: دەستەواژەکانی سەرمایە و نیزامی سەرمایەداری نەک لە ڕوانگەی مارکسیستییەوە، بەڵکوو لە ڕوانگەیەکی تەواو بۆرژواییەوە چاویان لێ دەکرێ و دەرکیان پێ دەکرێ. دووەم: وە هەر لەسەر ئەم بناغەیە، لەجیاتی بۆچوونی لینینی بەرانبەر بە ئیمپریالیزم وەک باڵاترین قۆناغی سەرمایەداری، بیر و بۆچوونی ناسیۆنالیستی، کە ئیمپریالیزم بە سیاسەتی دەرەوەی زلهێزەکان دەزانێ، وە یان پێی وایە، میکانیزمێکە لەودیوی سنوورەکان بۆ تاڵانچێتی و ڕاووڕووت دانراوە. کەوایە ئاشکرایە کە ئەگەر بمانەوێ ئەم قسە و باسەمان لە قەدەر توانا هەمە لایەنە و تێر و تەسەل بێ، پێش ئەوەی بچینە سەر لێکدانەوەی چەند و چوونی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان لە ئێراندا، وە هەڵسەنگاندنی بناغەی ماددیی جووڵەی چینە جیاجیاکان لەم نیزامەدا، وە پێش ئەوەی دەست بە لێکۆڵینەوەی جەوهەر و ناوەڕۆکی شۆڕشی ئێستا و ئۆتۆپیای سەرمایەداریی میللی و سەربەخۆ بکەین، پێویستە هەڵوێستی خۆ بەرانبەر بەو دەستەواژە بنچینەییانە ڕۆشن بکەینەوە کە تێگەیشتنی غەیرە مارکسیستی لێیان، بناغەی هەموو ئەو لادانانەیە کە لە بزووتنەوەی ئێمەدا باون. کەواتە، دەبێ ئێمەش لە سەرمایە، سەرمایەداری و ئیمپریالیزمەوە دەست پێ بکەین و پێش هەموو شتێک سەرخەتی بۆچوون و تێگەیشتنی مارکسیست_ لینینستی لەو دەستەواژانە بەبیر بخەینەوە. بە تایبەت بە بڕوای ئێمە دەکرێ پرتووکاوی و پەککەوتوویی بیروباوەڕی لایەنگرانی "بۆرژوازیی میللی" (وە یان تێکەوڵێکەی فیکری ئەو کەسانەی کە لێبڕاوانە سنووری نێوان خۆیان و ئەم بۆچوونە بۆرژواییە دیاری ناکەن) هەر لێرە لە باسی دەستەواژە بنچینەییەکاندا، وە بە پەردەلادان لەسەر ئەو



مەسەلەیە کە دەزگا و ئامرازەکانی لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەیان هەر فرێ بەسەر مارکسیزمەوە نییە، تا ڕادەیەکی زۆر بخەینە بەرچاو. کەواتە، یەکەمین پرسیار کە وەبیرخستنەوەی وەڵامەکەیمان بە ئەرکی سەرشانی خۆمان داناوە ئەوەیە کە: "سەرمایە چییە و نیزامی سەرمایەداری کامەیە؟ ئاشکرایە کە وەڵامی ئەم پرسیارە بە شێوەیەکی هەرە ڕۆشن و تێر و تەسەل، لە بەرهەمە کلاسیکییەکانی مارکس، ئەنگڵس و لینیندا هەیە و وا لە بەردەستی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی ئێراندایە، وە ئەرکی ئێمە دووپاتکردنەوەی نییە، ئەو شتەی کە بە تایبەتی ئەرکی ئێمەیە، بریتییە لەوەی کە یەکەم: خۆمان بەم دەسکەوتانە تەیار کەین، وە دووەم: نیشانیشی بدەین کە چۆن ئەو بۆچوونە لادەرانانەی کە باون، تەنیا بە شێواندن و پێشێلکردن و پەردەپۆشکردنی سەرەتاکانی مارکسیزم لینینیزم توانیویانە خۆیان بە پێوە ڕابگرن.

### 1) بەرهەمهێنانی سەرمایەداری وەک یەکانگیربوونی پرۆسەی بەرهەمهێنان و پرۆسەی زۆرکردنی بایی (بەرهەمهێنانی زێدەبایی)

سەرمایەداری چییە و چۆن لە باقی نیزامەکانی بەرهەمهێنان جیا دەکرێتەوە؟ مارکس بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بە "یەکانگیربوونی پرۆسەی بەرهەمهێنان و پرۆسەی زیادکردنی بایی (بەرهەمهێنانی زێدەبایی)" دەزانێ. بۆ ناسینی جەوهەری نیزامی سەرمایەداری، دەبێ هێندێک لەو گوتەیەی مارکس وردبینەوە و زیاتر تێی فکرین.

بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی پێشمەرجی بوونی هەموو کۆمەڵگایەکە و ژێرخانی بنچینەییەتی. لایەنی هاوبەشی هەموو شێوازەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی، بە درێژایی مێژووی ئینسان، هەمان پرۆسەی فیزیکیی کارە: پرۆسەیەک کە تێیدا ئینسان بە یارمەتی ئامرازەکانی خۆی، کار دەکاتە سەر سرووشت، شکڵ و شێوەکەی دەگۆڕێ و ئەو شتانەی کە پێویستی پێیان هەیە، لە دەروونی سرووشتەوە دەردێنێ. "کار بەر لە هەموو شتێک پرۆسەیەکە لە نێوان ئینسان و سرووشتدا، پرۆسەیەک کە تێیدا ئینسان بە هەڵسووڕانی خۆی، لە میتابۆلیزمی نێوان خۆی و سرووشتدا دەخاڵەت دەکا، ڕێکوپێکی دەکا و دەیهێنێتە ژێر چاودێری و دەسەڵاتی خۆی. "(بەرگی یەکەم، لاپەڕەی 173). پرۆسەی کار، ڕێک هەر لەبەر ئەوەی لایەنی هاوبەشی هەموو شێوازەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتییە، لە شکڵە دیاریکراوەکانی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان لە هەموو قۆناغە دیاریکراوەکانی پرۆسەی مێژووی ئینسان جیایە. بە

وتەیەکی تر، لە ناخی هەموو نیزامە کۆمەڵایەتییەکاندا، پرۆسەی کار، پرۆسەیەکی هاوبەشە. "تازەترین و کۆنترین قۆناغە کۆمەڵایەتییەکان، لە دەستەواژەیەکی دیاریکراودا کە بەبێ ئەوان بەرهەمهێنان ئیمکانی نییە، هاوبەشن". (گروندریس، لاپەڕەی 85). ماکە بنچینەییەکانی پرۆسەی کار، کە جیاواز لە شێوازی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و پلەی گەشەی هێزە بەرهەمهێنەرەکان لە هەر کۆمەڵگایەکدا بنەما و بناغەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی پێک دێنن، بریتین لە: 1) کار 2) ئەو شتە یان ئەو بابەتەی کە کاری لەسەر دەکرێ 3) ئامرازەکانی کار. "کەواتە، لە پرۆسەی کاردا، هەڵسووڕانی ئینسان بەهۆی ئامرازەکانی کارەوە، دەبێتە هۆی پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ لە بابەتی کارەکەدا یانی، هەر ئەو شتەی کە لە سەرەتاوە مەبەست بووە. پرۆسەی کار لە بەرهەمدا بە ئاکامی خۆی دەگا. کار لە ئاکامی پرۆسەی خۆیدا بایی مەسرەف (consumption value) بەرهەم دێنێ، یانی هەندێک کەرەستەی خاو بە ئاڵوگۆڕێک کە بەسەر شکڵەکەیان دەهێنرێ، وایان لێ دەکرێ بۆ ئەوە بشێن کە پێداویستییەکانی مرۆڤ دابین بکەن." (بەرگی یەکەم، لاپەڕەی 177). "ئەگەر پرۆسەی کار لە ڕوانگەی ئاکامە نیهاییەکەیەوە چاو لێ بکەین، دیارە هەم ئامرازی کار و هەم بابەتی کار (مەوزووعی کار) هەردووکیان ئەجزای هۆیەکانی بەرهەمهێنانن، وە خودی کار، کاری بەرهەمهێنەرە". (هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی 176).

بە کورتی، پرۆسەی کار و بەرهەمهێنانی بایی مەسرەف بەهۆی پرۆسەی کارەوە، پێشمەرجی بوونی ئینسان و هەموو نیزامێکی کۆمەڵایەتییە. ئەم پرۆسەیە دەتوانێ لە باری مەیدانی پەرەسەندن و شکڵی عەمەلیی خۆیەوە، لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی پەرەسەندنی مێژوویی کۆمەڵگاکاندا، لایەنی جۆراوجۆری هەبێ، بەڵام لەپشت ئەم لایەن و شکڵە جۆراوجۆرانەوە، بوونی دوو هۆی سەرەکی یانی، کار و ئامرازەکانی کار، مەرجی هەرە پێویست و حاشا هەڵنەگرن. پرۆسەی کار و بەرانبەرکێی هۆیەکانی ناوخۆی ئەم پرۆسەیە (واتە کار و ئامرازەکانی کار)، بناغەی فیزیکی و ماددی هەموو نیزامێکی بەرهەمهێنانە و مارکس پێی دەڵێ: "هەلومەرجە گشتییەکانی هەر جۆرە بەرهەمهێنانێک" (وە هەر بەم پێیەش، مەرجی سەرەکیی وجوودی هەموو کۆمەڵگایەک)



بەڵام ناسینی ئەم "هەلومەرجە گشتییانە"، یانی تێگەیشتن لە پێویستبوونی وجوودی پرۆسەی کار و ئەو جێوشوێنە تەوەری و سەرەکییەی کە ئەم پرۆسەیە لە هەموو نیزامێکی کۆمەڵایەتیدا هەیەتی، خۆی لە هەمان کاتدا، کە بۆ ناسینی یاسای حەرەکەتی کۆمەڵگاکان ئوسووڵیترین خاڵی دەستپێکردنە بۆ ناسینی ئەو یاسایانە بەس نین. هێنانەگۆڕی ڕەوتی پەرەسەندنی مێژوو، وە دینامیزمی ناوخۆی حەرەکەتەکەی، وە جەخت لەسەر ئەو مەسەلەیە کە پەیوەندییەکانی کۆمەڵایەتی لەم ڕەوتی پەرەسەندنەدا، شکڵ و شێوەی جۆراوجۆر دەگرنە خۆ، وە لە هەر قۆناغێکی دیاریکراودا یاسای بزاوتی سەربەخۆیان هەیە، یەکێک لە دەسکەوتە بنەڕەتییەکانی ماتەریالیزمی مێژووییە. مارکسیزم بە پێچەوانەی هەموو ئایدیۆلۆژییە بۆرژواییەکان، کە پەیوەندییەکانی سەرمایەداری بە ئەزەلی و ئەبەدی دەزانن، ڕێک پەنجە دەخاتە سەر ئەو مەسەلەیە، کە ئەم پەیوەندییە تایبەتی قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراوە، لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا پەیدا دەبێ، حەرەکەت دەکا و بەرەو فەوتان و تێداچوون دەچێ و هەر لەم ڕوانگەیەوە لێکی دەداتەوە، دیارە کە لێکدانەوەیەکی لەم چەشنە، ناتوانێ تەنیا لەسەر بنچینەی ناسینی "هەلومەرجی گشتیی بەرهەمهێنان" دامەزرێ، چونکە قسە لەسەر یاسا سەربەخۆکانی بزاوتی کۆمەڵ لە چەند قۆناغێکی دیاریکراوی مێژووییدایە، وە "ئەم بەناو هەلومەرجی گشتیی بەرهەمهێنانە، جگە لە دەستەواژەی موجەڕەد کە هیچ کام لە قۆناغە مێژووییە ڕاستەقینەکانی بەرهەمهێنان دیاری ناکا، هیچی تر نییە". (گروندریس لاپەڕەی 88، تەئکید هی مارکسە). کەواتە، "هەر کاتێک باسی بەرهەمهێنان دەکەین، هەمیشە مەبەستمان بەرهەمهێنانە لە قۆناغێکی تایبەتیی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیدا ... بەرهەمهێنان بە گشتی خۆی تەجریدێکە، بەڵام تا ئەو جێگایەی کە لایەنە هاوبەشەکان دیاری دەکا و جەختیان لەسەر دەکا و لە دووپاتبوونەوە بەرگری دەکا، تەجریدێکی گونجاو و مەنتیقییە". (هەمان سەرچاوە، لاپەڕە 85). ئەوەی ئێمە دەمانەوێ بیزانین، بریتییە لە یاساکانی بزاوتی نیزامی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری وەکوو نیزامێکی بەرهەمهێنانی دیاریکراو، قۆناغێکی مێژوویی تایبەتی، وە ئاشکرایە کە بۆ ئەم مەبەستە، ناتوانین لێکۆڵینەوەی "هەلومەرجی گشتیی بەرهەمهێنان" (پرۆسەی کار) کە لایەنی هاوبەشی نیزامی سەرمایەداری و باقی نیزامە کۆمەڵایەتییەکانە، بە دەستەوە بگرین. بە پێچەوانەوە، دەبێ ڕێک بە شوێن ناسین و لێکۆڵینەوەی ئەو پەیوەندییە لە بەرهەمهێناندا بچین کە شێوازی بەرهەمهێنانی

سەرمایەداری لە باقی شێوازەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی، کە هەموویان لە بوونی پرۆسەی کار و بەرهەمهێنانی بایی مەسرەفدا هاوبەشن، جیا دەکاتەوە. با بزانین پێکنەرەکان و پەیوەندییە تایبەتەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری کامانەن؟

بینیمان کە لێکۆڵینەوەی بەرهەمهێنان لە خودی خۆیدا، بەبێ لەبەرچاوگرتنی پەیوەندییەکانی دیاریکراوی بەرهەمهێنان، هەر چەندیش بە ناخی پەیوەندییەکانی کار و ئامرازەکانی کاردا ڕۆچین و لێی ورد بینەوە، خۆی لە خۆیدا وەڵامی ئەم پرسیارەی ئێمە ناداتەوە، هەر بەم جۆرەش، هەڵە و بەلاڕێداچوونە ئەگەر دەستەواژەی "چەوسانەوە" بە شێوەیەکی موجەڕەد بدەینە بەر لێکۆڵینەوە. هەر وەک چۆن پرۆسەی کار، پێشمەرجی گشتی هەموو نیزامێکی بەرهەمهێنانە، بوونی زێدەبەرهەمیش (بەرهەمێکی زیاتر لە پێویستییەکانی ژیان و سازکردنەوەی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان) مەرجی پێویستە بۆ بوونی هەموو کۆمەڵگا چینایەتییەکان. گەشەکردنی هێزە بەرهەمهێنەرەکان لەناو جەرگەی کۆمەڵگا کۆمۆنییە سەرەتاییەکاندا، وە زێدەبەرهەمهێنانی، مەرجی پێویستە بۆ پەیدابوونی چینە کۆمەڵایەتییەکان، چونکە بەبێ ئەم زێدەبەرهەمە هەر ناکرێ بەرهەمی کاری چینێک لە کۆمەڵ، لە لایەن چینێکی ترەوە دەستی بەسەردا بگیرێ (چەوسانەوە). کەواتە، بوونی زێدەبەرهەم، دەتوانێ تەنیا یەکێک لە فاکتەرە سەرەکییەکانی جیاوازیی نێوان کۆمەڵگا چینایەتییەکان و کۆمۆنی سەرەتایی بێ. وە دیسانیش، ڕێک هەر لەبەر ئەوەی کە ئەمە لایەنی هاوبەشی هەموو کۆمەڵگا چینایەتییەکانە، ناتوانێ چۆنیەتی پەیوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی چینەکان لە قۆناغی دیاریکراو و جۆراوجۆری پەرەسەندنی مێژووی کۆمەڵگاکاندا بەیان بکا، وە یان یاسا ئابوورییە سەربەخۆکانی بزاوتی هەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی تر جیا بکاتەوە. چەوسانەوە بە گشتی (زەوتکرانی زێدەبەرهەمی بەرهەمهێنەران لە لایەن چینی دەسەڵاتدار، وە یان چینە دەسەڵاتدارەکانەوە)، نیزامە چینایەتییە جۆراوجۆرەکان لە یەکتر جیا ناکاتەوە. ئەو خانە دەست ڕۆیشتووەی کە سەرانە دەستێنێ، ئەو مەلایەی زەکات و سەرفیترە وەردەگرێ، ئەو دەرەبەگەی نیوەیی و دە و دوو دەبا، ئەو سەرمایەدارەی قازانج دەرفێنێ و ئەو سەلەمخۆرەی سەلەم دەخوا، هەریەکەی بەشێک لە بەرهەمی کاری کۆمەڵایەتی کە خۆیان هیچ دەورێکیان لە پرۆسەی بەرهەمهێنانیدا نەبووە، دەبەن. هەر بەم جۆرەش ئەو کۆیلەیەی کە خۆی بۆ خاوەنەکەی دەپرووکێنێ، ئەو ڕەعیەتەی کە بێگاری دەکا و ئەو کرێکارەی



کە هێزی کاری خۆی "ئازادانە" لە بازاڕدا بە سەرمایەدار دەفرۆشێ، هەموویان، سەرەڕای ئەوەی بەرهەمهێنەرانی سامانی کۆمەڵن، هەر ئەو لانی کەم بژێوەیان پێ دەبڕێ کە لە هەر قۆناغێکی دیاریکراو لە کۆمەڵدا، بە ئاشکرا یان لە پەناوە بە ڕەسمی دەناسرێ، وە لەمە زیاتر بەشیان بەسەر هیچی ترەوە نییە. کەواتە، جیاوازیی قۆناغە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکان لە مێژووی کۆمەڵگا چینایەتییەکاندا، لە بوون وە یان نەبوونی چەوساندنەوە و مشەخۆریدا نییە، بەڵکوو لەو پەیوەندی و قانوونمەندییە تایبەتە ئابوورییەدایە کە چەوساندنەوە و مشەخۆری لە هەر قۆناغێکی دیاریکراودا، لە چوارچێوەی دیاریکراو و سەربەخۆیدا شکڵ دەگرێ. مارکس فاکتەری سەرەکیی جیاوازی نێوان کۆمەڵگا چینایەتییە جۆراوجۆرەکان بە کورتی بەم جۆرە دەخاتە ڕوو: "ئەوەی فۆرماسیۆنە ئابوورییە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگاکان لێک جیا دەکاتەوە ... شکڵێکە کە تێیدا ئەم کارە زیادییە لە بەرهەمهێنەری ڕاستەوخۆ_ کرێکار (بە مانا گشتییەکەی) دەکێشرێتەوە (بەرگی یەکەم، لاپەڕەی 209). کەواتە، ئەوەی سەرمایەداری دەکاتە سەرمایەداری، ئەوە نییە کە ئەم نیزامە، نیزامێکی بەرهەمهێنانە و تێیدا ئینسان بە یارمەتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، بایی مەسرەف دروست دەکا، چونکە ئەمە خەسڵەتی هەموو کۆمەڵگاکانی ئینسانییە: دیسانیش، سەرمایەداری بەم فاکتەرە جیا ناکرێتەوە کە لەم نیزامەدا، لە بەرهەمهێنەران_ کرێکاران (بە مانا گشتییەکەی)_ زێدەکار دەکێشرێتەوە و زێدەبەرهەم دەچێتە گیرفانی ئەو کەسانەوە کە خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانن، چونکە ئەمەش خەسڵەتی هاوبەشی هەموو نیزامە کۆمەڵایەتییە چینایەتییەکانە. ئەو شتەی کە جەوهەرێکی جیاواز و یاسایەکی سەربەخۆ بە سەرمایەداری دەدا، شێوەیەکە کە هەر تایبەت بە خۆیەتی و بەپێی ئەم شێوەیە، زێدەبەرهەم لەم نیزامەدا، لە لایەن ئەو کەسانەوە کە خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانن، دەستی بەسەردا دەگیرێ. ئەم شکڵ و شێوەیە جگە لە بەرهەمهێنانی زێدەبایی هیچی تر نییە. بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، نیزامێکە کە تێیدا "پەیوەندیی سەرمایە" یانی، "پرۆسەی بەرهەمهێنانی زێدەبایی" بەسەر بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا زاڵ دەبێ و پرۆسەی کۆمەڵایەتیی کار لە چوارچێوەی پەرەسەندنی سەرمایە (بەرهەمهێنانی زێدەبایی)دا دەبەسترێتەوە. پێش ئەوەی بچینە سەر باسی هەلومەرجی زاڵبوونی سەرمایە بەسەر بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا، پێویستە هەندێک لە خودی "پەیوەندیی سەرمایە" یانی، پرۆسەی بەرهەمهێنانی زێدەبایی ورد بینەوە:

ئەوەی کە زێدەبەرهەم وەک زێدەبایی خۆی بنوێنێ، بەر لە هەموو شتێک پێویستی بەوە هەیە کە بەرهەمەکانی پرۆسەی کار (پرۆسەی بەرهەمهێنان) وێڕای بایی مەسرەف، باییشیان هەبێ، واتە بووبن بە کاڵا. بەم جۆرە، هەم لە ڕوانگەی شیکارییەوە، هەم لە باری گەشە و پەرەسەندنی مێژوویی دەستەواژە و دیاردە و پەیوەندییە ئابوورییەکانەوە، بوونی کاڵا دەکەوێتە پێش سەرمایەوە(2). بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، شێوازی گەشەکردوو و پەرەسەندووی بەرهەمهێنانی کاڵاییە. بەرهەمهێنانی کاڵایی کە تێیدا بەرهەمهێنەرانی سەربەخۆ کە خاوەنی ئامرازی کاری خۆیانن (وە یان بازرگانەکان)، بەرهەمی خۆیان (وە یان زێدەبەرهەمی بەرهەمهێنەرانی تر) لە بازاڕدا دەگۆڕنەوە، خۆی ڕیشەیەکی مێژوویی هەیە. ئەم شێوازەی بەرهەمهێنان، لە پاڵ نیزامەکانی بەرهەمهێنانی پێش سەرمایەداریدا، گەشە دەکا و بەرەبەرە گەرای ئەو ئۆرگان و پەیوەندییە ئابوورییانە کە لە دواییدا لە نیزامی سەرمایەداریدا دەبنە تەوەری سەرەکیی پەیوەندییەکانی حاکم_ وەک پارە، بازاڕ، جیابوونەوەی مانیفاکتۆر لە کشتوکاڵ، پەرەی بازرگانی ..._ دروست دەکا. هەر لە سەرەتاوە لە چوارچێوەی بەرهەمهێنانی کاڵاییدایە کە بەرهەمەکانی پرۆسەی کار جگە لە بایی مەسرەف، پێکنەری باییشیان تێدایە، کاڵا یەکانگیربوونی بایی مەسرەف و باییە، وە بەرهەمهێنانی کاڵا، "یەکانگیربوونی پرۆسەی کار و پرۆسەی بەرهەمهێنانی باییە". بەڵام لە بەرهەمهێنانی کاڵاوە هەتا بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، چ لە ڕوانگەی شیکارییەوە و چ لە باری پەرەسەندنی مێژووییەوە، ڕێگایەکی دووردودرێژە. لە ڕوانگەی شیکارییەوە، مارکس بە کورتی ئاوا باسی ئەم جیاوازییە دەکا: "پرۆسەی بەرهەمهێنان، هەر کاتێک وەک یەکانگیربوونی پرۆسەی کار و پرۆسەی بەرهەمهێنانی بایی لەبەرچاو بگیرێ، هەمان پرۆسەی بەرهەمهێنانی کاڵایە، وە هەر کاتێک وەک یەکانگیربوونی پرۆسەی کار و پرۆسەی زۆرکردنی بایی (بەرهەمهێنانی زێدەبایی) لەبەرچاو بگیرێ، بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، وە یان بە وتەیەکی تر، شێوازی سەرمایەداریی بەرهەمهێنانی کاڵایە." (بەرگی یەکەم، لاپەڕەی 191). لە بەرهەمهێنانی کاڵاییدا، قسە لەسەر بەرهەمهێنانی باییە و لە بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا، لەسەر بەرهەمهێنانی زێدەبایی. گرنگی ئەم جیاوازییە لە چیدایە؟

1) ئایا پرۆسەی بەرهەمهێنانی زێدەبایی، هەمان پرۆسەی بەرهەمهێنانی بایی نییە، کە تا ڕادەیەکی دیاریکراو فراوان کرابێتەوە؟ وە



2) ئایا بەم جۆرە، جیاوازیی نێوان بەرهەمهێنانی کاڵایی و بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، تەنیا جیاوازییەکی چەندایەتی نییە؟

لە بابەت پرسیاری یەکەمەوە دەبێ بڵێین، کە بێگومان لە نیزامی سەرمایەداریدا وایە(3). پرۆسەی بەرهەمهێنانی زێدەبایی، هەمان پرۆسەی بەرهەمهێنانی باییە کە زیاتر لە "ڕادە"یەکی دیاریکراو پەرەی پێ درابێ، بەڵام لەو جێگایەدا کە بەرهەمهێنانی بایی لە نیزامی کاڵاییدا لەگەڵ بەرهەمهێنانی زێدەبایی_ کە تایبەتی نیزامی سەرمایەدارییە_ بەراورد بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە بۆ بەدیهاتنی ئەوەی دووەم (واتە بەرهەمهێنانی زێدەبایی)، بوونی هەلومەرجێکی بابەتیی دیاریکراو پێویستە، کە هەر لە بنەڕەتەوە لە نیزامی بەرهەمهێنانی کاڵاییدا نییە. تەوەرەی سەرەکی ئەم هەلومەرجە بابەتییە، بریتییە لە بەکاڵابوونی هێزی کار. بۆ ئەوەی زێدەبەرهەم وەکوو زێدەبایی خۆی بنوێنێ، هەر ئەوەندە بەس نییە کە بەرهەمەکانی پرۆسەی کار وێڕای ئەوەی بایی مەسرەفن، باییش بن (واتە ببن بە کاڵا)، بەڵکوو دەبێ "هەلومەرجی گشتیی بەرهەمهێنان" (کار و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان)یش ببن بە کاڵا. بۆ ئەوەی پرۆسەی کار ببێتە پرۆسەی ڕووبەڕووبوونەوە و کار و کارتێکردنی دوو جۆرە کاڵا، وە لەم ڕێگایەوە هۆیە سەرەتاییەکانی پرۆسەی کار بتوانن باییان ببێ. ئامرازەکانی کار، هەر لە هەمان بەرهەمهێنانی کاڵاییشدا، بۆ ئەوە دەبن کە تا ڕادەیەکی بەرچاو ببن بە کاڵا، بەڵام بەکاڵابوونی کار (وە یان باشترە بڵێین، هێزی کار)، وە سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی هێزی کار وەک کاڵایەک، ڕێک هەر هەمان پرۆسەیە کە مەرجی پێویستە بۆ بەرهەمهێنانی زێدەبایی، وە کرۆکی تایبەتیی نیزامی سەرمایەدارییە. هەر لێرەدایە کە لە گرنگی ناساندنی سەرمایەداری وەک "بەرهەمهێنانی کاڵاییی پەرەپێدراو" تێدەگەین، چونکە تا ئەو کاتەی "بەکاڵابوون" هێزی کاریش ئەگرێتە خۆ، بەرهەمهێنانی کاڵایی نابێتە بەرهەمهێنانی سەرمایەداری. بەم جۆرە وەڵامی پرسیاری دووەم هەر لە ئێستاوە ڕوونە. جیاوازیی نێوان بەرهەمهێنانی کاڵایی و بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لە باری لێکدانەوە و شرۆڤەوە، بە هیچ جۆرێک جیاوازییەکی چەندایەتی نییە. سەرمایەداری هەر تەنیا نیزامێک نییە کە تێیدا بەرهەمهێنانی کاڵایی پەرەدارتر بووبێ، وە یان بۆ نموونە کاڵایەکی زیاتر بێتە بەرهەم، قسە لەسەر بەکاڵابوونی گرنگترین دیاردەی ئابووری_ واتە، هێزی کار_ و تیۆری بەرهەمهێنانی زێدەباییە. لە باری مێژووییەوە، هەر وەکوو باسمان کرد، بەرهەمهێنانی کاڵایی و بەرهەمهێنانی

سەرمایەداری، مەودایەکی زۆریان لە نێواندایە و ئێستا ئیتر ئاشکرایە بۆچی وایە، گۆڕانی بەرهەمهێنانی کاڵایی بە بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، لە گرەوی ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و مێژووییەدایە کە زەمینە بۆ ئەوە پێک دێنێ، هێزی کار ببێتە کاڵا، وە دەیکاتە کاڵا. مێژووی سەرهەڵدانی سەرمایە، مێژووی سەرهەڵدانی کاری کرێگرتەیە لەنێو جەرگەی پەیوەندییەکانی دیلیهێنەری فیۆدالییەوە. مێژووی زەوتکردنی خاوەندارێتی لە بەرهەمهێنەرانی ڕاستەوخۆ و جیابوونەوەی وەرزێران لە زەوی، هەر ئەو مێژووەیە کە بە وتەی مارکس، "لە ڕۆژژمێری ژیانی مرۆڤایەتیدا، بە پیتی ئاگر و خوێن نووسراوە" (بەرگی یەکەم، لاپەڕەی 669).

بەرانبەرکێی کاری کرێگرتە و سەرمایە، وە بەرهەمهێنانی زێدەبایی لەسەر ئەم بنچینەیە، جەوهەری "پەیوەندیی سەرمایە"یە. لەگەڵ ئەوەدا کە هێزی کار بە ڕادەیەکی بەرین لە کۆمەڵدا دەبێتە کاڵا، پەیوەندیی سەرمایە بەسەر بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا زاڵ دەبێ. وە کاتێک سەرمایە بەسەر بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا زاڵ بوو، یاسا ئابوورییەکانی بزاوتی کۆمەڵیش، خەسڵەتی تەواو سەرمایەدارانە دەگرنە خۆیان. دەستەواژە و پەیوەندی وەک پرۆسەی بەرهەمهێنان، کاڵا، پارە، بازاڕ و ئەم جۆرە شتانە کە لە باری شیکاری و مێژووییەوە، پێشمەرج و زەمینەی سەرهەڵدانی سەرمایە و بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بوون، ئێستا ئیتر بە پشتئەستووری سەرمایە و بەپێی یاساکانی بزاوتی سەرمایە، مەوجودییەت پەیدا دەکەن و جێگیر دەبن. "تەنانەت ئەو دەستەواژە ئابوورییانەی کە لەگەڵ شێوازە ئابوورییەکانی پێشوو دەهاتنەوە و بۆ ئەو شێوازە ئابوورییانە لەبار بوون، لە نیزامی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا خەسڵەتێکی مێژوویی تازە و تایبەت دەگرنە خۆ" (ئەنجامەکان، لاپەڕەی 950). سەرمایە داغ و مۆری خۆی بە هەموو پرۆسەی کارەوە دەنێ. پەیوەندیی نێوان ئینسان و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، لە "پەیوەندیی نێوان ئەو شتانەدا کە سەرمایەدار کڕیویەتی، ئەو شتانەی کە هی سەرمایەدارن" خۆ دەنوێنێ. وە پرۆسەی کار، کە پێشمەرجی بوون و مانی کۆمەڵگای ئینسانییە، تەنیا دەبێتە هۆیەکی پێویست بۆ بەرهەمهێنان و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوە و کەڵەکەکردنی سەرمایە، وە ئەمجار بەرفراوانبوون و پەرەگرتن و چۆنیەتی پرۆسەی کار، خۆی لەگەڵ پێویستییەکانی بزاوتی سەرمایە ڕێک دەخەن. بەرهەمی پرۆسەی کار یانی، بایی مەسرەف کە پێداویستییە کۆمەڵایەتی و ئینسانییەکان دابین دەکا، لێرەدا، لەبەر ئەوەی



هەڵگری فیزیکیی بایی، وە نەک هەر بایی، بەڵکوو زێدەباییە، دەبێتە شتێکی گرنگ و بەرهەم دێ. "بایی مەسرەف بێگومان ئەو شتە نییە کە بەرهەمهێنانی کاڵای بە شوێندا دێ، سەرمایەداری تەنیا لەبەر ئەوە، وە تەنیا تا ئەو جێگایە بایی مەسرەف بەرهەم دێنێ، کە بایی مەسرەف هەڵگری ماددی بایی گۆڕینەوەیە. سەرمایەداریی ئێمە دوو مەبەستی هەیە: یەکەم، دەیەوێ ئەو بایی مەسرەفە بەرهەم بێنێ کە خاوەنی بایی گۆڕینەوە بێ، یانی شمەکێک بێ بۆ فرۆشتن، یانی کاڵا بێ. وە دووەم، دەیەوێ کاڵایەک بەرهەم بێنێ کە لەچاو بایی گشت ئەو کەرەستانەی کە بە بەرهەمهێنانی ئەو کاڵایە کەڵکی لێ وەرگیراوە و لە کار کراوە. یانی باییی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و ئەو هێزی کارەی کە بە پارەی خۆی لە بازاڕی ئازاد کڕیویەتی. باییەکی زیاتری هەبێ، مەبەستی سەرمایەدار هەر تەنیا ئەوە نییە کە بایی مەسرەف بەرهەم بێنێ، بەڵکوو مەبەستی ئەوەیە کاڵا بەرهەم بێنێ. نەک تەنیا بایی مەسرەف، بەڵکوو بایی وە دیسانیش نەک هەر بایی، بەڵکوو هەروەها زێدەبایی" (بەرگی یەکەم، لاپەڕەی 181).

بەم جۆرە پرۆسەی کار لە باری مەبەست (دەستخستنی قازانج) و هەلومەرج (بەکاڵابوونی هۆیەکانی بەرهەمهێنان) و یاساکانی گەشەوە (یاساکانی کەڵەکەبوونی سەرمایە)، خەسڵەتێکی تەواو سەرمایەدارانە دەگرێتە خۆی.

بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، "تەنانەت بەو دەستەواژە ئابوورییانەش کە لەگەڵ نیزامی پێشوو دێنەوە"، ناوەڕۆکێکی تازە دەبەخشێ. دابەشکردنی کار، کاڵا، بازاڕ، پارە، وە بازرگانیش کە خۆیان زەمینەی هاتنە سەر دەوری نیزامی سەرمایەداری بوون، لەم سووڕی گۆڕانە ناوخۆییە بێبەری نەبوون. کاڵا کە لە پەراوێزی نیزامەکانی بەرهەمهێنانی پێش سەرمایەداریدا بەرەنجام و دیاردەی گۆڕینەوەی بەرهەمی بەرهەمهێنەرانی سەربەخۆ، وە یان زێدەبەرهەمی خودی ئەو نیزامانە بووە، (لە نیزامی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا) دەبێتە شێوازی گشتی و سەرەتایی هەموو بەرهەمەکانی کاری کۆمەڵایەتی و "خەسڵەتی تایبەتیی سەردەمی سەرمایەداری ئەوەیە کە هێزی کار لەبەر چاوی خودی کرێکار، لە شێوەی کاڵایەکدا خۆی دەنوێنێ کە هی خۆیەتی، لە ئاکامدا کارەکەی دەبێتە کاری کرێگرتە. لە لایەکی ترەوە، هەر لەو کاتەوەیە کە بەرهەمی کار بە گشتی دەبێتە کاڵا" (بەرگی یەکەم، لاپەڕەی 167). هەر بۆئەوەی هەموو بەرهەمەکانی پرۆسەی کار شکڵی کاڵایی بە خۆوە بگرن، پێویستە سەرمایە کاردابەشکردنی تایبەتیی خۆی بەسەر بەرهەمهێناندا زاڵ بکا: "بۆ ئەوەی

پێویست بێ هەموو بەرهەمێک شکڵی کاڵا بە خۆیەوە بگرێ، وە بۆ ئەوەی بۆ دەستبەسەرداگرتنی، پێویستی بەوە هەبێ کە بەرهەمەکە لە خۆ دوور کرێتەوە، پێویستە کاردابەشکردنێکی کۆمەڵایەتیی تەواو پێشکەوتوو لە گۆڕدا بێ و لە هەمان کاتدا هەر لەبەر ئەمەیە، یانی تەنیا لەسەر بنچینەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، وە لەم ڕێگایەوە، لەسەر بنچینەی کاردابەشکردنی سەرمایەدارانە لە کارگاکاندایە کە هەموو بەرهەمەکان شکڵی کاڵایی دەگرنە خۆ، وە هەموو بەرهەمهێنەران هەر دەبنە بەرهەمهێنەرانی کاڵا. کەواتە، تەنیا بە سەرهەڵدانی سەرمایەدارییە کە بایی گۆڕینەوە دەبێتە هۆی جیهانداگر و گشتیی بایی مەسرەف" (ئەنجامەکان، لاپەڕەی 951/ تەئکیدەکان هی مارکسە).

بازاڕ و بازرگانی کە تا ئەم قۆناغە لە سەر بنچینەی سووڕی کاڵاکان گەشەیان دەکرد و پەرەیان دەستاند، لەگەڵ زاڵبوونی سەرمایە دەگۆڕێن و دەبن بە هەندێک دەزگا و پەیوەندی، کە زێدەبایی لە چوارچێوەی ئەواندا بەدی دێ. سووڕی کاڵا، دەبێتە پاشکۆی سووڕی سەرمایە و گۆڕانی لە شکڵی کاڵاییەوە بۆ شکڵی پارە و بە پێچەوانەوە. پارە، کە لە ڕەوتی گەشە و پەرەگرتنی بەرهەمهێنانی کاڵایی و گۆڕینەوەدا و ڕاستەوخۆ لە پەیوەند لەگەڵ سووڕی کاڵاکاندا سەری هەڵداوە، وە وەک بەیانی سەربەخۆ و ڕوو لە دەرەوەی بایی، دەوری هۆی گۆڕینەوە، پێوانەی بایی و ئامرازی (پارە)دان دەگێڕا، لەگەڵ زاڵبوونی سەرمایە، دەورێکی تەواو تازەی گرتە خۆ. ئێستا پارە، یەکێک لە شکڵە دیاریکراوەکانی سەرمایە و "بیلقووەی سەرمایە"یە." پارە، کە خۆی تەنیا شکڵێکە لە کاڵا، تەنیا کاتێک دەبێتە سەرمایە کە هێزی کاری کرێکار بۆی بووبێ بە کاڵا" (ئەنجامەکان، لاپەڕەی 950).

بەم جۆرە، لە گەڵ بەکاڵابوونی هێزی کار، بەرهەمهێنانی کاڵایی بە ناچار، بۆ بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دەگۆڕێت، وە بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بەش بە حاڵی خۆی، بەرهەمهێنانی کاڵا لە هەموو لایەنەکانیدا لەسەر بنچینەیەکی تەواو جیاواز لە بەرهەمهێنانی کاڵایی سادە، وە لەسەر بنچینەی یاسا و تایبەتییەکانی خۆی دادەمەزرێنێ:

"ئەم سێ خاڵە یەکجار گرنگن:

1) بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، یەکەمین نیزامە کە کاڵا دەکاتە شکڵی گشتیی هەموو بەرهەمەکان.



2) لەو کاتەوە کە کرێکار ئیتر خۆی بەشێک لە هەلومەرجی بەرهەمهێنان نەبێ ... بە کورتی، کاتێک کە هێزی کار بە گشتی بووبێتە کاڵا، بەرهەمهێنانی کاڵا بە ناچار دەبێتە بەرهەمهێنانی سەرمایەداری.

3) بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بنچینەی بەرهەمهێنانی کاڵاییە تا ئەو جێگایەی کە ئەوەی دووەم (بەرهەمهێنانی کاڵایی) پێویستی بە بەرهەمهێنانی فەردی سەربەخۆ و گۆڕینەوەی کاڵاکان لەنێو خاوەنەکانیاندا هەیە، یانی تا ئەو جێگایەی کە لەسەر بنچینەی گۆڕینەوەی هاوتا (معادل)کانە، لەناو دەباو گۆڕینەوەی ڕواڵەتیی سەرمایە و هێزی کار دەبێتە گشتی" (ئەنجامەکان، لاپەڕەی 951).

بە کورتی، نیزامی سەرمایەداری بە دوو لایەنی بنچینەیی گشتی و تایبەت دیاری دەکرێ. یەکەم: لە ئاستی گشتیدا، لەپێشدا نیزامێکی بەرهەم هاوردەیە، یانی وەکوو هەموو نیزامێکی تری کۆمەڵایەتی، پرۆسەی کۆمەڵایەتیی کار و بەرهەمهێنانی بایی مەسرەف دەگرێتە بەر، دووەم: نیزامێکی چینایەتییە یانی، تێیدا وەکوو باقی نیزامە چینایەتییەکانی تر، زێدەبەرهەمێکی زیاتر لەو ئەندازەیەی کە بۆ وەڵامدانەوە بە پێداویستییەکانی بەرهەمهێنانەوەی هەلومەرجی گشتیی کار (کار و ئامرازەکانی کار) بەرهەم دێ، وە ئەم زێدەبەرهەمە لە لایەن چینێکەوە غەیری بەرهەمهێنەرانی ڕاستەوخۆ، دەستی بەسەردا دەگیرێ. سێیەم: نیزامێکی کاڵاییە، یانی بەرهەمەکانی پرۆسەی کار جگە لە بایی مەسرەف، خاوەنی پێکنەری بایی و شکڵی بایی گۆڕینەوەشن. لەم ڕوانگەیەشەوە، سەرمایەداری نیزامێکی تاقانە نییە، چونکە بوونی بایی و بایی گۆڕینەوە بەرەنجامی بەرهەمهێنانی کاڵاییشە. پێکنەری تایبەتی و هەروەها جەوهەری تایبەتیی نیزامی سەرمایەداری، بەرهەمهێنانی زێدەباییە، کە لەسەر بنچینەی بەکاڵابوونی هێزی کار و بەرانبەرکێی کاری کرێگرتە و سەرمایە سەر هەڵدەدا. "لێرەدا پرۆسەی نەپساوەی بەرهەمهێنان هەمیشە یەکانگیربوونی بێ هەڵوەشانەوەی پرۆسەی کار و پرۆسەی زۆرکردنی باییە، ڕێک هەر بەو شێوەیەی کە کاڵا، یەک شتە و لە یەکانگیربوونی بایی مەسرەف و بایی گۆڕینەوە پێک هاتووە" (ئەنجامەکان، لاپەڕەی 952/ تەئکیدەکان هی مارکسن). بەم جۆرە بەرهەمهێنانی سەرمایەداری نیزامێکە کە تێیدا، لەگەڵ بەکاڵابوونی هێزی کار و بەرهەمهێنانەوەی بەردەوامی ئەم "کاڵا"یە، وە لە گەڵ قەرارگرتنی پرۆسەی کار لە ئەڵقەی بەرهەمهێنانەوەی سەرمایەدا، زێدەبەرهەمی پرۆسەی بەرهەمهێنان وەک زێدەبایی لە

لایەن چینی چەوسێنەری سەرەکیی کۆمەڵ (سەرمایەدار)ەوە دەستی بەسەردا دەگیرێ.
بەرهەمهێنانی زێدەبایی لەسەر بنچینەی چەوساندنەوەی کاری کرێگرتە، بناغە و کرۆکی هەموو نیزامێکی سەرمایەدارییە، چ لە وڵاتی میترۆپۆڵ و چ لە وڵاتانی ژێردەستە. ڕەنگە بڵێین ئەم حوکمە بناغەییەی مارکسیزم، ئیتر پێویستی بەوە نەبوو کە ئەو هەمووەی لە سەر بڕۆی، بەڵام ئەگەر ئەو بۆچوونانە کە بەرانبەر بە مەسەلەی "وابەستەیی" (یانی، جۆری سەرمایەداری لە وڵاتی ژێردەستەدا) باون، وە بە کورتی لە نامیلکەی یەکەمدا ئاماژەمان پێ کردن، دەورە بکەینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە دووپاتکردنەوە و جەختکردن لەسەر ئەم حوکمە سەرەتاییەش هەر پێویستە، چونکە ئەوەی پێش هەموو شتێک بەرچاو دەکەوێ ئەوەیە، کە لەم بۆچوونەدا ڕێک هەر ئەم حوکمە سەرەتاییەی مارکسیزم لەبیر براوەتەوە.
لە نامیلکەی یەکەمدا وتمان، ئەو بۆچوون و گوزارشتانەی کە باون، لەسەر بنەمای ئەو شکڵە کۆنکرێت و دیاریکراوانەوە ئاماژە بە "وابەستەیی" ئێرانی ئەمڕۆ دەکەن. بە وتەیەکی تر، ئەم بۆچوونانە، وابەستەبوونی سەرمایە لە ئێراندا، لە ڕووی ئاماژەکردن بە هەندێک موشاهەدەی وەک وابەستەیی تەکنیکی (وابەستەیی بە ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی وڵاتانی دەرەوە)، وابەستەیی پارە (وابەستەبوون بە سەرچاوەکانی پارە و ئیعتیبار(credit)ی دەرەکی)، وابەستەیی بازاڕیی (وابەستە بوون بە بازاڕی دەرەوە) و ... دەناسێندرێ. نیزامی بەرهەمهێنانیش بە پێی ئەوەی "سەرمایەدارانی وابەستە" دەسەڵاتیان بەسەر ئابووری و سیاسەتدا هەیە، پێناسە دەکرێ. ئاراستەی بزاوتی ئەم نیزامە، وابەستەبوونی هەر چی زیاتر، تاڵانی سامانی میللی، گەشەی نارێک و ناهاوسەنگی کاردابەشکردنی کۆمەڵایەتی، بەرهەمنەهاتنی کەلوپەلی "پێویست" و کڕین و بەرهەمهێنانی کاڵای بێ کەڵک و بەکار نەهاتوو، نەبوونی پیشەسازیی دایک و بە گشتی "غەیرە سەنعەتیبوون"، تێداچوونی کشتوکاڵ و بە کورتی نەبوونی خۆبژێوی و نەبوونی دینامیزمی سەربەخۆی گەشەکردنە. بۆرژوازی "میللی"ش هەر بە پێچەوانەکردنەوەی ئەم فاکتەرانەی سەرەوە "دادەتاشرێ". کە گوایە توێژێک لەو سەرمایەدارانەی کە کەمتر و کەمتر لە باری پارە و تەکنیک و بازاڕەوە بە دەرەوە وابەستەن و ئەگەر ئیمپریالیزمی لەخۆبایی ڕێی لێ نەگرتبان، ئێرانێکی ئاوەدان، سەربەخۆ، ڕێکوپێک، خۆبژێو و پڕ لە کاڵای "بە کەڵک"یان دروست دەکرد. دەبینین



ئەو شتەی کە هەر باسی ناکرێ، بریتییە لە وابەستەبوونی پەیوەندیی بەرهەمهێنانی زێدەبایی (پەیوەندیی دوو لایەنەی کاری کرێگرتە و سەرمایە) بە کارکردی سەرمایەی مۆنۆپۆڵییەوە. هەموومان بەرهەمهێنانی زێدەباییمان وەک جەوهەری نیزامی سەرمایەداری قەبووڵە، بەڵام لە لێکدانەوەی وابەستەبوونی سەرمایەداریی ئێراندا فەرامۆشی دەکەین و وابەستەیی سەرمایەداریی ئێران جیا لەم جەوهەرە، وە بە شێوەیەکی تر باس لێ دەکەین. هەر دەڵێی بە ئەنقەست وازمان لە سەرمایەدارییبوونی ئێران هێناوە. باسی وابەستەیی پرۆسەی کار (وابەستەیی تەکنەلۆژیک) دەکەین، باسی حەرەکەتی جوگرافیایی زێدەبەرهەم (تاڵانی سەرمایە "میللی"_یەکان) دەکەین، باسی وابەستەیی بەرهەمهێنانی کاڵایی و باسی بایی مەسرەف (مەسەلەی بەرهەمهێنان و لە دەرەوە ڕاهێنانی کاڵای "بن ئەمباری (جەڵەبی) و بێ کەڵک") دەکەین، بەڵام باسی پرۆسەی بەرهەمهێنانی زێدەبایی ناکەین. کەواتە پێویستە تەئکید بکەین کە ئەگەر باسی ئەو خاڵەی دواییمان نەکردبێ، هەر لە بنەڕەتەوە باسی وابەستەیی سەرمایەداریمان لە ئێراندا نەکردووە. " کەوایە ئەگەر بمانەوێ باسی وابەستەیی سەرمایە بکەین، دەبێ ئەم وابەستەیییە بە شێوەی موشەخەس و دیاری لەسەر بنچینەی وابەستەبوونی پەیوەندیی سەرمایە (یانی بەرانبەرکێی کاری کرێگرتە و سەرمایە_ یانی پەیوەندی نێوان چەوسانەوە و بەرهەمهێنانی زێدەبایی) بە ئیمپریالیزم، باسی لێ بکرێ و ڕوون بکرێتەوە. بە وتەیەکی تر، سەرەتا ئەم خاڵە دەبێ ڕوون بکرێتەوە کە چۆن بەرهەمهێنانی زێدەبایی لە ئێراندا وابەستەیە بە ئیمپریالیزمەوە وە پاش ناسینی جەوهەری ئەم وابەستەیییە_ وە تەنیا پاش ناسینی_ لە خۆمان بپرسین کە چۆن ئەم وابەستەیییەی جەوهەری سەرمایە هۆی پێکهێنانی شکڵە کۆنکرێتە ئابوورییەکانی دەوروبەرمان ڕوون دەکاتەوە" (ئەفسانە"، نامیلکەی یەکەم، لاپەڕەی 36).
ڕەنگە هەر لە سەرەتاوە ئەم هەڵوێستەی ئێمە بەرانبەر بە مەسەلەکە، دوو ڕەخنەی سەرەکی لێ بگیرێ. یەکەم، ڕەنگە بوترێ جەوهەر و بنچینەی وابەستەیی ناتوانێ جیاواز لەو شکڵە کۆنکرێتەی کە خۆی تێدا دەنوێنێ، وجوودی هەبی، وە بەم بۆنەیەوە لێکدانەوەیەکی هەمە لایەنە لە شکڵە کۆنکرێتەکانی وابەستەیی سەرمایەداری ئێران، خۆی لە خۆیدا جەوهەر و بنچینەی وابەستەیی پەیوەندیی سەرمایەش ڕوون دەکاتەوە. بە وتەیەکی تر، وابەستەیی پەیوەندیی بەرهەمهێنانی زێدەبایی، بە ناچار لە

شکڵ و شێوەی کۆنکرێتی وەک وابەستەیی پارە و تەکنیک و بازاڕ، وە شکڵی موشەخەسی کاردابەشکردنی کۆمەڵایەتی لە بازاڕی ناوخۆدا، خۆ دەنوێنێ وە ناسینی ئەو شکڵانە دەبێتە هۆی ناسینی جەوهەری پەیوەندییەکەش ئەمە تێگەیشتنێکی ئەمپریستی (تاقیگەرانە)یە لە حوکمێکی دیالێکتیکی. ئەوە ڕاستە کە جەوهەری ناوخۆی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی (بۆ نموونە بەرهەمهێنانی زێدەبایی) بە ناچار لە هەندێک شکڵ و شێوە و پەیوەندی کۆنکرێتی دیاریکراودا خۆ دەنوێنێ وە بەهۆی ئەم شکڵە کۆنکرێتانەوە نەبێ، لە هیچ ڕێگایەکی ترەوە بوونی خۆی نیشان نادا، بەڵام ئەمە قەت بەو مانایە نییە کە جەوهەری ناوخۆی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی، دەکرێ تەنیا لە ڕووی کۆکراوەی هەموو ئەو شکڵە کۆنکرێتانەوە کە خۆی تێدا دەنوێنێ، بناسرێ وە یان بناسێنرێ. تیۆری بایی مارکس ئەم شێوە هەڵوێستە زۆر بە باشی ڕەت دەکاتەوە نرخ لە ڕووی باییەوە دیاری دەکرێ و شکڵی کۆنکرێتی بایی بە ناچار لە نرخدا خۆی دەنوێنێ و خۆی دەردەخا. بەڵام ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی وجوود و ئاڵوگۆڕی کاڵایەک لە ڕووی زانین و لێکۆڵینەوەی نرخ وە یان ڕەوتی حەرەکەتی نرخەکانەوە بەدەست نایە، بەڵکوو بایی دەبێ خۆی بەپێی دەستەواژەی کاری موجەڕەدی لە باری کۆمەڵایەتی پێویستەوە ڕوون بکرێتەوە. ئاکامی سیاسیی ئەمپریسیزم (پشت بە تاقیکردنەوە بەستن) جگە لە شوێنکەوتوویی و دەستەوەستانی و لەدەستدانی توانای لێکدانەوە و پێشبینی هیچی تر نییە، چونکە یاسای ناوخۆی حەرەکەتی هەر دیاردەیەک، لە گۆڕانی ئەو دیاردەیە لە شکڵێکی کۆنکرێتەوە بۆ شکڵێکی تردا خۆی دەنوێنێ. وە کەسێک کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕووی شکڵی خۆنواندنی ئەم پەیوەندییانەوە بناسێ، لەگەڵ هەموو گۆڕانکارییەکدا سەری لێ دەشێوی، لە بۆچوونەکانی پێشووی خۆی دەکەوێتە شک وە دەستەوئەژنۆ دادەنیشێ و چاوەڕوانی ئەوە دەبێ کەی شکڵە تازەکان "حەقیقەتی تازە"ی بۆ ڕوون بکەنەوە. ئەگەر کەسێک سەرمایەداریی وابەستەی لەگەڵ نەبوونی پیشەسازیی قورس بە یەک شت دانابێ، (کە ئەمە یەکێکە لەو بۆچوونانە کە بەسەر بزووتنەوەی کۆمۆنیستیماندا زاڵن) ئەو ڕۆژەی ئیمپریالیزم بەپێی نیاز و پێداویستییەکانی خۆی دەست بداتە پیشەسازییکردنی وڵاتی ژێردەستە، لە باری تیۆریکەوە وە لە مەیدانی سیاسەتدا بەرەو ئەوە دەچێ دەست و پێوەندە خۆوڵاتییەکانی ئەم پیشەسازییکردنە، وەک هێزی "سەربەخۆ و میللی" بناسێ و پشتیوانییان لێ بکات. وە یان ئەگەر وابەستەیی لەگەڵ "تاڵانی" سەرچاوە



مەعدەنییەکان و "سامانە میللییەکان" بە نرخێکی کەم، بە یەک شت بزانێ لە قسە پووچەکانی شای بەکرێگیرا و لە مەڕ نرخی نەوت و چوونە سەری نرخی نەوت، سەری سووڕ دەمێنێ (کە بڵێی شا نەبووبێتە دژی ئیمپریالیست؟). لەگەڵ تیۆرییەکانی، تاکتیکەکانیشی لێ گوم دەبێ و بەبێ دەنگە و سەرەگێژە، ڕێگا بۆ گەشەی تیۆری سێ جیهان دەهێڵێتەوە وە یاخود هەر خۆی ڕوو دەکاتە ئەو تیۆرییە. بەبێ ناسینی بنچینە و جەوهەری واقیعییەتێک، ڕوونکردنەوەی شکڵی خۆ نواندنیشی، وە لەوەش گرنگتر ناسینی پێویستی و چۆنیەتی گۆڕانی لە شکڵێکەوە بۆ شکڵێکی تر، ئیمکانی نیە. هەموو ئەو کەسانەی کە بۆ ئەوەیماڵەکانیان دلوپە نەکا بەفری سەربان دەماڵن، ڕەوابوونی شێوە هەڵوێستی دیالێکتیکی بەرانبەر بە شکڵە کۆنکرێتەکانی دیاردەیەک ئیسپات دەکەن.

بەم جۆرە ڕەخنەی یەکەم کە ڕەنگە لە هەڵوێستی ئێمە بگیرێ، کە بە شێوەی بیلقووە لەو هەڵوێستانەدا تیۆریزە کراوە کە بەرانبەر بە مەسەلەی وابەستەبوون ڕەچاو کراون، خۆی نیشاندەری بۆچوونێکی ئەمپریسیستییە، بۆچوونێکە کە بە ناشێلگیری و دەستەوەستانی و داکەوتنی خۆی، ڕێگا بۆ هەموو جۆرە بیروڕای ڕێڤیژینیستی و سیاسەتی سازشکارانە دەکاتەوە و خۆی سەرەنجام وای لێ دێ خزمەتی پێ بکا.

بەڵام ڕەخنەی دووەم: ڕەنگە کەسێک بە ڕاشکاوی هەر لە سەرەتاوە دوایین قسەی خۆی بکا و بڵێ وابەستەیی پەیوەندییەکە کە لە بنەڕەتەوە لە ئاستی شکڵی پەیوەندیی سەرمایەدارییدایە لە ئێراندا و هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ بەرهەمهێنانی زێدەبایی و دژایەتی کاری کرێگرتە و سەرمایە لە بازاڕی ناوخۆی وڵاتدا نییە. بە وتەیەکی ڕوونتر، "وابەستەیی هەر ئەوەیە کە دەیبینین و جگە لەمە هیچی تر نییە، وابەستەیی تەکنەلۆژیک و پارە و بازاڕ و هتد. ... وە مەبەستی "ئێمە" (هەڵبەت لەم "قۆناغە"دا) هەر فەوتاندنی ئەم پەیوەندییانەیە و فەوتاندنی ئەم پەیوەندییانەش نە پێویستی بە گۆڕانی پەیوەندی نێوان کار و سەرمایە هەیە و نە کاری دەکاتە سەر.

ئەگەر بە کورتی بدوێین و لاسایی شێوە بەیانی باوی ئێستا بکەینەوە، دەبێ بڵێین خەبات لە دژی وابەستەیی (وە هەر بەم پێیە خەبات لە دژی ئیمپریالیزم) خەباتێکە لەسەر بنچینەی دژایەتیی "گەل و ئیمپریالیزم" نەک لەسەر بنچینەی دژایەتی کار و سەرمایە، هێشتا وەختی چارەسەرکردنی دژایەتی کار و سەرمایە نەهاتووە".

ئەگەر لە بابەت ڕەخنەی یەکەمەوە، باسی مەیل بەرەو ڕیڤیژینیزم و سازشکاریمان کرد، لە بابەت ئەم خاڵی دووەمەوە ئیتر ڕیڤیژینیزمی تۆخ و تەواو عەیار بە جلوبەرگی تایبەتی خۆیەوە، خۆ دەنوێنێ. ئەم بۆچوونە ئاسۆی دوارۆژی شۆڕشی ئێران بەم جۆرە دەخاتە بەرچاو کە: "سەرکەوتنی ئەم شۆڕشەی ئێستا لە هەڵوەشانەوەی پەیوەندییەکانی وابەستەییدا خۆ دەنوێنێ، وە سەرمایەداریی میللی و سەربەخۆ لەسەر بنچینەی ئەم سەرکەوتنە حەرەکەتی خۆی بەرەو گەشەی هێزە بەرهەمهێنەرەکانی وڵات (کە گوایە تا ئێستا ئیمپریالیزم نەیهێشتووە گەشە بکەن) دەست پێ دەکا و ئێران دەبێتە وڵاتێکی ئاوەدان و ... جا ئەوجار نۆرەی چارەسەرکردنی دژایەتی کار و سەرمایە دێ". ئەگەر مێزەرێکی مەلایانە بنێینە سەر ئەم هەڵوێستە، بە هەمان هەڵوێستی بەناوبانگی "ئیمپریالیزم (ئەمەریکا) شەیتانی گەورەیە"، کە گوایە چووەتە پێستی بۆرژوازییەوە، دەگەین، وە ئەرکی ئێمەش هەر دەبێتە دامەزراندنی خاوەندارێتی "مەشرووع و مەرجدار"ی بۆرژوازی بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا و پێکهێنانی زەمینە بۆ چەوساندنەوەی "مەشرووع و مەرجدار"ی چینی کرێکار! ئیمپریالیزم لەناو بەرین، سەرمایەداری بهێڵینەوە؟! بەڵێ، ئۆتۆپیای سەرمایەداریی میللی و سەربەخۆ و دیموکرات (وە هەڵبەت مەشرووعیش) لە سەردەمی ئیمپریالیزمدا، پەیوەندییەکی بە ناچاری لەگەڵ بۆچوونی میکانیکی و بۆرژوایی بەرانبەر بە مەسەلەی وابەستەیی هەیە. ئەمە ئیتر تەنانەت ئۆتۆپیایەکی سۆسیالیستی نییە، بەڵکوو ئۆتۆپیای کاپیتالیستی مناڵە بێ ئاوەز و ڕۆمانتیکەکانی بنەماڵەی فرەخێزانی بۆرژوازییە. ئەمە ئۆتۆپیایە، چونکە لە سەردەمی ئیمپریالیزمدا، لە باڵاترین قۆناغی سەرمایەداریدا، هەر لە بنەڕەتەوە هیچ بناغەیەکی ماددی بۆ بەدیهێنانی خۆی نییە. وە کاپیتالستییە، چونکە سەرەڕای ئەوەی لە باری ئابوورییەوە پووچەڵە، لە تیۆری و پراتیکدا، بیروڕا و درووشم و ڕێنوێنییە سیاسییەکانی بۆرژوازی لیبراڵ و گزیرەکانی تەئید دەکا و هەوڵ دەدا جارێکی تر کۆمەڵانی زەحمەتکێش لەژێر ئاڵای بۆرژوازیدا و بۆ خزمەتکردن بە بۆرژوازی کۆ کاتەوە. بیروڕای "سێ جیهانی" و "ڕێگای گەشەی ناسەرمایەداری" لە ڕاستیدا هیچی تر نییە جگە لەم کاپیتالیزمە خەیاڵییە کە لە پەردەی قسەی شێوەی سۆسیالیستییەوە پێچراوە، وە ڕێک هەر لەبەر ئەمە، لە شۆڕشی ئێستای ئێراندا، گۆپاڵێکی کاریگەرە بە دەست بۆرژوازییەوە. ئەم بیروڕا خائینانەیە، بە خراپ کەڵکوەرگرتن لەوەی کە چینی کرێکار مەیلی بیلقووەی بە



ئۆردووگای سۆسیالیزم هەیە، بانگەشە عەوام فریوانەکانی بەشێک لە بۆرژوازیی ئێران، ئەو بانگەشەیانە کە خودی ئەو توێژە بڕوای پێی نییە و تەنیا وەک ئامرازێکی سیاسی_ ئایدیۆلۆژی بۆ بە سازشکێشانی شۆڕشەکەمان کەڵکی لێ وەردەگرێ، بە ڕەنگ و بەرگی "سۆسیالیستی" دەڕازێنێتەوە و دەرخواردی بزووتنەوەی کرێکاری دەدا. داکۆکی لە دەستەواژەی "بۆرژوازیی میللی و سەربەخۆ"، لە هەلومەرجێکدا کە خودی بۆرژوازیی "میلليی سەربەخۆ" بە هەزار زمان پووچەڵبوونی ئەم دەستەواژەیەی بە ئاشکرا ڕاگەیاندووە، جگە لەوەی کە بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستیی ئێران بەرێتە کوشتارگا، هیچ ئەنجامێکی تری نابێ.

بەم جۆرە، حەرەکەتکردن لە ڕووی لێکدانەوە و شیکردنەوەی قووڵی سەرمایەداریی وابەستە لە ئێران یانی حەرەکەتکردن لە ڕووی ناسینی وابەستەیی پرۆسەی بەرهەمهێنانی زێدەبایی و پێداویستییەکانی لەم نیزامەدا، (وە بە وتەیەکی تر، یانی حەرەکەتکردن لە ڕووی دژایەتی کار و سەرمایەوە) بە بڕوای ئێمە تەوەری ناسینی جەوهەری شۆڕشی ئێستا و دیاریکردنی سنووری نێوان هێزەکانی شۆڕش و دژی شۆڕش وە بناغەی بەدەستەوەگرتنی سیاسەتی سەربەخۆی پرۆلیتێری و وەلانانی بۆچوون و بیروڕا لادەرانە و ڕیڤیژینیستییەکانە.

ئێستا ئەگەر لەسەر ئەوە بیروڕامان یەک بێ کە بۆ لێکدانەوەی سەرمایەداریی ئێران و وابەستەبوونی ئەو سەرمایەدارییە پێویستە لە پەیوەندیی دوولایەنەی کاری کرێگرتە و سەرمایە لە ئاستی بەرهەمهێنانی زێدەباییەوە دەست پێ بکەین، پرسیارێکی سەرەکی دێتە گۆڕێ کە حەرەکەت بەرەو وەڵامدانەوە بەم پرسیارە، چوارچێوەی باقیی بابەتەکانی ئەم نامیلکەیە و دوو نامیلکەکەی دواتر، دیاری دەکا. ئەو پرسیارە سەرەکییە ئەمەیە: ئەگەر پێویستە لە جەوهەری "پەیوەندیی سەرمایە" لە نیزامی بەرهەمهێنانی ئێرانەوە دەست پێ بکەین و پاشان شکڵە کۆنکرێتەکانی خۆ نواندنی ئەم "پەیوەندیی سەرمایەیە" ڕوون بکەینەوە، ئەو چەمک و دەستەواژە و پەیوەندییە ئابوورییانەی کە دەبێ وەک ئامرازی تیۆریک بۆ لێکدانەوەکەمان کەڵکیان لێ وەرگرین کامانەن؟ بۆ دۆزینەوەی ئەو ئامرازە تیۆریکە، دەبێ باسەکەی خۆمان هەر لەو شوێنەوە کە بەجێمان هێشتبوو دەس پێ بکەینەوە:

وتمان ئەوە پرۆسەی بەرهەمهێنانی زێدەباییە کە دەبێ بۆ ناسینی قانوونمەندی و یاسای تایبەتیی نیزامی سەرمایەداری بدرێتە بەر لێکدانەوە. ئەمە ڕێک هەر ئەو

کارەیە کە مارکس لە کتێبی سەرمایەدا دەیکا. مارکس سەرەتا بەم موشاهەدەیە دەست پێ دەکا کە کاڵا شکڵی سەرەتایی و توخمی پێکهێنەری سەروەت و سامانە لە کۆمەڵی بۆرژواییدا (سەرمایە، پەرەگرافی یەکەم) دوو پویی ناوخۆی کاڵا (بایی مەسرەف و بایی گۆڕینەوە) نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە کاڵا لە لایەکەوە ئاکامی پرۆسەی کارە (بایی مەسرەف) وە لە لایەکی ترەوە و لە هەمان کاتدا ئاکامی پرۆسەی بەرهەمهێنانی بابییە (بایی گۆڕینەوەیە). بەڵام هەر وەک وتمان بەرهەمهێنانی کاڵایی و بەرهەمهێنانی سەرمایەداری یەک شت نین، چونکە لە بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییدا نەک هەر بایی، بەڵکوو زێدەباییش بەرهەم دێ. کەواتە مارکس لە کاڵا واوەتر دەچێ، وە ئەم پرسیارە سەرەکییە دێنێتە گۆڕ کە: چۆن لە نیزامی سەرمایەدارییدا بەرهەمهێنان و گۆڕینەوەی هاوتای کاڵاکان دەبێتە هۆی زیادبوونی بایی (بەرهەمهێنانی زێدەبایی)؟ مارکس بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم مەسەلەیە لە شکڵی گشتیی گۆڕانی کۆنکرێتی سەرمایەوە دەست پێ دەکا. سەرمایە لە گشتیترین شکڵدا لە ڕەوتی سووڕی خۆیدا بە شکڵی "پارە ـ کاڵا ـ پارە" (M – C – M`) خۆ دەنوێنێ. زیادبوونی بایی لەم فۆرموولەیەدا بەو جۆرە بەیان دەکرێ کە پارەی دوایی لە پارەی بەرایی زیاترە. بە وتەیەکی تر فۆرموولی گشتیی سەرمایە بەم جۆرەیە:

پارەی دوایی ـ کاڵا ـ پارەی بەرایی

M – C – M`

پارەی دوایی لە پارەی بەرایی زیاترە

M` > M

بەڵام ئەم فۆرموولە گشتییە چۆنیەتی بەرهەمهێنانی زێدەبایی، یانی ئەو ڕاستییە کە پارەی دوایی (M`) لە پارەی بەرایی (M) زیاترە، ڕوون ناکاتەوە. مارکس بە کورتی ئەم گیروگرفتە بەم جۆرە ئەخاتە ڕوو:

گۆڕانی پارە بۆ سەرمایە، دەبێ بەپێی ئەو یاسایانەی کە بەسەر گۆڕینەوەی کاڵاکاندا زاڵن بە جۆرێک ڕوون بکرێتەوە کە خاڵی دەستپێکردنی حەرەکەتەکەی بریتی بێ لە گۆڕینەوەی هاوتاکان. جەنابی خاوەن پارە، کە هێشتا سەرمایەدارێکە لە قۆناغی



ئاولەمەدا، دەبێ لە پێشدا کاڵاکان بەپێی بایی خۆیان بکڕێ و پاشان بەپێی بایی خۆیان بیانفرۆشێتەوە، وە لەگەڵ ئەمەشدا، لە دوایی پرۆسەکەدا بابییەکی زیاتر لەوەی کە لە سەرەتادا بۆ دەستمایە دایناببوو، لەو سووڕەدا وەچنگ بینێ. گەشەکردنی جەنابی خاوەن پارە و بوونی بە سەرمایەدارێکی تۆخ و پڕبەپڕ، دەبێ هەم لە ناوخۆی مەیدانی سووڕەکەدا ئەنجام بگرێ و هەم لە دەرەوەی ئەم مەیدانەدا. ئەمانە مەرجی مەسەلەکەن. ئەمە گۆ و ئەم مەیدان". (بەرگی یەکە، لاپەڕەی 163)

ئەگەر لەو فۆرموولەی سەرەوە وردبینەوە، بە ڕوونی ئەو دژایەتییەمان بەرچاو دەکەوێ. فۆرموولی (M – C – M`) لە دوو ئەڵقەی (M – C: کڕین) وە (C – M`: فرۆشتن) پێک دێ. وە لە گۆڕینەوەی کاڵاکاندا کە سەرمایە دەبێ بەپێی ئەم گۆڕینەوەیە دەربهێنرێ، لە هەردووک ئەڵقەکەدا گۆڕینەوەی هاوتا ڕووی داوە(4)، بەم جۆرە سەرچاوەی زێدەبایی لە گۆڕینەوەدا نییە. لێکدانەوە (ی ئەم مەسەلەیە) بە شێوەیەکی مەنتیقی سەردەکێشێتە مەیدانی بەرهەمهێنانەوە. (بڕوانە بەرگی یەکەم، بەشی دووەم، فەسڵی شەشەم). بەڵام ئەو فۆرموولەی سەرەوە هیچ وێنەیەک لە پرۆسەی بەرهەمهێنان ناخاتە بەرچاو. پرۆسەی بەرهەمهێنان دەبێ لە نێوان دوو ئەڵقەی گۆڕینەوەدا جێبەجێ بکرێ و ئەو فۆرموولەی سەرەوە تەواوی ئەو پرۆسەیە تەنیا لە برگەی Cدا خولاسە دەکاتەوە. ئەگەر پرۆسەی بەرهەمهێنان (پرۆسەی کار) لە فۆرموولی سەرەوەدا وردتر بخەینە بەرچاو، ئەو فۆرموولەیە ئاوای لێ دێ(5):




بە وتەیەکی تر، ئەو کاڵایانەی کە سەرمایەدار دەیان کڕێ، دوو بەشن: ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و هێزی کار. پرۆسەی کار یانی، گۆڕینەوەی هێزی کار و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لێک دەدرێنەوە و لە ئەنجامدا کاڵایەکی سێیەم (`C) بەرهەم دێ، کە لە بازاڕدا دەفرۆشرێ و پارەی دوایی (`M) چنگ دەکەوێ. لە باری گۆڕینەوەی هاوتاکان لە ئەڵقە جۆراوجۆرەکاندا، ئەم فۆرموولە وردکراوەیەی سەرەوە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ فۆرموولەکەی پێشوودا نییە. لە ئەڵقەی (M – C)دا سەرمایەدار هەر وا هەندێک کاڵا بەپێی بابییەکەیان دەکڕێ. ئەم گۆڕینەوەیە لێرەدا وردتر

فۆرموولە کراوە: سەرمایەدار لە ئەڵقەی کڕیندا لە ڕاستیدا دوو گۆڕینەوە ئەنجام دەدا، ئامرازی بەرهەمهێنان دەکڕێ (M – MP) و هێزی کار (M – L). لە گۆڕینەوەی یەکەمدا هاوتای بایی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان قەرار وایە بە خاوەنەکانیان درابێ. هەروەها ئەگەر وای دانێین هەلومەرجی ئاسایی کارکردی سەرمایە (واتە هەلومەرجی ناقەیرانی) لە گۆڕدایە، بایی هێزی کاریش وەک کرێ بە خاوەنەکەی (واتە بە کرێکار) دراوە(6). لە ئەڵقەی فرۆشتن (C` – M`)یشدا هەر وەک فۆرموولەکەی پێشوو کاڵای بەرهەمهاتوو بەپێی باییەکەی فروشراوە. گومان لەوەدا نییە کە بۆ زانینی هۆ و چۆنیەتی زیادبوونی بایی (بەرهەمهێنانی زێدەبایی) لەو فۆرموولەیەی سەرەوەدا پێویستە لە قۆناغی P واتە، پرۆسەی کار وردبینەوە. بەڵام لێرەشدا کەموکووڕی سەرەکیی ئەم فۆرموولەیە (تا ئەو جێگایەی کە ڕوونکردنەوە و دەرخستنی سەرچاوەی زێدەبایی مەبەستە) خۆ دەنوێنێ. ئەم فۆرموولەیە سەرەڕای ئەوەی لەچاو فۆرموولی گشتیتری (M – C – M`) وێنەیەکی ڕۆشنتر لە پرۆسەی کار دەخاتە بەرچاو، هەر لەو پلەیەدا دەمێنێتەوە کە گۆڕانی دەرەوەی سەرمایە_ واتە گۆڕانی سەرمایە لە شکڵی پارەوە بۆ شکڵی بەرهەمهێنەر، وە پاشان بۆ شکڵی کاڵایی و دیسانەوە بۆ شکڵی پارە_ بەیان دەکا و هەر لەم چوارچێوەیەدا قەتیسە. لە باری شیکارییەوە، ئەم فۆرموولەیە بە قەدەر هەمان فۆرموولی (M – C – M`) موجەڕەدە. فۆرموولە وردکراوەکەی دووەم، جێوشوێنی پرۆسەی کار لە ڕەوتی سووڕ و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی سەرمایەدا دیاری دەکا، بەڵام پرۆسەکە تەنیا هەر لە شکڵە ماددی و فیزیکییەکەیدا، یانی هەر لەو ئاستەدا کە لە سەرەتای ئەم بەشەدا وتمان، نیشان دەدا. پرۆسەی کار لەم فۆرموولەیەدا، تەنیا ئەوە نیشان دەدا کە کرێکاران بە کەڵکوەرگرتن لە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و کەرەستەی خاوەکان هەندێک کاڵای تر بەرهەم دێنن و هەر لە بنەڕەتەوە بە لای ڕوونکردنەوەی ئەم خاڵەدا ناچێ کە چۆن بایی کاڵا بەرهەمهاتووەکان لە سەرجەمی بایی ئەو کاڵایانەی کە بۆ بەرهەمهێنانیان دەکار کراون، زیاترە. لێرەدا پرۆسەی کار بە مانا گشتییەکەی، بە مانای پرۆسەیەک کە لە هەموو نیزامە کۆمەڵایەتییەکاندا هاوبەشە، بە مانای پرۆسەیەک کە تێیدا بایی مەسرەف بەرهەم دێ، دخرێتە بەرچاو. کەچی هەر وەک پیشتر وتمان، بۆ ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی زیادبوونی بایی (بەرهەمهێنانی زێدەبایی)، دەبێ پرۆسەی کار لە ڕوانگەی بەرهەمهێنانی باییەوە بدرێتە بەر لێکۆڵینەوە، نەک لە



ڕوانگەی بەرهەمهێنانی بایی مەسرەفەوە. ئەمە خەسڵەتی تایبەتیی پرۆسەی کارە لە نیزامی سەرمایەداریدا کە "هەلومەرجی گشتیی بەرهەمهێنان" (کار و ئامرازەکانی کار) تێیدا بە هۆی چەمکی بایی بەیان دەکرێن، وە هەر بۆیە بۆ نیشاندانی چۆنیەتی بەرهەمهێنانی زێدەبایی، دەبێ بە وردی بە شوێن فۆرموول، وە یان پەیوەندییەکدا بگەڕێین، کە پەیوەندیی دوو لایەنەی نێوان کار و ئامرازەکانی کار، نەک وەک پەیوەندیی نێوان هەندێک شتی جۆراوجۆر بە چۆنایەتییەکی جۆراوجۆرەوە، بەڵکوو وەک پەیوەندی نێوان چەند چەندایەتییەکی جۆراوجۆر لە یەک شت (بایی) نیشان دەدا.

کە وابوو ئاشکرایە، بۆچی مارکس بۆ ڕوونکردنەوەی جەوهەر و ناوەڕۆکی سەرمایە (زیادبوونی بایی) لە چوارچێوەی ئەو فۆرموولەیەی سەرەوە و ڕوونکردنەوەی ڕەوتی شێوەگۆڕی سەرمایەدا خۆی نابەستێتەوە (دواتر ئەوە نیشان دەدەین، کە چۆن ئەو بۆچوونە لادەرانانەی دەربارەی مەسەلەی وابەستەیی هەن، هەر بەپێی ئەم تێگەیشتنە سەرسەرەکی و ڕواڵەتییە لە سەرمایە و لەو دەستەواژە و بابەتانەی کە پەیوەندییان بە ڕەوتی سووڕەوە هەیە، بۆ مەسەلەکە دەچن). مارکس بۆ ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی بەرهەمهێنانی زێدەبایی و گۆڕانی پارە بۆ سەرمایە، فۆرموولێکی تر دێنێتە گۆڕ، کە بە کورتی هێڵە سەرەکییەکانی تیۆریی چەوسانەوە و بۆچوونە بناغەییەکانی مارکس لە مەڕ یاساکانی بزاوتی ئابووریی سەرمایەداری و ناکۆکییە ناوخۆییەکانی ڕەوتی کۆمابوونی سەرمایە بەیان دەکا. ئەم فۆرموولەیە، سەرمایە، نەک بەپێی ئەو شکڵە جۆراوجۆرانەی کە لە ڕەوتی سووڕی خۆیدا، لە حەرەکەتی دەرەوەی خۆیدا، دەیگرێتە خۆ (پارە، کاڵا، ئامرازەکانی بەرهەمهێنان)، بەڵکوو بەپێی بەشبەشبوونی ناوخۆی سەرمایە کە دەبێتە دوو بەشی سەرمایەی نەگۆڕ و گۆڕەک شی دەکاتەوە. مارکس بە دۆزینەوەی خەسڵەتی دووانەی هێزی کار (وەک کاڵایەک) نیشانی دەدا، کە لە ڕاستیدا بەشی سەرمایە یانی، ئەو سەرمایەیەی کە بۆ کڕینی هێزی کار سەرف دەکرێ، پەرە دەسێنێ و زیاد دەبێ. هێزی کار تاقە کاڵایەکە کە "بەکاربردن و دەکارکردنی، بەهای تازە بەرهەم دێنێ". ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و کەرەستە خاوەکان، تەنیا بایی بەشی دەکارکراو و تێچوو دەخەنە سەر کاڵای کۆتایی. بەڵام کاتێک هێزی کار لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا دەکار دەکرێ، زێدەباییەک دەست دەکەوێ، لەو باییەی کە لە هێزی کاری دەکارکراودایە زیاترە.

بناغەی بەرهەمهێنانی زێدەبایی چەوسانەوەی کارە. مارکس بۆ دەرخستنی ناوەرۆک و جەوهەری سەرمایە، ئەم فۆرموولە ناسراوەی دارشتووە(7):

{سەرجەمی بایی W = زێدەبایی S + سەرمایەی گۆڕەک V + سەرمایەی نەگۆڕ C} 2

بە پێچەوانەی فۆرموولەکەی پێشوو کە ئەو شکڵ و چۆنایەتییە جۆراوجۆرانەی شی دەکردەوە کە سەرمایە لە ڕەوتی سووڕی خۆیدا، دەیانگرێتە خۆ، ئەم فۆرموولەیەی سەرەوە سەرمایە بەپێی چەندایەتی بایی دەخاتە بەرچاو، بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەم فۆرموولەیە (سەرمایەی نەگۆڕ، سەرمایەی گۆڕەک و زێدەبایی) هەموویان تەنیا وەک چەند چەندایەتی جۆراوجۆر لە تاکە شتێکدا، یانی بایی، لە فۆرموولەکەدا خۆ دەنوێنن. ئەوەی کە ئەم بەشانە بە شێوەی چ باییەکی مەسرەف خۆ دەنوێنن. هیچ کاریگەری لەسەر پەیوەندی نێوان ئەم بەشانەدا نییە. (هەر ئەوەندە بەسە کە بزانین ئامرازەکانی بەرهەمهێنان هۆی ماددیی سەرمایەی نەگۆڕن، وە ئامرازەکانی بەرێچوون هۆی ماددیی سەرمایەی گۆڕەک پێک دێنن، زێدەبایی دەتوانێ لە هەر جۆرە کاڵایەکدا خۆ بنوێنێ). ئەم تەجریدە لە شکڵی کۆنکرێتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، بەکاربردن و بەرهەمەکانی پرۆسەی کار، تەجریدێکی بابەتی و واقیعییە کە لە کۆمەڵی سەرمایەداریدا بەکردەوە ڕوو دەدا و بەبێ ناسینەوەی ئەم خەسڵەتە تایبەتەی کۆمەڵی سەرمایەداری، چۆنیەتی پەرەگرتنی ڕوون ناکرێتەوە. سەرمایە بریتییە لە باییەک کە پەرە دەستێنێ و زیاد دەبێ، ئەمە جەوهەری سەرمایەیە. لە گۆڕانی پارە بۆ سەرمایەدا، ئەم پرۆسەی پەرەسەندنەی بایی، لە پارەوە دەست پی دەکا، بەڵام:

"ئەوەندە پارەیە خۆی لە خۆیدا، تەنیا کاتێک دەکرێ وەک سەرمایە پێناسە بکرێ، کە بە مەبەستی زیادبوون کەڵکی لێ وەربگیرێ و بە تایبەت بۆ زیادبوون بخرێتە کار ... کەواتە، هەر لەم بەیانە سادەیەدا، سەرمایە (یان سەرمایەی لەمەودوا)، چ وەک پارە، چ وەک بایی، هەر چی پەیوەندی بە بایی مەسرەفەوە هەیە، پچڕاوە و لەناو چووە. تەنانەت لەمەش ڕوونتر ئەوەیە، کە هەموو نیشانە نادڵخواز و بیلقووە سەرەگێژەهێنەرەکانی پرۆسەی واقیعیی کار قت دەکرێن (بەرهەمهێنانی کاڵا و ... هتد.). هەر بۆیە خەسڵەت و سیفەتی تایبەتی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بەم جۆرە ساکار و تەجریدی خۆ دەنوێنێ. ئەگەر سەرمایەی سەرەتایی باییەک بێ بە قەدەر



X، ئەمە تەنیا کاتێک دەبێتە سەرمایە و بە مەبەستی خۆی دەگا کە ببێتە $X + \Delta X$ یانی ببێتە ئەوەندە پارە یان بایی کە یەکسان بێ لەگەڵ سەرجەمی پارەی هەوەڵ لەگەڵ هێندێک زیادی، بە وتەیەکی تر، کاتێک ببێتە سەرجەمی ڕادەیەکی دیاریکراو پارە و زێدەپارە، سەرجەمی ڕادەیەکی دیاریکراو بایی و زێدەبایی. کەوابوو، بەرهەمهێنانی زێدەبایی_ کە ئەو باییە سەرەتاییەی کە پێشتریش خراوەتە گەڕ دەپارێزرێ_ وەک مەبەستێکی دیاریکراو، وەک هێزی بزوێنەر و دوایین ئاکامی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری خۆ دەنوێنێ." (" ئەنجامەکان"، ل 976، تەئکیدەکان هی مارکسن)

بەم جۆرە مارکس، بەرانبەر بە فۆرموولی یەکەم، کە باسی گۆڕانی سەرمایەی لە باری چۆنایەتییەوە دەکرد، جەوهەری بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و پەیوەندییەکانی سەرمایە لە باری چەندایەتییەوە، لەسەر بنچینەی پرۆسەی زیادبوونی بایی دادەڕێژێ، وە فۆرموولی دووەم، کە چۆنیەتی زیادبوونی بایی بە کورتی ڕوون دەکاتەوە، ڕێک ئەو فۆرموولەیە کە پێویستە بۆ ناسینی ڕەوتی بزاوتی سەرمایە، لەوێوە دەست پێ بکەین. مارکس پاشان لە خۆی دەپرسێ کە چۆن X دەگۆڕێ و دەبێتە $X + \Delta X$؟ چۆن سەرمایە پەرە دەستێنێ؟ وە لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا، مارکس هەنگاو بە هەنگاو بە ڕوونکردنەوەی شوێنی سەرمایەی گۆڕەک لە دابەشبوونی ناوخۆی گشت سەرمایەدا، وە بە ڕوونکردنەوەی خەسڵەتی دووانەی هێزی کار، شکڵی گشتی $X + \Delta X$ بە شێوەی فۆرموولی 2، یانی (C + V + S) نیشان دەدا. مارکس پاش دەرهێنانی ئەم فۆرموولەیە، ئەم ئەنجامە بەدەستەوە دەدا:

"کەواتە، ئەو دەورە عەمەلییەی کە تایبەتی سەرمایەیە بە مانای تایبەتی وشەکە، بریتییە لە بەرهەمهێنانی زێدەبایی، کە هەر وەک دواتر نیشانی دەدەین، جگە لە بەرهەمهێنانی زێدەکار، دەستبەسەرداگرتنی کاری بێ پاداش، لە ڕەوتی پرۆسەی واقیعیی بەرهەمهێناندا، هیچی دیکە نییە. ئەم کارە، کاری بێ پاداش، لە زێدەباییدا خۆ دەنوێنێ" ("ئەنجامەکان"، لاپەڕەی 978، تەئکیدەکان هی مارکسن)

بەم جۆرە کاتێک ئێمە باسی ئەوە دەکەین کە پێویستە لە جەوهەری پەیوەندیی سەرمایەوە، وە پاشان لە ڕوونکردنەوەی شکڵە جۆراوجۆرەکانی کارکردی کۆنکرێتی سەرمایە و نیزامی سەرمایەدارییەوە دەست پێ بکەین، ڕێک لەسەر پێویستیی فۆرموولی دووەم تەئکید دەکەین. ئەم فۆرموولە، فۆرموولێکە کە مارکس چەمکە

بنچینەییەکانی ڕەخنەی ئابووریی خۆی بەرانبەر بە کۆمەڵی سەرمایەداری لێ دەردێنێ، پێویستە مارکسیستەکان لە یەکەمین هەنگاودا ئەو چەمکانە وەک کاریگەرترین ئامرازی تیۆریک و وەک کاریگەرترین ئامراز بۆ لێکدانەوە فێر بن و ڕەچاویان بکەن. سەبارەت بە دەستەواژەی سەرمایەی نەگۆڕ و سەرمایەی گۆڕەک وە زیدەبایی پێشتر دواین. ئێستا بە کورتی باسی ئەو دەستەواژە و پەیوەندییە بنچینەییانەی تر دەکەین کە دەکرێ دەستبەجێ لەسەر ئەم دەستەواژانەی سەرەوە دامەزرێن و بریتین لە:

1) نرخی (Ratio) چەوسانەوە (نرخی زیدەبایی) $= \frac{\text{زیدەبایی}}{\text{سەرمایەی گۆڕەک}}$

2) پێکهاتەی ئۆرگانیکیی سرمایە $= \frac{\text{سەرمایەی نەگۆڕ}}{\text{سەرمایەی گۆڕەک}}$

3) نرخی قازانج $= \frac{\text{زیدەبایی}}{\text{سەرمایەی نەگۆڕ} + \text{سەرمایەی گۆڕەک}} = \frac{\text{نرخی چەوسانەوە}}{1 + \text{پێکهاتەی ئۆرگانیک}}$

بەم جۆرە مارکس یاسا و پەیوەندییە بنچینەییەکانی حەرەکەتی سەرمایەش لە قووڵترین ئاستی خۆیدا، هەر بەپێی ئەم فۆرموولەیە دێنێتە گۆڕ و ڕوونیان دەکاتەوە: یاسای کۆمابوون و کەڵەکەبوونی سەرمایە، یاسای مەیلی بەرەو داشکانی نرخی قازانج، دابەشبوونی تەواوی سەرمایە کۆمەڵایەتییەکان بە بەشی جۆراوجۆر (ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، شمەکی مەسرەفی_ شمەکی پێویست و شمەکی جوانکاری) سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی بەرین و کەڵەکەکردن، نرخی بەرهەمهێنان و ناونجیبوونەوەی نرخی قازانج، کاری بەرهەمهێنەر و بەرهەم نەهێنەر و ... بە کورتی لێکدانەوەی یاسا گشتییەکانی کەڵەکەبوون و حەرەکەتی سەرمایە و ناکۆکییەکانی ناوخۆی، ئەمانە هەموویان پێش هەموو شتێک لەسەر ئەو فۆرموولەیەی سەرەوە دامەزراون کە بە کورتی چۆنیەتی بەرهەمهێنانی زیدەبایی، چۆنیەتی زیادبوونی بایی بە هۆی چەوسانەوەی کاری کرێگرتەوە بەیان دەکا.



ئێستا پێش ئەوەی بچینە سەر ئەو باسە کە ئەم دوو فۆرموولەیە لە لێکدانەوەی مەسەلەی وابەستەییدا چ شوێنێکیان هەیە: پێویستە جارێکی تر، هەردووکیان لە پاڵ یەکەوە بخەینە بەر چاو:

1) فۆرموولی یەکەم نیشاندەری ڕەوتی شێوەگۆڕی دەرەوەی سەرمایە و گۆڕانی سەرمایەیە لە شکڵێکەوە بۆ شکڵێکی تر.




هەر وەک وتمان ئەم فۆرموولەیە دیوی دەرەوەی سەرمایە نیشان دەدا، وە نیشاندەری ئەوەیە کە جەوهەر و بناغەی سەرمایە کە بریتییە لە زیادکردنی بایی بەهۆی چەوساندنەوەوە ڕوون بکاتەوە. فۆرموولی دووەم ڕێک کاکڵ و جەوهەری سەرمایە ڕوون دەکاتەوە:

سەرجەمی بایی = زیدەبایی + سەرمایەی گۆڕەک + سەرمایەی نەگۆڕ

بۆ ناسینی یاساکان و ناکۆکییەکانی حەرەکەتی سەرمایە و هەروەها بۆ ناسینی ئەو شکڵە کۆنکرێتانەی کە سەرمایە تێیاندا خۆ دەنوێنێ، پێویستە پەیوەندیی نێوان ئەم دوو فۆرموولەی سەرەوە بناسرێ و بزانرێ کە هەر کامیان لە ئاستە جۆراوجۆرەکانی لێکدانەوەی کۆمەڵی سەرمایەداریدا چ جێوشوێنێکیان هەیە. ئێستا ئەگەر ئەم دوو فۆرموولەیە لەبەرچاو بگرین، وە ئەو بۆچوونانەی کە لە مەڕ مەسەلەی وابەستەیی باو بوون وەبیر خۆمان بێنینەوە (لە نامیلکەی یەکەمدا باسی ئەم بۆچوونانەمان کرد و لەم نامیلکەیەشدا بە کورتی ئاماژەمان پێ کردن)، بۆمان دەردەکەوێ کە چ بۆچوونێکی بۆرژوایی بەسەر لێکدانەوەکانیاندا زاڵ بووە، کام فۆرموول هەوێنی ئەم لێکدانەوەیەیە؟ ئەو دەستەواژە و چەمکانەی کە ئەم جۆرە بۆچوونانە بۆ شیکردنەوەی سەرمایەداریی وابەستە پشتی پێ دەبەستن، لە کام فۆرموولەوە سەرچاوە دەگرن؟ بێگومان لە فۆرموولی یەکەمەوە. ئەم بۆچوونانە، دەستەواژەی سەرمایە و بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لەو جێگایەی کە دەیانەوێ

مەسەلەی سەرمایەداریی وابەستە شی بکەنەوە، هەر لە چوارچێوەی ڕواڵەت و دیوی دەرەوەی سەرمایەدا، وە لە ئاستێکی هەستپێکراودا کە بە تاقیکردنەوە بینراوە، دەناسن، یانی هەر لە چوارچێوەی فۆرموولی یەکەمدا دەمێنێتەوە. چونکە لەم بۆچوونەدا پەیوەندیی نێوان کار و سەرمایە کە ناوەڕۆکی سەرەکیی فۆرموولی دووەمە، هەر باسی ناکرێ و مەسەلەی جیاکردنەوەی سەرمایەی "میللی" لە سەرمایەی "وابەستە" بە فاکتەری وەک وابەستەیی پارە، وابەستەیی تەکنیکی، جوگرافیای بازاڕی فرۆشتن و باش و خراپبوونی کاڵای بەرهەمهاتوو (بەپێی بایی مەسرەف) سەر و بنی دەگیرێ:

1) وابەستەیی پارە: بە وتەیەکی ڕوونتر، بەو مانایەیە کە لە فۆرموولی 1دا خاوەنی پارە سەرەتاییەکە ئێرانی نییە (وە یان بۆ نموونە مۆنۆپۆڵە بێگانەکان خاوەنی ئەو پارەیەن کە خۆی دیسان پێشکەوتنێکە لە فۆرموولەکەدا). ئەم فۆرموولبەندییە کە بۆ سەرمایەداریی وابەستە کراوە، تەنانەت ئەگەر بە وردترین و ڕوونترین شێوەش بەیان بکرێ، لە ئاستی فۆرموولی یەکەم بەولاوەتر ناچێ، چونکە ئەوە کە خاوەنی پارەی سەرەتایی کوێندەرییە، بە هیچ شێوەیەک چۆنیەتی دابەشبوونی بە دوو بەشی سەرمایەی نەگۆڕ و گۆڕەک، وە چۆنیەتی چەوسانەوەی بەم پێیە و ... هتد. بەیان ناکا، وە یان تێیدا کاریگەر نییە. موهەندیس مەهدی بازرگان (کە ساڵی پار ئەم دەمانە، خۆشەویستی دڵی لایەنگرانی بۆرژوازی "میللی" بوو) دەتوانێ کارخانەی "دارشتنی کانزا"کەی بە سەرمایەداری بێگانە بفرۆشێ (یان لەوە ئاسانتر، خۆی ببێتە پاشکۆی ئەمەریکا، وە یان دیسان لەوەش ئاسانتر، ئەوە ئاشکرا بکا کە "پاشکۆی ئەمەریکا"یە) بەبێ ئەوەی فۆرموولی دووەم هیچ ئاڵوگۆڕێکی بەسەردا هاتبێ.

2) وابەستەیی تەکنیکی: دیسان ئەگەر بە بەیانێکی وردتر ئەم جۆرە وابەستەییە شی بکەینەوە، دەکاتە ئەوەی کە لە فۆرموولی 1دا لە ئەڵقەی (ئامرازەکانی بەرهەمهێنان_ پارە)دا، فرۆشیاری ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، کۆمپانیای بێگانەیە، دیسانیش بەرتەسکییەکە لە فۆرموولی 1دایە، چونکە لە فۆرموولی 2دا هیچ نیشانەیەک لەوە بەرچاو ناکەوێ کە ئەو کاڵایانەی بە سەرمایەی نەگۆڕ کردراون، لە کوێ و لەژێر چاودێری و خاوەندارێتی کام شەخسی حقووقی، وە یان حەقیقیدا بەرهەم هاتوون، وە هیچ پێوەی دیار نییە کە لە کوێوە هاتوون.



3) جوگرافیای بازاڕی فرۆشتن: بە وتەیەکی وردتر، ئەوەیە کە لە ئەڵقەی فرۆشتن (پارەی دوایی _ کاڵا) لە فۆرموولی 1دا کڕیکار "بێگانە"یە. دیسانیش هیچ کام لەو دەستەواژانەی کە مارکس لە مەڕ چۆنیەتی بەرهەمهێنانی زێدەبایی لە فۆرموولی 2 دا باسیان دەکا، نەهاتوونەتە گۆڕ. ئەوەی کە سەرمایەدار کەلوپەلەکەی بە کێ دەفرۆشێ، وە یان لە کوێ دەیفرۆشێ، کار ناکاتە سەر پەیوەندیی بەرامبەریەکی سەرمایەی نەگۆڕ، سەرمایەی گۆڕەک، سەرجەمی ڕۆژکار، نرخی چەوسانەوە و ... کە پێش فرۆشتن ئەم پەیوەندییە بەکردەوە پێک هاتووە.

4) هەڵسەنگاندنی ئەخلاقی (کاسبکارانە) لە مەڕ بایی مەسرەفی کاڵای بەرهەمهاتوو: ئەو بۆچوونە کە پێی وایە سەرمایەداریی وابەستە کاڵای "خراپ" و بەکەڵکنەهاتوو"(!) و "جەڵەب و جەغڵەمە" و ناپێویست و ... بەرهەم دێنێ، بۆ نموونە، سەرمایەداریی "میللی" کاڵای "باش و بەکەڵک و پێویست و زۆر باش(!)" بەرهەم دێنێ، هەر لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە لە چوارچێوەی فۆرموولی 1 دەرنەچووە. ئەم شێوە بۆچوونە بەرانبەر بە مەسەلەی وابەستەیی، کاڵای بەرهەمهاتووی (`C) لە فۆرموولی یەکەمدا، لە ڕوانگەی سەلیقەوە، وە یان لە ڕوانگەی نیاز و پێویستی مەسرەفی کاڵایەکی دیاریکراوەوە دەداتە بەر لێکۆڵینەوە (وە یان لە ڕووی مەیل و پێخۆشبوونێکی غەیرە چینایەتییەوە، کە پێیان خۆشە هێزە بەرهەمهێنەرەکان گەشە بکەن). ئەوەی کە لە پرۆسەی کاردا چ باییەکی مەسرەف بەرهەم هاتووە، بە کەڵکی چی دێ، جاچکەی منداڵانە، یان ڕێئاکتۆری (Reactor) ئەتۆمی، ڕۆژنامەی "ئینقیلابی ئیسلامی"یە یان چەقۆی ئەڵقەدار و ... بە هیچ شێوەیەک ئەوە نیشان نادا کە لە بەرهەمهاتنیدا، پەیوەندیی نێوان کار و سەرمایە چی بووە، وە ئەو هەموو دەستەواژە و پەیوەندییانەی کە باسمان کردن چ دەورێکیان گێڕاوە. ئەم ڕووەی وابەستەییش، هیچ ڕێگایەک بۆ ڕوونکردنەوەی وابەستەبوونی سەرمایە، کە جەوهەرە تایبەتەکەی بریتییە لەبەرهەمهاتنی زێدەبایی ناکاتەوە.

بەم جۆرە ئەو پێکنەرە جۆراوجۆرانەی کە ئەم بۆچوونانە لە شیکردنەوەی مەسەلەی وابەستەییدا لە مەیدانی دابەشکردنی ڕواڵەتی سەرمایەدا پشتی پێ دەبەستن، ئەو پەیوەندییە حقووقییانەی کە بەسەر شێوەکانی خۆنواندنی سەرمایەدا دێن، تایبەتییە فیزیکییەکانی کەلوپەلە بەرهەمهاتووەکان، جوگرافیای بازاڕی فرۆشتن و ... بە کورتی هەر لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا دەمێنێتەوە، ئەویش بریتییە لە ناسینی ڕواڵەتی

سەرمایە و وابەستەبوونی سەرمایە، وە بە داخەوە مەسەلەکەش هەر لێرەدا تەواو ناکا. ئەڵقەی گۆڕینەوەی هێزی کار_ پارە (M – L)یش سەر بە فۆرموولی یەکەمە. ئەم گۆڕینەوەیە لەسەر ئەوە تەئکید دەکات، کە پێویستە لە فۆرموولی یەکەم تێپەڕ بین و بچینە فۆرموولی دووەم:

"ئەو کار و کارتێکرانەی کە لەناو مەیدانی سووڕدایە و ئێمە باسمان کرد، تەنیا بریتی بوو لە کڕین و فرۆشتنی هێزی کار، وەک مەرجی بنەڕەتی و بنچینەیی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری". (بەرگی دووەم، لاپەڕەی 357)

کەواتە، ئەو کەسانەی کە دڵیان لە لای مەیدانی گۆڕینەوە و سووڕ و شێوەکانی خونواندنی سەرمایە (لەم مەیدانەدا)یە، حەق وا بوو سەرێکیشیان لەم گۆڕینەوە دیاریکراوە بدایە. بەڵام نەخێر! دەڵێی ئەم "مارکسیستانە" بە ئەنقەست لە بردنی ناوی کرێکار و هێزی کار پارێز دەکەن، ئەگینا دەبوایە لەسەر بنچینەی هێزی کاریش گوزارشتێکیان بۆ مەسەلەی وابەستەیی هەبوایە ... وە یان ڕەنگە ئەو سەرمایەدارە "میللی"یەی کە تیۆری "ئابووری" بە بزووتنەوە کۆمۆنیستییەکەمان فرۆشتووە، بەپێی عادەتی لە مێژینەی خۆی لەچەر و کەم فرۆشیشە.

بەڵام لە بابەت ئەو گوزارشتەوە کە وابەستەیی وەکوو تایبەتی تەواوی نیزامی سەرمایەداری لە ئێران دەناسێ، لە نامیلکەی یەکەمدا وتمان: "ئەو پێناسانەی کە لە مەڕ نیزامی سەرمایەداریی وابەستەوە دێنە گۆڕ، بەشی زۆریان پشتیان بە شیکردنەوەی میکانیکی حەرەکەتە ئابوورییەکانی بۆرژوازیی وابەستە بەستووە و سەرمایەداریی وابەستە" لە ڕاستیدا وەک "نیزامی بەرهەمهێنانی ژێر دەسەڵاتی سەرمایەدارانی وابەستە "لەقەڵەم دەدرێ". (لاپەڕەی 16)، وە هەروەها وتمان، کە لەم گوزارشتانەدا، وابەستەبوونی گشت نیزامی سەرمایەداری بەبێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەک بە دەستەواژەی گشت سەرمایەی کۆمەڵایەتی و یاسا گشتییەکانی حەرەکەتی سەرمایە بکرێ، ڕوون دەکرێتەوە. لە ڕاستیدا کەسێک کە تێگەیشتنی خۆی لە سەرمایە بە شێوەیەکی تەواو ئەتۆمیستی لەسەر بنچینەی فۆرموولی 1، یانی ئەو فۆرموولەی کە ڕواڵەتی سەرمایە لە سووڕی خۆیدا دەردەخا دامەزراندووە، جگە لەوەی کە بە شێوەیەکی میکانیکی پشت بە موشاهەداتی خۆی ببەستێ، هیچی تری لە دەست نایە. ئێستا ئەم خاڵە بە ڕوونی دەردەکەوێ. لەو گوزارشتانەدا کە باون، وابەستەبوونی گشت نیزامی سەرمایەداریی ئێران بە سەرچاوەکانی پارە و ئیعتیبار



(Credit)ی دەرەکی ڕەنگدانەوەی ئەوەیە کە سەرمایەی پارەی بەشێکی زۆر لە سەرمایەداران بەم سەرچاوانەوە وابەستەیە، وابەستەیی تەکنەلۆژیک و بازاڕیش هەر بەم جۆرە. بە کورتی، هەر کاتێک بەشی زۆر لە سەرمایەداران، بەشی زۆری سەرمایەکانی وڵات بۆ بەرهەمهێنانی ئەو کەلوپەلانە بخەنە کار کە بەشی زۆریان بۆ بازاڕی دەرەوە نەک بۆ وەڵامدانەوەی پێویستییەکانی "میللەتی ئێران" بەرهەم هێنراون، وە بۆ بەرهەمهێنانی ئەو کەلوپەلانەش بەشی زۆری ئەو سەرمایەیەش بۆ کڕینی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لە دەرەوە خرابێتە کار، جا ئەو کاتە ئیتر ئەوە نیزامی سەرمایەداریی وابەستەیە! بە وتەیەکی تر، بەپێی ئەم گوزارشتانە، هەر کاتێک لە فۆرموولی 1دا حەرەکەتی هەموو سەرمایەداران لەبەرچاو بگرین، ئەڵقەکانی گۆڕینەوەی "وابەستە" هێزیان بە ئەڵقەکانی گۆڕینەوەی "سەربەخۆ" دەشکێ، ئەو سەرمایەدارانەی کە سەرمایە پارەییەکەیان وابەستەیە، ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لە دەرەوە دەکڕن و کاڵایەک بەرهەم دێنن کە دەرەوە پێویستی پێی هەیە و لە بازاڕی دەرەوەدا دەیفرۆشن، دەسەڵاتیان لە دەستدایە و کەوایە بەپێی دەسەڵاتدارەتی ئەم سەرمایەدارانە هەموو نیزامی بەرهەمهێنان بە وابەستە دەناسرێ. لەو تەعبیرە بۆرژواییانەدا کە لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی ئێمەدا باون، جەوهەری ناسین و ناساندنی سەرمایەداریی وابەستە بریتییە لەوە، کە بە هەڵسەنگاندن و سەنگ و سووککردنی ژمارە و گەورە و بچووکی ئەتۆمە وابەستەکان "و ئەتۆمە ناوابەستەکان"، وابەستەبوونی هەموو نیزامی بەرهەمهێنان پێناسە بکرێ.

ئەوەش کە ئەم وابەستەیییە چۆن کار دەکاتە سەر ئابووریی بازاڕی ناوخۆ، هەر لێرەدا ڕوون دەکرێتەوە: دەسەڵاتدارەتی ئەتۆمە وابەستەکان یانی، پێکهێنانی هەلومەرجی پێویست بۆ هێشتنەوە و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی ئەم دەسەڵاتدارەتییە. کاردابەشکردنی کۆمەڵایەتی بە گوێرەی قازانج و بەرژەوەندیی سەرمایەدارانی وابەستە شکڵ دەگرێ، پیشەسازیی دایک و پیشەسازیی قورس (کە نیشانە و سیمبۆلی سەربەخۆیی تەکنیکییە)، بانکە "میللی"یەکان (پارە و ئیعتیبارە سەربەخۆکان)، بازاڕی ناوخۆی ڕێکوپێک و هاوتا و پەرەدار (بەدیهاتنی باییی کاڵاکان بە شێوەیەکی سەربەخۆ) پێک نایەن و ...

ئەنجامی سیاسیی لۆژیکی ئەم جۆرە "لێکدانەوە ئابوورییە" ڕوون و ئاشکرایە. ئەگەر شۆڕشی دیموکراتیکی ئێران لە ناوەڕۆکی ئابووریی خۆیدا پێویست بێ سەرمایەداریی

وابەستە لەناو بەرێ، ئەو کاتە بەپێی ئەم گوزارشتانە، بە شێوەیەکی ئاسایی دەبێ دەسەڵاتدارەتیی سەرمایەدارانی وابەستە (ئەم ئەتۆمە وابەستانە کە خەسڵەت و تایبەتمەندیی خۆیان بەپێی زۆربوونیان بەسەر تەواوەتی سەرمایەی کۆمەڵایەتیدا زاڵ کردووە) ژێرەوژوور بکات. سەرمایەدارانی "میللی" (ئەتۆمە سەربەخۆکان) لەم کێشەیەدا بێ تاوانن و بە دەسەڵات گەیشتنیان تەنانەت دەتوانێ هێزە بەرهەمهێنەرەکان گەشە پێ بدات، پیشەسازیی پێویست پێک بێنێ، کاڵای پێویست و بە کەڵک بەرهەم بێنێ، سەربەخۆیی بەرهەمهێنان دابین بکات، کاردابەشکردنی کۆمەڵایەتی و لقەکانی بەرهەمهێنان لەنێو وڵاتدا پتەو و ڕێکوپێک بکا و بەم جۆرە ئیشی بەدیهاتنی کاڵا بەرهەمهاتووەکان لە بازاڕی ناوخۆدا، بەبێ ئەوەی هیچ پێویستییەکی بە بازرگانی دەرەوە هەبێ، لەسەر بناغەیەکی تەواو سەربەخۆ دامەزرێنێ و ... ئەگەر شتەکە هەر لێرەدا تەواو ببوایە، ئەمە ئیتر تیۆرییەکی ئابووریی بۆرژوایی تەواو عەیار، وە ڕێگا و شوێنێکی سیاسیی بۆرژوا_ لیبراڵی بە ئاشکرا بوو، کە بەپێی لێکدانەوەی ئابووریی خۆی، بۆرژوازیی "میللی" بە هێزی بزوێنەر و ڕابەری ئاسایی ئەم شۆڕشە لەقەڵەم دەدا. بەڵام قسە لەسەر ئەوەیە کە ئەو گوزارشتە ئابوورییانەی سەرەوە، ئەو گوزارشتانەن کە بەسەر بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێمەدا زاڵن. کەواتە، پێویستە ئەو ڕاستییە، کە پێویستیی بەشداری و ڕابەری چینی کرێکار لە شۆڕشی دیموکراتیکدا بە هیچ شێوەیەک لەو لێکدانەوە ئابوورییەوە وەرنەگیراوە، بە جۆرێک پەردەپۆش بکرێ. بە ناچار تێبینی "ڕاڕا"بوونی بۆژوازیی "میللی" لە شۆڕشی ئێمەدا بە شێوەیەکی تەواو ئیختیاری لەو گوزارشتەدا زیاد دەکرێ. وە سیاسەتی پرۆلیتاریا بەرانبەر "بەم توێژە"، لە سیاسەتێکی دوژمنانەوە کە بە ناسینی بەرژەوەندە بنەڕەتییەکانی چینە جۆراوجۆرەکان لەم شۆڕشەدا ڕەچاو کراوە، لە سیاسەتێکەوە کە لەسەر بنچینەی تیۆریی مارکسیستی خەباتی چینایەتی دامەزراوە، هەتا ڕادەی سیاسەتێکی سازشکارانە کە بەپێی دیتن و هەڵسەنگاندنی جووڵە و هەستان و دانیشتنی ڕۆژانەی ئەم توێژە بە شێوەیەکی تاقیگەرانە ڕەچاو کراوە، هەتا ڕادەی "پشتیوانیی مەرجدار" دێتە خوار و دادەشکێ.

پشتبەستن بەوەی کە سەرمایە لە ڕەوتی سووڕدا بە چ شکڵ و شێوەیەک خۆ دەنوێنێ (فۆرموولی یەکەم)، بە ناچار دەبێتە هۆی ئەوەی کە پشت بەوە ببەستێ، بزاوتی بۆرژوازی لە مەیدانی سیاسەتدا بە ڕواڵەت چۆن بەرچاو دەکەوێ. ئەنجامی



ڕواڵەتبینی ئابووری، ساویلکەبوونی سیاسییە و ئەنجامی تاقیگەری تیۆریک دەبێتە شوێنکەوتوویی لە کردەوەدا. بۆرژوازیی لیبراڵ لە دەوری مێژوویی خۆیدا بۆ ڕزگاربوون لە گێژاوی شۆڕش، بە یارمەتی تێزی "بۆرژوازیی میللی" بە ڕووسووری بەڕەی خۆی لەئاو دەردەکێشێ.

لە باری تیۆرییەوە، هەموو هونەری "زانست"ی ئابووریی بۆرژوایی لەوەدایە کە فۆرموولی دووەم پەردەپۆش بکات، وە سەرچاوەی زێدەبایی و قازانجی چینی سەرمایەدار، کە جگە لە چەوساندنەوەی چینی کرێکار هیچی تر نییە، بشارێتەوە. لەم ڕێگایەدا "مارکسیست"ە بە ڕواڵەت بینەکانمان، لایەنگرانی بۆرژوازیی میللی، بە دانستە بێ یان بێئاگا، لەم پەردەپۆشییەدا بەشداری دەکەن. مارکسیزم و دەسکەوتە تیۆریکەکانی بە تێکڕا لەدەست دەدەن و بە قەبووڵکردنی شێوەی بیرکردنەوە و لێکدانەوەی بۆرژوایی، بە ناچار ئەو شتانەش قەبووڵ دەکەن کە بۆرژوازی لە باری ئابوورییەوە سەری پێیانەوە قاڵە. ئەوەش کە بۆ گەشەکردنی سەرمایەداری ئێران، سەربەخۆیی پارە و تەکنیک و ئەم جۆرە شتانە پێویستە یان نا، خودی سەرمایەدار کە حەرەکەتی چاوچنۆکانە و قازانجپەرستانەی (ئەمە پێناسی سەرمایەدارە) "قەرار وایە" ببێتە بناغە و بنچینەی گەشەکردنی سەرمایەداری لە ئێراندا، باشتر تێی دەگا. وە ئەگەر کتێبەکانی مارکس بۆ ئەوە بوایەن کە لە خزمەت ئەم گەشەکردنەدا کەڵکیان لێ وەربگیرێ، لە لایەن خودی بۆرژوازییەوە وەک کتێبی دەرسی "ئابووری" لە قوتابخانەکان و زانکۆکان دەخوێنران.

ئەوپەڕی ڕادیکاڵیزمی ڕواڵەتبینانی ئێمە لەوەدا خوڵاسە دەبێتەوە، کە لە فۆرموولی 1دا باسی گۆڕینەوەی ناهاوتا، باسی چوونە دەرەوەی فڵانە پارە و فیسارە کاڵا لە وڵات، باسی بەتاڵانچوونی ئەم یان ئەو سامانی میللی لە ئاکامی گۆڕینەوە ناهاوتاکاندا دەکا. ئەمەریکا هەر ئەو ڕادیکاڵیزمە بۆرژواییییە کە تاوانی دواکەوتوویی ئابووریی خۆی بەسەر ئەوەدا دێنێ کە ئەو کەسەی مامەڵەی لەگەڵ دەکات دەستبڕ و گوێبڕە، یان خۆی دەستوپێوەندی وای نییە کە بەهۆی ئەوانەوە دەستی بڕوا، یان پەیوەندییەکانی بازاڕی ناعادیلانەیە، وە یان دامودەزگا دەوڵەتییەکان تووشی فەساد و خراپە بوون و ئەم جۆرە شتانە. بەڵام خاوەن پارە "ڕادیکاڵ"ەکەمان هەر گیروگرفت و موشکیلەیەکی هەبێ، لە ئەڵقەی کڕینی هێزی کاردا (واتە لە ئەڵقەی M – L) لە فۆرموولی 1دا هیچ گیروگرفتێکی نییە، چونکە هەر لە سایەی سەری هەمان ڕەقیبە دەستبڕ و

گوێبڕەکانییەوە، دەستی بە سەرچاوەیەکی گەورەی هێزی کار ڕادەگا، کە بە نان و پەنیر و تاقە کوخێکی بە تەنەکە دروستکراو "سەرلەنوێ بەرهەم دێتەوە" و کرێکەی، سەرەڕای ڕووە و کزی چوونی کشتوکاڵ (کە خۆی ئاکامی ئاسایی پرۆسەی ئەستاندنەوەی مالکییەت و پێکهێنانی هێزی کاری هەرزانی بەرین لە ئێراندا بووە) بە هۆی سیاسەتی دەرگاکردنەوە و لێشاوی هێنانی بەرهەمی کشتوکاڵ، وە بە هۆی چەوساندنەوەی لە ڕادە بەدەری گوندنشینانی وڵات، لە ئاستێکی نزمدا ماوەتەوە: لەژێر سایەی دەوڵەتێکی "بەهێز"دا قازانج دەڕفێنێ کە سەرەڕای ئەوەی سەرمایەداریی ڕادیکاڵ خۆی لەو دەوڵەتەدا بەشداری ڕاستەوخۆی نییە (مەبەست حوکوومەتی شای بەکرێگیراوە)، مافی هەر چەشنە نارەزایەتی و مانگرتنێکی لە چینی کرێکار پێشێل کردووە، تێکۆشەرانی ئەم چینە، ڕەوانەی مەیدانەکانی ئیعدام و زیندانەکان و شکەنجەخانەکان دەکا، بۆ ئەوەی نەکا خەباتی حەقخوازانەی کرێکاران، هێزی کڕینی سەرمایەی گۆڕەکی هەموو سەرمایەدارەکان تۆزێک کەم بکاتەوە و ... سەرمایەداری "ڕادیکاڵ" هەر لە سەرەتاوە لەم ڕاستییانە ئاگادارە، وە یان ئەو کاتەی کە هەر لە سایەی سەری ئەم "ڕادیکاڵیزم"ەوە (کە لە ڕاستیدا تەسبیح هەڵسووڕاندن و بەرماڵ بەکۆڵدادان و پاکانە بۆ خۆکردنە)، وەک بازرگانەکان و بەختیارەکان و بەنی سەدرەکان بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بانگەواز دەکرێ، تێدەگا کە هێشتنەوە و پاراستنی دەسەڵاتدارەتی گشت سەرمایە، چ "گیروگرفت"ێکی گەورە و گرانی لەسەر ڕێیە، دەست لە "ڕادیکاڵیزم"ەکەی هەڵدەگرێ و بە هەموو هێز و توانایەوە هەوڵ دەدا کە پاکانە بۆ بنەچە و خانەدانەکەی خۆی بکا و کار و کردەوەیان بە ڕەوا لەقەڵەم بدا، لە بەردەم بارەگای ئیمپریالیزمدا لەوەی کە پێش شۆڕش هێندێک منگەمنگ و بۆڵەبۆڵی کردووە، داوای لێبوردن دەکا و زۆر بە دڵپاکی و دڵسۆزییەوە بەڵێن دەدا کە هەر ئەو پەیوەندی و داب و دەستوورانە زیندوو کاتەوە. بەڵام ئەو هاوڕێ ڕواڵەتبینەی ئێمە، کە لە ئاستی هەمان فۆرموولی یەکەمدا "هاوپەیمان"ی خۆی لە شۆڕشدا (واتە بۆرژوازی میللی) دۆزیبووەوە، ئێستا تەماشا دەکات خۆی بە تەنیا لە مەیداندا ماوەتەوە و واقی وڕ دەمێنێ، سەرەتا بەپێی شێوەی لە مێژینەی خۆی، داوا لە کرێکارانی شۆڕشگێڕ دەکات، کە دەوڵەتە "هاوپەیمان"ەکەی کز و لاواز نەکەن، پاشان بەهۆی تاقیکردنەوەوە هێندێک شت فێر دەبێ، ئەمجار ئەو بۆرژوازییە "میللی"یەی کە پەیمانشکێنی کردووە ئامۆژگاری دەکا و بەسەریدا دێ کە لە هەستان و دانیشتن



لەگەڵ "پاوانخوازان" خۆ بپارێزێ، هەڕەشەی لێ دەکا کە "هەڵوێستی دوولایەنە" بەرانبەری دەگرێ، وە تازە کاتێک دیتی کە هاوپەیمانەکەی پێشووی ڕەوشتێکی چەندە دزێو و ناشیرینی هەیە (ئەویش بە قیمەتی خوێنی گەلانی کورد و تورکمان و عەرەب و کرێکارانی بێکاری ئەسفەهانی و بەدیلگرتن و ئەشکەنجەی کرێکارانی نەوتی باشوور، حیمادی شەیبانییەکان و سەعادەتییەکان و سەدان نموونەی تر هەر لە چەند مانگی سەرەتای دوای ڕاپەڕیندا)، دەزانێ دۆخەکە چەندە ئاڵۆز و پەشێوە و سەرلێشێواوانە دەکەوێتە پەیجۆری "هاوپەیمان"ێکی تازە. ئەوەی لێرەدا جێگای داخ و کەسەرە ئەوەیە، کە لەجیاتی ئەوەی کەموکووڕییە تیۆریکەکانی خۆی بناسێ و کۆیان بکاتەوە سەریەک و بۆ دەرس و پەندی نەوەی نوێی شۆڕشگێڕان کە دوای ئەو دێنە مەیدان بە ڕوونترین شێوە دان بەو کەموکووڕییانەدا بنێ، ئەو کەسانە کە لە سەرەتاوە ئامۆژگارییان کردبوو خەتابار دەکا، وە نەک هەر ئەمە دەکا بەڵکوو بۆ پاراستنی ڕواڵەتی خۆی و بۆ ئەوەی لەبەرچاو نەکەوێ، شێوە و فێڵی "تیۆریک"ی نوێ دادێنێ، بەڵێ! ئەم هاوڕێیە هەزار فەرسەخی ماوە بۆ ئەوەی ببێتە پێشەنگی چینی کرێکار.

بۆ ئەوەی نەکەوێتە داوی ئەم سەرلێشێواوییەوە، دەبێ لە لێکدانەوەی ئابووریی خۆماندا لەگەڵ مارکس دەست پێ بکەین و لەگەڵ ئەو بچینە پێشەوە. لە بابەت ناسینی سەرمایەوە، ئەم لێکدانەوەیە پێویستی بەوە هەیە کە لەگەڵ مارکس لە فۆرموولی 1ەوە بەرەو فۆرموولی 2 بچین. ئەمە یەکەمین ئامرازی تیۆریکە کە مارکس لە ڕەخنە و لێکدانەوەی نیزامی سەرمایەداریدا بۆی ئامادە کردووین. ناسینی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیی دەسەڵاتدارەتی "پەیوەندیی سەرمایە" (کە بە کورتی لە فۆرموولی C+V+Sدا خراوەتە ڕوو) بەسەر بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی لە وڵاتی ژێردەستەی ئیمپریالیزمدا، خاڵی دەستپێکردنی لێکدانەوەی یاساکانی حەرەکەتی نیزامی سەرمایەداری وابەستەیە. بەم جۆرە پێش ئەوەی شکڵە کۆنکرێتەکانی وابەستەیی ڕوون بکرێنەوە، دەبێ ئەوە بزانرێ کە پرۆسەی بەرهەمهێنانی زێدەبایی لە بازاڕی ناوخۆی وڵاتی ژێردەستەدا وابەستەیە بە هەلومەرجی ئیمپریالیستیی بەرهەمهێنان لەم بازاڕە و لە بازاڕی جیهانیدا. تەنها پاش دەرک پێ کردن و ناسینی جەوهەری وابەستەیی لە ئاستی فۆرموولی 2دا، دەتوانین ئەوە ڕوون بکەینەوە، کە پێویستە ئەم وابەستەیییە لە شکڵ و شێوەی کۆنکرێتی دیاریکراودا (لە ئاستی

فۆرموولی 1دا) خۆ بنوێنێ، هەڵبەت ئەمەش وەک کۆکراوەی لێکدانەوەکە (نەک وەک سەرەتای ئەو لێکدانەوەیە).

## 2) پێشمەرجە مێژووییەکان و هەلومەرجی ئێستای بەرهەمهێنانی سەرمایەداری

مارکس هەلومەرجی دامەزران و پەرەسەندنی سەرمایەداری و دەسەڵاتدارەتیی "پەیوەندیی سەرمایە" بەسەر بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا، دەکاتە دوو بەشەوە:
ئەلف) پێشمەرجە مێژووییەکانی گەشەی سەرمایەداری
ب) هەلومەرجی ئێستای بەرهەمهێنان و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی پەیوەندییەکانی سەرمایەداری.

جیاوازی نێوان ئەم دوو پارچەیە لە هەلومەرج، یەکێکە لە نموونە بەرچاوەکانی هەڵوێستی دیالێکتیکی بەرانبەر بە پەرەسەندنی مێژوویی کۆمەڵگاکان. ئابووریزانە بۆرژواکان، چ پێش مارکس و چ دوای ئەو، لە ڕوانگەی سەرمایەدارەوە، وە بە مسۆگەردانانی ئەوەی کە دەسەڵاتدارەتی سەرمایە هەتا هەتایە زیندووە، مێژوو لێک دەدەنەوە و شی دەکەنەوە. کەچی لە ڕوانگەی مارکسیزمەوە، سەرمایەداری وەک یەکێک لە ئەڵقەکانی پەرەسەندنی مێژووی کۆمەڵگای مرۆیی، دیاردەیەکی دیاریکراو و بەرتەسکە. لە نەبوونەوە پێ دەنێتە مەیدانی بوون. لە ناوجەرگەی نیزامێکی ترەوە و بەپێی هێندێک یاسای تر گەرا دەبەستێ، پاشان لەسەر پێی خۆی ڕادەوەستێ و یاساکانی بزاوتی خۆی بەسەر کۆمەڵدا زاڵ دەکا و ئەمجار لە ناوجەرگەی خۆیدا و بەپێی یاساکانی بزاوتی خۆی پێشمەرجەکانی نیزامێکی تازە (سۆسیالیزم) فەراهەم دەکا. بە وتەیەکی تر، مارکس وتەنی، سەرمایەداری پێش ئەوەی "هەبێ"، دەبوو "ببێ" وە هەلومەرجی "بوونی" سەرمایە لەگەڵ هەلومەرجی "پێکهاتنی" تەواو جیاوازە:

"هەلومەرج و پێشفەرزەکانی پێکهاتن و گەشەی سەرمایە ڕێک بەو مانایەیە، کە سەرمایە هێشتا وجوودی نییە، بەڵکوو تەنیا لە حاڵی پێکهاتندایە. کەواتە ئەم هەلومەرجانە لەگەڵ گەشەی سەرمایەی واقیعی، سەرمایەیەک کە بەپێی واقعییەتە تایبەتەکانی خۆی، هەلومەرجی بەدیهاتنی خۆی دادەمەزرێنێ، لەناو دەچن". (گروندریس لاپەڕەی 659)

پەیوەندیی دیالێکتیکی نێوان "هەبوون" و پێکهاتن"، بناغەی فەلسەفیی ماتەریالیزمی مێژووییە. وە ئاشکرایە کە ئەگەر جیاوازی نێوان پێشمەرجە مێژووییەکان (واتە،



هەلومەرجی پێکهاتن)ی سەرمایە، وە هەلومەرجی ئێستای بەرهەمهێنان و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی سەرمایە (یانی، هەلومەرجی بوونی سەرمایە)مان لە بەرچاو نەبێ، بە ناچار دەکەوینە داوی شێوەی لێکدانەوەی بۆرژوایی و هێندێک تێگەیشتنی بۆرژوایی سەبارەت بە پەرەسەندنی سەرمایەداری لە ئێراندا بەدەستەوە دەدەین.

بەڵام ئەم لادانە چۆن خۆی لە لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی سەرمایەداریی ئێراندا نیشان دەدا؟ دەرک پێ نەکردن و نە ناسینی جیاوازی نێوان ئەم دوو پارچەیە لە هەلومەرج، یانی هەلومەرجی مێژوویی گەشەی سەرمایە لە لایەکەوە و هەلومەرجی ئێستای بەرهەمهێنان و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی سەرمایە (هەم لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە و هەم لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئابوورییەوە) بەوە دەگا کە یەکەم: لەو جێگایەی کە باسی لێکدانەوەی "پەرەسەندنی سەرمایەداری" لە ئێراندا دەکەین، پێش هەموو شتێک پێشینە و مێژووچەی گەشەی ئەو سەرمایەدارییەمان وەبیر بێتەوە. لە ڕێفۆرمی ئەمیر کەبیر و سوپاسالار، لە پیشەسازیی تەونکردن و شخارتە دروستکردن، لە چالاکییەکانی بانکی قەرزکردن و بانکی شاهی و ئەم جۆرە شتانەوە دەست پێ بکەین و هەنگاو بە هەنگاو بکەوینە شوێن ئەم کورتە مێژووە بە هەموو لایەنە جۆراوجۆرەکانییەوە، هەتا دەگاتە ئەمڕۆ و دووەم: لەو جێگایەی کە دەمانەوێ تایبەتییەکانی نیزامی بەرهەمهێنان لە هەلومەرجی ئێستای ئێراندا ڕوون بکەینەوە، لەو جێگایەش هەوڵ بدەین کە وابەستەیی لە ڕووی "ریشە مێژووییەکانییەوە" ڕوون بکەینەوە. بۆچوونی "هونەری" یان "تەکنیکی" (وە بە گشتی میکانیکی) بەرانبەر بە مەسەلەی وابەستەیی، بۆچوونێک کە لە ڕاستیدا نایەوێ وابەستەیی سەرمایەداری ڕوون بکاتەوە، بەڵکوو لەوە دەگەڕێ فاکتۆرەکانی وابەستەیی "پیشەسازی و بازرگانی و دەوڵەت" لە ئێراندا ناو لێ بەرێ، ڕێک هەر پشتی بەم تێگەیشتنە لادەرانە بەرانبەر بە مەسەلەی "پەرەسەندنی سەرمایەداری" بەستووە. وابەستەیی سەرمایەداریی ئێران یانی، تایبەتییەکانی سەرمایەداری لە ئێران وەک وڵاتێکی ژێردەستەی ئیمپریالیزم_ وابەستەیییەکە کە نەک بەپێی هەلومەرجی مێژوویی گەشەی سەرمایەداری لە ئێراندا، بەڵکە لەسەر بنچینەی یاسا تایبەتییەکانی نیزامی سەرمایەداری کە هەر ئێستا ئامادە و هەن، ئەو یاسایانەی کە سەرمایەداری خۆی پاش گەشەی خۆی بەسەر نیزامی بەرهەمهێنانیدا زاڵ دەکا، دەبێ ڕوون بکرێنەوە. وابەستەبوونی سەرمایەداریی ئێران بە ئیمپریالیزمەوە، بەپێی یاساکانی ئێستای بزاوتی سەرمایەداریی سەردەمی ئیمپریالیزم بەرهەم دێ و

سەرلەنوێ بەرهەم دێتەوە و بەم بۆنەیەوە دەبێ ڕێک هەر بە لێکدانەوەی ئەم یاسایانە ڕوون بکرێتەوە. وە کەسێک کە بە وێنەی "ڕاهی کارگەر" حوکمی لەم چەشنە دەردەکا کە: "سەرمایەداریی وابەستە، بەرهەمی کاردابەشکردنێکی سەپێندراوە لە ئاستی نێونەتەوەییدا. لەم بابەتەوە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە لە وڵاتانی ژێردەستەدا بە شێوەی ئاسایی وابەستەیی لە باری زەمانییەوە لە سەرمایەداری لەپێشترە، یەکجار گرنگە" (تەئکیدەکە هی ئێمەیە) یانی، کەسێک کە ئاوا وابەستەیی بە شێوەیەکی موجەڕەد و هەڵکەندراو لەو پەیوەندییە دیاریکراوەی کە (لە باری مێژووییەوە) مانا و ناوەڕۆکێکی تایبەت بەم وابەستەیییە دەبەخشێ جیا بکاتەوە و تەنانەت پێی وابێ لە سەرمایەداری "لەپێشترە"، هیچ چارەیەکی نابێ جگە لەوەی کە وابەستەیی بەپێی دەستەواژە و چەمکی وا ڕوون بکاتەوە کە خۆیان لە چوارچێوەی مێژوودا ناگونجێن، دەستەواژە و چەمکی وا کە بتوانن بە ئاسانی لە هەموو سیستەمەکانی بەرهەمهێناندا هاوبەش بن، دەستەواژە و چەمکی وا کە بتوانن "پێش سەرمایەداری" بوونیان هەبێ و لەو "لەپێشتر" بن، دەستەواژە و چەمکی وا کە بە ناچار هیچ شتێک لە بابەت وابەستەبوونی سەرمایەداریی ئێرانەوە ناخەنە ڕوو، وە هیچ ڕوونکردنەوەیەکیش لە مەڕ مەیدانی ئەو خەباتە دیاریکراوەی کە پرۆلیتاریای ئێران پێویستە بەپێی یاساکانی جووڵەی سەرمایەداری لە ئێراندا بیگرێتە بەر، بەدەستەوە نادا. کەسێکی لەم چەشنە ناچار دەبێ کە بەرهەمهێنانی زێدەبایی لە وڵاتی ژێردەستەی ئیمپریالیزمدا (یانی سەرمایەداری لە باڵاترین قۆناغی خۆیدا) تەنیا و تەنیا بە "تاڵان" مانا لێ بداتەوە، کە ئەم دەستەواژەیە هەر لە چوارچێوەی مێژوودا ناگونجێ. وتنی ئەوەی کە "وابەستەیی لە باری زەمانییەوە لە سەرمایەداری لەپێشترە"، ڕێک ئەم هاوڕێیە بە جێگایەک دەگەیەنێ، کە بڕوای بەوە هەبێ کە ئەم وابەستەیییە "بەرهەمی کاردابەشکردنێکی سەپێندراوە" (بەڵێ! "کاردابەشکردن و سەپاندن" هەردووکیان لە سەرمایەداری لەپێشترن!)، وە هەروەها بڕوای بەوە هەبێ کە "تاڵان" و "سەرچاوە سروشتییەکان" ئاکامی ئەم وابەستەیییەیە. (کە "تاڵان" و "سەرچاوە سروشتییەکان"یش ڕێک هەر لە سەرمایەداری لەپێشترن!). ئایا ئەم جۆرە هەڵوێست و بۆچوونە سەرەنجام بەوە ناگا، کە تیۆری ئیمپریالیزمی لێنین ڕەت بکاتەوە و لە جێگای ئەو، ڕەخنە لە پەیمانی "گولستان" و "تورکمانچای" بێنێتە مەیدانەوە؟ ئایا ئەم جۆرە هەڵوێست و بۆچوونە نابێتە هۆی ئەوەی پێویستی ڕوونکردنەوەی کۆنەپەرستیی سیاسی، بەپێی یاساکانی



جووڵەی سەرمایەی مۆنۆپۆڵی ڕەت بکرێتەوە و لەجیاتی ئەو، لێکدانەوەی بنەماکانی "دیموکراسی و دیکتاتۆری لە ئیسلام" و فیرقە جۆراوجۆرەکانیدا بێنێتە مەیدانەوە؟ ئایا نابێتە هۆی ئەوەی پێویستی لێکدانەوە و شیکردنەوەی پەیوەندیی کار و سەرمایە لە ئێراندا بەپێی دەسکەوتە زانستییەکانی مارکس ڕەت بکرێتەوە و لەجیاتی ئەو، ڕوو بکرێتە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی حاڵ و ئەحواڵی حاجی میرزا ئاغاسی، وە ئایا "مزگێنی" شتی تری لەم جۆرەمان پێ نادا؟ "ڕەخنە و توێژینەوەی "هاوڕێیانی زەحمەت" هەر ئێستا بەرەو ئەوە دەچێ، کە ئەم ئاسۆ تازەیە بخاتە بەرچاوی بزووتنەوەی کرێکاری(8)!

بەڵام شێوەی مارکس تەواو جیاوازە: مارکس لەپێشدا لەسەر جیاوازیی پێشمەرجە مێژووییەکان و هەلومەرجی هاوچەرخی نیزامێکی بەرهەمهێنان جەخت دەکا و دووەم، بڕوای بەوە هەیە، کە مەرجی پێویست بۆ ناسینی مێژووی پێکهاتنی دیاردەیەک، بریتییە لە ناسینی خودی ئەو دیاردەیە وەک کامڵترین و بەرزترین بەرهەمی ڕەوتی پەرەسەندن و گەشەکردنی. ئەگەر کەسێک نەزانێ کە "نیزامی سەرمایەداری، یەکانگیربوونی پرۆسەی کار و پرۆسەی بەرهەمهێنانی زێدەبایییە"، ئەگەر کەسێک نەزانێ کە لەسەر بنەمای وجوود و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی هێزی کار وەک کاڵایەک، زێدەبایی بەرهەم دێ، ئەو کەسە هەرگیز ناتوانێ مێژووی پەرەسەندنی سەرمایەداری بنووسێ. چونکە هەر لە بنەڕەتەوە نازانێ کە دەبێ بکەوێتە شوێن کام پەیوەندی و فاکتۆر و دیاردە و ڕووداوی مێژوویی. ئەگەر کەسێک سەرمایەداری و "پیشەسازیبوون" بە یەک شت دابنێ، لە مەیدانی مێژوونووسیندا، مێژووی "پیشەسازیبوون" دەنووسێ.

"کۆمەڵی سەرمایەداری پەرەسەندووترین و ئاڵۆزکاوترین سازمانی بەرهەمهێنانە. کەواتە ئەو دەستەواژانەی کە ئەم پەیوەندییە بەیان دەکەن، وە ناسین و دەرکپێکردنی چۆنیەتی ئەم پەیوەندییە، ڕێگا خۆش دەکات بۆ ناسینی بینا و پەیوەندیی بەرهەمهێنان لە هەموو شکڵ و قەوارە ئابوورییەکانی پێشوودا، شوێنەوار و پاشماوەی ئەو شکڵ و قەوارانە، وە ئەو هۆیانەی کە ئەو شکڵ و قەوارانەیان لێ پێک هاتبوو، لە خولڵقاندنی کۆمەڵی بۆرژواییدا دەکارکراون. هێندێک لەم شوێنەوارانە کە قووت نەچوون و نەتواونەتەوە، هێشتا لە کۆمەڵی بۆرژواییدا درێژە بە ژیانی خۆیان دەدەن، کەچی هێندێکی تریان، کە پێشتر تەنیا لە شکڵی سەرەتاییدا وجوودیان بووە، ئێستا پەرەیان

سەندووە و لەوپەڕی گرنگبووندان. ئاناتۆمی مرۆڤ کلیلە بۆ ناسینی ئاناتۆمی مەیموون. لە لایەکی ترەوە تەنیا کاتێک دەتوانین پەی بەوە بەرین کە ئەو جۆرە ئاژەڵانەی کە دواکەوتووترن، هێندێک نیشانەی شکڵی پێشکەوتووتریان تێدا بەدی دەکرێ کە خودی شکڵە پێشکەوتووەکان لە خودی خۆیاندا ناسرابن. بەم جۆرە ئابووری بۆرژوایی کلیلێک بۆ ناسینی ئابووریی سەردەمی کۆن بەدەستەوە دەدا، بەڵام ئەگەر بکەوینە شوێن ئەو ئابووریزانانەی کە هەموو جیاوازییە مێژووییییەکان قت دەکەن و لە هەموو دیاردە کۆمەڵایەتییەکاندا دیاردەی بۆرژوایی دەبینن، هەرگیز بەم تێگەیشتنە ناگەین، ئەگەر کەسێک بزانێ "کرێ" چییە، دەشتوانێ بزانێ کە سەرانە و پێنجیەک و زەکات و ئەم جۆرە شتانە چین. بەڵام ئەمانە نابێ بە یەک شت دابنرێن" (مارکس، "شێوەی ئابووریی سیاسی" لە کتێبی، "ڕەخنەی ئابووریی سیاسی"ی ئینگلیزی، لاپەڕەی 211_ 210، وەرگیراوە). هەروەها "تەنیا کاتێک کە کۆمەڵی بۆرژوایی دەستی بە ڕەخنە لەخۆگرتن کرد، توانی ئابووریی دەرەبەگایەتی و ئابووریی کۆن و ئابووریی ڕۆژهەڵاتیش بناسێ". (هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی 211)
ئێمە لە نووسراوەی جۆراوجۆردا وە بە تایبەت لە نامیلکەی یەکەمی "ئەفسانە ... "دا، گەلێک جار بە شێوەی جۆراوجۆر ئەم ڕستەیەمان دووپات کردۆتەوە: "پاش دامەزراندنی نیزامی سەرمایەداریی وابەستە، بۆرژوازیی میللی هەر ناتوانرێ باسی بکرێ". جەختی ئێمە لەسەر دەستەواژەی "دامەزراندنی نیزامی سەرمایەداری" ڕێک هەر لەبەر ئەوەیە، کە ئێمە ئەو جیاوازییەمان لەبەرچاوە. بۆ جیاکردنەوەی پێشمەرجە مێژووییییەکان و هەلومەرجی ئێستای بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، مارکس کلیلی تیۆریکی بۆ وەڵامدانەوە بە دوو پرسیاری سەرەکیی ئێمە ئامادە کردووە: یەکەم، لە کام قۆناغی دیاریکراوی مێژووییییەوە، وە بەپێی بوونی چ هەلومەرجێک، بە نیزامێکی دیاریکراوی بەرهەمهێنان دەڵێین سەرمایەداری؟ بە وتەیەکی تر، دامەزراندنی سەرمایەداری چۆن بەدی دی؟ وە دووەم، یاساکانی جووڵەی کۆمەڵ لە پاش دامەزراندنی سەرمایەداری کامانەن؟ وە یان بە وتەیەکی تر، یاسا ئابوورییە سەربەخۆکانی جووڵەی نیزامی سەرمایەداری چین؟
ئەو وەڵامەی مارکس بەم دوو پرسیارەی سەرەوەی دەداتەوە بە تەواوی ڕوونە. ئێمە توێژینەوەی پرسیاری دووەم بۆ نامیلکەکانی داهاتوو هەڵدەگرین و لەم نامیلکەیەدا وەڵامێکی کورت بە پرسیاری یەکەم دەدەینەوە و نامیلکەکە کۆتایی پێ دێنین.



1) بەرهەمهێنانی سەرمایەداری ئەو کاتە دامەزراوە کە پێشمەرجە مێژووییییەکانی وەدی هاتبن. ئەم پێشمەرجانە بریتین لەو گۆڕانکارییە پێویستە ئابووری و کۆمەڵایەتییانەی کە بۆ گۆڕانی نیزامی بەرهەمهێنان لە دەرەبەگایەتییەوە بۆ سەرمایەداری پێویستن. لێرەدا مەبەست ئەو گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتییانەیە کە نەک لەسەر بنچینەی قانوونمەندیی ناوخۆی نیزامی سەرمایەداری، بەڵکوو لەسەر بنچینەی گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵی دەرەبەگایەتی ڕوو دەدەن. قانوونمەندیی ئەو سەردەمە، قانوونمەندیی لەناوچوونی فیۆدالیزمە. قانوونمەندیی سەردەمێکە کە تێیدا هێزە بەرهەمهێنەرەکان کە لە ناوجەرگەی ئەم نیزامەدا گەشەیان کردووە و هەڵیان داوە، پەیوەندیی بەرتەسکی ئابووریی دەرەبەگایەتی دەشکێنن و زەمینە بۆ دەسەڵاتدارەتی سەرمایە بەسەر بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا، تا ڕادەیەک کە نیزامی تازە لەسەر بناغەی یاساکانی جووڵەی سەربەخۆی خۆی ڕاوەستێ، ئامادە دەبێ. (مارکس لە نووسراوە جۆراوجۆرەکانیدا، بە تایبەت لە "فۆرماسیۆنە ئابوورییەکانی پێش سەرمایەداری"دا، بەندی "بەناو کەڵەکەبوونی سەرەتایی"، سەرمایە، بەرگی یەکەم، وە گروندریسدا بە تایبەت لە لاپەڕەکانی 71_ 659دا بە درێژی باسی پێشمەرجە مێژووییییەکانی گەشە و دامەزراندنی سەرمایەی کردووە، وە لێنینیش لە سەرەتای کتێبی "گەشەکردنی سەرمایەداری لە ڕووسیا"دا نیشانە سەرەکییەکانی ئەم هەلومەرجەی باس کردووە). ئەو لێکدانەوەیەی کە مارکس لە مەڕ پێشمەرجە مێژووییییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بەدەستەوەی دەدا، خۆی لە خۆیدا تەئکیدێکە لەسەر ئەو ناسینە دیالێکتیکییەی کە بەرانبەر بە سەرمایە وەک یەکانگیربوونی پرۆسەی کار و پرۆسەی بەرهەمهێنانی زێدەبایی هەیەتی. چونکە ئەم پێشمەرجانە ڕێک هەر ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییانەن کە خەسڵەتی کاڵایی بە بەرهەمەکانی پرۆسەی کار (بایی مەسرەف) و پاشان بەو هۆیانەی کە پێکهێنەری ئەم پرۆسەیەن (کار و ئامرازەکانی کار) دەدەن، وە لەم ڕێگایەوە پرۆسەی کار نەک هەر بە پرۆسەی بەرهەمهێنانی باییەوە پەیوەند دەدا، بەڵکوو بە پرۆسەی بەرهەمهێنانی زێدەباییشەوە پەیوەندی دەدا. پەرەسەندنی کاردابەشکردنی کۆمەڵایەتی، بەرینبوونەوەی گۆڕینەوە و بایی گۆڕینەوە، کاڵا و پارە، جیابوونەوەی پیشەسازی لە کشتوکاڵ و کەمبوونەوەی ڕێژەیی نفووسی کشتوکاڵ و ... هتد، ئەمانە هەلومەرجی پێویستن بۆ هەڵدانی ئابووریی کاڵایی وەک شکڵی سەرەتایی و تازەگەرابەستووی

بەرهەمهێنانی سەرمایەداری. بەڵام هەر وەک پێشتر وتمان بەهۆی دابڕانی بەرهەمهێنەرانی ڕاستەوخۆ لە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، هێزی کار دەبێتە کاڵا و ئەمە ئەو شتەیە کە بەرهەمهێنانی کاڵایی دەگەیەنێنە ڕادەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری. "دابڕانی بەرهەمهێنەرانی ڕاستەوخۆ لە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، یانی ئەستاندنەوەی خاوەندارێتی لەوان، کە تێپەڕبوون لە بەرهەمهێنانی کاڵایی سادەوە بۆ بەرهەمهێنانی سەرمایەداری تەئید دەکا (وە مەرجی پێویست بۆ ئەم تێپەڕبوونە زامن دەکا)، بازاڕی ناوخۆ پێک دێنێ" (لێنین، "گەشەکردنی سەرمایەداری ..." لاپەڕەی 36). بەم جۆرە مارکس بۆ ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی دامەزراندنی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لە جەوهەری سەرمایە (یانی بەرامبەرکێی دیالێکتیکیی کاری کرێگرتە و سەرمایە)وە دەست پێ دەکات، وە ئەو پرۆسە مێژووییەی کە تێیدا هێزی کار دەبێتە کاڵا لە ئاستێکی بەرین لە کۆمەڵدا، وەک پێشمەرجی مێژوویی بنەڕەتیی دەسەڵاتدارەتی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری ناو لێ دەبا و دەیداتە بەر توێژینەوە. پارە و کاڵا لە ڕەوتی سەرهەڵدان و گەشەی بەرهەمهێنانی کاڵاییدا، لە پاڵ نیزامەکانی پێش سەرمایەداریدا پێک دێن، بەڵام: "هەر بەو ڕادەیەی کە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و بەرێچوون لەوە دوورن کە سەرمایە بن، پارە و کاڵاش لە خۆیاندا هەر ئەوەندە دوورن. پارە و کاڵا دەبێ ببنە سەرمایە. بەڵام تەنیا لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا دەتوانن بگۆڕێن و ببن بە سەرمایە. ئەو هەلومەرجانە لەم خاڵەدا تێک هەڵدەنگوون: ڕووبەڕووبوونەوە و خۆلێکدانی نێوان دوو جۆر لە خاوەنەکانی کاڵاکان کە تەواو جیاوازن، لە لایەکەوە خاوەن پارەکان، خاوەنانی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و ئامرازەکانی بەرێچوون کە تامەزرۆی ئەوەن بەهۆی کڕینی هێزی کاری کەسانی ترەوە بایی سامان و داراییەکی خۆیان زیاد بکەن، وە لە لایەکی ترەوە کرێکارانی ئازاد، کە هێزی کاری خۆیان، واتە کاری خۆیان دەفرۆشن(9). (بەرگی یەکەم، لاپەڕەی 668)

هەر وەک پێشتریش وتمان، مەرجی پێویست بۆ بەدیهاتنی ئەم پێشمەرجەی دامەزراندنی سەرمایەداری لە باری مێژووییەوە هەمان دابڕانی بەرهەمهێنەرانی ڕاستەوخۆ لە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، دابڕانی هەلومەرجی خۆیی بەرهەمهێنان لە هەلومەرجی بابەتییەتی:



"کەواتە: ئەو پرۆسەیەی کە پەیوەندیی سەرمایە پێک دێنێ، هیچی تر نییە جگە لەو پرۆسەیەی کە کرێکار لە خاوەندارێتیی هەلومەرجی کاری خۆی جیا دەکاتەوە. پرۆسەیەک کە دوو گۆڕانکاری دەگرێتە بەر، کە بەهۆی ئەوەوە ئامرازە کۆمەڵایەتییەکانی بەرێچوون و بەرهەمهێنان دەبن بە سەرمایە و بەرهەمهێنەری ڕاستەوخۆ دەبێتە کرێکاری کرێگرتە. کەواتە، بەناو کەڵەکەبوونی سەرەتایی، جگە لە پرۆسەی مێژوویی دابڕانی بەرهەمهێنەران لە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان هیچی دیکە نییە". (بەرگی یەکەم، لاپەڕەی 668).

به کورتی: پەرەسەندنی بەرهەمهێنانی کاڵایی سادە لە قەراخ نیزامە جۆراوجۆرەکانی بەرهەمهێناندا، زەمینەکان و دەستەواژە و دیاردە بناغەییەکانی ئابووریی سەرمایەداری گەشە پێ دەدەن، وەلی ئەو قۆناغە مێژووییە دیاریکراوەی کە تێیدا بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بە شێوەیەکی حاشاهەڵنەگر و بێ گەڕانەوە، دامەزراندنی خۆی ڕادەگەیەنێ، جگە لە ئەنجام و بەدیهاتنی پرۆسەی ئەستاندنەوەی خاوەندارێتی و پێکهێنانی سوپای کرێکارانی کرێگرتە، هیچی تر نییە. ئەم قۆناغە دیاریکراوە لە باری شیکارییەوە بە ڕاستی خاڵی لەدایکبوونی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و سەرەتای بزاوتی سەربەخۆیەتی. بەڵام لە باری مێژووییەوە ئەم "قۆناغە دیاریکراوە" بە ڕۆژ و سەعات و دەقیقە دیاری ناکرێ. "مێژووی ئەم خاوەندارێتی ئەستاندنەوەیە لە وڵاتانی جۆراوجۆردا، لایەنی جۆراوجۆر دەگرێتە خۆ و بە شێوەی جۆراوجۆر و لە سەردەمی مێژوویی جۆراوجۆردا قۆناغەکانی خۆی تەی دەکا." (بەرگی یەکەم، لاپەڕەی 670).

لە ئینگلستان کە مارکس وەک نموونەی کلاسیک دەیداتە بەر لێکۆڵینەوە، پرۆسەی ئەستاندنەوەی خاوەندارێتی لە ئاخر و ئۆخری سەدەی پازدەهەمەوە دەست پێ دەکا و لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا بە ئەنجامی یەکجاریی خۆی دەگا. بەم حاڵەشەوە، ئەستاندنەوەی خاوەندارێتی لە بەرهەمهێنەرانی ڕاستەوخۆ وە لەدایکبوونی پرۆلیتاریا وەک چینی چەوساوەی سەرەکی کە نیشاندەری لەدایکبوونی بۆرژوازی وەک چینی چەوسێنەری سەرەکی و زاڵبوونی پەیوەندیی سەرمایە و بەرهەمهێنانی زێدەبایی بەسەر پرۆسەی کاردایە، شتێک نییە کە تەنانەت لە ماوەی سێ سەدەدا کەمڕەنگ ببێتەوە و خۆی بەرچاو نەخا، وە لەو جێگایەی کە ئەم پرۆسەیە دەگاتە ئەنجامی یەکجاریی خۆی، لە مێژووی زۆرلێکراوی ڕەنجدەراندا بە ئاشکرا تۆمار دەکرێ: چونکە مارکس وتەنی: "ئەگەر بە وتەی ئۆژیە" پارە ئەو کاتە کە پێ دەنێتە مەیدانی

جیهانەوە، پەڵە خوێنێکی زگماکی بە ڕوومەتەوەیە"، سەرمایە کاتێک لەدایک دەبێ، لە تەوقی سەرییەوە هەتا بەری پێی، سەرتاپای لەشی نوقمی خوێن و زنجکاوە" (بەرگی یەکەم، لاپەڕەی 12_ 711)

کەواتە ئاشکرایە کە مارکس چ شتێک بە نیشانەی سەرهەڵدان و دامەزراندنی نیزامی سەرمایەداری دەزانێ. لەنێو ئەو دەستەواژە و پەیوەندی و دیاردە بێ ئەژمارانەدا کە هەر کامیان جێ و شوێنێکی مسۆگەریان لە پەرەسەندنی مێژوویی کۆمەڵگاکان و لە مێژووی سەرهەڵدانی سەرمایەداریدا هەیە. مارکس ئەو خاڵە دەستنیشان دەکات کە گەرای سەرهەڵدانی ناکۆکی نێوان کار و سەرمایەیە. مارکس "ئاناتۆمی"ی نیزامی سەرمایەداری دەناسێ و هەر بەم بۆنەیەوە بە شوێن ڕەوتی مێژوویی پەرەسەندنی ئەو نیزامەدا، باش دەزانێ کە دەکەوێتە شوێن چی و لە چی دەگەڕێ. مارکس بۆ پەیبردن بەوە کە نیزامی سەرمایەداری هەیە یان نا، ناکەوێتە شوێن "پیشەسازیی قورس"، "بازاڕی ناوخۆی هاوسەنگ"، "ئاستی بەرزی تەکنەلۆژی"، "کاڵای بێ کەڵک"، کۆشکی بەرزی هەوربڕ و میترۆی ژێرزەمینی و ... مارکس، سەرمایەداری لە هەموو شێوە بەرهەمهێنانەکانی پێشوو بە جیاواز دەزانێ، سەرمایەداری بە "یەکانگیربوونی پرۆسەی کار و پرۆسەی بەرهەمهێنانی زیدەبایی" دەزانێ و هەر بۆیە جەخت دەکا، کە دامەزراندنی نیزامی سەرمایەداری بەر لە هەموو شتێک بە خۆنواندن و پێکهاتنی جەوهەری ناوخۆی ئەم یەکانگیربوونە، یانی بە بەرامبەرکێی نێوان کاری کرێگرتەی کرێکاری بێ ئامراز و سەرمایەی پووڵیی بۆرژوازیی خاوەن ئامرازدا دیاری دەکرێ.

مارکس بۆ ناسینی جۆری یاسا ئابوورییەکانی بزاوتی کۆمەڵ، یانی شێوەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی، لەپێشدا ڕێنوێنیمان دەکات کە بچینە سەر لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی پرۆسەی ئەستاندنەوەی خاوەنداریێتی، ڕێنوێنیمان دەکات بۆ جێگایەک کە لەوێ بیرەوەرییە ئاڵۆزەکانی گوندنشینە بێ زەوییەکان و شێوە ئاخاوتنی لادێییانەی کرێکارانی شاری، بایەخی تیۆریک و بایەخی شیکارییان زۆر زۆرترە لە بەراوردکردنی ژمارەی دووکەڵکێشی کارخانەکانی ئێران و "وڵاتانی پێشکەوتووی پیشەسازیی"، وە ئەو لایەنگرانەی "بۆرژوازیی میللی" کە لە ڕووی نموونەسازی و خشتەڕێژییەوە پێیان چەقاندووە و لاساری دەکەن و حاشا لەوە دەکەن کە لە ئێران پەیوەندییەکانی سەرمایەداری زاڵن، وە بۆ ئەم مەبەستەش دوواکەوتوویی پیشەسازیی وڵات بە شایەد دەگرن، دەبێ کاری خۆیان لەگەڵ مارکس و مێژوو یەکلا بکەنەوە:



خاوەنداریێتی ئەستێندراوەتەوە یان نا؟ ئەمەیە پرسیاری سەرەکی، دووکەڵکێشەکان دوایی دژمێرین!

زانینی ئەوەی کە پرۆسەی ئەستاندنەوەی خاوەنداریێتی، لە پەرەسەندنی مێژووی سەرمایەداریدا چ گرنگییەکی هەیە، خۆی لە خۆیدا هەموو مارکسیستێک لە لێکدانەوەی ناسینی ئەو پەیوەندییەی بەرهەمهێناندا کە بەسەر کۆمەڵدا زاڵە، بەرەو ئەوە ڕادەکێشێ کە بکەوێتە شوێن چۆنیەتی بەدیهاتنی ئەم پرۆسەیە (بەدیهاتن یان بەدینەهاتنی) لە ئێراندا. لەپێشدا مەسەلەکە ئاوا دێتە گۆڕ، کە ئایا بە شێوەیەکی بەربڵاو جووتیاران و پیشەگەرانی شاریی، خاوەنداریێتییان لێ ئەستێندراوەتەوە یان نا؟ لێرەدا بە ڕوونترین شێوە تێکەڵ و پێکەڵی تیۆریکی لایەنگرانی تێزی نیوە فیۆداڵ_ نیوە کۆلۆنیمان بەرچاو دەکەوێ. ئەم جۆرە ڕەوتانە لە لایەکەوە حاشا لە زاڵبوونی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لە وڵاتدا دەکەن، وە لە لایەکی ترەوە لەو جێگایەی باسی "پەردەلادان" لەسەر ڕژێمی شا دێتە گۆڕ، دەربارەیماڵوێرانی گوندنشینان و پەڕەوازەبوونیان لە ڕەوتی "ڕیفۆرمی زەوی" ساڵەکانی 1963_ 68دا، درێژدادڕی دەکەن. بانێک و دوو هەوا! بەرهەمهێنەرانی ڕاستەوخۆ لە ئاستێکی ملیۆنیدا لە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان جیا بوونەوە و بەرهەمهێنانی فیۆداڵی مایەوە! ئێمە لە نامیلکەکانی داهاتوودا لەو جێگایەی کە پرۆسەی ئەستاندنەوەی خاوەنداریێتی لە ئێراندا، وە بە تایبەت ئەنجامی یەکجاریی ئەو پرۆسەیە لە ساڵەکانی 63_ 68دا دەدینە بەر لێکۆڵینەوە، بە ڕوونی لەم بیروڕا بۆرژواییانە هەڵدەنگووین. سەرخەتی گشتیی بیروڕاکانی ئێمە لەم بابەتەوە لە کتێبی "کۆمۆنیستەکان و بزووتنەوەی جووتیاری، پاش چارەسەری ئیمپریالیستی مەسەلەی زەوی"، وە هەروەها لە پێشوتارێکدا کە بۆ "حەوت وتار دەربارەی مەسەلەی زەویوزار، لێنین" نووسراوە، بە درێژی، شی کراوەتەوە. لێرەدا هەر ئەوەندە بەسە، پەنجە بۆ ئەو خاڵە ڕاکێشین کە بە فیۆداڵی زانینی نیزامی بەرهەمهێنان لە ئێراندا، وە چاوەڕوانهێشتنەوەی چینی کرێکاری ئێران بە تەمای گەشەی "ڕزگاریبەخش"ی بۆرژوازیی "میللی" (ئەم ئیمامە غایبەی مەنشەڤیزمی ئێران)، لە هەلومەرجێکدا کە هەموو توێژەکانی بۆرژوازی لە وڵاتدا لە سایەی سەری ئەوەی کە ملیۆن ملیۆن گوندنشین خاوەنداریێتییان لێ ئەستێندراوەتەوە و بە خێروبێری ماڵوێرانی جەماوەری بەرینی جووتیاران، زیاتر لە 15 ساڵە دەستیان بە هەرزانترین هێزی کاری جیهان ڕادەگا، جگە لە پەردەپۆشکردن و شاردنەوەی چەوساندنەوەی بێبەزەییانەی نیزامی

سەرمایەداری، وە لە مەیدانی سیاسیدا جگە لە دەستهەڵگرتن و ڕوو وەرگێڕان لە چینی کرێکار، کە ڕزگارییبەخشی خەڵکی ئێرانە و هەر ئێستا لە مەیداندایە، هیچی تر نییە. **درێژەی هەیە ...**

ئاپریلی 1980

## **پەراوێزەکان**:

1) دەبێ لە "جەنگاوەرانی ئازادیی چینی کرێکار (ڕەزمەندگان)" ڕاشکاوانە پرسیار بکرێ، کە ئەو ڕوانگە و بۆچوونانەی وا لە نامیلکەی "لێکۆڵینەوەی هەلومەرجی سیاسیی داهاتوو"، وە لە نامیلکەی "هەلومەرجی سیاسیی و ئەرکەکانی ئێمە"دا ڕایانگەیاندووە، وە ئەو نەزمە لیبراڵییەی کە لە حوکوومەتی "بۆرژوازیی میللی"یان چاوەڕوان دەکرد و لەم دوو نامیلکەیەدا موژدەیان داوە، لە کام سەنەد و بەڵگەی نووسراو و نە نووسراوی تیۆریکدا ڕەخنەیان لێ گیراوە و هاوڕێیان چۆن بەم هەڵوێستەی ئێستایان گەیشتوون؟ دەبێ ڕاشکاوانە بپرسین، کە سازمانی "جەنگاوەرانی ڕێگای ئازادیی چینی کرێکار (پەیکار)" بەپێی کام لێکۆڵینەوەی مارکسیستی و کام پیاچوونەوەی تیۆریک، ناوی "بۆرژوازیی میللی"یان لەو "پێرستە چینایەتی"یەی کە لە گۆڤاری پەیکاری ژمارە 14دا نووسرابوو ڕەش کردووەتەوە؟ دەبێ بپرسین کە "گرووپی جەنگ بۆ ڕزگاریی چینی کرێکار"، کە لە گۆڤاری "نەبەرد"ی ژمارە 4دا لە ڕاگەیاندنێکی چەند دێڕی و کورتدا، داوا لە لایەنگرانی خۆی دەکا کە کاتێک ویستیان سەرلەنوێ نووسراوەکانی ئەو گرووپە بڵاو بکەنەوە، وشەی "میللی" لە لای بۆرژوازی بسڕنەوە و خەتی بەسەردا بکێشن، چونکە گوایە ئەم گرووپە لە لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا ئیتر بڕوای بە دەستەواژە و دیاردەیەکی لەم چەشنە نییە، بە شێوەیەکی کۆنکرێت، کام لێکۆڵینەوەی مەبەستە؟ وە هەڵبەت بە چاوەڕوانییەکی زۆر کەمترەوە، دەبێ بپرسین ڕێکخراوەکانی "چریکەکانی فیدایی خەڵق" کە لە گۆڤاری "کار"ی ژمارە 2، لە نامەیەکی سەرئاواڵەدا کە بۆ سەرەکوەزیری خۆشەویستی کۆنەپەرستیی و ئیمپریالیزمیان نووسیوە، خۆیان بە "ڕەخنەگری سەرەکی"ی دەوڵەت لەقەڵەم دەدەن و ستایشی دەوڵەتی بازرگان دەکەن، چونکە گوایە، "جیاوازیی بنەڕەتی" لەگەڵ دەوڵەتەکانی "هووەیدا" و "شەریف ئیمامی"دا هەیە، وە لە جەماوەری خەڵک (بە تایبەت کۆمیتەکانی ئیمام خومەینی) داوا دەکەن، کە تەگەرە نەخەنە سەر ڕێی کاری



دەوڵەت، چۆن و بەپێی کام لێکۆڵینەوەی تیۆریک (هەڵبەت لێکۆڵینەوەیەکی وا کە بکرێ لە گۆڤاری " کار"ی ژمارە 24دا باسی بکەی)، بۆرژوازیی میللی و پێشکەوتنخواز بە "ئەفسانە"یەک دەزانن، کە لە خزمەت ئیمپریالیزمدایە.
نموونەی هەڵوێستەکانی ئەمڕۆی سازمانی چریکە فیداییەکانی خەڵق، وەخۆهێنانەوە و ئاگادارکردنەوەیە بۆ هەموو ئەو هێزانەی کە ڕەخنەی مارکسیستی لە هەڵە تیۆریکەکانی خۆیان ناگرن و تیۆری خۆیان وەک ئامرازێک چاو لێ دەکەن کە لە خزمەت بڕوبیانوو داتاشین بۆ کردەوەکانیان دایە. کردەوەیەک کە بەدەستەوەستانی دەکەوێتە شوێن ڕەوتی تاقیکردنەوە و ڕووداوەکانی مەیدانی سیاسەت.
<u>"سیاسەتی ڕیڤیژینیستی بریتییە لەوەی شێوەکار و ڕەوشتی خۆت لەم ڕووداوەوە هەتا ڕووداوێکی تر دیاری بکەی</u>. خۆڕێکخستن لەگەڵ ڕووداوەکانی ڕۆژ، فەرامۆشکردنی بەرژەوەندییە بنەڕەتییەکانی پرۆلیتاریا و تایبەتییە سەرەکییەکانی تەواوی ڕژێمی سەرمایەداری و تەواوی پەرەسەندنی هەنگاو بە هەنگاوی سەرمایەداری لەگەڵ هەر گۆڕانێکی سادە کە بەسەر سیاسەتدا دێ، فیداکردنی ئەم بەرژەوەندییانە لەپێناو بەرژەوەندی کاتیدا جا چ بەرژەوەندییەکی واقیعی و چ بەرژەوەندییەکی گریمانەیی و خەیاڵی. وە خودی ئەم جەوهەر و ماهییەتەش بە ئاشکرا ئەم سیاسەتەی لێ دەوەشێتەوە کە دەتوانێ شکڵی یەکجار جۆراوجۆر بە خۆیەوە بگرێ و هەر مەسەلەیەک کە تا ڕادەیەک "تازە" بێ، وە هەر گۆڕانێک لە ڕووداوەکاندا کە هێندێک چاوەڕوان نەکراو و پێشبینی نەکراو بێ، جا با تەنیا بە قەت نووکە دەرزییەک و بۆ ماوەیەکی زۆر کورتیش ڕێوشوێنی سەرەکیی پەرەسەندنی گۆڕیبێ_ بە ناچار و هەمیشە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی شێوەی جۆراوجۆری ڕیڤیژینیزم" (لێنین، مارکسیزم و ڕیڤیژینیزم، یەک بەرگی بە فارسی، لاپەڕەی 33)
هەڵوێستگۆڕینی ئەو هێزانەی کە پێشتر بڕوایان بە بوونی "بۆرژوازیی میللی" و دەوری پێشکەوتنخوازی "بۆرژوازیی میللی" لە شۆڕشی ئێمەدا هەبوو، وە هەوڵ و تەقەلای ئەو هێزانە بۆ بێدەنگەکردن لەم هەڵوێستگۆڕینە و بۆ ئەوەی وا بەرچاو بخەن کە هیچ ڕانەبووردووە، ئەوەندە نەزانانە بووە، کە سەرەنجام خودی بۆرژوازی هەرا و هاواری لێ هەستاوە. لە نامیلکەیەکدا بە ناوی "کۆتایی خەتی 3"، نووسراوی "ئەڵقەی مارکسیستی_ لێنینیستی لە پێناو پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستدا"(!!) تیۆریسینەکانی "دەزگای تەحریفی مارکسیزم لێنینیزمی کۆماری ئیسلامی ئێران" بۆ

بەدیهێنانی مافی پێشیلکراوی بۆرژوازیی میللی" هاتوونەتە مەیدان و داوا لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی دەکەن کە "پەیمانشکێنی" نەکا. هێنانەوەی چەند نموونەیەک لەو زاتانە زۆر بە کەڵکە:

"ئایا هیچ گومان لەوەدا هەیە، کە تەبلیغاتی ئێستای کۆنفرانسی وەحدەت لەگەڵ ئەو شتەی کە هەتا چەند مانگ لەوەپێش دانیان پێدا دەنا، عەرز و ئاسمانی فەرقە؟ ئەوە نییە تاقمی دەسەڵاتداری ئێستا هەر لەم توێژ و چینانە، هەر لەم ڕەوتە سیاسییانە و هەر لەم کەسانە (مەبەست "بۆرژوازیی میللی" و سیاسەتمەدارەکانییەتی کە خەتی 3 پێشتر بە پێشکەوتنخوازی دەزانین) پێک هاتووە؟ کەواتە، بۆچی کۆنفرانسی وەحدەت ئێستا ئیتر هیچ باسی ئەوە ناکا کە حوکوومەتی ئێستا میللییە؟ ئایا ئەو هێزانەی کە نزیکەی 30 ساڵ سەرەڕای هەموو کەمایەسی و بێبەشییەکی چینایەتی پێیان لەسەر هەڵوێستی سەربەخۆییخوازانەی خۆیان دادەگرت، لە ماوەی 6 مانگدا جەوهەر و ماهییەتی خۆیان گۆڕیوە، یان ئەوە کۆنفرانسی وەحدەتە کە بەپێی بەرژەوەند و قازانجی ڕۆژ لە خەباتی سیاسیی خۆیدا هەڵوێستی خۆی تەواو وەرچەرخاندووە؟ وەڵامەکە بە ئاشکرا ڕوونە، ئەوە کۆنفرانسی وەحدەتە کە لەبەر داماوی، بیروڕاکانی خۆی ناوەتە ژێر پێ. وە شتەکە ئەوەندە سووک و بێ نرخە کە ئەوان نەک هەر بەرانبەر بە میللیبوونی حوکوومەتی ئێستا (کە ئەمە خۆی دەورێکی دیاریکەری لەوەدا هەیە کە پرۆلیتاریا چ سیاسەت و تاکتیکێک بەرانبەر بە بۆرژوازی میللی دەگرێ) بێدەنگە دەکەن، بەڵکوو "وابەستەبوونی حوکوومەت بە ئیمپریالیزم"یان لە چەقی تەبلیغاتی خۆیان لە دژی دەوڵەت و حوکوومەتی ئێستادا گونجاندووە" (لاپەڕەی 10)

ئێمە بەش بە حاڵی خۆمان لەوەی کە ڕەوتی تاقیکردنەوە، "خەتی 3" لانی کەم تا ئەو جێگایەی کە پەیوەندی بە دەستەواژەی "بۆرژوازیی میللی"یەوە هەیە بەرەو لێنینیزم پاڵ پێوە دەنێ، وە بەتایبەت لەوەی کە ئەم هێزانە لە تەبلیغاتی خۆیاندا لە بابەت تاقمی دەسەڵاتدارەوە خاڵی "وابەستەبوونی حوکوومەت بە ئیمپریالیزم" "بگونجێنن" زۆر خۆشحاڵ دەبین. بەڵام ئەو قسە بێسەرەوبەرە و پڕوپووچانەی لە وتاری "کۆتایی خەتی 3"دا نووسراوە، دەرسێکی بنەڕەتی بۆ هەموو کۆمۆنیستەکان تێدایە، ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر لە ڕوانگەیەکی پرۆلیتێرییەوە و بە مەبەستی هۆشیاربوونەوەی پرۆلیتاریا و گەشەی خەباتی کرێکاران هەڵە و کەموکووڕییەکانی خۆمان نەدەینە بەر ڕەخنە، ئەوا ڕێگامان بۆ بۆرژوازی کردووەتەوە کە ئەم کەموکووڕییانە بەدەستەوە



بگرێ و بە چاومانی بداتەوە و بیکاتە گۆپاڵێک بۆ تاوانبارکردن و بە ناڕەوا لەقەڵەمدان و سەرکوتی بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی.

2) مارکس لە کاپیتاڵدا بۆ ڕوونکردنەوە و لێکدانەوەی یاساکانی بزاوتی کۆمەڵی بۆرژوایی، لە دەستەواژە و دیاردەی کاڵاوە دەست پێ دەکا و بە ئاشکراکردنی ناکۆکییە سەرەکییە ناوخۆییەکانی (بایی گۆڕینەوە و بایی مەسرەف)، هەنگاو بە هەنگاو دەستەواژە و پەیوەندی وەک بایی، کاری موجەڕەدی پێویست لە باری کۆمەڵایەتییەوە، پارە و سەرەنجام "پەیوەندیی سەرمایە" بە گشتی دەردێنێ.

3) "ئێستا ئەگەر ئێمە دوو پرۆسەی بەرهەمهێنانی بایی و بەرهەمهێنانی زێدەبایی لەگەڵ یەکدی بەراورد بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەمەی دووەم (واتە زێدەبایی) هەر درێژەی ئەوەی یەکەم (واتە بایی)ە، کە تا ڕادەیەکی دیاریکراو درێژەی پێدراوە. لە لایەکەوە ئەگەر ئەم پرۆسەیە لەو خاڵە واوەتر نەچێ کە تێیدا ئەو باییەی سەرمایەدار داوێتی بە کرێکار ڕێک بە قەدەر هاوتاکەی خۆیەتی، ئەم پرۆسەیە تەنیا پرۆسەی بەرهەمهێنانی باییە، وە لە لایەکی ترەوە ئەگەر لەم ڕادە دیاریکراوە واوەتر بچێ، دەبێتە پرۆسەی بەرهەمهێنانی زێدەبایی". (بەرگی یەکەم، لاپەڕەی 90_ 189)

4) ئاشکرایە کە گۆڕینەوەی نایەکسان، چۆنیەتی بوونی زێدەبایی ڕوون ناکاتەوە. چونکە لەم حاڵەتەدا قازانجی لایەکیان بە مانای زەرەری لایەکەی ترە، وە ئەم قازانج و زەرەرانە کە بەرانبەر بە یەکترن، لە ئاستی هەموو سەرمایە لە کۆمەڵدا یەکتر قەرەبوو دەکەنەوە. بەم جۆرە بەرهەمهێنانی زێدەبایی لە ئاستی گشت سەرمایە لە کۆمەڵدا، ناتوانێ لە گۆڕینەوەی نایەکسانی خاوەنەکانی کاڵاوە سەرچاوەی گرتبێ. بۆ ڕوونبوونەوەی زیاتری ئەم مەسەلەیە، بڕوانە بەرگی یەکەمی سەرمایە، بەندی پێنجەم، "ناکۆکییەکانی فۆرموولی گشتیی سەرمایە". مارکس لەوێدا بە ڕوونی نیشانی دەدا، کە هەر لە بنەڕەتەوە سەرچاوەی زێدەبایی لە مەیدانی سووڕدا نییە، وە ناکۆکی فۆرموولی گشتیی سەرمایە بە کورتی ئاوا بەیان دەکا:

"کەواتە، ئەوە هەر ئیمکانی نییە کە سەرمایە بەهۆی مەیدانی سووڕەوە بەرهەم بێ، وە دیسانیش ئەوە ئیمکانی نییە کە سەرمایە سەرچاوەیەکی جیاواز لە مەیدانی سووڕی هەبێ. کەواتە، سەرچاوەکەی هەم دەبێ لە مەیدانی سووڕدا بێ و هەم نابێ تێیدا بێ. کەواتە بە ئەنجامێکی دووانە گەیشتووین" (بەرگی یەکەم، لاپەڕەی 163)

5) بۆ ڕوونبوونەوەی شکڵی بەرینی فۆرموولی گشتیی سەرمایە (فۆرموولی یەکەم لە باسەکەی ئێمەدا)، وە بۆ ناسینی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەڵقەکانی گۆڕینەوە و هەروەها سووڕی ماک و بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەم فۆرموولەیە، بڕواننە سەرمایە، بەرگی دووەم، بەندی یەکەم هەتا چوارەم.

6) لە کۆمەڵی سەرمایەداریدا "بایی هێزی کار، وەکوو هەموو کاڵایەکی تر، لە ڕووی ئەوەوە دیاری دەکرێ، کە ماوەی پێویست بۆ بەرهەمهێنان و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی ئەم کاڵا دیاریکراوە چەندە ... ئەگەر وای دانێین کە خودی کرێکار هەیە، بەرهەمهێنانی هێزی کار هەمان بەرهەمهێنانەوەی هێزی کار و بە وتەیەکی تر مانەوەیەتی. بۆ مانەوەی خۆی، کرێکار پێویستی بە ڕادەیەکی دیاریکراو وەسیلە و هۆی بەرێچوون و گوزەران هەیە و بەم بۆنەیەوە، ماوەی کارێک کە بۆ بەرهەمهێنانی هێزی کار پێویستە، هەر هەمان ماوەی کارە کە بۆ بەدەستهێنانی هۆیەکانی بەرێچوون و گوزەران پێویستە. بە وتەیەکی تر بایی هێزی کار، بایی ئەو هۆیانەی بەرێچوونە کە بۆ مانی کرێکار پێویستە" بەرگی یەکەم، لاپەڕەی 167. بۆ ڕوونبوونەوەی پەیوەندیی کرێ (نرخی ئەو هێزی کارەی کە لە ماوەیەکی دیاریکراودا دەکار کراوە) و بایی هێزی کار، بڕوانە بەرگی یەکەم، بەندی 19 "گۆڕانی بایی هێزی کار بۆ کرێ".

7) بۆ ڕوونبوونەوەی چۆنیەتی دەرهێنانی ئەم فۆرموولەیە، بڕواننە سەرمایە، بەرگی یەکەم، بەندی 8 و بەندی 9 و هەروەها بڕوانە "ئەنجامە دەسبەجێکانی پرۆسەی کار".

8) ئەگەر پێتان وایە، ئێمە مەسەلەکەمان لە ڕادە بەدەر زەق کردووەتەوە بڕوانە ئەمە: "تێکهەڵچوونی ڕۆحانییەت و مەرجەعییەت لەگەڵ ڕژێمی دیکتاتۆری، بۆ حوکوومەتی کودەتا لە جاران کوشندەتر بوو. ڕژێم هەوڵی دا، پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بکاتە سەرمایەداری و بەم جۆرە نفووز و کاریگەری ڕۆحانییەت کەم بکاتەوە و نەیتوانی" (ڕاهی کارگەر، وتاری مۆتەی فاشیزم یان فاشیزمی ڕاستەقینە، بەشی (1) لاپەڕەی 25). پاش ئەوەی تیۆری ئیمپریالیزمی لینین کرا بە تیۆری "تاڵان"، ڕاهی کارگەر چاوی بڕیوەتە ئەوەی کە لە تیۆری ماتەریالیزمی مێژوویی مارکس "واوەتر" بچێ. "مەرجەعییەت" و "ڕژێم"یش کە دوو دەستەواژەن و هیچیان لە چوارچێوەی مێژوودا ناگونجێن، دەچنە پاڵ دەستەواژەی "تاڵان" و کاردابەشکردنی سەپێندراو و ... ئەم دیاردە سەیر و سەمەرانە کە هیچ کامیان لە چوارچێوەی مێژوودا ناگونجێن، کاتێک ڕاهی کارگەر بە دەستیانەوە دەگرێ، لە هێز و توانایەکی ئەفسانەیی بەهرەمەند دەبن.



دیاردەی وا کە نەک هەر لە باری زەمانییەوە دەکەونە پێش سەرمایەداری، بەڵکوو ئاگاداری پەرەسەندنی مێژوویی کۆمەڵگاکانیشن، وە گۆڕانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و سەرهەڵدانی سەرمایەداری و ... لە ئێران تەنیا نموونەیەکی بچووکی کێشەی نێوان ئەوانەیە!

لێرەدا ئیتر قسە هەر لەسەر ئەوە نییە کە یاسا ماددییەکانی بزاوتی کۆمەڵگاکان بە پێچەوانە نیشان دەدرێن و گۆڕانکاریی ڕواڵەتی و سەرخانی، بە هۆ و هێزی بزوێنەری گۆڕانکاری ژێرخانی دادەندرێن، بەڵکوو لێرەدا قسە لەسەر ئەو دیاردە ئەزەلی و ئەبەدییانەیە کە سەرخان و ژێرخان هەردووکیان (پەیوەندیی کۆمەڵایەتی) بۆ "لاوازکردنی" یەکتر دەگۆڕێن و ئەوەندەش گەورە و گرانن کە ئەم گۆڕانکارییە هەر هیچ کار ناکاتە سەر ڕەوتی کێشەی دوولایەنەی نێوانیان! ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی (پێویستی، ئیمکان و ڕەوت) ئەوەی کە ئێران لەسەر بنچینەی کێشەی "مەرجەعییەت" و "ڕژێمی دیکتاتۆری" (کە گوایە، سەرەڕای گۆڕانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، هەر وا و هەمیشە بە ناوەڕۆکێکی یەکسانەوە لە مەیدانی سیاسەتدا ئامادەن) بوو بە سەرمایەداری، ڕێک نموونەی ئەو جۆرە لێکۆڵینەوە "مێژوویی"یانەیە، کە ئێمە تاپۆکەیمان بەرچاو خست.

9) بۆ ڕوونبوونەوەی مەبەستی مارکس لە "کرێکارانی ئازاد"، هێنانەوەی ئەم پەرەگرافە ڕەنگە بەکەڵک بێ:

"کەواتە، بۆ ئەوەی خاوەنی پارە بتوانێ پارەی خۆی بکاتە سەرمایە، پێویستە لە بازاڕدا لەگەڵ کرێکارانی ئازاد مامەڵە بکات. ئازاد مانایەکی دووانەی هەیە، کە کرێکار هەم وەک ئینسانێکی ئازاد بتوانێ هێزی کاری خۆی وەک کاڵای خۆی بفرۆشێ، وە لە لایەکی ترەوە هیچ کاڵایەکی تری بۆ فرۆشتن نەبێ. بە کورتییەکەی، لە هەر چەشنە هۆیەکی پێویست بۆ ماددییەت بەخشین بە هێزی کاری خۆی بێ بەهرە (ئازاد) بێ". سەرمایە، بەرگی یەکەم، لاپەڕەی 166.

**سەرچاوە تیۆرییەکانی نامیلکەکانی یەکەم تا سێیەم:**

1) سەرمایە (هەر سێ بەرگەکە)ی مارکس و "ئەنجامەکانی پرۆسەی دەسبەجێی بەرهەمهێنان"، پاشکۆی بەرگی یەکەم، پنگوئن.
2) گروندیس.
3) فۆرماسیۆنە ئابوورییەکانی سەرمایەداری، مارکس.

4) چەند بەشێک لە تیۆرییەکانی زێدەبایی مارکس، بە تایبەت " کاری بەرهەمهێنەر و بەرهەمنەهێنەر".
5) ئایدیۆلۆژیی ئاڵمانی (ئەو بەشانەی کە پەیوەندییان بە حوکوومەت و چینەکان و خەباتی چینایەتییەوە هەیە).
6) گەشەکردنی سەرمایەداری لە ڕووسیا، لێنین.
7) سەبارەت بە خەسڵەتنوێنی ڕۆمانتیزمی ئابووری، لێنین.
8) ئیمپریالیزم وەک باڵاترین قۆناغی سەرمایەداری، لێنین.
9) ئیمپریالیزم و کەرتبوون لە سۆسیالیزمدا، لێنین.
10) ئیکۆنۆمیزمی ئیمپریالیستی و کاریکاتۆری مارکسیزم، لێنین.
11) شیکردنەوەی کۆبوونەوەکانی دووەمی کۆمێنتێرن (ئینتەرناسیۆناڵی سێیەم) لەسەر مەسەلەی میللی و کۆلۆنیالی.

تێبینی: بەرگی یەکەمی نامیلکەی "ئەفسانەی بۆرژوازیی میللی و پێشکەوتنخواز" بۆ یەکەمجار لە سەرەتای هاوینیساڵی 1979 (1358)، وە بەرگی دووەمی مانگی خاکەلێوەی ساڵی 1980 (1359)، بە زمانی فارسی بڵاو کراونەتەوە.

وەرگێڕانی: ناسری حیسامی
تایپکردنەوەی: ئامانج ئەمین

سەرچاوە:
اسطوره بورژوازی ملی و مترقی
/http://hekmat.public-archive.net

# پۆپۆلیزم لە بەرنامەی لانی کەمدا

(ڕەخنەیەک لەسەر، فیداییانی خەڵک دەڵێن چی؟)

## پێشەکیی چاپی چوارەم

خەبات بۆ سڕینەوەی بیروباوەڕ و سیاسەتی چینە غەیرە پرۆلیتێرەکان لە ڕیزەکانی بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی، ئەرکی وچانهەڵنەگری کۆمۆنیستەکانە. ئەمڕۆ بە پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، بێگومان قۆناغێکی تازە لە خەباتی تیۆریی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ لە دژی ئۆپۆرتیۆنیزم و ڕیڤیژینیزم لە ئێران دەستپێ دەکات. لەم نێوەدا هەڵوێستگرتن بەرانبەر بە ڕەوتگەلی وەک ئەقەلییەت و ڕاهی کارگر و بە گشتی ئەو بەشە کەلە ڕیڤیژینیزمی مۆدێرن ئیلهام وەردەگرێ، وە لە ڕەوتی حەرەکەتی تا ئێستای خۆیدا، گەشەی خۆی لەوەدا نیشان داوە کە لە باڵی ڕاستی سۆسیالیزمی وردەبۆرژواییەوە بووەتە ڕیڤیژینیزمی مۆدێرنی تۆخ و پڕبەپڕ جێگا و شوێنێکی تایبەتی هەیە. ڕەخنەگرتنی هەمە لایەنە لە بیروڕا و سیاسەتە لادەرانەکانی ئەم ڕەوتانە، بە مەبەستی ئەوەی ئەزموونی شکستە تاڵەکانی پێشوو بۆ چینی کرێکار دووپات نەبنەوە، لە دەستووری حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندایە.

وەک هەنگاوێک لە خزمەت ئەم خەباتە ئایدیۆلۆژیکەدا، ئێمە بە باشمان زانی جارێکی تر ئەم نامیلکەیە بڵاو بکەینەوە، بە تایبەت بە مەبەستی ڕوونکردنەوە و وەبیرهێنانەوەی جەوهەر و زەمینە و پێشینەی ناکۆکییە تیۆرییەکانی نێوان مارکسیزمی شۆڕشگێڕ و ڕەوتی فیدایی لە ڕابوردوودا، وە بۆ پەردەلادان لەسەر ئەوە کە ئەم ڕەوتە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابوردوودا چەندە هەڵچوون و داچوونی بووە و چلۆن بەپێی بەرژەوەندی خۆی بەم بار و بەو باردا وەرچەرخانی تیۆری کردووە.

یەکێک لەو خاڵانەی وا بڵاوبوونەوەی ئەم نامیلکەیە یاریدەی ڕوونبوونەوەیان دەدا ئەوەیە، کە ئەو ڕادیکاڵیزمەی وا ئەقەلییەت، لەژێر گوشاری ڕاستییەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵ و بزووتنەوەی چینی کرێکاردا لە هەندێک لە دروشمەکان و داخوازە بەرنامەییەکانی خۆی هەڵسووە، لاساییکردنەوەیەکی ڕووکەشییانەیە و ڕەنگێکی تەواو بەرژەوەندخوازانەی پێوەیە.



لە وەڵامی ئەم ڕەخنە موشەخەسەی ئێمەدا ئەقەلییەت خۆی لە گێلی داوە و نوسیویەتی:

"بەیاننامە (مەبەستی بەیاننامەی هاوبەشی کۆمەڵە و "ی. ت. ک./ یەکێتیی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست" لە بابەت ئەقەلییەت و ڕاهی کارگەرەوەیە) هەروەها بانگەشە دەکا کە گوایە سازمانی ئێمە بەرنامەی عەمەلی خۆی لە بەرنامەی لانی کەمی کۆمەڵە و سەهەند هەڵێنجاوە" و پاشان دەنووسێ: "ئێمە بە ناچار ئەوە دەستنیشان دەکەین کە بەرنامەی عەمەلی ئێمە دوو مانگ پاش یەکەمین کۆنگرەمان لە سێیەمین ساڵی ڕاپەڕینی ڕێبەنداندا، ساڵی 1365 لە ژمارە 150ی گۆڤاری "کار"دا بڵاو کرایەوە. یانی کاتێک کە هێشتا نە باسی بەرنامەی کۆمەڵە و سەهەند هاتبووە گۆڕ و نە بەرنامە پێشکەش کرابوو. بەرنامەی کۆمەڵە و سەهەند مانگی گولانی ساڵی 61 بڵاو کرایەوە ... " (ڕێگای گەل، ژمارە 100)

لە وەڵامدا دەبێ بڵێین کە ئێمە خۆمان بە باشی لەوە ئاگادارین کە ناکۆکیی تیۆری و سیاسی نێوان مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ڕێککەوتوو لە حیزبی کۆمۆنیست و ڕەوتی ئەقەلییەت چەندە قووڵە. ئێمە ڕەخنەمان لەوە نییە کە هەندێک دروشمی بەرنامەیی ئێمە لە هەڵوێستەکانی ئەقەلییەتدا دووپات کراونەتەوە، بەڵکوو ڕەخنەمان لەوەیە کە ئەم وەرگرتن و دووپاتکردنەوەیە بە شێوەیەکی ڕواڵەتی و کاتی و ڕووکەشییە. ئێمە هەر وەک پێشتریش جەختمان لەسەر کردووە و لە بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیشدا بە ڕوونی و ڕاشکاوی بەیان کراوە، ڕەچاوکردن و بەدەستەوەگرتنی درووشمەکانی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ لە لایەن هێزە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنەوە، تەنانەت ئەگەر تاقە یەک درووشم و یەک داخوازی دیموکراتیکیش بێ، بە هەنگاوێکی بەرەو پێش دەزانین و خۆمان هەڵسووڕاوانە بۆ پەرەپێدانی ئەم درووشمانە هەوڵ دەدەین. بەڵام دووپاتکردنەوەی ئەم دروشمانە لە لایەن ئەقەلییەتەوە، کە لە لایەکەوە لە بناغە سەرەکییەکانی باوەڕی ئایدیۆلۆژیکی خۆیدا بە شێوەیەکی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر بەرەو بە ڕەوا لەقەڵەمدانی ڕیڤیژینیزم دەچێ، وە لە لایەکی ترەوە زیاتر لە جاران دوژمنایەتی سیاسی و ئاکاری لادەرانەی خۆی لە دژی پارێزەرانی شێلگیری ئەم دروشمانە توندوتیژ دەکاتەوە، ناتوانێ نیشاندەری ئەوە نەبێ کە ئەم ڕێکخراوە بڕوایەکی ڕاستەقینەی بەم درووشم و داخوازییانە نییە، وە سەرجەمی ئەم حەرەکەتە ڕادیکاڵیزمێکە کە بەسەر فیداییاندا سەپاوە و ئەویش بۆ دوانەکەوتن لە ئاستی

بزووتنەوەی عەمەلی ملی پێ داوە. ئەگەر وا نەبێ، دیارە نزیکبوون لە درووشمەکانی ئێمە، بۆ کەسێک کە بە شایەدیی مێژووی زیندوو و تۆمارکراوی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران، هەڵوێستی خۆی گۆڕیوە بۆ ئەوەی ئەم درووشمانە قەبووڵ بکا، ناتوانێ بە مانای نزیکایەتی و هاوپشتییەکی سیاسی و عەمەلیی زیاتر لەگەڵ ئێمە وەک ئالاهەڵگرانی چەندین ساڵەی ئەم درووشم و سیاسەتانە نەبێ.

جگە لەمەش، ڕەوتی ڕووداوەکان لە ڕووی ڕۆژژمێریشەوە بەو جۆرە نییە کە ئەقەلییەت بانگەشەی بۆ دەکا. بەرنامەی "یەکێتیی تێکۆشەرانیی کۆمۆنیست"، کە ئوسووڵ و بیروباوەڕی مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێرانی لە قاڵبی بەرنامەیەکدا بەیان دەکرد، لە باری جەوهەر و ناوەڕۆکەوە (و تەنانەت لە زۆر جێگادا لە باری شێوەی بەیانکردنیشەوە) جیاوازییەکی لەگەڵ بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیست نەبوو، لە مانگی خاکەلێوەی ساڵی 1360دا، یانی 11 مانگ پێش گۆڤاری "کار"ی ژمارە 150، بە تیراژێکی زۆر، بە ئاشکرا بڵاو کرابووەوە. جگە لەمەش پێشنووسی یەکەمی بەرنامەی هاوبەشی کۆمەڵە و "یەکێتیی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست" مانگی ڕەزبەری ساڵی 60، یانی چوار مانگ پێش "کاری 150" لەنێو بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا بڵاو کرایەوە و تەنانەت بە دەستی بچووکترین کۆڕ و کۆمەڵ و ئەڵقە کۆمۆنیستەکانیش گەیشت. بەم جۆرە ئاشکرایە کە ئەقەلییەت لە بەڵگەهێنانەوەکەی خۆیدا، بێهوودە مانگی گوڵانی 61 کە بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیست بە ئاشکرا بڵاو کرایەوە، بە سەرەتا دادەنێ. وە لە هەموو ئەمانە گرنگتر ئەوەیە کە ئێمە تەنیا باسی "دزییەکی ئەدەبی"ی بێدەنگە لێکراومان نەکردووە، بەڵکوو هەر لە بنەڕەتەوە باسی ئەوەمان کردووە کە پەنابردنی بەرژەوەندخوازانەی ئەقەلییەت بۆ هەندێک لە بیروڕا و حوکمە بەرنامەیییەکانی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ وەک خۆ بە ڕادیکاڵ هەڵخستنێک، دژایەتی لەگەڵ بنەماکانی بیروباوەڕی فیدایی و کارکردەکەنی ئەو ئوردووگا جیهانییەی وا ئەقەلییەت دیفاعی لێ دەکا هەیە.

ئەم نامیلکەیە کە لە مانگی ڕێبەندانی ساڵی 1359دا ڕێک بۆ ڕەخنەگرتن لە بیروڕا بەرنامەیییەکانی ئەو سەردەمەی ئەقەلییەت نووسراوە، بەڵگەیەکی زیندووە بۆ نیشاندانی ناوەڕۆکی وردەبۆرژوایی ڕادیکاڵیزمی پێشووی فیدایی، وە شێوەی هەڵوێستی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ لەبەرانبەریدا. هەموو خوێنەرێکی بە ئینساف دەتوانێ بە چاوی لێکدانەوە بڕوانێتە ئەو بیروڕایانەی وا ئەقەلییەت لە 5 ساڵی



ڕابوردوودا ڕای گەیاندوون، وە بە خوێندنەوەی ئەم نامیلکەیە بەراوردێکی ئەو بانگەشە سەرسوڕهێنەرەی ئەقەلییەت دەیکا کە گوایە ئەم ڕەوتە "هەمیشە" پێی لەسەر بیروڕا و سیاسەتە پرۆلیتێرییەکان داگرتووە، پاشان بە شێوەیەکی سادە بیروڕا بەرنامەیییەکانی فیدایی لە ساڵی 59دا لەگەڵ ئەو دەستەواژانەی کە ئەقەلییەت ئەمڕۆ لە بابەت مەسەلەی ئایین، ئازادییە سیاسییەکان، مافی دیاریکردنی چارەنووس، شووراکان و حوکوومەتی شۆڕشگێڕانە و ئەم جۆرە شتانە، بە شێوەیەکی کاتی وەری گرتوون پێک بگرێ و هەڵیان سەنگێنێ و بۆی دەرکەوێ کە ئێمە ڕەوتی حەرەکەتی تا ئێستا و جێوشوێنی ئەمڕۆی ئەو ڕێکخراوەمان بە باشی لێکداوەتەوە و بە دروستی ناسیومانە و تێیدا بە هەڵە نەچووین.

بڵاوبوونەوەی سەرلەنوێی ئەم نامیلکەیە بێگومان یاریدەی ئەقەلییەت دەدا بۆ ئەوەی ساڵ و مانگ و ڕابوردووی سیاسیی خۆی وەبیر بێنێتەوە و یاریدەشی دەدا بۆ ئەوەی وەڵامی هەندێک لە "ڕەخنەکانی" ئەمڕۆی خۆی بەرانبەر بە بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیست، هەر لە هەمان خەباتی ئایدیۆلۆژیکی سێ ساڵ لەوەپێشدا، کە ئەقەلییەت هەر لە بنەڕەتەوە حاشای لێ دەکا، بدۆزێتەوە.

ئێمە هەروەها داوا لە هەموو هەڵسووڕاوانی حیزب دەکەین، بۆ تێگەیشتنی قووڵتری هەندێک خاڵی بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، جارێکی تر ئەم نامیلکەیە بخوێننەوە.

**دەستەی نووسەرانی "کۆمۆنیست"**
6ی ڕەزبەری 1362

## پۆپۆلیزم لە بەرنامەی لانی کەمدا

(ڕەخنەیەک لەسەر، "فیداییانی خەڵک دەڵێن چی؟)

بەیاننامەیەک بە ناوی "فیداییانی خەڵک دەڵێن چی" لە لایەن سازمانی چریکە فیداییەکانی خەڵکەوە (هاوڕێیانی ئەقەلییەت) (1) مانگی سەرماوەز بڵاو کراوەتەوە. ئەم بەیاننامەیە بە هۆی جۆراوجۆرەوە، زۆر لە ڕاگەیاندنێک کە هەر تەبلیغی و تەرویجی بێ، گرنگترە. وە ئەمە ئەرکی ڕەخنەگرتن لەو بەیاننامەیەمان دەخاتە سەرشان. گرنگبوونی تایبەتی ئەم بەیاننامەیە لەوەدایە کە، یەکەم: هەنگاوێکە بەرەو

ناساندنی "فیداییانی خەڵک" وەک ئاڵتەرناتیڤێکی_سیاسی_ ڕێکخراوەیی بۆ ڕابەرایەتیی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە لەسەر بنچینەی دەرکردنی "جۆرە بەرنامەیەک" "فیداییانی خەڵک دەڵێن چی" وێنەیەکە لەو ئالایەی کە "فیداییانی خەڵک" هەڵی دەکەن و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە بانگەواز دەکەن کە لەدەوری کۆبێتەوە. وە کورتەیەک لە ڕەخنەی "فیداییانی خەڵک" بەرانبەر بە بار و دۆخ و نیزامی ئێستا بەدەستەوە دەدا، ئەو ئاڵوگۆڕانە بەیان دەکا کە دڵخوازی "فیداییانی خەڵک"ە و ئەوان وەک "تاقە هێزیک" بە جەماوەر دەناسێنێ کە شێلگیرانە دیفاع لە بەرژەوەندی و قازانجی خەڵک، یانی ئەو قازانج و بەرژەوەندەی کە لە بەیاننامەکەدا باسیان کراوە، دەکەن. ئەمە دەرکردنی بەرنامەیەکە لە لایەن هاوڕێیانەوە و بانگەوازێکە بۆ هەڵخڕاندنی جەماوەر لەژێر ئالای ئەم بەرنامەیەدا و جگە لەمە هیچی دیکە نییە، وە جیاواز لەوەی هاوڕێیان خۆیان تا چ ڕادەیەک وەک بەرنامە چاو لەو بەیاننامەیە دەکەن، ئەم بەڵگەیە بە لای ئەو جەماوەرەوە کە هاوڕێیان ڕووی قسەی تێ دەکەن، ناتوانێ دەورێکی تر بگێڕێ جگە لەوەی کە بەڵگەی پێناس و ئالای "فیداییانی خەڵک" بێ. بە تەئکیدەوە دەڵێین قسەمان لەسەر ئەوە نییە کە ئەم بەڵگەیە بە ڕواڵەت وەک بەرنامەیەک (بەشی لانی کەمی بەرنامەیەک) دەچێ، قسە لەسەر ناوەڕۆکی بەرنامەیی ئەو بابەتانەیە کە لەم بەڵگەیەدا هاتوونەتە گۆڕ. چونکە هەر وەک وتمان " فیداییانی خەڵک دەڵێن چی" کورتەیەکە لە:

1) ڕەخنەی فیداییانی خەڵک بەرانبەر بەو نیزام و بار و دۆخە کە ئێستا هەیە.

2) بۆچوونیان بەرانبەر بە ئامانجی خەبات.

3) بەم پێیە، تێگەیشتنیان لە ئاڵتەرناتیڤی شۆڕشگێڕانە و لەو ئاڵوگۆڕانەی کە دەبێ بار و دۆخی ئێستا بیگرێتە خۆ.

4) ناساندن و نیشاندانی ئەو هێزە چینایەتی و ئەو هێزە سیاسییانەی کە دەتوانن و دەبێ ڕابەریی خەبات بۆ "وەدیهێنانی" ئەم ئاڵوگۆڕانە بەدەستەوە بگرن. ئەمانە هەموویان باسی بەرنامەیین و "فیداییانی خەڵک دەڵێن چی"، هەر وەک دواتر نیشانی دەدەین، بە شێوەیەکی ناتەواو و لق و پۆپ هەڵپاچراو و بێسەرەوبەرە، هەموو ئەم باسانە دێننە گۆڕ و هەڵوێستی خۆیان بەرانبەر بەم باسانە دیاری دەکەن.

هەر لێرەدا ئەوەش بڵێین کە ڕووهێنانی هاوڕێیان بەرەو پێشکەشکردنی جۆرە بەرنامەیەک بە بزووتنەوەی جەماوەری، بێگومان هەنگاوێکە بەرەو پێش، لە وتارەکانی تری ئەم ژمارەیەدا بە درێژی باسی ئەوەمان کردووە کە ڕەچاوکردنی تاکە



سیاسەتێک لە کاری تەبلیغی و ڕێکخراوەییدا، لەسەر بنچینەی بەرنامە لە جەرگەی گەشە و بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی جەماوەریماندا چەندە گرنگە. لەم ڕوانگەیەوە، "بیاننامە" نیشاندەری هەنگاوێکی گرنگە لە لایەن هاوڕێیانەوە بەرەو گەشەپێدانی شێوەی هەڵوێستی تبلیغی_ تەرویجی هێزە کۆمۆنیستەکان لە بزووتنەوەی جەماوەری. بەڵام هاوڕێیان کاری باشیان هەر ئەوەندەیە کە جۆرە بەرنامەیەکیان کردووەتە پاڵپشتی تەبلیغ و تەرویجی خۆیان، چونکە "باقی" شتەکە، یانی کاکڵ و ناوەڕۆکی ئەو داخوازییانەی کە لە "بەیاننامە"دا هاتوونەتە گۆڕ، هەمووی نیشاندەری قەتیسمانە لە زەمینەی مەسەلە بناغەیییەکانی بزووتنەوەدا، وە نیشانەی بە ڕەواناسین و دووپاتکردنەوەی بنچینە پۆپۆلیستییەکانی تیۆری و بەرنامەی بەشی هەرە زۆری بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێمەیە. دووەم: گرنگبوونی ئەم بەڵگەیە لەوەدایە کە جەوهەری بۆچوونە تیۆریک و بەرنامەیییەکانی هاوڕێیان بە کورتی بەیان دەکا. خوێندنەوەی ئەم بەڵگەیە ئیمکانی ئەوە بەدەستەوە دەدا کە هێڵی گشتیی لادانەکانی ئەوانمان لەم بابەتانەوە بۆ ڕوون بێتەوە و ڕەخنەی لێ بگرین. "فیداییانی خەڵک" لەم بەیاننامەیەدا، بە بڕوای ئێمە ئەو بنچینە پۆپۆلیستی و ڕێفۆرمیستی و سیکتاریستییانەی وا لە بیرکردنەوە و سیاسەتیاندا هەیە ئاشکرا دەکەن و ئەرکی هەڵوێستگرتنی هەڵسووڕاوانە بەرانبەر بەو بۆچوونانە دەخەنە سەرشانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی. کەوایە ئێمە لەم وتارەدا، لە دوو ڕوانگەوە بەرانبەر بەم بەڵگەیە هەڵوێست دەگرین: یەکەم، بە وردی هەموو خاڵەکانی ئەو بەیاننامەیە وەک بەڵگەیەکی بەرنامەیی دەدەینە بەرباس و پاشان برێک لە بابەت ئەوە دەدوێین، کە ئەو بەیاننامەیە بەرانبەر بە پەیوەندی نێوان دیموکراسی و سۆسیالیزم بۆ پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ چ بۆچوونێکی چەوتی هەیە.

### 1) "فیداییانی خەڵک دەڵێن چی" وەک بەڵگەیەکی بەرنامەیی

بەرنامەیەکی کۆمۆنیستی پێش هەموو شتێک بە ڕوونی سیما و جەوهەر و دوائامانجی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی (حیزبی کۆمۆنیست) شی دەکاتەوە و دەیناسێنێ. پاڵپشتی ئەم جەوهەر و دوائامانجە هەردووکیان، ڕەخنەی زانستی و شۆڕشگێڕانە (مارکسیستی)یە لە نیزامی بەرهەمهێنانی ئێستا (بەنیسبەت ئێمەوە، سەرمایەداری لە وڵاتی ژێردەستەی ئیمپریالیزمدا). بەرنامەی کۆمۆنیستەکان بەڵگەی تاوان و سزانامەی ئەم نیزامەیە. سزانامەیەکە کە تێیدا نیزامی ئێستا وەک سەرچاوە و

پێکهێنەری هەژاری، چەوسانەوە و بێمافیی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش دەناسێندرێ، وە هەر بەم بۆنەیەوە تێکرووخانی ئەم نیزامە و دامەزراندنی سۆسیالیزم وەک ئاڵتەرناتیڤی شۆڕشگێڕی پرۆلیتاریا، ئاڵتەرناتیڤێک کە قەیرانی سەرمایەداری خۆی زەمینەی دامەزرانی پێک هێناوە، بە ئامانجی کۆمۆنیستەکان دادەنرێ. خەبات لە پێناو سۆسیالیزمدا پشت بە خەباتی چینێکی دیاری کراو، یانی چینی کرێکار کە خۆی لە جەرگەی ئەم نیزامەدا هەڵقوڵیوە، دەبەستێ و پەیوەندی بە خەباتی ئەو چینەوە هەیە، وە حیزبی کۆمۆنیست وەک گوردانێک لە بزووتنەوەی جیهانی پرۆلیتاریا و وەک ئامرازێکی ڕێکخراوەیی کە پرۆلیتاریا بۆ دامەزراندنی دیکتاتۆری تاقانەی خۆی پێویستی پێی هەیە، دەناسرێ. ئەمە سەرخەتی گشتیی بەشی لانی زۆری بەرنامەیەکی کۆمۆنیستییە. دیارە ئێمە چاوەڕێی ئەوە نین کە بەیاننامەی "فیدایییانی خەڵک دەڵێن چی" باسی هەموو ئەم بابەتانەی کردبێ، وە یان تەنانەت پێمان وا نییە کە باسە ئایدیۆلۆژیکەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئەوەندەی دەسکەوتی بناغەیی جێگیر کردبێ کە بەم هاوڕێیانە، وە یان هەر هێزێکی کۆمۆنیستی تر ئیمکانی ئەوە بدا کە بەرنامەیەکی هەمە لایەنەی حیزبی دەرکەن. بەڵام ئەوەی کە دەبێ چاوەڕوانی بین و دەبێ لە هەر بەڵگەیەکدا کە کۆمۆنیستەکان تێیدا ئامانجی خۆیان بە کرێکاران و زەحمەتکێشان ڕادەگەیەنن، هەبێ، بریتییە لە ڕۆحی گشتی بەشی لانی زۆری بەرنامە لە قاڵبی حوکم و دەستەواژەی سادە و ڕۆشندا. لە ڕوانگەی ئەو ئوسووڵ و باوەڕ و ئامانجانەوە کە لە بەرنامەیەکی هەمە لایەنەی کۆمۆنیستیدا دەکەونە بەشی لانی زۆری بەرنامەوە، "فیدایییانی خەڵک دەڵێن چی" ڕێک یانی ئەوە کە فیداییانی خەڵک هیچ ناڵێن". ئەم هاوڕێیانە بێگومان خۆیان بە هێزێکی کۆمۆنیست دەزانن. بەڵام لەو جێگایەی کە ڕوو لە کرێکاران و زەحمەتکێشان ئەکەن، بۆ ئەوەی پێیان بڵێن "دەڵێن چی؟" هیچ بانگەشەیەک لە مەڕ کۆمۆنیستبوونی خۆیانەوە ناهیننە گۆڕ. ئەوان نە باسی ئینتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتێری دەکەن، نە باسی ئەوە دەکەن کە بەشێکن لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران و هەر بەم بۆنەوە بەشێکن لە یەکێک لە گوردانەکانی لەشکری جیهانیی پرۆلیتاریا، وە نە فەوتاندنی سەرمایەداری و دامەزراندنی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا و سۆسیالیزم بە ئامانجی خۆیان دادەنێن، نە خۆیان لە پێشدا بە نوێنەری قازانجی پرۆلیتاریا (وەک چینێک و تاقە چینێک) حیساب دەکەن، نە باسی



پێویستبوونی حیزبی کۆمۆنیست و دەوری ئەو حیزبە لە ڕزگاریی چینی کرێکاردا دەکەن و نە ...

فیداییانی خەڵک" کێن؟ بەیاننامەکە دەڵێ "فیداییانی خەڵک" تێکۆشەرانی گیانبازی چەکداری دژی پاشایەتین. ئەوان "داکۆکی لە بەرژەوەندیی کرێکاران و جووتیاران و هەموو توێژەکانی گەل دەکەن، فیداییانی خەڵک دوژمنی لە ئاشتی نەهاتووی ئیمپریالیزم و سەرمایەداران و خاوەنزەوییەکانە، وە پارێزەری شێلگیری بەرژەوەند و قازانجی گەلە". بەڵام ئەم فیداییانەی خەڵک چ ڕەخنەیەکیان لە نیزام و بار و دۆخی ئێستا هەیە و بە ڕوونی خوازیاری دامەزرانی کام ئاڵتەرناتیڤی کۆمەڵایەتین؟ بەیاننامەکە لە وەڵامدا دەڵێ: "ئەمڕۆ کۆمەڵی ئێمە گرفتاری ئاڵۆزی و قەیرانێکی قووڵە، ئابووری بە تەواوی لەبەریەک چووە، بار و دۆخی ژیانی کۆمەڵانی زەحمەتکێش یەکجار دژوار و تاقەتپڕووکێنە. هەژاری و ماڵوێرانی، گرانی و بێکاری، شەڕ و دەربەدەری، نەبوونی پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان، ئەو گیروگرفتانەی کە لە شەڕەوە سەرچاوەیان گرتووە و هەزاران مەینەت و گوشاری دیکە، زیاتر لە جاران ژیانیان لە ملیۆن ملیۆن زەحمەتکێشی وڵاتەکەمان تاڵ کردووە". بەیاننامەکە ڕوو دەکاتە جەماوەر و دەڵێ: ئێوە لە بیرتانە و تاقیتان کردۆتەوە کە چلۆن ڕژێمی بەدناوی شا ئەو هەموو ڕۆژڕەشی و مەینەتەی بەسەر گەل هێنابوو، وە چلۆن وڵاتی ئێمە بە تەواوی نابووە ژێرچنگی ئیمپریالیستەکانەوە و سەرەتاییترین ماف و ئازادییەکانی گەلی پێشێل کردبوو. هەروەها ئێوە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابوردوودا لێنەهاتوویی تاقمی دەسەڵاتداری ئێستاتان تاقی کردۆتەوە و بەکردەوە دیوتانە کە ئەوانیش ناتوانن هیچ دەردێکی ئێوە دەرمان بکەن و وەڵامی داخوازییە ڕەواکانتان بدەنەوە. ئێوە تا ئێستا حوکوومەتی سەرمایەدارانی وابەستە و خاوەن ملکە گەورەکانتان تاقی کردۆتەوە و دیوتانە کە چلۆن خوێنتان دەمژن. وە سەرەنجام چ کەردەن." فیداییانی خەڵک دەڵێن: "بۆ ڕزگارکردنی نیشتمان و دەستەبەرکردنی ژیانێکی باشتر و ئاسوودە بۆ زەحمەتکێشان دەبێ وابەستەیی بە ئیمپریالیزم، بە هەر چەشنێک بێ لەناوبچێ و نیزامی سەرمایەداریی وابەستە کە بناغەی ئەم وابەستەبوونەیە بڕووخێ".

مەسەلەکە ڕوون و ئاشکرایە. هاوڕێیان چ بەو بەیاننامەیە بڵێن بەرنامە و چ ناوێکی تری لێ بنێن ئامانج و ئاڵتەرناتیڤی خۆیان لەم بەڵگەیەدا خستووەتە بەرچاوی

جەماوەر. مەبەستی ئەوان بریتییە لە "ڕزگارکردنی نیشتمان و فەراهەمکردنی ژیانێکی باشتر و ئاسوودە بۆ زەحمەتکێشان" و ئالٓتەرناتیڤەکەشیان جگە لە خاشەبڕکردنی وابەستەبوون بە ئیمپریالیزم و هەر بەم پێیەش فەوتاندنی "نیزامی سەرمایەداریی وابەستە، کە بناغەی ئەم وابەستەبوونەیە"، هیچی تر نییە. (جەخت هی ئێمەیە). دوژمنایەتیکردنی "فیداییانی خەڵک" لەگەڵ ڕژێمی بەکرێگیراوی شا و ڕژێمی کۆماری ئیسلامیش لە بنەڕەتەوە هەر لەبەر ئەوەیە (بەپێی بەیاننامەکە) کە یەکەمیان (واتە ڕژێمی شا) سەرچاوە و هۆی ئەم وابەستەیییە بووە و دووەمیان (واتە، کۆماری ئیسلامی) نیشانی داوە کە "ناتوانێ" کۆتایی بەم وابەستەیییە بێنێ. وە ئەمە بە تەواوی ئەو هەڵوێستەیە کە ئێمە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابووردوودا هەوڵمان داوە لە نووسراوەی جۆراوجۆردا وەک هەڵوێستی پۆپۆلیستی لە شۆڕشی دیموکراتیکدا، بیدەینە بەر ڕەخنە. هاوڕێیان دەتوانن بۆ ئەوەی ڕەخنەیەکی بەرین لەم بۆچوونە لاڕێیە بگرن، نووسراوە تیۆرییەکانی ئێمە، وە یان هەر کام لە ژمارەکانی "بسوی سۆسیالیسم" بخوێننەوە. سەرخەتی گشتی ڕەخنەی ئێمە ئەوەیە.

1) "فیداییانی خەڵک" نەک لە سەرمایەداریی ئێران، بەڵکوو لە وابەستەبوونی ئەو سەرمایەدارییە ناڕازین. بەیاننامەکەش بۆیە لەگەڵ سەرمایەداریی وابەستە دوژمنایەتی دەکا کە ئەم نیزامە "بنەمای ئەم وابەستەبوونەیە". ئەم بۆچوونە، بۆچوونێکی بۆرژوا_ ناسیۆنالیستییە کە بە شێوەیەکی دیاریکراو لەسەر بنەمای ڕەخنەی کاوتسکیستی لە ئیمپریالیزم، دامەزراوە. یانی ڕەنج و مەینەتی جەماوەر، وە هەژاری وماڵوێرانی و بێمافی ئەوان لە نیزامی سەرمایەدارییەوە سەرچاوەی نەگرتووە و بەرهەمی ئەم نیزامە چەوسێنەرە چینایەتییە نییە، بەڵکوو لە "وابەستەبوونی" ئەم نیزامە بە ئیمپریالیزمەوە، سەرچاوەی گرتووە. ئەو بۆچوونە کە تاوانی هەموو مەینەت و مەرارەتی ئەم نیزامە دەخاتە ئەستۆی "ئیمپریالیزم" و دەڵێ دەکرێ هەم سەرمایەداری بپارێزرێ و هەم ئەم "وابەستەبوون بە ئیمپریالیزم"ە هەڵوەشێتەوە، هەر جیاکردنەوەی ئیمپریالیزم لە سەرمایەدارییە، وە بەو مانایە کە ئیمپریالیزم وەک تایبەتییەکی غەیرە زاتی ئەم نیزامە بناسێنرێ. (ئەگەر هاوڕێیان ئەمەیان لە دڵ گران بێ و بڵێن: "ئێمە کەی وتوومانە سەرمایەداری دەبێ بپارێزرێ؟" ئێمە لە وەڵامدا بە ڕوونی دەڵێین: "ئەی لە کام شوێنی بەیاننامەکەدا وتووتانە کە سەرمایەداری دەبێ بفەوتێنرێ و سۆسیالیزمی لە جێ دابندرێ؟ ئێوە بە ئاشکرا قامکتان ناوەتە سەر فەوتاندن و



نەهێشتنی "وابەستەبوون". ئەم بۆچوونە کاوتسکیزمی ڕووتە. هاوڕێیان ئەرکی سەرشانیانە کە بە جەماوەر بڵێن چ نیزامێک جێی سەرمایەداریی وابەستە دەگرێتەوە. وە بۆ کەسێک کە بەهیچ شێوەیەک باسی سۆسیالیزم و دیکتاتۆری پرۆلیتاریای بەسەر زاردا نەهاتووە، لێرەدا پۆپۆلیزم ڕێگای لێ بەربەست دەبێ.

2) ئامانجی "فیداییانی خەڵک" بەپێی ناوەڕۆکی بەیاننامەکە بریتییە لە "ڕزگاریی نیشتمان و فەراهەمکردنی ژیانێکی باشتر و ئاسوودە بۆ زەحمەتکێشان". لێرەدا هەڵوێستی بۆرژوا_ ناسیۆنالیستی بەیاننامەکە بە شێوەیەکی ڕوونتر خۆی بەرچاو دەخا. ڕزگاریی نیشتمان لەدەست چی و فەراهەمکردنی ژیانێکی باشتر و ئاسوودە لە کام پەیوەندیدا؟ ڕزگارکردنی نیشتمان لە چنگ ئەو قەیران و مەینەتەی کە لە وابەستەبوونەوە سەرچاوە دەگرێ، هەر ئەمە و هیچی تر. ئەمە تەنیا دەتوانێ هەڵوێستی ناسیۆنالیستێکی خۆشخەیاڵ بێ، کە بناغە و بنەمای جیهانیی سەرمایەداریی سەردەمی ئیمپریالیزمی نەناسیوە. "فەراهەمکردنی ژیانێکی باشتر و ئاسوودە بۆ زەحمەتکێشان" لە نیزامێکی بێ پێناس و نەناسراوی "غەیرە وابەستە"دا تەنیا مەوعیزەیەکی ڕیفۆرمیستی بۆ بۆرژوایییە، ئەویش بۆ بۆرژواییەک کە ئەمڕۆ خۆیشی لەوە دەترسێ نیزامی بەرهەمهێنانەکەی بە ناوی ڕاستەقینەی خۆی (یانی سەرمایەداری) ناو لێ بەرێ. تا ئێرە "بەیاننامە" هەر ئەو ڕێگاچارەیەی ناوەتە بەرپێی جەماوەرەوە کە ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنی کۆماری ئیسلامی تەبلیغی بۆ دەکەن. واتە ڕزگارکردنی نیشتمان لە چنگ وابەستەبوون. ئەم ڕیفۆرمیزمە کاتێک زیاتر بەرچاو دەکەوێ کە دەبینین فیداییانی خەڵک ڕەخنەی ئەوە لە کۆماری ئیسلامی دەگرن کە نەیتوانیوە (نەک ئەوە کە بەپێی جەوهەری چینایەتی خۆی نەیویستووە) هیچ دەردێکی زحمەتکیشان چارەسەر بکا. کاتێک ئاسۆی ڕوونی ئامانجی دواڕۆژ سۆسیالیزم و دیکتاتۆری پرۆلیتاریا بەدی نەکرێ، بە ناچاری ئەو داخوازییانە کە دەبنە هۆی باشبوونی وەزعی ژیانی زەحمەتکێشان، دەبنە هەندێک داخوازی لە چوارچێوەی نیزامی ئێستادا، ئەمە یانی ڕیفۆرمیزم. بێدەنگبوونی بەیاننامەکە لە بابەت ئەوەوە کە پێویستە حوکوومەتی شۆڕشگێڕی کرێکاران و زەحمەتکێشان جێگای ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بگرێتەوە، زیاتر لە جاران قورسایی ڕیفۆرمیزمی خستووەتە سەرشانی "فیداییانی خەڵک". بەیاننامەکە لە شوێنێک باسی "حوکوومەتێکی شۆڕشگێڕ کە پارێزەری بەرژەوەندیی کرێکاران و زەحمەتکێشانە" دەکا، بەڵام باسی پێکهاتی

چینایەتی ئەم حوکومەتە، باسی ڕێبەرایەتی پرۆلیتاریا لەم حوکوومەتەدا، وە باسی ئەوە کە پێویستە بە شێوەی زەبروزەنگ ئەو حوکوومەتە دیاریکراوە جێگای حوکوومەتی ئێستا بگرێتەوە ناکا و هەر لە بنەڕەتەوە حوکوومەتێکی شۆڕشگێڕ (جا بە هەر ناوێکەوە بێ، کۆماری دیموکراتیکی خەڵک و ...) لە هیچ شوێنێکی بەیاننامەکەدا داوا ناکرێ، بەیاننامەکە باسی سۆسیالیزم و دیکتاتۆری پرۆلیتاریا وەک ئامانجی دواڕۆژ، وە تەنانەت باسی کۆمارێکی شۆڕشگێڕ وەک بەرزترین شێوازی بەدیهاتنی داخوازییەکانی لانی کەمی ئێمە ناکا، هەر بۆیەش داخوازییە ڕیفاهی و ئابووری و سیاسییەکانی ئەم بەیاننامەیە دەبن بە بەیت و باڵۆرە و مەوعیزەخوانییەک بۆ ڕیفۆرم و چاککردنەوەی سەرمایەداری ئێران.

بەڵام "فیداییانی خەڵک" بۆ بەدیهاتنی هەر ئەم ئاڵوگۆڕانەش (لە نیزامی ئێستادا)، جەماوەر بۆ کۆبوونەوە لەدەوری کام ڕێکخراو، وە لەژێر کام ڕابەریدا بانگەواز دەکەن؟ لایەنی پۆپۆلیستیی "بەیاننامە"، لایەنێک کە ئامانجی سەربەخۆی پرۆلیتاریا و خەباتی تایبەتی ئەو چینە لەبیر دەباتەوە، لێرەدا خەسڵەتی سیکتاریستی بەیاننامەکە بە تەواوی دەخاتە بەرچاو. ئەو خەباتەی کە هاوڕێیان دەینێنە بەرپێی جەماوەر بە گشتی، دیارە هەر وەک خۆیان دەڵێن خەباتێکی دیموکراتیک دژی ئیمپریالیستییە. خەبات لە پێناو ئەو مافانەدایە کە هاوڕێیان بۆ وەدیهێنانیان "کرێکاران، جووتیاران، مامۆستایان، کاسبکاران و خاوەنپیشەکان، وردەکارمەندانی کارگێڕی، خوێندکاران و قوتابیانی تێکۆشەر، سەربازان و ئەفرادی شۆڕشگێڕی سوپا"، بەبێ لێکجیاکردنەوە و جیاوازی، بانگەواز دەکەن کە لەدەوری ئاڵاکەیان کۆببنەوە. تا ئێستا ئێمە پێمان وابوو کە بە بڕوای کۆمۆنیستەکان، <u>پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ</u> کە لە پێناوی سۆسیالیزمدا خەبات دەکا (و حیزبی کۆمۆنیست ئەرکانی جەنگاوەریێتی) شێلگیرترین پارێزەری مافی دیموکراتیکی جەماوەرە، بەڵام ئێستا دەردەکەوێ کە "فیداییانی خەڵک تاقە هێزێکن کە شێلگیرانە لە بەرژەوەندیی کۆمەڵانی زەحمەتکێش (ی ناوبراو) دیفاع دەکەن"!

لێرەدا دەڵێی ئێران لە هەموو یاسا مادددییەکانی کۆمەڵ جیایە! لێرە، ئەوە چینەکان نین کە خەبات دەکەن و یەکێک لەو چینانە (پرۆلیتاریا) نییە کە شێلگیرترین پارێزەر و خەباتکاری ڕێبازی ڕزگاری و ئازادیی هەموو چەوساوەکان و زۆرلێکراوانە، نەخێر، لێرە شەڕ هەر وا لە نێوان ڕژێمەکان و چەند تاقمێکی شۆڕشگێڕدایە کە هەموو گەل



بە چاوێک دەبینن، وە لە بەرژەوەندی گەل دیفاع دەکەن و دەبنە فیدایی ئەو ڕێبازە، بەبێ ئەوەی باسی ئەوە بکەن خۆیان سەر بە کام یەک لەو چینانەن. ئەگەر هاوڕێیان بانگەشەی ئەوەیان کردبا کە نوێنەرایەتی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکار دەکەن، ئەوە ئەگەر ڕایان گەیاندبا کە "فیداییانی خەڵک" تاقە نوێنەری مارکسیزمی شۆڕشگێڕن لە کۆمەڵدا، وە باقی ڕێکخراوە و سازمانە کۆمۆنیستییەکان هەواریان چۆڵ دەکرد و هەموو کەوتوونەتە داوی ئۆپۆرتیۆنیزم و ڕیڤیژیۆنیزمەوە، ڕەنگە بیانوویەک دەستکەوتبا بۆ ئەوەی سازمانی خۆ وەک تاقە پارێزەری شێلگیری بەرژەوەندیی شۆڕشگێڕترین چین، وە هەر بەم بۆنەیەوە، وەک شێلگیرترین پارێزەری ماف و بەرژەوەندیی بناغەیی کۆمەڵانی زەحمەتکێش بناسێن. بەڵام لێرەدا قسە لەسەر بەرژەوەندی ئەو توێژانەیە کە هەندێکیان دڵیان بۆ خاوەندارێتیی تایبەتی لێ دەدا (کاسبکاران و خاوەنپیشەکان و بەشێک لە وەرزێران)، وە هەندێکیشیان بیریان بە لای کۆمۆنیزم و نەهێشتنی هەر چەشنە خاوەندارێتی تایبەتییەوەیە. ئایا بە ڕاستی "فیداییانی خەڵک" بەتەنیایی و شێلگیرانە لە هەموو ئەم بەرژەوەندییە جۆراوجۆرانە بەبێ شەرت و مەرجدانان بۆ ئەوە کە لە یەکێکیان بەولاوەتر دەچن دیفاع دەکەن؟ هاوڕێیان لە نوێنەرایەتی تاقانەی بەرژەوەندیی گشتی گەلیش واوەتر دەچن و پاش بەیانی داخوازییەکانی خۆیان (کە ئەوپەڕەکەی هەندێک گۆشەی بەرنامەیەکی لانی کەمی کۆمۆنیستی دەگرێتە بەر) ڕادەگەیەنن کە: "ئەمەیە کورتەیەک لەوە کە فیداییانی خەڵک دەیڵێن وە بەم بۆنەیەوە سەرمایەداران و دەوڵەتانی پارێزەری سەرمایەداری دوژمنایەتییان لەگەڵ دەکەن". ئایا تەنیا "فیداییانی خەڵک" ئەم جۆرە داخوازییانەیان هێناوەتە گۆڕ؟ وە لەمەش گرنگتر ئایا سەرمایەداران و دەوڵەتانی پارێزەری سەرمایەداری، تەنیا هەر لەبەر ئەم داخوازییانە دوژمنایەتی "فیداییانی خەڵک" دەکەن؟ ئایا ئەمە لەبەر ترس و نیگەرانی بۆرژوازی لە پرۆلیتاریا و کۆمۆنیزم نییە و لە دوژمنایەتی سەرمایەداران لەگەڵ پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ و کۆمۆنیستەکانەوە سەرچاوە ناگرێ؟! ئایا پێش ئەوەی "فیداییانی خەڵک" باسی ئەمانە بکەن، شۆڕشە پرۆلیتێری و دیموکراتیکەکان بەڕێبەرایەتی کۆمۆنیستەکان، دوژمنانی ڕاستەقینەی سەرمایەدارییان وەها بە سەرمایەداران نەناساندبوو کە هەر کۆمۆنیستێک و "تارمایی کۆمۆنیستیش" وەک مەرگ بیان تەزێنێ؟! ئایا زیاتر لە سەدەیەک، پێش ئەوەی فیداییانی خەڵک سەرهەڵدەن، بۆرژوازی و ئیمپریالیزم ترس و نیگەرانی خۆیان لە

کۆمۆنیزم و کۆمۆنیستەکان دەرنەبرییوو، وە ڕایان نەگەیاندبوو کە دوژمنیانن؟! ئایا ئەوەی "فیداییيانی خەڵک" دەیڵێن، مانیفێستی کۆمۆنیست، ئۆکتۆبەر و بۆڵشەڤیزم، شۆڕشی چین و ڤێتنام ...ی لەبیر بۆرژوازی بردۆتەوە؟

هاوڕێیان! بۆچی ڕاستییەکان بە جەماوەر نەڵێین؟ بۆچی هۆی ترس و نیگەرانی ڕاستەقینەی بۆرژوازی لە پرۆلیتاریا و لە ئایدیۆلۆژی و بزووتنەوە کۆمۆنیستییە پڕ لە شانازییەکەی، بۆ جەماوەر شی نەکەینەوە؟ ئایا فیداییيانی خەڵک دوارۆژ و چارەنووسێکی جیا لە چارەنووسی گشت پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ و بزووتنەوەی کۆمۆنیستییان دەوێ؟ سیکتاریزم یانی ئەوە کە ڕەوتێک بەرژەوەندی سازمانی خۆی بە بانتر لە بەرژەوەندیی گشت بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی دابنێ، وە ئەوە کە ڕەوتێک سیمای سازمانی خۆی بە بانتر لە سیمای پرۆلیتێری و کۆمۆنیستی بزانێ، ئێتر نزمترین پلەی سیکتاریزمە. پۆپۆلیزم و ڕیفۆرمیزمی "بەیاننامە" و ئەوە کە بەهیچ چەشنێک باسی سۆسیالیزم و حیزبی کۆمۆنیستی نەکردووە، بووەتە هۆی ئەوەی هاوڕێیان باسی ئەوە نەکەن کە پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ کە بۆ سۆسیالیزم خەبات دەکا، شێلگیرترین پارێزەر و لایەنگری مافی کۆمەڵانی زەحمەتکێشە بەرانبەر بە سەرمایە و ئیمپریالیزم. "فیداییيانی خەڵک" وە هەر هێزێکی تر هەتا ئەو جێگایە دەتوانن بانگەشەی شێلگیربوون لە خەباتی دژی ئیمپریالیستی و دیموکراتیکدا بکەن کە خۆیان بە بەشێک لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و بە پێشەنگی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ بزانن و ئەم ناوەش لە خۆیان بنێن. بەڵام "فیداییيانی خەڵک"، خوازیاری ئەوە نین کە پرۆلیتاریا ڕابەری شۆڕش بێ، بەڵکوو دەیانەوێ ڕێکخراوەکەی خۆیان ڕابەر بێ. "فیداییيانی خەڵک" هەر بەم بەیاننامەیە، نیشان دەدەن کە نازانن بۆ "شێلگیربوون" لە پاراستنی بەرژەوەندی جەماوەردا، چ شتێک پێویستە؟ چونکە بەلەبیربردنەوەی سۆسیالیزم وەک دوایین ئامانج و حیزبی کۆمۆنیست وەک پێشمەرجی ڕێکخراوەیی و بە دارشتنی داخوازەکانی خۆیان لە قاڵبێکی ڕیفۆرمیستیدا و بە هێنانەگۆڕی ئاڵتەرناتیڤێکی بۆرژوا_ناسیۆنالیستی و سەرئەنجام بە تەبلیغی سیکتاریستی، لە ڕاستیدا ناشێلگیری خۆیان لە پاراستنی بەرژەوەندیی گرنگترین بەشی گەل، یانی پرۆلیتاریادا نیشان دەدەن.

کەوایە دەبینین کە چۆن "بەیاننامە" دەچێتە سەر باسی هەندێک بابەتی وەک بابەتەکانی بەشی لانی زۆری بەرنامەیەکی م. ل. وە لە هەموو شوێنێکیش لێی دوور دەکەوێتەوە و لێی لا دەدا.



بەڵام ڕەنگە لێرەدا باسی ئەوە بکرێ کە ئەو "بەیاننامە"یە پوختە و گۆشەیەک لە داخوازییەکانی بەشی لانی کەمی هاوڕێیانە و ئەوان لەم بەیاننامەیەدا، نەک دوائامانجی خۆیان، بەڵکوو ئامانجەکانی خۆیان لە قوناغی شۆڕشی دیموکراتیکدا شی کردووەتەوە. ئەگەر واش بێ نەک هەر ڕەخنەی ئێمە لەو "بیاننامە"یە بەهیچ بارێکدا ناگۆڕێ، بەڵکوو ئەمە ڕێگامان بۆ دەکاتەوە کە ئەو ڕەخنەیە وردتر بکەینەوە.

یەکەم: خەوشی کاری هاوڕێیان لەوەدایە کە بە جیاکردنەوەی ئامانجی لانی زۆری سۆسیالیستیی پرۆلیتاریا لە ئامانجی دیموکراتیک و لانی کەمی ئەو، بە تەواوی کەوتوونەتە داوێنی ڕیفۆرمیزمەوە. دووەم: خودی ئەم داخوازییانە، تەنانەت لەو جێگایەش کە وەک "کورتەیەک" لە داخوازییەکانی بەشی لانی کەم چاویان لێ بکرێ، بە تەواوی گیرۆدەی لادانی پۆپۆلیزمن، وە دەرفەتی لەبار بۆ سیاسەتی ئۆپۆرتیۆنیستی پێک دێنن.

لە بابەت خاڵی یەکەمەوە دەبێ بڵێین، ئەوەی وا بە کۆمۆنیستەکان ئیمکان دەدا خەبات لەسەر بنچینەی داخوازییەکانی لانی کەمی خۆیان ڕێک بخەن، بەبێ ئەوەی بکەونە داوی ڕیفۆرمیزمەوە_ جگە لە ڕاگەیاندن و باسلێکردنی دوائامانجی پرۆلیتاریا و شێوەی خەباتی پرۆلیتاریا بۆ سۆسیالیزم (بەشی لانی زۆر)، وە ئەوە کە داخوازی لانی کەم تایبەتی قۆناغێکە، هیچی تر نییە. مانیفێستی کۆمۆنیست پێناسی هەمیشە زیندووی سیمای بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و کۆمۆنیستەکانە لە هەر وڵاتێکدا، وە کۆمۆنیستەکان تەنیا کاتێک دەتوانن ڕابەری بزووتنەوە و شۆڕشی دیموکراتیک بەدەستەوە بگرن کە ئەم سیمایەی خۆیان، نەک تەنیا وە بە تایبەت بە کۆمەڵانی کرێکار بەڵکوو بە هەموو زەحمەتکێشان بناسێنن. بەرنامەی کۆمۆنیستەکان تەنیا کاتێک سیمای شۆڕشگێڕانەی پرۆلیتاریا دەنوێنێ کە بە گشتی ڕاگەیەنرابێ. دیموکراتیزمی شێلگیری پرۆلیتێریش بەش بە حاڵی خۆی، بەوە بەستراوە کە لە ڕوانگەی پرۆلیتاریاوە بە ڕاشکاوی ڕاگەیەنێ، کە دیموکراسی و سۆسیالیزم چ پەیوەندییەکیان لەگەڵ یەکتر هەیە، وە بە جەختکردن لەسەر ئەو مەسەلەیە کە پرۆلیتاریا بۆ گەیشتن بە دوائامانجی خۆی (واتە سۆسیالیزم) پێویستی بە پێکهێنان و زەمانەتکردنی دیموکراتیکترین نیزامی سیاسی هەیە کە لە کۆمەڵدا دەست بدا، وە پێویستی بەوە هەیە کە بەپێی توانا زۆرترین ئیمتیازاتی ئابووری بە قازانجی پرۆلیتاریا و زەحمەتکێشان بەسەر بۆرژوازیدا بسەپێنێ، شێلگیربوونی خۆی لە شۆڕشێکی

دیموکراتیکدا نیشان دەدا. بۆ پرۆلیتاریا، شۆڕشی دیموکراتیک پێکهێنەری ئەو هەلومەرجە هەرە گرنگ و حەیاتییە کە چینی کرێکار بۆ هەنگاونان بەرەو سۆسیالیزم پێویستی پێی هەیە. مارکس و ئەنگلس و لێنین زۆر جار بە شێوەیەکی ڕوون و ڕاشکاو ئەمەیان بەیان کردووە، وە ئێستا ئیتر کاتی ئەوە گەیشتووە کە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی هەست بە گرنگبوونی ئەم مەسەلەیە بکا. لەم ڕووەوە پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ هەرگیز دوائامانجی خۆی ناشارێتەوە، بەرژەوەندیی سەربەخۆ و سیمای ئایدیۆلۆژیک_ سیاسی_ ڕێکخراوەیی سەربەخۆی خۆی لە چوارچێوەی بزووتنەوەی دیموکراتیکدا نابەستێتەوە و خەوشی تێ ناخا، وە بە ڕاشکاوی ڕادەگەیەنێ کە داخوازی لانی کەمی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ ئەو ئاڵوگۆڕە ئابووری و سیاسییانە بەیان دەکا کە توانای ئەوەی پێ دەبەخشێ، کە زۆربەی چەوساوەکان بۆ واوەترچوون لە دیموکراسی بۆرژوایی، بۆ دامەزراندنی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا ئامادە بکا. ئەگەر "فیداییانی خەڵک" پێیان وا بێ کە لە هەر شوێنێک باسی داخوازی لانی کەم دەکەن بە هۆی دیموکراتیکبوونی شۆڕشی ئێرانەوە پێویستییان بە دووپاتکردنەوەی ناوەڕۆکی بەشی لانی زۆر نییە، وە یا ناتوانن دووپاتی بکەنەوە، بە بڕوای ئێمە لە لێکدانەوەی شۆڕشی دیموکراتیک و ناسینی ئەرکەکانی پرۆلیتاریا لەم شۆڕشەدا، تووشی لادانێکی سەرەکی بوون. جیاکردنەوەی سیمای چینایەتی و دوائامانجی بزووتنەوەی پرۆلیتاری لە داخوازی بەشی لانی کەم و دیموکراتیکی ئەو بزووتنەوەیە، وە هێناگۆڕی ئەم داخوازییانە بە جیاواز، لەژێر ناوی ئەوەدا کە ئەم بەشەی بزووتنەوە "دەڵێ چی" دەبێتە هۆی ئەوەی کە دیموکراتیزمی شێلگیری پرۆلیتاری جێگای خۆی بدا بە ڕیفۆرمیزم و دیموکراتیزمی ناشێلگیری وردەبۆرژوایی، وە ئەمە ڕێک هەر ئەو چاڵەیە کە "بەیاننامە"ی "فیداییانی خەڵک دەڵێن چی" تێی کەوتووە.

بەڵام لە بابەت خاڵی دووەمەوە، یانی بۆ نیشاندانی پۆپۆلیزمی "بەیاننامە"، دەبێ لەم باسە گشتییە واوەتر بچین و یەکە یەکەی داخوازییەکان وەک داخوازیی هێزێکی کۆمۆنیست بدەینە بەر لێکۆڵینەوە. بۆ ئەم مەبەستە، ئێمە ڕەوتی گشتیی بەرنامەیەکی م. ل. لەبەرچاو دەگرین و دەچینە سەر باسی درووشم و داخوازییەکانی "فیداییانی خەڵک" بەپێی ئەوە کە دەکەونە کام بەشەوە، جیاواز لەوەی کە لە بەیاننامەکەدا چۆن ڕیز کراون.



بەرنامەیەکی لانی کەمی کۆمۆنیستی، هەر وەک لەمەوبەر و لە وتارەکانی تردا وتوومانە، وێنەیەکی ڕوون لە ناوەڕۆکی لەبارترین هەلومەرجی ئابووری و سیاسی بۆ هەڵخراندنی پرۆلیتاریا بەرەو دیکتاتۆری پرۆلیتاریا و سۆسیالیزم بەدەستەوە دەدا. بەدیهاتنی ئەم داخوازییانە لە کاملترین شێوەدا، لە دامەزرانی کۆماری دیموکرات_ شۆڕشگێڕی کرێکاران و زەحمەتکێشان (کۆماری دیموکراتیکی خەڵک و ...)دا خۆی دەنوێنێ. بە وتەیەکی تر بەرنامەی لانی کەم لە هەمان کاتدا کە داخوازیی پرۆلیتاریا لە بۆرژوازی و هەر دەوڵەتێکی بۆرژوایی بە ڕوونترین شێوە بەیان دەکا. خۆی دەتوانێ وەک بەرنامەی هەڵسووڕان و بناغەی ئەو کۆمارە دیموکراتە چاوی لێ بکرێ کە سەرکەوتنی شۆڕشی دیموکراتیک لە کاملترین حاڵەتی خۆیدا دەبێتە هۆی دامەزرانی. لەم ڕووەوە بەرنامەی لانی کەم سەرەتا وێنەیەکی گشتی لە بناغەکانی ئەم کۆمارە بەرچاو دەخا و پاشان یەکە یەکەی ئەو داخوازییە لانی کەمانەی کە کۆماری شۆڕشگێڕ بە شێوەیەکی شێلگیر و هەمە لایەنەوە بەدییان دێنێ، دێنێتە گۆڕ. ئەم وێنە گشتییە، داخوازیی پرۆلیتاریا لە بابەت ئەم سێ خاڵەوە ڕوون دەکاتەوە. 1) دەسەڵاتی بەرزی وڵات و مەسەلەی حوکوومەتی خەڵک بەسەر خەڵکدا، 2) سوپای پیشەیی و سوپای جەماوەریی، 3) دانانی نیزامی دیموکراتیکی بەڕێوەبردنی وڵات لە جیاتی بیرۆکراسی بانسەری خەڵک. بەرنامەیەکی لانی کەم کە بیەوێ کاملترین شێوەی بەدیهاتنی خۆی بەیان بکا، بە ناچار دەبێ هەڵوێستی خۆی بەرانبەر بەم سێ خاڵە ڕوون بکاتەوە. بەیاننامەی "فیداییانی خەڵک دەڵێن چی" بە گشتی بێدەنگی لە مەسەلەی کۆماری دیموکراتیک_ شۆڕشگێڕ دەکا. بەرزترین شکڵی بەدیهاتنی ناوەڕۆکی "بەیاننامە" چییە؟ ئەگەر جەماوەر هەموو بەیاننامەکە ئەمدیو و ئەودیو بکەن، تەنیا دەتوانن وێنەی "دەوڵەتێکی شۆڕشگێڕ "بە ڕابەری" تاقە هێزی شێلگیری پارێزەری بەرژەوەندیی خەڵک"، یانی فیداییانی خەڵکی لێ ساغ کەنەوە، هەڵبەت ئەویش بە زەحمەت.

لەمەش بەولاوەتر ئەوەیە کە "فیداییانی خەڵک" لە بابەت ئەوەوە کە دەسەڵاتی بەرزی وڵات دەبێ لەدەست چ ئۆرگانێکدا بێ و جەماوەر چلۆن دەبێ دەسەڵاتیان بەسەر چارەنووسی سیاسیی خۆیاندا هەبێ، هیچ ناڵێن. بێدەنگمانەوە بەرانبەر بەم مەسەلەیە لە کاتێکدا کە نیزامی پەرلەمانی لەسەر کارە، بە مانای نەهێنانە گۆڕی ئاڵتەرناتیڤێکە لەبەرانبەر پارلەماندا و بە ناچار بەو مانایەیە کە "دەوڵەتی شۆڕشگێڕ" بە

پشتئەستووری پارلەمان نەک بە پشتئەستووری شوورای خەڵکی و کۆنگرەی سەرتاسەری ئەوان لەبەرچاو بگیرێ. بە هەر حاڵ ئێستا جێگای شک و گومان و ڕەخنەگرتن لە شک و گومان نییە و ئێمە تەنیا لەسەر ئەوە جەخت دەکەینەوە کە کۆماری و بناغە بەرزەکانی ئەو کۆمارییە لە "بەیاننامە"دا بەهیچ شێوەیەک باسیان نەکراوە.

بەڵام "بەیاننامە" دەچێتە سەر باسی دوو بناغەی تر، واتە سوپا و بیرۆکراسی:

"فیداییانی خەڵک دەڵێن: ئەو سیستەمە ئیداری و سەربازییەی ئێستا هەیە دەبێ لە بنەڕەتەوە بگۆڕێ و سیستەمێکی گەلی بەپێی نیاز و بەرژەوەندیی گەل پێک بێ، فیداییانی خەڵک بڕوایان بە چەکدارکردنی گشتیی گەل هەیە و دەڵێن تەنیا گەلی چەکدار لەگەڵ سەربازان و پلەداران و ئەفسەرانی شۆڕشگێڕ دەتوانن بەرانبەر بە هەر چەشنە دەستدرێژییەک سەربەخۆیی و یەکپارچەیی خاکی زەحمەتکێشان بپارێزن".

"بەیاننامە" بە گشتی سەبارەت بە ناوەڕۆکی ئەو سیستەمە ئیدارییە گەلییە کە بەپێی نیاز و بەرژەوەندی گەل پێک دێ، قسە ناکا. ئەمە چ سیستەمێکە؟ ئایا کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیش باسی فریوکارانەی مەکتەب یان پسپۆری بە ڕواڵەت ڕێک هەر لەدەوری ئەو مەسەلەیە کە کام سیستەمی ئیداری لەگەڵ بەرژەوەندیی بێدەسەڵاتان دێتەوە وەڕێ ناخەن؟ لەبەر ئەوەی "فیداییانی خەڵک" لەجیاتی ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەم "سیستەم"ە (یانی لەجیاتی ئەوەی دەوری وشیاردەرانەی خۆیان بگێڕن) تەنیا بە شێوەیەکی نارۆشن پێویستبوونی ئەم "سیستەم"ەیان ڕاگەیاندووە، ئەو کەسانەی کە "بەیاننامە" ڕووی قسەیان تێ دەکا، لەمە زیاتر سەبارەت بەو سیستەمە کە دەبێ لە ڕەوتی خەباتدا، لە خۆپێشاندان و مانگرتن و... دا داوای بکەن، هیچیان لێ ڕوون نابێتەوە، بەڵام ئەم "سیستەمە" بە ڕۆشنی لە لایەن کۆمۆنیستەکانەوە دیاری کراوە. کۆمۆنیستەکان خوازیاری ڕووخاندنی دامودەزگای بیرۆکراتیکی بانسەری خەڵکن، وە دەیانەوێ هەموو کاربەدەستان هەڵبژاردە بن و هەر کات زۆربەی ئەو کەسانەی کە دەنگیان داوە بۆ هەڵبژاردن، ویستیان نوێنەرەکانیان بگۆڕن بتوانن بیانگۆڕن، وە هەقدەستی هیچ کاربەدەستێک لە هەقدەستی کرێکارێکی کارامە زیاتر نەبێ. ئەمە بنچینەی ئەو سیستەمە ئیدارییەیە کە لەگەڵ پێویستی و بەرژەوەندی گەل دێتەوە. "فیداییانی خەڵک" دەبێ ڕێک هەر ئەمە بە ڕۆشنی بەیان بکەن و داوا لە کۆمەڵانی زەحمەتکێش بکەن کە لەدەوری کۆبنەوە، بەڵام "بەیاننامە" هەر لە بنەڕەتەوە



باسی ئەم خاڵانە ناکا. لە بابەت "سیستەمی سەربازیی گەلی"یەوە هاوڕێیان ڕەنگە لەژێر زەخت و زۆری تەبلیغاتی ڕژێمی دژ بە شۆڕشدا، وە بە لەبەرچاوگرتنی مەسەلەی شەڕ و هەوڵی ڕژێم بۆ پەرەپێدانی شۆڤێنیزم لەنێو جەماوەردا، داخوازیی بنەڕەتی هەڵوەشانەوەی سوپای پیشەییان پەردەپۆش کردبێ. ئێمەی کۆمۆنیست دەبێ خوازیاری ئەوە بین کە سوپای پیشەیی هەڵوەشێتەوە و لەجیاتی ئەو، خەڵک بە گشتی چەکدار بکرێ (میلیشیای جەماوەری پێک بێ) و هەموو فەرماندە و فێرکارە سەربازییەکان هەڵبژاردە بن. "بەیاننامە" بە هێنانەگۆڕی باسی "پێرسوناڵی شۆڕشگێڕ"، یانی ئەو بەشە لە سوپای پیشەیی ئێستا، کە لە داهاتوودا دەکەوێتە پاڵ شۆڕش و حوکوومەتی شۆڕشگێڕ، بەکردەوە بە داخوازییەکی لاوەکی لە پاڵ ئەو سوپا پیشەییە کە بە شۆڕشەوە پەیوەست دەبێ. هێنانەخوارەوەی داخوازیی پرۆلیتاریا بەم چەشنە، ڕێگای بۆ ئەو ڕژێمە دژ بە شۆڕشەی وا بە ناوی شۆڕشەوە قسە دەکا کردووەتەوە وە هەمیشە بۆ ڕژێمی لەم چەشنە ڕێگا دەکاتەوە کە دامودەزگای سوپای پیشەیی بە "شۆڕشگێڕ" لەقەڵەم بدا و ئاوی تۆبەی بەسەردا بکات و بەم چەشنە ئەو داخوازییە بنەڕەتییەی پرۆلیتاریا بخاتە پشت گوێ و خۆی بیبڕێ و بیدوورێ و سەروبەری وێک بێنێ. ئەزموونی سوپای پاسداران و سوپای بیست ملیۆنی(!) نموونەیەکی ترە کە نیشانی دەدا ڕژێمی لەم چەشنە توانای تێکدان و گۆڕینی ئەو فۆرمۆلبەندییانەیان هەیە، بۆ ئەوەی مل بە داخوازی ڕوون و بێ ئەملا و ئەولای پرۆلیتاریا نەدەن.

خاڵێکی تر هەر لەم بابەتەوە ئەوەیە کە بەیاننامەکە کاتێک باسی فەلسەفەی وجوود و هۆی پێویستی چەکداربوونی گشتی دەکا، تەنیا لەسەر لایەنێکی مەسەلەکە یانی لەسەر پێویستی "پاراستنی سەربەخۆیی نیشتمانی زەحمەتکێشان" جەخت دەکا. ئەمە بێگومان گۆشەیەکی مەسەلەکەیە، ڕەنگە کۆماری شۆڕشگێڕ لە لایەن بۆرژوازیی جیهانی و سوپای دەوڵەتە بۆرژوازییەکانی ترەوە بکەوێتە بەر هێرش. بەڵام هۆی پێویستبوونی سوپای جەماوەریی هەر لەوەدا خوڵاسە نابێتەوە و تەنانەت ئەمە بەشی گرنگی مەسەلەکەش نییە. چەکدارکردنی گشتی خەڵک پێش هەموو شتێک بە مانای چەککردنی بۆرژوازیی ناوخۆ لە باری سەربازییەوە، وە سەرکوتکردنی هەر چەشنە بەرگرییەکی ئەوە. پاراستنی شۆڕش و کۆماریی لە بەرانبەر دوژمنانی شۆڕش و پیلانەکانیاندا، هۆی سەرەکییە لە گرنگبوونی چەکدارکردنی گشتی جەماوەردا. "بەیاننامە" بەبێدەنگەکردن لە مەسەلەی ڕووخاندن و مەسەلەی کۆماری، کاتێک

داخوازیی سەبارەت بە سوپا دێنێتە گۆڕ، بە تەواوی خەباتی چینایەتی لە ناوخۆی وڵاتدا لەبیر دەباتەوە و خەسڵەتی چینایەتی ڕۆشنی شۆڕش و ئامانجەکانی لێڵ دەکا و خەوشی تێ دەخا. ئەو داخوازییە کە خەڵکی چەکدار و پێرسۆناڵی شۆڕشگێڕ داکۆکی لە نیشتمانی زەحمەتکێشان بکەن، لە کاتێکدا کە هەر باسی شۆڕش و خەباتی چینایەتی ناکرێ، بووە بە داخوازییەکی سەرەتایی ڕێفۆرمیستی.

بەرنامەیەکی لانی کەمی م. ل. پاش دەربڕینی هەڵوێست و ویستی خۆی سەبارەت بەم بناغە سەرەکییانەی دەسەڵاتداریێتی، بەشبەبەشی داخوازییەکانی خۆی لە زەمینەی جۆراوجۆری مافە سیاسییەکانی تاک و توێژی کۆمەڵدا دێنێتە گۆڕ و بەم چەشنە وێنەی گشتیی ڕژێمی سیاسیی دیموکراتیکی دڵخوازی پرۆلیتاریا، کە لەسەرەوە باس کرا، کامڵ دەکا. داخوازییەکانی پرۆلیتاریا سەبارەت بە ئازادیی حیزبەکان، بیروباوەڕ و ڕاگەیاندن، ئایین، یەکسانی مافی ژن و پیاو، مەسەلەی میللی، نەهێشتنی هەڵاواردن و ئەم جۆرە شتانە، هەر کام شەرت و مەرجی پرۆلیتاریا لە مەیدانی جۆراوجۆردا دیاری دەکەن. دیسانەوە ئەوە بەبیر دێنینەوە کە بەپێی بەرنامەی لانی کەمی کۆمۆنیستی، ئەم داخوازییانە تەنیا لە کۆماری دیموکراتیک_ شۆڕشگێڕدا بە ڕابەریی چینی کرێکار بە شێوەیەکی هەمە لایەنە وەدی دێن، بەڵام ئەم داخوازییانە لە هەر قۆناغێکدا کە نیزامێکی سەرمایەداری و دەوڵەتی بۆرژوایی وجوودی هەبێ و مابێتەوە، دەتوانن و دەبێ لە لایەن پرۆلیتاریاوە بێنە گۆڕ و خەباتی جەماوەری لەدەوری ئەو داخوازییانە ڕێک بخرێ و سازمان بدرێ.

بەیاننامەی "فیداییانی خەڵک ..." چەند داخوازیی سیاسی لەم چەشنەی هێناوەتە گۆڕ. بۆچوون و تێگەیشتنێکی لادانی لە بەشی هەرە زۆری ئەم داخوازییانەدا بەرچاو دەکەوێ و ئەویش هەڵوێستی بەرچاوتەسکانە و غەیرە لێنینییە بەرانبەر بە دیموکراسیی بۆرژوایی و دەوری ئەم دیموکراسییە لە خەباتی پرۆلیتاریای سۆسیالیستدا. ڕوونکردنەوەی ئەم مەسەلەیە دەهێڵینەوە بۆ باسێکی گشتیتر لە کۆتایی ئەم وتارەدا لەسەر پەیوەندی نێوان دیموکراسی و سۆسیالیزم و هەڵوێستی "بەیاننامە" بەرانبەر بەم مەسەلەیە، وە لێرەدا بەکورتی باسی هەندێک شکڵی تایبەتیتری فۆرمولبەندیی دوو خاڵی گرنگی داخوازییە سیاسییەکانی "بەیاننامە" دەکەین.

خاڵی یەکەم: داخوازی سەبارەت بە ئازادیی ئایین.



"فیداییانی خەڵک بڕوایان بە ئازادیی بیروباوەڕ و ئایین و ئازادیی ڕێوڕەسمی ئایینیی خەڵک هەیە. نەک هەر موسوڵمانان بە شیعە و سوننییەوە کە زۆربەی هەرەزۆری هاونیشتمانانی ئێمەیان پێک هێناوە، دەبێ لە بیروباوەڕی ئایینی و بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی ئایینیی خۆیاندا ئازاد بن، بەڵکوو هەموو کەمایەتییە ئایینییەکانیش دەبێ ئەم مافەیان هەبێ".

بەر لە هەموو شتێک، دەبێ خۆشحاڵ بین لەوەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێمە ئەمڕۆ پاش دوو ساڵ ملهوڕیی بۆرژوایی بە ناوی ئایینەوە، بە ڕادەیەکی بەرینتر سەرەنجام ڕووی کردووەتە تەبلیغی پێویستبوونی ئازادیی ئایین. بەڵام ئەو داخوازییەی لە "بەیاننامە"دا باسی کراوە، بەهیچ شێوەیەک بنچینە و ناوەڕۆکی هەڵوێستی پرۆلیتاریایی بەرانبەر بە ئایین، بە شێوەیەک کە پێویستە لە بەرنامەی لانی کەمی کۆمۆنیستەکاندا هەبێ، بەیان ناکا. "فیداییانی خەڵک" نەک لە ڕوانگەی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕەوە، بەڵکوو تەنیا لە ڕوانگەی پەیڕەوانی خاوەنئیمانی کەمایەتییە ئایینییەکانەوە، باسی ئازادیی ئایین دەکەن. بە بڕوای "فیداییانی خەڵک" ئازادیی ئایین تەنیا بە مانای ئازادیی بیروباوەڕی ئایینی و مافی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی ئایینییە. پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ، خوازیاری ئازادیی کامڵی ئایین، وە بەمپێیە خوازیاری ئازادیی بێبڕوابوون بەرانبەر بە هەر چەشنە ئایینێکە و داوای ئەوە دەکا کە هیچ چەشنە هەڵاواردنێک بەپێی ئایین، وە یان بەپێی ئەوە کە کەسێک بڕوای بە ئایین هەبێ یان نەی بێ، نەمێنی، بۆ ئەوەی بتوانێ ئەم داردەستە مێژووییە کە بۆ پێکهێنانی تەفرەقە و دووبەرەکایەتی لە ڕیزەکانی چینی کرێکاردا کەڵکی لێ وەرگیراوە، لەدەست بۆرژوازی دەربێنێ. لەم ڕووەوە کۆمۆنیستەکان نەک هەر خوازیاری ئازادیی ئایینن، بەڵکە خوزیاری جیابوونەوەی ئایین لە دەوڵەت و لە فێرکردن و بارهێنانی دەوڵەتین. ئازادیی ڕاستەقینەی ئایین و بێئایینی، تەنیا کاتێک دەست دەدا، کە هیچ ئایینێکی دیاریکراو لە لایەن دەوڵەتەوە لە باری ماڵی و تەبلیغاتییەوە پشتیوانی لێ نەکرێ، هیچ ئایینێک وەک ئایینیی فەرمی ڕانەگەیەندرێ و هیچ ئیمتییازێک لە باری ئابووری و سیاسی و فەرهەنگییەوە بە پەیڕەوانی هیچ ئایینێکی دیاریکراو نەدرێ. داخوازییەکانی ئێمە دەبێ ڕێک ئەم لایەنە عەمەلی و واقیعییەی ئازادیی ئایین بەیان بکەن. ویستی دیموکراتیکی ئێمە لە زەمینەی ئازادیی ئاییندا ئەوەیە کە ئایین لە دەوڵەت و فێرکردن و بارهێنان و تەبلیغاتی فەرمی جیا بێ. ئەو خاڵە کە کۆمۆنیستەکان خوازیاری ئازادیی

پەیڕەوانی ئایینە جۆراوجۆرەکان بۆ کۆبوونەوە و بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسم و جێبەجێکردنی کاروباری ئایینی خۆیان بە خەرجی خۆیانن، تەنیا دەتوانێ وەک لایەنی دووەم بۆ کاملبوونی حوکمی یەکەم (واتە جیایی ئایین لە دەوڵەت) بەیان بکرێ و بەهیچ شێوەیەک ناتوانێ و نابێ جێگای ئەو بگرێتەوە. ئەم لایەنە دووەمەش هەر لەبەر ئەوە باسی دەکرێ و جەختی لەسەر دەکرێ کە یەکەم: پیلانەکانی بۆرژوازی بۆ تەفرەقە و دووبەرەکایەتیخستن پوچەڵ بکرێنەوە و دووەم: جەخت لەسەر ئەوە بکرێ کە پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ نەک بە شێوەی توندوتیژ و لەسەرەوە وە بە کەڵکوەرگرتن لە قانووندانان و دامودەزگای سەرکوت، بەڵکوو بە فێرکردن و پەرەپێدانی زانست بەربەرەکانی لەگەڵ خورافاتی ئایینی دەکا، وە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بە بڕوای کۆمۆنیستەکان دەسهەڵگرتن لە ئایین بۆ هەر تاکێک دەبێ بە دڵخوازی خۆی بێ نەک بە زۆرەملێ. "بەیاننامە" لە فۆرمولبەندیی داخوازیی خۆیدا سەبارەت بە ئایین، بە ئاشکرا لەژێر گوشاری تەبلیغاتی ئایینی ڕژێمدا، لە داخوازییەکانی لانی کەمی پرۆلیتاریا پاشەکشەی کردووە و زۆریش پاشەکشەی کردووە.

خاڵێکی تری بەیاننامە، داخوازیی سەبارەت بە مافی دیاریکردنی چارەنووسە:

"فیداییانی خەڵک" دەڵێن: گەلانی زۆرلێکراوی نیشتمانی ئێمە وەک گەلی کورد، تورک، تورکمان، بەلووچ و عەرەب کە جگە لە ستەمەکانی تر ستەمی نەتەوایەتیشیان بەسەرەوەیە، دەبێ خۆیان دەسەڵاتیان بەسەر چارەنووسی خۆیاندا هەبێ. دەبێ ستەمی میللی هەڵگیرێ و مەودا بە گەلانی زۆرلێکراو بدرێ کە ئازادانە ئەوە دیاری بکەن کە دەیانەوێ چلۆن بژین. تا ئێستا ئەو دەوڵەتانەی دەسەڵاتیان بەسەر ئێراندا بووە پەرەیان بە دوژمنایەتی میللی داوە، فارسیان ناوەتە بەرانبەر کورد، تورکیان ناوەتە بەرانبەر تورکمان و بلووچیان ناوەتە بەرانبەر عەرەب، دەبێ ئەم دوژمنایەتییە میللییە بۆ هەمیشە لەناو بچێ".

دیسانیش بەیانی نارۆشن و قسەی ناوتوێکڵ، وە پاشەکشەکردن لە ویستی ڕوون و ڕاشکاوی پرۆلیتاری بۆ ئەوەی نەکا تەڵەی تەبلیغاتی "دژی جیاوازیخوازی" ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بتەقێتەوە و ئەمانە بە دەنووک پێوەی بدەن. گەلانی زۆرلێکراو ئیجازەیان پێ بدرێ کە خۆیان ئازادانە دیاری بکەن کە دەیانەوێ چلۆن بژین"، بەستە بەوەی "ژیان" چ مانایەکی هەبێ، تەنانەت حیزبی کۆماری ئیسلامیش ڕەنگە ئەم داخوازییە بسەلمێنێ. کۆمۆنیستەکان تەنیا بە داکۆکی ڕوون و ڕاشکاو لە داخوازییە



دیموکراتیکەکانی جەماوەر، دەتوانن بچنە ناو دڵ و دەروونی ئەوانەوە و ببن بە ڕابەرانی بزووتنەوەی دیموکراتیک، وە لەم ڕووەوە بۆ ڕاکێشانی میللەتە زۆرلێکراوەکان بۆ ژێر ئاڵای دیموکراتیزمی شێلگیری خۆیان، بە ڕاشکاوی ڕادەگەیەنن کە لە "مافی میللەتانی زۆرلێکراو بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆ، هەتا ڕادەی جیایی کامڵ و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ" پشتیوانی دەکەن. "فیداییانی خەڵک" کە ناوێرن لەبەرانبەر تەبلیغاتی شۆڤێنیستی ڕژێمدا ڕاوەستن، لە ڕاگەیاندنی ڕاشکاوی هەڵوێستی پرۆلیتاری بەرانبەر بە مەسەلەی میللی، کە ئێمەی کۆمۆنیست گەلێک زانیاری ڕۆشنمان لێی هەیە، خۆ دەدزنەوە. بەڵام هەر ئەم ڕاڕاییە دەبێتە هۆی ئەوەی کە دیسانەوە لایەنی تری مەسەلەکە، یانی یەکێتیخوازیی پرۆلیتاریاش بێدەنگەی لێ بکرێ. "فیداییانی خەڵک" کە هەر باسی مافی جیایی کامڵی میللەتانی ژێردەستیان نەکردووە، بە ناچار، ناتوانن و هیچ پێویستییەکیشیان بەوە نییە کە داخوازیی پرۆلیتاریای ئێران لە میللەتە زۆرلێکراوەکانی وڵات بێننە گۆڕ و باسی ئەوە بکەن کە پرۆلیتاریای ئێران خوازیاری جیانەبوونەوە و یەکێتی دڵخوازانەی میللەتە جۆراوجۆرەکانی وڵاتە. تەنیا ئەو کۆمۆنیستەی کە بە ڕاشکاوی مافی جیایی کامڵی میللەتانی زۆرلێکراو بە فەرمی دەناسێ و دیفاعی لێ دەکا، دەتوانێ هەر بەم ڕاشکاوییە و بە ناوی بەرژەوەندیی زەحمەتکێشانی گشت وڵاتەوە، لە کۆمەڵانی بەرینی کرێکار و زەحمەتکێشی میللەتی زۆرلێکراو داوا بکا، کە دڵخوازانە یەکێتی هەڵبژێرن نەک جیایی. کۆمۆنیستەکان لە مافی جیایی کامڵی میللەتانی زۆرلێکراو دیفاع دەکەن و نە حەتمەن لە خودی جیایی (وە زۆر جاریش هەروا بووە)، هەر بۆیە بۆ ئەم مەبەستە هەوڵ دەدەن کە لە ڕێگەی تەبلیغ و تەرویج و وشیارکردنەوە، وە لە هەمان کاتدا کە مافی جیایی بە فەرمی دەناسن، کۆمەڵانی زەحمەتکێشی میللەتانی زۆرلێکراو هان بدەن بۆ جیانەبوونەوە و یەکێتیی دڵخوازانە. ئەم هەر دوو لایەنەی هەڵوێستی کۆمۆنیستی بەرانبەر بە مەسەلەی میللی لە بار و دۆخی ئێستادا، یانی بە فەرمیناسینی مافی جیایی میللەتانی زۆرلێکراو و لە هەمان کاتدا ڕاگەیاندنی پێشنیاری پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕی ئێران بەم میللەتانە لەمەڕ جیانەبوونەوە و هەڵبژاردنی یەکێتی، دەبێ لە داخواز و درووشمی ئێمەدا بەیان بکرێن و لەبەرچاو بگیرێن، وە "فیداییانی خەڵک" باسی هیچ کام لەم دوو بناغە سەرەکییەی هەڵوێستی م. ل. یان نەکردووە.

*

خاڵێکی تر بریتییە لە دانانی باسی "گەل" لەجیاتی "میللیەت" لە "بەیاننامە"دا، (وە بەشی هەرەزۆری بزووتنەوەی کۆمۆنیستیش مەسەلەکەی هەر بەم جۆرە بەیان کردووە). ئەگەر "گەل" مانایەکی بەرتەسکتر لە مانای "میللەت" دەگرێتە بەر، (بۆ نموونە بۆرژوازی، وە یان هەندێک توێژی تر وەلا دەنێ) کە بێگومان مەبەستی "بەیاننامە"ش هەر ئەوەیە_ ئەو کاتە "فیداییانی خەڵک" هەر بەم شێوە فۆرموولبەندییە، لە هەڵوێستی لێنینی "مافی میللەتان" پاشگەز بوونەتەوە. ئەوان لە شێوەی فۆرموولبەندی خۆیاندا لە خۆیانەوە پێکهاتی ئەو کەسانەشیان دیاری کردووە کە بڕیار دەدەن بۆ "جیایی، یان یەکگرتن"ی میللەتی زۆرلێکراو، نموونەی هەڵوێستی سەرەتایی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە ناوچەی غەیرە کوردەکان بەرانبەر بە حیزبی دیموکرات، نموونەیەکی زەقی لادان لە هەڵوێستی لێنینی مافی میللەتانە. لە حاڵێکدا کە کۆمەڵە وەک هێزی شۆڕشگێڕی شێلگیر لە کوردستاندا لەگەڵ حیزبی دیموکرات ڕێک کەوتبوو و دیارە مافی ڕەئیدانی بۆ حیزبی دیموکرات و لایەنگرانی ئەو حیزبە لەبەرچاو گرتبوو، بەشێکی بەرین لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئەم حیزبەی بە "دژی گەلی" و تەنانەت هەندێک جار بە "گەورەترین دوژمنی بەرژەوەندیی گەلی کورد" ناو لێ دەبرد، (لێرەدا کارمان بە دروستی و نادروستی ئەم حوکمە نییە). ئەگەر هەر لەو سەردەمەدا دەسەڵاتی گەلیی شۆڕشگێڕ، گەلی کورد، ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ناچار کردبا کە لە کوردستان ڕێفراندۆمێکی ئازاد لەسەر مەسەلەی خودموختاری بەڕێوە بەرێ، ئایا ئەو کۆمۆنیستە غەیرە کوردانە کە باسی ئەوەیان دەکرد تەنیا "گەلان" مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان هەیە، وە دەیانگوت حیزبی دیموکرات "لە بەرەی گەل"دا نییە، داوای بەرگریکردن لە بەشداری ئەوان لە پرۆسەی دیموکراتیکی دیاریکردنی چارەنووسدا وە یان بۆ نموونە داوای بەتاڵکردنەوەی ڕای لایەنگرانی حیزبی دیموکراتیان ئەکرد؟! لێرەدا ئەم باسە کورت دەکەینەوە و لە هەلێکی تردا بە درێژی لەسەری دەڕۆین: هەڵوێستی لێنینی مافی میللەتان، هەروەها بەو مانایەش هەیە کە ئەو مافە بۆ میللەتی ژێردەستە و بۆ ئەو هێزانەی وا ڕێکخەری بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئەو میللەتەن بە ڕەوا بناسین کە چەندوچوونی پرۆسەی دیموکراتیکی دیاریکردنی چارەنووسی خۆ و ئەو کەسانەی کە لەو پرۆسەیەدا بەشداری دەکەن، دیاری بکەن. ئەوە مافی میللەتی کوردە کە چارەنووسی خۆی دیاری بکا. بەڵام ئەمە ماف و ئەرکی سەرشانی کۆمۆنیستەکانە بە کورد و غەیرەکوردەوە، کە بە تەبلیغ و



تەرویج و وشیارکردنەوە، "گەلی کورد" بێننە سەر ئەو قەناعەتە کە بە جۆرێک کەڵک لە مافی خۆی وەربگرێ، کە چارەنووسی بە دەست خۆی بسپێردرێ.

بەرنامەی لانی کەمی کۆمۆنیستی پاش هێنانەگۆڕی ئەو داخوازییانە کە سەبارەت بە ڕژێم و مافە دیموکراتیکە سیاسییەکانن، دەچێتە سەر باسی داخوازییە ئابوورییەکانی لانی کەمی پرۆلیتاریا ئەم بەشە ئەو کۆمەڵە داخوازییانە دەگرێتە بەر کە کۆمۆنیستەکان بۆ "پاراستنی پرۆلیتاریا لە ڕۆژڕەشی گوشاری دەروونی و جەستەیی، بە مەبەستی پەرەپێدانی توانای پرۆلیتاریا لە بەرەوپێشبردنی خەباتی چینایەتی خۆیدا" بەیانی دەکەن. ئەو داخوازییە کرێکارییانەی کە "فیداییانی خەڵک" لە "بەیاننامە"کەیاندا باسی دەکەن زۆر نین. لە بابەت ئەم جۆرە داخوازییانەوە بە مانای تایبەتیی وشەکە، "بەیاننامە" تەنیا باسی داخوازی 40 سەعات کار و دوو ڕۆژ وچان لە حەوتوودا، وە هەروەها مانگێک مەرەخەسی ساڵانە دەکا کە داخوازییەکی سەرەکی و فۆرموولبەندییەکی بە گوێرەی خۆی ڕێکوپێکە. (وە بە بڕوای ئێمە دەبێ ئەوەش بە ڕوونی بەیان بکرێ کە ئەو دوو ڕۆژە وچانە لەسەریەک بێ). بە لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە هاوڕێیان ئەم "بەیاننامە"یەیان وەک داخوازییەکی لانی کەمی هەمە لایەنە باس لێ نەکردووە، باسی خاڵە وردەکانی داخوازییە ئابوورییە کرێکارییەکان ناکەین، کە بە بڕوای ئێمە دەبوو "فیداییانی خەڵک" وەک بەشێک لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی داوای بکەن. ئێمە لێرەدا جەخت لەسەر پێویستی ڕۆشنکردنەوە و تەبلیغی باقیی داخوازییە ئابوورییە کرێکارییەکان دەکەین. (داخوازی سەبارەت بە بێکاری کە لە "بەیاننامە"دا گونجاوە، بە بڕوای ئێمە پەیوەندی بە بەشی داخوازییە ڕیفاهی و گشتییەکانەوە هەیە، وە لە جێگای خۆیدا باسی ئەویش دەکەین). لەجیاتی ئەم خاڵانە کە بێسەر و شوێن چوون، "بەیاننامە" باسی ئەم دوو خاڵەی ژێرەوە دەکا:

"کارخانەکان دەبێ لەژێر کۆنترۆڵ و چاودێری ئەو کرێکارانەدا بن کە لە شوورا کرێکارییەکاندا ڕێککەوتوون. نەک هەر کارخانەکان و دامودەزگای سەر بە سەرمایەدارانی وابەستە دەبێ لەژێر کۆنترۆڵی کرێکاران و شوورا کرێکارییەکاندا بن، بەڵکوو دەبێ هەموو ئیمکاناتی ماددی و ئەو ئیمکاناتەی کە بۆ بەگەڕخستنی چەرخی بەرهەمهێنان پێویستن، لەژێر دەسەڵاتی شوورا کرێکارییەکاندا بن". وە "کرێکاران کە هێزێکی بەرینیان لێ پێک دێ و چەرخی ئابووریی وڵات بە دەستی توانای ئەوان دەکەوێتە گەڕ، دەبێ لە باری ماددی و مەعنەوییەوە ژیانیان بە تەواوی مسۆگەر

بکرێت، ئیتر سەرمایەداری لە بانسەری کرێکاران نەبێ و تارمایی هەژاری و بێکاری سێبەر نەخاتە سەر ژیانی ئەوان".

لە "بەیاننامە"یەکدا کە نە باسی سۆسیالیزم دەکا، نە باسی حیزب و مەسەلەی وەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی لە لایەن پرۆلیتاریا و دامەزرانی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا، نە باسی پێویستبوونی ڕابەریی چینی کرێکار لە شۆڕشی دیموکراتیکدا، وە نە باسی پەیوەندیی نێوان سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە و پێکهاتنی زەمینەی هەنگاونان بەرەو سۆسیالیزم، لەناکاو "فیداییيانی خەڵک" داوای ئەوە دەکەن کە "سەرمایەداری لە بانسەری کرێکاران" نەمێنی و تارمایی هەژاری و بێکاری لەناو بچێ! ڕوخانی بۆرژوازی لە باری ئابوورییەوە، وە زاڵبوونی پرۆلیتاریا لە باری ئابوورییەوە بە هۆی شوورا کریکارییەکانەوە، جیاواز لە ڕووخانی سیاسیی بۆرژوازی و پێداویستییە گرنگەکانی، بەیان کراوە. ئایا ئەمەش هێناگۆڕی سۆسیالیزمە؟ ئایا مەبەستی "بەیاننامە" ئەوەیە سەرمایەداری وەک نیزامێک و سەرمایەداران وەک چینێک "لە بانسەری کرێکاران" لاچن؟ ئایا ئەمانە کاکڵ و ناوەڕۆکی بەرنامەی لانی زۆری کۆمۆنیستەکانن کە ئاوا بە کلک و گوێبڕاوی و ئاوا شەرمنانە لە لاوە بە "بەیاننامە"کەوە هەڵپەسێردراوە؟ ئەگەر وا بێ، یانی ئەگەر مەبەستی هاوڕێیان لەم وتانەی سەرەوە لەناوچوونی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بێ، ئەمە نموونەی ڕۆشن و ئاشکرای "سۆسیالیزم لە کارخانەدا" وە یا ئانارکۆسۆسیالیزم و ئانارکۆسەندیکالیزمە، بەڵام ئەگەر مەبەستی هاوڕێیان ئەوەیە کە سەرمایەکان بە میللی بکرێن و سەرمایەداران بە مانای تایبەتیی وشەکە لە گۆڕەپانی کارخانە لە بانسەری کرێکاران لاچن بەبێ فەوتاندن، بەبێ دەستکۆتاکردنی بۆرژوازی وەک چینێک_ دەبێ بڵێین "فیداییيانی خەڵک" شتێکیان کردووە بە ئامانجی خۆیان کە پرۆسەی کۆمابوون و کۆوەبوونی سەرمایە و پەرەگرتنی دەوری دەوڵەتی بۆرژوازی لە ڕێکخستنی بەرهەمهێنانی خۆیدا، ڕووی تێ کردووە. کەوابێ "فیداییيانی خەڵک" ئەوپەڕەکەی بوونەتە "چاکساز"ی بۆرژوازی و ئاموژگاری دەکەن.

بەڵام لەو جێگایەی کە "بەیاننامە" باسی هەندێک بابەتی لەم چەشنە دەکا: "وابەستەیی نەمێنێ" و چاودێریکردن بەسەر بەرهەمهێناندا بە دەست شووراکان بسپێردرێ "و ئیمکاناتی ماددی و ئەو ئیمکاناتەی کە بۆ بەگەڕخستنی چەرخی بەرهەمهێنان پێویستن، لەژێر دەسەڵاتی شوورا کرێکارییەکاندا بن" و "ئیتر سەرمایەداری لە



بانسەری کرێکاران نەبێ و تارمایی هەژاری و بێکاری سێبەر نەخاتە سەر ژیانیان" وا دیارە "فیداییيانی خەڵک"یش گیرۆدە و گرفتاری هەمان پۆپۆلیزمن کە پێشتر ڕەزمەندەگان و ڕاهی کارگەر تێی کەوتبوون و خەریک بوون زۆرانیان لەگەڵ دەگرت و ئێمە بە درێژە لەسەری ڕۆیشتین و باسمان کرد. ئەمە هەر ئەو بۆچوونەیە کە تێزی ڕێگای گەشەی ناسەرمایەداری کاکڵەکەیەتی و یۆتۆپیای سەرمایەداریی میللی و سەربەخۆ تویکڵەکەیەتی. لەناوبردنی هەژاری بەبێ سۆسیالیزم، نەهێشتنی بێکاری بەبێ سۆسیالیزم، لابردنی سەرمایەداری لە بانسەری کرێکاران بەبێ سۆسیالیزم ... ئەمانە، هەر وەک لە وتاری "ڕەزمەندەگان و ڕاهی کارگەر، کێشە لەسەر ... "دا (ئەم وتارانە وەک نامیلکەی جیاجیا بڵاو کراونەتەوە) بە درێژە باسمان کردووە، شێوەی ئەو کەسانەیە کە لە بەرنامەی لانی زۆر و سۆسیالیزم و دیکتاتۆری پرۆلیتاریا پاشگەز دەبنەوە و بە ناچار بۆ ئەوەی سنوورێک لە نێوان خۆیان و ڕیفۆرمیزمی بۆرژوازیدا بکێشن، هەندێک بەش لەم ئامانجانە لەگەڵ ئەو داخوازییانەی لە شۆڕشی دیموکراتیکدا هەیانە تێهەڵکێش دەکەن بۆ ئەوەی "ڕادیکاڵیزمەکەیان کورتی نەهێنێ". بەڵام لێنینزم خوازیاری ئەوەیە کە هەر کات باسی کۆتاییپێهاتنی هەژاری و بێکاری و مەینەتی نیزامی سەرمایەداری بۆ کرێکاران دەکەین، باسی پێویستبوونی سۆسیالیزم، پێویستبوونی حیزبی کۆمۆنیست و پێویستبوونی دیکتاتۆری پرۆلیتاریاشیان بۆ بکەین، وە هەر کات داخوازییەکانی بەشی لانی کەم دێنینەگۆڕ، دەبێ بە ڕوونی ئەوە دیاری بکەین کە ئەم داخوازییانە بۆ ڕێکخستنی خەبات لە پێناو سەرکەوتنی شۆڕشێکی دیموکراتیک بە ڕابەریی چینی کرێکار و بۆ وەدیهێنانی پێشمەرجی پێویست بۆ گەیشتن بە سۆسیالیزم، چ دەورێک دەگێڕن.

لێنینزم داوای ئەوەمان لێ دەکا کە دوو شەڕی هاوکات بە پشتیوانی ئەم دوو بەشە دیاریکراوەی بەرنامە (بەشی لانی کەم و بەشی لانی زۆر) بەرەو پێش بەرین، بەڵام پۆپۆلیزم دوو بەشی بەرنامە، دوو بەشی هاوکاتی خەبات، وە سەرەنجام دوو شۆڕشی دیموکراتیک و سۆسیالیستی تێکەڵ دەکا و ڕێگایەکی ناوەنجی بەم نێوەدا هەڵدەبژێرێ. شۆڕشێکی گەلی بە ئامانجی گەلییەوە کە هێزی بزوێنەریشی هەر گەلی بێ: ئەمە ئەو شتەیە کە پۆپۆلیستەکان پێیان وایە ئیتر بە یەکجاری کۆتایی بە مەینەتی نیزامی سەرمایەداری دێنێ و هەڵبەت چاکییەکەیشی لەوەدایە کە هەر کتومت سۆسیالیزم نییە! ئەمە بە ئارەزووی ئەو هێزانەیە کە پێیان وایە ئەگەر ئەمڕۆ وە یان

لە سبەی ڕۆژی سەرکەوتنی شۆڕشی دیموکراتیکدا خەباتی چینایەتی لەنێو ڕیزەکانی گەلدا خۆ بگرێ وە پەرە بستێنێ، تووشی نەگبەتی بوون و مۆتەکە سواری سەریان بووە. وایان پێ باشە کە پاش شۆڕشی دیموکراتیک دەرگای خەباتی چینایەتی داخرێ، وە یان لانی کەم نەرم و نیان بێتەوە و پێ لە بەڕەی خۆی زیاتر ڕانەکێشێ. با ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین کە ئەم داخوازییە، داخوازیی کام چینی کۆمەڵە؟ ئایا ئەمە داخوازیی پرۆلیتاریای سۆسیالیستە کە لە شۆڕشی دیموکراتیکدا تەنیا ڕێگا بۆ هەنگاوەکانی دواتری خۆش دەکا؟ وە یا داخوازی ئەو وردەبۆرژوا دیموکراتەیە کە لەم شۆڕشەدا بە هەموو ئاواتەکانی دەگا؟ بێگومان ئەمەی دووەم (سۆسیالیزمی گەلی) تیۆری شۆڕشگێڕی وردەبۆرژوازییە. "فیداییانی خەڵک"، ویستی شووراکان و چاودێرییان بەسەر بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەدا، ناکەنە دروشمێک بۆ پەرەپێدانی خەباتی چینایەتی (کە خەباتێکی سیاسییە)، بەڵکوو دەیکەنە دروشمێک بۆ وەگەڕخستنی چەرخی بەرهەمهێنان. ئەم هاوڕێیانە دەبێ ڕوونی بکەنەوە کە دەور و جێوشوێنی ئەم شوورایانەی کە داوای دەکەن چ جیاوازییەکی تایبەتییان لەگەڵ دەور و جێوشوێنی ئەو شورایانەدا هەیە کە موجاهیدین و "پێدەر تاڵەقانی" لە خەون و خەیاڵی وردەبۆرژوازیی خۆیاندا پێکیان هێنابوون.

هەر لێرەدا دەبێ لەسەر ئەوە جەخت بکەینەوە، کە ئێمە دروشمی پێکهێنانی شورای ڕاستەقینەی کرێکاری و هەروەها دروشمی چاودێریکردنی کرێکاران بەسەر بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەدا بە هۆی شووراکانەوە، وەک دروشمێکی ئاکسیۆنیی شۆڕشگێڕانە و ئوسووڵی لەم قوناغەی خەباتی چینایەتیدا قبووڵ دەکەین. بەڵام ئێمە شوورامان بۆ ئەوە ناوێ کە هەر لە خۆوە چەرخی بەرهەمهێنان بخاتە گەڕ، وە چاودێری و کۆنترۆڵی کرێکاریشمان بۆ ئەوە ناوێ، کە کرێکاران ببنە کارگێڕی بێ جیرە و هەقدەست لە خزمەت سەرمایەداران و دەوڵەتدا، بەڵکوو ئەوانەمان وەک ئامرازێک دەوێ کە لەم قوناغەی شۆڕشی دیموکراتیکدا خەباتی پرۆلیتاریا لە پێناوی وەدیهێنانی هەندێک لایەنی داخوازییە لانی کەمەکانی (بە داخوازی ئابووری و سیاسییەوە) ڕێک بخا و یەکگرتووی بکا. وە هەر بەم بۆنەوە ئەم دروشمانە نەک لە داخوازییەکانی بەشی لانی کەمدا، بەڵکوو لەو کۆمەڵە دروشمە ئاکسیۆنییەدا کە خەبات ڕێک دەخەن بەیان دەکرێن. جا شووراکان بۆ وەدیهێنانی ئەم داخوازییانە تا چ ڕادەیەک و لە چ هەلومەرجێکدا دەبێ چەرخی بەرهەمهێنان بخەنە گەڕ (بۆ نموونە چاو



لە سەروتاری گۆڤاری "عەلەیهی بێکاری" ژمارە 5 بکەن)، یان پێشی پێ بگرن، وە یان بۆ نموونە کۆنترۆڵی کرێکاری تا چەندە بەو مانایەیە کە کرێکاران بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی کاڵا بەدەستەوە بگرن، وە یان کاتێک دەوڵەت و سەرمایەداران ئەم کارەیان کرد کرێکاران تەگەرەی تێ بخەن و ئاڵۆزیی تێدا پێک بێنن، مەسەلەیەکە کە ڕێک دەبێ لە هەر هەنگاوێکدا بە لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە ئەو هەنگاوە تا چ ڕادەیەک گەشە بە خەباتی کرێکاران دەدا (خەباتێک کە تەنیا لە ڕاپەڕینی سەرکەوتووانەدا دەگاتە ئەوپەڕی گەشەی خۆی) دیاری بکرێ. ئەگەر وا نەبێ، یانی ئەگەر مەسەلەی شووراکان و چاوەدێری کرێکاران بەسەر بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی کاڵادا، بە مەبەستی وەگەڕخستنی چەرخی بەرهەمهێنان بە گشتی، باسی بکرێ، ئەمە جگە لە ئانارکۆسەندیکالیزم هیچی تر نییە و دەبێتە هۆی ئەوە، کە پەرە بە خۆشباوەڕیی کرێکاران بەرانبەر بەو بۆچوونە بدا کە گوایە پرۆلیتاریا پێش ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی وەدەست بێنێ، دەتوانێ لە باری ئابوورییەوە بەسەر بۆرژوازیدا زاڵ بێ.

هەروەها، بەشی لانی کەمی بەرنامەیەکی کۆمۆنیستی ئەو داخوازییانەی تێدایە کە پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ بە قازانجی هاوخەباتەکانی لە شۆڕشی دیموکراتیکدا، بۆ ڕاکێشانیان بەرەو خەباتی شۆڕشگێڕانە لەژێر ڕابەری خۆیدا وە بۆ پێکهێنانی زەمینە و مەیدانی هەرە لەبار بۆ پەرەپێدانی خەباتی چینایەتی لە شار و دێ، دەهێنێتە گۆڕ. لە هەلومەرجی ئێستادا، بە لەبەرچاوگرتنی گرنگبوونی دەوری توێژی بەرینی وردەبۆرژوازی شار، وە هەروەها پەیوەندیی نێوان مەسەلەی خۆشگوزەرانی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی و دەوری دەوڵەت، ئەم جۆرە داخوازییانە دەکرێ بە ناوی داخوازیی گشتییەوە باسیان بکرێ. "بەیاننامە" لەم بابەتەوە گەلێک داخوازی هێناوەتە گۆڕ کە هەندێکیان لەژێر کاریگەری ئەو پۆپۆلیزمەدا کە بەسەر تەواوی بەرنامەکەدا زاڵە، تووشی هەڵە و لاڕێی گرنگ بوون، کە ئێمە بە کورتی باسیان دەکەین:

"فیداییانی خەڵک دەڵێن: بێکاری کە دەردی چارەهەڵنەگری نیزامی سەرمایەدارییە، وە ئەمرۆ ملیۆن ملیۆن هاونیشتمانی زەحمەتکێشی وڵاتەکەمان بوونەتە قوربانیی ئەم بەڵا ماڵوێرانکەرە، دەبێ ڕیشەبڕ بکرێ و کار بۆ گەل مسۆگەر بکرێ، دیارە هەتا ئەو کاتەی کە نیزامی سەرمایەداری وابەستە و ئەو سەرمایەدارانەی کە خوێنی کرێکارانیان مژیوە لێ نەکەون، ئەم کارە سەرناگرێ".

هێنانەگۆڕی داخوازییەک بەم چەشنە، یان ئەوەیە کە فیداییپانی خەڵک بە شەرمەوە باسی "سۆسیالیزم" دەکەن و ناوی نابەن، وە یان خۆشباوەڕییە بەرانبەر بەوە کە "دەوڵەتێکی شۆڕشگێڕ" دەتوانێ بێکاری لەناوبەرێ. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم نووسراوەیەی سەرەوە (نەهێشتنی سەرمایەدارانیی وابەستە و ئەو سەرمایەدارانە ...) وا دیارە کە هەر خاڵی یەکەم دروست بێ، واتە بە شەرمەوە باسی "سۆسیالیزم" دەکەن و ناوی نابەن. (ئەگەر وا نەبێ، یانی ئەگەر مەبەستی "دەوڵەتی شۆڕشگێڕ"ی فیداییپانی خەڵک پێکهێنانی سەرمایەداریی دەوڵەتی "میللی"یە، جا ئەوجار کورت و کرمانجی دەبێ بڵێین کە بێکاری دەردی چارهەڵنەگری هەموو چەشنە سەرمایەدارییەکە و هەر دەوڵەتێک کە بە سەرپشتی ئەم سەرمایەدارییەوە بێ، وە یان لەگەڵی هەڵکا، هەر چەندیش شۆڕشگێڕ بێ، بۆ "ڕیشەکێشکردنی نیزامی سەرمایەداری" هیچی لەدەست نایە). ئەگەر هاوڕێیان بەڕاستی لەسەر ئەو باوەڕەن کە بێکاری دەردی چارهەڵنەگری سەرمایەدارییە، دەبێ بە ڕاشکاوی سۆسیالیزم بە چارەی ئەم دەردە بزانن و هەر ئاوا بە ڕاشکاوی ئەم ڕاستییە بە کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش ڕاگەیەنن. (قسە لەسەر "ڕاستی و ڕاشکاوی" نییە، بەڵکوو لەسەر ئەوەیە کە پرۆلیتاریا پێویستییەکی شۆڕشگێڕانەی بەوە هەیە کە ڕاستییەکانی کۆمەڵی سەرمایەداری بناسێ). ئەو داخوازییە کە دەیەوێ "دەوڵەتی شۆڕشگێڕ" (کە ڕوون نییە لە ئاکامی کام خەباتی شۆڕشگێڕانەدا دێتە سەرکار و دەوڵەتی کام چین وە یا کام چینانە) بێکاری ڕیشەکێش بکا، داخوازییەکی تەواو تێکەڵ و نارۆشنە کە جگە لەوەی خۆشباوەڕیی جەماوەر پەرە پێ بدا کە گوایە ئیمکانی ئەوە هەیە لە هەموو جۆرە "دەوڵەتێکی شۆڕشگێڕ" و "تەوحیدی" و "پێشکەوتنخواز" و "ئیسلامی"دا، هەژاری و بێکاری لەناوبچێ و ئیتر جەماوەر پێویستییان بە سۆسیالیزم نییە، هیچی تێدا بەستە نییە (هەڵبەت ئەوەندەی هەیە، کە فیداییپانی خەڵک بەم جۆرە دەیانەوێ نیشانی جەماوەر بدەن کە بە لای ئێمەوە بێکاری شتێکی خراپە_ جا کێ وتوویەتی بێکاری شتێکی باشە؟!). بەرانبەر بەم داخوازییە نارۆشنە، ئێمە دەبێ خوازیاری ئەوە بین کە بژێوی بێکاران لەسەر حیسابی بۆرژوازی دابین بکرێ و باشترین شێوەی جێبەجێبوونی ئەم داخوازییە ئەوەیە، کە بێکاران بیمەی کامڵی بێکارییان پێ بدرێ. بەڵام ئەو دروشمە ئاکسیۆنییەی کە بە باشترین شێوە دەتوانێ خەباتی کرێکاران بۆ دیفاع لە ئاستی گوزەرانی بێکاران و ئەستاندنی بژێوی ئەوان لە بۆرژوازی و لەوەش



گرنگتر خەباتی کرێکاران بۆ یەکگرتووکردنی ڕیزەکانی چینی کرێکار و گەشەی خەباتی چینایەتی، لەژێر ئاڵایەکدا کۆ بکاتەوە، درووشمی پێکهێنانی یەکێتیی کرێکاری لە دژی بێکارییە. هەر لەم ژمارەیە (ی گۆڤاری عەلەیهی بێکاری)دا، ئێمە باسی ئەم درووشمەمان کردووە و سەرجەمی هەڵوێستەکانی "کۆمیتەی پێکهێنانی یەکێتیی کرێکاری لە دژی بێکاری" کە لە ژمارە جۆراوجۆرەکانی گۆڤاری "عەلەیهی بێکاری"دا باسیان کراوە، هەڵوێستی ئێمە و ڕەخنەی ئێمە بەرانبەر بە "فیداییپانی خەڵک دەڵێن چی" لە بابەت مەسەلەی بێکارییەوە بەیان دەکەن.

لە بابەت مەسەلەی گرانییەوە، "فیداییپانی خەڵک" هەر ئەم تێکەڵاوی و نارۆشنییە دیسانەوە نیشان دەدەن. ئەوان بە ڕوونی لەسەر ئەم خاڵە تایبەتە، لە لای خۆیان سەرەتا وایان داناوە کە گرانی لەدەور و هەڵسووڕانی سەرمایەداریی بازرگانیی تایبەتییەوە سەرچاوەی گرتووە، وە پاشان ڕێگای چارەسەرکردنی مەسەلەکە بەوە دەزانن کە بازرگانیی دەرەوە میللی بکرێ و چاودێریی بازرگانیی دەرەوە بدرێتە دەست "دەوڵەتی شۆڕشگێڕ" و لەدەستی "مفتەخۆرەکان و سەرمایەدارەکان و بازرگانە دەوڵەمەندەکان و دەڵاڵەکان" دەربێ. ئێستا ناچینەوە سەر ئەو باسە کۆنەی کە جەوهەری چینایەتی دەوڵەتی شۆڕشگێڕ (کە "بەیاننامە" هیچ باسی نەکردووە) چییە. تەنیا ئەوە دەڵێین کە یەکەم: میللیبوونی بازرگانیی دەرەوە، لە چوارچێوەی نیزامی سەرمایەداریدا، جگە لەوە کە سەرمایەی دەرەوە یەکجێ لەدەستی دەوڵەتدا بێ، هیچ مانایەکی تری نییە، وە دووەم: ئەم کارە مەسەلەی گرانی چارەسەر ناکا، بەڵکوو تەنیا ڕەنگە (بەپێی خەرجی ڕێژەیی بەڕێوەبردنی کارەکان) هەتا ڕادەیەکی دیاریکراو کەمی بکاتەوە. گرانیش هەر وەک بێکاری، دەردی بێدەرمانی سەرمایەدارییە (بەڵام لە قوناغی ئێستادا و بە لەبەرچاوگرتنی دەوری تازەی پشتیوانە لە بەدیهاتنی کاڵاکان و کۆمابوونی سەرمایەدا). کەوابوو نەک هەر بەتەنیا سەرمایەی بازرگانیی تایبەتی، بەڵکوو کۆمابوونی سەرمایە و مەسەلەی بەدیهاتنی بایی کاڵاکان بە گشتی، هۆ و سەرچاوەی گرانییە. "بەیاننامە" جەماوەر تەنیا لە دژی سەرمایەی بازرگانیی تایبەتی هان دەدا. ئەمە هەڵوێستی لیبراوانەی بۆرژوازی پیشەسازییە کە هەر ماوەیەک لەوەپێش جێنشینی بانکی ناوەندی و بەر لەویش زۆربەی کاربەدەستانی ئابووریی کۆماری ئیسلامی پێیان لەسەر دادەگرت و ئێستاش هەر لەسەری سوورن و بەکردەوە ماناکەی دەبێتە ئەوە کە: هەرچی سەرمایەی بازرگانی یەکجێتر بێ، هەر

یەکەیەکی کاڵا بە خەرجێکی کەمترەوە بڵاو دەکرێتەوە (وە دەگاتە دەستی دوایین کڕیاری خۆی) و پرۆسەی بەدیهاتنی بایی کاڵاکان خەرجێکی کەمتری تێ دەچێ. ئەمەش بەشبەحاڵی خۆی دەبێتە هۆی ئەوە کە ئاخر نرخی کاڵا بۆ دوایین کڕیار، بە بۆنەی کەمبوونەوەی بە شی تێکڕای سەرمایەی بازرگانی لە تێکڕای زێدەباییەک کە لە بەشی بەرهەمهێناندا بەرهەم هاتووە، هێندێک لەوەی ئێستا هەیە کەمتر بێ (بە مەرجێک باقی فاکتۆرەکان نەگۆڕێن). قازانجی بازرگانی لەسەر نرخی کاڵاکان داشکێنین، لە ئاکامدا نرخ هێندێک دێتەخوار بەبێ ئەوەی لە قازانجی سەرمایەی پیشەسازی کەم بێتەوە. ئەم ڕێگایە، ڕێگای کەمتر گرانبوونی کاڵاکانە، نەک گراننەبوونیان. بەڵام سەیر ئەوەیە "بەیاننامە"، کە زۆر بەگەرمی داوای کۆتابوونی دەستی دەڵاڵەکان و کۆوەبوونی سەرمایەی بازرگانی دەکا. لەناکاو هەڵوێستی خۆی دەگۆڕێ و وا لەقەڵەم دەدا کە هۆی هەڵاوسان بە تایبەت "مۆنۆپۆڵە"، بۆ ئەوەی بتوانێ وردەکاسبکاران لەژێر باری "گوناهی" پێکهێنانی هەڵاوسان (وەک دەڵاڵ) بێنێتە دەرەوە.

هیچ گومان لەوەدا نییە کە پرۆلیتاریا دەبێ دیفاعی بەمەرج لە وردەکاسبکاران بکات، بەڵام نابێ بۆ ئەم مەبەستە تیۆری تازەی ئابووری بۆ دابنێ. (مۆنۆپۆڵ بۆ ماوەیەک هەندێک کاڵا گران دەکا، بەڵام سەرچاوە و هۆی گرانی مۆنۆپۆڵ نییە). توێژێکی ئێجگار بەرینی وردەبۆرژوازیی بازرگانیش نانیان لەوەدایە کە شت بە جوملە بکڕن و قازانجی وردەفرۆشییەکەی بخۆن. یانی دەڵاڵی نێوان بەرهەمهێنان و کڕیارانن. وە سەرجەمی داهاتێک کە وردەفرۆشەکان وەدەستی دێنن (هەر چەندە هەر یەکەیەک بەتەنیا بەشێکی بچووکی پێ دەبڕێ) تەنانەت لە سەرجەمی داهاتی بەشی جوملەفرۆشیی بازرگانیی ناوخۆ زیاترە. (بۆ نموونە دەتوانن تەماشای "ساڵنامەی ئاماری وڵات، ساڵی 1355" لاپەڕەکانی 52_ 451 بکەن) کۆمۆنیستەکان لە هەمان کاتدا کە پەردە لەسەر هەموو هەنگاوێکی ئاسایی و "نائاسایی"ی سەرمایەداران (وە مۆنۆپۆڵیش وەک هەموو هەنگاوەکانی تریان) کە لە پێناوی وەدەستهێنانی قازانجی هەرچی زیاتردا ڕۆژ بەڕۆژ باری مەینەتی ژیان لەسەر شانی جەماوەر قورستر دەکا، لادەدەن، وێڕای پشتیوانی بە مەرج لە وردەکاسبکاران، دەبێ بۆ کرێکاران ڕوونی بکەنەوە سەرمایەداری و گرانی لێک گرێ دراون، وە بە کرێکاران بڵێن سۆسیالیزم ڕێگاچارەی یەکجارییە. باشترین ئامراز کە پرۆلیتاریا دەتوانێ لە چوارچێوەی نیزامی



سەرمایەداریدا بەرانبەر بە گرانی کەڵکی لێ وەرگرێ، زیادکردنی کرێ بەپێی چوونەسەری نرخی کاڵاکانە، کە بە داخەوە "بەیاننامە" بێدەنگەی لە داخوازییە ئابوورییە کرێکارییەکان کردووە و ئەم مەسەلەیەی نەهێناوەتە گۆڕ.
وە سەرەنجام "فیداییانی خەڵک" کە لە بابەت خاوەنپیشە و کاسبکارانەوە باسی ئەوەیان کردووە کە قەرزەکانیان لەسەر هەڵگیرێ، کاتێک دەچنە سەر باسی داخوازییە وەرزێرییەکان، ئەم داخوازییە بنەڕەتییە دەخەنە پشتگوێ و باسی ناکەن. جگە لە مەش مەسەلەی دەسبەسەراگرتنی زەویی مڵکدارەکان، وەک مەسەلەیەکی جیاواز لە مەسەلەی "شووراکان و یەکێتییە جووتیارییەکان، باسیان لێ کراوە. (یان لانی کەم پەیوەندیی نێوان ئەم دوو مەسەلەیە لە "بەیاننامەکە"دا بە ڕاشکاوی باسی نەکراوە). بە بڕوای ئێمە داخوازیی کۆمۆنیستەکان دەبێ ئەوە بێ کە دەسبەسەراگرتنی زەویزار <u>لە لایەن</u> ئەم شوورا و یەکێتییانەوە لە ناوچە جۆراوجۆرەکان بە ڕەسمی و قانوونی بناسرێ. ئەمەیە ئەو شێوە فۆرموولبەندییە کە هەر بەتەنیا باشتربوونی ئاستی گوزەرانی جووتیاران، وە یان زیادبوونی بەرهەمی کشتوکاڵی وەک مەسەلەی سەرەکی لەبەرچاو نییە، بەڵکوو بە مەبەستی گەشەی خەباتی چینایەتی لە دیهات و بەهێزکردنی حاسڵی دیموکراتیکی ئەم خەباتە چینایەتییە لە مەیدانی سیاسەتدا لە دژی دەوڵەتی بۆرژوایی و گەورەمڵکدارییی، مەسەلەکە دێنێتە گۆڕ. ئێمە لەم بابەتەوە بیروڕای خۆمان بە درێژی لە نامیلکەیەکدا بە ناوی "کۆمۆنیستەکان و بزووتنەوەی جووتیاری پاش چارەسەری ئیمپریالیستیی مەسەلەی زەوی" (ڕەشەمەی ساڵی 58) دەربڕیوە، کە داوا لە هاوڕێیان دەکەین بیخوێننەوە.

## 2) "بەیاننامە" ڕەنگدانەوەی بۆچوونێکی لاڕێیە بەرانبەر بە پەیوەندیی نێوان دیموکراسی و سۆسیالیزم

خەسڵەتی بەرچاوتەنگانە و وردەبۆرژوایی داخوازە سیاسییە بناغەیییەکانی بەیاننامە، بە باشی نیشاندەری بۆچوونی چەوتی "فیداییانی خەڵک"ە بەرانبەر بە پەیوەندی نێوان دیموکراسی و سۆسیالیزم بە لای پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕەوە، ئێمەش هەر لێرەوە دەست پی دەکەین:
"فیداییانی خەڵک" دەڵێن: دەبێ ئازادیی هەڵسووڕانی سیاسی بۆ هەموو حیزب و ڕێکخراوە و گروپ و کۆڕ و کۆمەڵێکی شۆڕشگێڕ و پێشکەوتنخواز کە داکۆکی لە مافی گەل دەکەن دابین بکری".

"فیداییيانی خەڵک" دەڵێن: دەبێ ئازادیی باوەڕ و دەربڕینی بیروباوەڕ، ئازادیی قەڵەم و چاپەمەنی، ئازادیی کۆبوونەوە، خۆپیشاندان، ڕێپێوان و میتینگ و مافی مانگرتن و ڕێکخستنی شوورا و یەکێتی و سەندیکا بۆ گەل دابین بکرێ". (جەختەکان هی ئێمەن)
ئێستا وەرن ئەم داخوازییانە لەگەڵ چەند بەند لە بەشی سیاسیی داخوازییەکانی لانی کەمی بۆڵشەڤیکەکان لە ساڵی 1917دا، پێک بگرن:
"قانوونی بنچینەییی کۆماری دیموکراتیکی ڕووسیا دەبێ (ئەم خاڵانە) مسۆگەر بکا:
... 2) مافی دەنگدانی گشتی، یەکسان و ڕاستەوخۆ بۆ هەموو هاووڵاتیان بە ژن و پیاوەوە، کە تەمەنیان گەیشتبێتە 25 ساڵ، لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی قانووندانان و ئۆرگانەکانی دەسەڵاتدارەتی خوجێییدا ...
5) ئازادیی نامەحدوود (بێ قەید و شەرت)ی باوەڕ، بەیان، چاپەمەنی، کۆبوونەوە، مانگرتن و ڕێکخستن ...
7) هەڵوەشاندنەوەی پلەوپایە کۆمەڵایەتییەکان، مافی یەکسان بۆ هەموو هاووڵاتیان جیاواز لە ژن و پیاوبوون و مەرام و ڕەگەز و میللەتیان.
(دەقی بەرنامەی حیزب پاش چاوپێداخشاندنەوە، سەرجەم بەرهەمەکانی لێنین، ئینگلیزی، بەرگی 24، لاپەڕەی 672_ 671، جەختەکان هی ئێمەن)
ئەگەر جیاوازی نێوان "بەیاننامە" و بەرنامەی بۆڵشەڤیکەکان لە باری چۆنیەتی دارشتنی فۆرموولەکانەوە لەبەرچاو نەگرین، (کە ئەمە خۆی لەخۆیدا هیچ خەوشێکی تێدا نییە) خاڵێکی بنەڕەتی، ویست و داخوازیی بۆڵشەڤیکەکان لە ویست و داخوازی فیداییيانی خەڵک جیا دەکاتەوە. "فیداییيانی خەڵک" ئازادیی سیاسیی بنەڕەتییان بۆ "گەل و ئەو هێزانەی کە پارێزەری بەرژەوەندی گەلن" دەوێ، وە بۆڵشەڤیکەکان لایەنگری ئازادیی <u>بێسنووری</u> باوەڕ و بەیان و ڕێکخستن و ئەم جۆرە شتانەن و داوای ئەوە دەکەن کە هەموو <u>هاووڵاتیان</u> (هەر کەس تەبەعەی وڵات بێ) مافی ئەوەیان هەبێ کەڵک لەم ئازادییانە وەرگرن. هەر کەس کەپێی وا نەبێ لە سبەی ڕۆژی شۆڕشی دیموکراتیکدا کۆمەڵی بۆرژوا بەتێکڕا بەدەم ئاودا دەدرێن، وە یان دەخرێنە زیندانەوە، وە بەم بۆنەیەوە ئیتر تەنیا "گەل و لایەنگرانی بەرژەوەندیی گەل" دەمێننەوە و "هاووڵاتیان" هەر ئەوان دەبن، ئەم جیاوازییانەی نێوان "بەیاننامە" و "بەرنامەی بۆڵشەڤیکەکان" زۆر پرسیاری بۆ دێننە پێش: چی قەوماوە؟ ئایا لێنین و بۆڵشەڤیکەکان کەمتەرخەمییان کردووە؟ ئایا لێهاتووترین ڕابەرانی مێژووی خەباتی پرۆلیتاریا



ئەوەندەیان تێگەیشتنی سیاسی نەبووە کە بزانن بۆرژوازی و بەرەی دژ بە شۆڕشیش لەم مافانە بەهرەمەند دەبن؟ ئایا لێنین و بۆڵشەڤیکەکان کە لەوەش واوەتر چوون و ڕایان گەیاندووە کە "کۆماری دیموکراتیکی ڕووسیا (یانی هەمان حوکوومەتی کرێکاران و جووتیاران) ئەم مافانە زەمانەت دەکا، بەرانبەر بە مەسەلەکە بێدەربەست نەبوون؟ ئایا نەیان دەزانی کە "وا باشترە" تەنیا بۆ "گەل و لایەنگرانی بەرژەوەندی گەل" داوای ئازادی بکەن، بۆ ئەوەی بۆرژوازی دژ بە شۆڕش و ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانی، تاقمە ڕەشڕەوشتەکان (Black Hundreds)، کادیتەکان، پرۆفیسۆرە لیبراڵەکان و تەنانەت مەنشەڤیکەکان کە لە سەردەمی 1917دا ئیتر بە ئاشکرا چووبوونە ڕیزی بۆرژوازییەوە، وە دارودەستەی تری لەم قوماشە بە خراپ کەڵکی لێ وەرنەگرن؟ ئایا "بەیاننامەی" "فیداییيانی خەڵک دەڵێن چی" و ئەو فۆرموولە تازەبابەتەی کە ئازادیی سیاسی بۆ "گەل و لایەنگرانی بەرژەوەندیی گەل" دەوێ، لە باری وشیاریی سیاسی و دڵسۆزی بۆ زحمەتکیشان و بەرژەوەندی ئەوانەوە لە لێنین و بۆڵشەڤیکەکان و لە هەموو ئەو بەرنامە لانی کەمانەی کە هەتا ئێستا کۆمۆنیستەکان پەسەندیان کردوون، واوەتر نەچووە؟ ڕەنگە "فیداییيانی خەڵک" و بەشی هەرە زۆری بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی ئێران کە دەسکەوتێکی تازەی بەرنامەییيان بەدەست هێناوە و هەڵەیان بۆ بۆڵشەڤیزم ڕاست کردووەتەوە، چاوەڕێی ئەوەین کە جەماوەر پاداشی چاکەیان بداتەوە و لێیان مەمنوون بێ! بەڵام وانییە، کاری لێنین و بۆڵشەڤیکەکان و شێوەی کلاسیکی داڕشتنی بەرنامەی لانی کەم هیچ گرێوگۆڵێکی تێدا نییە. شتی تازەبابەتی لەم چەشنە خێر و بەرەکەتی دەسەڵاتی پۆپۆلیزمە بەسەر بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا. ئێمە لەم وتارەدا هەوڵ دەدەین بە کورتی ئەم خاڵە شی بکەینەوە و لەسەررۆیشتنی هەڵدەگرین بۆ داهاتوو، کە هەڵبەت زۆریش پێویستە.
ئەو خاڵەی "بەیاننامە" کە بۆ "گەل و لایەنگرانی بەرژەوەندیی گەل" داوای ئازادی دەکا لە سەرەتادا وای پێوە دیارە کە مەبەستێکی خێرخوازانەی پرۆلیتێری تێدایە، ئەویش ئەوەیە کە ئازادی لە بۆرژوازی بستێنێتەوە. ئایا بەڕاستی ئەمە داخوازیی هەموو کۆمۆنیستەکان نییە؟ وەڵامەکەی ڕۆشنە. ئەمە داخوازیی هەموو کۆمۆنیستەکان و لە هەمووان زیاتر داخوازیی لێنین و بۆڵشەڤیکەکان بوو وە ئێستاش هەیە. هەڵسووڕانی سیاسیی بۆرژوازی بە مانای هەڵسووڕانە لەپێناو فریودان و سەرکوتی پرۆلیتاریا و بە مانای تەقەلایە بۆ هێشتنەوە و پتەوکردنەوەی بناغەکانی کۆیلەتی کرێگرتەی

جەماوەری بەرین و خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریاش ئەگەر ئەوەی بە ئامانجی خۆی دانەنابا کە بۆرژوازی سەرکوت بکا و ئازادی لێ زەوت بکا، نەدەکرا پێی بڵێی خەباتی چینایەتی. بەڵام گرێی کارەکە لە کوێدایە؟ بۆچی لێنین و بۆلشەڤیکەکان وەک هەموو کۆمۆنیستەکانی تر لە بەرنامەی لانی کەمی خۆیاندا داوای ئازادیی سیاسیی بێ قەید و شەرت دەکەن و خوازیاری ئەوەن هەموو هاووڵاتیان لەو ئازادییە بەهرەمەند بن. هەڵوێستی لێنینی بەرانبەر بە پەیوەندیی نێوان دیموکراسی و سۆسیالیزم لە ڕێبازی گشتیی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕدا، وەڵامدەرەوەی ئەم پرسیارەیە. لێنین و بۆلشەڤیکەکان بە ڕوونی سنووری نێوان دیموکراسیی پرۆلیتێری و دیموکراسیی بۆرژواییان دیاری دەکرد. دیموکراسیی پرۆلیتێری و دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا بەر و پشتی یەکترن. ئەمەیە ئەو دیموکراسییە کە لێنین پێی دەڵێ "دیموکراسی بۆ هەژاران" ("کاوتسکی وەرگەڕاو") و بە حاسڵی گەشەی دیموکراتیزم و پەرەگرتنی مافە دیموکراتیکەکانی جەماوەری خەڵک (واتە، زۆربەی زۆرلێکراوانی کۆمەڵ)ی دەزانی، ئەم پرۆسەی گەشەکردنە جگە لەوەی کە شکڵ و شێوەی نوێی دیموکراسییەک کە پشتی بە دیکتاتۆری پرۆلیتاریا بەستووە، جێگای دیموکراسیی بۆرژوایی و شێوە جۆراوجۆرەکانی ئەو دیموکراسییە بگرێتەوە، هیچ مانایەکی تری نییە.

بەڵام بەپێچەوانەی تێگەیشتنی پرۆفیسۆرە لیبراڵەکان و ئۆپۆرتۆنیستە وردەبۆرژواکان لەم دیموکراسییە بۆرژواییە، کە بە ناچار بەرتەسکە و بە نهێنی دەبێتە کۆسپی سەر ڕێگای زۆرلێکراوان و هیچ بەشی ئەوانی تێدا نییە، وە هەر بەم بۆنەیەوە سەرەتا پێی پڕە لە درۆ و ڕیا، گەشە و هەنگاوی بەرەو پێشەوە، ئیتر هەر وا بە ساکاری بە ڕاستەڕێ و تەختاییدا ناڕوا و "هەردەم لە دیموکراسی ڕۆژ لەڕۆژ زیاتر" نزیک نابێتەوە. نا، گەشە و بەرەوپێشچوون یانی، گەشەکردن بەرەو کۆمۆنیزم تەنیا لە یەک ڕێگاوە تێپەڕ دەبێ و ئەویش دیکتاتۆری پرۆلیتاریایە. چونکە تێکشکاندنی بەرگریی سەرمایەدارانی چەوسێنەر لەدەست هیچ کەسێکی دی نایە و بە هیچ شێوەیەکی تر ناکرێ.

بەڵام دیکتاتۆری پرۆلیتاریا، یانی ڕێکخستنی پێشەنگی زۆرلێکراوان وەک چینی دەسەڵاتدار بۆ سەرکوتی چەوسێنەران، ناکرێ و نابێ ئاکامەکەی هەر ئەوەندە بێ کە پەرە بە دیموکراسی بدا. لەگەڵ پەرەپێدانی بەرینی دیموکراتیزم کە بۆ یەکەم جار دیموکراتیزم بۆ دەوڵەمەندەکان نییە، بەڵکوو دیموکراتیزم بۆ هەژاران و کۆمەڵانی



خەڵکە، دیکتاتۆری پرۆلیتاریا لە باری ئازادییەوە هەندێک تەنگەبەری بۆ زاڵمان و چەوسێنەران و سەرمایەداران پێک دێنی. ئێمە دەبێ ئەوانە سەرکوت بکەین بۆ ئەوەی ئینسان لە کۆت و بەندی کویلەتی کرێگرتە ڕزگاری بێ، دەبێ موقاوەمەتی ئەوان بە شێوەی توندوتیژ تێک بشکێندرێ. دیارە لە هەر شوێنێک سەرکوت و زەبروزەنگ هەبێ، ئەو شوێنە ئازادی و دیموکراسی لێ نییە ...

دیموکراسی بۆ زۆربەی هەرە زۆری خەڵک و سەرکوتی توندوتیژ بۆ چەوسێنەرانی خەڵک یانی، بێبەشکردنیان لە دیموکراسی، ئەمەیە ئەو ئاڵوگۆڕەی کە کاتی تێپەڕبوون لە سەرمایەدارییەوە بۆ کۆمۆنیزم لە شێوەی دیموکراسیدا پێک دێ (لێنین، دەوڵەت و شۆڕش)

بەم جۆرە بۆمان دەردەکەوێ خەبات لە پێناوی ئەو دیموکراسییەدا کە بەیاننامەی "فیداییانی خەڵک دەڵێن چی" بەڵێنی وەدیهاتنی داوە، یانی خەبات بۆ "دیموکراسی هەژاران" (وە یا هەمان دیموکراسی پرۆلیتێری) جگە لە خەباتی چینایەتیی هەمە لایەنەی پرۆلیتاریا بۆ وەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی و دامەزراندنی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا هیچی تر نییە. خەباتێک کە بە شکڵ و شێوەی جۆراوجۆر و لە مەیدانی جۆراوجۆردا بەرەو پێش دەچێ. سەرکوت و ئەستاندنەوەی ئازادی لە بۆرژوازی حاسڵی سەرکەوتنی پرۆلیتاریایە لە خەباتێکی سیاسی_ پراتیکدا، کە بۆ تێکشکاندنی ماشێنی دەوڵەتی بۆرژوازی و بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی بەڕێوەی دەبا. کەوایە ئاشکرایە کە داواکردنی دیموکراسی بۆ گەل و وەعدەدانی ئەم دیموکراسییە و ئەستاندنەوەی ئازادی لە بۆرژوازی جگە لەداواکردن و وەعدەدانی دیکتاتۆری پرولیتایا، وەک دیکتاتۆری چینێک و هەر تاقە چینێک مانایەکی تری نییە. بەرنامەی لانی زۆری کۆمۆنیستەکان بەبێ هیچ پەردەپۆشییەک ئەمە بەیان دەکا و باسی پێداویستییە ماددی و عەمەلییەکانی ئەم دیکتاتۆرییە، پەرەپێدانی خەباتی چینایەتی بە شێوەی جۆراوجۆر، ئینتەرناسیۆنالیزم و حیزبی کۆمۆنیست دەکا. داواکردن و وەعدەدانی "دیموکراسی بۆ گەل" بەبێ داواکردن و وەعدەدانی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا، جگە لە پەردەپۆشکردنی بەرژەوەندیی سەربەخۆی چینی کرێکار و هەڵگەڕانەوە و وەرگەڕانی تەواو لە تیۆری و بەرنامە هیچی تر نییە.

بەڵام با بزانین بە لای کۆمۆنیستەکانەوە دیموکراسی بۆرژوایی چ جێ و شوێنێکی هەیە:

دیموکراسی بۆرژوایی لەچاو نیزامی سەدەکانی ناوەڕاست، پێشکەوتنخواز بوو، وە دەبوو کەڵکی لێ وەربگیرێ. بەڵام ئێستا ئیتر بۆ چینی کرێکار کەمە. ئێستا ئیتر دەبێ بۆ پێشەوە بڕوانین نەک بۆ پشتەوە، دەبێ بۆ جێگۆڕکێی دیموکراسی بۆرژوایی و دیموکراسی پرۆلیتێری بڕوانین. ئەوە ئەگەر لە چوارچێوەی دەوڵەتی بۆرژوا_ دیموکراتیکدا ئیمکان (و پێویستی) سازدانی شۆڕشی پرۆلیتێری و پەروەردەکردن و پێکهێنانی سوپای پرۆلیتێری هەبا، ئەو کاتە، کە کار دەگاتە قۆناغی "شەڕی لێبڕاوانە"، بەرتەسککردنەوەی پرۆلیتاریا لەم چوارچێوەیەدا تەنیا بە مانای خەیانەتکردن دەرهەق بە ڕێگای پرۆلیتاریا و هەڵگەڕانەوە لە ڕێبازی پرۆلیتاریا بوو." (جەختەکان هی ئێمەن) ئێمە لەوەپێش لە نووسراوەی تردا باسی پەیوەندیی دیموکراسیی بۆرژوایی لەگەڵ پێکهاتن (و پێکهێنانی) زەمینە و مەرجی پێویست بۆ دواهەنگاوی پرۆلیتاریا بەرەو سۆسیالیزم، یانی دوا هەنگاو بەرەو "دانانی دیموکراسیی پرۆلیتێری لە جێگای دیموکراسیی بۆرژوایی"مان کردەوە. هێنانەوەی ئەو پەرەگرافەی سەرەوە بە ڕوونی جێوشوێنی دیموکراسی هەرچی کامڵتری بۆرژوایی وەک هەلومەرجێک کە تێیدا دەبێ زەمینە بۆ شۆڕشی دیموکراتیک ئامادە بکرێ، ڕوون دەکاتەوە. دیموکراسیی بۆرژوایی، تەنانەت جۆری هەرە کامڵیشی، بۆ پرۆلیتاریا جێگای هیچ چەشنە خۆشباوەڕییەک نییە و بۆیە نابێ وەک هەلومەرجی لە باری سیاسی، وەعدەی ئەم چەشنە دیموکراسییە بە جەماوەر بدا بەڵکوو:

"ئێمە خوازیاری کۆماری دیموکراتیکین، چونکە لە سەردەمی سەرمایەداریدا ئەم کۆمارە بۆ پرۆلیتاریا باشترین و لەبارترین شێوازی دەوڵەتە، بەڵام نابێ ئەوەمان لەبیر بچێتەوە کە لە دیموکراتیکترین کۆماری بۆرژواییشدا بەشی جەماوەر هەر کۆیلەتی کرێگرتەیە. جگە لەمەش، هەر دەوڵەتێک "هێزی تایبەتی سەرکوت"ی چینی زۆرلێکراوە، کەوابوو هیچ دەوڵەتێک نە ئازادە و نە گەلییە. "لێنین، دەوڵەت و شۆڕش".

کەوایە مەسەلەکە ڕوون و ئاشکرایە. ئەو دیموکراسییەی کە پرۆلیتاریا وادەی دەدا بە زۆربەی زۆرلێکراوانی کۆمەڵ، یانی دیموکراسیی پرۆلیتێری کە "دیموکراسییە بۆ هەژاران" وە سەرکوتە بۆ بۆرژوازی، ڕوویەکی تری دیکتاتۆریی پرۆلیتاریایە، یانی ڕوویەکی تری وەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی لە لایەن پرۆلیتاریاوەیە وەک چینێک و تەنیا تاقە چینێک. بەرنامەی لانی زۆری کۆمۆنیستەکان ئەم مانایە بە ڕۆشنی بەدەستەوە دەدا. وە ئەو دیموکراسییەی کە پرۆلیتاریا لە سەردەمی سەرمایەداری و



بۆ سازدانی شۆڕشی پرۆلیتێری لە پێناویدا شەڕ دەکا، دیموکراسییەکی بۆرژواییە کە تا دوایین پلەی گونجاو پەرەی پێ درابێ. وەدیهێنانی کۆمارێکی دیموکراتیک وەک ئامرازێک کە ڕێگا بۆ خەباتی پرۆلیتاریا بەرەو وەدەسهێنانی دەسەڵاتی سیاسی و دامەزراندنی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا خۆش دەکا شێلگیرانە شەڕ دەکەین، وە لە هەمان کاتیشدا "نابێ ئەوەمان لەبیر بچێتەوە" کە ئەو کۆمارە ناتوانێ جێگای دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا بگرێتەوە. ئەوە ئەرکی سەرشانی بەرنامەی لانی کەمی ئێمەیە کە ناوەڕۆکی عەمەلی ئەم شکڵە هەرە دیموکراتیکەی کۆماری لە "سەردەمی سەرمایەداریدا" دیاری بکا. کەوایە لەو جێگایەی کە لێنین و بۆڵشەڤیکەکان لە بەرنامەی لانی کەمدا باسی ئازادیی هەموو "هاووڵاتیان" دەکەن، ئەم لایەنەی مەسەلەکەیان لەبەرچاوە. ئەوان لە بەشی لانی زۆردا پێویستییەکانی وەدیهێنانی دیموکراسیی پرۆلیتێرییان هێناوەتە گۆڕ، وە ڕێگای خەبات بۆ ئەم دیموکراسییەیان نیشانی جەماوەر داوە. وە لە بەرنامەی لانی کەمدا تەنیا باسی کۆمەڵێک هەلومەرجی دیموکراتیک دەکا، کە ئەو هەلومەرجە دیموکراتیکە لە هەمان کاتدا کە ناتوانێ دیموکراسیی پرۆلیتێری بێ، بە پێچەوانەی مەیلی بۆرژوازی، پەرەدارترین و بەرینترین شکڵی دیموکراسی بەسەر بۆرژوازیدا دەسەپێنێ و هەلومەرجی لەبار بۆ هەڵخڕاندنی پرۆلیتاریا پێک دێنێ. لێنین و بۆڵشەڤیکەکان ئەم خۆشباوەڕییەیان نییە و پەرە بەم خۆشباوەڕییەش نادەن کە بەبێ دامەزرانی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا، لە کۆمارێکی دیموکراتیکدا ئیمکانی بەڕێوەچوونی "دیموکراسی بۆ گەل و هەر بەتەنیا بۆ گەل" هەیە و لە هەمان کاتدا شێلگیربوونیان لە پێناوی وەدیهێنانی دیموکراتیکترین ڕژێمی سیاسی لە سەردەمی سەرمایەداریدا، لە داخوازییەکانی بەرنامەی لانی کەمدا ڕەنگ دەداتەوە.

بەڵام "بەیاننامە" چی کردووە؟ لێرەدا بە ئاشکرا دیارە کە فیداییانی خەڵک لە نێوان دوو بەشی لانی زۆر و لانی کەمی بەرنامەدا، بەشێکی ناوەنجییان هەڵبژاردووە، وە بە نێوان دوو شۆڕش و دوو شەڕی هاوکاتی دیموکراتیک و سۆسیالیستیی پرۆلیتاریادا، ڕێگایەکی ناوەنجییان گرتووەتە پێش. داخوازییە سیاسییەکانی بەیاننامە باسی "دیموکراسی بۆ گەل" دەکا بەبێ ئەوەی باسی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا (کە ئەو دیموکراسییە دەبێ پشتی پێ ببەستێ) بەسەر زاریدا بێ. "بەیاننامە" هەر وەک لە داخوازییە ئابووری و ڕیفاهییەکانیشدا وای کردبوو، لێرەش دوو بەشی بەرنامەی م. ل. تێکەڵ دەکا. داخوازییەکانی لانی کەمی ئێمە سەرخەتی دیموکراسیی پرۆلیتێری

ناهێننەگۆڕ، چونکە ئەمە لە گرەوی دامەزرانی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریادایە کە دەبێ لە بەشی لانی زۆری بەرنامەدا باسی بکرێ، بەڵکوو سەرخەتی شکڵی هەرە کامڵی دیموکراسیی بۆرژوایی بەیان دەکا. بۆ بزووتنەوەیەکی کۆمۆنیستی کە ئەرکی دەسبەجێی خۆی بەوە داناوە شۆڕشێکی دیموکراتیکی سەرکەوتووانە ڕێبەرایەتی بکا، تێنەگەیشتن و لەبەرچاونەگرتنی ئەم مەسەلەیە کەمایەسییەکی قورس و فەوتێنەرە.

بەڵام بۆچی پۆپۆلیزم بەم ڕادەیە مەیلی بە تێکەڵکردنی ئەم دوو بەشە جیاوازەی بەرنامەی کۆمۆنیستی هەیە؟ هۆیەکەی ڕوون و ئاشکرایە، پۆپۆلیزم ئامانجی سۆسیالیزم لە خەباتی چینایەتیی چینێکی دیاریکراو یانی پرۆلیتاریا، جیا دەکاتەوە و چاوەڕێی ئەوەیە بزووتنەوەیەکی سەرووچینایەتی سۆسیالیزم بەدی بینێ. سۆسیالیزم گەلێ لە کێشەی نێو "بەرەی گەل" دەترسێ، وە بە تایبەت بەرژەوەندیی سەربەخۆی پرۆلیتاریا و ویستی پرۆلیتاریا بۆ دامەزراندنی دیکتاتۆری تاقانەی خۆی پەردەپۆش دەکا. ئەم خەباتە ئەمڕۆ لەپشت پەردەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە_ دیموکراتیکدا، وە سبەینێ بە ئاشکرا پەرە دەستێنێ و هەموو ویست و هونەری پۆپۆلیزم ئەوەیە کە هەم ئەمڕۆ و هەم سبەینێ، سەری ئەم خەباتە بنێتەوە و بیشارێتەوە(2). پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ، ئەم دوولایەنەی خەباتی خۆی لە تیۆری و بەرنامە و ڕێکخراوەیی خۆیدا لێک جیا دەکاتەوە. تیۆری شۆڕشی سۆسیالیستی و شۆڕشی دیموکراتیک و پەیوەندی نێوان ئەم دووانە، لێکجیاکردنەوەی بەرنامەی لانی زۆر و لانی کەم، وە جیاکردنەوەی حیزبی چینایەتی لە بەرەی دیموکراتیکی شۆڕشگێڕ، ڕەنگدانەوەی ئەم هۆشیارییەی پرۆلیتاریای سۆسیالیستە بەرانبەر بە بەرژەوەندی سەربەخۆ و ئەرکی دووانە و هاوکاتی خۆی. لەم ڕووەوە پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ ڕادەگەیەنێ کە لە هەمان کاتدا کە بۆ سۆسیالیزم و دیکتاتۆری پرۆلیتاریا و دیموکراسیی پرۆلیتێری خەبات دەکا، بۆ شکڵی هەرە کامڵی دیموکراسی بۆرژواییش، وەک ئامرازێک بۆ خۆشکردنی ڕێگای خەباتی چینایەتی تێدەکۆشی، لە هەمان کاتدا کە بۆ بەدیهێنانی بەرنامەی لانی زۆر خەبات دەکا، بۆ وەدیهێنانی بەرنامەی لانی کەمیش تێدەکوشی و لە هەمان کاتدا کە لە ڕیزەکانی حیزبی چینایەتیی سەربەخۆیدا ڕێکخراوە، لە بەرەی هێزە شۆڕشگێڕ_ دیموکراتیکەکانیشدا هەڵسووڕاوانە بەشداری دەکا و هەوڵ دەدا کە ڕابەرییەکەیان بە دەستەوە بگرێ. کەوایە پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ هیچ پێویستییەکی بەوە نییە کە جەوهەری بۆرژوا_ دیموکراتیکی داخوازییەکانی لانی کەمی خۆی (کە لە قۆناغێکی



دیاریکراودا دەیانهێنێتەگۆڕ) پەردەپۆش بکا. چونکە دژایەتی و دوژمنایەتی خۆی بەرانبەر بە کۆمەڵی بۆرژوایی بەگشتی، لە بەرنامەی لانی زۆردا ڕاگەیاندووە و هەروەها بە داڕشتن و هێناگۆڕی کامڵترین و هەمە لایەنەترین داخوازیی دیموکراتیک لە بەرنامەی لانی کەمدا (کە بە تایبەت لە سەردەمی ئیمپریالیزمدا بۆرژوازی ناتوانێ قەبووڵی بکا و بیسەلمێنێ) و بە خەباتی شۆڕشگێڕانە و شێلگیری خۆی لە پێناو وەدیهێنانی ئەم داخوازییانەدا، دژایەتی خۆی بەرانبەر بەو خەیانەتەی کە لیبراڵیزم دەرهەق بە دیموکراسی بۆرژوایی کردوویە، دەربڕیوە.

بەڵام دیکتاتۆری پرۆلیتاریا و بەردەوامبوونی خەباتی چینایەتی لەنێو ڕیزەکانی گەلدا بۆ پۆپۆلیزم وەک مۆتە وایە. کەوابوو بە ناچار دەبێ بەرنامەی لانی زۆری پرۆلیتێری بێدەنگەی لێ بکرێ و سەری بنرێتەوە. بە هیچ شێوەیەک باسی سۆسیالیزم و دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا نەکرێ، بەڵێ هەموو ئەمانە بکرێ بەبێ ئەوەی پووچبوون و بێکەڵکبوونی "ڕادیکاڵیزمی" ئەم بۆچوونە وردەبۆرژواییە و پەیوەندی ئەم "ڕادیکاڵیزمە" لەگەڵ دیموکراتیزمی ناشێلگیری وردەبۆرژوایی پەردەی لەسەر لاچێ. کەوایە چارە چییە؟ "سەری بەرنامەی لانی زۆر بنێینەوە، بەڵام بەرنامەی لانی کەم بکەینە دژی کاپیتالیستی"، لە شۆڕشێکی دیموکراتیکدا بەهێزی هەموو گەل بە گشتی، سەرمایەداری لەناوبەرین" هەر بەم بۆنەیەوە "بەیاننامە" کە لە بەشی ئابووریدا بەبێ ئەوەی ناوی سۆسیالیزم بەرێ لەپەنای دەوڵەتی شۆڕشگێڕدا، سەرمایەدارانی تەفروتوونا کردبوو، وە بێکاری و هەژاری و گرانی نەهێشتبوو، وە کارخانەکانی هێنابووە ژێر دەسەڵاتی کرێکاران، ئەمجار لە مەیدانی سیاسیدا بەبێ پێویستبوونی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا، یانی بەبێ ئەوەی هیچ پێویستییەکی بەوە هەبێ کە پرۆلیتاریا ببێتە چینی دەسەڵاتدار، بە پشتئەستووریی دەوڵەتێکی شۆڕشگێڕی گەل دیموکراسی بۆ گەل و تەنیا هەر بۆ گەل (ناوێکی ترە بۆ دیموکراسی پرۆلیتێری) لە کۆمەڵدا بەڕێوە دەبا! لێرەدا ئیتر بە پانەوە "بەیاننامە" ملی بۆ ئەو پۆپۆلیزمە ڕاکێشاوە کە بەسەر بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا زاڵە.

بەڵام ڕوانینی ڕووکەشی و ناوەڕۆکی وردەبۆرژوایی ئەم جۆرە ڕادیکاڵیزمە هەر بەوەندە کۆتایی پێ نایە. هێناگۆڕی دیموکراسی "بۆ گەل و ئەو هێزانەی پارێزەری بەرژەوەندیی گەلن" وەک داخوازییەک بۆ دابینکردنی ماف و ئازادی بۆ ئەفراد و حیزب و دەستە و تاقمە سیاسییەکان، بەو مانایەیە کە ئەم داخوازییە، وەک هەموو

داخوازییەکی لانی کەمی تر، هەمیشە هەتا ئەو کاتەی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا دانەمەزراوە و جێگیر نەبووە، دەبێ توانای هاتنەگۆڕی هەبێ و ببێتە بناغەی هەڵخڕاندنی جەماوەر. یانی نەک هەر دەوڵەتی شۆڕشگێڕ قۆڵ لە وەدیهێنانی هەڵدەماڵێ، بەڵکوو ئەم داخوازییە دەتوانێ و دەبێ بخرێتە بەرانبەر هەر دەوڵەتێکی بۆرژواییشەوە(3). بەم جۆرە ئەگەر لە دەوڵەتێکی بۆرژوایی، بۆ نموونە هەر لەم ڕژێمی کۆماری ئیسلامییە، داوای ئەم خاڵە بکەین، چیمان کردووە؟ داوامان لێکردووە کە، ئێمە "شۆڕش و دژ بە شۆڕش" و "گەل و دژی گەلی" بە چ پێناسێک دەناسین، ئەویش هەر بەو پێناسەیان بناسێ. هەڵبەت ئەم خەیاڵە پووچ و خۆشباوەڕانەیە، کە پێش ڕاپەڕینی ڕێبەندان زۆر باوبوو، ئێستا ئیتر دەبێ پووچبوونی بۆ هەمووان ڕوون بووبێتەوە. ئایا ئەم داخوازییە کتومت هەر هەمان لائیحەی ئەنجوومەنی ئیسلامی نییە کە ئێستا خەریکە پەسەند دەکرێ و حیزبی توودە و "ئەکسەرییەت" بە تەواوی تەبلیغی بۆ دەکەن؟ ئەو لائیحەیەش هەر ئازادیی هەڵسووڕانی سیاسی "تەنیا بۆ هێزەکانی لایەنگری بێدەسەڵاتان" داوا دەکا، وە ئەمە بەپێی لێکدانەوەی ڕژێم ماناکەی ئەوەیە کە دەستی بۆژوازی بۆ سەرکوتی کۆمۆنیستەکان و دیموکراسی شۆڕشگێڕ ئاواڵە بێت. لێرەدا گرنگبوونی ئەو مەسەلەیە کە ئێمە خوازیاری ئازادیی کامڵی هەڵسووڕانی سیاسی بۆ هەموو هاووڵاتیانین، دەردەکەوێ. ئەم فۆرموولبەندییە پێش بەوە دەگرێ کە بۆرژوازی بە ئارەزووی خۆی مەسەلەکە لێک بداتەوە و تەحریفی بکا، وە ناهێڵێ بۆرژوازی بە عەوامفریوی و فێڵ و تەڵەکە ئازادی لە ئۆردوگای ڕاستەقینەی شۆڕش زەوت بکا. لە لایەکی ترەوە ئایا کۆمۆنیستەکان، ئازادییان هەر بۆ ئەوە ناوێ کە وەک مەیدانێک کەڵکی لێ وەرگرن کە تێیدا بە شێوەیەکی ڕاستەقینە و زانستی جەماوەر پەروەردە بکەن و دۆست و دوژمنی خۆیانیان پێ بناسێنن؟ کۆمۆنیستەکان هەر لە جەرگەی ئەم خەباتەدا، یانی خەبات لە پێناوی ئازادی و ڕووخاندنی هەر چەشنە ملهوڕییەکدا، ئەو بۆچوونە بۆرژوادیموکراتیکە کە لەنێو کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێشدا هەیە بەدەستەوە دەگرن و لەوێوە دەست پێ دەکەن بۆ ئەوەی نیشانیان بدەن کە پێویستە لە کۆمەڵی بۆرژوایی و دیموکراسیی بۆرژوایی واوەتر بچن و کاری خۆیان لەگەڵ سەرتاپێی ئەم نیزامە و ئەو هێزانەی پارێزەر و لایەنگری ئەم نیزامەن یەکلایی کەنەوە. ئەگەر پێویستە ئەم جەماوەرە (لانی کەم بەشێکی زۆر لەم جەماوەرە) لە جەرگەی خەبات لە پێناو ئازادیدا (هەر لە ئازادی بیروباوەڕ و بەیانەوە



بگرە هەتا مافی مانگرتن و ...) پەروەردە بن بۆ ئەوەی پێویستبوونی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا و سەرکوتی توندوتیژی بۆرژوازی و حیزبەکانی بەدەست پرۆلیتاریا، بسەلمێنن، وە ڕوو بکەنە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی وەک ئامرازی سیاسی_ ڕێکخراوەیی خۆیان، دەبێ لە سەرەتاوە دان بە بەرهەقبوون و ڕەوابوونی کۆمۆنیستەکاندا بنێن، تا پاشان لە پێناوی ئازادیی هەڵسووڕانیاندا ڕاپەڕن، بەڵام چلۆن؟! ئەمە یانی چاوەڕوانکردنی هۆشیاری پێش هۆشیاربوونەوە. جارێکی تر نامیلکەی "ئیکۆنۆمیزمی ئیمپریالیستی و کاریکاتۆرێک لە مارکسیزم" بخوێننەوە. ئایا لێنین خوازیاری ئەوە نییە کە لە جەرگەی خەبات لە پێناوی شکڵی هەرە کامڵی مافە بۆرژوا_ دیموکراتیکەکاندا، کۆمەڵانی کرێکاری تێبگەیەنین کە دیموکراسی بۆرژوایی، وە یان ملهوڕی، گیروگرفتی سەرەکی ئێمە نین، بەڵکوو سەرمایەداری بەرۆکی پێ گرتووین. (سەرنج بدەنە ئەو نموونەیە کە لێنین لە بابەت داخوازی "تەڵاق"وە ئاماژەی پێ دەکا.)

دووەم: ئەو "داخوازی"یە کە ئازادی و دیموکراسی هەر بەتەنیا بۆ گەل و ئەو هێزانەی کە پارێزەری بەرژەوەندیی گەلن "داوا دەکا لەو ئاستەی کە ئەرکی قانوونی وەدیهێنانی ئەم داخوازییە دەنرێتە سەرشانی "دەوڵەتی شۆڕشگێڕ" بەرچاوتەنگی و بۆچوونی ڕووکەشییانەی خۆی لەچاو ئەو بۆچوونەی کە لێنین سەبارەت بە خەبات لە پێناوی سەرکوتی سیاسیی بۆرژوازی بەهۆی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریاوە هەیەتی، بە تەواوی ئاشکرا دەکا. لێنین دەڵێ:

"هەر وەک باسم کرد بێبەشکردنی بۆرژوازی لە مافی هەڵبژاردن، نیشانەی مسۆگەری دیکتاتۆری پرۆلیتاریا نییە، وە ئەمە بۆ دیکتاتۆری پرۆلیتاریا نیشانەیەکی پێویست نییە". لە ڕووسیاش بۆلشەڤیکەکان کە ماوەیەک پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەر درووشمی دیکتاتۆرییەکی لەم چەشنەیان هێنابووە گۆڕ، لەپێشدا هیچ باسی ئەوەیان نە دەکرد کە چەوسێنەران لە مافی هەڵبژاردن بێبەری بکرێن. ئەم بەشە تەرکیبییەی دیکتاتۆری، "بەپێی نەخشەی حیزب"ێکی دیاریکراو پێک نەهاتووە، بەڵکوو خۆی لەخۆیەوە لە ڕەوتی خەباتدا پێک هاتووە و هەڵبەت کاوتسکیی مێژوونووس بەم مەسەلەیەی نەزانیوە. کاوتسکی نەیزانیوە کە بۆرژوازی هەر لە سەردەمی دەسەڵاتی مۆنشەڤیکەکان (ئەوانەی لەگەڵ بۆرژوازی ڕێک کەوتن) بەسەر شووراکاندا، خۆی لە شووراکان دوور خستەوە، شووراکانی تەحریم کرد، کەوتە بەرانبەر شووراکانەوە و

له دژی ئەوان دەستی دایە پیلانگێڕان. شووراکان بەبێ هیچ قانوونێکی بنچینەیی پێکهاتن وە زیاتر لە ساڵێک (لە بەهاری ساڵی 1917ەوە هەتا هاوینی ساڵی 1918) بەبێ هیچ قانوونێکی بنچینەیی درێژەیان بە ژیانی خۆیان دا. ڕق و تووڕەیی بۆرژوازی بەرانبەر بە ڕێکخراوی سەربەخۆ و خاوەن توانای زۆرلێکراوان، خەبات، ئەویش بێپەردەترین و ڕەشترین خەباتی بۆرژوازی لە دژی شووراکان (هەر لە کادیتەکانەوە بگرە هەتا ئێس ئارە ڕاستەکان، لە میلیۆکوفەوە بگرە هەتا کیرنیسکی)، لە هەرای کۆرنیلۆفدا، هەموو ئامانە بوون به هۆی ئەوەی کە بۆرژوازی بە فەرمی لە شووراکان وەلانرێ. " (شۆڕشی پرۆلیتێری و کاوتسکیی وەرگەڕاو، جەختەکان هی لێنینن)

بە وتەیەکی تر لێنین بە ڕوونی پرۆسەی زەوتکردنی ئازادیی سیاسی لە بۆرژوازی، وەک پرۆسەیەکی سیاسی_ پراتیک باس لێ دەکا، کە هیچ نیزامنامە و ئاییننامەیەکی لەپێشەوە بۆ دیاری نەکراوە. ئەم خەباتە چینایەتییەی پرۆلیتاریا و ئەو شکڵ و شێوە تازانەی کە ئەم خەباتە دەیان ڕەخسێنێ، ڕێگا بۆ سەرکوتی بۆرژوازی و زەوتکردنی ئازادی لەو خۆش دەکا. ئەو دیموکراسییە پرۆلیتێرییەی کە لێنین باسی دەکا، دیموکراسییەک کە تەنیا هەر بۆ "گەل"ە، دیموکراسییەکە لەسەر بنچینەی ئەو شکڵ و شێوە تایبەتانەی کە پرۆلیتاریا توانیویەتی تێیدا پەرە بە دیموکراسی بدا، وە بە چەشنێک بناغەکەی داڕێژێ، کە بۆرژوازی خۆی بەپێی جەوهەرە چینایەتییەکەی لێی بێبەری بێ، وە لە مەیدانی خەباتی سیاسیدا تەحریمی بکا:

پرۆلیتاریای ڕووسیا دەسبەجێ، هەر چەند سەعات پاش ئەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتی بەدەستەوە گرت، هەڵوەشاندنەوەی دامودەزگای دەوڵەتی پێشووی ڕاگەیاند (دامودەزگایەک کە ماوەی چەندین سەدە تەنانەت لە دیموکراتیکترین وڵاتە کۆمارییەکانیشدا، خزمەتکاری بەرژەوەندیی چینایەتیی بۆرژوازی بووە، هەر وەک مارکس نیشانی داوە) و "دەسەڵاتی بە تەواوی بە شووراکان" ئەسپارد، وە تەنیا زەحمەتکێشان و چەوساوەکان توانییان بچنە ناو شوراکانەوە، هەموو چەوسێنەران لە هەر ڕەنگ و لیباسێکدا بوون، لە دەرەوەی شووراکان مانەوە." (لێنین، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی دامەزرێنەران و دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا).

بەڵام "بەیاننامە" دەڵێ چی و داوای چی دەکا؟ "بەیاننامە" کە خێرخوایی "فیداییانی خەڵک" و "دەوڵەتی شۆڕشگێڕ"ی ناوەتە جێگای خەباتی چینایەتیی ڕاستەقینەی



پرۆلیتاریا، لەجیاتی ئەوەی زەوتکردنی ئازادی لە بۆرژوازی بەم خەباتە چینایەتییەوە، وە بە شکڵ و شێوەی جۆراوجۆری ئەم خەباتەوە گرێ بدا، یەکجێ بە "کۆمیتەی زەربەتی دەوڵەتی شۆشگێڕ" دەسپێرێ، تا دەرگای حیزب و هێزە بۆرژواییەکان بە قوڕ بگرێ، وە بە زەبری قانوون پێش بە هەڵسووڕانی سیاسیی دوژمنانی بگرێ. بەیاننامە هیچ کاری بە خەباتی چینایەتی و ئەو شکڵ و شێوە جۆراوجۆرانەی خەبات کە تێیاندا دیموکراسی بۆ گەل پەرە بسێنێ و بۆرژوازی مەیدانی هەڵسووڕانی لێ تەنگ دەبێتەوە، ئەو شکڵ و شێوە جۆراوجۆرانەی کە لە دیکتاتۆری پرۆلیتاریادا، (لە بابەت سۆڤێتەوە لە شکڵی تایبەتی دیموکراسیی شوورایيدا) بە کامڵترین شێوە خۆی دەنوێنێ، نییە، چونکە هەر لە بنەڕەتەوە بەرانبەر بە مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسی کەمتەرخەمە. لێنین دەڵێ دەسەڵات کەوتە دەستی شووراکان و بۆرژوازی لە دەرەوەی شووراکان مایەوە و دوژمنایەتی لەگەڵ کردن، وە هەر بەم بۆنەیەوە ئازادی و دەسەڵاتی لێ زەوت کرا. وە "بەیاننامە" خوازیاری ئەوەیە کە قانوونێک پەسەند بکرێ کە پێش بە هەڵسووڕانی حیزبە بۆرژواییەکان بگرێ(4). بڕێک وردتر بینەوە، ئەو بۆچوونەی "بەیاننامە" کە دەیەوێ ئازادیی هەڵسووڕانی سیاسیی حیزبی، بە هێزە گەلییەکان بدرێ و لەم ڕێگایەوە دیموکراسی بۆ گەل تەرخان بکرێ، ماناکەی هەر ئەوەیە کە حیزب و دەستە و تاقمە بۆرژواییەکان بە نایاسایی ڕاگەیەندرێن و ئاکسیۆنە سیاسییەکانی بۆرژوازی سەرکوت بکرێن. بەڵام ئایا ئەو حیزبانەی کە داکۆکی لە بەرژەوەندیی چینێکی تایبەت دەکەن، لە ئەندامانی هەمان چین پێک دێن و بەڵگەی پێناسی ئەوەیان پێیە کە چ جێ و شوێنێکیان لە بەرهەمهێناندا هەیە؟ ئایا ئەنجوومەنە فالانژیستەکان، پانئیسلامیستەکان، پانئێرانیستەکان، سەڵتەنەتخوازەکان و هێزە ناکرێکارییەکانی تر کە لایەنگری بێ سێ و دووی بەرژەوەندیی بۆرژوازین، ناتوانن هەبن، وە یان نین؟ ئایا "دەوڵەتی شۆڕشگێڕ" دەرگای ئەمانە دادەخا؟ ئایا ئۆپۆرتیۆنیزم و فراکسیۆنە ئۆپۆرتۆنیستییەکانی ناو ڕەوتە کرێکاری و کۆمۆنیستییەکان، لایەنگرانی بۆرژوازی نین؟ ئایا قانوونی ئەحزابی "دەوڵەتی شۆڕشگێڕ" لێرەشدا دەوری حەکەم دەگێڕێ؟ زەوتکردنی ئازادیی هەڵسووڕان لە بۆرژوازی و "دوژمنانی گەل" زۆر چاکە، بەڵام بۆرژوازی سبەینێ بە چ شێوەیەک دێتە کایەوە و چالاکی دەنوێنێ؟ "حیزبی کۆماری ئیسلامی"، "نەهزەتی ئازادی"، "جەبهەی میللی" و "خەڵکی موسڵمان" و ... ئەمانە ڕێکخراوی ئێستای بۆرژوازی و دوژمنانی

شۆڕشن. ئەمانە سبەینێ بە ئاشکرا ئابڕوویان پێوە نامێنێ و خودی کۆمەڵانی خەڵک داوای ئەوە دەکەن کە ڕابەر و سەرکردەکەنیان دادگایی بکرێن. بەڵام بۆرژوازی ڕێکخراوی تازە پێک دێنێ. "حیزبی کۆماری خواز"، "حیزبی کرێکارانی ئازاد"، "حیزبی جووتیارانی تەوحیدی" و ... ! بە داخەوە دەبێ بەو پۆپۆلیستانەی کە پشتیان بە "دەوڵەتی شۆڕشگێڕ" و "قانوونی ئەحزاب" بەستووە بڵێین، کە چوارچێوەی ڕێکخراوەیی ئەو هێزانەی کە ئەمڕۆ لە بەرەی چینی کرێکاردان و سبەینێ بە دیتنی ئاسۆی لووزەوبەستنی شۆڕش بەرەو دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا ترس هەڵیان دەگرێ، دەبێتە کاریگەرترین مەیدانی هەڵسووڕانی بۆرژوازی و ئیمپریالیزم لە سبەی ڕۆژی شۆڕشدا. هەر کەس حەرەکەتی خومەینی "گەلی" و دەوری دوێنێی خومەینی لە خەبات لە دژی ڕژێمی پاشایەتیدا، وە دەوری ئەمڕۆی لە خەبات دژی دیموکراتیزمی پرۆلیتێری و سۆسیالیزمدا دیتبێ، هەر ئەوەندەی لەدەست دێ کە خۆی دان بەوەدا بنێ کە هێنانەگۆڕی مەسەلەی "زەوتکردنی ئازادی لە بۆرژوازی" لە قاڵبی داخوازییەکدا بۆ "تەرخانکردنی ئازادی بۆ گەل و ئەو هێزانەی کە پارێزەری بەرژەوەندی گەلن" (جۆرێک گەل و هێزی گەلی کە لەپێشەوە ناسراون)، وە ئەویش بەپێی "گەڵاڵەی دەوڵەتێکی شۆڕشگێڕی دیاریکراو" شتێکی پووچ و بێ کەڵکە. ئەم داخوازە حوقووقی ـ دادوەرییە، ئەو کارانە کە دەبێ بە هەڵسووڕانی تەبلیغی و تەرویجیی ئێمە بە پەردەلادان لەسەر بۆرژوازی، بە ئاکسیۆنەکانی ئێمە، بەو مانگرتنە کرێکارییانە کە ڕابەرییەکانیان بەدەست ئێمەوەیە، بە شکڵ و شێوەی تایبەتیی بەڕێوەچوونی ئیرادەی جەماوەر کە هەلومەرجی شۆڕش دەیان ڕەخسێنێ، وەدی بێن، دەسپێرێتە دەست دامودەزگا ئیجراییەکانی دەوڵەتێکی شۆڕشگێڕ و "قانوون و ئاییننامەکانی" ئەو دەوڵەتە. لێنین باسی ئەوە دەکا بە پشتئەستووری ئەو دەسەڵاتە سیاسییەی کە پرۆلیتاریا زەوتی دەکا، وە بە پشتئەستووری شکڵ و شێوەی تازەی بەڕێوەچوونی ئیرادەی دیموکراتیکی جەماوەر، جۆرە دیموکراسییەک (دیموکراسی بۆرژوایی) بگۆڕدرێ و ببێتە جۆرە دیموکراسییەکی تر (دیموکراسی پرۆلیتێری). لێنین ئەمە بە بناغەی دیموکراسی پرۆلیتێری دەزانێ، وە بەیاننامەکە دواهەنگاوی دیموکراتیزمەکەی لە دامەزرانی "دەوڵەتێکی شۆڕشگێڕ" بەولاوەتر ناچێ، دەیەوێ بە قرتاندنی کلک و گوێی دیموکراسیی بۆرژوایی و دانانی هەندێک قەید و شەرت بۆ ئەم دیموکراسییە (یانی هەر بە پەرلەمانتاریزم، بە مەرجێک بۆرژوازی مافی ئەوەی نەبێ لە پەرلماندا



بەشداری بکا)، پێش بە هەڵسووڕانی سیاسیی بۆرژوازی بگرێ. بێگومان یەکێک لە ئامرازەکانی پرۆلیتاریای دەسەڵاتدار بۆ زەوتکردنی ئازادیی هەڵسووڕانی سیاسی لە بۆرژوازی، ئەوەیە کە دەوڵەتی پرۆلیتێری بە قانوون، حیزبە بۆرژواییەکان لە مافی هەڵسووڕانی سیاسی بێبەش بکا، بەڵام ئەم بێبەشکردنە حقووقی و قانوونییە، توێکڵ و ڕووپۆشێکی حوقووقی و قانوونییە بۆ ئەو هەلومەرجەی کە خەباتی چینایەتی بەکردەوە، <u>زەمینە و هۆی</u> بەدیهاتنی <u>پێک هێناوە</u> و چەسپاندوویەتی. بەڵام ئەو خۆشباوەڕییە کە بەتەمایە پرۆسەی زەوتکردنی ئازادی لە بۆرژوازی لەسەر لایەنی قانوونی مەسەلەکە دامەزرێنێ، هیچی تر نییە جگە لەوەی بە چاویلکەی پەرلەمانتاریزمی بۆرژوایی بە تایبەت، وە لیبراڵیزمی بۆرژوایی بە گشتی، بڕوانێتە دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا.

لێرەدا ئەم باسە دەبڕینەوە و هەر ئەوەندە دەڵێین، ئێمە کە لە فۆرموولبەندیی پۆپۆلیستیی داخوازییەکانی لانی کەم (وەبە تایبەت بەشە سیاسییەکەی) ڕەخنە دەگرین، قسەمان لەسەر ئەوە نییە کە ئایا ئەم جۆرە فۆرموولبەندییانە لەگەڵ یاساکانی م. ل. دێنەوە یان نا؟ قسە لەسەر ئەوەیە کە تیۆری و بەرنامە و درووشمی پۆپۆلیستی نەک هەر پێش بەوە دەگرێ کە پرۆلیتاریا دەستی بە سۆسیالیزم بگا، بەڵکوو پێش بەوەش دەگرێ کە پرۆلیتاریا ڕێبەرایەتی شۆڕشێکی دیموکراتیکی سەرکەوتووانە بکا. سۆسیالیزمی گەلی شێوەیەکی تری دیموکراتیزمی <u>ناشێلگیری</u> وردەبوژواییە و ئەمڕۆ کە شۆڕش ڕووی کردووەتە گەشەیەکی نوێ، دەرهاویشتنی بیروباوەڕی پۆپۆلیستی لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو مەسەلەیە، کە پاڵاوتنی ئەم بزووتنەوەیە چ دەورێکی کاریگەری لە تێکشکان، وە یان سەرکەوتنی شۆڕشدا هەیە، یەکجار گرنگ و حەیاتییە. بۆرژوازیی لیبراڵ تەنیا ئەوەی پێویستە کە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە شۆڕشی دیموکراتیکدا مل بۆ بەرنامەیەکی پۆپۆلیستی ڕاکێشێ، چونکە دەیەوێ بە کەڵکوەرگرتن لە بۆشایی دیموکراتیزمی شێلگیری پرۆلیتێری و بۆچوونە بەرنامەیی (و هەر بەم پێیە، تەبلیغی و ڕێکخراوەیی)یەکەی، جارێکی تر دەورێکی سەرکەوتووانە بگێڕێ، بۆ ئەوەی بزووتنەوەی جەماوەری بەرێتە قەتلگا و بناغەی دەسەڵاتدارەتی بۆرژوازی و ئیمپریالیزم پتەو بکاتەوە. هەر بەم بۆنەیەوە ئێمە بە درێژی "بەیاننامە" چوار لاپەڕەییەکەی هاوڕێیانی "سازمانی چریکە فیداییەکانی خەڵک"مان دایە بەر لێکۆڵینەوە

و هەوڵمان دا وێڕای بە ڕەسمیناسینی دەسکەوتەکانی لە زەمینەی بەرزکردنەوەی. شکڵی تەبلیغ لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا، بەرانبەر بە لادانە بنەڕەتییەکانی ناوەڕۆکی ئەم بەیاننامەیە هەڵوێستی ڕاست و ڕەوا بگرین. هیوادارین هاوڕێیانیش هەڵسووڕاوانە لەسەر ئەم ڕەخنەیە هەڵوێست بگرن.

## پەراوێزەکان

1) ئێمە بۆ جیاکردنەوەی ئەم هاوڕێیانە لە ئۆپۆرتۆنیستەکانی "ئەکسەرییەت"، تەنیا یەک جار لە سەرەتای ئەم وتارەدا، بە ناوی "هاوڕێیانی ئەقەلییەت" ناومان بردوون و ئیتر لە هەموو وتارەکەدا هەر وەک هاوڕێیان لە بەیاننامەکەدا بە ناوی "فیداییانی خەڵک" خۆیان ناساندووە، ئێمەش هەر وامان ناو هێناوە.

2) وەک یەکێک لە دوایین نموونەکانی بەرچاوکەوتنی ئەم جۆرە خۆشباوەڕییانە لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێراندا، سەرنجی هاوڕێیان بۆ ئەم پەرەگرافەی خوارەوە کە لە پاشکۆی تیۆریی "ڕەزمەندەگانی ژمارە 43"دا لە چاپ دراوە، ڕادەکێشین: کۆماری دیموکراتیکی خەڵکیش کە دەسەڵاتدارەتییەکەی لەژێر ڕابەریی پرۆلیتاریادا لە توێژە خەڵکییەکان پێک دێ، ناوەڕۆکێکی بۆرژوایی هەیە، بەڵام لێرەدا بەهۆی یەکبوونی ڕووگەی کۆمەڵ(!؟) لەگەڵ ڕووگەی مێژوویی پرۆلیتاریا کە دەسەڵاتدارەتی بەدەستەوەیە، هەلومەرج بەتەواوی بۆ سۆسیالیزم (سەرنجی بدەنێ دەڵێ بۆ سۆسیالیزم نەک بۆ خەبات لە پێناوی سۆسیالیزمدا) پێک دێ. دیموکراسی پەرە دەستێنێ، پیشەسازی لە زەمینەی جۆراوجۆردا پەرەدەستێنێ ... هتد. کۆمەڵ دەبێتە پەیکەرێکی یەکپارچە (یانی ناکۆکی و ململانێی چینایەتی نامینێ؟!) وە حەرەکەتی دەسەڵاتدارەتی لەگەڵ بەرژەوەندیی پرۆلیتاریا و هەموو چینەکان دێتەوە (جا ئەگەر ئەم چینانە خۆبەخۆ ناتەباییان هەیە و بەرژەوەندییان لەگەڵ یەکتر نایەتەوە قەی ناکا!) و بەرەو سۆسیالیزم هەنگاو دەنێن، وە ئاشکرایە کە لە وەها هەلومەرجێکدا خەبات لە دژی ئەمجۆرە حوکوومەتە بە بیانووی ئەوەی کە جۆرە پەیوەندییەکی سەرمایەداری دەپارێزێ، جگە لە ئانارشیزمی ڕووت هیچی تر نییە. لێنین ڕوو دەکاتە ئەم لایەنگرانەی "وەحدەتی کەلیمە" و دەڵێ:

ئێمە پاش بەئەنجامگەیاندنی شۆڕشی دیموکراتیک دەسبەجێ و ڕێک بە قەدەر هێزی خۆمان، کە هێزی پرۆلیتاریای هۆشیار و ڕێکخراوە، شۆڕشی سۆسیالیستی دەست پێ دەکەین. ئێمە لایەنگری شۆڕشی بێوچانین، ئێمە لە نیوەڕێدا ڕاناوەستین".



دەستپێکردنی دەسبەجێی خەبات لە پێناوی سۆسیالیزمدا، ئەویش لە ڕووسیای تزاری کە ئەگەر شۆڕشی دیموکراتیک سەرکەوتبا و دیموکراسی و "پیشەسازی" و ... توانیبای زۆر زیاتر و بەرینتر لە کۆمەڵی ئێستای ئێمە گەشە بکا و پەرە بستێنێ! ئەویش لە هەلومەرجێکدا کە ئەگەر شۆڕش سەرکەوتبا، بە هەمان دەمودووی غەیرە مارکسیستی "ڕەزمەندەگان،" "ڕووگەی کۆمەڵ" بە شێوەیەکی زیاتر و کامڵتر "لەگەڵ ڕووگەی مێژوویی پرۆلیتاریا" دەهاتەوە! داوا لە هاوڕێیان دەکەین هەتا زووە کاری خۆیان لەگەڵ حوکمی ئاوا ئانارشیستی یەکلا بکەنەوە؟

3) لێنین لە وەڵامی بوخارین و سیمرنوفدا کە ساڵی 1917 خوازیاری وەلانانی بەرنامەی لانی کەم بوون، دەنووسێ:

"بەرنامەی لانی کەم لە زەمینەی سیاسیدا لەبەرچاو بگرن، ئەم بەرنامەیە لە چوارچێوەی کۆماری بۆرژواییدا نامێنێتەوە، ئێمە ئەوەیش دەڵێین کە خۆمان لەم چوارچێوەیەدا ناهێڵینەوە و دەسبەجێ خەبات لە پێناوی کۆمارێکی بەرزتردا دەس پێ دەکەین، کۆمارێکی شووراییی. دەبێ ئەم کارە بکەین. بەڵام بەرنامەی لانی کەم نابێ لە هیچ هەلومەرجێکدا وەلا بنرێ، چونکە یەکەم، هێشتا کۆماری شووراییی پێک نەهاتووە، دووەم "تەقەلا بۆ گەڕانەوە" (ی بۆرژوازی) هێشتا هەر هەیە و دەبێ بەربەرەکانی لەگەڵ بکرێ وتەفروتوونا بکرێ. سێهەم: لە سەردەمی تێپەڕبووندا لە کۆنەوە بۆ نوێ، دەکرێ بۆ ماوەیەک "هەندێک شکڵی تەرکیبی" هەبێ. بۆ نموونە کۆماری شوورایی لەگەڵ ئەنجوومەنی دامەزرێنەران. جارێ ڕاوەستن با بەسەر هەموو ئەم گیروگرفتانەدا زاڵ بین، پاشان کاتی ئەوەش دەگا کە بەرنامەی لانی کەم وەلا بنێین. (لێنین، بەرنامەی حیزب پاش چاوپێداخشاندنەوە، سەرجەمی بەرهەمەکانی لێنین بە زمانی ئینگلیزی، بەرگی 26 لاپەڕەی 172).

4) نموونەی کامڵی ئەم جۆرە بۆچوونە وردەبورژواییيە بەرانبەر بە مەسەلەی دیموکراسی پرۆلیتێری، لە نامیلکەی "بەیاننامەی ڕاگەیاندنی یەکگرتن و ڕێوشوێن و بەرنامە"ی گرووپی کۆمۆنیستی نەبەرد“دا، کە مانگی خەرمانانی ساڵی 59 بڵاو کرایەوە بەرچاو دەکەوێ. پلاتفۆرمی ئەحزابی ئەم گرووپە، دەڵێ بۆ پێشەنگانی تێکۆشەری چین نە نووسراوە، بەڵکوو بۆ ئەوە نووسراوە، کە لە "کۆمیسیۆنی ئازادیی ئەحزاب"ی دەوڵەتی شۆڕشگێڕی داهاتوودا پەسەند بکرێ، وە یان ڕەت بکرێتەوە. ئەم پلاتفۆرمە لەجیاتی ڕوونکردنەوەی ئەرکەکانی پرۆلیتاریا لە زەمینەی شێوەی بەربەرەکانیکردن

لەگەڵ ئەم حیزبانەدا، لیستی ئەو حیزبانەی دیاری کردووە کە هەڵسووڕانیان ئازادە، وە یان قەدەغەیە، جگە لەمە، بە برێک وردبوونەوە دەردەکەوێ کە ئەم شێوە بۆچوونە بە تەواوی و زۆر بێپەردەتر لە بەیاننامەی فیداییانی خەڵک، لە باقی داخوازە دیموکراتیکەکانی گروپی کۆمۆنیستی نەبەرددا خۆ دەنوێنێ. تا ئەو جێگایەی کە تەنانەت "ئازادیی ئایین" و ئەمنییەتیش هەر بۆ گەل و هێزە شۆڕشگێڕەکان دەوێ! (چاو لە لاپەڕەکانی 21_ 19 بکەن).

بە وتەیەکی تر لە کۆماری شۆڕشگێڕی ئەم هاوڕێیانەدا، ئەگەر لە گەڕەکە بۆرژواییەکان کەسێک بە بەرچاوی جەماوەرەوە ڕۆژوو بخوا، بۆیە دەبێ حەدی شەرعی لێ بدەن و ئەرکی سەرشانی "دەوڵەتی شۆڕشگێڕ" نییە کە پۆلیس و فەرمانبەری ڕێنمایی گەلیی بۆ پاراستنی نەزم و ئەمنییەت و بەرگریکردن لە تاوان بنێرێتە گەڕەکە بۆرژواییەکان!! پێتان وا نەبێ، ئێمە مەسەلەکەمان گەورە کردووەتەوە، وە یا شێواندوومانە، نەخێر ئەمە مانا و یاسای ڕاستەقینەی ئەم بۆچوونە وردەبۆرژوایی و بەرچاوتەنگانەیە بەرانبەر بە دیموکراتییە، کە دەوڵەتی کۆماری ئیسلامیش بۆ ئەوەی ئەرکی قەرەبووکردنەوەی زیانی ماڵی و گیانی خەڵکی "غەیرە مەکتەبی" لە کوردستان و باقی ناوچەکانی شەڕ لەسەر شانی خۆی لابا و لە کارخانە و دامودەزگا دەوڵەتییەکان، کار بە کەسانی غەیرە مەکتەبی، تەنانەت نوقسان و پەککەوتووەکان، نەسپێرێ بۆ خۆی کردووەتە بەڵگە و ڕێنوێنی ڕێگا. ئاخر کۆماری ئیسلامیش خوازیاری "دیموکراسی و ئەمنییەت بۆ موسڵمانان و دیکتاتۆری بۆ کافران"ە.

وەرگێڕانی: ناسری حیسامی
تایپکردنەوەی: نەسرەوت عوسمان

سەرچاوە:
پوپولیزم در برنامه حداقل
"بسوی سوسیالیسم"، دوره اول، شماره 4
بهمن 1359

## بڕیارنامە سەبارەت بە درووشمی:
## ئازادی، بەرابەری، حوکوومەتی کرێکاری

لەبەر ئەوەی:
بە گشتی تەبلیغاتی حیزب ناکرێ و نابێ بە تەبلیغی هەڵوێست و درووشمە تاکتیکییەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانەوە ببەسترێتەوە و هەر ئێستاش بە دروستی ناوەڕۆکی بەشی لایەنی زۆری بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیست بەردەوام تەبلیغ کراوە و شی دەکرێتەوە و هەروەها برێک خاڵی ئەم بەشە لە بەرنامەی حیزبیش، وەک درووشمی دیاریکراوی تەبلیغی لە تەبلیغاتی حیزبدا دێتە گۆڕ!
لە بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیست بە ڕوونی تەوەرە و لایەنگیریی خەباتی چینایەتیی پرۆلیتاریا، یانی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا و دامەزراندنی سۆسیالیزمی دیاری کردووە و ئەم هەڵوێستە بناغەیییەی حیزبیش، جگە لەوەی کە هەر ئێستا لە مەیدانی تەرویجماندا باسی لێ دەکرێ، دەبێ وەک درووشم لە تەبلیغاتی ڕۆژانەی حیزبدا بێتە گۆڕ!
تەنیا تەبلیغی بەردەوام و ئوسووڵی لەسەر پێویستیی دامەزراندنی حوکوومەتی تاقانەی چینی کرێکار و پەروەردەکردنی جەماوەری بەرینی چینی کرێکار بەم ئامانجە کۆمۆنیستییەوە، دەتوانێ دەور و خەسڵەتی تاکتیکی کۆماری دیموکراتیکی شۆڕشگێڕ لە ستراتیژی و بەرنامەی شۆڕشگێڕانەی حیزبی کۆمۆنیستدا بە دروستی لە تەبلیغاتدا بێتە گۆڕ و وێڕای بانگەوازی بەردەوامی بەرینترین جەماوەری کریکار و زەحمەتکێش و توێژە زۆرلێکراوەکان و گشت هێزەکانی دیموکراتیی شۆڕشێگڕ بەرەو لای ئەم کۆمارە، ئاسۆی شۆڕشی بێوچان و هەتا دیکتاتۆری پرۆلیتاریا بخرێتە بەرچاوی چینی کرێکار: هەر چەشنە کەمتەرخەمییەک لە تەبلیغی ئامانجە بەرنامەیی و بناغەیییەکانی حوکوومەتی کرێکاری پێ بەپێی تەبلیغی درووشمی تاکتیکیی کۆماری دیموکراتیکی شۆڕشگێر، دەبێتە هۆی ئەوەی کە جەماوەری کرێکار و زەحمتکێش، وە بە تایبەت ئەو بەشەی کە لەم دواییانەدا و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر بەرەو کۆمۆنیزم و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ڕادەکێشرێن، لە ڕادەی جۆراوجۆردا حیزبی کۆمۆنیست هەر لە هەڵوێست و درووشمە تاکتیکی و قۆناغییەکانی ئێستایەوە بناسن و ئەم ئیشە تەگەرە دەخاتە ڕێگەی پێکهێنانی پەیوەندی قووڵ لە نێوان جەماوەری چینی کرێکار و حیزبی



کۆمۆنیست لەسەر بنەمای بەرژەوەند و قازانجی سەربەخۆی پرۆلیتێرییەوە، مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران پەسەندی دەکا کە درووشمی: ئازادی، بەرابەری، حوکوومەتی کرێکاری، دەبێ وەک درووشمێک کە کرۆکی ئامانجە سۆسیالیستی و پرۆلیتێرییەکانی سەربەخۆی حیزب لە خەبات لە پێناو دەسەڵاتی سیاسیدا بە زمانێکی سادە و لە هەمان کاتدا بە زوویی بەیان دەکات، وێڕای درووشمەکانی تری ئێستای حیزب، لە تەبلیغاتی ئۆرگانە سەراسەری و ناوچەیییەکان و لە تەبلیغی هاوڕێیانی موبەلیغی حیزبیدا دابنرێ. پێویستە ئۆرگانەکان و هاوڕێیانی موبەلیغ بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم درووشمە سەرنج بدەنە ئەم خاڵانەی خوارەوە:
مانای ئازادی لەم درووشمەدا لە دیموکراسیی سیاسی واوەتر دەبێ و بەیانی گشتی و جەوهەری مەسەلەی ڕزگاریی چینی کرێکار و توێژە زۆرلێکراو و چەوساوەکانە لە چنگ گشت کۆت و بەندێکی کۆیلایەتی چینایەتی و هەموو پەیوەند و داموەزگای کۆمەڵایەتی، سیاسی و فەرهەنگی سەرکوتگەری کۆمەڵگای بۆرژوایی.
بەرابەری لەم درووشمەدا بە مانای، ئەو بەرابەرییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەیە کە بە هەڵوەشانەوەی خاوەندارێتی تایبەتی بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و گۆڕینەوەدا و بە دامەزراندنی خاوەندارێتی و چاودێریی کۆمەڵایەتی لەسەریان، لە کۆمەڵدا دادەمەزرێ. ئەم بەرابەرییە لە چوارچێوەی بەرابەریی حوقووقیی ئینسانەکاندا نامێنێتەوە، بەڵکوو بە مانای بەرابەریی ڕاستەقینەی ئەوان لە کۆمەڵگای سۆسیالیستیدایە.
حوکوومەتی کرێکاری، بەیانی سادەی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریایە، لە کاتی ڕوونکردنەوەیدا دەبێ پێویستی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لە لایەن چینی کرێکارەوە و باسی دەور و تایبەتمەندییەکانی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا لەسەر بناغەی بەشی ئوسووڵی و لایەنی زۆری بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و بەڵگە بناغەیی و جیهانییەکانی کۆمۆنیزم بێتە گۆڕ و تەبلیغ بکرێ.

**مەکتەبی سیاسیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
1982

# حیزبی کۆمۆنیست لە گرەوی چیدایە؟

(گەڵاڵەی گشتی)

**هاوڕێیان!**

خەبات بۆ پێکهێنانی عەمەلیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و دیاریکردن و ڕەچاوکردنی ئەو هەنگاوە عەمەلییانەی کە دەبێ لە داهاتوویەکی نزیکدا ئێمە لەنێو ئەو حیزبەدا کۆ بکاتەوە و ئەمڕۆ پێویستی بە ڕەخنەگرتن لە دوو بۆچوونی لادەرانەی سەرەکی بەرانبەر بە پێناسەی حیزبی کۆمۆنیست و بەمپێیە پرۆسەی پێکهاتنی هەیە. دوو بۆچوون کە لە ڕابوردوودا لە گەڵی بەرەو ڕووبووین و لە داهاتووشدا بە شکڵ و شێوەی جۆراوجۆر لەبەرانبەر ئێمەدا خۆ دەنوێنن. ئەم دوو بۆچوونە بریتین لە بۆچوونی ئیکۆنۆمیستی و بۆچوونی ڤۆلۆنتاریستی (ئیرادەگەرایانە). ئەم دوو بۆچوونە سەرەڕای ئەوەی لە فۆرموولبەندییە تیۆریکەکان و لە ئەنجامگیرییە عەمەلییەکاندا جیاوازییان هەیە، لە ئەسڵێکی بنەڕەتیدا هاوبەشن، کە ئەویش بریتییە لە میتۆدۆلوژییەکی غەیرە دیالێکتیکی و میتافیزیکی و وشک کە لە پێناسەکردنی حیزبی کۆمۆنیستدا پشتی پێ دەبەستن.

## 1) ئیکۆنۆمیزم و ڤۆلۆنتاریزم لە بەرانبەر حیزبی کۆمۆنیستدا

بۆچوونی ئیکۆنۆمیستی کە لە لادانەکەی دیکە زیاتر باوە، ئاوا باسی حیزب دەکا: حیزبی کۆمۆنیست, حیزبێکی خاوەن نفووزە لەنێو چینی کرێکاردا. نوێنەری بزووتنەوەی کرێکارییە و بە هۆی ئۆرگانی جۆراوجۆرەوە لە کارخانە و گەڕەک و شوێنە کرێکارییەکان لەگەڵ کۆمەڵانی کرێکار پەیوەندی نزیکی هەیە. بە کورتی حیزبی کۆمۆنیست حیزبێکی خاوەن نفووزی بەرینی کرێکارییە. چلۆن دەکرێ حیزبی کۆمۆنیست پێک بێنی؟ وەڵامی ئەو بۆچوونە بۆ ئەم پرسیارە بە گشتی بەم جۆرەیە: "پەیوەند لەگەڵ چینی کرێکار" پێشمەرجی پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیستە و بە ناچاری پرۆسەی عەمەلیی پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیست بریتییە لە پەرەپێدانی پراتیکی تەبلیغی، تەرویجی و ڕێکخستنی کۆمۆنیستی لە بزووتنەوەی کرێکاریدا، تا ئەو جێگایە کە حیزب لە کاتی دامەزرانیدا نوێنەری هەموو، یان بەشێکی زۆر لە کرێکاران و بزووتنەوەی کرێکاری بێ.



ئێمە هەر لە ئێستاوە لە قاڵبی ئەو ڕەخنەیەدا کە فیداییيانی خەڵک (ئەقەلییەت) لە بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستیان گرتووە و هەروەها لە پێچ و پەنای قسەکانی مەسعوودی ڕەجەوی لە نامیلکەی "جەمعبەندیی یەکساڵە ... "دا، لەگەڵ ئەو بۆچوونە وردەبۆرژواییيە بەرەوڕوو بووین. ئەمە کاکڵ و ناوەڕۆکی ئەو هەڵوێستەیە کە هێز و حیزبە وردەبۆرژواییيەکان، بە تایبەت ئەو بەشەیان کە بە نێوی مارکسیزمەوە قسە دەکەن، لە داهاتوودا گەلێک جار دەینێنە بەرانبەر ئێمە.

مەبەست و ناوەڕۆکی وشک و میتافیزیکی ئەو بۆچوونە لەوەدایە کە حیزبی کۆمۆنیست وەک دیاردەیەکی زیندوو کە لە گۆڕان و گەشەکردندایە لە بەرچاو ناگرێ، بەڵکوو وەک شتێکی نەگۆڕ چاوی لێ دەکا. وێنەیەک لە حیزبێکی دڵخواز لە هەلومەرجێکی دڵخوازدا بەرچاو دەخا و ئەم وێنەیە بە پێناسەی گشتی و هەمیشەیی حیزبی کۆمۆنیست لە قەڵەم دەدا. وێنەیەک کە بە هیچ شێوەیەک جیهانداگر و هەمیشەیی نییە. بەڵکوو پەیوەندی بە هەلومەرجێکی دیاریکرا و مێژوویی دیاریکراوەوە هەیە. چونکە ڕێک لە ڕووی جێوشوێنی چەند حیزبی کۆمۆنیستی دیاریکراو لە هەلومەرجی دیاریکراوی مێژووییدا و بە تایبەت لە ڕووی جێوشوێنی حیزبی بۆڵشەڤیک لە ساڵی 1917دا، دیاری کراوە. وردەبۆرژوازی ئەم وێنەیە بەدەستەوە دەگرێ و حوکم دەکا و پێمان دەڵێ: یا دەبێ <u>حیزبێکی لەم چەشنە</u> دروست بکەن، یان ئەگەر وا نەکەن، هەرچی دروست بکەن حیزبی کۆمۆنیست نییە". لەم بۆچوونەدا حیزبی کۆمۆنیست بە ناچاری وەک شتێکی پچراو و لەتلەت بەرچاو دەخرێ. دیاردەیەکە کە جاری وایە حیزبە و جاری وایە حیزب نییە، چونکە هەموو ئەو هۆیانەی کە ئیکۆنۆمیستەکان لە پێناسەکردنی حیزبی کۆمۆنیستدا لەبەرچاوی دەگرن (نفووز و دەستڕۆیشتوویی و بەرینایی حیزب و "پەیوەند"ی حیزب لەگەڵ جەماوەر) خۆیان دەگۆڕێن و بەپێی هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە هەر قوناغێکدا، وەک بوون یا نەبوون، وە یان بە گشتی پلەی گەشەی خەباتی ئاشکرای چینایەتی لەنێو کۆمەڵدا، بە پێی سەنگ و سووکی هێزی چینەکان، گوشاری ئۆرگانەکانی بۆرژوازی لە سەرکوتکردن و خەرەفاندنی پرۆلیتاریادا، وە بە پێی شتی تری لەم چەشنە، ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێ. بەرینایی و پلەی نفووزی حیزبێکی کۆمۆنیست لە هەلومەرجێکدا کە هەڵسووڕانی تەنیا بە شێوەی نهێنییە، لە هەلومەرجی دامرکانی خەباتی چینایەتی و دەسەڵاتدارەتی تاقانەی کۆنەپەرستیدا لەگەڵ بەرینایی

هەر ئەو حیزبە لە هەلومەرجی گەشەی شۆڕشگێڕانەدا، لەسەروبەندی ڕاپەڕین و پاش ئەو لە دیکتاتۆری پرۆلیتاریادا بە تەواوی جیاوازن.

بۆچوونی ئیکۆنۆمیستی بە چاوێکی میتافیزیکی دەڕوانێتە حیزب. چونکە کاتێک لەڕووی هێندێک شتی گۆڕەکی وەک چەندایەتی و بەرینایییەوە حیزب پێناسە دەکا لە ڕاستیدا جەوهەر و ناوەڕۆکی پایەدار و هەمیشەیی حیزب ڕەت دەکاتەوە. لەم ڕوانگەیەوە حیزبی کۆمۆنیست خاوەنی ئەو جەوهەر و ناوەڕۆکە پایەدار و ماددییە نییە کە ئیمکانی پێ دەدا لە هەلومەرجی جۆراوجۆردا شکڵ و بەرینایی ڕواڵەتی جیاواز بە خۆوە بگرێ، پلەی نفووز، توانایی و بەرینایی هەڵسووڕانی لە دەورەی جۆراوجۆردا کەم و زیاد بکا، بەڵام لە هەمان کاتیشدا هەروا حیزبی کۆمۆنیست بێ و هەر خاوەنی ئەو جەوهەر و سیما نەگۆڕەی خۆی بێ.

بۆچوونی ئیکۆنۆمیستی ناتوانێ بۆ نموونە ئەوە ڕوون بکاتەوە کە چ شتێک لە ماوەی 20 ساڵ هەڵسووڕان لە شکڵ و شێوەی جۆراوجۆر و دەورەی جۆراوجۆردا سیمایەکی یەکانە و وەکیەک بە حیزبی بۆڵشەڤیک دەبەخشێ، لە حاڵێکدا کە ساڵی 1908 حیزبێکە لە ئۆپۆزیسیۆندا، خاوەنی نفووزێکی کەمە لەنێو کرێکاراندا و هەڵسووڕانی تەنیا بە شێوەی نهێنییە. لە فوریەی 1917دا حیزبێکە کە هەڵسووڕانی ئاشکرای بەرینی هەیە، لەگەڵ شووراکان پەیوەندی هەیە و خاوەنی نفووزێکی زۆرە لەنێو کرێکاراندا، وە پاش شۆڕشی ئوکتۆبەر، حیزبێکە، دەسەڵاتی سیاسی بە دەستەوەیە، هەزاران دەزگای سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی ڕێک دەخا و بەرەو پێشیان دەبا و لە پێشەوەی ملیۆن ملیۆن کرێکار بینای سۆسیالیزم بنیات دەنێ. لەم ماوەیەدا پلەی نفووزی جەماوەری و توانایی حیزب و ئۆرگانە هەڵسووڕاوەکانی لە ئاستێکی بەریندا و چەندین جار گۆڕانیان بەسەردا هاتووە و ژمارەی ئەندامانی دەیان و سەدان قات زیاد بووە. لە حیزبێکی بچووکی ئۆپۆزیسیۆنەوە بووەتە ڕابەر و ڕێکخەری خەباتی پرۆلیتاریا بۆ بنیاتنانی سۆسیالیزم. بەڵام هەر حیزبی بۆڵشەڤیک بووە و هەر وا ماوەتەوە، ئەگەر بە شێوەی ئیکۆنۆمیستەکان حیزب پێناسە بکەین، ئەو کاتە دەبێ لەسەر ئەو قەناعەتە بین کە حیزبی بۆڵشەڤیک نە لە سەرەتای پێکهاتنیدا و نە ساڵی 1908، نە ساڵی 1913 و تەنانەت نە ساڵی 1915، حیزبی کۆمۆنیست نەبووە! چونکە لەم بۆچوونەدا حیزب دیاردەیەکی زیندوو نییە کە بەرینایی دەرەوەی بەپێی هەلومەرج و گەشە و کامڵبوونی حیزب کەم و زیاد بکا. بەڵکوو دیاردەیەکە کە



بەپێی هەلومەرج دەمرێ و سەرلەنوێ دەژێتەوە! بۆچوونی ئیکۆنۆمیستی، حیزب وەک دیاردەیەک دەبینێ کە لە دەورە جۆراوجۆرەکاندا پچڕپچڕ دەبێ و ژیانی لە هیچ دەورەیەکدا پەیوەندی بە دەورەکەی ترەوە نییە. چونکە هەر وەک وتمان تەنیا لە هەلومەرجێکدا حیزب بە ڕەسمییەت دەناسێ، کە ئەو هەلومەرجە خۆی بەردەوام و هەمیشەیی نییە. هەلومەرجێکی دڵخوازی دیاریکراو کە خۆی بەپێی توندوتیژبوونەوەی قەیرانە ئابووری و سیاسییەکانی کۆمەڵی سەرمایەداری و گەشەی بزووتنەوە کرێکارییەکان دەگۆڕێ و بەم بۆنەیەوە لە بوارێکی تایبەتدا دەڕەخسێ. جگە لەمەش بە دڵنیایییەوە دەکرێ بڵێین، هیچ حیزبێکی کۆمۆنیست کە خاوەنی نفووزی بەرینی جەماوەری بێ. ناتوانێ بۆ ماوەیەکی درێژخایەن لە ئۆپۆزیسیۆندا بمێنێتەوە: چونکە حیزبێکی کۆمۆنیستی بەهێز و خاوەن نفووز لە جەرگەی هەموو قەیرانێکی ئابووری و سیاسیی کۆمەڵی سەرمایەداری، بەپێی پێناسە بۆ چارەسەرکردنی یەکجاری دەسەڵاتی سیاسی هەنگاو هەڵدەگرێ. یان ئەوەیە پرۆلیتاریا و حیزبەکەی بە دەسەڵات دەگەن، وە یان لە ئاکامی شکانی شۆڕش و بەردەوامانەوەی دەسەڵاتی دژ بە شۆڕشدا هەلومەرجێکی تازە لە نێوان چینە سەرەکییەکانی کۆمەڵدا پێک دێ و سەنگ و سووکی هێزی ئەو چینانە شێوەیەکی تازە دەگرێتە خۆ.

بەڵام ئەو میتافیزیزمەی کە بەسەر بۆچوونی ئیکۆنۆمیستیدا زاڵە، شتێکی مەعریفەتی نییە کە لە "تێگەیشتنی تیۆریکی لاواز"ی ئیکۆنۆمیستەکان و پۆپۆلیستەکانەوە سەرچاوەی گرتبێ. ئەمە ڕەنگدانەوەی هەڵوێست و لۆژیکی وردەبۆرژوازییە کە لە ڕێکخراوی سەربەخۆی پرۆلیتاری دەترسێ و هەوڵ دەدا پێش بە ڕێکخراوبوونی ئەو کۆمۆنیستانەی کە بەپێی بەرنامەکەیان دەبێ حیزبی کۆمۆنیست پێک بینن، بگرێ. یەکبوونی هەڵوێستی موجاهید و فیدایی بەرانبەر بە بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیست و پێکهاتنی عەمەلیی حیزب، لێرەوە سەرچاوە دەگرێ. ئیکۆنۆمیزم حیزب دەکا بە شتێکی ئەفسانەیی و پێکهاتنی حیزب هەواڵەی هەلومەرجێکی تەواو دڵخواز و ئایدیالیزەکراو دەکا و بەم جۆرە پێکهاتنی حیزب هەواڵەی بە مەحاڵ دەکا، چونکە حیزبی کۆمۆنیست خۆی سەرەکیترین پێشمەرجە بۆ بەرینبوونەوە و پەرەگرتنی نفووزی کۆمۆنیزم و کۆمۆنیستەکان لەنێو کۆمەڵانی چینی کرێکاردا و بۆ ئەوەی بزووتنەوەی کرێکاری بێتە ژێر ئاڵای ڕابەریی کۆمۆنیستی.

ئەو ڕێگایەی کە ئیکۆنۆمیزم بۆ چونیەتی پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیست دەستنیشانی دەکا، لە ڕاستیدا ڕێگایەکە بۆ پێکنەهێنانی حیزب. خۆدزینەوەی ئیکۆنۆمیستەکان لە پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیست لە هەمان کاتدا لە لایەکەوە نیشاندەری سیکتاریزمی ئەو پۆپۆلیستانەیە کە بە هیچ نرخێک ناتوانن لە "ڕێکخراوەی خۆیان" بە قازانجی حیزبی یەکانەی کۆمۆنیستی "دەست هەڵگرن"، وە لە لایەکی ترەوە دیمەنێکە لە متمانە بەخۆنەبوون و ڕاڕایی و لەرزۆکی ئایدیۆلۆژیک و کورتبینی و بەرچاوتەنگییەک کە خەسڵەتی دەروونی پۆپۆلیزمە.

بۆچوونی ڤۆلۆنتاریستی و ئیرادەگەرایانەش بۆچوونێکی میتافیزیکی و لادەرانەیە. لەم بۆچوونەدا حیزب لە دوا لێکدانەوەدا یەکانگیربوونی ئەو ڕێکخراوانەیە کە لایەنگری بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستن، هەر بە هەمان چۆنایەتییەوە کە بوویانە. ئەوەی لەم نێوەدا کەمڕەنگ دەکرێتەوە و لە بیر دەبرێتەوە، ئەو ڕاستییەیە کە حیزبی کۆمۆنیست خاوەنی جەوهەرێکی ماددیی دیاریکراو و چۆنایەتییەکی تایبەتە کە نەک تەنیا لە لایەنە ڕواڵەتییەکانیدا، بەڵکە هەر لە بنج و بناوانەوە لەو ڕێکخراوانەی ئێستا (وەک کۆمەڵە و ی. ت. ک)ی جیا دەکاتەوە و جیاوازی پێ دەبەخشێ. بۆچوونی ڤۆلۆنتاریستی هەست بەم جیاوازییە ناکا و بە لایەوە گرنگ نییە. حیزب وەک چۆنایەتییەکی نوێ و جیاواز چاولێ ناکا، وە پێی وایە تێکەڵبوون و یەکانگیربوونی ئەو ڕێکخراوانەی کە ئێستا هەن، لەسەر بنچینەی هەندێک بەڵگە و پەسەندکراوی تازە، بۆ پێکهێنانی حیزب بەسە. ئەمە شێوەیەکی ئیختیارییە. خەسڵەتی میتافیزیکی ئەم بۆچوونە لەوەدایە کە بە شێوەیەکی ئەزموونگەری لە حیزب دەگا و حیزب بەو شتە دادەنێ کە ئێستا هەیە. ئەگەر ئیکۆنۆمیزم هەر لە سەرەتاوە وێنە و کلێشەیەکی نەگۆڕ لە تایبەتییە ڕواڵەتییەکانی حیزب دروست دەکا، ڤۆلۆنتاریزم تایبەتییەکانی ئێستای بزاڤەکەمان قەبووڵ دەکا بەبێ ئەوەی ڕەخنەیان لێ بگرێ، وە ئەو چۆنایەتییە نوێ و جیاوازەی کە دەبێ بۆ پێکهێنانی حیزب لە ڕیزەکانی خۆماندا پێکی بێنین پەردەپۆش دەکا و بەم جۆرە بەکردەوە وێنەیەکی نەگۆڕ و وشک لە حیزب بەرچاو دەخا. نەناسینی ئەو تایبەتییە بنەڕەتییانەی کە حیزبی کۆمۆنیست لە کۆڕ و ڕێکخراوەکانی ئێستا جیا دەکەنەوە، لە کردەوەدا هیچ مانایەکی نییە جگە لە دووپاتکردنەوەی ئەزموونی شکستخواردووی کۆنفراسی "وەحدەت" لە ئاستێکی تردا، وە هەر بەم پێیە تەنیا بە مانای خۆدزینەوەیە لە پێکهێنانی حیزبێکی کۆمۆنیست بە مانا ڕاستەقینەکەی.



ڤۆلۆنتاریزم ناتوانێ وەڵامی ئەو پرسیارە سادەیە بداتەوە کە ئەگەر یەکگرتوویی هێزەکانی بەرنامەی حیزب هەر بەم چۆنایەتییەی ئێستایانەوە دەکرێ پێی بوترێ حیزب، بۆچی هەر کام لەم ڕێکخراوانە، بە تایبەت کۆمەڵە کە پراتیکێکی زۆر بەرینتریشی هەیە، هەر لە ئێستاوە ناکرێ پێی بوترێ حیزبی کۆمۆنیست؟ جیاوازیی سەرەکی حیزبێکی کۆمۆنیستی لەگەڵ کۆمەڵەی ئێستا و (ی. ت. ک)ی ئێستا لە چیدایە و یەکگرتوویی ئەو هێزانەی کە ئێستا هەن چ چۆنایەتییەکی تازە، بۆ نموونە لەچاو کۆمەڵەی ئێستا، پێک دێنی کە ڕێگا بۆ ئەوە دەکاتەوە ئەو ناوەی لێ بنێین؟ بۆچوونی ڤۆلۆنتاریستی وەڵامێکی ئوسوڵی بەم پرسیارانە ناداتەوە. ئەگەر ئیکۆنۆمیزم پێکهێنانی حیزب هەواڵەی مەحاڵ دەکا، ئەوا بۆچوونی ڤۆلۆنتاریستی دەیەوێ دەسبەجێ حیزب پێک بێنێ، بەڵام شان ناداتە ژێر وەدیهێنانی ئەو پێداویستییە ماددییە دیاریکراوانەی کە بۆ پێکهێنانی حیزبێکی ئاوا پێویستن. وە بەم جۆرە بەکردەوە پێکهێنانی حیزب هەتا ڕادەی گۆڕینی ناوی ئەو ڕێکخراوانەی کە ئێستا هەن دادەشکێنێ و بەم بۆنەیەوە حیزبێک پێک دێنێ کە خاوەنی هیچ کام لەو تایبەتییانە نییە کە حیزبێکی کۆمۆنیست دەبێ بیبێ. وە داهاتوویەکی نارۆشنی هەیە و لەناو خۆیدا تووشی ناکۆکییە. حیزبێک کە ڕەنگە تەنیا بۆ ماوەیەکی کورت بتوانێ ئەو ناوە تازەیە وە خۆ بگرێ.

هەنگاوی یەکەم لە پێکهێنانی حیزبێکی کۆمۆنیستی ڕاستەقینە ئەوەیە کە پێناسە و وێنەیەکی دروستمان لە تایبەتییە سەرەکییەکانی حیزب بەدەستەوە بێت. پێناسەیەک کە حیزب بەپێی تایبەتییە هەمیشەیی و جەوهەرییەکانی بناسێ. پێناسەیەک کە نە بەپێی هەلومەرجی ئەمڕۆ دیاری کرابێ و نە بەپێی هەلومەرجێکی خەیاڵی، بەڵکوو لەسەر بنچینەی تایبەتییە هەمیشەیی و بنەڕەتییەکانی حیزب دامەزرابێ.

ئێمە دەبێ ئەمڕۆ حیزبێکی کۆمۆنیست پێک بێنین. بەڵام نە دەتوانین بێهوودە بە تەمای هەلومەرجێک کە مەبەستی ئیکۆنۆمیستەکانە پێکهێنانی حیزب هەواڵەی داهاتوویەکی نادیار بکەین و نەدەتوانێن بە بۆنەی ئەوەوە کە مەسەلەکە مەسەلەیەکی دەسبەجێ و دەمودەستە، مل بۆ هەلومەرج و کەموکوڕییەکانی ئەمڕۆ دانەوێنین و لەگەڵیان هەڵکەین و بە شێوەیەکی ڤۆلۆنتاریستی چاوپۆشی لە "حیزببوون" و "کۆمۆنیستبوون"ی ڕێکخراوێک بکەین کە دەبێ پێکی بێنین. کەوایە چ کەردەن؟ وەڵامدانەوە بەم پرسیارە بەر لە هەموو شتێک پێویستی بەوە هەیە کە حیزبی کۆمۆنیست بە شێوەیەکی ئوسوڵی و زیندوو بناسی و تێی بگەی.

## 2) حیزبی کۆمۆنیست چییە؟

بەر لە هەموو شتێک دەبێ ئەو مەسەلە ئاشکرایە دەستنیشان بکەین کە حیزبی کۆمۆنیست شتێک نییە تازە سەری هەڵدابێ. شتێک نییە کە ئێمە دامانهێنابێ وە یا دۆزیبێتمانەوە. کۆمۆنیزم خۆی ڕەوتێکی دیاریکراوە و لەنێو بزووتنەوەی چینی کرێکاری جیهاندا جێ کەوتووە و جێگای خۆی کردووەتەوە_ وەک باقیی ڕەوتەکانی دیکەی نێو ئەم بزووتنەوەیە، وەک تریدیۆنیۆنیزم (ئێتیحادییەگەری)، ئانارکۆسەندیکالیزم، ڕیفۆرمیزم و ئەم جۆرە شتانە. ڕەنگە ئەم وتەیە بە دڵی ئیکۆنۆمیستەکان نەبێ. بەڵام هەر ئەم ئیکۆنۆمیستانە ئامادەن بە ئاسانی و بەبێ ئەوەی بە قەد نووکە دەرزییەک لە دڵیان گران بێ، تریدیۆنیۆنیزم و سەندیکالیزم و تەنانەت ئانارشیزم وەک ڕەوتی نێو بزووتنەوەی کرێکاری ناو لێ بەرن و تەنانەت ئێستاش بەم ڕەوتانە بڵێن مەیلی "خۆڕسک"ی پرۆلیتاریا. بزووتنەوەی ئێتیحادیەیی کرێکاران بێگومان مەیلێکی خۆڕسکی کرێکاری بۆ یەکگرتووبوون بەرانبەر بە سەرمایەداران و خاوەنکارەکان لە چوارچێوەی نیزامی ئێستادا نیشان دەدا. بەڵام ئەمڕۆ، لە ساڵی 1983دا وەک بزووتنەوەیەکی بیلفیعل کە لە مەیدانی کردەوەدایە، بزووتنەوەی ئێتیحادیەیی بزووتنەوەیەکە کە بنەماکان و یاساکانی بە زۆری لە لایەن ڕیفۆرمیزمی بۆرژوایی و ئاریستۆکراسی سەر بەم ڕیفۆرمیزمەوە لە ئەورووپا تیۆریزە کراوە و داڕێژراوە. خاوەنی زۆر کۆنگرە و کونفراس و ڕێکخراوی جیهانییە کە ئەغڵەب دەسمایەی سیاسین بۆ حیزبە بۆرژواییە سۆسیال دیموکراتەکانی ئەورووپا. بزووتنەوەی ئێتیحادیەیی ئەمڕۆ نەک هەر بە مانای تایبەت خۆڕسک نییە، بەڵکوو تەنانەت زۆر جار بە تایبەت لە ئەورووپا و ئەمەریکا بە ئاگاییەوە لە لایەن بۆرژواییەوە وەک ئاڵتەرناتیڤێک لەبەرانبەر ڕێکخراوی حیزبی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕدا بە دەستەوە دەگیرێ و پشتیوانی لێ دەکرێ. بەم حاڵەتەوە ئیکۆنۆمیستەکان بێ سێ و دوو پێی دەڵێن: "بزووتنەوەی خۆڕسکی کرێکاران". بەڵام هەر کە باسی کۆمۆنیزم دەکرێ، ئەو بۆچوونە بۆرژواییە دێتە مەیدان کە گوایە کۆمۆنیزم ڕەوتێکی جیا لە چینی کرێکارە و تازە دەبێ لەگەڵ چینی کرێکار "پەیوەند" بدرێ. لە کاتێکدا کە کۆمۆنیزم، یەکەم: هەر لە ئاستی بیر و بۆچوون و مەیلە گشتییەکەیدا، لەگەڵ مەیل و ویستی لە مێژینەوە قووڵی ڕەنجدەران بە درێژایی مێژوو لە مەڕ پێویستیی هەڵوەشانەوەی خاوەندارێتی تایبەتی بەسەر ئامرازەکانی



بەرهەمهێناندا و فەوتانی چەوسانەوەی چینایەتی یەک دەکەوێ و لەگەڵی دێتەوە. دووەم: وە لە هەمان کاتدا وەک بزووتنەوەیەکی موشەخەسی ڕاستەقینە و سیاسی گەلێک جار خۆی ڕاستەوخۆ کرێکارانی لە ڕیزە ملیۆنییەکانیاندا ڕێک خستووە، گەلێک شۆڕشی کرێکاریی ڕابەری کردووە و تەنانەت بۆ ماوەیەک، ئەویش نەک لە تاقە وڵاتێکدا، تامی دەسەڵاتی سیاسی پێ چەشتوون. ئەوە ڕاستە کە سۆسیالیزمی زانستی لەنێو بزووتنەوەی خۆڕسکەوە سەرهەڵنادا، بەڵام ئەمە بە هیچ شێوەیەک بەو مانایە نییە کە کۆمۆنیزم هەتا هەتایە، سەرەڕای ئەوەی چەندەها جار لەگەڵ بەشە جۆراوجۆرەکانی بزووتنەوەی جیهانی کرێکاران لێک گرێ دراون و پەیوەندییان بە یەکەوە بووە، ڕەوتێکە لە دەرەوەی بزووتنەوەی چینایەتی کە دەبێ جار لەگەڵ جار لێی گرێ بدرێ و لە نێوانیاندا "پەیوەند" پێک بهێنرێ و لە هەر وڵاتێکدا هەموو ڕۆژێ سەرلەنوێ گرێ بدرێتەوە. ئەگەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ئێتیحادییەگەری هێشتا بە ڕادەیەکی زۆر ڕەوتێکی خۆڕسک و تیۆریزەنەکراو و هێشتا تا ڕادەیەکی زۆر کرچوکاڵ بوو، وە کۆمۆنیزم و سۆسیالیزمی زانستی تازە دەستی پێ کردبوو کە "لە دەرەوەی" بزووتنەوەی کرێکاری بە مانای تایبەتەوە، بە بزووتنەوەی کرێکاری بناسێنرێ، ئەمڕۆ نزیکەی سەدەیەک پراتیکی زیندووی چینایەتی پرۆلیتاریا تایبەتییەکی تازەی بەم ڕەوتە بەخشیوە. ئێتیحادییەگەری زیاتر لە جاران لە حاڵەتی خۆڕسکبوون دوورکەوتووەتەوە و کۆمۆنیزم ئاژین بووەتە قووڵایی بزووتنەوەی کرێکاری و تێیدا جێگیر بووە. ئیکۆنۆمیستەکانی ئێمە لانی کەم سەدەیەک لە مێژوو بەجێ ماون. کۆمۆنیزم ئیتر دیاردەیەکی تازە و تازە سەرهەڵداو بۆ بزووتنەوەی چینایەتی نییە، بەڵکوو ئەمڕۆ ئیتر بووەتە بەشی لە جیایی نەهاتوو، وە بووەتە مەیلێکی عەمەلی لە ڕیزەکانیدا.

مانیفێستی کۆمۆنیست، ئینتەرناسیۆنالی یەکەم، شۆڕشی ئۆکتۆبەر، ئینتەرناسیۆنالی سێیەم و گەلێک شۆڕشگێڕی کۆمۆنیست لەم دەیان ساڵەدا، ملیۆن ملیۆن کرێکاریان لەژێر ئاڵای کۆمۆنیزم کۆکردووەتەوە. بیری کۆمۆنیزم، بیری هەڵوەشانەوەی خاوەندارێتیی تایبەتیی بۆرژوایی، بیری ڕێکخستنی پرۆلیتاریا لە حیزبێکی سەربەخۆی سیاسیدا، وە بیری بە دەستەوەگرتنی دەسەڵاتیان لەنێو کرێکاراندا چاند و وەبەریان هێنا. بەڵێ کۆمۆنیزم مێژوویەکی هەیە، وە ئەم مێژووە گەلێک جار لە ئارادابوونی کۆمۆنیزمی وەک ڕەوتێکی سەر بە پرۆلیتاریا سەلماندووە. ئەمڕۆ ئیتر درووشمی

"بەرابەری، برایەتی، حوکوومەتی کرێکاری" بە قەدەر درووشمی "ئیتیحادییە هێزی ئێمەیە" خاوەنی خەسڵەتێکی "خۆڕسک" لەنێو کرێکاراندایە. سەلماندنی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی وەک ڕەوتێکی زیندوو لە بزووتنەوەی چینایەتی پرۆلیتاریادا هەنگاوی یەکەمە بۆ پێناسەکردنی حیزبی کۆمۆنیست بە شێوەیەکی زیندوو و ئوسوڵی لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا. بەڵام کۆمۆنیزم لە باقیی ڕەوتەکانی نێو بزووتنەوەی چینی کرێکار جیاوازە و ڕێک بەپێی ئەم جیاوازییە پێناسە دەکرێ و مەوجوودییەتی سەربەخۆ بە خۆی دەبەخشێ. مانیفێستی کۆمۆنیست هەر لە سەرەتاوە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەم جیاوازییەی خستۆتە ڕوو. جیاوازیی تیۆریی کۆمۆنیزم وەکوو کۆمۆنیستەکان لەگەڵ باقی ڕەوتەکانی تر، بە تایبەت ئەمڕۆ کە بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستمان بەدەستەوەیە پێویستی بە لەسەر ڕۆیشتن نییە. کۆمۆنیستەکان ئەو بەشە لە پرۆلیتاریان کە نوێنەرایەتی بەرژەوەندیی پرۆلیتاریا دەکەن لە دژی خاوەندارێتیی تایبەتیی بۆرژوایی بە گشتی و سەرتاپای نیزامی سەرمایەداری لە هەموو لایەنەکانیدا. ئەمە تەوەری هەموو بیروباوەڕی کۆمۆنیستییە. بەڵام جیاوازی کۆمۆنیستەکان و باقی ڕەوتەکانی تر تەنیا لە بیروباوەڕ و ئامانجیاندا نییە، کۆمۆنیزم لەگەڵ ئانارشیزم، سەندیکالیزم، ئیتیحادییەگەری، پۆپۆلیزم، لیبراڵیزم، ڕیفۆرمیزم، پەرلەمانتاریزم و ئەو جۆرە شتانە بەکردەوەش جیاوازی هەیە. ئەم جیاوازییە لە کردەوەدا، یانی شێوە و ڕەوشتی خەباتی کۆمۆنیستی بۆ گەیشتن بە ئامانجە کۆمۆنیستییەکانیش خۆی پێکهاتەیەکە لە پێناسەکردنی سیما و مەوجوودییەتی سەربەخۆماندا. کۆمۆنیزم مەیلێکە لە بزووتنەوەی چینی کرێکاردا کە بە ئامانج و شێوە سەربەخۆکانی لە باقی ڕەوتە سیاسی_ چینایەتییەکان جیا دەکرێتەوە. حیزبی کۆمۆنیست ڕێکخراوی حیزبی ئەم ڕەوتە موشەخەس و جیاوازەیە. کۆمۆنیزم ڕەوتێکی هەمەگی و گشتییە، بەڵام حیزبی کۆمۆنیست دیاردە و دەستەواژەیەکی دیاریکراوە. حیزب ئەو ڕێکخراوە سیاسییەیە کە ئامانج و شێوە کۆمۆنیستییەکان بە شێوەیەکی بەردەوام و پتەو بەدەستەوە دەگرێ و ڕەواجیان پێ دەدا. حیزبی کۆمۆنیست، کۆمۆنیزمی ڕێکخراوە. وە بەم بۆنەیەوە هەر ڕێکخراوێک کە یەکەم: ئەم ئامانج و شێوە و ڕەوشتانە بناسێ و بە ئامانج و ڕەوشتی خۆیان دابنێ، خۆی لەبەرانبەریان بە دەربەست بزانێ، خەباتی خۆی لە پێناویاندا ڕێک بخا و بەرەو پێشی بەرێ، وە دووەم: لە کردەوەدا بە ڕادەی پێویست توانایی و پتەوی هەبێ، بۆ ئەوەی



قایم و پتەو لەسەر خەباتەکەی بەردەوام بێت و درێژەی پێ بدا، حیزبێکی کۆمۆنیستە. جا ئەو حیزبە چ گەورە بێ و چ بچووک، لاواز بێ یان بەهێز، لە ئۆپۆزیسیۆندا بێت یان دەوڵەت پێک بێنێ، ئەو حیزبە، حیزبی کۆمۆنیستە، چونکە نوێنەری ڕێکخراوی کۆمۆنیزم وەک ڕەوتێکی جیاواز و موشەخەس لە بزووتنەوەی چینی کرێکاردایە. ئەمە جەوهەری سەرەکی و هەمیشەیی هەموو حیزبێکی کۆمۆنیستە، کە هەر کات ئەم جەوهەرە نەمێنێ، ئیتر ئەو حیزبە لە حیزبایەتی دەکەوێ و هەر کات ئەو جەوهەرە پێک بێ، حیزب ئیتر بە کردەوە پێک هاتووە. ئیکۆنۆمیزم و ڤۆلۆنتاریزم هیچیان ئەم جەوهەر و ناوەڕۆکەی حیزب لەبەرچاو ناگرن و بەم بۆنەیەوە ناتوانن وێنەیەک لە پێداویستییە ڕاستەقینە و بنەڕەتییەکانی پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیست بەرچاو بخەن. ئێمە دەبێ لێرەوە دەست پێ بکەین و ڕێک بە شوێن بەدیهێنانی ئەم پێداویستییانەوە بین. ڕادەی بەرینایی حیزب بە خەباتی ئێمە دیاری دەکرێ.

### 3) حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ئەمڕۆ لە گرەوی چیدایە؟

ئایا ئێمە دەتوانین هەر ئێستا و دەسبەجێ حیزبی کۆمۆنیستی ئێران پێک بێنین؟ هێشتا نا! چونکە ڕێکخراوی یەکانەی ئێمە بەو چۆنایەتی و تایبەتییانەوە کە ئێستا ئێمە هەمانە هێشتا ناتوانێ نوێنەری ڕێکخراوی کۆمۆنیزم لە هەموو لایەنەکانیدا، نوێنەری پرۆلیتاریای سۆسیالیست لە هەموو لایەنەکانی خەباتیدا بێ. لە ماوەی چوار ساڵی ڕابوردوودا، لە جەرگەی شۆڕشێکدا کە هەر ڕۆژەی بە قەدەر بیست ساڵی ئامۆژگاریی چینی کرێکار و پێشڕەوەکانی دەکا، بزووتنەوەی ئێمە توانیویەتی ببێتە نوێنەری تیۆری و بەرنامەیی کۆمۆنیزمی ئێران. ڕەوتی بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیست ئەمڕۆ بە تەواوی نوێنەرایەتی بەرژەوەند و ئامانجە سەربەخۆ پرۆلیتارییەکان دەکا، وە ڕاوەستاوی و پتەوی خۆی لەم مەیدانەدا سەلماندووە. بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیست بەرهەم و لە هەمان کاتدا نیشانەی ئەم ڕاوەستاوی و پتەوییەیە و خۆ بەدەربەستزانین بەرانبەر بە کۆمۆنیزمە. چوار ساڵ لەمەوبەر هەلومەرجەکە بە جۆرێکی دیکە بوو. شۆڕشگێڕییەتی ناپرۆلیتاری لە شکڵ و شێوەی جۆراوجۆردا بە نێوی مارکسیزم و کۆمۆنیزمەوە بڵاو دەکرایەوە. مارکسیزم ڕەخنەی هەمە لایەنە و سەراسەری و کامڵی پرۆلیتاریا بەرانبەر بە سەر تا پێی کۆمەڵی سەرمایەدارییە، بەڵام چوار ساڵ لەوە پێش شۆڕشگێڕییەتی بەشێکی بەرین لەوانەی وا خۆیان بە کۆمۆنیست دەزانی، لە چوارچێوەی ڕەخنەیەکی بەرتەسک و بەرچاوتەنگانە بەرانبەر بەو شتانەی کە

دەسکردی سەرمایەن و لە سەرمایەدارییەوە سەرچاوەیان گرتووە، نەدەچووە دەر و لەوە بەو لاوەتر نەدەچوو. مەسەلە میللی_ دیموکراتیکەکان بنچینە و چوارچێوەی فیکری بەشی هەرە زۆری کۆمۆنیستەکانی ئێران بوون. “دژی ئیمپریالیزم” ئەویش بەپێی ڕوانینی بەرچاوتەسکانەی وردەبۆرژوایی، چوارچێوەی گشتی ئەو شۆڕشگێڕییەتییە بوو کە بە کۆمۆنیزم و سۆسیالیزم لە قەڵەم دەدرا. بەڵام ئەمڕۆ بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیست، هەمە لایەنەبوونێکی کۆمۆنیستی بە بزووتنەوەکەمان بەخشیوەتەوە. بەرنامە ڕایگەیاندووە کە ئێمە لە سەر تا پێی سەرمایەداری، لە هەموو ئەندام و پەل و پۆیەکی، لە هەموو لایەنە ئابووری و سیاسی و فەرهەنگییەکانی ناڕازین، وە لە پێناو دامەزراندنی سۆسیالیزم لە جێگای ئەم نیزامەدا خەبات دەکەین وە ئەمە ئامانجی ئینتەرناسیۆنالیستیمانە. بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیست بە ڕوونی ئێمە وەک کۆمۆنیست دەناسێنێ، نەک هەر تەنیا وەک دیموکراتی شێلگیر. ئەم ڕەخنە هەمە لایەنەیە و ئەم بەرنامەیە بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕێکی هەمە لایەنە لە نیزامی کۆمەڵایەتیدا، بەو مانایەیە کە بزووتنەوەی ئێمە ئێستا ئیتر نوێنەرایەتی ئامانج و بەرژەوەندیی هەموو پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕی ئێران دەکا. بزووتنەوەی ئێمە ئێستا لە بیروباوەڕ و بەرنامەکەیدا بزووتنەوەیەکی بەڕاستی کۆمۆنیستییە بەڵام ئەم جیاوازییە تیۆری و بەرنامەییە بەس نییە. چونکە کۆمۆنیزم تەنیا بۆچوون و بەرنامە نییە. شێوە و ڕەوشتی تایبەتی خەبات لە پێناوی ئەم بەرنامەیەشدا بەشێک لە پێناسی کۆمۆنیستەکانە. بە شێوە و ڕەوشتی چینەکانی تر ناکرێ بە ئامانجی کۆمۆنیستی بگەی. وە ئەمە خاڵی لاوازی ئەمڕۆی ئێمەیە، چونکە ئێمە هێشتا وەک کەسانی ڕێکخراو، لە شێوە عەمەلییەکانی خەباتدا، لە کاری تەشکیلات و ڕێکخستندا، هێشتا نوێنەری سەربەخۆیی کۆمۆنیزم نین، نوێنەری ئەو ڕەوتە موشەخەس و جیاوازە لە بزووتنەوەی چینی کرێکاردا نین و بەم بۆنەیەوە ڕێکخراوی ئێمە هێشتا ناتوانێ زامنی ئیدامەکاری و بەردەوامبوونی خەبات لە پێناوی ئامانجەکانی پرۆلیتاریادا <u>بە شێوەی تایبەت و سەربەخۆی پرۆلیتاریا</u> بێت. هێشتا ناتوانێ حیزبێکی کۆمۆنیستی ڕاستەقینە بێ. حیزبێک کە ئێمە ئەمڕۆ هەر بەم چۆنایەتییەی ئێستامانەوە پێکی بێنین، حیزبێک دەبێ بە بیروباوەڕ و بەرنامەی پرۆلیتارییەوە، بەڵام لەژێر کاریگەریی شێوە و کارکردی وردەبۆرژواییدا. ئێمە دەبێ بۆ پێکهێنانی حیزب لەم لایەنەشدا لە وردەبۆرژوازی جیا بینەوە. ئێمە دەبێ شێوە عەمەلییەکانی خۆشمان بکەین بە شێوەی



کۆمۆنیستی. تەنیا بەم جۆرە دەکارین کە حیزبێکی بە ڕاستی کۆمۆنیست پێک بێنین، ڕەخنەی کۆمۆنیستی بەرانبەر بە شێوەکاری وردەبۆرژوایی وە (هێنانەگۆڕی) ئاڵتەرناتیڤی کۆمۆنیستی لە ڕەوشتە عەمەلییەکاندا، دەبێ لە بزووتنەوکەماندا جێگیر بکرێ. ئەمە ئەو دوایین هەنگاوەیە کە هێشتا هەڵمان نەهێناوەتەوە. سەربەخۆیی تیۆری و عەمەلیی کۆمۆنیستەکان هەمیشە پێشمەرجی پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیستە. جێوشوێنی تایبەتیی ئێمە گرنگییەکی مێژوویی بەم مەسەلەیە بەخشیوە. ئێمە لە هەلومەرجێکدا نین کە بۆ نموونە وەک ئەو حیزبە کۆمۆنیستانەی کە وەڵامی بانگەوازی ئینتەرناسیۆنالی سێهەمدا لە وڵاتانی جۆراوجۆر پێکهاتن، هەموو جۆرە لادانێک ڕەتکەینەوە و ئەو یاسا کۆمۆنیستییانە "قبووڵ بکەین" کە ئینتەرناسیۆنالێکی پرۆلیتاریی جێگیری کردبن و حازر و ئامادە لەبەردەستدا بن. پاش پچرانێکی دەیان ساڵە لە تیۆری و بەرنامە و پراتیکی کۆمۆنیستی، پاش دەیان ساڵ دەسەڵاتدارەتیی ڕیڤیژینیزم بەسەر بیر و کردەوەی بزووتنەوکەماندا، خۆی دەبێ ئەم سەربەخۆیییە <u>دیسانەوە و سەرلەنوێ</u> دابین بکەین و تەنانەت خۆمان سیللولی هەڵسووڕا و و کارامەی پێکهێنانی ئینتەرناسیۆنالێکی پرۆلیتاری بین کە بتوانێ پاڵپشتی پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیست لە باقی وڵاتان بێت. کەوایە ئێمە دەبێ جارێکی تر هەر بەو هێز و توانایە و هەر بەو قایمی و پتەوییە، ڕیزی خۆمان لە بیروڕا و حیزبە ناپرۆلیتارییەکان جیا کەینەوە کە بۆ یەکەم جار مارکس و ئەنگڵس بەهۆی مانیفێستی کۆمۆنیستەوە لەبەرانبەر سۆسیالیزمی ناپرۆلیتاریدا کردیان. وەلێ سەلماندن و دووپاتکردنەوەی حوکمەکانی مارکس و ئەنگڵس و لێنین بۆ ئێمە بەس نییە، چونکە ئێمە ئەمڕۆ نەک تەنیا بەرانبەر بە کاپیتالیزم ڕاوەستاوین بەڵکوو لە بەرانبەر ڕیڤیژینیزمێکداین کە ئەویش فریوکارانە خۆی وە پەنا مارکس و ئەنگڵس و لێنین دەدا. مانیفێستی سەربەخۆیی چینایەتیمان ئەمڕۆ دەبێ لە هەمان کاتدا مانیفێستێکی دژی ڕیڤیژینیستی بێ و ئەمە ئەرکی ئەوەمان دەخاتە سەرشان کە بە شێوەیەکی هەرچی ڕاشکاوانەتر و ڕوونتر ڕیزەکانی خۆمان لەو بیروڕا و ڕەوشتە لادەرانەیەی کە ئەمڕۆ بە نێوی بیروڕا و ڕەوشتی کۆمۆنیستی بووەتە باو، جیاکەینەوە. ئەگەر ئێمە تەنیا لەسەر بنەمای جیاوازیی بەرنامەییمان دەست بدەینە پێکهێنانی حیزب، بەڵام لە ڕەوشتە عەمەلییەکاندا هەر مل بەو شتە بدەین کە ڕەواجی هەیە، مل بەو شتە بدەین کە هی چینەکانی ترە، ئەو دەمە حیزبێکمان پێک هیناوە کە نەک تەنیا ئەرک و ڕاسپاردەی مێژوویی خۆی لە پێناو

زیندووکردنەوەی بۆلشەڤیزمدا جێبەجێ ناکا، بەڵکە لە داهاتوویەکی نزیکدا لە کارکردی سیاسی_ ڕێکخراوەیی خۆیدا دەچێتە سەر شێوەی ڕەوتە ڕیڤیژینیستییەکان و لێیان جیا ناکرێتەوە.

### 4) جێگیرکردنی ئاکارە عەمەلییە کۆمۆنیستییەکان لەمڕۆدا، چ مانایەکی بۆ ئێمە هەیە؟

حیزب دەبێ ئۆرگانی خەباتی بەردەوام و بێوچان بە شێوەی کۆمۆنیستی لە پێناو ئامانجی کۆمۆنیستیدا بێت. ئەم ڕەوشتانە دەبێ لە هەڵسووڕانی حیزبدا ڕەچاو بکرێن. بەڵام ئەمە چلۆن دابین دەکرێ؟ ئایا ئێمە دەبێ چاوەڕوان بین کە یەکە یەکەی ڕێکخراو و گروپ و کۆڕەکانی لایەنگری بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیست، یەکەم: ڕەخنەی پرۆلیتاری بەرانبەر بە ڕەوشت و شێوەکاری پۆپۆلیستی قەبووڵ بکەن و دووەم: هەر کامیان پراتیکێکی بەرین بەپێی ڕەوشتی تازە دەستپێ بکەن و بە ئەنجامی بگەیەنن، جا ئەو جار دەست بدەینە پێکهێنانی حیزب؟ ئایا مەبەست لە جێگیرکردنی ئاکارە عەمەلییە کۆمۆنیستییەکان ئەوەیە کە ئەو ئاکارانە لەنێو هەموو ڕێکخراو و گروپەکاندا و لە هەموو ئاستێکی کاری عەمەلیدا جێگیر بن؟ ئایا ئەگەر وا نەبێت، حیزب پێک نایێ؟ وەڵامەکە نەخێرە! ئێمە تەنانەت بۆ جێگیرکردنی ڕەوشتە پرۆلیتارییەکان لە ئاستێکی بەرین لەنێو بزووتنەوەدا، پێویستیمان بە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران هەیە. حیزب خۆی پێویستە بۆ ڕاستکردنەوە و چاکردنەوەی پراتیکمان لە ئاستێکی بەریندا. کەوایە کاتێک ئێمە باسی "جێگیربوون"ی ئەم ڕەوشتە سەربەخۆیانە دەکەین، مەسەلەیەکی ترمان لەبەرچاوە. هەروەک وتمان، ئەوەیە حیزبێک دەکاتە حیزب و وەک حیزب ڕای دەگرێ و دەیپارێزێ پان و بەرینی ئۆرگانەکانی، ڕادەی نفووزی، ژمارەی ئەندامانی و شتی تری لەم چەشنە نییە. مانەوەی حیزب ڕەنگدانەوەی بوونی ئامانج، بەرنامە و نەریت و شێوەی عەمەلیی پایەدارە لەنێو حیزبدا. تا ئەو کاتەی کە ئەم ئامانج و ڕەوشتانە زیندوون و بەڕێوە دەچن، حیزب هەیە، وە هەر کات ئەو ئامانج و ڕەوشتانە لەناوچوون حیزب لەبەریەک دەچێ. وەلێ ئەم ئامانج و ڕەوشتانە چلۆن دەپارێزرێن؟ بەرنامە و پەسندکراوە فەرمییەکانی ڕێکخراو و حیزبە کۆمۆنیستەکان ڕەنگدانەوەی بەردەوامبوونی ئەم ئامانج و یاسایانەن. هەر کەس بە حیزبەوە پەیوەست دەبێ، بە درکپێکردن و قەبووڵکردنی ئەم پەسەندکراوانە دەبێتە تاکێکی حیزبی و سیلۆلێکی تازە هەر لە



خزمەت ئەو ئامانج و ڕەوشتانەدا دروست دەکا. حیزب لەم ڕێگایەوە درێژە بە ژیانی خۆی دەدا و پەرەدەستێنێ. بەڵام ئەگەر لە بابەت مەسەلە تیۆری و بەرنامەیییەکانەوە، بەڵگە پەسەندکراوەکان دەورێکی یەکجار گرنگیان لە مانەوە و پتەوبوونی حیزبدا هەیە، لە زەمینەی ڕەوشتە عەمەلییەکان و یاسا جێگیربووەکانی کاری حیزبیدا، پرانسیپ و پەیوەندییە جێگیربووەکانی ناوخۆی حیزب و پراتیکی عەمەلیی حیزب کە ئەم یاسا و ڕەوشتانە دەکەن بە نەریتی چەسپاو، دەورێکی دیاریکەر دەگێڕن. بوونی کادری حیزبیش کە بەسەر شێوەکاری کۆمۆنیستیدا سوار بن، وە هەڵگر و پارێزەری زیندووی نەریتی شۆڕشگێڕانەی کاری کۆمۆنیستی بن، هەر بە هەمان ڕادە گرنگە. بەڵام ئێمە لە هەلومەرجێکدا دەست دەدەینە پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیست کە کەلەبەرێکی دەیان ساڵەی ئێمە لە نەریت و کەلەپووری شۆڕشگێڕانەی کاری عەمەلی بە شێوەی کۆمۆنیستی جیا دەکاتەوە. ئەوەی ئێستا وەک میرات لەبەردەستدایە، ڕەوشتی ڕیڤیژینیستییە و ئێمە نەک هەر نەکەوتووینەتە سەرباری پرانسیپە کۆمۆنیستییەکان، نەک تەنیا لە پراتیکی حیزبیدا بەردەوام فێری ئەم ڕەوشتانە نابین، بەڵکوو دەبێ بە ڕەخنەگرتن لەو پەیوەندی و شێوەکارەی کە ئێستا هەیە، پەیوەندی و یاسا کۆمۆنیستییەکان زیندوو بکەینەوە. کەوایە لە جێگیرکردن و پاراستنی شێوە عەمەلییە کۆمۆنیستییەکاندا لە سەرەتای پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیستدا، دەبێ سەرنجی سەرەکی بدەینە هۆکاری زیندوو واتە، کادرە کۆمۆنیستەکان. ئێمە دەبێ ئەو ئەڵقەیە بە دەستەوە بگرین، چونکە کادرەکان تاقە ئامرازی ڕاستەقینە بۆ جێگیرکردن و پتەوکردنی ئاکارە کۆمۆنیستییەکان لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا دەبن. جێگیرکردنی ڕەوشتە عەمەلییە کۆمۆنیستییەکانیش لە کاتی ئێستادا بۆ ئێمە مانایەکی نییە جگە لە جێگیرکردنیان لەنێو ئەو کادرە کۆمۆنیستانەدا کە ئەمڕۆ بڕبڕەپشتی حیزبی کۆمۆنیست پێک دێنن و زامنی بەردەوامبوونی هەڵسووڕان و پتەوبوونی حیزب لەسەر بنچینەی یاسا عەمەلییە بۆلشەڤیکییەکان بن، سووربوون و پێداگرتنی حیزبی ئێمە لەسەر بیروڕا و ڕەوشتە کۆمۆنیستییەکان ئەمڕۆ لە هەنگاوی یەکەمدا تەنها بە کۆکردنەوە و ڕێکخستنی ئەو کادرانە دابین دەبێ کە پشت بەم بیروڕا و ڕەوشتانە ببەستن. بە قووڵی هەستیان بە گرنگی جیاوازیی تیۆری و عەمەلی لە وردەبۆرژوازی کردبێ و تێی گەیشتبن. شۆڕشگێڕییەتی بەرتەسکی وردەبۆرژواییان وەلا نابێ و خەباتی هەمە لایەنە لە دژی سەرمایەداری و هەموو ڕواڵەت و دیمەنەکانی بە ئیشی هەمیشەیی

خۆیان بزانن. لە هەڵسووڕانیاندا بەرژەوەند و مەسڵەحەتی بزووتنەوەی جیهانیی پرۆلیتاریایان لەبەرچاو بێت و هەموو ئامانجە میللی_ دیموکراتیکەکان لە ڕوانگەی ئەم بەرژەوەند و ئامانجە سەربەخۆ چینایەتییەوە چاو لێ بکەن. شۆڕشگێڕییەتی خۆیان نەک لە دیموکراسی و بزووتنەوەی دیموکراتیک، بەڵکوو لە سۆسیالیزم و دژایەتیکردن لەگەڵ سەرمایەداری هەڵێنجن، ناوەڕۆکی سیاسی_ چینایەتی وردەبۆرژوایی شێوەکاری پۆپۆلیستی درک پێ بکەن، بڕوایان بە شکستی مسۆگەری ئەم ڕەوشت و شێوەکارە هەبێ و بەم بۆنەیەوە لە هیچ هەلومەرجێکدا تەسلیمی ئەم شێوەکارە نەبن و سەری بۆ دانەنوێنن ... وە بەم جۆرە قۆڵیان لە پێکهێنانی حیزبێکی کۆمۆنیست بە چۆنایەتییەکی نوێ، وە بە پراتیکێکی جیاواز لە پراتیکی تا ئێستای بزووتنەوەکەمان، هەڵماڵیبێ. کەوایە بە بڕوای ئێمە لە باری پراتیک و بەجێگەیاندنەوە، بۆ پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیست دەبێ لە مەسەلەی کادرەکانەوە دەستپێ بکرێ، نەک لە ڕێکخراوکان و نەک لە بەڵگە و پەسەندکراوەکانەوە. حیزبی کۆمۆنیست کۆکراوەی ئەو ڕێکخراوانەی کە ئێستا هەن، نییە. حیزبی کۆمۆنیست کۆمەڵێک پەسەندکراوی تازە نییە. حیزبی کۆمۆنیست حیزبێکی تازەیە لە باری چۆنایەتییەوە، وە بەم بۆنەیەوە دەبێ لە یەکەم هەنگاودا بە پشتئەستووری ئەو کادرانە بنیات بنرێ کە سوورن لەسەر ئەوەی ئەم چۆنایەتییە تازەیە نەک هەر لە حیزبدا بەڵکوو هەر لە ئێستاوە لە پراتیکی ڕێکخراوەکەی خۆشیاندا پێک بێنن. ئێمە دەتوانین لە ماوەیەکی کورتدا ئەو ژمارە کادرەی کە دەبێ بڕبڕەپشتی حیزب پێک بێنن، وە بەردەوام کاری ڕێکخراوێکی حیزبی لە یەکەم هەنگاوەکانی شکڵگرتن و گیرسان و پتەوبوونەوەیدا دابین و زامن بکەن، کۆ بکەینەوە. کەوابوو دەتوانین هەموو هێزەکانی لایەنگری بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیست لە حیزبێکی بەهێزدا، یەک بخەین، بەبێ ئەوەی گیروگرفتە ڕێکخراوەیییەکانی ڕابوردوو، بەرچاوتەنگییە عەمەلی و تیۆرییەکانی ڕابوردوو و خاڵە لاوازەکانی ڕابوردووی خۆیان بەرنە نێو حیزب و بەسەریدا دایسەپێنن.

## 5) نەخشەکار و هەڵسووڕان بۆ گرتنی کۆنگرەی یەکەم دەبێ لەسەر چ بنچینەیەک دامەزرێ؟

تێزی سەرەکی قسە و باسەکەمان ئەوە بوو کە گرێی سەرەکیی کاری حیزب ئەمڕۆ مەسەلەی جێگیرکردنی بنەما عەمەلییەکانی هەڵسووڕانی کۆمۆنیستییە و ئەم گرێیە بە دەستی کادری بە دەربەست، سوار بەسەر ئامانج و ئاکاری سەربەخۆی کۆمۆنیستیدا



دەکرێتەوە. هەر ئەمە دەتوانێ بۆ ئێمە لە دیاریکردنی پرۆسەی عەمەلیگرتنی کۆنگرەی دامەزرێنەری حیزبی کۆمۆنیستدا خاڵی دەستپێک بێت. ئەم کادرانە دەبێ کۆ بکرێنەوە، بە لە بەرچاوگرتنی ئەو هاوڕاییەی کە لەژێر ئاڵای بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستدا هەیە، لە درککردنی هەمە لایەنە و ڕەخنەی قووڵ بەرانبەر بە شێوەکاری پۆپۆلیستی و ئاڵتەرناتیڤی کۆمۆنیستی لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی هەڵسووڕانی عەمەلیشدا بەو هاورایییە بگەن. حیزب دەبێ بە پشتئەستووری ئەم کادرانە بڕبڕەپشت و قەوارەی سەرەتایی خۆی داڕێژێ و پاشان هەموو هێز و توانای ڕێکخراوەکان و کۆڕەکان و توخمەکانی لایەنگری بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیست لە دەوری ئەم قەوارە قایم و پتەوە ڕێک بخات. تەنیا لەم ڕێگایەوە تایبەتییەکان و کەموکوڕییەکانی ئێستای بزووتنەوەکەمان نابنە کۆسپ لەسەر ڕێگای پێکهاتنی حیزبێکی کۆمۆنیستی ڕاستەقینە. بێگومان داڕشتنی نەخشەکارێکی کۆنکرێت، کە بە وردی دیاری کرابێ، بۆ پێکهێنانی حیزب پێویستە. لەم نووسراوەیەدا ئێمە تەنیا مەسەلەکەمان بە شێوەیەکی گشتی باس لێ کرد و جەختمان لەسەر جێوشوێنی گرنگ و دیاریکەری مەسەلەی شێوەکار و پەیوەندیی نزیکی ئەم مەسەلەیە لەگەڵ مەسەلەی کادرەکان کرد و لە نووسراوەکانی دیکەدا بە درێژی باسی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەم باسە دەکەین.

نووسینی: مەنسوور حیکمەت، حەبیب فەرزاد
تایپکردنەوەی: ئامانج ئەمین

سەرچاوە:
حزب کمونیست ایران در گرو چیست؟
"بسوی سۆسیالیسم"، دوره اول، شماره 5
اول بهمن 1361، صفحات 54_ 63

# کۆمۆنیستەکان و پراکتیکی پۆپۆلیستی

(پوختەی باسی شێوەکار لە کۆنگرەی یەکەمی "یەکێتیی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست"دا)

من هەوڵ دەدەم ئەو قسە و باسانەی کە تا ئێستا لە کۆنگرەدا سەبارەت بە شێوەکار کراوە، کۆ بکەمەوە سەریەک و فۆرموولبەندییەکی نیهائی بە دەستەوە بدەم کە سەرجەمی ئەم باسەی لە خۆدا کۆ کردبێتەوە، پاش ئەم فۆرموولبەندییە گشتییە دەتوانین دەست بدەینە ڕوونکردنەوە و چارەکردنی ئەو گیروگرفتانەی وا لە شێوەکاری پۆپۆلیستییەوە سەرچاوەیان گرتووە. سەرەتا با بچینە سەر ئەوەی کە چۆن ئەم فۆرموولبەندییە نیهائییە بۆ ڕەخنەگرتن لە شێوەکاری ڕابوردوومان، مەسەلەی شێوەکار، لە ساڵێک و چەند مانگ لەوەو پێشەوە لەنێو ئێمەدا هاتۆتە گۆڕ.
مەسەلەکە لە سەرەتا بەم شێوەیە هاتە گۆڕ، کە دیتمان شێوەی هەڵسووڕانمان لە تەبلیغ، تەرویج و باسەکانی کاری ڕێکخستندا، بەکردەوە ناکۆکی لەگەڵ ئامانجەکانمان هەیە، گەلێک گیروگرفتی ڕێکخراوەیی لە سەر ڕێگامان بوون کە تا ئێستا گەلێک نموونەی ئەم گیروگرفتانە لە کۆنگرەدا ئاماژەیان پێ کراوە و من بە درێژی لە سەری نارۆم. ئێمە دەمانبینی کە لە خەباتی عەمەلی و ڕۆژانەی پرۆلیتاریادا، کاریگەرییەکی ئەوتۆمان نییە، دەمانبینی هێزەکانمان قەتیس ماون و بەکردەوە پاش زیاتر لە 3 ساڵ هەڵسووڕانی جیددیی ڕێکخراوەیی، دەسکەوتێکی وامان نەبووە کە ڕازیمان بکات، گەشەمان لە بزووتنەوەی کرێکاریدا کافی نەبوو. ئێمە دەمانبینی کە بۆرژوازی بە ئاسانی زەربەمان لێدەدات و بەکردەوە گەلێک هاوڕێ و ئیمکاناتێکی زۆرمان لەدەس دەچێت. ئێمە دەمانبینی کە لە ڕیزەکانماندا ئەرکی پەروەردەکردنی کادر لە ئاستی جۆراوجۆردا، بە هیچ شێوەیەک بەرەو پێش ناچێت، تەنانەت لە فڵانە مەیدانی دیاریکراوی هەڵسووڕانیشدا، هاوڕێیانی ئێمە بە شێوەیەکی سیتماتیک و ئامانجدار پەروەردە ناکرێن و هیچ گەشەیەک بەرچاو ناکەوێ. هەر وەک وتمان نموونەی لەم چەشنە زۆرن. سەرجەم بەوە گەیشتین کە کاری ڕێکخراوەییمان پشتی بە تیۆرییەکی کۆمۆنیستی ڕێکخراوەیی نەبەستووە و لە ئەنجامدا بە پێچەوانەی ئامانج و بیروڕاکانمان لە مەیدانی کاری ڕێکخراوەییدا، بە مانای ڕاستەقینەی وشەکە، بە شێوەکی کۆمۆنیستی هەڵناسووڕێین. لێرەدا بوو کە دەستمان دایە هەوڵ و



تێکۆشانێکی جیددی بۆ دۆزینەوە و تێگەیشتنی سەرەتاکانی تیۆری لێنینی یان کۆمۆنیستی لە مەیدانی کاری ڕێکخراوەییدا ...
هەمووان لە سەرەتای ئەو قسە و باسەدا کە سەبارەت بە شێوەکار کرا، شێوەکانی پێشوومان بە شێوەیەکی وردەبۆرژوایی زانی و مەحکوومان کرد و خوازیاری ئەوە بووین کە لەجیاتی ئەو شێوە و ڕەوشتانە، شێوە و ڕەوشتی کۆمۆنیستی جێگیر بکرێن. هەمووان بە شێوەی جۆراوجۆر، بە بەیانی جۆراوجۆر، باسی ئەوەمان کرد شێوەکاری پۆپۆلیستی و شێوە و ڕەوشتی کۆمۆنیستی ناکۆکییان بە یەکەوە هەیە و لەگەڵ یەکدی نایەنەوە، بەڵام مەسەلەی سەرەکی ئەوە بوو، کە کۆنگرە لە سەرەتای ئەم باسەدا، تا چ ڕادەیەک لەم جیاوازی و ناکۆکییە ئاگادارە و لەم بابەتەوە چەند بە قووڵی لە مەسەلەکە گەیشتووە. ئایا لە سەرەتای ئەم باسەدا ئەوەندە بە قووڵی لەو جیاوازی و ناکۆکییە گەیشتووین کە لە مەیدانی ئەو باسەدا ڕاستەوخۆ دەست بدەینە لێکۆڵینەوەی ئەو ئەڵقانەی کە پراکتیکیتر و کۆنکرێتترن. وە هەروەها شێوە عەمەلییەکانمان لە مەیدانە دیاریکراوەکانی هەڵسووڕاندا بدەینە بەر لێکۆڵینەوە، یان هێشتا تێگەیشتنی هاوبەشمان لە ئاستێکدا بوو، کە پێویستی بەوە دەکرد باسەکان قووڵتر و تەجریدیتر بکرێتەوە و بە ئەڵقەی بنەڕەتیتر بگات، ئایا دەبووایە ئێمە ڕەوتی باسەکەمان بەرەو نزیکبوونەوە لە ئاستی مەسەلە پراکتیکییەکان درێژە پێ دابا، یان دەبوو قووڵتر بە دوای لێکدانەوەی تیۆریکی مەسەلەکەدا بچین؟ ئایا دوایین و قووڵترین بەیانی تیۆریکی مەسەلەکە ئەوە بوو کە بڵێین شێوەکاری ئێمە وردەبۆرژواییانە بووە؟ ئایا ئەگەر ئێمە ئەمەمان وتبا، بەو ئەڵقە سەرەکی و گشتی و تیۆرییە گەیشتبووین کە ڕێگامان بۆ بکاتەوە، بۆ ئەوەی سەرلەنوێ بگەڕێینەوە سەر ڕاستییە تایبەت و پراکتیکەکان؟ (ئەڵقەیەکی گشتی و موجەڕەدی وەک دەستەواژەی کاری موجەڕەدی لە باری کۆمەڵایەتییەوە پێویستە، کە مارکس لە لێکۆڵینەوەی باییدا پێی دەگا و پاشان سەرلەنوێ بایی نرخی کاڵاکان بە پێی ئەو دەستەواژەیە لێک دەداتەوە)، ئایا ئێمە لە باری تیۆرییەوە ئەوەندە قووڵ بۆی دەچووین و بناغەکەمان ئەوەندە قووڵ دانابوو کە خشتی هەر چی کۆنکرێتر لە سەر یەک هەڵچنین؟ لە باسە سەرەتاییەکاندا دەردەکەوت کە ئێمە هێشتا لە باری تیۆریکەوە نەمانتوانیوە مەسەلەکە ئەوەندە قووڵ لێک بدەینەوە. ئەوە کە لێکدانەوەی جۆراوجۆر هەبوون، باسەکان بەرەو ئەوە دەچوون کە مەسەلە وردەکان و شوێنەواری شێوەکاری

وردەبۆرژواییانە قسەیان لە سەر بکرێ و باسەکان هەر لەو چوارچێوەیەدا دەمانەوە، وە تەنانەت مەسەلە تازەکان هەر بە شێوەی کۆن چاویان لێ دەکرا، ئەمانە هەمووی نیشاندەری ئەوە بوون کە ئێمە هێشتا بە شێوەیەکی قووڵ و بنەڕەتی دەرکمان بە مەسەلەکە نەکردبوو. ئێمە خوازیاری ئەوە بووین کە لە باری چینایەتییەوە بە تەواوی لە شێوەکار و ڕەوشتە عەمەلییە وردەبۆرژواییەکان دابڕێین و لێیان جیاببینەوە. وە هەر بەم بۆنەیەوە بۆ ڕەخنەگرتن لەم ڕەوشتانە، پێویستمان بە تێز و فۆرمووڵبەندییەکی سەرەکی هەبوو، کە ئەو دابڕانە بە وردی و بە قووڵی بخاتە ڕوو و فرسەتی ئەوەمان پێ بدات بە پشتئەستووری ئەو فۆرمووڵبەندییە سەرەکییە، دیمەنی کۆنکرێتتری ئەم ڕەوشتانە لە سەر بنچینەیەکی واحید بدەینەوە بەر ڕەخنە، وە بە شێوەیەکی چەسپاو و جێگیرکراو ئاڵتێرناتیڤی کۆمۆنیستی بەرانبەر بەو ڕەوشتانە دیاری بکەین.

کەوابوو ئەم فۆرمووڵبەندییە جۆراوجۆرانەی کە لە ڕەوتی باسەکەدا وەک (فۆرمووڵبەندیی سەرەکی و هەمە لایەنە) باسیان لێ دەکرا، هەموویان لەم ڕوانگەیەوە دەدرانە بەر لێکۆڵینەوە و ڕەخنەلێگرتن و دەرکەوتن کە وەڵامدەرەوەی پێویستییەکانمان نین، وە تەنانەت ئەو کەسانەش کە ئەم فۆرمووڵبەندییانەیان دەهێنایە گۆڕ، خۆیان بە خێرایی دەرکیان بەوە دەکرد کە فۆرمووڵبەندییەکانیان کەموکورتی تێدایە. ئەم فۆرمووڵبەندییە ناتەواو و کەموکورتانە چی بوون؟ یەکێکیان بریتی بوو لەو باسە کە دەیگوت، بەشی زۆری ڕەخنەی سەرەکیمان بەرانبەر بە شێوەکاری ڕابوردوو لە ڕاستیدا ئەوەیە، کە ڕەخنە لە ئانارکۆسەندیکالیزمی کاری خۆمان بگرین و کاتێک ڕەخنەمان لە ئانارکۆسەندیکالیزم گرت، دەتوانین بە شێوە و ڕەوشتی ئوسووڵی بگەین. یەکەمین کەموکووڕی ئەو فۆرمووڵبەندییە کە دەستبەجێ تێیدا بەدی دەکرا ئەوە بوو، کە هەر لە بنەڕەتەوە ڕوونی نەدەکردەوە بۆچی ڕێکخراوی پۆپۆلیستی دەرهەق بە چینی کرێکار تووشی پاسیڤیزم و دەستەوئەژنۆیی و بێ عەمەلی دەبێ؟ ئەم فۆرمووڵبەندییە تەنیا لەو جێگایە ڕەخنەی لە شێوەکاری ئێمە دەگرت، کە ئێمە هەڵوێستێکی چالاکمان دەرهەق بە چینی کرێکار و بزووتنەوەی کرێکاری هەبوو، وە هەرگیز ئەو ڕاستییەی لە بەرچاو نەدەگرت کە تا ئێستا ڕێکخراوەی ئێمە ئەوە نەبووە کە ڕوو بکاتە چینی کرێکار و ئەم چینە بکاتە بابەتی سەرەکی و هەمیشەیی کاری ڕێکخراوەیی. ئەم فۆرمووڵبەندییە زۆر زوو وەلا نرا.



فۆرمووڵبەندییەکی تر بڕوای بەوە هەبوو، ڕێکخراو لەپێشترە لە ئایدیۆلۆژیا و سیاسەت، یاخود بڵێین بڕوای بە ڕێکخراوچێتی هەبووە کە لە درێژەی باسەکەدا دەرکەوت کە ئەم فۆرمووڵبەندییە دەکەوێتە چوارچێوەی مەسەلەی سیکتاریزم بە مانا گشتییەکەی، یانی جیایی ڕێکخراو لە چین. ئەم فۆرمووڵبەندییە وەکوو قووڵترین بەیانی گشتیی ڕەخنەی ئێمە بەرانبەر بە ڕەوشتە عەمەلییە وردەبۆرژواییەکان باسی کرا، وە لەبەر ئەوەی هەر بە ڕەخنەگرتن لەم فۆرمووڵبەندییە، بەم تێگەیشتنەی ئێستا گەیشتین، پاشان دەگەڕێمەوە سەری. خاڵێکی تر کە لەو لاوە بۆ ماوەیەک ببوو بە تەوەرەی باسەکان، بریتی بوو لە مەسەلەی جێوشوێنی فابریکەکان لە خەباتی چینایەتیدا. لە هەندێ باس وا دەردەکەوێ کە مەسەلەی شێوەکار لە ڕوانگەی بینای ڕێکخراوەییەوە، وە لەو ڕوانگەیەوە کە چەند و چوونی دیاریکردنی هێز بۆ کارخانەکان تەرخان بکرێ، چاوی لێ دەکرا. لە درێژەی ئەم باسەدا، مەسەلەی شێوەکار تەنانەت وەک مەسەلەیەکی پەیڕەوی ناوخۆیی باسی کرا، بەم جۆرە باسی کرا کە گوایە کەموکووڕی کارەکەمان لەوەدا بوو، کە هێزی خۆمان لەنێو فابریکەکان گرد نەکردۆتەوە و ڕێکخستن پشتی بە شانەی شوێنی کاری کرێکاران نەبەستووە. مەسەلەی ئیکۆنۆمیزمی ئاکسیۆنی (کەوتنە شوێن جووڵانەوەی خۆبەخۆی هەندێک توێژی کۆمەڵ)، وە ئاکسیۆنی ڕێکخراوەیی (بەرتەسککردنەوەی خەبات لە چوارچێوەی ئەو جووڵانەوە ئاکسیۆنییانەدا کە بەپێی هێزی تاکەکانی ڕێکخستن هەڵدەگیرسێن) کە وەک دیمەنێک لە هەڵوێستی سازمانە پۆپۆلیستییەکان دەرهەق بە مەسەلەی تاکتیکەکان باسی لێوە کرابوو، لە هەندێک قسەی هاوڕێیاندا هەتا ڕادەی لادانێکی بنەڕەتی زەق کرایەوە و ناڕاستەوخۆ بە تەوەرەی باسی شێوەکار لەقەڵەم درا.

فۆرمووڵبەندییەکی تر ئەوە بوو، کە لە شێوەکاری پۆپۆلیستیدا، کاری ڕۆتین (واتا کاری هەمیشەیی، بەردەوام و بێ پسانەوەی)ی کۆمۆنیستی لە لایەکەوە و تاکتیکەکان لە لایەکی ترەوە تێکەڵ کراون و سنووریان لێک جیا ناکاتەوە، وە لە کردەوەدا دیارە کە کاری ڕۆتینی حیزبی لە شێوەکاری پۆپۆلیستیدا هیچ جێوشوێنێکی نییە. لێرەدا وا دیار بوو کە ئێمە زۆر لە شیکردنەوەی مەسەلەکە نزیک بووینەتەوە، بەڵام ئەو فۆرمووڵبەندییە لە قەدەر خۆی، زۆر گشتی و ناڕۆشنە، وە دەتوانێ لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆ بکرێ. لە لای هەندێک لە هاوڕێیانەوە ڕەچاوکردن و

بەدەستەوەگرتنی تاکتیکەکانیش وەک بەشێک لە کاری ڕۆتینی کۆمۆنیستی چاو لێ دەکرا، وە بەم پێیە جیاوازی و ناکۆکی نێوان کاری ڕۆتینی کۆمۆنیستی و تاکتیکەکان دەبوو بە جیاوازییەکی پووچ و بێ ناوەڕۆک. بەرامبەر بەمە هەندێک هاوڕێی دیکە بۆ ڕوونکردنەوەی سنووری نێوان کاری ڕۆتینی کۆمۆنیستی(حیزبی)  و تاکتیک، لە کردەوەدا کاری ڕۆتینییان هەتا ڕادەی تەرویجی سۆسیالیزم دادەشکاند و تاکتیکەکانیان بە بناغەی هەموو هەڵسووڕانێکی غەیرە تەرویجی لەقەڵەم دەدا. بەپێی ئەم بۆچوونە کاری ڕۆتینی حیزبی، جاریکی تر وەک هەموو جارەکانی پێشوو کە لە ماوەی یەک ساڵی ڕابوردوودا ئەم دەستەواژەیە باسی لێوە کراوە، ناونیشانی "کاری ئارامی سیاسی" بەسەردا بڕا و لە بەردەست هەڵدەگیرا. لە پەیوەند لەگەڵ کاری رۆتین و تاکتیک و پەیوەندی دوولایەنەی ئەم دووانە، گەلێک بابەتی گرنگ، هەر چەندە بە شێوەیەکی ناڕێکوپێک و پەرش و بڵاو، درایە بەر باس و لێکۆڵینەوە. وەک ئەوەی کە بابەتی کاری کۆمۆنیستی چییە، چینی کرێکار بابەتی کاری کۆمۆنیستییە یان بزووتنەوەی کرێکاری؟ مەسەلەی تاکتیکەکان چین؟ خەباتی سۆسیالیستی و بەشداریکردن لە شۆڕشێکی بیلفیعلی غەیرە سۆسیالیستیدا لە باری ڕێکخستن و شێوەکارەوە چ پەیوەندییەکیان لەگەڵ یەکدی هەیە؟ ئەرکە هەمیشەیییەکانی ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی کامانەن و تاکتیکەکان چ کاریگەرییەکیان لە سەر ئەم ئەرکە هەمیشەیییانە هەیە؟ ئایا کرێکاران بە بۆنەی خەباتی تاکتیکی ئێمەوە ڕوو دەکەنە کۆمۆنیزم و ڕێکخراوی کۆمۆنیستی، یان بە بۆنەی هەڵسووڕانی هەمیشەیی سۆسیالیستیمانەوە؟ ئایا بەکۆمۆنیستکردنی کرێکاران و تەرویجی بیروباوەڕی کۆمۆنیستی لەنێو کرێکاران و پێکهێنانی ڕێکخراوی کۆمۆنیستیی کرێکاری، هەڵسووڕانێکی "ئارامی سیاسییە"؟ ئایا کۆمۆنیستەکان تەنیا بە بۆنەی خەباتی تاکتیکی خۆیانەوە شۆڕشگێڕن؟ وە گەلێک پرسیاری دیکەی لەم چەشنە. ئەم پرسیارانە هەموویان گرنگن، بە تەواوی پەیوەندییان بە باسی شێوەکارە کۆمۆنیستییەکانەوە هەیە و هەر فۆرموولبەندییەکی ئوسووڵی لە مەڕ گرێی سەرەکیی مەسەلەی شێوەکار، دەبێ کلیلی وەڵامدانەوە بەم مەسەلانە بە دەستەوە بدا. بەڵام بەهۆی نەبوونی ئەم فۆرموولبەندییە سەرەکییە، ئەم پرسیارانە لە کۆبوونەوەکانی ئەم چەند ڕۆژەدا، بە شێوەیەکی پەرش و بڵاو و ناڕێکوپێک درانە بەر باس.



ناڕێکوپێکبوونی باسەکان لەوێوە سەرچاوەیان دەگرت، کە ئێمە هەرکامێکمان بە ڕادەی جۆراوجۆر هێندێک خاڵی ڕەخنەیی شێوەکاری پۆپۆلیستیمان لە زەینی خۆماندا هەبوو. بەڵام هێشتا ئیمکانی ئەوەمان نەبوو کە ئەو خاڵانە کۆ بکەینەوە سەریەک و وەک دەزگایەکی ڕەخنەگرانەی یەکجێ و پتەو بەیانیان بکەین، وە هێشتا بەو حوکم و فۆرموولبەندییە بنەڕەتییە نەگەیشتبووین کە بە قووڵترین شێوەی ڕیشەیی ئەو لادانانە بەیان بکەین. هەر بەم بۆنەیەوە پێش دەستپێکردنی باسی شێوەکار، لە قسە و باسێکدا لەگەڵ حەمید تەقوایی (ت. یاشار) من وتم، کە لە ناساندنی ئەم باسەدا ئێمە نابێ بە هێنانەگۆڕی فۆرموولبەندییەکی لەپێشدا دیاریکراو، کۆنگرە بە مەرج و چوارچێوە ببەستینەوە، وە کاتێک هاوڕێ حەمید تەقوایی لە سەرەتای باسەکەدا زیاتر جەختی لە سەر دەستەواژەی ڕێکخراوچێتی و جیایی ڕێکخراو لە چین کرد، من لە بەرامبەردا بەشبەحاڵی خۆم باسی "ناسنامەی عەمەلی" کۆمۆنیستەکانم کرد و ئاماژەم بەوە کرد، کە باسی شێوەکار باسێکە لە ئاستی باسی بەرنامەییدا.

بۆچی مەسەلەی ڕەوشتە عەمەلییە کۆمۆنیستییەکان لەنێو ئێمەدا سەری هەڵدا؟ یەکەم، شێوە پۆپۆلیستییەکان نەک هەر لەنێو ڕێکخراوە پۆپۆلیستییەکانی خەتی 3دا، بەڵکوو ئێستا ئیتر لە کردەوەدا لەنێو "یەکێتیی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست"یشدا دەرکەوت کە بە ناچار بە بنەبست گەیشتبوو. ئەمرۆ کە پراکتیکی ڕۆژانەی ڕێکخراوی خۆمان لە ڕابوردوودا دێنینە بەرچاو، دەبینین کە لەچاو ئەو ئامانجانەی کە بۆ خۆمانمان دیاری کردبوو، هەموو هەنگاوێکمان وەک هەڵبەز و دابەز و جم و جووڵێکی خەباتکارانەی سادە و ساکار بوو. ئێمە بینیومانە کە پۆپۆلیزم بەکردەوە لە هەموو لایەنەکانیدا، هەر لە ئەمنییەت و بەردەوامکاری و پەروەردەکردنی کادرەوە بگرە، هەتا تەبلیغ و تەرویج و ڕێکخستنی کۆمیتە کرێکارییەکان و ڕێکخستنی ئۆرگانە سەراسەرییەکان، ڕێگای لێ بەربەست بووە، ئەم شێوە و ڕەوشتانە بە باشی نیشانی دابوو، کە بە هیج شێوەیەک ناتوانین ئەرکە هەمە لایەنەکانی ئێمە بەرەو پێش بەرن. دووەم، ئێستا ئیتر بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیست لە گۆڕێدایە، وە ئەمە شتێک بوو نەدەکرا هەر وا سادە و ساکار گوێی لێ داخەی و بە کەمتەرخەمی لە پاڵیەوە تێپەڕ بی. بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیست، پێویستی بەو شێوە و ڕەوشتە عەمەلییانە هەیە کە لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیست دێتەوە. ئەگەر لە ڕابوردوودا کەسانێک دەیانتوانی بەرنامەی یەکێتیی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست تەنیا وەک نوسراوێکی شیکاری، تەنیا وەک بەڵگەیەک بۆ تەبلیغ و تەرویج چاو لێ

بکەن و هەر لەم چوارچێوەیەدا بەرتەسکی بکەنەوە، ئەوا ئێستا ئیتر بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیست داوای حیزبی کۆمۆنیست و ڕێکخستنی شۆڕشی کۆمەڵایەتیمان لێ دەکات. ئەو ڕاستییە کە لەناو بەرنامەدا بوو، کە بە بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیست ناوی گرت، ئاگادارکردنەوەیەک بوو بۆ هەموومان، بۆ هەوڵدان لە پێناو گەیشتن بە شێوە و ڕەوشتی کۆمۆنیستیدا. بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیست بەو ڕەوشتە وردەبۆرژواییانەی کە تا ئێستا برەویان بووە، بەڕێوە ناچێ. کەواتە، لە باری ڕەوتی مێژوویی جووڵانەوەی بزووتنەوەکەمانەوە، دەبووایە ئێمە سەرەتا لە باری تیۆرییەوە پاشەکشەمان بە وردەبۆرژوازی کردبا. بۆ ئەوەی بتوانین بیروڕای سەربەخۆی چینی خۆمان کە دەبێ ڕەچاو بکرێت، زەق بکەینەوە. بە پێشکەشکردنی بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیست ئەم کارەمان کردبوو. وە ئێستا ئیتر ڕەچاوکردنی ئەم بەرنامەیە دەکەوێتە دەستووری کارمانەوە. وە ئەمەش بەشبەحاڵی خۆی ئەو ئەرکەی دەنایە سەرشانمان کە لە کردەوەدا خۆمان لە وردەبۆرژوازی هەڵاوێردین. بە وتەیەکی تر، ئێمە بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستمان بەدەست هێنابوو. وە ئێستا لە هەمبەر ئەو پرسیارەدا قەرارمان گرتووە، کە شێوە و ڕەوشتی ئەم حیزبە کامانەن و دەبێ چی بن؟ لە سەرەتای باسی شێوەکاردا ئاماژەم بەو خاڵە کرد، کە ئێمە خاوەنی ئەو ڕەوشتە عەمەلییانە نین کە بۆ بەرنامەیەکی کۆمۆنیستی پێویستن و هەرگیز ناتوانن لێک جیا ببنەوە. ئامانجەکانی ئێمە و ئەو شێوە تایبەتییانەی کە بۆ بەڕێوەبردن و بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی پێویستن، هەردووکیان ئەجزای فیکری ئێمەن. وە هەر کامەیان بەشێکن لەو دەزگا فیکرییە. وە ڕەوشتە عەمەلییەکانمان، ئەو ڕەوشتە عەمەلییانەی کە ئامانجەکانمانیان پێی بەڕێوە دەبەین، بە قەدەر خودی ئامانجەکانمان بەڵگەی پێناسی ئێمەن و لە چینەکانی ترمان جیا دەکەنەوە و ڕەنگی تایبەتیی چینایەتییان هەیە. کەواتە باسی شێوەکار هەر لە بنەڕەتەوە دەبێ لە پێناو ئەوەدا بێ، کە ئێمە تێبگەین، شێوەکاری ڕابوردوومان ئەم ڕەنگە تایبەتە چینایەتییەی نەبووە و ئێمە هەتا ئیستا ڕەوشتی چینەکانی ترمان ڕەچاو کردووە. ئێمە بێهوودە هەوڵمان داوە، بە ڕەوشت و شێوەی وردەبۆرژوازی ئامانجە کۆمۆنیستییەکانمان بەدی بێنین. لە حاڵێکدا ڕەوشتی کۆمۆنیستی خۆی بەشێک لە پێناس و سیمای ئێمەیە.

وا دیارە هاوڕێیان ئەو باسە دەسەلمێنن، کە حیزبی کۆمۆنیست بەر لە هەر شتێک، بریتییە لە هەندێک سوننەت و نەریتی خەباتکارانەی دیاریکراو لە بزووتنەوەی چینی



کرێکاردا بەدی هاتوون. بە هەمان ڕادە کە ئەم نەریتانە هەبن، حیزبیش مەوجوودییەتی هەیە، دیارە ئەم نەریتانە نەک تەنیا لە ئامانجە بەرنامەیییەکاندا، بەڵکوو لە خەباتی کۆمۆنیستیی زیندوودا، لە کادرەکاندا، لە ڕێکخراوەکاندا، وە لە ڕەوشتە جێگیرکراوەکانی خەبات لە پێناوی سۆسیالیزمدا خۆ دەنوێنن. لێرەوە بە ڕوونی دەردەکەوێ کە لە خەبات بۆ پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستدا، مەسەلەی شێوەکارە کۆمۆنیستییەکان چەندە گرنگە. ئەگەر ئەم نەریتانە بە گشتی لەنێوماندا زیندوو بن، ئەگەر ڕەوشتە عەمەلییە بۆڵشەڤیکییەکان هەر وا بناغەی کاری کۆمۆنیستەکان بن، ئەو کاتە تەنانەت حیزبێک کە یەکجار لاواز و بێهێز کرابێ، حیزبێک کە هەموو شانەکانی هەڵسووڕاوانی لەژێر زەخت و زۆری پۆلیسدا لەبەریەک ترازابێ، وە یان حیزبێک بۆ نموونە لە شەڕێکی درێژخایەندا باشترین کادرەکانی خۆی لەدەست دابێ، هەر وا وەک حیزبێکی کۆمۆنیست دەمینێتەوە و دەتوانێ لە هەلومەرجێکی لەباردا سەرلەنوێ و بە خێرایی خۆی ساز بداتەوە.

بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ ئێمە دەیبینین و لە بەرچاومانە حیزبێکی بێهێز نییە، بەڵکوو هەر لە بنەڕەتەوە دابڕانێکی تەواوە لە حیزبایەتی. بۆڵشەڤیزم، دوایین ڕەوتی حیزبی بوو لە سەر ڕێبازی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ. کەلەبەرێکی قووڵ و بۆشایییەکی تەواو، لە ڕابوردوویەکی دوورەوە هەتا ئێستا، ئێمە لە دوایین خەباتی حیزبیمان لە حیزبی بۆڵشەڤیکدا وە لە باقی ئەو حیزبانەی کە ڕێڕەوی ڕێبازی بۆڵشەڤیزم بوون، جیا دەکاتەوە. ئێمە ئێستا خەریکی بەهێزکردنەوە و سازدانەوە و ڕێکخستنەوەی حیزبێکی زەبرلێکەوتوو لاوازکراو نیین، بەڵکە ئەرکی زیندووکردنەوەی حیزبێکی کۆمۆنیستیی ڕاستەقینەمان لە سەرشانە. بۆچی دەڵێین، دابڕان و بۆشایییەکی تەواو، ئێمە لە ئەزموونی بۆڵشەڤیزم جیا دەکاتەوە؟ چونکە نەریت و ڕەوشتەکانی خەباتی حیزبی بۆڵشەڤیکی نە پارێزراون، وە نە لای کەسان و نە لای ڕێکخراوەکان پێودانگی کاری ئەوان درێژەی پێ نەدراوە. لەم ڕووەوە، چ لە باری تیۆرییەوە یان لە باری ئامانج و سیاسەتەکانەوە، وە چ لە باری عەمەلییەوە، یانی لە باری شێوەی ڕێکخستن و پراکتیکی حیزبییەوە، ئەم لێکدابڕان و بۆشاییە، لێکدابڕان و بۆشایییەکی بە تەواوی بووە. ئێمە هەر بە شێوەیەکی خۆبەخۆ و ئاسایی بە میراتی بزووتنەوەکەی خۆمان پشتئەستوور نەبووین. ئێمە چاومان بە حیزبێک وە یان بە ڕەوتێکی مەوجودی بۆڵشەڤیکی نە پشکووت، بەڵکوو ئەرکی سەرشانی خۆمان بوو، سەرەتا بۆڵشەڤیزم لە

باری تیۆری و عەمەلییەوە، زیندوو بکەینەوە و لە هەردوو بارەوە بیژێنینەوە. ئێمە دەبووایە هەندێک شت سەرلەنوێ بخوڵقێنینەوە. پێشتر وتمان کە چۆن بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیست خۆی پوختەی خەبات و بووژاندنەوەی بۆلشەڤیزم لە ئاستی تیۆری و بەرنامەییدایە. ئێمە لە تیۆری و بەرنامەدا توانیومانە ڕیڤیژینیزم بە ڕادەیەک لە سەر ڕێگای مارکسیزم بخەینە لاوە، کە بکرێ ڕەوتێکی حیزبی لە دەوری بەرنامەی کۆمۆنیستی پێک بهێنین. بە وتەکی تر، "بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیست" بە ڕاستی بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستە، کە لەژێر دەست و پێی ڕیڤیژینیزم دەرهێنرایەوە و بەڵگەی سەربەخۆیی و تیۆری و بەرنامەی ئێمە لە بەرامبەر ڕیڤیژینیزم لە هەموو شێوە جیهانی و ناوچەییەکانیدایە. کەواتە، مەسەلەیەک کە دەمێنێتەوە، مەسەلەی شێوە عەمەلییەکانمانە. ئێمە ناتوانین تەنیا بە پشتئەستووری بەرنامەی کۆمۆنیستی، بەبێ دابڕان و خۆ جیاکردنەوەیەکی تەواو لەو شێوەکارانەی کە میراتی حیزبی تودە و ڕێبازی چریکی و شێوەکاری پۆپۆلیستی خەتی 3ن، کەلەبەری نێوان مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێران و بۆلشەڤیزم پڕ بکەینەوە، حیزبێکی کۆمۆنیست پێک بێنین و خەبات بە شێوەی حیزبی کۆمۆنیست لەنێو چینی کرێکاردا بەرەو پێش بەرین. ئێمە دەبێ ئەوە دەرک بکەین کە بەو ڕادەیەی ڕەوتی سەرەکیی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی ئێران لە چوار ساڵ لەمەو پێش چەندە لە باری تیۆرییەوە لە کۆمۆنیزم دوور بووە، ئەمڕۆ بە هەمان ڕادە لە کردەوەدا، لە باری شێوەکارەوە لە کۆمۆنیزم دوورین. کۆنگرەی ئێمە، ئەو باسانەی کە لە ماوەی هەفتەی ڕابوردوودا کردوویەتی، هەنگاوێکی دیاریکراوی لە سەر ڕێبازی گەشەی کۆمۆنیزمی ئێران هەڵهێناوەتەوە. ئێمە جارێکی تر پشتمان بە تیۆری لینینی ڕێکخستن بەستووە.

بەڵام کاتێک ئەم تیۆرییە بەیان بکەینەوە، بۆمان دەردەکەوێ هیچ شتێکی تازەمان نەوتووە. وەلی مەسەلەی بنەڕەتی ئەوەیە کە ئێمە ئەم فێرکارییە کۆنەی چینەکەی خۆمان دەنێینە بەرامبەر بیروباوەڕ و فۆرموولبەندییە "تازە"کانی چینەکانی ترەوە. بۆ گەڕاندنەوەیەکی ئاوا بە نرخ بۆ سەر میراتی لینینیزم، ئەم باسانە پێویست بوون. ئەگەر چاو لە بەرنامەی خۆمان بکەین، دەبینین، تیۆری لینینی ڕێکخستن لە بەندی 8ی بەرنامەدا بە ڕوونی خراوەتە ڕوو، وە ئێمە بەکردەوە لێی غافڵ بووین و لە بەرچاومان نەبووە، دووپاتمان کردۆتەوە و بە سەریدا بازمان داوە.



بەرنامەی ئێمە دەڵێ، مەرجی پێویستی دامەزراندنی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا بریتییە لەوەی حیزبێکی کۆمۆنیست هەبێ، کە هەموو لایەنەکانی خەباتی چینایەتیی پرۆلیتاریا ڕابەری بکات، چینی کرێکار لە بەرژەوەندییە چینایەتییەکەی ئاگادار بکاتەوە، لە ڕیزی سەربەخۆی چینایەتی خۆیدا ڕێکی بخات، دەسەڵاتی سیاسی لە پێشەوەی جەماوەری کرێکارەوە بە دەستەوە بگرێت. حیزبی کۆمۆنیست، حیزبێ کە بۆ ڕێکخستنی شۆڕشی کۆمەڵایەتیی پرۆلیتاریایە. ئەو کارە پرۆلیتێرییەی کە لە بەرنامەی ئێمەدا باس کراوە، ئەو ڕێکخراوەشی دیاری کردووە کە پێویستی پێی هەیە، واتە حیزبی کۆمۆنیستی دیاری کردووە، بناغەی تیۆری لینینیی ڕێکخستن بریتییە لە: پێناسەکردنی ئەرکەکان و تایبەتییەکانی ئەم حیزبە، بەپێی پێداویستییەکانی شۆڕشی کۆمەڵایەتیی پرۆلیتاریا. باشە ئێمە لە چی دەگەڕێین؟ ئەرکی دەستبەجێمان ئەوە بوو کە ڕێکخراوێک پێک بێنین کە خاوەنی ئەم تایبەتییانە بێ، وە ئەو ئەرکانە بخەینە سەرشانی کە لە بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستدا باسیان لێوە کراوە. ئێستا پاش چەند مانگ سەرئاڵۆزی و چەند ڕۆژ قسە و باس لێکردن، تازە گەیشتووینەتە شوێنێک کە لە بەرنامەدا بە ڕوونی دیاری کرابوو، بەڵام هەموو گرنگی مەسەلەکە لەوەدایە کە ئەمجارە ئێمە بە ڕەخنەگرتن لە سەر تا پای ئەو دەزگا پۆپۆلیستییە، ئەم خاڵەمان بە قووڵی دەرک پێ کردووە. پێناسەی حیزب و تایبەتییەکان و ئەرکەکانی، پێشتر لە بەرنامەی "یەکێتیی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست"یشدا هاتبووە گۆڕ، بەڵام گیروگرفتەکە لەوەدا بوو، کە پێمان وابوو نەک تەنیا خۆمان، بەڵکوو لانی کەم خەتی 3ش ئەم باسە تێدەگەن. بەڵام وا نەبوو، هەر وەک ئێستا پاش باسەکانی ئەم کۆنگرەیە ڕوون بووەتەوە، ئەم تێگەیشتنە، تێگەیشتنێکی قووڵ نەبووە و کاری نەکردبووە سەر پراکتیکی ڕێکخراوەیی ئێمە (جا چ بگاتە خەتی 3).

بەڵام ئێستا باسەکە بە کوێ گەیشتووە؟ من باسەکانی پێشوو دووپات ناکەمەوە و تەنیا باسی ئەوە دەکەم، کە چۆن ئەڵقەی سەرەکیی باسی شێوەکار دۆزرایەوە.

هاوڕێ حەمید تەقوایی (ت. یەشار) لە دوایین نۆرەی قسەکانیدا، دیسان دووپاتی کردەوە، کە بە بڕوای ئەو، ڕێکخراوچێتی و جیایی ڕێکخراو لە چین و پێشڕەوانی چین (واتە، سیکتاریزم بە مانای گشتیی خۆی)، ئەڵقەی سەرەکییە لە ڕەخنەگرتن لە شێوەکاری پۆپۆلیستیدا، وە لە سەر ئەو بڕوایەیە کە بەم فۆرموولبەندییە سەرەکییە، دەکرێ شوێنەواری نموونە جۆراوجۆرەکانی ئەو ڕەوشتانە ڕوون کەیتەوە. ئەو

فۆرموولبەندییەی کە هاوڕێ حەمید پێشکەشی کرد، زۆر سەرنجراکێش بوو. هاوڕێ حەمید وتی ئەگەر بمانەوێ تایبەتیی سەرەکیی شێوەکاری پۆپۆلیستی بە قوولترین شێوە بەیان بکەین، دەبێ بڵێین، ئەو تایبەتییە بریتیە لە "جێگر (نائب)ی جەماوەر لە کاروباری شۆڕشدا"، وە ئەم تایبەتییە، خەسڵەتێکی وردەبۆرژوایی بەو شێوەکارە دەبەخشێ، وە ئەمە قوولترین بەیانی ڕەخنەی ئێمە بەرامبەر بە ڕەوشتە پۆپۆلیستییەکانە.

بەڵام ئەگەر زیاتر لەو وتەیە واتە، "جێگری جەماوەر لە کاروباری شۆڕش"دا ورد بینەوە، قوولتر تێی فکرین، تایبەتییەکی زەقی پۆپۆلیستی تیادا بە دی دەکەین. جێگری <u>کام</u> جەماوەر لە کاروباری <u>کام</u> شۆڕشدا؟ ئایا ئەو تایبەتمەندییە کە کاری عەمەلیی ڕێکخراوەیی کۆمۆنیستی لە باقی شێوەکان جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە جێگری جەماوەر لە کاروباری شۆڕشدا نییە؟ لێرەدا <u>چ</u> شۆڕشێک مەبەستە و پۆپۆلیستەکان جێگری کام جەماوەر بوون؟ لەم فۆرموولبەندییەدا بە شێوەیەکی کۆنکرێت باسی شۆڕشێک کراوە، بەبێ ناوەڕۆکە چینایەتییەکەی و هەر بەم سیمایەوە خۆ دەنوێنێ. کلیلی ڕەخنەگرتن لە شێوەکاری پۆپۆلیستی لەوەدایە کە ئەم فۆرموولبەندییە بدەیتە بەر ڕەخنە و لێی واوەتر بڕۆی، لێرەدا شۆڕشگێڕێتی ئێمە بە شێوەی ناڕەخنەگرانە لەگەڵ شۆڕشگێڕێتی جەماوەر بە گشتی، وە یان بە وتەیەکی تر لەگەڵ شۆڕشگێڕێتی وردەبۆرژوایی بە یەکسان دادەنرێن. لەم فۆرموولبەندییەدا، جیاوازی نێوان ئێمە و پۆپۆلیستەکان لە کاروباری ڕێکخراوەییدا، تەنیا لەوەندەدا خولاسە دەکرێتەوە، کە گوایە پۆپۆلیستەکان لەم "شۆڕش"ەدا خۆیان دەکەن بە <u>جێگری</u> "جەماوەر"، بەڵام دەبێ ئێمە جەماوەر خۆی بێنینە مەیدان. لەم فۆرموولبەندییەدا ئەو "شۆڕش"ەی کە مەبەستی ئێمەیە و هەروەها شۆڕشگێڕێتی ئێمە لە شۆڕشگێڕێتی "جەماوەر" و وردەبۆرژواکان جیا ناکرێتەوە. بەڵام قسەکە ڕێک هەر لەسەر ئەوەیە، کە ئێمەی کۆمۆنیست، ڕێکخراوێک پێک دێنین، بۆ بەئەنجامگەیاندنی شۆڕشێکی پێناسەکراو واتە: <u>شۆڕشی پرۆلیتێری</u>. ڕێکخستنی کاری شۆڕشگێڕانە ئەرکی هەموو ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستییە. ڕێکخراوی شۆڕشگێڕ خۆی ڕێکخراوێکە کە کاری شۆڕشگێڕانەی جەماوەرێکی دیاریکراو ڕێک بخا و ڕابەرایەتی بکا. ڕێکخراوێکە ڕێکخستنی شۆڕشی مەبەستە. ئێمە لە بەرنامەکەماندا وتوومانە کە دەمانەوێ ڕێکخراوێک دروست بکەین کە ڕێکخستن و ڕابەریکردنی شۆڕشێک بگرێتە ئەستۆ. بەڵام ئەمە چ شۆڕشێکە؟ دیارە مەبەست شۆڕشی



کۆمەڵایەتیی پرۆلیتاریایە. کەواتە، قسە لەسەر ئەوە نییە، کە ئایا ئێمە وەک ڕێکخراوێک دەبینە "جێگری جەماوەر لە کاروباری شۆڕشدا" یان نابین، بەڵکوو قسەکە ڕێک لە سەر ئەوەیە، کە <u>کام</u> شۆڕش دەبێ فەلسەفەی بوونی ڕێکخراوی ئێمە یانی، ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی بێ، وە تایبەتییە عەمەلییەکانی کاری ڕێکخراوەیی ئێمە یانی، ڕێکخراوی کۆمۆنیستی بێ، وە تایبەتییە عەمەلییەکانی کاری ڕێکخراوەیی ئێمە، دەبێ بەر لە هەموو شتێک، لەگەڵ پێویستییەکانی <u>کام</u> شۆڕش دیاری بکرێ.

چۆن ئێمە کە بە درێژایی خەباتی ئایدیۆلۆژیکی تا ئێستامان، شۆڕشگێڕێتی وردەبۆرژواییمان لە لایەنە جۆراوجۆرەکانیدا داوەتە بەر ڕەخنە و لە بەرامبەریدا هەمیشە پێمان لە سەر شۆڕشگێڕێتی سۆسیالیستیی پرۆلیتاریا داگرتووە، ئێستا کە دێین بناغەکانی کاری ڕێکخراوەیی بەیان بکەین، هەر ئەو ڕەوتە ڕەخنەگرانەیە درێژە پێ نادەین و دیسانەوە بە شێوەیەکی ناڕەخنەگرانە باسی "شۆڕش" بە گشتی دەکەین، باسی ناوەڕۆکەکەی ناکەین و لای خۆمان وای دادەنێین کە مەبەست ناوەڕۆکێکی دیاریکراوە و قسەکە دەبەینە سەر جێگربوون و جێگرنەبوون؟ چۆن ئێمە کە لەمەوبەر بناغەکانی شۆڕشگێڕێتی وردەبۆرژواییمان هەر لە فەلسەفەوە هەتا ئابووری و سیاسەت ناسیوە و شیمان کردۆتەوە، وە پەردەمان لەسەر ئەوە لاداوە، کە ئەم شۆڕشگێڕێتییە وردەبۆرژواییە لە چوارچێوەی خەباتی سەروو چینایەتی "دژ بە ڕژێم"دا قەتیس ماوە، ئێستا کە دێینە سەر باسی تیۆری ڕێکخستن، دیسانەوە ڕێکخستن لە "شۆڕش" بە گشتی هەڵدەهێنجین و ناوەڕۆکی شۆڕشێک کە دەبێ فەلسەفەی بوونی ڕێکخراوەیی ئێمە، ڕێکخستنی ئەو شۆڕشە بێ، دیاری ناکەین؟ بۆچی تەنیا هەر بەوەندە قەناعەت دەکەین کە بڵێین، نابێ "جێگری جەماوەر لە کاروباری شۆڕش"دا بین؟ لێرەدا ئەو ناڕۆشنییەی کە لە فۆرموولبەندیی مەسەلەکەدا بوومان، بە تەواوی لەناودەچێ: دەبێ لە ڕوانگەی ڕێکخستنی شۆڕشی پرۆلیتێرییەوە بۆ باسی شێوەکار بچین، ئێمە ڕێکخراوی خۆمان بۆ ئەوە دەوێ، بۆ ئەوەی شۆڕشێکی دیاریکراو واتا، شۆڕشی سۆسیالیستیی پرۆلیتاریا ڕێک بخات. وە ئەمە تایبەتمەندییەکانی ڕەوشتە عەمەلییەکانمان دیاری دەکات. تەبلیغی ئێمە، تەرویجی ئێمە و ڕێکخستنی ئێمە، جگە لە ئامادەکردنی پرۆلیتاریا بۆ بەڕێوەبردنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی، هیچ ئامانج و مەبەستێکی دیکەی نییە. باقی شۆڕشەکان لە بەر تیشکی ئەم ئامانجە بنەڕەتییەدا جێوشوێنیان بۆ دیاری دەکرێ. ئەمانە بە ڕوونی لە بەرنامەی

ئێستاماندا کراون. وه تەنانەت لەسەر وتاری "بسوی سۆسیالیزم_ی ژماره 2"دا جەختمان له سەر ئەم مەسەلەیه کردبوو. ئێمه وتوبوومان که سازمانی کۆمۆنیستیی حیزبی کۆمۆنیست، ئامرازێکه بۆ لەناوبردن و سڕینەوەی دووبەرەکانی و پرژوبڵاوی له ڕیزەکانی چینی کرێکار، ئاگادارکردنی ئەو چینه له بەرژەوەندییەکانی خۆی و ڕێکخستنی به تایبەت له حیزبی سیاسیی چینایەتی خۆی و بەسەرەنجامگەیاندنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی. کۆڵەکەی سەرەکیی تیۆری لێنینی ڕێکخستنیش هەر ئەمەیه، وه ئێمه به شێوەیەکی چەوت بۆ دۆزینەوەی تیۆری ڕێکخستن ڕووی سەرنجی خۆمان کردبووه لایەنه تەکنیکییەکانی تیۆری ڕێکخراوەیی، وه شێوەکانی تەبلیغ و تەرویج و ڕێکخستن، وه هەر لەم چوارجێوەیەدا به شوێنیدا دەگەڕاین. ئێمه له بیرمان چووبۆوه که تیۆری ڕێکخستن به هەر حاڵ خۆی تیۆرییەکه. کەواته، وەک تیۆرییەک دەبێ سەرەتا ڕوونی بکاتەوه که ڕێکخستن بۆچی پێویسته. بۆچی ڕێکخراوی کۆمۆنیستی پێویسته؟ ئەمه یەکەم پرسیاره له تیۆری ڕێکخستندا. ئەگەر ئێمه به باشی ئەو پێویستییه ماددی و کۆمەڵایەتییه بناسین که بوون و وجوودی ڕێکخستن لێیەوه سەرچاوه دەگرێ، ئەو دەمه دەتوانین به ڕوونی ئەو تایبەتییانەش دیاری بکەین که ئەم ڕێکخستنه بۆ وەڵامدانەوه بەو پێویستییانه دەبێ بیبێ. ئەگەر مەبەستی کەسێک ئەوه بێ که شۆڕشی پرۆلیتێری ڕێک بخات، دیاره ئەو ڕێکخستنەی دروستی دەکات، دەبێ وەڵامگۆی پێویستییەکانی ئەو شۆڕشه بێت، یانی چینی کرێکار بۆ ئەم شۆڕشه ڕێک بخات. بابەتی کاری ئێمه و ناوەڕۆکی کار و شێوەی ڕەوشتمان هەر له ڕووی ئەم ئامانج و مەبەستەوه دیاری دەکرێن.

بەڵام گرێی کارەکه لەوەدا بوو، که ئێمه سەرەڕای ئەوەی که خاوەنی بیروڕای ڕوون و ڕاشکاوی بەرنامەیی بووین، لەو جێگایەی گەیشتینه ڕێکخستن، بەکردەوه شۆڕشگێڕیتی خۆمان هەتا ڕادەی وردەبۆرژوایی هێنایه خوارەوه و دامان شکاند. باسی شۆڕش و پێویستی ڕێکخستنی شۆڕشمان کرد، بەڵام ئەوەمان ڕوون نەکردەوه که پێویستیی ڕێکخستنی ئێمه به شێوەیەکی تایبەتی و به شێوەیەکی کۆنکرێت له کام شۆڕشەوه سەرچاوه دەگرێ. ئێمه له کردەوەدا، شۆڕشی کۆمەڵایەتیی پرۆلیتاریامان لەگەڵ ئەو شۆڕشەی که بیلفیعل به بەرچاومانەوه بوو، شۆڕشێکی بیلفیعل که قۆناغێک یان برگەیەکه له شۆڕشی کۆمەڵایەتی پرۆلیتاریا، به یەک شت دانابوو. ئێمه له ڕووی پێویستی "شۆڕش"ەوه، به پێویستیی ڕێکخراوی خۆمان گەیشتین، وه نامانه



پێناو "شۆڕش"، بەڵام لەو جێگایەی باسی ئەرکه ڕێکخراوەییەکانمان دەهاته گۆڕ، وامان دادەنا، ئەو شۆڕشەی که فەلسەفەی وجودی ڕێکخراوبوونی ئێمەی کۆمۆنیسته، هەر ئەو شۆڕشه بیلفیعلەیه که له مەیداندایه و لەمه واوەتر نەچووین. کەواته، جیاوازی نێوان ئێمه و ڕێکخراوه وردەبۆرژواییەکانی فیدایی و پەیکار و ... هتد. بەکردەوه لەوەدا خولاسه کرابۆوه، که ئێمه بۆ نموونه، بۆ ئەم شۆڕشه بەرنامەیەکی هەمه لایەنەمان هەبوو، بەڵام ئەوان هەر له بنەڕەتەوه شۆڕشه بیلفیعلەکەشیان له خەباتی "دژی ڕژێم"دا خولاسه دەکردەوه. چەمکی وەک "هێزی شۆڕشگێڕ"، "کاری شۆڕشگێڕانه" و "ڕێکخراوی شۆڕشگێڕ" و ئەم جۆره شتانه، بەپێی ئەم شۆڕشه و تەنیا به پێوانەی ئەم شۆڕشه دیاری دەکران، لێرەدا تەنانەت شۆڕشگێڕیتی ئێمه دەنرایه گرەوی وجودی شۆڕشێکی بیلفیعلەوه. ئایا به ڕاستی ئەگەر "جێگری جەماوەربوون له کاروباری شۆڕشدا" مەسەلەی ئێمەیه، ئەگەر هاتوو سەردەمێک شۆڕشێک له ئارادا نەبوو، ئەو کاته ئیتر ئێمه شۆڕشگێڕ نیین؟ ئایا ئێمه که زیاتر له 130 ساڵ لەمەو بەرەوه خەریکی ڕێکخستنی شۆڕشی کۆمەڵایەتیی پرۆلیتاریا نەبووین، وه بەم پێیه کاری شۆڕشگێڕانەمان نەکردووه؟ باشه ئەو کاره شۆڕشگێڕانەیه چییه که مارکس و لێنین و ئێمه و دەیان شانه و ڕێکخراوی کۆمۆنیستی لێک هەڵدەپێکێ و لەگەڵ یەکتر پەیوەندمان دەدا؟ ئایا لایەنی هاوبەشی هەمووومان، خەسڵەتی شۆڕشگێڕانەی هەمووومان، جگه له بەشداریکردنمان له ڕێکخستنی شۆڕشی کۆمەڵایەتیی پرۆلیتاریا، شتێکی تره؟

گرێی سەرەکیی مەسەلەکه لەوەدا بوو، که ڕێکخستنمان له سیاسەت هەڵنەهێنجا. یان به وتەیەکی ڕوونتر، جووڵانەوەی ڕێکخراوەیی خۆمان نه هێنابووه ژێر چاودێری سیاسەتی ڕاگەیەندراو و بنەڕەتیمان. ئەم سیاسته بنەڕەتییه، یانی خەبات بۆ ڕێکخستنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی، خەبات بۆ سۆسیالیزممان به سیاسەت و خەباتێکی زیندوو و دەمودەست نه دەزانی، وه ئامانجه سۆسیالیستییەکانی خۆمان له کردەوەدا، وه به مانای پراکتیکی وشەکه وەک ئامانجێکی شۆڕشگێڕانه و دەستبەجێ نه نابووه دەستووری خۆمانەوه، ئێمه شۆڕشمان تەنیا بەو شۆڕشه دەزانی که له ئارادابوو، وه دیاره مۆری سەنگ و سووکییەکی دیاریکراوی هێزه چینایەتییەکانی پێوه بووه، ئێمه وامان چاو له مەسەلەکه نەدەکرد که شۆڕشگێڕیتیمان و ئەو کاره شۆڕشگێڕانەیەی که هەمیشه له ئەستۆمانه، به بۆنەی ئەو شۆڕشه کۆمەڵایەتییەوەیه که نزیکەی سەد

ساڵە کاتی گەیشتووە، وە لەو شۆڕشەوە سەرچاوە دەگرێ، کە نزیکەی سەدەیەکە ئیشی دەستبەجێی ئێمەیە، بەڵکوو لامان وا بوو، شۆڕشگێڕێتیمان و کاری شۆڕشگێڕانەمان لە پەیوەند لەگەڵ شۆڕشگێڕێتییەکدایە کە بە شۆڕشێکی بیلفیعل و زیندووەوە بەندە. کاری شۆڕشگێڕانە بە لای ئێمەوە تەنیا لە پەیوەند لەگەڵ شۆڕێکی بیلفیعلدا مانا دەبەخشێ و هەر بەم بۆنەیەوە کاتێک دەستمان دەدایە ڕێکخستنی کاری شۆڕشگێڕانە (یانی کاتێک ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕانەمان پێک دەهێنا)، ڕێکخستنی شۆڕشی پرۆلیتاریمان بە شێوەیەکی گشتی لەبەرچاو نەبوو، بەڵکە تەنیا ڕێکخستنی ئەو شۆڕشە دیموکراتییەمان لە بەرچاو بوو کە لە ئارادا بوو. بەڵێ، ئێمە ڕێکخستنمان بۆ کاروباری شۆڕش پێک هێنابوو، لەم ڕێگایەدا کۆڵنەدەرانە هەوڵمان دا و گیانبازیمان کرد، بەڵام ئەو "کاروباری شۆڕش"ە، تەنیا بریتی بوو لە کاروباری شۆڕشێکی دیاریکراو و بیلفیعل، شۆڕشێک کە ڕاستەوخۆ شۆڕشی کۆمەڵایەتیی پرۆلیتاریا نەبوو، شۆڕشێک کە بناغەکەی بە تایبەتی لە پرۆلیتاریا و ئامانجە سۆسیالیستییەکانی پێک نەهاتبوو، بەڵکوو لە چینە جۆراوجۆرەکان و ئامانجە دیموکراتیکە هاوبەشەکانیان پێک هاتبوو.

خاڵی سەرەکی لێرەدا بوو، کە ئێمە خۆمان لە کردەوەدا، مەسەلەی شۆڕشی پرۆلیتێریمان وەک مەسەلەیەکی واقیعی و هەمیشەیی، وە بەم بۆنەیەوە دەستبەجێ، بەو مانایە کە لێنین باسی گەیشتنی سەردەمی ئەو شۆڕشە دەکا (وە بۆ ئێمە ئیتر لە مێژە سەردەمی گەیشتووە)، لە بەرچاو نەگرت. ئیشی هەمیشەیی ئیشێکە کە هەمیشە دەستبەجێ و دەمودەستە. واتا هەمیشە و لە هەموو حاڵێکدا دەبێ دەستبەجێ دەستی بدەیتێ، شۆڕشی پرۆلیتێری دەبووا بۆ ئێمە جێگاوشوێنێکی ئاوای هەبێ. بەڵام شۆڕشێک کە بیلفیعل لە ئارادا بوو، ئێمەی بە جۆرێک خەریکی خۆی کردبوو کە هەر لە بنەڕەتەوە لە پەیوەند لەگەڵ ئەو شۆڕشەدا، لە دەستەواژەی شۆڕش و شۆڕشگێڕێتی دەگەیشتین، وە بەم بۆنەیەوە هەموو هێزێکی کۆمەڵایەتی_ چینایەتیمان تەنها بەرەو ئەو شۆڕشە دەبرد، جا چ خۆمان بووبین بە جێگری ئەو هێزە، چ خۆیمان بانگەواز کردبا (کە بە هەردوو بارەکەیدا بۆی چووبووین). چ لەو جێگایەی بە سۆراغی چینی کرێکارەوە نەچووبووین و کاری ڕاستەوخۆی خۆمان و ئاکسیۆنی خۆمان و هێزی ڕێکخراوی خۆمان لە جێگای ئەو دانا، وە چ لەو جێگایەی کە ڕوومان کردووەتە جەماوەری ئەو چینە و بانگەوازمان بۆ کاری شۆڕشگێڕانە کرد، لە هەموو



ئەم حاڵەتانەدا، ئەو کارە شۆڕشگێڕانەیەی وا لە بەرچاومان بوو، کارێک بوو، تەنها پەیوەندی بە شۆڕشێکی بیلفیعل و زیندووەوە هەبوو، نەک بە شۆڕشێکەوە کە دەبێ لەنێو دڵی ئەم شۆڕشە بیلفیعلەوە، وە لە پێکدادانی ئەم شەپۆڵە چینایەتییانەدا لەدایک بێت.

لەسەر ئەوە جەخت دەکەمەوە کە ئەم شۆڕشەی ئێستا لە ئێران لە ئارادایە، شۆڕشێکی ڕاستەقینەیە. گرنگترین ئاڵوگۆڕی مێژوویی ئەم سەردەمەی ئێران و خۆشەویستترین ڕووداوی مێژوویی بۆ پرۆلیتاریای ئێران و ئێمەی کۆمۆنیستە. وە دەبێ پەرەی پێ بدرێ و قووڵ کرێتەوە و پێشڕەوانی کۆمۆنیستی چینی کرێکار ڕابەرییەکەی بەدەستەوە بگرن. بەڵام ئەگەر شۆڕش و شۆڕشگێڕێتی تەنیا لە شۆڕشێکی بیلفیعلدا ببینین و لە وەڵامدانەوە بە پێویستییە قۆناغییەکانی ئەم شۆڕشەدا خولاسەی بکەینەوە، ئەمە مەترسییەکە کە لە سەردەمی شۆڕشگێڕانەدا هەڕەشە لە هەموو حیزبە کۆمۆنیستەکان دەکات. ئێمە وامان کرد، ئێمە لە کاری ڕێکخراوەییدا کەوتینە شوێن شۆڕشێک کە بەهۆی تایبەتییە خۆیی و بابەتییەکانی لە شکڵی ڕاستەوخۆیدا، ناوەڕۆکێکی لەوە بەرتەسکتر لەو شۆڕشە کۆمەڵایەتییەی هەبوو کە فەلسەفەی وجوودی ئێمەیە. ئەم شوێن کەوتووییە عەمەلییە، بوو بە هۆی ئەوەی ئێمە تەنانەت نەتوانین لە هێزی ئەم شۆڕشە بۆ نزیکترکردنەوەی ئەو شۆڕشە، کەڵکێکی ئەوتۆ وەربگرین.

پێشتر وە بە تایبەت هەر لەم کۆنگرەیەدا، گەلێک جار لەسەر ئەوە ڕۆیشتین، کە نابێ سۆسیالیزم و خەباتی سۆسیالیستی لە چوارچێوەی تەرویج و شیکردنەوەی نوسراوە کلاسیکییە مارکسیستییەکاندا بەرتەسک بکرێنەوە، بەڵام بە ڕاستی بۆچی بە لای ئەوەدا نەچووین کە سۆسیالیزم بە مانا عەمەلییەکەی، شۆڕشمان وەبیر بێنێتەوە. بۆچی سۆسیالیزم لەگەڵ شۆڕشی سۆسیالیستی هاوتا نەبوو، وە بۆچی شۆڕشی سۆسیالیستی بە مانای ڕاستەقینەی وشەکە، وەک ئیشێک کە دەبێ دەستبەجێ هەنگاوی بۆ هەڵگیرێ، چاوی لێ نەدەکرا؟ هەر وەکوو باسم کرد، هۆیەکەی ئەوە بوو، کە کاتێک مەسەلەکە لە باری عەمەلی و ڕێکخراوەیییەوە دەهاتە گۆڕ، بەکردەوە ڕەخنەگرتن لە شۆڕشگێڕێتی وردەبۆرژواییمان وەلا دەنا. ئێمە لە باری تیۆری و سیاسییەوە، لە ڕوانگەی پرۆلیتێرییەوە، بە تەواوی شۆڕشگێڕێتی وردەبۆرژواییمان دابووە بەر ڕەخنە، بەڵام بەکردەوە، دەستەواژەی کاری شۆڕشگێڕانەمان لە

چوارچێوەی مانای وردەبۆرژوایی ئەو دەستەواژەیەدا بەرتەسک کردەوە، بیروڕا و بەرنامەی ئێمە، بە ڕوونی ئێمەیان لە سۆسیالیزم و شۆڕشگێڕیتی وردەبۆرژوازی جیا دەکردەوە و سنوورێکی ڕۆشنیان لەم نێوەدا دەکێشا، بەڵام لە کردەوەدا، تیۆری وردەبۆرژوایی ڕێکخستن، لە خۆوە جێگای تیۆری لێنینی ڕێکخراوەیی دەگرتەوە. ئێمە لە سەروتاری "بسووی سۆسیالیزم_ی ژمارە 2"دا، وە لە وتار و نووسراوی جۆراوجۆری دیکەدا، ئەم ڕاستییەمان ئاشکرا کردبوو، کە پۆپۆلیستەکان و وردەبۆرژواکان، لە ڕووی پێویستییەکانی بزووتنەوەیەکی دیموکراتیکەوە، لە پێویستبوونی حیزبی کۆمۆنیست دەگەن. ئێمە لە بەرنامەی "یەکێتیی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست"دا، وە پاشان لە بەرنامەی حیزبدا، حوکمی بنەڕەتیی تیۆری لێنینیی ڕێکخستنمان بە ڕوونی ڕاگەیاند، بەڵام لە کردەوەدا ئەم حوکمە ئوسوولییانەمان نایە لاوە و (یەکێتیی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست) و هەموو تاکە ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی دیکەمان بە سەنگی پێویستییەکانی بزووتنەوەیەکی دیموکراتیک هەڵسەنگاند و بەراوردمان کرد. یانی شکڵی تەبلیغ، تەرویج، ڕێکخستن، ئەرکەکانی ناوخۆی ڕێکخستن و بە گشتی پراتیکی ڕێکخراوەییمان بە جۆرێک دیاری کردبوو، وە نابوومانە بەرپێی خۆمان، کە تەنها وەڵامدەرەوەی کاروبارێکی شۆڕشێکی دیموکراتیکی زیندوو بوون.

بەم جۆرە ئاشکرایە، بە ڕێکخستنێکەوە کە تەنیا لە پێناو شۆڕشگێڕیتی بەرتەسکی دیموکراتیکدایە و لەو چوارچێوەیەدا خۆی بەستۆتەوە، ناکرێ ئامانج و بەرنامەی سۆسیالیستی بەڕێوە بەرێ. ئەم جۆرە ڕێکخستنە ئامرازێک نییە کە بۆ ئەو ئامانج و مەبەستە دروست کرابێ. ڕێکخستنێک کە بەکردەوە لە سەر ئەو بنچینەیە دامەزراوە، کە هەموو توێژەکانی خەڵک، بە خوێندکار، کاسبکار، مووچەخۆر و کرێکار ... هوە بۆ بەدیهێنانی کۆماری دیموکراتیک کۆ بکاتەوە و ڕێکیان بخات، ئەگەریش بە ڕاستی نەیەوێت جێگری جەماوەر بێت، چۆن دەتوانێت ئامرازێک بێت بۆ ڕێکخستنی شۆڕشی کۆمەڵایەتیی پرۆلیتاریا؟ دیارە چینی کرێکار نابێتە بابەتی سەرەکیی ڕێکخراوەی ئاوا، دیارە پشت بە شانەی حیزبی نابەستێ، دیارە دەبێ خۆتی پێوە ماندوو بکەی، بۆ ئەوەی بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیست بکاتە بناغە و بنچینەی هەڵسووڕانی ڕۆژانەی ڕێکخراوەیی و تەبلیغ و تەرویجی خۆی، دیارە بە بۆچوونێکی ئاکادیمیستییەوە چاو لە تەرویجی بەرنامە دەکات. بە لای ڕێکخستنێکەوە کە شێوەکاری پۆپۆلیستی هەیە،



سۆسیالیزم دەبێتە شتێکی موجەڕەد، وە کاری شۆڕشگێڕانەی دیموکراتیک، بە تاقە کاری ڕاستەقینەی حیساب دەکرێ. بێگومان ڕێکخستنێکی ئاوا، سۆسیالیزم بە تەواوی لەبیر ناباتەوە، بەڵام تەنیا وەک شتێکی "تەرویجی" چاوی لێ دەکات. هەر بەو مانا ئاکادیمییەی کە پێشتر باسم کرد. ڕێکخستنێکی لەم چەشنە بە کۆمەڵانی کرێکار دەڵێ: "سۆسیالیزم بزانە"، چەوسانەوە بناسە"، بەڵام لە دژی "ڕژێم" خەبات بکە. "هۆشیارییەکەت سۆسیالیستی بێ و کارەکەت شۆڕشگێڕانەی دیموکراتیک بێ". ئەم جۆرە ڕێکخستنە لە ئاستی هۆشیارکردنەوەدا (ئەویش لە باشترین حاڵەتی خۆیدا)، باسی سۆسیالیزم دەکا، بەڵام لە مەیدانی کاری ڕاستەوخۆدا، لە ئاستی کاری شۆڕشگێڕانەدا دیموکراتیزم و تەنیا دیموکراتیزم بەڕێوە دەبات. ڕێکخستنێکی لەم چەشنە بە ناچاری، تانوپۆیەکی گشتی و ناچینایەتی لەخۆ دەگرێ و شێوە و ڕەوشتی وا ڕەچاو دەکات، کە لەگەڵ کاری شۆڕشگێڕانەی دیموکراتیک بێتەوە، بەڵام دەشێ لە ئاستی ڕابەرایەتیدا، وە لە بڵاوکراوەی سیاسیی تیۆریدا، باسی سۆسیالیزم بکا.

ئەمە ئەو تایبەتییە سەرەکییەی شێوەکاری وردەبۆرژواییە، کە ئەو ڕێکخراوانەش وا غەیرە سیکتاریستن و خاوەنی نفووزی جەماوەرین، هەر ئەم تایبەتییەیان هەیە. فۆرموولبەندییەکەی هاوڕێ حەمیدی تەقوایی، یانی جیایی ڕێکخراو لە جەماوەر، وە یان بوون بە جێگری جەماوەر، کاتێک باسی ڕێکخراوێکی وەکوو کۆمەڵە دەکەین کە خاوەنی نفووزی جەماوەرییە، ئیتر کەڵکی خۆی لە دەست دەدات. مەسەلەی سەرەکی لەوەدایە، کە ئەم جۆرە ڕێکخراوانەش تەنانەت کاتێک خودی جەماوەر دەهێننە مەیدان، کارێکی شۆڕشگێڕانەی دیاریکراو دەنێنە بەرپێی ئەوان و ڕێکی دەخەن، کە تەنیا چوارچێوەی شۆڕش و بزووتنەوەیەکی بیلفیعل و زیندووی لەبەرچاوە، بە هیچ شێوەیەک لەم چوارچێوەیە واوەتر ناچێ. شۆڕش و بزووتنەوەیەک کە بە شێوەیەکی کۆنکرێت ڕاستەوخۆ سۆسیالیستی نییە و خاوەنی تایبەتییەکی گشتیی دیموکراتیکە.

بۆچوونی پۆپۆلیستی لە زەمینەی ڕێکخستندا، لە دروستکردنی ڕێکخراوەی شۆڕشگێڕ بۆ ڕێکخستنی شۆڕشی کۆمەڵایەتیی پرۆلیتاریا، خۆ لادەدا، چونکە هەر لە بنەڕەتەوە ئەم کارە بە مانای مەلمووس و بابەتیی وشەکە، بە کاری شۆڕشگێڕانە نازانێ، وە بەم بۆنەیەوە هەرکەس بە خێرایی و دەستبەجێ خوازیاری ڕێکخستنی چینی کرێکار لە حیزبی سەربەخۆی چینایەتیی خۆیدا بێ، هەرکەس هۆشیارکردنەوەی پرۆلیتاریا بە بەرژەوەندیی سەربەخۆی چینایەتی (واتە، بەرژەوەندیی سۆسیالیستی)، وەک ئەرکی

هەرە پێویست و هەموو ڕۆژەی ڕێکخراوەیی چاولێ بکا و پێی لەسەر دابگرێ، لە لایەن پۆپۆلیزمەوە ئەم وەڵامەی پێ دەدرێتەوە، کە ئەمە کاری ئارامی سیاسییە! جێگای سەرسووڕمانە کە ڕێکخستنی شۆڕشی کۆمەڵایەتیی پرۆلیتاریا و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی (واتە، ئیشێک کە دەیان ساڵە وەدرەنگ کەوتووە و کەوتۆتە دواوە)، پێی بگوترێ "کاری ئارامی سیاسی"!

نموونەیەکی تر لە بەرەنگاربوونەوەی پۆپۆلیستی بەرانبەر بە ڕەچاوکردنی شێوەکاری کۆمۆنیستی ئەوەیە، کە هەرکەس پێ لەسەر ئەوە دابگرێ کە کاری سۆسیالیستی (بە تەبلیغ و تەرویج و ڕێکخستنی سۆسیالیستی چینی کرێکارەوە) بە خێرایی و دەستبەجێ دەستی بدرێتێ، پێی دەوترێت ڤۆلۆنتاریست و ئیرادەگەر. کاری سۆسیالیستی بە لای سۆسیالیستەکانەوە، سەرەرای هەموو بانگەشەکانیان، سەرەنجام دەنرێتە گرەوی پلەیەک لە بزووتنەوەی خۆڕسکی چینی کرێکارەوە و پێوەی دەبەسترێتەوە. لەم بۆچوونەدا، بزووتنەوەی سۆسیالیستی وەک بزووتنەوەی چینی کرێکار چاوی لێ ناکرێ و تەنیا دەبێتە بەرەی موخالیفی بزووتنەوەی "خۆبەخۆ". لێرەدا ئەو ڕاستییە فەرامۆش دەکرێت کە بزووتنەوەی "خۆبەخۆ"ی پرۆلیتاریا هەر چەندیش خۆڕسک و لە خۆوە هەڵگیرسابێ، خۆ سەرکێشی و سەربزێوی کۆیلان نییە! ئەمە بزووتنەوەی چینێکە کە لە هەر قۆناغێکدا لەسەر زەمینەی ئەو بیروڕایانەی وا هەن و لە گۆڕێدان، بە شکڵ و شێوەی سەرەتایی دەبزوێ و جووڵە دەکا و دەکەوێتە ڕێ. بەڵام کوا کوێی بزووتنەوەی سەندیکایی بۆ نموونە لە ئینگلستان، خۆبەخۆیە؟ لەوێ بزووتنەوەی سەندیکایی دەفتەر و دامودەزگا و بنکە و یانە و ڕاوێژکار و تیۆریسینی زۆری هەیە، زۆر جار شەریک و هاودەستی دەوڵەت لە بەرەوپێشبردنی بەرنامە ئابوورییەکانە، بەم حاڵەشەوە کۆمۆنیستەکانی ئێران، بەبێ ئەوەی هیچ بیری لێ بکەنەوە و تێبفکرن، پێی دەڵێن بزووتنەوەی "خۆبەخۆ"ی چینی کرێکار. دەڵێی چینی کرێکار مەوجوودییەتێکی تەنیا میللی و وڵاتییە، وە چینی کرێکاری ئێران هەر ئەمڕۆ لەدایک بووە، سەرلەنوێ و لە سفرەوە بیروڕای ناوخۆیی دادەڕێژێتەوە و بەم بۆنەیەوە سەندیکالیزمەکەشی بە ناچاری مەیلی "خۆبەخۆ"ی ئەو چینەیە. دەڵێن، چونکە ئێمە نەمان دیوە کە مارکس و ئەنگڵس و لێنین خۆیان هاتبێتنە ناو چینی کرێکاری ئێران و هەڵسووڕانێکیان بووبێ، بەڵام زۆر کرێکاری ئێرانیمان دیتووە کە سەندیکالیست و هەڵسووڕاو بن، کەواتە مارکس، ئەنگڵس، لێنین، کۆمۆنیزم و ئێمەی



کۆمۆنیست لە "دەرەوەی چینی کرێکار"ین و بزووتنەوەی سەندیکالیستی چینی کرێکاری ئێران، بزووتنەوەی خۆڕسک و ڕەسەنی ئەو چینەیە! پۆپۆلیستەکان، ئەو بزووتنەوە سەندیکاییەی کە هەموو بناغەکانی لە ماوەی چەندین ساڵدا لە لایەن چەند بەشێکی دیاریکراو لە ئەریستۆکراتی ئەورووپاوە، وە ئەمڕۆ بە شێوەیەکی کۆنکرێت لە لایەن تیۆریسینە بۆرژواکانی حیزبی سۆسیال دیموکراتەکانی ئەورووپای ڕۆژئاواوە تیۆریزە کراوە و لە ئاستی جیهانیدا ڕێک خراوە و هەر لە لایەن ئەم توخم و حیزبانەوە ڕابەری دەکرێت، بە بزووتنەوەی "خۆبەخۆ"یی ناو لێ دەبەن، بەڵام کاتێک داوایان لێ دەکەین کۆمۆنیزم وەک بیروبۆچوونێکی کۆنکرێت لەنێو بزووتنەوەی چینی کرێکار بە فەرمی بناسن، زمانیان دەبەسترێ و ویژدانیان توشی ئازار دەبێ! ئەمانە بە پێچەوانەی قسەکانیان لە کردەوەدا کۆمۆنیزم بە بزووتنەوەیەک نازانن کە لانی کەم 130 ساڵە بە بڵاوبوونەوەی مانیفێستی کۆمۆنیست، وەک ڕەوتێک لە بزووتنەوەی چینی کرێکاردا، بە شێوەیەکی هەستپێکراو و بەرچاو هەبووە، وە 70 ساڵ لەوە پێش، وەک هۆشیارترین بەشی خودی چینی کرێکار، بزووتنەوەی کرێکاری ڕابەرایەتی کردووە و بەسەرکەوتنی گەیاندووە. ئەوان ئەم دەستەواژەیە بە شێوەیەکی هەمیشەیی و بێ لەبەرچاوگرتنی بارە مێژوویی و ڕاستەقینەکەی بەدەستەوە دەگرن کە: "سۆسیالیزم دەبێ لە دەرەوە بچێتە ناو چینی کرێکار". بەڵێ! بەڵام کۆمۆنیزم لە مێژ ساڵە، کرێکارییە، ئێستا ئیتر خاوەنی کارتێلەکان و تراستەکانیش لەمە گەیشتوون.

هاوڕێیان! ئێمە نوێنەرانی مانیفێستین، ئێمە نوێنەرانی شۆڕشی ئۆکتۆبەرین، کە ئەمڕۆش پاش ئەوەی ڕیڤیژینیستەکان، ڕێکخستنەکەمان و حیزبەکەمان و ئینتەرناسیۆنالەکەمانیان لەتوپەت کرد، سەرلەنوێ هاتووینەتەوە مەیدان بۆ ئەوەی ڕێکخستنەکەمان ساز کەینەوە. ئێمە کرێکاری بووین. دەیان ملیۆن کرێکاری شۆڕشگێڕ لە ڕیزەکانی ئێمەدا بوون، ئەمانە خۆ نەبوونەتە تۆزی بانان، نەبوونەتە دووکەڵ و بە هەوادا نەچوون. وێنەی لێنینی ئێمە، وێنەیەکە کە لە ملیۆن ماڵە کرێکاردا بە دیوارەوە بووە و ئێستاش هەیە. "مەرگ بۆ سەرمایەداری"، ئەم درووشمەی کۆمۆنیستەکان، ئەمڕۆ دروشمی منداڵانی کرێکارانە، وە هەر لەم شۆڕشەی ئێراندا دیتمان کە ئەم تایبەتییە کۆمۆنیستییە و ئەم میراتە کۆمۆنیستییەی خەباتی بە شێک لە خودی چینی جیهانیی کرێکار ئەوەندە زیندووە، کە کاتێک چینی کرێکاری ئێران خەباتی خۆی بە ڕواڵەت لە دژی ئیستیبداد و پاشایەتی دەست پێ

دەکات، لەگەڵ ئەو خەباتەدا بە جۆرێک سەرمایەداریش بێ بایەخ دەکا، کە هەتا چەند مانگ پاش ڕاپەڕین، جەنابی سەرمایەداری تەوەزەل بۆ ئەوەی بە ساغی دەرچێت، لە ناچاری دەبێ خۆی دەنگ هەڵبڕێ: "مەرگ بۆ سەرمایەداری" بڵێ. وە ئەمە هێشتا شۆڕشێک بووە کە لە درووشمە ئاشکراکانیدا و لە قسەی ئەو کەسانەدا کە خۆیان بە ڕابەری شۆڕش هەڵدەخست، بانگەشەی ئەوە نەدەکرا کە لێدانی زەبری سەرەکی لە بۆرژوازی و خاوەنداریێتیی تایبەتی مەبەستە. لێنین، ئەم ڕاستییەی دەستنیشان کردووە کە چۆن بەهۆی شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە، بزووتنەوەی شووراییی، واتا بزووتنەوە بۆ بەدیهێنانی ژیانێک بەپێی قەوارەی شۆڕشێکی کۆمۆنیستی، بوو بە ویست و ئامانجی سەدان ملیۆن کرێکار و زەحمەتکێش لەمپەڕ و ئەوپەڕی جیهاندا. ئەمە هیچ مانایەکی نییە جگە لەوە کە ئامانجە کۆمۆنیستییەکان، هەر وەک چۆن ئامانجە سەندیکالیستییەکان لە زەینی چینی کرێکاردا جێگیر بوون، لەنێو چینی کرێکاردا نفووزیان کردووە و تێی نیشتوون. بەڵێ پۆپۆلیستەکان گەشە و پەرەسەندنی بزووتنەوەی چینی کرێکار لە ماوەی ئەم دەیان ساڵەدا نابینن، ئەمانە نەریت و مەیلە "خۆڕسک"ەکانی کرێکاران نابینن. ئەمانە کۆمۆنیزم پاش زنجیرە شۆڕشێکی مەزنی جەماوەری کۆمۆنیستی، وەک ئەزموونێکی واقیعی لە دەروونی بزووتنەوەی چینی کرێکار و هەر بەم بۆنەیەوە وەک مەیل و بۆچوونێکی کرێکاری لە بەرچاو ناگرن. ئەمانە بە کردەوە چاوەڕێی ئەوەن کە جارێکی تر مێژووی بزووتنەوەی جیهانیی چینی کرێکار لە ئێراندا سەرلەنوێ دووپات بێتەوە، مارکس و ئەنگڵس و لێنینێک بێن و لە "دەرەوە" تیۆری شۆڕشی پرۆلیتێری لە ئێران پێشکەش بکەن و لەنێو چینی کرێکاردا جێگیری بکەن، هەتا ئەمانە غیرەت وەبەر خۆیان بنێن و کۆمۆنیزم بە ڕەوتێک لە بزووتنەوەی چینی کرێکار، یانی ڕەوتێکی کرێکاری ناو لێ بەرن.
نەخێر، ئێمە ناتوانین وا بکەین. دوایین هاوڕێکانمان لە ڕووسیا تێکشان و بەرهەمی سەرکەوتنە مێژووخوڵقێنەکانی خۆیان بۆ ئێمە بەجێهێشت. ئێمە لە ئێران هەر لە سەرەتاوە کرێکاری بووین، تەنانەت ئەگەر تاقە یەک کرێکاریشمان نەناسیبایە. چونکە گەلێک کرێکار ئێمەی کۆمۆنیستیان (ئەگەر قەبووڵیان کردبایە کە کۆمۆنیستین) بە پێشەنگی شۆڕشی خۆیان، وە بە ڕابەرانی ڕێگای لێنین و ئۆکتۆبەرە خۆشەویستەکەیان دەزانی. کۆمۆنیزم لە باری بابەتییەوە ڕەوتێکە سەربە چینی کرێکار و پەیوەندی بەو چینەوە هەیە، وە بە ڕێکخستنی شۆڕشی مەزنی پرۆلیتێری،



بە ڕێکخستنی ساڵیانی ساڵ شەڕی جەماوەری چەکدارانەی کرێکاران لە دژی هێزەکانی دەوڵەتە ئیمپریالیستییەکان لە درێژەی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، وە بەو هەموو خوێنەی کرێکاران لە پێناو کۆمۆنیزم و ئامانجی سۆسیالیزمدا ڕشتیان، ئەم پەیوەندییە چینایەتییەی خۆشی ئیسپات کردووە.
کەواتە، با ئەم ئەرکە بە خوردەبۆرژوازی بسپێرین، کە بە ئێمە بڵێن، لە دەرەوەی چینی کرێکارن، لە دەرەوەی بزووتنەوەی کرێکارن، وە داوامان لێ بکەن خۆمان لە بزووتنەوەی خۆبەخۆی چین "هەڵپێکین"، چونکە ئەمە ڕێک هەر ئەو جێوشوێنەیە کە وردەبۆرژوازی دەیەوێ وەپاڵ ئێمەی بنێ. ئێمە ئەوەمان لەبیر دەچووەوە، کە ئەو ڕێکخراوە وردەبۆرژوازییانەی بە بیستنی ڕستەی وەک: "مارکسیزم لە دەرەوەی چینی کرێکارە" چەپڵەیان لێ دەدا، خۆیان بە ڕاستی لە باری چینایەتییەوە لە دەرەوی چینی کرێکار بوون. ڕێکخراوە پۆپۆلیستییەکانی خەتی 3، لە سەرەتاوە هەر بە هیچ شێوەیەک نەچوونە ژێر باری ئەوەی کە مارکسیزم ڕەوتێکە لە بزووتنەوەی چینی کرێکاردا، زۆر کەس لە بناغەدانەران و ڕابەران و بیرمەندانی ئەم ڕێکخراوانە، هەر لە بنەڕەتەوە پێیان وابوو، کۆمۆنیزم ئانتی تێزی ئایینە، هەر وەکوو موجاهیدین فێر کرابوون و پێیان وابوو، هەر کە دەستیان لە ئیسلام هەڵگرت، ئیتر کۆمۆنیستن. ئەوان ماتەریالیزم، ئەویش ماتەریالیزمی شێوە میکانیکییان لەگەڵ کۆمۆنیزم لێ تێکچووبوو. ئەوان هەرگیز بیریان لەوە نەکردووەتەوە کە مارکسیزم ڕەوتێکە، لەنێو بزووتنەوەی چینی جیهانیی کرێکاردا ڕیشەی داکوتاوە، نەریت و شێوەی عەمەلیی تایبەتیی خۆی هەبووە، حیزبی خۆی پێک هێناوە، بەردەوام لەنێو چینی کرێکاردا ئاژین بووە و ڕەگی داکوتاوە و پایەگای کۆمۆنیستی پێک هێناوە، لە ماوەی دەیان ساڵدا چینی کرێکاری لە خەباتی چینایەتی و شۆڕشگێڕانەیدا پەرەوپێش بردووە. وە بەم بۆنەیەوە بۆ ئەوەی کەسێک ببێتە مارکسیست، دەبێ ئەم سوونەتانەش فێر ببێ. تێگەیشتنی ئەوان لە کۆمۆنیزم، تێگەیشتنێکی ڕووالەتی و تەجریدی بوو، وە ئێمەش لە کردەوەدا، یانی لە مەیدانی تێگەیشتنی عەمەلی لە کۆمۆنیزمدا، قەناعەتمان بەو بۆچوونە وردەبۆرژواییە هێنابوو، وە ملمان پێ دابوو. لێرەدا بە هیچ شێوەیەک مەبەستم بیروڕا بەرنامەیی و سیاسییەکانمان نییە. ئێمە لە پراتیکدا، ملمان بەو شێوەیە دا، چونکە لە ڕێکخستن و تیۆری ڕێکخستندا، کە کۆڵەکە و مەرجی پێویستە بۆ هەموو کارێکی شۆڕشگێڕانە بۆ

کۆمۆنیستەکان، بە شێوەیەکی ناڕەخنەگرانە کەوتینە شوێن ئەو تێگەیشتنە وردەبۆرژواییانەی کە باو بوون.

هەر وەک باسم کرد، مەسەلەکە ڕێک لەوەدا بوو کە ئێمە بەکردەوە شۆڕشگێڕیتی وردەبۆرژواییمان بە تاقە شێوەی شۆڕشگێڕیتی زانی. وە شۆڕشی گشتی و ناچینایەتیمان وەک تاقە شۆڕشی ڕاستەقینە چاولێ کرد. ئێمە شۆڕشی سۆسیالیستیی خۆمان لە ئاستی واقیعییەتەوە بردە ئاستی "ئامانج"، وە شۆڕشگێڕیتی خۆمان یانی شۆڕشگێڕیتی سۆسیالیستیمان کە لە مێژ ساڵە لە دەستووردایە (شۆڕشگێڕیتییەک کە ڕێکخستن و هەڵخراندنی چینی کرێکار لەژێر ئاڵای حیزبی کۆمۆنیست و خەبات بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات و دامەزراندنی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا مەبەستە)، وەک ئیشێکی واقیعی چاو لێ نەکردوو، پێمان وا نەبوو لە دەستوور دایە. بە لای ئێمەوە، شۆڕشی ئێمە یانی، شۆڕشی سۆسیالیستی، وەک شۆڕشێکی واقیعی و ڕاستەقینە کە دەبێ قۆڵی لێ هەڵماڵێ، چاوی لێ نەدەکرا، وەک شۆڕشێک چاوی لێ نەدەکرا کە لە مێژ ساڵە لە پێناو بەدیهاتنیدا کاری شۆڕشگێڕانە دەکرێ، لە مێژ ساڵە هێزی بۆ کۆ دەکرێتەوە، ڕێک دەخرێ و هەر بە بۆنەی ئەم هەڵسووڕان و کارە شۆڕشگێڕانەیەی کۆمۆنیستەکانەوە، دەتوانێ هەڵچێ و ببێتە ڕاپەڕین و لە ئەنجامدا چینی کرێکار دەسەڵات بە دەستەوە بگرێ. لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا، بڕوات بەوە هەبێ شۆڕشی سۆسیالیستی لە دەستووردایە، بە هیچ شێوەیەک ڤۆلۆنتاریستی نییە. ئەمڕۆ سەرمایەداری لەوپەڕی قەیران و گەندەڵبووندایە. ئەمڕۆ شۆڕشی سۆسیالیستی لە جەرگەی هەر قەیرانێکی ئابووریی کۆمەڵی سەرمایەداریدا دەتوانێ شکڵ بگرێت و ئەگەر حیزبی کۆمۆنیست بە ڕادەی پێویست جەماوەر و پێشڕەوانی چینی کرێکاری لە ڕیزەکانی خۆیدا ڕێک خستبێ، هەموو قەیرانێکی ئابووری، زەنگی مەرگی کۆمەڵی بۆرژوازی دەزرینگێنێتەوە.

ئێمە هەموو ئەمانەمان دەزانی، لە بڵاوکراوەکانی خۆماندا بە ڕوونی بەیانمان کردووە، وە خۆمان لە بەخەبەرهێنان و زیندووکردنەوەی ویژدانی سۆسیالیستیی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی ئێراندا دەورێکی باشمان گێڕابوو. لەم ڕووەوە، بە درێژایی قسە و باسەکە، لە هەموو شوێنێک جەختم لەسەر ئەوە کرد، کە ئێمە لە کاری ڕێکخراوەیی خۆماندا، لەم تێگەیشتنە تیۆرییەی خۆمان دوورکەوتینەوە. ئێمە بە تەواوی ئەوەمان ڕوون کردبووەوە، کە ئەو شۆڕشە دیموکراتیکەی لە ئارادایە، لە



گەیشتنی چینی کرێکار بە ئامانجە چینایەتی و سۆسیالیستییەکانی خۆی، کە زۆر لە چوارچێوەی ئەم شۆڕشە واوەتر دەچێ، چ جێگا و شوێنێکی هەیە. ئێمە بە دروستی دەمانزانی، کە خەبات بۆ سەرکەوتنی دیموکراسیی شۆڕشگێڕ و شۆڕشی دیموکراتی بە گشتی، دەکەوێتە قەڵەمڕەوی تاکتیکەکانەوە و لە ئاستی تاکتیکەکان تێپەڕ نابێ. وە ئەوەشمان دەزانی کە خەباتی ئێمە زۆر لەو خەباتە واوەتر دەچێ، کە لە پێناوی ئامانجە تاکتیکییەکاندا دەکرێ لەم ڕووەوە. لە سەرەتادا، کاتێک لە کردەوەدا بۆمان دەرکەوت، کە شۆڕشگێڕیتی هەمە لایەنە و جەماوەریی سۆسیالیستیی خۆمان بە مانای ڕاستەقینەی وشەکە لە دەستووردا نەبوو، گیروگرفت و گرێی کاری خۆمان ئاوا فۆرموولبەندی کرد کە "لە ئاستی تاکتیکەکاندا خۆمان بەستۆتەوە و لەو چوارچێوەیەدا قەتیس ماوین"، وە یان "لە پەیوەندی نێوان کاری ڕۆتینی و کۆمۆنیستی و تاکتیکەکان تێنەگەیشتووین". بەڵام ئایا ئەم فۆرموولبەندییە بۆ ڕوونکردنەوەی مەسەلەکە بەسە؟ بە بڕوای من بەس نییە، ئەم فۆرموولبەندییە بە ناخی مەسەلەکەدا ناچێ و ناگاتە قووڵاییەکەی. چونکە ئەوەی بەپێی ڕێسا بۆ کۆمۆنیستەکان دەرکەوتووە، سنووری تاکتیکەکانە، وە بۆ وردەبۆرژوازی "هەم ستراتیژییە و هەم تاکتیکی". هەموو شۆڕشگێڕیتییەکی وردەبۆرژوایی ئەوەندەیە. کەواتە ئەو ڕەخنەیە کە مەسەلەکە ئاوا فۆرموولبەندی دەکا کە: شێوەکاری ئێمە بۆیە نادروست بوو، چونکە "تاکتیک ببوو بە هەموو شتێکمان"، خۆی ڕەخنەیەکی بەرتەسک و کورتبینانەیە. گرفتی ئێمە "بەرتەسککردنەوەی خەبات لە چوارچێوەی تاکتیکەکاندا" نەبووە، بەڵکوو لەوەدا بووە، کە "لە کردەوەدا کەوتبووینە شوێن شۆڕشگێڕیتی بەرتەسکی وردەبۆرژوایی". خۆ لە ڕاستیدا، وەنەبێ کە "تاکتیک" بووبێتە هەموو شتێکی ئێمە، بەڵکە ئەوە شۆڕشگێڕیتی وردەبۆرژوایی بوو، کە بە لایەوە هەڵوێستگرتن سەبارەت بە مەسەلەکانی شۆڕشێکی دیموکراتیک (کە بۆ کۆمۆنیستەکان لە چوارچێوەی دەستەواژەی تاکتیکەکاندایە) هەموو شتێک بوو، هەم ستراتیژ بوو، هەم تاکتیک. ئەمە ڕێک بریتییە لە ملدان بە شۆڕشگێڕیتی وردەبۆرژوایی لە کردەوەدا، کە بە شێوەیەکی پێچەوانە لەژێر ناوی زەقکردنەوەی مەسەلە تاکتیکییەکاندا فۆرمووڵە دەکرێ.

بەڵێ! کاتێک شۆڕشگێڕیتی کۆمۆنیستی بە شێوەیەکی زیندوو لە ئارادا بێ و ڕێکخستن ڕەچاوی بکا، ئەو کاتە تاکتیکەکانی ئێمە وەڵامدەرەوەی شۆڕشگێڕیتی چینەکانی تر دەبن. ئەمە هیچ گومانی تێدا نییە، شۆڕشگێڕیتی وردەبۆرژوایی

ئەوپەڕەکەی گۆشەیەکە لە شۆڕشگێڕیتی هەمە لایەنەی پرۆلیتاری، وە لایەنێکی بەرتەسکی شۆڕشگێڕیتی پرۆلیتێرییە لە هەلومەرجێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی تایبەتدا. دیموکراتی وردەبۆرژوازی، داوای دیموکراسی دەکا، تێگەیشتنێکی بێ پێز و بەرتەسکی لەم دیموکراسییە هەیە، وە لە خەبات بۆ بەدیهێنانی ناشێلگیرە. ئێمەش وەکوو لایەنێکی خەباتی شۆڕشگێڕانەی خۆمان بۆ دیموکراسی، ئەویش بە بەرینترین شکڵی خۆی، خەبات دەکەین. ئەم جۆرە سەرەتاییە لە شۆڕشگێڕیی وردەبۆرژوایی، گۆشەیەکە لە خەباتی تاکتیکی ئێمە. بەڵام ئەگەر ئێمەش خۆمان هەموو خەباتەکەمان بە گۆشەیەکی دیاریکراوەوە یانی بەو مەسەلانەوە کە لە چوارچێوەی تاکتیکەکاندان ببەستینەوە و بەرتەسکی کەینەوە، ئەو کاتە ئیتر شۆڕشگێڕیتی ئێمە و وردەبۆرژوایی بەکردەوە هیچ سنوورێکیان لە نێواندا نابێ. لێرەدا بە ڕوونی دەبینین کە بۆچی تەنانەت فۆرموولی "بەرتەسککردنەوەی خەبات لە چوارچێوەی تاکتیکەکان"، وە یان "تێکشێواندنی کاری ڕۆتینی کۆمۆنیستی و تاکتیکەکان"، مەسەلەکە ڕوون ناکاتەوە، چونکە ڕێک سۆسیالیزمی وردەبۆرژوایی و شۆڕشگێڕیتی وردەبۆرژواییە کە ئاسۆ و توانستی لەم چوارچێوەدا دەمێنێتەوە و لێی تێپەڕ نابێ. ئەو شۆڕشگێڕیتییەی وردە بۆرژوازی کە بە کاری ڕۆتینی کۆمۆنیستی نامۆیە و ئامانج و خەباتەکەی لە بەرزترین پلەی خۆیدا، هەر لە چوارچێوەی خەبات بۆ هەمان ئامانجە تاکتیکییەکانی کۆمۆنیستەکاندا دەمێنێتەوە.

کەواتە، ناکرێ لە پێکهێنانی ڕێکخستنێک بۆ ڕێکخستنی شۆڕشی سۆسیالیستی خۆ لابدەی و ڕێکخستنێک پێک بهێنیت کە لە چوارچێوەی پێویستییەکانی شۆڕشێکی دیموکراتیکدا دەمێنێتەوە و بانگەشەی ئەوە بکەی کە ئەمە "ئیشی تاکتیکی"مانە. ڕێکخستنی شۆڕش و بزووتنەوەی دیموکراتیک بۆ چ کەسێک "ئیشی تاکتیکی"یە؟ بۆ کەسێک کە ڕێکخستنی ئەم شۆڕشە بە لایەوە بەشێک بێ لە ستراتیژییەکی گشتیتر و ئەڵقەیەک بێ بۆ گەیشتن بە دوا ئامانجەکەی. بۆ کەسێک کە شۆڕشێکی ئاوا، وەک هەلومەرجێکی لە باری تایبەت چاو لێ بکا، کە ڕێگا خۆشکەرە بۆ بەدیهاتنی ئامانجە سەرەکییەکە. بۆ کەسێک کە کارەکەی لە پێناو شۆڕشگێڕیتییەکی بەرینتر و هەمە لایەنەتری سۆسیالیستیدا بێ و لەم ڕوانگەیەوە چاو لە شۆڕشێکی بیلفیعلی غەیرە سۆسیالیستی بکا و بەم بۆنەیەوە و هەر بەپێی ئەو ڕوانگەیە، بزانێ کە دەبێ لە ڕیزی پێشەوەی ئەم شۆڕشەدا بە سەرنجامی بگەیەنێ و خۆی شۆڕشگێڕترین هێزی



بەرەوپێشبەری ئەو شۆڕشە بیلفیعلە بێ. شۆڕشی دیموکراتیک بۆ ڕێکخراو و حیزبی کۆمۆنیست، بۆ ڕێکخراو و حیزبێک کە ڕێکخستنی شۆڕشی کۆمەڵایەتیی پرۆلیتاریای بە ئەرکی شۆڕشگێڕانەی هەمیشەیی و وچان هەڵنەگری خۆی داناوە و هەر بەم بۆنەیەوە خۆی بە شۆڕشگێڕ دەزانێ، "ئیشێکی تاکتیکی"یە. نەک بۆ ئەو هێزەی کە هەموو شۆڕشگێڕیتییەکەی لە چوارچێوەی ئەم شۆڕشە بیلفیعلە دیاریکراوەدا دەمێنێتەوە و هەر چاوی لەم شۆڕشە بیلفیعلەیە. بۆ ئەمەیان ڕێکخستنی شۆڕشی دیموکراتیک هەم ستراتیژی و هەم تاکتیکە. تاکتیک و ستراتیژ لە پۆپۆلیزمدا هاوتان و بریتین لە بەئەنجامگەیاندنی شۆڕشی دیموکراتیک و پێکهێنانی کۆماری دیموکراتێکی گەل. ئەوەی کە پۆپۆلیستەکان بەرنامەیەکی هەمە لایەنەی سۆسیالیستییان نەبوو، وە پێیان وابووە هیچ قازانجێکیان لەوەدا نییە کە لە قسە و باسی سەبارەت بە بەرنامەدا بەشداری بکەن و نە دەچوونە ناو ئەم باسەوە، شتێکی بە هەڵکەوت و بێ دەلیل نەبوو.

بەڵێ، ئیمکانی ئەوە هەیە کە ڕێکخراو و حیزبێکی کۆمۆنیست، لە سەردەمێکدا تووشی "بەرتەسککردنەوەی خەبات لە چوارچێوەی خەباتی تاکتیکی"دا بێت. بۆ نموونە بەشداری لە بەرەی دژی فاشیزمدا ببێتە هۆی کزبوونی سەربەخۆییە چینایەتییەکەی و کارە کۆمۆنیستییەکەی، بەڵام ئەو هێزەی کە پێویستیی خەباتی هەمە لایەنەی کۆمۆنیستی هەر لە بنەڕەتەوە لە کردەوەدا ڕەت کردۆتەوە و پێ شێلی کردووە، هێزێک کە لە کردەوەدا و لە بنەڕەتەوە ئەم خەباتە هەمە لایەنە ڕۆح و فەلسەفەی وجوودی ڕێکخستنەکەی نەبێ، ئیتر هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ڕەوت و ڕێکخراوێکی وردەبۆرژواییدا نییە. بەڵێ! ئێمەش بە ڕادەیەکی زۆر لە کردەوەدا شۆڕشی سۆسیالیستیمان وەک شۆڕشێکی زیندوو و ڕاستەقینە و دەستبەجێ لە بەرچاو نەگرت و ئەگەر لە ڕووی کارکردی ڕۆژانەی ڕێکخراوەییمانەوە خۆمان هەڵبسەنگێنین، دەبینین کە ئێمەش شۆڕشی سۆسیالیستی خۆمان بە شێوەیەک هەواڵەی داهاتوویەکی دوور و درەنگ کردووە.

بەڵام ئەم قسە و باسەی من چ جیاوازییەکی لەگەڵ قسە و باسی ئەو کەسانە هەیە کە لەسەر ئەو بڕوایەن، ئەم شۆڕشەی کە ئێستا لە ئێران لە ئارادایە، شۆڕشێکی سۆسیالیستییە و کاری ئێمەش هەر بەم بۆنەیەوە ڕێکخستنی کاری شۆڕشی سۆسیالیستییە. هەر بە ڕوونکردنەوەی ئەم جیاوازییە، دەتوانم جەوهەر و ناوەڕۆکی

قسه و باسەکەی خۆم ڕوون بکەمەوە، وە نیشانی بدەم کە مەسەلەی شێوەکاری کۆمۆنیستی خەسڵەتی ناسنامەیی هەیە و پێناسی کۆمۆنیستیمان دیاری دەکا.

ئەوانەی وا بۆ ئەوەی سۆسیالیست بن، ناچارن ئەم شۆڕشە دیاریکراوەی ئێران بە شۆڕشی سۆسیالیستی بزانن، ڕێک هەر ئەو بۆرژوایانەن کە شۆڕشگێڕێتی و کاری شۆڕشگێڕانەیان لە تاکتیکەکان و مەسەلە تاکتیکییەکان هەڵدەهێنجن. ئەوانە بۆ ئەوەی سۆسیالیست بن، ناچارن کە شۆڕشی سۆسیالیستی بە وێنەی تاکتیکێک تەرح و دەرک بکەن، چونکە ئەوانیش لە سەر بنچینەی میتۆدۆلۆژییەک کە میتۆدۆلۆژیی هاوبەشی ئەوان و پۆپۆلیستە ئاساییەکانە، شۆڕشگێڕێتی خۆیان لە تایبەتییە بابەتییەکانی زەمانە و لە مەسەلە تاکتیکییەکان وەردەگرن. ئەوان دەڵێن: "ئەو شۆڕشەی کە ئێستا لە ئارادایە خۆی سۆسیالیستییە" و لەم حوکمەوە بەوە دەگەن، کە ڕێکخستنی سۆسیالیستی پێویستە. جیاوازی نێوان ئەمانە و پۆپۆلیستە ئاساییەکان، ڕێک جیاوازی و ناکۆکییەکە لەسەر "قۆناغی شۆڕش"، نەک لەسەر ناسنامە و سیمای کۆمۆنیستی، وە ئەگەر کەسێک بتوانێت بەمانە بسەلمێنێ کە "قۆناغی شۆڕش" هێشتا سۆسیالیستی نییە، ئەوانیش وەک هەموو پۆپۆلیستەکان، کاری شۆڕشگێڕانە لە چوارچێوەی کاری دیموکراتیکی شۆڕشگێڕانەدا بەرتەسک دەکەنەوە. هەر وەک زۆر کەس لەمانە، پێش ئەوەی بە بیروڕای تاکتیکی تازەیان بگەن، وایان دەکرد. ئەوان ناتوانن لە پێویستی کاری سۆسیالیستی هەمیشەیی کۆمۆنیستەکان، تەنانەت کاتێک کە لەو شۆڕشە زیندووە بیلفیعلە وا بەشداری تێدا دەکەن خەسڵەتی دیموکراتیکی هەبێ، تێ بگەن، وە بەم بۆنەیەوە بۆ ئەوەی بانگەشەی سۆسیالیستبوون بکەن، ناچارن لە ئاست ڕاستییەکان و تایبەتییەکانی بار و دۆخی دنیای دەرەوەی زەینی خۆیان چاو بنووقێنن. لە بەرامبەردا ئێمە دەڵێین، ڕێکخستنی شۆڕشی سۆسیالیستی کارێکە پێناسی ئێمەیە و پەیوەندی بە سیمای کۆمۆنیستی ئێمەوە هەیە، کاری هەمیشەییمانە و بە هەلومەرج و کات و شوێنەوە بەند نییە و بەم بۆنەیەوە هەمیشە ئیشی دەستبەجێمانە. ئێمە دەڵێین، ئێمە هەمیشە سۆسیالیستین، بووین و هەین، ئێمە هەمیشە جیاواز لەوەی"قۆناغی شۆڕش" چی بێت، خەریکی ڕێکخستنی شۆڕشی کۆمەڵایەتیی پرۆلیتاریاین، ئێمە هەمیشە و لە هەموو حاڵێکدا چینی کرێکار بۆ بەڕێوەبردنی شۆشی کۆمەڵایەتی و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی بانگەواز دەکەین. ئێمە هەمیشە سۆسیالیستین، وە شۆڕشی سۆسیالیستی دەنێینە دەستووری



چینی کرێکارەوە. بەڵام پەیوەندی نێوان ئەم خەباتە شۆڕشگێڕانە هەمیشەییە و تایبەتمەندییەکانی جیهانی بابەتی دەرک پێ دەکەین. تایبەتمەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی کۆمەڵ لە سەردەمی جۆراوجۆردا و لە پلەیەکی دیاریکراو لە سەنگ و سووکی هێزەکان و بار و دۆخی کۆنکرێتی چینی کرێکار لە باری بابەتیی و زەینی لە هەر بوار و سەردەمێکدا، ناچارمان دەکەن، بۆ نزیکبوونەوەی ڕاستەقینە لە دەسەڵاتی سیاسی و بەرەو پێشبردنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی، تاکتیک ڕەچاو بکەین. بەڵام ئەو کەسەی "لە چوارچێوەی تاکتیکدا لایەنگری شۆڕشی سۆسیالیستییە"، کاری بە گۆڕینی جیهانی واقعییەوە نییە. کاری بە بەدەستهێنانی ڕاستەقینەی دەسەڵات لە لایەن پرۆلیتاریاوە نییە. ئەو تەنیا کاتێک سۆسیالیستە، کە وەک تاکتیک بتوانێ هاوار بکا: "دەبێ دەستبەجێ دەسەڵاتی سیاسی بەدەستەوە بگرێ"، وە دیارە تاکتیک لە باری بابەتییەوە ناکرێ دەستبەجێ دەسەڵات بە دەستەوە بگرێ، هیچ کارێک نامێنێت کە ئەم جەماعەتە خۆیان پێوە خەریک بکەن. لیبرالیزم و پاسیڤیزم، سەرئەنجامی ئەم لایەنەی دیموکراسیی وردەبۆرژواییە کە دەیەوێ خۆی بە سۆسیالیست لەقەڵەم بدا. ئەو کاری بەو شەڕە ڕاستەقینەیە نییە کە لە پێناو دەسەڵاتدا دەکرێ، کاری بە چارەسەرکردنی ئەو مەسەلە تایبەتانەوە نییە کە لە هەر سەردەمێکی دیاریکراودا لەمپەرن لە سەر ڕێگای شۆڕشی کۆمەڵایەتی، کاری بەو کەسانە نییە کە لە سەردەمێکدا هاوپەیمانی حیزبی کرێکارانن، ئەو "لە سەردەمی شۆڕشی سۆسیالیستیدا سۆسیالیستە" و کەواتە هەتا ئەو کاتەی وا ئەو "سەردەمە" بە کردەوە و لە واقیعدا پێ دەگا، یان دەبێ بچێتە ماڵەوە و لە داخی ئەوەی پرۆلیتاریا خاوەنی هۆشیاری سۆسیالیستی نییە، بە هەناسە ساردی پاڵ بداتەوە و خۆی بخواتەوە و بەنێو نووسراوە و بەڵگە سۆسیالیستییەکاندا بگەڕێ و ئالەبووکێکیان لێ دروست بکا و زەینی خۆی پێ ژیر بکاتەوە، وە یان بێتە مەیدانی سیاسەت و دەست بداتە پراتیکی لیبرالی و ڕێفۆرمیستی بۆ باشکردنی وەزعییەت بە مەبەستی "ڕێگا خۆشکردن بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی" و بەم جۆرە ئەو هات و هاوارەی لە بابەت سۆسیالیستبوونی خۆیەوە دەیخاتە ڕێ کامل بکا. لەم ڕووەوەیە کە شۆڕشگێڕێتی وەرشکستبووی وردەبۆرژوایی کە هەتا دوێنێ بە بیانووی دیموکراتیکبوونی "قۆناغی شۆڕش" لە تەبلیغ و تەرویج و ڕێکخستنی سۆسیالیستی لەنێو چینی کرێکاردا نیگەران دەبوو، وە بەردەوام پەنجەی ئاگادارکردنەوەی ڕادەوەشاند کە: هاکا تووشی "چەپڕەوی" و "ترۆتسکیزم" و ئەم

جۆره شتانه بوو، ئەمرۆ پاسیڤیزم و بێ تاکتیکی و داماوی سیاسیی خۆی لەژێر ئەو پەردەیەدا کە "قۆناغی شۆڕش سۆسیالیستی"یە شاردۆتەوە و ڕووی کاری تیۆریک لە زەمینەی تیۆری جیهانناسی و دۆزینەوەی ڕیشەکانی مارکسیزم لە هیگڵ و پێشینانی ئەودا کردووە و هەروەها ئەرکی تەبلیغ و تەرویج و ڕێکخستنی سۆسیالیستی (وە ئەمجارە تەنانەت دیموکراتیکیش)ی بە ئێمە سپاردووە، کە لەنێو چینی کرێکاردا بەڕێوەی بەرین.

کەواتە قسە و باسی ئێمە، قسە و باسێکە پەیوەندی بە ناسنامە و سیمای ئێمەوە هەیە، کە دەبێ ئەنجام و ئاکامی خۆی لە شێوەکاری هەمیشەییماندا دەربخا. کاتێک ئێمە باسی پێویستیی ڕەچاوکردنی شۆڕشگێڕێتیی سۆسیالیستی دەکەین، مەبەستمان قسە و باسێکی تاکتیکی سەبارەت بە "قۆناغی شۆڕش" نییە، بەڵکە ڕێک بە پێچەوانەوە، لە ئاستێکی قووڵتردا سەبارەت بەوە قسە دەکەین، کە ڕێکخستنی شۆڕشی کۆمەڵایەتیی پرۆلیتاریا بۆ کۆمۆنیستەکان، پێویستییەکی هەمیشەیییە، بەبێ ئەوەی بەند بێ بە تایبەتییە بابەتییەکانی فڵان شۆڕشی دیاریکراو لە فیسار وڵاتدا، وە بەبێ ئەوەی بەند بێ بە "قۆناغی شۆڕشی ئێران". ئێمە دەڵێین کە ئێمە هەمیشە و دایم سۆسیالیستین، هەمیشە و دایم خەریکی بەکۆمۆنیستکردنی کرێکاران و ڕێکخستنی شانەکان و کۆمیتە کۆمۆنیستییەکانی کرێکارانین، هەمیشە و دایم کرێکاران لە پێویستی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی ئاگادار دەکەینەوە. هەڵسووڕانی ئێمە، ئەوەی بە ئەرک و ئامانجی خۆی داناوە، کە کرێکاران بکاتە کۆمۆنیست، ڕیزی ئەو کرێکارە پێشڕەو و کۆمۆنیستانە پێک بێنێ کە بە قووڵی لەوە گەیشتوون، تەنانەت یەک ڕۆژ درێژەی نیزامی سەرمایەداری، بە مانای یەک ڕۆژ درێژەی هەموو مەینەتییەکانی بەشەرە و خوازیاری ئەوەیە کە دەستبەجێ و بێ تاخیرکردن، کۆتایی بە ژیانی سەرمایەداری بهێنێ. وە ڕێک لێرەدایە کە ئەم ڕیزە کۆمۆنیستییە، ئەم حیزبە کۆمۆنیستە بە دەستەواژەی "تاکتیک" دەگا، لێرەدایە تێدەگەین، کە فەوتاندنی دەسبەجێی سەرمایەداری، مەرج نییە لە هەموو بوارێکی دیاریکراودا ئیمکانی هەبێ، وە پێویستی بە شکڵ و شێوەی تایبەتی خەبات و بەشداریکردن لە مەیدانە جۆراوجۆرە تاکتیکییەکانی خەباتدا هەیە.

ئێمە لە سەرەتای کاری خۆمانەوە هەر ئەم بۆچوونەمان کردە بناغە و بنچینە. ئێمە نەهاتین قۆناغە جۆراوجۆرەکانی پەرەسەندنی ئابووری و سیاسیی کۆمەڵ بژمێرین،



وەک دەیان تاقمی ئۆپۆرتیۆنیست و ڕیڤیژینیستی چالاک لە بزووتنەوەی چەپی ئێراندا، بە بیانووی "قۆناغی شۆڕش"ەوە، دیموکراسیی نوێ و گەشەی هێزە بەرهەمهێنەرەکان بە ئامانجی چینی کرێکار لەقەڵەم بدەین و هۆشیارییە چینایەتییە هەمە لایەنەکەی ئەو چینە شلوێ بکەین و خۆڵی بەسەردا بپژێنین. ئێمە هەر لە یەکەم نامیلکەماندا واتا، "شۆڕشی ئێران و ڕۆڵی پرۆلیتاریا، هێڵە گشتییەکان"، ڕامان گەیاند، کە ئێمە سۆسیالیستین و بۆ سۆسیالیزم تێدەکۆشین، وە پاشان وەک لێکدانەوەیەکی تاکتیکی دەرمان خست، کە بۆچی شۆڕشی سۆسیالیستی دەستبەجێ و ڕاستەوخۆ لەو بوارە کۆنکرێتەدا ئیمکانی نەبوو. ئەم باسەی ئەمڕۆمان سەبارەت بە شێوەکاری کۆمۆنیستی، دەبێ ڕێک لە دەوری ئەو خاڵە بخولێتەوە، کە بۆچی ئەم بۆچوونە ئوسووڵییە دەربارەی ناسنامە و سیمای کۆمۆنیستی لە لایەکەوە و مەسەلە تاکتیکییەکان لە لایەکی ترەوە، لە کاری ڕێکخراوەییماندا بە دروستی ڕەنگی نەدایەوە و جیاوازیی عەمەلیی ئێمە و پۆپۆلیستەکان بە قەدەر جیاوازیی تیۆری نێوان ئێمە و ئەوان زەق و بەرچاو نەبوو.

ئێمە کۆمۆنیستین و دەبێ هەمیشە و لە هەموو دۆخێکدا چینی کرێکار بۆ بەدەستەوەگرتنی کامڵی دەسەڵاتی سیاسی ئامادە بکەین. بەڵام مەسەلە تاکتیکییەکان، لەبەر ئەوەی کە چۆن لەنێو دڵی هەموو هەلومەرجێکی تایبەتدا، لە هەلومەرجێکدا کە تێیدا بەدەستەوەگرتنی دەستبەجێی دەسەڵات لە لایەن چینی کرێکارەوە ئیمکانی نییە، ئەو چینی کرێکارەی کە بەرژەوەندیی چینایەتیی خۆی ناسیوە، دەبێ لە دەسەڵات نزیک بکرێتەوە.

کەواتە کاری شۆڕشگێڕانەی هەمیشەییمان هەر هەمان کاری شۆڕشگێڕانەی هەمیشەییمان و شۆڕشگێڕێتی سۆسیالیستیمانە کە بریتییە لە: ڕێکخستنی تاقە کاری لە ئەنجامدا شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکار، یانی هەنگاوهەڵگرتن بۆ شۆڕشی کۆمەڵایەتی، هۆشیارکردنەوە و یەکگرتووکردنی چینی کرێکار و ڕێکخستنی باشترین و تێکۆشەرترین کرێکاران لە ڕیزەکانی حیزبی کۆمۆنیستدا. تیۆری ڕێکخراوەیی ئێمە ناتوانێ شتێکی تر بێ جگە لەو تیۆرییە کە دەڕوانێتە سەر پێکهێنان و پتەوکردنی ڕێکخستنێک کە ئەم کارە شۆڕشگێڕانەیە ڕێک دەخات و بەرەو پێشی دەبات. ڕێکخستنێک کە هەمیشە و دایم بێ ڕاوەستان (و بەم بۆنەیەوە هەمیشە دەستبەجێ)، ڕێکخستنی کرێکاران دەنێتە دەستووری خۆیەوە، چینی کرێکار لە بەرژەوەندییە

نیهاییەکانی خۆی ئاگادار دەکاتەوە، لەنێو چینی کرێکاردا پایەگای کۆمۆنیستی پێک دێنێ، لە هەمان کاتدا ئەرکە تایبەتییەکانی خۆی لە هەر سەردەمێکی دیاریکراودا دەناسێ و ئەم جەماوەرە ڕێکخراوەی چینی کرێکار و پێشڕەوەکانی، بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکە تایبەتییەکانی لە هەر سەردەمێکدا هەڵدەخڕێنێ. تاکتیکی کۆمۆنیستی، تەنیا بە لای ڕێکخراوێکەوە مانای هەیە، کە ئەم شۆڕشگێڕێتییە بە فەلسەفەی بوونی خۆی داناوە. تەنیا تاکتیکەکانی ئەم ڕێکخراوە دەتوانن تاکتیکی چینایەتی بن، کە بەم چەشنە چینی کرێکار لەسەر بنچینەی بەرژەوەندییە سەربەخۆ و بنەڕەتییەکانی خۆی ڕێک خستبێ، نەک "تاکتیکێکی ڕێکخراوەیی" وەک ئەوەی لە ئەزموونی ڕێکخراوە پۆپۆلیستییەکان لە چەند ساڵی ڕابوردوودا بینیومانە. کۆمۆنیستەکان بەپێی پێناسی خۆیان، ناتوانن لە شۆڕش و جووڵانەوە خەباتکارانە و زیندووە بیلفیعلەکان جیا ببنەوە، چونکە مەبەستیان ئەوەیە پرۆلیتاریای هۆشیار، دەسەڵات بە دەستەوە بگرێ، وە دەزانن تەنیا لە ڕێگای گەشە و پەرەسەندنی بزووتنەوە بیلفیعل و واقعییەکانەوە دەکرێ لە جیهانی واقیعیدا دەسەڵات بە دەستەوە بگرێ. بەڵام بۆ دەخاڵەتکردن لەم ڕەوتە واقیعییەدا، ڕێکخراوە و حیزبێکی کۆمۆنیستی دەبێ بەر لە هەموو شتێک (هەمیشە و دایم) هەوڵ بدا ئەو هێزەی وا تاکتیک ڕەچاو دەکات، یانی هێزی چینی کرێکار، لەسەر بنچینەی بەرژەوەندییە چینایەتییە بنەڕەتییەکان، یانی لەسەر بنچینەی بەرژەوەندیی غەیرە تاکتیکی ڕێک بخا. "تاکتیک"، دەستەواژە و مەسەلەیەک نییە کە پەیوەندیی نێوان حیزب و چینی پێ پێناسە بکرێ. بە پێچەوانەوە، بەڕێوەچوونی تاکتیکی بە ڕاستی کۆمۆنیستی و پرۆلیتاری، خۆی لە گرەوی خەبات بۆ ڕێکخستنی چینی کرێکار لە دەوری ئامانجە بنەڕەتییەکانیدایە. یەکێک لە هاوڕێیان بۆ داکۆکی لەم خاڵە، وتەیەکی زۆر گرنگی لێنینی گێڕایەوە، بەم مانایە کە میکانیزمی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا، یانی بەردەوامبوونی حوکوومەتی کرێکاری، قەرزاری وجودی ئەم سەدان و هەزاران ناوکە کۆمۆنیستییە کرێکارییەیە، کە لە ماوەی چەندین ساڵدا، لە نێوان چینی کرێکاردا پێک هاتبوون و توانییان لە کاتی خۆیدا چینی کرێکار بجووڵێنن، وە بۆ بەدەستەوەگرتن و پاراستنی دەسەڵات بەرەو پێشەوەی بەرن. بە وتەیەکی تر، لە چەندین ساڵ لەوە پێشەوە و لە سەردەمە جۆراوجۆرەکاندا، بۆلشەڤیکەکان بەهۆی کاری کۆمۆنیستی لەنێو کرێکاراندا، بە شێوەیەکی هەمیشەیی بۆ ڕێکخستنی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا هەوڵیان داوە.



بەڵام بابزانین ئێمە چیمان کردووە؟ بە ڕادەیەک کە لە ئاست ئەم ئیشە کەمتەرخەمیمان کردووە، هەر بە هەمان ڕادە لە بەدیهێنانی سەرەتاییترین ئەسڵی تیۆری لێنینی ڕێکخستندا، لەوەی ڕێکخستنی شۆڕشی کۆمەڵایەتیی پرۆلیتاریا بنرێتە دەستووری هەمیشەیی ڕێکخستن، کەمتەرخەمی کراوە. یانی بە هەمان ڕادە پشتمان بە تیۆری لێنینی ڕێکخستن نەبەستووە، وە لە حاڵێکدا کە لە ئاستی تیۆری و تەنانەت لە مەیدانی تەبلیغ و تەرویج بۆ سۆسیالیزمدا خەباتمان کردووە، لە مەیدانی کاری ڕێکخراوەییدا خۆمان بە کاری شۆڕشگێڕانەی دیموکراتیکەوە بەستۆتەوە. یانی لە کردەوەدا ملمان بە شۆڕشگێڕێتی وردەبۆرژوایی داوە. ئەگەر کەسێک سۆسیالیزم بە مانای عەمەلیی وشەکە، بە ڕێکخستنی کرێکارانی کۆمۆنیست نەزانێ، دیارە ڕیزی کرێکارانی کۆمۆنیست ڕێک ناخا. لێرەدا جێی خۆیەتی کە ئاماژە بە ئەنجامگیرییەکی یەک لایەنەی هاوڕێیەک لە هەمان فۆرموولبەندی بەرتەسکی "ڕێکخراوچێتی" بکەم. ئەو هاوڕێیە لە ڕووی ئەو فۆرموولبەندییەوە، بەو ئەنجامە گەیشت، کە "ئێمە کرێکاران دەکەینە سۆسیالیست، بەڵام پۆپۆلیستەکان، کرێکاران بۆ ڕێکخراوی خۆیان بانگەواز دەکەن". من دەڵێم ئەگەر ڕێکخستنی ئێمە کۆمۆنیستی بێ، ئەرکی سەر شانمانە کە بێ هیچ ئەملا و ئەولایەک، کرێکاران بۆ ڕێکخستنی خۆمان، وە تەنیا بۆ ڕێکخستنی خۆمان بانگەواز بکەین. کرێکارانی کۆمۆنیست دەبێ ڕێکخراو بن و لە ڕیزەکانی ئێمەدا ڕێکخراو بن. بۆچی پرشوبڵاو بن یان بە ڕێکخراوەکانی ترەوە، بە وردەبۆرژوازییەوە پەیوەست بن؟ گوایە غەیری حیزبی کۆمۆنیست هیچ کۆمۆنیستێکی تر هەیە؟ وە ئایا ڕزگاریی چینی کرێکار جگە لە ڕێگای ڕێکخراوبوونی ئەو چینە لە ڕێکخراوەی حیزبی خۆیدا، لە هیچ ڕێگایەکی ترەوە ئیمکانی هەیە؟ ئەمڕۆ نەک هەر بە سۆسیالیستکردنی کرێکاران، بەڵکوو ڕێکخستنی ئەوان لە ڕیزە حیزبییەکانماندا، ئەرکی هەرە گرنگ و پێویستمانە. ئەو ئەرکە ئەرکی هەرە پێویست و هەمیشەیی و هەموو ڕۆژەمانە.

باشە؟ ئەم کارە بۆچی دەبێ پێی بگوترێ کاری ئارامی سیاسی (باسی ئەوەش ناکەین کە لە ڕابوردوودا تەنیا بەکاری "دژ بە ڕژێم" دەوترا کاری ئارامی سیاسی). کاری ئێمە ئارام نییە. ڕێکخستنی هەمیشەیی شۆڕشی کۆمەڵایەتیی پرۆلیتاریا کارێکی "ئارام" نییە. کارێکی جەنگاوەرانەی کۆمۆنیستییە. سۆسیالیزم هەر لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی مانیفێستی کۆمۆنیستەوە جەنگاوەر بووە. ڕێکخستنی کرێکاران لە حیزبی کۆمۆنیستدا، پەرەپێدان و بەرینکردنەوەی ڕیزەکانی حیزب، ئاگادارکردنی کرێکارانی پێشڕەو و

کۆمەڵانی بەرینی کرێکار لە بەرژەوندیی سەربەخۆی چینی خۆیان، بەبێ ئەوەی بە هەلومەرجێکی تایبەتەوە بەند کرێ، یەکگرتووکردنی ڕیزەکانی چینی کرێکار لە هەر شوێنێک کە بۆرژوازی بە ئاگا و بە ئەنقەست تەفرەقە و چەندبەرەکی دەخاتە ڕیزەکانی چینی کرێکارەوە، لە هەر شوێنێک کە ڕاستییە ئابووری و سیاسی و فەرهەنگییەکانی کۆمەڵی بۆرژوازی دەبێتە هۆی پێکهاتنی ئەم کەلێن و کەلەبەرانە، خەباتی کۆڵنەدەرانە لەم ڕێگایەدا و هەوڵدان بۆ نزیککردنەوەی چینی کرێکار لە دەسەڵاتی سیاسی لەنێو دڵی هەموو هەلومەرجێکی تایبەتدا، وە قووڵکردنەوە و بەرەوپێشبردنی هەر بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە کە ڕێگا بۆ سۆسیالیزم خۆش دەکات، بەڵێ ئەمە خۆی لە خۆیدا کاری شۆڕشگێڕانەی کۆمۆنیستییە. چ شۆڕشێک لە ئارادا بێ و چ لە ئارادا نەبێ، چ سەردەمی دامرکان بێ و چ لە سەردەمی گەشە و هەڵچوون، شۆڕشگێڕێتی ئێمە بە بار و دۆخی سیاسییەوە گرێ نەدراوە. شۆڕشگێڕێتی ئێمە خۆی بە خۆیەوە بەندە و لە ئامانجە کۆمۆنیستییەکانمانەوە، لە پەیوەندی هەرە نزیکی نێوان ئەم ئامانجە و خەباتی هەمیشەیی و لە ڕاوەستان نەهاتووی چینێکی دیاریکراو لە کۆمەڵی بۆرژواییدا، واتا لە پرۆلیتاریاوە سەرچاوە دەگرێ. ئەوەیە ئەو سۆسیالیزمە جەنگاوەرەی کە ئێمە دەیناسین.

کەواتە، مەسەلەی سەرەکیی باسەکە جارێکی تر دووپات دەکەمەوە. ئێمە لە هەمان کاتدا کە لە هۆشیارکردنەوەدا سۆسیالیزممان مەبەست بووە، لە ڕێکخستنی کاری شۆڕشگێڕانەدا یانی، بە شێوەیەکی گشتی لە مەیدانی ڕێکخستندا، بەکردەوە ملمان بە شۆڕشگێڕێتی وردەبۆرژوازی دا و بەم بۆنەیەوە ڕێکخراوێکمان پێک هێنا، کە بۆ شۆڕشی دیموکراتیکی گشتی لەبار بوو، وە لەگەڵ ئەودا دەگونجا. ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە ئێمە لە بەندی 8ی بەرنامە سەرەتاییەکانماندا و ئێستا لە بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستدا، سەرخەتی تیۆری لێنینی ڕێکخستنمان خستۆتە ڕوو. ئەم تیۆرییە، فەلسەفەی وجوود و مەبەستی ڕێکخستنی کۆمۆنیستی و تایبەتییەکان و ناوەڕۆکی هەڵسووڕانی ئەو ڕێکخراوە، هەروەها ئەو ئەسڵانەی دەڕواننە سەر شێوە عەمەلییەکانی ئەو ڕێکخستنەی بەیان کردووە. ئەو شۆڕشە کۆمەڵایەتییەی کە ئێمەی بۆ مەیدانی خەبات بانگەواز کردووە، بە ڕوونی ئەو ڕێکخستن و شێوە و ڕەوشتانەشی کە لەگەڵی دێنەوە دیاری کردووە. حیزبی کۆمۆنیست دەیەوێ کرێکاران لە بەرژەوەندییە سەربەخۆ و چینایەتییەکەیان ئاگادار بکاتەوە، لە ڕیزی سەربەخۆی



خۆیاندا ڕێکیان بخات، چینی کرێکار بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی بجووڵێنێ، وە دەزانێ لە هەر هەلومەرجێکی دیاریکراوی سیاسیدا و لە هەر بوارێکی دیاریکراودا، چۆن دەبێ لە دەسەڵات نزیک بێتەوە. حیزبی کۆمۆنیست بەردەوام تێدەکۆشێ تەقەلاکانی بەرەی دژ بە شۆڕش، جا چ لە دەسەڵاتدا بێ و چ لە ئۆپۆزیسیۆندا، پووچەڵ بکاتەوە و لە هەر هەلومەرجێکی تایبەتیدا، چینی کرێکار لەبەر تیشکی خەبات لە مەیدانە جۆراوجۆرەکاندا زیاتر لە ئامانجە نیهایییەکەی تێبگەیەنێ.

باشە! ڕەوشتە عەمەلییە ڕۆژانەیییەکانی حیزبێکی ئاوا چۆنن؟ ئەگەر بنچینەی مەوجوودییەتی ڕێکخستنی خۆمان لە سەر ئەو خاڵەی سەرەوە دامەزرێنین، وەڵامی ئەم پرسارە یانی دیاریکردنی شێوە عەمەلییەکان یەکجار سادە دەبێتەوە. بەڵام ئەگەر شۆڕشگێڕێتی خۆمان وەک وردەبۆرژوا_ سۆسیالیستەکان لە خەباتی "دژ بە ڕژێم"، وە یان تەنانەت لە خەباتی دیموکراتیکدا خولاسە بکەینەوە، دیارە هەموو ئەو ئەنجام و شوێنەوارانەی وا باسمان کرد، یەکە یەکە لەناو ئێمەدا سەر هەڵدەدەن. ئەو کاتە کاری کۆمۆنیستی وەک مەسەلەیەکی دژوار و پڕ پێچ و گرێ دەرکی پێ دەکرێ. ئەو کاتە هەڵسووڕانی کرێکاریمان لە چەند جووڵانەوەیەکی ئانارکۆسەندیکالیستیدا خولاسە دەبێتەوە. ئەو کاتە ڕێکخراوی سۆسیالیستی چینی کرێکارمان لەبیر دەچێتەوە. ئەو کاتە دەبینین کاری کۆمۆنیستی بەردەوام و شۆڕشگێڕانە، ناتەبایی و ناکۆکی لەگەڵ هەڵسووڕانی تاکتیکی و نەرمی نیشاندان لە ڕەچاوکردنی تاکتیکدا هەیە. ئەو کاتە مەترسی ڕێکخراوچێتی هەڕەشەمان لێ دەکات. بەڵێ هەموو ئەمانە دەشێن، چونکە هاتنە خوارەوەمان لەو ئامانجە چینایەتییانەی وا بۆ خۆمان دیاریمان کردوون و بەرچاوتەسکی سیاسیی ڕێگای ئەوەمان بۆ دەکاتەوە، کە سەرەڕای هەموو ئەو قۆرتانە بمێنێتەوە و نیشانە و دیارگەی سەرکەوتن بۆ خۆمان بدۆزینەوە. بەڵام بەرەوپێشچوونی شۆڕشی کۆمەڵایەتی، پێوانەی خۆی هەیە و بە سەنگی خۆی هەڵدەسەنگێنرێ و هیچ ئانارکۆسەندیکالیست و هیچ ڕێکخراوچییەک ناتوانێ بە پێی ئەم سەنگ و پێوانانە خۆی بە سەرکەوتوو بزانێ. نەک هەر ئانارکۆسەندیکالیستەکان، نەک هەر سیکتاریستەکان، بەڵکە تەنانەت کودەتاچییەکانیش ڕەنگە بتوانن ڕژێمی شاو خومەینی بڕووخێنن. بەڵام شۆڕشی کۆمەڵایەتیی پرۆلیتاریا ئەو ئەرکە دەخاتە سەرشانمان، کە شێوەی کۆمۆنیستی ڕەچاو بکەین. بە شێوە و ڕەوشتی وردەبۆرژوایی ناتوانی بە ئامانجی کۆمۆنیستی بگەی. ئەو کەسە دەتوانێ بانگەشەی

خەبات و شۆڕشی بێوچان بکات، کە ڕێکخراوەکەی خۆی، بۆ خەباتی "دژ بە ڕژێم" و تەنانەت شۆڕشی دیموکراتیک پێک نەهێنێ و هەموو بوون و نەبوونی خۆی بە خەباتێکی لەم چەشنەوە نەبەستێتەوە. کەسێک بێ کە هەر لە ئێستاوە، شێوە و ڕەوشتی کۆمۆنیستی هەبێ و بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی، بۆ دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا، دەست بداتە ڕێکخستن و تەبلیغ و تەرویج. چونکە بێوچانبوونی شۆڕش، لە گرەوی بوونی پرۆلیتاریایەکی سۆسیالیستی بەهێزدایە، کە دەبێ ئەمڕۆ ڕێکخراو بێت. ئەگەر ئەمە نەکرێ، هەموو شۆڕشێک هەر چەندیش گەورە و گران بێ، دەنرێتە بەردەستی بۆرژوازی.

پێویستە ئاماژە بە خاڵێکی دیکەش بکەم. مانای ڕێکخستنی حیزبی لینینی ئەوەیە، کە بە کردەوە دەست بدەیتە خەبات بە شێوەیەکی حیزبی (کۆمۆنیستی). ئێمە لەسەر ئەو بڕوایەین، کە تەنیا شێوەکارێک کە بە ڕاستی کۆمۆنیستی بێ، تەنیا ئەو شێوەیەی کە ڕەچاوکردنی بەرنامەی کۆمۆنیستی ئێمەی مەبەست بێ و لەم بەرنامەیەوە سەرچاوەی گرتبێ، دەتوانێ حیزبی کۆمۆنیست بەرهەم بێنێ و وەکوو حیزبی کۆمۆنیستی بینوێنێ. مەوجوودییەتی حیزبی کۆمۆنیست لە گرەوی بەدەستەوەگرتنی شێوە کۆمۆنیستییەکاندایە. حیزب ئەگەر بێت و شێوەی غەیرە کۆمۆنیستی ڕەچاو بکات، تیا دەچێ. چونکە ئەگەر "یەکێتیی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست" بەبێ بەدەستەوەگرتنی شێوەی کۆمۆنیستی، نەتوانێ ئامانجی کۆمۆنیستی پیادە بکات، ئەگەریش ناوی خۆی بکاتە حیزبی کۆمۆنیست، ئەوا هەمان شت ڕوو ئەدات. چەند مانگ لەمەو پێش خەبات بۆ جێگیرکردنی بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیست چەند گرنگ و حەیاتی بوو، ئەمڕۆش ڕوونکردنەوە و جێگیرکردنی پێویستیی بەدەستەوەگرتنی شێوە کۆمۆنیستییەکان، بە هەمان ڕادە گرنگ و حەیاتییە. وە ئەوە ئەرکێکی یەکجار گرنگی سەرشانی کۆنگرەکەی ئێمەیە کە ئەم پێودانگە، نەک هەر لەنێو ڕیزەکانی (یەکێتیی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست)دا، بەڵکوو لەنێو بزووتنەوەی کۆمۆنیستیشدا جێگیر بکات.

ئێمە ئەمڕۆ بە ئاڵایەکی مێژینەوە لە کۆنگرە دەچینە دەرەوە، ئاڵای خەباتکردن بە شێوەی حیزبی لینینی. بە بڕوای من بە کۆنگرەکەی ئێمە، کۆمۆنیستەکان پاش ئەو دابڕان و بۆشاییە دوور و درێژە، جارێکی تر بە تیۆری حیزبی لینینییەوە و بە ئیرادەی پۆڵایینەوە بۆ دروستکردنی حیزبێکی ئاوا، پێیان ناوەتە مەیدان. ئێمە ئیتر نەک هەر لە باری تیۆرییەوە، بەڵکە لە کردەوەشدا، میراتی لادانی بۆرژوایی و



وردەبۆرژوایی لە کۆمۆنیزم و کاری کۆمۆنیستیمان وەلا ناوە. من دڵنیام ئەگەر ئێستا باسەکە بەرەو ژوورتر بەرین و شێوەکانی کاری کۆمۆنیستی لە مەیدانە جۆراوجۆرەکاندا یەکە یەکە دیاری بکەین، ئەو کاتە دەردەکەوێ کە چۆن تەنانەت لەنێو دڵی ئەم هەلومەرجی داپڵۆسین و سەرکوتکردنەشدا، زەمینەی یەکجار لەبار بۆ گەشە و پتەوکردنەوەی ڕێکخستنمان هەیە و بۆرژوازی ئەو لێهاتووییەی لە بەرامبەر ڕێکخراوە وردەبۆرژوا_ سۆسیالیستەکان بوویەتی، لە بەرامبەر ئەو کۆمۆنیستانەی بە شێوەی کۆمۆنیستی هەڵدەسووڕێن نابێ.

ڕوونکردنەوە: خەتی 3، بەو ڕێکخراوە کۆمۆنیستانەی پاش شۆڕشی ساڵی 1979ی ئێران دەگوترا، کە حیزبی تودەی ئێران و ڕەوتی چریکەکانیان بە ڕیڤیژینیست دەناسی و هەڵوێستیان لە بەرامبەردا گرتبوون. بەڵام پاش بەستنی کۆنفرانسێک بە ناوی "کۆنفرانسی یەکگرتن"ەوە، کە بە مەبەستی خۆساغکردنەوە و سەروساماندان بە خۆیان بوو، بە هیچ ئاکامێک نەگەیشتن و لەبەریەک ترازان.

تایپکردنەوەی: فازڵ عوسمان

سەرچاوە:
کمونیستها و پراتیک پوپولیستی
"بسوی سوسیالیسم"، دورەی اول، شمارە 6
20 مرداد 1362

# بەشی دووەم

## دەورەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران_ هەتا کۆنگرەی سێیەم و پێکهێنانی فراکسیۆنی کۆمۆنیزمی کرێکاری، شوباتی 1988

# ئازادی، بەرابەری، حوکوومەتی کرێکاری

* هیچ نیشانەیەک لە دامرکاندنەوەی ئەو قەیرانە سیاسی و ئابوورییە قووڵەی کە بەربینی بە بۆرژوازیی ئێران گرتووە بەرچاو ناکەوێت.
* شۆڕشی ساڵی 79 هەر چەندە بە ئاکام نەگەیشت، بەڵام دامودەزگای پاشایەتی هەڵپێچا.
* ئەمڕۆ کۆماری ئیسلامیش هەر لەو چارەنووسە نزیک دەبێتەوە.

نە ئارایییگەریی ئەمەریکایی شا و نە خورافاتی ئیسلامی و هاتوهاواری پانئیسلامیستی خومەینی و شەریکەکانی، نە کوشتوبڕی نەوەی مرۆڤ و نە هەموو ئەو تاوانانەی کە هەردوو ڕژێمەکە دژ بە مرۆڤایەتی و ئازادی کردوویانە، هیچ کامیان چارەسەری ئەو قەیرانەیان نەدەکرد و نەشیاندەتوانی چارەسەری بکەن. چونکە مەسەلە و قەیران لە خودی بوونی کۆمەڵایەتیی بۆرژوازی و لە دەسەڵاتداریێتی ئابووری و سیاسیی سەرمایەدایە. شۆڕشی 79 تەنیا دژ بە پاشایەتی نەبوو، هەر وەکوو چۆن ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی مەزنی داهاتووش، بە تەنیا هەڵپێچانی کۆماری ئیسلامی لەبەر چاو نییە. شۆڕشی 79 تاقانە و دەگمەن نەبوو، بەڵکوو نمایشی یەکەمی ئەو بناغەیە بوو کە لەمەودوا و تا تێکشکاندنی یەکجاریی حوکوومەتی سەرمایە و نیزامی سەرمایەداری لە ئێراندا، مێژووی ئێران دەنەخشێنێ. قەیرانی ئابووری و قەیرانی بەردەوامی سیاسی و حوکوومەتی، بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی بەرین کە تەنیا چەن دەورەیەکی کەم تا زۆر کورت لە پاشەکشە و مەنگی دەکەوێتە نێوان، ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕانەکان کە تا دێ ماوەی نێوانیان کەمتر دەبێتەوە، ئاوالابوون و هێشتا ئاواڵەبوونی دەسەڵاتی سیاسی لە ئاستی کۆمەڵگادا و لە جەرگەی هەموو ئەمانەدا دەسەڵاتگرتنی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتری پرۆلیتاریا و پێشرەوە کۆمۆنیستەکانی، ئەمەیە ئاسۆی ئەو دواڕۆژە ڕاستەقینەیە کە بۆرژوازی لە ئێراندا بە شێوەیەکی بابەتی بەرەو ڕووی دەبێتەوە، بەدەر لەوەی فلانە یان فیسارە تاقمی دەوڵەتیی ڕەسمیی بۆرژوازی بتوانێت چەند ڕۆژێک، چەن مانگێک یان ڕەنگە چەن ساڵێکیش دەسەڵاتی خۆیان بەسەر دامودەزگای دەوڵەتییەوە ڕابگرن.



لە هەلومەرجێکی ئاوادا و لەژێر باری ئەو مۆتەکەیەدا، ئێستا ئیتر هەموو توێژەکانی بۆرژوازی کەوتوونەتە هەوڵ و تەقەلا، تابلۆکانی ڕزگاریی نیشتمانیی سەرمایە یەک لەدوای یەک بەرزکراونەتەوە و بە ڕادەیەک زۆرن کە تەنانەت لە بیر نامێنن و ناژمێردرێنیش_ "کۆماری ئیسلامی بە خومەینی، بێ لاجوردی"، "کۆماری ئیسلامی بە ڕەجەوی دیموکراتیکەوە"، "کۆماری سۆسیال دیموکراتی ئیسلامی"، "ناسیۆنالیزمی ئیسلامی"، "ناسیۆنالیزمی غەیرە ئیسلامی"، "ناسیۆنالیزمی ئارایی"، "ناسیۆنالیزمی ئەمەریکایی"، "پاشایەتیی خوان کارلۆسی"، "کۆماری پەرلەمانی"، یان "هەر داگیرکردنێکی سەربازی لە لایەن ئەمەریکاوە"، سەرەنجام دەبێ یەکێک لەوانە بەر لە داڕووخانی کۆماری ئیسلامی بنیات بنرێت و دابمەزرێ_ ئەمە خولیای ئاڵۆزیی بۆرژوازییە، ئەمانە هەمووی سەردێڕێکن کە دەگەڕێنەوە سەر یەک بار و دۆخ، کۆتاییهێنان بە شۆڕش و هەر چەشنە بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە، پاراستن و هێشتنەوەی وەحشیگەری بۆرژوازی لە ئێران.

بەرامبەر بە هەموو ئەو تەقەلا و پیلانانە کە مەبەستیان کپکردنەوەی دەنگی شۆڕش و بەربەستکردنی ڕەوتی شۆڕش و قەیرانی شۆڕشگێڕانەی یەک لەدوای یەکە، کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران یەک درووشم بەرز دەکەنەوە، درووشمێک کە ڕێنیشاندەری حوزووری شێلگیری چینی کرێکاری ئێرانە لە ڕەوتی پڕ ئاڵوگۆڕ و پڕ لە هەڵسوکەوتی ئێستا و داهاتوویدا هەتا بەدیهاتنی دوایین ئامانجەکانی.

درووشمێک کە هەناو و هێزی بزوێنەری جووڵانەوەی ڕوو لە پێشی خەباتی چینایەتی و شۆڕشگێڕانە لە ئێران لە دەستەواژەیەکی کورتدا بەیان دەکا: "ئازادی، بەرابەری، حوکوومەتی کرێکاری". ئەمە درووشمی کرێکارانی شۆڕشگێڕە. ئەمە درووشمێکە کە هەموو جووڵانەوە شۆڕشگێڕانەکان لە ئێرانی ئەم سەردەمەدا، هەر لە شۆڕشی 79وە تا سەرکەوتنی یەکجاری، پێکەوە گرێ دەدا.

"ئازادی" یانی، ڕزگاربوونی تەواو لە هێز و دەسەڵاتی ئابووری، سیاسی و فەرهەنگی سەرمایە و سەرمایەداری، یانی ڕزگاربوون لە هەر چی پەیوەندی و هەر چی دامودەزگای سەرکوتکەر و دیلهێنەری کۆمەڵگەی بۆرژوازییە، یانی ڕزگاری لە کۆیلایەتی کرێگرتە، ڕزگاری لە کۆت و بەندی چینایەتی، ڕزگاری لە سەرکوت و دەزگای سەرکوتکەری دەوڵەتی بۆرژوازی، ڕزگاری لە بێمافی سیاسی و کۆت و بەندی فەرهەنگی، ڕزگاری لە داوی ئایین و لە بیروڕا و قانوون و یاسا کۆن و

دواکەوتووەکانی کۆمەڵگای ئێستا، ڕزگاری لە چەوسانەوەی ئایینی، میللی و نەژادی، ڕزگاری لە هەژاری و کوێرەوەری لە نەزانی و خورافات و بە گشتی ڕزگاری لە هەموو هەڵاواردن و مەینەتییەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری.

"بەرابەری" تەنیا بە مانای بەرابەری حوقووقی و قانوونی یان بەرابەری هاووڵاتی کۆمەڵگایەک لە هەر میللەت و نەژاد و ڕەچەڵەکێک نییە، بەڵکوو بە مانای بەرابەریبوون لە ئیمکاناتی ماددیدایە، لە دەستڕاگەیشتن بەو ئامرازانەی کە دەبنە هۆی هەڵدانی توانا و لێهاتوویی فەردی و کۆمەڵایەتی. بە مانای بەرابەرییە لە بەرهەمهێنان و بەڕێوەچووندا، بەرابەرییە لە دیاریکردنی چارەنووسی ئابووری و سیاسی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای خۆیاندا_ بە مانای بەهرەمەندبوون لە بەهرە ماددی و مەعنەوییەکانی کار و تێکۆشانی کۆمەڵایەتیدا، لە خەبات بە مەبەستی زاڵبوون بە سەر هەر چەشنە دواکەوتوویی و کەموکووڕییەکدا_ بە مانای بەرابەرییەکە، تەنیا ئەو کاتە بەدی دێ، کە خاوەندارێتی تایبەتیی بۆرژوازی بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و سەروەت و سامانی کۆمەڵ بکرێتە خاوەندارێتی گشتی و هاوبەشیی هەموو ئەو ئینسانانەی کە لە هەڵسووڕانی کۆمەڵایەتیدا بەشدارن.

"حوکوومەتی کرێکاری" یانی، حوکوومەتی چینایەتیی کرێکاران، یانی حوکوومەتی چەوساوەکان و بەرهەمهێنەرانی هەموو سەروەت و سامانی کۆمەڵ دژ بە چەوسێنەران، حوکوومەتی ئەو کەسانەی کە ئەمڕۆ کۆیلەی کرێگرتەن و سبەینێ هەموو کۆمەڵ ڕزگار دەکەن، حوکوومەتی ئەو کەسانەی کە بناغەی هەبوون و سەروەتی کۆمەڵگا لەسەر کار و تێکۆشانی بەردەوامی ئەوان دامەزراوە، حوکوومەتی کرێکاری یانی، چینی کرێکاری ڕێکخراو وەک هێز و چینی ڕزگارییبەخشی خاوەن دەسەڵات، حوکوومەتی کرێکاری یانی، حوکوومەتی سەرکەوتنی بەرەنگاربوونەوەی چەوسێنەران لە بەرامبەر ڕزگاریی مرۆڤایەتیی زۆرلێکراودا، حوکوومەتی کرێکاری یانی، دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا دژ بە پارێزەرانی هەژاری، کوێرەوەری، چەوسانەوە، نەزانی و دواکەوتوویی، حوکوومەتی کرێکاری یانی، دیموکراسی بۆ کرێکاران و زەحمەتکێشان و چەوساوەکان و سەرکوت بۆ چەوسێنەران، حوکوومەتی کرێکاری یانی، ئەو دەسەڵاتەی کە زامنی ڕاستەقینەی بەڕێوەچوونی ئازادی و بەرابەرییە.

وەڵامی بۆرژوازی بەم درووشمەی پرۆلیتاریا بە تەواوی ڕوونە، بۆرژوازی بەرامبەر بەم درووشمە لە سەراسەری جیهاندا تەنها یەک وەڵامی هەیە، ئەویش سەرکوت و



زەبروزەنگ و کۆنەپەرستیی بێ پەردەیە دژ بە پرۆلیتاریا. کۆماری ئیسلامی خۆی تەنها بەشێک و نموونەیەکی زیندووی ئەم وەڵامەیە، بەڵام ئەو لیبراڵە چەپ و وردەبۆرژوا و ڕیفۆرمیستانەش کە خۆیان بە شۆڕشەوە یان تەنانەت بە سۆسیالیزمەوە هەڵواسیوە، هەر چەندە لە بار و دۆخی ئێستا ناڕازی بن و لەسەر وەزع و"ئەڵتێرناتیڤی" خوازراو لەنێو خۆیاندا ناکۆکییان هەبێ، کەم تا زۆر وەڵامێکی یەکسانمان پێ دەدەنەوە. تێکەڵاوێک لە هەڕەشە و گوڕەشە، تەحریفات و پرتەوبۆڵە بەسەر کرێکارانی کۆمۆنیستدا دەبارێنن: حوکوومەتی کریکاری؟! ئەمە خۆشخەیاڵییە! مەگەر سوپای ئەمەریکا نابینن؟ مەگەر نازانن کە بەشی هەرە زۆری خەڵک ئایینین، لە دێدا دەژین، غەیرە پرۆلیتێرن، پیشەسازییەکەمان بۆ ئەو کۆمەڵگە سۆسیالیستییەی ئێوە بە ڕادەی پێویست گەشەی نەکردووە، ئاخر کرێکار نەخوێندەوار و ناهۆشیارە، ئێوە چۆن دەتوانن کۆمەڵگەی پێشکەوتووی ئەمڕۆ بەڕێوە بەرن؟ بە کام هێزەوە دەتانەوێ حوکوومەتی کرێکاری دابمەزرێنن؟ کام حیزبی چینایەتی؟ کام هێزی ڕێکخراو بۆ بەدیهێنانی ئەم درووشمە لە ئارادایە؟ مەگەر درووشمەکانی ئەمڕۆی خەڵک نابینن؟ لە ئێراندا هیچ کەس ناچێتە ژێر باری حوکوومەتی کرێکاری، زووە و ئیمکانی نییە، خۆشخەیاڵییە.

بەشی زۆری ئەم بەیت و باڵۆرەیە، ئەو قسە هەڵیت و پەڵیتانەن کە بە دانسقە شێوێنراون و خراونەتە سەریەک و بەشێکی تریش دەرخەری هەلپەرستانە و ڕیاکارانەی ئەو ڕاستییانەیە، کە بە چەشنێکی بابەتی، کۆسپی سەر ڕێگای حوکوومەتی کریکاری و بەدیهاتنی بەرنامەی کۆمۆنیستییە. ئەم ڕاستییانە بۆ ئیمە کەند و کۆسپێکن کە دەبێ هەڵیپێچرێن و بۆ بۆرژوازی و وردەبۆرژوازی سەنگەرێکن کە دەبێ لە بەرامبەر پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕدا بپارێزرێن. سەرەکیترین کۆسپ لە سەر ڕێگەی بەدیهاتنی دەستبەجێی درووشمەکەی ئێمە بریتییە لە: نەبوونی پلەی هۆشیاریی چینایەتی و پەرش و بڵاوی و لاوازیی سیاسیی ڕێکخراوەیی چینی کریکاری ئێران. بەڵێ! ئەگەر کرێکارانی ئێران یەکگرتوو بوونایە و بە بەرژەوەندیی چینایەتیی خۆیان لە حیزبی سیاسیی شۆڕشگێڕی خۆیان، لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا کۆبوونایەتەوە، دامەزراندنی حوکوومەتی کرێکاری کاری تاقە ڕۆژێک دەبوو. ئێمە بۆ نزیکترکردنەوەی ئەو ڕۆژە تێدەکۆشین و خەبات دەکەین. وە ئەم درووشمەش بۆ خۆی، ئامرازێکی گرنگی ئیمەیە لەم خەباتەدا. ئەم درووشمە ئەمڕۆ

کاری هۆشیارکردنەوە و کۆکردنەوە و ڕێکخستن بەرێوە دەبا و سبەینێش دەبێتە کردەوە و کۆتایی بە دەسەڵاتی ئابووری و سیاسیی سەرمایە دەهێنێ.

بەدیهاتنی ئەم درووشمە یانی بەدیهاتنی بەشی لانی زۆری بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، پێویستی بە ڕادەیەکی زۆر لە هۆشیاری و ڕێکخراوبوون لەنێو چینی کرێکاری ئێراندا هەیە و هۆشیاری و ڕێکخراوبوونێک کە لە خەڵوەت و دوور لە کۆمەڵ بە دەست نایەت. بەڵکوو دەبێ هەر لە هەناوی ئەم خەبات و تێکۆشانەی ئێستا و ڕاپەڕینە یەک لەدوای یەکە شۆڕشگێڕانەکان و بەهۆی کاری شێلگیرانەی کۆمۆنیستەکانەوە بەدی بێت. چینی کرێکار دەبێ لە هەر خول و مەیدانێکی خەباتی چینایەتی و شۆڕشگێڕانەوە هۆشیارتر، ڕێکخراوتر و بە پەیوەندییەکی قووڵترەوە لە گەڵ حیزبەکەی خۆی یانی، حیزبی کۆمۆنیست هەنگاوی بەرەو پێش هەڵگرێ. درووشمی ئازادی، بەرابەری، حوکوومەتی کرێکاری، ڕێپێشاندەری جووڵانەوەی بەردەوامی ئێمە لە جەرگەی شەڕی یەک لەدوای یەک و لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی خەباتدایە.

ئەگەر هەر ئێستا هێزی کرێکارانی هۆشیار و ڕێکخراو بەشی ئەوەندە نییە کە دەستبەجێ دەسەڵاتی سیاسی بە دەستەوە بگرێ و حوکوومەتێ دامەزرێنێ کە بتوانێ ڕاوەستانەوەی هەموو دوژمنانی پرۆلیتاریا و سۆسیالیزم تێک بشکێنێ، ئەو ئێنێرژی و داخوازییە شۆڕشگێڕانەیە لەنێو جەماوەری بەرینی کرێکار و زەحمەتکێش و توێژە زۆرلێکراوەکانی کۆمەڵدا هەیە کە بە پشتبەستن بەو ئێنێرژییە، پرۆلیتاریای کۆمۆنیست ئەو خەباتەی لەژێر دەست و باڵای بۆرژوازی و وردەبۆرژوازی دەربێنێ و بە ڕابەریکردنی ئەو خەباتە بیگەیەنێتە بەرزترین پلەی ئاکامی خۆی. بە شێوەیەکی بابەتی و لە ڕاستیدا ئەو ئیمکانە هەیە کە خەبات و نارەزایەتییەکانی ئێستا ببن بە بزووتنەوەیەکی هەرە گەورە بۆ بەدیهێنانی دیموکراسیی شۆڕشگێڕ. ئەو دەسەڵاتە دیموکراتیک و شۆڕشگێڕانەیە کە باری قەیرانی ئابووریی نیزامی ئێستا بە سەر بۆرژوازیدا دەڕووخێنێ و وەها دیموکراسییەکی پان و بەرین دادەمەزرێنێ کە هەنگاوهەڵگرتنی دوایی بەرەو شۆڕشی سۆسیالیستی و دامەزراندنی حوکوومەتی کرێکاری چەن لایەنە سادەتر دەکاتەوە. دیموکراسییەکی شۆڕشگێڕانەی ئەوتۆ، کە وێڕای وەڵامدانەوە بە سەرەکیترین پێداویستییەکانی جەماوەری بەرینی زۆرلێکراو و چەوساوە، لەبارترین هەلومەرجیش بۆ کۆکردنەوە و ڕێکخستنی چینایەتیی مەزنی



کرێکاران و بۆ بەدەستهێنانی یەکجاریی دەسەڵاتی سیاسی پێک دێنێ. ئێمە لەژێر ڕووناکی درووشمی، "ئازادی، بەرابەری، حوکوومەتی کرێکاری"دا، بۆ پێکهێنانی وەها هەلومەرجێک و بۆ دامەزراندنی وەها دەسەڵاتێکی دیموکراتیکی شۆڕشگێڕیش لە کۆمەڵدا خەبات دەکەین. کرێکارانی کۆمۆنیست ئامادەن لە سەر بنەمای پلاتفۆرمێکی شۆڕشگێڕانە و دیموکراتیک یانی، بەشی لانی کەمی بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، لە ڕیزی پێشەوە بە بەشداری هەموو توێژە زۆرلێکراو و چەوساوەکان و هەروەها هەموو ئەو هێزە کۆمەڵایەتییانەی کە خوازیاری ئەوەن ئاڵوگۆڕێکی قووڵی دیموکراتیک لە کۆمەڵگەی ئێستادا پێک بێت، کۆماری دیموکراتیکی شۆڕشگێڕانە پێک بهێنن. کرێکارانی کۆمۆنیست هەر لە ئێستاوە، لە بەشی لانی کەمی بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا، بۆ کۆکردنەوەی هێز و ڕێکخستنی هەموو هێزەکانی دیموکراسیی شۆڕشگێڕ، بۆ تێکشکاندنی کۆماری ئیسلامی و دامەزراندنی کۆمارێکی دیموکراتیکی شۆڕشگێڕ لە جێگەی ئەو بانگەواز دەکات.

کۆماری دیموکراسیی شۆڕشگێڕ، تاکتیکی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانە لە هەلومەرجی ئێستادا. ئەم کۆمارە داخوازە دیموکراتییەکانی جەماوەری زۆرلێکراو و چەوساوەی کۆمەڵ، کریکاران، زەحمەتکێشانی دەستەنگ لە شار و دێ، ژنان، گەلانی زۆرلێکراو و بە گشتی هەموو ئەو ئینسانە بە شەرەفانەی کە داواکاری دیموکراسیی بەرینی سیاسین، بەدی دێنێ و وەڵامی داخوازی هەموو ئەو کەسانەی کە لە بێ مافی سیاسی، دەمکوتکردن، کۆنەپەرستیی ئایینی و بە گشتی لەو قانوون و یاسا کۆنەپەرستانەی کە بەسەر شوێنی کار و ژیانی دانیشتووانی کۆمەڵگادا سەپاوە، وەڕس بوون، دەداتەوە و ئەو داخوازییانە جێبەجێ دەکا. بەرێوەبردنی وڵات دەدرێتە دەست شوورا ڕاستەقینەکانی خەڵک، بیرۆکراسی تاقانە و بانتر لە خەڵک هەڵدەپێچین و دیموکراسیی ڕاستەوخۆ دادەمەزرێ، چەکداربوونی گشتیی خەڵک، دەبێ بە زامنی بەرێوەچوونی پارێزگاری لە دەسکەوتەکانی شۆڕش. لەم کۆمارەدا، مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ هەموو میللەتانی ئێران زەمانەت دەکرێ. قانوونکاری دیموکراتیکی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ دەستبەجێ بەرێوە دەبرێ. دەزگای دادوەریی بۆرژوازی هەڵدەپێچرێ و لە جێگەی ئەواندا دادگاکانی خەڵک بە قازی و هەیئەتی دادوەریی هەڵبژێردراوەوە جێگیر دەبن، بیمەی بێکاری و هەموو چەشنە بیمەیەکی کۆمەڵایەتی لە ئاستێکی فراواندا دادەمەزرێ. بەرابەریی ژن و پیاو لە هەموو مافە قانوونی و

پیشەییەکاندا ڕادەگەیەنرێ. تەندروستی و پاک و خاوێنی، فێرکردن و شوێنی ژیانی گونجاو وەک مافی مسۆگەری هەموو دانیشتووانی وڵات ڕادەگەیەنرێ و هەموو ئیمکاناتی پێویست بۆ بەدیهێنانی ئەم مافانە لە کردەوەدا بە شووراکانی خەڵک دەدرێ. بە کورتی، کۆماری دیموکراتیکی شۆڕشگێڕ، بەشی لانی کەمی بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەڕێوە دەبا.

کۆماری دیموکراتیکی شۆڕشگێڕ، وەڵامی دەستبەجێی حیزبی کۆمۆنیست و پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕە لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامی و هەموو تەرح و نەخشەکانی ئەو ئالتێرناتیڤەی کە ئەمڕۆ ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی و وردەبۆرژوازی تەبلیغی بۆ دەکەن. هێزی ڕاستەقینەی کۆمەڵایەتی بۆ بەدیهاتنی ئەم ئامانجە دەستبەجێیانە بە ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی هەر ئێستا وجودی هەیە، هێزێکی یەکجار گەورەتر لە توانای لایەنگرانی ئەو ڕێگاچارە بۆرژوا_ ئیسلامی و بۆرژوا_ پاشایەتییە، کە ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی و وردەبۆرژوازی بە تەمان بەسەر خەڵکیدا بسەپێنن. کۆماری شۆڕشگێڕ و ئەو دیموکراسییە شۆڕشگێڕە بەرینەی کە ئەم کۆمارە زەمانەتی دەکات، لە هەمان کاتدا پەردە لە سەر دیموکراسی درۆیینە و لیبرالیزم و ڕیفۆرمیزمی بێ بایەخی ئەم ئۆپۆزیسیۆنە لادەدا. ئێمە درووشمی، "ئازادی، بەرابەری، حوکوومەتی کرێکاری"، شانبەشانی درووشمی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی و دامەزراندنی کۆماری دیموکراتیکی شۆڕشگێڕ هەر لە ئێستاوە تەبلیغ دەکەین. ئێمە هەر لە ئێستاوە و بێ چەند و چوون دەستمان داوەتە کۆکردنەوە و ڕێکخستنی هێزەکانی شۆڕشی پرۆلیتێری. ئێمە ڕایدەگەیەنین کە کۆماری دیموکراتیکی شۆڕشگێڕ بە هەموو پێشرەوییەکان و دەسکەوتە دیموکراتییەکانی خۆیەوە و سەرەڕای دەورەیەک کە لە خەبات بۆ ڕزگاری هەیەتی، کۆتاییی کارەکە نییە و خەباتی چینی کرێکار و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بۆ ڕزگاریی یەکجاری، هەتا دامەزراندنی حوکوومەتی کرێکاری و سۆسیالیزم، بێ وچان درێژە پێ دەدرێ. ئەو وردەبۆرژوا ڕیفۆرمیستانەی کە بانگەشەی "مارکسیزم" دەکەن، پرتەوبۆڵەی ئەوەیانە کە ئەم کۆمارە شۆڕشگێڕانەیە بە نیزامی شوورایی و چەکدارکردنی گشتی و بە بەرنامەی فراوانەوە کە هەیەتی، هەر هەمان حوکوومەتی کرێکارییە بە ناوێکی ترەوە. ئێمە باوەڕمان بەوە هەیە کە ئەم کۆمارە زۆر لە ویست و خەیاڵی "بۆرژوا_ دیموکراتیکی" ئەم جۆرە کەسانە واوەتر دەچێ. ئێمە دەزانین و دەیڵێین، هەر ئەم کۆمارە زۆر لە سۆسیالیزمی "ڕووسی، چینی،



بولگاری و ئەلبانی"ی ئەوان کە شتێک نین جگە لە سەرمایەداریی دەوڵەتی لەژێر ناوی سۆسیالیزمدا "بە سۆسیالیزم نزیکترە". چونکە ئامرازێکی شۆڕشگێڕانەی پرۆلیتاریایە بۆ بەرەو پێشچوون. بەڵام لە هەمان کاتیشدا ڕێگە بە هیچ کەسێک نادەین، وە بە تایبەت بە هیچ کام لەو کەسانەی سۆسیالیزم دەشێوێنن، کە ئاسۆی کرێکاری لە سۆسیالیزمی ڕاستەقینە و حوکوومەتی کرێکاری بەو جۆرە بەرتەسک بکەنەوە. ئەو حوکوومەتە کرێکارییەی کە کۆماری شۆڕشگێڕ تەنها ڕێگەی بۆ خۆش دەکا و هەلومەرجی لەبار بۆ کۆکردنەوەی هێزەکانی پێک دێنێ، حوکوومەتێکە کە کێشەی سەرەکیی چینی کریکار بۆ هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارێتیی تایبەتی بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا وە دامەزراندنی بەرهەمهێنان و پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی سۆسیالیستی لە جێگای نیزامی چەوسێنەری سەرمایەداری بە هەموو لایەنەکانییەوە بەرامبەر بە هەموو دوژمنەکانی بەرەو پێش دەبا. حوکوومەتی کرێکاری، حوکوومەتی کرێکارانە بۆ دامەزراندنی سۆسیالیزم. حوکوومەتی کریکاری، حوکوومەتێکە بۆ زەمانەتکردنی ڕزگاریی یەکجاری، کۆماری دیموکراتیکی شۆڕشگێڕ، تەنیا هەنگاوێکە، هەر چەندە هەنگاوێکی یەکجار گەورەیە بەرەو ئەو ئامانجە.

20 نۆڤەمبەر 1984

تایپکردنەوەی: ئەحمەد عەلی

سەرچاوە:
آزادی، برابری، حکومت کارگری
"کمونیست"، شمارە 14
30 آبان 1363

## چەند تێزێک لە بارەی:
## بنەماکانی ڕێکخستنی کۆمۆنیستی و ڕەخنە لە شێوەکاری پۆپۆلیستی

پاش دەیان ساڵ زاڵبوونی ڕیڤیژینیزم و ئۆپۆرتیۆنیزم بە شکڵ و شێوەی جۆراوجۆر بەسەر بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی جیهاندا بەگشتی و بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی ئێراندا بەتایبەتی، ئەمڕۆ بەرەوپێشچوون و سەرکەوتنی بزووتنەوەکەمان لە خەبات بۆ سۆسیالیزم و بەدیهێنانی شۆڕشی کۆمەڵایەتیدا، بە تەواوی بە ژیاندنەوەی هەمە لایەنەی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ و بۆڵشەڤیزمەوە گرێ دراوە.
ئێستا دەیان ساڵە کە خەبات و پراتیکی کۆمۆنیستی ڕاستەقینە لە ئاستی جیهاندا تووشی وەستان و دامرکان کراوە، بۆشایی دەیان ساڵەی کاری کۆمۆنیستی بە بیروڕا و کردەوەی گەندەڵی ڕیڤیژینستی پڕ کراوەتەوە. سۆڤێت و چین کە خۆیان بە نوێنەری فەرمیی مارکسیزم لە مەیدانی نیونەتەوەییدا لەقەڵەم دەدەن، بە ناوی کۆمۆنیزم، دژی پرۆلیتێریترین تیۆری و سیاسەت و شێوەکاریان برەو پێداوە و پەیرەوییان لێ کردووە. لە پاڵەوە بە ڕواڵەت لەبەرانبەر ئەم ڕیڤیژینیزمە فەرمییەدا، چەند ڕەوتێکی ڕەخنەگرانەی بە هەمان ڕادە ڕیڤیژینیزم وەک ترۆتسکیزم و کۆمۆنیزمی ئەورووپی، کەلەپوور و نەریتەکانی تیۆری و عەمەلی بزووتنەوەکەمان دەگۆڕن و گەوێڕی ئەدەن. بێجگە لەوانە، بە تایبەت لە وڵاتانی ژێردەستەی ئیمپریالیزمدا، شۆڕشگێڕییەتی ناشێلگیر و تەحدیدیگەرایانەی وردەبۆرژوازیش، بە شێوەی سەرەکی لەسەر بناغەی پۆپۆلیزم و ناسیۆنالیزم و سۆسیالیزمی وردەبۆرژوازی، لەژێر ناوی مارکسیزمدا گەلێک تەحریف و گۆڕین و چاوخشاندنەوەی پەشیمانئامێز تازە، لە حوکمە بنەڕەتییەکانی تیۆری و بنەماکانی پراتیکی مارکسیزمی شۆڕشگێڕدا پێک دێنن. بەرانبەر بە هەموو ڕەوتە ڕیڤیژینیزم و وەردەبۆرژوا_ سۆسیالیستەکان، بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیست پێناسی ئێمەی وەک مارکسیزمی شۆڕشگێڕ بە ڕوونی دیاری کردووە. ئێمە پەیوەندیمان هەر بەو بزووتنەوە چینایەتییە جیهانییەوە هەیە کە مانیفێستی کۆمۆنیست سەرەتای قەوارەگرتنی ڕاستەقینەیەتی و شۆڕشی ئۆکتۆبەر شایەدی ڕاوەستاویی و شێلگیرییەتی لە ڕێکخستنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی پرۆلیتاریادا.



ئێمە بەشێکین لەو بزووتنەوەیە کە نەک هەر دەستی لە خەبات بۆ وەدیهێنانی ئامانجی مانیفێستی کۆمۆنیست نەکێشاوە، نەک هەر ئامانجەکانی خۆی دانەشکاندووە، بەڵکوو سوورە لەسەر ئەوەی کە بۆشایی دەیان ساڵەی کاری کۆمۆنیستی پڕ بکاتەوە و بەرانبەر بە هەموو شێواندن و گۆڕینێکی بۆرژوازی و وردەبۆرژوازی لە مارکسیزمدا، بە ئێرانی و جیهانییەوە، سەرلەنوێ مارکسیزمی شۆڕشگێڕ و ڕێ و ڕەوشتی بۆڵشەڤیکی جێگیر بکاتەوە. ژیاندنەوەی بۆڵشەڤیزم!
ئەمەیە ئامانجی بەرزی کۆمۆنیستی بزووتنەوەی ئێمە، ئامانجێک کە جیاکەرەوەی بزووتنەوەکەمانە لە هەموو ئەو ڕەوتانەی وا سۆسیالیزمیان بە گوێرەی ئامانجی نزمی چینایەتی خۆیان داشکاندووە. ئامانجێک کە جیاکەرەوەی بزووتنەوەکەمانە لە هەموو ڕەوتە ڕیڤیژینیستەکان و وردەبۆرژوا_ سۆسیالیستەکان. ئەمڕۆ لە بار و دۆخێکی ئەوتۆدا کە ڕیڤیژینیزم بەسەر بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی جیهاندا زاڵە، ناتوانین بۆ بەدیهێنانی سۆسیالیزم خەبات بکەین، بێ ئەوەی بە هەمان خۆڕاگری و گوڕ و تواناوە، لە شەڕی بێئامان لە پێناو ژیاندنەوەی بۆڵشەڤیزمدا تێوەچین. ئێستا بە حوکمی هەلومەرجی بابەتی و بار و دۆخ و پێداویستی پراتیکی بزووتنەوەی جیهانی پرۆلیتاریای سەردەم، سەردەمی لەناوچوونی جیهانی و مێژوویی ڕیڤیژینیزمە. زاڵبوونی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ بەسەر ڕیڤیژینیزمی پۆپۆلیستی لە ئێراندا و پەیدابوونی ریزێکی یەکانگیری کۆمۆنیستی لەژێر ئاڵای بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستدا، خۆی بەشێک لەو جووڵانەوە مێژووییە کە پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ بۆ بەدیهێنانی ئامانجە مێژووییەکانی خۆی بەرەو ژیاندنەوەی بۆڵشەڤیزم دەستی داوەتێ. بەڵام خەبات بۆ ژیاندنەوەی بۆڵشەڤیزم، تەنیا خەباتێکی تیۆری نییە، بەڵکوو لە هەمان کاتدا پێویستی بە خەباتێکی لێبڕاوانە بۆ دۆزینەوە و چەسپاندنی سەرلەنوێی نەریتەکان و ڕەوشتە کۆمۆنیستییەکانیشە. ئەو نەریت و ڕەوشتانەی کە لە پاڵ تیۆری و بەرنامەی شۆڕشگێڕانەی مارکسیزمدا، نیشانکردنێکی بنەڕەتی جیانەکراوەن بۆ دیاریکردنی پێناسی جیاواز و سەربەخۆی کۆمۆنیستەکان لەبەرانبەر حیزب و هێزە سیاسییە ناپرۆلیتێرییەکان و ڕەوتە ناکۆمۆنیستییەکانی ناو بزووتنەوەی چینی کرێکاردا. مارکسیزمی شۆڕشگێڕ خۆی ڕەوتێکی زیندووی چالاکی ناو بزووتنەوەی چینی کرێکارە کە نەک هەر بە تیۆری و ئامانجە شۆڕشگێڕانەکانیدا، بەڵکوو هەروەها بە ڕەوشت و نەریتەکانی تایبەت بە پراتیکی خۆی دەناسرێتەوە و لە غەیری خۆی جیا

دەکرێتەوە. ئەو نەریت و ڕەوشتانە کە تایبەت بە کۆمۆنیزم و کۆمۆنیستەکانە. ئەو نەریت و ڕەوشتانەی کە پاڵیان بە ئامانج و بەرنامەی شۆڕشگێڕانەی مارکسیزمەوە داوە، جووتی تەواوکەری جیاکەرەوەی بەرنامەکە و پێناسەی عەمەلی بزووتنەوەکەمان دیاری دەکا. زاڵبوونی ڕیڤیژینیزمیش خۆی هەر تەنیا بە مانای گۆڕینی بەردەوامی تیۆری و لادان لە بەرنامەی مارکسیزم و گەوێڕکردنی پێناسی تیۆریی کۆمۆنیستەکان نەبووە. بەڵکوو بە تایبەت هەتا گەوێڕکردن و سڕینەوەی ئەم نەریت و ڕەوشتانەش لە کاروباری تەبلیغ، تەرویج و ڕێکخستن، لە خەباتی نێوخۆیی حیزبی و دانان و بەدەستەوەگرتنی تاکتیکدا، بە کورتی لە هەموو لایەنەکانی پێناسەی عەمەلیی کۆمۆنیستیدا ڕۆیشتووەتە خوارێ. مانیفێستی کۆمۆنیست چوارچێوەی گشتی ئەم ڕەوشتانەی دیاری کردووە. لێنین و حیزبی بۆڵشەڤیک ئەم ڕەوشتانەیان لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی پراتیکدا، لە کاری ڕۆژانەی هەڵسووڕانی شانە حیزبییەکانی ناو چینی کرێکار، لە شێوەکانی تەبلیغ، تەرویج و ڕێکخستنی حیزبی و جەماوەریی چینی کرێکاردا. لە پەیوەندییەکانی نێوخۆی حیزب و پێوەرەکانی سانترالیزم و دیموکراسی نێوخۆی حیزبدا، لە ڕێکخستن و ڕێکخراوبوون بەدەوری ئۆرگانی سیاسی و ئەدەبییاتی سەرانسەری حیزبیدا و لە خەباتی دژی پۆلیسی سیاسیدا، بە کورتی لە کاری بەردەوام و ڕێکوپێکی حیزبییەوە هەتا ڕێکخستنی ڕاپەڕینی جەماوەری و شتی تر، هەموویان ورد کردووەتەوە و بە دەستیانەوە گرتووە. ئەم ڕەوشتانە ڕەوابوونی خۆیان و ڕێکهاتنەوەیان لەگەڵ ئوسووڵی خەوشهەڵنەگری تیۆری مارکسیزم، گەلێک جار لە پراتیکی بەشە لێکجیاکانی چینی کرێکاری جیهانیدا سەلماندووە.

ئەمڕۆ خەبات لە پێناو ژیاندنەوەی بۆڵشەڤیزمدا بۆ مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێران مانایەکی عەمەلیی تایبەتی پەیدا کردووە. نزیک بە چوار ساڵ خەباتی ئایدیۆلۆژیی ئامانجدار، بە تایبەت لە دژی ڕیڤیژینیزمی پۆپۆلیستی، لە ناوجەرگەی شۆڕشێکی مەزن و لەناو بەربەرەکانێی دەستەویەخەی ئاشکرای چینەکاندا، توانای ئەوەی بە بزووتنەوەکەمان بەخشیوە کە پێناسی سەربەخۆی ئایدیۆلۆژیک_ سیاسی پرۆلیتێری خۆی بدۆزێتەوە و جێگیری بکا. بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیست ڕەنگدانەوەی ڕەخنەی هەمە لایەنەی مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێران لە شێوە جۆراوجۆرەکانی ڕیڤیژینیزم و سۆسیالیزمی ناپرۆلیتێرییە، ئاڵای سەربەخۆی ئایدیۆلۆژیک_ سیاسی، نەک هەر بەرامبەر بە هەموو ڕیڤیژینیزمی پۆپۆلیستی، بەڵکوو بەرانبەر بەهەموو چەشنە



ڕیڤیژینیزمێک. ئەم دەسکەوتە چارەنووس دیاریکەرە ئێمەی گەیاندووەتە بەردەرگای پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، ئەرکی دەسبەجێ پێویستی پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیست و ئەو پراتیکە بەرینە کۆمۆنیستییە کە هەر لە ئێستاوە لەگەڵ بڵاوکردنەوەی بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستدا چووەتە دەستووری کارمانەوە و زیاتر لە جاران لەسەر پێویستی دەستبەجێی بزووتنەوەکەمان بە دۆزینەوە و جێگیرکردنی پێوەرەکان و ڕەوشتەکانی پراتیکی بۆڵشەڤیکی پێداگری دەکا. ڕاستییەکان و تاقیکردنەوەکانی بەرەو پێشهاتنی مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێران بەدرێژایی ئەم شۆڕشە سەلماندوویانە کە ڕەوشتە پۆپۆلیستییەکان نەک هەر خزمەت بە ئامانجە کۆمۆنیستییەکان ناکەن، بەڵکوو ڕێگریی لە بەدیهاتنیان دەکەن و سەلماندوویانە کە هەر تەنیا پراتیک بە شێوەی بۆڵشەڤیکییە کە دەتوانێ ئامانج و بەرنامەی کۆمۆنیستی بەدی بینێ. پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنستی ئێران لە کردەوەدا هەر تەنیا لەسەر بناغەی جیاکردنەوەی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ لە ڕیڤیژینیزم، جیاکردنەوەیەک کە هەر ئێستا لە بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستدا بە ڕۆشنی دەردەکەوێ، ئیمکانی نابێ. حیزبی کۆمۆنیست ئۆرگانی سەربەخۆی تیۆری و عەمەلی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕە، هەر لەبەر ئەوە بۆ پێکهێنانی حیزب، پێوستە هێزەکانی بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیست، دەستیان بە تیۆری لێنینیی ڕێکخستن و پێوەرەکانی بۆڵشەڤیکیی هەڵسووڕانی عەمەلی ڕابگا.

ئەمەیە کلیلی پێکهێنانی بەکردەوەی حیزب لە بار و دۆخی ئێستاماندا. لە لایەگی ترەوە دەستڕاگەیشتن بە بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیست و تێکشکان و مایەپوچبوونی ئاشکرای ڕیڤیژینیزمی پۆپۆلیستی لە هەردوو مەیدانی تیۆری و پراتیکدا، بزووتنەوەکەمانی هێناوەتە هەلومەرجێکی هەرە لەبار بۆ هەڵگرتنی دواهەنگاو لە ڕێڕەوی پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستدا. کۆنگرەی یەکەمی (یەکێتیی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست) بە دوورودرێژی مەسەلەی ڕەوشتە عەمەلییە کۆمۆنیستی و پۆپۆلیستییەکانی خستە بەرباس و لێکۆڵینەوە و پێی لەسەر جێگا و گرنگی ئەم مەسەلەیە لە کاری پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستدا و لە ڕاستکردنەوە و پەرەپێدانی مارکسیزمی شۆڕشگێڕدا داگرت. ئێمە سوورین لەسەر ئەوەی کە لێبڕاوانە لە ڕێڕەوی ڕەخنەگرتن لە ڕەوشتە پۆپۆلیستییەکان لە ڕیزی مارکسیزمی شۆڕشگێڕدا، لە ڕێڕەوی دابڕانی هەمە لایەنەی چینایەتی لەم ڕەوشتانە و جێگیرکردنی بنەماکانی پراتیکی کۆمۆنیستی لە هەموو ئاستێکی کاری عەمەلیدا خەبات بکەین. ئەم تیزانەی خوارەوە لەسەر بناغەی باسەکان

و لێکۆڵینەوەیان و کۆکردنەوەی ئەو باسانە لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی تێکۆشەرانی کۆمۆنیستدا نووسراونەتەوە و ڕێکوپێک کراون و خاڵی بۆچوونی تیۆری ئێمە لە جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە دەستبەجێ پێویستەماندا دەبن.

1) دەستپێ ڕاگەیشتنەوە و پتەوکردنی تیۆری لێنینی ڕێکخستن و نەریت و ڕەوشتەکانی پراتیکی کۆمۆنیستی لە ڕیزەکانی ئێمەدا، تەنیا بە ڕەخنەی هەمەلایەنە لە تیۆریی ڕێکخستن و بنەماکانی شێوەکاری عەمەلیی پۆپۆلیستی و بە تێگەیشتن لە خەسڵەتی وردەبۆرژوایانەی ئەم تیۆری و ڕەوشتانە ئیمکانی هەیە.

تیۆری مارکسیزم و بنەماکانی پراتیکی کۆمۆنیستی بێگومان لەسەر هێندێک ئوسووڵ و ئەحکامی عەمەلی ڕاوەستاون کە بە گشتی دەکرێ وەکوو زانست ڕاستەوخۆ وەربگیرێن و فێریان بن. بەڵام تێگەیشتنی قووڵ و سەراسەری و گشتی لەم ئەحکامە و ماددیبوونیان لە ئاستی بزووتنەوەیەکی دیاری کراودا هەمیشە پێویستی بەوەیە، ڕەخنە لەو ڕوانگە و بۆچوونە ناپرۆلیتێرییانە بگیرێ کە لە کردەوەدا سەردەم بەسەردەم دێنە سەر ڕێگای پەرەپێدان و جێگیرکردنی بیروڕای مارکسیستی. فێربوونی مارکسیزم لە بزووتنەوەیەکی چینایەتیدا تەنیا بە خەباتکردن لە دژی بیروڕای لادەر لەناو ئەو بزووتنەوەیەدا ئیمکانی هەیە، هەر وەکوو چۆن بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیست بەرهەمی خەباتی ئایدیۆلۆژی لە دژی ئەو کۆسپە تیۆرییە بۆرژوایی و وردەبۆرژواییانەی لەناو بزووتنەوەکەماندا بوون، جێگیرکردنی شێوەکانی پراتیکی کۆمۆنیستیش، هەر چەندە ئەم شێوانە لە باری زانستی و شۆڕشگێڕییەوە دروستبوونی خۆیان گەلێک جار سەلماندبێ، مەیسەر نابێ، مەگەر بە ڕەخنەگرتنی هەمەلایەنە لەو بۆچوونە ڕێکخراوەییانە و لەو ڕەوشتە عەمەلییانەی کە تا هەنوکە بە ناوی مارکسیزم و بەسەر پراتیکی بزووتنەوەکەماندا زاڵ بوون و بە لاڕێدا بردوویانە. تێگەیشتنی ئوسووڵی پراتیکی کۆمۆنیستی لە بزووتنەوەی ئێمەدا، بە تایبەت ڕێکخستنی بزووتنەوەیەکی عەمەلیی خاوەن مەودایەکی پراتیکی بەرین لەسەر بنەمای ئوسووڵی عەمەلی بۆلشەڤیکی، پێویستی بە دابڕانی چینایەتی تەواو لە هەموو بۆچوون و ڕەوشتێکی عەمەلیی پۆپۆلیستی هەیە. خەباتی تیۆری مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێران لە ڕێڕەوی پەرەپێدانی پراتیکی خۆی و پێکهێنان و پتەوکردنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە ئێستادا پێویستە هێزی خۆی بخاتە سەر ڕەخنەگرتن لە پۆپۆلیزم



لە عەمەلدا و نیشاندانی بنەماکانی هەڵسووڕانی عەمەلیی ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی، لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی خەباتدا.

2) هەر ڕێکخراوەیەکی سیاسی ناچار ئامرازی جێبەجێکردنی سیاسەت و ئامانجێکی دیاریکراوی چینایەتییە، تەشکیلات پەیرەوێکە لە بەرنامە و سیاسەت، خەسڵەتی سەرەکی و بنەماکانی ڕێبازی عەمەلی و شێوەکاری هەر ڕێکخراوەییش لە ئەنجامدا لەگەڵ ئەم سیاسەت و ئامانجانە ڕێک دێتەوە. کەواتە ڕەخنەی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ لە تیۆری ڕێکخستن و شێوەکاری پۆپۆلیستی نەک ڕەخنەیەکی تەکنیکی بەڵکوو ڕەخنەیەکی سیاسی_ چینایەتییە.

کارکردی ڕێکخستنی پۆپۆلیستی، کارکردێک لەڕووی هەڵکەوت، ئیختیاری یا لەڕووی ناشارەزایی بزووتنەوەی پۆپۆلیستی لە بنەماکانی کاری کۆمۆنیستی نییە. ڕێکخستن و ڕەوشتەکانی پراتیکی پۆپۆلیستی، ئاکامی بەرجەستەبوونی بێ ئەملا و ئەولای بۆچوونی تیۆری_ سیاسی و ڕێباز و ئامانجی بەرنامەیی پۆپۆلیزمە. بێگومان ڕەخنەی ئێمە لە پۆپۆلیزم لە مەسەلەی ڕێکخستندا تەنیا کاتێک تەواو و کامڵ دەبێ کە کارکردی پۆپۆلیزم لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی هەڵسووڕانی ناوخۆیی و دەرەوەی ڕێکخستن و لەبەرامبەر مەسەلەی عەمەلیی جۆراوجۆردا بدەینە بەر لێکۆڵینەوە. بەڵام ڕەخنەی مارکسیستی ئەوە دەخوازێ کە ئێمە لە پێشدا بنەمای تیۆری_ سیاسی جوڵانەوەی ڕێکخراوەیی_ عەمەلیی پۆپۆلیزم بناسین و جەوهەری بۆرژوایی، چوونیەکی بیروڕای تیۆری_ سیاسی پۆپۆلیزم لەگەڵ پراتیکی پۆپۆلیزم دەرخەین. ئەمە کلیلی ڕەخنەگرتن لە شێوەکاری پۆپۆلیستییە و مەرجی پێویستی پەرەپێدانی ئەم ڕەخنەیە لە مەیدانە موشەخەسترەکان و لەبەرانبەر مەسەلە کۆنکرێتەکاندایە. بەستنەوەی ڕەخنە تەنیا بە لایەنی تەکنیکی و ئیجرایی شێوەکاری پۆپۆلیستی، لە دەستبەردانی ئەم کلیلە ئەسڵییەیە.

3) ڕوانینی پۆپۆلیستی لە مەسەلەی ڕێکخستن، ڕوانینێکی گونجاو لەگەڵ شۆڕشگێڕییەتی بەرچاوتەنگانەی وردەبۆرژواییدایە و ڕێکخستن و نەریتە پۆپۆلیستییەکان لە باشترین حاڵەتی خۆیدا، ڕێکخستن و نەریتێکی گونجاو لەگەڵ ئامانج و سیاسەتی وردەبۆرژوایی لەناو بزووتنەوەیەکی دیموکراتیکی گشتیدایە. لەبەرانبەردا، تیۆری کۆمۆنیستیی ڕێکخستن، ئەو تیۆرییە ڕێکخراوەیییە کە لە ئامانج و سیاسەتی شۆڕشگێڕانەی پرۆلیتاریا وەک چینێکی دیاریکراو دێتەدەر. ڕێکخستن و

نەریتە عەمەلییە کۆمۆنیستییەکان، نەریتێکن کە بۆ ڕێکخستنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی پرۆلیتاریا لە دژی سەرمایەداری، بۆ دامەزراندنی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا و سۆسیالیزم پێویستن.

هەر وەک وتمان جیاوازیی بنەڕەتی لە نێوان ڕوانین و کارکردی ڕێکخستنی پۆپۆلیستی و ڕوانین و کارکردی کۆمۆنیستیدا، جیاوازییەک نییە کە هەر تەنیا لایەنە تەکنیکییەکانی پراتیکی ڕێکخراوەیی بگرێتەوە. ئەم جیاوازییە لە بنەڕەتدا لە وەڵامی جیاوازی ئەم دوو ڕوانینەدایە بە پرسیارێکی سەرەکی ئایدیۆلۆژیک_ سیاسی: ڕێکخستنی شۆڕشگێڕ، ڕێکخراوێکە بۆ ڕێکخستن و ڕابەریکردنی شۆڕش و کام سیاسەت و کردەوەی شۆڕشگێڕانە؟ وەڵامی ئەمە، فەلسەفەی بوون و بابەتی کاری ئەسڵی ڕێکخراوەی پۆپۆلیستی و ڕێکخراوەی کۆمۆنیستییە؟ وەڵامی پۆپۆلیزم و مارکسیزمی شۆڕشگێڕ بەم پرسیارە، ناوەڕۆکی چینایەتی تەواو جیاوازی ئەم دوو ڕوانینە لە مەسەلەی ڕێکخستن و نەریتەکانی هەڵسووڕانی عەمەلی ئاشکرا دەکا. ڕیڤیژینیزمی پۆپۆلیستی هەر چەندە بە قسە ئەحکامی مارکسیستی دووپات کاتەوە و پێی لەسەر داگرێ، لە پراتیکدا بە تەواوی خۆی بە سنووری ڕێکخستنی شۆڕشگێڕێتی وردەبۆرژوازییەوە دەبەستێتەوە. وەک چۆن شۆڕشگێڕێتی وردەبۆرژوازی لە خەباتی شێوە ئەنارشیستی دژی دەوڵەتی، یان لە باشترین حاڵەتی خۆیدا و لەژێر گوشاری پرۆلیتاریادا، لە خەباتێکی سەروو چینایەتی بۆ بەدیهێنانی ئامانجی دیموکراتیک_ شۆڕشگێڕانە تێپەڕ نابێ، ڕێکخراوەی پۆپۆلیستیش لە باشترین حاڵەتی خۆیدا وەک ئامڕازێک بۆ ڕێکخستنی کردەوە و سیاسەتی دیموکراتیک_ شۆڕشگێڕانە بە ناوەڕۆکێکی بە ناچار سەروو چینایەتی و وردەبۆرژوایی دەمێنێتەوە. ڕیڤیژینیزمی پۆپۆلیستی دیموکراتیزمی ناشێلگیری وردەبۆرژوازی لە لەفافەی سۆسیالیزم و مارکسیزمدایە و هەر بۆیەش پێویستیی ڕێکخراوبوون و تەنانەت پێویستیی حیزبی کۆمۆنیستیش لە پێداویستییەکانی بزووتنەوەیەکی دیموکراتیک دەردەکێشێ و ئەوەی بە لاوە ئامرازێک بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پێداویستییانەیە. لەبەرانبەردا فەلسەفەی بوونی ڕێکخراوی کۆمۆنیستی و حیزبی کۆمۆنیست، شۆڕشی کۆمەڵایەتی پرۆلیتاریا و ڕێکخستنی سەربەخۆی پرۆلیتاریا بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم شۆڕشەیە. پێویستیی ڕێکخراوبوونی کۆمۆنیستی نەک لە تاکتیکەکان و پێداویستییەکانی فڵان قوناغی خەبات، بەڵکوو لە ئامانجە بەرنامەیی و گشتییەکانی مارکسیزم، واتە لە خەبات بۆ



دیکتاتۆری پرۆلیتاریا و سۆسیالیزم دەردەکێشرێ. ڕێکخراوەی کۆمۆنیستی و حیزبی کۆمۆنیست بە حوکمی بنەڕەتیترین تایبەتمەندیی کۆمەڵگای سەرمایەداری، واتە خەباتی هەمیشەیی پرۆلیتاریا لە دژی بۆرژوازی، خەباتی چینی کرێکار وەک چینێکی کۆمەڵایەتی لە دژی چەوسانەوەی ئابووری و کۆیلایەتی سیاسی خۆی بە گشتی لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدایە کە پێویستی پەیدا دەکا، وە دەبێ وەڵام بە پێداویستییەکانی ئەم خەباتە بداتەوە. مادام سەرمایەداری و خەباتی پرۆلیتاریا لە دژی بۆرژوازی لە کایەدایە، ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستیی پرۆلیتاریاش بۆ ڕێکخستنی ئەم خەباتە لەسەر بناغەی ئوسووڵی پایەداری تیۆری و عەمەلی، پێویست دەبێ. بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیست قامک لەسەر جێگای حیزبی کۆمۆنیست وەک ئامرازێکی خەبات بۆ ئەم ئامانجە پایەدار و سەربەخۆی چینایەتییە دادەنێ. بەرنامەی کۆمۆنیستی بە ئەرکی سەرشانی کۆمۆنیستەکانی دادەنێ، ڕێکخراوێکی ئەوتۆ دروست بکەن، کە جیاواز لە هەر بار و دۆخێکی تایبەتیی سیاسی، هەمیشە و لە هەر بار و دۆخێکدا چینی کرێکار بە قازانجی سەربەخۆی چینایەتی و نێونەتەوایەتی خۆی تێبگەیەنێ و بێوچان لە ڕیزی حیزبی سیاسی سەربەخۆی خۆی (حیزبی کۆمۆنیست)دا ڕێک بخا، هەموو لایەنێکی خەباتی عەمەلیی پرۆلیتاریا لە دژی بۆرژوازی ڕێک بخا و ڕابەری بکا. دووبەرەکایەتی و قڵشتی ناو ڕیزەکانی بزووتنەوەی ئەم چینە لەناودەبا و لە هەر خەباتێکی عەمەلیدا بەرانبەر بە هەموو ڕەوتێکی ناچینایەتی و ناپرۆلیتێری، نوێنەرایەتی لە قازانج و بەرژەوەندیی تەواوی چینی کرێکار دەکا. حیزبێک کە چالاکانە لە هەموو هەلومەرجێکدا لە تاکتیکی تایبەت لە پێناو قازانجی ڕێکخراوبوون و وشیاربوونەوەی سۆسیالیستی فراوانتری چینی کرێکاردا کەڵک وەردەگرێ، لە پێناو پێکهێنانی ڕیزی سەربەخۆی پرۆلیتاریای هۆشیار بەسەر قازانجی چینایەتی خۆیدا، لە پێناو پووچەڵکردنەوەی سیاسەتەکانی بۆرژوازی و لە پێناو ئەوەدا کە چینی کرێکار بەکردەوە لە دەسەڵاتی سیاسی نزیک بێتەوە. ڕێکخراوی کۆمۆنیستی و حیزبی کۆمۆنیست بەرهەم و سیمای عەمەلی_ ڕێکخراوەیی ئامانج و سیاسەتی پرۆلیتێری، واتە ڕێکخستن و ڕابەریکردنی شۆڕشی سۆسیالیستییە._ئامرازی ڕێکخستن و تێکۆشانی چینێکی دیاریکراو واتە، پرۆلیتاریایە و لە باری عەمەلییەوە ڕێکخراوبوونی سیاسی پێشڕەوترین و هۆشیارترین بەشەکانی چینی کرێکارە. ئەم سیاسەتە پایەدارە سۆسیالیستییە کە دەڕوانێتە سەر ڕێکخراوی کۆمۆنیستی لەگەڵ پەیوەندیی چینایەتیی

تایبەتی ئەم ڕێکخراوە، دیاریکەری خەسڵەتی چینایەتی و تایبەتمەندییە ئەسڵییەکان و ڕەوشتە عەمەلییەکانی کۆمۆنیستەکانە لە مەیدانە جۆراجۆرەکانی هەڵسووڕاندا و لە هەموو ڕوویەکەوە و لە هەموو وردەکارییەکدا، لە ڕەوشتی عەمەلی وەردەبۆرژوایی جیایان دەکاتەوە.

4) ڕێکخراوەی پۆپۆلیستی وەک ئامرازی ڕێکخستنی دیموکراتیزمی وردەبۆرژوایی تەنانەت توانای خەباتی شێلگیری لە ڕێڕەوی بەدیهێنانی ئامانجە شۆڕشگێڕانە و دیموکراتییەکانیشدا نییە. لەبەرانبەردا حیزبی کۆمۆنیست وەک ڕێکخراوی پرۆلیتاریای سۆسیالیست، ڕێکخەر و ڕابەری شێلگیری هەر بزووتنەوە و شۆڕشێکی دیموکراتیکە لە سەردەمی ئێمەدا.

شۆڕشی ئێران ئەم حوکمە بنەڕەتییەی مارکسیزم_ لێنینیزمی بە شێوەیەکی حاشاهەڵنەگر سەلماندووە کە هیچ بزووتنەوە و شۆڕشێکی دیموکراتیک لە سەردەمی ئێمەدا ناتوانێ بێ ڕابەری پرۆلیتاریای هۆشیار، سەربەخۆ و ڕێکخراو بەسەرکەوتن بگا. بەم جۆرە پۆپۆلیزم و ڕێکخراوەی پۆپۆلیستی لەگەڵ ئەوەشدا کە خۆی هەر بە سنووری ئامانج و سیاسەتی دیموکراتیکەوە نەبەستووەتەوە، تەنانەت ناتوانێ شۆڕشی دیموکراتیکیش کە فەلسەفەی بوونی ڕێکخراوەی پۆپۆلیستییە ڕێک بخاو ڕابەری بکا. پۆپۆلیزم و ڕێکخراوەی پۆپۆلیستی بە پشتگوێخستنی ڕێکخستنی سۆسیالیستی و سەربەخۆی پرۆلیتاریا و لەڕاستیدا بە دانانی کۆسپی تیۆری و عەمەلی لەسەر ڕێگای ئەم ڕێکخستنە سەربەخۆیەی کۆمۆنیستەکان، بەکردەوە شۆڕشی دیموکراتیش لەبەر مەرجی پێویست و چارەنووسساز، لە سەرکەوتنەکەی بێبەری دەکا. تواندنەوەی ریزی پرۆلیتاریا لە ریزی گشتیی گەلدا، پاڵپێوەنانی چینی کرێکار بەرەو دەسهەڵگرتن لە درووشم و سیاسەتی سەربەخۆی چینایەتی خۆی لە بزووتنەوەی دیموکراتیک و لاوازکردنی ڕابەریی پرۆلیتاریا لەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیەدا. ئەمەیە بەرهەمی کارکردی ڕێکخراوەی پۆپۆلیستی لە شۆڕش و بزووتنەوەی دیموکراتیکدا.

لەبەرانبەردا، ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی و حیزبی کۆمۆنیست، وەک ڕێکخراوێکی چینایەتی پرۆلیتاریای هۆشیار، ڕێک لەبەر ئەوە کە لە سەرکەوتنی کامڵی هەر بزووتنەوە و شۆڕشێکی دیموکراتیدا بۆ زەمینەی لەبار بۆ بەرەو پێشچوونی بێوچانی چینی کرێکار لە ڕێڕەوی شۆڕشی سۆسیالیستی و گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی



دەگەڕێ، ڕێک بەو بۆنەیەوە کە خوازیاری کامڵترین سەرکەوتنی شۆڕشی دیموکراتیک و واوەترچوونی پرۆلیتاریا لە بازنەی دیموکراسیی شۆڕشگێڕە، هەر بۆیە شێلگیرترین و چالاکترین و لە سازاننەهاتووترین سیاسەت لەناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا بەدەستەوە دەگرێ. کۆمۆنیستەکان لە شۆڕشی دیموکراتیکدا، خوازیاری پێکهێنانی ریزی سەربەخۆی پرۆلیتاریا و دابینکردنی ڕابەریی پرۆلیتێری بەسەر بزووتنەوەکە و ڕێکەوتن و کۆبوونەوەی جەماوەریی بەرینی زەحمەتکێشانی ناپرۆلیتێری لەژێر ئاڵای ئەم ڕابەرییەدان. بەم جۆرە کۆمۆنیستەکان نەک هەر بانگەوازی پرۆلیتایا دەکەن کە چالاکانە بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی دیموکراتیک خەبات بکا، نەک هەر ریزی سەربەخۆی پرۆلیتێری لەم بزووتنەوەیەدا و لە ریزی پێشەوەی ئەم بزووتنەوەیەدا پێک دێنن و ڕێک دەخەن، بەڵکوو شێلگیرترین کەسان لەبەرچاو دەگرێ بۆ هۆشیارکردنەوە و ڕێکخستنی توێژە زەحمەتکێشە ناپرۆلیتێرییەکان لەژێر ئاڵای سیاسەتی پرۆلیتێری و ڕابەریی پرۆلیتێری بەسەر بزووتنەوەی دیموکراتیکدا.

5) جیاوازیی بنەڕەتیی چینایەتیی نێوان پۆپۆلیزم و مارکسیزم لە دیاریکردنی ئامانج و سیاسەتێکدایە کە دەڕوانێتە سەر ڕێکخستن، سەرچاوەی هەموو لادانێکی پۆپۆلیزم لە مارکسیزم لە مەیدانە جۆراجۆرەکانی هەڵسووڕانی عەمەلیدایە:

1_ شۆڕشگێڕێتی وردەبۆرژوایی لە سنووری ئامانج و سیاسەتی دیموکراتیک تێناپەڕێ. ڕێکخراوەی پۆپۆلیستی تەواوی پێناسەی سیاسیی تیۆریی خۆی لەوەدا دەبینێ و دەیبرێتەوە، کە بەرانبەر بە مەسەلە عەمەلییەکانی بزووتنەوە و شۆڕشی دیموکراتیک هەڵوێست بگرێ. ئەو مەسەلانەی کە بۆ حیزبی کۆمۆنیست لە بازنەی تاکتیک بە مانا فراوانەکەی دەگونجێن، ڕێکخراوەی پۆپۆلیستی، پرۆلیتاریا لەبیر دەباتەوە و قازانجی کاتی و مەرحەلی (واقیعی بێت یان خەیاڵی) دەکاتە قوتبنمای جوڵانەوەکەی خۆی. ئامانجی سۆسیالیستی بۆ ڕێکخراوەی پۆپۆلیستی دەبێتە ئامانجی ناواقیعی و تەجریدی، وە خەباتی تاکتیکی وەک تاقە خەباتی واقیعی و کۆنکرێت، چاولێ دەکرێ. بەم بۆنەیەوە ڕێکخراوەی پۆپۆلیستی ئامانجی سۆسیالیستی و بەرنامەی کۆمۆنیستی بە شتێکی زیادە و جوانکاری دادەنێ، یان بە شێوەی ئاکادیمیستی بۆی دەچێ. لەبەرانبەردا ڕێکخراوەی کۆمۆنیستی ئامانجی سۆسیالیستی بە ئامانجێکی واقیعی، عەمەلی و شیاوی دەسپێگەیشتن دەزانێ و بەرنامەی کۆمۆنیستی دەکاتە خاڵی جوڵانەوە و چوارچێوەی هەڵسووڕانی عەمەلی خۆی،

بەرنامەی کۆمۆنیستی بۆ کۆمۆنیستەکان بەرنامەی کارە، بەرنامەیەکە بۆ بەدەستەوەگرتن.

2_ لە نەبوونی ڕێکخراوێکی سیاسی، کە لە خەبات بۆ ڕێکخستنی پرۆلیتاریا لەسەر بناغەی قازانجی پایەداری چینایەتی خۆیدا قاڵ و خاراو بووبێ، قسەکردن لە تاکتیک، بە مانای نەخشەیەکی ڕێکوپێک بۆ هەڵسووڕان لەسەر بناغەی ئوسووڵی پایەدار و لێکدانەوەی دیاریکراو بۆ بار و دۆخی دیاریکراو، ناتوانێ لە ئارادا بێ. بەم جۆرە ڕێکخراوەی پۆپۆلیستی خەسڵەتێکی ئاکادیمیستی بە تاکتیک دەدا، تاکتیک وەک دەرخستنی ناسنامە، تاکتیک وەک هەڵوێست ڕاگەیاندن، تاکتیک وەک سنووربەندی تیۆری_ سیاسی لەگەڵ باقیی هێز و حیزبە سیاسییەکان، ئەمەیە جێگای ئاکادیمیستی تاکتیک بۆ پۆپۆلیزم. لە بەرانبەردا تاکتیک بۆ ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی و حیزبی کۆمۆنیست نەخشەکاری دیاریکراو بۆ بەرەوپێشبردنی خەباتی پرۆلیتاریا لە ڕێڕەوی ئامانجی بەرنامەیی و پایەداری سۆسیالیستی لە هەلومەرجی پڕ ئاڵوگۆڕی سیاسی و لەبەرانبەر مەسەلە جۆراوجۆرەکانی خەباتی عەمەلیدایە. تاکتیکی کۆمۆنیستی، تاکتیکە بۆ بەدەستەوەگرتن و مەرجی پێویستی نزیکبوونەوەی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ لە ئامانجە بەرنامەییەکانی خۆیەتی.

3_ لەبەر ئەوەی کە ئامانج و ئوسووڵێکی پایەدار و نەگۆڕی سۆسیالیستی ناڕوانێتە سەر سیاسەتی تاکتیکی ڕێکخراوەی پۆپۆلیستی، ئەم ڕێکخراوە هەر لە چنگ سیاسەتی ئۆپۆرتیۆنیستی و تاکتیک_ پرۆسە و ئەمبەر و ئەوبەرکردنی پەیتاپەیتای سیاسیدا، یەخسیر دەمێنێتەوە. نەبوونی ئوسووڵی پایەداری بەرنامەی سۆسیالیستی سەرچاوەی ئەسڵی ئەو ئەمبەر و ئەوبەرکردنەی تاکتیکی پۆپۆلیزم لە نێوان ئۆپۆرتیۆنیزم و ئەنارشیزمدایە، سەرچاوەی ئاڵوزکاوی ڕێکخستن و مەیل بە هەڵوەشاندنەوە لە هەر توندپێچێکی سیاسیدایە. قایم ڕاوەستانی کۆمۆنیستەکان بەرانبەر بە سیاسەتە بۆرژواییەکان و ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان و بەردەوامکاری و پتەوی ڕێکخراوەیی کۆمۆنیستەکان بەرهەمی پەیوەندیی توندوتۆڵی نێوان بەرنامە و تاکتیکی کۆمۆنیستی و پەیڕەویکردنی تاکتیکە لە ئامانج و ئوسووڵی بەرنامەی کۆمۆنیستی.

4_ شۆڕشگێڕێتی وردەبۆرژوازی و مانەوەی لە سنووری ڕێکخستنی پراتیکی شۆڕشگێڕانە و دیموکراتیکدا، دەبێتە هۆی ئەوەی کە لەباتی چینی کرێکار بەتایبەتی، توێژە دیموکراتەکانی کۆمەڵ (گەل) بە گشتی بکرێن بە بابەتی کاری ئەسڵی تەبلیغ و



تەرویج و ڕێکخستنی ڕێکخراوەی پۆپۆلیستی. تەنانەت کاتێکیش کە پۆپۆلیزم لەناو چینی کرێکاردا کار دەکا و هەڵدەسووڕێ، ئامانجی ئەو کار و هەڵسووڕانە، ڕێکخستنی سۆسیالیستی و سەربەخۆی چینی کرێکار نییە، بەڵکوو مەبەستی هێنانەمەیدانی چینی کرێکار وەک هێزێکی دیموکراتی شێلگیرە. لەبەرانبەردا ڕێکخراوەی کۆمۆنیستی پێش هەموو شتێک چینی کرێکار دەکاتە بابەتی کاری ڕێکخستنی سۆسیالیستیی چینی کرێکار، بەتایبەتی کرێکارانی پێشڕەو و ڕابەرانی عەمەلی بزووتنەوەی کرێکاری، وە ڕێکوپێکردنی ڕیزەکانی چینی کرێکار بۆ خەبات لە دژی بۆرژوازی بە ئەرکی هەمیشەیی و سەرەکی خۆی دادەنێ. ڕێکخراوەی کۆمۆنستی کاتێک بۆ دیموکراسی خەبات دەکا، بەتایبەت کاتێک لە شۆڕشی دیموکراتیکدا خەبات دەکا، ئەوە دەکا بە ئامانجی خۆی کە ڕیزی سەربەخۆی پرۆلیتاریا پێک بینێ، زەحمەتێکشانی ناپرۆلیتێری لەژێر ئاڵای سیاسەتی پرۆلیتاریادا کۆ بکاتەوە و ڕێکیان بخاو ڕابەریی پرۆلیتێری بەسەر بزووتنەوەی دیموکراتیکدا دابین بکا.

5_ پۆپۆلیزم بە حوکمی ماهییەتی سەرووچینایەتی ڕوانینە ڕێکخراوەییەکەی، ناچار جیاوازیی بابەتیی چینی کرێکار لە توێژە وردەبۆرژواکان لە باری جێگای کۆمەڵایەتییانەوە ڕەت دەکاتەوە. هەر بۆیە تاک بە دابڕاو لە جێگا و ناونیشانی کۆمەڵایەتی_ ئابوورییان وەک تاکە کەسی دابڕا و لە کۆمەڵ لەناو ڕێکخراوەکەی خۆیدا ڕێک دەخا. پۆپۆلیزم لە کاری ڕێکخستن هەر تەنیا بە مانای تەسکی ڕێکخستنی تەشکیلاتەکەی خۆی تێدەگا و ناتوانێ چینی کرێکار وەک چین ڕێک بخا. شانەی ڕێکخراوێکی پۆپۆلیستی لە کەسانێک پێک دێنی، کە بۆ خەباتکردن لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و چینایەتییەکانی خۆیان دابڕاون و چوونەتە ناو ڕێکخستنەوە و بە شێوەیەکی ئیختیاری لە پەنا یەکتر ڕیز کراون. لەبەرانبەردا ڕێکخستن بۆ کۆمۆنیستەکان بە مانای ڕێکخستنی پرۆلیتاریا وەک چینێکی کۆمەڵایەتییە، کە بە حوکمی بوونی بابەتی و کۆمەڵایەتی خۆی خەباتکارە. ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی، چینی کرێکار لە شوێنی ژیان و بەرهەمهێناندا ڕێک دەخا و ڕابەری دەکا، شانەکان و خانە پایەییەکان لە ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی و لە حیزبی کۆمۆنیستدا لە کرێکارانی پێشڕەو و خەباتکار و لە ڕابەرانی عەمەلی بزووتنەوەی کرێکاری، لە شوێنی ژیان و بەرهەمهێنان و هەڵسووڕانیاندا پێک دێ.

6_ بەم جۆرە ڕێکخراوەی پۆپۆلیستی دەبێتە ڕێکخراوێک لەناو خۆیدا، کە خەباتی سیاسی نە بە حوکمی ئەو خەباتە بەردەوامە بابەتییەی لەنێو چینەکاندایە، بەڵکوو بە حوکمی خودی "ڕێکخراو" دیاری دەکا، بۆ ڕێکخراوێکی پۆپۆلیستی خەبات دەبێتە خەبات لەنێوان ڕێکخراو و دوژمندا، دوژمنێک کە هەر چەشنە سیفەتێکی چینایەتی لێ داتەکێنراوە و تا ڕادەی ڕژێمێک هێنراوەتە خوارەوە و لەوە تێناپەڕێ. هەر بەو جۆرە کاری شۆڕشگێڕان و بەدەستەوەگرتنی تاکتیکیش لای ڕێکخستنێکی پۆپۆلیستی لە سنووری کردەوەی ڕاستەوخۆی ئەندامەکانی خۆی واوەتر ناچێ، تاکتیک و ئاکسیۆن بۆ ڕێکخراوێکی پۆپۆلیستی، تاکتیک و ئاکسیۆنی ڕێکخراوەیی، نەک چینایەتی_ جەماوەرییە. بێجگە لەمانە تاقیکردنەوەی شۆڕشی ئێران تێگەیشتنی پۆپۆلیستی لە خەبات تەنیا لە شێوەی ئاکیسۆنیدا دەبینێ و بەم بۆنەیەوە شێوەیەکی تایبەت لە ئیکۆنۆمیزم، وە ئیکۆنۆمیزمی ئاکسیۆنی یا شوێنکەوتنی ئاکسیۆنی خۆبەخۆی جەماوەر یەکێکە لە خەسڵەتە عەمەلییەکانی هەڵسووڕانی پۆپۆلیستەکان. بەسترانەوەی ڕەها بە ئاکسیۆنەوە، چ ئاکسیۆنی ڕاستەوخۆی ڕێکخراوەیی، یان ئاکسیۆنی خۆبەخۆیی، پەردە لەسەر ناشێلگیربوون، نەبوونی بەردەوامکاری، سەتحیگەریی سیاسی و کورتبینیی وردەبۆرژوازیی ڕێکخراوە پۆپۆلیستییەکان هەڵدەداتەوە. لەبەرانبەردا کۆمۆنیستەکان لەسەر ئەو بڕوایەن کە چینی کرێکار، ئەرک و ئامانجی خۆیان بەوە داناوە کە کردەوەی ڕاستەوخۆی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵایەتیی چینی کرێکار لە دژی بۆرژوازی و دەوڵەتە بۆرژواییەکان، لەسەر بناغەی تاکتیک و درووشمی حیزبی و لەژێر ڕابەریی ڕێکخراوی حیزبیدا، ڕێک بخەن. کۆمۆنیستەکان تاکتیک و ئاکسیۆن وەک تاکتیک و ئاکسیۆنی چینایەتی، کە پێشڕەوانی هۆشیار و کۆمەڵایەتی ڕێکخراوەی چینی کرێکار دەبێ بە دەستییەوە بگرن، چاولێ دەکەن و تەبلیغی دەکەن، وە چینی کرێکار وەک چینێکی کۆمەڵایەتی بۆ بەدەستەوەگرتن و جێبەجێکردنی درووشمەکان و شێوەکانی خەباتیان بانگەواز دەکەن و ڕێکیان دەخەن.

7_ زیاتر لە سێ ساڵ هەڵسووڕانی پانوبەرین و بەدرێژایی شۆڕشی ئێران، خەسڵەتی وردەبۆرژوازییانەی ناوەڕۆک و نەریتەکانی تەبلیغ و تەرویجی ڕێکخراوە پۆپۆلیستییەکانی بە تەواوی ئاشکرا کردووە. تەرویج بۆ ڕێکخراوێکی پۆپۆلیستی زۆرتر تەرویجی ناوخۆی ڕێکخراو بووە، کە جگە لە ڕوونکردنەوە و بەرەوانیشاندانی ئاخرین هەڵوێستەکانی ڕێکخراو بۆ ئەندامان و لایەنگرانی ئەو ڕێکخراوە، هیچ شتێکی



دیکە نەبووە. وەکوو تریش تەبلیغیش زۆرتر دێتە سەر دووپاتکردنەوەی پەیتاپەیتای درووشم و فۆرموولی کلێشەیی هەڵوێستەکانی ڕێکخراو بەرانبەر بە ڕووداوە سیاسییە تازەکان و ڕیسواکردنی ئەخلاقیی کاربەدەستانی سیاسی و دامودەزگاکانی دەوڵەتی بۆرژوایی و هاندانی جەماوەری بێشکڵ و ناڕێکخراو بۆ ئەوەی ئاکسیۆنە خۆبەخۆییەکانیان پەرە پێبدەن و توندوتیژی بکەنەوە. پۆپۆلیزم لەبەرئەوەی بەرنامەیەکی پایەدار و پتەوی نییە، تەحدیدگەرایانە بۆ سیاسەت و خەباتی سیاسی دەچێ، ناتوانێ خاوەنی خەت و ڕێبازێکی تەبلیغی پایەدار و پتەو بێ. ڕووداوە سیاسییەکان و سیاسەتەکانی بۆرژوازی دەبنە هۆی ئەسڵیی دیاریکردنی ناوەڕۆکی تەبلیغی پۆپۆلیستەکان. بەم جۆرە تەبلیغ و تەرویجی پۆپۆلیستی لە لایەک، لە باری ناوەڕۆکەوە دەبێتە شتێکی پڕ گرێوگۆڵی ناڕۆشن و تێکەڵ لەگەڵ کۆمەڵێک وردەکاری ناسکی "تیۆری"، لە لایەکی تریش لە کردەوەدا و لە پەیوەند لەگەڵ "جەماوەر"دا، بەناچار تا ڕادەی خواست و تێگەیشتنی ئەوان ڕوویان تێ دەکا، دێتەخوار. ئاکسیۆنیزم و شوێنکەوتوویزم تایبەتمەندی جیانەکراوەی پۆپۆلیزمە لە تەبلیغ و تەرویجدا. لەبەرانبەردا تەبلیغ و تەرویجی کۆمۆنستی کرێکارانی تێکۆشەر و کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش دەکاتە بابەتی کاری خۆی و ڕوو لەوان دەکات. تەبلیغ و تەرویجی کۆمۆنیستی ئامرازی سەرەکی هۆشیارکردنەوەی چینی کرێکارە و شارەزاکردنی لە قازانجی خۆی و ڕێکخستنی ڕیزەکانی چینی کرێکار و زەحمەتکێشان لە هەموو مەیدانەکانی خەباتی عەمەلیدایە. بەرنامە و تاکتیکی کۆمۆنیستی خەسڵەتێکی قایم و پتەو، بێ ئەمبەر و ئەوبەر و بەردەوام و پایەدار بە تەبلیغاتی کۆمۆنیستی دەبەخشێ و ڕێگا دەدا کە تەبلیغاتی کۆمۆنیستی لە مەیدانە جۆراجۆرەکاندا بە گوێرەی مەسەلە دیاریکراوەکانی خەباتی عەمەلی و بەپێی ئاستی تێگەیشتوویی و زانیاریی سیاسیی ئەو کەسانە ڕوویان تێ دەکا، شکڵ و شێوەی جۆراوجۆر پەیدا بکا. لە هەمان کاتیشدا سیاسەتی تاکتیکی و تەبلیغاتی یەک جۆر و سەراسەری حیزبی، بە ناوەڕۆکی شۆڕشگێڕانە و پێشڕەوانەیەوە لە خۆیدا بنوێنێ. تەنیا لەو حاڵەتەدا کە تیشکی بەرنامە و تاکتیکی کۆمۆنیستی لە تەبلیغ و تەرویج بدا، هەر کرێکار و هەڵسووڕاوێکی کۆمۆنست توانای ئەوەی دەبێ کە بەردەوام و شێلگیر ئەم ئەرکە گرنگە کۆمۆنیستییە بەرەو پێش بەرێ.

8_ ڕایەڵ و پۆی ڕێکخستنی ڕێکخراوێکی پۆپۆلیستی لە ڕوانین و ڕێبازگرتنی تێکراگەلی پۆپۆلیزم پەیڕەوی دەکا. شۆڕشگێڕێتی وردەبۆرژوازی و ڕێکخستنی ئەفراد وەک تاکە ئینسانی جیاوەبوو لە جێگا و پەیوەندیی بابەتیی کۆمەڵایەتی ئابووری خۆی، زیاتر لە هەموو شت لەگەڵ جێگا و ڕێگای ئابووری_ کۆمەڵایەتی و وردەبۆرژوایی و بە تایبەت ڕووناکبیرانی وردەبۆرژوا سازگارە. ڕێکخراوەی پۆپۆلیستی بەپێی ماهییەتی خۆی ناتوانێ ببێتە ڕێکخستنێکی خاوەن ڕایەڵ و پۆی کرێکاری. لەبەرانبەردا ڕێکخستنێکی کۆمۆنیستی لە ڕێبازی هەڵدانی خۆیدا ژمارەیەکی هەرچی زۆرتر لە کرێکاران، خیزانە کریکاییەکان و بەشە جۆراوجۆرەکانی چینی کرێکار بۆ ناو ڕیزەکانی خۆی ڕادەکێشێ و ڕێک دەخا.

9_ ڕێکخراوەی وردەبۆرژوایی پێکهاتووە لە ئەفرادی بێ ناونیشانی کۆمەڵایەتی_ چینایەتی، ناچار ڕێکخراوێکی مەحفەلی، بێ بەردەوامکاری و ئاماتورە خەسڵەتی فەردی لە پەیوەندە ڕێکخراوەییەکانی ڕێکخراوێکی پۆپۆلیستیدا، ناوەندێتی (سانترالیزم) دیموکراتێک تا ڕادەی لیبراڵیزم، بیرۆکراتیزم و مەحفەلیزم دێنێتە خوار. لەبەرانبەردا ڕێکخراوەی کۆمۆنیستی وەک ڕێکخراوێکی پشتئەستوور بە ڕێکخراوبوونی ڕابەرانی عەمەلی خەبات، چینی کرێکار لە مەیدانە جۆراوجۆرەکان و ناوچەکان و ناوەندەکانی بەرهەمهێنانی ئابووری، کە لەژێر ڕابەریی ناوەندێکی قایم و سەراسەریدا کار دەکەن، ڕێکخراوێک کە دەسەڵات و نفووزی خۆی بە حوکمی پەیوەندیی قووڵی شانەکانی لەگەڵ پێشڕەوان و جەماوەری چینی کرێکار، بەدەست دێنی، ڕێکخراوێک کە هەر بەم بۆنەیەوە جوڵانەوەکەی خۆی لەسەر بناغەی بیروڕاگۆڕینەوە و بڕیاردانی دیموکراتیکی هەڵسووڕاوان و تێکۆشەرانی خۆی لە مەیدانە جۆراجۆرەکاندا و لەسەر بناغەی ڕێنوێنی و هاوئاهەنگیی سەراسەری ئەم تێکۆشانە لە یەک ناوەندەوە دامەزراوە، تەنیا ڕێکخراوێکی ئەوتۆ پێویستی بە بەڕێوەبردنی ناوەندێتی دیموکراتیک بە مانای ڕاستەقینەی خۆی هەیە و دەشتوانێ بەڕێوەی بەرێ. ڕێکخراوەی پۆپۆلیستی هەر بەم جۆرە لە باقیی مەیدانەکان و وردەکارییەکانی تری هەڵسووڕانی عەمەلی، وەک خەبات لە دژی پۆلیسی سیاسی، دابینکردنی پێویستیی ماڵی و ماددیی هەڵسووڕانی ڕێکخراو و شتی تریشدا، خەسڵەتی وردەبۆرژوازیی مەحفەلی و دابڕاوی لە چینی کرێکاری لە خۆی نیشان داوە. بزووتنەوەی کۆمۆنیستی دەبێ میراتی عەمەلیی پۆپۆلیزم لە هەموو ئەم



ڕێبازانەدا فڕێ بدا و سیاسەتی پرۆلیتێری خۆی لە گشت مەیدانەکان و وردەکارییەکانی هەڵسووڕانی عەمەلیدا ورد بکاتەوە و بەدەستەوە بگرێ. بەدەستەوەگرتنی نەریتی بۆلشەڤیکی لە پراتیکی ڕێکخراوەییدا، ئەرکێک نییە کە بۆ دوای پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیست دابنرێ، یا تەنیا هەر لە دەستووی حیزبی کۆمۆنیستدا بێ، بەڵکوو هەمیشە و لە گشت هەلومەرجێکدا ئەرکی هەموو شانەکان و گروپ و ڕێکخراوە کۆمۆنیستییەکانە، حیزبی کۆمۆنست بە دەستی کۆمۆنیستەکان پێک دێ و کۆمۆنیستەکان خۆیان لەپێشدا دەبێ لە پێناوی تیۆری و عەمەلیی خۆیاندا لە هەر دوو بارەوە کۆمۆنیست بن. ڕەوشتی عەمەلیی کۆمۆنیستی، ڕێک وەک ڕوانگەی تیۆریی بەرنامەیی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ، بەشێک لە پێناسی کۆمۆنیستیمانە و بە هەمان ڕادە لە دەستووری کاری هەموو ڕێکخراوێکدایە کە لە هەلومەرجی نەبوونی حیزبدا، بۆ پێکهێنانی حیزب و بۆ ڕێکخستنی بزووتنەوەی چینی کرێکار خەبات دەکا. ئێمە دەبێ لە ڕیزەکانی خۆماندا لە دژی ئەو ڕوانگە و بۆچوونانە کە بەدەستەوەگرتنی نەریتە عەمەلییە کۆمۆنیستییەکان تا پێکهاتنی حیزب وەدوا دەخەن و بە بیانووی نەبوونی حیزب هەڵسووڕانی عەمەلیی خۆیان هەر بە شێوەی پۆپۆلیستی درێژە پێ دەدەن و پاکانەی بۆ دەکەن، وەک لادانێکی تیۆری لە مارکسیزم و وەک بەرهەڵستێکی عەمەلیی سەر ڕێگای پێکهێنانی حیزبی تاقانە و سەراسەری پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕی ئێران، لێبڕاوانە خەبات بکەین. هەر تەنیا ئەو هەڵسووڕانە و ئەو کادرانە و ئەو ڕێکخراوانە کە بتوانن لە هەردوو مەسەلەی تیۆری و پراتیکدا خۆیان لە هێزە سیاسییەکان و چینە ناپرۆلیتێرییەکان جیا بکەنەوە، بە مانای ڕاستەقینە و عەمەلی توانای دروستکردنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دەبێ.

ساڵی 1985

# شانەکان و خەباتی بەردەوامی کرێکاری

**پێشەکیی "کۆمۆنیست"**:

ئەوەی دەیخوێننەوە دەقی گفتوگۆیەکە، ڕادیۆی دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لەم دواییانەدا لەگەڵ هاوڕێ مەنسوور حیکمەتدا ئەنجامی داوە. لەم گفتوگۆیەدا چەندین خاڵی تازە دەربارەی شێوەی دەخاڵەتی شانەکان لە خەباتی بەردەوامی کرێکاران و پێداویستییەکانی ڕێبەریکردنی ئەم خەباتە خراونەتەڕوو، هەر بۆیە چاپکردنیمان لە بەردەوامی ئەو وتارانەدا، کە تا ئێستا لەم بارەیەوە بوومانە، بە شتێکی بە کەڵک و زەرور زانی. لە ژمارەکانی داهاتووی کۆمۆنیستدا لایەنە جۆراوجۆرەکانی شێوەکاری شانەکان لە بواری دەخاڵەتی عەمەلی لە خەباتی کرێکاری و بە دیاریکراوی، هەر وەکوو لەم گفتوگۆیەشدا ئاماژەی پێ کراوە، جێگەی هەڵسووڕانی عەلەنی لە ڕابەرایەتیکردنی ئەم خەباتانەدا زیاتر دەدەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

**پرسیار**: زۆربەی ڕێنوێنییەکانی ئێمە لەم دەورەیەدا لە بانگەوازکردنی هاوڕێیان و هەڵسووڕاوانی حیزب لە شارەکاندا بەدەوری تەوەرەی پێکهێنانی شانە حیزبییەکان لە شوێنی ژیان و کاری کرێکاران و زەحمەتکێشان، پێکهێنان و بەرفراوانکردنی تەشکیلاتی شانەیی حیزب لەناو کرێکاراندا، دەخولێتەوە، لە هەمان کاتدا ئاگادارین، کە هەر لەم دەورەیەدا خەبات و ناڕەزایەتی بە شێوەی جۆراوجۆر لە ئارادا بوون و لە ئارادان. سیاسەتی ئێمە کە لەسەر بەرفراوانکردن و پتەوکردنی ڕێکخستنەکانی حیزب دامەزراوە، چ پەیوەندییەک لەگەڵ ئەم خەبات و ناڕەزایەتییانە و مەسەلەی ڕابەرایەتی ئەم خەباتەدا پێک دێنێ؟ بە واتایەکی دیکە، ئێمە تا چ ڕادەیەک و بە چ شێوەیەک لە مەسەلەی ڕابەرایەتیکردنی ئەم ناڕەزایەتییانەدا هەڵسووڕاو دەبین و ئایا دەخاڵەت لە ڕابەرایەتیکردنی ئەم خەباتەدا لەگەڵ ئامانجی ئەم دەورەیەمان لە پتەوکردن و بەرفراوانکردنی ڕێکخستنە حیزبییەکان لەنێو کرێکاراندا دژ بەیەک ناوەستنەوە؟

**وەڵام**: هەر وەکوو وتتان گرنگترین ئەرکێک، کە ئەمڕۆ لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئێراندا لەسەر شانی هاوڕێیانی ئێمەیە، بەرفراوانکردنی ڕێکخستنی شانەیی حیزبە لەنێو کرێکارانی هۆشیار و پێشڕەودا. واتە ڕێکخراوکردنی هۆشیارترین و



پێشڕەوترین کرێکاران لە شانە حیزبییەکان لەنێو کارخانە و گەڕەکەکاندا. ئەمە ئەولەوییەتێکی چارەنووسسازی هەیە بۆ ئێمە و پێشتریش بە شێوازی جۆراوجۆر لە بڵاوکراوەکان و ڕادیۆکانی حیزبەوە گرنگییەکەیمان ڕوون کردۆتەوە. بەڵام ئەو پرسیارەش کە ئێوە دەیخەنە ڕوو، زۆر گرنگە. پرسیار ئەمەیە، کە چ پەیوەندییەک لە نێوان ئەم ئەرکە بنەڕەتییەی ئێمە و مەسەلەی دەخاڵەتکردنی چالاکانە لە ڕابەرایەتیکردنی خەبات و ناڕەزایەتییە هەمیشەییەکانی کرێکاراندا پێک دێت. ئایا ڕێکخستنی تەشکیلاتی شانەیی حیزب لەناو کرێکاراندا لەگەڵ دەستڕاگەیشتن بە خەباتی بەردەوامی کرێکاری، بە تایبەتی قەرارگرتن لە مەوقیعی ڕابەرایەتی ئەم خەباتانەدا، دژ بەیەکتر دەوەستنەوە؟ ئایا دەبێت لە نێوان ئەم دووانەدا یەکێکیان هەڵبژێردرێ؟ ئایا دەستبەکاربوون لە یەکێکیاندا، پێویستی بە دەستکێشانەوەیە لەوی دیکە؟ وە ئەگەر مەسەلەکە بەو جۆرە نییە، هاوڕێیانی ئێمە بە چ شێوەیەک دەتوانن لەگەڵ بەردەوامیدان بە هەڵسووڕانی پایەیی خۆیان، لە هەمان کاتدا هەڵوێستێکی چالاکانەشیان لە هەمبەر خەباتی کرێکاریدا هەبێ؟

تا ئەو جێگایەی مەسەلەکە بە حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانەوە وەک یەک گشت، وەک یەک کۆمەڵە، پەیوەستە، نەک تەنها دژایەتییەک لە ئارادا نییە، بەڵکوو ڕێکخستنی حیزبی و شانەیی لەگەڵ دەخاڵەت لە مەسەلەی ڕابەرایەتیکردنی خەباتی بەردەوام و مەوجودی کرێکاریدا، لە بنەڕەتدا هەریەکەیان پێداویستیی ئەوی تریانە. ئێمە چەند جار گوتوومانە، کە گەشەی تەشکیلاتی حیزب لەنێو کرێکاراندا، زیادکردن و بەرفراوانبوونی شانە حیزبییەکان، مەرجی پێویستی شکڵگرتنی ڕابەرایەتییەکی شۆڕشگێڕ و ئیدامەکارە لەنێو کرێکاراندا. بەبێ تەشکیلاتی حیزبی، دەخاڵەت لە ڕابەرایەتی خەباتی ئابووری و ناڕەزایەتی کرێکاران لە بنچینەدا لە توانادا نییە و لە هەر هەنگاوێکدا کە هاوڕێیانی ئێمە بۆ بەرفراوانکردنی ڕێکخستنی شانەیی حیزب هەڵی دێننەوە، بە شێوەیەکی واقیعی ئێمە چەند هەنگاو لە دابینکردنی ئەم ڕابەرایەتییە و بەهێزکردن و پەرەپێدانی خەباتی ناڕەزایەتیی کرێکاری نزیکتر دەکاتەوە. لە لایەکی دیکەوە، خودی دەخاڵەتکردن لە ڕێنماییکردنی خەباتی بەردەوامی کرێکاری، خۆی ڕۆڵێکی زۆر گرنگی لە بەرفراوانکردنی ڕێکخستنی حیزبی لەنێو کرێکاراندا هەیە. ناتوانرێ باس لە حیزبێکی کۆمۆنیست بکرێت، کە سەبارەت بە مەسائیلی مەوجود و خەباتی بەردەوامی کرێکاران، کە پێشڕەوان و جەماوەری کرێکاران لە سنووری

هەزارەهادا بە خۆیەوە خەریک دەکات، بێلایەن بێت و چاوەڕوانی ئەوەشی هەبێت، کە ڕێکخستنە حیزبییەکەی بە خێرایی بەرفراوان بێت. حیزبی ئێمە، کە دەبێ حیزبی ڕێکخەری کرێکارانی پێشڕەو بێت، دەبێ حیزبێکیش بێ، لە پاڵ هەوڵدانی بۆ ڕێکخراوکردنی کرێکارانی هۆشیار لەسەر بنچینەی بەرژەوەندییە ڕیشەیی و چینایەتییەکان، وەڵامی سەرقاڵی و مەشغوڵبوونی خەباتی هەمیشەییان بداتەوە. هیچ حیزبێک بە جیا لە خەبات و ناڕەزایەتی واقیعیی بەردەوامی کۆمەڵگا دروست ناکرێت. بەم پێیە ڕۆشنە، کە <u>گشت حیزب</u>، یانی حیزب وەک یەک گشت، دەبێ هەم پەیکەری خۆی بەرفراوان بکات، هەم لە ڕۆڵی ڕابەرایەتیی خەباتی کرێکاریدا دەربکەوێ. وە هەر وەکوو وتم، ئەم دوو لایەنە تەواوکەر و پێداویستی یەکترین.

بەڵام ئەوەی کە دەربارەی گشت حیزب، یان بە واتایەکی تر دەربارەی حیزب وەکوو یەک کومەڵە دروستە، سەبارەت بە هەر بەشێک و ئەندامێکی حیزب دروست نییە. ئەوەی کە بۆ گشت حیزب دروستە، مەرج نییە بە هەمان شێوە و ڕوونکردنەوە بۆ شانەیەکی حیزب لە دەوروبەری کرێکاریدا دروست بێت. ئەگەر ڕێکخستنی شانە حیزبییەکان لە لایەکەوە و ڕابەرایەتیی خەباتی هەمیشەیی لە لایەکی دیکەوە، بەشە تەواوکەرەکانی سیاسەتی حیزبن، ئەوا کاتێک دێینە سەر کارکردی شانە بنەڕەتییەکان، ئەمانە ئیدی لەوانەیە بە شێوەیەکی واقیعی لە دەورانێکدا بە دژی یەکتر بوەستنەوە.

لەوانەیە هاوڕێیەک بپرسێ، ئایا لە ڕاستیدا دەکرێ هەوڵدان بۆ بەدەستەوەگرتنی ڕابەرایەتیی مانگرتنێک، بەشداریی چالاکانە لە ڕێنماییکردنی دەست لە کار کێشانەوەیەک، زەربە لە کاری بنەڕەتیی شانەکانمان بدات؟ بەڵێ، بە داخەوە لە هەلومەرجی ئێستادا ئەمە بە تەواوی مومکینە، چونکە دەخاڵەت لە ڕابەرایەتیکردنی خەباتی هەمیشەیی کرێکاریی، پێویستی بە بەدیهێنانی کۆمەڵە پێداویستییەکە، کە شانەکانی ئێمە مەرج نییە لێی بەهرەمەند بن. ئەو کەسەی کە گەرەکێتی بە ڕاستی جێگای چوڵی ڕابەرایەتی لە بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکانی بەردەوامی کرێکاریدا پڕ بکاتەوە، دەبێ پێش هەموو چشتێک بیر لە فەراهەمکردنی ئەم پێداویستییانە بکاتەوە. ئێمە ئەو شانانەمان ناوێ، کە جارێک لە مانگرتنێکدا بە چاکی بدرەوشێنەوە و دواتر بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ مەیدان چۆڵ بکەن. ئێمە دەمانەوێ ڕێکخستنێکی حیزبی، پێکهاتوو لەو شانانەی کە کرێکارانی کۆمۆنیستیان تێدایە پێک بهێنین، کە بە شێوەیەکی بەردەوام پەیوەندی نێوان حیزب و چین ڕابگرێت و بە شێوەیەکی بەردەوام ڕابەرێکی



لێبڕاو، شۆڕشگێڕ و هۆشیاری بەشە جۆراوجۆرەکانی بزووتنەوەی کرێکاری بێت، بە شێوەیەکی بەردەوام خەباتی هەمیشەیی بکاتە مەیدانێک بۆ ڕاکێشانی پێشڕەوترین و هۆشیارترین کرێکاران بۆ نێو حیزب و بە شێوەیەکی بەردەوام هێز و توانای کرێکاران لە خەباتی سیاسی و ئابووریدا برەو پێ بدات. بە کورتی، حیزبی ئێمە دەبێت بتوانێت نەک تەنها ڕابەر و ڕێکخەری بزووتنەوەی چینی کرێکار بۆ سۆسیالیزم بێت، بەڵکوو دەبێت لە خەباتێکدا، کە کرێکاران بۆ باشکردنی هەلومەرجی کار و ژیانیان، لە هەمان ئەم نیزامەی ئێستادا ڕۆژانە دەستی دەدەنێ، بنەڕەتیترین و لێبڕاوترین ڕابەریش بێت. بەمپێیە، سروشتییە، کە ئێمە لەم دەورەیەدا کاری سەرەکی خۆمان بەوە بزانین، کە ڕێکخراوێکی ئیدامەکاری ئاوا لە کرێکارانی کۆمۆنیست پێک بهێنین. وە هەر ئەمەش بە بنەمای دەخاڵەتی جیددی و چالاک، لە مەسەلەی ڕابەرایەتی خەباتی هەمیشەیی کرێکاراندا بزانین.

هەرچۆنێک بێت، ئەگەر بمەوێت قسەکانم کورت بکەمەوە، دەبێت بڵێم، کە یەکەم، ئێمە وەکوو حیزب هیچ کاتێک مەسەلەی بەرفراوانبوون و پتەوبوونی ڕێکخستنی حیزب لەنێو کرێکارانمان لە مەسەلەی خەباتی ناڕەزایەتی بەردەوامی کرێکاران جیا نەکردۆتەوە، ئێمە بە وردی پەیوەندی ئەم دوانە دەزانین و لە دیدگای گشتی و سیاسیی خۆماندا هیچ دژایەتییەک و ناکۆکییەک لە نێوان ئەم دوو مەسەلەیەدا، لە نێوان ئەم دوو ئەرکەدا نابینینەوە. دووەم، لەڕووی سیاسییەوە شێوە ئامانجی دەخاڵەتی ئێمە دیسانەوە وەک یەک حیزب، لە مەسەلەی ڕابەرایەتیی خەباتی جاریدا ڕۆشن بووە. درووشمەکان و تاکتیکەکانی ئێمە ڕۆشنە، وە ئەگەر لە چەند مەسائیلێکدا کەموکوڕیمان هەیە دەزانین، کە دەبێت کاری لەسەر بکەین. دەزانین دەخاڵەتی ئێمە لە خەباتی جاریدا دەبێت چی بەدیبێنێت. دەبێت بەرفراوانبوونی پەیوەندیی سیاسی و ڕێکخراوەیی حیزب و چین، پتەوبوون و پێشڕەویی خودی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی و ڕووتێکردنی بەشی هەرچی زیاتر لە کرێکاران بۆ خەبات و ڕێکخراوبوون بە شێوەیەکی گشتی و ڕێکخراوی حیزبی بە شێوەیەکی تایبەتی، بەدی بێنێت. بەڵام لەو جێگایەدا مەسەلەکە ئاڵۆز دەبێت، کە دێینە سەر مەسەلەی پەیوەندیی شانەکان، یانی چەند بەشێکی دیاریکراوی حیزب، لەگەڵ خەباتی بەردەوامی کرێکاری، ئەویش لە دەورەیەکی دیاریکراودا، کە بناغەی ڕێکخستنی حیزب پتەو نییە و وەک پێویست بەرفراوان نییە. لێرەدا ئێمە دەڵێین، کە تا ئەو جێگایەی پەیوەندی بە کاری شانەوە

هەیە، دەخاڵەتکردن لە ڕابەرایەتی خەباتی بەردەوامی کرێکاریدا ئیتر بەم سادەیییە نییە، بەڵکوو پێویستی بە وەدیهێنانی پێشەکی و پێداویستییەکە، کە لە جیهانی واقیعیدا ئەم دەخاڵەتکردنە مومکین بکات. ئەم پێداویستییانە دەبێ بە شێوەیەکی جیددی بەدی بهێنرێن.

**پرسیار:** ئەم پێداویستییانە کامانەن. شانەکانی ئێمە دەبێت چ زەمینەیەک فەراهەم بکەن، بۆئەوەی بەکردەوە بتوانن دەخاڵەتی چالاکانە لە ڕابەرایەتی خەباتی جاریی کرێکاراندا بکەن؟

**وەڵام:** ئێمە پێشتریش، چ لە وتارەکانی بڵاوکراوەی کۆمۆنیست و چ لە ڕێگای ڕادیۆ و هەروەها لە ناوخۆی حیزبدا، تا ڕادەیەکی زۆر پەنجەمان بۆ ئەم مەسەلانە ڕاکێشاوە. من لە شکڵی فەهرەستدا پەنجە بۆ سەرخەتەکانی ئەوەی، کە وتوومانە ڕادەکێشم و دواتر دێمە سەر خاڵێکی تا ڕادەیەک تازە، کە بە بڕوای من گرنگییەکی چارەنووسسازی هەیە لە بەرەوپێشبردنی کاری شانەکان لەم مەیدانەدا.

یەکەمین مەرجی دەرکەوتن بەوێنەی ڕابەریی خەباتی کرێکاریی، هەبوونی سیاسەت و ڕێبازێکی سیاسییە لـەم خەباتەدا. ئێمە دەبێت تاکتیکەکانی خۆمانمان لە بەرامبەر مەسەلە جیاوازەکانی بزووتنەوەی کرێکاریدا ڕۆشن کردبێتەوە، درووشمەکانمان دیاری کردبێت، ئاسۆ و ئایندەی ئەم خەباتە و توانای هەر ئێستا و بەهێزیی هەر ئاکسیۆنێکی ئیعتیرازی بناسین و سەرەنجام پەیوەندی خەباتی بەردەوامی کرێکاری، واتە خەباتێک، کە هەر چۆنێک بێت بۆ چاکسسازییەکە لە بار و دۆخی کرێکاراندا، وە یان بۆ چاکسازییەکە لە چوارچێوەی سیاسی و ئابووریی کۆمەڵگادا، بـە خەباتی شۆڕشگێڕانەی کرێکارانی کۆمۆنیستەوە بۆ ڕزگاریی یەکجاری تێبگەین و لە هەموو لایەنێکەوە لێک بدەینەوە. ئێمە لە خەباتی هەمیشەیی کرێکاریدا بێ ڕێباز نین، ئێمە ڕەوتێکنین، دڵی بەمە خۆش بکات، کە لە ناڕەزایەتییە کرێکارییەکاندا بەشداری دەکات. ئێمە لەم خەباتەدا سیاسەتێکی دیاریکراو و پەیگیر پیادە دەکەین، هۆشیارکردنەوەی کرێکاران بە بەرژەوەندییە واقیعییەکانی خۆیان، ڕاستکردنەوەی درووشمەکان و ئامانجەکانی ئەم خەباتە، بەرفراوانکردنی گیانی ڕێکخراوبوون بە شێوەیەکی گشتی و ڕێکخستنی کۆمۆنیستی بە شێوەیەکی تایبەتی لەنێو کرێکاراندا، بردنەسەرەوەی پشتبەخۆبەستوویی خەباتکارانە و گیانی خەباتکارانەی کرێکاران لە ڕێگەی بەدیهێنانی داواکارییە ڕەواکانیان و باشبوونی واقیعی لە هەلومەرجی کار و ژیانی کرێکاراندا.



شوێنکەوتنی ئەم ئامانجانەیە، کە ئێمە لە تریدیۆنیۆنیستەکان و ئیکۆنۆمیستەکان جیا دەکاتەوە. بەم پێیە پێش هەر شتێک حیزب بە شێوەیەکی گشتی و شانەکان وەک بەشەکان و یەکە بنەڕەتییەکانی حیزب دەبێت ئاگایی و مەعریفەی پێویستیان بۆ ڕابەریکردنی خەبات هەبێ و لەم مەسەلەیەدا ئەوەندە پتەو بن، کە ئەوان بن خەبات ڕابەرایەتی بکەن نەوەک شەپۆلی ئاکسیۆنەکان ئەوان بە دوای خۆیاندا ڕابکێشن. هەروەها دەخاڵەتکردن لە خەباتی هەمیشەیی کرێکاران پێویستی بەوەیە هاوڕێیانمان، کە لە نزیکەوە لەگەڵ ئەم خەباتەدا پەیوەندییان هەیە، لە مەسەلە عەمەلیترەکانی ڕابەرایەتیی خەبات خاوەنی بۆچوونی خۆیان بن و ئەزموونی پێویستیان بەدەستهێنابێت، بۆئەوەی بتوانن ڕۆڵی خۆیان بە شێوەیەکی جیددی بگێڕن. لە مەیدانی پێداویستییە سیاسییەکاندا ئێمە کەمترین گیروگرفتمان هەیە، ئەمە مەیدانێکە، بە حوکمی هەبوونی بەرنامەی حیزب، داواکارییەکانی لانی کەمی حیزب، درووشمەکان و بڕیارنامە تاکتیکییەکانی حیزب، زۆرتر کاریان لەسەر کراوە و لە داهاتووشدا ڕێگرییەکی تایبەتی بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتریان لە ئارادا نییە.

بەڵام هینانەدی پێداویستییە عەمەلی و ڕێکخراوەییەکان بۆ ئێمە ئەمڕۆ کارێکی دژوارترە و پێویستی بە وەگەڕخستنی وزەی زیاترە. ئێمە پێشتر لە وتاری ئاکسیۆنیزم لە شانە کەمنفووزەکاندا، ئەڵقە تەرویجییەکانی کرێکاران و لە وتارەکانی تری بڵاوکراوەکان و بەرنامەکانی ڕابوردوودا پەنجەمان بۆ بەشێکی زۆر لـەم پێداویستییانە درێژ کردووە. ئەو یەکە ڕێکخراوەیییەی کە گەرەکێتی لە شوێنی ڕابەرایەتیی خەباتی هەمیشەیی کرێکاری قەرار بگرێ، دەبێت یەکەم بتوانێت بەردەوامکاری هەڵسووڕانی پایەیی خۆی دابین کردبێت (کە دواتر دێمەوە سەر ئەم خاڵە) دەبێت نفوزی خۆی لەنێو کرێکارانی سنووری چالاکیی خۆی بە ڕادەیەکی پێویست بەرفراوان کردبێ و بە شێوەی جیاجیا لە لایەن کرێکارانی ڕێکخراوەوە دەور درابێت، دەبێت بە شێوەیەکی واقیعی بتوانێت لەگەڵ پێشڕەوترین کرێکاران و ڕابەرانی عەمەلیی بزووتنەوە ئیعتیرازییەکاندا پەیوەندی هەبێت، بەشێک لەم هاوڕێیانەی لایەنی کەم لە ڕیزەکانی خۆیدا هەبێت و لایەنی کەمیش نفوزی مەعنەوی و سـیاسی دیاریکراوی لەنێو ڕابەرانی عەمەلی دیکەی کرێکاراندا، کـە هێشتا پەیوەست نەبوون بە حیزبەوە هەبێت. شانەی کۆمۆنیستی دەبێ بە شێوەیەکی واقیعی بتوانێت بیروباوەڕ و کردەوەکانی کرێکاران بە درێژایی خەبات و ئاکسیۆن بخاتە ژێر کاریگەری حیزبەوە و

ڕێنمایی بکات. لە بزووتنەوەی کرێکاریدا هیچ نفوز وئیعتیبارێک بە سانایی و بە سادەیی بەدەست نایات. ڕابەرایەتی نافرێنرێت، بەڵکوو دەبێت بەدەستبێت و ئەمە پێویستی بە کارێکی پایەیی سیاسیی تەرویجی و ڕێکخراوەیی جیددییە لەنێو کرێکاراندا. هەر وەک وتم ئێمە ئەمەمان پێشتر بە وردی باس کردووە. خاڵێکی گرنگ کە من لێرەدا ئەیخەمە سەر، مەسەلەی کاری عەلەنیی ئەفرادی عەلەنیکار و وابەستەیی تەواوی ڕابەرایەتیی ئاکسیۆنە کرێکارییەکانە بەم مەسەلانەوە. ئەمە مەسەلەیەکە، ئێمە لـە ڕابوردوودا کەمتر قسەمان لێوە کردووە و هەوڵ دەدەین لە داهاتوویەکی نزیکدا زیاتر بۆ هاوڕێیانی شی بکەینەوە.

مەسەلەکە ئەمەیە، کە ڕابەرایەتی نهێنیکارانەی خەباتی کرێکاری بە تەنها مومکین نییە، هەر ئاکسیۆنێک بۆ نموونە، مانگرتن، دەست لە کار کێشانەوە و لەم جۆرە شتانە، جووڵانەوەیەکە، کە هەر چۆنێک بێت دەرخەری بەرهەڵستی و خەباتی ئاشکرای بەشێکی فراوانی کرێکارانە لە بەرامبەر سەرمایە و خاوەنکار و دەوڵەتدا. بە هەر ڕادەیەکیش کە مانگرتنێک لە لایەن ناوەندێکی نهێنییەوە ڕێنمایی بکرێت، دیسانەوە مانگرتن وەک کاری ڕاستەوخۆی کرێکاران پێویستی بە ڕابەرایەتییە لە مەیدانی عەلەنیدا. بەگەڕخستنی کرێکاران، دیاریکردن و ڕاستکردنەوەی دروشمەکان لە ڕۆژی ئاکسیۆندا، پووچەڵکردنەوەی تەبلیغات و پیلانەکانی بەکرێگیراوانی دەوڵەت و خاوەنکار، وتووێژکردن، هەڵبژاردنی نوێنەر و ... هتد. هەر چۆنێک بێت، پێویستی بە هەبوونی ڕابەران و موبەلیغی ئاشکرا هەیە. هیچ کارێکی جەماوەری بەبێ تەواوکردنی هەڵسووڕانی نهێنیی کۆمۆنیستی، لە ڕێگای هەڵسووڕانی ئامانجداری ئاشکراوە مومکین نییە. گشت باسەکە لەسەر ئەمەیە، کە چۆن شانەی نهێنیی کۆمۆنیستی دەتوانێت لە ڕۆژەکانـی ئاکسیۆندا ڕابەر بێ، ڕابەرایەتییەک، کە پێویستی بە دەخاڵەتێکی چالاکی عەلەنییە. ئەگەر ئەم تواناییە و ئەم هێزەمان نەبێت، یانی ئەگەر نەتوانین بە دروستی هەڵسووڕانی نهێنی تێهەڵکێشـی هەنگاوی عەلەنی پێویست بکەین، قسەیەک لە دەخاڵەتی چالاک لـە ڕابەرایەتی خەباتی ئێستاشدا ناتوانێت لە ئارادا بێت.

بەڵام کاری ئاشکرا مەیدانێکە کە ئێمە تا ئێستا کەمتر دەستمان داوەتێ و کەمتر کون و کەلەبەرەکانیمان ڕۆشن کردۆتەوە. بـە گشتی چەمکی موبەلیغی عەلەنیی کاری حیزبی، یانی کەسێک، کە یەکسەر لە ئاکسیۆندا لە ڕیزی پێشەوەی کرێکاراندا



دەوەستێ و ئەوان ڕێنمایی دەکات، لە بزووتنەوەکەماندا و لە حیزبی ئێمەدا کەمتر ناسراوە. ئەگەر سەرنج بدەی هەڵسووڕاوترین قسەکەرانی کرێکاری، موبەلیغە خاوەن نفوزەکان و ڕابەرانی عەمەلی لە ڕیزی ئیکۆنۆمیستەکان و تریدیۆنیستەکاندا دەدۆزرێنەوە. ئێمە دەبێت ئەم دواکەوتووییە قەرەبوو بکەینەوە. تەنها کاتێک بە شێوەیەکی جیددی لە مەسەلەی ڕابەرایەتیی ئاکسیۆنە کرێکارییەکان نزیکبووینەتەوە، کە شانە حیزبییەکانمان توانیبێتیان پێ بنێنە نێو مەیدانی کەمتر ناسراوی هەڵسووڕانی عەلەنیی کۆمۆنیستییەوە.

ئەمە باسێکی شێوەکارییە، پەیوەندیی شانەی نهێنی بە کەسانی عەلەنیکارەوە چییە؟ ئەم کەسانە چۆن بە شانەکانەوە پەیوەستن و چۆن لە شانەوە ڕێنوێنی وەردەگرن و لە لایەن شانەوە ڕابەرایەتی دەکرێن؟ زانیارییەکانی ئەم تاکە نهێنیکارانە لە بارەی شانەی نهێنییەوە تا چ ڕادەیەکە؟ چۆن دەتوانرێت کارێک بکرێت، کە هەڵسووڕانی ئاشکرای هاوڕێی حیزبیمان ئاسایش و بەردەوامکاری شانە و تۆڕی نهێنیمان نەخاتە مەترسییەوە؟ چۆن دەتوانرێت خودی موبەلیغی عەلەنیکار بپارێزرێت و ئاسایشی دابین بکرێت؟ موبەلیغ و هەڵسووڕاوانی عەلەنیی ئێمە چۆن دەتوانرێ بێ ئەوەی ناچار بێت، کە ناسنامە و لایەنگریی حیزبی خۆی دەرخات (تا ئەو دەمەی کە سەرکوت بەم ڕادەیە توندوتیژە بە گشتی ناچارە، کە ناسنامەی خۆی بشارێتەوە)، هەڵوێست و سیاسەتەکان و درووشمەکانی حیزب لە ڕۆژی ئاکسیۆندا جێبەجێ بکات؟ بە گشتی موبەلیغەکان و هەڵسووڕاوانی عەمەلیی خۆمان لە چ دەوروبەرێکدا بەدەست دێنین؟ چۆن دەیانکەین بە ئەندامی حیزب؟ وە چ پەیوەندییەک لـە نێوان شانە نهێنییەکان و ئەم موبەلیغە عەلەنیکارانەدا پێک دەهێنین؟ دەبێت وەڵامی ئەم پرسیارانەمان چنگکەوێت و ئێمە هەوڵ دەدەین، کە ئەم وەڵامانە لە ئاییندەیەکی نزیکدا ڕۆشن کەینەوە. هەر چۆنێک بێت لەم هەلە کورتەدا کە ڕەخساوە، پێ لەسەر ئەوە دادەگرم کە سەرەڕای ئەو پێداویستییانە، کە پێشتر وتمان، دەبێت ئەم لایەنەی هەڵسووڕانیش بـە دروستی بناسین و خۆمان لەم ڕووەشەوە پتەو و ئامادە کەین.

تێکهەڵکێشانی کاری نهێنی و ئاشکرا، مانای لە یەک کاتدا کاری عەلەنی و کاری نهێنیی هەموو شانە و پەیوەندییەکانی چواردەوریان نییە، بەڵکوو بە شێوەیەکی سەرەکی بە مانای هێنانەدی پەیوەندییەکی پتەو و گونجاوە لە نێوان هەڵسووڕاوانی نهێنی و هەڵسووڕاوانی عەلەنیکاردا. ئەمڕۆ کەمتر شانەیەکمان هەیە، بانگەشەی ئەوە

بکات، کە خاوەن توانای عەلەنیی تەبلیغی بێت بە شێوەیەکی ئیدامەکار، بانگەشەی ئەوە بکا کە کەسانی عەلەنی و ڕابەرانی عەمەلی کردووە بە ئەندامی حیزب و هەڵسووڕانی ئەوانی خستۆتە ژێر ڕێباز و ڕابەرایەتی حیزبەوە بێ ئەوەی ئەوانی لەم مەیدانە حەیاتییە بێبەش کردبێت و هێنابێتە دەرێ، یانی بەبێ ئەوەی، کە کردبنی بە هەڵسووڕاوانی"نهێنی".

حیزبی ئێمە حیزبێکی نهێنیکارە، ئەمە سیفەتی هەمیشەیی حیزبێکە، کە لەنێو دڵی سەرکوتی بۆرژوازییانە و لەبەرامبەر دڕەندەیی بۆرژوازیدا چالاکی دەنوێنێ. کۆمۆنیستەکان هەمیشە لە بار و دۆخی تایبەتیدا نەبێت، ئەوا هەر لە هەلومەرجێکی ئاوادا چالاکی دەنوێنن. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە مەیدانی کاری عەلەنی و مەیدانی عەمەلی ئاکسیۆنەکانیش بدرێتە دەست ڕێفۆرمیستەکان و تریدیۆنیۆنیستەکان. ئەگەر ئەمڕۆ بەکردەوە ئاوایە، ئەوا ئەمە خاڵی لاوازی ئێمەیە. ئێمە دەبێت دیاردەیەک بە نێوی ئاژیتاتۆری کۆمۆنیستی عەلەنیکار، ڕابەرانی عەمەلیی بزووتنەوە کرێکارییەکان کە بوونەتە ئەندامی حیزب بناسین و لە هەڵسووڕانی حیزبی خۆماندا جێگای واقیعی بۆ ئەم جۆرە هاوڕێیانە ئاوەڵا بکەینەوە.

سەرنج بدە لێرەدا قسە لەسەر ئاشکراکردنی یەک دوو کەس لە ئەندامانی شانە نییە، قسە لەسەر ڕاکێشانی ڕابەرانی پڕ شۆڕوشەوقی بزووتنەوەی کرێکارییە، قسە لەسەر قسەکەرانێکی کرێکاری و کرێکارانی خاوەن نفوزە بۆ ڕێکخراوکردنیان لە حیزبدا بە پاراستنی ڕۆڵی عەلەنیی پێشوویانەوە، واتا ڕۆڵی عەلەنیکاری، ڕۆڵی موبەلیغی جەماوەری و ڕۆڵی ڕابەر، پێویستی بە پێکهێنانی پەیوەندییەکی زیرەکانە و حیسابکراوە لە نێوان ڕێکخراوی نهێنی حیزب و ئەفرادە عەلەنییەکاندا. ئەمە یەکێکە لە گرنگترین پێداویستییەکانی دەخاڵەتمان لە ئاکسیۆنەکاندا. ئەو ئاکسیۆنانەی کە هەر وەک وتم بەبێ ڕابەریی عەلەنیکار وجودی دەرەکییان نابێ و ڕێنمایی ناکرێن. ئەمە دەبێت بە کاری پڕ حەوسەڵە و هۆشیارانە فەراهەم بکرێت. لەبەرئەوەی کە بەم جۆرە نییە، یانی لەبەرئەوەی کە شانەی نهێنی ئێمە ناچارە بۆ ئیدامەکاری خۆی، کە وەکوو وتمان ئەولەویەتی هەیە، چاو بپۆشێ لە گێڕانی ڕۆڵی پێشەنگی لە ڕۆژی ئاکسیۆندا، وە یان بە چوونە ڕیزی پێشەوەی ئاکسیۆن گشت دەستکەوتەکانی ئێستای بخاتە مەترسییەوە، ئێمە ڕووبەڕووی ئەو ناکۆکییە دەبینەوە، کە لە پرسیارەکەتدا باست کرد. بەڵام ئەو کاتە، کە تۆڕی نهێنیی ڕێکخستنی ئێمە بە شێوەیەکی ئوسووڵی و



حیسابکراو و ڕێکوپێک و بە لێکدانەوەی هەموو لایەنە ئەمنییەتییەکانی، پەیوەست بێت بە کەسانی عەلەنیکارەوە، کە توانای ڕێنماییکردنی جەماوەری کرێکارییان لە ڕۆژەکانی ئاکسیۆندا هەیە، یانی ئەو کاتە کە ڕێکخراوی نهێنیمان بتوانێت بوونی ئاژیتاتۆری عەلەنیکار لە سیستەمی خۆیدا جێ بکاتەوە و هەرسی بکات، ئەو کاتە بە شێوەیەکی واقیعی ئامادەین کە لە خەباتی بەردەوامی کرێکاراندا وەک ڕابەر دەرکەوین.

هەر وەک وتم، ئەم باسانە بەرەبەرە بۆ هاوڕێیان دێنینە ناوەوە. من تەنها ویستم سەرنجی هاوڕێیان بۆ ئەم مەسەلەیە ڕاکێشم و ئومێدەوارم لە نامەکانی خۆیاندا بۆ ئێمە لایەک لەم مەسەلەیەش بکەنەوە. باسی دوور و درێژتر دەبێت دواتر بخرێتە ڕوو. بەڵام بە یارمەتی خۆتان من لەم هەلە کەڵک وەردەگرم و چەند وشەیەکیش سەبارەت بە هەمان هاوڕێیانی عەلەنیکار زیاد دەکەم.

هەڵسووڕاوانی عەلەنیکار بەم جۆرە بەدەستنایەن، کە بۆ نموونە ئەم، یان ئەو هاوڕێیە لە شانە، وە یان لە دەوروبەری شانەدا بەپێی بڕیاری حیزب ڕۆڵی دەخاڵەتی عەلەنی لە ئاکسیۆندا بگرێتە ئەستۆ. ئاژیتاتۆری عەلەنی و ڕابەری عەمەلی تا ڕادەیەکی زۆر بەرهەمی خودی خەبات و ناڕەزایەتییەکانی کرێکارانە. کرێکارانێکی پڕ شۆڕوشەوق، ناڕازی و قسەکەر، کە لە مانگرتنەکاندا دەردەکەون، لەنێو کرێکاراندا نفوزی قسەکردن پەیدا دەکەن و بەکردەوە ئیمکانییەتی ڕابەرایەتی عەمەلی لە خۆیاندا نیشان دەدەن، زادەی خودی ناڕەزایەتیی چینی کرێکار لە دژی بۆرژوازی و سەرمایەیە. بزووتنەوەی کرێکاریی بە شێوەیەکی سروشتی ئەم کەسانە لەنێو دڵی خۆیدا پەروەردە دەکات و دەیێنێتە ڕیزی پێشەوەی خۆی. بێگومان بە نەبوونی ڕێکخراوێکی حیزبی و بە تێگەیشتنێکی سیاسیی تیۆری نزمەوە، ئەم دەستەیە لە ڕابەرانی عەمەلی، یان بەرەو بیروباوەڕە ڕێفۆرمیستی و تریدیۆنیۆنیستییەکان ڕادەکێشرێن، وە یان لە حاڵەتێکدا کە تەنانەت خۆیان بە کۆمۆنیستیش بزانن، ڕێکخراوبوونیان لە حیزبی نهێنیکاردا نییە. ئەزموونی بزووتنەوەی پۆپۆلیستیش پاکانە بۆ ئەم ترسەی ئەوان ئەکات. ئەوان لەوە نیگەرانن، کە پەیوەستبوونیان بە حیزبی سیاسییەوە ببێتە هۆی کەنارکەوتنیان لەم مەیدانەی هەڵسووڕاندا. هەروەها بە نەبوونی پەیوەندی و لایەنگری حیزبی لە زۆربەی بارەکاندا ناوەڕۆکی هەڵسووڕانی ئەم دەستەیە لە هاوڕێیان بەرتەسک دەبێتەوە بۆ تەبلیغ و کارکردی ڕێفۆرمیستی و ڕابەرایەتی عەمەلیی خەبات

له هەمان سنووری خۆبەخۆییدا. کاری ئەمانە لێکپچڕاو و بێ ئامانجە و کارتێکردنیان کاتییە. بەڵام کاتێک هەمان ئەو موبەلیغانە پەیوەندی بە حیزبەوە بکەن، ناوەڕۆکی هەڵسووڕانیان دەگۆڕێت، لەڕووی سیاسی و تیۆرییەوە قووڵتر دەبنەوە و دەبنە بڕبڕەپشتی چارەنووسساز لە شکڵپێدانی بزووتنەوەی سۆسیالیستیی چینەکە و پیادەکردنی ڕابەرایەتیی کۆمۆنیستی بەسەر بزووتنەوەی کرێکاریدا.

ئێمە دەبێت هۆشیارترین و پێشڕەوترینی ئەم ڕابەرە عەمەلییانە ڕاکێشینە نێو ڕیزەکانی حیزبەوە. بەڵام مەرجی پێویستی ئەم کارە، ئەگەر نەمانەوێت مەبەستەکەمان پووچەڵ کەینەوە، ئەمەیە کە دوای پەیوەستبوون بە حیزب و کارکردن لە سایەی ڕابەرایەتی کۆمیتە حیزبیەکانیشدا، ئەم هاوڕێیانە بتوانن ڕۆڵی ئاشکرای خۆیان وەک ڕابەر و ئاژیتاتۆر بگێڕن، دووەم، هەڵسووڕانی ئەم هاوڕێیانە بەردەوام کاری شانەی حیزب نەخاتە مەترسییەوە، بە هەمان شێوە هەڵسووڕانی شانەی حیزب نابێت ئەمنییەتی و بەردەوامکاری ئەم هاوڕێیانە بخاتە مەترسییەوە. بەم پێیە دەبێت پەیوەندییەکی تایبەتی و چاک لە نێوان ئەم دەستەیە لە هاوڕێیان لەگەڵ شانە نهێنییەکاندا پێک بێت. ئێمە دەبێت بە هەمان شێوە کە دەربارەی شێوەکاری شانەکان بە وردی و بە قووڵییەوە کارمان کردووە، وردەکارییەکانمان بۆ خۆمان ڕۆشن کردەوە و نەخشەی خۆمان بەپێی ئەم لێکدانەوانە داڕشت، لە پێناسەی ڕۆڵی ئەفرادە عەلەنییەکان لە حیزبیشدا وردبینەوە و لایەنە جیاوازەکانی ئەم هەڵسووڕانە و ئەم جۆرە پەیوەندییە بناسین و فێر بین. من وای دەبینم کە لە مانگەکانی داهاتوودا، دوای ئەوەی کە بە دوورودرێژی زیاترەوە دەربارەی ئەم لایەنەی هەڵسووڕانمان لە بزووتنەوەی کرێکاریدا قسەمان کرد، لە شیکردنەوەی پەیوەندیی شانە حیزبیەکان و خەباتی کرێکاریی ئێستادا، لە جێگا و ڕێگایەکی باشدا دەبین. با هاوڕێیان چاوەڕێی باسەکانی دواتری ئێمە بن، ئێمەش چاوەڕێی بۆچوونی هاوڕێیانین.

ئەم چاوپێکەوتنە، ڕادیۆی "دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران" لەگەڵ هاوڕێ مەنسوور حیکمەت ئەنجامی داوە.

وەرگێڕانی: ئاوات سەعید، ڕزگار مەحەمەد
تایپکردنەوەی: ئامانج ئەمین



تێبینی: ئەم باسە لە لایەن ڕێکخراوی "ڕەوتی کۆمۆنیست"ەوە لە بەرواری حوزەیرانی 1990دا چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە:
حوزەها و مبارزات جاری کارگران
"کمونیست"، شمارە 16
30 بهمن 1363، 1985

# شانە حیزبییەکان و ئاکسیۆنە کرێکارییەکان

(دەربارەی گرنگیی ئاژیتاتۆر و ئاژیتاسیۆنی ئاشکرا)

## بەشی یەکەم

### 1) پێشەکی

ئاکسیۆنی ناڕەزایەتیی کرێکاری وەک هەر دیاردەیەکی دیکە، ڕابردوو، ئێستا و ئایندەی خۆی هەیە. لە مەسەلەگەلی، پەیوەندی و داواکاری تایبەتییەوە سەرچاوە دەگرێت، سەرهەڵدەدا و پەرەدەسێنێ و لە سبەینێی کۆتاییهاتنیشیدا پەیوەندی، هاوسەنگی هێز، ورە و تێگەیشتنی جیاواز بەجێ دەهێڵێ. ئەوەی لە دەرەوە بۆی دەڕوانێت، ئاکسیۆنی کرێکاری بە گشتی، بە سەرهەڵدانیی بەکردەوەی ناڕەزایەتیی ئاشکرای بەکۆمەڵی دەزانێت. "کرێکارانی ئاسنتوانەوە مانیان گرت"، "کرێکارانی کەنداو دوایی لەگەڵ پۆلیس و پاسداران دەستەویەخە بوون"، "کرێکارانی پیشەسازیی نەوت دەستیان داوەتە، کەمکاری" و لەم چەشنە. بەڵام ئاکسیۆنێکی کرێکاری بۆ هەڵسووڕاوانی کۆمۆنیست مانایەکی بەرفراوانتری هەیە. کاتێک کە ئێمە قسە لە دەخاڵەت لە ئاکسیۆنە کرێکارییەکان و ڕابەرییان دەکەین، دەخاڵەت و کاری ڕابەریی لە پرۆسەیەکدا، بە مانای پێش ڕووداوی ئاکسیۆن، کاتی ڕووداوی و دوای ڕووداوی لەبەرچاو دەگرین.

هەر ڕێنماییەک، یان کۆمەڵە ڕێنماییەک بۆ ڕۆشنکردنەوەی شێوەی دەخاڵەتی هەڵسووڕاوانی کۆمۆنیست و ڕێکخراویی کۆمۆنیست لە خەبات و ناڕەزایەتییەکانی هەر ئێستای کرێکاران، دەبێ ئەرکی کۆمۆنیستەکان لە هەر سێ دەورەی شکڵگیری، ڕوودان و کۆتایی ئاکسیۆنەکان ڕۆشن بکاتەوە. مانای دەخاڵەت و بەشداری لە ئاکسیۆنێکدا لە حاڵی ڕوودانیدا لە یەکەمین هەنگاودا ڕۆشن دێتە بەرچاو، بەڵام بیرۆکەی دەخاڵەت لە ئاکسیۆندا، پێش ڕوودانی، یان دوای کۆتاییهاتنی، لەوانەیە لە سەرەتاوە کەمێک سەیر بێتە بەرچاو. لە واقیعدا ئەمە ڕووی دووەمی مەسەلەکەیە و تا ئێستا لە باسەکانی ئێمەدا سەبارەت بە شێوەی مامەڵەی شانە حیزبییەکان لە بەرامبەر خەباتی ئێستادا، زۆرتر جێگەی سەرنج بووە و ئەوەی کە ئەوەندە باسی



لێوە نەکراوە، پێداویستییەکان و شێوەی دەخاڵەتکردن لە ئاکسیۆن لە کاتی ڕوودانیدا بووە، هەر بۆیە ڕوونکردنەوەی زیاتری بەکەڵک دەبێت.

هەر ئاکسیۆنێک (بە مانای تایبەتی وشەکە واتە، یەک خەباتی ناڕەزایەتیی بەکردەوە و بەردەوام)، مۆری زەمینە و هەلومەرجی بابەتی و خۆیی پێش خۆی لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێ. هەر ئاکسیۆنێک لەسەر زەمینەی هاوسەنگییەکی دیاریکراوی نێوان هێزەکان و لە چوارچێوەیەکی هۆشیاریی سیاسی و پلەیەک لە ڕێکخراوبوون و ئامادەیی بۆ ڕێکخراوبوونی هەر ئێستای چینەکەدا شکڵ دەگرێت. بێگومان ئەم هۆکارانە لە درێژەی خودی ئاکسیۆندا گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، بەڵام لە دواشیکردنەوەدا تەنها بە ڕادەیەکی دیاریکراو دەتوانن لە ئاستی پێشوو واوەتر بچن. هیچ مانگرتنێک لە ئێرانی ئەمڕۆدا بە یەکجار لەسەر 35 سەعاتکار، دەرچوونی هێزە سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان یان ئازادیی بێ قەید و شەرتی بیروباوەڕ و ڕاگەیاندن لە هەموو وڵاتدا دەست پێ ناکات، هێرشی بۆرژوازی پاشەکشەی بەسەر بزووتنەوەی کرێکاری و هاوسەنگی هێزەکانی ئێستادا هێناوە و داخوازیگەلی کرێکاری، ناڕەزایەتییە هەمیشەییەکانی بۆ ئاستێکی نزمتر هێناوەتە خوارەوە.

هەر ئاکسیۆنێک هەنگاوهەڵهێناوەیەکی خەباتگێڕانەی کرێکارانێکی دیاریکراوە، بە هۆشیارییەکی سیاسی و تواناییەکی ڕێکخراوەیی دیاریکراوەوە، لەسەر زەمینەی هاوسەنگیی هێزەکانی ئێستا، وە یان بە تێگەیشتنێکی تایبەتەوە لە هاوسەنگی هێزەکانی ئێستا. چوارچێوە و بار و دۆخێکی گشتی، کە ناڕەزایەتییە خۆبەخۆ کرێکارییەکان لە چوارچێوەیدا شکڵ دەگرێت، لە لایەن ئەم هۆکارانەوە کەم تا زۆر لە پێشەوە دیاریکراوە. بەشداری لە ئاکسیۆن پێش ڕوودانی ئاکسیۆن، بە مانای دەخاڵەت و هەوڵدانە بۆ گۆڕانی ئەم بار و دۆخە و تێکشکانی ئەم چوارچێوەیە، مانای تێکۆشانە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و ڕێکخراوەیی کرێکاران و پووچەڵکردنەوەی هۆکارەکانی دووبەرەکیخستنەوە و فۆرموولەکردنی ئوسولیی درووشم و داواکارییە کرێکارییەکان و پێکەوەبەستن و ڕێکخراوکردنی کرێکارانی پێشڕەو و خاوەننفوز و بەرزکردنەوەی گیانی خەباتکارانەی کرێکاران و شتی لەو چەشنە. ڕاکێشانی بەشێکی زۆرتری کرێکاران بۆ کۆمۆنیزم و ڕێکخراوبوونیان لە حیزبی کۆمۆنیستدا خۆی کاریگەرییەکی چارەنووسسازیشی لەسەر ئاستی خەباتی ناڕەزایەتیی داهاتوودا هەیە.

هەڵسووڕانی هەمیشەیی شانەکان و هەڵسووڕاوانی کۆمۆنیستی لەنێو کرێکاراندا، هەروەها هاتنەناوەوەی تایبەتیی ئەوان لە هەر دەورەیەکدا، کە ناڕەزایەتیی هەمیشەیی بە شێوەیەک پەرە دەگرێ، کە ئاسۆی یەک ئاکسیۆن لە بەرامبەر کرێکاراندا دادەنێت، کاریگەری جیددی خۆی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەسەر توانایی و داوێنی ئاکسیۆنی داهاتوودا دادەنێت. چارەنووسی ئاکسیۆنی کرێکارانی کارخانەیەک کە بە دەوڵەت و خاوەنکارەکان خۆشباوەڕن و کۆمۆنیستەکان لە نێویاندا کاریان نەکردووە، فۆرموولەیەکی نائوسوڵی و ناڕۆشنیان لە داواکارییەکانی خۆیان هەیە و شتی تر لە پێشەوە دانراوە. بەشێکی گرنگ لە هەڵسووڕانی ڕۆتینی کۆمۆنیستەکان و هاتنەناوەوەی تایبەتیی ئەوان پێش ڕوودانی ئاکسیۆن، لابردنی ئەم خاڵە لاوازانەیە. ئەمە هەر چۆنێک بێت، مانای دەخاڵەت و کاریگەریدانانە لەسەر چارەنووسی هەر ئاکسیۆنێکی داهاتووی کرێکاران.

ئەرکی کۆمۆنیستەکان دوای کۆتاییهاتنی ئاکسیۆنیش، کەم تا زۆر ڕۆشنە. جیا لەوەی ئاکسیۆن بە ئاکام گەیشتووە یان نا، گشت پرۆسەی خەبات، خاڵە لاواز و بەهێزەکانی دەبێ لێکبدرێتەوە و ئەم لێکدانەوەیە تا ئەو ڕادەیەی کە لە توانادایە، لە بەرفراوانترین ئاستدا ببێتە شعووری گشتیی کرێکاران، یان لانی کەم ببێتە ئاگایی بەشی پێشڕەوتری ئەوان. ئەگەر دەستکەوتێک هەیە، دەبێ جێگیر بکرێت و پارێزگاری لێ بکرێت. ئەگەر تێکشکانێک لە ئارادا بووە، دەبێ هۆیەکانی شی بکرێتەوە و ببێتە بنەمای ئەزموونێک بۆ کرێکاران. دەبێ بەرهەڵستی لە بەرامبەر کاریگەریی عەمەلیی تێکشکان (دەرکردنی هاوڕێیانی کرێکار، دەستدرێژی خاوەنکار بۆ سەر مافەکانی تری کرێکاران ...) ڕێک بخرێت. لە هەموو هەلومەرجێکدا، دەبێ بەرامبەر بە هاتنەخوارەوەی گیانی خەباتکارانە و دڵساردی و نائومێدی لە خەباتدا ڕابوەستین. هەر ئاکسیۆنێک زەمینە بۆ کاری چڕ و پڕی کۆمونیستی لەنێو جەماوەری کرێکاراندا فەراهەم دەکات، کە دەبێ بە باشی، کەڵکی لێ وەربگیرێت.

هەر چۆنێک بێت ڕوونکردنەوەی ئەرکەکانی شانە کۆمۆنیستییەکان لەپێش و لەدوای ئاکسیۆندا دژوار نییە. زۆر لە خاڵە گرنگەکان هەر ئێستا بە ڕێگەی جیاجیا ڕوون کراونەتەوە. ئەگەر ناڕۆشنییەک و گیروگرفتێک لە بارەی شێوەهەڵوێست لە بەرامبەر ئاکسیۆنەکاندا لە ئارادا بێت، لە بنچینەدا دەگەڕێتەوە بۆ مەسەلەی دەخاڵەت لە ئاکسیۆن و ڕابەریی ئاکسیۆن لە کاتی ڕوودانیدا، یانی لە کاتی ئاکسیۆندا (بە مانای



تایبەتی وشەکە). لێرەدایە کە زۆرترین قووڵبوونەوە پێویستە. لێرەدایە، دەبێ بە دوای بیر و بۆچوون و ڕێنماییە ڕێنیشاندەرەکانەوە بین.

## 2) تایبەتمەندیی ڕۆژەکانی ئاکسیۆن و گرنگیی لایەنی خەباتی ئاشکرا

مەبەست لە دەخاڵەتی شانەکان و هەڵسووڕاوانی کۆمۆنیست لە ئاکسیۆنە کرێکارییەکاندا چییە؟ هەرگیز مانای ئەوە نییە، کە کۆمۆنیستەکان تەنها وەکوو کرێکارانی دیکە لە کۆڕ و کۆمەڵی گشتیدا، لە ڕیزی خۆپیشاندان و شوێنی مانگرتندا هەبن و مشتەکۆڵەی خۆیان لەنێو سەدەها مشتەکۆڵەدا و ڕای خۆیان وەکوو سەدەها ڕای تر لە ڕەتکردنەوە و قبووڵکردنی ئەم یان ئەو پێشنیار و بانگەوازدا دەربخەن. کۆمۆنیستەکان لە ئاکسیۆندا تەنها "وەکوو هەر کرێکارێکی تر" بەشداری ناکەن، بەشداریی کۆمۆنیستەکان بەپێی پێناسە، بەشدارییە لە ڕێنومایی ئاکسیۆندا، لە ڕابەریکردنیدایە ڕووەو ڕێی ئوسووڵی، بەپێی سیاسەتە کۆمۆنیستییەکانی حیزب.

ئەدەبیاتی پۆپۆلیستی وێنەیەکی سادەگەرییانە لە ڕابەریی ئاکسیۆنە کرێکارییەکان لە لایەن ڕێکخراوی نهێنییەوە دەخاتە ڕوو. شانەیەکی نهێنی ڕێکخراو ڕابەریی بە دەستەوەیە. ئەم شانەیە لە زووەوە حەقانییەتی خۆی بە جەماوەری کرێکاران سەلماندووە و کرێکاران بە شێوەی گشتی بە بیستنی ناوی ڕێکخراو و بیرهێنانەوەی ڕابردووی پڕ شانازیی ئەو، دێنە ژێر درووشمەکان و ڕێنماییەکانی شانەی نهێنییەوە. شانەی نهێنی درووشمەکان دیاری دەکات و بە کرێکارانی دەگەیەنێت و ئەگەر پێویست بکات لە سەرەتاوە کاردابەشکردنیش لەنێو کرێکاراندا دیاری دەکات. شانەی نهێنی (بە بڵاوکراوە و شتی لەو بابەتەوە) ڕای خۆی دەربارەی هەر قۆناغێکی پێشکەوتنی ئاکسیۆن ڕادەگەیەنێ و کرێکاران بە ئەرکی فەوریی دواتریان ئاشنا دەکات. ئاکسیۆن لەژێر درووشمەکانی شانەی نهێنیدا، بەو داواکارییانەوە کە لە لایەن ئەو شانەیەوە خراونەتە ڕوو، وە بە کۆنترۆڵی غەیبییانەی ئەو ڕێنمایی دەکرێت.

گیروگرفتی کار لێرەدایە، کە ئەگەرچی خۆشەویستیی جەماوەریی حیزبێک لەوانەیە بتوانێت بزووتنەوەی گشتیی هەموو کرێکاران ئاراستە بکات، بەڵام ئەم سیناریۆیانە، یان سیناریۆی وەکوو ئەوە کە ئاکسیۆن تا ڕادەی کار و کاردانەوەیەکی ڕاستەوخۆی "ڕێکخراوی نهێنی کرێکاران" دەهێنێتە خوارەوە، تەنها لەسەر کاغەز دەتوانرێت بەڕێوە ببرێت. لە دنیای واقیعیدا، ئاکسیۆن بە ناچاریی، بە بوونی کەسانی پێشڕەو و عەلەنیکارەوە واتە، ڕابەران و ئاژیتاتۆرە ئاشکراکانەوە پەیوەستە. لە دنیای واقیعیدا

شانەیەکی ئاوها لە ڕێکخراوێکی ئاوهادا، هەمیشە لەگەڵ ئەم واقیعەتە بەرەو ڕووە، کە چەند کرێکارێکی خاوەنفوز و ناسراو، "کە سەر بە هیچ ڕێکخراوێک نین"، لەنێو دامودەزگاکاندا، لەناو دەستەی نوێنەرایەتیدا، بە کورتی لە نزیک و دوورەوە بەڵام بە هەر حاڵ بە شێوەی ئاشکرا، سەرەدەزووی ڕووداوەکە بەدەستەوە دەگرن و ڕووەو ئەو لایەی کە گەرەکیانە و دەتوانن ئاراستەی بکەن. کارێک کە بۆ شانەکان دەمێنێتەوە، ڕاگەیاندنی لایەنگریی ڕێکخراو بە شێوەی نووسراو لە ئاکسیۆنەکە، ڕێزلێنانی ئاکسیۆن و ملدان بە هەموو لاوازییەکان و دواکەوتووییەکانی و ئامادەکردنی ڕاپۆرتەهەواڵە بۆ ڕێکخستن. ئەم کۆنترۆڵە لە دوورەوە و بە ڕابەرایەتی نائاشکرایەوە، دەبێ بە جیهانی خەیاڵیی پۆپۆلیستەکان بسپێردرێت، چۆنکە ئەوەی ڕۆژەکانی ئاکسیۆن لە سەردەمی پێش و پاشی جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە:

یەکەم: جەماوەرێکی کەمتر هۆشیار و کەمتر ڕێکخراوی کرێکاران دەکێشرێنە نێو گۆڕەپانی کارکردنەوە. جەماوەرێکی بەرفراوان، کە خوازیاری یەک ڕابەری حازر و بەردەوام و چوست و چالاکە. جەماوەرێک کە لە سەرەتاوە، بەپێی زانستێکی سیاسیی ئایدیۆلۆژیک، وە یان لە لایەنگریی ڕێکخراوەییەوە، سوێندیان نەخواردووە، کە پەیرەوی لە کۆمۆنیستەکان و تێڕوانین و سیاسەتەکانیان بکەن.

دووەم: ڕابەرایەتی ئاکسیۆن بە ناچاری لە یەک لایەنی ئاشکرای چارەنووسساز بەهرەمەند دەبێت، ڕێنمایی نهێنیکارانەی تەمایولات، داواکارییە گشتییەکان، وە یان هەتا جیهەتگیریی گشتی کرێکاران لەوانەیە کەم تا زۆر لە ئیمکاندا بێت، بەڵام ڕابەرایەتی کاری ڕاستەوخۆ و حاڵەتی جم و جووڵی ئەوان بێگومان تەنها دەتوانێت ڕابەرایەتی لە بنەڕەتەوە ئاشکرا و حازری مەیدان بێ.

سێیەم: ئاکسیۆن یەک زنجیرە چرکەساتی چارەنووسساز لە ڕووبەڕووبوونەوەی زیندووی کرێکاران لەگەڵ دەوڵەت و خاوەنکار و بەکرێگیراوەکانیانە، لە قسە و باسە نێوخۆیی و حەساسەکانی نێو خودی کرێکاران، لە فێڵ و تەڵەکەی خاوەنکار و بەکرێگیراوەکانی و ئارایشدانەوەی سەرلەنوێی کرێکاران، لە هێرش و پاشەکشە و شتی تری لەو بابەتە. وەڵامدانەوەی گونجاو و خێرا بە تەواوی ئەم چرکەسات و خاڵە ئاڵوگۆڕە چارەنووسسازانە و پارێزگاریی جڵەوی خەبات بە درێژایی ئەم پرۆسە ڕووبەڕووبوونەوە ئاشکرایە، ئەمانە هەمووی ڕابەری زیندووی عەلەنیکار و ئامادەی مەیدان بە ناچاری دێننە کایەوە.



چوارەم: هەڵسووڕانی کۆمۆنیستەکان بە ناچاری نهێنییە، بەڵام سەندیکا زەردەکان، شوورا ئیسلامییەکان، ئەنجوومەنەکان، وە یان تودەییەکان و ئەکسەرییەتەکان، کە جێگاوڕێگای خۆیان لە کارگەکاندا پاراستووە، هەموو ئیمکانی دەخاڵەتی ئاشکرایان هەیە. لە ئارادانەبوونی ڕابەریی ئاشکرای شۆڕشگێڕ و هەڵسووڕاو بە ڕێبازی کۆمۆنیستی، ناڕەزایەتییە کرێکارییەکان بە شێوەیەکی بەردەوام لە لایەن ئەم ڕەوتانەوە بەرەو سازش و شکست دەبرێن. لە ڕۆژەکانی ئاکسیۆندا، ڕووبەڕووبوونەوەی کۆمۆنیستەکان لەگەڵ خۆ ئامادەکردنی دژی کرێکاری ئەم ڕەوتانە، دەبێ بکێشرێتە لایەنی ئاشکراوە.

هەموو ئەمانە بەم مانایەیە، کە ڕێکخراوی کۆمۆنیستی لە شوێنی کار و ژیانی کرێکاراندا، وەک ڕێکخراوێکی نهێنی، تەنها کاتێ بە مانای واقیعی وشەکە و بە شێوەی ئوسوولی توانای دەخاڵەتی کاریگەر و کاری ڕابەرایەتی لە ئاکسیۆنەکاندا هەیە، کە بتوانێت ئەم لایەنەی عەلەنیکاری، ئامادەی سەرشانۆ و ڕابەری حازری مەیدان، دابین بکات. ئەمە ئەو مەسەلە بنچینەییەیە، کە ڕوونکردنەوەی جیددیی شێوە بەرخوردی شانە حیزبییەکان لە مەسەلەی ڕابەری خەباتی هەمیشەییدا پێوەی بەندە، بە تایبەتی ئێمە لە هەلومەرجێکدا چالاکی دەنوێنین، کە بزووتنەوەی کرێکاری لە ئێراندا ڕێکخراوەی جەماوەریی جێگیری نییە. بوونی ڕێکخراوی جەماوەریی کرێکاران (وەکوو شوورا و سەندیکا) بێگومان مەیدان و هەلومەرجی لەباری ئاسایی بۆ دەخاڵەتی کۆمۆنیستەکان لە ئاکسیۆنەکاندا فەراهەم دەکات. لەم حاڵەتەدا دەخاڵەت لە ئاکسیۆندا تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەندی بە پلەی دەخاڵەت و نفوزی سیاسی و عەمەلیی حیزبەوە لەنێو ڕێکخراوەی جەماوەری ناحیزبی کرێکاراندا هەیە. بەڵام لە کاتی نەبوونی ڕێکخراوەی لەو چەشنە، واتە لە هەلومەرجێکدا، کە هەر ئاکسیۆنێ دەبێ کەم تا زۆر سەرلەنوێ ڕابەری عەمەلیی خۆی پەیدا بکات، خاڵەکانی سەرەوە گرنگی زیاتر پەیدا دەکەن.

چەند جار هاوڕێیانی ئێمە لە شانە حیزبییەکاندا پرسیویانە: پێداویستییەکان و هەلومەرج و دیسپلینی دەخاڵەتی شانەکان لە ئاکسیۆنە کرێکارییەکاندا چین؟ لەژێر چ هەلومەرجێکدا دەتوانین بۆ ڕابەری ئەم ئاکسیۆنانە تێبکۆشین؟ لەژێر چ هەلومەرجێکدا بەشداری ئێمە ڕووکەش و ئاکسیۆنیستی نابێت؟ ئێستا تا ڕادەیەکی زۆر یەکێ لە گرنگترین پێداویستییەکانی ئەم کارەمان ڕوون کردەوە. یەکەمین پرسیارێ کە شانە

دەبێت لەم بوارەدا لە خۆی بکات ئەمەیە، ئایا شانە، وە یان ڕێکخراوی ناوچەیی ئێمە، بە شێوەیەکی واقیعی توانای پڕکردنەوەی جێگای چۆڵی ڕابەری کاری ئاشکرا و ئامادەی مەیدانی لە ئاکسیۆندا هەیە، بێ ئەوەی گشت مەوجودیەت و بەردەوامکاریی تۆڕی نهێنی بخاتە مەترسییەوە؟ ئەگەر وانییە، کە خۆی لە زۆربەی حاڵەتەکاندا وایە، ئەو کاتە ئەم ئامادەییە چۆن دەتوانرێت بە دەست بێت.

## 3) ڕۆڵی حەیاتیی ئاژیتاتۆر

ئەوەی، کە بەر لە هەر شتێک لە خاڵەکانی پێشەوەدا دەردەکەوێت، ڕۆڵی بەرچاوی ڕابەرانی عەمەلی و ئاشکرا و بە شێوەیەکی گشتی ئاژیتاتۆرەکانە لە بزووتنەوەی کرێکاریدا. هەر ئاکسیۆنێک بە شێوەیەکی لێک نەپچڕاو بە کارکردی ئەم کەسانەوە بەستراوەتەوە. ئەم جۆرە هەڵسووڕاوانە واتە، کرێکارانێکی پێشڕەوتر کە ڕۆڵێک لە هەر بەشداریکەرێکی ئاسایی لە ئاکسیۆندا لە ئەستۆ دەگرن، دەچنە ڕیزی پێشەوەی کرێکاران، قسەیان بۆ دەکەن و تێدەکۆشن ببنە نوێنەر و قسەکەر و ڕابەرانی ناڕەزایەتی و مانگرتن، هەمیشە و لە هەر بزووتنەوەیەکی ناڕەزایەتیدا وجودیان هەیە. ئەمانە بەرهەمی (سروشتی) ناڕەزایەتین.

هەر ناڕەزایەتی و خەباتێکی کرێکاری، تەنانەت ئەگەر حیزبە سیاسییەکان لەوێدا کەمترین نفوزیشیان هەبێ، بە شێوەیەکی سروشتی ڕابەرانی خۆیان دەخوڵقێنن. کەسانێک کە شەهامەتی چوونە پێشەوە و خەبات، لە خۆدا دەبینن، کەسانێک کە بە پلەی جیاواز ئەم ئەرکەیان لەسەر شانی خۆیان داناوە، کە ببنە دەمڕاستی (قسەکەری) ئاشکرای کرێکاران، خواست و ئارەزووی کرێکاران لە قسەکانیاندا ڕابگەیەنن، بەم پێیە دەتوانن لە ناو کرێکاراندا خۆشەویست و قسەڕۆیشتوو بن. کەسانیک کە لە ئاستی ئاگایی و پەیمانداریی گشتیی کرێکاران زیاتر تێدەپەڕن و خۆیان وەک ڕابەر و پەیماندەری ڕێنمایی کرێکاران دەبینن. ئەمانە کرێکاری هۆشیارتر، پڕ شۆڕ و شەوق و بە ئەزموونترن، کە توانای هەژاندن و وەڵامدانەوە و ڕێبازدیاریکردن لە خۆیاندا دەردەخەن. دەخاڵەت لە گفتوگۆکاندا دەکەن، لە کاتە ناسکەکاندا کرێکاران لە دوودڵی وسەرەگێژە دەردەهێنن و ڕێگای ڕوو لە پێشیان بۆ دیاری دەکەن. سروشتییە، کە ئەم ڕابەرە خۆبەخۆیانە هێندێک جار هەڵە بکەن، لەوانەیە لە بنچینەدا بە درکێکی ڕاست لە بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکار و شێوەکانی خەبات چەکدار نەبن، جارێک توندڕەوی و جارێک سازش بکەن، بەڵام سیفەتێک لە



هەموویاندا هاوبەشە، ئەویش توانای وەستانە لە ڕیزی پێشەوەی کرێکاران و کاریگەرییانە لەسەر کرێکاران لە ڕێگەی ڕۆشنکردنەوە و بەڵگەهێنانەوە و هەژاندن و شەهامەتی خۆدەرخستنی فەردی. هیچ ئاکسیۆنێ بەبێ ئەوەی کرێکارانێک خۆیان بەرنە ئەو مەوقیعە ڕابەرییەوە، بە شوێنی خۆی ناگات و لە هەمان کاتدا هیچ ئاکسیۆنێک نییە کە بە شێوەیەکی سروشتی کرێکارانێک نەنێریتە ڕیزی پێشەوە و جوڵەی خۆی بە هێزی دیاریکەری ئەوان نەبەستێتەوە. لەو جێگایەی کە بزووتنەوەی کرێکاری توانیویەتی جۆرێک لە ڕێکخستنی پایەدار بەسەر بۆرژوازیدا بسەپێنێ (وەکوو: یەکێتی، شوورا، دەستەی نوێنەرایەتی و ...)، ئەم تاکانە بە شێوەیەکی سەرەکی لە شوێنە هەستیارەکانی ئەم ئۆرگانانەدا دەگیرسێنەوە و ڕۆڵی خۆیان بە فەرمی و لە ڕێگەی ئۆرگانە جێکەوتووەکانی ڕابەرایەتییەوە دەگێڕن (بێگومان لەم هەلومەرجەدا ئەم ئەفرادانە تا ڕادەیەکی زۆر لە لایەن ئەم ڕێکخراوانەوە هەرس دەکرێن و دەبنە بڕبڕەپشت و قسەکەرانی سیاسەتی زاڵ بەسەریدا و بەم پێیە بە لادانی ئەو ڕێکخراوە لە بەرژەوەندیی کرێکاران هەمیشە بەشێکی زۆر لە هەڵسووڕاوترین کرێکارانیش لە سنووری خەباتی ئوسوڵیی کرێکاری دەچنە دەرەوە، وەکوو سەندیکا ڕێفۆرمیستەکان و لەو چەشنە). بەڵام لە هەلومەرجی ئێستای ئێراندا، کە خەبەرێک لە شوورا و سەندیکا نییە، ئاژیتاتۆر نەک بە ئۆتۆریتەی شوێنی فەرمی لەم یان لەو کۆمیتە و یەکێتیی کرێکاریدا، بەڵکوو بە زۆری بە پشتبەستنی نفوز و خۆشەویستی خۆی لەنێو کرێکاراندا، جێی خۆی لە ئاکسیۆنەکاندا دەکاتەوە. تایبەتمەندی ئەم هەلومەرجە ئەمەیە، کە ڕیزی ڕابەرایەتی کرێکاران بە توندی لە گۆڕاندایە. سەرکوتی هەر ئاکسیۆنێکی کرێکاری لە لایەن بۆرژوازییەوە جار لە دوای جار دەبێتە هۆی دەستگیرکردن و دەرکردنی ئاژیتاتۆرەکان و ڕابەرە ناسراو و کۆنترەکان و بەم پێیە کرێکاران لەنێو خۆیاندا بە ناچار هەر جارە بە دوای پەیداکردنی ڕابەرانی نوێوەن. لە لایەکەوە بەردەوامیی خەبات لەبەریەک دەترازێ، دەستمایەی ئەزموون لەنێو ڕابەراندا کەم دەبێتەوە، هەمیشە بزووتنەوەکە لەگەڵ لاوازیی عەمەلیی ڕابەرایەتیی ئاشکرا ڕووبەڕووە و لە لایەکی دیکەوە بۆشاییەک دروست دەبێ، کە هەر جارە کرێکارانێکی نوێ بۆ مەیدانی ڕابەری و ئەژیتاسیۆن کێش دەکات. لاوازیی هەمیشەییی ڕابەرایەتی هاوکات لەگەڵ هەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە کەسانی پڕ شۆڕ

و شەوق ئامادە بۆ چوونە پێشەوە، یەک تایبەتمەندیی گرنگی بزووتنەوەی کرێکارییە لە ئێراندا.

کاتێ کە لە ڕابەرانی ئاشکرا و عەمەلیی بزووتنەوەی کرێکاری دەدوێین ئەم تەیفەمان لە بەرچاوە. تەیفێک کە هەر کرێکارانێکی پێشڕەو دەگرێتەوە، کە لە کۆنەوە کاری ڕابەرایەتی ئەنجام دەدەن و خاوەن ئەزموونی کاری ڕێکخراو و ڕابوردوویەکی دوور و درێژن لە مەسەلەی ئاژیتاسیۆن، وە هەم کرێکارانێکی پڕ شۆڕ و شەوقی تازەش دەگرێتەوە، کە هەنگاو بەهەنگاو توانایی خۆیان لە ئاکسیۆنەکاندا دەسەلمێنن و خۆشیان بەکردەوە دەخەنە ڕۆڵی ڕابەرییەوە. جەور و ستەمی دەیان ساڵە و سەرکوتکردنی دڕندانەی بزووتنەوەی کرێکاری لە لایەن بۆرژوازییەوە لە ئێران لەوانە بەم ئەنجامەش گەیشتووە، کە حیزبەکان و گروپە سیاسییەکان ژمارەیەکی کەمیان لەم ڕابەرانە بۆ ڕیزەکانی خۆیان ڕاکێشاوە. زۆربەی ئەم تاکانە خاوەنی پەیمان و لایەنگری و ڕێکخراوەیی نین، بە یەک وشە، ئەم کرێکارانە ناحیزبی و ناڕێکخراون، بێگومان ڕۆژێک دێت لە ئەنجامی هەوڵ و تەقەلای ئێمە و گەشەی حیزبی کۆمۆنیست لەنێو کرێکاراندا بەشێکی بەکار و بەرچاوی ڕابەران و ئاژیتاتۆرە خاوەننفوزەکانی بزووتنەوەی کرێکاری بێنە نێو حیزبەوە، ڕۆژێک کە ئاژیتاتۆرە کۆمۆنیستەکان لێدانی دڵی ناڕەزایەتییەکانی کرێکاری لە هەموو ئاستێکدا بە دەستەوە بگرن. بەڵام ئەمڕۆ ئاوها نییە. ئەمە ئەو واقیعیەتەیە کە هەر شانەیەکی حیزبی، کە مەسەلەی ڕابەری و دەخاڵەت لە ئاکسیۆنە ناڕەزایەتییەکاندا دەخاتە بەردەم خۆی، دەبێ بە باشی بیناسێ. ڕێنمایی خەباتی ناڕەزایەتی، بەبێ ئاژیتاتۆر، بەبێ ڕابەرانی عەمەلی و عەلەنیکاری کرێکاری مومکین نییە. ڕابەرایەتی لە سەروو ئەوانەوە ئیمکانی نییە. سەرکەوتنی ئێمە لە دیاریکردنی هەنگاوی ئوسوڵی بەرەو پێش لە بزووتنەوەی کرێکاری و لە لێووردبوونەوەی زیاتری شێوەکانی عەمەلیی شانە حیزبییەکان، بە تەواوی بە درکی ئەم واقیعیەتە بەستراوەتەوە.

### 4) حیزبی کۆمۆنیست و ڕابەرانی عەمەلیی بزووتنەوەی کرێکاری

ئاشکرایە کە ئامانجی حیزبی ئێمە ئەوەیە، ڕابەرانی عەمەلی و ئاژیتاتۆرە خاوەننفوزەکانی ناو بزووتنەوەی کرێکاری لە ڕیزەکانی خودی حیزبدا بن و هەڵسووڕانی ئەوان لە چوارچێوەی گشتیی هەڵسووڕانی حیزب و لەژێر دیسپلینی ڕێکخراوەیی و ڕێبازی سیاسیی حیزبدا بێت. بەڵام چ بۆ هەنگاونان ڕووەو ئەم



ئامانجە و چ بۆ هەرچی زیاتر کاریگەریی کۆمۆنیستی لەسەر ناڕەزایەتییەکان و خەباتی ئێستای کرێکاری، ئێمە دەبێت ئەمڕۆ بۆ بەدەستهێنانی ئاژیتاتۆری بەتوانا، لەدەوری هەڵسووڕانی ناحیزبی کرێکارانی پێشڕەو تەوەرە ببەستین. ئێمە دەبێ لەسەر ئیمکانات و پەیوەندی و کەرەستەیەک کە لە ئارادایە کار بکەین.

هەر وەکوو گووترا، ڕابەری عەمەلی و ئاژیتاتۆر دروستکراوی حیزبی ئێمە و هیچ ڕەوتێکی سیاسی دیکە نییە. ئەم دیاردەیە بەشێکی لێکدانەپچڕاوی ناڕەزایەتیی کرێکارییە. بەم پێیە مەسەلە ئەوە نییە، کە ئێمە ژمارەیەک لە ئاژیتاتۆر بنێرینە مەیدانی عەلەنیی کارەوە (هەرچەندە سەردەمێک دێت، کە ئاژیتاتۆرە پیشەیی و گەڕۆکەکانی حیزب، سەرەڕای ئاژیتاتۆری ناوچەیی، ئەم ئەرکە ئەنجام بدەن)، بەڵکوو کارکردنە لەسەر ڕابەرانێکی عەمەلی کە هەن، لە پێناو کارتێکردن و ڕاکێشانیان بۆ حیزب و ڕێنماییکردنی ئەوان لە حاڵەتی ڕوودانی ئاکسیۆن لە لایەکەوە و پەیوەستکردنی هەڵسووڕانی حیزبییە لەگەڵ پرۆسە و میکانیزمی گەشەی ئاژیتاتۆرە نوێکان لەنێو کرێکاراندا لە لایەکی ترەوە. ئێمە دەبێ ئەو ڕابەر و ئاژیتاتۆرانەی مەوجودن و ئێستا لە ئارادان، ڕابکێشین و لە شکڵگیریی ئاژیتاتۆرە نوێکانیشدا، بە بیروباوەڕ و ئوسوڵی ڕۆشنی کۆمۆنیستییەوە بەشداری بکەین. ئەمە بەشێکە لە کاری ڕۆتینی ئێمە. بەڵام لە هەر ئاکسیۆنێکی دیاریکراودا ئێمە دەبێت بتوانین پەیوەندییەکی سیاسی_ ڕێکخراوەیی دیاریکراو و پتەو لەگەڵ ڕابەرانی عەمەلیی ئاکسیۆندا پێک بهێنین. لە هەلومەرجی ئێستادا، کەسانێک کە دەبێ شوێنی سەرنجی ئێمە بن، دەتوانرێت بە دوو دەستە دابەش بکرێن: یەکەم، کرێکارانی پێشڕەو و ڕابەرانی عەمەلیی خاوەن پێشینەی کار. دووەم، ئامادەیی نوێ و ئەو ڕابەرانەی کە لە حاڵەتی شکڵگرتندان. ئاشکرایە، کە دابەشکردنی ڕابەرانی عەمەلی، بەئەزموون و تازەکار، یەک دابەشکردنی شماتیک و وشکە. لە ڕاستیدا ئێمە لەگەڵ تەیفێک لە کرێکاران بەرەو ڕووین، کە بە پلەی جیاواز بۆ ئاژیتاسیۆن، خاوەنی هۆشیاری سیاسی و توانای عەمەلین. دیاریکردنی وردی شێوەڕەفتار لەگەڵ هەر حاڵەتێکی تایبەتدا، بێگومان تەنها لە لایەن خودی هەڵسووڕاوان و شانەکانی ئێمە لەنێو کرێکارانەوە بە دەست دێت. بەڵام هەمان دابەشکردنی شماتیک بۆ فۆرموولەکردنی هاوڕێیانی ئێمە بە کەڵکە.

ئەلیف/ ئاژیتاتۆرەکان و ڕابەرانی عەمەلیی خاوەن ئەزموون و ڕابردوو:

ئەم دەستەیە لە کرێکاران ئەزموونێکی سەخت و پڕ لە ڕەنج و دەردیان لەم چەند ساڵەی دواییدا بەسەر بردووە. گوشاری کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بزووتنەوەی کرێکاری بە گشتی لەسەر ئەم هاوڕێیانە بووە. ژمارەیەکی زۆریان لە سێدارە دراون، گیراون و لەسەر کار دەرکراون. بەشێکیان توانای ئیشکردنیان لە کارگە گەورەکاندا لەدەست داوە و بە ناچار ڕوویان کردووەتە کارگە بچووکەکان. جێگایەک کە یەکەم، شوێنێکی بەرتەسکە بۆ هەڵسووڕانی ئەوان، دووەم، پێشینەی خەباتکارانەی ئەوان لەوێدا کەمتر ناسراوە و بە ناچاری لە نفوز و خۆشەویستی پێشوویان لەنێوان کرێکاراندا بەهرەمەند نین. زۆربەیان خۆیان بە سۆسیالیست و کۆمۆنیست دەزانن. بەڵام کۆمۆنیزم بە ڕیوایەتی پۆپۆلیستەکان و ڕیڤیژینیستەکان فێربوون. لەبەر ئەوە قەیرانی ڕیڤیژینیزم و پۆپۆلیزم ئەوانیشی دووچاری قەیران و سەرەگێژەی ئایدیۆلۆژی و بێباوەڕیی سیاسی کردووە. لەڕووی عەمەلییەوە تا ڕادەیەکی زۆر گۆشەگیر و پەرش و بڵاو بوون، پەیوەندییە پەرەگرتووەکانی پێشویان لەگەڵ یەکدا نەماوە. نیگەرانی لە مەترسی ئەمنییەتی و ئەزموونی تاڵی شێوەکاری پۆپۆلیستی، ئەوانی بەرامبەر بە ڕێکخرابوون لە سازمانی کۆمۆنیستیدا دووچاری دوودڵی کردووە. مەسەلەی دەرامەت و گوزەرانیش بە توندی شانی ئەوان قورس دەکات و ئەمە گۆشەگیریی سیاسیی ئەوان توند دەکاتەوە. بە گشتی ئاڵۆزیی فیکری، خۆ لە ڕێکخراو دزینەوە، دڵساردی و خۆپارێزی، نەبوونی مەیدانی گونجاو بۆ هەڵسووڕان، گیروگرفتی گشتی ئەم کرێکارانەیە. لە هەلومەرجێکدا کە سەرکوت و بنبەستی پۆپۆلیزم و "خەلکگەرایی" تەنانەت ڕێکخراوەکانی وەکوو "ڕاهی کارگەر"، یان ئەڵقەکانی پاشماوەی خەتی 3 (کە کاری <u>سەرجادە و سەرووچینایەتی</u> سیفەتی بنچینەییان بوو) کردووە بە سەندیکالیستێکی سەرسەخت و جێگای سەرسوڕمان نییە، ئەم دەستەیە لە کرێکاران، کە خۆی لە سەرەتاوە مەیلی سەندیکالیستی بەهێزی هەبووە، لەم لادانەدا نوقم بووبێت. ئێمە پێویستە لەگەڵ ئەم بەشە لە کرێکاران بە شێوەیەکی ڕێکوپێک کار بکەین و تەواوی مەسەلەکانی سەرەوە دەبێ لە مامەڵە لەگەڵ ئەواندا لە بەرچاو بگرین.

1) دەبێ لەژێر هەر هەلومەرجێکدا بێت، پەیوەندی و بیروڕا گۆڕینەوە لەگەڵ ئەم هاوڕێیانەدا بپارێزین. تەنها لەبەرچاوگرتنی باری ئەمنی دەتوانێت بەڵگە بێت بۆ بەرتەسککردنەوەی پەیوەندی بەم جۆرە کرێکارانەوە.



2) ئێمە دەبێ لە مامەڵە لەتەک ئەم کرێکارانەدا، ئەزموونی پۆپۆلیزم، کارکردی ڕیڤیژینیزم و هەروەها بنەمای سەندیکالیزم و هەڵسووڕانی تاکەکەسی بە قووڵی بدەینە بەر ڕەخنە. ئێمە دەبێت ئەم کرێکارانە لە ئاڵۆزی فیکری، بێئومێدی و پشتبەستن بە خەباتی سەندیکالیستی بەرتەسک دەربهێنین. دەبێ ئاگاداری ئەوە بین، کە لەم کارەدا لانی زۆر لە پتەوی و لەیەکترگەیشتنی هەردوو لا زەرورییە. بێ ئەوەی نووکە دەرزییەک لە ڕەخنەی خۆمان لە هەر شتێکی ناکۆمۆنیستی کەمڕەنگ بکەینەوە، دەبێ باری قورسی هەموو ئەو تەجروبە سەلبییانەی کە ئەم کرێکارانە بە سەریان بردووە و چەواشەفێربوونی پۆپۆلیستی و ڕیڤیژینیستی لە بەرچاو بگرین. ئێمە نابێت لە مەوقیعیەتی خاوەنحەق، داواکار و لەسەر بنچینەی ئیدانەی ئەخلاقی وەک زەروورەتی خەبات و دەستنەکێشانەوە لە خەبات و شتی تر، لەگەڵ ئەوان ڕووبەڕوو بین. ئەگەر ڕەخنەیەکیان لە هەڵوێست و کارکردی حیزبی ئێمە هەیە، ئەم ڕەخنانە پێویستە بە وردی و بە درێژی وەڵامی بدرێتەوە. دەبێ تێبکوشین لەگەڵ بەرزکردنەوەی گیانی خەباتگێڕی ئەوان، دەستیان بە ڕەخنەیەکی قووڵ لە پراتیکی بەرتەسکی ڕابردوو، وە تێگەییشتنێکی ڕۆشن لە حیزبی کۆمۆنیست و ئامانج و شێوەکانی بگات.

3) دەبێ کارێک بکرێ کە ئەم پەیوەندییانە و باس و خواسانە لە دڵی پەیوەندییەکی سروشتی و لانی کەم مەترسی ئەمنیدا (بۆ هەردوو لا) بەڕێوە ببرێت. نیگەرانی ئەمنییەتی ئەم کرێکارانە پشتبەستوو بە تاقیکردنەوەی ئەوان لە شێوەکاری هەلپەرستخوازانەی پۆپۆلیستییە. لە چوارچێوەی ئەم پەیوەندییە بەهێزانەدا، پێویستە ئێمە ئەم هاوڕێیانە بە بڵاوکراوەکان و ڕادیۆی حیزب و بۆچوونە سیاسییەکان و تاکتیک و درووشمەکانی خۆمان ئاشنا بکەین.

4) دەبێ ئەم کرێکارانە هەتا دەتوانرێت بە یەکترەوە پەیوەند بدرێن. نابێ بوار بدرێت سیاسەتی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی، پەیوەندی سروشتی نێوان کرێکارانی پێشڕەو لاواز بکات.

کار لەگەڵ ئەم دەستەیە لە کرێکاران، پێویستی بە بەردەوامی و سەبر و توانایی تەرویج و ڕۆشنکردنەوەی بۆچوونەکانی حیزب لە هەمبەر مەیلە لادەرەکان و ناسینی گیروگرفتە عەمەلییەکانی ئەم دەستەیە لە کرێکاران هەیە. باشترین و بە ئەزموونترین هاوڕێیانی تەرویجکەر دەبێ بەم کارە هەڵسن.

ب/ ئامادەیی نوێ و ڕابەرانی ڕوو لە گەشە:
لەبەر نەبوونی بەشێکی گرنگ لە ڕابەرانی ناسراو و بەئەزموون، توێژێکی بەرفراوان لە ڕابەرانی نوێ دێنە مەیدانەوە. ئەمانە بە گشتی کرێکارانێکن بە هۆشیاریی سیاسی و تاقیکردنەوەی عەمەلی کەمتر، بەڵام پڕ شۆڕ و شەوق و ناڕازین، گەنجترن و خاوەنی ورەیەکی بەرزترن. هاوڕێیانی ئێمە لە کارخانەکان و گەڕەکەکاندا پێ بەپێ لەگەڵ ئەم ڕابەرە تازە پەیدابووانەدا ئاشنا دەبن. لە کۆبوونەوە گشتییەکاندا، لە کۆڕ و کۆمەڵی ناڕەزایەتیی دەربڕیندا، کەسانێک هەن، کە بە هەر شێوەیەک بێت قسەی خۆیان بە گوێی هەمووان دەگەیەنن، لە بەرامبەر داروودەستەکانی دەوڵەت و خاوەنکارەکاندا دەنگی ناڕەزایەتی خۆیان بەرز دەکەنەوە. جاری وا هەیە بە قسەکردن یا بە دەربڕینی ڕستەیەک، بار و دۆخی دانیشتنە کرێکارییەکان دەخەنە ژێر کاریگەری خۆیانەوە. لە زۆر کاتدا بە باشی دەبینرێت، کە دەخاڵەتی ئەوان زیاتر لایەنی ئیحساسی هەیە. دیارە کە بە شۆڕ و شەوقن و کەسێک جڵەوی ناڕەزایەتییان ناگرێت. لە بەرامبەر داسەپاندن و گوشاردا هەستیارن و لە ناڕەزایەتی تاکەکەسیدا ئازا و بەجەرگن. قسەکانیان زۆر ڕێکوپێک و بە جێوڕێ و ئوسوڵی نییە، زیاتر ڕاگەیاندنی پڕ لە ئیحساسی کولەمەرگی و ستەمکێشییە تا بانگەوازکردن بۆ هەنگاوی عەمەلی و سیاسی حیسابکراو. بەڵام شۆڕ و شەوقی خەباتگێڕانە تیایاندا شەپۆل دەدات. ئەمانە وردەوردە پاڵپشت و خۆشەویستی کرێکاران بەدەست دەهێنن، بەڵام کاڵوکرچی و نەبوونی زەمینەی پێشووتری ڕابەرایەتی، دەبێتە هۆی ئەوەی، کە نەتوانن بە باشی و بە خێرایی ببنە یەک ڕابەری عەمەلیی ناسراو. هاوڕێیانی ئێمە دەبێ ئەم توێژە لە کرێکاران بە وردی و حەساسییەت لە بەرچاو بگرن. ئەمانە کەسانێکن، کە لە لایەنی کەمی ئەو توانایە بەهرەمەندن، کە ببنە ئاژیتاتۆری باش و ئەگەر هۆشیار ببنەوە، بە ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیستی چەکدار بن و ببنە خاوەن ئەزموون، دەبنە نەوەی نوێ لە ڕابەرانی کۆمۆنیستی عەلەنیکار لە بزووتنەوەی کرێکاریدا. کارکردن لە نێوان ئەم کرێکارانەدا بۆ پەروەردەکردنی ئاژیتاتۆرە کۆمۆنیستییەکان لە ڕوانگەی ئێمەدا شتێکی حەیاتییە. سەرخەتی ئەرکەکانی ئێمە لەم بوارەدا ئەمانەیە.
1) نەک تەنها دەبێ لەگەڵ ئەواندا پەیوەندی دامەزرێنین، بەڵکوو دەبێت پەیوەندیی ئامادەبوونی شەخسی و بەردەوامی نێوان ئەوان لەگەڵ هاوڕێیانی حیزبیی بەئەزموون لە کاری تەرویجدا دامەزرێنین. دەبێ هاوڕێی حیزبی لە پەیوەندییەکی سروشتیدا،



ببێت بە دۆست و هاوڕێیەکی هەمیشەیی ئەم کرێکارانە. ئەمانە ئەو ئاژیتاتۆرانەن کە لە حاڵەتی "فێرکاری"دا، دەبێت لە مەیدانی کاردا فێر بکرێن.
2) دەبێ ئەوانە فێری کۆمۆنیزم بکرێن. ئەم کرێکارانە دەبێ لە ڕێگەی ئێمەوە ئاشنای پایەکانی کۆمۆنیزم و بۆچوونە ڕیشەییەکانی مارکسیزم ببن. پاش ماوەیەک بەسەر ئەم کارە ئەم هاوڕێیانە دەبێ حیزبی کۆمۆنیست، ئامانجەکان، تاکتیکەکان و شێوەکانی بناسن و پەرۆشی کارکردن لەگەڵ حیزبدا بن.
3) ئەم کرێکارانە دەبێ ڕۆڵ و مەوقیعەتی یەک ئاژیتاتۆر و گرنگی ئەو بۆ شۆڕش و خەباتی کرێکاری درک بکەن و هۆشیارانە مامەڵە لەگەڵ ڕۆڵی خۆیاندا بکەن. هەرچی زیاتر دەبێ دەخاڵەتی ئەوان لە ناڕەزایەتییەکانی کرێکاریدا لە شێوەی یەک دەخاڵەتی پڕ ئیحساس بێتە دەرەوە و ببێتە دەخاڵەتێکی عاقڵانە و ئامانجدار، کە بە سیاسەت و ڕێبازێکی چینایەتی دیاریکراو (سۆسیالیزم) و حیزبێکی سیاسی و موشەخەس (حیزبی کۆمۆنیست) پەیوەست دەبێتەوە.
4) پێویستە هونەری ئاژیتاسیۆنی کۆمۆنیستی فێر بکرێن. ئاژیتاتۆر کەی دێتە مەیدانی کارەوە، کەی دەبێت بە شێوەیەکی حەتمی دەخاڵەت بکات و لە کوێدا دەبێت ئیحتیات وەربگرێت، چۆن دەبێت فەزا و چوارچێوەی چالاکی و مەوقیعەتی خۆی بناسێت، سنوور و کۆسپی نهێنی قسەکردن، یان ئاشکراوتنی مەسەلەکان چۆن ڕۆشن دەکرێتەوە، چۆن دەبێ بۆچوونی ڕاست و درووست تەنانەت درووشمە تایبەتییەکانی حیزبیش تەبلیغ بکات بێ ئەوەی ببێتە قوربانی دنەدانی بەکرێگیراوانی بۆرژوازی، چۆن دەبێ خۆی بپارێزێ، پەیوەندی بە جەماوەری کرێکارانەوە دەبێ چی بێت، لە بەرامبەر پۆلیسی سیاسی چۆن ناسنامەی خۆی دەناسێنێ و کارەکانی خۆی چۆن ئاراستە دەکات، تا چ ڕادەیەک و لەژێر چ هەلومەرجێکدا بۆی هەیە بە ئاشکرا پەنجە بۆ کۆمۆنیزم و سیاسەتە کۆمۆنیستییەکان ڕابکێشێت، چۆن دەبێ توانای بەکردەوە و حەشاردراوی بزاڤێک، کە دەیەوێت ڕێنمایی بکات بناسێت، پیلانەکانی بەکرێگیراوانی بۆرژوازی لە چ قوماشێکە، بەکرێگیراوانی دەوڵەت و خاوەنکارەکان چۆن لە ئاکسیۆنەکاندا دووبەرەکی دەخەنەوە و چۆن دەبێت ئەم هەنگاوانە پووچەڵ بکرێنەوە ... یاسا و ڕێسای بوونە نوێنەری کرێکاران چییە، چ شێوەیەک لە وتووێژ لەگەڵ دەوڵەت و خاوەنکاردا دەبێت بەکار بێت. چۆن دەتوانرێت زۆرترین هێزی جەماوەریی کرێکاران ساز و تەیار بکرێت و لەمەیداندا چاودێری بکرێت و دەیان پرسیاری گرنگی

"شێوەکاری" لەم چەشنە. ئەمانە دەبێ بە تەواوی و بە وردی فێری ئەو ئاژیتاتۆرانە بکرێن، کە لە حاڵەتی فێرکاری دان و کارکردی ئەوان لە هەر کارێکدا ڕاست بکرێتەوە. بەکورتی لە مامەڵە لەگەڵ کرێکارانی پڕ شۆڕ و شەوق و خاوەن نارەزایەتی، دەبێ بە حەساسییەتێکی تەواوەوە لێهاتوویی ئەم هاوڕێیانە بۆ بوون بە ئاژیتاتۆرێکی ئاشکرا و ڕابەری عەمەلی هەڵبسەنگێنرێن. خاڵە لاوازەکانی ئەوان شی بکرێنەوە و لە حاڵەتێکدا کە ئامادەیی و لێهاتوویی شەخسی و باری ئەمنییەتی ئەو جێی متمانە بێت، دەبێ پەیوەندییەکی هەمیشەیی و پتەو لە پەیوەندییەکی سروشتیدا لە نێوان ئەو و یەکێک لە مورەویجینی حیزبدا پێک بێت. ئوسوڵی کۆمۆنیزم و شۆڕشی کرێکاری فێر بکرێت و کاری تەبلیغی ئەو لە مەیدانی عەمەلیدا ڕێنومایی بکرێت و ڕەخنەی لێ بگیرێت. لەم نێوەدا بەدیهێنانی پەیوەندییەکی هاوڕێیانە، ئوسووڵی و ڕێکخراو لە نێوان هاوڕێی حیزبی و ئاژیتاتۆری تازەکار زۆرترین ڕۆڵی هەیە. ئەم پەیوەندییە لە هەمان کاتدا کە ئیمکانی فێرکردنی ئاژیتاتۆر دەخولقێنێ، سنوورێک لە نێوان ئەو و خەتی نهێنیی ڕێکخستندا پێک دێنێ و مەترسیی گواستنەوەی زەربەلێدان کەم دەکاتەوە، بە تایبەتی ئەگەر ئاژیتاتۆر خۆی پەی بە گرنگی و نرخی کاری "فیرکەر" بەرێت و هۆشیارانە ئەو لە شوێن پێهەڵگرتنی پۆلیس بپارێزێت (دەربارەی ئەم مەسەلەیە، لە خوارەوە ڕوونکردنەوەی زیاتر ئەدەین).
کارکردن لەنێو کرێکارانی پێشڕەو بۆ ڕاکێشانی ئەوان بۆ ناو حیزبی کۆمۆنیست هەڵسووڕانێکی ڕۆتینی و هەمیشەیی ئێمەیە. بەڵام هەوڵ و تەقەلا بۆ پڕکردنەی شوێنی چۆڵی ئاژیتاتۆرە عەلەنیکارەکان لە کاری کۆمۆنیستیدا، بەشێکی تایبەتی ئەم هەڵسووڕاوییە هەمیشەیییەی ئێمەیە. پەروەردەکردن و ڕاکێشانی ئاژیتاتۆر بە مانای زیادکردنی مەیدانێکی نوێیە بۆ چالاکییەکانی ڕێکخستنی نهێنی. هاوڕێیانیک کە وەکوو ئاژیتاتۆری ئاشکرا دێنە حیزبەوە، هەر تەنها نابنە فەردێکی تازە لە تۆڕی حیزبدا، بەڵکە مەیدانێکی تازە لە هەڵسووڕان دەخەنە بەردەست. بەم پێیە دەبێ تایبەتییەکانی ئەم مەدانە ئاشکرایەی هەڵسووڕان بە باشی بناسرێ و جێی واقیعیی ئاژیتاتۆر بەو ببەخشرێت. تا ئەو کاتەی کە ئێمە لەڕووی عەمەلییەوە توانای پێهەڵهێنانەوەمان نەبێت بۆ ئەم مەیدانەی هەڵسووڕان، واتە تا ئەو دەمەی کە ڕێکخراوی ناوچەییی ئێمە (لە کارخانە و لە گەڕەک) خاوەنی کۆمەڵێک ئاژیتاتۆری ئاشکرا نەبێ، کە بە شێوەی ئوسوڵی لەگەڵ ڕێکخراوی نهێنی حیزب پەیوەستن و لەڕێی ئەوەوە ڕێنومایی دەکرێن،



ئەوا دەخاڵەتی واقیعیی کۆمۆنیستی لە ئاکسیۆنە کرێکارییەکاندا ئەگەر لە تواناادا نەبێت، لە باشترین حاڵەتدا بەرێکەوت، کەم کاریگەر و ڕووکەش دەبێ و لە هەموو دۆخێکدا مەترسیی تەواو بۆ هەموو ڕێکخستنەکانی حیزب دەهێنێتە کایەوە. ئاکسیۆنیزم بە دەربڕینێکی هەرە گشتی، مانای دەستدانە کارکردنە لە کاتێکدا و لەژێر هەلومەرجێکدا کە پێداویستییەکان و زەمینەی مادی و واقیعیی ئەم کارە فەراهەم نییە. ئاژیتاتۆری ئاشکرای حیزبی، یەکێکە لەم پێداویستییە حەیاتییانە. پەیوەندی پتەوی ڕێکخراوی نهێنی (لە ڕووی سیاسی_ ڕێکخراوەیی و ئەمنییەتییەوە) لەگەڵ ئاژیتاتۆری ئاشکرا، یەکێکی ترە لەم هەلومەرجە حەیاتییە. هەنووکە هەر هاوڕێیەکی ئێمە دەتوانێت بە شانە و بە ڕێکخراوی ناوچەیی خۆیدا بڕوانێ و سەرلەنوێ لە خۆی بپرسێت، تا چ ڕادەیەک لەم ڕووەوە ئێمە لەم سەرەتاییترین پێداویستییانەی دەخاڵەتی ئوسوڵی و بەردەوامکاریە، لە ئاکسیۆنە کرێکارییەکاندا بەهرەمەندین.
ئەم بەشەی وتارەکە لێرەدا کۆتایی پێ دێنین. لەم بەشەدا جەخت لەسەر ئەوە کرا، کە مەسەلەی دەخاڵەت لە ئاکسیۆنەکاندا بۆ ئێمە مەسەلەیەکی تیۆری و تاکتیکی نییە، بەڵکە لە بنەڕەتدا مەسەلەیەکی شێوەکارییە. ئەگەر بەربەستێک لە ئارادا بێت، پێویستە بە لێووردبوونەوەی شێوەکاری کۆمۆنیستی لا ببرێت. ئاکسیۆنی کرێکاری پێویستی بە ڕابەرایەتی ئاشکرایە (سەرەڕای نهێنی)، لەبەر ئەوە ئێمە دەبێ شێوەکانی دەخاڵەتی ئاشکرا فێر بین و بە کاری بهێنین. بەڵام دەخاڵەتی ئاشکرا پێویستی بە کەسانی عەلەنیکار و ئاژیتاتۆرە کۆمۆنیستییەکان لە بزووتنەوەی کرێکاریدایە. ئەمڕۆ ئەم ئاژیتاتۆرانە لە ڕیزەکانی ئێمەدا زۆر کەمن. ڕێگای پەروەردە و ڕاکێشانی ئەم جۆرە هەڵسووڕاوانە تەوەرەبەستنە بە دەوری ڕابەرانی عەمەلیی بزووتنەوەی کرێکاری و کرێکارانی پێشڕەو و کەسانی پڕ شۆڕ و شەوق و خاوەن نارەزایەتی، ئامادە و لەسەرڕێ لە بزووتنەوەی کرێکاریدا، بەو مەبەستەی ببنە ئاژیتاتۆری حیزبی، هەر وەها ئەم کارە پێویستی بە تێگەیشتنی جۆری ئەو پەیوەندییە ڕێکخراوەیییەیە، کە ڕێکخراوی نهێنی حیزبی لەگەڵ کەسانی عەلەنیکاری خۆیدا پێکی دەهێنێ.
لە بەشی دواییدا دێینە سەر ئەم لایەنەی دواتر، واتە لایەنی ڕێکخراوەیی مەسەلەکە و بە شێوەیەکی موشەخەس چەند خاڵێک دەربارەی پەیوەندی عەمەلیی ئاژیتاتۆر بە شانە و ڕێکخراوی نهێنی حیزبەوە دەخەینە ڕوو، وە لە کۆتایی باسەکەدا بە مەبەستی

ڕۆشنکردنەوەی سەرخەتی هەنگاوە عەمەلییەکانی شانە حیزبییەکان لەم لایەنەوە بابەتەکە گەڵاڵە دەکەین.

## بەشی دووەم

### 1) گرنگیی "شێوەکار"ی باس و لێکۆڵینەوەی ئاژیتاتۆر

باسی گرنگیی ئاژیتاتۆری کۆمۆنیستی دەبێت بەر لە هەر شتێک لە ئاستێکی پایەیی و بەناو "شێوەکاریی"دا لە بەرچاو بگیرێت. لەم ئاستەدا هێشتا قسە لەسەر ئەوە نییە، کە بۆ نموونە ژمارەی ڕابەرانی عەمەلی و کرێکارانی خاوەن نفووز لە ڕیزەکانماندا کەمن و دەبێت زیاد بکەن. باس لەسەر ئەمەیە، کە لە بنەڕەتدا حیزبی ئێمە، هەڵسووڕاوانی حیزب لە شارەکان و شانەکانی ئێمە دەبێت خاوەنی کۆمەڵە نەریت و خوو و ڕەوشت و شێوە هەڵسوڕاوییەکی ئەوتۆ بن، کە ڕاکێشانی ئەم جۆرە کرێکارانە <u>مومکین</u> دەکات. بە هەمان مانا پێشتر قسەمان لە پێویستیی "هەرسکردنی" دیاردەیەک کرد بە نێوی ئاژیتاتۆری کرێکاری لە سیستەمی عەمەلیی هەڵسووڕانی حیزبیدا. شێوەکارەکانی ئێمە دەبێت بە جۆرێک بن، کە ئاژیتاتۆر و ڕابەری عەمەلیی کرێکاری <u>بتوانن</u> لەم سیستەمەدا جێگایان هەبێت. دەبێ کارکردن لەگەڵ حیزبدا، نەک تەنها لەگەڵ تایبەتمەندێتی و پێداویستییەکانی هەڵسووڕانی ئاژیتاتۆردا ناکۆک نەبن، بەڵکوو بە پێچەوانەوە دەبێ چوارچێوەیەکی تەواو بۆ پشکووتنی ئەم تایبەتمەندییانە و بەهێزکردنیان بڕەخسێنێ. شێوەکاری پۆپۆلیستی، کە ڕێک دێتەوە لەگەڵ جۆری ژیان و شێوازی نارەزایەتی ئەو وردەبۆرژوازییانە، کە تاکتاک خەریکی بەرهەمهێنانن بێگومان جێگایەک بۆ ئاژیتاتۆری پرۆلیتاری و ڕابەری جەماوەریی کرێکاری ناهێڵێتەوە.

کاتێک خەباتی سیاسی لە نێوان داسەپاندنی گوشاری ئاشتییانە بەسەر بۆرژوازی و یاخیبوونی کوێری تیرۆریستانە ئەملا و ئەولا بکات، کاتێک دەرخستنی وجودی سیاسی ببێتە خۆدەرخستنی سەرجادەیی، کاتێک کاری نهێنی تا ئاستی چالاکیی پیلانگێڕانەی چەند دەستە و تاقمی دابڕاو لە کۆمەڵ بشێوێنرێ و دەخاڵەت لە مەیدانی ئاشکرای خەبات بە شێوەیەکی ڕەها ڕەت بکرێتەوە، بێگومان کرێکارێکی خاوەن نفووز و ڕابەرێکی کرێکاری، کە دەتوانێ ڕۆڵی خۆی تەنها لە پێشەوەی ڕیزی



کرێکاراندا بگێڕێت، جێگایەکی لە ڕێکخراودا دەستناکەوێ. بێ هۆ نەبوو، کە مەزنترین ڕێکخراوە پۆپۆلیستییەکان لە چڵەپۆپەی ڕەونەقیاندا، نەک تەنها خاوەنی هێز و نفوزی جیددی خەباتگێڕانە لە پیشەسازییە گەورەکانی وەکوو پیشەسازی نەوتدا نەبوون، بەڵکە تەنانەت لە ڕێکخستن و ڕابەرایەتیکردنی مانگرتنێک لە کارگەیەکی (50) کەسیشدا بێتوانا بوون و تا ئەو جێگایەی کە پەیوەندی بە نارەزایەتی و خەبات (بە مانای وشە)ی کرێکارییەوە هەیە، لانی زۆر دەبوونە شوێنکەوتە و پەیامنێر.

شێوەکاری حیزبی سیاسیی چینی کرێکار، دەبێت لەگەڵ ژیانی ئابووری و شێوە دیاریکراوەکانی خەبات و نارەزایەتی کرێکاریدا بگونجێت. کرێکار لە ڕێکخراوبووندا، هێز و توانا وەردەگرێ. نارەزایەتی تاکەکەسی کرێکاران بێبەرهەمە و تەنها خەباتی ڕێکخراوبوونیان بەرهەمدارە. کرێکاران لە مەیدانی بەرهەمهێناندا خاوەنی ئامرازێکی گوشارهێنەری بەهێزن. هەر لێرەوەیە، کە کارخانە و جێگای بەرهەمهێنانی یەکێک لە بنچینەییترین مەیدانەکانی خەباتی کرێکاری پێک دەهێنن و مانگرتن دەبێتە شێوەی بنەڕەتیی نارەزایەتیی کرێکاران لە هەموو کون و قوژبنێکی جیهاندا. کرێکار بە پێچەوانەی وردەبۆرژوازییەوە چینێکی کۆمەڵایەتییە و بە بەرهەمهێنانی گەورەوە پەیوەستە. نارەزایەتی و خەباتی ئەم چینە بە ناچاری شێوازی جەماوەریی ئاشکرا و ڕووبەڕوو بە خۆیەوە دەگرێت.

ناتوانرێت کرێکاران لە دەستەی خەباتگێڕانەدا ڕێک بخرێن و چاوەڕوانی ئەوە بین کە هەر وەک <u>کرێکاران</u> خەبات بکەن. وە سەرەنجام کرێکاران چینێکی سەراسەری و لە هەمان کاتدا بە شێوەی کۆمەڵ کۆمەڵی فابریکەیی و ناوچەیی مەوجودن، کە لە هەر یەکەیاندا جەماوەری فراوانی کرێکاران پێویستی بە ڕابەری حازربەدەست و ناوچەیی خۆی هەیە. خەباتی سەراسەریی کرێکاری پەیوەندییەکی لێکنەپچراوی لەگەڵ ڕێکخستن و جم و جووڵەی بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەم چینەدا هەیە. ناتوانرێت کرێکاران وەک بۆرژواکان و وردەبۆرژواکان، بە ڕاگەیاندنی مەرجەعێکی تەقلیدی و دەوڵەتێکی دوورە وڵات و لەم جۆرە شتانە هەر لە دوورەوە بخرێنە سەربار. ڕێکخستن و ڕابەرایەتیی ناوچەیی بۆ هەر کارکردێکی چینایەتی کرێکاران، هەر لە مانگرتن و ڕاپەڕینەوە بیگرە تا کۆنترۆڵی کرێکاری و پیادەکردنی بەرنامەڕێژی ئابووری لە سبەینێی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات، یەک مەسەلەی چارەنووسسازە و چاوی لێ ناپۆشرێت.

شێوەکاری کۆمۆنیستی شێوەکارێکی گونجاو لەگەڵ ئەم تایبەتمەندێتییە بابەتییانەی ژیان و خەباتی چینی کرێکارە. تەواوی ناوەڕۆکی ڕەخنەی ئێمە لە شێوەکاری پۆپۆلیستی دەتوانرێت لەوەدا کورت بکرێتەوە، کە ئێمە لەوە تێگەیشتین، کە دەبێت هۆشیارانە و لە ڕێگەی ڕەخنەگرتن لە نەریتە بۆرژوازییەکانی زاڵ بەسەر بزووتنەوەی چەپدا، ڕێگەی خۆمان ڕووەو سازگارکردنی شێوەکانی هەڵسووڕانی حیزبی لە گەڵ واقیعیاتی ژیانی بەرهەمهێنەرانە و خەباتکارانەی چینی کرێکاردا بگرینە بەر. پۆپۆلیستەکان بۆیان هەیە، بە هەر شێوەیەک کە دەیانەوێت، ئەو توێژە کۆمەڵایەتییەی کە پایەگا و پشتیوانی ئەوانە بەگەڕ بخەن و ڕێنمایی بکەن.

ئێمە لەسەرمانە کە چینی خۆمان چینی کرێکار لەو شکڵانەدا و بە پشتبەستن بەو میکانیزمانە ڕێکخراو بکەین، کە بە باشترین شێوە ئیمکانییەتی بە مادییبوونی هێزی واقیعیی چینی کرێکار دەدەن. خەباتی چینی کرێکار، هەر لە مانگرتنەوە تا ڕاپەڕین و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە، پێویستی بە ڕابەرانی عەمەلیی ناوچەیی و ئاژیتاتۆرەکانە. هەر بۆیە حیزبی کۆمۆنیست دەبێت خۆی ڕێکخراوێک لە ئاژیتاتۆرە کرێکارییەکان بێت. تێگەیشتنی پەیوەندیی حیزب و چین بە شێوەی پەیوەندیی دوو جەمسەری "ڕێکخراوی نهێنی_ جەماوەریی کرێکاران" تێڕوانینێکی میکانیکییە. ئەمە ڕاگەیاندنێکی ترە لە فۆرموولەکردنی چریکانەی "ماتۆڕی بچوک_ ماتۆڕی گەورە".

لە جیهانی واقیعیدا ئاژیتاتۆرەکان و ڕابەرانی ناوچەیی و شەعبی خاوەن نفوز ئەو ئەڵقەیەن کە حیزبی نهێنی پێشڕەوانی ئەو چینە بە جەماوەری فراوانی کرێکارانێکەوە دەبەستێتەوە، کە بە شێوەیەکی سەرەکی بە ئاشکرا دەرس وەردەگرن و بە ئاشکرا نارەزایەتی دەردەبڕن و بە ئاشکرا ڕێکخراو دەبن. مەسەلەیەک کە ئێمە لەگەڵیدا بەرەو ڕووین ئەوەیە، کە: لە حیزبی ئێمەدا و لە شێوەکاری ئێمەدا چ جێگایەک بۆ ئەم توخمە حەیاتییەی خەباتی کرێکاری تەرخان کراوە؟ ئایا شێوەکانی هەڵسووڕانی ڕێکخراوەییمان بە شێوەیەکی سروشتی هەلومەرجێکی لەبار بۆ دەورگێڕانی ئەم توێژە دیاریکراوە لە چینی کرێکار دەهێنێتە گۆڕ؟ ئایا حیزبی ئێمە دەتوانێت دوولایەنی و لێکجیایی نەریتی نێوان حیزبی سیاسی لە لایەکەوە و ڕابەرانی عەمەلی و عەلەنیکار لە لایەکی ترەوە لەنێو بەرێت و خودی حیزبی سیاسی بکاتە حیزبێکی پێکهاتوو لە ڕابەرانی کۆمۆنیستی خاوەن نفوزی ناوچەیی؟



بەم پێیە باسەکەی ئێستا هەنگاوێکی ترە ڕووە و وردکردنەوەی شێوە عەمەلییەکانی هەڵسووڕانی ناوچەیی و شانە حیزبییەکان. سەربەخۆ لەوەی کە چ شتێک پێویستە لە پێشەوە لە دەستووردا بێت و سەربەخۆ لە هەر کەموکوڕییەکی ئێستا، ڕووهێنانی ئێمە بۆ ڕابەرانی عەمەلیی بزووتنەوەی کرێکاری و لێهاتوویی ئێمە لە پەروەردەکردنی ڕابەرانی کۆمۆنیست بۆ بزووتنەوە نارەزایەتییە کرێکارییەکان و بەشە جیاوازەکانی چینی کرێکار و هەوڵ و تەقەلای ئێمە بۆ گۆڕینی حیزبی کۆمۆنیست بە حیزبی ڕێکخەری ئەم ڕابەرانە، مەسەلەیەک و ئەرکێکی هەمیشەیی ئێمەیە، بەجیا لەوەی کە ئاکسیۆنێک لە ئارادا بێت یا نا. بەشێکی گرنگی تەبلیغ و تەرویج و ڕێکخستنی ڕۆتینی حیزبیی، تەنها بە کۆمەکی چالاکینواندنی ئاژیتاتۆرەکان لە ئیمکاندایە. ئێمە دەبێت ڕووەو ئەوە بڕۆین کە حیزبی ئێمە بە شێوەیەکی هەمیشەیی بەشێکی بەرچاوی ڕابەرانی عەمەلی بزووتنەوەی کرێکاری لە ڕیزەکانی خۆیدا لەخۆ گرتبێت. لێهاتوویی بۆ ڕێکخستنی ئەم بەشە لە چینی کرێکار، یەکێکە لە بەڵگە گرنگەکانی دیاریکردنی ئەوەی، کە ئایا بەڕاستی حیزبێک بووەتە یەک ڕەوتی دەروونی چینی کرێکار یان نا.

## 2) شانەی پایەیی حیزبی و "هەڵسووڕانی پایەیی"ی حیزب

شانە بچووکترین بەشی پایەیی حیزبە، کە لە کارخانەیەک یان گەڕەکێکدا پێک هاتووە. لەم ڕوانگەیەوە، شانە ئەرکی ڕۆتین و پێناسەکراوی لەسەر شانە. بەڵام "هەڵسووڕانی پایەیی" حیزب لە کارخانە و لە گەڕەک لە سنووری هەڵسووڕانی ڕۆتینی شانەیەک واوەترە. "هەڵسووڕانی پایەیی" حیزب یانی تەبلیغ، تەرویج و ڕێکخستن و ڕابەرایەتیکردنی خەبات لە یەک کارخانە یان بەش (کە کۆمەڵێک کارخانە و گەڕەکی کرێکاری دەگرێتەوە)، شتێکی زیاترە لە تەبلیغ و تەرویج و ڕێکخستنێک، کە لە لایەن یەک یان چەند شانەی بنەڕەتییەوە ئەنجام دەدرێت. ئەو بەشە ڕێکخراوەییەی، کە بەپێی پێناسە ئەرکی بەرەوپێشبردنی ئەو ئاستە لە هەڵسووڕانی هەیە، ئیتر شانە نییە، بەڵکوو کۆمیتەیەکی ڕێکخراوەییە (کۆمیتەی کارخانە، بەش ناحیە و ... شتی تر). ئەرکە تەبلیغی و تەرویجی و ڕێکخراوەییەکانی شانەیەک سنوورێکی دیاریکراوی هەیە. دەتوانرێت ڕێکخستنی ئەڵقە تەرویجییەکان و تۆڕەکانی دابەشکردنی بڵاوکراوە و کۆکردنەوەی یارمەتیی ماڵی و لەم جۆرە شتانە لە شانەیەک داوا بکرێت، بەڵام ڕێکخستنی مانگرتن و خۆپیشاندانەکان ناتوانرێت هەر وا بە سادەیی لە یەک شانە چاوەڕوان بکرێت. ئەمانە ناتوانرێت بەشێک بن لەو ئەرکانەی کە شانە دەبێ

جێبەجێیان بکات. ئەمانە ئیتر ئەرکی کۆمیتە ڕێکخراوەییەکانن، بە واتایەکی تر دەبێت جیاوازی بکەین لە نێوان ئەرکەکانی شانە وەک بەشی هەرە بچووکی پایەیی لەگەڵ "هەڵسووڕانی پایەیی" حیزبیدا یانی لەگەڵ ئەو چەندایەتی و چۆنایەتییە لە هەڵسووڕان، کە لە حازربوونی هەمەلایەنەی حیزب لە یەک کارخانە یان ناوچەدا چاوەڕێ دەکرێت. سەبارەت بە یەکەمیان ئێمە لەسەر کارکردەکانی یەک بەش و یەک شانەی پایەیی ڕێکخراوەیی دەکەین و سەبارەت بە دووەم، باس لەسەر هەموو ئەو چالاکییانەیە، کە حیزب دەبێت لە دواشیکردنەوەدا لە هەر بەشێکی کارخانەیی و ناوچەییدا بتوانێت بەرەو پێشی بەرێت.

بەڵام ئایا ئەم خاڵانە چ پەیوەندییەکیان بە مەسەلەی ئاژیتاتۆر و ئاژیتاسیۆنەوە هەیە؟ پەیوەندیی مەسەلەکە لێرەدایە، کە تا ئەو جێگەیەی، شانەکانمان بە مانای تایبەتیی وشە لەبەرچاوە، ناتوانرێت ڕێکخستن و ڕێنماییکردنی ئاژیتاتۆرەکان وەک ئەرکێکی لێبڕاوانەی ئەوان چاوڵێ بکرێت (واتە ئەرکێک، کە بەبێ ئەنجامدانی، شانەکان کامڵ نەبن). هەر شانەیەکی ڕێکخراوەیی لێپرسراو نییە، کە بە حەتمی یەک یان چەند ڕابەری عەلەنیی کرێکاری ڕێک بخات و پێداویستییەکانیان ئامادە بکات. ڕێکخستنی ئاژیتاتۆرە کۆمۆنیستییە شەعبی و عەلەنییەکان بە مانای واوەتر چوونە لە سنووری ئەرکە پێناسەکراوەکانی یەک شانە.

بەم پێیە یەکەم، هەمیشە کۆمەڵە شانەیەک دەتوانن لەئارادا بن، کە بێ ئاژیتاتۆری شەعبی بن، دووەم، ئەو شانانەش کە خاوەنی ئەو ئیمکانییەت و توانایەن، کە ڕابەرانی عەمەلیی بزووتنەوەی کرێکاری لە پەیوەند بە خۆیانەوە و لەژێر ئاڵای حیزبی کۆمۆنیستدا ڕێکخراو بکەن، کەم تا زۆر دەیانەوێت خۆیان لە چوارچێوەی یەک شانە واوەتر بەرن. لێرەدا ئیتر هەنگاوێکی بەکردەوە بۆ شکڵگرتنی ئۆرگانە بەرزترە حیزبییەکان (وەک کۆمیتەکانی کارخانە) هەڵدەهێنرێتەوە.

ئێمە وەک یەک پایە و یەک ئەولەوییەت، لێبڕاوانە خوازیاری دروستکردن و زیادکردنی شانە بنەڕەتییەکان و ئەنجامدانی ڕێکوپێکی ئەرکە پێناسەکراوەکانی شانەکانین لە لایەن شانەکانەوە. ئەمە ئەو زیندوویەتییە هەمیشەیی و ئەو توخمە هەمیشەیییەی گەشەسەندنە، کە هەر چالاکییەکی ئاڵۆزتر و کامڵتری حیزبی، لە هەر قۆناغێکی ژیانی حیزبدا، دەبێت پشتی پێ ببەستێت و بیکاتە بنەما. ئەم کارە وەستانی بۆ نییە و هەرگیز لە ئەولەوییەت ناکەوێ. لەسەر بنەمای ئەم گەشەسەندنە



هەمیشەیییەی ژێرەوە، حیزبی ئێمە دەتوانێ پێ بنێتە مەیدانی "تازە"وە و ئەرکی ئاڵۆزتر و ئاوێتەتر بخاتە دەستووری کاری خۆیەوە و سەرەنجام ئۆرگانە ڕێکخراوەییە ئاوێتە و بەرزترەکان لە پەیکەری ڕێکخراوەیی حیزبدا بهێنێتە کایەوە. ڕاکێشان و ڕێکخستنی ئاژیتاتۆرەکان و بەرەوپێشبردنی مەسەلەی ئاژیتاسیۆنی جەماوەری و ڕابەریکردنی عەمەلیی ئاکسیۆنەکان یەکێکە لەم مەیدانانە.

لەم دەورەیە لە کاری حیزبی کۆمۆنیستدا، پێخستنە ئەم میدانانە و شکڵپێدانی ئۆرگانەکان و ئەندامە باڵاترە حیزبییەکان یانی، هەموو ڕێکخراوی حیزبیی کارگە بە ئەرکە جۆراوجۆرەکانییەوە، پێش ئەوەی ئەنجامی یەک هەڵوێستی "لەسەرەوە" و بە پێی پەیڕەوی ناوخۆیی بێت، ئەنجامی یەک کامڵبوون و گەشەکردنە لەژێرەوە. ئامانجی ئەم باسەی ئێستا ئەوەیە کە ئەم ئاسۆی گەشەکردنە، لە یەکێک لە لایەنە گرنگەکانیدا بخرێتە ڕوو.

بەڵام ئەوەی کە سەرنجی شانەکان بە گشتی، ڕووەو مەسەلەی ئاژیتاتۆر و ئاژیتاسیۆنی جەماوەری ڕادەکێشین و لەم باسەدا هەموو شانەکان بانگەواز دەکەین، لەو ڕووەوەیە، کە یەکەم، هەموو شانەکان و هەڵسووڕانی حیزب ڕووە و کاری سیاسی (و لە قوناغەکانی دواتردا ڕێکخراوەیی) لەگەڵ ڕابەرانی عەمەلیی بزووتنەوەی کرێکاری ئاراستە بکەین. گرنگی ئەم توێژە لە چینەکە دەبێت بۆ گشتمان ئاشکرا بێت. دووەم، هەنگاوەکانی دواتری ئەو شانانەش، کە هەر ئێستا خاوەنی ئیمکاناتی سەرەتایی و توانایی پێویستن بۆ پێخستنە ئەم مەیدانەی هەڵسووڕانەوە دیاری بکەین. بۆ زۆربەی شانەکان باسەکەی ئێمە لە سنووری یەک دەرسی شێوەکار و وەک پێداگرتنێک لەسەر یەک لایەنگریی گشتی، بەڵام گرنگ، دەمێنێتەوە. بۆ بەشێکی تر ناوەڕۆکی ئەم باسە دەتوانێت ڕێنماییەک بێت بۆ کاری دیاریکراو هەر لە ئێستادا.

### 3) پێداویستییە گشتی و سیاسییەکانی ڕاکێشانی ئاژیتاتۆرە کرێکارییەکان

لەوانەی کە تا ئێستا باسمان کرد ڕۆشنە، کە مەسەلەی ڕاکێشانی ئاژیتاتۆرە کرێکارییەکان، یانی ڕابەرانی خاوەن نفوز وە یان لە حاڵی شکڵگرتنی کرێکاران لەسەر ئاستی کارگە و گەڕەک، ناتوانرێت بهێنرێتە خوارەوە بۆ ئاستی یەک میکانیزمی سادەی ئەندامگیری. باس لەسەر یەک ڕووتێکردنی جدییە لە لایەن ئێمەوە بۆ ئەم مەیدانەی هەڵسووڕان و بە هەمان شێوە هێنانەدی جوڵانەوەیەکە لەنێو ڕابەرانی

کرێکاری و کرێکارانی پێشڕەو و خاوەن نفوز ڕووەو کارکردن لەگەڵ حیزبدا. لە ناوەڕۆکی مەسەلەکەدا ئەمە یەک ڕووتێکردن و بزاوتی سیاسییە لە هەردوو لاوە.

لە لایەن ئێمەوە، ئەمە یەک ڕووتێکردنە بەرەو ڕابەرانی عەمەلی و خاوەن نفوزی جەماوەری، بۆ کارتێکردنی کۆمۆنیستانە لەسەریان و لە لایەن ڕابەرانی کرێکاریشەوە یەک ڕووهێنانە بەرەو کاری کۆمۆنیستی و ڕێکخراوبوون لە ڕێکخراوی نهێنیدا. فاکتەری بزوێنەری ئەم ڕوتێکردنە لە هەر دوو لاوە بە هەر حاڵ، حیزبی ئێمەیە. ئەمە ئێمەین کە ڕوو لە ڕابەرانی عەمەلی دەکەین بۆ ئەوەی کارێک بکەین، کە ئەوان ڕوو لە کۆمۆنیزم و حیزبی کۆمۆنیست بکەن. وە ئەمە ئێمەین، کە دەبێت پێداویستییەکانی کار فەراهەم بکەین. چۆن؟

ئەلیف/ پاراستنی پەیوەندیی هەمیشەیی و ئاوێزانبوون لەگەڵ ئەڵقەکانی کرێکارانی پێشڕەو

ئەم ئەڵقانە هەمیشە هەن. هیچ پلەیەک لە سەرکوت و داپڵۆسین ناتوانێت هەڵیان وەشێنێتەوە و لەنێویان بەرێت. کرێکارانی بەئەزموون و دنیادیدە بەدرێژایی چەندین ساڵ ڕێگە و ڕەسمی پاڕاستن و پەرەپێدانی ئەم ئەڵقانە لەنێو کرێکاراندا فێربوون. ئەم ئەڵقانە لەسەر بنەمای سروشتیترین پەیوەندی و لەنێو دڵی هەزاران پەیوەندیی ڕۆژانەی کرێکاران لە شوێنی کار و ژیاندا، مانەوەی خۆیان دەپارێزن. بۆرژوازی تا ئێستا لەژێر هیچ هەلومەرجێکدا نەیتوانیوە کرێکاران ئەوەندە تاکتاک و ئەتۆمیزە بکات، کە ئەم پەیوەندییانە بە جیددی بکەونە مەترسییەوە. لەم پەیوەندییە ئەڵقەییانەدا کرێکارانی هەڵسووڕاوتر و هۆشیارتر بیروڕا و بۆچوون دەگۆڕنەوە و بڕیار دەدەن و تەنانەت جۆرێک فێربوونی سەرەتایی (بەگشتی ڕووەو بردنە سەرەوەی تێگەیشتنی بەرژەوەندییە پیشەییەکان) لەنێو جەماوەری کرێکاران و بەتایبەتی کرێکارانی لاوتردا دەبەنە پێشەوە. "ئۆتۆریتەکان" لەم پەیوەندییانەدا، کەم تا زۆر شکڵ دەگرن. بێ ئەوەی کە ڕێکخستن و ڕێکخراوێک لەکاردا بێت، کۆمەڵە پیشەیەک لەنێو دڵی پەیوەندییە سروشتییەکاندا کرێکارانی هەڵسووڕاو بە شێوەیەک لە شێوەکان پێکەوە دەبەستێ. ئەم ئەڵقانە مەڵبەندە چارەنووسسازەکانی نێو چینی کرێکارن.

هەڵسووڕاوانی حیزب خۆیان وەک بەشێک لە کرێکارانی پێشڕەوی دەوروبەری خۆیان، دەبێت بەم ئەڵقانەوە جۆش بخۆن. لە هەر جێگەیەک ئەم ئەڵقانە شێوەی جیددیتریان بەخۆوە گرتبێت، بە هەمان پلە دروستکردنی پەیوەندیی جیددیتر لەگەڵیاندا



لە چوارچێوەی پەیوەندییە سروشتییەکاندا دەکەوێتە سەرشانی ئێمە. هەر وەکوو لەوەو پێشیش وتمان، تەنها لەبەرچاوگرتنی باری ئەمنییەتی دەتوانێت دامێنی پەیوەندی و ئاوێزانی سروشتی ئێمە لەگەڵ ئەم ئەڵقانەدا سنووردار بکات. جیاوازیی تێڕوانینی ئێمە لەگەڵ ئەم یان ئەو دەستە و ئەڵقەیە لە کرێکارانی هەڵسووڕاو بە هیچ جۆرێک ناتوانێت بەڵگەیەک بێت بۆ بڕینی پەیوەندی و دوورکەوتنەوە لێیان.

ب/ ئاگادارکردنی کرێکارانی پێشڕەو لە هەڵوێست و بۆچوونەکانی حیزب

لەنێو دڵی ئەم پەیوەندییە هەمیشەییەدا، ئێمە دەبێت هەمیشە خەریکی "پەمپ"کردنی بۆچوون و سیاسەتەکانی حیزب بین بۆ نێو ڕیزەکانی کرێکارانی پێشڕەو. هەر کرێکارێکی خەباتکار و هەڵسووڕاو دەبێت ئاگاداری بۆچوونەکان، سیاسەتەکان و درووشمەکانی ئێمە بێت (تەنانەت ئەگەر ڕەخنەشی لێی هەبێت). تەرویج و تەبلیغی ئامادە و سیستەماتیکی بۆچوونەکانی حیزب لەم ئەڵقانەدا (بێگومان بە لەبەرچاوگرتنی ئاستی ئەمنییەتی هەر پەیوەندییەک)، گەیاندنی ناملیکە گرنگەکان و بڵاوکراوە حیزبییەکان بە شێوەیەکی هەمیشەیی بە ئەڵقەکانی کرێکارانی پێشڕەو، ناساندن و جێگیرکردنی دەنگی ح. ک. ئێ لەنێو کرێکاراندا و ڕوونکردنەوەی هەمیشەیی تاکتیکەکان و درووشمە حیزبییەکان لە پەیوەندییە کرێکارییەکاندا مەرجی پێویستی ئەم کارەن، دەبێت کارێک بکرێت، کە هەر کرێکارێکی هەڵسووڕاو، حیزبی کۆمۆنیست لە لایەنە سەرەکییەکان و ئەوەندەی دەکرێ لە وردەکاری دیدگا و هەڵوێستەکانیدا بناسێت و لەبەرامبەر هەر مەسەلەیەکی تازەدا خوازیاری ئاگاداربوون لە تێڕوانین و لایەنگیرییەکانی حیزب بێت.

ج/ توانای تەرویجکردنی مارکسیزم و ڕەخنە لە بۆچوونە ناپرۆلیتارییەکان

ڕووتێکردنی ئێمە بەرەو ڕابەرانی عەمەلیی کرێکاران دەبێت ببێتە هۆی پەیوەستبوونی لێبڕاوانەی ئەوان بە مارکسیزم و ڕێکخراوی کۆمۆنیستییان. ڕەخنە لە بیر و بۆچوونە ناپرۆلیتارییەکان و هەوڵدان بۆ برەودانی مارکسیزم لەنێو کرێکاراندا، ئەرکێکی حەیاتی ئێمەیە. ئاستی تەرویجی ئێمە دەبێت بۆ کارتێکردنی جیددی لەم کرێکارانە تا ڕادەی پێویست باڵا بێت، بەڵام ئەمە بەهیچ جۆرێک مانای تەرویجی خاڵە ئینتیزاعییەکان و وتنەوەی سادەی فۆرموولە مارکسیستییە کلاسیکییەکان نییە. مورەویجی ئێمە دەبێت پایە بنەڕەتییەکانی مارکسیزم بە شێوەی جۆراوجۆر لەبەرامبەر دەرکەوتە جیاوازەکانی خورافاتی بۆرژوازیدا لێک بداتەوە. مارکسیزمی زیندوو و ڕۆشن و

پەیوەست بە مەسەلەکانی کۆمەڵگە و جیهانی ئەمڕۆوە، ئەمە شتێکە کە هاوڕێیانی مورەویجی ئێمە دەبێت هەوڵ دەن لەگەڵ خۆیاندا بیبەنە نێو کرێکارانەوە.
هەروەها تایبەتمەندییەکانی خودی مورەویجیش گرنگن. پۆپۆلیزم هەر وەکوو باوە، مەسەلەی تەرویج بە ڕووناکبیران و خوێندکاران دەسپێرێت. ڕووناکبیرانێک هەتا ئەگەر مارکسیزمیان باشتریش خوێندبێتەوە، بەڵام سەبارەت بە ژیان و خەباتی عەمەلیی چینی کرێکار بۆچوون و تاقیکردنەوەیەکی زۆر کەمیان هەبوو. ئەم مورەویجانە زۆر بەکەمی توانیویانە وەکوو پێویست بن و لە ڕووی تیۆریشەوە خاوەن نفوز بن. تەرویجی ئەوان زۆر بە کەمی پەیوەند بوو بە مەسەلە زیندووەکانی کرێکارانێک، کە لە ئەڵقەکانی ئەواندا بەشدارییان دەکرد. ئێمە دەبێت مورەویجێک پەروەردە بکەین، کە ئەم گیروگرفتانەیان نەبێت. ڕۆشنبیران دەتوانن لە مەسەلەی تەرویجدا کاریگەر بن، بە مەرجێک سەبارەت بە ژیان و خەباتی عەمەلیی کرێکاران هەستیار بن، تێبینیی زۆر و تاقیکردنەوەی بەرجەستەیان لەم ژیان و خەباتە و گۆشە جیاوازەکانی هەبێت و سەرەڕای ئەمانەش لەگەڵ مەسەلە و سەرقاڵییەکانی کرێکارانی پێشڕەو بەچاکی ئاشنا بن، بەڵام دەبێت بتوانین هەرچی زیاتر مورەویجینی خۆمان لەنێو خودی کرێکارانی هۆشیار و بەئەزموونداا پەروەردە بکەین. نەک تەنها ئاگاداربوونی تیۆری، بەڵکوو هەروەها پوختی عەمەلیی مورەویج بۆ سەرکەوتووبوونی پێویستە.

د/ ئامادەبوون لە مەسەلە عەمەلییەکانی بزووتنەوەی کرێکاری و داواکارییەکانی کرێکاران

هەر ڕەوتێک کە هەستیارێتی پێویست لەبەرامبەر مەسەلە عەمەلییەکانی بزووتنەوەی کرێکاری، داواکارییەکانی کرێکاران و ڕێگرەکانی بەردەم نارەزایەتییە کرێکارییەکان نیشان نەدات، ناتوانێت پەرەداربوونی نفوزی خۆی لەنێو کرێکاراندا ببینێت. بەشێک لەم حەساسییەتە لە ڕێگەی کرێکاریبوونەوەی پێکهاتووی حیزب و هەروەها کاری هەمیشەیی شانەکان لەنێو کرێکاراندا بەدەست دێت. بەڵام ئەمە بە تەنها بەس نییە. پێویستە ئەم مەسەلانە بە شێوەیەکی جیددی بدرێنە بەر باس و لێکۆڵینەوە. دەبێت سەبارەت بە گشت مەسەلەکانی بزووتنەوەی کرێکاری هەڵوێستی ورد و پشتبەستوومان بە ئاگاداربوون و مەعریفەی پێویستەوە هەبێت. دەبێت ورەی کرێکاران و ئارەزوو و داواکارییەکانیان بناسین و لە نزیکەوە لەگەڵ ئەو گیروگرفتانە



ئاشنا بین، کە ڕابەرێکی عەمەلی بۆ بەگەڕخستن و ڕێکخستنی کرێکاران دووچاری دەبێت. هەر هاوڕێیەکی شانەیی ئێمە لە کارگە و گەڕەک، دەبێت توانای لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی مەسەلە کرێکارییەکان و ڕەخنەگرتن لە دیدگا و هەڵوێستە ئینحرافییەکانی هەبێت. هەر هاوڕێیەکی ئێمە دەبێت بەرەبەرە ببێتە مەرجەعێکی خاوەن نەزەر بۆ لێکۆڵینەوەی مەسەلەکانی بزووتنەوەی نارەزایەتی کرێکاران، هەر لە مەسەلەکانی وەک قانوونی کار، مەسەلەی تەبەقەبەندی، سوودوەرگرتن، سەلامەتی جێگای کار، کرێ، قازانجی تایبەتی، ئیمتییازات، هەلومەرجی کاری ژنان ... هتد. بگرە تا ئامار و ژمارەی تایبەت بە ئاستی بەرهەمهێنان، بەکارخستن و کەڵەکەبوونی کرێکاران ... هتد. لە کارگەکان و ناوچە جیاوازەکاندا دەبێت بە جیددی ببێتە جێگەی سەرقاڵیی هەڵسووڕاوانی ئێمە.

### 4) مەسەلە عەمەلی و ئەمنییەتییەکان لە ڕێکخستنی ئاژیتاتۆرەکاندا

ڕێکخستنی هەڵسووڕانی نهێنی و پاراستنی بەردەوامکاریی ڕێکخراوی نهێنیی حیزب لەنێو کرێکاراندا، لە هەلومەرجی داپڵۆسێنەرانەی ئێستادا (کە بۆ کۆمۆنیستەکان بە هەلومەرجی "ئاسایی" هەڵسووڕان دادەنرێت)، بۆ خۆی مەسەلەیەکی ئاڵۆز و وردە. جا ئەگەر بێتوو ئاژیتاتۆرەکان و ئەرکێک کە لە ڕێگەی ئەوانەوە ئەنجام دەدرێت بۆ ئەم ڕێکخراوە زیاد بکەین، شتێکی ڕوونە، کە سەختی و دژواری کارەکە چەندین پلە زیاتر دەبێت. لێرەدا ئیتر لەگەڵ ڕێکخراوێک بەرەو ڕووین، کە بەشێک لە ئەندامەکانی بە شێوەیەکی ئاشکرا چالاکی دەنوێنن، جێگە کاری "ڕۆتینی" ئەوان کۆڕ و کۆمەڵە تا ڕادەیەک فراوانە کرێکارییەکان، کۆبوونەوە گشتییەکان، ڕیزی پێشەوەی مانگرتنەکان و نارەزایەتییەکانە. شتێکی بەڵگە نەویستە کە هاوڕێیانێکی ئاوا دەکەونە ژێر زەرەبینی پۆلیسی سیاسییەوە. هەر جم و جووڵێکی ئەوان بە وریاییەوە لە لایەن هێزە جاسووسی و سەرکوتگەرەکانی پۆلیسەوە دەخرێتە ژێر چاودێرییەوە. لەم هەلومەرجەدا لاوازی و مەسەلەی جۆراوجۆرمان دێتە ڕێ. ڕاکێشانی ئاژیتاتۆرەکان و لێکهەڵپێکانی هەڵسووڕانی نهێنی شانە حیزبییەکان لەگەڵ هەڵسووڕانی ئاشکرای حیزبی، کە بەگشتی لەدەوری تەوەرەی ئاژیتاتۆرەکان پێک دێت، پێویستی بەوپەڕی ئامادەیی، هۆشیاریی هەمیشەیی و پێش هەموو شتێکیش پێویستی بە یەک شێوەکاری ئوسوڵی و جێگرتووی کاری کۆمۆنیستی هەیە. ئەمەش لە حاڵەتێکدا کە ئێمە هەلومەرجێکمان لەپێش خۆ داناوە، کە تیایدا ئاژیتاتۆرەکان توخمی حیزبی و ئەندامی

فەرمیی حیزبن، خاوەن ئەزموونن، شێوەکانی خەبات لەگەڵ پۆلیسی سیاسی و پاراستنی ئەمنییەتی و بەردەوامکاری ڕێکخراو فێربوون. لە پرۆسەی <u>ڕاکێشانی ئاژیتاتۆرەکاندا</u>، لەو جێگەیەدا کە ئاژیتاتۆرەکان هێشتا سەردەمی گوێزانەوەی پەیوەستبوون بە حیزبەوە دەبەنەسەر، کارەکە لەمەش دژوارتر دەبێت.

بۆ ئاسانکردنی باسەکە چاکتر وایە لە سەرەتاوە بچینە سەر گیروگرفت و ڕێگرەکانی هەمان حاڵەتی یەکەم، یانی حاڵەتێک کە قۆناغی ڕاکێشان تەواو بووە و ئاژیتاتۆر بووەتە بەشێک لە خودی ڕێکخراوی حیزب و دواتر بچینە سەر تایبەتمەندییەکان و گیروگرفتە تایبەتییەکانی سەردەمی گواستنەوە. چۆنکە بە تێگەیشتنی ڕاست لەم مەسەلەیە لە شکڵی کۆتایی خۆیدا، تێگەیشتنی تایبەتمەندییەکانی پرۆسەیەک کە دەبێت بمان گەیەنێتە حاڵەتی کۆتایی، سادەتر دەبێتەوە. گیروگرفتەکان و نالەبارییەکانی کارەکەمان کامانەن؟

ئەلیف/ پەیوەندیی ئاژیتاتۆر لەگەڵ ڕێکخراوی نهێنیی حیزبیدا

لە ڕاستیدا ئەمە بنەمای هەموو مەسەلەکانی ترە و هەر کار و کاردانەوەیەک لە مەسەلەی فێربوون، گواستنەوەی تاقیکردنەوە، ڕێنماییکردن و کۆنترۆڵ، بەشداری ئاژیتاتۆر (وەک ئەندامی حیزب) لە ژیانی ڕێکخراو ... هتد. پێویستی بە پەیوەندییەکی ڕێکوپێک و پتەوی ئاژیتاتۆرەکان لەگەڵ شانە نهێنییەکاندا هەیە. چۆن دەتوانرێت ئەم پەیوەندییە بە دروستی دابمەزرێت؟ چۆن شانەی حیزبی دەتوانێت لەگەڵ هاوڕێی ئاژیتاتۆردا، کە یەک ڕابەری عەمەلیی کرێکارانە، کەم تا زۆر وەک کەسێکی "ناڕازی"ی خەباتکار و تەنانەت "چەپڕەو" لە لایەن پۆلیسی سیاسییەوە ناسراوە، بە شێوەیەکی ڕێکوپێک پەیوەندی هەبێت بێ ئەوەی، کە ئەمنییەتی ڕێکخراوەی نهێنی و ئاژیتاتۆر هەردووکیان بکەونە مەترسییەوە.

ب/ ڕێنمایی ئاژیتاتۆر و کونترۆڵ و چاودێریکردنی کارەکان

کاری ڕۆتینیی ئاژیتاتۆر، تەبلیغ و ئارایشدانی کرێکارانە (جا ئیتر بۆ ئاکسیۆن، یان بۆ ڕێکخستنیان لە شکڵە جۆراوجۆرەکاندا بێت). ئەم کارە دەبێت بە شێوەیەکی ئاسایی لەژێر ڕابەرایەتی ڕێکخراوی نهێنیی حیزبیدا ئەنجام بدرێت. بەڵام چۆن؟ چۆن ڕێکخراوی نهێنی، هەڵسووڕانی کەسی عەلەنیکار لە کاتی ڕوودانی مانگرتن، ڕێکخستنی کۆبوونەوەی گشتی، وە یان لە کاتی هەڵگیرسانی ناڕەزایەتیی دیاریکراوی کرێکاراندا ڕابەرایەتیی دەکات؟ یەکێک لە تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی کاری



موبەلیغێکی جەماوەری و ڕابەری عەمەلیی کرێکاران بریتییە لەوەی، کە لە ماوەیەکی کەمدا ناچاری بڕیاردانێکی زۆرە لە بەرامبەر مەسەلە گرنگەکاندا (بۆ نموونە، ئایا مانگرتن دەبێت بەردەوام بێت، ئایا بڕیاری خاوەنکار دەبێت قبووڵ بکرێت، ئایا دەبێت شێوەی تەبلیغی خۆی، کەمێک بگۆڕێ، ئایا ورەی کرێکارانی بە چاکی دەستنیشان کردووە ...). ئاژیتاتۆر لە هەلومەرجێکی ئاوادا پێویستی بە پرس و ڕا و ڕێنمایی هەیە. ڕێکخراوی نهێنی چۆن ئەم پێویستییە جێبەجێ دەکات؟ هەرچی مەودای سەرکوت توندتر بێتەوە، ئەم گیروگرفتە بە شێوەیەکی توندوتیژتر دەردەکەوێت.

ج/ فێرکردنی سیاسی ڕێکوپێکی ئاژیتاتۆر

ئاژیتاتۆر دەبێت بە ئاسانی دەستی بە بڵاوکراوەکانی حیزب بگات. دەبێت بتوانێت کتێب و نامیلکەی پێویست بخوێنێتەوە. دەبێت بتوانێت لە دانیشتنە فێرکارییەکاندا بەشداری بکات. لە هەمان کاتدا وەکوو کەسێک کە دوژمن بەرامبەر بەو هەستیارە، دەبێت پەروەندەکەی پاک بێت. بەڵگەنامە و نووسین لەگەڵ خۆیدا هەڵنەگرێت و لە ماڵەوەی دانەنێت، پەیوەندییە ڕێکخراوەیییەکانی قابیلی شوێنهەلگرتن نەبن ... هتد. ئەم پێداویستییەی ئاژیتاتۆر چۆن دێتە دی؟

د/ بەشداری ئاژیتاتۆر لە هەڵسووڕانی ناوخۆی حیزبیدا

ئاژیتاتۆر وەک ئەندامی حیزب دەبێت ڕاپۆرت بنێرێت، لە باسەکانی ناوخۆی حیزبدا بەشداری بکات، لە هەڵبژاردنە حیزبییەکاندا ڕای خۆی بدات، بیروڕای خۆی لەسەر بڕیارە بەکۆمەڵەکان بدات و دەیان کاری "نێوحیزبی" لەم چەشنە. چۆن دەتوانرێت ڕابەرێکی عەمەلی و ناسراو لە پەیوەندییەکی ئاوادا ڕابگرین بێ ئەوەی کە یەکەم، ئەمنییەتی ڕێکخراوی نهێنی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بخرێتە بەر مەترسی و دووەم، ئاگاداری ئەو لە شوێنەکان و کەسە_حیزبییەکان لە ڕادەیەکی پێویست واوەتر نەچێت و سێیەم، مەوقیعەتی خودی ئەو لە کاتی زەربەخواردنی کەسی تری ناو شانە، یان کەسانی ئاستێکی تری ڕێکخراو لاواز نەبێت و کارەکەشی نەوەستێت؟

ئەمانە کۆمەڵە پێویستییەکی بنەڕەتین، کە دەبێت بە جدی بهێنرێنەدی. دەتوانین چەند هۆکاری تر بخەینە سەر ئەمانە. ئاژیتاتۆر تەنانەت کاتێک پەیوەندییە حیزبییەکەی بە تەواوەتی شاراوە بمێنێتەوە، هەمیشە بە هۆی هەڵسووڕانی خۆیەوە وەک پێشڕەوی کرێکاران لە مەترسی سزادان، دەرکردن و گرتندایە. مەسەلەکانی ئەو وەک نانپەیداکەری خێزانێکی کرێکاری ئیتر مەسەلەی تایبەتی ئەو نییە، بەڵکوو یەک

مەسەلەی حیزبییە. هەروەها لە کاتی دەرکەوتنی مەترسیی ئەمنییەتیدا، ئاژیتاتۆر دەبێت بشاردرێتەوە. فەراهەمکردنی ئیمکاناتی پێویست لەم مەیدانەشدا یەک ئەرکی ڕێکخراوی حیزبییە. وە مەسەلەی تری لەم چەشنە.

بەڵام وەڵام چییە؟ ئاشکرایە کە تاکە وەڵامێک سەربەخۆ لە کات و شوێن و هەلومەرجی تایبەتیی سیاسی و ئەمنییەتی هەر سەردەمە لە ئارادا نییە. دەتوانرێت سەردەمیکی وا بهێنرێتە بەرچاو، کە چڵەپۆپەی هەڵچوونی شۆڕشگێڕانەیە، ئاژیتاتۆر وەک ئەندامی حیزب، ڕابەری شوورای کارگە، نوێنەری کرێکاران ... هتد. بێت و وەک هەر ئەندامێکی تری حیزبیش هاتوچۆی جێگا حیزبییەکان بکات، خۆی یەکسەر لە دانیشتنەکانی شانەی ڕێکخراوی خۆیدا بەشداری بکات، یان لایەنگریی خۆی بۆ حیزبی کۆمۆنیست بە فەرمی لەسەر ئاستی کۆمەڵگە و بۆ جەماوەری فراوانی کرێکاران ڕابگەیەنێت و لە کۆبوونەوە حیزبییەکاندا قسەکەری فەرمی بێت. بەڵام بە ڕاستی ئێمە لە قۆناغێکی تر داین، لەنێو سەرکوتی توند و کەموێنە لە مێژووی خەباتی کرێکاری و کۆمۆنیستی لە سەراسەری جیهاندا. لێرەدا دەبێت شێوەکار و میکانیزمی تایبەتی بەدەست بهێنین. باسەکەی ئێمەش ئەگەر بیەوێت ببێتە ڕێنماییەک بۆ شانەکانمان لە هەلومەرجی ئێستادا، دەبێت هەلومەرجی ئەمڕۆ بکاتە بنەما.

پێش ئەوەی بچینە سەر شێوازی تایبەتیی ڕێکخستنی ئاژیتاتۆر و پەیوەندی و کار و کاردانەوەی بەرامبەریەکی ڕێکخراوی نهێنی لەگەڵ هاوڕێی عەلەنیکاری حیزب، دەبێت پەنجە بۆ چەند هۆکاری بنەڕەتی و گرنگ ڕابکێشین، کە هەر جۆرە ڕێکخستنێک دەبێت بە پشتبەستن پێیانەوە بێتە دی.

یەکەم، دەبێت پەنجە بۆ گرنگیی "پەیوەندییە سروشتییەکان" لەنێو کرێکاراندا ڕابکێشین. ئەمە شتێکە کە وردەبۆرژوازی بە "کەژاوەسازی" ناوی دەبات. بۆ ئێمە پەیوەندیی سروشتی، دۆستایەتی و ناسیاوی و هاتوچۆی سروشتی نێوان کرێکاران، شتێکی زۆر زیاترە لەمە. ئەمانە میکانیزمە واقیعییەکانی کار و کاردانەوەی نێوخۆی چینەکە بن، وە بەم مانایە بەشێکیشن لە میکانیزمە عەمەلییەکانی هەڵسووڕانی ئێمە کۆمۆنیستەکان وەک بەشێک لە چینەکە. دەبێت گرنگی تەواو بەم پەیوەندییانە بدەین. کۆڕ و کۆمەڵە خانەوادەییەکان، دۆستایەتییەکان، پەیوەندیی کارکردن، ناسیاوەکانی گەڕەک ... هتد. یەکێک لە بار و دۆخە واقیعییەکانی هەڵسووڕانی خودی خۆمانە، بە ڕادەیەک کە هەڵسوڕاوانی حیزب ئەم پەیوەندییانەی خۆیان پەرەپێ دابێت. لەم



پەیوەندییانەدا جێگرتوو بن و خۆیان بوون بە کرێکارانێکی "کۆمەڵایەتی"، کە پەیوەندیی فراوانیان لەگەڵ هاوچینەکانی خۆیان هەیە، کاری ڕێکخستنی هەڵسووڕانی نهێنی و ئاشکرا هەردوو، بە شێوەیەکی ئاسانتر دەچنە پێشێ. دەتوانرێت زۆر لە پەیوەندییەکان، دەرسەکان، هەواڵهێنانەکان و ڕێنماییەکان لەنێو دڵی هەمان "پەیوەندییە سروشتییەکاندا" ببرێنە پێشەوە.

دووەم، مەسەلەی گەشەی ئاستی هۆشیاریی سیاسیی کرێکاران و زیادبوونی خۆشەویستیی گشتیی حیزب لەنێویاندایە. پێشتریش سەبارەت بە دەورەدانی شانە حیزبییەکان بە توێژێکی فراوان لە کرێکارانی هەواداری حیزب قسەمان کردووە، بەو ڕادەیەی کە خۆشەویستی بۆ حیزبی کۆمۆنیست، قسەکردن دەربارەی، پشتگیریکردن لێی تەنانەت بە قسەش، گوێگرتن لە ڕادیۆکەی، گەڕان بەدوای بڵاوکراوەکانیدا، لەنێو کرێکاراندا زیادی کردبێت، بە هەمان ڕادەش ڕێکخستنی تۆڕی بەڕاستی حیزبی، چ نهێنی و چ ئاشکرا ئاسانتر دەبێتەوە. بەو ڕادەیەی کە کرێکارانی ناڕازی زیاد بکەن، کرێکارانی ناڕازیی کۆمۆنیست دەبنە خاوەنی مەوقیعەتێکی عەمەلیی پتەوتر. بە ڕادەیەک کە هەر ناڕازییەک قسە بەپێی درووشمەکان و شێوازەکانی ئێمە بکات، ئاژیتاتۆری فەرمی و ڕێکخراوی حیزبی لە فراوانکردنی لایەنەکان و پتەوکردنی ئەمنییەتی هەڵسووڕانی خۆیدا سەرکەوتووتر دەبێت. بەم پێیە پتەوکردنی پەیوەندیی کاری نهێنی و ئاشکرا، پەیوەندیی شانەکان و ئاژیتاتۆرەکان خۆی تا ڕادەیەکی زۆر پشتی بە هەڵسووڕانی ڕۆتینی هاوڕێیانی ئێمە لە بڵاوکردنەوەی بڕواکان و سیاسەتەکانی حیزب و بردنە سەرەوەی ئاستی هۆشیاریی سیاسیی گشتیی کرێکاران بەستووە.

سێیەم، مەسەلەی ئامادەیی و لێهاتوویی سیاسیی ڕێکخراوەیی و عەمەلیی خودی شانەکانە بۆ ڕاکێشانی ڕابەرێکی عەمەلیی کرێکاری و بۆ ڕێکخستنی وەک یەک ئاژیتاتۆری حیزبی، کە هەمان ئەرکی ڕابەری بە شێوەی کۆمۆنیستی و لەژێر ئامانج و پێودانگ و دیسپلینی حیزبیدا ئەنجام دەدات، ڕێکخراوی نهێنیی ئێمە (لێرەدا مەبەستمان شانەکانە) دەبێت توانستی سەرەتایی بەدەست هێنابێت. هەموو شانەیەک توانای ئەم جۆرە ڕێکخستنەی نییە. شانە دەبێت لەڕووی سیاسییەوە ئاستێکی بەرزی هەبێت و توانای تەرویجی باشی لەخۆدا چڕ کردبێتەوە و بە باشی ئاگای لە مەسەلە عەمەلییەکانی بزووتنەوەی کرێکاری و داواکارییەکانی کرێکاران بێت. شانە دەبێت تا

ڕادەیەکی دیاریکراو لە مەسەلەی ڕێکخستنی ئەڵقە تەرویجییەکان، دابەشکردنی بڵاوکراوەکانی حیزب، فێرکردن و پەروەردەی کرێکاران و بە کورتی لە ڕێکخستن و ئەنجامدانی ئەو ئەرکە ئاساییانەی کە لە نامیلکەی "ئەرکەکانی شانە حیزبییەکان"دا هاتووە بەرەو پێش چوو بێت، لەڕووی ئەمنییەتییەوە پەیوەندییەکانی خۆی بە تەواوی پتەو کردبێت و لەڕووی چەندایەتیی هێزەوە بە ڕادەیەکی پێویست گەشەی کردبێت. دابینکردنی پێداویستییەکان، پاراستنی پەیوەندی، ڕابەری و ڕێکخستنی ئاژیتاتۆر خۆی پێویستی بە تەرخانکردنی وزەیەکی زۆرە. شانە دەبێت ئەو توانایییەی هەبێت کە ئاژیتاتۆر لە خزمەتی حیزبدا هەڵسووڕاو بکات، نەوەک خۆی لەڕێگەی کۆمەڵە مەسەلەیەکەوە، کە لە لایەن ئاژیتاتۆرەوە بۆ ئەو دێتە پێش، قووت بدرێت و لە ئەنجامدانی ئەرکە بنەڕەتییەکانی خۆیشی بێتە دواوە ... ڕۆشنە کە تەنانەت شانە لاوازەکانیش ناتوانن و نابێت سەبارەت بە ڕابەرانی عەمەلیی کرێکاری، کە لەدەوروبەری هەڵسووڕانی خۆیاندا لەگەڵ ئەوان لە پەیوەندیدان بێلایەن بن و گوێیان نەدەنێ. بەڵام دەبێت ئەوە بزانن کە پەیوەندی لەگەڵ ئەم دەستەیە لە کرێکاران و ئەنجامدانی ئەرکی ڕۆتینیی حیزبی لە پەیوەند لەگەڵیاندا، تا ڕێکخستنی ئەوان وەک یەک موبەلیغی جەماوەریی حیزبی، ڕێگەیەکی دوور و درێژە. بەڵام هەر چۆنێک بێت ئەمە ڕێگەیەکە، کە هەر شانەیەکی حیزبی لە بەردەوامیی هەوڵ و تەقەلای سەرکەوتووانەی خۆی لە ڕێکخستنی سەرەتایی خۆیدا، درەنگ یان زوو هەنگاوی تیا هەڵدێنێتەوە.

## بەشی سێیەم

لە بەشەکانی پێشوودا تا ڕادەیەک بە درێژی لە ڕوونکردنەوەی گرنگیی ئاژیتاتۆری کۆمۆنیست لە ڕوانگەی پێکەوەگرێدانی کاری نهێنی و ئاشکرا لە هەڵسووڕانی ڕۆتینی حیزب، ڕێکخستن و ڕێنمایی ئاکسیۆنەکان و کاریگەرییان لەسەر جەماوەری کرێکاران دواین. لە کۆتایی بەشی دووەمدا ئاماژەمان بە بەیەک زنجیرە پرسیاری عەمەلیی گرنگ لە مەیدانی ڕێکخستنی ئاژیتاتۆر و پەیوەندیی عەمەلی ئەو لەگەڵ شانە و ڕێکخراوی حیزبدا کرد. سەرخەتی گشتی پرسیارەکان ئەمانەبوون: پەیوەندیی ئاژیتاتۆر لەگەڵ شانەی نهێنی چۆن دەبێ پێک بێت و بپارێزرێت؟ ڕێنمایی عەمەلی و کونترۆڵی هەڵسووڕانی ئاژیتاتۆر چۆن دەبێ لە لایەن ڕێکخراوی نهێنییەوە ئەنجام



بدرێت؟ فێرکردن و بارهێنانی ڕێک و پێکی ئاژیتاتۆری عەلەنیکار لە لایەن ڕێکخراوی نهێنییەوە چۆن دابین دەکرێ؟ ئاژیتاتۆر چۆن لە ژیانی ناوخۆی یەک حیزبی نهێنیدا دەخاڵەت و بەشداری دەکات و لە دواییدا مەسەلەکانی گوزەران و ئەمنییەتی ئاژیتاتۆر چۆن چارەسەر دەکرێ؟

لێرەدا لە کۆتایی باسەکەدا پێویستە بە پێی توانا چەند خاڵێک لە پێناو وەڵامدانەوە بەم مەسەلە عەمەلییانە، بە لەبەرچاوگرتنی بار و دۆخی سەرکوتگەرانەی ئێستاوە بخەینە ڕوو. ئاشکرایە ئەوەی کە لێرەدا وەکوو "ڕێگاچارە"، یان ئەو ڕێگاچارە ڕێژەیییانەی ناوی دەهێنێن دۆگمی نەگۆڕاو نین. هەم گۆڕانی ڕۆژگار و هەم کەڵەکەی ئەزموون و پەرەگرتنی ئیمکانات، شێوەکانی عەمەلیی ڕێکخستن و هەڵسووڕانی ئاژیتاتۆری عەلەنی لە پەیوەست بە ڕێکخراوی نهێنییەوە دەخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە. بەڵام بە هەر شێوەیەک بێ ئەوەی کە لێرەدا دەووترێ، دەتوانرێ لەدەورەی ئێستادا ئەلگۆی سەرەتایی و کەم تا زۆر قابیلی تەعمیم بۆ هەڵسووڕانی ئێمە لەم زەمینەیەدا بێت. شایانی باسە ئەوە بڵێین کە بەو هۆیەوەی وتارەکە کراوە بە سێ بەشەوە، لە هەر بەشێکدا هێندێک خاڵ هەن بە ناچاری بە مەبەستی زیندووهێشتنەوەی زەمینەی گشتیی باسەکە دووبارە دەبنەوە.

### 1) کار لەگەڵ ڕابەرانی مەوجود

لە پێشەوە گوتمان کرێکارانێک کە ئێمە دەمانەوێ بۆ پەروەردەکردنی ئاژیتاتۆرە کۆمۆنیستییەکان کاریان لەسەر بکەین، دەتوانرێ بە گشتی و بە شێوەیەکی ڕێژەیی بە دوو دەستە دابەش بکرێن: یەکەم، ڕابەرانی بەکردەوە مەوجود لە بزووتنەوە نارەزایەتییە کرێکارییەکاندا، واتا کرێکارانێکی خەباتگێر کە هەر ئێستا خاوەن نفوزی عەمەلیی جیددین لەنێو جەماوەری کرێکاران لە یەکە کرێکارییەکاندا. دووەم، خاوەن ئامادەیییەکان، کە لە حاڵەتی شکڵگرتندان و کرێکارانێکی نارەزا، جوامێر و هۆشیاری تازە کە دێنە مەیدانی ڕابەرییەوە.

کار لەگەڵ ڕابەرانی مەوجود خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیەتی. خۆ لە ڕێکخراو دزینەوە، دەرکی نارۆشنیان لە ئامانجەکان و ڕەوشتەکانی حیزبی کۆمۆنیست، کە بەرهەمی تەحریفاتی ڕیڤیژینیستی لە کۆمۆنیزم و لاوازییەکانی دامێنی هەڵسووڕانی تا ئێستای حیزبمان، محافەزەکاری ئەمنییەتی لە پەیوەند بە ڕێکخستنی نهێنی و تەوەهوماتی ئیکۆنۆمیستی و سەندیکالیستی، ئەمانە لایەنە سەرەکییەکانی ئەو ڕێگرییانەیە، کە

پەیوەستبوونی ئەم کرێکارانە بە ڕیزەکانی حیزبەوە دژوار دەکات. لەبەرامبەردا ئەزموونی زۆر، ناسینی میکانیزمەکانی کاری ئاشکرا لەنێو کرێکاران و خۆپاراستن لەبەرامبەر گوشاری سەرکوت و جم و جووڵی بەکرێگیراوانی بۆرژوازی، دەرکی خێرای مەوقیعەت و ورەی کرێکاران، چەند خاڵێکی پۆزەتیڤن، کە ئەم کرێکارانە لێی بەهرەمەندن و لە حاڵەتی ڕووهێنانیان بۆ مارکسیزمی شۆڕشگێڕ و یەکگرتنیان لە حیزبی ئێمەدا، ئەوان دەکاتە ئۆرگانی بەهێزی بەرەو پێشبردنی سیاسەتی کۆمۆنیستی لەنێو کرێکاراندا.

سەردەمی ڕاکێشانی ئەم هاوڕێیانە بە گشتی سەردەمێکە، کە ئەوانە پەی بە گرنگی کارکردن لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستدا دەبەن و وەڵام بە پێویستیی گیرسانەوەی خۆیان لە ڕیزەکانی ڕێکخراوی حیزبدا دەدەنەوە. تەوەرەی ئەم سەردەمەی ڕاکێشان، ماناپێدانی کۆمۆنیزمە لە دیدگای ئێمەوە و ڕوونکردنەوە و فێرکردنی شێوەکارەکان و ئامانجە کۆمۆنیستییەکانە. ئەگەر ڕەخنە لە بیروباوەڕە نادروستەکان ڕۆڵی حەیاتیی هەیە، فێرکردنی شێوەکارە تایبەتییەکانی ئێمەش بە هەمان ڕادە حەیاتییە. هەر بۆیە هاوڕێیانێک کە لێپرسراوێتی ڕاکێشانی ڕابەری کرێکارییان بەرەو حیزب لە ئەستۆیە، دەبێ لە باشترین مورەویجەکانی ئێمە بن. پەیوەندی ئەم هاوڕێیانە بەم کرێکارە پێشڕەوانەوە هەر لە سەرەتاوە دەبێ لە چوارچێوەیەکی ئەمنییەتی باڵادا پێک بێت. قەرارگرتنی ئەم پرۆسەیە لە دڵی پەیوەندییەکی سروشتیدا، سپاردنی بەرەوپێشبردنی ئەم پەیوەندییە بە یەک کەس و کەمکردنەوەی زانیاریی هاوڕێیانی تری کۆمیتە، یان شانەی نهێنی حیزب لە پێناس و مەیدانی کار و هەڵسووڕانی ئەم هاوڕێ کرێکارانە بۆ کەمترین ڕادەی مومکین، مەرجی پێویستی پاراستنی ئاسایشی هەردوو لای شانە و ئەو هاوڕێ کرێکارانەیە.

لە ڕاپۆرتنووسین بۆ ئۆرگانەکانی سەرەوەی حیزب، سەبارەت بە شێوەی پێشکەوتنی ئەم پەیوەندییە کرێکارییە، دەبێ لانی زۆری دیقەت لە کاردا هەبێ، کە لە ڕێگەی بەرتەسککردنەوەی زانیاریی ئەمنییەتی نێو ڕاپۆرتەکان و بە کەڵکوەرگرتنی جیدی لە باشترین هێما بۆ هێنان و بردنی هەواڵەکان، ئەمنییەتی کرێکارانێک کە لەگەڵ ئەواندا پەیوەندیمان هەیە، تەنانەت لەو حاڵەتەشدا، کە ڕاپۆرتەکان بکەونە دەستی بەکرێگیراوانی دوژمن هەر پارێزراو بێت. دەبێ کارێک بکرێ کە مەترسی ئەمنییەتی پەیوەستبوون بە حیزبی کۆمۆنیستەوە بۆ کرێکارانی پێشڕەو، ئەوەندەی دەکرێ کەم



بکرێتەوە و ئەم هەوڵەی خۆمان بۆ کرێکارانێک کە مەبەستمانە ڕوون بکرێتەوە. فیداکاری لە بردنەپێشەوەی ئەرکی کۆمۆنیزم و حیزبی کۆمۆنیست بۆ ئەندامانی حیزب فەرزە، بەڵام چاوەڕوانی فیداکاری بۆ پەیوەندیگرتن لەگەڵ حیزب لە کرێکارانێک، کە هێشتا ڕەوابوونی ڕێگای شۆڕشگێڕانەی ئێمەیان بەو ڕادەیەی کە پێویستە لا ڕۆشن نییە، شتێکی بێ جێیە.

ئەوە ئێمەین کە دەبێ بەسەر یەکەمین بەربەستەکاندا سەربکەوین و ئەگەر یەکێ لەم بەربەستانە موحافەزەکاری، خۆدزینەوە لە ڕێکخراو، کە بە پلەی یەکەم جەلادانی کۆماری ئیسلامی و بە پلەی دووەم سەتحیکاریی پۆپۆلیستەکان لە ڕابردوودا خستوویانەتە دڵی کرێکارانەوە، ئەو کاتە ئەوە ئێمەین، کە دەبێ وەکوو حیزبێکی سیاسی و پەیماندەری چینی کرێکار بە خستنەگەری وزەی زیاتر ئەم بەربەستانە پووچەڵ بکەینەوە. بە ڕادەیەک کە کرێکاران باوەڕ بە پەیامی کۆمۆنیزم و حیزبی کۆمۆنیست دێنن، بە هەمان ڕادەش لەخۆبردوو دەبن. بەڵام ئەمە هەلومەرجێکە، دەبێ کاری بۆ بکەین، نەک وەک گریمانە وەری بگرین.

هەر چۆنێک بێت لەم پەیوەندییانەدا ئێمە توانای ئەوەمان دەبێ، بەشێک لەم ڕابەرە عەمەلییانە بگۆڕین بە کۆمۆنیستی بەڵێندەری حیزب و ڕێکخراو لە حیزبدا. لێرەدا ئیتر کارکردنی ئەم هاوڕێیانە لە مەیدانی ئاژیتاسیۆن و ڕابەرایەتیی عەمەلیدا، دەبێتە مەسەلەی حیزب و مەسەلە تەکنیکی و عەمەلییەکانی ڕێکخستنی حیزبییانەی ئاژیتاتۆریش ئیتر بە شێوەیەکی جیدی بۆ ئێمە دێنە ئاراوە.

پەیوەندی، فێرکردن، ڕێنماییکردن:

یەکەمین مەسەلەیەک، کە دەبێ چارەسەر بکرێ، مەسەلەی پەیوەندی و لێکەوتی هەمیشەیی ڕێکخراوی نهێنییە لەگەڵ ئاژیتاتۆر. لە هەلومەرجی ئێستادا دڵنیاترین ڕێگای پاراستنی ئەم پەیوەندییە ئەوەیە، کە ئاژیتاتۆر بخرێتە سەر پەیوەندگرتن بە یەک مورەویجی کارامەی حیزبییەوە، کە تەنها ئەرکی (یان ئەرکی سەرەکی) ڕێکخراوەیی ئەو پاراستنی پەیوەندی، فێرکردن، گۆشکردنی سیاسی و ڕاپۆرتدانە لەسەر کاری ئاژیتاتۆر. تەرخانکردنی هاوڕێیەکی تایبەت بۆ هەر ئاژیتاتۆرێک لانی کەمی ئیمکاناتێکە، کە دەبێ لە خزمەت هەڵسووڕانی ئاژیتاتۆر دابنرێ. بەڵام هاوڕێی پەیوەندگر تەنها ئەرکی پاراستنی پەیوەندیی ئاژیتاتۆر و شانەی نییە، بە پێچەوانەوە ئەو لە واقیعدا نوێنەری تەواوی ئۆتۆریتەی شانە دەبێ لە پەیوەند بە ئاژیتاتۆرەوە.

لەڕووی سیاسی و شەخسییەتی خەباتکارانەوە، هاوڕێی مورەویج دەبێ هاوڕێیەک بێ، کە بتوانێ وەڵام بە مەسەلە تیۆری و عەمەلییەکانی ئاژیتاتۆر بداتەوە، لە کاتی کارکردندا ئەو ڕێنمایی بکات و خاڵە لاواز و بەهێزەکانی کاری ئەو گەڵاڵە بکات. هاوڕێی مورەویج دەبێ بتوانێ ببێ بە یەک ئۆتۆریتەی مەعنەوی و سیاسی بۆ ئاژیتاتۆر. هەرچەندە ئاژیتاتۆر بە پێشینەتر، بەئەزموونتر و چالاکتر بێ، تایبەتمەندییەک کە هاوڕێی مورەویجی پەیوەندگر دەبێ هەی بێ، بە هەمان ڕادە دەبێ لە ئاستێکی باڵاتردا بێ.

شێوازی کاری ڕۆژانەی مورەویج لەگەڵ ئاژیتاتۆردا:

هاوڕێی مورەویج بۆ ئەوەی بتوانێ ڕێنمایی ئاژیتاتۆر بکات، دەبێ لە هەمان شوێنی هەڵسووڕانی ئاژیتاتۆر (کارگە و گەڕەک)دا ئامادە بێ، وە ئەگەر بتوانرێ لە هەمان یەکەی بەرهەمهێنان کە ئاژیتاتۆر تیایدا کار دەکات، ئیش بکات و چالاکی دەنوێنێ، پەیوەندی ئەم دوو هاوڕێیە دەبێ پەیوەندی دوو دۆست و دوو هاوکاری نزیک بێت. بەڵام ئاستی ئاشکرای ئەم دۆستایەتییە دەبێ بە شێوەیەک بپارێزرێ، کە لە لایەکەوە ئاژیتاتۆر و هاوڕێی مورەویجی حیزبی بە شێوەیەکی خۆبەخۆ یەکتری ئاشکرا نەکەن. مورەویج دەبێ دۆستێکی نێو دۆستەکانی ئاژیتاتۆر بێت. لە لایەکی ترەوە ئەم هاوڕێیەتییە دەبێ ئەوەندە نزیک بێ، کە پەیوەندی یەک لەدوای یەکی ئاژیتاتۆر و مورەویج بۆ هەر کەسێکی دوور لە ئەمان کارێکی سروشتی بێتە بەرچاو.

بە پێچەوانەی ئاژیتاتۆرەوە، کە بەشداری ئاشکرا و نیمچە ئاشکرا لە خەباتی کرێکاریدا ئەرکی ئەوە. هاوڕێی مورەویج دەبێ هەتا بتوانێ و بۆی بکرێ وەکوو یەک کرێکاری ئاسایی بەشداری نارەزایەتییەکان بکات. ئەگەر مورەویج خۆی ڕاستەوخۆ دەخاڵەت لە کاری ئاژیتاسیۆندا بکات، ئەو کاتە شانەی حیزبی بەکردەوە دوو ئاژیتاتۆری بێ پشتیوان و بێ پەیوەندی هەیە. مەسەلەکە دەتوانرێت بەم شێوەیە لە بەرچاو بگیرێت، کە هەر یەکەیەکی ئاژیتاسیۆنی ئێمە لانی کەم دوو کەس دەگرێتە خۆی، یەکێکیان خودی ئاژیتاتۆرە و ئەوەی تریان لێپرسراوی سیاسی و پەیوەندی ئەوە. پاراستنی کاردابەشکردن لە نێوان ئەم دووانەدا حەیاتییە. هاوڕێی مورەویج دەبێ کارێک بکات، کە لە دەروونی پەیوەندییە سروشتییەکاندا ئاژیتاتۆر بتوانێ لە ڕێگەی ئەوەوە و بە یارمەتیی ئەو بڵاوکراوە حیزبییەکان بخوێنێتەوە، دەستی بگات بە کتێب و نامیلکە زەرورییەکان و بە لێکۆڵینەوە ناوخۆییەکانی حیزب ئاشنا بێ. ئاژیتاتۆر لە ڕێگەی



هاوڕێی مورەویجەوە بۆچوونەکان و ڕاپۆرتی خۆی ڕەوانەی شانە و ڕێکخراوەی حیزبی دەکات. سەرەکیترین خاڵێک لە پەیوەندی نێوان مورەویج و ئاژیتاتۆردا، پشتبەستنی سیاسیی ئاژیتاتۆرە بە مورەویج و ئۆتۆریتەی مەعنەوی هاوڕێی مورەویجە. بەم شێوەیە پەیوەستکردنی ڕابەرانی عەمەلی لەگەڵ شانەکان، لە بنچینەدا لە گرەوی هەبوونی هاوڕێیانێکدایە کە بتوانن ڕۆڵی پەیوەندگر_ مورەویج بە چاکی بگەیەنن. هەموو پەیوەندگرێک ناتوانێ ئەم ئەرکە بگرێتە ئەستۆ، چونکە لاوازیی سیاسی، لاوازیی ئەزموونی مورەویج دەبێتە هۆی دواکەوتوویی ئاژیتاتۆر، دڵساردی ئەو لە کار و جیایی سیاسی ئەو لە حیزب. ئەگەر ئەم ئۆتۆریتە مەعنەوییە بە دەست بێت، ئەوا هەڵسووڕانی ڕۆژانەی ئاژیتاتۆر بە چاپوکی و بەکەمترین نارۆشنیی عەمەلی و بە پلەیەکی کافی لە پشتبەستن بە خۆ ئەنجام ئەدرێ. لێرەدا مەسەلەی ئێمە پێش ئەوەی ڕێکخراوەیی و کارگێڕی بێت، یەک مەسەلەی سیاسییە. ئێمە دەبێ کادرە مورەویجە خاراوەکانی خۆمان لە خزمەتی ڕاکێشان و ڕێکخستن و پاڕاستنی پەیوەندی بە باشترین ڕابەرانی عەمەلی لە بزووتنەوەی کرێکاریدا دابنێین.

زەروورەتی سەربەخۆیی عەمەلی ڕێژەیی ئاژیتاتۆر:

تەنانەت لە کاتی ئیمکانبوونی پێکهێنانی پتەوترین پەیوەندی لەگەڵ شانەکان و ڕێکخراوی حیزب، واتە لە هەلومەرجێکی زۆر لەبارتر لە ئەمڕۆ، یەک موبەلیغی شەعبی حیزبی و یەک ڕابەری کۆمۆنیستی کرێکاران دەبێ لە ئازادییەکی عەمەلی ڕێژەیی بەرز بەهرەمەند بێ. داهێنان لە کاردا، بڕیاردانی خێرا، دەستنیشانکردنی دەستبەجێی مەوقیعەت لە ساتە جیاوازەکانی خەباتدا، مەرجی پێویستی هەڵسووڕانی یەک ئاژیتاتۆری کۆمۆنیستییە و ئەمە لەگەڵ پلەیەکی بەرزی سەربەخۆیی لە چالاکی نواندنەکانی جاریدا هاوتایە. لە هەلومەرجی ئێستادا، دەبێ ئێمە بە ڕادەیەکی زۆرتر، لە مەسەلەی ئازادیی کار بۆ ئاژیتاتۆرەکان، "ڕازی" بین. نالەبارییەکانی ئەمنییەتی و عەمەلیی پەیوەند و کونترۆڵ تا ڕادەیەکی زیاد لەم قوناغەدا دەبێ لەڕێگەی فێرکردنی ئاژیتاتۆر، هاودڵی ئایدیۆلۆژیک_ سیاسیی نێوان ئاژیتاتۆر و ڕێکخراوی نهێنی و نەریتە جێگرتووەکانی هەڵسووڕانەوە قەرەبوو بکرێنەوە.

لە هەر جێیەک "کونترۆڵ" وەکوو یەک مەسەلەی ڕێکخراوەیی و کارگێڕی لاواز بێت، ڕۆڵی هاوئاهەنگی سیاسیی تاکەکان و لەسەرخەتبوونیان و زاڵبوونی ئەوان بەسەر نەریتەکانی کاری حیزبیدا زیاد دەکات. لەم قوناغە تایبەتییەی هەڵسووڕانی حیزب،

ئێمە دەبێ بە شێوەیەکی لێبڕاوانە، بە ڕادەیەکی زۆر پشت بەم هوکارە سیاسی_ ئایدیۆلۆژیک و بەم نەریتانە ببەستین (کە دەبێ بە هەوڵ و کۆشش جێگیر بکرێن). ئەو نەریتانەی کە لە بنەڕەتەوە هەتا ئێستا نەبوون و گەڵاڵە و جێگیرکردنیان ئەرکی ئێمەیە. هەر چەندە ئاژیتاتۆر لەڕووی سیاسی و ئایدیۆلۆژییەوە پتەوتر بێت، پێداویستییەکانی حیزب بە دروستی بناسێت و لە کاری خۆیدا بەئەزموون بێت، ڕێکخراوی نهێنی دەتوانێ بە هەمان ڕادە زیاتر پشت بە ڕاستیی بڕیارە فەردییەکانی ئەو ببەستێت. ئەمە ئەرکەکانی هاوڕێی پەیوەندگر و مورەویچ بەهێزتر دەکات و زەبرلێدانی ڕێکخراویش کەم دەکاتەوە.

ئەمنییەتی شانەکان:

چۆن دەتوانرێت شانە لەو زەبرلێدانانە بپارێزرێت، کە هەڵسووڕانی عەلەنیی ئاژیتاتۆر بۆی دێنێتە پێش. هاوڕێی مورەویچ خۆی یەک ئەڵقەی میانەییە، کە ئاژیتاتۆر لە شانە جیا دەکاتەوە ئیمکانی ئەوە بە ئێمە دەدات، کە شانە لە دەستپێڕاگەیشتنی پۆلیس دوور بخەینەوە. هۆشیاری هاوڕێی مورەویچ لە دیاریکردنی ئەگەری زەبری پۆلیس لە ئاژیتاتۆر، ڕاگەیاندنی مەترسی لەسەر ئاژیتاتۆر و شانە لە لایەن خودی مورەویچەوە لە کاتی خۆیدا، توانستی ئەوە بە ئێمە دەدات کە خۆمان لە زەبرلێدان دوور بخەینەوە، یان ئەو زەبرە لە هەمان سنووردا ڕابگرین. لە هەلومەرجی ئێستادا دەبێ زانیاری ئاژیتاتۆر لەسەر شانە زۆر کەم و تەنها بە ڕادەیەک بێ کە بۆ هەڵسووڕانی ئەو حەیاتییە. ئەم زانیارییانە دەبێ بە ڕادەیەک بێ، کە تەنانەت دەستکەوتنی هەموو ئەمانە لە لایەن پۆلیسی سیاسییەوە نەبێتە هۆی شوێنپێ هەڵگرتنی شانە. زانیاریی هاوڕێی مورەویچیش لە شانە، دەبێ بەپێی پرانسیپی "لانی کەمی زانیاری" بەرتەسک بێتەوە، بە جۆرێک کە لە کاتی زەبرخواردنی هاوڕێی مورەویچدا، شانە هەلی تەواوی بۆ پاکسازیی خۆی بەدەستەوە بێ. لە هەلومەرجی ئێستادا دەبێ چاوپۆشی لە بەشداریکردنی هاوڕێی ئاژیتاتۆر لە دانیشتنی شانەکاندا بکرێت. لە هەلومەرجی باشتردا دەتوانرێ ئاژیتاتۆر بانگ بکرێت بۆ دانیشتنی تری حیزبی، کە لەوێدا ئیمکانی یەکترناسینی کەسە بەشداربووەکان نەبێ. لە هەلومەرجێکدا و لە ئاییندەشدا، دەبێ بەشداربوونی ئاژیتاتۆر لە دانیشتنە حیزبییەکاندا لە هەموو لایەنەکانی ئەمنییەتییەوە زۆر بە وردی، قووڵی و دڵنیاییەوە بێت.



ئەمنییەتی ئاژیتاتۆر:

گرنگترین مەسەلە لە ئەمنییەتی ئاژیتاتۆری کۆمۆنیستیدا پەیوەندییەکە، کە وەک ڕابەر لەگەڵ جەماوەری کرێکاراندا پێکی دەهێنێ. بەدەستهێنانی پشتگیریی چالاکانەی جەماوەری کرێکار لە خۆی و پشتبەستن بە ئیرادە و بڕیارەکانی دەستەجەمعی ئەوان، بەشداریکردنی کرێکاران لە هەموو ئاستەکانی خەباتی ناڕەزایەتی و پشتبەستن بە پشتیوانی توانای جەماوەر. ئەمە حەیاتیترین سەرمایەی ئاژیتاتۆرە لە مەیدانی پاراستنی ئەمنییەتی خۆی لە ڕەوتی ڕابەریی خەباتی ناڕەزایەتی و هەروەها لە پەیوەندییەکانی ڕۆژانەیدا لەگەڵ کرێکاران. دوژمن هەر چەندەش، کە لەسەر ئاستی کۆمەڵگە سێبەری داپڵۆسین و سەرکوت بەرفراوان بکات، ناتوانێ بە ئاسانی دەست بۆ ڕابەرانی کرێکاران درێژ بکات، بۆ ئەو کەسانەی کە لەناو دڵی جەماوەری کرێکاراندا جێگایان هەیە و نوێنەری شایستە و ناسراوی ئەوانن.

ئەمنییەتی ئاژیتاتۆر لە ڕەوتی هەڵسووڕاندا وەکوو یەک ئاژیتاتۆر، لە بنچینەدا دەبێ لەم ڕێگەیەوە دابین بکرێ. بەڵام مەرجی پێویست بۆ ئەم کارە لەم هەلومەرجەدا ئەوەیە، کە پۆلیسی سیاسی نەتوانێ پەی بە لایەنگریی ڕێکخراوەیی و پەیوەندییە عەمەلییەکانی ئاژیتاتۆر و ڕێکخراو بەرێ. لە فیکر و پەروەندەکانی پۆلیسدا هاوڕێی ئاژیتاتۆری ئێمە دەبێ لانی زۆر وەکوو کرێکارێکی هەڵسووڕاو و خەباتگێڕ دەربکەوێت، کە لەبەرامبەر زۆرداریی دەوڵەت و خاوەنکاردا سەر دانانەوێنێ و بەرگری لە مافی کرێکاران دەکات. بەڵام پەیوەندیی ڕێکخراوەیی بە هیچ ڕەوتێکەوە نییە. ئەمە خاڵێکی بەهێزی ئاژیتاتۆرە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پۆلیسی سیاسیدا. ئەوە دەبێ پەیوەندیی ڕێکخراوەیشی لە گۆشەیەک دوور لە دەستپێڕاگەیشتنی فیکری خۆی بپارێزێ و بە شێوەیەکی جیدیی دەروونناسیی ڕابەرێکی جەماوەری، کرێکارێکی ناڕەزا، ناڕازییەکی جوامێر، واتە بەشێک لەوەی کە بە واقیعی هەیە بگرێتە خۆ. بە هەر ئەندازە پەیوەندیی ڕێکخراوەیی پشتی بە پەیوەندیی سروشتیی جێکەوتووتر بەستبێت، ئاژیتاتۆر لەڕووی ورە و عەمەلییەوە لەبەرامبەر پۆلیسی سیاسیدا لە مەوقیعەتێکی بەهێزتردا دەبێ.

لەم ڕوانگەیەوە دەبێ کۆمەڵە خاڵێکی تر بە شێوەیەکی جیدی لەبەرچاو بگرین. نابێ پۆلیس بتوانێ لە لای موبەلیغی حیزبی بەڵگەنامە و بڵاوکراوەکانی ڕێکخراو یان تەنانەت بڵاوکراوەی عەلەنیش پەیدا بکات. پەروەندەکەی دەبێ بە تەواوی لە بەڵگەنامە

و بڵاوکراوە "پاک" بێت. ئاژیتاتۆر جگە لە ئەنجامدانی کاری ئاژیتاتۆر، نابێ هیچ کاری تری حیزبی هەبێ. نابێ لە چاپ و دابەشکردنی بڵاوکراوەکان، گواستنەوە، گوێزانەوەی بەڵگەنامە، کۆکردنەوەی کۆمەکی ماڵی بە ناوی حیزبەوە، لە ڕاکێشانی کەسانی تازە بۆ حیزب (بە شێوەی ڕاستەوخۆ) هاوبەشی بکات، ئاژیتاتۆر دەبێ ئەرکی تایبەتی خۆی ئەنجام بدات.

ئەمە ئەرکی شانەی نهێنی و ئەڵقەکان و تۆڕەکانی دەوروبەری شانەن، کە هەڵسووڕانە ڕۆتینییەکانی شانە لەسەر زەمینەیەکی باشتر گەشە پێ بدەن، کە لە ئەنجامی هەڵسووڕانی هاوڕێی ئاژیتاتۆر دێتەکایەوە. لە هەلومەرجی ئێستادا، پێناسی ئاژیتاتۆری حیزبی و لایەنگریی ئەو بۆ حیزب، کەسێک جگە لە هاوڕێی مورەویج نابێ بیزانێ (دەبێ حیساب و کیتابی تایبەتیی نێوان هاوڕێی ئاژیتاتۆر لەگەڵ ناوەندی لیژنەی ڕێکخراوەیی سەر بە حیزب پێک بێت، تا لە کاتی پچڕانی پەیوەندی ئەو لەگەڵ هاوڕێی مورەویج، پەیوەندی ئاژیتاتۆر لەگەڵ شانە بە شێوەی پێویست سەرلەنوێ لە لیژنەی ڕێکخراوەییەکەوە بگەیەنرێتەوە). بە کورتی وزەیەکی زۆر دەبێ بخرێتە گەڕ، تا ئاژیتاتۆر بتوانێ لە ئەمنییەتییەکی تەواودا چالاکی بنوێنێ. ئەم خاڵەش زیاد دەکەم، کە پاڕاستنی هاوڕێی مورەویجیش زۆر حەیاتییە. هەم بەهای فەردی ئەو وەکوو کادرێکی کۆمۆنیست و هەم ڕۆڵێکی هەستیار کە لەم نێوەدا لە ئەستۆیدایە، وا پێویست دەکات کە ئەگەرچی بە قەدەر ئاژیتاتۆر ڕاستەوخۆ گیرۆدەی زەربەکانی کاتی ڕوودانی ئاکسیۆن نییە، بەڵام دەبێ لانی زۆری ئیمکانات بۆ پاڕاستنی ئەمنییەتی ئەو تەرخان بکرێ. هەروەها لە کاتی ڕووادنی هەر مەترسییەکی پۆلیسیی بۆ سەرشانەکە، مورەویجیش لەگەڵیدا تێوە بگلێ، دەبێ خێرا ئاگادار بکرێتەوە و ئیمکاناتی پێویستیش بۆ پاڕاستنی ئەمنییەتی فەردی ئەو بێتە کایەوە. گەیاندنی بڵاوکراوەکان بەدەستی هاوڕێی مورەویج، وەرگرتنی ڕاپۆرتەکانی ئەو دانیشتنانە کە ئەو تیایاندا بەشداری دەکات، دەبێ لە ڕادەیەکی ئەمنییەتی زۆر باڵادا ڕێک بخرێت.

## 2) کار لەگەڵ خاوەن ئامادەییە نوێکاندا

ئەگەر ڕابەرانی جێگرتووی کرێکاری لە یەک پرۆسەی <u>فێربوون و بارهێنانی ڕەخنەگرانەدا</u> لە حیزبی کۆمۆنیست نزیک دەبنەوە، خاوەن ئامادەییە نوێکان و ڕابەرە گەنجترەکان زۆرتر پێویستییان بە فێربوون و بارهاتنی <u>ئیسپاتییانەی</u> مارکسیزم و شێوازە عەمەلییەکانی ڕابەری کرێکاری هەیە. کاری فێرکردن و بارهێنان و



کێشکردنی ئەم دەستەیە لە کرێکاران، دەبێ هەر لە سەرەتاوە لە لایەن هاوڕێیانێکەوە ئەنجام بدرێ، کە لە هەمان شوێنی کار و ژیاندا ئامادەییان هەیە. ئەم هاوڕێیانەن کە دەبێ لیهاتوویی و ئامادەیی کرێکارانێک، کە دەتوانن ببنە ڕابەری عەمەلیی خەباتگێڕ، دیاری بکەن و هەر خۆیانن کە قوناغە سەرەتاییەکانی ئەم پرۆسەیە بەرەو پێش دەبەن. هەر هاوڕێیەکی حیزبی لە کارگە و گەڕەک دەتوانێ پەیوەندی لەگەڵ چەند کرێکاری لیهاتوو خاوەن ئامادەیی هەبێ و بە شێوەیەکی هەمیشەیی مەسەلەی هۆشیارکردنەوە و فێرکردن لە نێویاندا بەرەو پێش بەرێت. بەشێکی گرنگی ئەم فێرکردنە، فێرکردنێکی عەمەلی و ئەزموونگەرییە. پەروەردەکردنی ئاژیتاتۆر یەک پرۆسەی تا ڕادەیەک دوور و درێژە. هاوڕێی کرێکار دەبێ هەموو هونەری ئاژیتاسیۆن فیر بێ، وە بەمپێیە وەکوو هەر بەشێکی زانستی و هونەری دیکە دەبێ قوناغی جۆراوجۆر ببڕێت. فێری کار بێت، لە کاری سادەوە بۆ کاری ئاڵۆز بچێ.

ئاژیتاسیۆن تەنها ئازایەتیی ناڕەزایەتیکردن و بانگەوازکردنی کەسانی تر بۆ ناڕەزایەتی نییە، بەڵکە شێوە ڕێکخستن و ڕابەریکردنی جەماوەری کرێکارانیشە بە شێوەی ئاشکرا و نیمچە ئاشکرا. ئەوەی، کە ئاژیتاتۆری تازەکار دەبێ لەڕووی تیۆرییەوە فێری ببێ، جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ ئەودا نییە، کە هەر ئێستا لە ئەڵقە تەرویجییەکاندا جێگەی باس و لێکۆڵینەوەیە. بەڵام لەڕووی عەمەلییەوە ئەم مەسەلەیە تایبەتمەندیی خۆی هەیە. هیچ کەسێک ناتوانێ لە ڕۆژی یەکەمەوە لە ڕیزی پێشەوەی مانگرتنێکدا ڕابوەستێ و هەموو لایەنەکانی بە تەواوەتی ڕابەریی بکات. تاکەکەس دەبێ لەپێشدا فێری کارکردن لەگەڵ جەماوەری کرێکاران لە ئاستی جۆراوجۆردا بووبێت و پێداویستییەکانی ڕابەرایەتی هەنگاونانی ناڕەزایەتیکردن بناسێت، دەورەی کار و فێربوون بە مانای واقیعی وشەکە دەورەی فێربوونە. دەورەیەکە بە "پرۆژەکان" و ڕاهێنانەکان و دەرسەکانییەوە. هاوڕێی مورەویجی ئێمە دەبێ بە شێوەیەکی هۆشیارانە ئاژیتاتۆری تازەکار بخاتە ئەم تاقیکردنەوانەوە (ئەڵقە "خوبەخۆیی"یەکانی کرێکارانی پێشڕەو هەر ئێستا ئەم ڕەوشتە لە فێرکردنی کرێکارە خاوەن ئامادەییە نوێیەکاندا بەکار دەهێنن).

بۆ نموونە کێشە و هەرا شەخسییەکان، پەیوەندیی نێوان بەشێک لە کرێکارانی سارد و ناهاوڕێیانە لێکردووە، ئایا تازەکاری ئێمە دەتوانێ بە قسەکردن و بەڵگەهێنانەوە و ڕوونکردنەوەی بەرژەوەندییە چینایەتییەکانی کرێکاران ئەم جیاوازییانە لەنێو بەرێ و

بار و دۆخێکی هاوڕێیانە پێک بهێنێ؟ کرێکارێک لە کاتی کارکردندا زیانبار دەبێ و لە کار دەکەوێ، ئایا تازەکاری ئێمە دەتوانێ کاریک بکات، کە کرێکاران بە شێوەی کۆڕ و کۆمەڵ و بە دەست لە کار کێشانەوە بچنە لای و سەر لە خێزانەکەی بدەن و بۆ وەرگرتنی تەعویز گوشار بۆ خاوەنکار بێنن؟ ئایا تازەکاری ئێمە دەتوانێ سندوقێکی یارمەتی بۆ خێزانی ئەو هاوڕێ کرێکارەی کە لەکار کەوتووە ڕێک بخات؟ بۆ پشتگیریکردن لە کرێکارێکی خەباتگێڕی زیندانی چی دەکات؟ ئایا تازەکاری ئێمە دەتوانێ کارێ بکات، کە کرێکارانی ئەم یان ئەو بەشە، فڵانە ئەندامی ئەنجومەنی ئیسلامی کە دەستی بە تۆقاندنی کرێکاران کردووە بەپێی یەک بەرنامەی حیسابکراو پاشەکشە پێ بکەن؟

ئەم تەجروبانە زۆرن و لە ژیانی هەموو ڕۆژەی کرێکاراندا چەند جار دێتە بەردەم هەموو کرێکارێکی هۆشیار و خەباتگێڕ. لەم پرۆسەیەدا ئاژیتاتۆر بە قووڵی لەگەڵ مەسەلەکانی کرێکاران، توانای ئەوان، شێوە جیاوازەکانی ڕێکخستنیان، ئەو هۆکارانەی کە ئازایەتییان پێ دەبەخشێ یان نیگەرانیان دەکات، دەروونناسیی جەماوەری کرێکاران ... هتد. ئاشنا دەبێ، ئەمانە هەموویان پێداویستییەکانی بوون بە ڕابەری عەمەلیی کرێکارانن.

لەڕووی عەمەلییەوە سەردەمی ئامادەکردن و کێشکردن دەبێ لەژێر چاودێری هاوڕێیەکی مورەویجی حیزبیدا ببرێتە پێش. بەو ڕادەیەی کە هۆشیاری و ئەزموونی ئاژیتاتۆری داهاتووی ئێمە زیاد بکات، بە هەمان ڕادەش لەڕووی عەمەلییەوە لە حیزب نزیک دەبێتەوە. ئەم هۆشیاری و ئامادەیییە دەبێ بە ڕادەیەکی وا بچێتە سەر، کە ئاژیتاتۆر خۆی خوازیاری کاری جیددی و ڕاستەوخۆ لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیست و ئەندامەتی لە حیزبدا بێت.

کاتێک، کە ئاژیتاتۆر جێگەی خۆی وەکوو کۆمۆنیستێک لە حیزبدا و وەک ڕابەرێک لە پێشەوەی کرێکارانەوە بەدەست بینێ، مەسەلە عەمەلییەکانی ڕێکخستنی ئەو جۆرێک دەبێ، کە پێشووتر باسمان کرد. هەروەها پەروەردەکردنی ئاژیتاتۆر هەر لە قۆناغەکانی سەرەتاوە بە مانای ئەوە دەبێ، کە بەرەبەرە پەیوەندیی سروشتیی پتەو لە نێوان ئەو و مورەویج، وە یان مورەویجەکانی حیزبدا پێک هاتووە، هاوڕێیەتی کۆن و پشت پێ بەستراو دروست بووە و مورەویج و ئاژیتاتۆر بە قووڵی ئیمکانات و کەسایەتیی فەردی یەکتر دەناسن. ئەمە کە خۆی یەکێکە لە پێکهێنەرەکان و



نیشانەکانی جەماوەرییبوونی شانە بنەڕەتییەکان لەنێو کرێکاراندا، دەستی ئێمە تا ڕادەیەکی زۆر لە ڕێکخستنی گونجاوی پەیوەندیی ڕێکخراوەیی نهێنی لەگەڵ ئاژیتاتۆری عەلەنیکاردا ئاوەڵا دەکات.

## 3) توانای ئاژیتاتۆر لە ڕێکخراوکردندایە

توانای چینی کرێکار لە ڕێکخراوبوونیدایە. ئەمە حوکمێکی سەرەتایی خەباتی چینایەتیی کرێکارانە. بەڵام سەبارەت بە هەر کرێکارێکی خەباتگێڕی تاکیش ئەم حوکمە ڕاستە. ڕێکخراوبوون ئەگەر ڕێکخراوێکی پرۆلیتاری بێ، هێز بە کرێکاری خەباتکار دەبەخشێت، پشتبەخۆبەستوویی ئەو زیاد دەکات، وره و چاونەترسی و دڵنیایی ئەو لە سەرەنجامی کارەکەی دەکاتە دەیان جار. ڕابەرانێکیش کە پەیوەندی بە ڕیزەکانی ئێمەوە دەکەن، دەبێ ئەو هەستەیان لا پەیدا بێت. ڕێکخراوبوون لە حیزبدا دەبێت بەو مانایە بێت کە ئەوان مەسەلەی ڕابەریکردن باشتر ئەنجام ئەدەن، هەست بە ئەمنییەتی باشتر دەکەن، دڵنیایی زیاتریان لە بەردەوامکاری خەباتیان دەبێت، کارتێکردنی زۆرتر بەجێ دەهێڵن، لەبەرامبەر دوژمندا خۆیان بەهێزتر دەبینن و دڵنیایی زۆرتر دەبینن. سەبارەت بە کاریگەری و سەرەنجامی چالاکییەکانیان بۆ سەر خێزان و ژن و منداڵەکانی خۆیان چ لەڕووی مادی و چ لەڕووی مەعنەوییەوە. سەتحیگەرێتی سیاسی و ڕێکخراوەیی گروپە پۆپۆلیستەکان و بایەخنەدانیان بە پێداویستییەکانی کرێکارانێکی خەباتکار، کە ڕوو لە کاری ڕێکخراوەیی دەکەن، بەکردەوە لە زۆر جێگادا ڕێکخراوی سیاسی دەکردە قورساییەک بەسەر پێی کرێکارانی خەباتکار و بارێک بەسەر شانیانەوە. شێوەکاری حیزبی کۆمۆنیست، شێوەکارێکی ترە. ئەمە دەبێ بە عەمەلی بسەلمێنرێ.

## 4) لە کۆتاییدا جارێکی تر دەربارەی گرنگیی ئاژیتاتۆری کۆمۆنیست

ڕاکێشان و پەروەردەکردنی ئاژیتاتۆرە کۆمۆنیستەکان پرۆسەیەکی دژوار و درێژخایەنە. بەڵام لە سەرەتاشەوە بڕیار نەبووە شۆڕشی کۆمۆنیستی کارێکی سادە بێت و زوو بە ئەنجام بگات. ئاژیتاتۆری کۆمۆنیست یەک پایەی ئەم شۆڕشە کۆمۆنیستییەیە. تا ئەو کاتەی کۆمۆنیستەکان لە مەیدانی کاری سیاسیدا خۆیان تەنها بە کاری نهێنییەوە ببەستنەوە (بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەشی، کە لەم مەیدانەشدا کاری خۆیان بە باشیش بەرن بەڕێوە) و مەیدانی کاری عەلەنی و ڕابەرایەتی جەماوەری

بەو بەشانە بسپێرن، کە لانی زۆر توانای خەباتیان بۆ ڕیفۆرم هەیە و ڕیفۆرم و توانای شۆڕشگێڕی چینی کرێکار لە چوارچێوەی یاسا و بڕیارەکانی کۆمەڵگای بۆرژوازیدا دەهێڵێتەوە، شۆڕشی کۆمۆنیستی ئیمکانی نییە. کۆمۆنیستەکان حەکیمێکی خێرخوا نین کە چینی کرێکار "بە شێوەی گشتی" هۆشیار بکەنەوە، بەڵام بە شێوەی موشەخەس و لە خەباتی عەمەلیدا بیدەنە دەست سەندیکالیزم و ڕیفۆرمیزم.

ئاژیتاتۆری کۆمۆنیست بۆ ڕابەریکردنی جەماوەری کرێکاران نەک تەنها بەشێکی جیانەکراوەی هەر تێکۆشانێکە، بەڵکە لەڕووی هۆشیاریشەوە، بە ڕادەیەک کە ئەم هۆشیارییە دەبێ لە دڵی خەباتی ئێستا و عەمەلیدا فێر بێت، ڕۆڵی حەیاتی هەیە. حیزب بەبێ ئاژیتاتۆری حیزبی ناتەواوە و بە ناچاری سەرکەوتوو نییە. بەڵام ئاژیتاتۆری کۆمۆنیست لەسەر درەخت سەوز نابێ، بەرهەمی کاری پەیگیر و درێژخایەنی کۆمۆنیستەکانە لە دەروونی چینی کرێکاردا.

دەبێ کارێک بکەین کە دەورانی بێ ڕابەرایەتی کرێکاران کۆتایی بێت و باشترین توخمەکانی چینی کرێکار، کرێکارانی کۆمۆنیست، ڕابەران و ڕێکخەرانی کاری جەماوەری بە هیمەتی حیزبی کۆمۆنیست و چینی کرێکار لە کارخانەکان و گەڕەکەکان، لە مانگرتنەکان، خۆپیشاندانەکان، سەنگەر و ڕاپەڕیندا، بەدەست بێنین ...

دەبێ کارێک بکەین، کە لە سبەینێیەکی نزیکدا، لە هەموو جێیەک بۆرژوازی لەگەڵ کرێکارانی ناڕازی و ڕاپەڕیو ڕووبەڕوو بێتەوە، لەسەروو وە لە پێشەوەی ڕیزەکانی ئەواندا کرێکارانی کۆمۆنیستی پەیگیر ببینن، کە لە یەک حیزبی سیاسی نهێنی بە دیسپلینی پۆڵایین بە یەکترییەوە گرێ دراون. کرێکارانێکی کۆمۆنیست کە ئەڵقەی پەیوەستکەری جەماوەری مەزنی کرێکارانن لە ڕێکخراوی پیشەیی ئەم چینەوە، واتە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران. ئەگەر دەمانەوێ ئەو ڕۆژە زووتر بگات، ئەمڕۆ دەبێ بە شێوەیەکی جیدی مەسەلەی پێکهێنان و بەرفراوانکردنی ڕێکخراوی نهێنیی کۆمۆنیستی لەنێوان کرێکاراندا لەگەڵ مەسەلەی پەروەردە و ڕاکێشانی کۆمۆنیستەکان پێکەوە گرێ بدەین. دەرککردن بە گرنگی و جێگای ئاژیتاتۆری کۆمۆنیست، هەنگاوی یەکەمە لەم ڕێگەیەدا.

وەرگێڕانی: ئاوات سەعید، ڕزگار مەحەمەد
تایپکردنەوەی: ئامانج ئەمین



تێبینی: ئەم باسە لە لایەن ڕێکخراوی "ڕەوتی کۆمۆنیست"ەوە لە بەرواری حوزەیرانی 1990دا چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە:
حوزه های حزبی و آکسیون های کارگری
"کمونیست"، شمارەهای 17، 18، 19 و 20
اسفند 63 تا خرداد 64

# مارکسیزم و پراکتیکی شۆڕشگێڕانه

(دەربارەی میتۆدۆلۆژیی لێنین)

جیاوازی لێنین و بۆڵشەڤیکەکان لە بناغەییترین ئاستیدا لەگەڵ مەنشەڤیزم، جیاوازییەکی میتۆدۆلۆژییە. بەڵام ئەم جیاوازییە لەو شوێنەدا نییە کە "یەکێتیی کۆمۆنیستی" بەدوایدا دەگەڕێت. ئەم جیاوازییە لە ڕەوشی شیکردنەوەی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و "هاوسێیەتی و ئەو هاوپێکهاتووانەی بەرهەمهێناندا نییە کە لەودا هەن. تەنانەت ئەم جیاوازییە لەو جیاوازییانەوە پەیدا نەبووە، کە لە شیکردنەوەی فۆرمیلاسیۆنە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای ڕووسیادا هەن. "یەکێتیی کۆمۆنیستی" لە پێناو ڕۆشنکردنەوەی میتۆدۆلۆژی لێنیندا، بانگهێشتی خوێنەر دەکات بۆ دووبارە خوێندنەوەی کاپیتاڵی مارکس (هەر بەو شێوەیەش بینیمان کە چۆن ئەم کتێبەش، بە پشتبەستن بە تەعمیمکردنی چەند بینراوێک لە "دنیای بچووکی کارخانەی ئینگلیزی" تا ئاستی نموونەیەکی دابڕاو لە کۆمەڵگای سەرمایەداری هێنراوەتە خوارەوە). بەڵام میتۆدۆلۆژیی مارکسیزم بە مانای ورد و کۆی وشەکە، نە لە کاپیتاڵەوە دەستپێ دەکا و نە بە تەواوی و ڕاستەوخۆ لە کاپیتاڵدا ڕۆشن کراوەتەوە. تەنانەت نە بە شێوەیەکی لەپێشدا دانراویش پێویستە لەوێدا بۆی بگەڕێین. کاپیتاڵ نموونەیەکی بەرجەستەی بەکارهێنانی میتۆدۆلۆژیی مارکسە لە مەیدانێکی گرنگی ڕەخنەگریدا. بەڵام کاپیتاڵ دانراوێک نییە کە بۆ ڕۆشنکردنەوەی خودی ئەم میتۆدۆلۆژییە بشێت، میتۆدۆلۆژییەک کە بە مەیدانی ئابووری سیاسییەوە سنووردار نابێتەوە. "یەکێتیی کۆمۆنیستی" ئەوە پشتگوێ دەخات کە مارکس خۆی لە ساڵی 1845دا، چەندین ساڵ بەر لە نووسینی کاپیتاڵ، ماتەریالیزمی تایبەتی خۆی، یانی کۆمەڵەی هەبوونناسی، ئیپستمۆلۆژیا و میتۆدۆلۆژیی خۆی لە 11 تێزی کورتدا دەربارەی فۆیەرباخ (کە چەقی باسەکانی کتێبی ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی پێک دەهێنێ) بە ڕۆشنترین شێوە خستۆتە ڕوو. "تێزەکان دەربارەی فۆیەرباخ" و "ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی" ئەو دانراوە بنەڕەتییانەن کە پێویستە بۆ دەرککردنی میتۆدۆلۆژیی مارکس بۆیان بگەڕێینەوە. بابەتی ئەم تێزانەش ئیتر باسێک نین دەربارەی ئابووریی سیاسی، بەڵکوو باسە دەربارەی ڕەخنە لە ماتەریالیزمی میکانیکی و ئیسکۆلاستیک و بنیاتنانی



ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەی زانستی و پەیگیر لە بارەی هەموو جیهان و دەوروبەرەوە کە کۆمەڵگا و پراتیکی ئینسان لە کۆمەڵگادا تێیدا تەوەرەیە. ئەگەر کەسێک بیەوێت لێنین و ڕەوشی ئەو (وەک یەک مارکسیستی واقیعی) بناسێ، ئەوا دەبێ لە تێزەکانی مارکس دەربارەی فۆیەرباخ و فێرکارییەکانی ئەوەوە سەبارەت بە پراتیکی شۆڕشگێڕانە و ئەو ماتەریالیزمەی کە ئەم پراتیکە تێیدا تەوەرەیە بۆ تیڕوانینی جیهان، دەستپێ بکات، نەک لە "پەرەسەندنی سەرمایەداریی ڕووسیاوە".

میتۆدۆلۆژی لێنین، هەمان میتدۆلۆژییە کە بەپێی بنەما، پێویستە هەر مارکسیستێک لێیەوە دەستپێ بکات. ئەمەش شتێکی زیاتر نییە لە وەفاداربوونی بەکردەوەی ئەو بۆ ماتەریالیزمی تایبەتی مارکس. یانی ماتەریالیزمی پراتیک ماتەریالیزمێک کە دیالێکتیک پەیوەندی پێکەوە گرێدراوی پراتیکی ئینسانی لەگەڵ جیهانی بابەتیدا بەدەست هێناوە. بەم مانایەش میتۆدۆلۆژیی لێنین بە شێوەیەکی گشتی بەدەرە لە هەر جۆرە خۆتایبەتمەندبوونێک، لەچاو مارکسیزمی ئەرسەدۆکسدا. بەڵام کاتێک دەیهێنینەوە یاد کە چۆن تەفسیری ئیسکۆلاستیکی و میکانیکی و دیترمینستی و هاوشێوەکانی بۆ مارکسیزم چەندە ڕەواجێکی فراوانی هەیە. کاتێک کە قەوارەیەکی یەکجار گەورە لە ئەدەبیاتی ڕیڤیژینیستی لەبەرچاو بگرین، کاتێک کە بۆچوونی مەنشەڤیکەکان لە سەرەتای سەدە و بۆچوونەکانی یەکێتیی کۆمۆنیستی کۆتایی سەدەی بیستەم، کە هەموویان بەناوی مارکسیزمەوە دەخرێنە ڕوو، هەموو ئەمانە بهێنینەوە یاد، ئەو کاتەش بەوە دەگەین کە وەفاداری بۆ مارکسیزمی واقیعیی مارکس لە ڕاستیدا یەک تایبەتمەندیی خودییە. ئەم تایبەتمەندییە خودییەی لێنین، لێنینیزم و ئەو مەیلانەیە کە ئاڵای خەباتیان لەدژی لادانی بۆرژوازی لە مارکسیزمدا بەدەستەوە گرتووە.

تایبەتمەندیی ماتەریالیزمی مارکس، ئەوەیە کە پراتیک بە شێوەیەکی گشتی و پراتیکی شۆڕشگێڕانە بە شێوەیەکی تایبەتی جێگایەکی بڕیاردەری لە تیڕوانین و جیهانبینی ڕەخنەگرانەدا هەیە. ئەوەی مارکس ماتەریالیزمی بۆ خۆجیاکردنەوە لە ماتەریالیزمی کۆن، بە "ماتەریالیزمی پراکتیک" ناو دەبا و بە تایبەتیش وشەی "کومۆنیست" و "ماتەریالیستی پراکتیک" بە هەمان تەریب بەکار دەبات، ** خۆی نیشانەیەکی ترە بۆ ڕۆڵی میحوەری چەمکی "پراتیکی شۆڕشگێڕانە" لە مارکسیزمدا. دەڵێین چەمکی "پراتیکی شۆڕشگێڕانە"، چونکە مارکسیزم شتێکی واوەتر لە ماتەریالیزم لە فەلسەفە و

پراتیکی شۆڕشگێرانە لە سیاسەتدا نییە. مارکسیزم پراتیکی شۆڕشگێڕانە بە وێنەی چەمک و گاتیگۆرییەکی فەلسەفی، لە تەجریدترین ئاستدا دەباتە نێو ڕەخنە و ئیبستمۆلۆژیاوە. بەم جۆرەش پراتیکی شۆڕشگێڕانە، لەپاڵ دەستەواژەیەکی وەک بابەتی، خودی هەبوون، ناسین و ... هتد. بە وێنەی چەمکی لێکدانەوە دەباتە نێو قووڵترین ئاستی ئەندێشە و بیرکردنەوەوە. پراتیکی شۆڕشگێڕانە، تەنها بانگەوازێکی سیاسی_ ئەخلاقی نییە، بەڵکوو یەکێک لە گۆشە بنەڕەتییەکانی ڕەخنەگرتنە لە فەلسەفەدا. مارکس دەستەواژەی "پراتیک" بە تەوەری ڕەخنەی خۆی لە ماتەریالیزمی کۆن دادەنێ و هەر ئەمەش دەکاتە بەردی بناغەی بوونناسی و زانینناسی و میتۆدناسی لە ماتەریالیزمی تایبەت و جیاوازی خۆیدا.

ماتەریالیزمی کۆن، ماتەریالیزمێکی میکانیکی کە تەنانەت فۆیەرباخیش ڕزگار نەبوو لێی، لە توانایدا نەبوو خۆی لە لێکدانەوەی ڕاوەستاو و میتافیزیکی سەبارەت بە جیهانی بابەتی و بیری مرۆیی ڕزگار کات. لەم ماتەریالیزمەدا لە لایەک جیهانی بابەتی، دنیای هەستپێکراو و "واقیعیەت" هەیە و لە لایەکی دیکەوە، هۆشی مرۆڤ وەک ئاوێنەیەک لەبەرامبەر ئەم جیهانە بابەتییەدایە. جیهانی بابەتی دراوە، لە خودی خۆیدا و لەمیانەی خۆپەرەسەندنیدا، سەرنجی بۆ ئەدرێ و بیری مرۆڤیش وەک لێکدانەوەیەک کە عەکس بۆتەوە، خەیاڵی و کارتێکراوی ئەم جیهانە دەرەکییەیە. مارکس ئەم دووانەییە میکانیکی و میتافیزیکییە تێک دەشکێنێ. بۆ ئەو لە لایەک جیهانی بابەتی خۆی لە هەمان کاتدا بەرهەمی پراتیکی توخمێکی چالاکە و ئەم پراتیکە ئینسانییەش هاوکات خۆی بە هەمان پلە واقیعی و هەستپێکراو و بابەتییە. وە لە لایەکی تریشەوە ڕاستی و دروستی بیرکردنەوەی ئینسانی، یانی ئەو پرسیارەی کە ئایا ئەم بیرکردنەوەیە دەتوانێ بەدروستی جیهان و دەوروبەری خۆمان "عەکس کاتەوە" وە یان لێک بداتەوە، لە گرەوی پراتیکدایە. پراتیکێک کە لەسەر بنەمای ئەم لێکدانەوەیە دەست بۆ گۆڕینی جیهان بەرێ و بەم هۆیەشەوە دروستی خۆی بە سەلماندن بگەیەنێ. تا ئەو جێگەیەی کە مەبەست لە جیهانی بابەتی، کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە، مارکس دوو پرۆسەی پەرەسەندن بە شێوەیەکی مۆنیستی و دروست پێکەوە دەبەستێتەوە. ئەویش کۆمەڵگا و بیرکردنەوەی ئینسانییە کە لە ئەڵقەی پراتیکی ئاڵوگۆڕبەخشدا پێکەوە پەیوەند دەگرن. پەرەسەندنی کۆمەڵگا بەجیا لە پراتیکی توخمی زاتی(چالاک)، لە تواناد‌ا نییە کە ئەم پەرەسەندنە و خودی مرۆڤیش لێک بدرێتەوە و



نیشان بدرێ. هەر وەک چۆن ئەم پراتیکە، بەجیا لە جەرگەی کۆمەڵایەتیی خۆیدا ناتوانرێ دەربخرێ و پێناسەی بۆ بکرێ. بەم شێوەیەش مارکس مرۆڤ دەباتە نێو جێگای واقیعی خۆیی و لە مێژووی خۆیدا دای دەنێ. جێگایەک کە ئیتر مرۆڤ بیرکەرەوە و لێکدەرەوەیەکی پاسیڤیستی جیهانی بابەتی نییە، بەڵکوو هێزی ئاڵوگۆڕبەخشی ئەم جیهانەیە. ئیتر هەلومەرجی بابەتی نە کۆتی دیلێتییە و نە کۆمەڵە بڕیارێکە بۆ ئەوەی کۆیلەکان پەیڕەوی لێ بکەن، بەڵکوو هەلومەرجێکە بۆ چالاکیی مرۆیی و زەمینەی ئیختیار و توانای ئەوە. ئەم هەلومەرجە ئاستی مێژوویی توانای ئاڵوگۆڕبەخشی مرۆڤ پێناسە دەکات، بەڵام خودی ئەم ئاستە و ئەم هەلومەرجە لە ڕێگای پراتیکی ئینسانییەوە دەگۆڕدرێت. بەم جۆرەش ئینسان دەگۆڕدرێ بە خوڵقێنەری مێژووی خۆی، ئەمەش لەژێر سایەی هەلومەرجێکدا کە خۆی دیاری نەکردووە. لە ماتەریالیزمی کۆندا مرۆڤ لێکدەرەوە بوو، بەڵام لە ماتەریالیزمی مارکسدا مرۆڤ بوونەوەرێکی ئاڵوگۆڕبەخش و ئاڵوگۆڕپێدەرە. سەرەڕای ئەمانە لە مارکسیزمدا مرۆڤ لە دیاردەیەکی موجەرەد و خۆی لەخۆیدا، بۆ یەک بوونەوەری کۆمەڵایەتی دەگۆڕدرێ. "خودێتیی مرۆڤ"، خودێتیی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ (لە بونیادی کۆمەڵایەتیشدا هەبوونی چینایەتی مرۆڤ) پێناسە دەکرێ. پراتیکی شۆڕشگێڕانەی مرۆڤ، بە شێوەیەکی دیاریکراوتر، پراتیکی مرۆڤ وەک ئەوەی بەشێکە لە چینێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو و لە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراودایە، سەرنجی بۆ دەدرێ.

مارکس بابەتی بیرکردنەوەی پێش خۆی پەسەند ناکات، چونکە بۆ ئەو مەسەلە، گۆڕینی جیهانە، ئەو لە هێرشەکانیدا فۆیەرباخ دەدوێنێ و دەڵێ کە "گرنگیی چالاکیی شۆڕشگێڕانە و پراتیکی_ ڕەخنەگرانەی بەدەستەوە نەگرتووە" و ماتەریالیزمێکی کۆن دەلاوێنێتەوە کە وسف و توێژینەوەی "توخمی چالاک"ی بە تەواوی سپاردووە بە ئایدیالیزم_ ئایدیالیزمێک کە بەپێی پێناسە توانای دەرککردنی پراتیکی واقیعی نییە.

دەخاڵەتگەریی چالاکانەی مارکسیزم لە مەیدانی سیاسەتدا و هەروەها لێکهەڵپێکانی "ڕەخنەی کۆمەڵایەتی" و "تیۆری شۆڕش" لە پەیکەرەی مارکسیزمدا، لەو شوێنەوە گرێ دەخۆن کە دەستەواژەی "پراتیکی شۆڕشگێڕانە" لەنێوەندی تێڕوانین و بیرکردنەوەی فەلسەفیی مارکسیزمدا جێگا دەگرێ. "ماتەریالیزمی پراتیک" دروستترین و وردترین ناوێکە کە تایبەتمەندی بە تێڕوانین و ڕەخنەگریی مارکسیزم بەخشیوە.

بەم شێوەیە ڕۆشن دەبێ کە میتۆدۆلۆژیی مارکس شتێکی زیاترە لە میتۆدۆلۆژیی ڕەخنەی تیۆری ئەو لە بواری ئابووریی سیاسیدا. تەنانەت ئەم میتۆدۆلۆژییە بەر لە ڕەخنەی ئەو لە ئابووریی سیاسی، لە بنەڕەتەوە لە ڕێگای بەکارهێنانی ڕەخنە لە ئاستێکی تەجریدیتردا، یانی لە ڕەخنەگرتن لە فەلسەفەی ئەڵمانییەوە بەدەست هاتووە و خراوەتە ڕوو. هێنانەخوارەوەی میتۆدۆلۆژیی مارکسیزم بۆ سەر ئاستی میتۆدۆلۆژیی شیکاری و ڕەخنەگرتن لە ئابووریی سیاسی و لەوەش کەمتر بۆ سەر ئاستی ڕەوشێکی دیاری کراو بۆ پێناسەکردنی "شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری" لە ئەنجامدا، کەمکردنەوەی یەک گشتی کۆ و شامیلە بۆ ئاستی یەک بەشی دیاریکراو، لە یەکێک لەو مەیدانە شمولییەدا کە بەکار براوە. ئەم کەمکردنەوەگەراییەش ڕەنگدانەوەیەکی ترە لەو مەیلە هەمیشەییەی ئەکادیمیایی بۆرژوازی کە دەیەوێت مارکسی شۆڕشگێڕ بگۆڕێت بە یەک ئابووریزان. دواتر دەبینین کە چۆن لێنین جیاوازییەکانی خۆی لەگەڵ مەنشەڤیکەکاندا، لە ڕێگای گەڕانەوەی بۆ هەمان ماتەریالیزمی پراتیک (و بە شێوەیەکی دیاریکراوتر بە گەڕانەوەی بۆ "تێزەکان دەربارەی فۆیەرباخ")، ڕۆشن دەکاتەوە، بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە ئاماژەیەکی بە پێناسەکانی مارکس لە مەیدانی ڕەخنە لە ئابووریی سیاسیدا دابێت.

کەوایە ئەو خاڵەی کە لە هەر جۆرە هەڵسەنگاندنێکی میتۆدۆلۆژیی مارکسیزمدا (میتدۆلۆژیی لێنین)، دەبێ بهێنرێتەوە یاد، ئەوەیە کە ئەم میتۆدۆلۆژییە ڕەوشێکی ڕووتی بیرکردنەوە و شیکارکردن نییە، بەڵکوو یەک ڕەوشی پراتیکییە(بە مانا فراوانە چینایەتییەکەی)، یانی ڕەوشی پراتیکی شۆڕشگێڕانە و ئاڵوگۆڕبەخشە. بە زۆری لێرە و لەوێ دەیخوێنینەوە کە تایبەتمەندی و خاسیەتی دیارکراوی میتۆدۆلۆژیی لێنین بریتییە لە "شیکردنەوەی تایبەت بۆ هەلومەرجی تایبەت". ئەمە بە زمانێکی تر هەر ئەو شتەیە کە یەکێتیی کۆمۆنیستی دەری دەبڕێ، لێنین بە مەبەستی خستنە ڕووی ستراتیژی شۆڕش، ئابووریی ڕووسیای بە شێوەیەکی دیارکراو شی کردۆتەوە. بێگومان "شیکردنەوەی تایبەت بۆ هەلومەرجی تایبەت" جێگای خۆی لە هەر شیکردنەوەیەکی مارکسیستیدا هەیە. بەڵام ئەمە نە تایبەتمەندیی مارکسیزمە و نە لە بنەڕەتەوە بە مەسەلەی میتۆدۆلۆژییەوە گرێ دەخوا. چونکە بە شێوەیەکی ئوسووڵی پرسیار ئەوەیە کە مارکسیزم بە گشتی و لێنین بە تایبەتی بە کام میتۆدۆلۆژییەوە، دەچێتە سۆراغی "هەلومەرجی تایبەت"ەوە. یەکێتیی کۆمۆنیستیش "هەلومەرجی تایبەت"



بە شێوەی "تایبەت" شی دەکاتەوە، بەڵام ئەم شیکردنەوەیە بە میتۆدۆلۆژی دیترمینیستی و ئولۆسیۆنیستییەوە شکڵ دەگرێ. ئامانجی ئەم شیکردنەوەیە ئەوەیە کە بزانرێ "کام چینانە لە باری مێژووییەوە گرنگی زیاتریان هەیە"، "ئابووری" چ حوکمێک لە بارەی "خەسڵەتی شۆڕش"ەوە دەردەکات و ئەمەی دووەمیشیان چۆن ڕۆڵی چینە "ڕێپێدراو و ڕێپێنەدراوەکان" لە هەستان بەکاری ڕابەریدا ڕۆشن دەکاتەوە. وە یان ئەوەی کە کام چینە دەبێ "ڕۆڵی مێژوویی" خۆی بگێڕێ. شیکردنەوەی تایبەت بۆ بیستنی پەیامی ئابوورییەکی "تایبەت"، ئەویش دیسانەوە شیکردنەوەیەکی تایبەتە بۆ هەلومەرجێکی تایبەت بەبێ ئەوەی شیکردنەوەیەکی مارکسیستانە بێت. شیکردنەوەی لێنین بۆ هەلومەرجی ڕووسیا پێشەکییەکە بۆ نیشاندانی ئەرکەکانی پرۆلیتاریا لە شۆڕشی ڕووسیادا. چینێک کە بوونی ئەو و پێویستیی ڕابەریکردنی ئاڵوگۆڕە شۆڕشگێڕییەکانی سەدەی بیستەم لە لایەن ئەم چینەوە، بەر لە هەر لێکدانەوەیەکی تایبەتیی فۆرمیلاسیۆنە کۆمەڵایەتییەکانی ڕووسیا، مەسەلەیەکە کە بۆ لێنین بە فەرز گیراوە و براوەیە. لێنین نە لە "پەرەسەندنی ڕووسیا"وە و تەنانەت نە لە "شۆڕشی ڕووسیاوە"، بەڵکوو لە سەنگەری پرۆلیتاریاوە دەستپێ دەکات و دەبزوێ، چونکە ئەو بیریار و سیاسەتمەدار و ڕابەری بەکردەوەی هەر ئەم چینەیە. بەم پێیەش ئەوە یەکێتیی کۆمۆنستییە کە هەر لە سەرەتاوە پێی ناوەتە ڕێگایەکی هەڵە و بێئاکامەوە، کاتێک لە زمانی لێنینەوە ئەو پرسیارە دەخاتە ڕوو کە دەڵێت:

"لە فۆرمیلاسیۆنە کۆمەڵایەتییەکانی ڕووسیادا کام چینە لە باری مێژووییەوە گرنگی زۆرتری هەیە و کام چینە دەتوانێ ڕۆڵی ڕابەری لە شۆڕشی ڕووسیادا لە ئەستۆ بگرێ؟ "

ئەم پرسیارە نەک هەرگیز خاڵی لێوە هەستانی لێنین نەبووە، بەڵکوو ڕاستەوخۆ لەبەرامبەر میتۆدۆلۆژییەکدایە کە ئەو هەیەتی. ئەمە پرسیار و خاڵی لێوەهەستان و بناغەی بەڵگەهێنانەوەکانی مەنشەڤیکەکانە و هەر ئەو وەڵامەشیان لێ گرتووە کە پراتیکی سازشکارانە و پاشکەوتووییان بۆ بۆرژوازی هەبێ، چونکە ئەم چینە "لە باری مێژووییەوە گرنگی لە پێشتری" هەیە. تازە ئەگەر وای دابنێین کە لێنین بە واقیعی لەم شێوە پرسیارە مێژوونوسییەوە دەستی پێ کردووە، بەڵام دیسانەوە وەڵامی ئەو بەو پرسیارە، یانی ئەوەی کە دەرخستنی ناسنامەی چینێکی"لە بارەی مێژووەوە گرنگ" لە ڕووسیادا، نابێ بەوەی کە لێنین وەڵامی خۆی لە هەڵسەنگاندنی

پەیوەندییە ئابووری و چینایەتییەکانی ڕووسیاوە، بداتەوە. لێنین وەک هەر کرێکارێکی شۆڕشگێڕ و هۆشیار بە بەرژەوەندی چینایەتی، وەک هەر کۆمۆنیستێکی جیددیی مانیفێستی کۆمۆنیست، ئەو شوێنەیە کە چینی کرێکار تێیدا بە سەلماوترین شێوە و لەوانەش بۆ بەهۆشهێنانەوەی هەر مێژووپەرستێکی مەلایانەی وەک یەکێتیی کۆمۆنیستی کە بەشوێن وردەوشەوەیە، ڕایگەیاندووە کە خودی چینی کرێکار "لە باری مێژووییییەوە گرنگیی زیاتری هەیە". خودی وجودی سۆسیال دیموکراسیی ڕووسیا و بەشداریی لێنین لەم بزووتنەوەیەدا، بە مانای ئەوەیە کە نە تەنها هەر لە سەرەتاوە بڕیاری خۆی دەربارەی وەڵامدانەوە بەم پرسیارە داوە، بەڵکوو لێنین خۆی بە بەشێک لەم چینە دەزانێ "کە لە باری مێژووییەوە" گرنگە. بۆ لێنین وەک هەر کۆمۆنیستێک کە مارکسیزم دەرمانێک نییە بۆ توندوتیژکردنەوە و "ڕادیکاڵکردنەوەی ئۆمانیزم و ناسیۆنالیزمەکەی، پرۆلیتاریا چ لە باری مێژووییەوە بێت و "چ نەبێت" گرنگیی زیاتری هەیە. لێنین چاودێر و ڕاڤەکەری شۆڕش نییە، بەڵکە ئەو یەکێک لە بەشدارانی شۆڕشە، نەک هەر ئەمەش تەنانەت ئەو ڕێکخەری شۆڕشی چینێکی دیاریکراوە. بەم حاڵەوە ئەگەر کەسێک لێی بپرسێت "لە باری مێژووییەوە چ چینێک گرنگی هەیە" و "چ کەسێک پێویستە ڕابەری شۆڕش لە ڕووسیادا بگرێتە ئەستۆ"، ئەو لە وەڵامدا لە ئامارە کشتوکاڵییەکانی ڕووسیاوە وەڵام ناداتەوە، بەڵکوو لە مانیفێستی کۆمۆنیستەوە بەڵگە دێنێتەوە. (ئێستا لەوە دەگوزەرێین کە تەنانەت یەک ڕاڤەکاری ئابووریگەرای تێگەیشتووتر لە یەکێتیی کۆمۆنیستی کە هەم گرنگیی "مێژوویی" چینەکان لە ڕووسیا لە ئابووریی ڕووتی خودی ئەم وڵاتەوە بەرئەنجام وەرناگرێ. ئایا لە وڵاتی_ نیپاڵ_یش پێویستە دیسانەوە بۆ ئەوە بڕوانین کە چ چینێک لە باری مێژووییەوە گرنگی هەیە!؟) لێنین خۆی بەشێک لە توخمی چالاکی شۆڕشێکە کە زۆر لە مێژە شەپپووری خۆی لە ئاست جیهاندا لێداوە. کاری ئەو هەڵسەنگاندنەوەی سەرلەنوێی "گرنگیی مێژوویی" چینەکەی خۆی نییە، بەڵکوو دەستبەکاربوونییەتی بۆ بەسەرکەوتنگەیاندنی ئەم چینە لە یەکێک لە مەیدانەکانی مەوجودییەت و خەباتەکەیدا، یانی لە ڕووسیا. بەم پێیە یەکێتیی کۆمۆنیستی بە خستنەڕووی پرسیارێکی ئاوا لەم شێوەیەیدا، هەر لە سەرەتاوە میتۆدۆلۆژیی لێنین ئاوەژوو دەکاتەوە. بەتایبەتی کە لێنین وجودی خۆی و چینەکەی و ئامانجەکانی لەپێشەوە بە فەرز وەرگرتووە. شیکردنەوەی مارکسییانەی ئەو بۆ کۆمەڵگای ڕووسیا بڕیارە ئەوەی پێ نیشان بدات



کە کام پراتیکی دیاریکراوی سیاسی ئەتوانێ تواناکانی پرۆلیتاریا بسازێنێ بۆ ئەوەی لە هەلومەرجێکدا کە هەیە، ڕۆڵی ئاڵوگۆڕبەخشترین و کارسازترینی خۆی لە ڕاستای بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی خۆی و(ڕزگاریی کۆمەڵگاش)دا بگێڕێ. بۆ لێنین هەرگیز پرسیار ئەوە نییە کە بە حوکمی هەلومەرجی بابەتی "کام چینە لە باری مێژووییەوە گرنگیی زیاتری هەیە" بەڵکوو ئەوەی بۆ ئەو پرسیارە ئەوەیە کە چینەکەی، چینێک کە لە باری مێژووییەوە بەپێی پێناسە بۆی "گرنگ"ە، یانی کرێکار، لە ڕێگای کام پراتیکی سیاسی و خەباتکارانەوە دەتوانێ، لە کۆمەڵگای قەیرانگرتووی ڕووسیای ساڵی 1905دا ببێتە ڕابەری ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە. بەم جۆرەش خاڵی لێوەهەستانی لێنین، پێویستی بە بەدیهێنانی ئامانجە شۆڕشگێڕییەکانی پرۆلیتاریایە، بە خێراترین و کەمدەردیسەرترین و کۆترین شێوەی لە توانابوویدا. ئەم خاڵی لێوە هەستانەش نە لە فۆرمیلاسیۆنە ئابوورییەکانی ڕووسیاوە و نە لە هیچ لایەنێکی ترەوە، بەرئەنجام ناگیرێ. بەڵکوو ئەمە بەشێکە لە پێناسەی "لێنینیبوون" و "کۆمۆنیستبوون" و "کرێکاری هۆشیاربوون". (ئەمەش ئەنجامێکی سروشتیی بیرکردنەوەیە کە پێی وایە پراکتیکی ئینسانی دیاردەیەکی واقیعی و بابەتییە و لە بیرکردنەوە و جێگای کۆمەڵایەتی دانابڕێت). کۆمەڵگای ڕووسیا، ئەو هەلومەرجە بابەتییەیە کە دەبێ ئەم خەباتە پرۆلیتێرییە تێیدا ئەنجام بدرێت. ئەمە کۆمەڵگایەکە کە کۆمەڵێک ڕێگا و بەربەست، کۆمەڵێک توانا و ناتەواوی و هۆکاری هێورکردنەوە و یاریدەدەر دەخاتە بەردەم توخمی چالاکی شۆڕشی پرۆلیتێری ڕووسیاوە. خودی ئەم کۆمەڵگایە بڕیار نییە ڕابەریکردنی شۆڕش بە لێنین بناسێنێ، بەڵکوو بار و دۆخێکی بابەتی و تایبەتە کە لێنین لە دەروازەی بەرژەوەندیی چینێکی دیاریکراوەوە، تێیدا نەک هەر خوازیاری شۆڕشە، بەڵکوو دەزانێت کە بەبێ دەخاڵەتکردنی ئەو وەک ڕابەرێک لە شۆڕشدا، هەموو ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە جێگای مەبەستن لەگەڵیان بەرەوڕووە لە گشتییەتی خۆیدا ڕوو نادەن. ئەم بار و دۆخ و هەلومەرجانە دەبێ بە قازانجی چینی کرێکار بگۆڕدرێن، بەڵام ماتەریاڵ و بەرژەوەندی لە ئاڵوگۆڕەکاندا دیسانەوە دەبێ لە خودی هەر ئەم کۆمەڵگایەدا بەدەستەوە بگیرێت. "ئینسانەکان دروستکەری مێژووی خۆیانن، بەڵام لە هەلومەرجێکدا کە خۆیان دیارییان نەکردووە". لێنین ئەو مێژووەی کە دەبێ دروست بکرێ و ئەو هێزەی کە دەبێ ئەم مێژووە دروست بکا، بەر لە پێداچوونەوە بە جۆرەکانی "هاوسێیەتی" لە شێوەی بەرهەمهێنانی ڕووسیادا دەناسێت. هەڵسەنگاندنی

ئەو بۆ کۆمەڵگای ڕووسیا، هەوڵێکە بۆ دەرککردنی ئەو <u>هەلومەرجە</u> کە ئەم مێژووە لەژێر سایەیدا دروست دەبێت.

ئەم میتۆدۆلۆژییە، پاسیڤیستییە کە بەدوای "چینی لە باری مێژووییەوە گرنگ"ەوەیە و "ڕابەری" لە فۆرمیلاسیۆنە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەردەکێشێ، ئاراستەی قووڵی خۆی لەو میتۆدۆلۆژییە جیا دەکاتەوە کە پێویستیی پراتیکی شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکار وەکوو ڕابەری هەر ئاڵۆگۆڕێکی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵایەتی بەفەرز وەرگرتووە. ئەمەش یەکەمین سیمای جیاوازی نێوان میتۆدۆلۆژیی بۆڵشەڤیزم و مەنشەڤیزمە، نێوان لیبراڵیزمی چەپ و مارکسیزمی شۆڕشگێڕە. تێگەیشتنی یەکێتیی کۆمۆنیستی بۆ شێوازی هەڵوێستگرتنی لێنین لە شۆڕشی 1905، ماتەریالیزمی مێژوویی پوچەڵ دەکاتەوە. ئەوە دروست و مارکسیستانەیە کە ئەگەر بڵێین <u>بەدرێژایی سەدەکان</u> بەپێی ڕەوتی پەرەسەندنی کۆمەڵگا، چەندین چینی جۆراوجۆر هەبوون، کە بە حوکمی هەلومەرجی بابەتی و ئابووری هاتوونەتە پێشەوە و بوونەتە توخمی ئاڵوگۆڕی فۆرمیلاسیۆنە کۆمەڵایەتییەکان. بەڵام ئەوە بە تەواوی نادروست و لادەرانەیە ئەگەر <u>تەنها هەر ئەوە</u> لە ماتەریالیزمی مێژوویی تێبگەین کە بە یەک کۆبەندی کورتەوە و لە گشت ڕەوتی مێژووی مرۆڤایەتی و گرنگی "ژێرخانی ئابووری"یەوە، بچینە سۆراغی کۆمەڵگای سەرمایەداریی هاوچەرخەوە، هاوکات بمانەوێت لە سەردەمی <u>شۆڕشە پرۆلیتێرییەکاندا</u> و لە هەر ئاڵوگۆڕێکی شۆڕشگێڕانەدا، لە یەک وڵاتی دیاریکراودا، دووبارە لە "ئابووری"دا بەدوای چینی پێشڕەو و گرنگ و "ڕابەری شۆڕش"دا بگەڕێین. ئەمە ئیتر ماتەریالیزمی مێژوویی نییە. چونکە ئەمە بە دەقیقی لە مێژووی <u>واقیعیی</u> ئێستادا، یانی لە دەورانی مێژوویی و لە سەردەمی شۆڕشە <u>پرۆلیتێرییەکان</u> دابڕاوە. ئەگەر دەستەواژە و چەمکی پراتیکی شۆڕشگێڕانە لە مارکسیزم دەرکێشین، ئەگەر لایەنگریی چینایەتی لە مارکسیزم واز لێ بهێنین، ئەگەر دەرکی زیندووی مارکس لە پەیوەندیی نێوان بار و دۆخی بابەتیی کۆمەڵایەتی و توخمی چالاکی مرۆیی بخەینە لاوە، ئەو کاتە ئەوەی لێی دەمێنێتەوە ڕەنگە شتێکی هاوشێوەی کەمکردنەوەگەرایی ئابووری و مێژووگەرایی و ئێڤۆلوسیۆنیزمێکی لە ئاو دەرهاتوو بێت کە یەکێتیی کۆمۆنیستی لە بری مارکسیزم پێشکەشی دەکات. هەمان ئەو مێژووگەرایی و دیترمینیزمە ئابوورییەیە کە فۆرموولەکانی وەک "لە شۆڕشی سیاسیدا، بەڵام بەو جۆرە نییە"، "کام چینە ئەتوانێ باشتر کۆمەڵگا پیشەسازی بکات"، "کام چینە لە باری



مێژووییەوە گرنگیی زیاتری هەیە" و هی تری لێ دەردەکێشرێت. ئەمەش هەر ئەو مارکسیزمە شێواو و "بێلایەن"کراوەیە کە ئەکادیمیستە بۆرژوازییەکان لە مەیدانی مێژووی بیری ئابووریدا دەیڵێنەوە. هەمان ئەو مارکسیزمە "ناپرۆلیتاری"کراوەیە کە بڕیارە لە وڵاتانی ژێردەستەی ئیمپریالیزمدا ببێت بە تیۆری شۆڕشی "خەڵک لە دژی ئیمپریالیزم". هەمان ئەو مارکسیزمە ناسککراوەیە کە ڕۆشنبیرانێکی بۆرژوا_ لیبراڵ و ئەو وردەبۆرژوا_ ئیسلامییانەی کە لە ماوەی دوودەیەی پێشووی ئێراندا بە نهێنی دەیخوێننەوە و لەو کاتانەشدا کە لە ڕێکخراوی "تەوحیدی" و مەحفەلیی بەرەی نەتەوەیی ماندوو دەبن و خوازیاری "ڕادیکاڵیزم"ی زیاترن دەستیان بۆ بردووە. لە هەمان کاتدا ئەمە ئەو مارکسیزمە ئاوەژووکراوەیە کە ئینسان تیایدا گۆڕدراوە بە بووەنەوەرێکی پاشکۆ و بێئیرادە لە "پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی"دا. ئەمە هەر ئەو بەناو "مارکسیزم"ەیە کە بە بیانووی پەرەسەندن و پێشکەوتنی مێژووی کۆمەڵایەتییەوە، بانگەوازی پرۆلیتاریا دەکات بۆ دەستکێشانەوە لە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆی و بوونی بە پاشکۆی "بۆرژوازیی نیشتمانی و وردەبۆرژوازی دژی ئیمپریالیست". ئەمە "مارکسیزم"ی حیزبی توودە و ڕێگای کرێکار و ڕەنجبەرانە(چەند ڕێکخراوی چەپی ئێرانە_ وەرگێڕ) کە یەکێتیی کۆمۆنیستی گەرەکێتی لەژێر ناوی "میتۆدۆلۆژیی لێنین"دا پێشکەشی بکات. لەم دیدگایەدا ئینسان دەبێ شانسی هەبێ کە بە ڕێکەوت لە یەکێک لەو دەورانانەدا ژیان بکات کە تێیدا <u>پرۆلیتاریا</u> "لە باری مێژووییەوە گرنگی زیاتری هەیە" و بۆ دەستنیشانکردنی ئەم مەسەلەیەش تازە دەبێ بەپێی پێوانەیەکی کافی "لە دنیای گەورە"ی سەرمایەداریی ئێران بزانێ، ئەگەر نا ئەوا بە هەمان شێوەی باوی حیزبی توودە، سەر لە کەپر و چادری ئەو چینانەوە دەردێنێ کە "لە باری مێژووییەوە" گرنگن.

بە داخەوە ئەم لێکدانەوە دیترمینیستییانە لە مارکس و مارکسیزم لە مێژوودا برەویان زۆرترە، لە دەرکی دروستی ماتریالیزمی پراتیکی و دیالێکتیکی مارکس. بۆچوونەکانی یەکێتیی کۆمۆنیستی هەر بەو شێوەیەی ئاماژەمان پێی دا، لە بنەڕەتەوە لەگەڵ باوەڕەکانی ڕیڤیژینیزمی هاوچەرخدا جیاوازییان نییە. ئەمەش دیاردەیەکی نوێ و تازەپەیدابوو نییە. ئەوە بۆ یەکێتیی کۆمۆنیستی ئەزمونێک دەبێ، ئەگەر بێت و بەوە بزانێت کە "جیاوازی نێوان بۆلشەڤیزم و مەنشەڤیزم" لە ساڵی 1905دا بە دەقیقی هەمان جیاوازی نێوان ماتەریالیزمی پراتیک و دەخاڵەتگەرییە لەگەڵ ماتریالیزمی

سکۆلاستیکی و پاسیڤیستیدا. بە داخەوە یەکێتیی کۆمۆنیستی نە تەنها لە تێگەیشتنی بۆ میتۆدۆلۆژیی لێنین سەرکەوتوو نەبووە، بەڵکوو خودی ئەو و هاونموونەکانی وەک ئەو بابەتی ڕەخنەگرتنیان هەر ئەم میتۆدۆلۆژییە بووە.

تا ئەو شوێنەی کار بە پێداهەڵدان بە سنوورکێشانی لێنین لەگەڵ مارکسیزمی عەلەنی دەگات، بینیمان یەکێتیی کۆمۆنیستی چۆن لە بواری ڕۆشنکردنەوەی "میتۆدۆلۆژیی لێنین"دا بەکردەوە بە بنبەست گەیشتووە. بەتایبەت کە لێنین لە شیکردنەوەیەکی هاوشێوەوە بۆ فۆرمیلاسیۆنە کۆمەڵایەتییەکانی ڕووسیا بە "ئەنجامێکی سیاسی" تەواو جیاواز گەیشتووە. لە ڕواڵەتدا وا دەردەکەوێ کە ئەوە چەند فاکتۆر و هۆکارێکی "پێشبینی نەکراو" و نەزانراوی لەپڕدایە کە لێنین و میتۆدۆلۆژییەکەی لە پەیوەند بە (دەرکێشانی ستراتیژی شۆڕش لە فۆرمیلاسیونە کۆمەڵایەتییەکاندا) بە لاڕێدا بردووە و ئەوی بە دەربڕینێکی "لاسارانە"وە بەستۆتەوە کە داکۆکی لەسەر پێویستیی سەربەخۆیی ڕابەریی پرۆلیتاریا لە شۆڕشدا دەکات. یەکێتیی کۆمۆنیستی لە ڕۆشنکردنەوەی ئەم شێوەیە لە هەڵوێستگرتن، لە بردنەپێشەوەی باسەکانی خۆیدا، بێتوانا ماوەتە و سەیر لەوەشدایە بەم بێتواناییەوە، ڕادەگەیەنێ کە هەمان ئەو <u>جیاوازییانە</u>" لە باسەکانی لێنیندا لەدژی مەنشەڤیزم بەوپەڕی خۆی گەیشتووە".

ڕاستییەکەی ئەوەیە "جیاوازییەک" کە لە باسەکانی نێوان لێنین و مەنشەڤیکەکاندا بەوپەڕی خۆی گەیشتووە، هەمان ئەو جیاوازییانەیە کە لە نێوان مارکسیزم و ماتەریالیزمی پراتیک و دەخاڵەتگەر لە لایەک و لێکدانەوەی ئاکادیمیستی و پاسڤیستیی باو لە مارکسیزمدا، لە لایەکی ترەوە. ئەم جیاوازییەش نەک تەنها لە مشتومڕی نێوان لێنین و مارکسیزمی عەلەنیدا بووە، بەڵکوو بە شێوەیەکی دەرکەوتووتر لە خەباتی لێنین لەدژی <u>ئیکۆنۆمیستەکان</u> خۆی نیشان داوە. دواتریش هەر ئەم جیاوازییانە بوون، کە لە خەباتی لێنیندا لەدژی مەنشەڤیزم، بەڕۆشنترین شێوە، لە جیاوازییەکی بنەڕەتی و لە شێوەی دوو میتۆدۆلۆژیدا فۆرمووله بوونەتەوە. لێنین ئیکۆنۆمیزم و مارکسیزمی عەلەنی و مەنشەڤیزم بەدیاریکراوی لەو ڕووەوە کە هەرسێکیان لە یەک میتۆدۆلۆژی پاسیڤیستیدا هاوبەشن دەستەبەندی دەکات، کاتێک کە مامەڵە لەگەڵ خەباتی چینایەتیدا دەکەن، هەرسێ لایان لە یەک جەمسەردا بەرامبەر بە بەلشەڤیزم و مارکسیزمی دەخاڵەتگەر و چالاک، دەستەبەندی دەکات. لێنین لە ساڵی 1905دا بە جۆرێک لە مەنشەڤیکەکانی دەڕوانی، وەک ڕەوتێک کە لە درێژەی سروشتی و مەنتیقی



ئیکۆنۆمیزم و مارکسیزمی عەلەنیدایە. ئەو لە بارەی ڕۆشنکردنەوەی جیاوازیی نێوان بڕیارنامەی کۆنگرەی بۆلشەڤیکەکان و کۆنفرانسی مەنشەڤیکەکان، بە تایبەتی لە شێوازی هەڵوێستگرتن لە دەوڵەتی شورشگێڕی کاتی لە شۆڕشی 1905دا، بە دروستی پەنجە لەسەر ڕیشەی میتۆدۆلۆژی ئەم جیاوازییانەی نێو سۆسیال دیموکراتەکانی ڕووسیا دانا.

"<u>ئەمە بە دروستی هەمان ئەو جیاوازییەیە</u> کە ماوەیەکە مارکسیستەکانی ڕووسیای بۆ دوو باڵ دابەش کردووە. لە دەورەی کۆندا "مارکسیزمی عەلەنی" وەک باڵێکی موعجیزەگەر، لەبەرامبەر باڵی تێکۆشەر و سیاسیدا ڕاوەستا، وە لە سەردەمی سەرهەڵدانی بزووتنەوە جەماوەرییەکاندا ئەم جیاوازییە لە شێوەی هەردوو باڵی ئیکۆنۆمیستی و باڵی سیاسیدا، شکڵیان گرت، بەتایبەت کە هەردووکیان لە یەک <u>پێشینەی دروستی مارکسیستییەوە</u> بۆ ڕیشە قووڵە ئابووریەکانی خەباتی چینایەتی بە گشتی و خەباتی سیاسی بە شێوەیەکی تایبەتی دەیان ڕوانی. ئیکۆنۆمیستەکان ڕاستەوخۆ ئەو ئەنجامەیان دەگرت کە ئێمە دەبێ پشت بکەینە خەباتی سیاسی و فراوانبوونەوەی خاو بکەینەوە و دامێنەکانی سنووردار و ئامانجەکانیشی بهێنینە خوارەوە. بەڵام ئێمە باڵی سیاسی، بە پێچەوانەوە <u>لە هەمان پێشینەوە</u> ئەنجامگیرییەکی تەواو جیاوازمان بەدەستەوە گرت. ئەویش ئەوە بوو کە هەرچی زیاتر خەباتێک کە ئێستا لە برەودایە قووڵ بکەینەوە. ئێمە دەبێ بە هەمان ئاست فراوانتر و ڕاوەستاوانەتر و لێبڕاوانەتر و بە داهێنان و توانایی زۆرەوە ئەم خەباتە بەرەو پێش بەرین. <u>لە ئێستاشدا دیسانەوە ئێمە لەگەڵ هەمان ئەم جیاوازییەدا بەرەو ڕووین</u>، بەڵام لە هەلومەرجێکی تر و لە شێوەیەکی تریدا. ئێستاش جیاوازییەکە لەو پێشینەیەوە دەستپێ دەکات کە دەڵێت شۆڕشی دیموکراسی ڕاستەوخۆ شۆڕشی سۆسیالیستی نییە و ئەوە تەنها هەژاران و بێبەشان نین کە لەم شۆڕشەدا "قازانج" دەکەن. ئا لەم حوکمەوە بوو کە ئەم شۆڕشە (شۆڕشی دیموکراتی) بە قووڵی ڕیشەی لە پێداویستییە بەرپێنەگیراوەکانی <u>گشت</u> کۆمەڵگای بۆرژوازیدایە. ئێمەش لە هەمان ئەم پێشینەیەوە ئەو ئەنجامە دەگرین کە چینی <u>پێشڕەو</u> پێویستە ئامانجە دیموکراسییەکانی خۆی هەرچی بەرجەستەترە فۆرمووله بکا و هەرچی ڕۆشنتر و کامڵترە بیخاتە ڕوو. درووشمی دەستبەجێی دامەزراندنی کۆمارێک بخاتە ڕوو. هاوکات بیرۆکەی پێویستیی هێنانەسەرکاری حوکوومەتێکی شۆڕشگێڕی کاتی و تێکشکاندنی بێڕەحمانەی بەرەی

دژی شۆڕش، بە فراوانی لەنێو جەماوەردا پەرەپێ بدات. نەیارانی ئێمە، گرووپی ئیسکرای نوێ، دروست لە هەمان پێشینەوە ئەو ئەنجامە دەگرن، کە نابێ ئەنجامگیرییە دیموکراتییەکان بە شێوەیەکی کۆکراوە بخرێتە ڕوو، لەنێویاندا درووشمی کۆماری، کە ئەتوانێ درووشمێکی عەمەلی بێت، لە دەستوور دەردەکێشن. هەروەها دەڵێن دەبێ ئێمە خۆلا بدەین لە جەماوەریکردنەوەی بیرۆکەی پێویستیی هێنانەسەرکاری حوکوومەتێکی شۆڕشگێڕی کاتی. ئەم گرووپە باوەڕی وایە کە بڕیاردان لەسەر پێکهێنانی شوورای دامەزرێنەران ئەتوانێ سەرکەوتن بڕیار بدا و لێرەشەوە بڕیار لەسەر ئەوە دەدەن کە ئەرکی ڕووبەڕووبوونەوە و ڕاوەستانەوە بەرووی بەرەی دژی شۆڕشدا ئامانجێکی چالاکی ئێمە پێک ناهێنێ، ئەم جیاوازییانەش ئەکرێ لە یەک ئاماژەی ناڕۆشندا (هەر وەک چۆن لە فۆرموولە هەڵەکانیاندا بینیمان) بۆ "پرۆسەی خەباتی ڕووبەڕوو" بخنکێندرێ و بتوێندرێنەوە. ئەمە ئیتر زمانی ڕابەرانێکی سیاسی نییە. بەڵکوو زمانی یەکێک لە لیژنە پەککەوتەکانی چاودێرانی ئەرشیفە!" (لێنین دوو تاکتیکی سۆسیال دیموکراتەکان لە شۆڕشی دیموکراتیدا ... بەرگی 9، لاپەڕە 40_41، هێڵی جەخت لە ئێمەوەیە. کەوانەکان لە دەقەکەدایە.)

ئەمە ئەو بەڵگانەیە کە لێنین بەهۆیەوە "بەرئەنجامە سیاسییەکان"ی مارکسیزمی عەلەنی و ئیکۆنۆمیستەکان و مەنشەڤیکەکان "پەسەند ناکات". ئەوەشی کە هەر لە سەرەتاوە سەرنج ڕادەکێشێت ئەوەیە، کە لێنین نە تەنها هیچ ئاماژەیەک، نە لێرەدا و نە لە تەواوی کتێبی "دوو تاکتیک"دا، بە جیاوازی بۆچوونەکان لە شیکردنەوەی فۆرماسیۆنی ئابووری و کۆمەڵایەتی ڕووسیادا ناکات، بەڵکوو لە پێناو بەرجەستەکردنەوەی جیاوازییە بنەڕەتییەکاندا، یانی جیاوازییەک کە لە بواری میتۆدۆلۆژیی دەخاڵەتگەرانەی بۆڵشەڤیزم و جێگای خەباتی پەیگیری سیاسی بۆ گرتنی دەسەڵاتی سیاسی، پێداگری دەکاتەوە، ئەمە سەرەڕای چاوپۆشیکردن لەو ئاستە لە هەبوونی لێکچوونی پێشینە و لێکدانەوە ئابوورییەکان، کە لە نێوان هەموو باڵەکانی سۆسیال دیموکراسیدا هەیە. بەم جۆرەش جیاوازییەکان بە تەواوی بەو بەرئەنجامە سیاسی و عەمەلییانەوە گرێ دەداتەوە کە لە پێشینە و شیکردنەوەی هاوشێوەوە بەدەست هاتوون. گەر میتۆدۆلۆژیی تایبەتی لێنین "بە شێوەیەکی تر" بێت، کە بەپێی قسەی یەکێتیی کۆمۆنیستی لە ئابووری و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ڕووسیاوە بۆی دەڕوانێت، ئەوا لێنین لەم جۆرە میتۆدۆلۆژییە بێ ئاگایە. بە پێچەوانەی یەکێتیی



کۆمۆنیستییەوە، ئەوە لێنینە کە پێداگری دەکات لەوەی هەموو سۆسیال دیموکراتەکانی ڕووسیا بناغە ئابوورییەکانی شۆڕشی دیموکراسیی ڕووسیا و خەسڵەتی بۆرژوازیبوونی ئەم شۆڕشە و توانایی و جیاوازییەکانی لەچاو شۆڕشی سۆسیالیستیدا، کەم تا زۆر، وەک یەک و "دروست" لێک داوەتەوە، بەڵام بۆڵشەڤیزم لەسەر ئەنجامگیرییە سیاسی و عەمەلییەکان کەوتۆتە بەرامبەر مەنشەڤیزمەوە. ئەمەش ئیتر دەرکەوتنەوەی جیاوازییە کۆنەکانی نێوان باڵی سیاسی و تێکۆشەر و بۆڵشەڤیکەکانە، لەگەڵ باڵی ئاکادیمیستی و ئیکۆنۆمیستەکاندا، کە هەردوو ئەمانەش لەگەڵ مەنشەڤیکەکاندا لە یەک خاڵدا هاوبەشن: خۆلادان لە هەڵوێستگرتنێکی چالاکانە لە شۆڕشی دیموکراتی و خەباتی سیاسی، هەروەها پشتکردن لە مەسەلەی ئاڵوگۆڕپێدانی دەسەڵاتی سیاسی لە شۆڕشێکی ناسۆسیالیستیدا و سپاردنی دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسی بە بۆرژوازی و فەرامۆشکردنی پێداویستییە حەیاتییەکانی پرۆلیتاریا، یانی ئەوەی کە خواستە دیموکراسییەکان تا ئەوپەڕی پەرەپێ بدرێ و بە ئەنجامی مەنتیقی خۆی بگات، کە بریتییە لە دەستڕاگەیشتن بە حوکوومەت و کۆمارێکی دیموکراتیک. حوکوومەتێک کە پێویستە تەنانەت بۆ کەسێک ئەگەر بە ڕاستی دیموکراسی دەوێت، تا وەک ئامرازێک بۆ سەرکوتی دوژمنانی دیموکراسی بەکاری بەرێ. لێرەدایە لێنین ڕاستەوخۆ یەکێتیی کۆمۆنیستی بانگەواز دەکات. کەسانێک بانگەواز دەکات کە لە "سەرمایەداربوونی" ئێران بەپێی خشتەکانی خۆیان، بەو بۆچوونە پووچە دەگەن، کە دەڵێ "لە شۆڕشی سیاسیدا، دەسەلات لەنێوخۆی چینی دەسەلاتداردا، لە توێژێکەوە بۆ توێژێکی تر دەگوێزرێتەوە". کەسانێک کە هەوڵدان بۆ کردەی ڕابەری پرۆلیتاریا لە شۆڕشدا بۆ دیمکراسی، بە بیانووی ژێربینای ئابووری و نۆرەی مێژوویی چینەکانەوە، بە هەڵەدا دەبەن و هەر لە سەرەتاوە بەڵێن بە بۆرژوازی دەدەن کە لەم خەباتەدا بۆ دیموکراسی کاریان بەسەر حوکوومەتەوە نابێ و لە "ئۆپۆزیسیۆن"دا دەمێننەوە، حوکوومەتێک کە گرنگترین فاکتۆرە بۆ زامنکردن، وە یان ژێرپێنانی دیموکراسی. جیاوازیی نێوان بۆڵشەڤیزم و مەنشەڤیزم لە شۆڕشی دیموکراسیدا، بەر لەوەی جیاوازییەک بێت لەسەر شیکردنەوەی فۆرمیلاسیۆنە کۆمەڵایەتییەکان لە حاڵەتی شۆڕشدا، بەڵکوو جیاوازییەکە لە دەرککردنی میتۆدۆلۆژیی مارکسیستی لێکدانەوە و پراکتیکدا. بێگومان لێرەوە دەبێ بۆ خودی مارکس بگەڕێینەوە، بەڵام گەڕانەوەیەک نە بۆ ڕەخنەی ئەو لە ئابووریی سیاسی،

بەڵکوو بۆ ڕەخنەیەک کە لە ماتەریالیزمی میکانیکی و جەبرگەرایی و یەکلایەنەی پێش خۆی هەیەتی. لێنینیزم دەرکەوتەی بەکردەوە و درێژە پێدەری ئەم ڕایەڵە دیاریکراوەیە لە بیری مارکسیستیدا. یانی ماتەریالیزمی دیالێکتیکی، ماتەریالیزمێکی چالاک و دەخاڵەتگەر کە جێگای ڕاستەقینەی پراتیکی شۆڕشگێڕانە لە ئاڵوگۆڕپێدانی کۆمەڵگادا دەناسێ و سیمبۆل و داکۆکیکەر و لایەنگری فیکری و عەمەلیی ئەو تێزانەیە کە مارکس دەربارەی فۆیەرباخ وەک سیما تایبەتی و جیاکەرەوەکانی بیری شۆڕشگێڕانە لە بواری ڕەخنەیدا لە فەلسەفەی سکۆلاستیکی خستوویەتییە ڕوو. دووبارە ئەوە خودی لێنینە کە لە دیاریکردنی ڕیشەی جیاوازی نێوان بۆلشەڤیزم و مەنشەڤیزمدا، دەگات بە تێزەکانی مارکس دەربارەی فۆیەرباخ:

"بڕیارنامەی مەنشەڤیکەکان ... لەباتی ئەوەی ئەو خاڵە ڕۆشن بکاتەوە کە پرۆلیتاریا لە ئێستادا دەتوانێ چۆن "ڕەوەندی شۆڕشگێڕانە بەرەو پێشەوە بەرێ"، لەباتی ئامۆژگاریکردن سەبارەت بە خۆئامادەکردنی دیارکراو لە پێناو خەبات لەدژی بۆرژوازی کاتێک کە لە دژی دەستکەوتە شۆڕشگێڕییەکان ڕادەوەستێتەوە، یەک وەسفی گشتی لە یەک پرۆسە بەدەستەوە دەدات. وەسفێک کە هیچ شتێک لە بارەی ئامانجە دیاریکراوەکانی هەڵسووڕانی ئێمەوە ناڵێت. ڕەوشی ئیسکرای نوێ لە خستنەڕووی بۆچوونەکانیدا ئینسان دەگێڕێتەوە بۆ بۆچوونەکانی مارکس (کە لە تێزەکان سەبارەت بە فۆیەرباخ ئاشکرای کردووە) لە بارەی ماتەریالیزمی کۆنەوە، ماتەریالیزمێک کە لەگەڵ بۆچوونە دیالێکتیکییەکاندا بێگانەیە. مارکس دەڵێت: فەیلەسووفەکان جیهانیان لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە لێکداوەتەوە، بەڵام مەسەلەکە گۆڕینییەتی. گرووپی ئیسکرای نوێ دروست بە هەمان شێوە دەتوانێ لێکدانەوە و وەسفێک لە پرۆسەی خەباتێک کە بە بەرچاومانەوە کەوتۆتە ڕێ، بخاتە ڕوو، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لەو ڕووەوە بێتوانایە کە درووشمێکی دروست بۆ ئەم خەباتە بخاتە ڕوو. ڕابەرانی باش و ڕابەرانی خراپ. ئەوان بە فەرامۆشکردنی ڕابەرییەکی چالاک کە ڕۆڵی ڕێنماییکەر دەبینێ و دەتوانن و دەبێ لە مێژوودا، لە ڕێگای ئەحزابێکەوە پێشمەرجە مادییەکانی شۆڕش بەدەستەوە بگرن و خۆیان لە ڕیزی پێشەوەی چینە پێشڕەوەکان داناوە و دەور دەگێڕن. دەرکی ماتریالیستی بۆ مێژوو پووچ دەکەنەوە.

(هەمان سەرچاوەی پێشوو، بەرگی 9، لاپەڕە44) کەوانەکان و هێڵە دوانییەکانی جەخت لە دەقەکەدایە و ئەوانی تر لە لایەن ئێمەوەیە)



ئایا ئیتر ڕۆشن نییە کە خودی لێنین چۆن سەرنجی داوە بۆ جیاوازییەکانی نێوان خۆی و مەنشەڤیکەکان؟ هەمان دەرکی پراتیکی و دیالێکتیکییە لە مارکسیزم و ماتەریالیزمی مێژوویی کە بناغەی میتۆدۆلۆژیی لێنین پێک دەهێنێ، نەک توانای ئەو وەک موفەسیرێکی باشی ئابووریی ڕووسیا. بەم جۆرە مەسەلەکە قسەکردنە لەسەر ناسینی ڕۆڵ و جێگای توخمی چالاکی شۆڕشی پرۆلیتار، لە شکڵدان بە مێژووی واقیعی و بردنە پێشەوەی شۆڕش و گێڕانی ڕۆڵی ڕێنماییکەر لە ڕێگای ئەحزابێکەوە کە خۆیان لە ڕیزی پێشەوەی چینە پێشڕەوەکان داناوە. ئیتر ڕۆشنە بۆ ڕۆشنبیرانێکی ئەکادیمیست کە تازە لە دڵی شۆڕشەوە چرایان هەڵکردووە و لەملا و ئەولای ئابووریی کۆمەڵگاوە کەوتوونەتە دوای دۆزینەوەی چینی پێشڕەو و "گرنگ"ەوە، تا چەند لەگەڵ ئەم میتۆدۆلۆژییە و ئەم تێڕوانینەدا بێگانەن.

ئایا ئەم پێداگرییەی ئێمە (هەروەها لێنینیش) لەسەر ڕۆڵی چارەنووسسازی توخمی چالاک لە پرۆسەی شۆڕشدا بۆچوونێکی ڤۆلنتاریستی(ئیرادەگەری) نییە؟ ئایا لەم میتۆدۆلۆژییەی لێنیندا توخمی چالاک نەکراوە بە هێزێک کە هەرچییەکی بوێت، بیکات؟ (ئەمە ئەو تۆمەتەیە کە بە زۆری دەدرێتە پاڵ لێنین) وەڵامی ئەم پرسیارانە، نەخێرە. چونکە لێنین لە بارەی دەرککردنی پێشمەرجە مادییەکانی شۆڕشەوە، لە ئەحزابی پێشڕەو دەدوێ. ئەم پێشمەرجە مادییانە هەمان ئەو بابەتانەن کە لە بیری دیترمینستی مۆنشەڤیکەکان و یەکێتیی کۆمۆنیستیدا گۆڕدراون بە تواناییەکی ڕەها. ئەو دراوانەی (بابەت) کە لە خشتە و پێناسە لەپێشدابۆکراوەکانەوە بۆ شۆڕش و ئەوەی "ئەبێ و نابێی مێژوویی کە مەنشەڤیکەکان و یەکێتیی کۆمۆنیستی لێی دەردەکێشن. هەلومەرجی بابەتی لە میتۆدۆلۆژیی مارکس و لێنیندا، شوێنی واقیعی خۆیان دەگرن. دراوە خێرا و ڕاستەوخۆکان، بچووک و گەورەکانیان، بەرئەنجامی بزاوتی توخمی چالاک نین. بەڵکوو کەلێن و سنوور و دامێنەکانی کاری ئەم توخمە چالاکە پێک دەهێنن. ئەم کەلێن و سنوورانەش خشتە و پێناسەیەک بۆ شۆڕش و بڕیارەکانی نین، تەنانەت لیستگرتنی ئەو چینانە نییە کە یەک ڕۆڵی "گرنگی مێژوویی"یان هەیە و لە قاڵبی "هاوسێیەتی" شێوەکانی بەرهەمهێنانی باودان. بەڵکوو ئەم کەلێن و سنوورانە ئەو بەربەستە ماددی و کۆمەڵایەتییانە و ئەو بار و دۆخە بابەتییە ئابووری و سیاسییانە و ئەو سنوور و دواکەوتوویە ڕێژەییانەن کە بەشێکن لە توخمی زاتی شۆڕشی پرۆلتاریا و دەستبردن بۆ کاری شۆڕشگێڕانەی خێرای سۆسیالیستییانەی

سەرکەوتوو، یانی دەستبردن بۆ پراتیکێک لە پێناو دامەزراندنی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا و لێدانی کۆتایی لە موڵکداریێتی تایبەتی ڕاستەوخۆ نامومکین دەکەن. ئەمەیە ئەو بەشە لە پێناسەکردنی"بەربەست" کە ئەتوانێ و دەبێ سەرنجی بۆ بدرێ. لە ڕۆمای سەردەمی سەرەتاییدا، لە خوارەوەبووونی ئاستی هێزەکانی بەرهەمهێنان، وەک دەسەڵاتێکی ڕەهای بەربەستەکانی سەر ڕێگای شۆڕش ناژمێردرێن. هەروەها دواکەوتوویی ئابووری، وە یان ئیستبداد لە سەدەی بیستەمدا، پێناسە و تایبەتمەندیی کۆمەڵگای ئەم سەدەیە نییە، بەڵکوو ئەمانە <u>بەربەستەکانی</u> سەر ڕێگای کامڵبوونی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەیە کە لە باری مێژووییەوە ئیمکانی هەیە. ئەوانە شێوە کۆمەڵایەتییەکن کە لە هەمان کاتدا بابەتین و بە شێوەی ماددی، بوونیان هەیە، بەڵام لەچاو سەردەمی خۆیدا "دەرەکین" و پێویستیی مێژوویی خۆیان لەدەست داوە. ئەو <u>بەربەستانەی</u> کە لەسەر ڕێگای ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەن، دراوی هەمان کۆمەڵگان و لەباری مێژووییەوە تێپەڕبوون لێیان لە توانادایە. شۆڕشی دیموکراتی بۆ لێنین، پڕۆسەیەکە کە تێیدا پرۆلیتاریا بتوانێ لەم بەربەستانە بدا و خۆی لە هەلومەرجێکی بابەتی باشتر و یاریدەدەرتردا دابنێ و بەرەو شۆڕشی خۆی بیان بات. کەوایە بۆچی "شۆڕش"؟ چونکە سەربەخۆ لە ئیرادە و نەخشەی لەپێشەوەدانراوی هەر کەسێک، خودی کۆمەڵگا لەدژی ڕووە جۆراوجۆرەکانی ئەم پاشکەوتووییانە و سەنگی کۆن کە لە بەرپێدان، دێنە نێو شەپۆلێکی شۆڕشگێڕانەوە. بۆچی "دیموکراتی"؟ چونکە خواستی دیموکراسی و چاکسازیی دیموکراسی هۆکاری هێزەبزوێنەرەکانی ئەم شەپۆلدانەیە. چونکە جگە لە پرۆلیتاریا توێژگەلێکی فراوانتری کۆمەڵایەتی پێیان ناوەتە مەیدانی خەباتی زەبروزەنگانەوە لەدژی بار و دۆخێک کە هەیە. چونکە ئەمە یەک بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی <u>هەمووانە</u> و لەم برگەیەدا و لە شێوەی <u>هەمەخەڵکییەکەیدا</u>، ئامانجێکی زیاتر لە دیموکراسی و چاکسازی دیموکراتییانەی نییە. بوونی شۆڕش و خەسڵەتە دیموکراتییەکەی نە لە لایەن لێنین و تروتسکییەوە، وە نە لە لایەن مارکسیزمی عەلەنییەوە، هیچکامێکیان دیارییان نەکردووە. ئەم ڕاستییە بە هەمان پلە بابەتییە کە خودی ڕووسیا و ئابووری و پێکهاتی چینایەتییەکەی بابەتین. مەسەلەکە بە تەواوی پەیوەندی بە شێوەی مامەڵەکردنی حیزبی پێشڕەوەوە هەیە لەگەڵ ئەم شۆڕشەدا. حیزبێک کە "هەلومەرجە مادییەکانی ئەم شۆڕشەی ناسیوە". ماتەریالیزمی میکانیکی و سروشتی_ گەشەکردن، کە بەلای مۆنشەڤیکەکانەوە دەگات بەوەی کە مێژوو



دابڕاوێکە وەک خشتە لەپێشەوە دروستکراوەکانی نێو بیر و هۆش کە بەر لە مێژووی واقیعی و خەباتی زیندووی چینایەتییەوە دانراون و چارەیەکیان نییە جگە لەوەی کە شۆڕش لە قاڵبێکی کلێشەسازی و "شۆڕشی بۆرژوا_ دیموکراتیک"دا، یانی قوناغێکی "مێژوویی" کە بەپێی پێناسە "بۆرژوازی ڕابەری شۆڕشە" بگونجێنێ. لێنین کە لە مێژووی واقیعی و بەرهەمی بابەتییانەی ئەم مێژووەوە، یانی لە پرۆلیتاریا و پێداویستییەکانی ئەم چینە و توانا واقیعییەکانییەوە دەستپێ دەکات، خوازیاری زیاتر ڕۆیشتنە لە ئاست چاوەڕوانی و ئارەزووەکانی چینی بۆرژوازی لەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیەدا و بەدوای فراوانکردنەوەیەتی تا دوا پلەی چاوەڕوانی چینەکەی. یانی ڕادیکاڵترین هێزی واقیعیی نێو شۆڕش. <u>سروشتییە</u> کە لەم شێوە مامەڵەکردنەی زۆرتر بردنە پێشەوە و "بەرەوپێشبردن"ەی شۆڕشدا، ئەوە ئەرکی خودی چینی کرێکارە کە خوازیاری تێک و پێکشکاندنی یەکجاریی بەربەستە دژی دیموکراتییەکان لە خەباتی چینایەتیدا بێت. <u>سروشتییە</u> کە ئەم بۆچوونە لە پێناو ئەرکی ڕابەرێتی پرۆلیتاریا لە بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە و <u>درێژەپێدانی ئەم ڕابەرایەتییەدا، تا ئەو شوێنەی کە بزووتنەوەیەکە بۆ گرتنی دەسەڵاتی سیاسی، بەدەستەوە گرتووە بڕوات</u>. بۆ ئەمەش چاوەڕێی دانی هیچ فۆرموولەیەکی تیۆری نییە لە لایەن لێکۆڵەرە مارکسیستییە پاسیڤیستییەکانی نێو مەنشەڤیکەکانەوە. پرسیارێکی بنەڕەتی کە لێنین لەبەرامبەر خۆیدا دای دەنێت، ئەوەیە کە چۆن دەتوانێ لە ڕێگای هێزی خۆی و چینی کرێکارەوە و بە پشتبەستن بە هێزە کۆمەڵایەتییەکانی تر، کە خوازیاری ئاڵوگۆڕی دیموکراسیی بنەڕەتین، ئەو بەربەستانەی کە لە ساڵی 1905دا لەسەر <u>ڕێگادان بە خێراترین و بە کەمدەردیسەرترین</u> شێوە، کە لە توانادایە لاببات. بۆ لێنین ئەو لێکدانەوەیە جێگای هەیە کە پێویستیی "شۆڕشی دیموکراسی" بەدەستهێنانی کۆمارێک دەخاتە ڕوو. جیاوازی بۆڵشەڤیزم و مەنشەڤیزم لە شۆڕشی دیموکراسیدا لەوەدایە کە بۆڵشەڤیزم ئەم شۆڕشە بە وێنەی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی لە ڕوانگەی سیاسەتی پرۆلیتاریا و خەباتی چینایەتییەوە لێک دەداتەوە. لە کاتێکدا مەنشەڤیزم ئەم شۆڕشە لە دەروازەی "پەرەسەندنی کۆمەڵگای ڕووسیا"وە هەڵدەسەنگێنێ. کە بەرئەنجامێکی سیاسی و پراتیکی تری لێ بەدەست دێت. بۆڵشەڤیزم خودی پرۆلیتاریا، <u>بە هێزی بزوێنەر و سەرەکی و ڕابەری</u> خەبات لە پێناو یەکلاکردنەوەی کۆسپە بابەتی و خودییەکان دەزانێ و بانگەوازی ئەم چینەش دەکات تا ئەم ڕۆڵە بگێڕێ. لە کاتێکدا مەنشەڤیزم ئەم

ئەرکە بە ئەرکی "مێژوویی" ئەو چینانە دەزانێ کە لە باری مێژووییەوە جێگای "گرنگ"یان هەیە و پێویستە ئەو ڕۆڵە لەپێشەوە دیاریکراوەیان بخرێتە ئەستۆ کە لەسەر ڕێگای "پەرەسەندنی" کۆمەڵگادایە، تا نۆرەی خۆیان تێپەڕێنن و "بەرهەمی مێژوویی" خۆیان پێشکەش بکەن و دواتریش پرۆلیتاریا بهێننە نێو کاری پراتیکەوە و بەم جۆرەش دوایین پەردەی نمایشەکە پێشکەش بکرێ. لە دیدگای مەنشەڤیکەکاندا دەخاڵەتی پرۆلیتاریا لە "ڕابەریکردنی بزووتنەوە ناسۆسیالیستییەکان"دا و ئەو پرۆسەیەی کە "پەرەسەندنی مێژوویی" دێنێتە ئاراوە، دەڕووشێنرێ و پێیان وایە "لە نێوان تێپەڕاندنی مێژوودا" هەنگاونانی تر مەحاڵە. هەر بۆیە خشتە تیۆرییەکان ڕیز دەکرێن و دواجار پرۆلیتاریای سەرکەش دەکرێتە "کەرسواری" (تەعبیری مەجازی پاشکۆیەتیکردنی کرێکارانە بۆ چینەکانی تر لە ئالۆگۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا_ وەرگێڕ) هەمان گۆڕانکاری ناپرۆلیتارییانە لە کۆمەڵگادا، کە بە حوکمی هەلومەرجی بابەتی، کۆمەڵگا دەبێ بە شێوەیەکی "جەبری" پێیدا تێپەڕ ببێت. لە تەواوی کتێبی دوو تاکتیکدا باسی لێنین لەسەر ئەم دوو تێڕوانینە و ئەم دوو میتۆدۆلۆژییەیە.

ئەگەر وردبینەوە، دەبینین کە ئەوە مەنشەڤیکەکانن، نەک لێنین، کە ستراتیژیی شۆڕشی ڕووسیایان بە دیاریکراوی و ڕاستەوخۆ لە ئابووریی ڕووسیاوە (ئەویش بە "هاوسێیەتی و بەبێ "هاوسێ"یەتییەوە) دەرکێشاوە. پاشکەوتوویی سەرمایەداریی ڕووسیا بۆ مەنشەڤیزم بۆتە حوکمێک بۆ لەدواوەڕاگرتنی پراتیک و کردەوەی سیاسیی پرۆلیتاری ڕووسیا. بەڵام بۆ لێنین، یەکەم هەر وەک وتمان ئابووری سەرچاوەیەک نییە بۆ ئەنجامگیریی پراتیکی شۆڕشگێڕانە، بەڵکوو شەرت و مەرجی ئەم پراتیکە وێنا دەکات. دووەمیش، چ "ئابووریی ڕووسیا" و چ "پرۆلیتاریا" هەردووکیان لە جەرگەی هەلومەرجێکی نێونەتەوەییدا لەبەرچاو دەگیرێن. ئەوەی کە لێنین لە سەرەتای کتێبی گەشەی سەرمایەداری لە ڕووسیادا لە بارەی پەیوەندییە جیهانییەکانی ئەم ئابوورییەوە دەدوێ و کاریگەرییەکانی کەمێک جیا دەکاتەوە، هەرگیز بەو مانایە نییە کە "شۆڕشی ڕووسیا" بە مەسەلەیەکی تەنها و ڕووتی ڕووسیاییەکەی گرتۆتە پێشچاو. بەڵکوو بەلای لێنینەوە شۆڕشی ڕووسیا مەیدانێکە "لە شۆڕشە پرۆلیتێرییەکانی سەدەی نۆزدەهەم" کە تازە بە کەمێک دواکەوتنەوە کاری خۆی بردۆتە سەدەی بیستەمەوە. مارکس دەستپێکی سەردەمی شۆڕشە پرۆلیتێرییەکانی لە ئابووریی ڕووسیاوە بە بەرئەنجام وەر نەگرتووە. مانیفێستی کۆمۆنیست بەهۆی



سەرهەڵدانی سەرمایەداری و پرۆلیتاریا و پیشەسازی وەک دیاردەیەکی جیهانییەوە، ڕۆڵی پرۆلیتاریا لە شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکانی چەرخی نوێدا، ڕاگەیاندووە. بەم هۆیەشەوە چینی کرێکار بەپێی پێناسەیەک و هەروەها بەپێی دەرکێک کە لێنین لەم چینە هەیەتی، چینێکی نێونەتەوەییە. شۆڕشی ڕووسیا مەیدانێکە لە شۆڕشی ئەم چینە. بەم خاڵە بەهێزە مێژوویی و جیهانییەوەیە کە لێنین ڕۆڵی ڕابەریی پرۆلیتاریا لە بەرەی شۆڕشی ڕووسیادا بە فەرز وەردەگرێ. ئەو خۆی توخمێکی شۆڕشی پرۆلیتاریایە و بۆئەوەی بزانێت چ کەسێک دەبێ لە ڕووسیادا شۆڕش بکا و بە چ ئەنجامێکی بگەیەنێت، لە ئابووریی ڕووسیاوە دەستپێ ناکات، بەڵکوو هەر لە سەرەتاوە و لە خودی خۆیەوە (پرۆلیتاریا)، و لە سەردەمی شۆڕشەکانی خۆیدا و لە بەیاننامەی ڕاگەیاندراوی مەوجودییەتی ئەم چینەوە (مانیفێستی کۆمۆنیست) دەستپێ دەکات. هێنانەخوارەوەی پەیوەندیی نێوان ئابووری و سیاسەت بۆ سەر یەک پەیوەندیی " نیشتمانی"_ نەتەوەیی_ کە هەر جارە و لە هەر وڵاتێکدا دەبێ سەرلەنوێ لە مەحەک بدرێتەوە، یەکێکە لە لادانە بۆرژوازییەکان لە مارکسیزمدا، کە کاری پێ دەکرێ. ئەوە نە یەکێتیی کۆمۆنیستی و نە ئەوانەی کە لەنێو مەنشەڤیکەکانەوە سەریان دەرهێناوە، ڕێگەپێدراو نین کە "شۆڕشی پرۆلیتێری" و "ڕابەریی پرۆلیتاریا" لە شۆڕشەکانی سەردەمی ئێمەدا، بەهۆی دواکەوتوویی ئابوورییەوە لەم یان لەو تاک وڵاتەدا سنووردار بکەن. چینی کرێکار چینێکی جیهانییە، سەرمایەداری سیستەمێکی جیهانییە، شۆڕشی پرۆلیتاریا دیاردەیەکی جیهانییە. هەر بۆیە پرۆلیتاریا لە هەر وڵاتێکدا لە پێناو گێڕانی دەوری پێشڕەوانەی خۆی پێویست ناکات سەرلەنوێ لە بەڕێوەبەرایەتیی ئامار و لیژنەکانی ئەو وڵاتەوە و بەبەرچاوی چاودێرانێکی "بێلایەن"ی وەک یەکێتیی کۆمۆنیستییەوە ئەو بەڵگەنامە ئیمزالێدراوانەی کە کافیبوونی ژمارەی دوکەڵکێشی کارگەکان و ڕێژەی لە سەدای کرێکارانی پیشەسازی لەچاو گشت دانیشتواندا "گرنگی" چینی کرێکار لە ئابووری و شتی لەم جۆرە دەسەلمێنن، بخاتە بەردەم ئۆرگانە بڕیاربەدەستەکانی ئۆردوگای لیبراڵیزمی چەپەوە ***.

تەواوی ڕێفۆرمیزم و سازشی چینایەتیی مەنشەڤیزم لەوەدایە کە یەکەم، سیاسەت بە شێوەیەکی یەکلایەنە لە ئابوورییەوە بەرئەنجام وەردەگرن و دووەمیش ئەو ئەنجامگیرییەش ڕاستەوخۆ بە پێوانەیەکی نیشتمانی و وڵاتی بەڕێوە دەبەن، ئەمەش هەر ئەو دوو گۆشەیەیە کە یەکێتیی کۆمۆنیستی بە قسەی خۆیان وەک پایەکانی

میتۆدۆلۆژی لێنین بەحیساب وەری دەگرن. بەڵێ ئەگەر قسە لەسەر "گەشەی کۆمەڵگای ڕووسیا"یە بە جیا لە ڕاستییەکان و هەلومەرجە جیهانییەکان، ئەگەر "جیهان" تەنها بە ڕووسیا و پێکهاتی چینایەتی لە ڕوسیادا سنووردارە، ئەگەر پرۆلیتاریای پیشەسازی لە ئێستادا و بە پێوانەیەکی جیهانی نەبووە بە چینی پێشڕەوی سەردەمی خۆی، تەنانەت ئەگەر ئەرکی حیزبی پێشڕەو ئەوە بێت کە لەسەر ئەم بناغانە ڕەوتی مێژووی ڕووسیا لێک بداتەوە، ئەو کاتە ڕەنگە خستنەڕووی پرۆسەیەکی لەو بابەتە شوێنی لە ئیعرابدا ببێ کە پێی وابێت شۆڕش لە ڕووسیای دواکەوتوودا، وەک ئاڵوگۆڕێکی قوناخبەندیکراوی کۆمەڵایەتی، لە دەرەبەگایەتییەوە بۆ سەرمایەداری و لە سەرمایەداریشەوە بۆ سۆسیالیزم، بە ڕابەریی بۆرژوازی یەک لەدوای یەک تێپەڕێنێ و دواتریش_ سەرەی خۆمان_ سەرەی پرۆلیتاریا بێتە پێشەوە. بەڵام جیهان تەنها بە ڕووسیاوە سنووردار نییە. بە هەمان شێوە کە بۆرژوازیی ڕووسیا بە تەنها لە ڕوانگەی ئابووریی ڕووسیاوە بە ئارەزووی پەرلەمان نەگەیشتووە، (لە کاتێکدا کە پەرلەمانی بەریتانیا هەم بینرا و هەم لەبەرچاوە). پراتیکی پرۆلیتاریاش بە هەمان شێوە ناتوانێ بە تەنها وەرگێڕدراوێکی سیاسی بێت لە بار و دۆخ و جێگای "گرنگی" ئابووریی خودی ئەم چینەدا. هەروەها سەردەمی شۆڕشە پرۆلیتێرییەکان دووبارە لە وەزعییەتی ڕووسیاوە دەرنەکێشراوە. سەردەمێک بەو مانایەی کە تیایدا سیناریۆی قۆناغ بەقۆناغکردنی میکانیکییانە هیچ پەیوەندێکی خۆی بە ماتەریالیزمی مێژووییەوە گرێ نادات‌ەوە. لە سالّی 1905دا "ماتەریالیزمی مێژوویی "لە هەنگاوی یەکەمدا، یانی بەفەرزگرتنی پێویستیی ڕۆڵی پرۆلیتاریا لە ئاڵوگۆڕە شۆڕشگێرییەکاندا و لە هەموو کۆمەڵگاکاندا، چ لە حاڵەتی ئۆپۆزیسیۆنبوون و چ لە سبەینێی سەرکەوتن و پێکهێنانی حوکوومەتدا، تەنانەت بەجیا لەوەی کە ئەم ئاڵوگۆڕە شۆڕشگێڕییانە، ڕاستەوخۆ و خێرا بەبێ وەستان سۆسیالیستی بن یان نا، چونکە ئەم ئاڵوگۆڕانە بە حوکمی هەلومەرجی بابەتی و مێژویی نێونەتەوەیی، ئیتر بەشێک نین لە شۆڕشە بۆرژوا_ دیموکراتییە کلاسیکییەکان، بەڵکوو پێشینەیەکن بۆ شۆڕشی سۆسیالیستیی پرۆلیتاریا.

با کورتی بکەینەوە. یەکێتیی کۆمۆنیستی لە خستنەڕووی میتۆدۆلۆژیی لێنیندا، گشتیترین و بنەڕەتیترین پایەکانی ئەم میتۆدۆلۆژییەی ئاوەژوو کردۆتەوە:

1) خاڵی لێوەهەستانی لێنین، کە هەمان خاڵی بەفەرزگرتنی هەبوونی بابەتییانە و گرنگی مێژوویی پرۆلیتاریا، وەک ڕابەری شۆڕشەکانی سەردەم، ژێرپێ دەنێ. ئەم



فەرزە لێنینیزمییەش لە دەزگای فیکریی یەکێتیی کۆمۆنیستیدا گۆڕدراوە بۆ "پاشکۆ" و "ئەنجام"ێک کە دەبێ لە شیکردنەوەی بار و دۆخی ئابوورییەوە دەربکێشرێتەوە.

بەم شێوەیە یەکێتیی کۆمۆنیستی لایەنگری چینایەتی خستۆتە شوێنی شیکردنەوەی سەروچینایەتی و بابەتییەوە. لێکۆڵەر دیسانەوە لە سەنگەری موفەسیر و دادوەرێکی بێلایەنەوە بڕیاری "گرنگیی مێژوویی چینەکان" دەدا و خۆی لە مەقامی کەسێک کە لە پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی دیاریکراو و لەپێشەوە پێناسەکراودا و لەسەنگەری چینێکی دیاریکراوەوە، کە بەرژەوەندیدارە، نابینێ و تەنها لە حوکمی "زانست" و بەرئەنجامە "زانستییەکان" کە دراون، پەیڕەوی دەکات.

2) لەسەر ئەم بناغەیە دیترمینستی ئابووری دەبرێتە جێگای ماتەریالیزمی پراتیک و دەست و پێی توخمی چالاک دەبەستێ و ڕۆڵی لە بەرەو پێشەوەبردنی مێژووی واقیعیدا دەخاتە ژێر تیشکی موقەدەراتێکی حەتمییەوە، کە بەرئەنجامی بار و دۆخی ئابوورییە.

3) ئەم دیترمینیزمە ئابوورییە، سەرەڕای ئەوەی لە چوارچێوەی وڵاتی و نیشتمانیدا قەتیس دەمێنێتەوە (ئەنجامگیریی ستراتیژیی شۆڕش لە فۆرمیلاسیۆنە کۆمەڵایەتییەکان و دەرککردنی لە مەودای ڕووتی نیشتمانییەکەیدا) دیسانەوە مەیدانی کار لەبەردەم پرۆلیتاریادا تەنگ دەکاتەوە. لە ڕوانگەی پراکتیکییەوە لە وڵاتێکی دواکەوتوودا (لە چەشنی ڕووسیای 905) ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە دەبێتە مایەی دواخستنی شۆڕش و کاری شۆڕشگێڕانە تا سەر ئاستی لە دواوە ڕۆیشتن و ڕەدووکەوتنی ڕیفۆرمیزم و لیبراڵیزمی بۆرژوازی.

ئەم میتۆدۆلۆژییە لە ئاکامی مەنتیقی خۆیدا، ئەنجامگیری ڕۆشنی مەنشەڤیکییانەی بەدواوە دەبێ. میتۆدۆلۆژیی یەکێتیی کۆمۆنیستی بە شێوەیەکی پەیگیرانە لە لایەن مەنشەڤیکەکانەوە بەکار هێنراوە. خودی یەکێتیی کۆمۆنیستی بۆ ئەوەی خۆی نەخاتە بەرامبەر لێنینەوە، هەروەها بۆئەوەی هەڵوێستی لێنین بەدەر لە "ڕێ و ڕەوەشتەکان" لە شۆڕشی دیموکراتی و ڕابەریی پرۆلیتاریا لە بزووتنەوە ناسۆسیالیستییەکاندا، لەگەڵ هەڵوێستەکانی خۆیدا سازگار نیشان بدات، ناچار بووە بەوەی کە لە سنووری هەمان میتۆدۆلۆژیدا ئەوەی بابەتییە دەستکاری بکات و ئابوورییەک دابتاشێ کە هەڵوێستەکانی لێنین "دەیخوازێ". ئابوورییەک دابتاشێ کە لە یەککاتدا دەرەبەگایەتییە و لە یەککاتی تردا سەرمایەدارییە. شۆڕشێک دابتاشێ کە لە یەککاتدا دیموکراتییە و لە

یەککاتی تردا سۆسیالیستییە. لێنینێک بخاتە بەرچاو کە لە یەککاتدا مارکسیستێکی عەلەنییە و لە کاتێکی تردا هەواداری فۆرموولبەندییەکانی ترۆتسکییە!

بەڵام بە هەمان شێوە کە لەو گوتەیەدا، کە لە وتاری "بەرنامەکەمان"، هێنامانەوە، بینیمان ڕەخنەی خودی لێنین لە میتۆدۆلۆژی پاسیڤیستانەی مەنشەڤیکەکان و ئیکۆنۆمیستەکان و هەڵوێستی لەمانە زۆر ڕۆشنترە. لە سەردەمی شۆڕشە پرۆلیتێرییەکاندا، ئەوە پرۆلیتاریای ڕووسیایە وەک بەشێک لە لەشکری جیهانیی چینی کرێکار، لە وڵاتی ڕووسیادا، لەگەڵ کۆمەڵێک کۆسپ بەرەو ڕووە، کە هەنگاوهەڵهێنانەوەی خێرا بەرەو سۆسیالیزم بۆی بۆتە کارێکی مەحاڵ. بەڵام شۆڕشێکی تر، یانی شۆڕشی دیموکراسی و هەمە خەڵکی کە بەپێی خاسییەتەکانی خۆی ئەو کۆسپانەی کردۆتە ئامانجی خۆی، بەم هۆیەشەوە نەک هەر شۆڕشێکی لەتوانابوودایە، بەڵکوو لە سەرەتای سەدەدا ڕووداوێکە خەریکە ڕوو دەدات، پرۆلیتاریا نەک هەر نابێ بەهۆی ناسۆسیالیستیبوونی ئەم شۆڕشەوە خۆی بکێشیتە کەنارەوە، تەنانەت نەک هەر نابێ بە حوکمی خشتە تیۆرییە مەنشەڤیکییەکان، ڕابەرییەکەی بە بۆرژوازی بسپێرێ، بەڵکوو دەبێ وەک ڕابەرێک لەم شۆڕشەدا بەشداری بکات. چونکە ئەوە تەنها خودی پرۆلیتاریایە کە دەتوانێ خەسڵەتێکی بەهادار بەم شۆڕشە ببەخشێ، کە لە سەردەمی شۆڕشە پرۆلیتێرییەکاندا بۆی پەیدا بووە. یانی گۆڕینی ئەم شۆڕشە بە پێشینە و زەمینەکانی شۆڕشی سۆسیالیستی، شۆڕشێک کە تایبەتە بە چینی کرێکار. بە پێچەوانەی ئەمەوە، ئەوە شۆڕشی 905 دەگۆڕێ بۆ یەک ڕیفۆرمی ناتەواو کە لەچاو مێژوودا لەدواوەیە و لانی زۆر دەیکاتە کاریکاتۆرێک لە "شۆڕشە گەورەکان"ی بۆرژوا_ دیموکراتیکی سەدەکەنی ڕابردوو. ئەگەر پرۆلیتاریا وەک ڕابەرێک لەم شۆڕشەدا بەشداری بکات، ئەوا دەبێ وەک ڕابەری حوکوومەتێک کە لەم شۆڕشەوە پەیدا دەبێ، بەشداری بکات. چونکە شۆڕش بۆ دەسەڵاتی سیاسییە و دەسەڵاتی سیاسیش ئامرازی تێکوپێکشکاندنی "لەسەرەوە"ی بەرگریی دژە شۆڕشە.

ئەمە ئەو لایەنەیە کە یەک ڕابەری ئینتەرناسیۆنالیستیی چینی کرێکار لێیەوە بۆ بەرەی شۆڕش لە ڕووسیادا دەڕوانێ، ئەمە ئەو لایەنەیە کە خودی ئەو ڕابەرە بۆچوونەکانی خۆی لەسەر شی کردۆتەوە. ئەمە هەمان ئەو دەرکە ڕۆشنەیە کە بڕیارە لێرە و لەوێی ڕستە دروستکراوە بێناوەڕۆکەکانی وەک "هاوسێی و ناهاوسێی"، پەیوەندی "ئابووری و سیاسەت" و نموونەکانی تری وەک ئەمانە گرد و کۆ بکرێتەوە، تا لیبراڵ چەپەکانی



ئەمڕۆ، دوای تێپەڕبوونی 80 ساڵ بتوانێ ئەنجامە مەنتیقییەکانی مەنشەڤیزم ئاوێزانی خۆی بکا و بەناوی کۆمۆنیزم و لێنینەوە بهێڵێتەوە.

*

ئەم بەشە لێرەدا تەواو دەکەین. بەڵام بۆ تەواوکردنی باسەکە، پاشکۆیەکی سەربەخۆمان دەربارەی بۆچوونە ئابوورییەکانی یەکێتیی کۆمۆنیستی لە کۆتایی هەر ئەم بەشەدا هێناوەتەوە. هەر وەکوو پێشووتریش گرێ جەوهەرییەکانی "تیۆری ئامادەسازیی شۆڕش" و مەسەلەی هەڵوێست لە دەسەڵاتی سیاسیمان لە پەیوەند بەو شۆڕشانەوە کە هەلومەرج بۆ دامەزراندنی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا تیایاندا ئامادە نییە، ڕۆشن کردەوە. لە بەشەکانی دواتردا باس لە مەسەلەی "دەسەڵاتی سیاسی" دەکەین و بە شێوەیەکی دیاریکراو لە بارەی ئەم خاڵانەوە دەدوێین:

1) دەرکی یەکێتیی کۆمۆنیستی بۆ پەیوەندیی نێوان دیموکراتی و سۆسیالیزم. ئەمەش مەسەلەیەکە لە بۆچوونی لێنیندا بەتایبەت لە داڕشتنی ستراتیژیی عەمەلیی شۆڕشی پرۆلیتاریادا ڕۆڵی بڕیاردەری هەیە. هەر بەو جۆرەی کە بینیمان یەکێتیی کۆمۆنیستی لە شیکردنەوەی خودی لێنیندا، ئەم مەسەلەیە بە شێوەیەکی ڕەها لە قەڵەمەوە دێنێتە خوارەوە و لە "تیۆری ئامادەسازی"دا خودی پەیوەندیی نێوان دیموکراسی و سۆسیالیزم ئاوەژوو دەکاتەوە. بە هەرحاڵ چاوپۆشی لە هەر ئاماژەدانێکی تیۆری، یەکێتیی کۆمۆنیستی لە شۆڕشی 57 دا (مەبەست شۆڕشی ساڵی 1979ی ئێرانە_ و) خۆی بە خەباتێکەوە کە ڕووی لە دیموکراسی و بەدەستهێنانی مافە دیموکراتیکییەکانە پەیوەست کردووە. بەڵام لە بەشی داهاتوودا ئەوە نیشان دەدەین، کە چۆن لەم چوارچێوە دیاریکراوەشدا، تیۆریی "ئامادەسازیی شۆڕش" بەکردەوە دەگۆڕدرێ بۆ کۆمەڵە خواستێکی نیوەناچڵی لیبراڵی.

2) مەسەلەی حوکوومەتی کاتیی شۆڕشگێڕ. ئایا حوکوومەتی کاتیی شۆڕشگێڕ خەیاڵێکە؟ لە بەشی دواتردا دەبینین کە چۆن خەباتی شۆڕشگێڕانە لە پێناو دیموکراسیدا، بەپێی قسەی خودی یەکێتیی کۆمۆنیستی کە نابێ ڕوو لە خواستی حوکوومەتێکی دیموکراتیی شۆڕشگێڕ، وەک ئامانجێکی تاکتیکی بنێ و لەم پەیوەندەشدا پێناسەی بۆ ناوەڕۆکی سەرکەوتنی "شۆڕشی سیاسی" وردتر هەڵدەسەنگێنین. (لە وتاری "دەوڵەت لە سەردەمانی شۆڕشگێڕییدا" کە لەم ژمارەیەی "بەرەو سۆسیالیزم"دا هاتووە، ئاماژەمان بە هەندێ خاڵ لەم بارەیەوە کردووە)،

هەروەها لە بارەی بەڵگەهێنانەوەیەکی کۆنی یەکێتیی کۆمۆنیستی کە لەدژی حوکوومەتی دیموکراتی شۆڕشگێڕ، دەیهێنێتەوە، دەدوێین. کە پێشتر بە هەمان شێوە لە لایەن (پارۆوس) فۆرموولە کراوە و لە لایەن لێنینەوە وەڵامی وەرگرتۆتەوە. پرسیارێک کە دەبێ وەڵامی پێ بدەینەوە ئەوەیە "ئەگەر چینی کرێکار لەسەر سەری شۆڕشێکی دیموکراسی ڕاوەستا بێت و لە حوکوومەتێکی شۆڕشگێڕانەدا باڵادەست بێت، بۆچی ئەمە بە مانای شۆڕشی سۆسیالیستی نییە"، وە یان بە بەیانێکی تیۆری تر، "ئەگەر پرۆلیتاریا هێزی بزوێنەر و توخمی چالاکی شۆڕشی دیموکراتی و سۆسیالیستی و هەردووکیان بێت، ئەو کاتە چۆن دەکرێ هەلومەرجی خۆیی بۆ یەکێکیان ئامادە بێ و بۆ ئەوی تریان ئامادە نەبێ". زەینیگەرایی و ئاکادیمیزمی زاتی ئەم "تارۆشنییە" ئەخەیەنە ڕوو.

3) بە هەمان شێوە تاکتیکی بوون بە "ئۆپۆزیسیۆنی ڕێکخراوی دوای شۆڕش"، دیسانەوە فۆرموولبەندییەکی نوێ نییە. ئەمە هەمان تێزی کۆنی مەنشەڤیکەکانە و ئێمە بە بەشی خۆمان ئاماژەمان بە خەسڵەتە بۆرژوا_ لیبراڵییەکەی ئەم سیاسەتە دا.

4) وە لە کۆتاییدا پێویستە بۆ خودی یەکێتیی کۆمۆنیستی وەک بابەتێک کە "لە دەرەوەی هۆش"دایە و وەک هۆشیارییەکی "ماتەریالیزەبوو" سەرنجێک بدەین. لە بەشی داهاتوودا بە پشتبەستن بە بەیاننامە و وتارە تاکتیکییەکانی ئەم ڕەوتە، جێگا واقعییەکەی لەنێو هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی کۆماری ئیسلامیدا نیشان دەدەین. لێرەشدا زۆرتر لەگەڵ ئاکامە سیاسییە ڕاستەوییەکان و فۆرموولە تیۆرییەکانی یەکێتیی کۆمۆنیستی ئاشنا دەبین.

**ڕوونکردنەوەکان**:

*/ ئەم بابەتە بەشێکە لە وتارێکی مەنسوور حیکمەت بەناوی "یەکێتیی کۆمۆنیستی ئەناتۆمی لیبراڵیزمی چەپ" کە بە دوو بەش لە گۆڤاری تیۆریک سیاسیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، "بەرەو سۆسیالیزم"، ساڵی 1989 بڵاو کراوەتەوە.

**/ لەم بارەیەوە بگەڕێرەوە بۆ تێزەکانی مارکس سەبارەت بە فۆیەرباخ. لە بارەی دەستەواژەی "ماتەریالیزمی پراتیک"ەوە بگەڕێرەوە بۆ "ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی، فۆیەرباخ، بەرابەرکێی تێڕوانینی ماتەریالیستی و ئایدیالیستی". (هەڵبژاردەی سێ بەرگی/ دانراوەکانی مارکس و ئەنگڵس بە زمانی ئینگلیزی، لاپەڕە 27). "لە ڕاستیدا بۆ ئێمە ماتەریالیستی پراتیک، یانی کۆمۆنیست، بە مانای بە شۆڕشداکێشانی جیهانی



مەوجودە، یانی مەسەلەمان پەلاماردان و ئالۆگۆڕپێدانی هەموو ئەو دیاردانەیە کە هەن" (هێڵەکانی جەخت هی ئێمەن).

***/ نموونەی هەڵوێستگرتنی یەکێتیی کۆمۆنیستی لە کوردستان، ئەم دیدگا ناسیۆنال_ پیشەسازییە، ڕیسوا دەکات. ئەنجامگیری جەنابان لە "فۆرمیلاسیۆنە کۆمەڵایەتییەکان" لە کوردستان، ئەوانی بە هەڵوێستگرتنێکی سەرسووڕهێنەر سەبارەت بە خەباتی کۆمۆنیستی و شۆڕشگێڕانە لەم سەرزەوییە گەیاندووە. لە ڕووکەشدا کوردستان ئەو شوێنەیە کە نەک چینی کرێکار، بەڵکوو حیزبی دیموکرات "لە باری مێژووییەوە گرنگ" هەڵسەنگێندراوە! لەم بارەیەوە وەڵامی ئێمە، بە دەربرینەکانی یەکێتیی کۆمۆنیستی سەبارەت بە هەبوون و نەبوونی پرۆلیتاریا لە کوردستان، بگەڕێرەوە بۆ وتارەکانی شوعەیبی زەکەریایی و مەنسوور حیکمەت کە بەدوای یەکدا، لە پاشکۆی بڵاوکراوەی "پێشڕەو" ژمارە9 و "کۆمۆنیست" ژمارە 22دا بڵاو کراونەتەوە.

وەرگێڕانی: خەسرەو سایە

سەرچاوە:
در نقد وحدت کمونیستی، بخش دوم
مارکسیم و پراتیک انقلابی: در باره متدولوژی لنین
بسوی سوسیالیسم، دوره دوم
شماره 2، آذر 1364

# دەوڵەت لە دەورە شۆڕشگێڕانەکاندا

بابەتی باسی ئێستامان بریتییە لە "دەوڵەت لە دەورە شۆڕشگێڕانەکاندا" لە چوارچێوەی ئەم باسەدا یەکێک لە لایەنەکانی تیۆری مارکسیستیی دەوڵەت، یان بە وتەیەکی تر میتۆدۆلۆژیی مارکسیزم سەبارەت بە دیاردەی دەوڵەت، دەدەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە کە بەزۆری لەژێر پەردەی ئەو حوکمە کلێشەییانەدا، کە سەبارەت بە دەوڵەت وتراون دەشاردرێنەوە و بەم جۆرە فەرامۆش دەکرێ. پاش هێنانەگۆڕی گشتیی مەسەلەکە, بە شێوەیەکی موشەخەستر، وەک چەند نموونەیەک لە بەکارهێنانی ئەم میتۆدۆلۆژییە، ئاماژە بەم بابەتانەی خوارەوە دەکەین، یەکەم، مەسەلەی کۆماری شۆڕشگێڕ لە بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستدا. دووەم، شێوەی هەڵوێستگرتن بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامی، کە لێرەدا هەندێک لەو خاڵانەی کە لە نووسراوەی "دوو باڵی دژی شۆڕشی بۆرژوا ئیمپریالیستی"دا باسی لەسەر کرابوو، لەبەر تیشکی ئەم باسەی ئێستادا دیسانەوە جەختیان لەسەر دەکرێنەوە. وە سەرەنجام سێیەم، دەوڵەت لە شۆڕشی پرۆلیتێریدا و مەسەلەی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا.

## تیۆری مارکسیستیی دەوڵەت و "دەورەکانی گوزار"

ئێستا ئیتر هەمووان دەزانن کە لە ڕوانگەی مارکسیزمەوە دەوڵەت ئامرازی دەسەڵاتداریی چینایەتیی چینێکە کە لە باری ئابوورییەوە زاڵە. دەوڵەت ئامرازێکە بۆ لەزنجیردا بەستنەوەی چینە ستەملێکراو و چەوساوەکان و بۆ پاراستنی پەیوەندییەکانی خاوەنداریێتی و بەرهەمهێنانی مەوجوود لە چنگ پەلاماری چینە بندەستەکان. لێنین لە کتێبی "دەوڵەت و شۆڕش"دا سەرەتا بە هێنانەوەی گەلێک نموونەی ڕاستەوخۆ لە نووسراوەکانی مارکس و ئەنگڵس، ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە چلۆن بە پێچەوانەی ئەو خۆشباوەڕییەی کە بۆرژوازی ڕەواجی پێ دەدا، دەوڵەت دیاردەیەکی سەرووچینایەتی و بانتر لە کۆمەڵ نییە کە گوایە پەیوەندییەکانی چینایەتی "هاوئاهەنگ" دەکا، یان نوێنەرایەتی "بەرژەوەندیی گشتی" دەکا. دەوڵەت، بە پێچەوانەی هەموو ئەو بۆچوونانەی کە لە کۆمەڵی بۆرژواییدا باون، نوێنەر و پارێزەری قازانج و بەرژەوەندێکی چینایەتیی دیاریکراوە، یانی نوێنەر و پارێزەری قازانج و بەرژەوەندیی



چینێکە کە لە باری ئابوورییەوە زاڵە. سەرهەڵدانی دەوڵەت لە بنەڕەتەوە لەگەڵ سەرهەڵدانی چەوسانەوە و دابەشبوونی چینایەتیی کۆمەڵ و سەرهەڵدانی دژایەتی و خەباتی چینایەتی هاوکات بووە.

هەر وەکوو باسم کرد، ئەم خاڵانە ئیتر ئەمڕۆ گەلێک ڕوونن و من زۆر لەسەر ڕوونکردنەوەی زیاتریان ناڕۆم، بەتایبەت چونکە لێرەدا باسەکەی من هەر لە بنەڕەتەوە ڕەخنەیەکە بەرانبەر بە تەعمیمدان و هەمەکیکردنی ئەم پێناسانە بە شێوەیەکی میکانیکی و کلێشەیی و جێبەجێکردنیان بەسەر هەموو سات و کاتێکی پرۆسەی گەشە و هەڵدانی مێژوویی کۆمەڵدا و بەتایبەت لە "دەورە شۆڕشگێڕانەکاندا".

هەر لە سەرەتاوە دیارە، کە ئەو پێناسە مارکسیستییانەی دەوڵەت کە لەسەرەوە باسیان کرا، لە ڕاستیدا کارکردنی ئاسایی کۆمەڵیان لەبەرچاوە. ئەم پێناسە و لێکدانەوەیەی دەوڵەت لە بار و دۆخی "ئاسایی" کۆمەڵایەتیدایە، یانی لە دەورانێکدا کۆمەڵ تووشی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە نەهاتووە. ئەوە بیر دەخەمەوە کە ماتەریالیزمی مێژوویی کۆکراوەی ژمارەیی پێنج وێنەی ئیستاتیک لە پێنج شێوەی بەرهەمهێنانی "ئاسایی" (کۆمۆنی سەرەتایی، کۆیلایەتی، فیۆدالیزم، سەرمایەداری و کۆمۆنیزم) نییە. لە ڕاستیدا ئەمە لەقەوارەخستنی ماتەریالیزمی مێژوویی لە لایەن ڕیڤیژینیستەکانەوە بە شێوەیەکی میکانیکییە. ماتەریالیزمی مێژوویی مارکس تەنیا بەیانی شێوە جۆراوجۆرەکانی بەرهەمهێنان و ڕاگەیاندنی جێگۆڕکێی ئەم شێوە جۆراوجۆرانە لە ڕەوتێکی زنجیرە ئاسایی مێژووییدا نییە، بەڵکوو دینامیزمی ئەو ڕەوتی گۆڕانە و تایبەتمەندییەکانی دەورانی گۆڕانکاریش دەگرێتەبەر و ڕوونیان دەکاتەوە. ئەم شێوە جۆراوجۆرانەی بەرهەمهێنان چلۆن و لە چ پرۆسەیەکدا جێگۆڕگێ دەکەن؟ ئەگەر ئەم دینامیزمە لەبەرچاو بگرین، ئەو کاتە دەبینین کە بەشێکی سەرەکی لە شیکردنەوەی ماتەریالیستییانەی مێژوو بریتییە لە ناسینی تایبەتمەندییەکانی دەورەکانی گوزار و دەورەکانی گۆڕان، لەنێو ئەو پەیوەندی و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانەدا کە هەر کامیان لە سەردەمێکی دوورودرێژدا شکڵی ئاسایی و شیاوی بەرهەمهاتنەوەی هەڵسووڕانی ئابووری و زیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤیان پێک هێناوە. بە وتەیەکی تر شێوەکانی بەرهەمهێنان لەناکاو و دەستبەجێ جێگۆڕکێ ناکەن. نە فیۆدالیزم لەناکاو جێگای خۆی بە سەرمایەداری داوە و کۆمۆنیزم دەسبەجێ جێگای سەرمایەداری دەگرێتەوە. لێکدانەوەی دەورەکانی گوزار و ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە لە

کۆمەڵدا، بەشێکە لە ڕوانینی ماتەریالیستی بۆ مێژوو هەر وەک چۆن لێکدانەوەی شکڵە ئاساییەکانی بەرهەمهێنان و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ، بەشێکە لە ڕوانینی ماتەریالیستی بۆ مێژوو. مارکس لە "سەرەتای ڕەخنەی ئابووریی سیاسی"دا بە ڕوونی باسی ئەم مەسەلەیە دەکا: "هێزە بەرهەمهێنەرە ماددییەکانی کۆمەڵ لە قۆناغێکی دیاریکراوی گەشە و هەڵدانی خۆیاندا لەگەڵ پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی مەوجوود، وە یان بە وتەیەکی تر (کە هەر بەیانە حوقووقییەکەیەتی) لەگەڵ پەیوەندییەکانی خاوەندارێتی کە ئەو هێزانەی پێشوو، لە چوارچێوەیدا هەڵسووڕاون، دەکەوێتە ناکۆکییەوە. ئەم (پەیوەند و پەیوەندییە مەوجوودە) کە پتر چوارچێوەکە بووە، بۆ گەشەپێدانی هێزە بەرهەمهێنەرەکان، ئیتر دەبنە کۆسپێک لەسەر ڕێگایان. ئەو کاتە دەورەیەک لە شۆڕشی کۆمەڵایەتی دەسپێ دەکا".

دواتر ئاماژە بەوە دەکەم کە بەدرێژایی ئەم باسە، من چەمکی "دەورەکانی شۆڕشگێڕانە" بە مانایەکی بەرتەسکتر لە گشت دەورەی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵ، یانی ئەو دەورەی گوزارەی کە مارکس ئاماژەی پێ دەکا، بەکار دێنم، بەڵام با جارێ هەر ئەو مانا بەرینەی ئەم دەستەواژەیە لەبەرچاو بگرین و دیسانەوە بچینەوە سەر ئەو فۆرموولەیەی کە دەوڵەتی پێناسە کرد. ئایا ئەم پێناسەیە دەتوانێ هەر بەم شێوەیەی ئێستای، بۆ ناساندنی خەسڵەت و ناوەڕۆکی دەوڵەتەکان (هەر دەوڵەتێک) بەدرێژایی ئەم دەورانی گوزاری شۆڕشگێڕانەیە بەکار بهێنرێ؟ بە وتەیەکی تر ئایا ئەو فۆرموولەیە کە دەڵێ "دەوڵەت ئامرازی چینێکە کە لە باری ئابوورییەوە زاڵە" لەگەڵ تایبەتییەکانی دەورەکانی گوزاری شۆڕشگێڕانە دێتەوە؟ وەکوو حوکمێکی پێویست نا! هەڵوێستی ئانارشیستەکان بەرانبەر بە دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا و هەروەها هەڵوێستی هی وەکوو یەکێتیی کۆمۆنیستی بەرانبەر بە دەستەواژەی کۆماری شۆڕشگێڕ، چەند نموونەیەکی زیندوون لە داماویی تیۆری ئەو کەسانە کە لە هەڵوێستی مارکسیستی بەرانبەر بە دەوڵەت هەر ئەو فۆرموولە فێر بوون و لە هەموو هەلومەرجێکدا دووپاتی دەکەنەوە.

بۆ نموونە، دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا دەوڵەتێکی دەورانی تێپەڕبوونە. بەڵام ئایا دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا دەوڵەتی چینێکە کە لە باری ئابوورییەوە زاڵە؟ دیارە وا نییە. بەڵکوو دەوڵەتی چینێکە کە لە دژی ئەو چینە چەوسێنەرەی وا بەسەر بەرهەمهێناندا زاڵە ڕاپەڕیوە. دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا لە سەرەتاوە پشت بە ئابووریی مەوجوودی



کۆمەڵ نابەستێ، نوێنەری چینێک نییە کە لە باری ئابوورییەوە بەسەر چینەکانی تردا زاڵە. ڕێک بە پێچەوانەوە، دەوڵەتێکە لە دژی ئابووریی مەوجوود. لە ڕاستیدا ئەم دەوڵەتە هەرگیز ناتوانێ تەنانەت لە داهاتووی خۆیشیدا، ببێتە ئامرازی دەسەڵاتدارێتی چینێک لە پەیوەندییەکی ئابووریی چینایەتیدا. شۆڕشی سۆسیالیستی، شۆڕشێکە لەدژی خودی خەسڵەتی چینایەتیی کۆمەڵ و خاوەندارێتی تایبەتی بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا و لەدژی خودی چەوساندنەوەی چینایەتییە. ئەو ئابوورییە نوێیەی کە بەرهەمی ئەو شۆڕشەیە، لەگەڵ لەناوچوونی فەلسەفەی بوون و مەوجوودییەتی دەوڵەت بەگشتی هاوتایە. شۆڕشی سۆسیالیستی، شۆڕشێکە کە هاوکات لەگەڵ لەناوبردنی دابەشبوونی چینایەتیی کۆمەڵ، دەوڵەتیش بەرەو نەمان دەبا.

بەڵام ئەگەر دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا ئامرازی پاراستنی ئەو پەیوەندییە بەرهەمهێنانە چینایەتییە نییە کە هەر ئێستا هەیە، ئەگەر بڕیار وا نییە، کە ئەو دیکتاتۆرییە سەرخانی سیاسی لەبار بێ بۆ خاوەندارێتی چینێک بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا، کەوایە فەلسەفەی بوونی چییە؟ یان بە وتەیەکی تر "لێکدانەوەی مارکسیستی"ی دەوڵەت چلۆن دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا لێک دەداتەوە؟

بەشێکی گرنگ لە کتێبی "دەوڵەت و شۆڕش"ی لێنین بۆ کێشە لەگەڵ ئەو بۆچوونە ئانارشیستییانەی کە بە چاوێکی میکانیکی و میتافیزیکی دەڕواننە بزووتنەوەی مێژوویی کۆمەڵ تەرخان کراوە، وە ناتوانن تێگەیشتنی خۆیان لە مەسەلەی دەوڵەت لە ئاستی تێگەیشتنیان لە "دەوڵەتی ئاسایی" واوەتر بەرن و بەم جۆرە لە دژی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا هەڵدەستن. ئەگەر شۆڕشی سۆسیالیستی لەگەڵ توانەوەی چینەکان هاوتایە، کەواتە توانەوەی دەوڵەتیش، کەوایە لەو نێوەدا دەوڵەتی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا چ کارەیە؟ لێرەدا لێنین "لایەنێکی تری"ی تیۆری مارکسیستی دەوڵەت شی دەکاتەوە. دەوڵەتی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا نەک لە "ئابووری" لە خودی خۆیدا، بەڵکوو لە سیاسەت و لە خەباتی چینایەتییەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەوە تەوەری لێکدانەوەی مارکسیستی دەوڵەتە لە دەورە گوزارە شۆڕشگێڕانەکاندا: "لە مانیفێستی کۆمۆنیستدا پوختەیەک لە مێژوو نیشان دەدرێ کە مرۆڤ وا لێ دەکا، کە دەوڵەت وەکوو ئۆرگانی دەسەڵاتدارەتی چینایەتی چاولێ بکا و ئەمە ناچار ئێمە بەو ئاکامە دەگەیەنێ کە پرۆلیتاریا ناتوانێ بۆرژوازی بروخێنێ، مەگەر پێش هەموو شتێک دەسەڵاتی سیاسی بەدەس بێنێ، سەروەریی سیاسی بەدەس بێنێ و دەوڵەت بکاتە "پرۆلیتاریای ڕێکخراو

وەک چینی دەسەڵاتدار" وە ئەم دەوڵەتە پرۆلیتێرییە پاش سەرکەوتن دەسبەجێ ڕێگای توانەوە دەگرێتە پێش، چونکە لە کۆمەڵێکدا کە دژایەتیی چینایەتی نەمابێ، دەوڵەت پێویست ناکا و ناتوانێ هەبێ. لێرەدا باسی ئەم مەسەلەیە نەکراوە کە لە ڕوانگەی پەرەسەندنی مێژووییەوە دەوڵەتی پرۆلیتێری چلۆن جێگای دەوڵەتی بۆرژوایی دەگرێتەوە." (دەوڵەت و شۆڕش، بەرگی 25، تێکرای ئاسارەکان بە ئینگلیزی، ل411).

لێرەدا لێنین سەرنج دەداتە ئەو قۆناغە لە مێژووی کۆمەڵی مرۆڤ کە لە "پوختەیەکی گشتی"ی مێژوودا تەنیا وەک "خاڵ"ێک، وەک شوێنی پێکگەیشتنەوەی دوو نیزام، وەک ئەو بوارە زەمانییەی کە تێیدا دوو دەوڵەت جێگۆڕکێ دەکەن، بەرچاو دەکەوێ. ئەمە هەمان دەورەی گوزارە. ئەمە دەورەیەکی زۆر گرنگە لە ئاڵوگۆڕی مێژووییدا. لەم دەورەیەدا، یانی لە ماوەی پرۆسەیەکی کەم تا زۆر درێژخایەنی جێگۆڕکێی دوو نیزامدا، لەو جێگایەدا کە یەکێکیان تووشی ئاڵوگۆڕ بووە و ئەوی تریان هێشتا دانەمەزراوە، دەوڵەت چ دیاردەیەکە؟ ئەمە ئەو لایەنەی تیۆری مارکسیستیی دەوڵەتە کە لە دەزگای میکانیکیی ڕیڤیژینیزم و هەر بەم پێیە بەشی هەرە زۆری چەپی ئێراندا، لەبیر دەچێتەوە: "تەنیا ئەو کەسەی پەی بە جەوهەری ئامۆژگارییەکانی مارکس بردووە، کە تێگەیشتنی دیکتاتۆریی تاقە چینێک نەک تەنیا بۆ هەموو جۆرە کۆمەڵگایەکی چینایەتی بەگشتی، ... بەڵکوو بۆ سەردەمێکی مێژوویی کامڵیش کە سەرمایەداری لە "کۆمەڵگای بێ چین"، یانی لە کۆمۆنیزم، جیا دەکاتەوە، پێویستە. شکڵ و قەوارەی دەوڵەتە بۆرژواییەکان ئێجگار جۆراوجۆرە، بەڵام هەمووان یەک ناوەڕۆکیان هەیە. شکڵ و قەوارەی ئەم دەوڵەتانە هەرچی بێ، لە ناوەڕۆکدا حەتمەن هەموویان دیکتاتۆریی بۆرژواین. دەورەی گوزار لە سەرمایەدارییەوە بۆ کۆمۆنیزم بێگومان گەلێک شکڵی سیاسی جۆراوجۆر بەخۆ دەگرێ، بەڵام هەموویان یەک ناوەڕۆکیان دەبێ، کە ئەویش دیکتاتۆریی پرۆلیتاریایە". (هەمان سەرچاوە، لاپەڕە 418، تەئکید هی دەقی ئەسڵییە)

دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا دەوڵەتێکە لەگەڵ ئەم "دەورە مێژوویی"یە دیاریکراوە، یانی لەگەڵ دەورەی گوزاری شۆڕشگێڕانەدا دەگونجێ. دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا دەوڵەتێکە لە دژی ئابووریی سەرمایەداری و لە هەمان کاتدا دەوڵەتێک نییە کە لەگەڵ ئابووریی کۆمۆنیستی بێتەوە. چونکە ئەو ئابوورییە نوێیە پشتی بە دابەشکردنی چینایەتی نەبەستووە و بەم بۆنەیەوە پێویستی بە دەوڵەت وەک هێزێکی زەبروزەنگنواندن نییە.



ئەو دەوڵەتە، دەوڵەتێکە کە لە مەودای نێوان ئەو دوو "ئابووری"یەدایە و بەم بۆنەیەوە پێداویستی و فەلسەفەی وجوود و کاراکتەری خۆی ڕاستەوخۆ نەک لە ئابووری و ژێرخانی ئابووری، بەڵکوو لە شوێنێکی تر هەڵدێنجێ: لە شۆڕش، لە خەباتی چینایەتی کە بەدرێژایی دەورەی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە دەبێتە مەیدانی سەرەکی و چارەنووسسازی پەیوەندیی چینە کۆمەڵایەتییەکان بەرانبەر بە یەکتر. دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا، خۆی دیکتاتۆرییەکە، بەڵام نەک بۆ پاراستنی ئەو پەیوەندییە بەرهەمهێنانە، ئەو پەیوەندییە چینایەتییە دیاریکراوە کە مەوجوودە، بەڵکوو بۆ تێکشکاندنی بەرگرییەک کە لەبەرانبەر گۆڕانی شۆڕشگێڕانەی ئەم پەیوەندییانەدا دەکرێ: "دەوڵەت هێزی تایبەتیی سەرکوت"ە ... بەڵام لەم پێناسەیە ئەوە دەردەکەوێ "هێزی تایبەت بۆ سەرکوتی" پرۆلیتاریا لە لایەن بۆرژوازییەوە، سەرکوتی ملیۆن ڕەنجدەر لە لایەن تاقمێک دەوڵەمەندەوە، دەبێ جێگای خۆی بداتە "هێزی تایبەت بۆ سەرکوتی" بۆرژوازی لە لایەن پرۆلیتاریاوە (یانی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا ). مانای "فەوتان و لەناوچوونی دەوڵەت وەک دەوڵەت"یش هەر لەم مەسەلەیەدایە. مانای "هەنگاوهەڵگرتن" بۆ بەدەسهێنانی ئامرازی بەرهەمهێنان بەناوی کۆمەڵەوە، هەر لەوەدا ئیتر ئەوە ڕوونە کە ئەم جۆرە جێگۆڕکێیەی "هێزێکی تایبەت" (بۆرژوایی) لە گەڵ "هێزێکی تایبەت"ی تر (پرۆلیتاریا) بە هیچ جۆرێک ناتوانێ لە ڕێگای توانەوە سەربگرێ". (هەمان سەرچاوە، لاپەڕە 402)

"دەوڵەت ڕێکخراوی تایبەتی زەبروزەنگە: دەوڵەت ڕێکخراوی زەبروزەنگنواندنە بۆ سەرکوتی چینێکی دیاریکراو. بەڵام پرۆلیتاریا دەبێ کامە چین سەرکوت بکا. ڕوونە کە تەنیا چینی چەوسێنەر، یانی بۆرژوازی. زەحمەتکێشان دەوڵەتیان تەنیا بۆ سەرکوتکردنی بەرگریی چەوسێنەران پێویستە و تەنیا پرۆلیتاریایە کە دەتوانێ ئەم سەرکوتە بەرەو پێش بەرێ و جێبەجێ بکا". (هەمان سەرچاوە، لاپەڕە 407)

لێرەدا لەگەڵ چەمکێکی گشتیتری دەستەواژەی دەوڵەت بەرەو ڕووین، چەمکێک کە لە هەمان کاتدا سادەتر و هەمە لایەنەترە. دەوڵەت "هێزی تایبەتیی زەبروزەنگە" بۆ سەرکوتی چینایەتی. ئەمە خەسڵەتی هاوبەشی هەموو چەشنە دەوڵەتێکە. چ دەوڵەتی ئاسایی و چ دەوڵەتی دەورەی گوزار. لە هەلومەرجی ئاساییدا کە بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی پەیوەندییەکی دیاریکراوی بەرهەمهێناندایە، یان بە وتەیەکی سادەتر "ئابووری" تەوەری دیاریکەرە لە پەیوەندی

و کار و کاردانەوەی چینە کۆمەڵایەتییەکان لەبەرانبەر یەکتردا، دەوڵەت دەوری سەرکوتگەرانەی خۆی لە بنەڕەتەوە لە پەیوەند لەگەڵ پاراستنی ئەو پەیوەندییە بەرهەمهێنانە مەوجوودەدا دەبینێ، کە لە خزمەت چینێکدایە کە لەباری ئابوورییەوە زاڵە. بەڵام لە دەورانی گوزاردایە و ئیتر توخمێکی دیاریکەر لە لێکدانەوەی دەوڵەتدا نییە، چونکە ناکۆکیی پەیوەندییەکانی ئابووری مەوجوود، خۆیان لە پەیوەندییەکانی نێوان چینەکاندا هۆیەکی تازەیان هێناوەتە گۆڕ کە هەموو شتێکی خستووەتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە، یانی شۆڕش و کێشەی نێوان شۆڕش و دژی شۆڕش. لێرەدا دەوڵەت ئامرازی یەکلاکردنەوەی ئەم مەسەلەیەیە. دەوڵەت لە دەورەی گوزاردا تا ئەو جێگایە وەک دەوڵەت کار دەکا، کە وەک ئامرازێک بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم مەسەلەیە، یانی شۆڕش بە کەڵک بێ. لێرەدا ئیتر دەوڵەت ڕاستەوخۆ ئامرازێکی سیاسی بۆ پاراستنی دەسەڵاتی ئابووری نییە، بەڵکوو ئامرازێکی سیاسییە بۆ پاراستن، یان سەقامگیرکردنی دەسەڵاتی سیاسی. ئەگەر لە بواری مێژووییدا دەوڵەت لەگەڵ پەیدابوونی زێدەبەرهەم و چەوساندنەوە شکڵی گرت، ئەگەر لە کۆمەڵی ئاساییدا، لە کۆمەڵێکدا کە لە "حاڵی بەرهەمهێنان"دایە، دەوڵەت زامنی دەسەڵاتی ئابوورییە، لە دەورەی گوزاردا، دەوڵەت ئیتر ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە خودی خەباتی چینایەتییەوە هەیە، خەباتێک کە تا ڕادەی شۆڕشێک پەرەی ئەستاندووە. لێنین بۆ ڕوونکردنەوەی پێویستیی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا بە باشی ئەم خاڵە شی دەکاتەوە: "تیۆری خەباتی چینایەتی، کاتێک لە لایەن مارکسەوە سەبارەت بە دەوڵەت و شۆڕشی سۆسیالیستی بەدەستەوە دەگیرێ، بەبێ ئەملا و ئەولا دەسەڵاتی سیاسیی پرۆلیتاریا، یانی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا دەسەلمێنێ ... بۆرژوازی تەنیا ئەو کاتە دەڕووخێندرێ کە پرۆلیتاریا ببێتە ئەو چینە دەسەڵاتدارە کە بتوانێ بەرهەڵستی چارهەڵنەگر و تا دواهەناسەی بۆرژوازی تێک بشکێنێ و هەموو کۆمەڵانی زەحمەتکێش و چەوساوە بۆ سیستەمێکی ئابووریی نوێ ڕێک بخا". (هەمان سەرچاوە، لاپەڕە 409)

ئۆپۆرتیۆنیستەکان و ئانارشیستەکان هەردووکیان لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە شۆڕشی پرۆلیتێری لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی دیکتاتۆری ناکۆکی و دژایەتییان هەیە. بۆ یەکێکیان شۆڕشی پرۆلیتێری دەبوایە موژدەدەری "دیموکراسی و کۆتاییهێنان بە هەر چەشنە دیکتاتۆرییەک بێ، بۆ ئەوەی تریان شۆڕشی پرۆلیتێری لەگەڵ توانەوەی دەوڵەتدا هاوتا بوو. هیچ کام لەم دوو ڕەوتانە نەیان دەتوانی لە



تایبەتمەندییەکانی دەورەی شۆڕشگێڕانە، دەورەی گوزار و خەسڵەتی دەوڵەت لەم دەورەیەدا تێبگەن. لێنین بە ڕوونی نیشانی دەدا کە دەوڵەتی دەورەی گوزاری شۆڕشگێڕانە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە خودی شۆڕشەوە هەیە، یانی پەیوەندی بە ڕووداوێکەوە هەیە کە مرۆڤەکان لە شوێنی ڕۆتین و هەمیشەیی ئابوورییان و لەو پەیوەندە هەمیشەیی و بەردەوامەی کە لە بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا لەگەڵ یەکتر هەیانە، بە شێوەیەکی "کاتی" جیا دەکاتەوە و دەیانخاتە بەرەنگارییەکی ڕوون و توندوتیژەوە. لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا، دەوڵەت، یان ئامرازی بەرەو پێشبردن، یان ئامرازی وەستاندنی شۆڕشە. دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا پێویستە، بەڵام نەک لەبەر ئەوەی پەیوەندییەکی تازەی بەرهەمهێنان پێک هاتووە و ئەم پەیوەندییە تازەیە پێویستی بە سەرخانێکی سیاسی و گونجاو لەگەڵ خۆیدا هەیە، وە بەم بۆنەیەوە پێویستی بە دەوڵەتێکی گونجاو لەگەڵ خۆیدا هەیە، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە کە بۆرژوازی هەتا دواهەناسە بەرهەڵستی دەکا. دەوڵەت ئێستا ئیتر وەک حیزب، وەک سوپای شۆڕشگێڕ و میلیی جەماوەری، ئامرازێکە بۆ بەرەو پێشبردنی خەباتی شۆڕشگێڕانە و گۆڕینی سەنگ و سووکی هێزە سیاسییەکان. ئیتر تایبەتمەندیی "دەوڵەتی ئاسایی" بۆ وەسفکردنی دەوڵەتی دەورەی گوزار لەبار نییە. ئەو حوکمە چ بۆ دەوڵەتی چینە شۆڕشگێڕەکان و چ بۆ دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانی بۆرژوازی ڕاستە.

بەشە جۆراوجۆرەکانی چەپی ئێران، بەدرێژایی شۆڕشی ساڵی 79 و تەنانەت ئەمڕۆش لە لێکدانەوەکانیاندا سەبارەت بە دەوڵەتی بۆرژوایی دەسەڵاتدار نیشانیان داوە کە ناتوانن لەم حاڵە تێبگەن. ئەوان پێیان وا بوو، بۆئەوەی هەڵوێستێکی "مارکسیستی" بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامی وەرگرن، دەبێ "پایەگای ئابووریی تایبەت"ی بەم ڕژێمە، شی بکرێتەوە و بینیمان کە چلۆن ئەم "مارکسیزم"ە ناتەواوە ئاکادیمیکە بۆ ناسینی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی هەر جارە پەنجە بۆ یەکێک لە توێژە کۆمەڵایەتییەکان بۆ نموونە "بۆرژوازیی سەوداگەر"، "وردەبۆرژوازی باو"، "پاشماوەی دەرەبەگایەتی" و شتی لەم چەشنە ڕادەکێشێ و سەنگ و سووکیان دەکا. دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی وەک دەوڵەتی بۆرژوازی لە دەورەی شۆڕشگێڕانە"دا، یانی وەک دەوڵەتێکی بۆرژوایی کە لە دژی شۆڕش خۆی ڕێک خستووە، هاتبووە مەیدانەوە، هەتا کاری شۆڕش یەکلا بکاتەوە و چەپی ئێران چاوی لەم ناوەڕۆکە بەئاشکرا بۆرژواییەی دەوڵەت دەپۆشێ و بۆ ڕوونکردنەوە و ناسینی کاراکتەر و جەوهەری

چینایەتی و کارکردی سیاسیی دەوڵەت، ئابوورییە "لاوەکی"یەکانی کۆمەڵی دەپشکنی. ئێمە وتمان ئەو دەوڵەتە دەوڵەتێکی بۆرژوا_ ئیمپریالیستییە، چونکە لە شۆڕشی 79دا ئامرازێکی چارەنووسساز بوو بەدەست گشت بۆرژوازییەوە. چەپی ئێران ئەم "چەپرەوی"یەی ئێمەی لەدڵ گران هات. وە سەرەڕای ئەوە، چەند ساڵ دواتر کاتێک بەرینایی کوشتار و سەرکوت بە ڕادەیەک گەیشت کە بە هەر حاڵ کەسانی تریش حازر بن بە کۆماری ئیسلامی بڵێن بۆرژوایی. دیسانەوە ڕەخنەیان لە ئێمە گرت کە بۆچی خەسڵەتی بۆرژوایی کۆماری ئیسلامیمان تەنیا لە ڕووی "سیاسەت"ەوە دەرکێشاوە و بە وێنەی ڕێکخراوی سیاسیی "سەرمایەی مۆنۆپۆڵی" ڕیسوامان نەکردووە! لە هەردوو حاڵەتەکەدا، تێڕوانینی دەوڵەت لە ڕووی "ئابووری"یەوە، بنەمای بیروبۆچوونی چەپی ئێرانە. لە حاڵێکدا دەوڵەت لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا بەدەست بۆرژوازییەوە ئامرازی ڕێکخەر و ڕابەری دژی شۆڕشە و بەدەست پرۆلیتاریاوە ئامرازێکی پێویستە بۆ ڕێکخستن و بەرەو پێشبردنی شۆڕش. "ئابووری" دەبێ چاوەڕوانی یەکلابوونەوەی شۆڕش بێت. ئەو کەسەی کە پەی بە "جەوهەری تیۆری مارکسیستیی دەوڵەت" بردبێ، دەبێ لە پەیوەندی ڕاستەوخۆی نێوان دەوڵەت و خەباتی ئاشکرای چینایەتی تێبگات. لەو دەورانەدا خۆنووسان بە "ئابووری"یەوە، ئیتر بە ئاشکرا مرۆڤ لە مارکسیزم دوور دەکاتەوە.

نموونەیەکی تری تێگەیشتنی میکانیکییانە و ئابووریخوازانە، شێوەی هەڵوێستی "یەکێتیی کۆمۆنیستی"یە بەرانبەر بە دەوڵەتی دیموکراتیکی شۆڕشگێڕ (چ لە ڕوانگەی ئێمەوە و چ لە هەڵوێستەکانی لێنین لە ساڵی 1905دا)، لە لای ئەوان لەبەر ئەوەی "دەوڵەت ئامرازی چینێکە کە لە باری ئابوورییەوە دەسەڵاتی هەیە"، کەوایە دەوڵەتی دیموکراتیکی شۆڕشگێڕ ئۆتۆپیایە، چونکە ئەگەر ئابووریی سەرمایەداری بێت، ئەو دەوڵەتە بە ناچار دەبێتە ئامرازی ئەو چینەی کە لە باری ئابوورییەوە "زاڵ"ە، وە ئەگەر ئابووریی سەرمایەداری نەبێ، پێویستە شۆڕشێکی سۆسیالیستی بکرێ و بەم جۆرە دەوڵەتی دیموکراتیک پێویستیی بوونی خۆی لەدەست دەدا. لە ڕووی ئەو هەڵوێستەوەیە کە شۆڕشی دیموکراتیک و دەوڵەتی شۆڕشگێڕ دەدەنە بەر پەلامار و وایان پێ باشە هەتا ئەو کاتەی ئابووریی سەرمایەداری بێ لە ئۆپۆزیسیۆندا بمێننەوە، وە هێرش دەبەنە سەر لێنین کە بۆچی باسی دیکتاتۆریی دیموکراتیکی کرێکاران و جووتیارانی کردووە. دیکتاتۆریی دوو چین ئیمکانی نییە، چونکە بە هەر حاڵ



"ئابووری"ی چینێک خەسڵەتی دەوڵەت دیاری دەکا! ئەوە داماوییە لە حاست تێگەیشتنی چەمکی دەوڵەت لە دەورەکانی شۆڕشگێڕانەدا.

بە هەر حاڵ لە درێژەی باسەکەدا زیاتر لەم حاڵەتە ورد دەبینەوە. لەم پێشەکییەدا پێویست بوو ئەم بابەتانە ڕوون بکەینەوە کە یەکەم: ماتەریالیزمی مێژوویی تەنیا بە مانای زانینی جۆربەجۆربوونی شێوەکانی بەرهەمهێنان، قانوونەکانی کارکردیان و یەک لەدوای یەکهاتنی مێژووییان نییە. بەشێکی گرنگ لە ماتەریالیزمی مێژوویی بە تایبەت ئەو بەشە کە بە لای توخمی شۆڕشگێڕەوە لەباری عەمەلییەوە گرنگتر و چارەنووسسازترە، لێکدانەوەی دەورەکانی گوزاری شۆڕشگێڕانەیە کە دەکەوتە نێوان شێوەکانی بەرهەمهێنانەوە، باسی سەرپاکی ئەو دەورانەی شۆڕشە کە بۆ ئەم ئاڵوگۆڕە بناغەییە پێویستە. دەورانێک کە تێیدا مرۆڤەکان بە دەسەڵاتێکی زۆرتر لە جارانەوە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان دێنە مەیدان. ئەم بەشەی ماتەریالیزمی مێژوویی کە زۆربەی نووسراوە سیاسییەکانی مارکس، ئەنگڵس و لێنین بۆ شیکردنەوەی ئەوانە تەرخان کراون، گەلێک جار لەتوێی ئەو چوارچێوەسازییە ڕیڤیژێنیستییانەدا کە بۆ "زانستی کۆمەڵ" ساز دەکرێن، دەشاردرێنەوە. ماتەریالیزمی مێژوویی لەدەست ئەمانەدا، هەتا ئاستی کرونۆلۆژییەکی میتافیزیکی شێوەکانی بەرهەمهێنان دێنە خوارەوە.

دووەم: تا ئەو جێگایەی کە پەیوەندی بە مەسەلەی دەوڵەتەوە هەیە، دەورەکانی گوزاری شۆڕشگێڕانە ئێجگار گرنگن و دەورێکی دیاریکەریان هەیە. لێرەدا دەوڵەت ڕاستەوخۆ دەبێتە ئامرازێک بۆ پاراستن، وە یان بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی وەک ئامانجی ڕاستەوخۆ، بۆ لێکدانەوەی دەوڵەت لەم دەورەیەدا ئیتر نابێ بەشی زۆری سەرنج و ڕوانینمان ڕوو بکاتە مەیدانی ئابووری، بەڵکوو دەبێ لە بنەڕەتەوە بڕوانینە مەیدانی خەباتی شۆڕش و دژی شۆڕش. دەوڵەت هۆی پێویستبوون و فەلسەفەی وجوود و بوونی خۆی لەم مەیدانە دەدۆزێتەوە و کاراکتەرە چینایەتییەکەی بەو پێوانەیە هەڵدەسەنگێندرێ.

سێیەم: دەوڵەتی دەورەی گوزار و "دەوڵەتی ئاسایی" هەردووکیان لە پێناسەیەکی گشتیدا هاوبەشن. دەوڵەت هێزێکی زەبروزەنگی تایبەتە بو سەرکوتی چینایەتی. دەوڵەتی "ئاسایی"، یانی دەوڵەت لە کۆمەڵگایەکدا کە خەریکی کارکردی "ئاسایی خۆیەتی و تووشی قەیران نەهاتووە، ئامرازی ئەو چینەیە کە لە باری ئابوورییەوە

دەسەڵاتدارە و هەر بەم بۆنەیەوە گەلێک تایبەتمەندیی دیاریکراو دەگرێتە خۆی. دەوڵەت لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا وەڵامدەرەوەی مەسەلەی شۆڕشە بەدەست بۆرژوازییەوە وەک ئامرازی ڕێکخستنی هێزی توندوتیژی دژبە شۆڕش، وە بەدەست پرۆلیتاریا و توێژە شۆڕشگێڕەکانەوە وەک ئامرازی ڕێکخستنی هێزی توندوتیژیی شۆڕشە. بە هەر حاڵ لەم دەورەیەدا ئەو دەوڵەتە تایبەتمەندییەکی نوێ پەیدا دەکا و لە هەمان کاتدا بەشێک لە لایەنە ئاساییەکانی خۆی، یانی ئەو کارکرد و شێوەکانی بوونی خۆی کە لە دەورەی ناقەیرانیدا بوویەتی، لە دەس دەدا.

چوارەم: تیۆری مارکسیستیی دەوڵەت، تەنیا هەلومەرجی ئاسایی لەبەرچاو ناگرێ، بەڵکوو دەرکێکی ڕۆشن لە دەوڵەت لە دەورەی گوزاردا، دەوڵەت لە دەورەی شۆڕشگێڕانە بە مانای بەرینی وشەکە، بەدەستەوە دەدا. هەروەها تیۆری مارکسیستی دەوڵەت، توانای ئەوەی هەیە پرۆسەی گۆڕانی دەوڵەتی ئاسایی بۆ دەوڵەتی دەورەی شۆڕشگێڕ و بە پێچەوانەوە لێک بداتەوە و تایبەتییەکانی ئەو پرۆسەیە دەرک بکا. ئەم لایەنەی تیۆری مارکسیستیی دەوڵەت زۆرتر لەنێو نووسراوە سیاسییەکانی ڕابەرانی مارکسیستدا، یانی لەو نووسراوانەدا کە زۆرتر لە جەنگەی هەلومەرجی شۆڕشگێڕانەدا نووسراون دەدۆزرێنەوە.

## دەورە شۆڕشگێڕانەکان بە مانای تایبەتی وشەکە و مەسەلەی دەوڵەت

بەڵام لێرەدا کە باسی "دەورە شۆڕشگێڕانەکان" دەکەین. چەمکێکی بەرتەسکتر لە تەواوی دەورەی گوزاری نێوان دوو شێوەی بەرهەمهێنانمان لەبەرچاوە. مەبەست دەورەی شۆڕشگێڕانەیە بە مانای تایبەتی وشەکە. دەورەیەک کە خەباتی بەکردەوە وەک هەڵچوونێکی شۆڕشگێڕانە بۆ بەدەستەوەرگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لە ئارادایە، دەورەیەک کە "خوارەوە (جەماوەر) نایەوێ و سەرەوە (دەوڵەت) ناتوانێ"، دەورەیەک کە جەماوەرێکی بەرین ڕوو دەکەنە کار و هەڵسووڕانی شۆڕشگێڕانە. دەورەی گوزار لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی، هەمووی هەر ئەم حاڵەتەی نییە. لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا بە مانای تایبەتی وشەکە چارەنووسی دەسەڵاتی سیاسی هێشتا بە لایەکدا نەکەوتووە، یان حکوومەتی پێشوو لەژێر زەبری شۆڕشدا خەریکی فەوتان و لەبەریەکچوونە، وە یا دەوڵەتی تازە مەترسی ئەوەی لەسەرە کە هێزە ڕووخاوەکان بگەڕێنەوە سەر دەسەڵات. لە تەواوی پرۆسەی گوزاردا، هەم دەورەی شۆڕشگێڕانە هەن و هەم دەورەی سەقامگیربوون و هێمنایەتی. لە شۆڕشی ڕووسیادا بێگومان دەتوانین بڵێین



ساڵەکانی 22– 1917 دەورانێکی شۆڕشگێڕانەیە بە مانای تایبەتی وشەکە، لە حاڵێکدا ساڵەکانی 28– 1923 دەورەی هێمنایەتییەکی ڕێژەییە کە دەوڵەتی تازە کەم تا زۆر لە خەم ڕەخسیوە، بەبێ ئەوەی دەوڵەتێکی ئاسایی و سەقامگیربوو کە پشتی بە بەرژەوەندییەکی ئابووری دیاریکراو بەستبێ و خاوەنی شێوە و ڕەوشتێکی دیاریکراوی حوکوومەتکردن بێ، دامەزرابێ. بە وتەیەکی تر من دەورەی شۆڕش بە مانای تایبەتی وشەکە لە تەواوی ئەو سەردەمە جیا دەکەمەوە کە تێیدا کۆمەڵ لە قەیرانی شۆڕشگێڕانە دەرباز دەبێ و شێوەیەکی ئاسایی بەخۆی دەگرێ و بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی (جا لە چوارچێوەی هەر جۆرە پەیوەندییەکی بەرهەمهێنانی سەقامگیربوودا بێ) دەبێتە کەژاوەی سەرەکی پەیوەندی چینەکانی کۆمەڵ بەرانبەر بە یەکتر، وە ئەو پەیوەندییانە لەخۆیدا هەڵدەگرێ. دەورەی شۆڕشگێڕانە بەو مانا بەرتەسکە، تەنیا دەتوانێ بەشێک لە تەواوی ئەو پرۆسەیە بێ. لە دەورە شۆڕشگێڕانەکاندا بە مانای بەرتەسکتری وشەکە، تایبەتییەکانی دەوڵەت کامانەن و دەوڵەت لە چ شتێک پەیڕەوی دەکا؟

1) هەر وەک باسمان کرد، دەوڵەتی ئاسایی بۆرژوایی (لەم باسەدا بەگشتی دەورە شۆڕشگێڕانەکان لە جیهانی سەرمایەداریی ئەمڕۆمان مەبەستە) دەوڵەتێکە کە شکڵ و سیمای هێزێکی سەروو چینایەتی و بانتر لە کۆمەڵ بەخۆی دەگرێ، کە نوێنەرایەتی بەرژەوەندیی گشتی دەکا و بە نێوی کۆمەڵ بەگشتی قسە دەکات. قانوونییەت و قانوونەکان لە کۆمەڵگای بۆرژواییدا دەبێ لە خزمەت ئەم مەسەلەیەدا بن، وا نیشان دەدرێ کە قانوون و پەیڕەویکردن لە قانوون، ڕیشەی لە "زاتی مرۆڤ"دایە و لە "ئوسووڵ"ێکی موجەردی بانتر لە بەرژەوەندی توێژ و چینەکانەوە سەرچاوەی گرتووە. دەوڵەتی ئاسایی، دەوڵەتی قانوونی، بە هەر حاڵ دەوڵەتێکی چینایەتییە، بەڵام لە هەلومەرجی ناقەیرانیدا، لە دەورەکانی نەبوونی دۆخی شۆڕشگێڕانەدا، ئەم خەسڵەتەی دەوڵەت دەشاردرێتەوە. ئەوە مارکسیستەکانن کە لە هەموو حاڵێکدا ئەم خەسڵەتەی دەوڵەتەکان دەناسن و پەردەی لەسەر لا دەدەن، بەڵام بە لای دانیشتووانی کۆمەڵگاوە بەگشتی خەسڵەتی سەرووچینایەتیی دەوڵەت لە دەورە ناشۆڕشگێڕانەکاندا وەک مەسەلەیەکی سەلمێندراو چاوی لێ دەکرێ. "دەوڵەتی خراپ" ئەو دەوڵەتەیە کە بە "میللەتی خۆی" ڕاناگا. میللەت لە "دەوڵەت" هەندێک چاوەڕوانیی تایبەتی حوقووقی و فەرهەنگی و ئابووری هەیە، وە دەوڵەتێک کە وەڵامی ئەم

چاوەڕوانییانەی نەدایەوە، بە ڕواڵەت تەنیا دەوری خۆی وەک "دەوڵەت" نەگێڕاوە، بەڵام خودی چەمکی دەوڵەت ناچێتە ژێر پرسیارەوە. بۆ ئێمەمانان ئەوە ڕوون بوو کە دەوڵەتی شا دەوڵەتی چینێکی تایبەتە. هەر وەک دەوڵەتی ئەمەریکا و ئینگلستان و هیندستان دەوڵەتی چینێکی تایبەتن. بەڵام بۆ کۆمەڵانی بەرینی خەڵکی وڵات، تەنانەت هەمان دەوڵەتی شایش پێش هەڵچوونی شۆڕشگێڕانەی ساڵەکانی 78_ 79، بە پێوانەی چاوەڕوانی "میللەت" لە "دەوڵەت"ێک هەڵدەسەنگێنرا و داوەری لەسەر دەکرا، نەک بە پێوانەی بەرژەوەندیی دیاریکراوی چینایەتی. بەڵام لە دەورەی شۆڕشدا ئەو خۆشباوەڕییە بەخێرایی لەناو دەچێ. لەڕاستیدا ئەوە واقیعییەتی بابەتییە کە ئەو خۆشباوەڕییە لە زەینی کۆمەڵانی ملیۆنی خەڵک دەسڕێتەوە، نەک هەر بەتەنیا تەرویجی کۆمۆنیستی. لە ناوەڕاستی ساڵی 78ەوە هەتا ڕاپەڕینی ڕێبەندانی ساڵی 79 خەسڵەتی چینایەتی دەوڵەتی پاشایەتی بۆ جەماوەرێکی بەرین دەرکەوت. ئیتر تەنانەت دواکەوتووترین توێژەکانی کۆمەڵ پێش کاتێک باسی دەوڵەتیان دەکرد، پەنجەیان بۆ "ئیمپریالیزمی ئەمەریکی" و توێژی "سەرمایەدار" ڕادەکێشا. ئەوە کە دەوڵەت هێزی توندوتیژی تایبەتی چینە دەسەڵاتدارەکانە، ئیتر نە جێگای پرسیارە و نە پێویستی بە سەلماندن هەیە، قسەوباس لە دەوری ڕووخاندنی "دەوڵەتی چینە دەسەڵاتدارەکان" کۆ دەبێتەوە.

لەڕاستیدا ئەوە خودی دەوڵەتە کە لەبەرانبەر شۆڕشدا پەردەی قانوونییەتی خۆی دەدڕێ و هەنگاوی بانتر لە قانوون هەڵدەگرێ و بەم جۆرە بەناچار، ئەو وێنەیە کە دەوڵەت وەک دیاردەیەکی سەرووچینایەتی، وەک نوێنەری بەرژەوەندە ناکۆکەکانی ناو کۆمەڵ نیشان دەدا، لە زەینی هەموومان دەسڕێتەوە. بێبایەخبوونی قانوونییەت لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا، چ پێش ڕووخان و چ پاش ڕووخانی دەسەڵاتدارەتی مەوجوود، خۆی نموونە و دیمەنێکە لە ئاشکرابوونی جەوهەری چینایەتیی تایبەتی دەوڵەت و ئەو بەرژەوەندە تایبەتەی کە لە پشت ئەم هێزە سەرکوتگەرەوە شاردراوەتەوە ئەو دەوڵەتە دەکاتە هێزێکی زەبروزەنگی تایبەت، کە تایبەتی هەندێک بەشی دیاریکراوی کۆمەڵە. لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا، هێزی سەرکوتگەر بەناچار لایەنگریی چینایەتی تایبەتی خۆی ئاشکرا دەکا، بۆ تێکشکاندنی شۆڕش بێجگە لەمە هیچ ڕێگایەکی تر بۆ چینە دەسەڵاتدارەکان نامێنێتەوە. ئەو دەوڵەتەش کە بەرهەمی شۆڕشە (چ ڕەسەن بێ و چ ناڕەسەن) بۆ ماوەی خۆی بەدرێژایی دەورەی شۆڕش



ناچار دەست بداتە کار و کردەوەی بانتر لە قانوون و بە ناوی هەندێک بەش و چینی دیاریکراوی ناو کۆمەڵ (ئەگەرچی بە ناوی زۆربەش بێ) قسە بکا. بۆ دەوڵەتی تازە، شۆڕش سەرچاوەی دەسەڵاتە نەک قانوون، هەر وەک چلۆن بۆ دەوڵەتی پێشوو لە کاتی ڕاپەڕینی جەماوەریدا ئیتر (پاراستنی) هێمنایەتی سەرچاوەی دەسەڵاتنواندن بوو نەک قانوون. لەڕاستیدا تێپەڕین لە قۆناغێکەوە کە تێیدا شۆڕش سەرەکییە، بۆ قۆناغێک کە تێیدا قانوون سەرەکییە، خۆی یەکێکە لە نیشانەکانی تێپەڕبوون لە "دەوڵەتی دەورەی شۆڕشگێڕانە"وە بەرەو "دەوڵەتی ئاسایی".

وێڕای ئاشکرابوونی ئەوە کە دەوڵەت بەتایبەت لایەنی کام چین دەگرێ و هەروەها وێڕای ئەوەی کارکردە ناقانوونییەکانی دەوڵەت پەرە دەستێنێ، دەزگا و پەیوەندییە ئاسایی و "قانوونی"یەکانی بەڕێوەبەری دەسەڵاتی دەوڵەتیش گرنگی خۆیان لەدەست دەدەن و ئەو دەزگا و پەیوەندییانەی کە بانتر لە قانوونن و نایاسایین جێگایان دەگرنەوە. دەوڵەتی بۆرژوایی لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا زیاتر لە جاران کۆڵەکە بنچینەییەکانی خۆی یانی "کۆمەڵێک لە هێزی چەکداری سەرکوتگەر، زیندانەکان و دادگاکان" دەهێنێتە خوارەوە. لق و پۆپی زیاد و ڕازاوە لە خۆی هەڵدەپاچێ و کابینە و ئەنجومەن و دادگا و شتی لەم چەشنە جێگای خۆیان بە بنکە و کۆمیتە و سەرکردایەتی بەدەستوبرد دەدەن، کە ئەمانە بەبێ هەر چەشنە لق و پۆپێکی زیادی، ئەرک و فەرمانە بنەڕەتییەکانی دەوڵەتی بۆرژوایی بەباشی بەڕێوە دەبەن. ئیتر ئۆرگانە "ئاسایی"یەکان کەڵکیان نامێنێ و هیچیان لەدەست نایە، چونکە بەپێی ئەو پێناسەیە کە کردمان کۆمەڵگایەک کە لە حاڵی شۆڕشدایە لەدژی ئەم دەزگایانە ڕاپەڕیوە و ئیدی تەسلیمیان نابێ. لە لایەکی ترەوە دەوڵەتی بەرهەمی شۆڕشیش (دەوڵەتێک کە بە هەر حاڵ "بەناوی شۆڕش"ەوە پێک هاتووە) بۆ مانەوەی خۆی ناتوانێ خێرا پشت بەو دەزگا و ئۆرگانانە ببەستێ کە لە دەورەی ئاسایی و ناقەیرانیدا پێک هێنراون، بەڵکوو پشت بەو شتە دەبەستێ کە لە پرۆسەی شۆڕشدا شکڵی گرتووە و گیرساوە. پرۆسەی ژیاندنەوە و سەرلەنوێ سازکردنەوە و کامڵکردنی ئۆرگانە ئاساییەکانی حوکوومەتی، خۆی یەکێکە لە نیشانە گرنگەکانی تێپەڕینی "دەوڵەتی دەورەی شۆڕشگێڕانە" بۆ "دەوڵەتی ئاسایی".

هەموو ئەو شتانەی کە باسمان کرد، بەو مانایەیە کە چ بۆرژوازی و چ جەماوەری ڕاپەڕیو لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا دەوڵەت وەک ئۆرگانێکی بانتر لە کۆمەڵ نابینن،

بەڵکوو وەک ئامرازێک چاوی لێ دەکەن کە لە دەورانێکی دیاریکراودا لە خزمەت زاڵبوونی سیاسی و سەربازیدایە، "دەوڵەت لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا" جگە لەمە ناتوانێ هیچی تر بێ و چۆن هەیە هەر واش بەرچاو دەکەوێ. دەوڵەت زیاتر لە جاران دەبێتە یەکێک لە شکڵەکانی ڕێکخستنی کردەوەی سیاسیی ڕێکخراوی چینە دیاریکراوەکان و ئیتر ئەرکی "بەڕێوەبردنی کاروبار" وەک ئیشێکی لاوەکی چاوی لێ دەکرێ. کاتێک چووینە سەر لێکۆڵینەوەی شێوەی هەڵوێستی لێنین بەرانبەر بە دەوڵەتی شۆڕشگێڕ لە ساڵەکانی 1905 و 1917دا، کە بەزۆری ئابووریخوازانی ئاکادیمیک تووشی سەرسووڕمان دەکا و هەروەها لە کاتی لێکۆڵینەوەی جێگا و شوێنی کۆماری شۆڕشگێڕ لە بەرنامەی ئێمەدا، سەبارەت بە گرنگبوونی ئەم حاڵە قسە و باس دەکەین.

2) بەڵام لە دەورەی شۆڕشدا، دەوڵەت تەنیا ئامرازێک نییە بۆ گۆڕینی کۆمەڵ، یان ڕاوەستان و بەرگری لەبەرانبەر گۆڕانی کۆمەڵدا، بەڵکوو خۆی ئەو شتەیە کە لە کۆمەڵدا هەوڵ دەدرێ بۆ گۆڕینی، بە وتەیەکی تر دەوڵەت تەنیا ئامرازێک بۆ هەڵسووڕانی ڕێکخراوی سیاسی چینە دیاریکراوەکان نییە، بەڵکوو خۆی دیاردەیەکە کە ڕاستەوخۆ بابەتی هەڵسووڕانی سیاسییە. لە مانگرتنێکدا بو زیادکردنی کرێ، دەوڵەتی بۆرژوایی وەک سەرکوتگەرێک دێتە مەیدان. سەرکەوتنی ئەو مانگرتنە، هەر چەندەش توندوتیژبوونی بە مانای گەیشتن بە ویستی زیادکردنی کرێیە. لێرەدا هێرش نەکراوەتە سەر بناغە و بنەڕەتی دەوڵەت وە ڕەنگە داوای ئەوە نەکرابێ کە گۆڕانێکی جیددی لە دەوڵەتدا لە تانوپۆی و لە ڕەوشت و شێوەکانیدا پێک بێ. لە شۆڕشێکدا، دەوڵەتی مەوجوود خۆی دیاردەیەکە کە نارەزایەتی لە دژی هەڵدەگیرسێ و ئیعتیرازی پێ دەکرێ، وە جۆرە دەوڵەتێکی ئاڵتەرناتیڤی دیاریکراو داوا دەکرێ. مەبەستی شۆڕش بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسییە و بەم پێیە بەشێکی زۆر لە داخوازییەکانی توێژە شۆڕشگێڕەکان ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ئاڵوگۆڕی شکڵ و کارکردی دەوڵەتەوە هەیە. ئەوە کە چ دەوڵەتێک بێتە سەرکار، چلۆن و لە چی پێک بێ و تایبەتییەکانی کامانە بن، خۆی یەکێکە لە داخوازی و ئامانجەکانی شۆڕش. ئەم ڕاستییە، فاکتۆرێک دێنێتە ناو لێکدانەوەی دەوڵەتی بۆرژوایی کە لە دەورەی کارکردی "ئاسایی" کۆمەڵدا کەمتر گرنگە، وە ئەو فاکتۆرە ئەوەیە کە ئەو ڕێفۆرم و ئاڵوگۆڕەی کە بە درێژایی دەورەی شۆڕش لە کارکردی دەوڵەتە بۆرژواییەکاندا پێک دێ، حاسڵ و بەرهەمی



گوشاری شۆڕش و وەڵامدانەوەی بۆرژوازییە بەو هەلومەرجە شۆڕشگێڕانەیە، ئەمە پاشەکشەیەکی سیاسییە لە لایەن بۆرژوازییەوە بۆ دامرکاندنەوەی خودی شۆڕش. کەوایە ئەو "ڕێفۆرم" و ئاڵوگۆڕەی کە لە شکڵ و شێوەی دەسەڵاتدارەتی بۆرژوازی لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا پێک هاتووە، جیاوازییەکی بنەڕەتی لەگەڵ ئەو ڕێفۆرمەی کە لە دەورەی ناقەیرانیدا پێک دێ هەیە. لە دەورەی ناقەیرانیدا ڕێفۆرمی سیاسی لە کۆمەڵگای بۆرژواییدا ڕەنگە لەگەڵ پێداویستییەکانی کۆمابوونی سەرمایە ناکۆکییان نەبێ، بەڵکوو هەندێک جار مەرجی پێویستە بۆ بەرەو پێشتربردنی پرۆسەی کۆمابوون. ئەگەر چی توێژە بێبەشەکانی کۆمەڵ هێزی بزوێنەری ڕێفۆرمە سیاسییەکانن، بەڵام زۆر جار ئەو ڕێفۆرمە سیاسییانە لەگەڵ پێداویستییە ئابووری و کۆمەڵایەتییە نوێکانی بۆرژوازی سازگارن. بەڵام لە دەورە شۆڕشگێڕانەکاندا ڕێفۆرمی سیاسی نیشاندەری پاشەکشەی دەوڵەتی بۆرژواییە، بە پێچەوانەی مەیل و خواستی بۆرژوازی و پێچەوانەی پێداویستییە بابەتییە ئابووری و کۆمەڵایەتییە ئاساییەکانی سەرمایە. گەشە و هەڵدانی پارلەمانتاریزم، بەرینبوونەوەی مەیدانی هەڵسووڕانی یەکێتییە کرێکارییەکان، پەرەگرتنی مافی دەنگدان و ئازادییە بۆرژوا_ دیموکراتیکەکان کە لە پرۆسەیەکی مێژووییدا لە ئەورووپا بەڕێوە چوو (وە ئەمڕۆ خەریکە دەستێندرێتەوە و لەناو دەچێ)، زۆر جیاوازی لەگەڵ ئەو "دۆخە ئاوەڵا سیاسییە"ی کە دەوڵەتە ملهوڕە بۆرژواییەکان لە وڵاتانی ژێردەستە لە هەلومەرجی قەیرانی شۆڕشگێڕانەدا جاری وا هەیە ملی بۆ ڕادەکێشن هەیە. بۆ دۆزینەوە و ناسینی زەمینەی ئەمەی دووەم ئیتر نابێ لە "ئابووری"، لە پێداویستییەکانی پرۆسەی کۆمابوون، لە ململانێی باڵە جۆراوجۆرەکانی بۆرژوازی و بەرژەوەندە جیاوازەکانیاندا بگەڕێی و بەشوێن ئەوەوە بی کە بزانی لەگەڵ پێداویستییە ئابوورییەکانی کامە بەشی بۆرژوازی دێتەوە. لێرەدا یانی لە دەورە شۆڕشگێڕانەکاندا، بۆرژوازی بەرانبەر بە داخوازە شۆڕشگێڕانەکانی جەماوەری ڕاپەڕیو کە خوازیاری پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ لە دەوڵەتدان، بە مەبەستی خاوکردنەوەی شەپۆلی شۆڕش، بە شێوەیەکی کاتی پاشەکشە دەکا. ئەوە شتێکە کە شۆڕش بەسەر بۆرژوازیدا دەیسەپێنێ، نەک ئەوە کە دەوڵەتی بۆرژوایی ویستبێتی بەپێی پێداویستییە نوێکانی ژێرخانی ئابووریی چینایەتی کۆمەڵگای بۆرژوایی ئەو ڕێفۆرمە بکا. ئەگەر لە ئاکامی ئەم پاشەکشەیەدا لیبراڵەکان، ڕێفۆرمیستەکان، پارلەمانتاریستەکان و هی تری وەک ئەمانە بۆ دەورەیەک دێنە

مەیدانەوە و دەبنە نوێنەری حوکومەتیی سەرمایە، ئەوە ئیتر بە مانای ئەوە نییە کە گوایە شکڵە حوکوومەتییە لیبراڵ پارلەمانتاریستییەکان لە سیستەمی کۆمەڵایەتیی بۆرژوازیدا باشتر و بەکەڵکترن و "خودی" ئەم شکڵە حوکوومەتییە "لە خۆیدا" دڵخوازی بۆرژوازییە، بەڵکوو ئەمە بە مانای ئەوەیە کە بۆرژوازی پاشەکشەی کردووە و گەڕاوەتەوە بەرەو قۆناغێکی نادڵخواز و نالەبار، کە بریتییە لە لیبراڵیزم و پارلەمانتاریزم. تەمەنی ئەم ڕیفۆرمە بە تین و تەوژمی شۆڕشەوە پەیوەستە، نەک گوشاری بەرژەوەندە ئابوورییەکانی توێژێکی تایبەت لە بۆرژوازی، وە یان پێداویستییەکانی قۆناغێکی تازە لە گەشە و هەڵدانی کۆمەڵگای بۆرژوایی. بەڵام ئەم خاڵە دەکرێ ئاکامێکی گرنگتری لێ وەربگیرێ کە پەیوەندی بە دەوڵەتی شۆڕشگێڕ خۆیەوە هەیە. وتمان کە شۆڕش خۆی داخوازی جۆرە دەوڵەتێکی تایبەتی تێدایە. بەڵام هەڵەیە ئەگەر پێمان وا بێ، لە ئەنجامی سەرکەوتنی هەموو ڕاپەڕینێکدا دەسبەجێ ئەم جۆرە دەوڵەتە تایبەتە دادەمەزرێ. داخوازییە شۆڕشگێڕانەکان سەبارەت بە دەوڵەت، شێوەی ئاسایی تایبەت لە دەسەڵاتدارەتی دەخەنەبەر چاو: جۆرە دیموکراسییەکی دیاریکراو، جۆرە زنجیرە پلەیەکی دیاریکراوی ئۆتۆریتە و دەسەڵات، جۆرە دەخاڵەتێکی دیاریکراوی یەکەیەکەی خەڵک لە پرۆسەی بڕیاردانی سیاسی و ئابووریدا، جۆرێکی دیاریکراو لە قانوون و هەروەها ماف و ئەرکە فەردی و گشتییەکان. بەڵام دەوڵەتی شۆڕشگێڕ، لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا، ئامرازی وەدیهێنانی ئەو "دەوڵەتە داواکراوە"یە، نەک خودی دەوڵەتەکە. دەوڵەتی شۆڕشگێڕ لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا مەگەر بەدەگمەن هەڵکەوێ، ئەگینا ناتوانێ دەسبەجێ ببێتە دەوڵەتێکی ئاوا. لە ئەنجامی هەموو ڕاپەڕینێکی سەرکەوتووانەدا دەوڵەتێکی کاتی شۆڕشگێڕ دادەمەزرێ کە وەک ئامرازێک بەرهەڵستی دژی شۆڕش سەرکوت دەکا. (پێکهاتنی) ئەو دەوڵەتە نیشاندەری ئەوەیە کە هەڵسووڕان و کار و کردەوەی شۆڕشگێڕانەی "خوارەوە" گەشەی کردووە و کامڵ بووە و ئیتر ئەمجار هەڵسووڕانی شۆڕشگێڕانە "هاوکات لەسەرەوە و لەخوارەوە" بەڕێوە دەچێ. ئەوە قۆناغێکی تازەیە لە شۆڕش بۆ دامەزراندنی ڕژێمێکی سیاسی دڵخواز، نەک خودی ئەو ڕژێمە سیاسییە. بە وتەیەکی تر، دەوڵەتی شۆڕشگێڕ لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا، یانی ئەو دەوڵەتەی کە بەرهەمی ڕاپەڕینە و ئەرکی بریتییە لە سەرکەوتنی سیاسی و سەربازی یەکجاریی شۆڕش، لەگەڵ "دەوڵەتی ئاسایی"ی بەرهەمی شۆڕش، یانی لەگەڵ ئەو ڕژێمە



سیاسییەی کە دڵخوازە، جیاوازی هەیە. ئەم جیاوازییە نەک تەنیا لە شێوە و ڕەوشتەکاندا، وە لەوەدا کە بۆ هەر کامیان چ ئەرکێک گرنگتر و لەپێشترە، بەڵکوو هەروەها لە قەوارە و تانوپۆی دەوڵەتدا، لە ئۆرگان و دامودەزگاکانیدا، لە هێزی پێکهێنەریدا، وە لە پەیوەندی عەمەلیی دەوڵەت لەگەڵ ئەو چینانەدا کە نوێنەرایەتییان دەکا، بەرچاو دەکەوێ. دەرککردنی هۆی ئەم جیاوازییە دژوار نییە. بۆ دامەزراندنی ڕژێمی سیاسیی نوێ، پێویستە ڕژێمی پێشوو سەرکوت بکرێ و مەترسی سەرهەڵدانەوە و گەڕانەوەی لەناو بچێ: بەڵام ئەم سەرکوتە دەبێ بە زەبری ئەو وزە و توانا خەباتکارانەیە بکرێ کە ئامادەیە و لەبەردەستدایە. ئۆرگانەکانی ڕاپەڕین، لەسەرەوە تا خوارێ، شەرت نییە هەر ئەو ئۆرگانانە بن کە لە چوارچێوەی "ڕژێمێکی سیاسی دڵخواز"دا کۆمەڵ بەڕێوە دەبەن، ڕەنگە ئەمەی دووەم هێشتا شکڵی نەگرتبێ، وە یان لە یەکەم قۆناغەکانی سەرهەڵدانی خۆیدا بێ. ئەو شێوە خۆڕێکخستنەی کە چینی شۆڕشگێڕ بۆ ڕووخاندنی ڕژێم هەڵی دەبژێرێ، هەمیشە وە ڕەنگە بکرێ بڵێین بێگومان هەرگیز ئەو شێوە ڕێکخستنە نییە کە ئەو چینە لە ڕژێمێکی سیاسی دڵخوازدا بە خۆیەوە دەگرێ. ئەو هێزانەی کە لە سبەی ڕۆژی ڕووخاندندا هەڵسووڕاوانە لەبەردەستی چینی ڕاپەڕیودان. ڕێک هەر ئەو هێزانە نین کە لە پرۆسەی سەرکوتکردنی دژی شۆڕشدا و لەگەڵ مسۆگەربوونی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتری سەرکەوتنی سیاسی و سەربازیی شۆڕش دەبزوون و دێنە مەیدان. لە یەک کەلامدا، دەوڵەتی شۆڕشگێڕی کاتی، وەک حاسڵ و ئەنجامی چارەهەڵنەگری پرۆسەی شۆڕش مۆری ڕەوتی پێشووی خەباتی شۆڕشگێڕانە و مۆری هەموو هێز و نەریت و خواستەکانی ئەو خەباتەی پێوەیە. لە حاڵێکدا ڕژێمی سیاسی دڵخوازی شۆڕش، کە لە شکڵی کامڵی خۆیدا تەنیا دەتوانێ بەرهەمی تێپەڕبوونی سەرکەوتووانەی دەورەی شۆڕش بێ، ئیتر تەنیا مۆری پرۆسەی شۆڕش بە شکڵ و پەیوەندییەکانییەوە نییە، بەڵکوو مۆری ئامانج و ئارەزوو و بەرنامە و ژیانی کۆمەڵایەتی چینی شۆڕشگێڕیان پێوەیە.

ئەوەی کە دەوڵەتی شۆڕشگێڕی کاتی چەندە دەتوانێ هەر لە سەرەتاوە بە ڕژێمێکی سیاسی دڵخواز بچێ، پەیوەندی بە زۆر شتەوە هەیە. بەڵام گومان لەوەدا نییە کە ئەگەر دەوڵەتی شۆڕشگێڕ لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا، بە تەواوی وەک "ڕژێمی ئاسایی" نەچێ و لەگەڵی هاودەق نەبێ و جیاوازی بنەڕەتییان لە نێواندا هەبێ،

قاعیدەیە نەک ئیستیسنا. ئەوەش ڕوونە کە سەرکەوتنی یەکجاریی شۆڕش لە باری سیاسییەوە تەنیا لە چوارچێوەی ڕووخاندنی دەوڵەتی بۆرژوایی و دامەزراندنی دەوڵەتی شۆڕشگێڕی کاتیدا نامێنێتەوە، وە بە مانای ڕێکخراوبوون و شکڵگرتنی ئەو ڕژێمە سیاسییەیە کە ئامانجی شۆڕشە و ڕزگاریی سیاسی دابین دەکا. بەم پێیە یەکێک لە هەنگاوە شۆڕشگێڕانە بنەڕەتییەکانی دەوڵەتی شۆڕشگێڕی کاتی هەر دەبێ ئەوەی کە یارمەتی شکڵگرتنی ئەو پەیوەندی و ئۆرگانانە بدا کە ڕژێمی سیاسیی دڵخواز دەبێ لە کورتترین کاتی مومکیندا لەسەر پشتیان دابمەزرێ. بەو مانایە شۆڕش تەنانەت پاش ڕووخاندنی دەوڵەتی پێشوو و دامەزراندنی دەوڵەتی شۆڕشگێڕی کاتی، هەروا خوازیاری دامەزراندنی جۆرە دەوڵەتێکی دیاریکراوە. دەوڵەتی شۆڕشگێڕ لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا، ئامرازی وەدیهاتنی ئەم ئامانجە سیاسییە بنەڕەتییەیە و لە هەمان کاتدا خۆی بێگومان وەک دەوڵەتێک هەر وا پاشکۆی بزووتنەوەی ڕوو لەپێشی شۆڕش دەبێ و لە ئاکامی ئەم بزووتنەوەیەدا تووشی گۆڕان دەبێ.

لەخوارەوە و لە کاتی ئاماژەدان بە ئەزموونی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و ئەو ڕەخنە "دیموکراتیکانە"ی کە لەژێر پەردەی چەپدا لە شۆڕشی بۆلشەڤیکی دەگرن، باسی ئەوە دەکەین کە لێکجیاکردنەوەی ئەم دوو دەوڵەتە، کە هەر دووکیان بەرهەمی شۆڕشن چەندە گرنگە.

3) لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا پۆلاریزاسیۆنی چینە کۆمەڵایەتییەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی عەمەلیی چینەکان لەدەوری تەوەری ئەو مەسەلانە ڕوو دەدا کە لە قۆناغەکانی دەرکەوتنی ناشۆڕشگێڕانەی کۆمەڵدا، یان مەسەلەیەکی لاوەکی بوون، وە یان هێشتا بە جیددی نەهاتبوونە گۆڕ. چینە کۆمەڵایەتییەکان لە دەورەی ئەو مەسەلانە ڕیز دەبەستن کە لە ڕەوت و ویست و داخوازییەکانی جووڵەی شۆڕشەوە سەرچاوە دەگرن. هەر ئەو نیشانە و هۆیانەی کە لە هەلومەرجی ناقەیرانیدا پێوانەی ناسین و لێکجیاکردنەوەی سیما و پەیوەندیی چینایەتی دەوڵەتەکان، حیزبەکان و سیاسەتمەدارانی چینە جۆراوجۆرەکانن، لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا ئیتر ڕەنگە نیشانە و پێوانەیەکی باش نەبن. نیشانە و پێوانەی تر، لە ئاستێکی کۆنکرێتتردا، پێویست دەبن. لە ئێران هەموومان دیتمان کە چلۆن لەگەڵ گەشەکردنی شۆڕشدا، داخوازییە "پیشەیی"یەکان جێگای خۆیان دەدەن بە داخوازییە "سیاسی"یەکان، چلۆن مەسەلەی وەک "پاشایەتی بەڵێ؟ یان نا؟"، "ئازادیی زیندانیانی سیاسی"، "کۆنترۆڵ و



چاودێریکردنی کرێکاری" و شتی لەم چەشنە سەرنجی جەماوەر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ و بەم بۆنەیەوە دەبێتە جێگای کێشە و ناکۆکیی بەرژەوەندیی چینە دژ بەیەکەکانی کۆمەڵ. خەسڵەتی چینایەتیی دەوڵەت لە دەورە شۆڕشگێڕانەکانیشدا بەناچار دەبێ لە پەیوەند لەگەڵ مەسەلە گرنگەکانی خەباتی چینایەتیدا لێک بدرێتەوە، یانی ئەو مەسەلانەی کە بە شێوەی بابەتی دەوری سەرەکییان لە گەشە و بەرەو پێشچوون، وە یان پاشەوپاش گەڕانەوەی شۆڕشدا هەیە. خودی پێکهێنانی پەیوەندی نێوان دەوڵەت و حیزبە سیاسییەکان لەگەڵ "خاوەنداریێتیی تایبەتی" و "پاراستنی پەیوەندیی بەرهەمهێنانی مەوجوود" بەس نییە. بۆ ناسینی خەسڵەتی چینایەتیی حیزب و دەوڵەتەکان لە دەورە شۆڕشگێڕانەکاندا، پێش هەموو شتێک دەبێ ئەو مەسەلانەی کە چینە (جۆربەجۆرە)کان لە شۆڕشدا (شوێنی دەگرن) و شێوەی کارکردی دەوڵەت و حیزبە سیاسییەکان بەرانبەر بەم مەسەلانە لەبەرچاو بگیرێ.

لە شۆڕشی ساڵی 1917 لە ڕووسیا، ئێس ئارەکان و مەنشەڤیکەکان ئیتر هەمان ئێس ئار و مەنشەڤیکەکانی ساڵانی پێش شۆڕش نین، تەنانەت ئەگەر لە باری بەرنامەییەوە لە درووشم و داخوازییەکانیاندا هێشتا هەر پارێزەری ئەو پەیوەندییانەی خاوەنداریێتی و پەیوەندییە ئابوورییەن کە پێش شۆڕش خواستی ئەوان بوو. لێنین دەوڵەتی کاتی، یانی دەوڵەتێک کە بە بەشداری ئێس ئارەکان و مەنشەڤیکەکان پێک هاتبوو، بە بۆرژوایی و ئیمپریالیستی ناولێ دەبا. هەڵبەت نەک لەبەر ئەوە کە ئەم دەوڵەتە کاتییە بە تەواوی لە هێزە حیزبییەکان و سیاسەتمەدارانی بۆرژوازی گەورە و مڵکدارە گەورەکانی ڕووسیا پێک هاتووە و بە گەرموگوڕی لە پلاتفۆرمی ئابووریی ئەوان داکۆکی دەکا، بەڵکوو لەبەر ئەوە کە ئەم دەوڵەتە بەرانبەر بە سوڵح، بەرانبەر بە دەسەڵاتی شووراکان، هەشت سەعات کار، ویستی زەوی و بەگشتی بەرانبەر بە ئامانج و درووشمەکانی ئەو شۆڕشەی کە لە ئارادایە، ڕادەوەستێ و سینگ دەداتە پێش و بەم بۆنەیەوە لەڕاستیدا وەک دەوڵەتی بۆرژوازی و مڵکدارە گەورەکانی ڕووسیا لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا چالاکی دەنوێنێ. ئەم درووشمانە، ئەم مەسەلە و خاڵانە مەیدانی لەبەرانبەریەک وەستانەوەی شۆڕش و دژی شۆڕشن لە ڕووسیای ساڵی 1917دا، وە بەم بۆنەیەوە هەر ئەو هۆیانە بەر لە هەموو تێبینییەکی گشتیتر سەبارەت بە پەیوەندی هەر ڕەوتێک لەگەڵ پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی مەوجوود، ڕوونکەرەوە و نیشاندەری پەیوەندیی چینایەتیی حیزبە ناپرۆلیتێرییەکان و دەوڵەتە

ئیئتیلافییەکانیانە. کاتێک چینەکان لەبەرامبەر شۆڕشدا ڕیز دەبەستن، ئەو کاتە ئەو مەسەلانەی کە ڕیزی ئەم چینانە لێک جیا دەکاتەوە، هەر ئەو مەسەلانە دەبن کە گەشەکردن، یان وەستانی شۆڕشیان پێوە بەسراوەتەوە. دەوڵەتی بۆرژوایی لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا دەبێ وەڵامی پێداویستییەکانی چینی بۆرژوا لەو دەورەیەدا بداتەوە نەک ئەوە کە تەنیا ( وە یان بەناچار) جوابدەرەوەی پێداویستییەکان و ئوسووڵە بنەڕەتی و گشتییەکانی کۆمەڵگای بۆرژوایی بێ لە مەیدانی بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوە و نەزمی بەرهەمهێناندا. لە دوالێکدانەوەدا ئەم مەسەلەیە هەروەها داکۆکیکردنێکە لە مەوجوودییەتی ئابووری و خاوەندارێتی تایبەتیی بۆرژوایی، چونکە تاقە ڕێگای عەمەلی بۆ داکۆکیکردن لە خاوەندارێتی تایبەتی و دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆرژوازی لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا، بەرەنگاربوونەوەی شۆڕشە. هێزێک کە بتوانێ ئەم دژایەتیکردنە لەگەڵ شۆڕش و ئەم بەرگرییە چینایەتییە بۆرژوازییە بە هەڵسووڕاوانەترین و کاریگەرترین شێوە ڕێک بخا و بەرەو پێشی بەرێ، هێزێکە کە پێکهێنەری دەوڵەتی بۆرژوایی دەبێ، جا چ ئەو هێزە خۆی لە خۆیدا کارامەترین و ڕاشکاوترین پارێزەر و لایەنگری پەیوەندییەکانی ئابووری و خاوەندارێتی تایبەتیی بۆرژوایی، وە یان بەتواناترین هێز بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگای ئاسایی بۆرژوایی بێ، وە یان نەبێ. دەوڵەتی بۆرژوایی لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا وەک دەوڵەتی کاتیی بۆرژوازی دژ بە شۆڕش کار دەکا، وە بەم بۆنەیەوە ڕەنگە بۆ سەرکوتکردن، وە یان دامرکاندنی شەپۆلی شۆڕش، بە شێوەی کاتی لە دژی بەرژەوەندیی دەسبەجێی ئابووری، وە یان بەرژەوەندە بنەڕەتییەکانی خاوەندارێتی تایبەتیی بۆرژوایی بجووڵێتەوە و لەم ڕێگایەدا چەند هەنگاوێک هەڵگرێ. کەموکوڕیی چەپی ئێران لە لێکدانەوەی ئەم خاڵە لە کاتی هەڵوێستگرتن لەسەر ڕژێمی کۆماری ئیسلامی، بووە هۆی سەرلێشێواوی و هەڵوێستی ئۆپۆرتیۆنیستانەی گەلێک ناخۆش. دواتر دەگەڕێینەوە سەر ئەم خاڵە.

4) دەورەی شۆڕشگێڕانە بە هەر حاڵ سەرەتا و کۆتاییەکی هەیە و سەرەنجام لەگەڵ ڕژێمێکی سیاسیی جێگیر و "ئاسایی" جێگۆڕکێ دەکا. چ سەرکەوتنی یەکجاریی شۆڕش بەرانبەر بە بۆرژوازی و چ تێکشکاندنی شۆڕش بەدەستی بۆرژوازی، کۆمەڵ دەباتە ناو قۆناغێکی کارکردی بەرهەمهێنانی ئاسایی و ناقەیرانی. دەوڵەتیش وەک بەشێک لە کۆمەڵ دەبێ ئەم ئاڵوگۆڕەی بەسەردا بێ. ئەو پەیوەندی و ئۆرگان و



هێزانەی کە لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا دەسەڵاتیان بوو، یان بەکامڵبوون، وە یان بە لەناوچوونیان، جێگای خۆیان دەدەن بەو پەیوەندی و ئۆرگانانە کە لەگەڵ بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی پەیوەندییەکی بەرهەمهێنانی دیاریکراودا دێنەوە. بەڵام ئەم گۆڕانەی دەوڵەت لە دەوڵەتی دەورەی شۆڕشگێڕانەوە بۆ دەوڵەتی ئاسایی، گۆڕانێکی دەسبەجێ و دەمودەست نییە. ئەم پرۆسەیە دەبێ لە جیهانی ماددیدا بە پێکهاتنی زەمینەی بابەتی و کەرەسە عەمەلییەکانی بەرەو پێش بچێ. مارکسیستەکان دەبێ شێوە جۆراوجۆرەکانی گۆڕانی دەوڵەت لە دەورەی شۆڕشگێڕانەوە هەتا دەورەی کارکردی ئاسایی کۆمەڵ لەبەرچاو بگرن. شکڵگرتنی ئۆرگان و بینا و قەوارە سیاسی و ئیدارییە ناکاتییەکان بۆ پاراستنی دەسەڵاتی سیاسی لە لایەن چینێکی دیاریکراو و پێکهێنان و سەقامگیرکردنی ئەو شکڵە حوقووقی و قانوونی و فەرهەنگی و ئایدیۆلۆژیکییانە کە بتوانن بە شێوەیەکی ڕۆتین و هەمیشەیی سەنگ و سووکی هێزە سیاسییەکان بە قازانجی چینی دەسەڵاتدار (وە یان بە دەسەڵات گەیشتوو) بپارێزن، پرۆسەیەکە کە هەر لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا دەستپێ دەکا. نە بۆرژوازی دەتوانێ دەسەڵاتدارەتی درێژخایەنتری خۆی بە پشتبەستن بەو دەوڵەتە بەڕێوە بەرێ کە بۆ دژایەتیکردن لەگەڵ شۆڕش پێکی هێناوە، وە نە پرۆلیتاریای بە دەسەڵات گەیشتوو دەتوانێ هەر بەو شێوەیە و هەر بە پشتبەستن بەو هێز و ئۆرگانانەی کە بۆرژوازییان ڕووخاندووە و بەرگریی سەرەتایی بۆرژوازییان تێک شکاندووە، دەسەڵاتی سیاسی خۆی لە کۆمەڵدا بپارێزێ. کەوایە بۆ لێکۆڵینەوەی کارکردی دەوڵەت لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا دەبێ لایەنێکی حەیاتی و زۆر گرنگی لێکدانەوەکەمان ڕوو بکاتە ئەو پرۆسەیە کە تێیدا دەوڵەتی کاتی مەوجوود خەریکە بناغەی دەسەڵاتی چینەکەی خۆی بۆ ماوەیەکی درێژخایەنتر دادەمەزرێنێ. نیشانەیەکی گرنگ بۆ ناسینی خەسڵەت و پەیوەندیی چینایەتیی دەوڵەتێک لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا، بریتییە لەو سیاسەت و هەنگاوانە کە دەوڵەت وەک ڕێگا خۆشکەر و پێکهێنەری زەمینەی ڕژێمێکی سەقامگیرتری داهاتوو دەیان گرێتە پێش. دواتر ئەم خاڵەش بە شێوەیەکی موشەخەستر لە لێکۆڵینەوەی کۆماری ئیسلامیدا وەک دەوڵەتێکی بۆرژوایی و دەوڵەتی بۆلشەڤیکی وەک دەوڵەتێکی پرۆلیتێری شی دەکەینەوە.

کورتەی باسەکانی ئەم بەشە دەبێتە ئەوە: دەوڵەت لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا، دەبێ بە شێوەیەکی زیندووی بەدوور لە پێناسە و بۆچوونی کلێشەیی چاولێ بکەین. لە ڕاستیدا دەوڵەت لە هەلومەرجێکی ئاوادا خۆی دیاردەیەکی زیندووە و لە حاڵی گۆڕاندایە کە مەوجوودییەت و خەسڵەتی خۆی لە گیروگرفت و قانوونمەندییەکانی حەرەکەتی کۆمەڵ لە دەورانێکی مێژوویی تایبەت، وەردەگرێ. ئەمە خەسڵەتی بنەڕەتیی دەورە شۆڕشگێڕانەکانە کە تیایاندا بەرەوپێشچوونی سیاسی_ شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵ دەبێتە کەژاوەی جووڵە و گەشە و هەڵدانی ئابووری و بەرهەمهێنانی کۆمەڵ. دەوڵەتیش دەکەوێتە ژێر کاریگەری خەسڵەتی بنەڕەتیی ئەم سەردەمە مێژووییەوە. تەوەری ناسینی دەوڵەت و کارکردەکانی لەم دەورانەدا و ئەو پەیوەندە تایبەتەی کە لەگەڵ چینەکەی خۆی دەیبێ، هەمان ناسینی تایبەتمەندییەکانی دەورەی شۆڕشگێڕانەیە. شۆڕش هۆیەکی دیاریکەرە لە پرۆسەی بزووتنەوەی کۆمەڵ لەم سەردەمانەدا و بەم بۆنەیەوە دەوڵەت لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا، بە پێچەوانەی دەوڵەت لە دەورەی ناقەیرانیی کارکردی کۆمەڵدا، دەبێ لە بنەڕەتەوە لە دەوری تەوەری شۆڕش لێک بدرێتەوە. بۆ ناسینی دروستی پەیوەندیی ژێرخانی ئابووری و دەوڵەت لەم دەورانەدا، دەبێ سەرەتا پەیوەندی ئەم ژێرخانە لەگەڵ شۆڕش لێک بدرێتەوە و پاشان لە ڕێگای شۆڕشەوە بە چەمکی دەوڵەت بگەین. دەوڵەتی بۆرژوایی لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا بە ڕواڵەت لە پێداویستیی ئابووریی ڕاستەوخۆی ئەم چینە جیا دەبێتەوە هەتا لە ئاستێکی بنەڕەتی تردا بە هەوڵدان بۆ سەرکوتکردنی شۆڕش، دەوری خۆی لە پاراستنی ئەم ژێرخانەدا بگێڕێ. لە لایەکی ترەوە، دەوڵەتی شۆڕشگێڕی پرۆلیتاریا لەم دەورانەدا ئامرازێکی سیاسییە بۆ درێژەپێدان و بەرەو پێشبردنی خەباتی چینایەتی. ئەم دەوڵەتە لەگەڵ پەیوەندییەکانی ئابووریی مەوجوود دژایەتی هەیە، بەبێ ئەوەی خۆی ڕێک ئەو ڕژێمە سیاسییە و ئەو دەوڵەتە بێ کە لەگەڵ پێویستییە ئابوورییە نوێکان بێتەوە. دەوڵەتی پرۆلیتێری لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا دەوڵەتێکی شۆڕشگێڕی کاتییە و لەگەڵ ئەو "دەوڵەتە ئاسایی"یە کە بەرهەمی شۆڕشە (ئەگەر بکرێ ئەم ناوە لەسەر دیکتاتۆریی سەقامگیربووی پرۆلیتاریا دابنێین) لە زۆر لایەنەوە جیاوازی هەیە.



## تێگەیشتنی لێنینی لە دەوڵەت لە پرۆسەی شۆڕش بۆ دیموکراسی_ کۆماری شۆڕشگێڕ و بەرنامەی ئێمە

ئەوەی وتمان لەڕاستیدا هیچ شتێک نییە جگە لە چەند ئەنجامگیرییەکی گشتگیر لە نووسراوە سیاسییەکانی ڕابەرانی مارکسیزم و بەتایبەت لێنین. لە بەشی پێشوودا دیتمان کە چلۆن کتێبی "دەوڵەت و شۆڕش" خۆی هەوڵدانێکە بۆ نیشاندانی تایبەتییە جیاوازەکانی دەوڵەت لە دەورەی گوزاری نێوان سەرمایەداری و کۆمۆنیزمدا بەپێی ئامۆژگارییە بنەڕەتییەکانی مارکسیزم. بە وتەیەکی تر، شێوەی هەڵوێستگرتن بەرانبەر بە دەوڵەت لە دەورەی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵدا بە مانای بەرینی وشەکە، هەر ئێستا لە مارکسزمدا تیۆریزەکراوە. سەبارەت بە دەورەی شۆڕشگێڕانە بە مانای بەرتەسکی وشەکەش لە ئەدەبیاتی مارکسیستیدا و بەتایبەت لە پلمیکەکانی لێنین لەگەڵ مەنشەڤیکەکاندا، بە ڕادەی پێویست بۆ ساغکردنەوەی تێڕوانینێکی ڕێک و پێک و پتەو و سیستەماتیک بۆ دەوڵەت لەم دەورانەدا، قسە و باس کراوە. باسەکانی لێنین لە ساڵی 1905دا، بەتایبەت لە کتێبی "دوو تاکتیک ..."دا و هەروەها گەلێک نووسراوی جۆراوجۆری لێنین بەدرێژایی شۆڕشی ساڵی 1917 کە دەربارەی چارەنووسی دەسەڵاتی سیاسی و ئەرکەکانی دەوڵەتی پرۆلیتێری نووسراون، سەرچاوەی بەنرخن بۆ ناسینی دەوڵەت لە دەورەی شۆڕشگێڕانە و هەڵوێستی ڕاشکاوی مارکسیستی دەرهەق بە دەوڵەت.

لە ساڵی 1905دا، ئەم حوکمە کە "دەوڵەت ئامرازی دەسەڵاتدارەتی چینێکە کە لە باری ئابوورییەوە زاڵە"، وە یان "دەوڵەت پاشکۆ و پارێزەری پەیوەندییەکانی ئابووری و مەوجوودی کۆمەڵە"، بوو بە ناوەند و کاکڵەی تیۆریکی ڕێفۆرمیزم و لیبراڵیزمی مەنشەڤیکەکان لە کاتی هەڵوێستگرتن بەرانبەر بە مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسیدا. مەنشەڤیکەکان هەر وەک "یەکێتیی کۆمۆنیستی" لە ئێرانی ئەمڕۆدا، لەسەر ئەو باوەرە بوون کە چینی کرێکار و حیزبی کرێکاری سوسیال دیموکرات وەک نوێنەری سیاسی ئەم چینە، نابێ لە دەوڵەتی دیموکراتیکی بەرهەمی شۆڕشدا بەشداری بکەن. هۆیەکەشی هەر ئەوەیە کە وتمان: دەوڵەتی دیموکراتیک دەبێ ئەرکەکانی شۆڕشی دیموکراتیک بە ئەنجام بگەیەنێ. ئەم ئەرکانە لە بنەڕەتدا ئەرکی بۆرژوایین (لە چوارچێوەی بناغەکانی پەیوەندییەکانی بۆرژوایی ناترازێن)، بەم بۆنەیەوە دەوڵەت بەناچار دەبێتە پاشکۆی ئابووری و پەیوەندییەکانی کۆمەڵایەتیی بۆرژوایی و دەبێتە

ئامرازێک لە خزمەت بۆرژوازیدا. کۆمۆنیستەکان نابێ بە بەشداریکردن لەم دەوڵەتەدا خۆیان تێکەڵاوی ئەو پەیوەندییە بکەن. لێنین بۆ وەڵامدانەوەی ئەم تێگەیشتنە پێچەوانە و لەقەوارە خراوە لە ماتەریالیزمی مێژوویی و ئەم ئاکادیمیزمە کوێر و بێلایەنە، تێگەیشتنێکی ڕۆشن لە دەستەواژەی دەوڵەت لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا بە دەستەوە دەدا: "لێرەدایە کە دەسبەجێ دەردەکەوێ، کە ئاکامی کەمتەرخەمیی کۆنفرانسچییەکانی ئێمە بەرانبەر بە مەسەلەیەکی دیاریکراو کە لەبەردەم ڕابەرایەتیی سیاسیی پرۆلیتاریادایە چییە. مەسەلەی موشەخەسی دەوڵەتێکی کاتی شۆڕشگێڕ بەبۆنەی مەسەلەی ئەو زنجیرە دەوڵەتانەوە کە لە دوارۆژدا، ئامانجەکانی شۆڕشی بۆرژوایی بەگشتی جێبەجێ دەکەن، لە چاوی کۆنفرانسچییەکانی ئێمە ون بووە. ئەگەر دەتانەوێ لە باری "مێژوویی"یەوە بڕواننە مەسەلەکە، ئەو کاتە نموونەی هەر وڵاتێکی ئەورووپایی ئەوەتان پێ نیشان دەدا، کە ئامانجی مێژوویی شۆڕشی بۆرژوایی بە زنجیرەیەک دەوڵەت، کە بە هیچ جۆرێک "کاتی"ش نەبوون، جێبەجێ کراوە، وە تانەت ئەو دەوڵەتانەی کە شۆڕشیان شکست پێ دا، بە هەر حاڵ ناچار بوون کە ئەرکە مێژووییەکانی شۆڕشە شکست خواردووەکە جێبەجێ بکەن. بەڵام "دەوڵەتی شۆڕشگێڕی کاتی" بە هیچ جۆرێک ئەو دەوڵەتە نییە کە ئێوە باسی دەکەن: ئەمە دەوڵەتی دەورانێکی شۆڕشگێڕانەیە، دەوڵەتێکە کە دەسبەجێ جێگای دەوڵەتە ڕووخاوەکە دەگرێتەوە و پشتی بە ڕاپەڕینی خەڵک بەستووە، نەک بە فڵان جۆرە ئۆرگانی هەڵبژێراوی خەڵک. دەوڵەتێکی شۆڕشگێڕی کاتی، ئۆرگانی خەباتە بۆ بەسەرکەوتنگەیاندنی دەسبەجێی شۆڕش و پووچەڵکردنەوە و بەرپەرچدانەوەی دەسبەجێی هەر هەوڵ و تەقالایەکی دژ بە شۆڕش، نەک ئۆرگانی بەڕێوەبردنی ئامانجە مێژووییەکانی شۆڕشی بۆرژوایی بەگشتی. بە داوەریکردن لەسەر ئەم مەسەلەیە کە ئێمە و ئێوە، وە یا فڵانە و فیسارە دەوڵەت، کامە ئەرکی شۆڕشی بۆرژواییمان جێبەجێ کردووە، بە مێژوونووسانی داهاتوو بسپێرین کە لە "ڕوسکایا ئیستارینا"یەکی تردا لەسەری بنووسن. ئەم کارە دەکرێ پاش 35 ساڵی تریش بیکەن. بەڵام ئێستا ئێمە بۆ خەبات لەپێناوی کۆماریدا و بۆ ئەوەی پرۆلیتاریا لەم خەباتەدا بە جیددیترین شێوە بەشداری بکا، دەبێ دروشم و ڕێنوێنی عەمەلی بێنینە گۆڕ. (دوو تاکتیک، بەرگی 9ی ئینگلیزی، لاپەڕە 43- 42، تەئکیدەکان هی ئێمەن)



لێرەدا لێنین بەڕاشکاوی ئەو جیاوازییە کە لە نێوان دەوڵەت لە باری "مێژوویی"یەوە و دەوڵەت لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا هەیە دەسنیشان دەکا. دەوڵەتی شۆڕشگێڕ ئامرازی تێکۆشانی شۆڕشگێڕانە لەسەرەوە (سەرباری خوارەوە)یە. ئەم دەوڵەتە پشتی بە ڕاپەڕین و هێزی کۆمەڵایەتیی ڕاپەڕیو بەستووە، نەک بەم یان بەو ئۆرگانی نوێنەرایەتی هەڵبژێراو. ئەرکی ئەم دەوڵەتە سەرکوتکردنی بەرگریی ئۆردووگای دژی شۆڕش و جێگیرکردنی یەکجاریی حوکمی شۆڕشە. دەورەی شۆڕشگێڕانە خۆی مەسەلەی "سەرکەوتنی شۆڕش" بۆ چینی کرێکار دەکاتە مەسەلەیەکی تەوەری و سەرەکی. "سبەی ڕۆژی ڕاپەڕین" بۆ لێنین کێشەیەکی تیۆریک نییە، بابەتێکی زانستیی کۆمەڵناسی نییە، بەڵکوو بار و دۆخێکی عەمەلییە بە خوسووسیاتێکی تایبەتەوە. مەنشەڤیکەکان وێنەیەکی بەرجەستە و بەرچاویان لە پێداویستییەکان و تایبەتمەندییەکانی دەورەی شۆڕش لە زەیندا نییە و بە ڕەچاوکردنی هەندێک حوکمی وشک و بێ ناوەڕۆک و "مێژوویی" سەبارەت بە دەوڵەت سۆراغی ئەو بار و دۆخە بابەتییە مێژووییییە دەگرن کە تایبەمەندی و قانوونی حەرەکەتی تایبەت بە خۆی هەیە. ئاکادیمیزم و بۆچوونی کلێشەیی مەنشەڤیکەکان سەبارەت بە دەوڵەت، لە کردەوەدا بیانوویەکە بۆ خۆدزینەوە لە خەباتی شۆڕشگێڕانەی هەتا سەر: "بڕیارنامەی مەنشەڤیکەکان لەجیاتی ڕوونکردنەوەی ئەم خاڵە، کە پرۆلیتاریا هەر ئێستا دەبێ چلۆن "ڕەوتی شۆڕشگێڕانە بەرەو پێش بەرێ "، لەجیاتی ئەوەی بۆ خەبات لە دژی بۆرژوازی لە کاتێکدا کە بەرانبەر بە دەسکەوتەکانی شۆڕش ڕاوەستاوە تەگبیرێکی موشەخەس بکا، دەست دەکا بە وەسفکردنی پرۆسەیەکی گشتی. وەسفکردنێک کە سەبارەت بە ئامانجە موشەخەسەکانی هەڵسووڕانی ئێمە هیچ شتێک ناڵێ. ئەو شێوەیە کە ئایسکرای نوێ بۆ دەربڕینی بیروڕای خۆی ڕەچاوی کرد، تێڕوانینی مارکس (لە تێزەکانی فۆیەرباخدا) سەبارەت بە ماتەریالیزمی کۆن کە لەگەڵ بیروبۆچوونی دیالێکتیکی بێگانە بوو، وەبیر مرۆڤ دێنێتەوە. مارکس دەیگوت فەیلەسووفەکان جیهانیان تەنیا بە شێوەی جۆراوجۆر شی کردۆتەوە، بەڵام قسە لەسەر گۆڕینێتی. گرووپی ئایسکرای نوێش ڕێک هەر بەو شێوەیە دەتوانێ تابلۆیەک لە پرۆسەی ئەو خەباتە کە لە ئارادایە و بە بەرچاویاندا دێ و دەچێ، بخاتە بەرچاو، بەڵام بەگشتی ناتوانێ دروشمێکی دروست بۆ ئەم خەباتە بێنێتە گۆڕ. باش بە ڕێدا دەڕۆن، بەڵام خراپ سەرکردایەتی دەکەن. ئەوان گوێ نادەنە ڕابەریکردنێکی هەڵسووڕاوانە و ئەو

دەورە ڕێنوێنیکەرەی کە دەتوانێ و دەبێ لە مێژوودا ئەو حیزبانە بیگێڕن کە پێش مەرجە ماددییەکانی شۆڕشیان ناسیوە و خۆیان کەوتوونەتە پێشەوەی هەموو چینە پێشڕەوەکان، (وە بەو جۆرە) تێگەیشتنی ماتەریالیستی لە مێژوودا بێ بایەخ دەکەن و چی مانا و ناوەڕۆکی هەیە لێی دادەتەکێنن. (هەمان سەرچاوە، لاپەڕە 44– 43)

لە ڕاستیدا ئەم "تەفسیرچی"یانە، نەک پارێزەری "تیۆری مارکس" بەرانبەر بە "پراگماتیزمی" شۆڕشگێڕان، بەڵکوو کەسانێکن کە تیۆری مارکس لە قەوارە دەخەن. کێشەی لینین لەگەڵ مەنشەڤیکەکان لەسەر مەسەلەی دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسی لە شۆڕشی 1905دا، کێشەی نێوان "واقیعیەتی سەوز" و "تیۆری خۆڵەمێشی" نییە، چونکە ئەوە تیۆری مارکسیزم خۆیەتی کە دینامیزمی زیندووی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵ و دەوڵەت لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا دەناسێ و بەم بۆنەیەوە بە قەدەر خۆی ئەم واقیعییەتە، ڕوو لەپێش و زیندووە و "سەوز"ە. داکۆکی لینین لە دەوڵەتی شۆڕشگێڕی کاتی لە ساڵی 1905دا، لەڕاستیدا داکۆکییەکی تیۆریشە لە شیکردنەوەی مارکسیستی بۆ دەوڵەت. کاکڵی سەرەکی ئەم داکۆکیکردنە، ناسینی تایبەتمەندییەکانی دەورەی شۆڕشگێڕانەیە: "مەگەر مرۆڤ بە قەدەر خوێندکارێکی منداڵ لە مێژوو بگا، ئەگینا چۆن دەکرێ ڕەوتی مەسەلەکان بەبێ "بازدان" ببینێ و وەک هێڵێکی ڕاست چاویان لێ بکا کە بەردەوام بەرەو سەر دەڕوا، بەم جۆرە کە لەپێشدا نۆرەی گەورە بۆرژوازیی لیبراڵ: ئەستاندنی هەندێک ئیمتییازی بچووک لە ئیستیبداد، پاشان نۆرەی وردەبۆرژوازیی شۆڕشگێڕە، کۆماری دیموکراتیک، وە سەرەنجام نۆرەی پرۆلیتاریا دەگا: شۆڕشی سۆسیالیستی. ئەم وێنەیە تا ڕادەیەکی زۆر وێنەیەکی دروستە، هەروەکوو فەرەنسییەکان دەڵێن، تەنیا لە درێژماوەدا، یانی لە ماوەی نزیک بە سەدەیەکدا دروست دێتەوە ... بەڵام ئەگەر کەسێک گەوج نەبێ، لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا ئەمە ناکاتە بەرنامەی کار و هەڵسووڕانی خۆی. ئەگەر دامودەزگای ئیستیبدادیی ڕووسیا تەنانەت لەم قۆناغەدا نەتوانێ لە ڕێگای مەشروتەیەکی وشکوبرینگەوە خۆی ڕزگار بکا، ئەگەر نەک هەر بناغەی شل بێتەوە بەڵکوو بەڕاستی بڕووخێ. ئەو کاتە ڕوونە کە وەگەڕخستنی هێزێکی شۆڕشگێڕی گەورە بۆ بەرگریکردن لەم دەسکەوتانە پێویست دەکا. بەڵام ئەم "بەرگری"کردنە، هیچ شتێک نییە جگە لە دیکتاتۆریی دیموکراتیکی شۆڕشگێڕانەی پرۆلیتاریا و جووتیاران. بە هەر ڕادەیەک دەسکەوتەکانی ئێستا زیاتر بێ و بە هەر ڕادەیەک داکۆکی ئێمە لەم



دەسکەوتانە بەهێزتر بێ، توانای کۆنەپەرستان بۆ ئەستاندنەوەیان لە داهاتوودا کەمتر دەبێتەوە، تەمەنی دەورەکانی دەسەڵاتی کۆنەپەرستی کورتتر و کاری تێکۆشەرانی پرۆلیتاریای پاش ئێمە سادەتر دەبێ". (دیکتاتۆریی شۆڕشگێڕانەی دیموکراتیکی پرۆلیتاریا و جووتیاران، بەرگی 8، لاپەڕە 299)

بەرانبەر بەم دەرکە "منداڵە خوێندکار"انەیە لە ماتەریالیزمی مێژوویی و دەوڵەت، پێویستە جەخت لەسەر بەڵگەنەویستە سیاسییەکانیش سەبارەت بە دەورەی شۆڕشگێڕانە بکرێتەوە: "ئایا ئەوە ڕوون نییە کە بەبێ دیکتاتۆری شۆڕشگێڕانەی دیموکراتیک هیچ ئومێد و هیوایەک بە سەرکەوتنی ئەم خەباتە (بۆ کۆماری) نییە؟ یەکێک لە خەوشە گەورەکانی ئەو بنەما و بەڵگانەی کە (مەنشەڤیکەکان) باسی دەکەن ئەوەیە کە وشک و بێگیانن، خەسڵەتی کلێشەییان هەیە و ناتوانن بار و دۆخی شۆڕشگێڕانە لەبەرچاو بگرن. خەبات لە پێناو کۆماریدا و لە هەمان کاتدا دەستهەڵگرتن لە دیکتاتۆریی شۆڕشگێڕ_ دیموکراتیک، لە کارەکەی ئۆیاما (مارشاڵی ژاپۆنی) دەچێ، کە بڕیاری دابوو لە شاری ماکدین لەگەڵ کروپاتکین (ژەنەراڵی ڕوسی) شەڕ بکا، بەڵام لەپێشدا بیری لە گرتنی شاری ماکدین نەکردبووەوە. ئەگەر ئێمە خەڵکی شۆڕشگێڕ، یانی پرۆلیتاریا و جووتیاران، دەمانەوێ لە دژی ملهوڕی "شانبەشانی یەک خەبات بکەین"، دەبێ شانبەشانی یەک تا دواهەناسە لە دژی ئەم ملهوڕییە خەبات بکەین، بەیەکەوە بیفەوتێنین و بۆ پووچەڵکردنەوەی هەر چەشنە پیلانێک کە بێگومان بۆ گەڕانەوەی خۆی دەیگێڕێ، پشتی یەکتر بەرنەدەین". (هەمان سەرچاوە، لاپەڕە 298، تەئکید هی ئێمەیە)

ئەمە شێوەی ڕوانینی لینینە بۆ دەورەی شۆڕشگێڕانە و مەسەلەی دەوڵەت. دەوڵەتی شۆڕشگێڕ درێژەی ڕاپەڕینە، گەشە و هەڵچوونی ڕاپەڕینە هەتا ئاستی خەبات لە "سەرەوە" بۆ تێکشکاندنی بەرگریی سەروماڵی دژی شۆڕش. ئەوە کە ڕەوتی گەشە و هەڵدانی ئابووریی کۆمەڵ لە دوالێکدانەوە و دەورەیەکی دوور و درێژدا چ شتێک بەسەر دەوڵەتی شۆڕشگێڕ دێنێ، لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا هیچ شتێک سەبارەت بە پێویستی و مەیدانی هەڵسووڕانی ئەم دەوڵەتە بەیان ناکا. ڕەتکردنەوەی دەوڵەتی شۆڕشگێڕ بە بیانووی فۆرموولی "دەوڵەت پارێزەری بەرژەوەندیی چینێکە کە لەباری ئابوورییەوە زاڵە"، لە ڕاستیدا بانگەشەیەکی "تیۆریک" ە لە دژی خودی ڕاپەڕین و شۆڕشی توندوتیژ. ئەگەر ڕاپەڕین پێویستە، دەبێ مانای سیاسی سەرکەوتنی ڕاپەڕین

و تایبەتمەندیی دەسەڵاتی سیاسی لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا بناسین. تەبلیغکردن بۆ ڕاپەڕین بەبێ دەرککردنی پێویستی پێکهێنانی دەوڵەتێکی شۆڕشگێڕ، ئەویش بە بیانووی هەندێک فۆرموولی وشک و کلێشەیی دەربارەی پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و ژێرخانی ئابووری هیچ شتێک نییە جگە لە فریوکارییەکی لیبراڵی و شکستخوازییەکی ڕووناکبیرانە.

لێنین لە ساڵی 1917شدا بەرانبەر بە دەوڵەت هەر لەو شێوە هەڵوێستە پەیڕەوی دەکا. زۆرکەس هەن، وا دەزانن کە هەڵوێستی لێنین سەبارەت بە خەسڵەتی شۆڕشی ساڵی 1917 و پێویستی پێکهێنانی دەوڵەتی پرۆلیتێری بە هەندێک دەسکارییەوە، هەر هەمان فۆرموولی دیکتاتۆریی دیموکراتیکی شۆڕشگێڕی کرێکاران و جووتیارانە لە ساڵی 1905دا. ترۆتسکیستەکان پێیان وایە لێنین لە ساڵی 1917دا بەرەو فۆرموولەکەی ترۆتسکی لە ساڵی 1905دا چووە. هەندێکی تر پێیان وایە لێنین لە ساڵی 1905دا کەوتبووە شوێن ئەو بۆچوونە مەنشەڤیکییە کە باسی شۆڕشی قۆناغ بە قۆناغی دەکرد، بەڵام لە ساڵی 1917دا بە هێنانەگۆڕی تێزەکانی ئەپریل دەستی لێ هەڵگرت. ئەو شتەی کە ئەم جۆرە کەسانە لەبەرچاوی ناگرن، دەرکی ڕۆشنی لێنینە بەرانبەر بە تایبەتمەندییەکانی دەوڵەت لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا. ئەوە هەر ئەو لایەنەی تیۆری مارکسیزمە کە تەفسیرچییەکان و ئەو کەسانەی کە ڕەخنەی کلێشەیی لە لێنین دەگرن، فەرامۆشیان کردووە. ئیدەی دیکتاتۆریی "دوو چین"، چ لە سەردەمی خۆیدا و چ ئەمڕۆ (لە لایەن ترۆتسکیستەکانەوە و بۆ نموونە "یەکێتیی کۆمۆنیستی" لەناو چەپی ئێراندا) دیارە هەر بەپێی ئەو فۆرموولە کاڵ و کرچە دەربارەی پەیوەندیی نێوان "دەوڵەت و ئابووری" دراوەتە بەر، ئێستاش ڕەخنەی لێ دەگیرێ. بەڵام لێنین ئەو بۆچوونەی (وە بەم پێیە هەڵوێست گۆڕینەکەی دواتری) لە شیکردنەوەی قۆناغ بە قۆناغی مێژووی گەشە و هەڵدانی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان لە ڕووسیا، دەرنەکێشا بوو. هەر وەک پێشتر ئاماژەی پێ کرا، لە ساڵی 1905دا دەوڵەتی شۆڕشگێڕ دەبوایە دەوڵەتی ڕێککەوتووی چین و توێژە دیموکراتەکانی کۆمەڵ و نیشاندەری سەنگ و سووکی هێزە زیندووەکانی ئەو چینانە لە پرۆسەی شۆڕشدا بووایە. کرێکاران و جووتیاران هێزی بزوێنەری شۆڕشگێڕانە بوون و بەم بۆنەیەوە دەیانتوانی پێکهێنەری دەوڵەتێک بن کە بە مەبەستی درێژەپێدانی شۆڕش، ئەرکی سەرکوتکردنی بەرگریی مسۆگەری بۆرژوازی بگرێتە ئەستۆ. بەرهەمی خەباتی هاوبەشی ئەم هێزانە بەو



سەنگ و سووکییە واقیعییەوە کە لە نێوان هێزەکاندا هەبوو، نەیدەتوانی ببێتە دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا. ئەگەر دیکتاتۆریی دوو چین خۆی شتێکی نەگونجاو و ناکۆک بێ، کە بێگومان وایە، ئەم ناکۆکییە دەبێ لە مێژووی واقیعی و ماددی و هەروەها لە کاتی خۆیدا خۆی چارەسەر بکا. بۆ شیکردنەوەی ئەم ڕەوتە، لێنین وتەنی، زۆر مێژوونووس پەیدا دەبن، بەڵام دەوڵەتی شۆڕشگێڕی "دوو چین" بەرهەمی ڕاپەڕینی "دوو چین"ە. ئەگەر ڕاپەڕین و پرۆسەی شۆڕش لەخوارەوە بە گشتی، دەتوانێ کاری کۆمەڵێکی نا وەکیەک بێ کە لە هەموو چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان پێک هاتووە (کە لە ساڵی 1905دا بەم جۆرە بوو). لە "سبەی ڕۆژی ڕاپەڕین"یشدا شۆڕش تا ئەو کاتە کە دیاردەیەکی مەوجوود و بیلفیعل بێ و لە ئارادا بێ، دەکرێ لە لایەن ئەو چینانەوە کە وەک دەوڵەت یەکیان گرتووە درێژەی پێ بدرێ. لە ساڵی 1905دا دەوڵەتی شۆڕشگێڕی پێکهاتوو لە "چەند چینی"ی ڕاپەڕیو، ناکۆکییەکی "تیۆریک" نەبوو، بەڵکوو بەپێچەوانەوە پێویستییەکی تیۆریک بوو کە لە تێگەیشتنی ڕاستییەکانی شۆڕشی گشتی و تایبەتمەندییەکانی دەورەی شۆڕشگێڕانە وەک دەورانێکی تاکتیکی لە 1905دا، سەرچاوەی دەگرت.

لە شۆڕشی ساڵی 1917دا ئەم سەنگ و سووکییەی هێزەکان و شێوەی بەشداریکردنی بەشە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵ، هەر وەک مەسەلە تەوەرییەکانی ڕیزبەستنی چینەکان، لەچاو ساڵی 1905 گۆڕاوە. ئەوە ڕوونە کە بەشێک لەم جیاوازییە بەرئەنجامی گەشە و هەڵدانی ڕووسیایە لە ماوەی 12 ساڵدا و بەشێکی تر بەرئەنجامی هەڵچوونی قەیرانی جیهانیی سەرمایەدارییە هەتا ڕادەی شەڕێکی ماڵوێرانکەری جیهانی. بەڵام بە هەر حاڵ ئەنجامە عەمەلییەکانی ئەو ئاڵوگۆڕەی وا بەسەر خەباتی چینەکاندا هاتووە و کاریگەری ئەم ئاڵوگۆڕانە لەسەر سەنگ و سووکی ڕاستەقینەی هێزە شۆڕشگێڕەکانە کە ئیمکاناتی عەمەلیی پرۆلیتاریا لە مەسەلەی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسیدا دەگۆڕێ. هەر ئەمە ڕێگا بۆ لێنین دەکاتەوە سیاسەتی پێکهێنانی حوکوومەتی کرێکاری، بەڵام ئەمجارە "ڕاکێشانی پشتیوانی" جووتیارە هەژارەکان بخاتە دەستووری کاری خۆیەوە. دەوڵەتی شۆڕشگێڕ دەتوانێ دەوڵەتی کرێکاران بێ. لێنین میتۆدۆلۆژی و بۆچوونی خۆی دەسکاری نەکردووە و نەی گۆڕیوە، بەڵکوو واقیعییەتی عەمەلیی ئیمکانی دامەزراندنی حوکوومەتێکی کرێکاری و سەرکوتکردنی دژی شۆڕشی لە لایەن دەوڵەتێکی شۆڕشگێڕی

کرێکارییەوە پێک هێناوە. ئێستا پاش تێپەڕینی ساڵیانی ساڵ، کاتێک تەماشای ئەزموونی شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەکەین، بە سادەیی بۆمان دەردەکەوێ ئەم دەوڵەتەش کە دەوڵەتی "یەک چین" بوو، تووشی هەر ئەو ناکۆکییە بوو کە دەوڵەتی شۆڕشگێڕی "دوو چین" کە دەوڵەتێکی ناکۆک بوو، تووشی دەبوو. هەر ئەو پێویستییە حەیاتییەی ڕاکێشانی پشتیوانی جووتیاران بەهۆی سەنگە سیاسی و ئابوورییەکەیان و هەروەها ئەو دەورەی کە لە پرۆسەی بەتاکخستنەوە و تێکشکاندنی دژی شۆڕشی بۆرژوایی چەکداردا، بە ڕووسی و ناڕووسییەوە، دەبوایە بیگێڕێ، دەوڵەتی شۆڕشگێڕی تووشی دژواری و تەنگوچەڵەمەی بنەڕەتی کرد و مۆری خۆی بە پرۆسەی پێکهێنانی ئەو دەوڵەتەوە نا. بەڵام هیچ کەس ناتوانێ بڵێ چونکە ئەم ناکۆکییە بووە، چونکە هێزی کرێکاران بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات کافی نەبووە و بەم پێیە لە لایەن چینە ناپرۆلیتێرییەکانەوە زەختی سیاسی و ئابوورییان کراوەتە سەر، کەوایە پێکهێنانی دەوڵەتێکی شۆڕشگێڕی کرێکاری بە لەبەرچاوگرتنی ژێرخانی ئابووریی ڕووسیا "زوو" بوو، چونکە تەنیا و تەنیا ئەو دەوڵەتە بوو کە دەیتوانی درێژەدانی شۆڕش لەسەرەوە (هاوکات لەگەڵ خوارەوە) لە هەموو لایەنێکی خەباتدا بۆ سەرکوتی بەرگریی لیبراوانەی دژی شۆڕشی بۆرژوایی لە ڕووسیا مسۆگەر بکا.

تێگەیشتنی لینینی لە دەورە شۆڕشگێڕانەکان و ئەوە کە دەوڵەت لەو دەورانەدا لە پرۆسەی شۆڕشدا دەوری ئامرازێک دەگێڕێ، ئەو ڕاستییە ڕوون دەکاتەوە، دەخاڵەتی هەڵسووڕاوانەی سیاسی نەک بە پێچەوانەی ئوسووڵی مارکسیزم نییە، نەک تەنیا پێویستی بە دەسکاریکردن و گۆڕینی ناوەڕۆکی پێناسەی لێکدانەوە مارکسیستییەکان بەتایبەت ماتەریالیزمی مێژوویی و تیۆری دەوڵەت نییە، بەڵکوو خۆی هەر لەم تیۆرییە و لەم ماتەریالیزمەوە سەرچاوە دەگرێ. مەنشەڤیزم و لیبراڵیزمی چەپ بەپێی نەریتی خۆیان پێیان وایە کار و کردەوەی کۆمۆنیستی دژایەتی لەگەڵ "پوختە"ی تیۆریک هەیە. بێگومان کردەوەی کۆمۆنیستی دژایەتی لەگەڵ کلێشە تیۆریکەکانی ماتەریالیزمی میکانیکی و لەگەڵ ئەو بۆچوونە چەوتەی کە دیترمینیستە ئابووریخوازەکان پێی دەڵێن مارکسیزم هەیە. بەڵام ئەو مارکسیزمەی کە دەتوانێ یاساکانی بزاوتی کۆمەڵ و خەسڵەتی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و بۆ نموونە دەوڵەت لە دەورەکانی شۆڕشگێڕانەدا بناسێ، نەک تەنیا پێی وا نییە کە تیۆری کۆسپی سەر ڕێگای دەخاڵەتگەری و



"بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی"ە ، بەڵکە تێیدا گەلێک ڕێنوێنی بەنرخ بو هەڵسووڕاوانەترین دەخاڵەتی شۆڕشگێڕانە لە کۆمەڵدا بەدی دەکا.

ئێمەش هەر بەپێی ئەم ڕێبازە، بەوە گەیشتووین کە کۆماری شۆڕشگێڕ پێویست و گونجاوە نەک لەڕووی قۆناغ قۆناغکردنی شۆڕشەوە. ئێمە لە بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستدا پاش ڕوونکردنەوەی پێویستی و ئیمکانی شۆڕشی سۆسیالیستی و پێناسەکردنی ئەم شۆڕشە وەک فەلسەفەی مەوجوودییەت و سەرچاوەی ڕێکخراوبوونمان، بەوە دەگەین کە چینی کرێکاری ئێران لە هەلومەرجی ئێستادا توانای ئەوەی نییە دەسبەجێ حوکوومەتی خۆی دابمەزرێنێ. پێکهێنانی ئەو توانایی و ئامادەییە ئەرکی سەرشانی ئێمەیە. بەڵام بە هەر حاڵ تێکەڵاوێک لە هێزە چینایەتییەکانی کۆمەڵ توانای بەڕێوەبردنی "شۆڕشێکی دیکە"ی هەیە. ئەم شۆڕشە، شۆڕشە بۆ دیموکراسی، هەروەها بەشێک و قۆناغێکە لە تەواوی پرۆسەی شۆڕشی کرێکاری. سەرکەوتنی شۆڕشێکی ئاوا، یارمەتیدەری شۆڕشی کرێکارانە، سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە بەهێزی ڕاستەقینە و مەوجوودی ئەو چینانە کە وجوودیان هەیە و خوازیاری دیموکراسیی شۆڕشگێڕن، ئیشێکی عەمەلی و گونجاوە و بێگومان ئەم شۆڕشە دەبێ دەوڵەتی مەوجوود و ڕژێمی سیاسیی مەوجوود بڕوخێنێ. چ شتێک دەتوانێ و دەبێ دەسبەجێ جێگای بگرێتەوە؟ مەنشەڤیکەکانی ئێمە دەڵێن، دەبێ دەوڵەتێک ببێتە سەرکار کە لە باری "مێژوویی"یەوە کاتی گەیشتووە. ئەگەر هێشتا کاتی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا نەهاتووە، وە یان ئەگەر بە هەر حاڵ ئەو دەوڵەتە کە بەرهەمی "شۆڕشێکی دیکە"یە ناتوانێ دەسبەجێ دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا بێ، ئیتر هەموو شتێک وە بۆ نموونە دەوڵەتی شۆڕشگێڕیش بە لای ئەمانەوە بە ناچار لەسەرەوە هەتا خوارێ "ئاوی ڕەنگ" و بۆرژواییە. دەخاڵەتکردنی ناوەخت و زووتر لە کاتی خۆی لە مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسیدا و پێکهێنانی دەوڵەتێکی شۆڕشگێڕ، هیچ چارەنووسێکی نییە جگە لەوە کە ببێتە ئامرازی دەستی بۆرژوازی یانی "ئەو چینە کە لە باری ئابوورییەوە زاڵە". بەڵام مارکسیزم دەڵێ چی؟ بۆ ئێمە وەک کەسانێکی مارکسیست کە ئەزموونی هەڵوێستگرتنی زیندوو و داهێنەرانەی لینینمان بەرانبەر بە پرۆسەی شۆڕش بەدەستەوەیە. مەسەلەکە بەم جۆرەیە: چ شتێک دەبێ جێگای دەوڵەتی تێکڕووخاوی بۆرژوازی بگرێتەوە هەتا شۆڕش لە پێناوی دیموکراسیدا بتوانێ هەرچی قووڵتر بەرەو پێش بچێ و ببێتە جێگۆڕکێیەکی سادەی هێزە سیاسییەکانی بۆرژوازی لە

دەسەڵاتدا. بەرگریی مسۆگەری بۆرژوازی بەرانبەر بەم شۆڕشە چلۆن دەکرێ تێک بشکێ؟ لێنینیزم لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا پێش ئەوەی ڕوو بکاتە "ئابووری"، ڕوو دەکاتە ڕاپەڕین و پێویستی درێژەدانی خەباتی توندوتیژ لە پێناو ئامانجە شۆڕشگێڕانەکاندا. دەوڵەتی شۆڕشگێڕ شکڵی درێژەکیشان و بەرەو پێشچوونی ئەم خەباتەیە لەسەرەوە و لە هەمان کاتدا ئامرازێکی کاریگەرە بۆ بەرینکردنەوە و پەرەپێدانی خەبات لەخوارەوە. دەورەی شۆڕشگێڕانە، دەورەی بەڕێوەبردنی توندوتیژیی ڕێکخراوە: "لە دوا لێکدانەوەدا تەنیا هێزی زەبروزەنگە کە دەتوانێ مەسەلە گرنگەکانی ئازادیی سیاسی و خەباتی چینایەتی یەکلایی بکاتەوە. وە ئەرکی سەرشانی ئێمەیە کە ئەم هێزی زەبروزەنگە ئامادە بکەین و ڕێکی بخەین، وە نە تەنیا بۆ داکۆکیکردن بەڵکوو هەروەها بۆ پەلاماربردن بە شێوەیەکی دروست کەڵکی لێ وەربگرین. دەسەڵاتی لەمێژینە و درێژماوەی کۆنەپەرستیی سیاسی لە ئەورووپا کە تەقریبەن هەر لە ڕۆژەکانی کۆمۆنی پاریسەوە هەتا ئێستا بەردەوام درێژەی بووە. ئێمەی وا ڕاهێناوە کە پێمان وابێ ئەم کارە تەنیا دەتوانێ لە "خوارەوە" بەرەو پێش بچێ. هەروەها ئێمەی وا ڕاهێناوە کە تەنیا ئەو خەباتە ببینین کە حاڵەتی بەرگری هەیە. ئێستا ئێمە پێمان ناوەتە دەورانێکی تازەتر. دەورەی هەستان و شۆڕش دەستی پێ کردووە. لە دەورانێکی وادا کە هەر ئێستا ڕووسیا خەریکە تێپەڕی دەکا، مانەوە لە چوارچێوەی فورمووڵە کلێشەییەکانی پێشوودا باوی نەماوە. ئێمە دەبێ ئیدەی "کارکردن لەسەرەوە" تەبلیغ بکەین. دەبێ خۆمان بۆ هەڵسووڕاوانەترین کاری پەلاماردەرانە ئامادە بکەین. دەبێ بزانین هەلومەرج و شکڵە جۆراوجۆرەکانی کردەوەیەکی ئاوا چییە". (دوو تاکتیک، بەرگی 9، لاپەڕە 31)

کۆماری شۆڕشگێڕ بۆ ئێمە درێژەی زەبروزەنگی شۆڕشگێڕانەیە لە سبەی ڕۆژی ڕاپەڕیندا بەهۆی پێکهێنانی دەوڵەتێکی شۆڕشگێڕی کاتییەوە. ئەم دەوڵەتە شۆڕشگێڕە حەیاتییە. ئەگەر کەسێک بو سادەکردنەوەی کاری خەباتی سۆسیالیستی، دیموکراسیی سیاسی بەلاوە گرنگ بێ، ئەگەر کەسێک دەیەوێ بۆ دیموکراسی شۆڕش بکا، وە یان تەنانەت ئەگەر کەسێک دوو چاوی هەیە و دەبینێ کە ئەگەر خۆیشی شۆڕش نەکا، هەندێک چین و توێژی دیاریکراوی کۆمەڵایەتی خەریکن بۆ دیموکراسی شۆڕش دەکەن، ئەو دەمە دەبێ وەڵامی ئەوە بداتەوە کە ئەم شۆڕشە لە دەسەڵاتی سیاسیدا دەبێ چ گۆڕانێک پێک بێنێ. هێزەکانی شۆڕش لە سبەی ڕۆژی ڕووخاندا و لەبەرانبەر



بەرگریی لیبراوانەی بۆرژوازیدا دەبێ چ بکەن. ئێمە دەڵێین دەتوانرێ، وە بێگومان دەبێ، دەوڵەتێکی شۆڕشگێڕ پێک بێ، کە نوێنەری بەڕێوەبردنی ئیرادەی هەموو توێژە شۆڕشگێڕەکان "لەسەرەوە" بێ. دەبێ دەسەڵاتی سیاسی بەدەستەوە بگرین و بەرانبەر بەو دژی شۆڕشەی کە تێک ڕووخاوە، بەڵام هێشتا هەر هەڵسووڕاو و زیندووە بیخەینە گەر. ئەو کەسەی کە پێی وایە، ئەم حوکمە ناکۆکی لەگەڵ تیۆری مارکسیستی دەوڵەت و لە دەوری گرنگیی ئابووری و شتی لەم چەشنە هەیە، لەڕاستیدا لە هیچ کامیان تێنەگەیشتووە. دەوڵەت لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا دیاردەیەکی کاتییە و لە تێپەڕبوون و گۆڕاندایە. لە ڕاپەڕینەوە هەڵدەقوڵێ و وەڵامی مەسەلەکانی ئەو شۆڕشە دەداتەوە کە بەکردەوە و دەمودەست لە ئارادایە. ناکۆکییە ناوخۆییەکانی ئەم دەوڵەتە، داهاتووی و پرۆسەی توانەوەی، وە یان پارچەپارچەبوونی و بەردەوامبوونی قەیرانی شۆڕشگێڕانە و شتی تر، هیچ کامیان لەو دەور و جێوشوێنە ڕاستەقینە و ماددییە کە دەوڵەتی شۆڕشگێڕ دەتوانێ لە دەورانێکی دیاریکراو لە خەباتی چینایەتیدا بەڕێوە بەرێ و هەیبێ، کەم ناکەنەوە.

ڕەوتی ئێمە خۆی یەکەم ڕەوتێک بوو کە بیرۆکەی ناکۆکی نێوان سەرمایەداری و دیموکراسی لە ئێران بە شێوەیەکی بەڵگەدار وەک بەشێک لە هەڵوێستی ڕەخنەگرانە بەرانبەر بە پۆپۆلیزمی زاڵ بەسەر بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا هێنایە گۆڕ، وە توانی دەورێکی کاریگەر بگێڕێ لە سڕینەوەی هەموو ئەو خۆشباوەڕییانەدا کە چەپی ئێران لەم بابەتەوە بووی. بەڵام لە هەمان کاتدا ئێمە لەبەرنامەکەی خۆماندا باسی دەوڵەتێکی دیموکراتیکی شۆڕشگێڕ دەکەین. ئێستا بەتەواوی ڕوونە کە بۆچی، چونکە ئێمە کۆماری شۆڕشگێڕ وەک "سەرخانی سیاسیی ئابووریی ئێران" چاولێ ناکەین. بەڵکوو بە "دەوڵەتێکی دەورەی شۆڕشگێڕانە" دەزانین کە دەبێ ڕێکخەری زەبروزەنگی زەحمەتکێشان بێ لەسەرەوە لە پێناو دیموکراسیدا. ئەگەر شۆڕشکردن بۆ دیموکراسی ئیمکانی هەیە، کەوایە دەوڵەتی دیموکراتیکی شۆڕشگێڕیش نەک تەنیا ئیمکانی هەیە، بەڵکوو حەیاتییە. ئەوە کە ڕەوتی مێژووەکەی و لە چ کاتێکدا خودی ئەم شۆڕشە و دەوڵەتی شۆڕشگێڕیش "کۆن" دەکا و دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا دەخاتە دەستووری ڕۆژەوە، مەسەلەیەکی ترە. بێگومان ئێمە خۆمان نەک تەنیا هەر لە ئێستاوە خەبات بۆ دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا و سۆسیالیزممان خستووەتە دەستووری کاری خۆمانەوە (حوکوومەتی کرێکاری درووشمی ئێمەیە)، بەڵکوو یەکەم کەسانێک دەبین، کە لە

ڕۆژی خۆیدا هەر وەک بۆلشەڤیکەکان، "کۆنبوونی" شۆڕش و ئامانجە شۆڕشگێڕانەکانی پێشوو ڕادەگەیەنین.
تێگەیشتن لە تایبەتمەندییەکانی دەوڵەت لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا، مەرجی پێویستە بۆ هەڵوێستگرتن و دەخاڵەتی هەڵسووڕاوانە لە مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسیدا. چەپی ئێران هەتا ئەمڕۆ تێگەیشتنی میتافیزیکی و دیترمینیستییەک کە سەبارەت بە دەوڵەت و پەیوەندیی دەوڵەت لەگەڵ ئابووری بوویەتی، لانی کەم لە باری تیۆریکەوە، لێهاتوویی ئەوەی نەبووە کە دەخاڵەتی هەڵسووڕاوانە بکا.

## دەوڵەتی بۆرژوایی لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا- نموونەی کۆماری ئیسلامی

ڕۆشنکردنەوەی تایبەتمەندییەکان و کارکردی دەوڵەتی بۆرژوایی لە هەلومەرجی ئاساییدا دژوارییەکی وای نییە. گرێی مەسەلەکە لەوێدایە کە دەوڵەتی بۆرژوایی بە ڕواڵەت لە ئەنجامی پرۆسەیەکی شۆڕشگێڕانە و بەناوی شۆڕشەوە بە دەسەڵات گەیشتووە. کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە ڕژێمێکی ئاوا بوو. دیاردەی کۆماری ئیسلامی هەتا ماوەیەک بەشێکی زۆر لە هێزە چەپەکانی لە باری تیۆریکەوە تووشی سەرلێشیواوی کرد. بێجگە لە خۆشباوەڕییە ناسیۆنالیستییە ڕیشەدارەکانی پۆپۆلیستەکان سەبارەت بە "بۆرژوازی میللی و وردەبۆرژوازی دژی ئیمپریالیست" و بەم بۆنەیەوە مەیل و ئارەزووی چەند بەشێک لە سۆسیالیزمی وردەبۆرژوایی بەرەو "پشتیوانیی مەرجدار" و بێ مەرج لە کۆماری ئیسلامی، نەفیی جێگا و شوێن و کارکردی ئەم ڕژێمە خۆیشی لە ماوەی چەند ساڵی یەکەمی شۆڕشدا و پرۆسەیەکی عەمەلی کە لە ئەنجامدا بە دامەزراندنی ئەم دەوڵەتە کۆتایی پێ هات، ئەو سەرلێشیواوییەی زۆرتر دەکرد. ئەوە کە بۆرژوازی بەتایبەت پاش "ڕێپێوانی تاسووعا"، توانی درووشمی حکوومەتی ئیسلامی بکاتە درووشمی کۆمەڵایەتی بەرینی خەڵک، ئەو ڕاستییە کە ژمارەیەک لە کاربەدەستانی ڕژێمی تازە، پێشتر بەشێک بوون لە موخالیفانی پاشایەتی، هێرشی ڕەوتی ئیسلامی بۆ سەر جەماعەتی لیبراڵ_ مەشرووتەخوازیی بەرەی میللی، درووشمی دژی ئەمەریکایی لە لایەن ڕژێمەوە و توانایی حکوومەت بۆ کۆکردنەوەی جەماوەر لە هەوەڵ مانگەکانی شۆڕشدا، ئەوانە ئەو هۆیانەن کە سەرەڕای گەلێک بەڵگە و سەنەدی بابەتی کە هەر پێش ڕاپەڕین داخواز و ئامانجی کۆنەپەرستانی ڕەوتی ئیسلامییان نیشان دەدا، وە سەرەڕای هەموو ئەو هەنگاوانەی کە ڕژێم لە سبەی ڕۆژی ڕاپەڕینی 22ی ڕێبەنداندا



بە ئاشکرا لە دژی شۆڕش هەڵی دەگرت، توانای ئەوەی لە چەپی پۆپۆلیست بڕیبوو کە تێبگا ئەم ڕژێمە خەسڵەتێکی بۆرژوایی و دژ بە شۆڕشی هەیە. ناوبردنی کۆماری ئیسلامی بە ڕژێمی بۆرژوایی تا ماوەیەکی زۆر لە لای پۆپۆلیستەکان بە "چەپڕەوی" لەقەڵەم دەدرا (ڕاهی کارگەر ئەمڕۆش هەر وا دەڵێ). تیۆریسینەکانی سۆسیالیزمی گەلی بەناچار چرای بەناو زانستی تیۆریکی خۆیان بەدەستەوە گرت و بۆ دۆزینەوەی ڕیشە چینایەتییەکانی ئەو دەوڵەتە دەستیان دایە پشکنینی ئابووریی کۆمەڵ و بەرژەوەندە ئابوورییەکانی توێژە ناپرۆلیتێرەکان. ڕەوتگەلی جۆراوجۆر هەبوون، لەوە دەگەڕان بزانن ئەم ڕژێمە لە کام چین و توێژ هەڵقوڵیوە و لە باری چینایەتییەوە سەربە کوێیە، شتی سەیریان ئەدۆزییەوە. سەرچاوەی ئەم دۆزینەوانە لەوەدا بوو کە تێگەیشتنێکی کرچ و کاڵیان لە دەوڵەت هەبوو، تەنیا لەسەری ئابوورییەوە بۆی دەچوون و نەیان دەتوانی بزانن بناغەی کارکردی دەوڵەتی بۆرژوایی لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا چییە.
ئێمە هەر لە سەرەتاوە دەوڵەتی کۆماری ئیسلامیمان وەک ئامرازی بۆرژوازی و ئیمپریالیزم ناو برد. لە پێشەکییەکدا بۆ نامیلکەی "مانگرتنی کرێکاران لە وەزارەتی کار" لە مانگی ئازاری ساڵی 79دا، نووسیمان:
"ڕاستییەکانی شۆڕش و خەباتی چینایەتی ڕۆژ لەڕۆژ زیاتر زەمینە بۆ وەلانانی خۆشباوەڕی وردەبۆرژواییانە و متمانەی لێڵ و ناڕۆشنی زەحمەتکێشان بە حکوومەتی ئێستا، خۆش دەکا، متمانەیەکی ناڕۆشن کە سەرچاوەی سەرەکی دەسەڵاتی سەرمایەدارانە لە بێبەرهەمهێشتنەوەی شۆڕشی ئێراندا. ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ کرێکاران و زەحمەتکێشانێکی زۆرتر لە خۆیان دەپرسن، کە ئایا حکوومەتێک کە کۆسپە لەسەر ڕێگای گەشە و هەڵچوونی بزووتنەوەی کرێکاری و گرد و کۆبوونی کۆمەڵانی زەحمەتکێش لەژێر ئاڵای ڕێبەرایەتی چینی کرێکاردا حکوومەتێکی میللی و شۆڕشگێڕە؟ ئایا حکوومەتێک کە ... ئازادی پێشێل دەکا قسە لە گەرووا دەخنکێنێ، کۆبوونەوەکان دەشێوێنێ و هەموو ئەو حیزب ڕێکخراوە سیاسییانەی کە لە پێناو بەرژەوەندیی چینی کرێکاردا خەبات دەکەن، بە "پیلانگێڕ" و "ئاژاوەچی" و "کاسەی گەرمتر لە چێشت" ناولێ دەبا، حکوومەتێکی شۆڕشگێڕە؟ ئایا حکوومەتێک کە ... خۆپیشاندانی هەقخوازانەی کرێکارانی بێکاری ئیسفەهانی وەبەر دەسڕێژ دەدا و پاشان خۆی گێل دەکا، حکوومەتێکی شۆڕشگێڕە؟ ... ئایا حکوومەتێک کە

کرێکارانی هۆشیار زیندانی ئەکات و جیاوازی میللی، مەزهەبی، ڕەگەزی، تەمەن لە نێوان کرێکاران دەنێتەوە تا بەر بە یەکگرتنیان بگرێ، حکوومەتێکی شۆڕشگێڕە؟ نەخێر ئەم حوکوومەتەی ئێستا هەرگیز ئۆرگانی شۆڕش و ڕاپەڕینی زەحمەتکێشان نییە. ئەرکی مێژوویی ئەم حوکوومەتە، کە لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی داهاتووی ئیمپریالیزمەوە لە ئێران بەڕاستی حوکوومەتێکی " کاتی"یە، ئەوەیە کە سەرمایە و ئیمپریالیزم لە تۆفانی شۆڕشی کۆمەڵانی زەحمەتکێش و خەباتکاری ئێران ڕزگار بکا. (لاپەڕە 3- 4).

"بەڵام کرێکارانی هۆشیار و پێشەنگانی شۆڕشگێڕی چینی کرێکار لە حاست ئەو ڕاستییانە چ ئەرکێک دەکەوێتە سەر شانیان؟ ئەگەر حوکوومەتی ئێستا لە پێناو بەرژەوەندیی سەرمایە و سەرمایەداراندا تێدەکۆشێ، ئەگەر حوکوومەتی ئێستا حوکوومەتێکی کاتی و ڕێگاخۆشکەرە کە زەمینە بۆ گەڕانەوەی کۆنەپەرستیی ئیمپریالیستی خۆش دەکا، کەوایە ئەرکی کرێکارانی شۆڕشگێڕ، پێکهێنانی ڕێکخراوەیەکە کە ئۆرگانی دەسەڵاتی سەربەخۆی کرێکاران بێ و بتوانێ لە کاتی ئاخرین هێرشی دژی شۆڕشدا (کە درەنگ یا زوو، بە ڕابەرایەتی سەرمایەداران و دەسپێشکەری بەشی خۆپارێز و کۆنەپەرستی وردەبۆرژوازی و بە ئیرادەی شارەزایانی سیاسی و سەربازییان، کە لە کوشتاری ملیۆنی سڵ ناکەن، دەس پێ دەکا) کرێکاران و کۆمەڵانی بەرینی زەحمەتکێش بۆ داکۆکی لە دەسکەوتەکانی شۆڕش و شکستی یەکجاریی دژی شۆڕش کۆ بکاتەوە و ڕێکیان بخا". (لاپەڕە 5)

لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی یەکەم ژمارەی "بسوی سۆسیالیزم"ەوە ئێمە بناغە تیۆرییەکانی ئەم بۆچوونەی خۆمان بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامی لە زنجیرە نووسراوەکانی "دوو باڵی دژی شۆڕشی بۆرژوا ئیمپریالیستی"دا ڕوون کردەوە. لەو نووسراونەدا بە جەختکردن لەسەر تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی کارکردی دەوڵەتی بۆرژوایی لە دەورە شۆڕشگێڕانەکاندا و هەروەها بە دەرخستن و نیشاندانی یەکەیەکەی ئەو کەڵکانەی کە کۆماری ئیسلامی بۆ بۆرژوازی و ئیمپریالیزم هەیەتی، دووپاتمان کردەوە کە ڕژێمی ئیسلامی حوکوومەتێکی بۆرژواییە کە سیاسەتی بۆرژوازیی ئیمپریالیست و بەم بۆنەیەوە هەموو بۆرژوازیی ئێران بەرانبەر بە شۆڕشی ئێران بەرەو پێش دەبا. ئەمە تەوەری بەلگەهێنانەوەی ئێمە بوو. ئەو شتەی کە بۆرژوازی لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا مەبەستێتی و دەیەوێ چارەسەری بکا



ئابووری نییە، بەڵکوو شۆڕشە. بۆ بۆرژوازی دامەزراندنی "نەزمی دژی شۆڕش" چ لە باری مێژوویی و چ لە باری لێکدانەوە، لە سەرووی هەموو ئەرکەکانەوەیە. لەم دەورەیەدا دەوڵەتی "دڵخواز"ی بۆرژوازی، دەوڵەتێکە کە بتوانێ لەو کەرەسە و ماددە سیاسییەی کە لە هەلومەرجی شۆڕشگێڕانەدا هەیە، بە تایبەتی کە دەزانێ ئۆرگانە ئاساییەکانی سەرکوت و کۆنترۆڵ ئیتر کەڵکیان نەماوە و کاریگەر نین، بۆ یەکلاکردنەوەی کاری شۆڕش کەڵک وەرگرێ. لە ساڵەکانی 78 و 79دا. دەوڵەتی بۆرژوا_ پاشایەتی ئێران خەریک بوو لەناو دەچوو. تارمایی ڕاپەڕین بەسەر سەری بۆرژوازییەوە دەهات و دەچوو. لەو نێوەدا ڕەوتی لیبراڵی "بەرەی میللی" و " نەهزەتی ئازادی" هەڵسووڕاوترین هێز بوون کە هەوڵیان دەدا پێش بە ڕاپەڕین بگرن و هەموو ئۆرگانە سەرکوتگەرەکانی دەوڵەتی ئاسایی مەوجوود، یانی سوپا و بیرۆکراسی بپارێزن. ئەم هەڵوێستەی لیبراڵەکان و هەروەها ئەوە کە ڕەنگ بوو بتوانن بەرەی شۆڕش بەم داخوازییە نیوە و ناتەواوانە ڕازی بکەن و بەم جۆرە بەرەو سازشی بەن، لەگەڵ سیاسەتی بۆرژوازیی گەورەی ئێران کە بەرانبەر بە شەپۆلی شۆڕش خەریکی پاشەکشەی تاکتیکی بوو، یەکیان دەگرتەوە. لیبراڵەکان بۆ دەورەیەک جیددیترین و "بەخێروبێرترین ئاڵتەرناتیڤی بۆرژوازی بوون بۆ پاراستنی وەزعی مەوجوود و دەسەڵاتی سیاسیی خۆیان. دەوڵەتی بەختیار ئاخرین هەوڵ و تەقەلای بۆرژوازی بوو کە دەیەویست لە ڕێگای کشانەوە بەرەو هەڵوێستی لیبراڵیزمی پاشایەتی دەست بەسەر وەزعەکەدا بگرێ. ئەمە پاشەکشەیەکی تاکتیکیی بۆرژوازی بوو، بۆ ئەوەی خۆی لەبەردەم شەپۆلی شۆڕش لادا و خۆی بۆ دۆخی شۆڕش ئامادە بکا.

بەڵام ڕاپەڕین هەموو ئەو حیساباتەی تێک شێواند، ئێستا ئیتر قسە لەسەر سەرکوتکردنی شۆڕشێک بوو کە بەکردەوە بە قۆناغی ڕاپەڕینی چەکدارانە گەیشتبوو. سوپا لەبەرانبەریدا کاریگەر نەبوو، وە جەماوەرێکی بەرین لە خەڵکی شۆڕشگێڕی چەکدار کردبوو. پلاتفۆرمی سیاسی، وە شێوەکان و ئیمکاناتی ڕەوتی لیبراڵی ئیتر لەگەڵ ڕاستییەکانی کۆمەڵ نەدەگونجان. دەوڵەتی بۆرژوازی ئیتر تەنیا ئەوەی لەدەست دەهات کە بەناوی شۆڕش بەرەنگاری شۆڕشی ڕاستەقینە بێ. ڕەوتی ئیسلامی کەرەستەیەکی لەبار بوو بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی ئاوا، یانی دەوڵەتێکی بۆرژوایی کە بتوانێ لەم بوارە تایبەتەدا بەرەی بۆرژوازیی دژ بە شۆڕش ڕێک بخا. ئێمە لەسەر ئەوە پێمان داگرت کە کۆماری ئیسلامی ئامرازی دامەزراندنی نەزمی دژ

به شۆڕشه، که پێشمەرجی سیاسی بۆ نەزمی بەرهەمهێنانی ئاسایی بۆرژواییە. خەسڵەتی سەراپا بۆرژوایی دەوڵەتی ئیسلامی، جیاواز لەوە کە ئایدیۆلۆژی و ئاکار و کردەوەکانی و هێزە پێکهێنەرەکانی لە کامە بەشی کۆمەڵ هەڵقوڵیوە لەوەدایە کە ئەم دەوڵەتە تەنیا شێوازی مومکین بۆ ڕێکخستنی بەرەی دژی شۆڕشی سەربە هێزی بۆرژوا_ ئیمپریالیستییە و بەناچار لە ساڵی 79 بەملاوە شکڵی لەباری ئەم ڕێکخستنەیە بۆ بۆرژوازی.

ڕەنگە هەندێ کەس ڕەخنەمان لێ بگرن (وە لە ڕاستیدا دەیگرن) کە بۆچی ئێمە هەر ئەو کاتە ڕامان نەگەیاند کە کۆماری ئیسلامی نوێنەری سیاسیی بۆرژوازیی گەورە و مۆنۆپۆلییە. ئەمە لە ڕاستیدا هەر ئەو تێگەیشتنە ئابوورییە بەرتەسکەیە لە دەوڵەت کە ئەمجارە بۆرژواییبوونی کۆماری ئیسلامی سەلماندوە و بەم بۆنەیەوە دەیەوێ هیچی تێدا نەهێڵێتەوە. لەڕاستیدا هەر بەو جۆرە کە ئێمە تێگەیشتبووین، کۆماری ئیسلامی ڕێکخراوی سیاسی و نوێنەری ڕێکخراوی بۆرژوازیی گەورەی ئێران نەبوو. بەو مانایە کە لەو بوارەدا ئەو ڕژێمە ڕژێمێک نەبوو کە سیاسەتمەدارانی ئەو چینە تێیدا مەوجوودییەتی سیاسی خۆیان نیشان بدەن و ئامرازی دەسەڵاتدارەتییان و نوێنەری بیروبۆچوون و ئامرازی ڕێکخستنی سەرمایەداران بێ، بەڵکوو دەوڵەتی "سیاسی" ئەو چینە بوو لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا. ئەوە خۆی لە ڕەوتی حەرەکەتی کۆماری ئیسلامیدا، ناکۆکییەکی پێک هێناوە. گۆڕانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بە ڕژێمێکی سیاسیی ئاسایی بۆرژوایی، یانی گۆڕانی بەو شێوە ئاساییە کە بۆرژوازی بۆ پاراستنی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی خۆی، لە سەرووی دەسەڵاتی سیاسیدا بەخۆیەوە دەگرێ، پرۆسەیەکی دژوار و ئاڵۆزە. داماویی کۆماری ئیسلامی لە تێپەڕکردنی ئەم پرۆسەیەدا خۆی یەکێک لە لایەنەکانی قەیرانی حوکوومەتی ئەمڕۆیە لە ئێراندا. بە هەر ڕادەیەک کە کۆمەڵی ئێران لە قەیرانی شۆڕشگێڕانە تێپەڕ دەبێ و بەم بۆنەیەوە دەوڵەت دەبێ بکەوێتە سەر گێژەنەی ئاسایی خۆی و کارکردی ئاسایی خۆی نیشان بدا، کۆماری ئیسلامی لەو شێوازە عەمەلییانەی کە لە کاتی شۆڕشدا بە خۆیەوە گرتبوو دوور دەکەوێتەوە و پەرە بە قەیرانی سیاسیی ڕژێم دەدا. وە دیسان بە هەر ڕادەیەک کە دەبینین قەیرانی شۆڕشگێڕانە لە ئێران، درێژە بە ژیانی خۆی دەدا، بە هەمان ڕادە کۆماری ئیسلامی خۆی بەناچار دەزانێ دەس بداتە شێوە و ڕەوشتی نائاسایی "کە ئەمەش بەناچار لە نێوان دەوڵەتی سەرمایەدار و چاوەڕوانییە



ئاساییەکانی خودی ئەم چینەدا ناکۆکی و جیاوازی پێک دێنێ. لە هەلومەرجێکی ئاوادا ئێمە بە دروستی و بە شێوەیەکی دیالێکتیکی حەرەکەتی کۆماری ئیسلامیمان وەک "دەوڵەتی بۆرژوایی لە دەورەی شۆڕشگێڕانە"دا باس لێ کردووە. بەم جۆرە، تایبەتمەندییەکان و پەیوەندیی چینایەتی ڕاستەقینەی ئەم ڕژێمەمان وەک ڕژێمێکی بۆرژوایی لێک دایەوە. کۆماری ئیسلامی نوێنەر و دەوڵەتی بۆرژوایی بووە لە ئێراندا، چونکە لە حەرەکەی شۆڕشی ساڵی 79 و جۆش و خرۆشی ساڵانی دواتردا تەنیا ئەو شکڵە دەوڵەتە بۆ بۆرژوازی ئیمکانی هەبووە و ئێستاش هەر وایە. بەڵام ئەگەر بڕیارە ئەم قەیرانە شۆڕشگێڕانەیە کۆتایی پێ بێ، ئەگەر بەڕاستی شەپۆلێکی تازەی خەباتی جەماوەر جارێکی تر هەلومەرجێکی شۆڕشگێڕانەی تازە لە ئێران نە خوڵقێنێ، ئەمجار کۆماری ئیسلامی بەم شکڵەی ئێستایەوە هەر دەبێتە قوربانیی ناکۆکییە ناوخۆییەکانی خۆی. ڕژێمی ئیسلامی یان شۆڕشێکی تازە دەیڕوخێنێ، وە یان ئەگەر قەیرانی شۆڕشگێڕانە و سیاسی لە ئێراندا بە یەکجاری کۆتایی پێ بێ، ئەو ڕژێمە بە ڕادەیەک گۆڕانی بەسەردا دێ، کە هیچ شتێکی لە جارانی خۆی نەچێ. ئەوە ڕوونە کە ڕژێمی ئیسلامی خۆیشی خوازیاری ئەوەیە کە بە کەمترین گۆڕان و دەسکارییەوە ببێتە دەوڵەتی ئاسایی بۆرژوازی لە ئێران و بۆرژوازی بەوە ڕایی بکا کە لە باری سیاسی و ڕێکخراوەییەوە بە تەواوی خۆی لی هەڵپێکێ و پشتی بگرێ. بەڵام هەر ئەوەی کە ئێستا گەلێک حیزبی بۆرژوازی لە ئۆپۆزیسیۆندان و خوازیاری ڕووخاندنی ئەو ڕژێمەن، هەروەها ڕژێم لە ڕاکێشانی پشتیوانی سەرمایەی تایبەتی بەرەو لای خۆی تووشی چەرمەسەریی پەیوەندییەکی پڕ گرێ و پڕ هەڵسوکەوتی لەگەڵ بەشی تایبەتیدا بووە، خۆی نیشاندەری ئەوەیە کە ئەم "یەکقسەیی"یە، ئەم پەیوەندە عەمەلی و هەمەلایەنەیە هێشتا لە ڕیزەکانی بۆرژوازیی ئێراندا نییە. ئەگەر ترس لە شۆڕش و لە کۆمۆنیزم بە هەر حاڵ دەبێتە هۆی ئەوە کە هەموو توێژەکانی بۆرژوازی پشتیوانی لە ڕژێمی ئیسلامی بکەن، داماوی و دەستەوەستانی ئەم ڕژێمە لەوەدا کە دەوری دەوڵەتێکی ئاسایی بۆرژوایی بگێڕێ، بناغەی ئەو دووبەرەکایەتییە توندوتیژەیە کە ئێستا لە ڕیزی نوێنەرانی سیاسیی بۆرژوازی لە ئێراندا هەیە.

بە هەر حاڵ چ ڕژێمی ئیسلامی بتوانێ ببێتە دەوڵەتێکی ئاسایی، چ لە لایەن شۆڕشەوە بڕوخێندرێ، پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵگای دەورەی شۆڕشگێڕانە بە کۆمەڵگایەکی ئاسایی، ماوەیەکی زۆرە دەستی پێ کردووە. ئێمە لە دوایین بەشەکانی نووسراوەی

"دوو باڵی ..."دا ئاماژەمان بەم ڕەوتە لە بار و دۆخی سیاسیی کۆمەڵگای ئێراندا کرد. ئێمە باسی هەموو ئەو ئاڵوگۆڕانەمان کرد کە بە داهێنانی کۆماری ئیسلامی و بە پشتیوانی هەموو توێژەکانی بۆرژوازی بۆ کۆتاییهێنان بە دۆخی شۆڕشگێڕانە لە ئێران و ئامادەکردنی زەمینە بۆ دامەزراندنەوەی دەوڵەتی ئاسایی بۆرژوایی پێک هاتووە. ئەگەر کەسێک بە دوای ئەوەدا دەگەڕێ کە بۆ بۆرژواییبوونی کۆماری ئیسلامی دەلیل و بەڵگە بدۆزێتەوە، تەنانەت یەکێک لەو خاڵانەی خوارەوەی بۆ بەسە:

1) بەپیرۆزدانان و ڕەواپێدانی خاوەندارێتی و چەوسانەوەی سەرمایەدارانە کە لە شۆڕشدا چووبوونە ژێر پرسیارەوە. خاوەندارێتی دەبوایە ڕەوایی پەیدا بکا و چ شتێک لەوە باشتر کە سەرەتا بکرێتە خاوەندارێتی دەوڵەتێک کە بەرواڵەت لە ئەنجامی شۆڕشدا هاتووەتە سەرکار و بەم جۆرە ڕەوایی پێ بدرێ.

2) فەوتاندنی دەسکەوتە دیموکراتیکەکانی ڕاپەڕین و سەپاندنی بێمافیی سیاسی بەسەر جەماوەردا. بە پشتئەستووری ترساندن و فریودان و هێرکردنی ئایینیی جەماوەر هەموو ئامانجە دیموکراتیکەکانیان بەناوی داخوازیی "ڕۆژئاوایی" و "ئیمپریالیستی" ئەستاندەوە و سەرکوتیان کرد. لە پرۆسەی هێرشی ڕژێم بۆ سەر دەسکەوتەکانی دیموکراتیکی ڕاپەڕیندا، بۆرژوازی وەک چینێک یەکگرتوویی و دەسەڵاتی سیاسی خۆی سەرلەنوێ بەدەست هێنایەوە.

3) سەرلەنوێ سازکردنەوەی دەزگای ئاسایی سەرکوتکردن، پاکانە بۆکردن و سازکردنەوەی هێزە چەکدارە سەربازییەکان، پۆلێنی سیاسی و دامودەزگای بیرۆکراتیکی دەوڵەتی.

4) وادارکردنی جەماوەر بە سەردانەواندن بۆ گوزەرانی نزم و سەرەنجامی پڕمەینەتی قەیرانی ئابووری. ئەمە قەیرانێک بوو کە لە قۆناغێکی پێشتردا پێکهێنەری زەمینەی ماددیی قەیرانی شۆڕشگێڕانە بوو، وە باڵە جۆراوجۆرەکانی حوکوومەتی کۆماری ئیسلامی لە کردەوەدا بەناوی شۆڕش قورسایی باری هەموو ئەو مەینەت و کوێرەوەرییەیان کە لە قەیران سەرچاوەی گرتبوو خستە سەرشانی کرێکاران و زەحمەتکێشان.

5) پاکانەکردن بۆ ئیمپریالیزم و ئیمپریالیستەکان، بێبایەخ نیشاندان و داتەکاندنی ناوەڕۆک لە خەباتی دژی ئیمپریالیستی، بەرەوانیشاندانی پەیوەندیی دیپلۆماتیکی



ئابووری و سەربازیی بۆرژوازیی دەسەڵاتدار لەگەڵ دەوڵەتانی ئیمپریالیست و کۆنەپەرستیی جیهانی.

6) سەرکوتکردنی بەرینی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و پاڵپێوەنانی ناڕەزایەتیی دیموکراتیکی توێژە ناپرۆلیتێرەکان بۆ ژێر ئاڵای ئۆپۆزیسیۆنی گوێ لەمست و بەئەدەبی لیبراڵ. کۆمۆنیستەکان کە بەدرێژایی شۆڕش لە مەیدانی خەباتێکی بەرین و ئاشکرادا بوون، دەبوایە بەوپەڕی دڵڕەقییەوە بۆ ژیاندنەوەی دۆخی پێشوو (لە لایەن بۆرژوازییەوە) سەرکوت بکرێن. لە هەمان کاتدا پێویست بوو ئەو توێژە ناپرۆلیتێرانەی کە لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا لەژێر ئاڵای لیبراڵیزم هاتبوونە دەر، سەرلەنوێ تا ئاستی درووشمگەلی ئۆپۆزیسیۆنێکی لیبراڵ پاشەکشەیان پێ بکرێ.

ئەوە سەرنجی ئەو بار و دۆخە بوو کە کۆماری ئیسلامی وەک دەوڵەتێکی بۆرژوایی لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا بە جیددییەتەوە بۆ وەدیهێنانی تێکۆشا. ئەمانە هەموو ڕێگایان بۆ ئەوە خۆش دەکرد کە دەسەڵاتدارەتی ئاسایی و ناقەیرانیی بۆرژوازی بژێتەوە و بەسەر کۆمەڵدا بسەپێتەوە. بە هەر ڕادەیەک ئەم هەلومەرجە پێک بێ، کۆمەڵ دەورەی شۆڕشگێڕانە تێپەڕ دەکا و دەینێتە پشت سەرەوە. بەم بۆنەیەوە دەوڵەتی بۆرژواییش وەک بەشێک لەو هەلومەرجە، دەبێ بگەڕێتەوە سەر شکڵ و ڕواڵەتی ئاسایی خۆی. دژواربوونی تێپەڕکردنی ئەم پرۆسەیە، بۆ ڕژێمی ئیسلامی، یەکێک لە سەرچاوەکانی قەیران بووە. یان شەپۆلێکی تازەی خەباتی شۆڕشگێڕانە کۆماری ئیسلامی دەڕووخێنێ و کۆمەڵ دەباتە قۆناغێکی تازەی گەشە و هەڵدانی سیاسی خۆی، وە یان کۆماری ئیسلامی چ بە گۆڕینی شکڵی ئێستای خۆی، چ بە جێگرتنەوە، دەبێ جێگای خۆی بدا بە دەوڵەتێک کە بتوانێ بەڕێوەبەری کۆمەڵگایەکی بۆرژوایی ناقەیرانی بێ. بۆرژوازی و کۆماری ئیسلامی هەر ئێستا خەریکن لەژێر باری قورسی ئەم دوو ڕەوتە ئیحتمالییەدا دەهاڕدرێن. ڕژێمی ئیسلامی بەرانبەر بەو زەخت و زۆرە بەرگری دەکا کە بۆرژوازی دەیکاتە سەری بۆ ئەوەی حوکوومەتی ئێستا شکڵ بگۆڕێ و بە شێوەیەکی هێمنانە و هەنگاو بەهەنگاو جێی خۆی بە حوکوومەتێکی ئاسایی بدا. لە لایەکی ترەوە هەر چەشنە هەوڵ و تەقەلایەک بۆ جێگۆڕکێ پێکردنی دەسبەجێ و بەزەبری ئەم حوکوومەتە لە لایەن بۆرژوازییەوە، قەیرانی سیاسی پەرەپێ دەدا و دیسانەوە ڕێگا بۆ هاتنەمەیدانی کۆمەڵانی بەرینی خەڵک کە خوازیاری ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ئەم ڕژێمەن خۆش دەکا. نە قەیرانی

شۆڕشگێڕانه وەها نیشتووەتەوە کە جێگۆڕکێ پێکردنی دەوڵەتی ئێستا، کە چینی بۆرژوا بۆ یەکگرتووکردنی بەرەی دژ بە شۆڕش پێویستی پێی هەبوو بۆ بۆرژوازی هەر وا بە ئاسانی دەست بدا، وە نە شۆڕش بەکردەوە وەها مەترسییەکی دەسبەجێی خوڵقاندووە کە بۆرژوازی، کۆماری ئیسلامی وەک "دەوڵەتێکی ڕێکخەری بەرەی دژ بە شۆڕش" بە کەمترین ئەرکی سیاسییەوە قبووڵ بکا و یەکگرتووانە پشتیوانی لێ بکا. زەمینەی پەیوەندی دوو توێکڵی ئەمڕۆی بۆرژوازی لەگەڵ حوکوومەتە ئیسلامییەکەی لە ئێراندا هەر ئەمەیە.

بە هەر حاڵ ئەوەی کە لەم بەشەدا دەبوو پێمان لەسەر داگرتبا، ئەوە بوو کە پەیوەندیی چینایەتیی کۆماری ئیسلامی و کارکرد و دوارۆژی حەرەکەتی، دەبوایە لەسەر بناغەی ناسینی تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی بۆرژوایی لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا لێک بدرێتەوە. دەوڵەتی بۆرژوایی لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا دەوڵەتێکە، کە دەبێ وەڵامگۆی بەرژەوەندیی بۆرژوازی لە دەورەگەلێکی ئاوادا بێ. دەوڵەتێکی بۆرژوازی کە درێژخایەنترە و "لەگەڵ ئابووری سازگارترە" حەتمەن هەر ئەو دەوڵەتە نییە کە لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا ئەرکی پاراستنی بەرژەوەندیی بۆرژوازی لە ئەستۆ دەگرێ.

## دەورەی شۆڕشگێڕانە و دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا

ئەوە کە کۆمەڵگای کۆمۆنیستی لەگەڵ پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و سەربازیی سەرمایەداری جێگۆڕکێ دەکا حوکمێکی گشتی و دروستە. ئەمە بەیانی گشتی ڕەوتی پەرەسەندنی مێژوویی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە. بەڵام دیتمان کە لێنین لە "دەوڵەت و شۆڕش"دا چلۆن هەموو باسەکانی خۆی بە لێکۆڵینەوەی مەودای مێژوویی نێوان ئەو دوو نیزامە کۆمەڵایەتییە تەرخان دەکا و لەسەر بوونی دەورەی گوزار و دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا وەک ڕژێمی سیاسی ئەو دەورەی گوزارە جەخت دەکا. بەپێی نەریت مارکسیستەکان دۆخی پاش ڕووخانی سەربازیی بۆرژوایی لە لایەن شۆڕشی کرێکارییەوە دەکەن بە دوو قۆناغی سەرەکی، قۆناغی یەکەمی کۆمەڵگای کۆمۆنیستی یان سۆسیالیزم، وە قۆناغی دووەم یان کۆمۆنیزم. مارکس لە کتێبی "ڕەخنە لە بەرنامەی گۆتا" و لێنین لە کتێبی "دەوڵەت و شۆڕش"دا جیاوازی نێوان ئەم دوو قۆناغەی کۆمۆنیزم بە باشی ڕوون دەکەنەوە. دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا ڕژێمی سیاسیی دەورەی گوزاری نێوان سەرمایەداری و کۆمۆنیزم، یان بە وتەیەکی تر ڕژێمی



سیاسیی قۆناغی یەکەمی کۆمەڵگای کۆمۆنیستی، واتە سۆسیالیزمە. ئەمە شیکردنەوەیەکی دروستە و هەر لەم ئاستەدا هەموو مارکسیستێکی جیددی دەیسەلمێنێ.

بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەو قسە و باسە کە سەبارەت بە "دەورە شۆڕشگێڕانەکان" بە مانای بەرتەسکی وشەکە و جیاوازی ئەم سەردەمانە لەگەڵ دەورەی گوزار بە مانای بەربڵاوتری وشەکە کردمان، لێرەدا دەبێ بڵێین کە ئەو دابەشکردنەی سەرەوە و دەستەواژەی "دەورەی گوزار" هێشتا بەتەواوی کۆنکرێت نییە. پرسیارێکی تر هێشتا دەکرێ بێتە گۆڕ: ئایا کۆمەڵ بە تێکشکاندنی ماشێنی دەوڵەتی بۆرژوازی دەسبەجێ دەچێتە "قۆناغی یەکەمی" کۆمەڵگای سۆسیالیستییەوە؟ ئایا لە خودی پرۆسەی گوزار و لە دیکتاتۆریی پرۆلیتاریادا وەک دەوڵەتی دەورەی گوزار، هیچ قۆناغبەندییەکی کۆنکرێتتر لە ئارادایە؟

بە بڕوای من لێرەدا دەبێ قۆناغبەندییەکی تر بێنینە نێو باسەکەوە. دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا (یان دەورەی گوزار بە گشتی) دوو دەورەی گرنگ و کەم تا زۆر جیاواز دەگرێتە بەر. یەکەم، دەورەی دامەزرانی دەسەڵاتی سیاسیی پرۆلیتاریا و دووەم، دەورەی گوزاری کۆمەڵایەتی لە سایەی دیکتاتۆری "سەقامگیربووی" پرۆلیتاریادا. دەورەی یەکەم، سەردەمێکە کە دەسبەجێ بە پێکهاتنی دەوڵەتی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا دەسپێ دەکا. سەردەمێک کە دەوڵەتی کرێکاری وەک دەوڵەتێکی شۆڕشگێڕی کاتی کرێکاران، وەک دەوڵەتێکی دەورەی شۆڕشگێڕانە" کار دەکا. ئەرک و ئەولەوییەتە سەرەکییەکانی ئەو دەوڵەتە، وەک هەموو دەوڵەتێکی بەرهەمی شۆڕش، سەرکوتکردنی بەرگریی مسۆگەر و هەتا پای گیانی کۆنەپەرستیی شکست خواردوو، یانی بۆرژوازییە، کە بۆ بەدەستهێنانەوەی دەسەڵاتی سیاسی خۆی هەوڵ دەدا. تایبەتمەندیی سەرەکی ئەم سەردەمە بریتییە لە بەردەوامبوونی قەیرانی شۆڕشگێڕانە، بوونی دژی شۆڕشێکی یەکگرتووی بۆرژوایی کە بە شێوەیەکی توندوتیژ بەرانبەر بە شۆڕش ڕادەوەستێ، ئەگەری گەڕانەوەی دەسەڵاتی بۆرژوازی لە ڕێگای سیاسی و سەربازییەوە، وە ناسەقامگیریی سیاسی و دڵنیانەبوون لە سەقامگیربوونی دەسەڵاتی سیاسیی پرۆلیتاریا و شتی تری لەم چەشنە. بە هەر ڕادەیەک دەوڵەتی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا بتوانێ بەرگریی بۆرژوازی تێک بشکێنێ و دەسەڵاتی سیاسیی چینی کرێکار سەقامگیر بکا، ئەو سەردەمە لە کۆتایی خۆی نزیک دەبێتەوە. بە وتەیەکی تر،

دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا لەم دەورەیەدا "دەوڵەتی کاتی" ،دیکتاتۆریی پرۆلیتاریایە بەهەموو تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتێکی شۆڕشگێڕی کاتییەوە کە پێشتر ئاماژەمان پێی کرد. خەسڵەت و ڕەوشتەکانی ئەو دەوڵەتە، هەر ئەو خەسڵەت و ڕەوشتانەن کە بە شێوەی ئاسایی لەگەڵ خودی پرۆسەی شۆڕش و ڕاپەڕین پەیوەندییان هەیە، ئۆرگانەکانی ئەم دەوڵەتە، ڕێکخستنی ئۆتۆریتە و دەسەڵات لەم دەوڵەتەدا، پەیوەندیی حوقووقی و عەمەلی ئەم دەوڵەتە لەگەڵ چینەکەی خۆی، ئەو هێزانەی کە پێکهێنەری ئەو دەوڵەتەن و هەروەها ڕابەرییەکەی، بە شێوەی ئاسایی لە درێژەی پرۆسەی شۆڕشدا شکڵی گرتووە و مۆری ڕابەری، پەیوەندی و هێزە پێکهێنەرەکانی بەرەی شۆڕشی پێوەیە.

دەورەی دووەم، سەردەمێکە کە تێیدا دەسەڵاتی سیاسیی پرۆلیتاریا سەقامگیر دەبێ. لەم دەورەیەدا دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا وەک دەوڵەتێک بە مانا "ناکاتییەکەی" کار دەکا. لێرەدا هەر ئەو پێناسەیەی مارکسیزم سەبارەت بە دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا کە بۆ هەمووان ئاشنایە دێتە دی، یانی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا وەک ڕێکخراوی ڕاستەوخۆی هەموو چینی کرێکار، وەک چینی دەسەڵاتدار و دامەزرانی دیموکراسی پرۆلیتێری لە کامڵترین شکڵی خۆیدا، بەکردەوە دێتە دی. ئەمە "دەوڵەتێکە" کە "گۆچانەکەی" فڕێ داوە و لەسەر پێی خۆی ڕاوەستاوە. هەموو نیشانە و شوێنەوارێکی ئەو پرۆسەیەی کە تێیدا شکڵی گرتووە و سەری هەڵداوە لە خۆی سڕیوەتەوە و دەسەڵاتی سیاسیی چینێکی کۆمەڵایەتی، بە مانای ڕاستەقینەی وشەکە نیشان دەدا و نەفەر بەنەفەری ئەم چینە لە پرۆسەی بڕیاردان و بەڕێوەبردنی کاروباردا ئامادەیی ڕاستەوخۆیان دەبێ. لێرەدا ئیتر هیچ توخمێکی "کاتی" لە ناو ئەو دیکتاتۆرییەدا لە ئارادا نییە مەگەر بە مانا گشتییەکەی خودی دەوڵەت، کە سەرئەنجام بەرەو توانەوە و تیداچوون دەچێ. ئەوە ئیتر "دەوڵەتێکی شۆڕشگێڕی کاتی" نییە، بەڵکوو دەوڵەتێکە چونیەک لەگەڵ ئابووری و پەیوەندییەکانی دیاریکراوی کۆمەڵایەتی و دەبێ ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی سیاسی ئەو پەیوەندییە بێ کە لە گەشەکردندایە و زامنی پەرەئەستاندن و گەشە و هەڵدانی بێت.

بە وتەیەکی تر ئەو قۆناغبەندییە کە لێرەدا باسی دەکەین، دوو دەورەی ژیانی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا دەگرێتەوە. یەکەم، دەورەی شۆڕشگێڕانە، یانی سەردەمێک کە مانەوەی حوکوومەتی پرۆلیتێری لە باری سیاسی و سەربازییەوە لە مەترسیدایە و سەرکوتکردنی بەرگریی سیاسی و سەربازیی بۆرژوازی و سەقامگیرکردنی



سەرکەوتنی شۆڕش لە باری سیاسییەوە، ئەرکی دەسبەجێیە و لە پێشەوەی هەموو شتێکە، دووەم، دەورەی سەقامگیربوون، کە تێیدا دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا دەتوانێ خەریکی گۆڕینی بناغە ئابوورییەکانی کۆمەڵ بێ. ئەوەی دەورەی یەکەم دیکتاتۆریی پرۆلیتاریایە وەک "دەوڵەتی دەورەی شۆڕشگێڕانە" و ئەوەی دەورەی دووەم دیکتاتۆریی پرۆلیتاریایە بە مانای کلاسیک و کامڵی وشەکە، یانی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا وەک سەرخانی سیاسی هەموو دەورەی گوزاری نێوان سەرمایەداری و کۆمۆنیزم. ڕوونە کە ئەم دوو سەردەمە بە ژمارە و پێوان لێکجیا ناکرێنەوە. بەڵکوو بەپێی ئەوە کە لە هەر دەورانێکیاندا چ ئەرکێکی دەسبەجێ دەکەوێتە سەر شانی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا، لێکجیا دەکرێنەوە. ئەوە کە کام ئەرک لە پێشترە و ئەولەوییەتی هەیە، شتێکی ئیختیاری و بە هەلبژاردە نییە، بەڵکوو لە هەلومەرجی بابەتی و سەنگ و سووکی هێزی چینە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرچاوە دەگرێ. لە مارکسیزمدا خودی ئەم جیاکردنەوەیە شتێکی تازە نییە. (ئەو شتەی لەم باسەی ئێمەدا ڕەنگە تازە بێ ئەوەیە، کە چ ئەنجامگیرییەکی لێ بکەین و چۆنی تێدەگەین و ئەم دەورەیە چەندە بە لامانەوە گرنگە). ئاماژە جۆراوجۆرەکانی لێنین بەدرێژایی شۆڕشی ئۆکتۆبەر ئەوە نیشان دەدا کە لێنین لە دابەشکردنی تایبەتمەندی و ئەرکەکانی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریادا شتێکی وای لەبەر چاوبووە: "یەکەم ئەرکی هەر حیزبێک کە ڕووی لە داهاتووە، ئەوەیە کە زۆربەی هەرە زۆری خەڵک قەناعەت پێ بێنێ کە بەرنامە و تاکتیکەکانی دروستن. ئەو ئەرکە چ لە دەورەی تزاری و چ لە دەورەی سیاسەتی سازانی تسرەتلییەکان و چرنوفەکان لەگەڵ کیرنسکییەکان و کیشەکینەکاندا، لەسەرەوەی هەموو ئەرکەکان بوو. ئەمڕۆ بە ڕادەیەکی زۆر ئەو ئەرکە بە ئەنجام گەیشتووە، چونکە هەر وەک کۆنگرەی شووراکان لە مۆسکۆ بە شێوەیەکی یەکلایی سەلماندی. زۆربەی هەرە زۆری کرێکاران و جووتیارانی ڕووسیا بە ئاشکرا لایەنی بۆلشەڤیکەکانیان گرتووە. بەڵام دیارە بۆئەوەی ئەم ئەرکە بەتەواوی جێبەجێ بێ و بە ئەنجامی کامڵی خۆی بگا، هێشتا زۆری پێ دەوێ. دووەمین ئەرکێک کەوتە بەردەم حیزبی ئێمە بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی و سەرکوتکردنی بەرگریی چەوسێنەران بوو. ئەو ئەرکەش بەتەواوی بەڕێوە نەچووە و نابێ لێی غافڵ بین، چونکە سەڵتەنەتخوازان و دیموکرات_ پاشاییخوازان لە لایەکەوە و دەستوپێوەندەکانیان یانی مەنشەڤیکەکان و ئێس ئارە ڕاستەکان لە لایەکی ترەوە، هەوڵی خۆیان بۆ یەکگرتن بە مەبەستی

ڕووخاندنی دەسەڵاتی شووراکان، درێژەپێ دەدەن. بە هەر حاڵ بە ڕادەیەکی زۆر ئەرکی سەرکوتکردنی بەرگریی چەوسێنەران لە ماوەی 25ی ئۆکتۆبەری ساڵی 1917وە هەتا نزیکەی فێبریوەری ساڵی 1918، یانی خۆبەدەستەوەدانی بوگایفسکی، بەسەرچووبوو. سێیەمین ئەرکێک کە هەر ئێستا خەریکە وەک ئەرکێکی دەسبەجێ دەکەوێتە سەرەوەی هەمووان و پێکهێنەری خەسڵەتی تایبەتی بار و دۆخی ئێستا، یانی ڕێکخستنی بەڕێوەبردنی کاروباری ڕووسیایە. هەڵبەت ئێمە هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی پاش 25ی ئۆکتۆبەرەوە لە پێناو ئەنجامدانی ئەو ئەرکەدا هەنگاومان هەڵگرت. بەڵام هەتا ئەمڕۆ، بەهۆی بەرهەڵستیی چەوسێنەرانەوە کە بە ئاشکرا شێوەی شەڕێکی ناوخۆیی بە خۆوە گرتبوو، ئەرکی بەڕێوەبردنی کاروبار نەیدەتوانی ببێتە ئەرکێکی سەرەکی و تەوەریی." (ئەرکە دەسبەجێکانی دەوڵەتی سۆڤێت، نیسانی 1918. بەرگی 27، ل241– 242، تەئکیدی دوو خەتی هی دەقە ئەسڵییەکەیە)

واقیعییەت ئەوەیە کە بەرپەرچدانەوە و لەناوبردنی ئەو مەترسییانەی کە هەڕەشەی ڕووخاندنیان لە دەوڵەتی شووراکان دەکرد و پووچەڵکردنەوەی هەموو ئەو پیلانە سەربازییانەی کە بۆرژوازی، چ ناوخۆیی و چ جیهانی، بۆ لەناوبردن و ڕووخاندنی ئەو دەوڵەتە دەیگێڕا زۆر زیاتر لە ئۆکتۆبەری 1917 هەتا فێبریوەری 1918 درێژەی کێشا. ئەو خاڵەش ڕۆشنە کە دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا پاش ئەنجامدانی ئەرکی "دووەم" (یان یەکەم ئەرکی پاش بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات)، دەبوایە هێندێک ئەرکی زیاتر لە بەڕێوەبردنی "کاروباری"ی ڕووسیای لە پێشەوەی هەموو ئەرکەکان دانابا کە ئەو کارەشی کرد، بەڵام بە هەر حاڵ ئەو فۆرمولبەندییە، یانی جیاکردنەوەی ئەو ئەرکانە کە یەک لەدوای یەک و بەبێ خواست و ئیرادەی حیزبی پێشڕەوی چینی کرێکار دەکەوتە پێشەوەی هەموو ئەرکەکان و خۆیان دەسەپاند، بە دوو شێوەی "سەرکوتکردنی بەرگریی چەوسێنەران" و "بەڕێوەبردنی کاروبار"، لە ڕاستیدا لەگەڵ ئەو قۆناغبەندییە دێتەوە کە باسمان کرد. دەورەی یەکەم سەردەمێکە کە پرۆلیتاریا بەبێ هیچ ڕاوەستانێک دەبێ دەسەڵاتی خۆی دابمەزرێنێ و لە خەباتێکی توندوتیژدا بەتەواوی سەر بە بۆرژوازی دانەوێنێ، وە دەورەی دووەم، دەورەی "بەڕێوەبردن"، یان بە مانای بەربڵاوتری وشەکە، دەورەی ڕێکخستنی کۆمەڵە، بەپێی دەسەڵاتدارەتی سیاسیی پرۆلیتاریا، یان دەورەی گوزارە بە مانای بەربڵاوی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری. دیارە حیزب بە دڵخوازی خۆی ئەوە دیاری ناکا کە چ شەڕێک "لەپێشتر"ە،



بەڵکوو بەپێی بار و دۆخێک کە خودی بەرگریی بۆرژوازی و ڕادەی توندوتیژی و شکڵ و شێوەی ئەو بەرگرییە پێکی دێنێ، ئەولەوییەتەکان خۆ نیشان دەدەن. لێنین لە هەمان نووسراوەدا فۆرموولبەندییەکی پوختەتر و کورتتر لەو دەورەبەندییەی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا بەدەستەوە دەدا: "لە هەموو شۆڕشێکی سۆسیالیستیدا، پاش ئەوەی پرۆلیتاریا مەسەلەی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی چارەسەر کرد، وە بە ڕادەیەک کە ئەرکی دەسکۆتاکردنی چەوسێنەران و سەرکوتکردنی بەرگرییان جێبەجێ کرابێ. ئەرکی بنەڕەتیی پێکهێنانی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی بانتر لە سەرمایەداری دەکەوێتە سەرووی هەموو ئەرکەکانەوە، یانی ئەرکی بردنەسەری (ئاستی) بەرهەمهێنەری کار و لەپەیوەند لەگەڵ ئەمەدا (و بۆ ئەو مەبەستە) ڕێکخستنی باشتری کار. دەوڵەتی شوورایی ئێمە لە سایەی سەرکەوتن بەسەر چەوسێنەراندا (لە کیرنیسکییەوە هەتا کۆرنیلۆف) لە بار و دۆخێکدایە کە دەتوانێ ڕاستەوخۆ خەریکی بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکە بێ و بۆی تێکۆشێ. لێرەدا دەسبەجێ ئەو خاڵە ڕوون دەبێتەوە کە ئەگەر بکرێ دەوڵەتی ناوەندی لە ماوەی چەند ڕۆژدا دەستی بەسەردا بگیرێ، ئەگەر سەرکوتکردنی بەرگریی سەربازی (و پیلانەکانی) چەوسێنەران تەنانەت لە زۆربەی شوێنەکانی وڵاتێکی پان و بەریندا لە ماوەی چەند حەوتوودا ئیمکانی هەبێ، چارەسەرکردنی بنەڕەتیی مەسەلەی بردنەسەری ئاستی بەرهەمهێنەری کار بەم حاڵەشەوە هێشتا ... پێویستی بە چەندین ساڵ هەیە. (هەمان سەرچاوە، لاپەڕە 257)

دیسان لێرەدا باسی ئەوە دەکەین کە یەکەم، ئایا لە نیسانی ساڵی 1918دا دەوڵەتی شووراکان بە کەم قۆناغی خۆی، یانی سەرکوتکردنی چەوسێنەرانی بەڕاستی تێپەڕ کردبوو یان نا، وە دووەم، ئایا "بردنەسەری ئاستی بەرهەمهێنەری کار" و تەنیا "بەو مەبەستەوە"، "ڕێکخستنی باشتری کاری کۆمەڵایەتی" دەکرێ پێی بوترێ ئەرکە "ئاسایی"یەکانی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا. خاڵی بنەڕەتی بۆ ئێمە چاری ئەوەیە، کە لێنین چلۆن چاو لە دەورەبەندی و یەک لەدوای یەک هاتنەپێشی ئەولەوییەتەکان و ئەرکە عەمەلییەکانی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا دەکا. دەورەبەندییەک کە بە بڕوای ئێمە دەبوایە لە باری تیۆریکەوە دەورێکی زۆر بانتری لە ڕوونکردنەوەی بۆچوونی بۆلشەڤیکەکاندا سەبارەت بە ئەرکەکان و داهاتووی شۆڕشی ئۆکتۆبەر هەبوایە.

یەکەمین بەرئەنجامی عەمەلی کە ئێمە لەم جەختکردنە لەسەر قۆناغبەندی لە دەورەی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا پێی دەگەین، لە ڕاستیدا داکۆکیکردنە لە حوکوومەتی سۆڤێت لە دەورەی لێنیندا بەرانبەر بەو "دیموکراتانە" کە ڕەخنە لەو دەوڵەتە دەگرن. دووەم، هەر لە پەیوەندی لەگەڵ ئەمەدا، ئەو دەورەبەندییە ڕێگای ئەوەمان بۆ دەکاتەوە بیروڕا و فۆرموولاسیۆنەکانی لێنین لە دەورەی پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەردا لە جەرگەی مێژوویی ڕاستەقینەی خۆیدا چاولێ بکەین و بەم پێیە بۆچوون و میتۆدۆلۆژیی عەمەلیی لێنین لەم پرۆسەیەدا وردتر لێک بدەینەوە. سێیەم، ئەو دەورەبەندییە، ئەو توانستە بە ئێمە دەدا کە هەندێک لە کەموکووڕییە چارەنووسسازەکانی بزووتنەوەی بۆڵشەڤیکەکان کە لە ئەنجامدا گەلێک ئاکامی نالەباریان لە ڕەوتی بەرەو پێشچوونی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا پێک هێنا، باشتر شی بکەینەوە و لێکی بدەینەوە و سەرەنجام چوارەم، بەپێی ئەو دەورەبەندییە توانستی ئەوە پەیدا دەکەین کە وێنایەکی تا ڕادەیەک ڕۆشنتر لە ستراتیژیی عەمەلیی پرۆلیتاریا پاش بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات بەدەستەوە بدەین. ئەمە بۆ خۆپاراستن لە ناکامییەکانی شۆڕشە پرۆلیتێرییەکانی پێشوو زۆر پێویستە. لەم بابەتەدا بە درێژە باسی ئەم خاڵانە ناکەین. بەڵکوو بە کورتی سەرخەتی باسەکان ئاماژە پێ دەکەین و درێژەی قسە و باسەکە دەهێڵینەوە بۆ کاتی تر.

بە هەندێک وردبوونەوە لە نووسراوەکانی لێنین، دوو هەڵوێستی جیاواز سەبارەت بە دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا، وە یان بە وتەیەکی تر دوو جۆرە فۆرموولبەندی جیاواز، سەبارەت بەم دەوڵەتە دەبینین. ئەگەر ئەو دەورەبەندییەی کە باسمان کرد لەبەرچاو نەگرین، ڕەنگە تەنانەت ئەو فۆرموولبەندییانە دژبەیەک بێنە بەرچاو. بەڵام لەبەر تیشکی ناسین و لێکجیاکردنەوەی ئەم دوو دەورەیەدا. ئەم دژایەتییەش نامێنێ. لە لایەکەوە باسی ئەوە دەکرێ (وە لێنین خۆی بە شێوەی سەرەکی ئەم باسەی تێوریزە کردووە) کە دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا دیموکراسی ڕاستەوخۆی ڕێکخراوی جەماوەری و پرۆلیتێرییە. تاکتاکی چینی کرێکار ڕاستەوخۆ لە ئۆرگانەکانی دەسەڵاتی جەماوەریی خۆیاندا وەک قانووندانەر، بەڕێوەبەری قانوون و قازی، دێنە مەیدانەوە. دەوڵەت خەسڵەتی خۆی وەک هێزی تایبەتیی توندوتیژی لەدەست دەدا و دەبێتە ڕێکخراوی چینی کرێکار وەک چینی دەسەڵاتدار و هەروەها دەبێتە ڕێکخراوی گشتی و بەڕێوەبەری کۆمەڵ. ئەمە وێنەیەکە کە ئێمە بەکورتی لە بەرنامەی خۆماندا لە دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا نیشانمان داوە. لە لایەکی ترەوە چ لە ئەدەبیات و چ لە کارکردی



بۆڵشەڤیکەکاندا گوزارشت و شێوازی وا دەبینین کە لە یەکەم تێڕوانیندا بەرچاو دەکەوێ کە لەگەڵ ئەو فۆرموولیەندییەی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا ناکۆکی هەیە. بۆ نموونە لێنین خۆی لەو قسە و باسەدا کە سەبارەت بە بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیکردنی یەکە بەرهەمهێنەرەکان و کێشەی نێوان کۆمیتەکانی کارخانە و یەکێتییەکان لەسەر کۆنترۆڵی کرێکاری کردوویەتی دەڵێ، دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا دەتوانێ لە "دیکتاتۆری حیزب"وە، یان تەنانەت لە "دیکتاتۆری تاقە کەسێک"دا خۆی بنوێنێ، لە کردەوەشدا دەبینن کە لێنین و بۆڵشەڤیکەکان، یانی لایەنگران و ئالاهەلگرانی تیۆری مارکسیستی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا وەک دیموکراسی بەرزی پرۆلیتێری، زۆر جار لایەنگرییان لەو هەنگاوانە کرد کە کۆنترۆڵی حیزب و شورای کۆمیسارایای گەل و دەوڵەتیان بەگشتی بەسەر ئابووری و سیاسەتی کۆمەڵدا زیاد دەکرد، ئەویش لەبەرانبەر کۆنترۆڵ و بەڕێوەچوونی ئیرادەی ڕاستەوخۆی ئەو ئۆرگانانەدا کە ڕاستەوخۆ لەلایەن جەماوەرەوە هەڵبژێردرابوون وەک شووراکان. مێژوونووسان هەمیشە ئەو هەڵوێستەی دووەم بە حیسابی "پاشکەوتوویی ڕووسیا" و "پراگماتیزمی" بۆڵشەڤیکەکان دادەنێن و ئەو کەسانەی ڕەخنەی "دیموکراتیک لە بۆڵشەڤیکەکان دەگرن، ئەم هەڵوێستە بە "سەرەتای بیرۆکراتیزم" و "ڕەتکردنەوەی ئوسووڵی مارکسیزم" دەزانن. ئەم شێوە دەربڕینەی دووەم و ئەو هەنگاوانەی کە تەنانەت لە دەورەی ژیانی لێنینیشدا بەکردەوە بەمەبەستی شکڵپێدانی دەسەڵاتی یەکگرتووی دەوڵەتی، دەسەڵاتێکی کەم تا زۆر لەبان ئیرادەی ڕاستەوخۆی جەماوەری کرێکارەوە هەڵگیران، بیانوویەک بوون بەدەست ئەو ڕەخنەگرانەوە کە لە هەڵوێستێکی "دیموکراتیک"ەوە ڕەخنە لە شۆڕشی سۆسیالیستی ئۆکتۆبەر دەگرن. کۆمۆنیستە شوورایییەکان، ئۆپۆزیسیۆنی کرێکاری و فراکسیۆنی دیموکراتیک_ سانترالیستەکان (لە خودی سۆڤێتدا)، چەپی نوێ، ترۆتسکیزم، ئەوڕۆ کۆمۆنیزم و هی تر، هەموویان ئەم "ڕەخنە دیموکراتیکە" لە ئەزموونی ڕووسیا دەگرن.

جیاکردنەوەی دوو دەورەی ناوبراو لە پرۆسەی شۆڕشی پرۆلیتێریدا تا ڕادەیەکی زۆر هۆی ئەم گوزارشتە "دوولایی" و بە ڕواڵەت "پراکمانیستی"یەی بۆڵشەڤیکەکان ڕوون دەکاتەوە. واقیعییەت ئەوەیە کە بەشی هەرەزۆری هەنگاوە "سانترالیستی"یەکانی دەوڵەتی پرۆلیتێری لە هەوەڵین ساڵەکانی شۆڕشدا و ئەو هەنگاوە ئابوورییانە کە بە نادرووست ناوی نرا "کۆمۆنیزمی جەنگی" (وە هەروەها پاشان سیاسەتی نێپ)، کۆمەڵە

هەنگاوێک بوون کە لەگەڵ دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا بە مانای بەربڵاو و کامڵی وشەکە نەگونجان، بەڵکە وەڵامدەرەوەی پێداویستییەکانی سەقامگیرکردن و مەحکوومکردنی دەسەڵاتی پرۆلیتێری، یانی "دەوڵەتی کاتی" دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا لە ڕووسیا بوون. ڕەنگە ئەمڕۆ پاش 70 ساڵ تێڕوانینەوە و پێداهاتنەوە، بتوانین بڵێین کە دەکرا بۆڵشەڤیکەکان تەنانەت هەر لەو چوارچێوەیەدا "هەنگاوی باشتر" هەڵگرن، بەڵام بە هەر حاڵ ئەو کارانەی کە کران و ئەو هەنگاوانەی کە هەڵگیران، هەنگاوە سیاسی و کارگێڕی و ئابوورییەکانی دەوڵەتێکی شۆڕشگێڕی کاتی پرۆلیتاریا بوون لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا. بۆ پاراستن و سەقامگیرکردنی دەسەڵاتی سیاسیی چینی کرێکار بەرانبەر بە بەرگری و پیلانەکانی بۆرژوازی، نەک هەنگاوی وا کە وەڵامدەرەوەی ئەو ئەرک و ئامانجانە بن کە لەپێشدا بۆ دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا بە مانای کامڵی وشەکە دیاری کراون. هەر ئەو هێزەی کە ڕێکخەری ڕاپەڕینە و شووراکان دێنێتە سەر ئەو قەناعەتە کە بکەونە شوێنی و لە بار و دۆخێکدا دایان بنێ کە "کاری ئەنجامدراو" بسەلمێنێ، هەر ئەو هێزەی کە ڕابەریکردنی بەشی پێشڕەوی چینی کرێکاری لەسەر شانە و پشتی بەم بەشە بەستووە، هەر ئەو هێزەی کە سەرەڕای ناڕەزایەتی بەشەکانی تری چینی کرێکار کە لەژێر نفووزی مەنشەڤیکەکاندان، هەروەها ئەو جووتیارانەی کە لایەنگری ئێس ئاڕەکانن، داوای ئەوە دەکەن، دەسەڵات بە تەواوی بە شووراکان بسپێردرێ و لە پێناو ڕووخاندنی دەوڵەتی بۆرژوایی و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی ڕاستەقینەیدا کردەوەی توندوتیژی ڕێک خستووە، هەر ئەو هێزە بەناچار بە حوکمی هەلومەرجی بابەتیی سیاسی، بە شێوەی ئاسایی دەکەوێتە هەلومەرجێکەوە کە ئەرکی ڕابەریکردنی پرۆسەی درێژەپێدانی شۆڕش "لەسەرەوە" و سەرکوتکردنی بەرگریی چەکدارانەی بۆرژوازی بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێ و دەبێ لێبڕاوانە ئەو ئەرکەش لە ئەستۆ بگرێ. ئەوە جەوهەری ڕاستەقینەی هەر دەوڵەتێکی شۆڕشگێڕی کاتییە کە ڕێکخراوی هەڵسووڕاوترین بەشی شۆڕشگێڕەکان، یانی ڕێکخراوی ئەو کەسانەیە کە بەکردەوە ڕاپەڕیون. ئەو چاوەڕوانییە "دیموکراتیک"ە، یانی ئەوەی کە دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا لە ڕۆژی 8ی نۆڤەمبەری ساڵی 1917دا بینایەکی دیموکراتیک و هەڵبژێراوی هەبێ و ڕێکخراوی "دیموکراتیکی" چینی کرێکار وەک چینی دەسەڵاتدار بێت، یانی هەر ئەو شتەی کە مارکس و لێنین وەسفی دەکەن، چاوەڕوانییەکی نادروستە. ئەوە هەڵوێستێکی نادروستە کە تێیدا تایبەتمەندییەکانی



دەورەی شۆڕشگێڕانە و خەسڵەتی دەوڵەتی شۆڕشگێڕی بەرهەمی ڕاپەڕین لە دەورانێکی ئاوادا فەرامۆش دەکرێ. لەم شێوە "ڕەخنە"یەدا ئەوە لەبەرچاو ناگیرێ، کە تایبەتییەکانی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا دەسبەجێ پاش ڕاپەڕین، لەگەڵ دەوڵەتی پرۆلیتاریا لە هەلومەرجی پاش سەقامگیربوونی دەسەڵاتی کرێکاریدا جیاوازییان هەیە. مەرجی دامەزراندنی ئەوەی دووەم، پێکهێنانی ئەوەی یەکەمە لەسەر بنەمای هێز و توانای پێشڕەوترین بەشی چینی کرێکار، وە بۆ ئەم مەبەستە دەبێ هەوڵ بدرێ بۆ ئەوەی کە ڕیزی شۆڕش بەر لە ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕینی لێک نەپچڕێ. "ڕاپەڕین لە دوو پایتەختدا" ئەوەش بە یارمەتی ئەو شوورایانەی کە تازە بەرەو هەڵوێستی بۆڵشەڤیکی وەرچەرخابوون. بە شێوەی ئاسایی پرۆلیتاریای "هەردوو پایتەخت" و بۆڵشەڤیکە ڕاپەڕیوەکانی کرد بە کەرەستە و سەرچاوەی سەرەکیی هێزی نەپساوەی دەوڵەتی شۆڕشگێڕی کاتی و بناغەکانی. دیارە کارکردە جۆراوجۆرەکانی ئەو دەوڵەتە نەیدەتوانی دەسبەجێ هەر درێژەی نەریت و ڕەوشتە جۆراوجۆرەکانی خەباتی تا ئێستای هێزە ڕاپەڕیوەکانی بێ.

ئەگەر ئەو قۆناغبەندییەی وا لە دەورەی گوزاردا باسمان کرد بێنینە ناو لێکدانەوەکانمانەوە، ئەو کاتە هۆی دوولایەبوونی گوزارشتەکانی لێنین لەمەڕ دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا باشتر تێدەگەین. ئەو گوزارشتەی کە باسی حیزب و سانترالیزم و پێویستی هەنگاوهەڵگرتن لە "بانسەری" ئۆرگانە دیموکراتیکەکان و شتی تر دەکا، بە گشتی ئەو "دەوڵەتە کاتی"یە و هەلومەرجی دەورەی شۆڕشگێڕانە و بەتایبەت مەترسی گەڕانەوەی دەسەڵاتی بۆرژوازی لەبەرچاوە. گوزارشتی بەربڵاوتر و بنەڕەتیتر کە دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا بە فاکتۆری دیموکراسیی بەربڵاوی کرێکارییەوە نیشان دەدا، مانای کامڵتر و درێژخایەنتری ئەو دیکتاتۆرییە، لە پاش مسۆگەربوون و سەقامگیربوونی دەسەڵاتی سیاسیی پرۆلیتاریای لە بەرچاوە.

هەر ئەو دوولایەبوونەی گوزارشتەکان لە مەیدانی ئەرکە ئابوورییەکانی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریادا و لەو وەزعییەتە ئابوورییەدا کە دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا پێکی دێنێ، بە باشی خۆ دەنوێنێ. لە لایەکەوە ڕەخنەی بەرنامەی گۆتا و وێنەی گشتیی لە قۆناغی یەکەمی کۆمۆنیزم (سۆسیالیزم)مان لەدەستدایە و هەروەها گەلێک قسەی تری وەک ئەوە کە لێنین خۆی سەبارەت بە بینای "نیزامێکی ئابووریی بانتر لە سەرمایەداری" کردوویەتی، وە لە لایەکی ترەوە گوزارشتی وا هەیە کە تەنانەت بۆ نموونە مرۆڤ

وای لێ تێدەگا کە ئابووریی "دەورەی گوزار" دەتوانێ "سەرمایەداریی مۆنۆپۆڵیی دەوڵەتی" بێ. دیسان لێرەدا بە لێکجیاکردنەوەی دوو قۆناغی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا تا ڕادەیەکی زۆر نارۆشنییەکان لادەچن. لە قۆناغی یەکەمدا، کاتێک کە ئابووری بەکردەوە و بە حوکمی هەلومەرجی بابەتیی سیاسی، تەنیا یەک پشتی بەرەی سیاسەتە و هۆیەکە بۆ پاراستنی دەسەڵاتی دەوڵەتیی کرێکار لە پرۆسەی سەرکوتکردنی بۆرژوازیدا، هەندێک شکڵی جۆراوجۆر قبووڵ بکرێ بۆ نموونە، سەرمایەداری مۆنۆپۆڵی دەوڵەتی، یان تەنانەت ئاڵتەرناتیڤی ئۆپۆزیسیۆنی کرێکاری، ڕەنگە بکرێ وەک شێوەیەکی ئابووری کە پێویستە پاش دەستکۆتاکردنی چەوسێنەران بنرێتە جێگای ئەو خاوەندارێتییە بۆرژواییەی کە ڕەت کراوەتەوە. بەڵام لە قۆناغی دووەمدا، ئیتر دەبێ بە جیددی ئەو ئابووریگەلە ڕێک بخرێ کە لەگەڵ "ڕێکخراوبوونی چینی کرێکار وەک چینی دەسەڵاتدار" لەگەڵ دیموکراسیی ڕاستەوخۆ و بڕیاردانی کرێکاران بەهۆی شووراکانەوە لە دیاریکردنی چارەنووسی ئابووری و سیاسی خۆیاندا، لەگەڵ دارشتنی بەرنامە بەپێی پێداویستییەکان و شتی لەم چەشنە بێتەوە. بێگومان کۆمۆنیزمی جەنگی، نپ وە یان سەرمایەداری مۆنۆپۆڵیی دەوڵەتی، ئەو شتە نییە کە مارکس لە پێناویدا لە "ڕەخنەی بەرنامەی گۆتا"دا خاڵە سەرەکییەکانی قۆناغی یەکەمی کۆمەڵگای کۆمۆنیستی ڕوون کردووەتەوە و لێنین پێی دەڵێ "سیستەمی ئابووریی بانتر لە سەرمایەداری".

بەداخەوە ئەم قۆناغبەندییەی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا لە قسە و باسی بۆڵشەڤیکەکاندا بە شێوەی پێویست جەختی لەسەر نەکرا، تیۆریزە نەکرا و پەرەی پێ نەدرا. واقیعییەت ئەوەیە کە لێنین ئەوەندە نەژیا کە دەوڵەتی پرۆلیتێری بچێتە قۆناغی دووەمەوە. لە بەشی هەرە زۆری ژیانی لێنیندا دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا بەکردەوە کەوتبووە بەر مەترسی سیاسی و سەربازیی بۆرژوازییەوە و بە هەر حاڵ پرۆلیتاریا نەک هەر هیچ دەرفەتێکی بۆ دەستپێکردنی دەورەی "بیناکردنی" ئابووری و کۆمەڵایەتی بە شێوەی تایبەتی خۆی دەست نەکەوت، بەڵکوو بەکردەوە لەگەڵ ئەو تەئسیرە نالەبارە بەرەوڕوو بوو، کە شەڕی جیهانی و شەڕی ناوخۆیی کردبوویانە سەر ئابووری وڵاتەکە و لە ئەنجامی ئەوەدا ئاستی ڕاستەقینەی بەرهەم و مەسرەف لەچاو ڕووسیای ساڵی 1913 گەلێک داشکابوو. سەرەڕای ئەوە چ لێنین خۆی و چ باقی بیرمەندانی دیکەی بۆڵشەڤیک بۆ ڕوونکردنەوەی هەنگاوەکانی ساڵانی هەوەڵی



حوکوومەتی کرێکاری و ئەو ڕەوشتانە کە لە مەیدانی سیاسی، کارگێڕی و ئابووریدا بەسەر ئەم دەوڵەتەدا سەپێندرابوو، جۆرە گوزارشتێکیان بەدەستەوە دا، کە بە شێوەیەکی نادروست بەسەر تایبەتمەندییەکانی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا بەگشتی گشتگیر دەکرا. بە بڕوای من بەشی زۆری نووسراوەکانی لێنین لە پەیوەند لەگەڵ ئەم هەنگاوانەدا، دەبێ بەو فەرزەوە بخوێندرێتەوە کە لێنین هەنگاوە پێویستەکان و ئەو پەیوەندییە ئیدارییانەی ڕوون کردووەتەوە کە لەگەڵ دەورانێکی شۆڕشگێڕانەدا دەگونجێن. ئەوە کە لێنین لە ساڵی 1905دا بە شێوەیەکی جیددیتر و زەقتر بیروڕاکانی خۆی سەبارەت بە جیاوازی نێوان "دەوڵەتی شۆڕشگێڕی کاتی" و "ئەو دەوڵەتانەی کە ئەرکەکانی شۆڕش بەگشتی" بەڕێوە دەبەن، ناباتە ناو لێکدانەوەکانی خۆی، ئەوە کە هەر ئەو جیاوازییانەی کە لەسەرەوە باسمان کرد، وەک سەرچاوەیەکی زۆر گرنگی تیۆریک لە جێبەجێکردنی ستراتیژییەکی پتەوتردا بۆ ڕەوتی گیرسانی دەوڵەتی پرۆلیتێری لە ڕووسیا بە شێوەی پێویست بەکار نابا، خۆی لەو بار و دۆخە مێژووییەوە سەرچاوە دەگرێ کە تێیدایە. یەکەم، لە بیروبۆچوونی بۆڵشەڤیکیدا "قۆناغی دووەمی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا" بەکردەوە لەجەرگەی شۆڕشێکی جیهانیدا نیشان دەدرا و بەم بۆنەیەوە هەرگیز بە شێوەی عەمەلی و کۆنکرێت نە کەوتە بەر سەرنجی جیددی و لێکدانەوەی کۆنکرێت، (مەگەر تا ساڵەکانی 26– 24، لە باسەکانی سەبارەت بە سۆسیالیزم لە وڵاتێکدا، ئەویش بەکردەوە وەڵامی بۆرژواییانەی پێ درایەوە). هیواداربوون بە شۆڕشێکی جیهانی، بوو بە هۆی ئەوە کە بۆڵشەڤیکەکان ئاسۆی دوارۆژی خۆیان بە شێوەی "پاراستنی دەسەڵات" و جێبەجێکردنی لانی زۆری ئەو ئەرکانەی کە لە تواناداان "تا ئەو کاتەی شۆڕشی جیهانی لە داهاتوویەکی نزیکدا وەدی دێ، دیاری بکەن و بەکردەوە سەرنجێکی تیۆریکی ئەوتۆ نەدەنە چلۆنایەتی گیروگرفتی گوزاری کۆمەڵایەتی، کارگێڕی و ئابووری لە چوارچێوەی ڕووسیادا. (هەر ئەو کارە خۆی نیشانەیەکی ترە لەو ڕاستییە، کە لێنین لە دەربڕینی بیروڕای خۆی سەبارەت بە ناوەڕۆکی ئابووری و کارگێڕی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریادا، بەتایبەت لەو جێگایەدا کە فۆرموولبەندییەکی بەرتەسکتر لە مەسەلەکە دەداتە دەست، بەکردەوە "قۆناغی یەکەمی" لەبەرچاوە) دووەم، ئەوە جەوهەری هەموو شۆڕشگێڕانە کە لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا لە جیاتی "تیۆریزەکردن" کار بکەن. لە کاتی خوێندنەوەی بیروڕاکانی لێنین لەم دەورەیەدا، دەبێ سەرنج بدرێتە ئەوە، کە

لێنین وەک ڕابەرێکی سیاسیی هەمیشە خەریکی بەرەو پێشبردنی پرۆسەی لەبار و بەرپەرچدانەوەی بۆچوونی نالەبار و بەم بۆنەیەوە وتارەکان و نووسراوەکانی لێنین نەک لە هەموو کاتێکدا پەیامی ئیسپاتی تیۆریک نین، بەڵکوو گەلێک جار داکۆکیگەلێکی سیاسی بەرانبەر بە سیاسەت و هەڵوێستی عەمەلی دیاریکراوە. ئەو قسە و باسانە هەموویان لە ئوسووڵی تیۆری مارکسیستییەوە هەڵدەقوڵن. ئەمە هیچ گومانی تیدا نییە. بەڵام ئەو وتار و نووسراونە لە خۆیاندا شیکردنەوەی فراوان و ئیسپاتی ئەم تیۆرییە بەدەستەوە نادەن. بو نموونە، حوکمی "سۆسیالیزم یانی ئەلیکتریفیکاسیۆن لەگەڵ دەسەڵاتی شوورایی" فۆرموولبەندی و پێناسەیەکی تیۆریکی تازە لە سۆسیالیزم نییە، بەڵکوو خەباتێکی سیاسی و تەبلیغییە لە پێناو بنیاتنانی ئابوورییەکی نوێدا. خەباتێکی عەمەلییە لە پێناوی سۆسیالیزمدا. بۆ ئەوەی لە ماوەی ئەو سەردەمە پڕ هەڵسوکەوتەدا، بۆچوونی تیۆریکی لێنین دەرک بکرێ، دەبێ قسە و کردەوەی لێنین لەجەرگەی هەلومەرجی ڕاستەقینەی مێژوویی خۆیدا لێک بدرێتەوە. لێرەدایە کە من پێم وایە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی لێنین بە وردی بەبێ هیچ شک و گومانێک هەڵوێستی تیۆریکی پتەوی لێنین سەبارەت بە تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی پرۆلیتێری لە دەورەی شۆڕشگێرانەدا کە لێرەدا تەنیا چەند نموونەیەکمان لێ باس کرد، ئیسپات دەکاتەوە.

بە هەر حاڵ نەبوونی وێنەیەکی ڕوون لە ڕەوتی پەرەسەندنی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا و تێپەڕینی ئەم دیکتاتۆرییە بە قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا، بووە خاڵێکی لاوازی تیۆریی جیددی بۆ بۆڵشەڤیکەکان لە کاتی بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ مەسەلەکانی داهاتووی شۆڕشی پرۆلیتێریدا. دواتر ئاماژە بەمە دەکەم. بەڵام هەر لێرەدا بۆ پێشگرتن بە هەندێک نارۆشنی و گیروگرفت کە ڕەنگە بێنە پێش، لەسەر چەند خاڵێک جەخت دەکەم:

یەکەم: ئەوەی وتمان قەت بەو مانایە نییە، دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا لە قۆناغی یەکەمدا "ڕێکخراوی چینی کرێکار وەک چینی دەسەڵاتدار" نییە. ڕێک بەپێچەوانەوە. هەموو باسەکە لەسەر ئەوەیە کە دەبێ شێوە جۆراوجۆرەکانی ڕێکخراوبوونی پرۆلیتاریا وەک چینی دەسەڵاتدار لەم دوو دەورەیەدا لێکجیا بکرێتەوە. دەوڵەتی بۆڵشەڤیکی لە ڕووسیادا دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا و ڕێکخراوی چینی کرێکار وەک چینی دەسەڵاتدار بوو، لە سەردەمێکدا کە ئەم چینە بۆ سەرکوتکردنی بەرگری و پیلانەکانی بۆرژوازیی



دژی شۆڕش، خۆی ڕێک دەخا. ئەمە و هەر ئەو شێوە دیاریکراوەی ڕێکخراوبوونی چینەکە، کە لە باری مێژووییەوە ئیمکانی هەیە و پێویستە. پەیوەندی چینی کرێکار لەگەڵ ئەم دەوڵەتە لەسەر بناغەی هیچ پرۆسەیەکی هەلبژاردن و ئۆرگانی نوێنەرایەتی دانەمەزراوە، تەنانەت ئەگەر هەموو شووراکانیش ڕای خۆیان بەم حوکوومەتە بدایە، دیسانیش سەرچاوەی دەسەڵاتی ڕاستەقینەی ئەم حوکوومەتە و بەڵگەی پەیوەندیی ڕاستەقینەی ئەم دەوڵەتە بە چینی کرێکارەوە، بریتییە لە کۆبوونەوە و هەڵخڕانی ڕاستەقینەی کرێکاران بۆ پشتیوانیکردن لەم دەوڵەتە و لەژێر ئاڵای ڕابەریی ئەو دەوڵەتەدا بۆ تێکشکاندنی یەکجاریی بۆرژوازی. ئەمە هەر ئەو پەیوەندییەیە کە حیزبی شۆڕشگێر لەگەڵ بەرینترین جەماوەری چینەکەی خۆی پێکی دێنێ، لە قۆناغی یەکەمی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریادا پشتگیری پرۆلیتاریا لە دەوڵەتەکەی خۆی نەک لە ڕێگای ئۆرگانەکانی نوێنەرایەتییەوە، بەڵکوو بە کۆوەبوون و ڕێکخراوبوونی عەمەلیی هەموو چینی کرێکار لەدەوری ئەو دەوڵەتە ڕادەگەیەندرێ.

دووەم: دەستنیشانکردنی کەموکووڕییەکان و تایبەتییە "چارهەڵنەگر"ەکان (نەک شتە وردەکان)ی دەوڵەتی پرۆلیتێری لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا، بە مانای ئەوە نییە کە هەموو کارکردەکانی ساڵانی یەکەمی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەجێی خۆیاندا بوون. هەروەها بە مانای ئەوە نییە کە پێویستی و گرنگی هەڵسووڕان و دەخاڵەتی ڕاستەوخۆی کرێکاران لە ڕێگای ئۆرگانەکانی دەسەڵاتدارەتی جەماوەرییەوە هەر لەم سەردەمەشدا وەک شتێکی کەمبایەخ لێ بکرێ. دیسانیش بەپێچەوانەوە لێکجیاکردنەوەی ئەم دوو سەردەمە دەبێتە هۆی ئەوە، کە گرنگی و بایەخی ڕاستەقینەی هەڵسووڕان و دەخاڵەتی ڕاستەوخۆی جەماوەر و دیموکراتیزمی پرۆلیتێری لە هەردوو سەردەمەکەدا بناسرێ و جەختی لەسەر بکرێ. مەبەستمان ئەوە بوو، پێش هەموو شتێک لەسەر ڕاست و ڕەوابوونی ئەو دەورەیە پێ دابگرین کە حیزبی بۆڵشەڤیک دەسبەجێ پاش ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەر لە دەوڵەت و ئۆرگانەکانی دەسەڵاتدارەتی کرێکاریدا لە ڕووسیا گێڕای. دەوڵەتی لێنین دەوڵەتی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا بوو. ئەم باسەی ئێمە گوشەیەکە لە بەرپەرچدانەوەی ڕەخنەگەلێکی زەینیگەرایانە، کامڵگەرایانە و ئایدیالیستییانە، کە لە بنەڕەتدا نەک لە هەڵوێستی سۆسیالیستییەوە، بەڵکوو لە هەڵوێستی "دیموکراتیک"ەوە، لە پراتیکی بۆڵشەڤیکەکان لە ساڵانی هەوەڵی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا دەگیرێ. لێکجیاکردنەوەی ئەو دوو سەردەمە

ڕێگامان بۆ دەکاتەوە کە سنووری نێوان خۆمان و ئەم ڕەخنە "دیموکراتیک"ە دیاری بکەین و دەستمان بە فاکتۆرێکی ئوسووڵی بۆ ڕەخنەگرتنێکی سۆسیالیستی لە ئەزموونی سۆڤێت بگا. بە هەر حاڵ لە کۆتایی ئەم باسەدا، ئاماژە بە مەسەلەی گرنگبوونی دیموکراسی و ئۆرگانەکانی دەسەڵاتی سیاسیی دیموکراتیکی پرۆلیتاریا لە هەوەڵین دەورەدا دەکەین.

سێیەم: "ئێمە لەم باسەدا سەبارەت بە شۆڕشی پرۆلیتێری "لە ولاتێکدا" قسەمان کرد. مەسەلەکە ئەوەیە کە شۆڕشی پرۆلیتێری لە وڵاتێکدا، یانی هەمان بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی، لەدرێژەی خۆیدا دەبێ لەگەڵ شۆڕشێکی جیهانی لە دژی سەرمایە پەیوەند بگرێ. ئایا ئەمە لە "قۆناغبەندی"ی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریادا گۆڕانێک پێک ناهێنێ؟ بە وتەیەکی تر ئەگەر وای دابنێی کە دەورەی دووەم لە "وڵاتێکدا" دەس پێ دەکا، ئایا ئەمە لەگەڵ بیروباوەڕی ئینتەرناسیۆنالیزم ناکۆکی نییە؟ ئایا قۆناغی یەکەمی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا نابێ درێژەی خۆی لە بەرینکردنەوەی "دەورەی شۆڕشگێڕانە" لە ئاستی جیهانیدا ببینێتەوە؟ هیوادارین مێژووی ڕاستەقینە ئەمجار بەم ڕێیەدا بڕوا. بەڵام لە باری تیۆرییەوە ناکرێ ئیسپات بکرێ کە سەرکەوتنی سیاسیی پرۆلیتاریا لە وڵاتێکدا بە شێوەی جەبری، یان بە ئیرادەی دەوڵەتە پرۆلیتێرییەکەی، لەگەڵ شۆڕشی جیهانی هاوکات دەبێ. لە 1917دا وای لێ نەهات. پرۆلیتاریا ئەرکی سەرشانێتی ڕەوتی گەشەی حوکوومەتی خۆی لە وڵاتێکدا بناسێ. باسەکەی ئێمە لەسەر ئەم مەسەلەیەیە. تا ئەو جێگایەی کە پەیوەندی بە شۆڕشی جیهانییەوە هەیە، لانیکەم دەبێ باسی ئەوە بکەم کە بە بڕوای من ئەو پرۆلیتاریایەی کە بتوانێ بەڕاستی لە کەمترین ماوەدا "دەورەی دووەم" دەس پێ بکا، یانی پرۆلیتاریایەک کە بتوانێ وەک چینێکی دەسەڵاتدار، لەسەر بنچینەی دیموکراسیی بەرینی پرۆلیتێری خۆی ڕێک بخا و دەست بکاتە "ڕێکخستنی ئابوورییەکی بانتر لە سەرمایەداری" بێگومان لە مەیدانی کێشەی جیهانی لەگەڵ بۆرژوازیدا توخمێکی هەڵسووڕاوتر، کاریگەرتر و شێلکیرتر دەبێ، تا ئەو چینی کرێکارەی کە لەژێر پاڵەپەستۆی بۆرژوازیدا، وە بە هەڵگرتنی هەنگاوی پێویستی ئابووری و کارگێڕی، حوکوومەتەکەی خۆی بە تەحەمولکردنی هەموو چەشنە مەینەت و مەرارەتێک ڕادەگرێ و "چاوەڕوانی شۆڕشی جیهانی"یە. ئەوە کە لە ڕووسیا لەجیاتی ئەرکە ئابوورییەکانی پرۆلیتاریا لە دەورەی گوزاردا سەرەنجام دەست درایە "ڕێکخستنی ئابووریی میللی"، نابێ هیچ مارکسیستێکی جیددی بەو ئاکامە



بگەیەنێ کە بەناچار ڕێکخستنی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵ لە باری ئابووری و کارگێڕییەوە لەگەڵ ئینتەرناسیۆنالیزم ناکۆکی هەیە. نابێ پراتیکی بۆرژوازی بە حیسابی پرۆلیتاریا بنووسرێ. بە هەر ڕادەیەک دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا لە وڵاتێکدا لە بەڕێوەبردنی ئەرکە سیاسی و ئابوورییەکانی خۆیدا لێبڕاوتر و هەمە لایەنەتر هەڵسووڕێ، ئیمکانی واقیعیی ئەوە کە ئەم دەسەڵاتە سیاسی و ئابوورییە ببێتە سەرچاوەیەک بۆ شۆڕشی جیهانی زۆرتر دەبێ. بە هەر حاڵ ئەوە باسێکە لە باسە تایبەتییەکەی ئێمە سەبارەت بە دەوڵەتی پرۆلیتێری لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا واوەتر دەچێ و جێگای ئێرە نییە.

لە کۆتایی باسەکدا پێویستە ئاماژە بە خاڵی لاوازی تیۆریک لە ئەزموونی ڕووسیادا بکەم کە گرنگییەکی عەمەلی هەیە. نەبوونی فۆرموولبەندییەکی ڕوون و ڕاشکاو لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی گیرسان و گەشەی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا، چ لە بەرنامەی بۆلشەڤیکەکاندا و چ لە ئامۆژگاریی گشتی کرێکارانی پێشڕەو و شۆڕشگێڕی ڕووسیا لە شۆڕشی ئۆکتۆبەردا، یەکێک بوو لە فاکتۆرە گرنگەکانی ئەو نائامادەییە تیۆرییەی کە لە ناکامهێشتنەوەی ئەم شۆڕشەدا دەوری هەبوو. یەکەم، ڕەوشتەکانی دەوڵەتی شۆڕشگێڕی "کاتی" لە هەندێک شوێن وەک ڕەوشتەکانی دیکتاتۆریی شۆڕشگێڕانەی پرۆلیتێری بەگشتی تیۆریزە کرا. لە هەلومەرجی تایبەتی ساڵانی هەوەڵی پاش شۆڕشدا لایەنی "کاتیبوونی" خەسڵەت و کارکردی دەوڵەت کەمتر لەبەرچاو گیرا. ئەم مەسەلەیە مەیدانی بۆ پەرەئەستاندنی شیکردنەوەی هەلپەرستانە و ئانارشیستی لەناو حیزبدا کردەوە. ئۆپۆرتیۆنیزم و بیرۆکراتیزم بوو بە شکڵێکی ڕایج بۆ وەڵامدانەوە بە مەیل و بۆچوون و ڕەخنەی ئانارکۆسەندیکالیستی و لەبەرانبەردا ئانارکۆسەندیکالیزم و لیبراڵیزم بوون بە شکڵگەلێکی باو بۆ ڕەخنەگرتن لە بیرۆکراتیزم و ڕێفۆرمیزم. هەڵوێستی ئوسووڵی و ڕاستەقینەی لێنینی کە لە دەرککردنی دروستی پێداویستییە دەسبەجێکانی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریاوە سەرچاوەی دەگرت، بەڕوونی و بە هێزی کافییەوە لە بەرانبەر ئەم دوو جەمسەرەدا بەیان ئەکرا. بۆ نموونە پێویستیی بەهێزکردنی سانترالیزم لە حیزبدا، پێویستی هاوجووتبوونی ڕێژەیی فۆنکسیۆنەکانی حیزب و دەوڵەت، وە پێویستی یەکجێبوون و خیرایی لە بڕیاردان لە دەورانێکی دیاریکراوی کاتیدا، بە شێوەیەکی ئوسووڵی و بە نیشاندانی ئاسۆی بەرینتری شۆڕش، بەرگری لێ نەکرا. ئەم ڕەوشتانە لە نەبوونی لێکدانەوەی وادا کە بە شێوەیەکی

ئوسوولی خەسڵەتی کاتی ئەم هەنگاوانە بە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی گەشەی سیاسیی کۆمەڵگای ڕووسیا پەیوەست بکاتەوە و ڕەوتی گوزاری دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا لە دەورەی شۆڕشگێڕانەوە بەرەو دەورەی سەقامگیری سیاسی بە شێوەیەکی خۆبەخۆ گشتگیر کران و بوون بە ئوسووڵیکی کەم تا زۆر نەگۆڕ. بۆ نموونە، بەتایبەت لەو باسانەدا کە پەیوەندییان بە کۆنترۆڵ و چاودێریی کرێکاری و بەڕێوەبەرایەتی یەکەکانی بەرهەمهێنانەوە هەبوو، هەڵوێستی ئوسووڵی بۆڵشەڤیکەکان (سەرخەتە بنەڕەتییەکانی) بەپێی پاشکۆکردنی داخوازیی کرێکاری لە خوارەوە بە ئەسڵی زیادکردنی یەکگرتوویی و بەرینایی کار و دەسەڵاتی دەوڵەتی کرێکاری لە دەورەی قەیرانی ساڵەکانی 21 – 1917دا بە بەڵگەهێنانەوەی تێکەڵ و ناڕۆشن و فۆرموولبەندیی قەناعەت نەهێنەر، کە لە کردەوەدا بوو بەهۆی ئەوە، بەشێکی زۆر لە پێشڕەوترین و هەڵسووڕاوترین ڕابەرایەتی عەمەلیی کرێکاران لە کۆمیتەکانی کارخانەدا، یانی بەشێک لە باشترین هەڵسووڕاوانی پرۆلیتاریای پیشەسازیی ڕووسیا لە حیزب دڵسارد بنەوە و دووری لێ بکەن. دووەم، دەوڵەتی بۆڵشەڤیکی وەک دەوڵەتی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا، هەلومەرجی ماددی و عەمەلیی گواستنەوەی ڕاستەقینەی هەموو دەسەڵات بۆ شووراکان و ئۆرگانەکانی دەسەڵاتی جەماوەری نیشان نەدا. ئەگەر جیاوازی نێوان دەورەی شۆڕشگێڕانە و دەورەی سەقامگیری و خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی حوکوومەتی کرێکاری لەم دەورەیەدا زەق و بەرچاو بوو، پرۆسەی ڕێکخستنی بەرینی ئۆرگانە جەماوەرییەکان و لەوە گرنگتر بەهێزکردنی ڕۆژ لەڕۆژ زیاتری دەوری بڕیاردەریان (بە پێچەوانەی ئەو ڕەوتە ڕاستەقینەیەی کە پێک هات) دەیتوانی و دەبوایە هەر لە قۆناغی یەکەمی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریادا لێبڕاوانە بەرەو پێش ببرێ. کاتێک کە دەوڵەتی کرێکاری بەکردەوە دەسەڵاتی بۆرژوازیی ناوخۆیی و جیهانی تێک شکاند و لە ساڵەکانی 28–1923دا چووە سەرباسی بنەڕەتی سەبارەت بە مەسەلە ئابووری و کارگێڕییەکانی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا لەم سەردەمە تازەیەدا، یانی کاتێک کە دەوڵەتی شۆڕشگێڕ بەکردەوە گەیشتە کۆتایی دەورەی شۆڕشگێڕانە بە مانای بەرتەسکی وشەکە، ئۆرگانە بناغییەکانی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا، شووراکان، وە کۆمەڵانیکی بەرین لە کرێکارانی پێشڕەو و شۆڕشگێڕ بەکردەوە لە مەیدانی دەخاڵەتکردنی هەڵسووڕاوانە و ڕاستەوخۆ دوورکەوتبوونەوە. بۆڵشەڤیکەکان لەبەر ئەوە کە بە ڕادەی پێویست دەرکی ڕۆشن و



فۆرموولەکراویان لە خەسڵەتی گواستنەوەی ئەرکەکانی خۆیان لە پەیوەند لەگەڵ پێکهێنانی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریادا بە مانای کامڵ و بەربڵاوی وشەکە نەبوو، بەکردەوە نەیانتوانی هۆشیارانە و شێلگیرانە بینا و ئۆرگانەکانی ئەم دەوڵەتە شکڵ پێ بدەن و هەروەها ڕێگا بۆ گواستنەوەی دەوڵەتی کاتی بەرەو دەوڵەتێکی سەقامگیربووی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا خۆش بکەن. پرۆلیتاریای ڕووسیا، بەپێچەوانەی پرۆلیتاریای فەرەنسا لە سەدەی پێشوودا، قۆناغی یەکەمی دیکتاتۆریی خۆی بە هەر حاڵ هەرچەند بە شێوەیەکی کەموکورت بە سەرەنجام گەیاند، بەرگریی بە ئاشکرای بۆرژوازی تێک شکاند، بەڵام خۆی بۆ دەورەی پاش ئەم قۆناغە ئامادە نەکرد و بەم بۆنەیەوە بەرانبەر بە شێوازە تازەکانی هێرشی بۆرژوازی لە مەیدانی ئایدیۆلۆژیک، ئابووری، کارگێڕی و فەرهەنگیدا خۆی پێ ڕانەگیرا و تێک شکا. سێیەم، (وە ئەوە ڕەنگە لە باری تیۆریکەوە گرنگترین لایەنی مەسەلەکە بێ)، لێکجیاکردنەوەی ئابووریگەلی دەورەی شۆڕشگێڕانە لە ئابووریگەلی دەورەی گوزار بەگشتی، بوونە هۆی نەبوونی ئاسۆیەکی ڕۆشن و لێکدانەوەیەکی دروست لە ئەرکە ئابوورییەکانی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا وەک دەوڵەتی دەورەی گوزار. چ ئەو کەسانەی کە دەیانگوت هەلومەرجی مەوجوود و سیاسەتی تازەی "نپ"، هەلومەرج و سیاسەتێکە لە پێناو بنیاتنانی سۆسیالیزمدا (ستالین و بوخارین) و چ ئەو کەسانەی کە پێیان لەسەر خەسڵەتی سەرمایەدارانە و کاتی ئەم هەنگاوانە داگرت (زینۆڤیف، کرۆپسکایا و هی تر)، هیچیان بەکردەوە نەیانتوانی ئەرکە ئابوورییە شۆڕشگێڕانەکانی تایبەت بە دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا لە دەورەی گوزاردا پێناسە بکەن. چ ناسیۆنالیزمی ئابووری و ئەو مەیل و بۆچوونە پیشەسازیخوازانە بۆرژواییەی کە لەژێر ناوی سۆسیالیزم لە وڵاتێکدا لە لایەن زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی حیزبەوە لەژێر ڕابەری ڕەوتی ستالیندا سەرەنجام توانی پرۆسەی پیشەسازیبوونەوەی سەرمایەداری لە ڕووسیا بە مانای ڕاستەقینەی وشەکە دەستپێ بکا و بە ئەنجامی خۆی بگەیەنێ، چ ڕەوتی ئۆپۆزیسیۆنی یەکگرتووی (ترۆتسکی_ زینۆڤیف) کە هەر لەو هەڵوێستە ئابوورییەوە دەیان ڕوانییە مەسەلەکان و لەو مەیدانەدا بێئاڵتەرناتیڤی خۆیان لەژێر درووشمی شۆڕشی جیهانیدا دەشاردەوە، هەردوو لەو بوشاییە تیۆریکەدا پەڕ و باڵیان گرت کە بەهۆی نەبوونی بیروڕایەکی ڕۆشن و پوختەکراوی لێنینیستی سەبارەت بە ئەرکە ئابوورییە درێژماوەکانی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا پێک هاتبوو. ئەوە کە بیروڕایەکی ئاوا وجوودی نەبوو، وە یان

به هەر حاڵ نەبوو بە هێزێکی ماددی، ئەوە کە لە ساڵەکانی 28– 1924دا لێنینیزم لە باسە ئابوورییەکاندا نوێنەرایەتی نەکرا، تا ڕادەیەک لەوەوە سەرچاوە دەگرێ، کە ئاسۆ و داهاتووی تێپەڕبوون لە دیکتاتۆریی پرۆلیتاریای دەورەی شۆڕشگێڕانەوە، کە تێیدا ئابووری پاشکۆی سیاسەت بەرەو دەوڵەتێکی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا بە مانای بەربڵاوی وشەکە ئەرکی دروستکردنی "ئابوورییەکی بانتر لە سەرمایەداری" لەسەر شانیەتی بە شێوەیەکی جیددی نەنرابووە بەردەم پێشڕەوانی هۆشیاری چینی کرێکاری ڕووسیا. هەر وەک ئاماژەمان پێ کرد، لێنین جیاوازی نێوان ئەم سەردەمە جۆراوجۆرانەی دەناسی و هەر لەو شۆڕشەی ئۆکتۆبەریشدا زۆر جار لە پەنا باسەکانی تردا ئاماژەی پێ کردبوو. بەڵام لێنین، ئەم بەهیزترین دەسەڵاتە تیۆریکەی پرۆلیتاریا لە دەورەی حازردا، لە باسە چارەنووسسازەکانی ساڵانی 28– 1924دا نەبوو، ئەگەر لێنین مابایە، ڕەنگە بکرایە بڵێین بێگومان ئێمە سەبارەت بە ئەرکە ئابوورییەکانی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا وێنەیەکی زۆر ڕۆشنترمان لەبەرچاو دەبوو. چونکە باسەکانی ساڵانی 28– 1924 ڕێک هەر ئەو باسانە بوون کە تێیدا مەسەلەی گواستنەوەی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا لە دەورەی شوشگێڕانەوە بەرەو دەورەی سەقامگیری و کارکردی "ئاسایی" هاتبووە گۆڕ.

سەرەنجام دەبێ وەڵامی ئەم پرسیارە بدرێتەوە. ئەگەر بوونی جیاوازی لە نێوان ئەرک و خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا بە گوێرەی دەورەی پاش خۆی، کارێکی ئاسایی و چارهەڵنەگرە و دەسەلمێندرێ، چ زەمانەتێک هەیە یا دەتوانێ ببێ، کە ئەم دەوڵەتە کاتییە پرۆلیتێرییە، بە شێوە تایبەتەکان و کەموکووڕییە تایبەتەکانی خۆیەوە، جێگای خۆی بدا بە دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا بە مانای کاملی وشەکە؟ وەڵامەکەی ئەوەیە کە مسۆگەرکردنی عەمەلی ئەم پرۆسەیە، وەک مسۆگەرکردنی هەموو ئاڵوگۆڕێکی شۆڕشگێڕانەی تر، بەتەواوی لە گرەوی پراتیکی شۆڕشگێڕانەی بەشی پێشڕەو و هۆشیاری چینی کرێکاردایە. ئەوەی لێرەدا هاتە گۆڕ ئەوە بوو، کە بوونی ئاسۆیەکی ڕوونی سیاسی و دەرکی دروست لە میکانیزمەکانی گەشەی شۆڕش و ئەو قۆناغە بابەتییانەی کە شۆڕشی پرۆلیتێری بەناچار، وە ئەگەر چی بە شێوازی جۆراوجۆر و بە ئاسانی و دژواری کەم تا زۆرەوە، لێی تێپەڕ دەبێ، مەرجێکی بنەڕەتییە بۆ پراتیکی دروست و "مسۆگەرکراو". ئەگەر دەرککردنی جیاوازیی نێوان ئەم دوو شکڵە، جیاوازیی



خۆنواندن و وەدیهاتنی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا خۆی لەخۆیدا هیچ شتێک سەبارەت بە تێپەڕکردنی سەرکەوتووانەی ئەم قۆناغە مسۆگەر نەکا، کە ناشیکا، بێگومان دەرکنەکردنی دەبێتە هۆی ناکامی. ئەو پرۆلیتاریایەی کە لە ساڵەکانی 27– 1924 لە ڕووسیا بەرانبەر بە ناسیۆنالیزمی بۆرژوایی چەکی لەدەست داکەوت و لە ساڵەکانی دواتردا بەتەواوی گلا. لە باری تیۆری و عەمەلییەوە گەلێک کەموکووڕی هەبوو. یەکێک لەو کەموکووڕییانە نەبوونی تێگەیشتنێکی دروستی ئابووری، کارگێڕی و سیاسی بوو لە دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا لە پاش تێکشکاندنی بەرگریی بەئاشکرای بۆرژوازی. ئەم دەرککردنە تەنیا کاتێک دەکرا شکڵ بگرێ، کە پرۆلیتاریا بەڕوونی خەسڵەتی کاتی ئەو شکڵەی حوکوومەتی کە تا ئەو کاتە نوێنەری دیکتاتۆرییە چینایەتییەکەی بوو بناسیبایە و لەپێشدا بۆ جێگۆڕکێ پێکردنی لەگەڵ شکڵە لەبارەکانی دەورانێکی تازە ئامادەی کردبایە. مەسەلەی دەوڵەت لە دەورە شۆڕشگێڕانەکاندا گوشەیەکی بچووکە لەو مەیدانە بەربڵاوە، کە دەبێ بۆ تووشنەبوونەوەی شکستەکانی ڕابوردوو بکەوێتە بەر لێکۆڵینەوە. باسەکەی ئێمە لەو چوارچێوەیەدا تەنیا هەوڵ و تێکوشانێکە بۆ باسکردن و ناساندنی ئەم مەسەلەیە وەک گیروگرفتێکی گرنگی تیۆریک.

تێبینی: ئەم نووسراوەیە دەقی باسێکە لە لایەن نووسەرەوە لە سیمینارێکی حیزبیدا پێشکەش کراوە و لە هەندێک شوێن دەسکاری کراوە و هەندێک شتی لێ زیاد کراوە. (بسوی سوسیالیزم)

وەرگێڕانی: ڕەحیمی تلووعی فەر
تایپکردنەوەی: نەسرەوت عوسمان

سەرچاوە:
دولت در دوره های انقلابی
"بسوی سوسیالیسم"، دوره دوم
شماره 2، آذرماه 1366، صفحات 3_ 43

# هێڵە سەرەکییەکانی ڕەخنەی سۆسیالیستی
# لە ئەزموونی شۆڕشی کرێکاری لە سۆڤێت

(گوتارێک لە سیمینارێکی حیزبیدا)

ئەم بابەتەی کە دەیخوێننەوە، بریتییە لەو قسە و باسانەی کە قسەکەرانی سیمینارێکی ناوەندیی حیزب بۆ بڵاوکردنەوە لە بۆڵتنی مارکسیزم و مەسەلەی سۆڤێتدا ڕێکیان خستبوو.

مەبەستی قسەکەران ئەوەبوو کە ڕوانگەی دیاریکراوی خۆیان لێرەدا بخەنە ڕوو، لەبەر ئەوە تەنیا قسە و باسەکانی خۆیانیان بۆ بڵاوکردنەوە ڕێک خستووە، ئەو قسانەش کە لە دانیشتنێکدا لە لایەن هاوڕێیانی ترەوە کرا، تەنیا لە وەڵامی قسەکەرەکاندا ڕەنگی داوەتەوە. هەرچەندە لە هەندێک شوێندا، لە لایەن نووسەرانەوە دەسکاریکردن و چاککردن ئەنجام دراوە، بەڵام ناوەڕۆکی بابەتەکە و هەروەها شێوەی دەربڕینەکەشی، هەر ئەوەیە کە لە سیمینارەکەدا پێشکەش کراوە. ئەم سیمینارە لە مانگی کانونی یەکەمی 1986دا ڕێک خرا.

**مەنسوور حیکمەت**:

سەرەتا پێویستە لە بارەی ئەو باسەوە کە من و هاوڕێ ئیرەج ئەمڕۆ پێشکەشی دەکەین چەند شتێک ڕوون بکەمەوە. ئەو ڕوانگەیەی کە ئێمە لێرەدا هێڵە گشتییەکانی پێشکەش دەکەین، تێڕوانینێکی تایبەتی بۆ مەسەلەی ئەزموونی شۆڕشی کرێکاری لە سۆڤێت تێدایە، کە ناچێتە ڕیزی نەریتی تا ئێستای چەپی ڕادیکاڵەوە. هەر بۆیە بڵاوکردنەوە و جێگیرکردنی، پێویستی بە سەرفکردنی توانایەکی زۆر هەیە. بە تایبەتی ئەمە لە کاتێکدا، کە ئەو کەسانەی دەیانەوێت لە واقیعەتێکی ڕادیکاڵەوە لەگەڵ مەسەلەی سۆڤێتدا مامەڵە بکەن، بە گشتی لەژێر کاریگەری ڕەخنەکانی تا ئێستای مەیلە جیاجیاکانی چەپی ڕادیکاڵ دان. باسەکەی ئێمە جیاوازیگەلێکی بنەڕەتی لەگەڵ ئەم تێڕوانینانەدا هەیە و بۆ ئەوەی باشتر شی بکرێتەوە وا پێویست دەکات هەمیشە سنووربەندی ئەو لەگەڵ تێڕوانینە ڕادیکاڵەکانی سەردەمدا دیاری بکرێت.



لەمە گرنگتر ئەوەیە، کە تێزەکانی ئێمە لە بارەی سۆڤێتەوە، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ باسی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا هەیە، بە بۆچوونی ئێمە، ئەم تێزانە ئەنجامگیرییەکن، کە مەیلێکی کۆمۆنیزمی کرێکاری دەتوانێت لەسەر بنەمای تێڕوانینی گشتیی خۆی لە بارەی ئەزموونی سۆڤێتەوە بە دەستیان بێنێت، مانایەکیش کە دەستەواژەی کۆمۆنیزمی کرێکاری دەیەوێت بیگەیەنێت جگە لە جەختکردنە سەر خاڵی گەڕانەوە بۆ پایەگای کۆمەڵایەتیی مارکسیزم و کۆمۆنیزم یانی چینی کرێکار شتێکی دیکە نییە.

بە داخەوە ئەمڕۆکە کۆمۆنیزم لە هەر سەردەمێک زیاتر ڕواڵەتی مەکتەبێکی فیکری گرتۆتە خۆی، لە کاتێکدا کە چ لەڕووی عەمەلییەوە لە بەشێکی گرنگی مێژووی خۆیدا و چ لە ڕوانگەی مارکسیزمەوە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتییە. بزووتنەوەی ئامانجداری چینێکی کۆمەڵایەتی بۆ گۆڕانکاری واقیعی لە کۆمەڵدایە، ئەم خاڵی گەڕانەوە بۆ پایەگای کۆمەڵایەتی و چینایەتی تەنیا لە هەنگاوهەڵگرتن لە تیۆری مارکسیزمەوە بۆ پراتیکی حیزبی و سیاسی نایەتە گۆڕێ، بەڵکوو دەبێ لە هەمان ئەو تێڕوانینە تیۆرییانەی ئەمڕۆی ئێمەدا بۆ مەسەلەکانی خۆشمان دەرکەوێت. لە مارکسیزمی بەناو ڕادیکاڵی مەکتەبیدا، چینی کرێکار دەستەواژەیەکی تەجریدییە، سۆسیالیزم و خەباتی چینایەتی دەستەواژەیەکی تەجریدین، لە مارکسیزمی واقیعیدا یانی لە کۆمۆنیزمی کرێکارییدا ئەمانە پەیوەندی و دیاردەی واقیعی، مێژوویی، کۆمەڵایەتی نیشان دەدەن. ڕەخنەی ئێمە لە ئەزموونی شۆڕشی کرێکاری لە سۆڤێت، ڕەخنە لە یەک پرۆسەی مێژوویی واقیعیی خاوەن هێزی هەڵسووڕانی کۆمەڵایەتییە. لەبەر ئەوە لە هەنگاوی یەکەمدا، دەبێت بتوانرێت ئەم مێژووە واقیعییە بەپێی دینامیزمی بابەتیی ئەو و جم و جووڵی هێزە کۆمەڵایەتییەکان لەو سەردەمە دیاریکراوەدا لە بەرچاو بگیرێت و هەڵبسەنگێنرێت. لەم ڕووەوە ئێمە هەست بە جیاوازییەکی قووڵ دەکەین لەگەڵ ئەوەی کە تا ئێستا لە ئاستی نێونەتەوەییدا، بە ڕەخنەی ڕادیکاڵ لە ئەزموونی سۆڤێت ناسراوە. ڕەخنەی ئێمە لە ئەزموونی سۆڤێت ناچێتە ڕیزی نەریتی ڕەخنەی ڕادیکاڵی تا ئێستاوە. ئەو نەریتەی کە بە خەیاڵی خۆی پێی وایە بەو ڕادەیەی کە بتوانێت ئەو جیاوازییانەی لە نێوان ئەزموونی واقیعی و ئەحکامە لە پێشدا داڕێژراوەکانی خۆیدا هەیە وەبیر بێنێتەوە، بەو ڕادەیەی کە بتوانێت زیاتر حاشا لە خەسڵەتی پرۆلیتێریی لایەنە جیاجیاکانی شۆڕشی ڕووسیا بکات، بە هەمان ڕادە، لە مارکسیزم و

ئۆرتۆدۆکسی مارکسیزم نزیکتر بۆتەوە. وە یان هەر بەو ڕادەیەش ڕەخنەی "قوڵتر"ی لە مەسەلەکە گرتووە. تێڕوانینی کۆمۆنیزمی کرێکاری ناتوانێت بە هەمان سادەیی و بەو سەرپێییەی کە ڕەخنەگرە ڕادیکاڵەکان لە شۆڕشی بۆلشەڤیکی، لە بابەتی کۆمۆنیزمی چەپ، چەپیتر ڕەخنە لە ئەزموونی سۆڤێت دەگرن، مامەڵە لەگەڵ مەسەلەکەدا بکات. ئەم ئەزموونە بەرهەمی پراتیکی چینێکی ملیۆنییە، چینێک کە بەو باوەڕەوە، خەریکە لە پێناوی قازانجە چینایەتی و ڕزگاریخوازەکانی خۆیدا تێدەکۆشێ، دەستی دایە ئەم پراتیکە. پێشڕەوترین چین و ڕێکخراوی کرێکاری بە درێژای چەند دەیە بۆ شکڵدان بەم شۆڕشە تێکۆشاون. ئەمە شۆڕشێک بوو کە مۆری خۆی نەک تەنها بە چارەنووسی بزووتنەوەی کرێکارییەوە، بەڵکوو بە چارەنووسی تەواوی دنیای هاوچەرخی خۆیەوە نا. ناکرێ ئەم ئەزموونە تەنیا بە پێوانەی پوختەیی ئایدیۆلۆژیکی و ئوسوولییەتی ڕابەرایەتییەکەی لەڕووی تیۆرییەوە هەڵبسەنگێنرێت، تاکوو هەر ئەوەندە بەس بێت، کە ئەوەی دووەمیان لەکەیەکی بەرکەوێ تا هەموو ئەو ئەزموون و پراتیکە پوچەڵ بێتەوە.

تەنیا هێزە کۆمەڵایەتییە مەزنەکان (هێزە کۆمەڵایەتییەکانی چینەکانی تر) دەتوانن پراتیکی چینایەتی چینی کرێکار پوچەڵ بکەنەوە و کاریگەرێتی بسڕنەوە. ناکرێ تەنها ناپوختەیی تیۆری و ڕێک نەهاتنەوەی ئەزموونێکی مەزنی بابەتی و کۆمەڵایەتی لەگەڵ نموونە و ئەحکامە لە پێش داڕێژراوەکان بۆ حاشاکردن لەو ئەزموونە بەهانە بێت. ئێمە دەبێت بتوانین ئەوە نیشان بدەین، لە سایەی چ هەلومەرجێکی دیاریکراودا و لەگەڵ کام یەک لە هێزە ماددی و کۆمەڵایەتییەکان، ڕابوونی مەزنی چینی کرێکار تێک شکێنرا.

بەو پێیە هەر لەو کاتەدا کە ڕەنگبێ ڕەخنەی ئێمە لە ئەزموونی سۆڤێت بە لای چەپی "ڕادیکاڵ"ی ئەمڕۆوە، بە ڕادەی پێویست نەیەتە بەرچاو، بەڵام بە بڕوای خۆمان ئەو ڕەخنەیە ڕادیکاڵترین تێڕوانین لەو ئەزموونە دەخاتە ڕوو. لە ڕاستیدا یەکێک لە تەوەرە سەرەکییەکانی باسەکەی ئێمە ئەوەیە، کە ڕەخنە ڕادیکاڵەکانی تا ئێستا لە ئەزموونی سۆڤێت شتێکی زیاتر لە حاشاگەراییەکی مەکتەبی لە لایەک و دیموکراتیزمی ڕادیکاڵ لە لایەکی ترەوە نانوێنێت، لە کاتێکدا کە ڕەخنەیەکی بەڕاستی ڕادیکاڵ تەنیا دەکرێ ڕەخنەیەکی پرۆلیتێری و سۆسیالیستی بێت و ئەوەش ئەو ڕەخنەیەیە کە ئێمە مەبەستمان دەرخستنی هێڵە سەرەکییەکانێتی لێرەدا.



## هێڵ و سەردێڕە ئەسڵییەکانی ئەم باسە

ئەم باسە لەم ئاستانەی خوارەوەدا دەخرێتە ڕوو:

1) خستنەڕووی چوارچێوەی گشتی و تێزە سەرەکییەکانی باسەکە. ئەم بەشەیان من پێشکەشی دەکەم.

2) لێکۆڵینەوەی وردتری هەندێک مەسەلەی گرێیی. هاوڕێ ئیرەج ئازەری ئەم بەشە پێشکەش دەکات.

3) شیکردنەوەی زیاتری باسەکە لە چوارچێوەی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیار و بۆچوونانەی کە لێرەدا دێنە ئاراوە.

لە بەشی یەکەمدا کە بابەتی باسەکەی منە، دەچمە سەر ئەم دێڕانە:

1) خاڵی حەرەکەتی میتۆدۆلۆژیکی ئێمە: ڕەخنەی سۆسیالیستی، یان دیموکراتیک: تەواوی ڕەخنەی تا ئێستا لەوەدا کە تێگەیشتنیان لە سۆسیالیزم وەک شێوازێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو، لێکچوون و نزیکییەکی زۆری لەگەڵ ڕیڤیژنیزمی ڕووسیدا هەیە، بە ناچاری ڕەخنەی خۆیان لەسەر مەسەلەی دیموکراسی چڕ کردووەتەوە. لەبەر ئەوە ناتوانێت مەسەلەی ناتەبایی پرۆلیتاریای سۆسیالیست لەگەڵ ئەم ئەزموونەدا ڕوون بکاتەوە. ئێمە لە بەرامبەر ئەو ڕەخنە ڕادیکاڵ_ دیموکراتیکەدا ڕەخنەی پرۆلیتێری سۆسیالیستی دادەنێین.

2) چوارچێوەی کۆمەڵایەتی و مێژوویی شۆڕشی ڕووسیا:

ناکرێ شۆڕشی ڕووسیا تەنیا لە چوارچێوەی مێژووی ناوخۆیی مارکسیزمدا ڕوون بکرێتەوە و لێک بدرێتەوە. ئەمە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتییە، شۆڕشێکە لە جەرگەی کۆمەڵگایەکدا بە مانای فراوانی وشەکە، بەو ڕەوەندە ماددییە دیاریکراوانەوە کە لەو کۆمەڵگەیەدا دەچێتە پێشەوە. لەبەر ئەوە لە لێکدانەوەی چارەنووسی ئەم شۆڕشەدا ناتوانین بە ڕوونکردنەوەی مەکتەبییەوە بوەستین، وە یان تەنانەت بە تەنها لە پراتیکی چینی کرێکار وردبینەوە. دەبێت پراتیک و حەرەکەتی هەموو چینە کۆمەڵایەتییەکان و پرۆسە ماددییەکان لە سەراسەری کۆمەڵدا لە بەرچاو بگیرێت. شۆڕشی ڕووسیا خاڵێکی وەرچەرخانە لە مێژووی ماددی کۆمەڵدا، نەک تەنیا قۆناغێک بێت لە مێژووی بزووتنەوەی کرێکاریی، یان لەوەش مەحدودتر قۆناغێک بێت لە مێژووی ناوخۆی بزووتنەوەی سۆسیالیستی و مارکسیستیدا.

3) زەمینە فیکرییەکانی داڕووخان و شکستی شۆڕشی کرێکاری لە ڕووسیا:
لەم بەشەدا دەچینە سەر ئەو لاوازییە تیۆریکییە سەرەکییانەی کە ڕێیان لە پێشڕەوی و سەرکەوتنی شۆڕش لە ڕووسیادا گرت.

4) گرێ ئەسڵییەکان لە ئەزموونی سۆڤێتدا:
لەم بەشەدا دەچینە سەرلیستێک لە مەسەلە گرێییەکان کە هەر هەڵوێستگرتنێک لە بەرامبەر ئەزموونی سۆڤێتدا دەبێت وەڵامی خۆی بەوانە بخاتە ڕوو. ئەم لیستە ئەگەر بمانەوێ کامڵ بێت، ئەوا دووردرێژ دەبێت. ئێمە دەچینە سەر ئەم خاڵانەی خوارەوە:
1) خەسڵەتی چینایەتیی دەوڵەتی سۆڤێت پاش شۆڕشی ڕووسیا.
2) ئابووری و سیاسەت لە دەورەی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا و پەیوەندی ئەم دووانە لەگەڵ یەکتردا.
3) مەسەلەی "سۆسیالیزم لە یەک وڵاتدا" چ وەک کێشەیەکی تیۆریی گشتی و چ وەک مەسەلەیەکی دیاریکراو لە شۆڕشی ڕووسیادا.
4) هەڵسەنگاندنی ماهییەتی شۆڕشی ئەمرۆ.
5) مەسەلەی بیرۆکراسی، گەندەڵبوونی حیزب، باڵادەستبوونی ڕیڤیژینیزم، دیموکراسی دەروون حیزبی و سەرجەم دەورەکانی ڕەخنەی تا ئێستا لە ئەزموونی سۆڤێت.
6) دەرسەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر

## ڕەخنەی دیموکراتیک یان سۆسیالیستی

من وتم کە ئامانجی ئێمە لەم تێزانەدا، خستنە ڕووی ڕەخنەیەکی سۆسیالیستییە لە ئەزموونی سۆڤێت، لەسەر وشەی سۆسیالیستی جەخت دەکەم، چونکە لەو باوەڕەدام بەشی زۆری ڕەخنەی تا ئێستا سۆسیالیستی نییە، بەڵکوو ڕەخنەیەکی دیموکراتیکە کە بە ڕێگای جیاجیا لە قاڵبگەلی ڕادیکاڵدا نیشان دەدرێت. مەسەلەی بنەڕەتی ئەوەیە، لەوە بگەین کە تەنانەت ڕادیکاڵترین ڕەخنەی دیموکراتیکی مەوجود لە ئەزموونی سۆڤێت، یانی ئەو ڕەخنانەی کە لادانەکانی حیزب، کەموکوڕییەکانی و تێڕوانینە تیۆری و ئایدیۆلۆژییە هەڵەکان لە حیزبدا و شێوەی پێکهاتی دەوڵەتی دوای شۆڕش و کردەوەکانی دەوڵەتی سۆڤێت لە مەیدانی نێونەتەوەیی و هی تردا، دەکاتە بناغەی



شیکردنەوەی خۆی، نە تەنیا بنەڕەتیترین خاڵی گرنگ و جێگای باس لە ئەزموونی سۆڤێتدا، یانی ئەوە کە بۆچی کۆمەڵی سۆسیالیستی لە سۆڤێت دانەمەزرا، بۆچی ئابووری و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سۆسیالیستی لە سۆڤێت بەرپا نەکران، وەڵام ناداتەوە، بەڵکوو لە ئەنجامیشدا ناتوانن ڕەخنەی ماتەریالیستی تەنانەت لەو لایەنانەش بگرن کە خۆیان قامکی لەسەر دادەنێن (هەر ئەوانەی کە ئاماژەم پێ کردن) لەم ڕەخنانەدا بە گشتی وا دێتە بەرچاو کە ئەم جۆرە لادانانە وەک نەخۆشییەکی ڤایرۆسی لە جێگەیەکەوە دەست پێ دەکات و زیاد دەکات تا هەموو شتێک خراپ دەکات و دای دەڕزێنێت. لە کاتێکدا تەواوی کەڵکی ماتەریالیزمی مێژوویی و تەواوی میتۆدۆلۆژیی مارکسیزم لەوەدایە کە توانیوەتی پایە ماددییەکانی گۆڕانکارییە سەرخانییەکان یانی گۆڕانکاری فیکری، سیاسی، ئیداری، حوقووقی و ... هتد. لە کۆمەڵدا شی بکاتەوە. کاتێ دیدگایەک نەتوانێ ئاماژە بە پایەی ئابووری و ماددی ئەم جۆرە گۆڕانکارییانە بکات، بێگومان لێکدانەوەکەشی سەبارەت بە خودی ئەم گۆڕانکارییانە کەموکورت و ناتەواوە.

تەوەرەی ڕەخنەی سۆسیالیستی بریتییە لە مەسەلەی گۆڕانی ئابووریی کۆمەڵی ڕووسیا لەپاش شۆڕش. ئەمە گیانی مارکسیزمە و بە ڕای ئێمە ڕەتکردنەوەی ئەم حوکمە پێشاندەری مەوقیعەتێکی نامارکسیستییە. ڕەتکردنەوەی ئەو مەسەلەیە، واتە ئەو بابەتەی، لە ئەزموونی سۆڤێتدا دەبێت بخرێتە بەر ڕەخنە و لێکۆڵینەوە، مەسەلەی گۆڕانی ئابووریی کۆمەڵی پاش شۆڕشە، لە حوکمی وەلانانی هەموو مەسەلەکەدایە. بۆچی؟

یەکەم: لە ڕوانگەی چینی کرێکار و مارکسیزمەوە، شۆڕشی سۆسیالیستی لە بنەڕەتدا شۆڕشێکی ئابوورییە و تەنیا لەسەر ئەم بناغەیە ئەتوانێت شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بێت. ئەمە کە ئەم خاڵە لە مارکسیزمی دەورەی ئێمەدا ئاوا فەرامۆش کرا، ئەوەی کە مارکسیزم لە تیۆری شۆڕشی کۆمەڵایەتی، یانی گۆڕانی ژێرخانی ئابووریی کۆمەڵ و مەوقیعەتی مرۆڤەکان لە بەرهەمهێناندا، بۆ "زانست"ی بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی هێنراوەتە خوارەوە، خۆی بەرهەمی سودوەرگرتنی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتری توێژە ناپرۆلیتێرییەکان لە مارکسیزم، وەک ڕووپۆشێک بۆ دەربڕینی قازانجە ناشۆڕشگێڕی و ناسۆسیالیستییەکانی خۆیانە. بنچینە و تەوەری شۆڕشی کۆمەڵایەتی، گۆڕانی شۆڕشگێڕانەی ئابووریی کۆمەڵە. گۆڕانی ئابووری نە بە مانای گۆڕانی چەندایەتیی

بەرهەمهێنان. بەڵکە بەو مانایەی کە مارکس بەکاری دەهێنێت، یانی گۆڕانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بەرهەمهێنان (گۆڕانێک کە حەتمەن زیادبوونی خێرای توانای بەرهەمهێنانی کۆمەڵیش بەدی دێنێت). ئەمە ناوەڕۆکی تیۆری مارکسیزم و بناغەی شۆڕشگێڕیتی پەیگیرانەی مارکسیزمە، چونکە مەسەلەی دیموکراسی، لابردنی هەڵاواردنی حوقووقی و سیاسی و فەرهەنگی و تەنانەت ئابووریی نێوان ئەفراد و توێژەکان و نەتەوەکان هیچ کامێکیان بیروباوەڕی نوێ و تایبەت بە مارکسیزم نین. ئەمانە ئامانجە دێرینەکانی مرۆڤن، ئەوەی شوێنێکی تایبەتی دەداتە مارکسیزم، بەستنەوەی ئەم ئامانج و خواستانەیە بە ڕووخاندنی ڕژێمێکی ئابووریی دیاریکراوەوە، کە لە بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی ئەم سیستەمەدا هەیەتی. سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم بەرەنجامی خەباتی ئەم چینە لە دژی پەیوەندییە چەوسێنەرانە چینایەتییەکانی ئەو کۆمەڵەیە. یانی سەرمایەداری خەباتێک کە تەنیا بە لەناوبردنی موڵکایەتی بۆرژوازی و دامەزراندنی موڵکایەتیی سۆسیالیستی (کۆمەڵایەتی) بەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێناندا، ئامانجە شۆڕشگێڕانەکانی خۆی بەدەست دێنێت. ئەگەر ئەمە لە مارکسیزم دەربێنین، ئیتر شتێکی تازە و تایبەت لەودا نامێنێتەوە. مارکسیزم ئەو ڕەوتەیە کە دەتوانێت لە وەڵامی ئەو ئامانجە یەکسانیخواز و ئازادیخوازانەیەی بەشەردا، ڕێگای واقیعی یانی لەناوبردنی سەرمایەداری وەک ڕژێمێکی ئابووری و دامەزراندنی سۆسیالیزم دیسان بەر لە هەر شتێک وەک ڕژێمێکی ئابووری تەرح بکات و هێزی چینایەتی کۆمەڵایەتی واقیعی ئەم گۆڕانکارییە هەر لە هەمان کۆمەڵدا دەستنیشان بکات. مارکسیزم بە ڕۆشنی دەیسەلمێنێت، کە بەدەر لە گۆڕانکارییەکی ئاوا لە ژێرخانی ئابووریی کۆمەڵدا، ئەم ئامانجانە بێبەری ئەبن لە پایەکی ماددی بۆ جێبەجێبوونی جیددی خۆیان. بەم پێیە ئاشکرایە لە ڕوانگەی چینی کرێکار و لە ڕوانگەی گۆڕانی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵەوە، هەر شۆڕشێکی سۆسیالیستی و (هەروەها شۆڕشی ئۆکتۆبەریش) دەبێت بە پێوانەی چەند و چوونی بەئەنجامگەیشتنی ئەم ئامانجە تەوەرەییەی دادوەری بکرێت. لە یەک ڕستەدا، دەبێت شکستی شۆڕش بە هەمان ئەو سەنگی مەحەکە هەڵبسەنگێنرێ کە سەرکەوتنەکەی پێ هەڵدەسەنگێنرێ، یانی مەسەلەی ڕووخاندنی سەرمایەداری وەک ڕژێمێکی بەرهەمهێنان.

بەم پێیە بە باسی شۆڕشی ڕووسیا و ئەنجامەکانی، دەکرێ و دەبێت لەدەوری ئەم مەسەلەیە چەق ببەستێت، کە چۆن و لە چ هەلومەرجێکدا، بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی



سیاسی لە لایەن چینی کرێکارەوە نەبووە هۆی گۆڕین و هەڵگێڕانەوەی سەرمایەداری لەو وڵاتەدا. چی ڕووی دا و بووە هۆی ئەوەی کە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی تا گۆڕانی پەیوەندییە ئابوورییەکان و دامەزراندنی موڵکایەتیی سۆسیالیستی بەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێناندا درێژەی نەکێشا. ئەمە بناغەی ڕەخنەی پرۆلیتێری و سۆسیالیستیی ئەزموونی شۆڕشی ڕووسیایە وەک شۆڕشێکی کرێکاری.

بەم پێیە ئێمە هەر لە ئێستاوە جەخت دەکەینە سەر جیاوازی قووڵی (وە بە ڕای ئێمە چینایەتی) دیدگای خۆمان لەو دیدگایانەی کە (لە تواناداننەبوونی) گۆڕینی ئابووریی کۆمەڵی ڕووسیا لە پاش بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لە لایەن چینی کرێکارەوە دەکەنە بناغەی شیکردنەوەی خۆیان. جا چ بە ناوی فۆرموولبەندیی "پێویستیی شۆڕشی جیهانی"یەوە بێت، وە یان بە ناوی "دواکەوتوویی ڕووسیا" و شتی ترەوە بێت. چونکە ئەم ڕوانگانە هەر لە بنەڕەتەوە فەلسەفەی بوونی شۆڕشی کرێکاری لە ڕووسیادا ڕەت دەکەنەوە.

دووەم: باسی ئابووری لە ڕووسیا تەورەی ڕەخنەی سۆسیالیستییە، چونکە تەنیا لێکدانەوەی ئەم مەسەلەیە دەتوانێت هۆیەکانی داڕووخانی سیاسی و ئایدیۆلۆژیکی شۆڕش ڕوون بکاتەوە (وەکوو، بیرۆکراتیبوونی پێکهاتی دەوڵەت، لەکەداربوون و شێوانی لایەنگری و کارکردی چینایەتی حیزبی، گیروگرفت و لادان لە سیاسەتە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی دەوڵەتی سۆڤێتدا، پاشڕەوییە ئەخلاقی و فەرهەنگییەکانی دوای پێشڕەوییە سەرەتاییەکانی شۆڕش لەم زەمینانەدا و هی تر). بە ڕای ئێمە هۆیەکانی ئەم گۆڕانکارییە ناشاییستە سیاسی و ئایدیۆلۆژیکییانە (وە لە یەک وشەدا، سەرخانییانە) تەنها دەکرێ بە لێکۆڵینەوەی ئەو هۆیانەی کە ڕێیان لە گۆڕانی شۆڕشگێڕانەی پەیوەندییەکانی ئابووری لە ڕووسیا گرت، بە دروستی لێک بدرێتەوە. بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی و پاراستنی لە لایەن چینی کرێکارەوە، هەنگاوی یەکەمە لە شۆڕشی پرۆلیتێریدا. بەڵام ئەم دەسەڵاتە بەدەستەوەگیراوە هەر بەو جۆرەی کە ئەنگڵس جەختی لەسەر دەکات، "پێویستە بخرێتە خزمەتی سەرکوتی سەرمایەدارانی دوژمنی چینی کرێکار و ئەنجامدانی ئەو شۆڕشە ئابوورییەی لە کۆمەڵدا بەدی دێت کە بەبێ ئەوە، هەموو سەرکەوتنەکە بە شکست و کوشتاری چینی کرێکار کۆتایی دێت، هەر وەکوو کۆمۆنەی پاریس سەلماندی." (ئەنگڵس بەبۆنەی مەرگی مارکسەوە). دەبینین کە ئەمە حوکمێکی سادە و شتێکی بەڵگەنەویستە لە

مارکسیزمدا. هەڵبەتە مارکسیزمێک کە لە لایەن چینە غەیرە پرۆلیتێرییەکانەوە دەستکاری و تەحریف نەکرابێت، ئەحکامە ڕۆشن و زیندووەکانی بەو شێوەیەی ئێستا، گیرۆدەی تەفسیراتە ناڕۆشن و بێ ناوەڕۆکەکانی چەپی غەیرە پرۆلیتێری نەبووبێت. مەسەلەکە ئابەم ڕۆشنییەیە. ئەگەر کرێکاران نەتوانن پاش دەسەڵات بەدەستەوەگرتن ژێرخانی ئابووریی کۆمەڵ بگۆڕن، شۆڕشەکەیان بە ئەنجام ناگات. لە دواییدا بێجگە لە کوشتاری خودی چینی کرێکار، ئەنجامێکی دیکەی نابێت. ئەنگڵس جەخت لەسەر ئەوە دەکات، کە ڕووداوەکانی پاش کۆمۆنی پاریس ئەم ڕاستییەیان بە تاقیکردنەوە نیشان داوە. ئەوەی کە لە ڕووسیادا لە ڕاستیدا لە هەمان ڕستەی ئەنگڵسدا وتراوە، تەنیا جیاوازی لەوەدایە کە کوشتاری چینەکە، لە لایەن هێزە سەربازییەکانی دوژمنێکی ئاشکراوە، لە یەک ڕۆژی دیاریکراو بە داگیرکردنی ئەم یان ئەو شار و شتی تر، ڕووی نەداوە، بەڵکوو لە میانەی پرۆسەیەکی دوور و درێژ و ئاڵۆز، لە بەرەی جیاوازدا ڕووی دا. بەڵام لە کۆتاییدا ئەنجام هەر هەمان شت بووە، شکست و کوشتاری چینی کرێکار. ڕەهەندەکانی ئەم شکست و کوشتارە لە دەورانی پاش کۆمۆنی پاریس کەمتر نەبوو. ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین ئەنجامی ئەم ڕاستییەیە کە پرۆلیتاریای سەرکەوتوو لە ڕووسیا، نەیتوانی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەی زەرووری لە پایە ئابوورییەکانی کۆمەڵدا ئەنجام بدات. نەیتوانی شۆڕشی ئابووریی خۆی بە ئەنجام بگەیەنێت. داڕووخانی سیاسی و ئایدیۆلۆژی و ئیداریی شۆڕشی ڕووسیا، ئاکامی بێتوانایی ئەو شۆڕشە بوو لە بەدیهێنانی گۆڕانی شۆڕشگێڕانە لە ئابووریی کۆمەڵدا، ئەمە حوکمێکی بنەڕەتییە لە ڕوانگەی ئێمەدا، ئەمە دەرسی بنەڕەتی شۆڕشی ئۆکتۆبەرە بۆ ئێمە. ئەمە خاڵی حەرەکەتی ڕەخنەی سۆسیالیستییە لە ئەزموونی سۆڤێتدا.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم خاڵە، ئێمە لەگەڵ ئەو ڕوانگانەدا، کە لێکدانەوەی ئەزموونی سۆڤێت لە سەرهەڵدانی بیرۆکراتیزم و داڕووخانی سیاسی و تیۆریی حیزب و دیاردەکانی تری پەیوەست بە مەیدانەکانی سەرخانی کۆمەڵ و شۆڕشەوە حەرەکەت دەکەن، جیاوازیی میتۆدۆلۆژیی جیددیمان هەیە. بە بڕوای ئێمە ئەو کێشە و دیاردانە ئەنجامی پرۆسەی ڕاوەستان و داڕووخانی شۆڕشی ڕووسیان، نەک هۆیەکانی.

ئەمانە بەشێکن لە واقیعەتێک کە دەبێت ڕوون بکرێتەوە نەک ئامرازی شیکردنەوەی ئەم واقیعەتە. ڕوونکردنەوەی ئەزموونی شکستی شۆڕش بەم جۆرە فاکتەرانە وەک



ئەوە وایە، ئەنجام بە هۆی ئەنجامەوە ڕوون بکرێتەوە. ڕێک وەک لێکدانەوەی هۆیەکانی پەیدابوونی نەخۆشییەک بە دیاردە و نیشانەکانی خۆی. ئەوەی کە وتمان دەبێت خاڵی سەرەکیی دەستپێکی ئێمەی لەم باسەدا ڕۆشن کردبێتەوە.

لەدرێژەی باسەکەدا دەکرێ ئەم خاڵانە زیاتر باس بکرێن.

## چوارچێوەی کۆمەڵایەتیی شۆڕشی ئۆکتۆبەر

شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە بار و دۆخ و هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراودا، وەک قۆناغێک لە مێژووی بەرەو پێشچوونی کۆمەڵی سەرمایەداری بە گشتی و کۆمەڵی ڕووسیادا بە تایبەتی شکڵی گرت. لێکدانەوەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە چوارچێوەی مەحدودی بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستیدا، وەک قۆناغێک لە ڕەوتی چوونە پێشەوەی ئەم بزووتنەوەیە و وەک ئەنجامی درێژەی ئەم بزوتنەوەیە لێکدانەوەیەکی ناتەواوە. چ شکڵگرتن و ڕوودانی شۆڕش، چ پرۆسەی داڕووخانەکەی دوایش دەبێت لە ئاستی کۆمەڵگە و مێژووی واقیعیی هاوچەرخی خۆیدا لێک بدرێتەوە، نە تەنها توخمی زەینی کارای شۆڕش، بەڵکوو کۆمەڵێک شێوازی کۆمەڵایەتی و پەیوەندیی چینایەتی، نە تەنیا چینی کرێکار و ئاوات و ئامانجەکانی، بەڵکوو مەوقیعیەت و خواستەکان و ڕەوتی حەرەکەتی هەموو چینە سەرەکییەکان لە کۆمەڵدا ڕەچاو کرابێت. ئەگەر شۆڕشی سۆسیالیستی لە ڕووسیادا سەرکەوتایە و کۆمەڵێکی نوێی سۆسیالیستی بەرپا بوایە، ئەو کاتە ئێمە لەگەڵ دابڕانێکی بنەڕەتی لە مێژووی گەشەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵی ڕووسیادا ڕووبەڕوو دەبووین. بار و دۆخێکی کۆمەڵایەتی بە هەموو پایە ماددی و ڕەوەند و هێزەکانییەوە نەفی دەبووەوە و بار و دۆخێکی نوێ لەسەر بناغەی دینامیزمی نوێ و ئاوات و ئامانج و ئەولەوییەتی نوێ شکڵی گرت. بەڵام شکستی شۆڕش ئیتر ئەو شۆڕشە دەخاتە ئاستی گەشەی مێژوویی کۆمەڵی پێش شۆڕش و پەیوەست بەوەوە. لەسەر ئەو بنەمایە ناتوانرێت مەسەلەکە بەم شێوە سادەیە تەرح بکرێت: یا سەرکەوتنی چینی کرێکار، یان شکستی چینی کرێکار. شۆڕشی ئۆکتۆبەر ڕووداوێکی گەورەی مێژوویی بوو. حەتمەن سەرکەوتنەکەی دەورانساز دەبوو، بەڵام شکستەکەشی جێی مێژوویی خۆی لە ڕەوەندی حەرەکەتی کۆمەڵی تا ئێستادا پەیدا کردووە. بە دەربڕینێکی تر، شۆڕشی کرێکاریی شکستخواردوو هەر چۆنێک بێت، دەور و قۆناغێکی پڕ بایەخە لە مێژووی کۆمەڵایەتیی ڕووسیادا. شۆڕشی شکستخواردووی دژی سەرمایەداری، دەبێت بە

ئەڵقەیەک لە گەشەی سەرمایەداریی زەربەخواردووی شکست نەخواردوو، وە بەم شێوەیە پەیوەست دەبێت بە جەرگەی مێژووی کۆمەڵایەتی پێش خۆیەوە. بە هەر حاڵ شکستی شۆڕشی ڕووسیا خاڵێکی گەشەی کۆمەڵایەتیی بۆرژوازییە لە ڕووسیادا.

تێڕوانینی کۆمەڵایەتی لە بەرامبەر شۆڕشی ئۆکتۆبەردا، یانی دەرککردنی چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکەی لە شیکردنەوەی ئێمەدا جێگەیەکی گرنگی هەیە. دواتر دەچمە سەر بەدەستهێنانی بەرئەنجامی کۆنکرێتتر لەم باسەدا. بەڵام هەر لێرەدا پێویستە بە کورتی ئاماژە بە گرنگی ئەم شێوە مامەڵەیە لە ناسین و لێکدانەوەی مەسەلەی سۆڤێتدا بکەم.

"شۆڕش" تەنانەت شۆڕشێک بە مەزنیی شۆڕشی ئۆکتۆبەریش ڕووداوێکە لە کۆمەڵدا. کۆمەڵ ئەو دیاردە مەزن و هەمە لایەنەیە، کە شۆڕش دروست و پێویست دەکات، سنوورەکەی دیاری دەکات و میکانیزمی زاڵ بەسەریدا پێک دێنێت. لە ڕاستی بە لێکدانەوەی کۆمەڵ دەکرێ شۆڕش بناسرێت و دەرک بکرێت. ئەم حوکمە زۆر سادە و بەڵگەنەویست دێتە بەرچاو، بەڵام گەڕانەوە بۆ کۆمەڵ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە مەبەستی لێکدانەوەی حەرەکەتی مرۆڤەکان، بەردێکی بناغەیی مارکسیزمە. ئەم حوکمە سادە مارکسیستییە لە تەفسیرەکانی چەپە ڕادیکاڵەکان لە مەسەلەی سۆڤێتدا زۆر فەرامۆش کراوە. بەرئەنجامی شۆڕش هەر چییەک بوو، بەرەنجامێک نەبوو لە خودی شۆڕشدا، بەڵکوو بەرئەنجامی کاریگەری شۆڕش لەسەر کۆمەڵی ڕووسیا بوو. کاتێک دەربارەی شۆڕش دەدوێین، دەبێت ئەوەمان لە بیر بێت، کە خەریکین قسە لەسەر ڕوداوێک دەکەین، کە لە هەناوی شێوازێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو و فراواندا ڕووی داوە. شۆڕش کۆمەڵ دادەڕێژێت تا میکانیزمەکان و دینامیزمە سەربەخۆکانی خۆی بکاتە بناغەی حەرەکەتی مێژوو، بە پێچەوانەوە شۆڕش بەرەنجامی میکانیزمەکان و دینامیزمە کۆمەڵایەتییەکانە. کاتێک کەسێک بۆ نموونە لەپڕ چینێکی دەسەڵاتداری تازە لەسەر بناغەی (بیرۆکراسی) لە ڕووسیادا کەشف دەکات، ئەوە خەریکە کۆمەڵ دەکاتە بەرەنجامی شۆڕش. لە لێکدانەوەی مارکسیستیدا شۆڕش ئاستێکە لە دژایەتی و ململانێی چینە کۆمەڵایەتییەکان. لە لێکدانەوەی ناکۆمەڵایەتی و ناماتەریالیستیی چەپی ڕادیکاڵدا، چینە کۆمەڵایەتییەکان زادەی شۆڕشن. یان کاتێک کەسێک ناکۆکیی چینایەتیی بنچینەیی لە بەرەبەیانی شۆڕشی 17دا بە مەیلی خۆی دەکات بە دژایەتی پرۆلیتاریا و توێژە لاوەکییەکان، ئەوە خەریکە کۆمەڵ بکاتە شوێنکەوتەی شۆڕش. لە مارکسیزمدا شۆڕش ڕەنگدانەوەی بوونی قڵشت و جەنگی نێوان چینە کۆمەڵایەتییە



سەرەکییەکانە، کە زادەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی زاڵ بەسەر کۆمەڵدان. لە چەپی ڕادیکاڵدا چینە کۆمەڵایەتییەکان بە ویستی شۆڕش پاش و پێش دەکرێن و دەسڕێنەوە و دەخوڵقێنرێن. حەتمەن ئەو شۆڕشە سۆسیالیستییە سەرکەوتووەی کە پەیوەندییە ئابوورییەکانی بگۆڕێت، کۆمەڵ و چینە کۆمەڵایەتییەکانیش دەگۆڕێت. بەڵام تەواوی توانای خوڵقێنەری شۆڕشی سۆسیالیستی بریتییە لە هەمان ئەم گۆڕینەی پەیوەندییە ئابوورییەکان و ئەو کەسەی کە قسە نەک لە شۆڕشێکی سەرکەوتوو، بەڵکوو لە شۆڕشێکی نیوەوناچڵ، سەرنەکەوتوو، وە یان شکستخواردوو دەکات. کەسێک کە ئەوەی قبووڵ بێ کە ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێرانە لە شێوازی بەرهەمهێناندا بەدی نە هاتووە، ئیتر ناتوانێت کۆمەڵی واقیعەن مەوجوودی تا ئێستا، لە شیکردنەوەی خۆیدا وەلا بنێ و دەست بداتە لێکدانەوەی شۆڕش لەسەر بناغەی خودی شۆڕش. ئەمە ئیتر زیهنیگەرایی و پشتکردنە لە تەواوی ماتەریالیستی مێژوویی مارکس.

تێڕوانینی کۆمەڵایەتی لەسەر شۆڕشی ئۆکتۆبەر، ڕێگەی ئەوەمان ئەدات کە لە لێکدانەوەی دینامیزمی حەرەکەتی شۆڕشدا، هەر وا بە ماتەریالیزمی مێژوویی وەفادار بمێنینەوە، فاکتەرە کۆمەڵایەتییە چارەنووسسازەکان وەکوو پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان، دژایەتییە چینایەتییە واقیعییەکان و لێک پەیوەستەیی مێژوویی ئەم فاکتەرانە لەبەرچاو لانەدەین و بە تایبەتی لە زەمینەکانی پەیدابوونی شۆڕش و هەروەها لە ڕەوتی دیاریکراوی درێژەی ئەو شۆڕشە لە دوای ئۆکتۆبەریش، گرێوگۆڵە بنەڕەتییە کۆمەڵایەتییەکان، مەسەلە کارسازەکانی خەباتی چینایەتی و دینامیزمی واقیعیی حەرەکەتی کۆمەڵ بە ڕێگای شۆڕشدا بناسین.

لەم بەشەی باسەکەدا مەبەستی من ئەوەیە کە پەنجە بخەمە سەری، ئەو خاڵانەی کە مەسەلەی تەوەرەیی شۆڕشە لە ڕووسیادا، مەسەلەیەک کە شۆڕشی ئۆکتۆبەری مومکن کرد و لە دەستنیشانکردنی چارەنووسی دوایی ئەودا چارەنووسساز بوو. ئەم مەسەلەیە بە بڕوای من بەرامبەرکێی پرۆلیتاریا و بۆرژوازیی ڕووسیایە بە درێژایی 40_ 50 ساڵی پێش شۆڕش و دەساڵی پاش ئەو شۆڕشە لەسەر چارەنووسی کۆمەڵگەی ڕووسیا و ئاسۆی پەرەسەندن و گەشەپێدانی ئەو کۆمەڵگایە.

مێژووی ڕووسیا لە دەساڵەکانی پێش شۆڕشدا بە جیددی لەژێر کاریگەری سەرهەڵدان و گەشەکردنی دوو چینی سەرەکی کۆمەڵی سەرمایەداری، پرۆلیتاریا و بۆرژوازیدا بوو. دوو چین کە خۆیان لە یەک کاتدا، نە تەنیا بەرامبەر یەکتر، بەڵکوو لە

بەرامبەر بار و دۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی سەردەمدا دەبینییەوە. دوو چین لە بەرامبەر ڕووسیای تزاریی دواکەوتوووداو بە قسەی لێنین نیوە فیۆداڵیدا ڕاست دەبنەوە و لە هەناویدا گەشە دەکەن. هەر وەکوو دوو چینەکە لە بەرامبەر واقیعیاتی دواکەوتووی مەوجوددا، وێنای "ڕووسیایەکی ئاوەدان و ئازاد و پیشەسازی دەخەنە ڕوو". لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، ئیتر بۆ هەموو کەسێک ڕۆشنە کە ڕووسیا تووشی گۆڕانکاریی جیددی دەبێت. ئەوە ڕوونە کە ڕووسیا دەبێت پێ بنێتە دەورەیەکی تازەوە. دواکەوتوویی ئابووری و سیاسی و فەرهەنگیی ڕووسیا لەچاو تەواوی وڵاتە ئەورووپاییەکانیدا، دەبێتە مایەی ڕەخنە و ناڕەزایەتیی کۆمەڵایەتی لە ڕووسیا.

بەڵام ئەوەی کە لە ڕەوەندی لەوەدوای حەرەکەتی کۆمەڵیی ڕووسیادا دەوری بنەڕەتی دەگێڕێت، ئەو ڕاستییەیە کە ڕووسیای پاشکەوتوو، لە یەک کاتدا، لە دوو ڕوانگەی چینایەتی جیاوازەوە دەدرێتە بەر ڕەخنە. دوو ئاڵتێرناتیڤ لە بەرامبەر کۆمەڵیی ڕووسیادا دادەنرێت. ئاڵتێرناتیڤی دوو چینی جیاواز و دژ بەیەکی کۆمەڵایەتی. سەرمایەداری و سۆسیالیزم دوو ئاسۆی جیاوازن، کە نە تەنیا لە بەرامبەر یەکتردا، بەڵکە هەر لە سەرەتاوە بە شێوەیەکی جیددیتر لە پاڵ یەکدا و بەڵام لە بەرامبەر ڕووسیای واقیعەن مەوجوددا دادەنرێت. تەواوی بۆرژوازیی ڕووسیا خوازیاری پەیوەستبوونی ڕووسیا بەو شارێگەی شارستانییەتە سەرماداریەوەیە کە ئەورووپای ڕۆژئاوای لە هەمان قۆناغدا خەریکە بەرهەمەکەی بە شادییەکی زۆرەوە دەنوێنێت. پرۆلیتاریای ڕووسیا بە شێوەیەکی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر لەژێر کاریگەری سۆسیال دیموکراتی ڕووسدا بانگەواز بۆ سۆسیالیزم دەکات.

واقیعیاتی کۆمەڵایەتیی ڕووسیا پەیوەندی ئەو لەگەڵ کۆمەڵی وڵاتە ئەورووپاییەکاندا و توانای ئەو وەک یەک دەوڵەتی ئیمپریالیستی و توانای سەربازی و هەروەها فراوانیی ئابوورییەکەی بە هەر دوو ئاڵتێرناتیڤەکە لە توانای هاتنەدی مێژووی بەهرەمەند دەکات. لەڕووی بابەتییەوە ڕووسیای دواکەوتووی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم <u>دەتوانێت</u> لە سەدەی بیستەمدا ڕووسیای سەرمایەداری، یان ڕووسیای سۆسیالیستی بێت. پەرەسەندنی ئابووری لە سایەی هەردوو ئاڵتێرناتیڤەکەدا عەمەلییە. هێزە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم دوو ئاڵتێرناتیڤە لە یەک کاتدا لە حاڵی بەسیج و کۆبوونەوەدان. ئاسۆی مێژووی هەردوو ئاڵتێرناتیڤەکە لە هەمان کاتدا لە کەلێنەکانی



کۆمەڵی ڕووسیادا جێی خۆیان گرتووە و لە هەمان کاتدا پایەکانی ئاگایی شۆڕشگێڕانەیان لە ڕووسیادا شکڵ پێ داوە. ڕەچاوکردنی چەند خاڵ لێرەدا پێویستە:

1) لە ئارادابوونی بابەتییانەی دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و فەرهەنگی، بەم مانایە بوو کە ڕووە "هاوبەش"ەکانی دوو ئاڵتێرناتیڤی جیاوازی چینایەتی بۆ دەورەیەکی دوور و درێژ بەرجەستە دەبن و جەختیان لەسەر دەکرێنەوە. سۆسیالیزم و سەرمایەداری نزیکایەتییان لەگەڵ یەکدی نییە، بەڵام ئەگەر واقیعیەتی زاڵی پەیوەندییەکانی فیۆداڵی، تزاریزم، سەرکوت و جەهل بێت، ئەو دەمە توخمی مۆدێرنیزم لە هەردوو ئاڵتێرناتیڤەکەدا بە ناچاری بەرجەستە دەبێتەوە و جەختی لەسەر دەکرێت. پرۆلیتاریا و بۆرژوازی هەردووکیان دوژمنی ئەم دواکەوتووییە ئابووری و سیاسییەن. ئەم ڕووە هاوبەشانە نە تەنیا ئاشکرا دەکرێن، بەڵکە ئاگایانە بە تایبەتی لە لایەن بزووتنەوەی سۆسیالیستییەوە جەختیان لەسەر دەکرێت. بە ڕادەیەک کە سۆسیال دیموکراتی ڕووسی بە پێچەوانەی نارۆدنیزم، پلەیەک لە گەشەی سەرمایەداری لە ڕەوەندی حەرەکەتی کۆمەڵ بەرەو سۆسیالیزم بە حەیاتی و پێویست دەزانێت. سۆسیال دیموکراتی چەندین جار چ لەڕووی سیاسییەوە و چ لەڕووی مشتومڕی فەرهەنگیدا، خۆی لەپاڵ خوازیارانی ئاڵتێرناتیڤی بۆرژوازیدا دەبینێتەوە. جووتهاتنەوە لەگەڵ باسەکانی مارکسیزمی عەمەلی، لە بەرامبەر ئابووریی ڕووسیادا، جووتهاتنەوە بە شێوەیەکی بەرجەستە مەنشەڤیکەکان لەگەڵ بۆرژوازیی لیبراڵی ڕووسیادا، هەر وەها ڕێزدانانی هەمیشەی ڕابەرانی سۆسیال دیموکراتی و لە نێویاندا بۆلشەڤیکەکان، لە قارەمانانی بۆرژوا دیموکراتی لە مێژووی ڕووسیادا، شایەدی ئەم واقیعیەتەن. ئەم جووتهاتنەوانە ئەگەرچی لە هەندێ قۆناغی مێژوویی تایبەتدا ناکرێت بەدی نەیەن، بەڵام بە هەر حاڵ لەڕووی عەمەلییەوە بێجگە لە خاوکردنەوەی پرۆسەی لێکجیابوونەوەی تەواو و هەمە لایەنەی ئاسۆی پرۆلیتێری لە ئاسۆی بۆرژوازی لە کۆمەڵدا، مانایەکی تریان نییە، وە ئەنجامە سەلبییەکانی خۆیان هەر چۆنێک بێت لە دەورانێکی تردا، بە بۆچوونی من بە تایبەتی پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەدی دەهێنایەوە.

2) ئەوە ڕوونە کە سۆسیال دیموکراسی ڕووسی زادەی پێشکەوتنخوازیی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە ڕووسیادا نەبوو. سۆسیال دیموکراسی بەرهەمی ڕووسیا و دیاردەیەکی ڕووسی نەبوو، ئەگەرچی کۆمۆنیزم ئەمڕۆ لە زۆر وڵاتدا بە ڕاستی

ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی ناسیۆناڵ ڕیفۆرمیزمی خۆولاتی و دەربڕینییەتی لە قاڵب و دەستەواژەی وەرگیراو لە مارکسیزمەوە. بەڵام سەبارەت بە ڕووسیا پەیوەندیی سۆسیال دیموکراسی لەگەڵ ئۆردووی پرۆلیتێریی نێونەتەوەییدا قووڵ بوو، وە خەسڵەتی نێونەتەوەیی و چینایەتی بە تەواوی دیار بوو. بەڵام بە هەر حاڵ سۆسیال دیموکراتی لە ڕووسیادا قاڵبێکی بۆ پێشکەوتنخوازیی میللی و ڕیفۆرمیستیی ڕووسی بەدی دەهێنێت، کە بە ناچاری بەشێکی گرنگ لە ناڕەزایەتی دژی تزاری بە تایبەتی لە لایەن توێژە وردەبۆرژواکانی کۆمەڵەوە دەگرتە خۆی. سۆسیال دیموکراسیی ڕووسی لە ڕەوەندی حەرەکەتی خۆیدا بەردەوام لەگەڵ ئەو واقیعەتەدا ڕووبەڕوو بووەتەوە کە ناسیۆناڵ_ ڕیفۆرمیزم لە ڕیزەکانی خودی ئەم بزووتنەوەیەدا بەرهەم و دووبارە بەرهەم دێتەوە و دەبێتە مەیلێک لە سۆسیال دیموکراسی ڕووسیدا. مەنشەڤیکەکان بەرجەستەبووی واقیعی و ماددی ئەم مەیلە کۆمەڵایەتییە لە کۆمەڵی ڕووسیادا بوون.

بەڵام مەنشەڤیزم تاقە چوارچێوەی دەرکەوتنی ئەم مەیل و تەمایولانە نەبوو. ململانێی پرۆلیتایا و بۆرژوازی لە ڕووسیا، ململانێی سۆسیالیزم و سەرمایەداری، بە بەرامبەرکێی نێوان سۆسیال دیموکراسیی کرێکاریی ڕووسیا لەگەڵ نوێنەران و ئەحزابی سیاسیی بۆرژوازی ئاشکرا نەدەوەستایەوە. ئەم ململانێیە بەشێک لە دینامیزمی حەرەکەتی خودی سۆسیال دیموکراسی دەخولقاند و لەگەڵ خۆیدا لەتبوون و کێشمەکێشی جیاواز لەسەر تاکتیک و لە کۆتاییدا ململانێی چارەنووسساز لەسەر ئاسۆی شۆڕشی ڕووسیا، تەنانەت لە ڕیزەکانی خودی بۆڵشەڤیکەکان بەدی دەهێنا. مەسەلەی شێوەی مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتی کاتیی شۆڕشگێڕ لە شۆڕشی 1905دا و جیابوونەوەی بۆڵشەڤیزم و مەنشەڤیزم، مەسەلەی جەنگی جیهانی و هەڵوێستە جۆراوجۆرەکانی ناو سۆسیال دیموکراسی ڕووسی و مەسەلەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و هەڵوێستەکانی فراکسیۆنە جیاجیاکانی ناو خودی حیزبی بۆڵشەڤیک سەبارەت بە ڕەوەندی ئەم شۆڕشە، هەموو ئەمانە شایەدی ناوخۆییبوونی ئەم ململانێ چینایەتییە بوون. ئەم کێشمەکێشە لە هەموو حیزبە کرێکارییەکاندا بە پلەی جیاجیا هەبوو، بەڵام مەسەلەی بنەڕەتی لە بارەی ڕووسیاوە ئەوە بوو، کە خاڵی گرێبەند لەم کێشمەکێشەدا ڕووبەڕووبونەوە و بەرامبەرکێی ئاسۆ سەرەکییە چینایەتییەکان لە تەواویی کۆمەڵی ڕووسیا سەبارەت بە داهاتووی ڕووسیا و مەسەلەی پێشڕەویی ئابووری و کۆمەڵایەتی لەودا بوو.



3) بەم پێیە ئەوە ڕۆشنە کە مێژووی سۆسیال دیموکراسی ڕووسی و مێژووی شۆڕشگێڕییەتی کرێکاری و کۆمۆنیستی لە ڕووسیا، لە هەمان کاتدا مێژووی دابڕان لە کاریگەرییەکانی ئاسۆی بۆرژوا ناسیۆنالیزم و پێشکەوتنخوازیی ڕووسییە. دابڕانێک کە بە ئیعتیباری جووتبوونی مێژوویی دژی تزاری لەگەڵ بۆرژوازیدا و هاوشانی لە مەحکەمکردنی پەیوەندییە ئابوورییەکان و ئاستی بەرهەمهێنان و تەکنیکی نزمی کۆمەڵی ڕووسیا و هاوشانی مێژوویی لە ناڕەزایەتی بەرامبەر زوڵم و زۆرەوە زەرووڕەتی پەیدا دەکرد.

سۆسیال دیموکراسیی ڕووسی نە تەنیا وەک چوارچێوە و ئامرازێک بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی دژی سەرمایەداریی پرۆلیتاریا، بەڵکوو هەروەها وەک ڕەوەندێکیش بۆ ناڕەزایەتی و پێشکەوتنخوازی هەموو خەڵکی بەدی هاتبوو. سۆسیال دیموکراسیی ڕووسی وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی هەر تەنیا نوێنەری سۆسیالیزمی پرۆلیتاری و نێونەتەوەیی لە ڕووسیادا نەبوو. بەڵکوو جەمسەرێکی ڕاکێشەریش بوو بۆ "شۆڕشگێڕیی کۆمەڵگەی ڕووسیا" و ئەم "شۆڕشگێڕی"یە لەڕووی مێژووییەوە لە هەناوی ناڕەزایەتیی ناسیۆنالیزم و دیموکراتیکەوە خولقا بوو، بەڵام ڕەوتی گەشە و جەمسەربەستنی چینایەتیی کۆمەڵی ڕووسیا و هەروەها وردکردنەوە و پوختەکردنەوەی تیۆری و سیاسیی زیاتری مارکسیزم لە ڕووسیا، نەی دەتوانی سۆسیال دیموکراسی هەر وا دەستلێنەدراو بهێڵێتەوە و تا سەر بە هەمان شێوە بیکا بە توخمی پێشڕەوی شۆڕشی کۆمەڵایەتی. مێژووی سۆسیال دیموکراسیی ڕووسی لە هەمان حاڵدا مێژووی جیابوونەوەی پرۆلیتاریا و ڕێبازی ئاسۆی پرۆلیتاری لە بۆرژوازی و ئاسۆی بۆرژوازییە. ئەم ڕەوەندی جیابوونەوەیە دەورانی مێژوویی و خاڵی وەرچەرخانی چارەنووسسازی هەیە، کە هەمووومان پێی ئاشناین. جیابوونەوە لە نارۆدنیزم و ڕەخنە لە نارۆدنیزم وەک سۆسیالیزمی خەڵکیی ناپرۆلیتێری خاڵی سەرەتای پەیدابوونی سۆسیال دیموکراسی شۆڕشگێر بوو. قسە و باسی بۆڵشەڤیکەکان لە شۆڕشی 1905 لەمەڕ پەیوەندیی چینی کرێکار بە دەسەڵاتی سیاسی لە شۆڕشێکی بۆرژوازیدا و شێوەی مامەڵەی پرۆلیتاریا لەگەڵ بۆرژوالیبراڵدا، قسە و باس سەبارەت بە تایبەتییەکانی حیزبی پرۆلیتێری، شیکردنەوەی بۆڵشەڤیکەکان لەسەر زەوی و دەرکی بۆڵشەڤیکەکان لە کاریگەرییە مێژووییەکانی کۆنەپەرستی ئیستۆلیپینی لەسەر پێکهاتی ئابووریی ڕووسیا و لە هەمووی گرنگتر هەڵوێستی

بۆلشەڤیکەکانە لە بەرامبەر جەنگی جیهانیدا، کە دەبوایە سۆسیال دیموکراسی شۆڕشگێڕ بە بەرجەستەترین شێوە ناسیۆنالیزم و نیشتمانپەروەری وەک مەیلێکی دژی کرێکاری مەحکوم بکات. ئەمانە ئەو خاڵی وەرچەرخان و ساتە مێژووییە گرنگانە بوون کە چینی کرێکار و ڕێباز و ئاسۆی خۆی و ئاڵتێرناتیڤی خۆی لە ئاسۆی بۆرژوازی جیا دەکردەوە و وەک هێزێکی چینایەتیی سەربەخۆ لە بەرامبەریدا دەوەستایەوە، ئەم ڕەوەندی دابڕانە پایەیەکی بنەڕەتیی لێنینزمە و کاتێک کە دەڵێین "لێنینزم لە قسە و باسە ئابوورییەکانی ساڵەکانی 24_ 28دا نوێنەرایەتی نەکرا، دەگەڕێینەوە سەر هەمان ئەم واقیعیەتە، یانی لێکجیاکردنەوەی بنەڕەتی و یەکجاریی ئاسۆی پرۆلیتێری لە ئاسۆی بۆرژوازی و ونبوونی جیاکردنەوەیەکی ئاوا لە چارەنووسسازترین دەورانی شۆڕشی ڕووسیادا، لە کات و ساتێکدا کە ئەرکی بناغەیی شۆڕشی کرێکاری، واتە ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەی سەرمایەداری یەکلا دەکرایەوە.

بە هەر حاڵ ئێمە لەسەر ئەوە جەخت دەکەین، خەباتی چینایەتیی ڕووسیا ململانێی دوو هێزی بە تەواوی لێک جیا و جیاواز (لەڕووی فیکری، ئاسۆی سیاسی، ئاڵتێرناتیڤی عەمەلی)یەوە نەبوو. ململانێی دوو ئۆردوگای بە تەواوی لەیەک جیابووەوە و ڕیزبەستوو لە بەرانبەر یەکدا بوو. خەباتی چینایەتی لە ڕووسیا پرۆسەیەکی لە خۆیدا هەڵگرتبوو کە لەو پرۆسەیەدا ریزی پرۆلیتاریا هەنگاو بەهەنگاو لە ناسیۆنالیزم، لیبراڵیزم و مۆدێرنیزمی سەنعەتیی بۆرژوازیی ڕووسی جیا دەبووەوە. هەر وەک وتم، مێژووی سۆسیال دیموکراتیی ڕووسی شایەدی ئەوەیە، کە چۆن پرۆلیتاریای ڕووسیا بە ڕابەرایەتی بۆلشەڤیکەکان هەنگاو بەهەنگاو ئۆپۆزیسیۆنی پێشکەوتنخوازی ڕووسی دەشکێنێت و بیر و ئاوات و ئاسۆی خۆی لە بەرامبەر مەسەلە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا دەبینێتەوە و عەمەلی دەکاتەوە و چۆن لەم ڕێگایەوە بەرانبەرکێی دوو ئاڵتێرناتیڤی چینایەتی بۆ گەشەی کۆمەڵی ڕووسیا بەرجەستە دەبێت.

بەم شێوەیە بناغەی باسەکەی ئێمە ئەوەیە کە تا 1917 لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم جیابوونەوەیە لە ڕەهەندی سیاسی و ئایدیۆلۆژییەوە بە تەواوی ڕووی دابوو، بەڵام لەڕووی ئابوورییەوە، یانی لەڕووی ئاسۆ و دوورنمای گەشەی ئابووریی کۆمەڵی ڕووسیای دوای تزاریزمەوە بە یەکجاری ڕووی نەدابوو. هیچ مشتومڕێکی بنچینەیی



سەبارەت بە مەسەلەی ئابووریی کۆمەڵی دوای شۆڕش، کە لەودا ئاسۆی پرۆلیتاریا لە نوسخە بۆرژوازییەکانی پەرەسەندنی ئابووریی ڕووسیا جیا کرابێتەوە و دیار و سەقامگیر بووبێت تا پێش شۆڕشی 1917 وجودی نییە. تێڕوانینی ئابووریی تایبەتیی پرۆلیتاریا بە هەمان تواناوە کە تێڕوانینی سیاسیی تایبەتیی ئەوە، بۆ نموونە، لە بارەی دەوڵەت، جەنگی ئیمپریالیستی، دیموکراسی، شتی ترەوە، ڕوون کرابۆوە و خرابووە ڕوو، نەکەوتبووە بەر باس. لەوانەیە بوترێت کە ئەم تێڕوانینە لە خودی بیری سۆسیالیزم وەک شێوازێکی نوێی ئابووری و لەبیری نەهێشتنی موڵکایەتیی تایبەتیدا بە ڕادەی کافی ڕۆشن بووە. بەڵام لە ڕاستیدا گرێی مەسەلەکە هەر لێرەدایە. ئەو پێکهێنەرە سەرەکییانەی سۆسیالیزم کە لە زەینی سۆسیال دیموکراسیی ڕووسی و دەروونی سۆسیال دیموکراسیدا بە گشتی زاڵە، بریتییە لە نەهێشتنی موڵکایەتی تایبەتی و بەرنامەڕێژیی ئابووری، چەقبەستنی بەرهەمهێنان و گەشەی هێزەکانی بەرهەمهێنان. ئەمە هەمان ناوەڕۆکی ئەسڵیی بیرکردنەوەی ئابووریی سۆسیال دیموکراسی تا ئەو سەردەمە بوو کە هەر لە یەکەمین پرۆژەی بەرنامەی حیزبی کرێکاریی سۆسیال دیموکراسیی ڕووسیادا کە لە لایەن "پلیخانۆف"ەوە ئامادە کرابوو تا دەگەیشتە قسە و باسەکانی ساڵەکانی 24_ 28 بە شێوەیەکی بەرچاو خۆی دەردەخست. سەیر و سەرنجراکێش ئەوەیە کە ئەمە ڕێک هەر هەمان دەربڕینە لە ئابووریی سۆسیالیستی کە کەم و زۆر لە لایەن سۆسیال دیموکراسیی ڕێفۆرمیستی ئەم سەردەمەوە، یانی میراتگرانی نێونەتەوەیی دووەم، پارێزراوە و تەوەری فۆرموولاسیۆنی بۆرژوازییە لە سۆسیالیزم. لە بۆچوون و لێکدانەوەکانی سۆسیال دیموکراسیی ڕووسدا، پرسگەلی تەوەرەیی سۆسیالیزم و شۆڕشی پرۆلیتێری لە مەیدانی ئابووریدا، گەشەی هێزەکانی بەرهەمهێنان، گەشەی پیشەسازی و بەدیهێنانی ئابوورییەکی مۆدێرنی پشتبەستوو بە بەرنامەڕێژیی ناوەندەوەیە. هۆی ئەمە ئەوەیە کە لە بنەڕەتدا سەرمایەداری ئەوەندەی بە فۆرموولاسیۆنە تیۆرییەکانەوە دەگەڕێتەوە، زیاتر لە گۆشەی "پشێویی بەرهەمهێنان"ەوە دراوەتە بەر ڕەخنە، ئاساییشە کە ئانتی تێزی ئەم سەرمایەدارییە، ئەو ڕژێمە ئابوورییە بێتە بەرچاو، کە تیایدا بە کۆمەکی بەرنامەڕێژی کۆتایی بەم پشێوییە هاتبێ. مەسەلەی بنەڕەتیتری سۆسیالیزم یانی، بەدیهێنانی ئەو شێوازانە لە موڵکایەتی و کۆنترۆڵی ئابووری، کە دەبێت مۆڵکایەتیی بۆرژوازی نەفی بکاتەوە، یانی کۆتایی بە کاری کرێگرتە بهێنێت و سەرمایە بە هەموو

شێوازەکانییەوە لەناوبەرێ و ڕێک لەم ڕێگەیەوە ڕێگەی گەشەی خێرا و سەرسوورهێنەری هێزەکانی بەرهەمهێنان بکاتەوە، کەمتر لەبەر چاو گیراوە. مولکایەتیی سۆسیالیستی و لەناوبردنی کاری کرێگرتە، لەچاو بیری گەشەی هێزەکانی بەرهەمهێنان و بنیادنانی ئابووریی میللی بەرنامەرێژکراودا بە تەواوی وەلا نراوە. دیارە دواتر ڕوونی دەکەینەوە کە ئەم تێگەیشتنە لە ئەرکە ئابوورییەکانی شۆڕشی کرێکاری و ئەم تێنەگەیشتنە لە سۆسیالیزم، یانی زاڵبوونی بیری گەشەی هێزەکانی بەرهەمهێنان بەسەر بیری هەڵوەشاندنەوەی لەبنەوەی سەرمایەداری و مولکایەتیی بۆرژوازیدا، میراتێکی نێونەتەوەیی دووەم و دیترمینیزمی تەکنەلۆژیک و ئێولۆسیۆنیزمی[1] زاڵ بەسەر بیرکردنەوەی ئەودا بوو، وە بە تەنها بار و دۆخی زەینیی سۆسیال دیموکراسیی ڕووسی پێشان نادات.

دواتر دەگەڕێمەوە سەر مەسەلەی تایبەتمەندییەکانی سۆسیالیزم وەکوو ڕژێمێکی ئابووری. ئەوەی کە من لێرەدا دەیخەمە بەر باس و لێکۆڵینەوە ئەوەیە کە سنووربەندیی کرێکاریی ڕووسیا و سۆسیال دیموکراسیی شۆڕشگێڕی ڕووس لەگەڵ ئاسۆی ئابووریی بۆرژوازیی ڕووسیادا کە لە دواکەوتوویی ڕووسیای تزاری بێزار بوو، بەو جۆرەی کە پێویستە بە وردی و ڕۆشنی ئەنجام نەدرابوو. زۆر لایەنی هاوبەش لە ئاسۆ ئابوورییەکانی پرۆلیتاریا و بۆرژوازیدا مابوونەوە. مۆدێرنیزمی ئابووری، گەشەی پیشەسازی و تەنانەت تەمەرکوزی ئابووری و بیری بەرنامە هەموو ئەمانە دەیانتوانی بەشەکانی پلاتفۆرمی ئابووریی بۆرژوازیی گەورەی ڕووسیا بن، کە بە هەر حاڵ دەبوایە بە هەوڵێکی گەورە و جیددی، وە حەتمەن بە ڕەفتار و شێوەی جیاواز لەگەڵ ئابووریی چاودێریکراودا، دواکەوتوویی خۆی پڕ بکاتەوە. (دوای شۆڕشی ڕووسیا و بە بینینی گەشەی خێرای ئابووری بە بەرنامە لەم وڵاتەدا، لە زۆر وڵاتی دواکەوتوودا بۆرژوازی تەواوی بەشەکانی ئەم پلاتفۆرمەی کردە بەرنامەی خۆی) سەرنجتان بۆ ئەوە ڕادەکێشم کە باسەکەی من لێرەدا تەنیا لەسەر بوون و نەبوونی بەڵگەنامەیەک یان نامیلکە و کتێبێ نییە کە تیایدا نەخشەی عەمەلیتری سۆسیالیزمی کرێکاریی لە زەمینەی ئابووریدا باس کرابێت. باس لەسەر فێرکردن و بارهێنانی کرێکارانی پێشڕەوی ڕووسیا، بە حیزبی و ناحیزبی، بە ئاسۆیەکی ئابووریی ئالتێرناتیڤ و پارێزراوهێشتنەوەیانە لە بەرامبەر ئاسۆی

[1] ئێولۆسیۆنیزم: گەشەی قۆناغ و شێنەیی لە بواری دیاردەکاندا. (وەرگێڕ)



بۆرژوازیی و گەشەی ئابووریدایە. پەروەردەکردن و فێرکردنێکی وەها تەنها بە چەندین ساڵ و لە ڕێگەی جەدەل و سنووربەندییە قووڵ و شیکراوەکانەوە دەکرا ئەنجام بدرێ. ڕێک وەک ئەو پرۆسەیەی کە تیایدا نیشتمانپەروەریی ئیمپریالیستی بۆرژوازیی ڕووسیا لە لای کرێکاری ڕووسی بێ بایەخ بوو، ڕێک وەک ئەو ئەزموونە دەوڵەمەندانەی کە لیبراڵیزم و ڕیفۆرمیزمیان لە لای کرێکاری ڕووسی بێ ئیعتیبار کردبوو. بەڵام ئالتێرناتیڤی ئابووریی بۆرژوازیی ڕووسیا دەستی لێ نەدرا و ڕەخنەی لێ نەگیرا و مابووە.

لە واقیعدا دواتر، تەنها پاش ئەوەی کە مەسەلەی ئابووریی ڕووسیا و ڕەوەندی حەرەکەتی ئەو بە شێوەیەکی عەمەلی بوو بە کێشەیەکی جیددی، مانەوەی لایەنە هاوبەشە ڕەخنە لێنەگیراوەکانی نێوان بیرە کۆنەکانی بۆرژوازی دژی قەیسەریی ڕووس، مۆدێرنیزم، سەنعەتیکردن و شتی تر، لەگەڵ چاوەڕوانییە ئابوورییەکانی ڕیزی پێشڕەوی کرێکارانی ڕووسیا دەرکەوت. لە دەورانی مێژوویی و چارەنووسسازی بیستەکاندا هەر ئەم لایەنە هاوبەشانە ڕێگای پێشڕەویی شۆڕشی پرۆلیتارییان لەڕووی ئابوورییەوە، یانی ڕێگای سەرکەوتنی یەکجاری و بێ گەڕانەوەی ئەویان داخست و شۆڕشی پرۆلیتێرییان لە ڕووسیا بە ڕێڕەوی گەشەی سەرمایەداریدا برد.

ئەم بەشەی باسەکەی خۆم کورت دەکەمەوە. سەدەی بیستەم پرسیارێکی بنەڕەتی لە بەرامبەر کۆمەڵی ڕووسیادا بە گشتی دانابوو، ئەویش زاڵبوون بەسەر دواکەوتوویی ئابووری و هەنگاوهەڵهێنانەوەی خێرا بوو بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئەو گەشەی سەنعەتی و بەرهەمهێنانە بوو کە ئەورووپای ڕۆژئاوا تاقی کردبووەوە. هێزە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕووسیا، لە دەوری ئەم مەسەلە بناغەییە کەوتنە جم و جووڵ، دوو چینی بنەڕەتی ڕوو لە گەشە و هەڵدان بۆرژوازی و پرۆلیتاریا بە یەکەوە لە دژی نیزامی کۆن دەستیان دایە خەبات و لە هەمان کاتدا وەکوو دوو هێزی ناکۆک بە دوو ئاسۆی دژ بە یەک و لە بەرامبەر یەکدا وەستان، بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجە بابەتییەکانی کۆمەڵی ڕووسیا، هەر دوو ئالتێرناتیڤەکە لە ئیمکاناتی مێژوویی بۆ جێبەجێبوون و بەدیهاتن بەهرەمەند بوون. هەردوو ئالتێرناتیڤەکە دەیانتوانی ڕێگای بەرەوپێشچوونی ئابووریی کۆمەڵی ڕووسیا بکەنەوە. بۆلشەڤیزم و لێنینزم چینی کرێکاریان وەکوو یەک ڕیزی سەربەخۆ بەرامبەر بە بۆرژوازی و تزاریزم هەردوو،

هێنایە مەیدان. ئەم سەربەخۆییە چینایەتییە لە بەرامبەر چارەنووسی دەسەڵاتی سیاسی و تەنانەت دەزگای حوکوومەتیشدا بە ڕۆشنی بەدەست هاتبوو، وە بووبوون بە تایبەتمەندییەکی ئۆرگانیک و جێگیربوونی بزووتنەوەی پرۆلیتاریای ڕووسیا. هەر ئەم رادەیە لە سەربەخۆیی وای کرد، کرێکارانی ڕووسیا بە ڕابەرایەتی بۆلشەڤیزم نەخشەکانی گەشەی بۆرژوا دیموکراتیکی سەرخانی سیاسی و حوکوومەتی لە ڕووسیا تێک بشکێنێ و دەسەڵاتی سەربەخۆی کرێکاری لە ڕێگای شۆڕشێکی پرۆلیتارییەوە بەرپا بکەن. بەڵام ئامانجی "هەمە خەڵکی" بەسەر دواکەوتوویی ئابووریی میللیی ڕووسیادا زاڵ بوون و ئەو بیرکردنەوە ئابوورییە ناتەواوانەی کە بەسەر سۆسیال دیموکراسی نێونەتەوەییدا زاڵ بوون، توانای ڕیزبەستنی سەربەخۆی کرێکاری لە بەرامبەر مەسەلەی بناغەیی کۆمەڵگای ڕووسیادا، یانی شێوازی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی و گەشەی ئابووری لە چارەنووسسازترین دەورانی شۆڕشی ڕووسیادا، لە چینی کرێکار و حیزبی پێشڕەوی ئەو، حیزبی بۆلشەڤیک زەوت کرد. (شۆڕش بوو بە قوربانی ناڕۆشنیی ئامانجەکانی خۆی)، ئەمە نەک مەسەلەیەکی تیۆری و فیکری، بەڵکوو واقیعەتێکی کۆمەڵایەتی نیشان دەدا. کۆمەڵ لە بەرامبەر مەسەلەی ئاسۆی ئابووریی گەشەی خۆیدا بە ڕادەی پێویست جەمسەری نەبەستبوو. حیزبی کرێکاران بە نەبوونی ئاسۆیەکی ڕۆشن بۆ گۆڕینی شۆڕشگێڕانەی شێوازی بەرهەمهێنان، وە لەژێر گوشاری ئابووریی سیاسیی کۆمەڵی سەرمایەداری لە ئاستی ناوخۆیی و نێونەتەوەییدا پاشەکشەی کرد و بەرەو دواوە بۆ ئەو لایەنە هاوبەشانەی کە لەگەڵ ئاسۆی بۆرژوازی لە هەڵوێستە ئابوورییەکاندا هەیبوو گەڕایەوە. گۆڕینی شۆڕشگێڕانەی ڕژێمی سەرمایەداری جێگەی خۆی بە ئیسڵاحکردنی لە ڕێگەی پەرەپێدانی موڵکایەتیی دەوڵەتی و بەرنامەڕێژی بۆ کەڵەکەی سەرمایە و کاردابەشکردن دا. شۆڕشی کرێکاریی بە وەستانی لەم قۆناغەدا، ڕێگەی بەوەدا کە هەموو سەرکەوتنە سیاسییەکانی وردەوردە لەژێر گوشاری واقیعیاتی پێداویستییەکانی ئابووریی بۆرژوازیدا لێ بستێنێتەوە. لێنینزم، واتە سەربەخۆیی چینایەتی پرۆلیتاریا لە هەموو بەرە و هەموو نەبەردێکدا، لە دەورانی لابەلاکردنەوەی چارەنووسی ڕژێمی ئابووریی کۆمەڵگەدا نوێنەرایەتی نەکرا. "سۆسیالیزم لە یەک وڵاتدا" ئاڵای ئەم پاشەکشەیە بوو بۆ سەنگەری بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی بۆرژوازی_ میللیی ڕووسیا. ئاڵایەک کە هەر لە ئاسمانی بێ ئاڵای لێنین بۆ بنیادنانی



سۆسیالیزم لە ڕووسیادا وەک بونیادێکی ئابووریی "باڵاتر"ی پشتبەستوو بە موڵکایەتیی سۆسیالیستی و لەناوبردنی کاری کرێگرتە، دەکرا هەڵبگیرێت. سۆسیالیزم لە ڕووسیا بە مانای واقیعی مارکسیستی وشە نەک هەر عەمەلی بوو، بەڵکوو بۆ بەردەوامی شۆڕش و سەقامگیرکردنی حەیاتی بوو. شۆڕشی کرێکاریی لە بەرامبەر ئەرکە ئابوورییەکانی خۆیدا شکستی خوارد.

لەم بەڵگەهێنانەوە و لێکدانەوەی سەرەوەدا چەند ئەنجامگیرییەکی گرنگ دەکەین. یەکەم، دیسانەوە پێ لەسەر دەوری تەوەرەیی مەسەلەی گۆڕانی ئابووریی ڕووسیای پاش شۆڕش دادەگرین. خەباتی چینایەتی لە ڕووسیا لە هەناوی شێوازێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو و بە دەوری گرێوگۆڵێکی بنەڕەتی کە لە ناکۆکییەکان و دژایەتییەکانی ئەم شێوازەوە سەرچاوە دەگرن شکڵی گرتبوو. هەر ئەو پرۆسەی گەشە ئابوورییەی کە پرۆلیتاریا و بۆرژوازیی ڕووسیا بەدی هێنا، زەرووڕەتی بابەتیی گۆڕینی بار و دۆخی ئابووریی سەردەمیشی دەهێنایە پێشەوە. چارەنووسی شۆڕشی ڕووسیا لە کۆتاییدا لە چۆنیەتی وەڵامدانەوە بەم زەرووڕەتە بناغەییە کۆمەڵاییەتی_ مێژووییەدا دیاری دەکرێت. ئەمە ئەڵقەیەکی بنەڕەتییە لە گەشەی شۆڕشی پرۆلیتێریدا هەر وەک کێشەی بنەڕەتی دژی شۆڕشی بۆرژوازیش بوو. شیکردنەوەی ماتەریالیستی ئەرکییەتی مێژووی ئەم دەورەیە نە بەپێی ئەلگۆی لەپێشدا داڕێژراوی تیۆری دەربارەی هەنگاوە دروست و نادروستەکان لە شۆڕشێکی کرێکارییدا، بەڵکوو بەپێی چۆنیەتی مامەڵەی چینە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ ئەم مەسەلە گرێییەی کۆمەڵی ڕووسیادا ئەم مێژووە هەڵبسەنگێنین. باسەکەی ئێمە ئەوەیە کە چینی کرێکاری ڕووسیا سەرەڕای ئەوەی کە بە درێژای 20 ساڵ لێبڕاوانە بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی لە خەباتدا بوو، وە سەرەڕای ئەوەی کە ئەم دەسەڵاتەشی بەدەستهێنا و حوکوومەتی کرێکاری بەرپا کرد، لە چارەنووسسازترین قۆناغی شۆڕشدا سەری بۆ ڕێگاچارەی بۆرژوازی لە بواری مەسەلەی گۆڕینی ئابووریی کۆمەڵگە دانەواند. بەرئەنجامی ئابووریی شۆڕش، سەپاندنی ئیسڵاحاتێکی دیاریکراو بەسەر گەشەی سەرمایەداری لە ڕووسیادا بوو، نەک ئاڵوگۆڕی سۆسیالیستییانەی ئەو کۆمەڵگەیە. ڕەگ و ڕیشەی ئەوەش خۆی لە جیانەبوونەوەی ماددی و کۆمەڵایەتیی ئاسۆی ئابووریی چینی کرێکار لە ئاسۆی سەنعەتیگەرایانە و میللیی بۆرژوازیی ڕووسیادا دەبینێتەوە.

دووەم: ئەگەر ئەوە قبووڵ بکەین کە خەباتی هێزە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕووسیا بەر لە شۆڕش وردەوردە لەدەوری دوو ڕێبازی چینایەتیی ئاڵتێرناتیڤ بۆ گەشەی ئاییندەی ڕووسیا، یانی ڕێبازی ناسیۆناڵـ سەنعەتیی بۆرژوازی و ڕێبازی سۆسیالیستی پرۆلیتاریا تەوەرەی دەبەست، ئەو کاتە ڕۆشن دەبێتەوە کە چارەنووسی شۆڕشی کرێکاریی لە ڕووسیاش دەبێت لەسەر بنەما و بەردەوامبوونی هەمان بەرانبەرکێی بناغەیی چینایەتی هەڵبسەنگێنرێت. سەرکەوتنی سیاسیی چینی کرێکار لە ڕووسیا و دەستکۆتاکردنی بۆرژوازیی گەورە، چ لەڕووی سیاسی و چ لەڕووی ئابوورییەوە بە مانای کۆتاییهاتنی خەباتی کۆمەڵایەتی و چینایەتی نێوان پرۆلیتاریا و بۆرژوازی بۆ دیاریکردنی چارەنووسی ڕووسیا بە پێی ئەم شێوە و ئاڵتێرناتیڤانە نەبوو. گرنگ دەرککردنی ئەوەیە، کە ئەم دوو ڕێبازە پاش شۆڕش لە چ شێوەگەلێکی تازەدا و لەسەر بناغەی کام هێزە ماددی و کۆمەڵایەتییانە خۆیان لە مەیدانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ڕووسیادا دەردەخستەوە. چونکە هێشتا لەڕووی مێژووییەوە هەردوو ئاڵتێرناتیڤەکە لە ئیمکاندا بوون و زەمینەی ڕوودانیان هەبوو. هەڵبەتە ئێمە وەک مارکسیست و وەک هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەیەکی چینایەتی دیاریکراو، دەتوانین ئەوە ڕاگەیەنین، لەو سەردەمەدا کە پرۆلیتاریا ئاڵای ئاڵتێرناتیڤی سۆسیالیستی هەڵگرتووە، هەر ئاڵتێرناتیڤێکی کۆمەڵایەتی تر بێجگە لە کۆنەپەرستی مانایەکی دیکەی نییە. دیارە ئەمە نییەت و ئەرکی ئێمە بۆ بێئیعتیبارکردنی عەمەلیی ئاڵتێرناتیڤە چینایەتییەکانی تر نیشان دەدات و حەتمەن وتنیشی زەروورییە، بەڵام بە شێوەیەکی واقیعی لە ڕووسیای 1917دا، دوو پرۆسە دەیتوانی گۆڕانکاری ماددی و واقیعی لە کۆمەڵدا بەدی بێنێت، گۆڕانکارییەک بەرەو بەدیهێنانی وڵاتێکی بەهێز لەڕووی ئابوورییەوە. گەشەی کاپیتالیستیی کۆمەڵی ڕووسیا، بەهێزبوونی ئابووریی ڕووسیا لە سایەی نیزامی سەرمایەداریدا، هێشتا ئیمکانێکی واقیعی و ماددی و ئاسۆیەکی زیندوو بوو لە کۆمەڵدا (هەر بەو جۆرەی کە پاشان بینیمان گەشەی ئابووریی ڕووسیا بەکردەوە لە سایەی نیزامی سەرمایەداریدا بەرەوپێش چوو). بەم پێیە قسە لەسەر ئەوەیە کە کام هێزە کۆمەڵایەتی و چینایەتییانە دەبنە ئاڵاهەڵگری هەریەک لەم ڕێباز و ئاڵتێرناتیڤانەی کە لەڕووی مێژووییەوە عەمەلی و لە توانادا بوون، وە لەمەوبەر تێکۆشام ئەوە نیشان بدەم کە چۆن بەشێک لە سۆسیال دیموکراسیی ڕووس (مەنشەڤیزم) ڕاستەوخۆ لەمێژ بوو بەر لە شۆڕشی 1917ەوە خۆی دابووە



دەست ئاسۆی بۆرژوازیی گەشەی کۆمەڵی ڕووسیاوە و چۆن بۆلشەڤیکەکانیش لەم لایەنە بێ خەڵتە و خەوش نەبوون. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەم ئاسۆ بۆرژوازییە لە سایەی هەلومەرجێکی تایبەتیدا، لە بیستەکانەوە بە زۆری لە سایەی ئامادەنەبوونی ڕیزێکی ڕێکخراوی پرۆلیتاریدا، کە ئاڵای ڕێبازێکی واقیعیی سۆسیالیستی بەرز کاتەوە، لە لایەن خەتی ڕەسمی خودی حیزبی کۆمۆنیست، واتە خەتی ستالینەوە، نوێنەرایەتی کرا.

بەم شێوەیە ئێمە ئەم وێنا ناواقیعییە قبووڵ ناکەین کە دەڵێت لە بەرەبەیانی شۆڕشی 1917دا ناوی بۆرژوازی لە لیستی هێزە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵی ڕووسیادا دەسڕینەوە و ئاڵتێرناتیڤی بۆرژوازیی گەشەی کۆمەڵی ڕووسیا ئیتر شوێنێک لە ئیعرابدا بۆ خۆی نابینێتەوە. دەرککردنی چوارچێوەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر یانی دەرککردنی پێکەوەبەستراوی و نەپساویی خەباتی چینایەتی لەپێش شۆڕش و لەدوای ئەویشدا. یانی دەرککردنی ئەم واقیعەتە کە لە سبەینێی ئۆکتۆبەردا ئاسۆی پرۆلیتێری و بۆرژوازی بۆ گۆڕینی کۆمەڵگە هەر وەک پێش شۆڕش، بە شێوەی واقیعی لە بەرامبەر یەکدا دەوەستنەوە و وەک گرێوگۆڵی خەباتی چینایەتی، هێزە واقیعییەکانی کۆمەڵ لەدەوری خۆیان ڕیز دەکەن. تەنانەت لە تێڕوانینە سواوەکانی چەپی ڕادیکاڵیشدا، ئەوەی کە هێڵی ستالین لە دوالێکدانەوەدا نوێنەرانی ناسیۆنالیزمی ڕووسی دەرکرد، جەختی لەسەر دەکرێت. بەڵام ئەوەی ئەم چەپە فەرامۆشی دەکات، ئەوەیە کە ئەم ناسیۆنالیزمە دیاردەیەکی ئایدیۆلۆژیک، یان بە تەنها مەیلێک نییە لەسەرخاندا. ئەم ناسیۆنالیزمە ئاڵای بۆرژوازی و هێمای دەسەڵاتی ماددیی بۆرژوازییە لە کۆمەڵدا، ئەم ناسیۆنالیزمە ناوەڕۆکێکی ئابووریی دیاریکراوی هەیە و ئەوەش جگە لە گەیاندنی ئابووریی میللیی ڕووسیا بە ئاستی ئابووریی سەرمایەداریی پێشکەوتوو لە ئەورووپای ئەو سەردەمەدا شتێکی دیکە نییە. دەسەڵاتی ماددی بۆرژوازی زۆر واوەتر لە لەخۆبایببوونی فیزیکی بۆرژواکانە لەسەر کورسیی بەڕێوەبەرایەتی و پایە دەوڵەتییەکان. بۆرژوازی بەرژەوەندی و بیرۆکەکانی خۆی وەک ئامانجەگەلی گشت کۆمەڵ بڵاو دەکاتەوە. بیروباوەڕی بۆرژوازی دەبێتە هێزێکی ماددیی گەورە کە لە زەین و ئارەزووە "خۆبەخۆکانی" ملیۆنەها مرۆڤ، کە ڕاستەوخۆ هیچ بەرژەوەندییەکی هاوبەشیان لەگەڵ بۆرژوازیدا نییە، مانەوەی خۆی درێژە پێ دەدات. کەسێک کە لە لێکدانەوەکانی خۆیدا لەگەڵ شۆڕشی 1917دا بۆرژوازی لە

مەیدانی سیاسیی ڕووسیا دەسرێتەوە، ئەوە دەست دەداتە خراپترین داشکان و نالەبارترین جۆری لادان لە دەرکی هەمە لایەنە و کۆمەڵایەتیی مارکسیزم لە پەیوەندییە چینایەتییەکانی کۆمەڵیی سەرمایەداری. شۆڕشی ئۆکتۆبەر کاریگەری گەورەی لەسەر قازانجی چینی کرێکار و تەرازووی هێزەکانی کۆمەڵ لە نێوان پرۆلیتاریا و بۆرژوازیدا دانا. بەڵام خودی ئەم بەرانبەرکێ چینایەتییەی وەک تەوەری خەباتی چینایەتیی کۆمەڵ لەنێو نەبرد و نەیتوانی بەبێ گۆڕانکارییەکی گەورەی ئابووری ئەمە بکات. هەر بەم دەلیلە ئێمە لەگەڵ ئەو ڕوانگانەدا کە بەسەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و دامەزراندنی حوکوومەتی کرێکاران، لێکدانەوەی دینامیزمی بزووتنەوەی کۆمەڵی ڕووسیا بە شتێک بێجگە لە خەباتی چینایەتیی پرۆلیتاریا و بۆرژوازی دەبەستنەوە و بایەخ بە دژایەتییەکانی پرۆلیتاریا لەگەڵ چینە لاوەکییەکانی کۆمەڵ دەدەن، دیدگاگەلێک کە سۆسیالیزم نە لە لایەن کاپیتالیزم بەڵکوو لە لایەن بەرهەمهێنانی وردەکاڵایی و هی ترەوە لە مەترسیدا دەبینن، جیاوازیمان هەیە. بە بۆچوونی ئێمە ئەم شێوە ڕوونکردنەوەیەی مەسەلەکانی کۆمەڵگای پاش شۆڕش لە ڕوانگەی تیۆری مارکسیستییەوە هەڵە و میکانیکییە و لە ڕوانگەی سیاسییەوە خۆشباوەڕانەیە. ئێمە گرنگیی دژایەتی نێوان پرۆلیتاریا و بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ مەیلەکانی توێژە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕەت ناکەینەوە، بەڵکوو جەخت لەسەر بەردەوامی و نەپساویی و پێکەوەگرێدراویی دینامیزمی چینایەتیی حەرەکەتی کۆمەڵگە، یانی بەرامبەرکێی کار و سەرمایە و کرێکار و سەرمایەدار لە دەورەکانی پێش و پاش شۆڕش و وجودی ئەم دینامیزمە لە پشت هەموو کێشمەکێشە کۆمەڵایەتییەکانیشەوە دەکەین. بە دەستکۆتاکردنی سیاسی و ئابووریی بۆرژوازیی گەورەی ڕووسیا، ڕێگەچارەی کۆمەڵایەتی ئەم چینە ناسرێتەوە، بەڵکە ماتەریالە مرۆییە ڕاستەوخۆکانی خۆی لەدەست دەدات و بە ناچاری دەبێت بە شێوەیەکی کاتی ماتەریاڵی مرۆیی و چینایەتی پەیدا بکات. بەواتایەکی تر، ئەگەر پرۆلیتاریا لە سبەینێی ئۆکتۆبەردا بەشوێن ئاڵتێرناتیڤی سۆسیالیستیی خۆیەوەیەتی، لەوبەری هاوکێشەکە ئەوەی خەریکە دەگیرسێ، هاتنەمەیدانی هێزی چینایەتی و توێژی کۆمەڵایەتی وایە کە بتوانن (زۆر ئاشکرایە کە بە لایەنگیری و پشتیوانیی سەرمایەی نێونەتەوەیی) وەک پارێزەری بەرژەوەندییەکانی ئاڵتێرناتیڤی بۆرژوا_ سەنعەتی لە ڕووسیا کار بکەن. جووتیارەکان، وردەبۆرژواکان، بیرۆکراتەکان و هی تر، لە جەرگەی ئەم دژایەتییە بناغەیییە



چینایەتییەدا، دەتوانن تەنیا وەک ماتەریاڵە مرۆیی و چینایەتییەکانی بەردەوامی و موقاوەمەتی ئاڵتێرناتیڤی بۆرژوازی کار بکەن، نەک ئاڵاهەڵگران و هێزی بزوێنەری ئاڵتێرناتیڤە تازە دەرکەوتووەکانی توێژە لاوەکییەکان. تەنیا لە چوارچێوەیەکی وادا، یانی لە بوونیان بە پایەی ماددیی ئاڵتێرناتیڤی بۆرژوازی، ئەم توێژە لاوەکییانە دەتوانن دەوری چارەنووسسازی کۆمەڵایەتی پەیدا بکەن، نەک لە چوارچێوەی پارێزگاریی بەرژەوەندیی توێژەکانی خۆیاندا. نموونەی مەلاکان و زنجیرە مەراتیبی ئایینی لە ئێران نموونەیەکی دیاریکراو و زیندووە لەم واقیعەتە. جم و جووڵی ئەم توێژە و گرنگیی ماددیی ئەم توێژە، نەک لە درێژەدان بە بەرژەوەندییە توێژییەکانی خۆی لە دژی چینی کرێکار، بەڵکوو لە ڕاگرتن و درێژەدان بە حاکمییەتی چینایەتی و ئاڵتێرناتیڤی چینایەتیی بۆرژوازی لە ئێراندایە، خەباتی چینایەتی تەنیا لەسەر بنەمای ئەو ئاڵتێرناتیڤە چینایەتییانە شکڵ دەگرێت کە لە ئیمکانییەتی پیادەکردن و ئیعتیباری مێژوویی_ سەراسەری بەهرەمەندن. ئەم ململانێیە لە سەردەمی ئێمەدا ململانێی سۆسیالیزم و سەرمایەدارییە، ململانێی پرۆلیتاریا و بۆرژوازییە. هەموو توێژ و چینە کۆمەڵایەتییەکان دەبێت لەدەوری ئەم ململانێیە پۆلارێز ببن و لە دواشیکردنەوەدا لە پەیوەند لەگەڵ ئەم ململانێ بنەڕەتییەدا نەبێ، ئەم توێژ و چینانە دەورێکی کۆمەڵایەتی چارەنووسساز ناگێڕن.

مانایەکی تری ئەم باسە ئەوەیە کە لە حاڵەتی شکست، وە یان لادانی پرۆلیتاریا لە جێبەجێکردنی ئاڵتێرناتیڤی خۆیدا، کۆمەڵی ڕووسیا بێجگە لە ئاڵتێرناتیڤی بۆرژوازی ڕێیەکی دیکەی بۆ درێژەدان بە ژیانی ئابووریی خۆی نابینێتەوە. ئێمە باسی شێوەی بەرهەمهێنانی تازە، وە یان ئابووریی بەینابەینیی پشتبەستوو بە شکڵەکانی وردەکاڵایی و هیتر قبووڵ ناکەین. ئێمە بیرۆکراسی و شتی تر وەک چینی کۆمەڵایەتی بنەڕەتی لە یەک کۆمەڵگەدا قبووڵ ناکەین. دەبێت ئەوانە وەک شکڵی بەردەوامی کۆمەڵی سەرمایەداری و حاکمییەتی سەرمایە لێک بدەینەوە. لەسەر کاغەز دەتوانرێت هەر شێوەیەکی بەرهەمهێنانی تازە، وە یان هەر چینێکی دەسەڵاتداری تازە پێناسە بکرێت و واقیعیات بە پێی ئەو ئەلگۆ داهێنراوانە لە خشتەی تایبەتدا ڕیز بکرێت. بەڵام مێژوو بە پێی ئیمکاناتی ماددی و زەمینە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی، کە بەرەنجامی پراتیکی چینە واقیعییە کۆمەڵایەتییەکانە دەجووڵێت. شکستی شۆڕشی پرۆلیتاریا لە ئاستی کۆمەڵی سەرمایەداریدا، بە مانای بەردەوامیی سەرمایەداری، با لە سایەی هەر شکڵ

و شێوەیەکی تازەشدا بێ دەبێ، نەک بە مانای دەرکەوتنی شێوەی بەرهەمهێنانی تازە، کە هێزە بزوێنەرەکانی زەمینەی مێژوویی و پایە کۆمەڵایەتییەکانی لە سەردەمی توند و تیژبوونەوەی ململانێی سەرمایەداری و سۆسیالیزم، بوونی دەرەکییان نەبووە. ئەوانەی بەرگری لەم جۆرە دیدگایانە دەکەن، نە تەنها دەبێت ڕیشە و شکڵەکانی پەیدابوونی شێوە بەرهەمهێنانێکی تازەی لەم جۆرە ڕوون بکەنەوە، نە تەنها دەبێت چۆنیەتی زاڵبوونی بەسەر بزاڤی سۆسیالیستیدا ڕوون بکەنەوە، بەڵکە دەبێت ڕوونی بکەنەوە کە چۆن ئەم ئاڵتێرناتیڤە بەسەر ئاڵتێرناتیڤی بۆرژوازی و کاپیتالیستی مەوجوددا سەرکەوت و چۆن کارێک کە شۆڕشی پرۆلیتاریا نەیتوانیوە بیکات، یانی لەناوبردنی سەرمایە، لە لایەن توێژێکی کۆمەڵایەتی و لە پەناوە و بەبێ هیچ بەرگرییەک لە لایەن بۆرژوازییەوە، عەمەلی کراوەتەوە!

بەکورتییەکەی. جەختکردنی ئێمە لەسەر زەرووڕەتی تێڕوانینی مێژوویی و کۆمەڵایەتی بۆ شۆڕشی ڕووسیا دەمانگەیەنێتە جەختکردن لەسەر ئەو خاڵە، کە دەبێ ململانێی چینە سەرەکییەکانی کۆمەڵ، پرۆلیتاریا و بۆرژوازی و بەرانبەرکێی ئاڵتێرناتیڤە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم دوو چینە، سۆسیالیزم و کاپیتالیزم، بنەمای لێکدانەوەی چارەنووسی شۆڕشی ڕووسیا بێت. ئەو دوو چینەی کە وێڕای بەرانبەرکێی ئاڵتێرناتیڤە کۆمەڵایەتییەکانیان لە قۆناغێکی دیاریکراودا پێکەوە لە دژی ڕژێمی کۆنی ڕووسیا دەستیان دایە خەبات و بە درێژایی چەند قۆناغی دیاریکراو لە شۆڕشی 1905ەوە تا جەنگی یەکەم و شۆڕشی ئۆکتۆبەر، ڕاستەوخۆ لە بەرامبەر یەکتردا وەستانەوە. داکشانی حیزب و دەوڵەتی سۆڤێتی، گەشە و هەڵدانی سیاسەت و کارکردی ناسیۆنالیستی لە حیزب و دەوڵەتی سۆڤێت و لە کۆمینترن و سیاسەتی دەرەکیدا، بابەتگەلێکی بە پێشینە نەبوون. ناڕۆشنیی ئاڵتێرناتیڤی سۆسیالیستی و بۆشاییەک کە بە هۆی لەئارادانەبوونی پراتیکی کۆمەڵایەتیی سۆسیالیستی دروست بوو، زۆر ئاسایی دەیتوانی بە مانای کەلەبەرێک بۆ ناسیۆنالیزم، یانی توخمی دیاریکەری ئاڵتێرناتیڤی بۆرژوا_ سەنعەتی لە ڕووسیادا بێت. ئەگەر ئۆردووی سۆسیالیستی لە نیشاندان بەرەوپێشبردنی ئاڵتێرناتیڤی ماددیی خۆیدا بۆ ڕووسیا سست و کەمکار بێ، ئەو دەمە ئەو ئاڵتێرناتیڤەی تر کە بە واقیعی لە ئارادایە، ناسیۆنالیزم و گەشەی بۆرژوا_ سەنعەتی ڕووسیا مەیدان بە دەستەوە دەگرێت، جا هێزی بەشەریی هەڵسووڕاوی ئەم دیدگا بۆرژوازییە هەر کەس، یان هەر توێژێکی



کۆمەڵایەتی بێت. دەورەی دوای شۆڕش، مەیدانی ململانێی ئەو دوو مەیلە کۆنەی پێشوو، بەڵام ئەمجارەیان لەسەر پرسگەلی تازە و لە سایەی هەلومەرجێکی تازەدا. ئەم ململانێیە لە کۆتاییدا بە قازانجی ناسیۆنالیزم و ڕێگەی گەشەی سەرمایەداری لە ڕووسیا دوایی هات. ئەوەی کە ئێمە دەبێت نیشانی بدەین ئەوەیە کە هۆ و زەمینەکانی شکستی پرۆلیتاریا لەم ململانێیەدا چی بووە؟ پرسگەلی بنەڕەتی لەم ململانێیدا کامانە بوون؟ هێزەکان و نوێنەرە بیلفیعلەکانی ئەم مەیلانە کامانە بوون و چۆن کاریان کرد، فاکتەری یاریدەدەر و ڕێگر بۆ هەر یەکە لەم دوو ڕێبازە لە ڕووسیا، پاش شۆڕش هەبوون، وە لە دواییدا ئاڵتێرناتیڤی پرۆلیتاریای شۆڕشگێر بۆ ڕێگەگرتن لەم شکستە دەبوایە چی بێت و بۆ ئێمە دەبێ چی بێت؟ لەسەر بناغەی ئەم وێنایە و ئەم میتۆدۆلۆژییە گشتییەیە، ئێمە دێین چارەنووسی شۆڕشی ڕووسیا و حیزبی بۆلشەڤیک و دەوڵەتی سۆڤێت و شتی تر لێک دەدەینەوە.

## چەند خاڵێک سەبارەت بە زەمینە تیۆرییەکانی شکستی یەکجاریی شۆڕش

بێگومان یەکێک لە گرنگترین فاکتەرەکانی بێتوانایی چینی کرێکاری ڕووسیا لە بەئەنجامگەیاندنی هەتاسەری شۆڕشی خۆیدا، نائامادەیی تیۆریی توخمی پێشڕەوی ئەم چینە لەم شۆڕشەدا بوو. دواتر دێمەوە سەر ئەم ناتەواوییە لەڕووی ناوەڕۆکەوە. بەڵام پێویستە لە سەرەتاوە ئەوە بڵێم کە باسەکەی من لێرەدا لەسەر شارەزایی (زانستی) حیزبی بۆلشەڤیک لە تیۆری مارکسیزم، وە یان زانستی تیۆریی حیزبی بۆلشەڤیک نییە. من تیۆری وەک قەڵەمڕەوێکی سەربەخۆ وەک شتێک لە خۆیدا باس ناکەم. مەبەستی من لە نائامادەیی تیۆری، بوونی لێڵی و ناڕۆشنیی سیمای سیاسیی چینی کرێکارە لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا. کرێکاری ڕووسی وەک ڕابەری گۆڕانی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵ پێی نایە مەیدان. بەڵام ئەوە کە ئەو گۆڕانە چ چوارچێوەیەکی دەبێت و ئەم ڕابەرایەتییەی کۆمەڵ بە چ لایەکدا دەبات، بەستراوەتەوە بەوەی، چینی کرێکار لە زمانی پێشڕەوانی خۆیەوە چ دەربڕینێک لە خۆی، لە ئامانجەکان و ئەولەوییەتەکانی خۆی لە ئاستی کۆمەڵدا بە دەستەوە دابێ. چینی کرێکار لە پراتیکی خۆیدا و لەو ئاسۆیەی کە پێشڕەوی چینەکە و حیزبی سیاسی و ڕابەرایەتیی عەمەلیی چینەکە بۆی دیاری دەکەن، واوەتر ناچێت. لەوانەیە کرێکار وەک ڕابەری ناڕەزایەتیی کۆمەڵایەتی بێتە مەیدان، بەڵام لە عەمەلدا ئاسۆی خەباتگێڕانەی لە بەدیهێنانی گۆڕانکاریی دیموکراتیک و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی میللی، نەهێشتنی هەڵاوەردنی

نەژادی و شتی تر زیاتر ناڕوات. لە شۆڕشی 79 لە ئێران کرێکاران بە ئاشکرا لە دەورانێکی دیاریکراودا بەکردەوە ڕابەریی ناڕەزایەتیی جەماوەرییان بەدەستەوە گرت (مانگرتنە کرێکارییەکان بەکردەوە بوون بە کانوونی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە). بەڵام هەر ئەم کرێکارانە ئاسۆی خەباتگێڕانەی خۆیان هێندە لە ئاسۆی باڵی چەپی بۆرژوازیی ئێران واوەتر نەبردبوو، بە تایبەتی خاوەنی سیمای کۆمەڵایەتی و سیاسیی ڕابەرێک و هێزێکی سۆسیالیست نەبوون. ئامادەیی تیۆریی توخمی پێشرەو تەنیا بە مانای پوختەیی و زانستیی تیۆریی ئەو نییە، بەڵکوو لە بنەڕەتدا بە مانای کارامەیی ئەو لە چەکدارکردنی چینی کرێکار لە هەر قۆناغ و دەورەیەکی دیاریکراودا، بە دەربڕین و وێنای دروست لە ئامانجە چینایەتییە جیاوازەکانی خۆی لە تەواوی مەیلە کۆمەڵایەتییەکانی ترە. حیزبی چینی کرێکار لەوانەیە لەڕووی دەرکی تیۆریی مارکسیزمەوە کەموکورتی نەبێت، بەڵام بە شێوەیەکی واقیعی نەیتوانیبێت لە ڕێگای خەباتی تیۆرییەوە کرێکارانی بە سنووربەندییەکی قووڵ لە دژی ناسیۆنالیزم، یان ئایین، وە یان ستەمکێشیی ژنان پەروەردە کردبێت و بار هێنابێت. هەر وەکوو وتم ئەم ئامادەییە تیۆرییە کە لە ڕادەی ڕۆشنبوونەوەی چینی کرێکار سەبارەت بە ئەرکە شۆڕشگێڕانەکانیدا دەردەکەوێت، ڕادە و سنووری توانای کرێکاران وەک ڕابەری هێزی گۆڕانکاری لە کۆمەڵدا دیاری دەکات. ئەم ئامادەییە تیۆرییەی بزووتنەوەی سۆسیالیستیی پرۆلیتاریا، تەنیا بە دەرکی زانستیی تیۆریی مارکسیزم لە لایەن حیزبی کرێکارییەوە نایاتەدی و تەنیا لە بوونی کتێب و نامیلکە سەبارەت بە مەسائیلی تیۆریی بزووتنەوەکە خۆی نانوێنێ. مەسەلە لەسەر پەروەردەکردنی ڕابەرانی عەمەلیی چینەکەیە، سنووربەندیی ڕۆشن لەناو کوورەی خەباتی چینایەتی، بە تایبەتی لە خاڵی وەرچەرخانە چارەنووسسازەکانیدایە. مەسەلە لەسەر گۆڕینی ئوسووڵی تیۆریک بە بەشێک لە خۆهۆشیاریی سیاسی و پراتیکی کرێکاری پێشرەو و ڕابەری عەمەلییە و ئەمەش بە ڕێگەی دانانی ئەم ئوسووڵە چینایەتییانە لە بەرامبەر بەرژەوەندیی مەیلە ناپرۆلیتارییەکاندا لەجەرگەی ئەو ململانێ واقیعییانەی کە لە کۆمەڵدا ڕوو دەدەن دێتە دی.

بۆلشەڤیکەکان لە زۆر زەمینەدا کرێکارانی ڕووسیایان بە ئاسۆیەکی سەربەخۆ چەکدار کردبوو. سەیر و سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە چەپی ڕادیکاڵ لە ڕەخنەی تیۆریی خۆیان لە بۆلشەڤیکەکان لە پاش بەدەستهێنانی دەسەڵات، ڕێک پەنجە بۆ ئەو لایەنانە



ڕادەکێشن کە خاڵی بەهێزی بۆلشەڤیزم پێک دێنن، یانی مەسەلەی دەرکی مارکسیستی لە ئینتەرناسیۆنالیزم و دیموکراسیی پرۆلیتێری. ئەمانە ئەو مەیدانانە بوون کە حیزبی بۆلشەڤیک نە تەنیا لەوانەدا نوێنەرایەتیی ئوسووڵییەتی تیۆری لە بەرامبەر هەموو سۆسیالیزمی سەردەمی خۆیدا دەکرد، بەڵکوو ئەم ئوسووڵییەتەشی کردبوو بە بەشێک لە تایبەتمەندیی کرێکاری ڕووسیا. ئەوە هەر بۆلشەڤیکەکان بوون کە لە گرنگترین و چارەنووسسازترین کات و ساتدا، لە سەروبەندی شەڕێکی ئیمپریالیستیدا کە تەواوی سۆسیال دیموکراسیی نێونەتەوەیی کێشابووە پشتگیریکردن لە بۆرژوازیی وڵاتی خۆی، نەک هەر ئینتەرناسیۆنالیزمیان نەخشاند و مانا کردەوە، بەڵکوو کرێکاری ڕووسیایان لە دژی بۆرژوازیی خۆیان کێشایە مەیدانی خەباتی توندوتیژەوە. لە مەیدانی ئوسووڵیی دیموکراسیی پرۆلتاریادا ئەوە بۆلشەڤیکەکان بوون کە ئەزموونی کۆمۆنیستییان لە ڕێگای شووراکانەوە بووژانەوە و بیری توانستی هێنانەدیی حوکوومەتی کرێکارییان لە ڕێگای شووراکانەوە لە ڕیزی کرێکارانی ڕووسیادا چەسپاند. بۆلشەڤیکەکان بۆ کردنی ئەم ئوسووڵانە بە بەشێک لە خۆهۆشیاریی چینی کرێکاری ڕووسیا، چەندین نەبەردی چارەنووسسازیان لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە تا سەردەمی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بردە پێش و ڕابەری کرد.

باسی من سەبارەت بە نائامادەیی تیۆری، ئەو مەیدانانە دەگرێتەوە کە بۆلشەڤیکەکان جیاواز لەوە کە وەک تیۆریسینی مارکسیستی شارەزایی زانستییان لە مەسەلەکەدا هەبووە یان نا، ڕیزبەستنی تیۆری و ئایدیۆلۆژیکی چینی کرێکاریان لە دژی بۆرژوازی قبووڵ نەکردبوو، مەیدانگەلێک کە تا ئەو کاتە نەکرابوونە مەیدانی سەرەکی بەرامبەرکێی ئایدیۆلۆژیکی چینەکان، وە تایبەتمەندییەکانی ناسنامەی سیاسیی پرۆلیتاریا لەو مەیدانانەدا بەرجەستە نەکرابوون، لەوانەیە گیروگرفتە تیۆرییەکانی ڕەوەندێک، حیزبێک و لەوانەش حیزبی بۆلشەڤیک زۆر بێت. لەوانەیە کەسێک ئەوە نیشان بدات کە بۆلشەڤیکەکان سەبارەت بە مەسەلەی ژن، وە یان پەیوەندییە ناوخۆییەکانی حیزب، وە یان مافی دیاریکردنی چارەنووس و شتی تر ناڕۆشنییان هەبووە. باسەکەی ئێمە ئەوەیە ئەگەر واش دابنێین کە هەبوون، نەبوونەتە فاکتەری چارەنووسساز، وە یان لاوازیی تیۆریی دیاریکەر لە چارەنووسی لەوەدوای شۆڕشدا. نائامادەیی بنەڕەتی بەو مانا کۆمەڵایەتییەی کە ڕوونم کردەوە، دەگەڕێتەوە بۆ مەسەلەی دەرخستنی ئەرکە ئابوورییەکانی پرۆلیتاریا و وردکردنەوەی پەیام و

دەستووری پرۆلیتاریا بۆ گۆڕینی پەیوەندییە ئابوورییەکان لە کۆمەڵی ڕووسیادا. بە واتایەکی تر بەکارهێنانی ئەم یان ئەو لادانی تیۆریک بۆ ڕوونکردنەوەی ناکامی حیزبێک و بزووتنەوەیەک بەس نییە. هەموو کەموکوڕییە تیۆریکەکان لە مەیدانی پراکتیکدا لە جێوڕێیەکی یەکسان بەهرەمەند نین. هەرچەندە هەر یەکەیان دەکرێ لە دەورانێکی تایبەتدا ببنە هۆکارێکی دەست و پێگیری چارەنووسساز. هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و مێژوویی و تایبەتمەندیی دەورانی چارەنووسساز لە خەباتی چینایەتیدا، جێوڕێی هەر "لادانێکی تیۆری"ی دیاریکراو دەستنیشان دەکەن. ئێمە دەبێت پەنجە بخەینە سەر ئەو خاڵانەی کە لە تێڕوانینی بۆلشەڤیزم و پرۆلیتاریای ڕووسیادا، دوای شۆڕشی 1917 بوونەتە هۆی بێتواناییان لە بەرامبەر مەسەلە واقیعی و ماددی و چارەنووسسازەکانی ئەو هەلومەرجە دیاریکراوەدا، نەک "لادان" و "پاشەکشە"یان لە ئوسووڵی تیۆریک. لێرەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە، کە بە بۆچوونی من ئەمە هیچ هونەرێکی تێدا نییە مرۆڤ بڕوات لە مێژووی بیروباوەڕی حیزبی بۆلشەڤیک ورد بێتەوە و لە هەر کوێ بوخارین، ترۆتسکی، زینۆڤیف، ستالین، وە یان تەنانەت خودی لێنین و ئەوانی تر خاڵێکیان تەرح کردبێت، وە یان سیاسەتێکیان بردبێتە پێشەوە کە لە ڕوانگەی تیۆرییەوە شایانی ڕەخنە بێت، پەنجە بخاتە سەریان و لە لیستەکەی خۆی کە دەربارەی هۆیەکانی شکستی شۆڕشی کرێکاریی ڕووسیایە جێیان بکاتەوە. بۆچوونی فلانە ڕابەر سەبارەت بە دیموکراسیی دەروون حیزبی، ڕەفتاری ستالین لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا، هەڵوێستی ئەو لەسەر مەسەلەی میللی، فلان وتاری زینۆڤیف لە کۆمنترن و شتی تر، بۆ پێناسەی چوارچێوەی تیۆری شکستەکە بایەخێکیان نییە. بە بۆچوونی من حیزبێک کە گریمان دیموکراسییە ناوخۆییەکەشی کەموکوڕ بوایە، حیزبێک کە دەربارەی مەسەلەی نەتەوایەتیش چەپ و ڕاستی بگوتایە، حیزبێک کە دەربارەی ڕەزاخانیش لێکدانەوەی هەڵەی بکردایە، لەوانەبوو (لە میانەی قسە و باس لە دەرچوون لە نیپ و بنیادنانی ئابووریی سۆڤێت[2])، لە میانەی قسە و باس لەسەر "سۆسیالیزم لە یەک وڵاتدا" سەربەرز وەک ڕابەری پرۆلیتاریای سۆسیالیست بهاتایە دەر. بە مەرجێک ئەم بەشە لە بیرکردنەوەی بە ئەندازەی کافی ڕۆشن و سۆسیالیستی بووایە و لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بۆرژوازی و گرایشەکانیدا بە ئەندازەی کافی لە ئاستی کۆمەڵدا دیار بوایە و نوێنەرایەتی بکردایە. ئێمە هیچ چاکییەک لە گۆڕینی

[2]. ئەم برگەیە لە کتێبی "منتخب آثار منصور حکمت"دا نەهاتووە!/ سالار



مێژووی داڕووخانی شۆڕشی کرێکاری لە سۆڤێت بە مێژووی هەڵە فیکرییەکان لە حیزبی بۆلشەڤیکدا، وە لەم ڕێگەیەوە نزیککردنەوەی هەرچی زیاتری شکست لە 1917 نابینین. دەبێت دەورانی چارەنووسساز و لاوازیی تیۆری چارەنووسساز بدۆزینەوە. حیزبێک کە لە دەورانی چارەنووسسازی مێژووییدا سەربەرز بێتەدەر (بەوجۆرەی کە بۆلشەڤیکەکان لەگەڵ هەر کەموکورتییەک لە دەورانی بەدەستهێنانی دەسەڵاتدا سەربەرز هاتنەدەر). کەموکوڕییە لاوەکییەکانی خۆی لە ڕەوەندی حەرەکەتی ڕوو لە پێش و پێشکەوتنی کۆمەڵ و چینەکەی خۆیدا پڕ دەکاتەوە.

بە بۆچوونی من کەموکوڕیی تیۆریی بنەڕەتی بریتی بوو لە وردنەکردنەوەی ئامانج و شێوەکارە ئابوورییەکانی پرۆلیتاریای سۆسیالیست. ئەم کەموکورتییە زەمینەی مێژوویی دیاریکراوی هەبوو، هەر بەو جۆرەی کە وتم. پێشکەوتنخوازیی ئابووریی بۆرژوازیی ڕووسیا، بیرۆکەی (ڕووسیای ئاوەدان و سەنعەتی) بۆ دەورەیەکی دوورودرێژ بە ڕەخنەلێنەگیراوی مایەوە. ئەو مەسەلەیە، کە کام شێوازی بەرهەمهێنانی دیاریکراو، کام شێوازی ئابووری دەبێت لە ڕووسیادا دابمەزرێت، کەوتە ژێر تیشکی ڕەخنەی دواکەوتووییەوە. پشتبەستنی بەردەوامی ڕابەرانی حیزب لە دەورانی دوای شۆڕشدا بەم فۆرموولەیە، کە (دەبێت لە بۆرژوازییەوە فێر بین) خۆی شایەدی ئەم واقیعەتەیە کە گۆڕانی ئابووری بە گشتی بەرەو چەندایەتییەکی بەرهەمهێنان و باشبوونی هۆیەکانی بەرهەمهێنان دەزانرێت، نەک گۆڕینی شێوازی بەرهەمهێنان، یانی مەیدانێک کە هیچ شتێکی بۆ فێربوون لە بۆرژوازییەوە تێدا نییە و دەبێت پرۆلیتاریا ڕێگای خۆی بە پێچەوانەی تەواوی پراتیکی ئابووریی بۆرژوازی، چ لە ڕووسیا و چ لە ئەڵمانیا درێژە پێ بدات.

بەڵام ڕیشەکانی ئەم بەرتەسکییەی تێڕوانین بۆ ئەرکە ئابوورییەکانی پرۆلیتاریا نابێت تەنیا لە خودی ڕووسیادا بۆی بگەڕێین، فاکتەری گرنگتر لەوانەیە هەموو دەرسەکانی سۆسیال دیموکراسیی نێونەتەوەیی دووەم لەم زەمینەیەدا بێت. ئاسۆ و تێڕوانینی ئینتەرناسیۆناڵی دووەم تا ڕادەیەکی دوورودرێژ بیرکردنەوەی سۆسیال دیموکراسیی ڕووسی خستبووە ژێر کاریگەری خۆیەوە.

ئینتەرناسیۆناڵی دووەم دەربڕینی دیاریکراوی لە مارکسیزم ئەدا بەدەستەوە، کە ئەمیش بە دەوری خۆی ئەنجامگیریی ناسیۆنالیستی دەکات بە کارێکی مومکین. سەرانی هەر ئەم ناسیۆناڵە بوون کە پاش ماوەیەک و لە جەنگی جیهانیدا بوون بە

پارێزەرانی بۆرژوازیی خۆیان و دەبینین کە لە گەشەی خودی ئەم سۆسیال دیموکراسییەدا چۆن ناسیۆنالیزم خۆی لە تەرحی ستراتیژییە ئابووری و سیاسییە میللییەکانی لایەنگرانی بازاڕی ناوخۆیی و وڵاتی خۆییدا گەشە دەکات. سۆسیال دیموکراسیی ڕووسی تا دەورەیەکی دووروودرێژ ئوسووڵی مارکسیزمی بە ڕیوایەتی ئەم ئینتەرناسیۆناڵە و ڕابەرەکانی دەرک دەکات و دەیناسێت. جیابوونەوەی بۆلشەڤیکەکان لە ڕکێفی فیکری و عەمەلیی ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەم یەک پرۆسەی هەنگاو بە هەنگاو بوو، ئەم پرۆسەیەش نوقات و قۆناغی مێژوویی و دیاریکەری هەیە. بەڵام مەسەلەی گرنگ ئەوەیە کە ئەم پرۆسەیە تا سەروبەندی 1917 بە شێوەی کامڵ و یەکجاری نەبراوەتە پێش. کاتێک بۆ نموونە لێکدانەوە ئابوورییەکانی هەردوو ڕەوتی ستالین و ترۆتسکی لە سۆسیالیزم و سەرمایەداری لەبەرچاو بگرین، یانی تێڕوانینێک کە سەرمایەداریی دەوڵەتی و موڵکایەتیی دەوڵەتی بەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێناندا هەر وا بە مانای موڵکایەتیی سۆسیالیستی تێدەگات، کاریگەریی فیکری ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەم بەدی دەکەین.

ئەتوانرێت دوو پایەی سەرەکی لە بیرکردنەوەی ئینتەرناسیۆناڵی دووەمدا وەک بنەڕەتیترین خاڵەکانی لاوازیی تیۆریی بزووتنەوەی مارکسیزم لەم دەورەیەدا و وەک پایە و زەمینەی گرنگ بۆ چەککردنی تیۆریی کۆمۆنیزم لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەسەلەگەلی گەشەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە کۆتایی دەیەی (20)دا ناو بهێنین، یەکەم: گۆڕینی تیۆریی شۆڕشی پرۆلیتێری بە "زانستی" گەشەی پلە بە پلەیی و ئۆلۆسیۆنیستی کۆمەڵ، یانی هەمان تێڕوانینێک کە گەشەی هۆیەکانی بەرهەمهێنان بە تەوەری خۆی دادەنێت و دەیکات بە مۆتۆڕی بزوێنەری مێژووی کۆمەڵ. هەمان تێڕوانینێک کە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان بە ڕەنگدانەوەی ڕوون و سادەی گەشەی چەندایەتی و چۆنایەتی هۆیەکانی بەرهەمهێنان وێنا دەکات و دایدەبڕێت لە خەباتی چینایەتی و پراتیکی مرۆیی لە پێشخستنی مێژووی کۆمەڵایەتیدا. فاکتەری مرۆیی، فاکتەری شۆڕشگێڕانە و چەمکی دەورەی شۆڕشگێڕانە لەم بیرکردنەوەیەدا جێگایەکی دیاریکەری نییە، وە لەبەر ئەوە جێگەیەک بۆ دەوری پراتیکی چینێکی شۆڕشگێڕ ناکاتەوە. لەڕووی فەلسەفییەوە ئەم تێڕوانینە پشتی بە ماتەریالیزمی میکانیکیی داشکێنەرانە بەستووە. ئەمە ئەو میتۆدۆلۆژییەیە کە بەشێکی گەورەی چەپی ئەمڕۆ بەکاری دەهێنن. ئەمە ڕیوایەتێکە لە مارکسیزم کە هەم ئەمڕۆ و هەم بەر لە تیۆریی



شۆڕشگێڕانەی خودی مارکس برەوی هەبووە. لە دەوروبەری خۆماندا زۆر لەوانە دەبینین کە باوەڕیان بەم بۆچوونانە هەیە. ئەو کەسانەی کە بۆ ئامادەکردنی شۆڕشی سۆسیالیستی لە چەرخی بیستەمدا چاوەڕێی گەشەی پیشەسازین لە هەر وڵاتێکدا، ئەو کەسانەی کە دەوری خۆیان لە خەباتی سیاسیدا بە ئاسانکردنی بەهێزبوونی ئەو توێژانە دەزانن کە بە خەیاڵی خۆیان دەتوانن هێزەکانی بەرهەمهێنان گەشە پێ بدەن، هەروەها پارێزەرانی شۆڕشی قۆناغ بە قۆناغ و هی تر. ئەمانە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ هێشتا لەژێر کاریگەریی ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەمدان. ڕێگەم بدەن نموونەیەک لە لاوە بهێنمەوە، بە شێوەیەکی باو بە ئێمە دەڵێن بۆلشەڤیکەکان ئینتەرناسیۆناڵیست بوون، وە لەبەر ئەوە لەو باوەڕەدا بوون کە بەبێ شۆڕشی ئەڵمانیا شۆڕشی ڕووسیا بە سەرکەوتن ناگات. دواتر دەگەڕێمەوە سەر بەهای ئینتەرناسیۆنالیستی ئەم لێکدانەوەیە. بەڵام با تەماشا بکەین و ببینین: ئەوانەی کە لە قسە و باسە ئابوورییەکانی ساڵەکانی 24 بە دواوە لەم تێڕوانینە داکۆکییان دەکرد، ئەم مەسەلەیەیان چۆن لێک دەدایەوە. باسی تەوەرەیی کە لە داکۆکی لەم تێزەوە (لە بنەڕەتدا لە لایەن زینۆڤیفەوە) دەخرێتە ڕوو ئەوەیە، کە ئەڵمانیا ئابوورییەکی پیشەسازیی پێشکەوتووی هەیە. ئەم ئابوورییە ئەتوانێت سۆسیالیزم بە شێوەیەکی واقیعی عەمەلی بکات و ڕووسیای (دواکەوتوو) بە تەنیا ناتوانێت شێوازی سۆسیالیستی دابمەزرێنێت. ئەمە نموونەیەکی زیندووی ئەو بیرکردنەوەیەیە کە لێرەدا باسی دەکەین، کارم بەوە نییە کە ئابووریی ئەڵمانیا لە ساڵی 1917دا، بە بەراوورد لەگەڵ ئابووریی کۆریای خوارووی ئەمڕۆدا دەتوانێت چی بێت و ئەو پێشکەوتووییە پیشەسازییە کە (سۆسیالیزمی مومکین دەکرد) بەو پێودانگانەی کۆمەڵە نیوە سەنعەتییەکانی ئەمڕۆ لە چ ڕادەیەکدا بووە. مەسەلەی من ئەوەیە کە لە تێڕوانینی زینۆڤیف و ئەوانی تردا بۆ ئیمکانییەتی سۆسیالیزم، ئیمکانییەتی نەهێشتنی موڵکایەتیی بۆرژوازی و دامەزراندنی مۆڵکایەتیی سۆسیالیستی، سەرەتا تەماشای ئیمکانی سەنعەتی دەکرێت. ئەم تێڕوانینەیە کە لەگەڵ ڕۆحی مانیفێستی کۆمۆنیست و لەگەڵ ڕۆحی ئایدیۆلۆژیی ئەڵمانیدا کە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی سەرمایە دەسەپێنێ و هەتا ئیمکانییەتی سۆسیالیزمیش بەر لە زینۆڤیف بە 60 ساڵ ڕادەگەیەنێت، جیاوازە. ئەمە سۆسیال داروینیزمە و دیتیرمینیزمێکی ژێرپێکەوتووە، کە ئامادە نییە دەسەڵاتی

واقیعیی پرۆلیتاریای شۆڕشگێر ببینێت و لەجیاتی ئەو بۆ بەدەستهێنانی مۆڵەتی بە عەمەلیکردنی سۆسیالیزم ڕوو دەکاتە هێزەکانی بەرهەمهێنان و گەشەی ئابووری.

بە کورتی، یەکەمین کاریگەریی ئینتەرناسیۆنالی دووەم ئەوە بوو، کە چینی کرێکاری ڕووسیا حیزبی پێشرەوی ئەو هەر لە سەرەتاوە ئیمکانییەتی بەدیهێنانی شێوازی ئابووریی سۆسیالیستییان لە ڕووسیا بە زۆری بە دەلیلی "دواکەوتوویی ئابووری"ی ئەم وڵاتە، لە ستراتیژی خۆیاندا کەمڕەنگ کردبووەوە. ستراتیژیی حیزب لەسەر سەرکەوتنی شۆڕشی ئەڵمانیا داڕێژرا بوو، کە هەڵبەتە ئەگەرێکی واقیعی و مێژوویی بوو.

ڕەگێکی نادروستی تر لە بیرکردنەوەی ئینتەرناسیۆنالی دووەمدا، هێنانەخوارەوەی خودی بیرۆکەی سۆسیالیزم، موڵکایەتیی سۆسیالیستی و نەهێشتنی کاری کرێگرتە بۆ موڵکایەتی و ئابووریی دەوڵەتی بوو. ئەم بیرکردنەوەیە نە تەنیا ئەمڕۆ بەسەر حیزبە سۆسیال دیموکراتە فەرمییەکاندا، بەڵکوو بەسەر بەشێکی گەورەی چەپی ڕادیکاڵیشدا زاڵە. ئەمڕۆکە داکۆکیکەرانی سۆڤێت بۆ بەسۆسیالیستدانانی ئەم وڵاتە، ئاماژە بۆ نەمانی موڵکایەتیی شەخسیی بۆرژوازی لەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێنان لەم وڵاتەدا و زاڵبوونی موڵکایەتیی دەوڵەتی دەکەن. بەشی گەورەی ڕەخنەگران ئەم لێکدانەوەیە لەسەر سۆسیالیزم قبووڵ دەکەن و بەخەمەوەبوونی خۆیان خەرجی ئەوە دەکەن، ئەوە نیشان بدەن کە "دەوڵەتی سۆڤێت پرۆلیتێری نییە"، هەر بۆیە موڵکایەتی دەوڵەتی لەم لایەنە دیاریکراوەدا هاوتای سۆسیالیزم نییە. داشکاندنی سۆسیالیزم بە ئابووریی دەوڵەتی، وەک لادانێکی بۆرژوازی لە تیۆری مارکسیزمدایە. ئەمە ئەو لێکدانەوەیەیە کە بۆرژوازی لە ئاستی جیهاندا برەوی پێ دەدات. بە داخەوە تا ئەمڕۆ بەرگرییەکی شێلگیرانەی تیۆری لە لایەن مارکسیستەکانەوە لە بەرامبەر ئەم لادانە بناغەییە لە ئاسۆی ئابووریی چینی کرێکاردا شکڵی نەگرتووە.

تەوەری ئاوەها لێکدانەوەیەکی بۆرژوازیی بۆ سۆسیالیزم، بریتییە لە هەڵسەنگاندنێکی بۆرژوایی بۆ سەرمایەداری. لەم ڕوانگەیەدا سەرمایەداری نەک بە مانای پەیوەندیی کار و سەرمایە، بەڵکوو بە مانای پەیوەندیی سەرمایەکان لەگەڵ یەکتریدا ناسێنراوە. ئەمە ڕوانگەی تاک سەرمایەدارە و لەبەرئەوە تێڕوانینی بۆرژوازییە بۆ سەرمایەداری. کێبەرکێ و پشێوی بەرهەمهێنان، بە بنەڕەت و بناغەی سەرمایەداری دادەنرێت. لەبەر ئەوە لەبەرانبەریدا وەکوو ئەنتیی تێزی سەرمایەداری، موڵکایەتیی دەوڵەتی و



بەرنامەڕێژی دادەنرێت. تەواوی ئەو لایەنانەی کە سەرمایەداری لەسەر بناغەی بوونی کێبەرکێ دەرک دەکەن، سۆسیالیزم دادەبەزێنە ئاستی موڵکایەتیی دەوڵەتییەوە. ئەمە ڕێسایەکی گشتییە. بۆ مارکس و بۆ ئێمە وەک کەسانێکی مارکسیست کە بناغەی ڕەخنەی مارکسییان لە ئابووریی سیاسیی سەرمایەداری دۆزیبێتەوە، دەرککردن بەم خاڵە کە سەرمایە لە قەڵەمڕەوی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا و بە ئیعتیباری پەیوەندییەکەی لەگەڵ کاری کرێگرتەدا پێناسە دەکرێت سادەیە. کێبەرکێ و لەئارادابوونی فرەیی سەرمایەکان، شێوەی بوون و زاڵی تا ئێستای سەرمایەدارییە. شێوەی دەرەکیبوونی ماهییەتی دەروونی ئەوە. بەڵام ئەم ماهییەتە دەروونییە لەسەر بناغەی ئەم شێوەیە پێناسە ناکرێت. ناوەڕۆکێکی ئابووریی دەستنیشانکراوی هەیە، ئەویش بەکاڵابوونی هێزی کار و چەوساندنەوەیەتی. مارکس بەرهەمهێنانی زێدەبایی یانی دەرکەوتنی زێدەبەرهەم بە شێوەی زێدەبایی بە بناغەی سەرمایەداری ئەزانێت و ئەمە تەنیا بە زادەی کاڵابوونی هێزی کار و زاڵبوونی شێوەی کرێگرتەی کار دەزانێت. بۆ ئێمە ئالتێرناتیڤی سەرمایەداری، نەهێشتنی موڵکایەتیی بۆرژوازی، نەهێشتنی کاری کرێگرتە و دامەزراندنی موڵکایەتیی سۆسیالیستییە بەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێناندا.

پێشەکیی بەرنامەی سۆسیال دیموکراسیی ڕووس و بەشی زۆری قسە و باسە ئابوورییەکانی ناو ئەم لایەنە، پێشاندەری زاڵیی ئەم تێڕوانینە نادروستەی ئینتەرناسیۆنالی دووەمە. تێڕوانینێک کە لەودا سەرمایەداری و قەیرانی ئەم ڕژێمە لەسەر بناغەی کێبەرکێ و پشێویی بەرهەمهێنان پێناسە دەکرێت. ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتیی چینایەتیی سەرمایە دادەبەزێنرێت بۆ ڕواڵەتێکی دیاریکراو، لەبەر ئەوە بۆ دامەزراندنی سۆسیالیزم، لەناوبردنی ئەم ڕواڵەتە دیاریکراوە، یانی کێبەرکێ و موڵکایەتی جۆراوجۆر بەسەر سەرمایەکاندا دەکرێتە ئامانج. هەر وەک وتم دابەزاندنی سۆسیالیزم بۆ ئاستی ئابووریی دەوڵەتی لەم ڕوانگەیەدا حەتمییە.

ئەم میراتە فیکرییەی ئینتەرناسیۆنالی دووەم سەرباری پایە ڕووسییەکانی ناسیۆنالیزم لە سۆسیال دیموکراسیی ڕووسیادا کە پێشتر ئاماژەم پێ کرد، ئاسۆی کۆمۆنیزمی ڕووسیایان سەبارەت بەو گۆڕانکارییە ئابوورییانەی کە لەڕووی مێژووییەوە مومکین بوون لە بەرەبەیانی شۆڕشی کرێکاریدا تەسک دەکردەوە. دیسانەوە جەختی لەسەر دەکەمەوە کە مێژووی حیزبی بۆلشەڤیک و شۆڕشی کرێکاریی لە ڕووسیا، مێژووی دابڕانە لەم میراتانە. بەڵام خاڵی مەبەستی من ئەوەیە کە ئەم دابڕانە بە تەواوی و

هەمە لایەنی ئەنجام نەدرا و بەرهەمە فیکرییەکەی لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتیدا نەبووە هۆشیاریی توێژی پێشڕەوی چینی کرێکار و حیزبە پێشڕەوەکەی. قسە و باس سەبارەت بە "سۆسیالیزم لە یەک وڵاتدا" یانی قسە و باس سەبارەت بە داهاتووی ئابووریی شۆڕش کە لە ساڵەکانی 24_ 28 دا کرا، بوو بە قوربانی ئەم ئاسۆتەسکی و نائامادەییەی حیزبی کرێکارانی پێشڕەو بۆ ئەنجامدانی گۆڕانێکی بناغەیی وا، کە بەردەوامیی سەرکەوتنی شۆڕشی کرێکاری پێویستی پێی بوو. ئەوەی کە لێنینیزم لە دەورەیەکی چەندین ساڵەدا شەڕی لە دژی کردبوو، جارێکی دیکە لەژێر گوشارە واقیعییە ئابووری و سیاسی و تەنانەت سەربازییەکاندا، ئەم جارەیان بە خاوەن دەف و دایەرەی تیۆریی تازەی خۆیەوە بەسەر پراتیکی حیزبی چینی کرێکاردا سەرکەوتنی بەدەستهێنا. نە تەنیا کۆمەڵی ڕووسیا لە میانەی گەشەی شۆڕشی پرۆلیتێری لە مەیدانی ئابووریدا بەرەو پێش نەچوو، بەڵکە تەنانەت ئەو ئینتەرناسیۆنالیستە کۆمۆنیستییەش کە لێنینیزم لە بەرامبەر سۆسیال دیموکراسیدا دایمەزراندبوو، خۆی جارێکی تر بووەوە بە ئامرازی بەرژەوەندی و ئاسۆی ناسیۆنالیستی لە وڵاتێکی دیاریکراودا.

## پرسیارە تەوەرەییەکان لە هەڵوێستگیرییەکی نوسووڵیدا

ئەوەی کە وتم، دەبێت هێڵە گشتییەکان و شێوە ڕەفتاری ئێمەی لە مەسەلەی سۆڤێتدا ڕۆشن کردبێتەوە. هەر وەکوو وتم، مەبەستی ئێمە لەم باسەدا سەلماندنی شرۆڤەی تێزەکانمان نییە، بەڵکە ڕاگەیاندنیانە بە مەبەستی ڕوونبوونەوەی جیاوازیی بۆچوونەکانمان لەگەڵ هەموو ئەو ڕەخنانەی کە لە ئەزموونی سۆڤێتدا هەن. بەو مەبەستەی باسەکە بە وەڵامدانەوەی کورتی هەندێک پرسیاری بنەڕەتی لە بەرەی سۆڤێتەوە درێژە پێ دەدەین.

1) ماهییەتی دەوڵەتی بۆلشەڤیکی:

شۆڕشی ئۆکتۆبەر بێ هیچ ئەملا و ئەولایەک دیکتاتۆریی پرۆلیتاریای لە ڕووسیادا دامەزراند. ئێمە ئەو ڕەخنە بە ڕواڵەت ڕادیکاڵە و لە ڕاستیدا <u>ڕاست</u> و بۆرژوازییە قبووڵ ناکەین، کە گوایە ئەوەی لە ڕووسیا بەرپا بوو، دیکتاتۆریی چینی کرێکار نەبوو. ئەو لایەنانەی چەپ کە بانگەشەی لەو جۆرەیان هەیە، بە زۆری ئاماژە بە پەیوەندیی حیزب و چین و چۆنیەتی دەخاڵەتی جەماوەریی چینەکە لە دەزگای



دەسەڵاتدارەتیدا دەکەن. دەڵێن دەبێت دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا دەسەڵاتی ڕێکخراوی هەموو جەماوەری چینی کرێکار لەسەر بناغەی شێوازێکی ئیداری (دیموکراتیک) بێت. گوایە لە ڕووسیا وا نەبووە و لەبەر ئەوەش بانگەشەی ئەوە دەکرێت، کە دەوڵەتی بۆلشەڤیکی_ شووراییی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا نەبوو. ئەمە بە بۆچوونی ئێمە داماڵینە (تەجرید) لە چینێکی واقیعی بە ڕێگرە واقیعییە سیاسی و عەمەلییەکانییەوە و داماڵاندنە لەو شکڵە مادديیەی کە دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا لە هەنگاوی یەکەمدا، کاتێک کە لە هەناوی کۆمەڵی کۆنەوە سەردەردێنێت، بە خۆیەوە دەگرێت. ئەمە بە مانای داوەری کیتابی و مەحکومکردنی پرۆلیتاریای واقیعی و دەوڵەتی ئەوە. ئەمە بە مانای نەدانی توانای عەمەلی بە چینی کرێکار و بە هەڵە دانانی خەباتی ئەو و دەسەڵاتی ڕاستەقینەی ئەوە بە بیانووی کەموکورتی و ناتەواوییەکانی چۆنیەتی خستنەکاری دەسەڵاتی خۆی. ئەمە ئایدیالیزمە و مانا عەمەلییەکەی پێشوەخت و لە سەرەتاوە نەفیکردنەوەی ئیمکاناتی سەرکەوتنی کرێکارانە. پێشتر سەبارەت بەم باسە، چ لە سیمینارەکانی سۆڤێت و چ لە وتارەکانی وەک دەوڵەت لە دەورانە شۆڕشگێڕانەکاندا، بۆچوونی خۆم باس کردووە.

ئایا مانای ئەم هەڵوێستەی ئێمە گوێنەدانە بە چۆنیەتی عەمەلیی کارکرد و شێوەی دەزگاکانی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا؟ بە هیچ جۆرێک. مانای ئەم قسەیە ئەوەیە کە ئێمە مەحدودییەتە مێژوویی و مادديیەکانی چینێک، کە زادەی کۆمەڵی کۆنن، هەروەها گوشارێک کە لە ململانێی توندوتیژی چینایەتی لە هەلومەرجی شۆڕشگێڕانەدا پەیدا دەبێت، دەرک دەکەین و حیسابیان بۆ دەکەین. ئەوە شتێکی بەڵگەنەویستە، کە بەو ڕادەیەی چینی کرێکار بتوانێت بەبێ کات بەفیرۆدان دیکتاتۆریی خۆی بە شێوازەکانی خستنەکاری ئیرادەی جەماوەری فراوانی چینەکە بە دەزگاگەلی پێناسەکراو و دیموکراتیک پشتئەستور بکات، چینێکی بەتواناتر دەبێت. بەڵام قسە لەسەر هەلێکی مێژوویی دیاریکراو و هەلومەرجێکی مێژوویی دیاریکراوە. ئەگەر چینی کرێکار نەیتوانی ئاوا بکات، ئەگەر نەیتوانی ئەلگۆی ویستراو و تەسویری لەوەپێش خۆی بۆ دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا یەکسەر عەمەلی بکاتەوە، ئەوا ئێمە لەو کەسانە نابین کە حاشا لە حکوومەتی کرێکاران دەکەن و دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا کە لە مەیدانی مێژووی واقیعیدا بە شێوەی عەمەلی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا بە هەڵە دەزانن و لەقەبی لێ دادەماڵن. کرێکاران و ئەحزابی کرێکاری، دەبێت ئەوە بزانن کە لە ڕەوتی مێژووی

واقیعیدا چەندین جار لەوەها هەلومەرجێکدا خۆیان دەبیننەوە. هەلومەرجێک کە لەودا کرێکاران دەسەڵات بەدەست دێنن، بەڵام دەستبەجێ و یەکسەر ماتەریاڵی کۆمەڵایەتیی پێویست بۆ شکڵدان بە حوکوومەتێکی چینایەتی دەقاودەق وەک ئەلگۆی خۆیان دەست ناکەوێت. حیزبی بۆڵشەڤیک شایەدی ڕاوەستاویی پرۆلیتاریای ڕووسیایە لە پاراستنی حاکمییەتی خۆیدا سەرەڕای کەموکورتییە فەرمییەکانیش.

2) لادان و هەڵە تیۆری، سیاسی و ئیدارییەکانی پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر:
ئێمە ڕوودانی زنجیرەیەک لە داڕووخان و پاشەکشەی سیاسی لە شۆڕشی ڕووسیادا ئینکار ناکەین. مەسەلەی ئێمە ڕوونکردنەوەی شوێنی واقیعی ئەم دیاردانەیە لە لێکدانەوەی هۆیەکانی شکستی شۆڕشی ڕووسیادا. ئێمە لە باسەکەی خۆماندا بایەخی بنەڕەتیمان بە کێشەی گۆڕانی ئابووریی کۆمەڵ دا و هۆی بنەڕەتیی شکستی شۆڕشی کرێکاریی ڕووسیامان بە ناتەواویی حیزب و چینی پێشڕەو لە دەستبردن بۆ بناغەی ئابووریی کۆمەڵی سەردەم و ژێرەوژوورکردنی دانا. لەوانەیە ئەو ڕەخنەیەمان لێ بگیرێت کە هۆی بنەڕەتی ئەم ناتەواوییە دەبێت لە مەیدانی سیاسی و لە پاشەکشەکانی حیزب و دەوڵەتی کرێکاریدا ببینرێتەوە. دەرکەوتنی بیرۆکراتیزم، لاوازکردنی دیموکراتیی دەروون حیزبی، کەمکردنەوەی توانایی ئۆرگانە کرێکارییە جەماوەرییەکان بە بەراوردکردن لەگەڵ حیزب و دەوڵەت، سازشی جۆراوجۆر لەگەڵ دەزگاکانی کۆمەڵی کۆن و یان گوشارە عەمەلییەکانی بۆرژوازی و هی تردا، ئەو فاکتەرانە بوون، کە تا ساڵی 1924 ئیتر توانای پێشڕەوییان لە مەیدانی ئابووریدا لە پرۆلیتاریا سەندبووەوە. ئەمە ڕەخنەکەیە. ڕەخنەیەکی تر لەوانەیە ئەوە بێت کە ئەرکی سەرەکیی پرۆلیتاریای ڕووسیا دەستبردن بۆ مەسەلەی گۆڕینی ئابووری نەبوو. مەسەلەی سەرەکیی دەوڵەتی پرۆلیتاری، پاراستنی پوختەیی و ئوسوولییەتەکەی و کۆمەک بۆ بەرەوپێشبردنی شۆڕش لە ئاستی جیهانیدا بوو. ئابووریی ڕووسیا دەکرا لەم ماوەیەدا سەرمایەداریی دەوڵەتی وە یان هەر شکڵێکی تر بە خۆوە بگرێت، ئێمە هیچ یەکێک لەم دوو مامەڵەیە قبووڵ ناکەین. لە بارەی دووەمەوە، پێشتر قسەم کردووە. بە بۆچوونی من ئەمە زەینگەرایی و خۆ دوورگرتنە لە وەڵامدانەوە بە مەسەلە ماددی و واقیعییەکانی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو. چاوەڕوانی، هەر چەندە چاوەڕوانییەکی کاراش بێت بۆ شۆڕشی جیهانی، ناتوانێت جێگەی پێشڕەویی شۆڕشێکی دیاریکراو لە دەورەیەکی دیاریکراودا بگرێتەوە. مەسەلەی ئاسۆ و



داهاتووی ئابووریی ڕووسیا لە ساڵەکانی 1924 بەدواوە بە شێوەیەکی جیددی دەخرێتە ڕوو، وە دەبوایە وەڵامیان بداتەوە. سەرمایەداریی دەوڵەتی وە یان (هەر شێوازێکی دیکە) وەڵامی مەسەلەکە نییە. ئەمە دەورانێکە کە ئیتر دەبێ شۆڕشی کرێکاری لە ڕووسیا حوکمی ئابووری خۆی دەربکات، ئەگەر نا، ئەوا تەنانەت دەسەڵاتی سیاسیی خۆیشی لە دەست دەدات.
بەڵام سەبارەت بە خاڵی یەکەم، یانی پێشخستنی لێکدانەوەی لادانە سیاسییەکان لە باسی ناسینەوەی هۆیەکانی شکستی شۆڕشی کرێکاریدا، دەبێت وردتر قسەی لەسەر بکەم. بە بۆچوونی من دەبێت قەناعەتمان بە جیاوازیگەلێکی جیددی لە نێوان ئەو داڕووخانە سیاسییەی کە ڕەنگدانەوەی ژێرخانێکی ماددی و ئابووریی دووبارە بەرهەمهاتووی دواکەوتوویی و بۆرژوازییە هەبێت و ئەو هەڵە و ناتەواوی و مەیلە نەخوازراوە سیاسییانەی کە ئێستا ئیتر وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دووبارە بەرهەم ناهێنرێتەوە و لە ڕاستیدا لە کەموکورتی و گوشارە کاتییەکانی تەنگانە بڕگەییەکانەوە، یان لە هێزی عادەت و پەروەردەی کۆنی هێزی پێشڕەووەوە بەدی دێن. هەڵەی سیاسی و تیۆری جۆراوجۆر لە هەمان بەرەبەیانی ئۆکتۆبەری 1917دا هەیە. مەیلی نەخوازراوی جۆراوجۆر بەرەو سازش لەگەڵ دەزگاکانی کۆمەڵی کۆن، گەشەی بیرۆکراسی، لاوازکردنی دیموکراسیی دەروون حیزبی و کەمبوونەوەی دەسەڵاتی ئۆرگانەکانی کاری ڕاستەوخۆی کرێکاران و دوورکەوتنەوە لە قووڵکردنەوەی گۆڕینی سیاسی لە ژیانی حوقووقی و فەرهەنگی و شتی تردا بەرچاو دەکەوێت، بەڵام ئەمانە بۆ ئێمە لیستێک لە هۆیەکانی شکست نین، چونکە هێشتا ململانێی چارەنووسسازی پرۆلیتاریا لەسەر مەسەلەی گۆڕینی ئابووری نەهاتۆتە پێشەوە. ئەم ململانێیە لە دەیەی (20)ەوە دەستی پێ کرد. ئەگەر لەم ململانێیەدا ئاڵتێرناتیڤی موڵکایەتیی سۆسیالیستی و نەهێشتنی کاری کرێگرتە، ئاڵتێرناتیڤی پرۆلیتاریا لە زەمینەی دوورنمای ئابووریی ڕووسیادا سەرکەوتایە، ئەو کاتە ئەم مەیلە سیاسیی ئیدارییە نەخوازراوانە نە تەنها لە هەر جۆرە پایەیەکی ماددی بۆ مانەوە بێبەش دەبوون، بەڵکوو لە ڕەوەندی گۆڕانی قووڵی ئابووریی کۆمەڵیشدا کەمڕەنگ دەبوون و جێگای خۆیان بە شێوەکار و کارکردی سیاسی هاوتا لەگەڵ ئەم ئابوورییە لە حاڵەتی گۆڕاندا و لەگەڵ ئەم پێشڕەوییە تازەیەی شۆڕش لە چارەنووسسازترین مەیدانی خۆیدا دەدا. بەڵام ئەگەر بەو جۆرەی کە بەکردەوە بەدی هات، ئاڵتێرناتیڤی ناسیۆنال_ سەنعەتیی

بۆرژوازی ئاسۆی حەرەکەتی ئابووریی ڕووسیای پێک بهێنایە، ئەو کاتە هەمان ئەو هەڵە و ناتەواوییانە کە لە دەورانی شۆڕشدا توخمی لاوەکی و ڕێکەوت و بێبایەخ بوون لە دیاریکردنی چارەنووسی شۆڕشدا، ئەم جارە دەبوون بە بەشی ئۆرگانیک و دووبارە بەرهەمهاتووی سەرخانی سیاسی، هەر وەک بوون. لەسەر ئەم بنەمایە گۆڕانی هەڵە و ناتەواوییە سیاسی و حوقووقی و ئیدارییەکان بۆ داڕووخانێکی هەمە لایەنەی سیاسی، بە یەکلابوونەوەی مەسەلەی ئابووری بە قازانجی ژێرخانێکی ئابووریی بۆژوازی و یەک ڕەوتی گەشەی ئابووریی کاپیتالیستی بەستراوەتەوە. نموونەی بیرۆکراسی نموونەیەکی باشە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم مەسەلەیە. دەوڵەتی کرێکاری لەژێر گوشاری بار و دۆخی دوای شۆڕش دەستی دایە سازشی جۆراوجۆر. سوپای سوور سودی لە داروباری سوپای قەیسەری وەرگرت. ئیداراتیان لەسەر شانی بیرۆکراتەکان بنیاد نا. ئیمتییازیان بە هەندێک توێژی کۆمەڵ دا، تا لە پسپۆڕی و توانا کارگێڕییەکانیان سود وەربگرن. هەموو ئەمانە بێگومان گەواهی بوونی مەیلی نەخوازراو لە مەیدانی سیاسی و کارگێڕیدا بوون. بەڵام بیرۆکراتیزم بەر لە قسە و باسە ئابوورییەکانی دەیەی (20)، نیشانەی سازشی چینی پێشڕەو بوو لەگەڵ ئەو گوشارە دەرەکییانەی کە دەخرایە سەری. ئێمە ئەتوانین ئەم سازشانە هەموو، یان هەندێکیان بە ناچاری نەزانین، بەڵام لەوەدا ناتوانین دوودڵ بین کە ئەم مەیلانە خەریک بوون بەسەر هێزی پێشڕەودا دادەسەپێنران.

دەیان نموونە لە قسە و باسی ڕابەرانی بۆڵشەڤیکی هەیە کە ئەوە نیشان ئەدەن ئەوان ئاگاداری ئەم مەیلە نەخوازراوانە بوون و لێیان بێزار بوون و هەوڵیان داوە پوچەڵیان بکەنەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا وەک سازشی کاتی و ڕەوتەنی ناویان بردوون، کە بە چەسپاندنی دەسەڵاتی پرۆلیتاریا ئیدی ناچار نابن ملی پێ بدەن. بەڵام پاش دەیەی (20)، کاتێک کە ڕێگەی پشتبەستوو بە سەرمایەداریی دەوڵەتی، پشتبەستوو بە کاری کرێگرتە، وەک بناغەی حەرەکەتی کۆمەڵی شۆڕش کردوو، سەقامگیر بوو، کاتێک گەشەی بۆرژوا_ ناسیۆنالیستی وەک بنەمای دووبارە بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی جێکەوت، ئەوسا ئیتر بیرۆکراسی گوشار و سازشی دەرەکی نییە، بەڵکوو دەبێت بە بەشێکی ئۆرگانیک و دووبارە بەرهەمهاتووەوەی سەرخانی سیاسی. لێرەوە ئیتر ئێمە بیرۆکراسی وەک دەزگایەکی سەرخانیی گونجاو لەگەڵ ژێرخانی ئابووریی کۆمەڵ و دینامیزمی گەشەی شێوازی ژێرخانیی ناو دەبەین. شووراکان پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر



بە هۆی جۆراوجۆر و بەزۆری لەژێر گوشاری هەلومەرج و باری نائاساییدا لاواز بوون. ئاشکرایە کە دامەزراوە کرێکارییەکان هەموو لەدەوری بەهێزکردنی حیزبی کرێکاران و دەوڵەتی کرێکاران ساز درابوون و لەم نێوەدا شێوازەکانی دەسەڵاتی ناحیزبی و ڕاستەوخۆی کرێکاری لاواز بوون. بەڵام پاش یەکلابوونەوەی مەسەلەی ڕەوەندی حەرەکەتی ئابووری بە قازانجی ئاسۆی بۆرژواناسیۆنالیستی، ئیتر نابێت هۆی لەبەریەکهەڵوەشان و دیارنەمانی شووراکان و زاڵبوونی بیرۆکراسی، لە هەلومەرجی نائاسایی و بڕگەییدا ببینرێتەوە. بیرۆکراسی سەرخانێکی سیاسیی گونجاو لەگەڵ ئاسۆی ئابوورییەکی سەرمایەدارانە و دەوڵەتیدا بوو کە لە کۆمەڵدا سەقامگیر بوو. لە دەورەی یەکەمدا شووراکان لاواز کران، تا دەوڵەتی کرێکاری لە کێشەکانی ڕزگار بێت. لە دەورەی دووەمدا دەبووایە شووراکان بە یەکجاری وەلا بنرێن، تا میکانیزمی بڕیاردانی سیاسی و ئابووری لەگەڵ لۆژیکی بۆرژوازیی گەشەی ئابووریی کۆمەڵدا هاوتا بێتەوە.

لەسەر ئەم بنەمایە، ئێمە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان لادانەکان و هەڵە سەرخانییەکانی کۆمەڵی ڕووسیای ڕاستەوخۆ و پاش شۆڕش (لەڕووی ئایدیۆلۆژی، سیاسی، فەرهەنگی و هی تردا) و داڕووخانی سیاسی پاش دەیەی (20)دا دەبینین. ناتەواوییە سیاسی و سەرخانییەکان لە دەورەی یەکەمدا بە بۆچوونی ئێمە فاکتەرێکی لاوەکیتر و بێ بایەخترن، کە لە دیاریکردنی چارەنووسی شۆڕشی ڕووسیادا ڕۆڵی دیاریکەریان نییە. ئەمانە کۆمەڵە گرایش و کەموکووڕییەکن، دەکرا قەرەبوو بکرێنەوە و وەلا بنرێن. ناکرێ ئەوانە وەک فاکتەری خەسڵەتنوما لە لێکدانەوەی شۆڕشی کرێکاریدا حیساب بکرێن. بەڵام لە دەورەی پاش دەیەی (20)دا، کاتێک کە ڕێگای گەشەی بۆرژوا_ ناسیۆنالیستی زاڵ بێت، ئەم تایبەتمەندییە سەرخانییانە دەبنە بەشە ئۆرگانیک و دووبارە بەرهەمهاتووەکانی ڕژێمێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی. سەرخانێک کە تایبەتمەندیی بنەڕەتی ژێرخانی بەرهەمهێنان لە خۆیدا دەنوێنێت.

ڕێم پێ بدەن لە ڕێگەیەکی تریشەوە ئەم مەسەلەیە ڕوون بکەمەوە. ئەگەر ئەو دابەشکارییەی کە لە وتاری دەوڵەت لە دەورانە شۆڕشگێڕانەکاندا ئاماژەم پێ کردووە، یانی دابەشکاریی دەورانی پاش شۆڕش، دەورەیەکی بە مانای تایبەت شۆڕشگێڕی و دەورەی سەقامگیربوونی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا لەبەرچاو بگرین، ئەو کاتە دەکرێ مەسەلەکە بەم جۆرە بخرێتە ڕوو: لە دەورەی یەکەمدا، کاتێک کە

مەسەلەی تەوەرەیی شۆڕش چەسپاندنی دەوڵەتی تازەی کرێکاریی بوو، زۆر سازش بەسەر چینی کرێکاردا سەپێنرا. ئەم سازشانە نە بێڕەوشتی بوون، نە نائوسوولی. بەزۆری لە بەهێزی دوژمن و هەلومەرجی باری نائاسایی و بەرگریی توندوتیژی بۆرژوازیی خۆولاتی و جیهانییەوە سەرچاوەیان دەگرت. لادانە سیاسی و ئیدارییەکان لەم دەورەیەدا بە پێچەوانەی مەیل و خواست و گەڵاڵەی حیزبی پێشڕەو بەسەریدا دەسەپێنرێت، چینی کرێکاری ڕووسیا دەورەی یەکەمی سەرەڕای هەموو ئەم سازشانە بە سەرکەوتوویی تێپەڕاند. لە ساڵی (24) دا ئیتر دەوڵەتی کرێکاری دەسەڵاتی سیاسیی خۆی لە دژی بەرگریی بۆرژوازی چەسپاندبوو. بەڵام هەر بە هەمان هۆ، مەسەلەی ناوەڕۆکی ئابووریی شۆڕشی کرێکاری و ئەرکە ئابوورییەکانی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا دەبێتە مەسەلەی ناوەندی لە گەشەی شۆڕشدا، یانی ئەنجامدانی ئەم شۆڕشە ئابوورییەی کە ئەنگڵس واتەنی بەبێ ئەوە سەرکەوتنی سیاسی چینەکەش پووچەڵ دەبێتەوە. ئەم شۆڕشە ئابوورییە ڕووی نەدا. چونکە چینی کرێکار و حیزبی پێشڕەوی ئەو بە شێوەیەکی ماددی، ئاسۆیەکی لەم بابەتەیان لە بەرامبەر خۆیاندا دانەنابوو. ناسیۆنالیزم و سەنعەتگەرایی بۆرژوازی یانی ئاڵتێرناتیڤی ڕیشەدار و زەمینەداری بۆرژوازیی ڕووسیا بە درێژایی سەدەی بیستەم کە سۆسیال دیموکراسی ڕووسیا بە ڕوونی سنووری خۆی لەگەڵیدا پێناسە نەکردبوو، لەم قۆناغەی شۆڕشدا سەرکەوتووانە هاتەدەر. بەرئەنجامی ئەوەی کە ناتەواوییەکان و هەڵە سیاسی و ئیدارییەکانی دەورەی یەکەم نە تەنیا لە ئەنجامی شۆڕشێکی گەورەی ئابووریدا، شۆڕشێک کە دەبوایە موڵکایەتیی سۆسیالیستی دامەزرێنێت لا نەبران و قەرەبوو نەکرانەوە، بەڵکوو بە سەرکەوتنی ئاسۆی ئابووریی بۆرژوازی بە پێناسەکردنی دوورنمای ئابووریی دەوڵەتیی پشتبەستوو بە کاری کرێگرتە بۆ کۆمەڵی ڕووسیا، ئەم هەڵانە گەیشتە ئاستێکی بەرزتر. بیرۆکراتیزم و نەمانی دیموکراسیی ناوخۆیی، بێمافی و نەمانی شووراکان، نەهێشتنی کۆنترۆڵی کرێکاری و شتی تر، هەموویان وەک بەشی ئۆرگانیکی ئەم شێوازە ئابوورییەی بۆرژوازی جێگیر بوون. ئێستا ئیتر ئەم دیاردانە وەک سەرخانی گونجاو لەگەڵ ڕەوەندی ئابووریی تازەدا دووبارە بەرهەم دێنەوە. بەپێی ئەمە، ئێمە ئەتوانین لە هەردوو دەورەکەدا ئەم گرایشە لادەرانانە لە سەرخانی سیاسی و ئایدیۆلۆژیی کۆمەڵی ڕووسیادا وەک کۆمەڵە فاکتەرێکی ناچارەنووسساز ناوبەرین. لە دەورەی یەکەمدا ئەم فاکتەرانە بە بەراوردکردنیان لەگەڵ پێویستیی چینی کرێکار بۆ چەسپاندنی دەسەڵتداریتی خۆی لاوەکین. لە دەورەی دووەمدا، ئەم گرایشانە بێ پێشینە نین، بەڵکوو بەرهەم و ئەنجامی لادانێکی ژێرخانیتر و بنەڕەتیتر یانی هەڵبژاردنی ڕێگای گەشەی بۆرژوایی بۆ کۆمەڵی ڕووسیان.

دەبێ لێرەدا ئاماژە بە چەند خاڵێک بکەم: یەکەم لەوانەیە پرسیار بکرێت کە بۆچی ئێمە لادانە سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکانی دەورەی یەکەم بە قابیلی قەرەبووکردنەوە دەزانین. بە بۆچوونی من ئەگەر کەسێک قەبووڵی بێت کە ئەوەی لەڕووی ئابوورییەوە لە ڕووسیا پێویست بوو، بریتی بوو لە شۆڕشێکی ئابووری، ئەگەر قەبووڵی بێت کە شۆڕشێکی وا لە دەیەی (20)دا هێشتا لەڕووی بابەتییەوە مومکین بوو وە هەلی مێژوویی بۆ ئەنجامدانی هەبوو، ئەو کاتە دەرکی ئەم مەسەلەیە، کە شۆڕشێکی وا لەگەڵ خۆیدا بووژاندنەوەی شووراکان، بووژاندنەوەی فراوانترین دیموکراسیی پرۆلیتێری لەدەروونی دەزگای دەوڵەتی و حیزبیدا و نەهێشتنی بیرۆکراتیکی بەدی دێنێت، دژوار نییە.

هەونگاونان ڕووەو دامەزراندنی خاوەندارێتی سۆسیالیستی و نەهێشتنی کاری کرێگرتە، هەنگاونان ڕووەو خستنەکاری کۆنترۆڵی ڕاستەقینەی کرێکاران لەسەر ئابووری و بڕیاردانی ئابووری، جارێکی تر لایەنە تەواوکەرەکانی شێوازە بیرۆکراتی و بۆرژواییییەکانی لە ئاستی سیاسی و کارگێڕیدا دەدایەوە بەر هێرش. بەرگری ئەم شێوازانە زۆر لە بەرگری سەرتاپای ڕژێمی ئیداری و سیاسیی تزاریزم و بۆرژوازیی ڕووسیا لاوازتر دەبوو.

ئێمە جیاوازییەکی تەواومان لەگەڵ ئەو تێڕوانینەدا هەیە کە دەڵێ، ستالین کە دەستی باڵای پەیدا کرد، بە دەرکردنی فڵان بڕیار سەبارەت بە مافی فراکسیۆنەکان و بە فڵانە دەخاڵەتی شوورای کۆمیسارەکانی خەڵک بۆ بەرتەسککردنەوەی مەودای دەسەڵاتی شووراکان و کۆمیتەکانی کارخانە، ئیتر فاتیحای شۆڕش و دیموکراسیی کرێکاریی خوێنرایەوە و ڕێگای گەڕانەوە نەمایەوە. هەر ئەم حیزبە بە هەموو کەموکورتییەکانییەوە لە حاڵەتی هەبوونی پێشڕەوی خاوەندارێتی سۆسیالیستی و شێوازە سۆسیالیستییەکانی بەرهەمهێنان، دەیتوانی لە قسە و باسە ئابوورییەکانی دەیەی (20)دا سەربەرز بێتە دەر و بەم پێیە، پایە ماددییەکانی لابردنی ناتەواوییە سیاسی و ئیداری و کەموکوڕییە سەرخانییەکانی کۆمەڵ بەدی بێنێت. گیروگرفتی ڕاستەقینە لەم ناتەواوی و هەڵانەی حیزبدا نەبوو، بەڵکوو لە ناتەواوییەکی بنەڕەتیتردا

بوو. کە ئەویش نەبوونی ئاسۆیەکی ڕۆشن دەربارەی شێوازەکانی خاوەنداریێتی و بەرهەمهێنانی سۆسیالیستی بوو.

خاڵێکی تر ئەوەیە کە ئێمە لەگەڵ ئەو دیدگایانەدا کە بناغەی لێکدانەوەی خۆیان لەسەر مەیلە لادەرە سەرخانییەکان لە حیزب و کۆمەڵی ڕووسیا دادەڕێژن، ئەو دیدگایانەی کە داڕووخانی شۆڕشیی ڕووسیا بە ڕەنگدانەوەی داڕووخانی سیاسیی حیزب، یان داڕووخانی ئیداریی دەوڵەت دەبینن، بە هیچ جۆرێک نایەینەوە. ئەم داڕووخانە سیاسییە <u>ئەنجامی</u> داڕووخانی ئابووریی شۆڕشە، نەک هۆی ئەو، وە دەبێت وەک ئەنجامێکی ناچاری ئەم داڕووخانە ئابوورییە ڕوون بکرێتەوە. لە لایەکی ترەوە ئێمە ئەو بایەخەی کە هەندێک دیدگا بە پێشێلکردنی دیموکراسی دەدەن لە دەورەی یەکەمی شۆڕش (یەکسەر دوای ئۆکتۆبەر)دا، بە ڕاست نازانین. ئەمە تێڕوانینێکی دیموکراتیکە بۆ شۆڕشی کرێکاریی. لەگەڵ ئەوەشدا کە حەتمەن دەبوایە هەوڵ بدرێت تا دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا هەر لە ئەوەڵەوە پێشکەوتووترین شێوازی دیموکراسیی پرۆلیتێری بگرێتە بەر. سەرنەکەوتنی کرێکارانی ڕووسیا لەم کارەدا، هۆی سەرەکیی شکستی ئەوان نەبوو. سەرەڕای ئەم کەموکورتییانەی ئەوان، قۆناغێکی دیاریکەریان بە سەرکەوتوویی تێپەڕاند. هۆی بنەڕەتیی شکستی یەکجاریی کرێکاران لە ڕووسیا دەبێت لە شکستی ئابووری چینەکە لە دەیەی (20)دا تاووتوێ بکرێت. ئەگەر کرێکاری ڕووسیا لەم شەڕە دیاریکەرەدا لە قۆناغی دووەمدا سەرکەوتایە، ئەو کاتە کێشە و کەموکورتییەکانی دەورەی یەکەم وەک ئازارێکی کاتی و ڕەوتەنی ژانی لەدایکبوونی کۆمەڵێکی نوێ لەجێی خۆیان دەنیشتنەوە و لە مێژووی گشتیی ڕووسیای پاش شۆڕشدا کەمڕەنگ دەبوون.

3) "سۆسیالیزم لە یەک وڵاتدا" و چارەنووسی ئابووریی شۆڕشی ئۆکتۆبەر:

کۆمەڵی ڕووسیا لە 1923دا ئیتر قۆناغی یەکەمی شۆڕشی کرێکاری بەسەربردبوو. دەسەڵاتی سیاسیی کرێکاران، سەرەڕای هەموو سازشەکان، کەموکورتییەکان و هەڵەکان هەر چۆنێک بوو لە بەرامبەر بەرهەڵستیی ئاشکرای سیاسی و سەربازیی بۆرژوازیدا سەرکەوتوو و سەربەرز هاتەدەر. ئێستا ئیتر مەسەلەی بناغەی شۆڕشی ڕووسیا، یانی گۆڕینی ئابووریی کۆمەڵ لە سایەی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریادا وردەوردە دێتە پێشەوە. ئەمە مەسەلەیەکە کە لە مەنتیقی ئەو ململانێیانەدا کە لەدەوری باسی "سۆسیالیزم لە یەک وڵاتدا" شکڵی گرت، تاوەکوو ساڵی 29 ئیتر بە یەکجاری ڕوون



دەبێتەوە. ئاسۆی ئابووریی بۆرژوازی و ڕێگاگەشەی ئابووریی سەرمایەدارانە لەم دەورەیەدا زاڵ دەبێت و لە دەیەی (30)دا ئێمە ئیتر لەگەڵ حەرەکەتی گشتیی کۆمەڵ لەم ڕەوەندەدا ڕووبەڕووین. لەم دەورەیەدا ئیتر کامڵبوونی بۆرژوازیی کۆمەڵی ڕووسیا <u>سەرەکییە</u> و خەباتی کرێکاری، خەباتێکە لە هەمبەر ئەم قانوونمەندییەی حەرەکەتی کۆمەڵدا.

سەبارەت بە باسی "سۆسیالیزم لە یەک وڵاتدا" دەربڕینی ڕای خۆمان لە بارەی چەند مەسەلەیەکەوە بە ڕاشکاوی زەرووریيە:

یەکەم: بە بڕوای ئێمە لەڕووی تیۆرییەوە، <u>سەربەخۆ لە باسی سۆڤێت</u>، دامەزراندنی سۆسیالیزم لە یەک وڵاتدا، یانی دامەزراندنی شێوازێکی ڕاوەستاو و پشتبەستوو بە موڵکایەتیی سۆسیالیستی و نەهێشتنی کاری کرێگرتە و هاوڕێک لەگەڵ ئەو نەخشانەی کە مارکس وەکوو قۆناغی پایەیی قسەی لەسەر دەکات بە تەواوی ئیمکانی هەیە، نە تەنیا ئەمە، بەڵکە لە چارەنووسی شۆڕشی کرێکاریدا مەسەلەیەکی حەیاتیشە. دامەزراندنی سۆسیالیزم ئەرکێکی دەستبەجێ و حەیاتیی هەر چینێکی کرێکارە کە ئەتوانێت لە هەر وڵاتێکدا دەسەڵاتی سیاسی بەدەست بێنێت. ئێمە ئەو دیدگایانەی کە بە هەر بیانوو و مەبەستێکەوە بێت، وەکوو باسی "زەرووڕەتی شۆڕشی جیهانی"، "دواکەوتوویی ڕووسیا"، "سنووربەندی لەگەڵ ستالینیزم و ناسیۆنالیزم)" و شتی تر، کاری بەدیهێنانی ئابوورییەکی سۆسیالیستی پشتبەستوو بە موڵکایەتیی سۆسیالیستی و نەهێشتنی کاری کرێگرتە لە دەستووری پرۆلیتاریای بەدەسەڵاتگەیشتوو لە یەک وڵاتدا دەنێتە لاوە و هەواڵەی دەورەیەکی تری دەکەن، بە هەڵە و نامارکسیستی دەزانین.

دووەم: بە بڕوای ئێمە جیاوازییەک کە مارکس لەنێوان دوو قۆناغی کۆمۆنیزمدا پێناسەی دەکات، جیاوازییەکی زۆر ڕۆشنە و ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە باسی ئەرکە ئابوورییەکانی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریاوە هەیە. ئێمە کۆمۆنیزم (قۆناغی باڵا) لە تاکە وڵاتێکدا بە مومکین نازانین. هۆی ئەم باوەڕەش ئەوەیە کە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەم قۆناغە بریتین لە فراوانبوونی ئابووری، پەرەسەندنی سەرسووڕهێنەری هۆیەکانی بەرهەمهێنان، ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە جێگا و شوێنی مرۆڤ لە کۆمەڵدا، ڕەوشت و شتی تردا و لە دواییدا نەمانی دەوڵەت، کە بە بڕوای ئێمە ئەمانە لە چوارچێوەی تاکە وڵاتێکدا ناکرێ بێنەدی. بۆ نموونە، مادام سنووری

نێوان وڵاتەکان هەبن و ئەم سنوورانەش هێڵی جیاکردنەوەی کۆمەڵە سۆسیالیستییەکان لە کۆمەڵە سەرمایەدارییەکان بن، نەمانی دەوڵەت عەمەلی نییە. بەڵام سۆسیالیزم بە مانای قۆناغی سەرەتایی، نە تەنیا عەمەلییە، بەڵکوو هەر وەکوو گوتمان زەرووریشە.

سێیەم: دەبێت جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە، کە لە پلمیکە ئابوورییە ناوخۆییەکانی حیزبی بۆلشەڤیک لە نێوەڕاستی دەیەی (20)دا، "سۆسیالیزم لە یەک وڵاتدا" ئاڵا و دەروازەی هەڵدان و گەشەی ناسیۆنالیزمی بۆرژوازی بوو بە هەمان ئەو مانایەوە کە پێشتر ئاماژەی پێ کرا، یانی زاڵبوونی ئاڵتێرناتیڤی بۆرژوازی بۆ حەرەکەتی کۆمەڵ لەڕووی بەرهەمهێنان و دووبارە بەرهەمهێنانەوە. بە واتایەکی دیکە، هەرچەندە دەستەواژەی "سۆسیالیزم لە یەک وڵاتدا" خۆی لە خۆیدا هەڵگری لادانێک نییە، بەڵام "سۆسیالیزم لە یەک وڵاتدا" وەک ئاڵای ڕەوتێکی دیاریکراو، لە دەورەیەکی دیاریکراو، لە کۆمەڵێکی دیاریکراودا، ڕەمزی یەک بزووتنەوەی گەورەی دژی کرێکاری و نیشانەی وەستان و شکستی شۆڕشی ڕووسیا بوو. ئێمە ئەم ڕەوەندە وەک هەڵگری ئاڵتێرناتیڤی بۆرژوازی لە کۆمەڵی بۆرژوازی لە کۆمەڵی ڕووسیادا مەحکوم دەکەین. لەو هەلومەرجە دیاریکراوەدا، یانی لە هەلومەرجێکدا کە کرێکاران دەسەڵاتیان لەدەستدا بوو، سۆسیالیزم لە بزووتنەوەیەکی بەربڵاوی جەماوەری بەهرەمەند بوو، بووبووە پێناسەیەک کە ڕاست و ڕەوابوونی هەر هەنگاو و پێشڕەوییەکی پێ دەناسرایەوە، لە هەلومەرجێکدا کە بۆرژوازی هیچ نوێنەرێکی ڕاستەوخۆی لەو ململانێیانەدا نەبوو کە پەیوەندییان بە ڕەوەندی حەرەکەتی ئابووریی ڕووسیاوە هەبوو، ئەم فۆرموولبەندییە بوو بە شکڵی ناچاری دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمی بۆرژوازی. گەشەی سەرمایەدارانەی بازاڕی ڕووسیا لەژێر ناوی "سۆسیالیزم لە یەک وڵاتدا" لە بەرامبەر پرۆلیتاریای شۆڕشگێردا دانرا.

لە بەرامبەر ئەو ڕەوەندانەدا، ئەو بەرهەڵستکارانەی کە بە ڕوونی ئاگاداری گەشە و هەڵدانی ناسیۆنالیزمی بۆرژوازی لەژێر ئەم ئاڵایەدا بوون، پەنایان بردە بەر بیری "شۆڕشی جیهانی". ئەم ڕیزبەستنە چەند خاڵێکی جێگای سەرنج تەرح دەکات. لە پلەی یەکەمدا ئەم واقیعەتە کە جیاوازیی بۆچوون، نە لەسەر وشەی "سۆسیالیزم" بەڵکوو لەسەر دەستەواژەی "یەک وڵات" لەم هەڵوێستەدا فۆرموولە کراوە، بەڵگەی ئەو ڕاستییەیە کە لێکدانەوەی بەرهەڵستکاران لە "سۆسیالیزم" لەگەڵ هێڵی فەرمیی ستالیندا



جیاوازییەکی نەبوو. دەردەکەوێ کە هیچ کەسێک جیاوازی لەنێوان ئەو هەنگاوانەی کە هەڵدەهێنرانەوە و بە سۆسیالیزم ناو دەبران هەست پێ نەکردبێ و گوایە کێشە لەسەر مومکینبوون و نەبوونی ئەو هەنگاوهەڵگرتنانە بووە لە چوارچێوەی یەک وڵات. حەرەکەتی دوای شۆڕشی ڕووسیا نیشانی دا کە چۆن بەکردەوە باڵی ستالین پلاتفۆرمی ئابووریی ئۆپۆزسیۆنی یەکگرتوو (ترۆتسکی_ زینۆڤیف)ی عەمەلی کرد و چۆن ترۆتسکیزم هەر بەو حەرەکەتە بۆ هەتا هەتایە لە مەیدانی ڕەخنە لە پێکهێنانی ئابووریی سۆڤێت چەک کرا. ڕەوەندی "سۆسیالیزم لە یەک وڵاتدا" لە ڕوانگەی سۆسیالیستییەوە ڕەخنەی لێ نەگیرا. "سۆسیالیزم"ی ئەم ڕەوتە کە تێکەڵێک بوو لە دەوڵەتیکردنی ئابووری، سەنعەتیکردن و گەشەی هێزەکانی بەرهەمهێنان بە هێشتنەوەی کاری کرێگرتەوە، هیچ ئاڵتێرناتیڤێکی سۆسیالیستی لە بەرامبەردا دانەنرا. لە ململانێ و کێشەی ئۆپۆزیسیۆندا، پرۆلیتاریای سۆسیالیست و ئامۆژگاری و ئاماژەکەی ئەنگڵس سەبارت بە زەروورەتی شۆڕشی ئابووری پاش بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی نوێنەرایەتی نەکران.

خاڵی دووەم ئەوەیە، کە هەر ئەم واقیعەتە هۆیەکانی سەرکەوتنی هەوادارانی "سۆسیالیزم لە یەک وڵاتدا" ڕوون دەکاتەوە. لەو سەروبەندەدا کە شۆڕشی ڕووسیا گەیشتبووە ئەڵقەیەکی چارەنوسساز لە چارەنووسی خۆی، یانی لە سەروبەندی یەکلاکردنەوەی کاری شۆڕشی ئابووریدا، ئۆپۆزیسیۆن بە هیچ جۆرێک لە بەرامبەر قەڵەمڕەوی ئابووریدا ئاڵتێرناتیڤی نەبوو. هەڵوێستی "شۆڕشی جیهانی" نەیدەتوانی چەکێک بێت لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بۆرژوازییەکدا کە لەپشتی "سۆسیالیزم لە یەک وڵات"ەوە ئاڵتێرناتیڤی بۆ مەسەلەیەکی گرنگ و چارەنووسسازی کۆمەڵ، ڕەوتی حەرەکەتی ئابووریی پاش شۆڕش دەخستە ڕوو. ئۆپۆزیسیۆن بوو بە قوربانی نامۆیی خۆی لەگەڵ مێژووی واقیعیی شۆڕشی کرێکاری لە ڕووسیادا.

هەر چۆنێک بێت کاتێک کە بە پێودانگێکی فراوانتری مێژوویی تەماشای ئەم دەورەیە لە شۆڕشی ڕووسیا دەکەین، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە خەتی "سۆسیالیزم لە یەک وڵاتدا" ماتەریاڵ و ئامرازی گەیشتنەوەی سەرلەنوێی بۆرژوازیی ڕووسیایە بە دەسەڵات. ئەمە سەربەخۆیە لە نییەتەکانی ئەو تاکانەی کە ئەم خەتەیان نوێنەرایەتی دەکرد. بە هەڵبژاردنی ڕێگای گەشەی ناشۆڕشگێرانە و سەرمایەدارانە، بە وەلاخستنی کاری پڕ بایەخی شۆڕشی ئابووری و دابەزاندنی بۆ ئابووریی دەوڵەتی و

بەرنامەڕێژی، خەتی ستالین ڕێگای گەشەی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵی ڕووسیا و بەردەوامی شۆڕشی کرێکاری لە ڕووسیا داخست. لەم نێوانەدا ئۆپۆزیسیۆن و خەتی "شۆڕشی جیهانی" لە باشترین حاڵەتدا نوێنەرایەتی ئەو ڕادیکاڵیزمەیە لە حیزبی بۆڵشەڤیکدا کە بۆنی پاشەکشەی دەکرد. بەڵام خۆشی لە بنەڕەتدا ڕیگا چارەیەکی جیاوازی نییە و دەست دەداتە بەرگرییەکی بێ ئەنجام لەسەر بناغەی پلاتفۆرمێکی سیاسی_ دیموکراتیک. ئەم جێگا و شوێنەی ئۆپۆزیسیۆن، لە هەمان کاتدا بوو بەهۆی ئەوەی کە بەشە ڕادیکاڵەکانی پرۆلیتاریا، ئەو بەشەی کە لە لاوازکردنی شووراکان، نەهێشتنی کۆنترۆڵی کرێکاری، گەشەی بیرۆکراسی، دابەزینی ئاستی گوزەرانی پرۆلیتاریا و شتی تر نارازی بوون، یەکەم لە کولییەتی خۆیدا نوێنەرایەتی نەکرێت و دووەم لە لاوە بەدوای ئۆپۆزیسیۆنێکدا کێش کرێ کە لەسەر بناغەی پلاتفۆرمی زۆر سنووردار و ناشۆڕشگێڕانە لەبەرامبەر خەتی ستالیندا وەستابوو. ئۆپۆزیسیۆنێک کە لە نوێنەرایەتیکردنی ڕادیکاڵیزمی واقیعی شۆڕش، لە نوێنەرایەتیکردنی حەرەکەتی حەیاتیی شۆڕش بەرەو بەدیهێنانی گۆڕانێکی گەورە لە شێوازی ئابووریدا بێتوانا بوو.
ڕێگام بدەن لەم پەراوێزەدا ئاماژە بە لایەنێکی دیکەی هەڵوێستەکانی ئۆپۆزیسیۆن بکەم. ئەمڕۆکە زۆر کەس، لەوانیش هەندێک هاوڕێ لە سیمینارەکانی خۆماندا. باوەڕی ئۆپۆزیسیۆن بە "زەرووورەتی شۆڕشی جیهانی" و "لە توانادانەبوونی سۆسیالیزم لە یەک وڵاتدا" بە بەڵگەی "ئینتەرناسیۆنالیزم"ی ئەو دەزانن. بە بۆچوونی من ئەم ڕوانگەیە هیچ لایەنێکی ئینتەرناسیۆنالیستی تایبەتی نییە. بۆ دەبێت کەسێک لەو بڕوایەدا بێت، کە چارەنووسی شۆڕشی ڕووسیا، بە دەلیلی دواکەوتوویی ڕووسیا لەڕووی پیشەسازییەوە، بە شۆڕشی ئەڵمانیاوە بەستراوەتەوە، ناوی ئینتەرناسیۆنالیستی لێ بنرێت؟ ئینتەرناسیۆنالیزم یانی باوەڕبوون بە خەسڵەت و ناسنامەی جیهانیی چینی کرێکار و داکۆکی لە شۆڕشی کرێکاری لە هەر شوێنێک و لە گشت شوێنێک. یانی داکۆکی لە شۆڕشە کرێکارییەکان لەبەر کرێکارییبوونیان. بەڵام ئەگەر کەسێک لە شیکردنەوەی موشەخەسی خۆیەوە بگاتە ئەم ئەنجامە کە شۆڕش لە وڵاتی "ئەلیف"دا، لەڕووی بەردەوامبوونی خۆیەوە، بەهۆی جیاجیا، بەستراوەتەوە بە شۆڕش لە وڵاتی "ب"دا، ئەمە هیچ حوکمێک سەبارەت بە ئینتەرناسیۆنالیزم لە ڕوانگەی ئەودا بەدەستەوە نادات. ئەمە شیکردنەوەیەکی موشەخەسە کە دەکرێ بێ هیچ کەم و زیادێک لە سەنگەری شۆڕش لە وڵاتی "ئەلیف"ەوە ئەنجام بدرێت. مرۆڤ



دەتوانێت ئینتەرناسیۆنالیست بێت و لە هەمان کاتدا لەگەڵ شرۆڤەیەکی موشەخەسی ئاوا لەسەر پەیوەندیی نەپساوی شۆڕش لە ڕووسیا و ئەڵمانیا هاوڕا یان موخالیف بێت. سەبارەت بە بابەتی تایبەتیی ڕووسیا، بە پێچەوانەوە باسی ئێمە ئەوەیە، دەستکێشانەوە و کەمکاری لە درێژەدان بە شۆڕشی پرۆلیتێری تا گۆڕینی بناغەی ڕژێمی ئابووری لە ڕووسیا، خۆی لەخۆیدا بە مانای دەستکێشانەوە و کەمکاری لە ڕاگرتنی کرێکاری ڕووسی لە جێگاوشوێنی هێزێکی ئینتەرناسیۆنالیست و کاریگەردایە.
بەڵام ئەم مەوقیعەتە بەناو ئینتەرناسیۆنالیستییەی ئۆپۆزیسیۆن، هەر وەک ئاماژەم پێ کرد، لە ڕاستیدا خۆی کەموکوڕییەکانی ڕوانگەی ئۆپۆزیسیۆن و ڕووی هاوبەشی لەگەڵ خەتی ڕەسمیدا لەبەرامبەر سۆسیالیزم وەک شێوازێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی دیاریکراو و پێداویستییەکانی ئەو لە کۆمەڵی ڕووسیای پاش شۆڕشدا، نیشان دەدات. سەرلەبەری باسەکانی ئۆپۆزیسیۆن هەر ئەوەیە کە تەنیا شۆڕش لە ئەڵمانیای <u>سەنعەتیدا</u>، دەتوانێت ئەو ئاستە لە هێزەکانی بەرهەمهێنان کە بۆ سۆسیالیزم حەیاتییە، بخاتە بەردەستی شۆڕشی پرۆلیتێرییەوە. ئەمە ڕوانگەیەکە کە لەودا ئیمکانییەتی بەرەوپێشبردنی شۆڕشی ڕووسیا تا ڕادەی شۆڕش لە ئابووریی ڕووسیادا، هەر لە سەرەتاوە ڕەت کراوەتەوە.
ڕاستییەکەی ئەوەیە کە شۆڕشی ئەڵمانیا جێوڕێیەکی چارەنووسسازی لە ستراتیژیی بۆڵشەڤیکەکاندا هەبوو. دوورنمای چاوەڕوانکراوی ئەم شۆڕشە و ئەم ئاسۆ عەمەلییەی کە وەها شۆڕشێک لەڕووی پرۆلیتاریا لە ڕووسیادا دەیکردەوە، خۆی یەکێک بوو لەو کارکردانەی کە وای کردبوو، هەنگاوەکانی دواتری شۆڕشی ڕووسیا لە زەمینەی ئاڵوگۆڕی ئابووریدا، ورد نەکرێتەوە. بۆڵشەڤیکەکان بە ئاشکرا و ڕاستەوخۆ هاتنەدی ئاسۆی ئابووریی خۆیان بە شۆڕشی ئەڵمانیاوە گرێ دابوو. بێ هۆ نییە، کە قسە و باس دەربارەی ئاسۆی دوورتری ئابووریی ڕووسیا تەنیا کاتێک بە شێوەیەکی جیدی دەخرێتە ڕوو، کە ئیتر ڕوونەدانی شۆڕشێکی کرێکاریی لە ئەڵمانیا لانی کەم لە کورتماوەدا دەرکەوتبوو. دیسان بێ هۆ نییە، کە خەتی ستالین لەبەرانبەر تێڕوانینی نەریتیی لە حیزبدا کە چاوەڕوانی شۆڕشی ئەڵمانیا و ئەورووپا بوو، دیدگای خۆی ناودەنێت سۆسیالیزم <u>لە یەک وڵاتدا</u>.

جێگای داخە ئەو حوکمەی کە لە تیۆری بۆلشەڤیزمدا لە لێکدانەوەیەکی دیاریکراودا، دەربارەی هەلومەرجی دیاریکراو لە دەورەیەکی دەستنیشانکراودا بەدەست هاتبوو، ئەمڕۆ لە لای بەشی زۆری چەپی ڕادیکاڵ بوو بە حوکمێکی تیۆریی گشتی، دەربارەی مەحاڵبوونی پێشڕەویی ئابووریی سۆسیالیستی لە چوارچێوەی یەک وڵاتدا و دەربڕینێکی ئایدیالیستی، مەکتەبی و ئینفیعالی لە شۆڕشی سۆسیالیستی، جێگای دەرکی زیندووی مارکس و لینینی گرتۆتەوە. دەرکێک کە لە هەمان ئامۆژگاری و ئاماژەی دوو دێڕی ئەنگڵسدا دەربارەی ئەرکی پرۆلیتاریا لە پاش بەدەستهێنانی دەسەڵات (لە ناویاندا ئەرکی کۆمۆنەی پاریس) ڕەنگی داوەتەوە.

بە هەر حاڵ لە بڕگەیەکی شۆڕشی ڕووسیادا، کە بە شێوەی واقیعی دەبوایە ئاڵتێرناتیڤی ئابووریی پرۆلیتێری لەبەرامبەر ئاڵتێرناتیڤی ئابووریی بۆرژوازیدا دابنرێت، دەورانێکە کە ئەرکی ئابووریی شۆڕشی کرێکاری، سۆسیالیستیکردنی بەرهەمهێنان و نەهێشتنی کاری کرێگرتە، دەبوایە بە سیاسەتی ڕۆشنی ئابووری، کارگێڕی، حوقووقی و بەرهەمهێنان تەرجەمە بکرێت و لە بەرامبەر سەرمایەداریی دەوڵەتیدا، کە لەژێر ئاڵای سۆسیالیزم لە یەک وڵاتدا تەرح دەکرا، دابنرێت. موناقەشات لە حیزبی بۆلشەڤیکدا لە قاڵبی ململانێی ناسیۆنالیزم و "ئینتەرناسیۆنالیزم"دا دەچووە پێشەوە. ململانێی سۆسیالیزم و کاپیتالیزم لە خودی ڕووسیادا کەمڕەنگ بوو. بەم پێیە نە تەنیا لە بەرامبەر ناسیۆنالیزمدا ڕیزبەستنی واقیعی بەدی نەهات، بەڵکوو بە کەمکاری و دەستکێشانەوە لە ڕەخنەگرتنی سۆسیالیستییانە لە ئاڵتێرناتیڤی ئابووریی ناسیۆنالیزم، زاڵبوونی ئەم مەیلە لە حیزبی بۆلشەڤیک و دەوڵەتی سۆڤێتدا ئاسان بوو. ئەو ڕەخنە ئابوورییەی کە دەگیرا، چوارچێوەی سەرمایەدارانەی خەتی ڕەسمی نەدەدایە بەر هێرش، بەڵکوو لەسەر خێرایی سەنعەتیکردن و پەیوەندی لەگەڵ جووتیارەکان و شتی تر چەقی بەستبوو. لە یەک وشەدا بابەتی بنەڕەتیی شۆڕشی پرۆلیتێری، ئابووریی سۆسیالیستی، لەم مشتومڕانەدا نوێنەرایەتی نەکرا.

4) سەبارەت بە سۆڤێتی ئەمڕۆ:

کۆمەڵگای سۆڤێتی ئەمڕۆ سەرمایەدارییە. باسی وەک شێوەی بەرهەمهێنانی نوێ، وە یان ئابووریی سەردەمی گوزار، هەرگیز جێگای قبووڵ نین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە بڕوای ئێمە سۆڤێت سەرمایەدارییەک بەو تایبەتییانەی سەرمایەداریی زاڵ بەسەر کۆمەڵگاکانی ئەورووپای ڕۆژئاوا و ئەمەریکادا نییە. بە بڕوای ئێمە سەرمایەدارییەک



لەژێر ناوی سۆسیالیزمدا بەدوای شۆڕشێکی کرێکاریدا سەقامگیر بووە و خۆی گرتووە. خسووسییاتی تایبەتی هەیە کە دەبێت بیان ناسین و شییان بکەینەوە. بوونی کاری کرێگرتە، بەکاڵابوونی هێزی کار و ڕێکخستنی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی لەسەر بناغەی کاری کرێگرتە، بۆ سەلماندنی ئەوەی کە ئابووری سۆڤێت سەرمایەدارییە بەسن. بەڵام ئەوەی کە دەبێت لە زەمینەی تایبەتمەندییەکانی ئەم ئابوورییەدا ڕوون بکرێتەوە، دەکەونە ئاستی کۆنکرێتتر لەم تایبەتییە گشتی و خەسڵەتە دیاریکراوەی سەرمایەدارییەوە، وەکوو فاکتەری فرەسەرمایەیی و کێبەرکێ، چ سیستەمێک لە سۆڤێت یا قانونەکان و پێداویستییە بناغەیییەکانی سەرمایە بە شێوەی قانوونی دەرەکی و ماددی لەسەر سەرمایە ئاسان دەکات، سوپای زەخیرەی کار لەم کۆمەڵەدا چ شێوازێک دەگرێتە خۆی، زیدەبایی بە چ جۆرێک لەنێوان بەشە جیاجاکانی هەموو سەرمایەی کۆمەڵایەتی و بەشە جیاجاکانی بەرهەمهێناندا بەشبەش و دابەش دەکرێت، دەوری بەها و بازاڕ لەم ئابوورییەدا چییە. لێرەدا ناچمە ناو ئەم باسانەوە، ئەمە مەیدانێکی زۆر گرنگی باسکردن و لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەیە. ئەوەندە بەسە کە بۆچوونی خۆمان لەڕووی جەدەلییەوە سەبارەت بە ماهییەتی ئابووریی سۆڤێت دەرخستبێت. لەم زەمینەیەدا هەم من و هەم هاوڕێ ئیرەجی ئازەرین، لە نووسینەکانی خۆماندا لە بارەی قسە و باسەکانی سوئیزی و بتلهایم خاڵگەلێکمان تەرح کردووە، کە دەبێت هێڵە بنەڕەتییەکانی هەڵوێستی ئێمەیان ڕوون کردبێتەوە.

5) دەرسێکی پایەیی شۆڕشی کرێکایی لە سۆڤێتدا:

بەزۆری چەپی ڕادیکاڵ لە ئەزموونی سۆڤێتەوە دەرسی "دیموکراسی"، یان دەرسی زەرووڕەتی پاراستنی "پوختەیی ئایدیۆلۆژیکییان" وەرگرتووە. هەموویان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە چۆن هەڵە تیۆرییەکان دەتوانن ڕێی شکستی شۆڕشی کرێکاریی خۆش بکەن، چۆن پێشێلکردنی توخمی دیموکراسی لە تیۆری سۆسیالیزم و لەبەر ئەوەش گوێنەدان بە پێشێلکردنی دیموکراسی لە پەیوەندییە ناوخۆیییە حیزبییەکاندا، وە یان لە دەزگای حوکوومەتدا دەتوانێت کاریگەریی تێکدەرانە بۆ شۆڕشی پرۆلیتێری بەدی بێنێت. ئەم گەڵاڵەکردنانە ئەگەر لە پایەی ماددی و مێژوویی خۆیان جیا نەکرێنەوە، هەڵبەتە گرنگ و بە نرخن. وەلێ ئەمە هێشتا ئەو گرێیە ناکاتەوە، کە کۆمۆنیستی ئەمڕۆ دەبێت لە ئەزموونی شۆڕشی ڕووسیاوە فێری بێت، هەر ئەو مەسەلەیەی کە ئەنگڵس لەسەر بناغەی ئەزموونی کۆمۆن جەختی لەسەر

کردەوە. هیچ ڕادەیەک لە خۆسازدانی تیۆریی ئێمەی کۆمۆنیستی ئەمرۆ، هیچ ڕادەیەک لە پەروەردەکردنی تیۆریی ئێمە و هیچ ڕادەیەک لە تێگەیشتنی ڕەوشت و شێوەکارە دیموکراتییەکان لە ڕیزەکانماندا، ناتوانێت ئەوە زامن بکات کە لەو دەورانەدا کە شۆڕشی کرێکاری شکڵ دەگرێت، ئێمە لە حیزبێک کە بە ئەندازەی حیزبی بۆڵشەڤیک بەدەسەڵات، پتەو، ڕووناکبین بێت، بەهرەمەند بین. ئەوەی کە ئێمە دەتوانین هەمانبێت و بە داخەوە بۆڵشەڤیکەکان بەو جۆرەی کە پێویستە لێی بەهرەمەند نەبوون، هەبوونی ئاسۆی ڕۆشنی ئابوورییە بۆ گۆڕینی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵ پاش بەدەستهێنانی دەسەڵات لە لایەن چینی کرێکارەوە. هەر کاتێک چینی کرێکار دەسەڵات بە دەستەوە بگرێت، کۆمەڵ لەڕووی بابەتییەوە ئەم پرسیارە ڕووبەڕووی دەکاتەوە: کە قەرارە بەم دەسەڵاتە چی بکات؟ ئەگەر ئەم دەسەڵاتە بۆ بەدیهێنانی شۆڕش لە شێوازی ئابووریی کۆمەڵدا بەکار نەهێنێت، ئەگەر بناغەی موڵکایەتی و بەرهەمهێنانی بۆرژوازی نەگۆڕێت، ئەگەر دەسەڵاتی سیاسیی چینی کرێکار وەک ئامرازێک نەخرێتە خزمەتی دامەزراندنی موڵکایەتیی کۆمەڵایەتی و سۆسیالیستی لەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێنان و نەهێشتنی کاری کرێگرتەوە، ئەگەر ئەم دەسەڵاتە بۆ بەدیهێنانی ئەو شۆڕشە ئابوورییە بەکار نەهێنرێت کە تەوەری ڕۆحی شۆڕشی سۆسیالیستیی پرۆلیتاریا پێک دەهێنێت، ئەو کاتە هەموو سەرکەوتنێک بە شکست دەکەوێتەوە، ئەو کاتە تەنانەت سەرکەوتنی سیاسیی کرێکاران کارێکی کاتی دەبێت و بە پێوەندگی فراوانتری مێژوویی بێ ئەنجام دەمێنێتەوە. ئەمە دەرسی بنەڕەتیی شۆڕشی کرێکارییە لە ڕووسیا.

وەرگێڕانی: کامیل عەزیز
تایپکردنەوەی: سەروەت حامید

تێبینی: ئەم باسە لە بڵاوکراوەکانی "یەکێتیی خەباتی کۆمۆنیزمی کرێکاری"یە.

سەرچاوە:
خطوط اصلی یک نقد سوسیالیستی
به تجربه انقلاب کارگری در شوروی
بولتن "مارکسیسم و مساله شوروی"
شماره 3، فروردین 1367

## حیزبی کۆمۆنیست و ئەندامەتیی کرێکاری

له حیزبی کۆمۆنیست واوەتر، زۆربەی ڕەوتگەلیی سۆسیالیست، کرێکارییبوونەوە و ڕێکخراوبوون تەنانەت وەک ئەرک و پرانسیپپیش چاولێ ناکەن، زۆریان بە یەکجار بیری شۆڕشی کرێکارییان هەر وەلا ناوە. بۆ زۆربەیان سۆسیالیزم چوارچێوەیەکی گشتییە بۆ مرۆڤدۆستی، نیشتمانپەروەری، سەربەخۆیی ئابووری و پەرەگرتنی سەنعەتی، دیموکراسی و شتی تری لەم چەشنە و هەر بەم بۆنەیەوە لە لای ئەمانە سۆسیالیزم بە شێوەیەکی تایبەت ڕێناباتەوە سەر کرێکار و خەباتی چینایەتی. زۆری تریش کە پێیان وایە هێشتا بۆ کاری خۆیان پێویستییان بە مارکسیزم و بابەتی وەک پرۆلیتاریا و خەباتی چینایەتی هەیە، بە ڕێگا و شێوەی تر خۆیان لە کرێکارییبوونەوە بە مەعاف دەزانن، ڕەنگە هێشتا بار و دۆخی سیاسی لەبار نەبێت، ڕەنگە بۆ پرۆلیتێرییبوونی ڕێکخستن مەرج نەبێت حەتمەن بەدەنە و قەوارەی ڕێکخستنەکە کرێکاری بێت، لەوانەشە کرێکاران هێشتا بە ئەندازەی کافی "هۆشیاریی چینایەتی"یان بەدەست نەهێنابێت. بەڵام بیانووەکان هەرچییەک بن، مێژووی کۆمۆنیزم لە ئێران و بەتایبەت مێژووی دەورانی ڕابردوو پڕە لە سازمان و ڕێکخراوی "پرۆلیتاری" کە هەر لە بنەوە لە خوێندکاران و زانایانی سەر بە چینی ناوەنجی کۆمەڵ پێک هاتوون، ئەوە کە لانی کەم لە هەندێک دەورەدا لایەنی چینی کرێکاریان گرتووە، هیچ گومان هەڵناگرێت، ڕەنگە ئەمانە ئەگەر بە دەسەڵات گەیشتبان_ کە بە لەبەرچاوگرتنی جێگا و شوێنی بابەتییان و ئەوە کە هەمیشە لە پەراوێزی خەباتی چینەکاندا بوون مەگەر بە هەڵکەوت بە دەسەڵات گەیشتبان_ ژیان و هەلومەرجی کاری کرێکاران تا ڕادەیەک ڕووە و باشی چووبا، بەڵام هیچ کام لەمانە ئەم واقیعەتە ناگۆڕێت کە ڕێک لەپەنا ئەمانە و هاوکات لەگەڵ پراتیکی "پرۆلیتاری"ی ئەمانە، خەباتی واقیعی چینایەتی، هەر لە ددانەجیرە و مشتقووچاندنی هەموو ڕۆژەی کرێکارانەوە، هەتا مانگرتنەکان و بزووتنەوە و جم و جووڵی ئاشکرا و بەرینی کرێکاری، لە مەیدانێکی تر لە هەمان کۆمەڵدا لەسەر ڕەوتی خۆی چووە و مەوجودییەت و چالاکی ئەم ڕەوتانە کەمترین کاریگەری ڕاستەوخۆی کردۆتە سەر ئەو خەباتە.



قسەکە لێرەدا لەسەر بوون و نەبوونی حیزبی گەورەگەورەی کرێکاری نییە. قسەکە ئەوەیە کە ڕێکخراوی کۆمۆنیستی_ جا بەرینایییەکەی کەم یان زۆر هەر چەندێ بێت_ دەبێت پێش هەموو شتێک ڕێکخراوی کرێکاری بێت و پەیوەندی لەگەڵ شوێنی نارەزایەتیی کرێکاری هەبێت. ئەگەر ئەوانەی بۆ سۆسیالیزمەکەیان پێویستییان بە کرێکار نییە بتوانن گوێی خۆیان لەم بار و دۆخەی ئێستای ڕێکخراوەکەیان بخەوێنن، تێکۆشەری حیزبی کۆمۆنیست کە بۆ گیرسان و شکڵگرتنی کۆمۆنیزمێکی قودرەتمەندی کرێکاری خەبات دەکات، دەبێت بە دیتنی ئەم بار و دۆخە، ئەو ناکۆکی و ناتەبایی و گیروگرفتانەی بێتە بەرچاو کە پێویستە بە جیددی سەرنجیان بداتێ.

باسی ئەندامەتیی کرێکاران، گرێیەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی لە پشتە، مەبەست لەم وتارە شیکردنەوەی ئەم گرێ و گیروگرفتە و هەڵهێنجانی ئەنجامی عەمەلییە بۆ زاڵبوون بە سەر ئەو گیروگرفتەدا. ئەم وتارە بەپێی قسە و باسێک کە سێ مانگ لەوەپێش لە سیمیناری کۆمیتەی شارەکاندا پێشکەشم کرد نووسراوە. من پێم وایە ئەم باسە یەکێکە لە ئەڵقە گرنگەکانی بەرەوپێشچوونی کۆمۆنیزمی کرێکاری، چ لەنێو حیزبی کۆمۆنیست و چ لە ئاستێکی بەرین لەنێو بزووتنەوەی کرێکاریی ئێران و ئەنجامە عەمەلییەکانی ئەگەر پەیگیرانە ڕەچاو بکرێن، دەتوانێ سیمای سیاسی و جێگاوشوێنی عەمەلیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بگۆڕێت. دیارە باسی ئەندامەتیی کرێکاران گۆشەیەکە لە نەبەردێکی بەرینتر بۆ کۆمۆنیزمی کرێکاری. باسی ئەندامەتیی کرێکاران سەرەنجام بە هەموو لێکدانەوە و شیکردنەوەیەکی سیاسی کە دەیانگرێتەبەر، دەگەڕێتەوە سەر مەسەلەی "ئەندامەتی"، کە مەسەلەیەکی پەیوەست بە "پەیڕەوی ناوخۆ"وەیە. ئەو هەنگاوە دیاریکراوانە کە بەپێی ئەم باسە دیاری دەکرێن، ڕەنگە خۆی لە خۆیدا ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی پێک نەهێنێت، بەڵام من هیوام وایە ئەم باسە کار بکاتە سەر ڕوانینمان بۆ حیزب و ئەو ڕەخنە گشتییە کە بەنێوی کۆمۆنیزمی کرێکاری باسی دەکەین، بەهێز بکات.

### کورتەیەک سەبارەت بە کرێکارییبوونەوەی حیزب

چەندین ساڵە حیزبی کۆمۆنیست بە دانسقە "کرێکارییبوونەوەی" کردووەتە ئامانجی خۆی، بەدرێژایی چەند ساڵی ڕابردوو هەوڵم داوە بۆ تێکۆشەرانی حیزب ئەوە ڕۆشن بکەمەوە کە پێویستییەکانی ئەم ئاڵوگۆڕە کامانەن؟ ئەگەر بمەوێت کرۆکی ئەم باسانە لە چەند ڕستەیەکدا بەیان بکەم، ئەوەیە: سۆسیالیزمی کرێکاری بزووتنەوەیەکی

زیندووی نارەزایەتی لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدایە، کە پێبەپێی ئەو شتەی خۆی ناوناوە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لەسەر ڕەوتی تایبەتیی خۆی بەرەو پێش هاتووە و خاوەنی چارەنووسی سەربەخۆی بووە. پێکهێنانی حیزبێکی کۆمۆنیستی کرێکاری، یانی ڕێکخستنی ئەو سۆسیالیزمە کرێکارییە وەک حیزبێکی سیاسیی مارکسیستی، یانی حیزبییەتپێدانی بزووتنەوەیەک کە هەر ئێستا (ئەگەرچی بێسەروسامانە و خۆڕێکخستنی ناوخۆیی لاوازە) بوونی هەیە.

چەپی تا ئێستا مەسەلەکە ئاوا نابینێت. بۆ ئەوان بزووتنەوەی سۆسیالیستی ئەو کۆمەڵە ڕێکخراو و حیزبە سیاسییانەن کە بەنێوی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم چالاکی دەکەن، هەر ڕەوتێک ڕەنگە ئەم یان ئەو دەستە لە حیزب و ڕێکخراوەکان (بە هەندێک سەنگ و پێوانە کە زیاتر عەقیدەتی و فیرقەیین) لە چوارچێوەی "بزووتنەوەی کۆمۆنیستی"دا حیساب بکات یان نەیکات. بەڵام بە هەر حاڵ تا باسی "بزووتنەوەی کۆمۆنیستی" دەکەن، پەنجە بۆ کۆمەڵێک حیزب و ڕێکخراوە ڕادەدێرن بەرانبەر بەم حیزب و ڕێکخراوانە، چینی کرێکار و بزووتنەوەی "خۆڕسک"ی ئەو چینە دەستنیشان دەکرێت، لەم بۆچوونانەدا بزووتنەوەی سۆسیالیستیی چینی کرێکار تا ئەو جێگایە ئیمکانی هەیە کە ئەم حیزبانە کاریان کردبێتە سەری و ڕێکیان خستبێت. ئەمانە دیارە وجودی بزووتنەوەیەکی سۆسیالیستیی کرێکاری لە دەرەوەی ئەم حەرەکەتە حیزبییە بەفەرمی ناناسن.

هەم جێگا و شوێنی ئێستای چینی کرێکار و بزووتنەوەی بە ناو کۆمۆنیستی و هەم مێژووی سەرهەڵدانی مارکسیزم و کۆمۆنیزمی کرێکاری، وەرشکستەیی ئەم پێشداوەرییە بۆرژواییە دەردەخەن، مانیفێستی کۆمۆنیست خۆی لەجەرگەی سۆسیالیزمێکی کرێکاریی زیندووی مەوجود لە سەدەی نۆزدەهەمدا ڕاگەیاندرا. مارکس و ئەنگڵس تەنانەت ناوی بەیاننامەکەی خۆیانیان لە ناوێک وەرگرت کە کرێکاران لە بزووتنەوەی سۆسیالیستی خۆیانیان نابوو، وە جەختیان کرد کە وشەی "کۆمۆنیست" بۆیە بەکار دەبەن، هەتا خۆیان لە سۆسیالیزمی ناکرێکاریی سەردەمی خۆیان جیا بکەنەوە و نیشانی بدەن، سەربەو بزاڤە کرێکارییەن، کە بە ناوی کۆمۆنیزم لە کۆمەڵدا هەیە بۆ مارکسیزم. نارەزایەتیی سۆسیالیستیی چینی کرێکار لە کۆمەڵی سەرمایەداریدا، پێشفەرزێکی بابەتیی مەوجود بوو، ئەوان بەتەمای داهێنانی بزووتنەوەیەکی وا نەبوون کە تا ئەو کاتە کەس نەی دیبێ و نەی بیستبێت، بەڵکوو



خۆیانیان بە خاوەن بیر و ڕێکخەری ئەو سۆسیالیزمە کرێکارییە دەزانی کە بەکردەوە لە کۆمەڵدا هەبوو. ئەمڕۆ پاش سەد و پەنجا ساڵ کە لە تێکۆشانی مارکسیستەکان تێپەڕ دەبێت، پاش نزیکەی سەد و پەنجا ساڵ کە تیۆری مارکسیزم بە شێوەی جۆراوجۆر و یەک لەوانە لەنێو جەرگەی شۆڕشە مەزنەکاندا لەناوخۆی بزووتنەوەی کرێکاریدا جێگر بووە. سۆسیالیزمی کرێکاری ئیتر بە شێوەی تەبیعی، مەیلی بەرەو مارکسیزمە و لە مارکسیزم ئیلهام وەردەگرێت. بۆ دەورەیەک و لە هەندێک قۆناغدا لە وڵاتانی جۆراوجۆر، حیزبە مارکسی و کۆمۆنیستییەکان بە شێوەیەکی واقیعی، حیزبی ڕێکخەری ئەو سۆسیالیزمە کرێکارییە بوون. مێژووی حیزبی سۆسیالیزم و مێژووی کۆمەڵاتی و چینایەتی سۆسیالیزم هەمیشە وەک ئێستا لێک جیا و پێک نامەربووت نەبوون. بەڵام ئەمڕۆ ئێمە لە مەوقیعیەتێکی تەواو جیاوازداین، ڕەوتی حیزبی بە ناو کۆمۆنیستی و سۆسیالیستی بە هەموو لق و فیرقەکانییەوە ئیتر پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەم بزووتنەوە سۆسیالیستییە کرێکارییەوە نییە. نارەزایەتیی کرێکار لە دژی سەرمایەداری، کە پێبەپێی گەشە و پەرەگرتنی سەرمایەداری تووندتر بووەتەوە و ئەمڕۆ کێشمەکێشی سەرەکییە لە سەرتاپای سەرمایەداریدا، ئیتر هەرچی کەمتر و کەمتر دەخاڵەتی ئەم ڕەوتە حیزبییانەی تێدایە. ئێمە ئیتر دەبێ باسی دوو بزووتنەوە بکەین، دوو بزووتنەوە بە پاڵپشتی چینایەتیی جیاوازەوە، بە ئامانجی جیاوازەوە، بە چارەنووس و داهاتووی جیاوازەوە و بە مەسەلە و گیروگرفتی جیاوازەوە.

کۆمۆنیزمی کرێکاری واقیعەتێکی کۆمەڵایەتی و سونەت و نەریتێکی زیندووی خەباتکارانەیە، ڕەوتێکی کۆمەڵایەتییە ڕێک هەر وەک لیبراڵیزمی بۆرژوایی کە واقیعەتێکی کۆمەڵایەتییە. ئەم سونەت و نەریتانە دەکەونە پێش حیزبە سیاسییەکان، زانستی سیاسیی بۆرژوایی حیزب بە کۆمەڵێک لە ئەفراد دەزانێت کە بۆ وەدیهێنانی ئامانجی هاوبەش لەدەوری یەک کۆبوونەتەوە، بۆ مارکسیزم حیزب ڕێکخراوی تێکۆشەرانی نەریتێکی خەباتکارانە و بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتییە. لیبرالیزم دەتوانێت لە دەورەیەکدا حیزبێک نوێنەرایەتییەکەی بکات یان نەی کات، بەڵام مادام پایە بابەتییە کۆمەڵایەتییەکانی هەبن، نەریتی لیبرالیزم وەک ڕەوتێکی زیندووی نێو بۆرژوازی دەمێنێتەوە و هەر جارە حیزبێکی لیبراڵی تازە دێنێتە کایەوە. هەر بابەتی ئەمە، بۆ ناسیۆنالیزم و ڕیفۆرمیزمی بۆرژوایی و بۆ هەموو مەیلە کۆمەڵایەتییەکانی تریش دەگونجێت. هەموو کەس بە ئاسانی لەوە دەگات کە بۆ نموونە، بەرەی میللی و هەموو

ڕێکخراوەکانی ناو ئەو بەرەیە لە نەریتی لیبرالیزم و ناسیۆنالیزمی ئێرانییەوە سەریان هەڵدا و شکڵیان گرت. بەڵام ئەم نەریتانە نە لەگەڵ بەرەی میللی سەریان هەڵداوە و نە لەگەڵ ئەویش کۆتاییيان پێ دێت. لە بابەت کۆمۆنیزمی کرێکاریشەوە هەر ئەمە هەیە، نەریتی کۆمۆنیزمی کرێکاری کە ئینتەرناسیۆناڵی یەکەم و بۆلشەڤیزم و شۆڕشەکانی ئەڵمانیا و ڕووسیای بەخۆیەوە دیوە، دەمێکە نەیتوانیوە پارتگەلی سیاسیی جیددی شکڵ پێ بدات. دەکرێت باسی هۆیەکانی ئەم نەتوانینە بکەین، بەڵام ئەم نەتوانینە هیچ ئاڵوگۆڕێک لەو واقیعیەتەدا پێک ناهێنێت کە کۆمۆنیزمی کرێکاری ڕەوتێکی خەباتکارانەی واقیعی و مەوجودە لە کۆمەڵدا.

کەوایە قسە لەسەر شکڵپێدانی حیزبێکی کۆمۆنیستییە لەنێو ئەم نەریتە خەباتکارانەیەدا. هەنگاوی یەکەم هەر ئەوەیە مرۆڤ هەر ئەوە ببینێ و تێی بگات کە حیزبە شێوە سۆسیالیست و شێوە مارکسیستەکانی مەوجود، نە لەنێو ئەم نەریتەوە سەریان هەڵداوە و نە کاری تێدا دەکەن. بەڵام ئەرکی سەرەکی دەستبەکاربوون و داڕشتنی ئەو حیزبەیە.

بەم قسانەوە کە کران، دەبێت چوارچێوەی گشتیی باسەکەمان سەبارەت بە کرێکارییبوونەوەی حیزب تا ڕادەیەک ڕوونتر بووبێتەوە. لەپەنای حیزبی کۆمۆنیستی ئێران سۆسیالیزمێکی کرێکاریش بەرانبەر بە بۆرژوازی لە سەنگەردایە. ئەم ڕەوتە حیزبی نییە، بەرنامەی نووسراوی نییە، لەنێو خۆیدا هەزار و یەک خەت و هەزار ناڕۆشنی هەیە، ڕێکخراوبوونی نێوخۆیی لە ئاستێکی سەرەتایی و لانی کەمدایە، حیزبی کۆمۆنیست دەبێت بەم ڕەوتەوە پەیوەست بێت و ئەگەر قسەیەکی هەیە بیڵێ و کارێکی هەیە بیکات، لێرە بیڵێ و بیکات. کرێکارییبوونەوەی حیزبی کۆمۆنیست یانی، بەفەرمی ناسرانی حیزبی کۆمۆنیست وەک ئامرازی پەرەپێدانی ناڕەزایەتیی کرێکار لە دژی سەرمایەداری بە هۆی خودی ڕەوتی سۆسیالیزمی کرێکاری و کرێکارانی کۆمۆنیستەوە. ئەمە پێویستی بەوە هەیە کە حیزبی کۆمۆنیست لە هەموو ئەو بیروبۆچوون و پێشداوەری و پەیوەندی و کارکرد و شێوە و ڕەوشتانە کە میراتی چەپی غەیرە کرێکارین دابڕێ و بەتەواوی لەنێو ئەو سەنگەربەندییە کرێکارییە ئامادەیی هەبێت. ئەمە پێویستی بەوە هەیە کە حیزبی کۆمۆنیست ببێتە قسەکەر و ئاڵاهەڵگری ئەم نەریتە کرێکارییە و تەنیا ئەمە، بەرانبەر بە کوللی کۆمەڵی مەوجود و کوللی بۆرژوازی.



## ئەندامەتیی کرێکاران، گەڵاڵەی مەسەلەکە

ئەوە کە ئێمە لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا دەبێت ئەمڕۆ مەسەلەی "ئەندامەتیی کرێکاران" بدەینە بەر باس و بۆ ئاسانکردنەوەی ئەندامەتیی کرێکاران لە حیزبدا ڕێگاچارە بدۆزینەوە، خۆی نیشانەی ناکۆکی و پێچەوانەبوونێکی بنەڕەتییە. دەبوو مەسەلەکە بە پێچەوانەی ئەمە بوایە. حیزبی کۆمۆنیست بەپێی پێناسەی خۆی و بەپێی چاوەڕوانیی ئاسایی هەر کەسێک کە جارێک مانیفێستی کۆمۆنیستی خوێندبێتەوە، دەبوو حیزبێکی کرێکاری بێت. ئەگەر لەنێو ئێمەدا قسەیەک لەسەر ئەندامەتی دێتە گۆڕ، دەبوو باسی مەرجەکان و پێویستییەکانی ئەندامەتی غەیری کرێکاران لە حیزبی کرێکاریماندا بێت. ئەم ناکۆکییە دەبێت هەموو ئەندامێکی حیزبی کۆمۆنیست ڕاچەڵەکێنێ و بیخاتە سەر بیرکردنەوە.

هەندێک لە هاوڕێیان مەسەلەی ئەندامەتیی کرێکاران لە حیزبدا وەک نیشانکردێکی ئاماری چاو لێ دەکەن، سەدی چەندی ئەندامانی حیزب کرێکارن؟ خودی ئەوە کە هاوڕێیان ئەم پێوانەیە لەبەرچاو بگرن هەڵبەت زۆر باشە، بەڵام هێنانەخوارەوەی مەسەلەکە هەتا ئاستی ئامارەکان و سەدی چەند، بە حیسابی ئامار و ژمارە سەر دەشێوێنێت، ژمارەی ئەندامانی کرێکار لەچاو ئەندامانی غەیرە کرێکار لە حیزبدا، لە سەرەتای پێکهاتنییەوە هەتا هاتووە زیادی کردووە. ئەمڕۆ حیزبی کۆمۆنیست لەم بابەتەوە گەیشتۆتە پلەیەک کە لەنێو چەپی ڕادیکاڵی ئێران لە دەیان ساڵی ڕابردوودا بێوێنەیە. دەکرێت بڵێین زۆربەی هەرەزۆری ئەو غەیرە کرێکارانەی لەم ساڵانەدا بوونەتە ئەندامی حیزب، لەو هاوڕێیانەن کە لە گەل ڕێکخستنی حیزبی کۆمۆنیست کاریان دەکرد، بەڵام لە مافی ئەندامەتی بەهرەمەند نەبوون، بەڵام لەنێو ئەو هاوڕێیانەدا کە پاش پێکهاتنی حیزب بە ئێمەوە پەیوەست بوون، زۆربەی زۆریان هاوڕێیانی کرێکارن لە ڕاستیدا، بە تایبەت لە سێ چوار ساڵی ڕابردوودا ڕووناکبیران و غەیرە کرێکاران بە ڕێژەیەکی زۆر کەم داواکاری ئەندامەتی لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا بوون، لە حاڵێکدا ڕووهێنانی کرێکاران بەرەو کاری ڕێکخراو لە گەڵ حیزبی کۆمۆنیستدا گەلێک پەرەی گرتووە.

ئەم ڕەوتانە هەموویان موسبەت و دڵخوازن، ئەمانە نیشانەی توانایی بیلقووەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانن بۆ گۆڕان بە حیزبێکی بە ڕاستی کرێکاری. بەڵام باسی ئەندامەتیی کرێکاران، ئەم ئامارە شێنەیی و سادەیەی مەبەست نییە. دواتر نیشانی دەدەم کە

چۆن ئەم ڕووهێنانەی کرێکاران بەرەو حیزب هێشتا لە جەرگەی سیاسەت و سیستەمێکی ئەندامەوەرگرتندا بەرەو پێش دەچێت، کە خۆی لە بنەڕەتدا ناکرێکارییە. بۆیە هەر خودی ئەم ڕەوتەش بەکردەوە لە هەر چەشنە مانا و ناوەڕۆکێکی جیددیی چینایەتی دادەتەکێت. بەڵام لێرەدا تەنیا سەرنجی هاوڕێیان بۆ ئەوە ڕادەکێشم کە مەسەلەی ئەندامەتیی کرێکاران ئەوە نییە کە تاکتاکی کرێکاران بێنینە نێو حیزب و بیان کەینە ئەندام، بەو مانایەی ئەمڕۆ تێی دەگەین، بەڵکوو قسە لەسەر پەرەپێدانی بەرینایی مەوجودییەتی حیزبە بە جۆرێک کە چالاکیی کرێکاری کۆمۆنیست، هەر لەو جێگایەی ئەمڕۆ ئەو چالاکییە بە ڕێوە دەچێت، بگرێتە بەر و بیکاتە بەشێک لە خۆی. بە وتەیەکی تر لە باسی ئەندامەتیی کرێکاراندا قسە لەسەر ڕوانینێکی ترە بۆ مانای ئەندامەتی و حیزبییەت، بە جۆرێک کە ئەو خەباتە کۆمۆنیستی و ڕادیکاڵە کرێکارییەش کە هەر ئێستا لە پەیوەندییەکی تەنگاتەنگ لە گەڵ حیزبدا بەرەو پێش دەچێت، هەرس بکاو بیکاتە شێوازی سەرەکی خۆنواندنی حیزب لەپەنا ئامار و ژمارەی ئەو کرێکارانەی هاتوونەتە نێو حیزب. فاکتی گەلێک گرنگتریش هەن کە بەداخەوە هێشتا بەو جۆرەی بایەد و شایەدە لە حیساباتی ئێمەدا لەبەرچاو نەگیراون و کاریان نەکردۆتە سەر بیرکردنەوەی ڕێکخستن و نەریتە حیزبییەکانمان. نموونەیەک لەم فاکتانە، شکڵگرتنی گورزێکی بەرین لە کرێکارانی کۆمۆنیست و تێکۆشەری خەباتی نارەزایەتیی کرێکارییە کە بە تەواوی ئیلهام لە حیزب وەردەگرن و ئەگەر بەکردەوە پەیوەندی زۆر نزیکیان لە گەل ئێمە نییە، لەبەر بێمەیلبوونیان نییە. جاری وایە دەنگوباسی چالاکی ئەم هاوڕێیانە بۆ ڕێکخەرانی حیزبی سەرسووڕهێنەرە. حیزبی ئێمە نەک هەر هێشتا نەیتوانیوە کوللی بزاوتی سۆسیالیستیی ڕادیکاڵی کرێکاران لەنێو خۆیدا کۆ بکاتەوە، بەڵکوو تەنانەت ئەو بەشە لە تێکۆشەران و هەڵسووڕاوانی ئەم سۆسیالیزمە کرێکارییەشی کە خۆیان هۆشیارانە لە حیزب بە نزیک دەزانن و پێی پابەندن، بەزۆری لە دەرەوەی سنوورە حوقووقییەکانی حیزب ڕاگرتووە.

بە وتەیەکی تر، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران هەر ئێستا لە دوو بەش پێک هاتووە، بەشی فەرمی، سەرژمێرکراو و بەئەندام وەرگیراو، ئەمە ئەو بەشەیە کە بە شێوەی ئاسایی پێی دەگوترێت حیزب. لەم بەشەدا تانوپۆی ناکرێکاری هێشتا زاڵە. بەشی دووەم هێزێکی نافەرمی زۆر بەرینترە کە لە کرێکارانی کۆمۆنیست و ڕابەرانی بزووتنەوە نارەزایەتییەکان پێک هاتووە و بەبێ ئەوەی ئەندامی حیزب بن، سیاسەتەکانی حیزب



بەرەو پێش دەبەن و بە شکڵ و شێوەی غەیرە ئەساسنامەیی و بە ڕواڵەت بەبێ ڕێوڕەسمی دیاریکراو لە گەڵ حیزب پەیوەند دەگرن. توانستی واقیعی حیزبی ئێمە لە هەر قۆناغێکدا بەرهەمی هەردوو بەشەکەیە، بەڵام حیزب بە شێوەی فەرمی بەداخەوە تەنیا ئەوەی یەکەمە، ئەم دوو لایەنییە لە هەموو جێگایەکی ئێراندا هەیە، بەڵام کوردستان جێگایەکە کە دەکرێت بە زەقترین شێوە ئەم حەقیقەتە و ئەم ناکۆکییە ببینیت. ئەندامەتیی کرێکاران بە مانای ئەوە نییە کە ژمارەی کرێکارانی بەشی یەکەم (ئەو بەشەی ئەمڕۆ ڕەسمییەتی پەیدا کردووە) بە شێوەی خەتی زیاد بکات، ئەگەرچی لێرەشدا دەبێت بەبێ هیچ ئەملا و ئەولایەک کرێکاران زیاتر بن، بەڵکوو بە مانای بەفەرمیناسینی ئەم بەشەی دووەم و پەرەپێدانی ئەندامەتی حیزبییە، هەتا ئەو ڕێکخراوە بەرینە کرێکارییە دەگرێتە بەر کە لە دەرەوەی سنوورەکانی ئەمڕۆی حیزبە. کرێکارییبوونەوەی حیزبی کۆمۆنیست یانی کرێکارییبوونەوەی پراتیکی ئەو حیزبە، یانی ئەوە کە پراتیکی کرێکاری کۆمۆنیست لەبەرانبەرکێی ڕاستەوخۆیدا بەرانبەر بە سەرمایە، ببێتە گرنگترین بەشی پراتیکی حیزب، یانی تێگەیشتنێکی تر لە حیزبییەت، بە جۆرێک کە ئەم پراتیکەی هەر ئێستا بەکردەوە هەیە و لە گۆڕێدایە بگرێتە بەر. هەلومەرجی ئێستا واقیعی نییە و لەوەش گرنگتر زیانە سەرەکییەکەی لەوەدایە حیزب لەو جێگا و شوێنە کە خۆی لەدەوری پراتیکی ئەم بەشە کرێکارییە ڕێک بخا و کاریگەریی شیاوی خۆی بکاتە سەر ئەم پراتیکە، مەحرووم دەکا. ئەم بەشە کرێکارییە هەر ئێستا بە بڕوای من ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانە. ئەوە کە ئەم بەشە بەرینە لە باری حوقووقییەوە لەدەرەوەی سنوورەکانی حیزب ماوەتەوە، بە ڕادەیەکی زۆر تا ئێرەش ڕەوتی پەتەوبوونەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە حیزبدا شێنەیی کردۆتەوە و کۆسپی خستۆتە سەر ڕێگای ئاڵوگۆڕپێدانی حیزبی ئێمە بە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاران، ئەم دۆخە دەبێت کۆتایی پێ بهێنرێت.

بۆ ڕۆشنکردنەوەی چوارچێوەی ئەم باسە دەبێت ئاماژە بە چەند خاڵی تریش بکەم:

یەکەم، کاتێک باسی حیزبی کرێکاری دەکەین مەبەست حیزبێک نییە کە حەتمەن کۆمەڵانی کرێکاری هەروا لە پەیوەند لە گەڵ خۆیدا ڕێک خستبێت (شتێکی وەک مەوقیعیەتی سۆسیال دیموکراسیی ئەورووپا هەتا پێش قەیرانی دە ساڵی ئەم دواییە) ئەمە بۆ کۆمۆنیزمی شۆڕشگێڕ لەدەورەی تایبەتدا ئیمکانی هەیە، ئەو شتەی ئێمە مەبەستمانە ئەوەیە کە حیزبی کۆمۆنیست دەبێت بە هەر حاڵ هەتا ئەو جێگایە کە

وەک حیزبێکی سیاسی مەوجودییەتی هەیە و چالاکی دەکات، ڕێکخەر و کۆکەرەوەی تێکۆشەرانی بزووتنەوەی نارەزایەتیی چینی کرێکار و ڕابەرانی کرێکاران بێت، حیزبی کۆمۆنیست دەبێت حیزبی مەیلێکی کرێکاری بێت. دەبێت حیزبێک بێت لەشوێنی نارەزایەتیی کرێکارییەوە هەستابێ و دەرگیری ئەو نارەزایەتییە بێت، بینای سەرەکی و چالاکییە سەرەکییەکەی دەبێت لە بەشی پێشڕەو و کۆمۆنیستی خودی کرێکاران پشتئەستوور بێت. دیارە لەم حیزبەدا شۆڕشگێرانی کۆمۆنیست لەنێو هەر چینێکەوە هەستابن جێگایان دەبێتەوە، بەڵام بڕبڕەپشت و ڕایەڵ و پۆی ئەو حیزبە بە شێوەیەکی سەرەکی، دەبێت لە خودی کرێکاران پێک بێ و مەیدانی ئەسڵیی پراتیکی حیزب دەبێت لەو جێگایە بێت کە کرێکارانی کۆمۆنیست و حیزبیی لە جەرگەی نارەزایەتی کرێکاریدا بەرانبەر بە سەرمایە و سەرمایەداری تیکەڵ بە جەماوەری کرێکاران دەبن.
دووەم، ئەم باسەی من جیاوازییەکی گرنگی لە گەڵ باسی کەسانێک هەیە، کە ئەمڕۆ حیزب بە حیزبی "پێشەنگ"ی چینی کرێکار دادەنێن. من ناکۆکیم لەگەڵ دەستەواژەی "پێشەنگ"دا نییە، بەڵکوو لەگەڵ تێگەیشتن لەو دەستەواژەیەیە. لایەنگرانی ئەم فۆرمووڵبەندییە لە دەورەی ئێمەدا بەپێی نەریت بەدووی ڕێکخستنی ڕووناکبیران دەکەونەوە و لەم فۆرمووڵەدا مۆڵەتنامەیەک بۆ پێکهێنانی پارتگەلی چەپی ناکرێکاری دەبیننەوە. بۆ ئەمانە پێشەنگ هێشتا پێشەنگێکی عەقیدەتییە و هێشتا دەگەڕێتەوە سەر توێژی خوێندەواری کۆمەڵ. باسی من لە بارەی پێشڕەو و ڕابەرانی عەمەلیی چینی کرێکارەوە، ئەو کرێکارە کۆمۆنیستانەی لەبەرچاوە کە هەر ئێستا وەک ڕابەرانی نارەزایەتیی کرێکاری و موبەلیغ و ڕێکخەری سۆسیالیزمی کرێکاری چالاکی دەکەن، ئەمانە دەبێت بڕبڕەپشتی هەر حیزبێک بن کە بە ناوی کۆمۆنیست چالاکی دەکات.

## "چەپی ڕادیکاڵ" و کرێکاران

ئەو کۆسپانەی لەسەر ڕێگای ئێمە، وەک حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، بۆ ئاڵوگۆڕپێدانی بە حیزبێکی بەکردەوە کرێکاری هەن، بەرهەمی ڕەوتێکی دووروودرێژی مێژوویین. ئەمانە ڕەنگدانەوەیەکن لە جیایی مێژوویی و گشتیی چەپی ڕادیکاڵی ئێران لە چینی کرێکار و هەر وەک گەلێ جار و بە شێوەی جۆراوجۆر دووپاتم کردۆتەوە. هەر پێشڕەوییەکی ئێمە لە گرەوی دابڕانی فیکری و سیاسی و عەمەلیماندا لەم چەپە ڕادیکاڵەیە. ئێمە لەسەر ئەم ڕەوتە بەرەو پێش چووین، بۆیە لە هەموو ڕەخنەیەکدا کە لە چەپی ڕادیکاڵی دەگرین، لێرە و لەوێ دەبێت بە هێنانی هەندێک تێبینی باسی



جیاوازییەکانی حیزبی ئێمە لەگەڵ ئەو ڕەوتە بکەین. من لە کۆتایی باسەکەمدا باسی ئەم جیاوازییانە دەکەم، چونکە بە بڕوای من چارەنووسی حیزبی ئێمە هەتا ئێستاش هەر وێکچوونەکان دیاریکەری بوون نەک جیاوازییەکان. مەسەلەی ئەندامەتیی کرێکاران و پەیوەندیی عەمەلیی حیزب لەگەڵ کرێکاران، یەکێک لەو نموونانەیە کە ئێمە خەریکین تاوانی ڕەچاوکردنی باوەڕ و ئەزموون و پێشینەی چەپی ناکرێکاری دەبژێرین.
مەبەستی من لە چەپی ڕادیکاڵ لەم باسەدا هەموو ئەو مەیلە شێوە سۆسیالیستییەیە کە دوابەدوای شکستی هێزە تەقلیدییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران، بەرەی میللی و حیزبی تودە و بەتایبەت دوابەدوای ئاڵوگۆڕە ئابوورییەکانی ئەنجامی "ڕیفۆرمی زەوی" لە ئێران پێک هات، ڕێبازی چریکی و پاشان خەتی 3 و لەپەنای ئەمانەدا گورزێکی بەرینتر لە گرووپە ماویست و لیبراڵ چەپەکان، ئەو شکڵ و شێوە سازمانییە بوون کە نوێنەری سەرهەڵدانی ئەم چەپە ڕادیکاڵە بوون، بەڵام هەر لێرەدا ئەوە بڵێم کە چوارچێوەی گشتیی باسەکەی من بۆ ڕەخنەگرتن لە پەیوەندیی چەپی ڕادیکاڵ لەگەڵ کرێکاران، لە چوارچێوەی بازنەی سیاسیی ئێراندا نامێنێتەوە. ئەم ڕەوتە لە ئاستی جیهانیدا (ئەگەر باسی ئەو گرووپانە نەکەین کە لە دەورەکانی پێشتردا لە کۆمێنترن دوور کەوتبوونەوە) لە ناوەڕاستی پەنجاکانی زاییینییەوە بەرەبەرە بە ڕەخنەگرتن لە بەناو خەتی فەرمیی کۆمۆنیزم، کە حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤێت نوێنەری بوو، شکڵیان گرت. ترۆتسکیزم، ماویزم و چەپی نوێ سەرچاوە سەرەکییەکانی سەرهەڵدانی ئەم چەپە ڕادیکاڵە بوون. ئەم ڕەوتانە ئەمڕۆ ئیتر مەوزوعییەتی خۆیانیان لەدەست داوە و فەوتاون. لە ناوەڕاستی شەستەکانەوە هەتا نیوەی دووەمی حەفتاکان دەورەی چالاکی و ڕەونەقی ئەم ڕەوتانە بوون، ئەمانەش لە ڕوانگەی جیایی لە چینی کرێکارەوە تایبەتمەندی لە چەشنی چەپی ڕادیکاڵی ئێرانیان هەیە و دیارە کاریان کردۆتە سەر بۆچوون و پراتیکی ڕەوتە ئێرانییەکان، بەڵام بۆ لێکدانەوەی ئەم ڕەوتانە دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین، کە سەرچاوەی چینایەتی و چوارچێوەی کۆمەڵایەتییان جیاواز بوو. چەپی ڕادیکاڵ لە ئەورووپای ڕۆژئاوا و ئەمەریکا دەقاودەق بەرەنجام و نوێنەری ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە و ئەو داخوازە چینایەتییانە نەبوو کە لە ئێران چەپی ڕادیکاڵ بەرەنجام و نوێنەریان بوو. بۆیە من باسەکەی خۆم لە چوارچێوەی چەپی ئێراندا

دەکەم، بەتایبەت کە ئەمەیان لەبارەی فۆرماڵ و تەقویمییەوە پەیوەندێکی ڕاستەوخۆتری لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا هەیە.

بە تاککەوتنەوەی چەپی ڕادیکاڵی ئێران لە چینی کرێکار، نە پێویستی بە سەلماندن هەیە و نە جێگای سەرسوڕمانیشە. ئەم چەپە لە بۆشاییيەکدا کە بەرهەمی شکستی حیزبە نەریتییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی ئێران واتە، حیزبی تودە و بەرەی میللی بوو، شکڵی گرت، کە لەنێو خودی ئامانجە دێرینەکانی باڵەکانی چەپ و ڕاستی بۆرژوازیی تازەپێگەیشتووی ئێراندا، نوێنەری ڕیفۆرمیزم و ناسیۆنالیزم بوون. ڕەخنەی چەپی ڕادیکاڵ بەرانبەر بەم حیزبە نەریتییانە ڕەخنەیەک بوو لەوە کە ئەو حیزبانە ئاڵای ئەو ئامانجە بۆرژواییانەیان وەلا نابوو، وە شێوە و ڕەوشتی هێمنانەیان بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجانە گرتبووە پێش. سەرهەڵدانی چەپی ڕادیکاڵ بەرهەمی بەدەستەوەگیرانی هەر ئەم ئاڵایە بوو لە لایەن هێزێکی کۆمەڵایەتیی دیکەوە، دیارە لە هەلومەرجێکی ئابووری و سیاسی جیاوازدا چەقی خەبات بۆ دەستکاریکردن و نۆژەنکردنەوەی سەرمایەداریی ئێران و دابینکردنی سەربەخۆیی سیاسی و ئابووری، لە بۆرژوازییەوە بۆ وردەبۆرژوازی گوێزرایەوە. ئەم گوازتنەوەیە لە هەمان کاتدا بەرئەنجامی هەندێک ڕەوتی فیکریی چارەنووسساز لە بزووتنەوەی چەپ لە ئاستی جیهاندا بوو، هەروەها هەندێک ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە ئابووریی سیاسیی ئێراندا. من لێرەدا ناتوانم بچمە سەر ئەم باسانە، هەر ئەوەندە دەڵێم، "ڕیفۆرمی زەوی" و ئەو ئاڵوگۆڕە گرنگانە کە لەو پرۆسەیەدا لە بینای ئابووریی ئێراندا و لە قەوارەی چینایەتیی کۆمەڵدا پێک هاتن، گرنگییەکی چارەنووسسازیان لە توانەوەی حیزبە نەریتییەکان و شکڵپێدانی ئەم چەپە نوێیە و پاڵپێوەنانیان بەرەو داخوازیی ڕادیکاڵتر و شێوە و ڕەوشتی توندڕەوانەتر لە خەباتی سیاسیدا هەبوو. لە پاڵ ئەم ئاڵوگۆڕە ئابوورییە، دۆخی جیهانیی بزووتنەوەی بەناو سۆسیالیستی و بە تایبەت سەرهەڵدانی ماویزم و هەروەها پۆپۆلیزم، ناسیۆنالیستی لە ئەمەریکای لاتین کە هەر کامیان بە جۆرێک ستراتیژیی ناسیۆنالیزم و ڕیفۆرمیان لە وڵاتانی ژێردەستەدا بەیان دەکرد، ماتەریاڵی پێویست بۆ دیاریکردنی سیمای سیاسی و تیۆریی ئەم چەپە نوێیەیان فەراهەم دەکرد.

بە هەر حاڵ ئەو شتەی دەبێت جەختی لەسەر بکرێتەوە، ئەوەیە کە چەپی ڕادیکاڵی ئێران بەم جۆرە هەر لە بنەوە لە ناوەند و جەرگەی ناڕەزایەتیی کرێکاریدا لەدایک



نەبوو و پێی هەڵنەگرت. لە ڕوانگەی ئامانج و مەبەستەکانەوە، ئەم چەپە نوێنەری مەیلێکی تایبەت بەرەو سۆسیالیزمی کرێکاری و هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارێتیی تایبەتی نەبوو. "خەباتی دژی ئیستیبدادی"، "دادوەریی کۆمەڵایەتی" و "سەربەخۆیی لە ئیمپریالیزم" ناوەڕۆکی سیاسیی ئەم چەپە بوو. لە باری عەمەلییەوە پێکهاتەی ئەم چەپە، تێکۆشەرانی، کادرەکانی، مەیدانی چالاکی، زمانی، ئەرکەکانی و کارکردەکانی و سەرەنجام ئەو شکڵ و شێوانەی بۆ خەبات پێشنیاری دەکردن، هەر هەموویان لە چینە کۆمەڵایەتییە ناکرێکارییەکانەوە سەرچاوەیان دەگرت، کە ئەو چەپە ئاڵای ئامانجەکانیانی هەڵگرتبوو. من دواتر دەگەڕێمەوە سەر ئەم لایەنە عەمەلییانە و نیشانی دەدەم کە چۆن ئەم چەپە کەوایەک بوو، بە بەری ڕووناکبیرانی ناڕازیی بۆرژوازی دوورابوو، هەر ئەوەندە ڕۆشنە کە بەجیامانەوەی چینی کرێکار لەم چەپە، ئاسایی و چارهەڵنەگر بووە، بە درێژایی دەورانی پێش شۆڕشی 79 تەنانەت پەیوەندییەکی بەرچاو لە نێوان ئەم چەپە و ناڕەزایەتیی کرێکاری و نێوەندی ئەو ناڕەزایەتییەدا نەبینراوە، بەشی هەرە زۆری ئەم چەپە بە ئاشکرا ئەم جیاییيە تیۆریزە دەکات. ماویست بە جووتیارەکەی و چریکی شار بە چیرۆکی مۆتۆڕی چکۆلە و گەورە و شەڕی چەکدارانەی شۆڕشی 79 یەکەمین تێکهەڵەنگوتنی واقیعی ئەم چەپە لەگەڵ کرێکار، وەک چینێکی کۆمەڵایەتیی مێژوویی دەورەی شۆڕش بوو، مێژووی چەسپاندنی ئەم جیاییيە و بەناچار لە مەیدان دەرچوونی ئەم چەپە ڕادیکاڵەیە.

ئەگەر ئەم چەپە بە خۆی دەگوت مارکسیست دوو هۆی سەرەکی هەبوو، یەکەمیان، مارکسیزم لە ڕوانگەی ئەوانەوە تیۆرییەک (و لە ڕاستیدا تاقە تیۆری موعتەبەر) بوو بۆ ئاڵوگۆڕی بار و دۆخێک کە لە ئارادا بوو بە شێوەیەکی توندوتیژ. ئیدەی شۆڕش بە مارکسیزمەوە گرێدراوە و هەر کەس کە بە درێژایی مێژووی ئەم چەرخە بەشوێن ئاڵوگۆڕێکی لەناکاو و توندوتیژەوە بووبێت، تەنانەت بۆ وەدیهێنانی ڕیفۆرمی تەواو بۆرژوایی، ناچار بووە لە سیستەمی فیکری خۆیدا جێگایەک بۆ مارکسیزم بکاتەوە. هەر وەک گوتم ماویزم و شێوە مارکسیستەکانی مەکتەبی پەرەنەگرتوویی بە ئەندازەی کافی مارکسیزمیان کردبووە گەلی و میللی کە بۆرژوازیی ناڕازیی وڵاتانی ژێردەستە بتوانێت ڕەچاوی بکات. ئەم وەزعە هەڵبەت ئەمڕۆ گۆڕاوە و ئەو "مارکسیستانە" کە ئاوا هاتبوونە مەیدان، خەریکن بە خێرایی لە مەیدان دەچنە دەر، ئەمڕۆ ئیدی بۆ ڕووناکبیری وڵاتی ژێردەستە نە مارکسیزم مۆدە و نە شۆڕش. بەڵام

لە دەورەیەکدا کە چەپی ڕادیکاڵی ئێران شکڵی گرت، مارکسیزم تەنیا ڕێگای وەدەستهێنانی هەر چەشنە ئیعتیبارێکی سیاسی وەک ڕەوتێکی ڕادیکاڵ بوو.

هۆی دووەم لەوەدا کە ئەم ڕەوتە خۆی بە مارکسیزمەوە هەڵواسی، مەوقیعیەت و جێگاوشوێنی چینی کرێکار لە خودی ئێران و ڕووهێنانی بەرەو مەیدانی سیاسی لە کۆمەڵدا بوو. چەپی ڕادیکاڵ چینی کرێکاری بە بربڕەپشتی "گەل"ەکەی خۆی دانابوو، ئەگەرچی گوێی نەدەدایە داخواز و پێویستییەکان و ئامانجە سەربەخۆکانی ئەو چینە، سەرجەم خۆی بە نوێنەر و لایەنگری کرێکار (وەک بەشێک لە گەل) دەزانی، بە ڕادەیەک کە ئەم چەپە لە سیاسەتی خۆیدا، جا بە هەر بەیان و بۆچوونێکەوە جێگای بۆ کرێکار دەکردەوە، بە هەمان ڕادە بەناچار دەبوو مارکسیزمیش بەرێتە نێو دەزگای فیکریی خۆیەوە.

لە ڕەوتی شۆڕشدا کرێکاران لە چەپ نزیک بوونەوە، بەڵام هەر ئەوەندە کرێکار مادام بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خۆی سەروسامانی نییە، مادام کە حیزبی نییە، بەرنامەی نییە و خۆی بە شێوەی واقیعی و بیلفیعل ئاڵتێرناتیڤی سەربەخۆی بەرانبەر بە دەسەڵاتی سیاسی دروست نەکردووە، ناچار چاو دەبڕێتە ڕادیکاڵترین و چەپترین ئەو ڕەوتانەی کە لەنێو کۆمەڵ لە ئارادان. هەر ئەم میکانیزمە کرێکاران لە هەموو وڵاتان بەرەو باڵی چەپی بۆرژوازی دەبات. هۆی ئەم مەسەلەیە ڕۆشنە، کرێکار نەک بەپێی ئارەزووی تەجریدی، بەڵکە بە داخوازیی واقیعییەوە و بۆ باشبوونی ژیانی خۆی پێ دەنێتە مەیدانی سیاسی. جێگاوشوێنی بابەتیی چینی کرێکار لە بەرهەمهێناندا بەناچاری وا دەکات، کە هەموو چرکە و ساتێک بە هیوای بچکۆلەترین ئاڵوگۆڕ، لەنێو بزاوتە سیاسییەکاندا یەکێکیان هەڵبژێرێت. بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نییە کە ئەم ڕەوتانە دەکەونە جەرگەی نارەزایەتیی کرێکاری و دەبنە حیزبی تەبیعی و ئاسایی کرێکاران، چەپی ڕادیکاڵی ئێران تەنانەت ئەم هیوایەی کرێکار و ئەم هاوجیهەتییە سیاسییە بەناچارەی کرێکاریشی لە ئێران وەکار نەخست، ئاسۆی ناسیۆنال ڕیفۆرمیستی، بیری دژی ئیستیبدادی و بینا و بۆچوونی ڕێکخراوەیی ڕووناکبیرانە و شێوە ئانارشیستی ئەم چەپە تەنانەت نەی هێشتووە ئەم ڕەوتانە لە لایەن کرێکارانەوە بۆ نارەزایەتیی ئابووری و سیاسی بە دەستەوە بگرین.

زۆر کەس کاتێک مێژووی سۆسیالیزمی هاوچەرخی ئێران و بە تایبەت کارکردی ئەم سۆسیالیزمە لە شۆڕشی ساڵی 79دا دەنووسنەوە، مێژووی ئەم چەپە ڕادیکاڵە دەور



دەکەنەوە. بەڵام واقیعیەت ئەوەیە کە سۆسیالیزمی کرێکاری، وەک بزووتنەوەیەکی بیلفیعلی کۆمەڵایەتی بەدرێژایی هەموو ژیانی ئەم چەپە، ڕادیکاڵ لە دەرەوەی ئەم چەپە و بەبێ هیچ تەئسیر وەرگرتنێک لە هەڵسوکەوتەکانی ئەم چەپە، بەرەو پێش چووە. مێژوونووسانی تازە بە گروگاڵکەوتووی چەپی ئێران، بە ئیلهاموەرگرتن لە ئەدەبیاتی بیست ساڵی ڕابردووی چەپی ئەورووپا و لەژێر کاریگەریی ئاڵوگۆڕەکانی ئەمڕۆی سۆڤێتدا، هۆکاری شکستی چەپی ڕادیکاڵی ئێران بەوە دەزانن کە گوێی نەداوەتە مەسەلەی دیموکراسی، بەڵام لە ڕاستیدا هەموو چەپی ڕادیکاڵ، بێجگە لە دیموکراتیزمی میللی و ڕادیکاڵ هیچی تر نەبوو. هەموو سات و کاتێکی ژیانی ئەم چەپە خەبات بووە لە دژی سەرکوتی دیموکراسی و پێشێلکرانی دەستکەوتە دیموکراسییەکانی ڕاپەڕینی ڕێبەندان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، ئەم چەپە لە پێناو دیموکراسیدا جەنگاو خوێنی دا، چەپی ڕادیکاڵ بە دەلیلی بەتاککەوتنەوە و هەڵبڕانی خۆی لە <u>سۆسیالیزمی کرێکاری و بزووتنەوەی نارەزایەتیی چینی کرێکار</u> شکستی خوارد. چەپی ڕادیکاڵ لە پەراوێزی سیاسەتدا مایەوە، چونکە بێجگە لە سۆسیالیزمی توێژە پەراوێزکەوتووەکانی کۆمەڵ هیچی دیکە نەبوو، مێژووی ئەم چەپە مێژووی خەباتی دیموکراتیک و دژی ئیستیبدادییە، مێژووی جم و جووڵی خوێندکاران و ڕووناکبیرانی لاو و پلمیک وکۆبوونەوە و لێکدابڕانی ڕێکخراوی ئەمانەیە. ئەم خەباتە بە هەر حاڵ بۆ چینی کرێکار بایەخی هەیە، بەڵام مێژووی عەمەل و کاری ڕاستەوخۆی کرێکاری و سۆسیالیزمی چینی کرێکار نییە، مێژووی مانگرتنە کرێکارییەکان نییە، مێژووی سەرهەڵدانی ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی کرێکاران، بەربەستکردن و ڕاوەستانی چەرخی بەرهەمهێنان، کێشمەکێش لەسەر هەقدەست، سەرهەڵدانی شانەکانی تێکۆشانی کۆمۆنیستیی کرێکاری، هاتنەمەیدانی ڕابەرانی ناوبەدەرەوە و ناسراوی نێو خەباتی ئابووری و مێژوویی و شتی تری لەم چەشنە نییە. ئەم ڕووداوانە کە بە بەرینایییەکی یەکجار زەق و بەرچاو لەپەنا ئەم چەپە و لەبەرچاوی ناباوەڕی ئەم چەپە دەقەومان، لەدەرەوەی پراتیکی کۆمەڵایەتی ئەم چەپە مانەوە، چەپی ڕادیکاڵ باسی "پەیوەند"ی لەگەڵ چینی کرێکار دەکرد و بەم جۆرە دانی بەوەدا دێنا، کە لە چینی کرێکار بەتاک کەوتۆتەوە. بەڵام هەرگیز لەوە نەگەیشت کە قسە نەک لەسەر پەیوەندیی "سۆسیالیزم" لەگەڵ کرێکاران وەک توێژێکی کۆمەڵایەتی، بەڵکوو لەسەر ئەوەیە کە خۆیان لە جێگای کۆمەڵایەتی خۆیان دابڕێن و قسە لەسەر

پەیوەستبوونە بەو بزاڤە سۆسیالیستییە کرێکارییە کە حاڵی حازر لەنێو کۆمەڵدا هەیە، بزاڤێک کە کردەوەی ڕاستەوخۆی کرێکاران ڕێک دەخات، ناڕەزایەتییەکان و مانگرتنەکان پێک دێنێت، ڕابەرانی کرێکاری پەروەردە دەکات، خۆهۆشیاریی سۆسیالیستیی چینی کرێکار گەشە پێ دەدات. کرێکاران هەتا هەر جێگایەک بکرێت، لە کۆڕ و کۆمەڵەوە هەتا شوورا، یەکگرتوو ڕادەگرێ و مارکسیزم سەرەڕای هەموو زێدەلق و پۆپ و خەوشەکان و هەموو ئەو بیرئاڵۆزییەی هەر ئەم چەپە پێوەی هەڵواسیوە، لەژێر دەست و باڵ دادەکێشێت هەتا بە کاری بەرێت. ئەم بزووتنەوەیە لاواز و بێسەروسامانە، حیزبییەتی وەخۆ نەگرتووە و قودرەتی گەورەوگرانی خۆی نیشان نەداوە، بەڵام واقیعییە، واقعیترین سۆسیالیزمێکە کە لە ئێراندا هەیە.

جیایی چەپی ڕادیکاڵ لە کرێکاران، یان دروستتر بڵێین لە بزووتنەوەی سۆسیالیزمیی کرێکاری، جیاییەکی هەمەلایەنە و قووڵە، جیاییەکی تیۆری، بەرنامەیی، پراتیکی و لە یەک وتەدا کۆمەڵایەتی، ئەمانە دوو بزووتنەوەن بۆ دوو کۆمەڵە ئاڵوگۆڕی جیاواز، بۆ دوو شۆڕشی جیاواز، بە پشتئەستووریی چینە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان، هەردووکیان بیلفیعل هەن و پراتیکن. وانییە یەکێکیان نوێنەری سۆسیالیزم بێ و ئەوی دیکە چوارچێوە و هۆی بزووتنەوەی خۆڕسکی کرێکاری بێت. لە ڕاستیدا ئەگەر سۆسیالیزمێک هەبێت لەوی دووەمدایە، ئەوی دیکە بە تەواوی چوارچێوەی ناڕەزایەتیی میللی_ دیموکراتیکیی ڕووناکبیرانی ناڕازیی ئێرانی بوو. مارکسیزم، وەک تیتر و تابلۆیەکی گشتی و هەروەها کۆمەڵێک داخوازیی سیاسی و ئابووریی دەسبەجێ، ئەمانە پێکەوە پەیوەند دەدا و لێکیان نزیک دەکاتەوە، بەڵام هەڵەیە ئەمانە بە هاوڕەگەز دابنرێن.

ناکرێکارییبوونی ڕایەڵ و پۆی چەپی ڕادیکاڵ کەوایە دیاردەیەکی چارهەڵنەگر بوو، کە لە جەوهەر و ناوەرۆکی سیاسی و جێگا و شوێنە چینایەتییەکەیەوە سەرچاوەی دەگرت، ئەم ڕەوتانە هەر وەک گوتم، نەک لە بزووتنەوەی چینی کرێکار و لە ناوەندیی ناڕەزایەتیی کرێکارییەوە، بەڵکە لە درێژەی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی ناسیۆنالیست و دژی ئیستیبدادیدا شکڵی گرتبوو. چالاکبوون لەنێو چینی کرێکار و بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی ئەم چینەدا، هەر لە بنەڕەتەوە باری ئاسایی و سروشتیی هەبوونی ئەم ڕەوتانە نەبوو. چریکەکان هەر لە بناغەوە بەو پێشفەرزەوە ڕێبازی خۆیانیان داڕشتبوو کە: سەرکوت ناهێڵێت و لە ڕەوتی شۆڕشدا لەگەڵ کرێکاردا



پەیوەندی دەگرێت. کاتێک کە فاکتۆری سەرکوت ئیدی دەورێکی وای نەبوو، جم و جووڵی توێژی خوێندەوار و ڕووناکبیری وردەبۆرژوا جارێکی تر سێبەری خستە سەر بزووتنەوەی چینایەتی. لە ڕوانگەی ئەم چەپەوە، هەر ئەمڕۆش پاشماوەی ئەم چەپە ڕادیکاڵە، "خوێندکار" هێشتا بە شەپیوورچی و ئومێدی "شۆڕش" حیساب دەکا و هەر ئەوەندەی خوێندکاری فڵانە زانکۆ بە ناڕەزایەتی بەرانبەر بە کوژانەوەی کارەبا تەقەیان لە کەوچک و دەوری هەستاند، ڕەوتگەلی وەکوو ڕاهی کارگەر، ئەوەندەیان بەسە بۆ ئەوەی پێی گەرم دابێن و بێنە سەر زەوق و ڕۆژنامەکانی خۆیان لە پەیامی پیرۆزبایی گەرموگوڕ بۆ خوێندکاران و "بزووتنەوەی خوێندکاری" پڕ کەن. بە هەر حاڵ خاڵی سەرەکی ئەوەیە کە ئەم جیایی و بێگانەییە لەگەڵ ناڕەزایەتیی کرێکاری قەت شتێکی بەهەڵکەوت نەبووە و تەنیا جەخت لەسەر ناکرێکارییبوونی جێگای کۆمەڵایەتیی ئەم چەپە دەکاتەوە.

لە بەشی دواتری ئەم نووسراوەیەدا بە درێژی باسی ئەو میکانیزمە دیاریکراوانە دەکەم، کە دەبوونە هۆی جیایی عەمەلی و ڕێکخراوەیی کرێکاران لە چەپی ڕادیکاڵ و لە بەشی کۆتاییدا ئەو هەنگاوە دیاریکراوانە کە ئێمە دەبێت لە ئاستی جۆراوجۆردا هەڵیان گرین، بۆ پەرەپێدانی ئەندامەتیی کرێکاران لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا، بەکورتی باس دەکەم.

وەرگێڕانی: ناسر حیسامی
تایپکردنەوەی: کازم فاتیح

سەرچاوە:
حزب کمونیست و عضویت کارگری
"کمونیست"، شمارە های 51، 52
تیر ماه و مرداد ماه 1368

# وەرگێڕدراوی وتووێژی هاوڕێ مەنسوور حیکمەت
# بە بۆنەی شەشەمینساڵڕۆژی پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانەوە

**پرسیار:** هاوڕێ مەنسوور! وێڕای سوپاس بۆ ئێوە بۆ بەشداریتان لەم وتووێژەدا. شەش ساڵ لە پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران تێپەڕ بووە. شەش ساڵ لەوەپێش هەر لەم ڕۆژانەدا، سی و چەند کەس لە هاوڕێیانمان لە کۆنگرەی دامەزرێنەری حیزبدا کۆبوونەوە و ئەم حیزبەیان پێک هێنا، بە ئاسۆیەکەوە کە بۆیان دەڕوانی و بە دیاریکردنی داهاتوویەک کە بۆ ئەم حیزبە لەبەرچاویان گرتبوو. ئەمڕۆ پاش تێپەڕینی شەش ساڵ، کاتێک چاو لە حیزب دەکەین، ئایا پێت وایە لەو ماوەیەدا بەپێی ئەو شتانەی بە تەمایان بووین و ئەو ئاسۆیەی ڕوومان تێکردبوو چووینەتە پێش؟

**وەڵام:** بە پێوانەی چاوەڕوانییە گشتییەکانی کۆنگرەی دامەزرێنەر، نەک هەر ئەو شتانەی لەو ماوەیەدا دەبووا بکرێ کراوە، بەڵکوو حیزبی کۆمۆنیست زۆر لەوە واوەتریش چووە. نازانم لەم بەرەوپێشچوونە چەندەی بەرەنجامی هەنگاوهەڵگرتنی بە دانستەی خودی حیزب بووە و چەندەی بەرەنجامی ئاڵوگۆڕێکی بابەتییە کە لەنێو کۆمەڵدا و لە ڕەوتی خەباتی چینەکاندا لە ئێران و لە ئاستی جیهانیدا ڕووی داوە. بێگومان ئەمانە هەردووکیان دەوریان بووە، بە هەر حاڵ کاتێک چاو لەو ئاسۆیە دەکەین کە کۆنگرەی دامەزرێنەر ڕووی تێکردبوو، وە چاو لە جێگاوشوێنی ئێستای حیزبیش دەکەین، ئەو بەرەوپێشچوونە گەورەیە دەبینین. زۆر کەس لەبیریان چووەتەوە کە حیزبی کۆمۆنیست لە چ هەلومەرجێکی فیکری و کۆمەڵایەتیدا پێک هات. حیزبی کۆمۆنیست کاتێک پێک هات کە ڕژێمی ئیسلامی هێرشێکی قورسی کردبووە سەر کرێکار و کۆمۆنیزم، دیموکراسی و تەنانەت بۆسەر بنەڕەتیترین و سەرەتاییترین مافە مرۆییەکانی نێو کۆمەڵی ئێران. چەپی ڕادیکاڵی ئێران پێش حیزبی کۆمۆنیست، بیروڕا و تیۆری وای بەسەردا زاڵ بوو کە ئەمڕۆ تەنانەت دواکەوتووترین بەشەکانی چەپی ئێران پێی پێدەکەنن. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەرانبەر بەو چەپە دواکەوتووە وردەبۆرژواییە پێک هات. لە ئاستی جیهانیدا هەندێک لایەنی خودی بۆرژوازی و جەمسەرە جیهانییەکانی بۆرژوازی مارکسیزمیان وەک مەکتەبێک بە ڕەسمی مۆنۆپۆڵ



کردبوو. حیزبی کۆمۆنیست ئاڵای مارکسیزمی ڕادیکاڵ و ڕاستەقینەی هەڵگرت. ئەو کاتە قسە لەسەر ئەوە بوو، کە دەبێ بەرانبەر بەمانە جەمسەرێکی پێشڕەو و حیزبێکی مارکسیستی پێک بهێنرێ کە خۆی بە پابەندی ڕێکخستنی چینی کرێکار و شۆڕشی کرێکاری بزانێ. ئەو کاتە قسە لەسەر ئەوە بوو، ببینە هەڵگری سۆسیالیزمی ڕادیکاڵ لە ئێران، ئەوانە و تەنانەت لەوانە زیاتریش لەم شەش ساڵەدا وەدی هاتوون. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران خۆی سەقامگیر کرد و بوو بە هەڵگری سەرەکیی مارکسیزمی ڕادیکاڵ لە ئێران. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران نەک هەر پێشی بە لەبەریەکترازان و تێداچوونی چەپی ڕادیکاڵ گرت، بەڵکە بینایەکی داڕشت کە تێیدا بزاڤی سۆسیالیزمی کرێکاری و گۆڕانی بە هێزێکی کۆمەڵایەتی دەیتوانی سەرەڕای هێرشی بۆرژوازی و دەوڵەتە ئیسلامییەکەی بۆسەر کرێکار و بۆسەر مارکسیزم لە کۆمەڵدا درێژەی پێ بدرێ. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بۆشاییەکی واقیعی لە کۆمەڵدا پڕ کردەوە، بەڕاستی پڕی کردەوە. حزبێکی مارکسیستیی ڕادیکاڵ ڕوو لە چینی کرێکار پێک هات. حیزبی کۆمۆنیست دەوری زۆر کاریگەری هەبوو لە دیاریکردنی ئاسۆی خەباتی کرێکاریدا و لە پێکهێنانی جەمسەرێک لە کۆمەڵدا کە داخوازە چینایەتییەکانی کرێکاران ڕابگەیەنێ. هەموو کرێکارێکی کۆمۆنیست و هەرکەس خۆی بە سۆسیالیست و کۆمۆنیست دەزانێ، دەتوانێ ئەوە بێنێتە بەرچاو کە ئەگەر حیزبی کۆمۆنیست پێک نەهاتبا، ئێستا لە کۆمەڵدا لە بزووتنەوەی کرێکاریدا و لە بزووتنەوەی مارکسیستیدا چ بار و دۆخ و جێگا و شوێنێک خۆی داسەپاندبوو. بە هەر حاڵ هەر وەک وتم بەپێی چاوەڕوانییەکانی شەش ساڵ لەوەپێش حەرەکەتی ئەم حیزبە بە تەواوی جێگەی ڕەزامەندییە، بەڵام لە ڕاستیدا هەر خودی ئەو ئاسۆیەی شەش ساڵ لەوەپێش و چاوەڕوانییەکانی ئەو کاتەمان کە ئیتر پێیان ڕازی نین، ئیتر سێ ساڵە خەریکین بەڕاشکاوی باسی ئەوە دەکەین پێویستە چاوەڕوانییەکی زیاترمان لە خەباتی کۆمۆنیستی و حیزبی کۆمۆنیست ببێ. لە کۆنگرەی دووەمدا باسی ئەم مەسەلەیەمان کرد. ئەگەر بەپێی ئاسۆیەک کە کۆنگرەی دووەم بەڕووی حیزبیدا کردەوە، یانی بەپێی ئاسۆی کۆمۆنیزمی کرێکاری، بمانەوێ قسە بکەین، ئەمجارە ئیتر من هەڵسەنگاندنەکەم فەرق دەکا و دەتوانم پەنجە بخەمە سەر کەموکووڕی و شێنەییبوونی جیددی لە کارەکانماندا.

**پرسیار**: وتت تەوەقوع و چاوەڕوانییەکانمان گۆڕاون و کۆمۆنیزمی کرێکاری ئاسۆیەکی جیاواز و دەستوبرد و بەپڕتاوبوونێکی زیاتر لە کاری حیزبدا دەنێتە سەر ڕێمان، لەم چەند ساڵەدا لەسەر کۆمۆنیزمی کرێکاری زۆرت قسە کردووە و منیش نامەوێ و پێشم وانییە بکرێ ئێستا بە تەسەلی بچینە سەر ئەم باسە. بەڵام پێم باشە بە کورتی قسەیەک لەم بارەیەوە بکەی، ئەگەر هاوڕێیەکی ئێمە لە کارخانە داوای لێ بکرێ جەوهەری ئەم ڕەوتە کۆمۆنیزمە کرێکارییە لە چەند دەقیقەیەکدا شی بکاتەوە، دەتوانێ چ وەڵامێک بداتەوە؟

**وەڵام**: با لەپێشدا ئەوە بڵێم کە من وتم چاوەڕانییەکانمان "دەبێ" بگۆڕێ، نەم وت "گۆڕاوە". ئەگەر ئێمە بەڕاستی توانیبێتمان ئەم حیزبە بگەیەنینە جێگایەک کە سەرجەمی حیزب ئەم چاوەڕوانییە تازانە و ئەم ئاسۆیەی کۆمۆنیزمی کرێکاری وەربگرێ، ئەگەر توانیبێتمان کارێک بکەین کە حیزبی کۆمۆنیست لەسەرەوە هەتا خوارەوەی لە ڕوانگەی کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە بەم بۆچوونەوە چاو لە خۆی و لە دنیای دەرەوەی بکا، پێشڕەفتێکی بنەڕەتیمان کردووە. ئەمە ئاڵوگۆڕێکە خەریکە ڕوو دەدا بە هەموو هەڵسوکەوتەکانییەوە. بەڵام ئەوە کە وتت لە چەند دەقیقەدا لە بابەت کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە چی دەتوانین بڵێین، ئەگەر من بم و بواری قسەکردنیش ئەوەندە تەسک بێت، ئەوا دەڵێم: قسەی کۆمۆنیزمی کرێکاری ئەوەیە کە کۆمۆنیزم و حیزبی کۆمۆنیست هی کام چینە؟ ئێمە دەڵێین هی چینی کرێکارە، ئەمە هەموو کەس قەبووڵیەتی و کەس لەسەری قسەی نییە، بەڵام بۆ ئێمە ئەو حوکمە سادەیە کێشمەکێشێکی بنەڕەتیی کۆمەڵایەتی لەپێشە، کێشمەکێشێک لەسەر ئەوە کە تیۆری کۆمۆنیزم بە کرێکارەوە بەسترابێتەوە، ڕێکخراوی کۆمۆنیستی بە کرێکارەوە بەسترابێتەوە، ئامرازە حیزبییەکان لەگەڵ کرێکاران لێک نەترازابن، حیزب حیزبی نەریتی ناڕەزایەتیی کرێکاری بێ. ڕێکخراوی کۆمۆنیستی و خەباتی کۆمۆنیستی لە ناڕەزایەتیی کرێکاری جیا نەبن، وە لە هەمووان گرنگتر کۆمۆنیزم و حیزبی کۆمۆنیست لە دنیای واقیعیدا "کرێکار خاوەنیان بێ". دنیایەک کە تێیدا ئەو سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمەی لە ئارادا بووە، لە باشترین حاڵەتدا بزووتنەوەیەک بووە بۆ کۆکردنەوەی هێزی کرێکاران بۆ خەبات لە پێناوی هەندێک ئامانجی بەرتەسکدا، کە تەنانەت ئەگەر وەزعی کرێکاری تا ڕادەیەک بەرەو باشبوونیش بردبێ، کرێکاری نەدەگەیاندە ڕزگاربوونی یەکجاری و دنیای بەو جۆرە ناگۆڕی کە کرێکار دەیەوێ.



کۆمۆنیزمی کرێکاری زۆر شتە، کۆمۆنیزمی کرێکاری بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتییە، بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی چینێکی کۆمەڵایەتییە بەناوی چینی کرێکار. قسەی کۆمۆنیزمی کرێکاری ئەوەیە کە دەبێ بێن بەم بزووتنەوەیە پەیوەست بن. خودی بوونە مارکسیست و پێکهێنانی حیزبی مارکسیستی ناتان کاتە ئەندامی ئەم بزووتنەوەیە، ئەگەرچی هەنگاوێکی بنەڕەتییە بەرەو ئەوە. دەبێ بەم ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتییەوە پەیوەست بن. لە ڕاستیدا بوونە مارکسیست بە مانای واقیعیی خۆیشی، بەبێ ئەوەی لە جەرگەی ئەو ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتییە کە لەوەتی سەرمایەداری هەیە ئەویش هەیە ئیمکانی نییە. کۆمۆنیزمی کرێکاری تیۆرییەک و بۆچوونێک و ڕەخنەیەکی شۆڕشگێرانە و چینایەتییە بەرانبەر بە کۆمەڵ. دەبێ ئەم بۆچوون و ڕەخنەیە تێبگەی و قەبووڵی بکەی، نەک ئەو شتە کە ڕەوتگەلی چەپی چینە دەسەڵاتدارەکان بە ئیلهاموەرگرتن لە ناسیۆنالیزم و ڕیفۆرمیزم و دیموکراسی و شتی تر هێناویانەتە نێو مارکسیزم. بیروڕاکانی مارکس دەبێ وەک کرێکارێکی ناڕازی بخوێننەوە و کرۆکی ڕەخنەگرانە و ئاڵوگۆڕپێکهێنەری تێبگەن، نەک وەک کەسانێک نییەتی کاری خێریان هەیە و خۆیان سەر بە هیچ چینێک نین. کەوایە کۆمۆنیزمی کرێکاری کێشەیەکی تیۆریکە، کێشەیەک بۆ گۆڕینی بۆچوون و ڕوانین بۆ کۆمەڵ و مێژووی کۆمەڵایەتی و تەنانەت ڕوانین بۆ خودی مارکسیزمیش وەک تیۆرییەک. کۆمۆنیزمی کرێکاری نەریتێکی خەباتی حیزبییە. جەمسەرێک، ڕیزێکی دیاریکراوی حیزبییە کە هەوڵ دەدا حیزبە کرێکارییە کۆمۆنیستییەکان بەپێی ئەو خاڵانە کە باسم کردن داڕێژێ. کۆمۆنیزمی کرێکاری هەروەها هەوڵدانێکە لەنێو حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا بۆ وەدیهێنانی ئەو داهاتووە، نەک هیچ شتێکی لەوە کەمتر. کەوایە کۆمۆنیزمی کرێکاری ڕەوتێکی فیکری، بزاوتێکی کۆمەڵایەتی و نەریتێکی حیزبییە بە ئامانج و شێواز و ئاسۆ و ئەرکی تایبەتی خۆیەوە، ڕێک هەر وەکوو هەموو نەریتێکی خەباتی کۆمەڵایەتیی دیکە. پاش ئەم شیکردنەوە کورتە، هەڵبەت ئەگەر من بم، داوا لە هاوڕێکەمان دەکەم کە بچێ، گەلێک بابەت کە هەتا هەنووکە لە مەڕ کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە نووسراون و وتراون دەور بکاتەوە.

**پرسیار**: ئەو چاوەڕوانییانە چۆن دەبێ وەدی بێن؟ مەبەستم ئەوەیە کە ڕەوتی گۆڕانی حیزبی کۆمۆنیست بۆ حیزبی سۆسیالیزمی کرێکاری لە ئێران بە کام قۆناغدا تێدەپەڕێ و پێشڕەوییەکانی بە چ هۆگەلێکەوە گرێ دراوە؟

**وەڵام:** بە بڕوای من ئەمە پێش هەموو چتێک بە هەڵوێستی چینی کرێکار و بەشی پێشڕەو و سۆسیالیستیی ئەو چینەوە بەستراوەتەوە. وتم کۆمۆنیزمی کرێکاری بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتییە. کەوایە پێشڕەوییەکەی تەنانەت لە چوارچێوەی حیزبیشدا لە گرەوی حەرەکەتی هێزە کۆمەڵایەتییەکاندایە. ڕاستییەکەی هەتا ئێرەش هەموو پێشڕەوییەکی مارکسیزم و هەر سەرکەوتنێک کە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەدەستی هێناوە، ڕەنگدانەوەی بەخۆکەوتن و جم و جووڵ و قودرەتێکی چینایەتییە لە کۆمەڵدا. هەمان خەبات لە دژی سۆسیالیزمی وردەبۆرژوایی لەبەرچاو بگرن کە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران تێیدا سەری هەڵدا. ئەوە بیرتەسکییە ئەگەر پێمان وا بێ ئەم سەرکەوتنە تەنیا بەرەنجامی خەباتی فیکری خۆمان و تێکۆشانی ڕێکخستنی خۆمان بووە. ئەگەر کرێکاری ئێرانی لە شۆڕشی ساڵی 79دا بەو بەرینییە نەهاتبایەتە مەیدان، ئەگەر کرێکاری پیشەسازیی نەوت بۆ دەورەیەک بەکردەوە ڕێبەرایەتیی شۆڕشی شوورا کرێکارییەکانی نەکردایە و بزووتنەوەی کرێکارانی بێکار بەو بەرینابییە بەگەڕ نەکەوتبان، زەحمەت بوو بکارێن وا بە خێرایی و بە ئاسانی بەسەر ئەو بیروبۆچوونە میللیگەرا و خەڵکییانەدا کە بەسەر چەپی ئێراندا زاڵ بوو سەربکەوین. نەمان دەتوانی بۆچوونەکان و بەرنامەی مارکسیستی خۆمان وا بە قودرەتەوە سەقامگیر بکەین. توانستی کۆمۆنیزمی کرێکاری وەک ڕەوتێکی فیکری و ڕەوتێکی حیزبی، بە توانستی کرێکار وەک هێزێکی ناڕازیی کۆمەڵایەتی پشت ئەستوورە. مەبەستم لەمە تەنیا لە چوارچێوەیەکی میللیدا نییە، هەرچەندە بەخۆکەوتنی چینی کرێکار لە ئێران و پەرەگرتنی نارەزایەتیی ڕادیکاڵ لەنێو ئەم بەشەی چینی کرێکاردا کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆتری لەسەر کاری ئێمە هەیە، مەعدەنچی ئینگلیز و ساڵێک خەباتی بێئەمانی بزووتنەوەی 35 سەعاتکار لە ئەڵمانیا و خەباتی کرێکاران لە ئەفریقای باشووریش دەستی ئێمە بەهێز دەکەن و ڕێگای خەباتمان خۆش دەکەن. پەیوەندیی ڕاستەوخۆی نێوان توانستی کۆمەڵایەتیی کرێکار و پێشڕەوی کۆمۆنیزممان لە کوردستانیش دیت. ئەوەی کە حیزبی ئێمە توانی وا بە قودرەتەوە بەرانبەر بە دژی دیموکراتیزم و هێرشی توندوتیژی بۆرژوازیی ناوخۆیی ڕاوەستێ و لەسەر جێگەی خۆی داینیشێنێتەوە، نەک تەنیا بەرهەمی کۆڵنەدەری و جوامێریی شکۆداری سازمان و حیزبێکی دیاریکراو، بەڵکە لە بنەڕەتدا نیشانەی هاتنەمەیدانی کرێکار لە کوردستان وەک هێزێکی قودرەتمەندی کۆمەڵایەتییە. ئەم واقیعییەتە یانی ئەوە کە بە وەخۆکەوتن



جم و جووڵی کۆمەڵایەتیی کرێکار ئێمە وەک حیزبێک وەختێک بەهێز بووین، پێوانە و نیشانەیەکی گرنگە بۆ تێگەیشتن لە حەقانییەت و ڕەوابوونی کۆمۆنیزمی کرێکاری و مایەیە بۆ ئەوەی لە داهاتووی خۆمان بەتەواوی دڵنیا بین.

پێشتریش گوتوومە، بە بڕوای من کۆمۆنیزمی کرێکاری حیزبێکی بەرینی کۆمەڵایەتییە کە لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا تەنیا گۆشەیەک لەم حیزبە بەرینە کۆمەڵایەتییە بەرینەمان بەرچاو دەکەوێ. داهاتووی ئەم ڕەوتە داهاتووی کۆمۆنیزمی کرێکاری، هەر لەم مەیدانە کۆمەڵایەتییەدا دیاری دەکرێ. ئەوە ئێمەین کە دەبێ بۆ داهاتووی خۆمان بەرنامە دابڕێژین و بە دانستە و هۆشیارانە هەموو چرکەیەکی بەرەوپێش بەرین. ئەوە ئێمەین کە دەبێ کۆسپە فیکری و سیاسی و ڕێکخراوەییەکانی سەر ڕێگای ئەم پێشڕەوییە تێک بشکێنین و ڕێگا بکەینەوە بۆ ئەوەی ئەو هێزە گەورە کۆمەڵایەتییە ڕۆڵ و ئەرکی خۆی بەڕێوە بەرێ. هەرچی بێ ئەوە ئێمەین کە حیزبی کۆمۆنیستمان پێک هێناوە و ئاڵای شۆڕشی کرێکاریمان هەڵکردووە. بەڵام بۆ یەک چرکەش نابێ لەو واقیعییەتە غافڵ بین، کە هێزی واقیعیی ئەم ئاڵوگۆڕە و مەیدانی واقیعیی خۆنواندنی ئەم کۆمۆنیزمە کرێکارییە لە کۆمەڵدا، لە چینی کرێکاردا، لە گرایشی سۆسیالیستیی ناوخۆی ئەو چینەدایە. بە بڕوای من تەواوی قسەی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە باری حیزبی و ڕێکخستنییەوە لانی کەم لەم دەورەیەدا، دێتەوە سەر ئەوە، کە ئایا نەریتی سۆسیالیزمی کرێکاری و ڕەوتی کرێکارانی کۆمۆنیست لە ئاستێکی کۆمەڵایەتیدا، حیزبی کۆمۆنیست بە حیزبی سیاسیی خۆیان دەزانن و وەک ئامرازی خەباتی خۆیان بە دەستییەوەی دەگرن یان نا. هەموو کەس ئەوە دەزانێ کە هەر کارێک وەسیلە و ئامرازی خۆی پێ دەوێ. هەموو کارخانەیەک ناتوانێ هەموو شتێک دروست بکا و هەموو ئاچارێک بۆ هەموو پێچێک نابێ. ئەگەر کرێکار و نەریتی نارەزایەتیی ڕادیکاڵی کرێکاری قەرارە حیزبێک وەک وەسیلە و ئامرازی خۆی بە دەستەوە بگرێ، ئەم حیزبە دەبێ ئامرازێکی گونجاو بێ بۆ ئەم کارە لە باری فیکری و عەمەلی و ڕێکخستن و ... شتی ترەوە. کەوایە بەشێک لە خەبات بۆ کۆمۆنیزمی کرێکاری، خەباتە بۆ گۆڕینی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەو وەسیلە و ئامرازە و زاڵبوون بەسەر گەلێک کۆسپ و تەگەرەی فیکری و عەمەلیدا کە دێتە سەر ڕێگامان. ئەمە تایبەتمەندیی سەرەکیی ئەو تێکۆشانەیە کە ئێمە دەبێ وەک ئەندامانی حیزبێکی دیاریکراو بەرەوپێشی بەرین. بەم پێیە، پێم وایە دەبێ ڕووی قسەمان بکەینە

ئەندامانی سەرەتایی ئەم حیزبە بەرینە کۆمەڵایەتییە، دەبێ ڕووی قسەمان بکەینە کرێکاران، ئەگەر کاتێک کرێکار قانوونی کاری ئیسلامی پووچەڵ دەکاتەوە، ئێمە وا پێی بەهێز دەبین. دەتوانن ئەوە بێننە بەرچاو کە ئەگەر ڕاستەوخۆ لە چارەنووسی حیزبی کۆمۆنیستدا و لە ڕەوتی گۆڕان بە حیزبێکی کرێکاریدا دەور و دەخاڵەتی هەبێ، چاوەڕوانییەکانی ئەمڕۆمان چەندە بە خێرایی بەدی دێن.

**پرسیار**: بەمجۆرە بانگەوازی ئێوە بە بۆنەی شەشەمین ساڵڕۆژی پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیستەوە، بانگەوازێکە بۆ کرێکاران و سۆسیالیزمی کرێکاری بە گشتی، نەک تەنیا بۆ ئەندامان و تێکۆشەرانی حیزب؟

**وەڵام**: ڕاستییەکەی هەموو هەوڵ و تەقەلای ئێمە دەبێ ئەوە بێ کە ئەم بەجیا بژاردنە بە تەواوی و بەکردەوە لەنێو بەرین. لێرەدا بانگەوازی من بۆ کۆمۆنیزمی کرێکاری ڕووی هەر لەو حیزبە بەرینەیە و لە ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستیش وەک تێکۆشەرێکی ئەم حیزبە بەرینە. ئەوانەی لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا کۆبوونەتەوە داوا دەکەم پەی بە گرنگی ئەو جێگۆڕکێ و ئاڵووگۆڕە کۆمەڵایەتییە بەرن کە حیزبی ئێمە دەبێ بیکات. بە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و بە هاتنەگۆڕی باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەم حیزبەدا وە لە لایەن ئەم حیزبەوە، سۆسیالیزم لە ئێران گەیشتۆتە سەرەڕێی مەنزڵێکی چارەنووسساز. دەیان ساڵە لەژێر ئەم ناوەدا، کرێکاریان بۆ میللیکردنەوەی فلان و فیسار پیشەسازی و نیمچە دەسکاریکردنێکی ئەم یان ئەو گۆشەی نیزامی سیاسی و ئابووریی سەرمایەداری، هێناوەتە مەیدان. هەتا پێش ئێمە سۆسیالیزم لە ئێران بزووتنەوەی ناڕازییانی چینە دەسەڵاتدارەکان و بزووتنەوەی هەڵپاچینی لق و پۆپی سەرمایەداری بووە. بەشێکی بەرینی ئەم سۆسیالیزمە هەر ببڕای ببڕ بە لای کرێکاراندا نەچوونە و ئەو بەشانەیش کە بە لایدا چوون لەبەر بەرچاوتەسکیی خۆیان و بەهۆی ئەوەی بە شێوەیەکی واقیعی لە مەسەلەی کرێکار جیا بوون، هەموو جارێک، چ بە مەشروتەکەیان گەیشتن و چ پێی نەگەیشتن، بزووتنەوەی کرێکارییان بە ئاکامی پرش و بڵاوی بەبێ دەستکەوت لەبەر دەستی بۆرژوادا بە جێهێشتووە. ئێمە حیزبێکی کۆمۆنیستی مارکسیست و ڕادیکاڵ کە بەرهەمی شۆڕشێک و بەرهەمی جم و جووڵێکی گەورەی چینی کرێکارین، ئێستا لە جێگا و شوێنێکداین کە ئەم بار و دۆخە بە جارێک بۆ هەمیشە بگۆڕین. ئێمە لە جێگا و شوێنێکین کە ئەگەر بە دروستی ئەرکەکانمان بناسین و لە کۆسپ و تەگەرەی سەر ڕێگامان نەترسین، دەتوانین ئەم



نەریتە کۆمۆنیستییە لە کۆمەڵدا سازمان بدەین، کە سەرچاوەکەی ناڕەزایەتیی کرێکارە، هێزە بزوێنەرەکەی کرێکارە، وە سەرکەوتنەکەی شۆڕشێکی کرێکارییە بەتەواویی مانا. کۆمۆنیزمی کرێکاری ئاڵای ئەم ئاڵوگۆڕەیە وە هەموو ئەندامێکی حیزبی کۆمۆنیست دەبێ هەر وەکوو چۆن دەساڵ لەوەوپێش وا بە گەرموگوڕی وە بە ئیرادەیەکی پتەوەوە، بە پێچەوانەی سەرجەم ئەو ڕەوتە چەپانەی لە ئارادا بوون، ئاڵای مارکسیزمی شۆڕشگێڕی لە کۆمەڵدا هەڵکرد، ئەمڕۆ ئاڵاهەڵگری کۆمۆنیزمی کرێکاری و تێکۆشەری ئەم ئاڵوگۆڕە گرنگە کۆمەڵایەتییە بێ. ڕوو دەکەمە ئەو هاوڕێ کرێکارانە کە ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران نین و پێیان دەڵێم ئەم حیزبە حیزبی ئێوەیە. تاقە دەنگێکە کە لە سەراسەری ئێران بە نێوی کرێکارەوە بەرز بۆتەوە. ئەم حیزبە بە نێوی ئێوە پێک هاتووە و بە نێوی ئێوە کار دەکا. دەبێ بە فەرمی وە بەکردەوە بیکەنە هی خۆتان! دەبێ بەدەستییەوە بگرن! پێشڕەویی ئەم حیزبە هەتا ئەمڕۆ لە خەباتی ئێوە جیا نەبووە و لە داهاتووشدا هەر وا دەبێ! ڕیزەکانی پڕ کەنەوە! دەبێ ئاگاتان لە چارەنووسی ئەم حیزبە بێ! دەبێ هەوڵ بدەن ئەم حیزبە بە شێوەی واقیعی ببێتە ئەو چەکە، کە کرێکار لە خەباتی هەموو ڕۆژەیدا و لە شۆڕشەکەیدا پێویستی پێیەتی! ئەم حیزبە بەبێ دەخاڵەتی ڕاستەوخۆ و چالاکانەی ئێوە نابێتە ئەو چەکە. ئەو دەورانە بەسەر چوو کە کرێکار بە تەمای باشبوونی ژیانی بکەوێتە شوێن ئەم و ئەو و هیوای بەم و بەو بێ. دەبێ بە حیزبی سەربەخۆی چینایەتیی خۆمانەوە لە مەیدانی سیاسیدا وە لە هەموو بەربەرەکانێیەکی ڕۆژانەدا لە قازانج و بەرژەوەندیی کرێکاری، خۆ نیشان بدەین. لەسەر ئەم ڕێبازە پێشڕەوییەکی زۆرمان کردووە. حیزبی کۆمۆنیست و ئاڵای کۆمۆنیزمی کرێکاری کە لەو حیزبەدا هەڵکراوە، نیشانەیەکە لەو پێشڕەوییە. وەلێ هەموو پێشڕەوییەکی لە گرەوی ئەوەدایە، کە ئێوە لەگەڵ ئەم حیزبە چ دەکەن. ئەم حیزبە تەنیا سازمانی ئەو تێکۆشەر و ئەندامانە نییە کە ناویان تۆمار کراوە. حیزبی هەموو کرێکارێکی ناڕازی لە سەرمایەداری و موعتەریز بە سەرمایەدارییە. حیزبی هەر کرێکارێکە کە ئەم دنیایە بە شیاوی ئادەمیزاد نازانێ و نایەوێ هەر ئەم چارەنووسە بۆ ڕۆڵەکانمان بمێنێتەوە. ئەمە حیزبی هەر کرێکارێکە کە لەژێر گوشاری ژیانی ڕۆژانەدا لەبیری ناچێتەوە، کە دامەزراندنی حوکوومەتی کرێکاری دەکرێ، کۆتاییهێنان بە چەوسانەوە و مەینەتیی مرۆڤەکان دەکرێ، پێکهێنانی کۆمەڵێکی ئازادی جیهانی دەکرێ، سەرکەوتنی یەکجاریی

کرێکار بە سەر سەرمایەداریدا دەکرێ. ئەمە حیزبی هەر کرێکارێکە کە بەها و ڕێزی خۆی وەک کرێکار بۆ دەرکەوتووە و تێی گەیشتووە. شەش ساڵ پاش گۆنگرەی دامەزرێنەری حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، بانگەوازی من بۆ کرێکاری ئێران تەنیا یەک ڕستەیە:

حیزبەکەتان بەدەستەوە بگرن!

تایپکردنەوەی: فازڵ عوسمان، جوانە بابەسەفەری

سەرچاوە:
حزب کمونیست در آستان ششمین سال
"کمونیست" شماره 53
شهریورماه 1368

# بەشی سێیەم

**حیزبی کۆمۆنیستی ئێران_ کانوون و فراکسیۆنی کۆمۆنیزمی کرێکاری**
**هەتا جیابوونەوە و پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران**
**نۆڤێمبەر** 1991

# جیاوازییەکانی ئێمە

(وتووێژ سەبارەت بە کۆمۆنیزمی کرێکاری)

**بسووی سۆسیالیسم**: بەڵگەنامەی "هەلومەرجی جیهان و جێگاوشوێنی کۆمۆنیزم" قەیران و داکوژانی سۆسیالیزمە بۆرژواییەکانی داوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە و لە هەلومەرجی داڕووخانی ئەمانە و هێرشی بەرینی بۆرژوازی بۆ سەر سۆسیالیزمدا، وەک تەنیا ڕەوتێک لە کۆمۆنیزمی کرێکاری قسە دەکا کە ئاسۆی پێشڕەوی و هەڵدانی لەپێشە. تا ئێستا چەند مانگ زیاتر لە پەسەندکرانی ئەم بەڵگەنامەیە لە کۆنگرەی سێیەمدا ڕانەبردووە. بەڵام ڕووداوەکان زۆر خێرا ڕوویاندا: ڕووداوەکانی پۆڵۆنیا، داڕووخان لە یۆگۆسلاڤیا، وەرسووڕان لە هەنگاریا، ڕووداوە خێراکانی خودی سۆڤێت و ئەم دواییانەش هەستانی جەماوەری و سەرکوتی خوێناوی لە چین. ئایا تۆ پێت وابوو ئەم ڕەوتە ئاوا خێرا بچێتە پێش؟ ئێستا قسەی "قەیرانی کۆمۆنیزم" لەگەڵ ئەو تەفسیرە بەردەوامانە کە ڕادیۆ و ڕۆژنامەکانی بۆرژوازیی ڕۆژئاوا لەم ڕووداوانەی دەکەن، لە بیروڕای گشتیدا بووەتە دەستەواژەیەکی جێکەوتوو. بۆچوونت سەبارەت بە ڕووداوەکانی ئەم دواییانە چییە؟

**مەنسوور حیکمەت**: پێم وایە هەر ڕووداوەکانی چەند مانگی ڕابوردوو زۆر باشتر لە هەموو ئەو دەلیل و باسانەی کە ئێمە دەمانتوانی لە کۆنگرەی سێیەمی حیزبدا بیانهێنینە گۆڕ، دروستی لێکدانەوەکانی ئێمە لەو گوزارشەدا دەسەلمێنێ کە دامان بە کۆنگرە. تەنانەت لەم گوزارشەشدا ئێمە دەورەیەکی درێژخایەنمان بۆ ئەم ئاڵوگۆڕانە پێشبینی نەدەکرد. سەرەڕای ئەمەش ڕووداوەکانی ئەم دواییانە زۆر خێرا ڕوویان دا. بە بڕوای من ئاڵوگۆڕەکانی سۆڤێت و ئەم وڵاتانەی پێیان دەگوترێ بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی چین، گۆشە جیاوازەکانی ڕەوتێکی گشتیی تێداچوونی سۆسیالیزمی بۆرژوایی نیشان دەدەن و نابێ ئەو جیاوازییە بنچینەییانەمان لەبەرچاو نەبێ کە پێکەوە هەیانە، سۆسیالیزمی بۆرژوایی لە چین وەک ئۆردوویەکی سۆسیالیزمی بۆرژوایی و وەک جەمسەرێک لە بزووتنەوەی بە نێو کۆمۆنیستیدا، زۆر پێش ئێستا تێک شکا و بێ ئیعتیبار ببوو. ماویزم هەر لە حەفتاکاندا شکستی بەسەر هات و لە مەیدانی سیاسی چووە دەرەوە. زۆر لەوەپێش چینی پاش ماو هەر چەشنە



بانگەشەیەکی سۆسیالیستی وەلا نابوو. ڕووداوەکانی ئەمڕۆی چین زیاتر نیشاندەری کێشمەکێشی ڕێکخستنی ماددیی بینای سیاسی و کارگێڕییەکانی ئەم وڵاتەیە لەگەڵ ئەو جیهەتگیرییە بنەڕەتییانەی کە پێشتر لە ئاستی ئابووریی سیاسی ئەم وڵاتە و لە باری ئایدیۆلۆژییەوە پێک هاتبوو. ئێمە ئێستا شایەدی بە کۆتایی گەییشتنی ئەم ڕەوتانەین کە زۆر پێشتر لە چین دەستی پێکردبوو و چ لە ناوخۆی وڵات و چ لە ئاستی نێونەتەوەییدا کۆتایی بە عومر و ئیعتیباری سۆسیالیزمی بۆرژوایی لە چین هێنابوو. بە مانایەک، بۆیە ڕووداوەکانی ئەمڕۆی چین بە هەموو زەقییەکانییەوە لەچاو ڕووداوەکانی کۆمەڵگای سۆڤێت و کاریگەرییەکانیان لە ئاستی جیهانیدا گرنگییەکی زۆر کەمتریان هەیە. ئێمە لە سۆڤێت لەگەڵ وەرسووڕانێکی مێژووساز بەرەوڕووین کە بێجگە لە کاریگەرییەکانی لەسەر پەیوەندە سیاسی و ئابوورییە نێونەتەوەییەکان، پەروەندەی ڕێڕەوی سەرەکی تا ئێستای سۆسیالیزمی بۆرژوایی وەلا دەنێ. ئاڵوگۆڕە سیاسی و فیکرییەکان لە سۆڤێت زۆر خێراتر لە ئاڵوگۆڕە ئابوورییەکان ڕوویان داوە. بەڵام ئەو ڕەوتە بێگەڕانەوەیە کە دەستی پێکردووە لە یەکەم هەنگاودا تەواوی مۆدێلی سەرمایەداریی دەوڵەتی شکست پێ هێناوە و هەڵوەشانەوەی تەواو و کامڵی بە ناو ئۆردووگای سۆسیالیستی و کۆتایی سۆسیالیزمی بۆرژوایی ڕووسی بەدواوەیە. هەڵبەت ئەمە بەڵایەک نییە کە هەر داوێنی بە ئیستیلاح ڕیڤیژینیستەکانی گرتبێتەوە. وێڕای تێداچوونی ئەم ڕەوتە، بە بڕوای من تەواوی مەیل و ڕەوتە شێوە مارکسیستی و غەیرە کرێکارییەکانیش کە لەسەر بنچینەی ڕەخنەکانیان لەو ڕێڕەوە سەرەکییە پێک هاتبوون کۆتایی بە تەمەنیان دێ.

بەڵام ئایا ئەمە "قەیرانی کۆمۆنیزم"، یان "کۆتایی پێهاتنی کۆمۆنیزم"ە؟ ڕاستییەکەی ئەوەیە کە من ئەم دنیایە بە مەیدانی شەڕ و کێشەی مەکتەبەکان نازانم. مێژووی واقیعی، مێژووی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و چینایەتییەکانە. ئاشکرایە لەم ناوەدا "شتێک" شکستی بەسەر هاتووە و کۆتایی پێ هاتووە. ئەم ئاڵوگۆڕانە نیشاندەری شکستی بزووتنەوەی بۆرژوایی سەرمایەداریی دەوڵەتییە. بۆرژوازی بەم بزووتنەوەیە دەڵێ کومۆنیستی و بە نێوی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بە ملیۆنەها مرۆڤی ناساندووە. لە باری مێژووییشەوە ئەم بزووتنەوەیە لەپاڵ بزووتنەوەی کۆمۆنیستییەوە هەڵیداوە و پاش تێپەڕکردنی چەند دەورەی دیاریکراو خۆی وەک ڕێڕەوی فەرمیی کۆمۆنیزم جێخستووە. بزووتنەوەی سۆسیالیستیی کرێکاری، یانی کۆمۆنیزمێک کە لە کۆمەڵی

ئێستادا ئاڵای خەباتی دژی سەرمایەداریی کرێکارە، لە پاڵ ئەم کۆمۆنیزمە فەرمییەوە درێژەی بە ژیانی داوە و ئاشکرایە بە زاڵبوونی ئەم ڕەوتە سەرمایەداریی دەوڵەتییە تووشی هەڵسوکەوت و پاشەکشە بووە. ئەمە بزووتنەوەیەکی دیکەیە کە منیش هەر وەکوو مانیفێستی کۆمۆنیست دەڵێ بە نێوی کۆمۆنیزمی کرێکاری باسی دەکەم. شکستی سۆسیالیزمی بۆرژوایی لە ڕووسیا و بە ناچار داکوژانی هەر جۆرە سۆسیالیزمێکی غەیرە کرێکاری دیکە، لە ناسیۆنال ڕیفۆرمیزمی چەپەوە تا پۆپۆلیزم و ... هاتوهاواری دژی مارکسیستیی بۆرژوازی توند و تیژتر کردووتەوە و دیارە کۆمۆنیزمی کرێکاریش دەخاتە ژێر گوشارێکی ئایدیۆلۆژیی زیاتر. بەڵام قەیرانی سۆسیالیزمی بۆرژوایی نە زەمینەکانی سۆسیالیزمی کرێکاری کز و لاواز دەکا و نە دەیخاتە قەیرانەوە. ڕێک بە پێچەوانەوە، هەر وەک لە گوزارشی کۆنگرەشدا نووسیومە و لە سیمیناری یەکەمی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا چەند مانگ پێشتر ڕۆشنم کردووەتەوە، دەورێکی نوێی خەباتی کۆمۆنیستی کرێکاریمان لەپێشە. ئەمڕۆ ڕێڕەوی سەرەکی ئەوەی کە پێی دەگوترێ کۆمۆنیزمی کرێکاری، خەریکە جارێکی تر دەگوێزرێتەوە نێو چینی کرێکار. کۆمۆنیزمی کرێکاری وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی ئەوا دیسان جێگاوشوێنی واقیعی خۆی لەنێو کۆمەڵدا دەدۆزێتەوە. هێز و توانایی ئەم بزووتنەوەیە یەکجار زۆرە. بە پێچەوانەی ئەوانەی کە بە خەیاڵ کۆتایی پێهاتنی دەورەی مارکس و مارکسیزمیان ڕاگەیاندووە، من دەورەی داهاتوو بە دەورەی گەشە و هەڵدانی سەرلەنوێی مارکسیزم دەزانم، چونکە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی کە ئەم مارکسیزمە دەتوانێ ئاڵای بێ، بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی دژی سەرمایەداریی کرێکار، تازە خەریکە پاش شکستی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و دەیان ساڵ زاڵبوونی جم و جووڵی شێوە مارکسیستی سەر ڕاست دەکاتەوە. با دور نەچین. بە بڕوای من دە ساڵی ڕابوردوو دە ساڵی ناڕەزایەتییە ڕادیکاڵەکانی کرێکاری لە ناوەندە پیشەسازییەکانی ئەورووپای ڕۆژئاوا و دە ساڵی سەرهەڵدانی نەوەیەکی نوێی حیزبە کۆمۆنیستەکانە. حیزبە کۆمۆنیستە کرێکارییەکان. بە بڕوای من مارکسیزم وەک ڕەخنەیەکی قووڵ و زۆر گەورە لە کۆمەڵی سەرمایەداری، وەک تیۆرییەک، خەوش و قەیران هەڵناگرێ. هەر ئەم ڕووداوانەی ئەمڕۆش دروستی مارکسیزم دەسەلمێنێ. تیۆری شۆڕشی کرێکاری تەنیا خودی بزووتنەوەی کرێکاری و پراتیکی کرێکاری دەتوانێ بیسەلمێنێ.



هەڵدێرانی ڕەوتە غەیرە کرێکارییەکان کە بۆ گەیشتن بە ناسیۆنالیزم، دیموکراسی، ڕیفۆرم و پیشەسازیبوون خۆیان بە مارکسیزمەوە هەڵواسیبوو، هیچی تر جگە لەوە ناسەلمێنێ.

**بسووی سۆسیالیسم**: وا پێدەچێ حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیش وێڕای دنیای دەرەوەی خۆی، ئاڵوگۆڕێکی گرنگی بەسەردا بێ. پێم وایە نەک هەر ئەندامانی حیزب، بەڵکوو تەنانەت هەر کەسێکیش لەدەرەوە دەڕوانێتە حیزبی ئێمە و بەشوێن ئەدەبیاتی ئێمەوە بێ بە تایبەت لە دەورەی پاش کۆنگرەی سێیەمدا، ئاگاداری ناکۆکی و تەنانەت کێشمەکێشی ناوخۆی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دەبێ. هەر ئەو گوزارشەی کە پێشکەشی کونگرەت کرد و قسە و باسێکی کە لە کۆنگرەدا لەسەرت کرد، ئەو نووسراوانەی کە سەبارەت بە هەڵسووڕانی حیزبی ئێمە لە کوردستان، لە گۆڤاری "کۆمۆنیست"دا چاپ کراوە، باسی ئەندامەتی کرێکاری و شتی تر، هەموویان نیشاندەری ئەم ناکۆکییانەن. ئەم مەوقیعییەتە چۆن دەبینی و باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری تا چ ڕادەیەک لەم چوارچێوەیەدا هاتۆتە گۆڕ و چ گرنگییەکی هەیە؟

**مەنسوور حیکمەت**: حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیش وەک هەموو حیزبێکی واقیعی دیکە باڵ و مەیلی چەپ و ڕاست و ناوەندی هەیە. کێشمەکێشی ئەم مەیلانە بە شێوەی جۆراوجۆر هەر لە سەرەتای پێکهاتنی حیزبەوە وجوودی بووە. لە واقیعدا ئەم مەیلانە بەرهەمی گوشار و مەیل و بۆچوونە کۆمەڵایەتییەکانن و ڕاستییەکەی نەبوونیان هۆی سەرسووڕمانە. بەڵام لە چەند ساڵی ڕابوردوودا و بە تایبەت لە یەکساڵی ڕابوردوودا بەرانبەرکێ و ناکۆکی نێوان مەیلەکانی ناو خۆی حیزب، بە هێندێک دەلیلی سیاسی زۆر ڕۆشن زیادی کردووە. ئەم هەلومەرجە نەک هەر پەیوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ مەسەلەی کۆمۆنیزمی کرێکاری و باسەکانی ئێمە لەم دەورەیەدا هەیە، بەڵکوو لەوپەڕی خۆیدا ڕەنگدانەوەی هەمان ئەو واقیعییەتە کۆمەڵایەتی و سیاسییانەیە کە لە وەڵامی پرسیارەکەی پێشوودا باسم کرد. باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە بار و دۆخی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دەرنەکێشراوە. ئەم باسە بەیان و لێکدانەوەی بنەڕەتیترین مەسەلەکانی کۆمۆنیزم و سۆسیالیزمی ئێستایە. ئەم بزووتنەوەیە بە هەر حاڵ لە پێش هەموو کۆمۆنیستێک دانراوە و دەبێ بە جۆرێک وەڵام بدرێتەوە. بەڵام لە هەمان حاڵدا کۆمۆنیزمی کرێکاری ڕوانگە و باسێکە کە لە لایەن مەیلی چەپی نێو حیزبەوە هێنراوەتە گۆڕ. ڕەخنەگرییەکە لە بۆچوون و شێوە و بیروباوەڕەکانی مەیلەکانی

دیکەی نێو حیزب. ڕەخنەگرییەکە لەو مەوقیعییەتەی کە ئەم مەیلانە بەسەر حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیدا دەسەپێنن. باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری "چ کردن" و پلاتفۆرمێکی سیاسی و عەمەلیی تایبەت دەنێتە بەرانبەر حیزب، کە لەگەڵ لێکدانەوەی مەیلەکانی تر لەسەر مەسەلەکان و ئاسۆی حیزب جیاوازە.

لە لایەکی ترەوە جێگاوشوێنی مەیلەکانی دیکەش لە ماوەی چەند ساڵی ڕابوردوودا هێندێک ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە. هەر ئەم ڕەوتە جیهانییە کە سۆسیالیزمی ناکرێکاریی لە ئاستی جیهانیدا گەیاندووەتە بنبەست، لەنێو حیزبیشدا مەیلە سۆسیالیستییە ناکرێکارییەکان تووشی بێ ئاسۆیی دەکا. کەوابێ ئێمە شایەدی ڕەوتێکی بەرەوپاش گەڕانەوە لە ناو حیزبدا بووین. چەپ و ڕاست و ناوەند ئەمڕۆ زیاتر لە هەمیشە بە ئاسۆی جیاوازەوە لەگەڵ یەک لە کێشەدان.

ئەگەر بمەوێ مەوقیعییەتی ئەمڕۆتان بۆ باس بکەم و ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی و ڕەوتی بەرەوپاش گەڕانەوەی مەیلە جوراجۆرەکانی نێو حیزب ڕۆشن بکەمەوە، دەبێ بە گشتی سەبارەت بە حیزب و ئەو جێگاوشوێنە مێژوویی و کۆمەڵایەتییە بدوێم کە حیزب تێیدایە. بار و دۆخی ئێستا بەرهەمی ڕەوتێکی تەکامولییە کە دەبێ ئەو هەلومەرج و هۆیانەی دەخاڵەتیان تێیدایە بناسرێ.

**بسووی سۆسیالیسم**: بەشێکی گرنگی ئەم وتووێژە سەبارەت بە حیزب و ئاڵوگۆڕەکانی داهاتووی دەبێ. بەڵام پێم باشە کاتێک بچینە سەر ئەم باسە کە لە پێشدا زیاترمان لەسەر خودی کۆمۆنیزمی کرێکاری قسە کردبێ. مەبەستی من ئەوە نییە کە لێرەدا بچینە سەر ئەو ناوەڕۆکانەی کە پێشتر بە شێوەی ئیسپاتی ڕۆشن کرانەوە، بەڵکوو دەمەوێ هێندێک گۆشەی تایبەتیی ئەم باسە ڕۆشن بکەیەوە. دەستەواژەی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەنێو ئێمەدا مانای جۆراوجۆری لێ وەرگیراوە. لە ڕاستیدا خودی تۆش ئەم دەستەواژەیەت بە مانای جۆراجۆر بەکار هێناوە: وەک ڕوانگە و بۆچوون و تەنانەت مەکتەب، وەک بزووتنەوەی ماددیی کۆمەڵایەتی، وەک مەیلێکی سیاسی، یان بزووتنەوەیەکی حیزبی و شتی لەم چەشنە، پرسیارەکەم ئەوەیە ئەمانە کامیان دەقیقتر و لە باسەکەی تۆدا بنچینەییترن؟

**مەنسوور حیکمەت**: وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر ئاسانە. من "کۆمۆنیزمی کرێکاری" لە جێگای وشەی "کۆمۆنیزم" بەکار دێنم. چونکە ئێستا ئیتر وشەی کۆمۆنیزم ئەم خەسڵەتە چینایەتییە تایبەتە ناگەیەنێ کە لە کاتی بڵاوبوونەوەی مانیفێستی کۆمۆنیست



لە ساڵی 1848دا بووی. ئەو کاتە مانای وشەی کۆمۆنیزم لەگەڵ سۆسیالیزمی <u>کرێکاری</u> یەک بوو. ئەنگڵس ئەو کاتە هۆی هەڵبژاردنی ئەم ناوە بۆ ئاڵایەک کە بە مانیفێست بەرزیان کردەوە ڕێک هەر ئاوا باس دەکا. مارکس و ئەنگڵس بۆ نیشاندانی دووری و جیاوازییان لەگەڵ کۆمۆنیزمی ناکرێکاریی سەردەمی خۆیان نێوێکیان هەڵبژارد کە بزووتنەوەی سۆسیالیستیی <u>کرێکاری</u> لەسەر خۆی دانابوو. هەر وشەیەکی مانیفێستی کۆمۆنیست سەبارەت بەوەیە کە ئەمە بەیانییەی سۆسیالیزمی <u>کرێکارییە</u> و ئەم ڕەوتە تایبەتە چینایەتییە سەبارەت بە دنیا و کۆمەڵی مەوجوود و سۆسیالیزمە مەوجودەکانە دەڵێ چی. ئەگەر ئەمڕۆ مارکس و ئەنگڵس زیندوو ببانەوە و دیبایان کە چۆن نێوی کۆمۆنیزم لە لایەن ڕەوتە ناڕازییە شێوە سۆسیالیستییەکانی چینەکانی ترەوە بەدەستەوە گیراوە، بێگومان فیکرێکیان لە حاڵی نێوی مانیفێستی کۆمۆنیست و بە گشتی وشەی کۆمۆنیزم دەکردەوە. ڕەنگە وەک من سیفەتی "کرێکاری"یان بۆ زیاد کردبا، تا بە تەواوی ناوەڕۆکی ئەم کتێبە و ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەی کە ئەم کتێبە بڵاوکراوەکەی بوو بگەیەنێ.

بەم ڕوونکردنەوەیە، وەڵامی من بە ئەسڵی پرسیارەکەت ڕۆشنە. هەر وەک چۆن کۆمۆنیزم لە هەلومەرجی جۆراوجۆردا مانا دەبەخشێ، ڕوانگەیەک، مەکتەبێک و بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و ڕەوتێکی حیزبی و شتی لەم چەشنە، کۆمۆنیزمی کرێکاریش کە نێوی پڕاوپڕی هەر ئەم دیاردەیە لە سەدەی بیستەمدا، هەموو ئەمانە دەگرێتەوە و هەموو ئەم مانایانە لەخۆ دەگرێ. کۆمۆنیزمی کرێکاری لە هەموو ئەمانەدا فەرقی لەگەڵ ئەو شتە هەیە کە دنیا لە پەنجا ساڵی ڕابوردوودا نێوی کۆمۆنیزمی لێناوە. مەکتەبێکی ترە، بزووتنەوەیەکی ترە، جۆرێکی تر لە ئەحزابی پێویستە، مێژوویەکی جیاوازی بووە، ئوسووڵ و پرانسیپێکی دیکەی هەیە و ... خەبات لە پێناو کۆمۆنیزمی کرێکاریدا، خەباتێکە بۆ نیشاندانی ئەم جیاوازییانە و بۆ سەروسامان پێدانی ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە جیاوازە.

**بسووی سۆسیالیسم**: ئایا بەم جۆرە باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری هەمان باسی کۆنتری "گەڕانەوە بۆ مارکسیزمی ڕەسەن" نییە؟

**مەنسوور حیکمەت**: نەخێر. کۆمۆنیزمی کرێکاری بێگومان لە باری فیکری و تیۆرییەوە هیچ شتێک جگە لە مارکسیزم، بەو جۆرەی کە لە کلاسیکەکانی مارکسیزم وەردەگیرێ، نییە. بەڵام گەڵاڵەکردنی ئەم مەسەلەیە بەم جۆرە، یانی "گەڕانەوە بۆ

ماركسیزمی ڕەسەن" لە ڕوانگەی باسەکەی ئێمەوە نە دروستە و نە هەرگیز دەتوانێ ئەو گیروگرفتە فیکری و عەمەلییانە بەیان بکا کە لەژێر ناوی گشتیی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا باسی دەکەین. بە چەند دەلیل: یەکەم، "گەڕانەوە بۆ مارکسیزم" خۆی لەخۆیدا جۆرێک هەڵوێستی فیکری و تیۆری دەخاتەوە بیر. هەموو بزووتنەوەی بەناو "دژی ڕیڤیژینیستی" لە دەورە جۆراوجۆرەکاندا و لە لقە جۆراوجۆرەکانیدا بانگەشەیەکی جگە لەوە نەبوو. کۆمۆنیزمی کرێکاری مۆدێلێکی تری ڕەوتگەلی دژی ڕیڤیژینیستی نییە. پێشووتر کە لێکدانەوەیەکی بنچینەیی بڕواگەری و فیکری ئاوامان لە سیمای خۆمان و کاری خۆمان هەبوو، ناوی ڕەوتی خۆمانمان نابوو "مارکسیزمی شۆڕشگێڕ"، کە ڕێک هەر ئەم خەسڵەتە وەفاداری و ڕادیکاڵە ئەرتەدۆکسەی دەخستەوە بیر. کۆمۆنیزمی کرێکاری نیشاندەری ئاوێزانبوونێکی کۆمەڵایەتی و بەپێی ئەویش بزووتنەوەیەکی فیکرییە. کۆمۆنیزمی کرێکاری دەیەوێ بزووتنەوەی سۆسیالیستی هەر ئێستا مەوجوودی چینێکی تایبەت ڕێک بخا، چینی کرێکار. مارکسیزمیش ڕێک وەک ئاڵای ئەم نەریتە چینایەتییە بۆ ئێمە گرنگە. دووەم، کەسێک دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ شتێک کە لە پێشدا لێی ترازابێ و لێی دوورکەوتبێتەوە. ڕاستیش ئەوەیە ڕەوتێک کە خۆی وا هەڵسەنگاندبێ کە لەنێو مێژووی کۆمۆنیزمی ناکرێکاری و بە ناچار نامارکسیستی ئێستادایە، بۆ جیابوونەوە لەم نەریتە دەبێ "بگەڕێتەوە" بۆ مارکسیزم. دەبێ لە باری فیکری، یان لە باری کۆمەڵایەتییەوە بگەڕێتەوە بۆ هەڵوێست و جێگا و شوێنێکی تر. بەڵام باسی ئێمە ئەوەیە کە کۆمۆنیزمی کرێکاری بزووتنەوەیەک و ڕەوتێکی کۆمەڵایەتیی جیاواز لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ناکرێکاری تا ئێستایە. لەسەر جێی خۆیەتی. تیۆری مارکسیزم لە سەرەتاوە لەنێو ئەم سۆسیالیزمە کرێکارییەوە سەری هەڵدا و لە هەمان حاڵدا لە دەورەیەکدا حیزبە کۆمۆنیستەکان قسەکەر و ئۆتۆریتەی مارکسیزمی سەردەمی خۆیان بوون. پاش ئاڵوگۆڕەکانی ئینتەرناسیۆناڵی دووەم، پاش زاڵبوونی ناسیۆنالیزم و ڕیفۆرمیزم لە ڕووسیای کۆتایی بیستەکاندا، پاش پەرەسەندنی ناسیۆنالیزمی چەپ لە وڵاتانی ژێردەستە و بە تایبەت پاش شۆڕشی چین، پاش سەرهەڵدانی "مارکسیزمی ڕۆژئاوا" و دواییش چەپی نوێ، هەنگاو بەهەنگاو بەکارهێنانی کۆمەڵایەتی مارکسیزم گۆڕا و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە ناکرێکارییەکان لە شکڵ و شێوەی جۆراوجۆردا بوونە تەفسیرکەرەوەی مارکسیزم. گۆڕینی بەکارهێنانی کۆمەڵایەتیی تیۆرییەکانی مارکس



بەبێ دەستتێوەردانی ناوەڕۆکەکەی، ناوەڕۆکی کرێکاری و شۆڕشگێڕانە و ڕۆشنی، نەدەکرا. بۆ ڕەوتێک کە لە جەرگەی ئەم نەریتانەوە هەستاوە هەر جۆرە سەرنجدانێکی ناوەڕۆکی واقیعی و چینایەتی مارکسیزم بە گەڕانەوە دەژمێردرێ. بە وتەیەکی تر بە بڕوای من مەسەلەکە لەسەر ڕۆشنگەری فیکری نییە. کۆمۆنیزمی کرێکاری لە باری فیکرییەوە یانی، مارکسیزم و لە باری کۆمەڵایەتییەوە یانی، بزووتنەوەی دژی سەرمایەداریی کرێکار. ئەم بزووتنەوە بابەتییە و ئەو تیۆرییەش هەیە. ئەگەر لەناو دڵی ئەم بزووتنەوەیەدا بین و لەوێوە قسە بکەین ئەوجار مەسەلە لەسەر ڕێکخستنی ئەم بزووتنەوەیە و چاودێرکردنی تەواو و کامڵی ئەم تیۆرییەیە بەسەریدا. سێیەم، فۆرموولی "گەڕانەوە بۆ مارکسیزم" ناوەڕۆکی ئەسڵی باسەکانی ئەمڕۆمان دەردەهاوێژێ و وەلای دەنێ. ئێمە لە دنیایەکی جیاواز و لە دەورانێکی جیاوازدا مارکسیستین. خودی مارکسیش ئەمڕۆ دەبا بە هەمان شێوە و بە هەمان بەرژەوەندیی چینایەتییەوە سەبارەت بەم دنیایە و ئەم بار و دۆخە قسەی کردبا. گەڕانەوە بۆ مارکسیزم بۆ زۆر کەس مانای دووپاتکردنەوەی حوکمەکان و فۆرموولبەندییە بنەڕەتییەکانی مارکسیزمە. بۆ بزووتنەوەی ئێمە، بۆ کۆمۆنیزمی کرێکاری کە هیچ کات لەم حوکم و لێکدانەوە بنەڕەتییانە لای نەداوە، مەسەلەی حەیاتیتر بەکارهێنانی مارکسیزمە وەک ڕەخنەیەک لە دنیای ئەمڕۆ و لە هێزە چینایەتی و سیاسییە مەوجوودەکەنی ئەم دنیایەدا.

بە کورتییەکەی، فۆرموولی گەڕانەوە بۆ مارکسیزمی واقیعی بە هیچ جۆرێک چوارچێوەی ڕەخنە و باسی ئەمڕۆی ئێمە بەیان ناکا. ئەگەر بناغە و سیمای کۆمەڵایەتیی بزووتنەوە بە دەسلێنەدراو و جێگیر فەرزکەین، ئەوجار بێگومان دەکرا قسەی ڕیڤیژینیزم و خەباتی دژی ڕیڤیژینیستی وەک دەستەواژەگەلێک کە پەیوەندییان بەم بزووتنەوە چینایەتییەوە هەیە بکەین، بەڵام کاتێک ئەم بزووتنەوەیە بە گشتی، یان بە هەر حاڵ ئۆردووگا جیهانییەکانی، ئیتر لەسەر بنچینەی بزووتنەوەی چینایەتییە ناکرێکارییەکان دانراوە، مەسەلەکە لە ئاستی فیکریدا، یانی گەڕانەوە بۆ ئەم یان ئەو تیۆری و خەبات لە دژی ئەم یان ئەو دەستتێوەردانانە، نامێنێتەوە. سەرجەم بینای کۆمەڵایەتی کۆمۆنیزمی مەوجوود، وە بەپێی ئەوە فیکرەکەشی، دەبێ بدرێتە بەر ڕەخنە. ئەم ڕەخنەیە دەبێ بەپێی هەڵوێستی بزووتنەوەیەکی جیاواز بگیرێ، کۆمۆنیزمی مارکس، کۆمۆنیزمی کرێکاری، پێش ئەوەی بیروڕای سۆسیالیزمی

ناکرێکاری سەردەمی خۆی بداتە بەر ڕەخنە و بانگەوازێک بێ بۆ گۆڕینی بیروباوەڕ، جێگاوشوێنی کۆمەڵایەتیی ئەوانی وەک بزووتنەوەی ناکرێکاری ڕوون کردەوە و بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار و ناڕەزایەتیی سۆسیالیستیی کرێکاری لە بەرانبەریاندا دانا. مارکس لەنێو دڵی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی جیاوازەوە سۆسیالیزمی سەردەمی خۆی نەفی کردەوە و دایە بەر ڕەخنە. ئەمە کارێکە، ئەمڕۆ ئێمە دەمانەوێ بە هێنانەگۆڕی باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری بیکەین.

**بسووی سۆسیالیسم**: ئەم خاڵەی دوایی ئەگەر زیاتر ڕۆشن بکەیتەوە. دەڵێی کۆمۆنیزمی کرێکاری ناکۆکی و جیاوازییەکی چینایەتی لەگەڵ کۆمۆنیزم و سۆسیالیزمی مەوجوود هەیە و ناکۆکی فیکری بەپێی ئەم ناکۆکییە کۆمەڵایەتییە دێتە گۆڕ. دەمەوێ هۆی ئەم جەختکردنەوەیە و جێگاوشوێنی لە باسەکانتدا زیاتر شی بکەیەوە.

**مەنسوور حیکمەت**: کۆمۆنیزمی کرێکاری پێشتر جارێک خۆی لە جیاوازی لەگەڵ سۆسیالیزمەکانی تردا تەوزیح داوە و باسی کردووە. مانیفێستی کۆمۆنیست لە بنچینەدا ڕاگەیاندنێک بوو بۆ ئەم کارە. شێوەی مارکس لە مانیفێستدا، جیاکردنەوەی کۆمەڵایەتیی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە مەیلەکانی ترە نەک جیاکردنەوە مەکتەبییەکەی. مارکس لەوێدا، دوای ئەوەی کۆمۆنیزم وەک بزووتنەوەیەکی کرێکاری و وەڵامدانەوەیەکی چینایەتی تایبەت بە کۆمەڵی سەرمایەداری ڕوون دەکاتەوە، جیاوازییەکانی ئەم بزووتنەوەیە لەگەڵ سۆسیالیزمی چینەکانی دیکە، سۆسیالیزمی فیۆدالی، بۆرژوایی و وردەبۆرژوایی، دەبژێرێ. مانیفێست ئەم ڕەوتانە نەک وەک مەکتەب، بەڵکوو وەک بزووتنەوەی چینایەتیی دیاریکراو، وەک بەرەنجامی هەلومەرجی دیاریکراو و هەڵقوڵاو لە بەرژەوەندە دیاریکراوەکان باس دەکا و سنووری کۆمۆنیزمی کرێکارییان لەگەڵ جیا دەکاتەوە. بە وتەیەکی تر مارکس لەبەرانبەرکێی <u>بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا</u> و تەنیا لەسەر ئەم بنچینەیە باسی بەرانبەرکێی بیروباوەڕ دەکا. بە لای مارکسەوە کۆمۆنیزمی کرێکاری بزووتنەوەیەکی هەر ئێستا مەوجوود و بابەتیی کۆمەڵایەتی بوو کە پێش فیکرەکان و تێکۆشانی خۆی هەبوو، وە تەنانەت هەر ئەو کاتە ڕابەرانی فیکری و فۆرموولبەندییە تیۆرییەکانیشی لە دەروونییەوە ڕەخساندبوو. مارکسیزم سەروسامانپێدانی ئەم بزووتنەوەیە و چەکدارکردنی بە ئاسۆ و ئامانجی ڕۆشن و بە ڕەخنەیەکی قووڵ و پتەو لە کۆمەڵی



مەوجووددا کرد بە ئامانجی خۆی. زۆر خێرا مارکسیزم بوو بە ئاڵای کۆمۆنیزمی کرێکاری.

ئێمەش ئەمڕۆ هەر بەم شێوەیەی مانیفێست چاو لە دنیا دەکەین. بۆ ئێمە کۆمۆنیزمی کرێکاری پێش هەموو شتێک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و بابەتییە. تەنیا لەسەر ئەم بنچینەیە دەچینە ناو باس و فیکر و سیاسەتێک کە دەڕوانێتە سەر ئەم بزووتنەوەیە و جیاوازییەکانی لەگەڵ مەیلە سۆسیالیستییەکانی تری ناو کۆمەڵی ئەم سەردەمە. ئەمە ڕێک بە پێچەوانەی ڕوانگە و بۆچوونی هەموو مەیلەکانی کۆمۆنیزمی مەوجوود لەسەر ئەم مەسەلەیەیە. یەکێک لە نموونەکانی جیایی ئەم کۆمۆنیزمە لە چینی کرێکار و کۆمۆنیزمی کرێکاری هەر ئەم حاشاکردنەیە لە بابەتێتی کۆمەڵایەتیی کۆمۆنیزمی کرێکاری. بە لای ئەوانەوە سۆسیالیزمی کرێکاری بەشێکە کە لە <u>ئایدیۆلۆژیی سۆسیالیستی</u> دەبێتەوە. مەکتەبی سۆسیالیستی خوڵقێنەری ناڕەزایەتیی سۆسیالیستیی چینی کرێکارە. ئەوانە مارکسیزم، جا بە هەر شێوەیەک تێی بگەن، بە سەرچاوەی سۆسیالیزمی کرێکاری دەزانن. پەیوەندیی بزووتنەوە و فیکر، کۆمەڵ و فیکر، بە تەواوی بە لای ئەوانەوە سەروبن بووەتەوە. ئەگەر ئەم مارکسیزمە بە دەستێبراو و گۆڕاو بزانن، ئەوجا ناچار دەبن حاشا لە بابەتێتی ناڕەزایەتیی سۆسیالیستی کرێکار بکەن. ئێمە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتیی کرێکاری لە دژی کۆمەڵی مەوجوود دەکەینە بنەما. ئەگەر ئەمڕۆ ئەو مارکسیزم و ئەو کۆمۆنیزمە حیزبییە کە هیدایەت و سەروسامانپێدانی ناڕەزایەتیی سۆسیالیستیی کرێکاری بە ئامانجی خۆی دانابوو، ئیدی پاشەکشەی پێکراوە و کۆمۆنیزمی مەوجوود بەدوای مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتیی دیکە کەوتووە، ئەمە تەنیا بە مانای کزبوون و سەرلێشێواوی و بێ ڕابەرمانەوەی ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەیە نەک نابوودکردنی. ئەگەر ئەمڕۆ مارکسیش زیندوو بباوە و ڕوانیبایە کۆمەڵ و ناڕەزایەتیی کرێکارانی دیبا، دیسانیش دەستی دەدایە نووسینی مانیفێستێکی کۆمۆنیزمی کرێکاری کە ئاڵای ناڕەزایەتیی سۆسیالیستی <u>کرێکار</u> بەرز کاتەوە و بەرانبەر بە سەرجەم سۆسیالیزمی چینەکانی تر، کە بەداخەوە نێوی کۆمۆنیستیشیان لەسەر خۆیان داناوە، ئاسۆ و ڕەخنە بەم بزووتنەوەیە ببخشێ. ئێمە ئەمڕۆ مارکسمان نییە، بەڵام بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و چینایەتی خۆمان هەیە و بە خۆشییەوە لەو بزووتنەوەیەدا نفووزی قووڵی مارکسیشمان وەک مەیلی غەریزی و ئیتر "خۆرسک"ی کرێکاریی تێکۆشەر بە

ماركسیزم هەیە، باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری بۆ ئێمە یانی، بەرزکردنەوەی ئاڵای ئەم بزووتنەوە و ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتییە جیاوازە، نەک داهێنانی مەیلێکی دیکە لە چوارچێوەی نەریتی کۆمۆنیزمی مەوجوودا. وەڵامی ئێمە بەم کۆمۆنیزمە وەڵامێکی کۆمەڵایەتییە، ڕەخنەی ئێمە عەمەلی و کۆمەڵایەتییە، بابەتی کاری ئێمە جیاوازە. وەڵامی ئێمە هەمان وەڵامە کە بە گشتی بە بۆرژوازی دەیدەینەوە: پێکهێنانی بزووتنەوەیەکی بەهێزی کۆمۆنیستیی کرێکاری.

**بسووی سۆسیالیسم**: بە تەواوی لەو گرنگییە دەگەم کە دایدەنێی بۆ جیاکردنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری و لەپێشتربوونە تەحلیلییەکەی لە هەر جۆرە سنوورکێشانێکی باوەڕگەری و سیاسی. بەڵام لە هەر حاڵدا، لێرەدا دوو پرسیاری سەرەکی دێتە گۆڕ. یەکەمیان ئەوەیە کە بەم جۆرە تیۆری و سنووردانانی تیۆریک لەگەڵ لقەکانی دیکە کە بانگەشەی کۆمۆنیزم و سۆسیالیزم دەکەن، لەم ڕوانگەیەدا چ جێگاوشوێنێکی دەبێ و دووەم: ئەو بابەتانەن کە بە بڕوای تۆ کێشەیەکی تیۆری ئاوها دەبێ لە دەور هەڵخرێ. لە بابەت پرسیاری یەکەمەوە، یانی مەسەلەی جێگاوشوێنی تیۆری و کێشەی تیۆریک، دەمەوێ سەرنجت ڕاکێشمە سەر ئەوەی کە لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا بەرانبەر بە یەکدانانی تیۆری و بزووتنەوە شێوەیەکی کۆن و لەمێژینەیە. پێت وانییە بگوترێ باسەکەی تۆش خەریکە هەر بەم چوارچێوە فیکرییە لەمێژینەی چەپەوە جەخت لەسەر تیۆری هەڵدەگرێ و دایدەنێتە سەر بزووتنەوە؟

**مەنسوور حیکمەت**: ڕەنگە زۆر شت بە باسەکانی من بڵێن و لەوانە، "بەپێشخستنی بزووتنەوە"، یان "ئیکۆنۆمیزم"، پیرۆزکردنەوەی "خۆرسک" بەرانبەر بە وشیاری و شتی تر. بە بڕوای من ئەم خەسڵەتنوێنییانە لە باسەکانی ئێمە بەرلەوەی شتێک سەبارەت بە ناوەڕۆکی بیر و بۆچوونەکانی ئێمە و کەم و کووڕییەکانی بڵێ، بیرکردنەوەی قاڵبیی ڕەخنەگرە ئیحتیماڵییەکەمان نیشان دەدا. باسەکە بە هیچ جۆرێک لەسەر "تیۆری و بزووتنەوە" نییە. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە: "کام بزووتنەوە". سەروبنی قسەی ئێمە لەسەر ئەوەیە کە لقە جۆراوجۆرەکانی سوسیالیزمی تا ئێستا جیا لەو داس و چەکوشەی کە لەسەر ئاڵاکەیان بووە و ناوی مارکس و لینین کە ویردی زمانیان بووە، زۆربەیان بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی چینە ناڕازییەکانی دیکە بۆ ڕیفۆرمات و ئاڵوگۆڕی غەیرە سۆسیالیستی بوون. ئەوەی کە لە ناو ئەم بزووتنەوانەدا تیۆری و کردەوەی سیاسیی حیزبەکان چ پەیوەندییەکیان پێکەوە بووە، کامیان



کەوتووەتە بەر تیشکی ئەوی تریان و شتی لەم چەشنە، دەکرێ لەناو خودی ئەم نەریتانەدا جێی قسە و باس بێ. قسەی ئێمە لەسەر ئەوەیە، کە هی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی دیکەین، کە هەم بە تیۆری جیاوازی خۆیەوە و هەم بەکردەوەی خۆیەوە، لە پاڵ ئەم سۆسیالیزمە غەیرە کرێکارییەوە هەبووە و هەیە، جا بە هەڵکەوت لەم بزووتنەوەیەدا کە ئێمە قسەی لێ دەکەین، یانی کۆمۆنیزمی کرێکاری، ناکرێ تیۆری و بزووتنەوە بە دوو بەشی جیاواز کە هەرکامیان لەسەر پێی خۆ ڕاوەستابن دابەش بکەی. باسی لەپێش بزووتنەوە خستنی تیۆری یان لەپێش تیۆری خستنی بزووتنەوە مانای نابێ. ئەمانە ئاستی جۆراوجۆری خۆنواندنی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی یەکانەن. بە بڕوای من هەر کەس مانیفێستی کۆمۆنیست بە وردی بخوێنێتەوە، تێدەگا کە ئەمە ڕاگەیاندنی بزووتنەوەیەکی ناڕەزایەتیی کرێکارییە، نەک گەڵاڵەی سەرباسەکانی کۆمەڵناسییەکی زانستی، کە هەر کەس بتوانێ جیا لەو بزووتنەوە ناڕەزایەتییە چینایەتییە بەدەرس بیڵێتەوە، یان دەست بداتە وردکردنەوەی زیاتری و بیکاتە بەشێک لە خۆیدا.

بە بڕوای من ئەو چارەنووسەی کە مارکسیزم لە باری تیۆرییەوە بەدەستی هێناوە، ئەو پرۆبلێماتیکە تیۆرییانەی کە لەنێوخۆی نەریتی مارکسیستی تا ئێستادا هاتوونەتە گۆڕ و بوونەتە بنەمای سنووردانانی خەتەکان و مەیلەکان و جەمسەرە جۆراجۆرەکانی نێو بزووتنەوەیەک کە وەک بزووتنەوەی کۆمۆنیستی نێوی لێ براوە، جیاواز لە چارەنووسی کۆمەڵایەتیی مارکسیزم و بەکارهێنانی چینایەتییەک کە ئەم تیۆرییە بەدەستی هێناوە دەرک ناکرێ. هەر چۆن ڕوانگەیەکی فەلسەفی و سیاسی، مەکتەبێکی فیکری، جیا لە پایە ماددییە کۆمەڵایەتییەکانی و پێویستییە مێژوویی_ چینایەتییەکانی هەڵناسەنگێندرێ، ئەو مەسەلانەش کە لەنێوخۆی ئەم مەکتەبەدا بەرەو پێش دەبرێ و کێشەی لەسەر دەکرێ، بەبێ هەڵگەڕانەوەیان بۆ لای ئەم بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییانەی کە لە پشتیانەوە خەوتووە دەرک ناکرێ. مارکسیزم وەک تیۆرییەک و مەکتەبێک، پەتوییەکی دەروونی هەیە، شێوە و میتۆدێکی هەیە و بە ئەنجامگیری ئاشکرا و دیاریکراو سەبارەت بە کۆمەڵ، سیاسەت و کردەوەی خەباتکارانە دەگا. مارکسیزم وەک تیۆری بە ئیعتیباری خۆی دەکرێ بخوێندرێتەوە و دەرک بکرێ. کێشە و سنووردانانی مەکتەبی کاتێک پەرە دەگرێ و مەسەلەی ڕاڤەی جۆراوجۆر و جاروبار دژ بەیەک لەم تیۆرییە کاتێک دێتە گۆڕ، کە مەسەلەی بەکارهێنانی ئەم

تیۆرییە لە جیهانی واقیعیدا دێتە گۆڕ و مەیل و بۆچوون و مەیلە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان بۆ وەڵامدانەوەی گیروگرفتە تایبەتییەکانیان دەست بۆ لای ئەم تیۆرییە ڕادەکێشن. بۆ وێنە تیۆری مارکس تیۆرێکی دیاریکراو سەبارەت بە شۆڕشی کۆمۆنیستی، هەلومەرجی بەدیهاتنی و ئەرکەکانی بەدەستەوە داوە، بەڵام پرۆبلێماتیکی سۆسیالیزم لە وڵاتێکدا لە جەرگەی کێشمەکێشێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی نێوان مەیلە زیندووەکانی شۆڕشی ڕووسیادا لەسەر پەرەپێدانی ئابووریی ڕووسیا پێک دێ. مارکس لە کتێبی سەرمایەدا بە شێوەیەکی دیاریکراو پەیوەندیی نێوان نرخ و بایی لە کۆمەڵی سەرمایەداریدا باس دەکا، بەڵام کێشەی "گۆڕینی بایی بە نرخەکانی بەرهەمهێنان" تەنیا لەجەرگەی هەلومەرجێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی دیاریکراودا و لە لایەن ڕەوتێکی دیاریکراوەوە دەکرێتە پرۆبلێماتیکی تیۆریک. تێزی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا، مەسەلەی پەیوەندیی نێوان ژێرخان و سەرخان و چلۆنایەتی کاریگەریدانانیان لەسەر یەکتر، سۆسیالیزم و بازاڕ و شتی تری دیکەش کە هەرکامیان سەرچاوەی کێشەی زۆر گرنگ و درێژخایەنی نێو نەریتی بەناو مارکسیستی بوون، بەبێ دەرککردنی بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی پشت سەریان و بەبێ تێگەیشتن لەو مەسەلەیە کە ئەم کێشە و پرۆبلێماتیکە قاڵبی کام کێشمەکێشی بابەتیی کۆمەڵایەتییە، ناکرێ قسەی لەسەر بکرێ.
بە کورتی قسەی من ئەوەیە کە ئەم کێشە و گیروگرفت و گرێوگۆڵە تیۆرییانە، هەر لەخۆیەوە و بێ ئەوەی شتێک ڕووی دابێ، لە چوونە ناو دەریای تیۆرییەکانی مارکس و لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی زانایانە و دۆزینەوەی "نارۆشنییەکان"یان وەک مەکتەبێک هەڵناقوڵێ، بەڵکوو بەرهەمی شێوە بەکارهێنانێکی تایبەتیی مارکسیزمە کە ڕەوتە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان هەوڵیان بۆ داوە. ڕەنگە ئەم کێشمەکێشانە بە ڕاستیش سەرنجی ئێمەیان بۆ لای هێندێک نارۆشنیی خودی تیۆرییەکەش ڕاکێشابێ. من خۆم بڕوایەکم بەمە نییە، بەڵام تەنانەت لە حاڵەتێکی واشدا مەسەلەی سەرەکی ئەوە نییە کە تیۆرییەکە تەفسیر هەڵئەگرێ، بەڵکوو بوونی تەفسیرکەری جۆراوجۆر و بوونی ئەو بەرژەوەندییە گرنگە کۆمەڵایەتییانەیە کە ئەم تەفسیرە جۆراوجۆرەیان لە مارکسیزم بۆ دەکرێ. بە بڕوای من هەموو ئەو بەڵایەی کە بەسەر تیۆرییەکانی مارکسدا هاتووە، لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە جۆراجۆرەکان هەوڵیان داوە بیکەنە ئامرازی بەرەوپێشبردنی شتی وا کە لەگەڵ خودی ئەم تیۆرییە یەک ناگرێتەوە.



مارکسیزم تیۆری لێکدانەوەی ئابووری و حیسابکردنی باییەکان و نرخەکان و گەیشتن بە هاوکێشەی ماتماتیکی بۆ پێکهێنانی هاوسەنگی لەنێو بەشە جۆراوجۆرە بەرهەمهێنەرەکاندا نییە. ئەگەر کەسێک بیەوێ بۆ ئەم کارە کەڵکی لێ وەرگرێ، دیارە دەبێ دەستی تێبەرێ و دیارە بەبێ ڕەخنەگرتن لە تیۆری بایی مارکس، یان گۆڕینی مارکس بە ڕیکاردۆ ئەم کارە سەرناگرێ. ڕاستییەکەی بە بڕوای من ڕیشەی زۆربەی هەرە زۆری ئەم پرۆبلێماتیکە تیۆرییانەی نەریتی مارکسیستی تا ئێستا لە کێشمەکێشی ئەو ڕەوتانەدایە کە ناوەڕۆکی ئەسڵی ئەم تیۆرییە، یانی ڕەخنەگری لە سەرمایەداری و پێویستیی شۆڕشی کرێکارییان وەلا ناوە و هەوڵیان داوە لەم تیۆرییە کۆمەڵناسییەکی زانستی، یان زانستی ئابوورییەکی جێگر بۆ باڵی چەپی بۆرژوازی ساز بکەن، یان بڕوبیانووی تیۆریک بۆ باسکردنی زەمینیترین بەرژەوەندییە ناکرێکارییەکان، ناسیونالیزمی ڕووسی و چینی و ناکۆکی فیرقەیی و شتی تر ساز بکەن.
هەر بۆیە کاتێک سەبارەت بە شێوەی بەرخوردکردن بە تیۆری لێم دەپرسی، پێویستە سنووری خۆم لەگەڵ ئەم بەکارهێنانە ئیسکۆلاستیکە، یان ئۆپۆرتیۆنیستییەی مارکسیزم بە ڕۆشنی دانابێ. تیۆری و خەباتی تیۆریک جێگاوشوێنێکی زۆر گرنگ و چارەنووسسازی بۆ سۆسیالیزمی کرێکاری هەیە. بەڵام بۆ مارکسیزم ئامراز و وەسیلەی ڕەخنەگرییە. ئامرازی ناسینی قووڵترین ڕیشەکانی بەڵایەکە کە بەشەر بە گشتی و کرێکار بە تایبەتی لەم کۆمەڵگایەدا تاقی دەکاتەوە. ئامرازی وەدەستهێنانی هۆشیارییەکی قووڵی کۆمەڵایەتی و مێژووییە بۆ کرێکار و ناسینی ئەو ئیمکاناتەیە کە بۆ ئاڵوگۆڕی کۆمەڵی مەوجوود هەیە. ئەمانە خەسڵەتە ئیسپاتییەکانی تیۆری مارکسن کە ئەگەر بەکارهێنانە ناکرێکارییەکانی تا ئێستای نەبوایە، دەکرا ڕاستەوخۆ ببرێتە ناو کۆمەڵ و چینی کرێکار و ڕیزبەستنێکی فیکریی بەهێز بەرانبەر بە بیروباوەڕی زاڵ لەنێو کۆمەڵدا پێک بێنێ. کۆمۆنیزمی کرێکاری دەبێ ڕەوتێکی فیکری بەهێزی ناو کۆمەڵ بێ بەرانبەر بە مەیل و بیر و بۆچوونە فیکرییە بنەڕەتییەکانی بۆرژوازی، وەک لیبراڵیزم، دیموکراسی، ناسیۆنالیزم، ئۆمانیزم، سۆسیال دیموکراسی و شتی تر، نەک ئەوەی هەر مارکسیزم بەرانبەر بە ڕەوتی وەک ماویزم، ترۆتسکیزم، سۆسیالیزمی ڕووسی، یان چەپی نوێ بە زمانێکی تر باس بکا. ئەمە جێگاوشوێنێکە کە ئێمە بۆ تیۆری دادەنێین. بڕوانە، ئێمە خەسڵەتە کۆمەڵایەتی و چینایەتییەکانی کۆمۆنیزممان باس کردووە. ئێمە ئەوەمان باس کردووە بەر لەوەی ئەم پرسیارە بێتەگۆڕ کە

"کۆمۆنیستەکان دەڵێن چی"، ئەمە پرسیارە کە کۆمۆنیزم ئاڵای کام بەشی کۆمەڵ و کام چینە. ئێمە گوتوومانە تەنیا وەک بزووتنەوەی نارەزایەتیی کرێکار چاو لە کۆمۆنیزم دەکەین و تەنیا لەجەرگەی نارەزایەتیی کۆمەڵایەتی ئەم چینە نوێیەدایە دەکرێ کۆمۆنیزم وەک مەکتەبێک، ڕوانگەیەک و تیۆرییەکی شۆڕشگێڕانە دەرک بکرێ و خەباتی بۆ بکرێ. لەبەرانبەر ئەمەدا ئەم پەرچەکردارە هاتووەتە پێش کە "تیۆریی چی بە سەردێ؟". من ئەمە بە پەرچەکرداری ئاسایی هەمان بەش و چینی کۆمەڵایەتی و هەمان نەریتی سیاسی دەزانم کە خەریکم ڕەخنەی لێ دەگرم. کۆمۆنیزم بۆ سۆسیالیزمی ڕادیکاڵی مەوجوود تیۆرییەکە. هێنانەخوار و کردنی کۆمۆنیزم بە دەزگایەکی فیکری بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی هەمووان، یان کردنی بە "زانستی مێژوو"، وە شتی لەم چەشنە ڕێگایەکە بۆ ئەوەی ڕووناکبیری چەپگەرای بۆرژوا، بیرۆکراتی ڕیفۆرمخواز، ناسیۆنالیست و دیموکراتی چینی و بۆلیڤی و ئێرانی، خۆی لە مارکسیزم و کۆمۆنیزمدا وەک کرێکار بە خاوەن حەق دانێ. کاتێک ئێمە دەڵێین کۆمۆنیزم تەنیا وەک ڕەوتێکی کرێکاری شیاوی ئەم ناوەیە، دەڵێن ئەی تیۆری چی بەسەر دێ؟ بە بڕوای من مەبەستی ئەمانە ئەوەیە کە "ئێمە چیمان بەسەر دی". ئەگەر ئەمانە ئەوەندەیان لە مارکس وەرنەگرتبێ کە کۆمۆنیزم بزووتنەوەیەکی باوەڕگەرایی نییە، بەڵکوو بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی_ چینایەتیی دیاریکراوە، بزووتنەوەیەکی کرێکارییە، ئەوجار ئیتر نابێ نیگەرانی دەربڕینیان بۆ تیۆریی لەبەرانبەر کۆمۆنیزمی کرێکاریدا بە جیددی وەربگیرێ. هەر ئەم ڕەخنەگرتنەیان لە باسەکانی ئێمە یانی، حاڵینەبوون لە بنچینەی مارکسیزم وەک تیۆرییەک. با بڵێم تیۆری "چی بەسەر دێ". تیۆری لە ئامرازی نارۆشنی داتاشینەوە، لەوەوە کە ببێتە ئامرازی داپۆشینی قازانجە غەیرە کرێکارییەکان لەژێر ناوی مارکسیزمدا، لە ئامرازی خۆشباوەڕی پێکهێنان بۆ باڵی چەپی بۆرژوازییەوە، لە ئامرازی سەلماندنی بەرزتربوونی پلەی خوێندەوارانەوە تەنانەت لەنێو حیزبە مارکسیستییەکانیشدا و لە شتی لەم چەشنەوە، دەبێتە هەمان ڕەخنەی توند و تیژ، کرێکاری، قووڵ و شارەزایانە، کە لە ئاسارە کلاسیکییە مارکسیستییەکاندا دەیبینین. تیۆری جارێکی تر دەبێتەوە چەکێکی کاریگەر لە خەباتی چینایەتیدا. دەبێتە ئیددیعانامەیەکی ئاشکراکەرەوەی ڕۆشن، بێخەوش و خاڵ و شیاوی تێگەیشتن بەرانبەر بە کۆمەڵی مەوجوود و میکانیزمە بە ڕواڵەت ئاڵۆزەکانی. دەبێتە هێزێکی ماددیی نێو کۆمەڵ کە بیر و بۆچوونی کرێکاری نارازیی دنیای ئەمڕۆ شکڵ



پێ دەدا. باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری بۆ خودی ئێمە بەرهەمی وردبوونەوەیەکی تیۆری زۆر بووە و ئەرکی تیۆریی جۆراوجۆر و زۆر جیددیتر لە پێشوومان دەخاتە سەرشان. باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری تازە چوارچێوەیەکی پێداوین کە بتوانین لەم چوارچێوەیەدا پەلامارێکی بەرینی تیۆریک دەست پێ بکەین.

**بسووی سۆسیالیسم**: ئەم پەلامارە تیۆرییە بێگومان لە باری تیۆرییەوە سنووری خۆی لەگەڵ لقە جۆراوجۆرەکانی بزووتنەوەی بەناو کۆمۆنیستیی مەوجوود دەکێشێ و هەروەها تەکلیفی خۆی لەگەڵ ئەم کۆسپ و پرسیارە سەرەکییەکانەی کە لە گۆڕن ڕۆشن دەکاتەوە. بە وتەیەکی تر دەبێ ڕۆشن بکرێتەوە کە کۆمۆنیزمی کرێکاری وەک ڕوانگە و نەریتێکی دیاریکراوی مارکسیستی لە کوێ سنووری خۆی لەگەڵ نەریتەکانی تر، کە خۆیان بە مارکسیست لەقەڵەم داوە جیا دەکاتەوە. پرسیارەکەمان ئەوەیە، کە ئەم کێشە و سنووردانانە تیۆرییانە لەگەڵ ئەم ڕەوت و مەکتەبانە دەبێ لەدەوری چی هەڵخرێ و بەڕێوە ببرێ و ئەم ئەرکە سەرەکییانەی کە لەم بارەوە دەبێ پەیرەوییان لێ بکرێ کامانەن؟

**مەنسوور حیکمەت**: با لە پێشدا خاڵێک ڕۆشن کەمەوە. بە گشتی ڕەوتە چەپە ڕادیکاڵەکان کاتێک باسی خەباتی فیکری دەکەن، پێش هەموو شتێک مەبەستیان ئەوەیە لەگەڵ لقەکانی تری چەپ "سەبارەت بە مارکسیزم" قسە و باس بکەن. "خەباتی ئایدیۆلۆژیک" بۆ ئەم ڕەوتانە مانای جەدەلێکی دەروون مەکتەبی پەیدا کردووە. خودی ئێمەش لە ڕابوردوودا زۆرمان ئەم کارە کردووە. من ناتوانم لێرە بچمە ناو ئەم باسە کە بۆچی و چۆن و لە چ ڕەوتێکدا خەباتی فیکری ئەم مانا بەرتەسکەی بە خۆوە گرتووە. بەڵام پێویستە بڵێم کە ئەمە خۆی وێنەیەک بووە لە خەسڵەتی غەیرە کۆمەڵایەتی و فیرقەیی چەپی ڕادیکاڵ و بەناو کۆمۆنیست. بۆ ئێمە خەباتی فیکری مەیدانێکی خەباتی چینایەتییە و بەناچار هاوبەشە لە دژی بیروباوەڕی زاڵ لەنێو کۆمەڵدا، بیروباوەڕی ئەو چینانە کە لە دنیای ماددی و لە مەیدانی عەمەلیدا وەک چینێک لەبەرانبەریاندا ڕاوەستاوین. شەڕێک لە دژی ئەو بیروباوەڕ و مەکتەب و نەریتە تیۆرییە بۆرژواییانە کە توانیویانە لە ڕادەی دەیان ملیۆنیدا مۆری خۆیان لەسەر بیر و بۆچوونی مرۆڤەکان بدەن. جەدەلکردن لەگەڵ ئەوانەی بانگەشەی مارکسیزمیان هەیە گۆشەیەکی ئەم مەسەلەیەیە، بەڵام بە هیچ جۆرێک تەوەری کار نییە و بە تایبەت ڕێڕەوێک نییە کە سیمای تیۆریی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەو ڕێگایەوە

بکێشرێتەوە و ڕۆشن بکرێتەوە. ئەو پەلامارە سیاسییەی من باسم کرد، پەلامارێک کە دەبێ کۆمۆنیزم و سۆسیالیزمی کرێکاری، مارکسیزم وەک بزووتنەوەیەکی چینایەتی، دەستی بداتێ پەلامارێکە لە دژی نەریتە فیکری و بنەڕەتییەکانی بۆرژوازی. ئەو نەریتانەی کە تەنانەت هیچ بانگەشەی مارکسیستبوونیشیان نییە. ئێمە لە مەیدانی کێشەی فیکریدا لەگەڵ لیبرالیزم و دیموکراسی، لەگەڵ ناسیۆنالیزم، ڕیفۆرمیزم، سۆسیال دیموکراتیزم و ئانارشیزم و شتی لەم چەشنە بەرەوڕووین. ڕاستییەکەی من پێم وایە بەبێ هەڵگەڕانەوە و دیتنی نفووزی قووڵی ئەم نەریتە سەرەکیترە تیۆری و سیاسییانە کە لە بیر و بۆچوون و جیهانبینی شێوە مارکسیستەکاندا هەیە، ناکرێ کێشە و جەدەل لەگەڵ ئەوانەش بکەی کە بانگەشەی مارکسیزمیان هەیە.

**بسووی سۆسیالیسم**: ئەم باسە دەبێ زیاتر شی بکەیەوە، چونکە جەدەلی دەروون مەکتەبی، یان دەروون بزووتنەوەیی بەشێکی جیانەکراوەی نەریتی کۆمۆنیستی، هەمان نەریتی کۆمۆنیستی کرێکاریی مارکس و لێنینیش بووە. ئێمە جەدەلەکانی مارکس و مارکسیستەکانمان لە دژی بیر و بۆچوونی پرۆدۆن و لاسال هەیە، جەدەلەکانی لێنینمان لە دژی سەردەمدارانی فیکریی ئینتەرناسیۆنالی دووەم هەیە، کە تەنانەت تا ڕادەیەکی زۆر دیاردە سیاسی و فیکرییەکانی لێنینیزم دەردەخا و گەڵاڵەی دەکا. وە سەرەنجام مەسەلەی ڕیڤیژینیزممان لەپێش بووە، کە ماوەیەکی زۆر وەک کۆسپێکی واقیعی بەری شکڵگرتنی حیزبە مارکسیستییە شۆڕشگێڕەکانی گرتووە و کۆسپی سەر ڕێگای سۆسیالیزمی کرێکاریی واقیعی بووە. ئەم بارەی خەباتی فیکری چ جێگاوشوێنێکی لە ڕوانگەی ئێوەدا هەیە؟

**مەنسوور حیکمەت**: من نەک هەر جەدەلی دەروون بزووتنەوەیی بەڵکوو جەدەلی دەروون مەکتەبیش بە هیچ جۆر ڕەت ناکەمەوە. بەڵام با بزانین ئەم کێشە و جەدەلانە تا ئەو جێگایەی کە بە واقیع لایەکیان مارکسیزم و کۆمۆنیزمی کرێکاری بووە، لە کام چوارچێوەی مێژووییدا ڕووی داوە و چ دەور و نەخشێکی لە ڕەوتی گشتیی خەباتی فیکری و کۆمۆنیزمی کرێکاریدا بووە. ئەوەی مارکسیزم دەکا بە مارکسیزم و کۆمۆنیزم دەکاتە کۆمۆنیزم سنووردانانە جەدەلییەکانی مارکس لەگەڵ پرۆدۆن و لاساڵ نییە. ڕەخنەی گشتی مارکس ڕەخنەیەکە لە سەرمایەداری و بە گشتی لە بیر و بۆچوونی بۆرژوایی. مارکس ئایدیۆلۆژی ئەڵمانی و بیر و بۆچوونی فەلسەفی پێش خۆی دەداتە بەر ڕەخنە. سەردەمدارانی فیکریی ئابووریی سیاسی هاوچەرخی خۆی و



پێش خۆی لە چکۆڵەترین ڕادەی خۆشیدا دەداتە بەر ڕەخنە. لە هەموو ئەوانەش گرنگتر دینامیزمی کۆمەڵی مەوجوود و پەیامەکانی، لە چەوسانەوە و هەژارییەوە بگرە تا ئیمپریالیزم، کۆیلەداری، فەحشا، ئایین، دیموکراسی، ناسیۆنالیزم و شتی تر دەداتە بەر ڕەخنە. مارکس دەچێتە شەڕی چینە دەسەڵاتدارەکان و بیر و بۆچوونە زاڵەکانی ناو کۆمەڵ. بەبێ کتێبی سەرمایە و ئایدیۆلۆژی ئەڵمانی، ناکرێ ڕەخنە لە بەرنامەی گۆتا بگرێ و مەکتەب و نەریتێکی فیکری پێک ناهێنێ. مارکسیزم ڕەخنە لە دۆخێکی ئابووری، سیاسی و فیکری گشتی و دەسەڵاتدار دەگرێ و هەر لەسەر ئەو بنچینەیەش دەچێتە سەر ڕەخنەگرە سەتحی و ناشۆڕشگێڕەکەی ئەم نیزامەش. نموونەی جەدەلەکانی لێنین لەگەڵ ئینتەرناسیۆناڵی دووەمت هێنایەوە. من دەپرسم بەبێ ڕەخنەگرتن لە ئیمپریالیزم و ناسیۆنالیزم، بەبێ ڕەخنەگرتن لە دیموکراسی بۆرژوایی وەک بیر و بۆچوونێکی دەرەوەی نەریتی مارکسیستی ئەسڵەن چۆن دەکرا پەلامارێکی ئاوا بکرێتە سەر ئینتەرناسیۆناڵی دووەم. ئەمە ڕەخنەیەکی گشتی و واوەتر لە ڕەخنەی مەکتەبی و ڕەخنەی بزووتنەوەیی بوو کە لێنینزم وەک ڕەگەیەکی فیکری شۆڕشگێڕ و موعتبەر بەرانبەر بە ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەم شکڵ پێدا. هەروەها دەبێ ئەمەش بڵێم مارکس و لێنین هەردووکیان خۆیان لەبەرانبەر مەیلگەلێکی شێوە سۆسیالیستی بەهێزدا دیبوو. ئەمانە ڕەوتگەلێک بوون کە لە ڕادەی کۆمەڵایەتیدا کاریگەرییان نابووە سەر بیروباوەڕی کرێکاری ناڕازی. بە بڕوای من کێشە و جەدەل لەگەڵ ڕەوتە زیندووەکانی دیکەی نێو بزووتنەوەی چینایەتی بە مانای واقیعیی وشە هەمیشە حەیاتییە و ئەویش ناخەمە ژێر سەردێڕی کێشە جەدەلی مەکتەبییەوە.

دەبێ لەسەر مەسەلەی ڕیڤیژینیزم باسێکی زیاتر بکەین. مانای ڕیڤیژینیزم هەرچی هاتووینە پێشتر ئایینی تر و فیقهی تر بووەتەوە. بۆ کۆمۆنیزمی دەورانی مارکس دیارە نە دەکرا دەستەواژەی ڕیڤیژینیزم لە گۆڕ بێ. بە بڕوای لێنین دەستتێوەردان و هەڵگەڕانەوەی مەیلەکانی تر لە بیر و بۆچوونی مارکسیستی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و هێزە ماددییانە هەیە کە پێویستییان بەم دەستتێوەردانە بووە. بە وتەیەکی تر، بە بڕوای لێنین ڕیڤیژینیزم ئاڵای ڕەوتێکی ماددی و کۆمەڵایەتی دیاریکراو بووە کە لەپێشدا بە هۆی جێگاوشوێنی سیاسی و کۆمەڵایەتییان ڕەخنەیان لەسەرە. لەم چوارچێوەیەدا یانی، لە کێشە لەگەڵ بزووتنەوە سیاسییەکانی چینەکانی تردا، لێنین بەرگری لە دروستیی حوکمەکانی مارکسیزم دەکا

و تێدەکۆشێ بەری گۆڕینی مارکسیزم لە لایەن ئەوانەوە بگرێ. مەبەستم ئەوەیە کە ڕیڤیژینیزم پێش ئەوەی لە چوارچێوەی مەکتەبێکدا و بە مەحەکی واوە هاتبێتە گۆڕ کە ئاخۆ کام بەش لە حوکمەکانی مارکسیزم دەسکاری دەکا و دەیگۆڕێ، وەک ئالای فیکریی بەرژەوەند و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە غەیرە کۆمۆنیستی و غەیرە کرێکارییەکان مانا دەکرێتەوە. ڕیڤیژینیزم بە مانای غەیرە ئایینییەکەی یانی، سەرهەڵدانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە غەیرە کۆمۆنیستی و غەیرە کرێکارییەکان لەژێر ناوی مارکسیزمدا. لقێکی بزووتنەوەی سەرمایەداریی دەوڵەتی لە سۆڤێت لەژێر ناوی مارکسیزمدا کاری کردووە و بە ناچار تەفسیرێکی تایبەتیشی لەم تیۆرییە داوەتە دەست. ئەمە ڕیڤیژینیزمە. بزووتنەوەی دژی ئیمپریالیزمی و ناسیۆنالیستی چینیش هەروەها. ئەمەش ڕیڤیژینیزمێکە. کۆمۆنیزمی کرێکاری بەرانبەر بە ناسیۆنالیزم و سەرمایەداریی دەوڵەتی کە بە ئیعتیباری خۆیان هەن، پێ دەنێتە مەیدانی کێشە و جەدەل لەگەڵ ئەم لقە شێوە مارکسیستانەی ئەم بزووتنەوانەش. بەڵام سیمای سیاسی و تیۆرییەکەی، بە پێچەوانەی بزووتنەوەی دژی ڕیڤیژینیستی چەپی ڕادیکاڵ، لە سنوورکێشان لەگەڵ ماویزم، یان پەسەندکراوەکانی کۆنگرەکانی 20 و 22ی حیزبی سۆڤێت و تێزی ڕێگای گەشە و هەڵدانی غەیرە سەرمایەداری و شتی ترەوە دەرناکێشرێ. بە وتەیەکی تر خودی خەسڵەتی دەروون مەکتەبیی حەیاتی فیکری چەپی ڕادیکاڵ و ئەم واقعییەتە کە ئەمانە سیمای تایبەتی خۆیان لە سنووردانان لەگەڵ جەمسەرەکان و ئۆردووگا مەوجوودەکانی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم دەردەکێشن، نیشاندەری ئەوەیە کە هەردووکیان هی جێگاوشوێنێک و بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی هاوبەشن. چەپی ڕادیکاڵی تا ئێستا لەگەڵ ئەو جەمسەرانەی کە ڕەخنەی لێ گرتوون لە ڕەوتێکی هاوبەشی چینایەتیدا بوون. سنووردانانەکانی ئەمانە لەگەڵ ڕیڤیژینیزم لە سۆڤێت و لە چین، مەکتەبی و شێوە ئایینییە، چونکە لە مەیدانی کۆمەڵایەتیدا نوێنەری بزووتنەوەیەکی جیاواز و سەربەخۆ نەبوون و بەرگرییان لە ئامانج و ئامانجێکی جیاواز نەکردووە. ڕەخنەکەیان لە سەرمایەداری هەر ئەوە بووە، تێگەیشتنیان لە سۆسیالیزم هەر ئەوە بووە. کێشەی ئەمانە "لادان"ی ئەم جەمسەرانە لە حوکمە تیۆرییەکان، یان لە سیاسەت و تاکتیکە دیاریکراوەکان بووە. لە باری کۆمەڵایەتیشەوە هەموو لقەکانی چەپی ڕادیکاڵ، لە بۆردیگیزم و ترۆتسکیزمەوە تا ئەمڕۆ، وەک ڕەخنەگری ڕەوتی سەرەکی و بە ئیعتیباری وجوودی ئەم ڕەوتە ئەسڵییە،



مەوجوودییەتیان بەدەست هێناوە. کەس ناتوانێ ترۆتسکیزم ڕاستەوخۆ لە بەرانبەرکێیەکی تایبەتی ئەم ڕەوتەدا لەگەڵ کۆمەڵی سەرمایەداری بناسێنێ. ئەم ڕەوتە بەرهەمی لاوەکی هەمان ڕەوتی سەرەکییە. بە زمانێکی تایبەت لە چوارچێوەی هەمان بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیدا دەدوێ.

بە کورتی قسەکەم ئەوەیە، گەرچی حەتمەن دەبێ کۆمۆنیزمی کرێکاری بەرانبەر بەم نەریتانەش قسە بکا، بەڵام سیما سیاسییەکەی لە بەرانبەرکێی لەگەڵ کۆمەڵی سەرمایەداریدا بە گشتی و لەگەڵ مەیل و بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییە سەرەکییەکانی بۆرژوازی لە هەر دەورەیەکدا دیاری دەکرێ. تۆ جەدەلەکانی ڕابوردووی نەریتی مارکسیزم و کۆمۆنیزمی کرێکاریت وەک نموونە هێنایەوە. زۆر باشە، بەڵام من دەپرسم، ئەمڕۆ بۆ شکڵپێدانی ڕیزی شۆڕشی کرێکاری کام کێشە و جەدەلی تیۆری حەیاتییە. کێشە لەگەڵ ماویزم و ترۆتسکیزم و چەپی نوێ و ... یان لەگەڵ ناسیۆنالیزم، تریدیۆنیزم، لیبرالیزم و دیموکراسی، ڕیفۆرمیزم، سۆسیال دیموکراسی، گۆرباتشۆفیزم، تاتچەریزم و شتی تر؟ یانی لەگەڵ ئەو فیکر و تەفسیرانەی کۆمەڵی ئەمڕۆ کە بیر و بۆچوونی کرێکاران و هەموو کۆمەڵ بە گشتی شکڵ پێ دەدا. کۆمۆنیزمی کرێکاری لە مارکسەوە تا ئێستا خوازیاری بەرانبەرکێیەکی چینایەتی و هەمە لایەنە لەگەڵ بۆرژوازی و کۆمەڵی بۆرژوایی بووە، نەک هەر ئەوەی کە پاکی و پەتیبوونی فیکری لەچاو چەپترین ڕەوتەکانی پاڵ دەستی بپارێزرێ.

با چەند خاڵی تریش باس بکەم. یەکەم، دەبێ بزانین لەم دەورەیەدا کە پێمان تێناوە، خودی ئەمانە چەندە خۆ بە مارکسەوە هەڵدەواسن. جارێ وا پێدەچێ کە هەموویان خۆیانیان وێڕای ئەم و ئەو قسە لە کۆتایی پێهاتنی مارکسیزم دەکەن، یان سەریان بەرداوەتەوە تا ئەم شەپۆلە تێپەڕێ. لە ئاخری شەستەکان و سەرەتای حەفتاکاندا کە مارکسیزم لەناو ڕووناکبیراندا باو بوو، بێگومان پێویستییەکی زیاتر بەوە هەبوو کە سۆسیالیزمی کرێکاری لەسەر ڕەوابوونی ڕیوایەتی کرێکاری لە مارکسیزم خەبات بکا. دووەم، نابێ بکەوینە داوی کێشە و خەباتی مەکتەبی. مەسەلەن بۆ ڕەخنەگرتن لە ماویزم و پۆپۆلیزم، هەڵگەڕانەوە بۆسەر ئەوەی کە مارکس واقیعەن چی وتووە، هێندە پێویست نییە. مرۆڤ دەتوانێ ڕاست بچێتە سەر کاکڵ و ناوەڕۆکی سەرەکیی ناسیۆنالیستی ئەم ڕەوتە و ئاشکرای کا. بە بڕوای من زیادەڕەوی لە جەدەلکردنی "دەروون مەکتەبی" لەگەڵ ئەم مەیلانە ئەم نارۆشنییە کە سەبارەت بە مەوجوودییەتی

کۆمەڵایەتی ئەمانە هەیە زیاد دەکا. سێیەم، هەر وەک باسم کرد، ڕیوایەتەکانی تر کە لە مارکسیزم دەکرێ، هی خراپ تێگەیشتن و جیاوازیی نێوان تێگەیشتنەکان نییە. ئەمانە تەفسیری مەیلە کۆمەڵایەتییەکانی ترن کە وەک تیۆرییەک لە مارکسیزم دەکرێن. تەفسیری ناسیۆنالیزم، ڕیفۆرمیزم و دیموکراسی وەک بزووتنەوەی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتین لە مەکتەبێکی فیکری و سیاسی. ئەم مەیلانە تەنیا دەستیان لە مارکسیزم وەرنەداوە. بۆ نموونە، پایەیەکی ناسیۆنالیزم ڕەگەزپەرستییە و ڕەنگە لەم ڕێگایەوە ڕیوایەتێکی تایبەتیش لە داروینیزم بکا. بەڵام جەدەلکردن لە مەیدانی بیۆلۆژی و تیۆری پەرەسەندنی سرووشتیدا نە تەنیا سنوورێک پێک ناهێنێ، بەڵکوو بنچینەی ناکۆکییەکەش دادەپۆشێ. چوارەم، ڕەواجی جەدەلی تیۆری و باسی "مارکس واقیعەن دەیگوت چی" تا ڕادەیەکیش ئەو گفتوگۆیانە دەخاتەوە بیر، کە مەیلە غەیرە کرێکارییەکان بۆ تیۆرییەکانی مارکس سازیان کردووە. ڕووناکبیری بۆرژوا هونەرێکی لەم جەدەلانە ساز کردووە و ئەم هونەرە لانی کەم تا حەوت هەشت ساڵ پێش، جیاواز لە خەباتی کۆمۆنیستی ئەوانەی بەرەو خۆی ڕادەکێشا. پێم وایە، بە هەر ڕادەیەک کە قورسایی سەرەکیی هەڵسووڕانی کۆمۆنیستی بگوێزرێتەوە ناو چینی کرێکار و بە هەر ڕادەیەک کە ڕابەرانی کرێکاری ببنە موخاتەبی سەرەکیی پلمیکە تیۆرییەکان، خەسڵەتی مەکتەبی سنوورکێشانە تیۆرییەکان کەمتر دەبێتەوە و حاڵەتێکی کلاسیکتر، وەک بەرانبەرکێی سۆسیالیزم و ناسیۆنالیزم، سۆسیالیزم و لیبراڵیزم و شتی تری لەم چەشنە بە خۆوە دەگرێ. بەڵام بە هەر حاڵ، تەنانەت لە خەباتی فیکریدا لەگەڵ ئەو ڕەوتانەی بانگەشەی مارکسیزمیان هەیە، دەبێ بنەڕەتی سەرەکیی کارمان دابنێینە سەر لەبەرچاوگرتنی ڕەنگدانەوەی ئەو بزووتنەوە فیکرییە بۆرژواییانە کە لە لێکدانەوە و تەفسیری ئەمانە لە مارکسیزم و سیاسەتی کۆمۆنیستیدا هەیە. تەنیا کاتێک کە ناحەزی و چەپەڵی ناسیۆنالیزم وەک بیر و بۆچوونێک، وەک ڕوانگەیەکی دیاریکراو بۆ تێڕوانینی جیهانی مەوجوود ئاشکرا بووبێت، جا ئەوجار دەکرێ ناوەڕۆکی غەیرە کرێکاری و غەیرە مارکسیستی پۆپۆلیزم و ماویزم نیشان بدرێ. ئەگەر چەپێک، چەپێکی وەک چەپی ڕادیکاڵی ئێران لە دە ساڵی ڕابوردوودا بە هەموو نەریتی پۆپۆلیزم و ماویزمەوە هەبێ کە شانازیش بە ناسیۆنالیستیبوونی خۆیەوە کردبێ، یان بە هەر حاڵ بە بێزاری لە ناسیۆنالیزمەوە بار نەهاتبێ، جەدەلکردن لەگەڵ ئەو چەپە لەسەر مارکسیزم و سیاسەتی مارکسیستی خۆ فریودانە و بەرهەمێکی نییە.



بە بڕوای من دەبێ چەپی غەیرە کرێکاری وەک ڕیوایەتێکی تایبەت لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی گشتیتر و سەرەکیتری بۆرژوایی لەنێو کۆمەڵدا چاوی لێ بکرێ و لە دڵی ئەو وەڵامە فیکری و سیاسییەدا کە دەیدەینەوە بەم بزووتنەوە گشتیترە، بەرهەمە شێوە مارکسیستییەکەیشی بکوتین.

وە سەرەنجام با ئەوەش بڵێم کە لەمێژە مارکسیزم وەک تیۆرییەک بووەتە هونەر و زانستی پاراستنی پتەوی و لەسەرخەتڕاگرتنی فیرقەی خۆ. تیۆریسینی مارکسیست تا ڕادەی کەسێک هێنراوەتە خوارەوە، کە بتوانی وەڵامی ئەو کەسانە بداتەوە کە لەپێشدا خۆیان وەک هاومەکتەبی ئەو ڕاگەیاندووە. لەدەرەوەی ئەم چوارچێوەیە، لەدەرەوەی ئەم "بازاڕ"ە لەپێشدا دیاریکراوە، تیۆریسینە ناوبراوەکە تەنانەت زانا و ڕەخنەگرێکی موعتەبەر و بە نفووزی جیهانی هاوچەرخی خۆیشی نییە. ڕاستییەکەی تەنانەت لە باری ڕادەی فیکری و وزە و توانای مەعنەوییەوە سەردەمدارێکی فیکری پلە دووەمە. مارکس چووە شەڕی دێوەزمە فیکرییەکانی جیهانی بۆرژوایی و لە شەڕ لەگەڵ ئەواندا لە باری مەعنەوییەوە سەرکەوت. هیگڵ و فۆیەرباخ، ڕیکاردۆ و ئادەم سمیت و میل و ماڵتۆسی لەبەر ناکۆکییەکانیان تێکشکاند و وردی کردن. دەکرێ هەر ئەوەش سەبارەت بە لێنین، لوکسامبۆرگ، ترۆتسکی، بوخارین، پرئوبراژینیسکی و بەشێکی زۆری ڕابەرانی کۆمۆنیزم لە سەرەتای ئەو سەدەیەشدا بگوترێ. بەڵام ئەمڕۆ سەردەمداری فیکری و ڕابەری فیکری چەپی ڕادیکاڵ بەپێی تواناییەکەی بۆ جەدەلکردن لەگەڵ مەیلی پاڵ دەست و سنوورکێشانی دەروون مەکتەبی لەگەڵ کەسانی تر ڕێز و بایەخی بۆ دادەنرێ. فیکرەکەی مەسرەفی دەروون فیرقەیی هەیە و بەپێی فیرقە و ڕەوتەکەی ئەهمییەتی پێ دەدرێ. ئەگەر ئێوە ماویزم لە مەیدان دەرکەن بتڵهایمێک لە مەیدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەدا نامێنێتەوە. بە بڕوای من تیۆری کۆمۆنیستی و بەپێی ئەمەش تیۆریسیەن و ڕەخنەگری کۆمۆنیست، دەبێ وەک ڕەخنەگرێک بێتە مەیدان کە ڕەخنە لە <u>بیر و بۆچوونی زاڵ</u> دەگرێ. دەبێ <u>جیهان</u> بە جەماوەری بەرینی چینی کرێکار بناسێنێ. دەبێ لە شکڵپێدانی تێگەیشتوویی گشتیی چینایەتیدا دەور و نەخشی خۆی بنوێنێ، نەک تەنیا ڕێنوێنی ئەسحابەکان و پەیڕەوانی خۆی بێ. کۆمۆنیزمی کرێکاری ئەوە بووە. بە سەرهەڵدانی ئەم ڕەوتە و شکڵگرتن و دەربڕینی ئەم جیهانبینییە لە لایەن مارکس و مارکسیزمەوە ڕێگەیەکی ڕەخنەگرانە بە برەوێکی بەرینی کۆمەڵایەتییەوە پێک هات. دواى سەرهەڵدانی ئەم ڕەوتە تێگەیشتنی

کۆمەڵ لە دەوڵەت، ئابووری، ئایین، دادوەریی، مێژوو و داهاتووی مرۆڤایەتی و بە کورتی هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگای بەشەری بە شێوەیەکی بێگەڕانەوە گۆڕا. ئێستاش ئێمە هەر ئەوەمان پێویستە. کێ لە کۆمۆنیزم و چینی کرێکار قەبووڵ دەکا لە هەلومەرجێکدا کە هەر سەعات و ساتێک نەریتە فیکرییە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵی بۆرژوایی، بە ئەسڵدانانی خاوەندارێتی و بە ناسیۆنالیزم، ڕیفۆرمیزم، دیموکراسی، لیبراڵیزم، ڕاسیزم و بە شتی لەم چەشنە مێشک و زەینی سەدان مرۆڤ لە قاڵب دەدەن، خۆی بە جەدەلکردن لەگەڵ ماویزم و ترۆتسکیزم و چەپی نوێ و شتی ترەوە خەریک کا و خۆیشی بە مەیلێکی زیندووی فیکری و ڕەوتێکی ڕەخنەگرانەی موعتەبەری جیهانی ئەمڕۆ بزانێ. ئێمە دەبێ وەڵامی ئەو فیرقانە بدەینەوە کە بانگەشەی مارکسیزمیان هەیە. بەڵام کۆمۆنیزمی کرێکاری دەبێ جارێکی تریش وەک ڕەخنەیەکی بەهێزی کۆمەڵایەتی لە دژی بیر و بۆچوونی زاڵی نێو کۆمەڵ هەستێ. ئێمە ئەوەمان دەوێ. کۆمۆنیزمی کرێکاری وەک بیر و بۆچوون و جیهانبینییەک بەبێ ئەوەی لە ڕادەیەکی کۆمەڵایەتیدا بە گژ جیهانی بۆرژوایی و بیر و بۆچوونی بۆرژوایی ڕۆچێ، برەوی کۆمەڵایەتی نابێ.

**بسووی سۆسیالیسم**: زۆر ڕاستە. هەر ئەو شێوە چاو لە تیۆری و چاو لە ئەرکە تیۆرییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاریکردنە خۆی جیاییەکی فیکری جیددی لە چەپی غەیرە کرێکاری تا ئێستا دەسەلمێنێ. بەڵام ڕەنگە بگووترێ ئەم باسە تازە ئەمڕۆ دەتوانێ بکرێ، یانی لە هەلومەرجێکدا کە سۆسیالیزمی بۆرژوایی هەر وەک لە گوزارشی کۆنگرەشدا باسی کراوە لە هەموو لقە جۆراوجۆرەکانیدا گەیشووەتە بنبەست. ئەمڕۆ هەر تەنیا دژی ڕیڤیژینیزمبوون شتێکی زۆر ناگەیەنێ و ناتوانێ نیشانەی لەسەر هەقبوونی ڕەوتێک، یان شێوە و ڕەوشتێکی ناساندن و دارشتنی سیمای سیاسی و تیۆریی ڕەوتێکی کۆمۆنیستیی شۆڕشگێڕ بێ. بەڵام ئەگەر خۆت لە هەلومەرجی سی چل ساڵ لەوەپێش و لە کاتێکدا دابنێی، کە ئۆردووگای شێوە سۆسیالیستی لە سۆڤێت بە سەر سەرجەم بیر و بۆچوون و پراتیکی کۆمۆنیستەکاندا زاڵ بوو، ئایا نەدەکرا بڵێی سەرهەڵدانی هەر ڕەوتێکی کۆمۆنیستی واقیعی و لە ڕاستیدا گەشە و هەڵدانی کۆمۆنیزمی کرێکاری وەک بزووتنەوەیەکی حیزبی لە ڕێگای خەباتێکی دژی ڕیڤیژینیستییەوە تێدەپەڕێ؟ ئایا لە مێژووی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا جێگایەک بۆ نەریتی دژی ڕیڤیژینیستی بە تایبەت لە چل ساڵی ڕابوردوودا دادەنێن؟



**مەنسوور حیکمەت**: بێگومان تێگەیشتن و هەروەها باسکردنی ڕوانگەی ئێمە ئێستا لەچاو سی چڵ ساڵ لەوە پێشتر زۆر ئاسانتر بووەتەوە. گومانێکم لەوەدا نییە. تەنانەت ئەوەشم قەبووڵە لە هەلومەرجێکدا کە بزووتنەوەی سەرمایەداریی دەوڵەتی لە سۆڤێت هێشتا جێگاوشوێنی درۆینەی خۆی وەک کلیلبەدەست و سەردەمداری مارکسیزم لەدەست نەدابوو، کۆمۆنیزمی کرێکاری ئەرکێکی زیاتری لە جۆری "خەباتی دژی ڕیڤیژینیستی" لەسەرشان بوو. بەڵام هەلومەرجی ئەو سەردەمە فەرق و جیاوازییەک لە باسەکانی مندا پێک ناهێنێ و حوکم نییە ئەو ڕەوتە دیاریکراوانە بە باش بزانین کە لە ماوەی ئەم دەورەیەدا بە گژ ئەم ڕێڕەوە فەرمییە ڕۆچوون و لێی جیابوونەوە. وە یان مەرج نییە ئەمانە بە سۆسیالیزمی کرێکاری وەک بزووتنەوەیەک یان جیهانبینییەک، نزیکتر بن، یان بەشێکی زیاتریان پێوەی هەبێ. بە پێچەوانەوە کاتێک بە شێوەیەکی دیاریکراو دەڕوانینە ناوەڕۆکی ڕەخنەگرانەی ئەم ڕەوتە ڕەخنەگرەی ئۆردووگای بەناو سۆسیالیستی، تێدەگەین کە سەرهەڵدانی خودی ئەمانە هاوکات بووە لەگەڵ ئەوەی کە کۆمۆنیزم وەک تیۆرییەک و بزووتنەوەیەک، لە پایەی چینایەتیی خۆی پتر دوور کەوتووەتەوە. ماویزم ڕەخنە لە سۆسیالیزمی ڕووسی دەگرێ. بەڵام خۆی بە هەمان ڕادە غەیرە مارکسیستی و غەیرە کرێکارییە. چەپی نوێش هەروا، ترۆتسکیزمیش هەروا، ئورۆکۆمۆنیزمیش هەروا، ڕەوتی لایەنگری ئەلبانیش هەروا و سۆسیالیزمی خەڵکییش هەروا. لە ڕاستیدا لەپشت ئەم ڕەوتە ڕەخنەگرانەوە جیایی سۆسیالیزمی ڕادیکاڵ لە کرێکار و کۆمۆنیزمی کرێکاری بە ڕۆشنییەکی زیاترەوە دەبینرێ، چونکە ئەمانە پێشینەی شۆڕشێکی کرێکاری بەرین و گەورەیان نەبووە و بە ئاشکرا لە ئاستی کۆمەڵدا لە شوێنە غەیرە کرێکارییەکانەوە سەریان هەڵدا و هەر لەوێش جێگیر بوون. لە باری بیروباوەڕەوە هەرگیز بنچینەکانی سۆسیالیزمی بۆرژوایی لە لایەن ئەمانەوە ڕەخنەیان لی نەگیرا. تێگەیشتنیان لە سۆسیالیزم و خاوەندارێتی سۆسیالیستی هەر ئەو تێگەیشتنەی ئەوانە. کاتێک چاو لە جیاوازییەکانیان دەکەی، بەرژەوەندییە غەیرە کرێکارییە ڕۆشنەکانی ئەوان و نفووزی مەیلە فیکری و سیاسییە بۆرژواییەکانی ئەوانیان بە ئاشکرا تێدا دەبینی. ڕەخنەی ئورۆکۆمۆنیزم، ماویزم و پۆپۆلیزم لەو ڕێڕەوە فەرمییە بە تەواوی ناسیۆنالیستییە. ڕەخنەی ترۆتسکیزم و لیبراڵیزمی چەپ و چەپی نوێ ڕەخنەیەکە کە لە هەڵوێستی دیموکراسییەوە دەگیرێ. لە باری عەمەلی و کۆمەڵایەتییەوە ئەم ڕەوتە ڕەخنەگرانە

هەرگیز نوێنەری هاتنەمەیدانی کرێکاران بەرانبەر بەم جەمسەرە فەرمییە نەبوون. بە پێچەوانەوە ڕادیکالیزمی سیاسیی ئەمانە تێکەڵاوی ئەوە بوو، کە هێزی هەڵسووڕاویان بکەنە خوێندکاری و رووناکبیری و ناوەندی سەرنجدانی مارکسیزم بەرنە نێو زانکۆکان و نێو شوێنی نارەزایەتیی خوێندکاری. ئەمانە هەرگیز ئاڵای نارەزایەتیی کرێکارییان بەدەستەوە نەگرت. ئەمانە هەرگیز مەیلێک نەبوون کە نارەزایەتیی سۆسیالیستیی کرێکار بەرانبەر بە سۆسیالیزمی بۆرژوایی لە رووسیادا بەدەستەوە بگرن و ڕێکی بخەن. هەر بۆیە بینیمان کاتێک پاش چەندین ساڵ ئەم جەمسەرە فەرمییە درزی تێکەوت و لەژێر گوشارە بابەتییە ئابوورییەکان و هێرشەکانی بۆرژوازیی لایەنگری بازاڕدا بەرەو لەبەریەکچوون دەڕوا، کرێکاران نەک هەر لەژێر ئاڵای ئەم ڕەوتە ڕەخنەگرانەدا کۆ نەبوونەتەوە بەڵکوو تەنانەت بە سۆسیالیزمیش بەدگومانن. ئەگەر کۆمۆنیزمی کرێکاری ڕیزی خۆی بەرانبەر بەم قوتبانە پێک هێنابا، ئەمڕۆ ئێمە نە لە وڵاتانی سەر بە ئۆردووگای سۆڤێت شایەدی ئەوە دەبووین کە کلیسا و محافەزەکاریی نوێ دەستدرێژ بکەنە سەر بزووتنەوە کرێکارییە ڕوو لە گەشەکان و نە ئەوەی کە لە ئەورووپای ڕۆژئاوا نارەزایەتیی کرێکاری بدرێتە دەستی سۆسیال دیموکراسی و تریدیۆنیۆنیزم.

دەکرێ بۆ سی چل ساڵی ڕابوردوو بگەڕێینەوە و ئەرکەکانی "دژی ڕیڤیژینیستی"ی کۆمۆنیزمی کرێکاری بناسین، ئەرکگەلێک کە لە واقیعدا و بە هیچ جۆرێک لێدان و لەناوبردنی حیزبەکانی ئەم نەریتە نەبووە. بەڵام بە بڕوای من تێکۆشانێکی لەو جۆرە لە لایەن سۆسیالیزمی کرێکارییەوە، تایبەتمەندییە تیۆری و پراتیکییەکانی چەپی ڕادیکاڵی ڕەخنەگری رووسیا بە هیچ جۆرێک قبووڵ ناکات. ئەم چەپە ڕادیکاڵە بە بڕوای من، لە مێژووی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا، هیچ پشکێکی ڕاستەوخۆی نییە. لە هێنانەکایەوەی سۆسیالیزمی ڕادیکاڵ و میلیتانتدا ئەشێ، بەڵام لە مێژووی سۆسیالیزمی کرێکاریدا نەخێر. (ئەم پەرەگرافە لە وەرگێڕاوە کوردییەکەدا نەبوو، لە دەقە فارسییەکەوە وەرمان گرتووە/ سالار)

**بسووی سۆسیالیسم:** وتت بە بڕوای تۆ دەبێ خەبات و سنوورکێشانی فیکری و تیۆری لەگەڵ ڕەوتە بەناو سۆسیالیستی و کۆمۆنیستییەکان یەکێک لەو شتانە بێ کە پەیرەوی لە بەرانبەرکێی کۆمۆنیزم لەگەڵ ڕەوتە فیکرییە بنەڕەتی و سەرەکییەکانی نێو



کۆمەڵی سەرمایەداری دەکا. ئەم ڕەوتانە کامانەن و بە بڕوای تۆ کۆمۆنیزمی کرێکاری لە پێشڕەوی خۆیدا بەر لە هەموویان بەرانبەر بە کامیانە؟

**مەنسوور حیکمەت:** ئەوەی کە من دەمەویست لە وەڵامی پرسیارەکانی پێشووتدا جەختی بکەمە سەر ئەوەیە کە کۆمۆنیزمی کرێکاری بزووتنەوەیەکی فیکری وا نییە کە بە دوای پایەی پراتیکیی خۆیدا بگەڕێ، بە پێچەوانەوە بزووتنەوەیەکی ماددی و پراتیکی جیاوازە کە بەپێی ئەمەش دەبێ لە کێشە و جەدەلێکی فیکری زۆر گەورە لە ئاستی کۆمەڵیشدا بێ. کەوابێ تەنیا کاتێک کە ئێمە ڕیزی کۆمەڵایەتی خۆمان وەک بزووتنەوەیەک، بەرانبەر بە کۆمەڵی مەوجوود و هەموو بزووتنەوە نارەزایەتییەکانی تر کە بەشێکیان لەژێر نێوی کۆمۆنیزمیدا هەن، بە باشی بناسین دەتوانین هەنگاو بنێینە ناو مەیدانی بەرانبەرکێیەکی تیۆری لەگەڵ ئەم کۆمەڵگایە و ئەم بزووتنەوانەدا. کۆمۆنیزمی کرێکاری، مارکسیزم، ڕەخنەیەکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو لە نیزامی مەوجوود، یانی لە نیزامی سەرمایەدارییە. ڕەخنەی بەشێکی کۆمەڵە. ڕەخنەیەکی بنەڕەتی و ئاڵوگۆڕبەخشی چینێکە کە قازانجێکی لە ڕاگرتنی چوارچێوەی نیزامی مەوجووددا نییە. کۆمۆنیزمی کرێکاری دژی سەرتاپای سەرمایەداری و خودی وجوودی سەرمایەدارییە. بەڵام ئەمە تەنیا ڕەخنەی مەوجوود نییە. هەر لەنێو چوارچێوەی ئەم کۆمەڵگا مەوجوودەدا ئاڵای ڕەخنە کۆمەڵایەتییەکانی تریش، تەنانەت بەر لە سۆسیالیزمی کرێکاری، هەڵدراوە و کۆمەڵی بۆرژوایی لەدەوری خۆی قوتبی کردووەتەوە. ئەمانە مەیلێکن کە چوارچێوەی فیکری و سیاسی کۆمەڵی بۆرژواییان پێک هێناوە و لە هەمان حاڵدا، لەبەر ئەوەی کە هەرکامیان شێوە و ئۆلگوویەکی تایبەتییان بۆ گەشە و هەڵدانی سەرمایەداری بووە و لێرە و لەوێ بەرانبەر بە ڕەوتێکی تایبەت کە گەشە و هەڵدانی سەرمایەداری لەم وڵات و ئەو وڵات، یان لەم دەورەیە و ئەو دەورەیەدا بە خۆوە گرتووە، کەوتوونەتە هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانە. بە بڕوای من سەرەکیترین ئەم مەیلانە کە مۆر و نیشانی خۆیان چ بە بیر و بۆچوونی فەرمی و چ بە بیر و بۆچوونی ڕەخنەگرانەی کۆمەڵی بۆرژواییەوە ناوە بریتین لە ناسیۆنالیزم، دیموکراسی و ڕیفۆرمیزم. مێژووی کۆمۆنیزمی کرێکاری مێژووی کێشمەکێشکردن لەگەڵ ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانە و ئەو ئارمە ڕیشەداکوتراوانەی کۆمەڵی هاوچەرخیشە. بە بڕوای من سۆسیالیزمی کرێکاری بە گشتی تا ئێستا، جگە لە چەند دەورەی کورت، بۆ نموونە سەرەتای بیستەکان لە ئەڵمانیا و رووسیا، لە

ڕادەی کۆمەڵایەتیدا، لە لایەن ئەم ڕەوتانەوە چاوترسێن کراوە و تەنانەت لە باری توانستی خۆی لەنێو خودی چینی کرێکاریشدا، تا ڕادەیەکی زۆر لەژێر کاریگەریی ئەم بزووتنەوانەدا بووە. خودی ئەم ڕەوتانە نەک نوێنەری ناکۆکیی چینایەتیی ناو کۆمەڵ، بەڵکوو نوێنەری ناکۆکیی بابەتیی نێوخۆی بۆرژوازی بوون. ئەمانە چ تاکتاک و چ پێکەوە سەرچاوەی بەشێک لە بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی مێژووی هاوچەرخمان بوون و هەرکامیان لە دەورەیەکدا، لەم یان ئەو وڵات، دەستی باڵایان هەبووە و بوونەتە خەتی زاڵ لەنێو کۆمەڵی بۆرژواییدا. بە بڕوای من مەیلی جۆراوجۆری کۆمۆنیزم و سۆسیالیزمی تا ئێستا زیاتر بەرهەمی ئەم مەیلە بەهێزە ناکرێکارییەی نێو کۆمەڵ و تا ڕادەیەکی کەمیش سازان لەگەڵ کۆمۆنیزمی کرێکاری بوون. بەپێی ئەوەی کام یەک لەم مەیل و بزووتنەوە بنەڕەتییانە لە قەوارەپێدانی ئەم لقانەی سۆسیالیزمدا دەور و نەخشیان بووبێت، ئێمەش لەگەڵ لقی جۆراوجۆری کۆمۆنیزم و سۆسیالیزم بەرەو ڕوو دەبین. دیاردەی ناسیۆنالیزم لە ماویزمدا زۆر بەهێزە. لە حاڵێکدا لە ترۆتسکیزمدا ڕیفۆرمیزم و دیموکراسی زەقە و ناسیۆنالیزم دەور و نەخشێکی هێندەی تیادا نییە. پۆپۆلیزم تێکەڵاوێک بوو لە ناسیۆنالیزم و ڕیفۆرمیزمی تایبەتی وڵاتی ژێردەستە و لانی کەم لە سەرەتاکانیدا بەشێکی کەمتری دیموکراسی تێدا بوو. چەپی نوێ، هەر لە بنەڕەتەوە بەرهەمی ڕەخنەیەک لە خەتی فەرمی لە ڕوانگەی دیموکراسییەوە بوو. "کۆمۆنیزم"ی ڕووسی هەر وەک لە باسەکانی بۆڵتنی "مارکسیزم و مەسەلەی سۆڤیێت"دا وتمان، بەرهەمی زاڵبوونی ناسیۆنالیزم و ڕیفۆرمیزم بوو بەسەر کومۆنیزمی کرێکاریدا و ئەمڕۆ خەریکە ڕیفۆرمیزمەکەی بە قازانجی دیموکراسی وەلا دەنێ. وەختێک مێژووی چەپی ئێران دەخوێنینەوە هەر ئەم نەریتە بنەڕەتییانەی ڕەخنەی بۆرژوایی دەبینین کە مەشرووتە، بەرەی میللی و حیزبی توودە، ڕێبازی چریکی و سۆسیالیزمی خەڵکی شکڵ پێدەدەن. سەردەمدارانی ئەم ڕەوتانە، ئەمڕۆ کە ئێتر گلاسنۆست (سازکردنەوەی ئابووری) هەموو جێگایەکی دنیای داگرتووە، لە بیرەوەرییە سیاسییەکانیدا بە ڕۆشنی هەر لەسەر بنچینەی ئەم مەیلە بنەڕەتییانەی ڕەخنەی بۆرژوایی لە سەرمایەداری، باسی کاکڵی بزووتنەوەکان و حیزبەکانیان دەکەن. ئەم ڕەوتانە تەنیا دەزگای فیکری و مەکتەب نین. ئەمانە بزووتنەوەی زۆر گەورەی کۆمەڵایەتین و لە ڕەوتدان. ئەمانە بەشێک لە بیروباوەڕەکانی چینی دەسەڵاتداران کە بیر و بۆچوونی ملیۆنەها مرۆڤیان شکڵ پێ



داوە، بوونەتە هێزی ماددی و ڕووداوەکانی کۆمەڵی ئەم سەردەمەیان شکڵ پێ داوە. گوشاری ئەمانە لەسەر سۆسیالیزمی کرێکاری گوشارێکی واقیعی و گەورە و بەرینە. ئێمە وەک بزووتنەوەیەکی جیاواز بەرانبەر بەم ڕەوتانە ڕاوەستاوین. جیاوازییەکانی ئێمە لەگەڵ ئەم مەیلانە لەسەر سۆسیالیزمی مەوجوود و تا ئێستا لە ڕاستیدا ڕەنگدانەوەی جیاوازییەکانمانە لەگەڵ ئەم بزووتنەوە و ڕەوتە بەرین و بەهێزانەی بۆرژوایی. بە بڕوای ئێمە ئەم ڕەوتە بنەڕەتییانە بەشیان بە سۆسیالیزم و شۆڕشی کرێکارییەوە نییە. لە ئاڵوگۆڕپێدانی هەلومەرجی کۆمەڵایەتیدا کە ڕەنگە کاری شۆڕشی کرێکاری ئاسان کردبێتەوە یان دژوار، دەکرێ بڵێی کاریگەرییان بووە، بەڵام لە خودی بزووتنەوەی سۆسیالیستیدا، نا. ئێمە بزووتنەوەیەکی سەربەخۆی کۆمەڵایەتین کە لەگەڵ گشت سەرمایە و هەموو ڕەوت و بزووتنەوەکانی ڕەخنەگرانەی ناکرێکاری ئەم کۆمەڵگایە لە کێشەداین.

ئەمڕۆ سۆسیالیزمی ناکرێکاری لە هەموو لقەکانی خۆیدا تووشی قەیران بووە. زیاتریش لەبەر ئەوەی کە ڕیفۆرمیزم وەک ڕەوتێکی کۆمەڵایەتی و وەک نەریتێک کە ناوەڕۆکی ئابووریی سۆسیالیزمی ناکرێکاری دابین دەکرد، هەموو ئاسۆی خۆی لەدەست داوە و هەر بۆیەش مەیلەکانی تر، دیموکراسی و تا ڕادەیەکیش ناسیۆنالیزم، دەستیان ڕەسەر کەوتووە. بەو جۆرەی کە ئەمانە خەریکن دەچنە پێشەوە، ڕەنگە پلمیکی تیۆریی جیددی لەگەڵ مەیلەکانی تا ئێستای چەپی ناکرێکاری بابەتێتی خۆی لەدەست بدا و ئێمە ڕێک و ئاسان ببینە لایەنی مەیلە سەرەکییەکان. بەڵام بە هەر حاڵ، بە هەر ڕادەیەک کە بۆ تیژترکردنی بیری مێژوویی کرێکار و گەشترکردنی تێڕوانینی دنیای ئەمڕۆ جەدەلکردن و سنوورکێشان لەگەڵ ئەمانە پێویست بێ، ئێمە جیاوازییەکانمان لەسەر بنچینەی ڕەخنەگرتن لە مەیلە بنەڕەتییەکانی پێکهێنەری ئەم ڕەوتانە ڕۆشن دەکەینەوە.

ئەمڕۆ ئەمە بووەتە مۆد کە شێوە مارکسیستەکان بەدوای ئەمەدا بگەڕێن کە کام یەکێک لە سێ ماددەی سەرەتایی لە سۆسیالیزمەکەیاندا کەم بەکار کراوە. دەیانەوێ سۆسیالیزم دیموکراتیکتر بکەن. جێگایەکی زیاتری بۆ ناسیۆنالیزم تێدا بکەنەوە و شتی تر. مەکتەبی خۆیانە و هەر کارێکی لەگەڵ دەکەن، دەتوانن. بەڵام بۆ کۆمۆنیزمی کرێکاری، هیچ تێکەڵاوییەک لەگەڵ هیچ کام لەم مەیلانە پێویست نییە. ڕێک بە پێچەوانەوە، وەختی ئەوە هاتووە کە جارێکی دی، هەر بەو جۆرەی کە کۆمۆنیزمی

کرێکاری بەرانبەر بە شەڕی یەکەمی جیهانی ناسیۆنالیزمی کوتا و لە شۆڕشی ئۆکتۆبەردا وەڵامی دیموکراسی دایەوە، دیسانیش لە ڕادەیەکی بەرینتری کۆمەڵایەتیدا، کۆمۆنیزم لە چنگ هەر جۆرە پاشماوەیەکی نفووزی ئەم ڕەوتانە ئازاد بکەین.
ڕەوتە شێوە سۆسیالیستییەکان کە لە ژێر کاریگەریی ئەم مەیلە بنەڕەتییە بۆرژواییانەدا شکڵیان گرت، ناچار لە باری ناوەڕۆکەوە سەرجەم مارکسیزمیان لە میتۆد و فەلسەفەوە تا تیۆری سیاسی و ڕەخنە ئابوورییەکەی گۆڕیوە و بۆ ئەوەی لەگەڵ پێداویستییەکانیاندا بێتەوە، کردوویانەتە شتێکی تر. لە سیمیناری چەند مانگ لەوە پێش، بۆ باسکردنی کۆمۆنیزمی کرێکاری هەوڵم دا بە کورتی تێگەیشتنی خۆم سەبارەت بە بنچینە بنەڕەتییەکانی تیۆری مارکس لەو مەیدانە سەرەکییانەدا باس بکەم. ئەمە تێگەیشتنێکە کە هەر کەس بە هەڵوێستی کرێکارێکی ناڕازییەوە نووسراوەکانی مارکس بخوێنێتەوە پێی دەگا. بە بڕوای من جیاوازیی ئێمە لەگەڵ ئەو دەرکە نادروست و ڕایجانەی کە لە تیۆری مارکس دەکرێ، تەنیا لەسەر ئەو بابەتە کۆنکرێتترانە نییە کە لە ڕەوتی گەشە و هەڵدانی عەمەلیی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا هاتووەتە سەر ڕێگای، بەڵکوو هەڵدەگەڕێتەوە سەر بنەڕەتەکانیان. من لێرەدا تەنیا ئاماژە بە چەند جیاوازییەکی بنچینەیی دەکەم.
یەکەمین جیاوازیی تیۆری ئێمە هەڵدەگەڕێتەوە سەر شێوەی هەڵسەنگاندنی مێژووی تا ئێستا، بە شێوەیەک کە کۆمۆنیزمی ڕابوردوو لە خۆی دەگەیشت و بەخۆی دەناساند. کۆمۆنیزمی تا ئێستا لە کوێ بەشوێن مێژووی خۆیدا دەگەڕێ. ئەمە نیشانی دەدا کە هی کام گۆشەی واقیعیی کۆمەڵە. من تێناگەم بۆچی هەر کەس لەژێر ئاڵای داس و چەکوشدا، بەدوای داڕشتنی بەرنامەی ئابووریی میللی و ڕێکخستنی کاری بەکرێ لە وڵاتی خۆیدا کەوتووە، ویستوویەتی مافی میللی بەدەست بێنێ، بەشوێن خواردنی نان و ماست و پەنیری خاکی پاکی نیشتمانەکەیەوە بووە، داوای دیموکراسی کردووە، یان لە کۆمەڵی "لە پیشەسازی واوەتر"دا هەستی بە "نامۆبوون لەگەڵ خۆی"دا کردووە، دەبێ بە بەشێکی مێژووی کۆمۆنیزمی بزانین، بەڵام مانگرتنی مەعدەنچی ئینگلیزی کە ساڵێکی تەواو بە گژ سەرجەم بۆرژوازی بە پۆلیسییەوە تا نووسەری ڕۆچووە، لە مێژووی یۆنیۆنیزمدا بینووسین، یان بزووتنەوەی شووراییی کرێکاری لە فلان وڵاتدا، بە مێژووی ئانارشیزم و ئانارکۆسەندیکالیزم لە قەڵەم بدەین. کەوابێ، یەکەمین جیاوازیی ئێمە لەگەڵ سەرجەم سۆسیالیزمی تا ئێستا، لەسەر خودی



مێژووی کۆمۆنیزمە. نەک هەر مێژووی ڕابوردوو، بەڵکوو مێژووی زیندووی ئەمڕۆ کە لەپێش چاوی هەمووان لە ڕەوتدایە. بۆ ئێمە مێژووی کۆمۆنیزم نەک مێژووی مەکتەبێک، بەڵکوو مێژووی ناڕەزایەتییەکی چینایەتییە. کاتێک لەم ڕوانگەیەوە دەڕوانین، تازە تێدەگەین کە ئەم جەماعەتە چییان بە سەر خودی مەکتەبەکە هێناوە و چۆن ئەمڕۆ سەرەڕۆیانە، کاتێک بزووتنەوەکەیان گەیشتووەتە کۆتایی، خەریکن کۆتایی پێهاتنی مارکسیزم، یانی کۆتایی پێهاتنی ڕەخنەی کرێکاری لە سەرمایەداریش ڕادەگەیەنن. ئەم تێڕوانینە جیاوازەی مێژووی کۆمۆنیزم نەک هەر دەبێتە هۆی ئەوەی سیناریۆی تا ئێستا و پرۆبلێماتیکەکانی تا ئێستا قەبووڵ نەکەین، بەڵکوو هەر ئەمڕۆش ئێمە لەگەڵ کۆمەڵێکی بەرین و تەواو جیاواز لە گیروگرفتە تیۆری و عەمەلییەکان بەرەوڕوو دەکا، کە کۆمۆنیزمی مەوجوود و مەیلە جۆراوجۆرەکانی ئەسڵەن ناچنە سەریان. بەشێک لە جیاوازییەکانی ئێمە لەگەڵ ئەم ڕەوتانە بە ناچار خۆی لەو شتانەدا نیشان دەدا کە ئەمانە نایڵێن و تێیناگەن.
جیاوازییەکی دیکەمان لەسەر خودی سۆسیالیزمە. سۆسیالیزم چییە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەمە دیاریی دەکا کە مرۆڤ دەردی لە کۆمەڵی موجووددا چی بێ. مارکس لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی ڕۆشنی کرێکارییەوە، ئەم دەردەی بە نیزامی کاری بەکرێ و خاوەندارێتی بۆرژوایی بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا دەزانی و هەر بۆیەش سۆسیالیزمی وەک بە کۆتایی گەیاندنی ئەم دۆخە، وەک هەڵوەشاندنەوەی کۆیەلەتی بەکرێ و پێکهێنانی کۆمەڵێک لەسەر بنچینەی خاوەندارێتی هاوبەش باس دەکرد. مارکس توانی لەسەر ئەم بنچینەیە هەموو بەڵا و مەینەتەکانی مرۆڤ، لە بێ مافیی سیاسی و نائەمنی ئابوورییەوە تا کۆیلەتییەکەی لە چنگ پەیوەندە کۆمەڵایەتییەکانی بە ڕواڵەت غەیرە قابیلی دەرک و خورافاتی فیکری، شی بکاتەوە و ڕەخنەیان لێ بگرێ. سۆسیالیزم ڕزگاریی کاملّی مرۆڤە لە هەر جۆرە بێبەشی و کۆیلەتییەک و سەرکەوتنی مرۆڤە بە سەر چارەنووسی کۆمەڵایەتی و ئابووریی خۆیدا. بەڵام ئەمانە هەمووی تەنیا بە نابوودکردنی سەرمایە، وەک هێزێکی بەدەر لە کۆنترۆڵی بەرهەمهێنەری ڕاستەوخۆ و دژ بە کرێکاری کرێگرتە دەکرێ. بەڵام مەیلەکانی دیکە ئەمە گیروگرفتیان نییە. بۆ بەشێکی هەرە زۆریان سۆسیالیزم وەڵامی "ئانارشی بەرهەمهێنان"ی نیزامی سەرمایەدارییە، یان ستراتیژییەکی تایبەتە بۆ گەشەپێدانی هێزە بەرهەمهێنەرەکان. هەروەکوو باوە، ئەم ڕەوتانە سۆسیالیزم بە مانای دەوڵەتیکردن و

بەرنامەدارشتن تێگەیشتوون. کەوابێ سۆسیالیزمی ئەمانە ئاڵای بزووتنەوەیەکی دیکەیە لە کۆمەڵی سەرمایەداریدا، کە نەک لە ڕەخنەگری لە پەیوەندیی نێوان کار و سەرمایە، نەک لە ڕەخنەگری لە نیزامی کرێگرتەوە، بەڵکوو لە ڕەخنەگرتن لە کەم و کووڕییەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردنی سەرمایەداری کۆنترۆڵ نەکراوەوە بۆی دەچن. کەوابێ جیاوازی ئێمە لەگەڵ ئەم کۆمۆنیزمە ناکرێکارییە، هەر لەو بنچینەیەدایە کە مارکس لە مانیفێستی کۆمۆنیستدا وەک ڕەخنە لە سۆسیالیزمی بۆرژوایی باسی دەکا. ئەوەی کە ئەم بزووتنەوە سۆسیالیزمە بۆرژواییە ئاڵای مارکس و مارکسیزمی هەڵگرت، هەڵبەت نیشانەی بەهێزبوونی مارکسیزم وەک مەکتەبێکی فیکری و بەهێزبوونی کۆمۆنیزمی کرێکاری وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بوو. بەڵام ئەوە خەسڵەتی کۆمەڵایەتیی سۆسیالیزمی بۆرژوایی ناگۆڕێ. ئەمڕۆ ئەمانە دەست لە مارکسیزم بەر دەدەن چونکە بزووتنەوەکەیان بۆ ڕیفۆرمکردنی سەرمایەداری بەو شێوەیەی کە دەیانەویست نەچووە پێشەوە و شکستی بەسەردا هاتووە. بەڵام مەینەتەکانی نیزامی سەرمایەداری و ڕەخنەی کرێکار، چ لە ئاستی تیۆریدا و چ لە کردەوەی ڕۆژانەی گشت کۆمەڵدا، هەر وەک خۆی ماوە و لەجێی خۆیەتی. ئەوەی کە ڕەخنەی ئێمە لە نیزامی مەوجوود چییە و بە ناچار سۆسیالیزم نەفیکردنەوەی چ بار و دۆخێکە، جیاوازییەکی تەوەرەیی کۆمۆنیزمی کرێکارییە لەگەڵ لقە جۆراوجۆرەکانی کۆمۆنیزم و سۆسیالیزمی ئێستادا. ئەم جیاوازییانە لەسەر ڕەخنەگرتن لە کۆمەڵی مەوجوود و لەسەر سۆسیالیزم وەک بار و دۆخێکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتی، خۆی سەرچاوەی زنجیرە جیاوازییەکی بەرنامەیی و سیاسی بنەڕەتییە لەنێوان ئێمە و ڕەوتەکانی تردا. ئەمە لە بەرنامەی ئێمەدا خۆی لە لێکدانەوەی ئەرکەکانی شۆڕشی کرێکاری و دەستەبەندی تیۆری و کۆمەڵایەتی چەپدا نیشان دەدا. لە باسی ئەزموونی سۆڤێت لە بۆڵتنەکاندا ئێمە نموونەیەک لەم جیاوازیی بۆچوونانە دەبینین. لە هەڵسەنگاندنی مێژووی چەپی ئێرانیشدا هەروەها، لە تێگەیشتنمان لە بنەماکانی بەرنامەی حیزبێکی کۆمۆنیستیشدا هەروەها. بەشێکی زۆر لەم جیاوازییە تیۆری و سیاسییانە هەر لەو دەورەیەدا دێنینە گۆڕ و باسیان دەکەین.

جیاوازییەکی دیکەمان لەگەڵ ئەو مەیلانە کە بە کۆمۆنیست و سۆسیالیست ناسراون، یان بە وتەیەکی تر خەسڵەتێکی تایبەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری، مەسەلەی بەرخورد لەگەڵ ڕیفۆرمگەلی ئابووری و کۆمەڵایەتی و بەرخورد بە خەباتی ئابووریی چینی



کرێکارە. من ئەم کێشەیە بە یەکێک لەبنچینەییترین پایەکانی جیاوازی لقەکانی کۆمۆنیزمی مەوجوود لەگەڵ کرێکار و نارەزایەتیی کرێکاری و یەکێک لە زەمینەکان و ڕێڕەوە سەرەکییەکانی بە تاککەوتنەوەی چەپی ڕادیکاڵ لەم دەورەیەدا دەزانم. بۆ ئێمە خەباتی ئابووریی کرێکار و هەوڵدانی بەردەوام بۆ باشتربوونی وەزعی چینی کرێکار لە ڕێگای داسەپاندنی ڕیفۆرمی سیاسی و ئابووری بەسەر بۆرژوازیدا بەشێکی جیانەکراوەی خەباتی کرێکاری و بەشێکی لەپێشدا سەلمێندراوە. مەسەلەی پەیوەندیی شۆڕشی کرێکاری لەگەڵ ڕیفۆرم و لەگەڵ خەباتی ڕۆژانەی ئابووریی چینی کرێکار بۆ ئێمە گرێژنەیەکی بنچینەییە لە هەڵسووڕانی کۆمۆنیستیدا. سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمی تا ئێستا بەرانبەر بەم مەسەلەیە پشتی لە عەرز دراوە. ئەو ڕەوتانەی کە لە ڕواڵەتدا بایەخیان بە خەباتی ئابووری بۆ پێکهێنانی ڕیفۆرم داوە، کە ئەمە پتر خەسڵەتی ڕەوتەکانی خەتی فەرمیی کۆمۆنیزمە تا پێش شەستەکانی زایینی، ئەساسەن وەک ڕەوتێکی ڕیفۆرمیست کاریان کردووە. ئەوەی کە ئەمانە مەیلیان بەرەو ئەوە بووە کە لە خەبات بۆ پێکهێنانی ڕیفۆرمدا بەشداری بکەن، سەرچاوەکەی لەوەدایە کە ئامانج و مەسەلەی شۆڕشی کرێکارییان <u>وەلاناوە</u>. باڵی چەپی بۆرژوازی هەمیشە لە مەیدانی خەبات بۆ پێکهێنانی ڕیفۆرمدا هەڵسووڕاو بووە و ئەمانەش نەریتی سیاسی ئەم بەشە لە کۆمەڵ بوون. لەبەرانبەر ئەمەدا، ئەو چەپە ڕادیکاڵەی کە بە ڕەخنەگرتن لە خەتی فەرمییەوە هاتە مەیدان، جا چ بە شێوەی ماویزم بووبێت، یان تا ڕادەیەک ترۆتسکیزم، یەکەم ئەوەی کە لە خەباتی ئابووریی ڕۆژانەی چینی کرێکار بڕا و ناوەندی هەڵسووڕانی بە فەرمی بردە نێو ڕووناکبیرانی کۆمەڵ و دووەم، دەوری ڕیفۆرمی خەت کێشا. ڕاگەیاندنی ئەوەی کە "سەرمایەداری ناتوانێ ڕیفۆرم بکا" بووە یەکێک لە پایەکانی خۆ بە شۆڕشگێڕ نواندنی ئەمانە. هەموو شۆڕشگێڕییەکەیان شتێک نەبوو جگە لە داسەپاندنی ڕیفۆرمێکی ئابووری و ئیداری و فەرهەنگی بەسەر بۆرژوازیدا، بەڵام لە ئاستی تیۆری و لە پراتیکی عەمەلیدا، خەبات بۆ پێکهێنانی ڕیفۆرم لە فەرهەنگی سیاسی ئەمانەدا بووە کفرێکی گەورە. کۆمۆنیزمی کرێکاری بزووتنەوەیەکە بۆ شۆڕشی کرێکاری و کۆمۆنیستی. ئێمە پێمان وایە ئەم شۆڕشە هەر ئێستا دەکرێ و لە دەستووردایە. بەڵام وەک چینێکی ژێردەستە ئێمە بۆ هەر ڕادەیەک لە باشتربوونی بار و دۆخی کۆمەڵایەتی بە قازانجی چوونەسەری توانای سیاسی و ئابووری و چوونە سەری کەرامەتی مرۆیی کرێکار و زەحمەتکێش و بۆ

بەرفراوانبوونەوەی فەزای سیاسی و فەرهەنگی کە خەباتمان ئاسانتر کاتەوە لێبڕاوانە خەبات دەکەین. لە مەیدانی خەباتدابوون بۆ باشتربوونی بار و دۆخ، شتێکە کە هەر لە سەرەتاوە کۆمۆنیزمی کرێکاری بوویەتی و پێشمەرج بووە، کارێک نییە کە بە پەسندکردن بڕیارنامەیەکی تایبەت بێنێتە دەستوور. ئێمە هەم حوکوومەتی کرێکاریمان دەوێ و هەم زیادبوونی لانی کەمی حەقدەستەکان، هەم بە نیازی بەسۆسیالیستکردنی هەموو ئامرازەکانی بەرهەمهێنانین و هەم دەمانەوێ تەمەنی خانەنشینی کەم بکرێتەوە. هەم دەمانەوێ لە دژی حوکوومەتە بۆرژواییەکان شۆڕش بکەین و هەم بیمەی بێکاریمان دەوێ. بۆ ئێمە بەرابەری مافی ژن و پیاو گرنگە، جیایی ئایین لە دەوڵەت گرنگە، فێربوونی خوێندەواری گرنگە، دەواودەرمان گرنگە، ئازادیی بەیان و مافی فەردی گرنگە، چونکە پێویستی ئەمانەمان لە کتێب دەرنەکێشاوە، بەڵکوو لە ژیانی هەموو ڕۆژەماندا وەک چینێک هەستمان پێ کردووە. ئەمە ئەو لایەنەی مارکسیزمە کە چەپی ڕادیکاڵی غەیرە کرێکاری قازانجێکی لە تێگەیشتنیدا نەبووە. بە قەولی مارکس، خەسڵەتێکی تایبەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری ئەوەیە کە بۆ "بردنە پێشەوەی گشت بزووتنەوەی چینایەتی" لە هەموو قۆناغ و ساتەکاندا هەوڵ دەدا.

لە زەمینەی تیۆری ڕێکخستن، پەیوەندیی نێوان حیزب و چینی کرێکار، خەسڵەتەکانی حیزبی چینایەتی، پایە گشتییەکانی تاکتیک، تێگەیشتن سەبارەت بە ئینتەرناسیۆنالیزم و شتی تریش، زۆر جیاوازیی بنچینەییمان لەگەڵ مەیلە جۆراوجۆرەکانی سۆسیالیزمی تا ئێستادا هەیە. کاتێک گشت ئەمانەش دەخەینە لاوە، دەبینین کە چۆن هەر جۆرە هەستکردنێک بە نزیکایەتی چەپی ڕادیکاڵ لەگەڵ کۆمۆنیزمی کرێکاریدا گومڕاکەرە. بەڵام ئەوەی کە گرنگە بەتایبەتی لەمڕۆدا ئەوەیە، بە نەمانی سۆسیالیزمی بۆرژوایی، زەمینەیەکی لەبار بۆ خستنەڕووی ڕاستەوخۆ و ئیسپاتی مارکسیزم هاتۆتە کایەوە. من پێم وایە ئەمە بۆخۆی تا ڕادەیەکی زۆر کاری ئێمە بۆ "سەرلەنوێ ناساندنەوە"ی مارکسیزم لە ڕێگای گەڕانەوەیەکی ئیسپاتی بۆ پەیکەری خودی ئەم تیۆرییە ئاسان دەکات. (ئەم پەرەگرافە لە وەرگێڕاوە کوردییەکەدا نەبوو، لە دەقە فارسییەکەوە وەرمان گرتووە/ سالار)

**بسووی سۆسیالیسم**: ئیجازە بدە با هێندێک بگەڕێینەوە سەر ئەو خاڵەی پێشوو کە سەبارەت بە کۆمۆنیزمی کرێکاری و ڕیفۆرم باست کرد. بە بڕوای من لێرەدا لانی کەم لە چاوپێکەوتنی یەکەمدا ناکۆکییەک بەرچاو دەکەوێ. لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا،



هەروەها هەڵبەت لە سیمینارەکەشتدا سەبارەت بەم مەسەلەیە، بە بارێکی مەنفییەوە باسی دیموکراسی و ناسیۆنالیزم و ڕیفۆرمیزمت کرد. ئەمانەت بە ڕەوتگەلێک لەبەرانبەر کۆمۆنیزمی کرێکاری دانا و لە لایەکی تریشەوە جەختت دەکەیتە سەر گرنگی خەبات بۆ پێکهێنانی ڕیفۆرم. ئەمانە چۆن پێکەوە ڕێک دەخەی؟ ئایا یەکێکیان پێویستی بە دوورکەوتنەوە لە بزووتنەوە دیموکراتیک و ڕیفۆرمخوازەکان و ئەوەی تریان پێویستی بە لێنزیکبوونەوەیان نییە؟

**مەنسوور حیکمەت**: ئەمە خاڵێکی زۆر گرنگە. پێم وایە ئەم ناکۆکییە لەو بۆچوونەی چەپی ڕادیکاڵی تا ئێستادایە کە سەبارەت بە مەسەلەی ڕیفۆرم لە کۆمەڵی سەرمایەداریدا بوویەتی. ئەگەر قەبووڵ بکا ڕیفۆرم باشە، ئەو کاتە خۆی ناچار دەبێ کە ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی، کە گوایە خاوەن ئیمتیازی خەبات بۆ ڕیفۆرمە، بگرێتە باوەش، ئەگەریش بیەوێ دوورەپەرێزی لێ بکا، ئەگەر بیەوێ لە مەیدانی سیاسیدا هێزێکی سەربەخۆ بێ، ئەوجار دەبێ ڕیفۆرم وەلانێ و ببێتە ڕەوتێکی ماخولیایی و لاکەوتەی کۆمەڵ و بێکاریگەر لەسەر بار و دۆخی بابەتی. پرسیارێکی تر هەیە ئەوەیە، کرێکار و بزووتنەوەی کرێکاری چ نوقسانییەکی زگماکی هەیە، کە لە ڕوانگەی ئەمانەوە ناتوانێ خۆی ئاڵای ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتیش بەرزکاتەوە؟ (لە حاڵێکدا کە واقیعییەت ڕێک بە پێچەوانەی ئەم خەیاڵەی سەلماندووە). هەر وەک باسم کرد باشترکردنی بار و دۆخی ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی لە چوارچێوەی هەر ئەم نیزامە مەوجوودەدا کارێکی هەمیشەیی کرێکار و سۆسیالیزمی کرێکارییە. ئەوە پێشفەرزی وجوودی سۆسیالیزمی کرێکارییە وەک ڕەوتێکی شۆڕشی کرێکاری. بۆچی بەدەستەوەگرتنی ئاڵای لابردنی ستەمی میللی دەبێ کرێکار لە ناسیۆنالیزم، وەک مەسەلەیەک و بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بەشێک لە بۆرژوازی، نزیک بکاتەوە؟ بۆچی داخوازیی پەرەپێدان و بەرینکردنەوەی مافە سیاسییەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵی مەوجووددا، دەبێ کرێکار بەشوێن دیموکراسی بۆرژوایی، وەک بزووتنەوەیەکی خاوەن سەروبەرە و خاوەن ئاڵای چینی حاکم بخات.

بە بڕوای من، تا ئەو جێگایەی خەریکین لە ئاستی تیۆریدا قسەی لێ دەکەین، کێشە لەو ڕوانگە غەیرە ماددی و غەیرە مێژووییەی چەپی ڕادیکاڵدایە کە سەبارەت بە کۆمەڵ هەیەتی. چەپ لە بیری دەچێتەوە کە بیروباوەڕی زاڵ لەنێو کۆمەڵدا و ئەو پرانسیپانەی کە بە ڕواڵەت لە خودی بەشەرەوە سەرچاوەیان گرتووە، بیر و بۆچوون

و پرانسیپەکانی چینی دەسەڵاتداران، ئەمانە شکڵ و شێوەیەکی تایبەت و دیاریکراون کە بۆرژوازی ئامانجە مرۆییەکانی لە قاڵبی ئەمانەدا خستووەتە بەرچاو. ئازادی دیاردەیەکە و ئامانجێکە، بەڵام دیموکراسی بزووتنەوەی بۆرژوازییە بۆ ئازادی و لەسەر بنچینەی ڕوانگەی بەرتەسکی بۆرژوا سەبارەت بە ئازادی دانراوە. دیموکراسی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوە، بە تەفسیرێکی تایبەتەوە سەبارەت بە مرۆڤ، سەبارەت بە کۆمەڵ و ئەو پەیوەندییانەی کە دەبێ تێیدا دامەزرابێ. دیموکراسی ناوێک نییە بۆ ئازادیخوازی بە شێوەیەکی گشتی، بەڵکوو ڕیوایەتێکی تایبەتە لە ئازادیخوازی کە بەشێکی دیاریکراوی کۆمەڵ، بۆرژوازی، بەدەستەوەی داوە. کرێکار ئازادی دەوێ. بەڵام بۆچی دەبێ ڕیوایەتی بۆرژوازی لە ئازادی قبووڵ بکا و بۆ بەدەستهێنانی ئازادی بە بزووتنەوەی بۆرژوازییەوە پەیوەست بێ. دیموکراسی حاڵەتێکی تایبەتی لە سۆسیالیزم نییە. وێنایەکی دوو ڕەهەندی و سیاسی لە ئامانجە سێ ڕەهەندی و کۆمەڵایەتی_ ئابوورییەکانی کرێکار نییە. حاڵەتێکی گشتیی کۆمەڵایەتییە، بە پێشمەرجە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیەوە. دیموکراسی وەک دەستەواژەیەک دەبێ لە کتێبی فەرهەنگی سیاسیدا بدۆزرێتەوە. بەڵام وەک بزووتنەوەیەک، ناوەڕۆکی دیموکراسی ئیتر هەر نەک سیاسەت، بەڵکوو مرۆڤ و کۆمەڵی مرۆییە بە گشتی و بە هەموو لایەنە ئابووری، سیاسی، حوقووقی، ئیداری و ئەخلاقی و شتەکانی تریەوە. ئەگەر دیموکراسی وەک بزووتنەوەیەک خۆی لە سیاسەت و بەڕێوەبردنی کۆمەڵدا قەتیس دەکا و ڕواڵەتی بزووتنەوەیەک بۆ بەدەستهێنانی ڕیفۆرمی سیاسی و ئیداری بەخۆ دەگرێ، لەبەر ئەوەیە کە مەوقیعییەتی ئابووری و کۆمەڵایەتیی مەوجوودی بەفەرز گرتووە و دەیهێڵێتەوە. دیموکراسیش وەک بزووتنەوەیەک، ڕێک وەک سۆسیالیزمی کرێکاری، نەک هەر سەبارەت بە سیاسەت و مافی سیاسیی فەرد، بەڵکوو سەبارەت بە سەرجەم کۆمەڵ و هەموو لایەنەکانی حوکم دەکات. بەم جۆرە سۆسیالیزمی کرێکاری وەک بزووتنەوەیەک و دیموکراسی وەک بزووتنەوەیەک یەکتری تەواو ناکەن، بەڵکوو لەگەڵ یەکتر لە کێشەدان. گەشە و هەڵدانی سۆسیالیزمی کرێکاری بێگومان بە مانای داکوژانی دیموکراسی، ناسیۆنالیزم و ئەوانەی ترە وەک بزووتنەوەی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی.
دیموکراسی وەک ئامانجێک، تەسویرکردن و ڕاگەیاندنێکی تایبەتە لە ئازادی بە شێوەیەکی گشتی. ئەمە شێوەیەکی تایبەتە کە چینێکی دیاریکراو، بۆرژوازی، لە



ڕەوتی مێژوودا بەم شێوەیە قسەی لە ئازادی کردووە. مارکسیزمیش بە زمانی خۆی قسە لە ئازادی دەکا. لێکدانەوەی مارکسیستی لە ئازادیی مرۆڤ و پەیوەندیی نێوان تاک و کۆمەڵ ڕەخنەیەکی توند و تیژتریشە لە دیموکراسی. مارکس لە مرۆڤەوە دەست پێ دەکا، نەک لە کەمایەتی و زۆرایەتییەوە. لە ڕاستیدا تەنیا ڕێگایەک کە بۆرژوازی بۆ سازان لەگەڵ ئامانجی مرۆڤ و بەرابەریی مرۆڤەکان هەیەتی هەر ئەوەیە. یانی پتەوکردنەوەی مەوقیعییەتی نابەرابەرییان لە بەرهەمهێناندا و پێکهێنانی ڕواڵەتێک لە بەرابەریی درۆیینەی حوقووقی لەنێو تاکەکاندا. دیموکراسی لە مرۆڤەوە وەک مەوجوودییەتێکی بەفەرزگیراو، موعتەبەر و پیرۆز، دەست پێ ناکا، بەڵکوو لە تاکەوە وەک یەکەیەک کە دەبژێردرێ، بۆی دەچێ. مرۆڤ لە دیموکراسیدا تا ڕادەی ڕەئی دەکێشرێتە خوارەوە. دیموکراتەکانی ئێمە ئەمڕۆ لەبیر خۆیانی دەبەنەوە کە بە فەرمیناسرانی کرێکار و ژن و کۆچەر و سوورپێست و ڕەشپێست وەک کەسانێک کە دەبژێردرێن، وە ئەوەی کە دیموکراسی ئەمانەشی گرتووەتەبەر خۆی بەرهەمی دەیان ساڵ خەباتی نادیموکراتیکی مرۆڤەکان بووە لە دژی دیموکراسییەکانی مەوجوود، کە تازە زۆربەی هەرە زۆری ئەم دیموکراسییانەی کە قیبلەی ئەمانەیە، هێشتا کاری پێ نەکراوە. بۆ نموونە تازە دیموکراتەکانی ئێرانی لە دەرەوەی وڵات، لەبیریان چووەتەوە کە خۆیان لە لانکی دیموکراسیدا وەک کۆچەر چکۆڵەترین مافێکیان بۆ ڕەئیدان لە هەمان هەڵبژاردنی چەند ساڵ جارێکی نێوان میتێرانەکان و لوپەنەکان و تاتچرەکان و کیناکەکاندا نییە. تازە گومانم لەوەدا نییە کە زۆربەیان لە ئێرانی دیموکراتیکیاندا مافێکی ئاوا نادەن بە کۆچەرە ئەفغانییەکان. ئەمانە لەبیر خۆیانی دەبەنەوە کە ڕەئییەک، یانی مرۆڤێک بۆ دیموکراسیش هەر بەقەد ئیستیبدادیترین و ملهوڕترین نیزامەکان بێ بایەخ و بێ کاریگەرییە و ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە مرۆڤ وەک مرۆڤ، بایەخێکی بۆ دیموکراسی نییە. ئەمانە لەبیر خۆیانی دەبەنەوە کە بۆرژوازی لە هەر کوێ مافی مرۆڤ بە مانای واقیعی وشە، وە مەسەلەی بەرابەری مرۆڤەکان، بە شێوەی واقیعی هێنرابێتە گۆڕ، چۆن هەر لەو مانایەی دموکراسی و ڕەئییە کەڵکی وەرگرتووە و لە دژی ئازادی و ئازادیخوازی بەکاری هێناوە. ئەمانە لەبیر خۆیانی دەبەنەوە کە دیموکراسی لە هەر سات و کاتێکدا سەنگ و سووکی نێوان هێزەکانە، کە لەنێوان مرۆڤ و کۆمەڵی دژی مرۆیی بۆرژوازیدا دامەزراوە. من ئێستا بەسەر باسی سەرەکی مارکسیزمدا سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان ئازادیی سیاسی و مافی فەردی

لەگەڵ ژێرخانی ئابووری و پێویستیی گۆڕینی ئابووریی کۆمەڵ بۆ بەدیهاتنی ئازادیی مرۆڤەکان تێدەپەڕم، چونکە پێم وایە هەموو مارکسیستێک ئەمەی لەبەرە.

بە هەر حاڵ، ئێمەی کۆمۆنیست بۆ ئازادیخوازیبوون پێویستییەکمان بە سازان لەگەڵ دیموکراسی و دەرسوەرگرتن لە دیموکراسی نییە. ئێمە لە هەڵوێستی ئازادی و بەرابەری مرۆڤەکانەوە ڕەخنە لە دیموکراسی دەگرین. بۆ ئێمە مرۆڤ ئەسڵ و بنەڕەتە. ناوی ئازادیخوازیی ئێمە، ناوی باوەڕمان بە مافی تێکرا و فەردیی مرۆڤەکان، وە ئاڵای خەباتی ئێمە بۆ دامەزراندنی ئازادی و بەرابەری، سۆسیالیزمە. ئێمە داکۆکی لە مافی مرۆڤ، نەک هەر لە لایەنە حوقووقی و سیاسییەکەیدا، بەڵکوو لە بنەڕەتیترین لایەنە ئابوورییەکاندا دەکەین، چونکە سۆسیالیستین. وە ئەمە ئەسڵێکی پرانسیپی ئێمەیە، تەنانەت ئەگەر بۆرژوازی لە هەموو خەڵکی دنیاش، لە دژی ئەم مافانە ڕەئی وەرگرێ.

ناسیۆنالیزم مەسەلەکەی لەوەش ڕۆشنترە، چونکە ئەمەیان تەنانەت وشەیەکی کورتکراوە، یان ڕیوایەتێکی نیوە و نیوەچڵی یەکێک لە ئامانجە حەقخوازانە و بەرابەریخوازانەکانی مرۆڤیش نییە. بڕوانن بزانن ناسیۆنالیزم چ پەیامێکی بۆ خەڵکی بێبەشی جیهان هەیە. هەموو ناوەڕۆکی ناسیۆنالیزم پشتیوانیکردن لە چینی دەسەڵاتداری نێوخۆیە. لە چەوساندنەوەکەیدا، لە شەڕەکەیدا، لە برەودان بە خورافاتەکەیدا، لە پێشێلکردنی مافە مرۆییەکاندا. ناسیۆنالیزم وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی، هۆیەکە بۆ دیاریکردنی تەکلیفی نێوخۆی بۆرژوازی لە ئاستی جیهانیدا و کێشمەکێشی بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەم چینە لەسەر بەشوەرگرتن لە ڕەوتی کەڵەکەی سەرمایەدا. ناسیۆنالیزم ئایدیۆلۆژیی فەرمیی ئیمپریالیزم بووە. ئەوەی کە ناسیۆنالیزمی بۆرژوازی لە وڵاتانی ژێردەستەدا، یان لەنێو میللەتانی ژێردەستەدا، لە دەورەیەکی کورتی مێژووودا کەوتووەتە بەرانبەرکێ لەگەڵ هێندێک لایەنی ئیمپریالیزم، بووەتە هۆی ئەوەی چەپی غەیرە کرێکاری کە خۆی مایەی لە ناسیۆنالیزم وەرگرتووە، حیساب و کیتابێکی تایبەت بۆ ناسیۆنالیزم بکاتەوە و پاکانەی بۆ بکا. بەڵام کرێکاری کۆمۆنیست و مارکسیزم، سەروسیمای بۆرژوازی لە ناسیۆنالیزمدا دەبینێ، نەک هیچ شتێکی تر. بە بڕوای من ناسیۆنالیزم وەک فیکر و مەیلێک، بەشێک لە خورافاتی دەورانی تێنەگەیشتوویی مرۆڤە کە دەبێ کۆتایی پێ بهێنرێ. لە باری فیکرییەوە ناسیۆنالیزم یانی، دابڕانی مرۆڤەکان لە خەسڵەتە هاوبەشە مرۆیی و



جیهانییەکانیان. ناسیۆنالیزم ناکۆکی لەگەڵ ئەسڵی ئەساڵەتی مرۆڤ هەیە. بەرهەمی کۆمەڵایەتیی ناسیۆنالیزم بە هەر حاڵ پارچە پارچەبوونی چینی کرێکار و کز و لاوازبوونی ئۆردووی شۆڕشی کرێکارییە. کرێکارێک کە لە جیاتی ئەوەی وەک مرۆڤ و کرێکار باسی خۆی بکا، خۆی بە بەریتانی، تامیلی، هیندی، یان ئێرانی و شتی تر دەزانێ، هەر ئێستا ملی بۆ قەبووڵکردنی کۆیلەتی و بێمافی کەچ کردووە. هەستی ناسیۆنالیستی بە بڕوای من هەستێکی بە ڕاستی پڕ لە شەرم و شوورەییە و نەک هەر بە هیچ جۆرێک لەگەڵ سۆسیالیزمی کرێکاری یەک ناگرێتەوە، بەڵکوو لە بنچینەدا لەگەڵ هیچ جۆرە گەشە و هەڵدانێکی مەعنەویی مرۆڤ نایەتەوە.

ڕیفۆرمیزم لە ڕواڵەتدا ڕەوتێکە کە دەتوانێ نیشانی بدات، باری ماددی باشتر دەکا. هەر هیچ نەبێ ڕۆژکار لە 14 سەعاتەوە داشکاوەتە سەر 10 سەعات و 8 سەعات، هەر هیچ نەبێ شتێک بەناوی بیمەی بێکاری لە هێندێک شوێن پەسەند کراوە. هیچ نەبێ خەریکن ژمارەیەک لە منداڵەکانمان ڤاکسین (تەلقیح) دەکەن و شتی تر. من ئەمانە بە ئیمتییازێک بۆ بزووتنەوە ڕیفۆرمیستییەکان نازانم. دانەدانەی ئەم ڕیفۆرمانەم بەگیان و دڵەوە دەوێ، بەڵام ئەو ڕەوتە کۆمەڵایەتییەی کە لە بارەگای بۆرژوازی بۆ مرۆڤ دەپارێتەوە و بەڵێن دەدا، کە دەست لە بناغەی کۆمەڵی مەوجوود نەدا و بنچینەی ئەم نیزامە دادەپۆشێ و بە باشی لە قەڵەم دەدا، تا هێندێک ئیمتییازی ورد لە بۆرژوازی وەرگرێ، بزووتنەوەی کرێکاریی ئاخری سەدەی بیستەم نییە. ڕیفۆرمیزم ئاسۆی خەباتی کرێکاری بۆ ئاڵوگۆڕپێدانی کۆمەڵ لێڵ و بەرتەسک دەکاتەوە. ڕیفۆرمی تا ئێستا، بەرهەمی خەبات و گوشاری شۆڕشگێڕانەی کرێکار و جەماوەری بێبەش و بێمافی کۆمەڵە. ڕیفۆرمیزم ئەم خەباتە و ئەم گوشارە بەربەست دەکا. سۆسیالیزمی کرێکاری خۆی ڕاستەوخۆ و بەبێ پێویستیی بە هیچ واسیتەیەک دەتوانێ بۆ داسەپاندنی ڕیفۆرم بەسەر بۆرژوازیدا خەبات بکا. بەڵام بۆ ئێمە ئەم ڕیفۆرمە تەنیا گۆشەیەکی ئەو شتەیە کە بزووتنەوەی ئێمە دەتوانێ بیهێنێتە دی. ئەگەر بەدەست ئێمە بووایە، ئەگەر بەدەست کرێکار و سۆسیالیزمی کرێکاری بووایە، هەر چەند دەقیقەیەک منداڵێک لە سوودان و بەنگلادیش و لە زاخەکانی پایتەختەکانی دیموکراسی و ڕیفۆرمدا لە بێ نانی و بێ دەرمانی نە دەمرد. ئەگەر بەدەست ئێمە بووایە خۆراک و پۆشاک و خانوو و خوێندن و چاودێریی تەندروستی و ئاساییشیی ئابووری وەک ئەو هەوایەی کە بە هەناسە هەڵی دەمژین بە خۆڕایی و لەبەردەستی

هەمووان دەبوو. ئەگەر بەدەست ئێمە بووایە لێهاتوویی داهێنەرانەی تاکتاکی مرۆڤەکان، نەک هەر زیندوو دەمانەوە، بەڵکوو دەبووە قانوونی ئەساسیی کۆمەڵ. ئەمانە هەموویان هەر ئەمرۆ دەکرێن. نابێ لەم بارەیەوە هیچ ناڕۆشنییەکمان هەبێ. هێزی بەرهەمهێنانی بەشەر ئەمرۆ گەیشتووەتە ڕادەیەک کە ئیدی ناکرێ مانەوەی مەینەتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بە هیچ شتێکی دیکە جگە لەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەی کە لە ئارادان ببەسترێنەوە. ڕیفۆرمیزم هەر ئەوەمان لێ دەشارێتەوە. چاوەڕوانیی مرۆڤ بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ کەم دەکاتەوە و ناڕەزایەتی دادەمرکێنێ.

سۆسیالیزمی کرێکاری لە هەوڵدانیدا بۆ ئازادیی سیاسی و ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی، بزووتنەوەیەکە کە لەسەر پێی خۆی ڕاوەستاوە. خەباتی ئێمە بۆ ڕێکخستنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی، شۆڕشی کرێکاری، نابێتە هۆی ئەوەی، کە بزووتنەوەی ئێمە مەیدانی خەبات بۆ باشتربوونی بەردەوامی هەلومەرج بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی چینەکانی تر بسپێرێ. لەو مەیدانەشدا، یانی لە مەیدانی خەبات بۆ باشتربوونی هەلومەرجی سیاسی و ئابووریی خەڵکدا، سۆسیالیزمی کرێکاری بانگەشەکەر و ئاڵتێرناتیڤێکی سەربەخۆیە.

بەم مانایەیە کە من سۆسیالیزمی کرێکاری نەک هەر لەگەڵ کۆمەڵی بۆرژوایی، بەڵکوو لەگەڵ ڕەخنەگرە بۆرژواکانی کۆمەڵی بۆرژوایی و لەگەڵ بزووتنەوە غەیرە کرێکارییەکان کە بۆ پێکهێنانی شەرت و مەرج و ڕیفۆرمکردنی کۆمەڵی بۆرژوایی بەڕێ کەوتوون لە کێشەدا دەبینم. ڕێک لەبەرئەوەی باشتربوونی بار و دۆخی سیاسی و ئابووریمان بە لاوە گرنگە، ناتوانین مەیدانی خەبات بو ئەم مەبەستە بسپێرینە دەست ئەو بزووتنەوانە کە بەڵێنی سەروگوێکراوترین و بێ ناوەڕۆکترین ئاڵوگۆڕ دەدەن. وە تازە بەم کارەیان تەواوی سیستەمی مەوجوود لەژێر ڕەخنەی پراتیکیی چینی کرێکار دەرباز دەکەن و دەیهێڵنەوە.

ئایا ئەمە بە مانای بەرخوردی دوژمنانە یان کەنارەگیرانە لە هەمبەر جووڵانەوە غەیرە کرێکارییەکانە کە بۆ ڕیفۆرم هەوڵ دەدەن؟ نەخێر، هەرگیز. ناکرێ بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ خەبات بکەی و چنگ و ددان نیشانی ئەوانە بدەی کە بە هەر بەرژەوەندییەکەوە هەمان ئاڵوگۆڕ، یان بەشێکی ئەو ئاڵوگۆڕەیان دەوێ. باسی من لێرەدا لەسەر پەیوەندی نێوان بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی هەرکامیان لەگەڵ خەڵک و بە تایبەت لەگەڵ چینی کرێکارە. جیاوازیی بنەڕەتی سۆسیالیزمی



کرێکاری لەگەڵ مەیلە ڕیفۆرمخوازە غەیرە کرێکارییەکان دەبێ لە هەوڵ و تێکۆشانی ئێمەدا بۆ کەمکردنەوەی نفووزیان و زاڵ نەبوونی ئاسۆیان بەسەر تەواوی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی بۆ گۆڕینی ئەم وەزعە خۆی نیشان بدا. ئەمە ئیتر پەیڕەوی لە هێزی سۆسیالیزمی کرێکاری دەکا کە وەک ئاڵتێرناتیڤێکی واقیعی لە مەیدانی عەمەلیی سیاسیدا دەور و نەخشی خۆی بگێڕێ. خەبات بۆ لابردنی ستەمی میللی، دەبێ بەهێز بکرێ و لە هەمان کاتیشدا ئاسۆی ناسیۆنالیستی و هێزی کۆمەڵایەتیی ناسیۆنالیزم دەبێ کز و لاواز بکرێ. خەبات بۆ ئازادیی سیاسی دەبێ بەرینتر بکرێتەوە، بەبێ ئەوەی خۆشباوەڕی بەرانبەر بە کۆماریخوازی و پەرلەمانتاریزمی بۆرژوایی پەرەبسێنێ. کۆمۆنیزم دەتوانێ لە سەرووی بزووتنەوە بۆ ڕیفۆرم و لابردنی ستەمی میللیدا بێ، هێزێکی هەڵسووڕاوی خەبات بۆ باشترکردنی وەزعی ڕۆژانەی کرێکاران بێ، ئەم بزووتنەوانە بە گشتی بەرەوپێش بەرێ، بەبێ ئەوەی ئیمتیاز بدا بە ڕیفۆرمیزم و ناسیۆنالیزم و مەیدانی گەشە و هەڵدانیان پێ بدا.

**بسووی سۆسیالیسم**: باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری چ پەیوەندییەکی دیاریکراوی لەگەڵ چەپی ئێراندا هەیە. مەبەستم ئەوەیە تا چ ڕادەیەک ڕوانگە و هەڵوێستەکانی ئەمرۆتان لەدرێژەی گۆڕانکارییەکانی چەپی ئێراندا دەزانن و چ پەیوەندییەک لەنێوان ئەم باسە و جێگاوشوێنی چەپی ڕادیکاڵی ئێرانی دە ساڵ پاش شۆڕشی 79 دادەمەزرێنن؟

**مەنسوور حیکمەت**: بە بڕوای من دەبێ دوو باس لێکجیا بکرێنەوە. یەکەم، پەیوەندیی کۆمۆنیزمی کرێکاری وەک سیستەمێکی فیکری و ڕەخنەگرانە لەگەڵ گەشەی فیکری و سیاسیی چەپی ئێران و دووەم، لە ئاستێکی تایبەتیتردا، ڕەوتێکی دیاریکراو کە ئێمەی وەک کەسانێکی دیاریکراو بەم ڕوانگەیە گەیاندووە.

بۆئەوەی کۆمونیزمی کرێکاری وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی ببینین و وەک سیستەمێکی فیکری و سیاسی بیناسین، هیچ پێویست ناکات هەڵگەڕێینەوە سەر چەپی ئێران و گۆڕانکارییەکانی. هیچ شتێکی تایبەتیی ئێرانی لەم باسەدا نییە. باسی من ئەوەیە کە سۆسیالیزمی کرێکاری ڕەوتێکی بابەتی و ماددی نێو کۆمەڵی سەرمایەدارییە و لە باری تیۆرییەوە ئاڵاکەی مارکسیزمە. لە باری شیکارییەوە باسی ئەمڕۆی ئێمە سەبارەت بە کۆمۆنیزمی کرێکاری بە هیچ جۆرێک ئەنجامگیرییەک لە چەپی ئێران، یان تەنانەت خەباتی چینایەتی لە ئێران نییە، چ بگا بە گۆڕانکارییەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران. بەڵکوو ڕوانگە و هەڵسەنگاندنێکی گشتیی کۆمۆنیستییە لە

جێگاوشوێنی بزووتنەوەی چینایەتی و لە چارەنووسی سۆسیالیزم وەک تیۆرییەک و پراتیکێکی کۆمەڵایەتی. بەڵام ئاشکرایە من وەک کەسێک و مەیلی ئێمە وەک کۆمەڵێک لە ئەفراد، لەجەرگەی ئەزموونێکی سیاسیی دیاریکراودا بەم ڕوانگە و لێکدانەوەیە گەیشتووین. ئێمە هەڵسووڕاوانی نەوەی ئەم دواییەی کۆمۆنیزمین لە ئێران، لە شکڵپێدانی فیکر و کردەوەی سیاسیی بزووتنەوەی سۆسیالیستی سەردەمی خۆمان لەم وڵاتە دیاریکراوە دەور و نەخشمان بووە، تەبلیغمان کردووە، سازمانمان پێداوە، هێندێک سنوورکێشان و یەکگرتووییمان لەنێو چەپی ڕادیکاڵدا پێک هێناوە. جەمعبەندی ئەمڕۆی ئێمە، هەرچەندێکیش پێکهاتەی گشتیی دابێتە دەست، بە هەر حاڵ تا ئەو جێگایەی کە ئێمە لە گۆڕانکارییە فیکرییەکانی ئەم کەسانە قسە دەکەین، لەدرێژەی مێژوویی ئەزموونی سیاسیماندایە.

بەڵام هەر ئەم ئەزموونە سیاسییەش نابێ تەنیا بە ئەزموونێکی ناوچەیی و خۆوڵاتی دابنرێ. ئەگەر کردەوەی سیاسی ئەم تاکانە بە گشتی لە چوارچێوەی جوگرافیایەکی سیاسیی دیاریکراودا ئەنجام دراوە، وەک کۆمۆنیست و سۆسیالیست کاریگەرییان لە کۆسپ و موشاهەداتێکی بەرینتر و جیهانیتر وەرگرتووە و وەڵامیان داوەتەوە. بە بڕوای من ئەمە نەک هەر لە بارەی ئێمە لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا، بەڵکوو لە بارەی هەموو هەڵسووڕاوانی چەپی ئێران، تەنانەت ئەوانەی وێنایەکی زۆر خۆوڵاتیتر، ناوچەیی و بەرتەسکیان لە خۆیان و سیمای سیاسیی خۆیان هەیە، هەر وایە.

بە بڕوای من دە ساڵ پاش شۆڕشی 79 پیاچوونەوەیەکی بنەڕەتی بۆ چەپی ئێران چارهەڵنەگرە و چەپ بۆی ناکرێ خۆی لێ لابدا. چەپی ئێران ناپەیوەستەگی خۆی لەگەڵ کۆمەڵگا تاقی کردەوە، شایەدی ئەوە بوو کە هەموو ڕادیکاڵیزمە خەڵکی و ڕیفۆرمخوازانەکەی ڕەخنەی لێگیرا و بووە دووکەڵ و بە بادا چوو، بە چاوی خۆی دیتی ئەو بینا فیکری و عەمەلییەی کە بە ڕواڵەت بۆ خەباتێکی قارەمانانە لە دژی ملهوڕیی پاشایەتی کافی بوو، توانای وەڵامدانەوە بە سەرەتاییترین مەسەلەکانی خەباتی سیاسی و کۆکردنەوەی لانی کەمی هێز و یەکگرتوویی بۆ هەر جۆرە نارەزایەتییەکی کۆمەڵایەتی و تەنانەت هەر جۆرە خۆنیشاندانێکی فیرقەیی لەدەست داوە. ئەم ئەزموونە، بە تایبەت بۆ قوربانییەکانی، بێگومان مەیلێک بەرەو تێڕوانینەوە و تێفیکرینەوەی سەرلەنوێ پێک دێنێ. بەڵام ئەوەی کە خەسڵەتی ئەمڕۆی بەو ئاوڕدانەوەیە داوە و ئەنجامەکانی ئەمڕۆی پێ بەخشیوە، ئیتر بار و دۆخی



سۆسیالیزمە لە ڕادەیەکی جیهانیدا. ڕاستییەکەی پێم وایە، خودی ئەزموونی بابەتی شۆڕشی 79، زاڵبوونی کۆنەپەرستیی بۆرژوا_ ئیسلامی و کابووسێک کە ئێستاش خەڵکی ئێرانی تێدایە، ئەنجامی هەلومەرجێکی جیهانی بوو، وە بە تایبەت لە ئاستی جیهانیدا، مۆری قەیرانی سۆسیالیزمی بۆرژوایی و هەر جۆرە ڕادیکالیزمێکی غەیرە کرێکاری پێوە بوو. ڕووداوەکانی چین وسۆڤێت و شکستی مسۆگەری سۆسیالیزمی بۆرژوایی بەرانبەر بە هێرشی مەیلی ڕاست لەنێوخۆی بۆرژوازیدا، لە ڕادەیەکی جیهانیدا چەپی ڕادیکاڵی ئێران ناچار دەکا کە لە ئاستی جیهانیدا و بە هەڵگەڕانەوە بۆسەر تەواوی مەوقیعییەتی سۆسیالیزم و ڕادیکاڵیزم دووبارە تێبفکرێتەوە و تەنانەت لە چوارچێوەیەکی جیهانیدا فیکر لە ئەزموونە ئێرانییەکەی بکاتەوە. ئەمڕۆ بەشی زۆری ئەم کارە کراوە. ئەنجامەکانی ئەم کۆبەندییە خۆی لە ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکارییە جیددییە فیکری و سازمانییەکانی چەپی ئێراندا نیشان دەدا. بەشێکی بەرینی هەڵسووڕاوانی چەپی ڕادیکاڵی پێشوو لە ئەنجامی ئەم بار و دۆخەدا  بەرەو ڕاست وەرچەرخاون. پۆپۆلیزم و ڕادیکاڵیزمی پێشووی خۆیان چەشتووە و بەوە گەیشتوون کە دیموکراسی و ناسیۆنالیزمەکەی کەم بووە. زۆریان توێکڵی ڕادیکاڵیزمەکەی پێشوویان شکاندووە و لەژێریدا خەریکن خۆیان وەک نیشتمانپەروەران و دیموکراتە ئێرانییەکان دەناسنەوە و بۆ ئەم خۆناسینەوەیەیان بە دەنگی بەرز جەژن دەگرن. ئەم ڕەوتە دەگاتە سۆسیال دیموکراسی و لیبرالیزمێکی نوێ کە پایەیەکی کۆمەڵایەتی بەرینی لەنێو بۆرژوازیی ئێرانیدا هەیە. ڕەوتێکی ئابووریساز و دژی کرێکار و بێزار لە هەر جۆرە شۆڕشێک. ڕەوتێک کە سەرەنجام دەیەوێ بۆرژوازی لەژێر سیبەری شا و بەرەی میللی و ئیسلام و حیزبی توودە بکێشێتە دەر و بیباتە نێو خەباتی چینایەتیی دنیای کۆتایی سەدەی بیستەمەوە.

کۆمۆنیزمی کرێکاریش بەرهەمی تێڕوانینەوەیەکە. ئەمەش جەمعبەندی ئێمەیە هەر لەم دەورەیە و لەم دنیایە. شۆڕشی ئێران بە بڕوای من سەرەڕای شکستە سیاسییەکەی، پێگەیشتوویی و کامڵبوونێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی زۆر گەورەی پێک هێنا. ئەنجامێکی ئەم شۆڕشە ئەمە بوو، کە قەڵەشت و درزی نێوان سیاسەت و ئابووری لە کۆمەڵی ئێراندا پڕ بووە. دەورانی زەبروزەنگی ئاریامیهری، لە لایەکەوە دەورانی گەشە و هەڵدانی سەرمایەداری و لە لایەکی ترەوە بەستەڵۆکی سەرخانی سیاسی بوو. شۆڕش قەید و بەندی لەسەر سیاسەت لابرد، بۆیە ئەو گۆڕانکارییە سیاسییانە

که به تایبەت لەنێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیدا، لەمێژ بوو پێویست و بابەتی ببووەوە، لە ماوەیەکی کورتدا وەک فیلمێک کە دەوری خێرا کرابێتەوە، ڕووی دا. پەروەندەی ڕەوتە تەقلیدییە بۆرژواییەکان بە خێرایی کرایەوە و وێک نراوە. چەپی ڕادیکاڵ لە چریکی فیداییەوە، تا سۆسیالیزمی خەڵکیی چەشنی پەیکار، لە ماوەی یەک دوو ساڵدا هاتە مەیدان و درایە بەر ڕەخنەی کۆمەڵ و لە مەیدان چووە دەرەوە. هێزە چینایەتییە نوێکان کە زەبروزەنگ نەیهێشتبوو شکڵێکی سیاسیی ئاشکرا بەخۆ بگرن، بوونە مەیداندار. گرنگتر لە هەمووان، بزووتنەوەی کرێکاری و لەنێو ئەویشدا سۆسیالیزمی کرێکاریی ئێران بوو. ئەمە لە چەپی ئێراندا ئاڵوگۆڕی پێک هێنا. هەر ئەو واقیعییەتە کە دەوڵەتی بۆرژوایی لە ئێران ناچار دەکا بزووتنەوەی شوورا ئیسلامییەکان بەڕێ بخا، چەپی ناسیۆنال ڕێفۆرمیست و دژی ڕژێم و غەیرە کرێکاریی ئێرانی خستە ژێر گوشارەوە. جۆرێکی نوێ لە چەپی ڕادیکاڵ قەوارەی گرت، کە ڕێک ڕەنگدانەوەی گوشاری ئەو سۆسیالیزمە کرێکارییە بوو. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ڕێک بەرهەمی ئەم جێگاوڕێگایەیە.

به بڕوای من هاتنەگۆڕی باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری بە مانای کۆتایی پێهاتنی پێکەوەژیانی سۆسیالیزمی کرێکاری و ڕادیکاڵیزمی میللی و ڕێفۆرمخوازانەی ئۆپۆزیسیۆنی ناکرێکاری لە ئێران ڕادەگەیەنێ. باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری ڕێک بە مانای جیاکردنەوەی چارەنووسی سۆسیالیزمی کرێکاریی ئێرانە لە چەپی ڕادیکاڵی ناکرێکاریی ئێران و لە مێژووی ئەم چەپە. بۆ ئەمە ئیتر پێویستە پایەکانی ئەم بزووتنەوەیە لە ئێران دابنرێتەوە سەر مێژووی جیهانیی خۆی و مەوقیعییەتەکەی لە مەوقیعییەتی گشتیی کۆمۆنیزمی کرێکاری، بەرانبەر بە بۆرژوازی و بەرانبەر بە سۆسیالیزمی غەیرە کرێکاری، لە ڕادەیەکی جیهانیدا وەربگیرێ. بەم جۆرە تێڕوانینە و ئاوڕدانەوەی من لە ئەزموونەکانی دە ساڵی ڕابوردوو، وەک کەسێک منی بە زۆر ئەنجامی جیاواز گەیاندووە. چەپی ئێران و تەنانەت حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیش دەبێ لە ڕوانگەی بزووتنەوەیەکی چینایەتی و بە ناچار لە میللی واوەتر و لە ڕوانگەی ئالایەکی جیهانی بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە کۆمەڵدا چاوی لێ بکرێ. لەم ڕوانگەیەوە دەکرێ بەرانبەر بەو سۆسیالیزمەی کە بەرەو تێداچوونە، بزووتنەوەیەکی سۆسیالیستی دیکە بە ڕۆشنی ببینرێ کە بە تەواوی لەسەر بنچینەیەکی چینایەتیی دیکە و لەجەرگەی نارەزایەتیی کۆمەڵایەتیدایە، زیندووە و وەڵامی هەیە. من خۆم بە



هەڵسووڕاوی ئەو بزووتنەوەیە دەزانم و جیا لەوەی کە ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی ئێران ئەمڕۆ چۆن لە بارەی خۆیەوە بیر دەکاتەوە، جیا لەوەی کە بزووتنەوەی سەرمایەداری لە دنیادا چی بەسەر هاتووە، جیا لەوەی کە مارکسیزم لە ڕوانگەی ئەمانەوە چییە و چی نییە، وەک هەڵسووڕاوێکی بزووتنەوەی نارەزایەتیی کۆمەڵایەتیی کرێکار دەبێ لە فیکری ڕێکخراوبوون و پەرەپێدانی ئەم بزووتنەوەیەدا بم. کەوابێ بە باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری، ئێمە لە تەواوی ئەم ئەزموونە، بە ئالای مارکسیزم و بەئەسڵدانانی نارەزایەتیی چینایەتییەوە هاتووینە دەر. ئەمە ڕێک بە پێچەوانەی حەرەکەتی گشتیی چەپی ڕادیکاڵی ئێرانە، کە کامڵبوونی سیاسیی خۆی بە ئاشکراکردنی بێباوەڕییەکەی بە هەردووک ئەمانە نیشان داوە.
به بڕوای من کۆمۆنیزمی کرێکاری لە لایەکەوە و لیبراڵیزم و سۆسیال دیموکراسی نوێ لە لایەکی ترەوە، نەریتە خەباتگێڕ و مەیلە حیزبییە سەرەکییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لە دەورەی داهاتوودا دەبن. هەموو حیزب و ڕەوتەکانی چەپی مەوجوود لەژێر کاریگەریی ئەم دوو ڕەوتە سەرەکییەدا شکڵ دەگرن و جەمسەربەندی دەکرێن. جا ئەو جار بە بڕوای من مەیدانی سیاسەت لە ئێراندا بە جۆرێک کە لەگەڵ واقعییەتە ئابوورییەکانی کۆمەڵ بێتەوە ئارایش دەدرێ. لەنێوان ئەم دوو ڕەوتەدا هەر جۆرە حیزبایەتییەک کە لەژێر ناوی چەپدا بکرێ، جگە لە هەڵبەز و دابەزی فیرقەیی نەوەی پێشووی هەڵسووڕاوانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران هیچی تر نابێ و بە هیچ جۆرێک ناوەڕۆک و گرنگییەکی کۆمەڵایەتی جیددی بەدەست ناهێنێ.
**بسووی سۆسیالیسم**: بە ڕادەیەک کە ئێوە جەخت دەکەنە سەر خەسڵەتی چینایەتیی تایبەتی کۆمۆنیزم، یانی ئەم واقیعییەتە کە کۆمۆنیزم بزووتنەوەی نارەزایەتیی دژی سەرمایەداریی کرێکارە، بە هەمان ڕادەش ئەو ڕەخنە کۆنەی کە بە شێوەیەکی گشتی لە کۆمۆنیستەکان دەگیرا بە شێوەیەکی زەقتر لە ئێوەش دەگیرێ، ئەویش ئەوەیە کە کرێکار لە باری ئابووری و چەندایەتییەوە چ سەنگێکی لە دنیای سەرمایەداریی ئەمڕۆدا هەیە؟ دەڵێن بە گەشە و هەڵدانی تەکنیک، یان بە شۆڕشی تەکنیکی، ئیتر کرێکار لە باری چەندایەتییەوە ئەو هێزە نەماوە کە مارکس قسەی لێ دەکا. زۆربەی کۆمەڵ پێک ناهێنێ و ئالتێرناتیڤێکی کۆمۆنیستی بە بڕوای ئەمانە زەمینەی نامێنێ. ئەم لێکدانەوەیە بۆ نموونە لە ئەورووپا لەنێو حیزبە بە ناو کۆمۆنیستەکان، ئۆرۆکۆمۆنیستەکان، چەپی نوێ و ئەوانەی تردا تەقریبەن بووەتە لێکدانەوەیەکی گشتی. ئەم حیزبانە لانی کەم لە

تیۆریدا بەرەو بەرینکردنەوە و جۆراوجۆرکردنی پایە کۆمەڵایەتییەکانیان چوون. ئەمە بە پێچەوانەی حەرەکەتێکە کە ئێوە دەیکەن. زۆر ئاسان ڕەنگە پێتان بڵێن، کۆمۆنیزمی کرێکاریی ئێوە داهاتوویەکی ڕۆشنی نابێ، چونکە کرێکار وەک چینێک جێگاوشوێنی ئابووری و سەنگی خۆی لە باری چەندایەتییەوە وەک پێشوو نەماوە. لەم بارەیەوە چۆن بیر دەکەنەوە؟

**مەنسوور حیکمەت:** بە بڕوای من ئەمە ڕەخنەیەکی زۆر بە کەڵکە، چونکە دەرفەتی ئەوە پێک دێنێ کە جیاوازییەکان و سنوورە جیددییەکانی ئێمە لەگەڵ سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمێک کە تا هەنووکە لە ئارادان و لەگەڵ ئەم جۆرە چەپانە بە تەواوی ڕۆشن بێتەوە. ئەوەی کە لە بارەی چەندایەتی و ئابووری و سیاسییەوە کرێکار لە کۆمەڵی ئێستادا چ سەنگێکە و بۆ نموونە لەچاو کاتی بڵاوبوونەوەی کتێبی سەرمایە، یان ڕوودانی شۆڕشی ڕووسیا، یان لەدوای شەڕی جیهانیی دووەم و ڕووداوەکانی تر، چ فەرق و جیاوازییەکی کردووە، مەسەلەیەکی بابەتییە و دەکرێ ئەندازە بگیرێ و وەڵامی ئایدیۆلۆژیک هەڵناگرێ. ڕێک لەم هەڵوێستە بابەتییەوەیە کە پێم وایە کەسانێک کە نایانەوێ چوونە سەرێکی یەکجار زۆر لە چەندایەتیی کرێکاریی کرێگرتە لە جیهانی ئەمڕۆدا و لەچاو هەموو دەورەکانی پێشوو ببینن، بێگومان خەریکن لەپشت چاویلکەیەکی ئایدیۆلۆژیی دژی سۆسیالیستییەوە چاو لە دنیا دەکەن. کاتێک کە مارکس کتێبی سەرمایە دەنووسێ، سەرمایە وەک پەیوەندییەکی بەرهەمهێنان، وەک پەیوەندییەک لەسەر بنەمای کارکردنی کرێکاری کرێگرتە، لە چەند وڵاتێکی جیهان بەولاوە زاڵ نەبوو. زۆر لەو وڵاتانەی کە ئەمڕۆ ژمارە و هەلومەرجی کاری کرێکارەکانیان لە ئامارەکانی سازمانی جیهانیی کاردا دەنووسرێ، لەو دەورەیەدا ڕەنگە لەسەر نەخشەی سیاسی و ئابووریی جیهاندا هەر نەبووبن. لە هەموو دنیادا کاری کرێگرتە بۆ سەرمایە بووەتە شێوەی دابینکردنی گوزەرانی زۆربەی هەرە زۆری بەرهەمهێنەران. لەپشت سەری ئەم ڕەخنانەوە، ئەورووپا تەوەرەیەکی بەرتەسک و هەوڵ و تەقالایەکی منداڵانە کە پاکانە بۆ سیاسەتی ڕێفۆرمیستی لە چوارچێوەی ئەورووپای ڕۆژئاوادا دەکا، خەوتووە. دەنا هەموو کەس دەتوانێ ئەڵمانیای 1920 لەگەڵ کۆریا و تایوان و بەرازیل و ئەفریقای باشوور ...ی ئەمڕۆ پێکەوە هەڵسەنگێنێ، هیندستان و چینی ئەمڕۆ لەچاو 50 ساڵ لەوەپێش چاولێ بکا و ئەنجامی ئاماریی خۆی بەدەست بێنێ. جگە لەوە، لە حاڵێکدا کە ئەمڕۆ هەر ڕۆژنامەیەک بە هەر زمانێک



دەکەیتەوە، پڕە لە قسە و باسی بەرهەمهێنان و حەقدەست و کەڵەکەکردنی سەرمایە و پڕبارbوونی کار و بەرانبەرکێی دەوڵەتەکان و ڕێکخراوە کرێکارییەکان، سەیرە کە باسی شۆڕش و بزووتنەوەی کرێکاری سەنعەتی و مۆدێرن لە پەنجا ساڵ پێش، چ بگات بە سەت و پەنجا ساڵ لەوەپێش، کەمتر برەوی هەبێ. ئەم ڕەخنانە گاڵتەجاڕییە. ئەمانە پاکانەی سۆسیالیزمی بۆرژواییبە کە دەیەوێ بە خەیاڵی خۆی بۆ جیایی خۆی لە چینی کرێکار و ناڕەزایەتیی کرێکاری، بیانووی زانستی و "مارکسیست پەسەند" بێنێتەوە، یان بۆ ڕاگەیاندنی وەفاداریی خۆی بە پەرلەمان و خەباتی پەرلەمانتاریستی لە لای بۆرژوازی سوێندی تیۆریک بخوا. بە بڕوای من کرێکار هەرگیز وەک ئەمڕۆ لە مەیدانی ئابووری و سیاسیدا بەهێز نەبووە.

بەڵام ئامارەکان و بار و دۆخی بابەتیی چینی کرێکار هەرچییەک نیشان بدەن، وەڵامی ئێمە بەم ڕەخنەیە هەر یەکە. ڕاستییەکەی تەنانەت بۆ ئەوەی مەبەستەکەم ڕۆشنتر باس بکەم، پێم باشە جارێ قەبووڵ بکەم کە کرێکار لە کۆمەڵدا چینێکی کەمایەتییە و سەنگە ئابوورییەکەی کەم بووەتەوە. باشە مەبەست چییە؟ ئێمە هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی کرێکاریین، ئێمە بۆ دامەزراندنی ئاڵتێرناتیڤی کۆمەڵایەتی و ئابووریی کرێکار وەک چینێک خەبات دەکەین. کەسێک دەتوانێ لەسەر بنچینەی گوزارشی ئاماریی سەبارەت بە سەنگی چینەکان، بزووتنەوەکەی و کارەکەی بگۆڕێ کە لەم هەڵبژاردنەدا خۆی خاوەن ئیختیار بێ. کۆمۆنیزمی کرێکاری بزووتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی چینێکە، جا ئەو چینە 20 لە سەدی کۆمەڵ پێک بێنێ، یان 51 لە سەدی هیچ شتێک بۆ ئێمە ناگۆڕێ. جێگاوشوێنی کرێکار لە بەرهەمهێناندا ناگۆڕێ، بنچینەی ئابووریی کۆمەڵ ناگۆڕێ، ئاڵتێرناتیڤی ئەم چینە بۆ سازماندانی کۆمەڵی بەشەری ناگۆڕێ. کرێکار دیسانیش ناچارە بۆ ژیان و گوزەرانی هەموو ڕۆژەی، هێزی کارەکەی بفرۆشێ و هەر بۆیەش هێشتا هەر لە هەمان ڕوانگەوە چاو لە دنیا دەکا و هەر هەمان ڕێگاچارەی بۆ هەیە. کۆمۆنیزم تیۆرێک یان نوسخەیەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی نییە کە داخۆ مارکس گەڕابێ و لەنێو چینە جۆراوجۆرەکاندا چینی کرێکاری بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردبێ، تا ئەمڕۆ سۆسیالیستەکەی ئێمە بە خەیاڵی ئەوەی کە ژمارەی کرێکاران کەم بووەتەوە، یان ئیتر زۆرایەتی نین بۆ بەدیهێنانی بەدوای بەڕێوەبەرێکی تازەدا بگەڕێ، یان ئەسڵەن لە خێروبێری بگوزەرێ و بەشوێن ئەوەدا بگەڕێ کە ئێستا توێژەکانی زۆرایەتی کام نیزامیان دەوێ، تا ئەویش پێوەی

پەیوەست بێ. سۆسیالیزم تاج نییە کە بکرێ لەسەر هەر توێژ و چینێک دابنرێ. مەسەلەی کرێکارە وەک چینێکی تایبەت. کۆمۆنیزم بزووتنەوەی کرێکارە بۆ نابوودکردنی سەرمایەداری، بۆ هەڵوەشاندنەوەی کاری کرێگرتە و لەناوبردنی چەوسانەوە و چینەکان. مارکس لە هیچ شوێنێکدا ڕەوابوونی کۆمۆنیزمی لە ئیدەی زۆرایەتیبوونی کرێکار دەرنەکێشاوە. لە دەورەی خودی مارکسدا کە پرۆلیتاریا بە هیچ جۆرێک زۆرایەتی نەبوو. کۆمۆنیزم ڕەوابوونی کرێکار و پێویستیی شۆڕشی کرێکاری لە هیچ دەستەواژەیەکی وەک دیموکراسی و زۆرایەتیبوونی زەحمەتکێشان دەرناکێشێ. کرێکار و دوژمنایەتیی لەگەڵ سەرمایە خاڵی دەستپێکردنی ئەم باسەیە. مەگەر خەبات بۆ بەرابەریی ژن و پیاو لە زۆربوونی ژنانەوە دەرکێشراوە، یان ڕەوابوونی خۆی لەوە وەرگرتووە؟ مەگەر ڕەشەکان زۆرایەتین؟ ئایا هیچ هەڵسووڕاوێکی بزووتنەوەی مافی ژنان، یان بەرابەریی نەژادی بە نیشاندانی ئامار و لەسەدی ژنان، یان ڕەنگین پێستەکان مەسەلە و خەباتی دەگۆڕێ؟ بۆچی کۆمۆنیزم وەک بزووتنەوەیەکی ناڕەزایەتیی دەبێ شتێکی جیا لەمە بێ؟ واقیعییەت ئەوەیە لە حاڵێکدا کە ئاشکرایە ریشەی ناڕەزایەتیی ژنان، یان کەمایەتییە نەژادییەکان لەو جێگاوشوێنە بابەتییەدایە کە لە کۆمەڵدا پێیان دراوە، بزووتنەوەی بەناو کۆمۆنیستی و سۆسیالیستی مەوجوود ناتوانێ پەیوەندییەکی بابەتیی وا لەگەڵ کرێکار وەک بوونێکی کۆمەڵایەتیی ناسراو نیشان بدا. ئەگەر کۆمۆنیزمی مەوجوود بە ڕاستی نوێنەری ناڕەزایەتیی کرێکاری بووایە، ئەو دەمە ئەم ڕەخنەیە هەر بە ڕادەی ئەو کاتەی کە مەسەلەی ژنان بە نموونە دێنینەوە بە گاڵتە دەگیرا. ئەو کاتە مەسەلەیەکی ئاوا و تیۆرییەکی ئاوا هەرگیز لە چوارچێوەی نەریتی فیکریی کۆمۆنیزمدا نەدەهاتە گۆڕ. بەڵام کۆمۆنیزمی سەردەمی ئێمە لە ڕاستیدا لە هەمان مەوقیعییەتی سۆسیالیزمی خەیاڵیی دەورەی مارکسدایە. کۆمەڵێک ئیدە و مودێلی کۆکراوە کە دەبێ لە لایەن توێژە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەڕێوە ببرێ. کۆمۆنیزم بووەتە نێوی ڕەمزیی ئەو حیزبە غەیرە کرێکارییە ڕیفۆرمخوازانە کە بۆ بەدیهێنانی بەرنامەکەیان هێزی کرێکارانیان پێویست بووە. جا ئەگەر کەسێک بڵێ کرێکاران هێزەکەی پێشوو نین، یان بە گشتی مارکسیزم گرنگیی کۆمەڵایەتیی کرێکارانی زل کردووەتەوە، ئەمجار ئەو ڕەوتە بەناو کۆمۆنیستانە دیارە دەبێ دەور و دووکانیان بەرنە جێگایەکی دیکە، نێو گەلانی ژێردەستە، نێو خوێندکاران، نێو جووتیاران و ئەوانەی تر، ئەمە ڕووداوێکە کە تا



ئێستا ڕووی داوە. بەڵام کرێکار بە جێگاوشوێنی بابەتییەوە، بە ناڕەزایەتییەوە، بە نیزامی کرێگرتە و خاوەندارێتی تایبەتی، بە ڕێگاچارە واقیعییەکەیەوە بۆ مرۆڤایەتی، لەسەر جێگای خۆی ڕاوەستاوە و جگە لە مارکسیزم بە هیچی دی ناتوانێ بە نیزامی مەوجود ناڕەزایەتی بکا. ئێمە هەڵسووڕاوی ئەم بزووتنەوەیەین. ئەم بزووتنەوەیە و تەنیا ئەم بزووتنەوەیە وەڵامی ئێمەیە بۆ ئەم بار و دۆخە. فڵانە مامۆستای زانکۆی کۆنە کۆمۆنیست دەتوانێ لە بەیانییەوە ببێتە "سەوز"، سۆسیال دیموکرات، ناسیۆنالیست، یان ئەسڵەن شێخ. چینی کرێکار ناتوانێ.

ڕەنگە بڵێن ئێوە ناڕەزایەتیی کۆمۆنیستی و چینایەتییەکەتان بکەن، بەڵام سەنگی ئاوەهای کرێکاران لە ئابووری و لە کۆمەڵدا گۆڕاوە و سەرکەوتنتان مەحاڵە، یان لەو بارەیەوە کە زۆرایەتیی کۆمەڵ نین، ڕەوابوونی شۆڕشەکەتان قسەی لەسەرە. ئەگەر چاوپۆشی لەوە بکەین کە ئەمە بە فیشاڵ دەرکردنێکی پووچی سەرمایە لە دژی کرێکار دەزانم، وەڵامی من ئەوەیە، بۆ سەرکەوتن، پێویست نییە کە کرێکار زۆرایەتی بێ، چونکە میکانیزمی ئەو سەرکەوتنە ڕیفراندۆمێک نییە کە لە ڕۆژێکی خۆرەتاودا بکرێ. کۆمەڵ تووشی قەیران و شۆڕش دەبێ. ئەمە قانوونی بنچینەیی دنیای سەرمایەدارییە. لەجەرگەی ئەم دەورە شۆڕشگێڕانەیەدا ڕیزبەستنی کۆمەڵایەتی لەدەوری ڕێگاچارەکان و ئاڵای چینە سەرەکییەکانی کۆمەڵ، کرێکار و سەرمایەدار، شکڵ دەگرێ. کرێکار بڕبڕەپشتی بەرهەمهێنان، لە کۆمەڵی مەوجوودا وەک ڕابەریی کۆمەڵی نوێ، وەک چینێکی کۆمەڵایەتی کە ڕێگاچارەیەکی واقیعیی بۆ کۆتایی پێهێنانی مەینەتەکانی مرۆڤایەتی بە گشتی هەیە، سەردەکەوێ. خودی بۆرژوازیش هەر بەم شێوەیە بە دەسەڵات گەیشتووە. بەبێ ئەوەی هیچ کاتێک لە بارەی چەندایەتییەوە لە کەمایەتییەکی زۆر بچووکی کۆمەڵ واوەتر چووبێ. زۆر سەرنجڕاکێشە ئەو کەسانەی ئەمڕۆ ڕەوابوونی شۆڕشی کرێکاری لە ڕوانگەی لەسەدی چەندایەتیی چینەکان لە کۆمەڵدا دەخەنە ژێر پرسیارەوە، هەر ئەمڕۆ ڕەوابوونی حوکوومەتی کەمایەتییەکی زۆر بچووک، بۆرژوازییان قەبووڵ کردووە. هێزی چینی کرێکار تەنیا لە زۆربوونیدا نییە. ئەم هێزە لە بنچینەدا لە جێگاوشوێنی ئەم چینە لە بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و لە بابەتیبوون و دروستی ڕێگاچارەیەکدایە کە کرێکار بە شێوەی گشتی دەینێتە بەرانبەر کۆمەڵ. ڕەنگە ڕۆژێک بگا کە کارمەندانی دەوڵەتی و تایبەتیی زۆرایەتیی خەڵک پێک بهێنن، هەر وەک جووتیاران کە لە هێندێک دەورەی مێژوودا وا بوون.

بەڵام ئەو کێشە کۆمەڵایەتییەی کە تەکلیفی ئەم زۆرایەتییە گریمانەیییە ڕۆشن دەکاتەوە، کێشەی نێوان چینە سەرەکییەکانی کۆمەڵ، یانی ئەو چینانەی کە بەرهەمهێنان ئەم جێگاوشوێنەی لە کۆمەڵدا پێداون، وە کێشەی ئاسۆکانیان و ئاڵتێرناتیڤەکانیانە. کۆمەڵی بۆرژوایی هەر تا ئێرەش بنبەستی هەمە لایەنەی خۆی و ناکۆکی خۆی لەگەڵ بەختەوەری و کەرامەتی مرۆڤ نیشان داوە. کۆمۆنیزمی کرێکاری وەڵامی ئەم بنبەستەی هەیە.

به هەر حاڵ ئەوا جارێکی دیکەش دەورەی هێزنیشاندانی کرێکار لە مەیدانی سیاسیدا خەریکە دەست پێ دەکا و ئەم جارە بە بڕوای من بە تایبەت لە لانکی سەرمایەداری و لە ناوەندی هەمان ئەو کۆمەڵگایانەوە دەست پێ دەکا، کە گوایە سەنگی کرێکاریان تێدا کەم بووەتەوە. پێم وایە واقیعییەتەکانی چەند ساڵی داهاتوو باشتر لە هەر دەلیلهێنانەوەیەک هێزی واقیعی کرێکار بە سۆسیالیستەکانی پێشوو و حیزبە تازەکانیان حاڵی بکا.

**بسووی سۆسیالیسم**: سەبارەت بە لایەنە تیۆرییەکانی باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری زۆر خاڵ ماوە کە دەکرا لێرەدا باسی بکەین. لە سیمینارێکدا کە چەند مانگ لەمەوپێش بۆ ناساندنی ئەم باسە پێشکەشت کرد، بەشێکی زۆری ئەم لایەنانە باس کرا. گوایە قەرارە دەقی نووسراوەی ئەم باسە بڵاو بکرێتەوە، کەوابێ با هەر بەوەندە قەناعەت بکەین و بچینە سەر باسی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران. لە سەرەتای قسە و باسەکەماندا لەسەر بەرانبەرکێی مەیلی جۆراوجۆر لە حیزبدا قسەت کرد. سیفەتی وەک ڕاست و چەپ و ناوەند هێشتا تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی ئەم مەیلانە دەرناخا. سەبارەت بە تایبەتمەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم مەیلانە چۆن بیر دەکەیەوە و دەڵێی چی؟

**مەنسوور حیکمەت**: بۆ ناسینی تایبەتمەندییەکانی مەیلە جۆراوجۆرەکانی نێو حیزب، لە پێشدا دەبێ ئەوە ڕۆشن بکەینەوە کە ئەم حیزبە ئەسڵەن لە چ ڕەوتێکدا پێک هاتووە و لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی دەرەوەی خۆی چ کاریگەرییەکی وەرگرتووە. حیزبی کۆمۆنیست لەژێر ئاڵای ئەو بزووتنەوە چەپەی ئێراندا قەوارەی گرت کە نێوی "مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێران"ی لەسەر خۆی دانا. چوارچێوەی فیکری ئەم ڕەوتە لە ڕەخنەگری لە خەڵکگەرایی و هەڵگەڕانەوە بۆ سەر ئەرتەدۆکسی مارکسیزم (مارکسیزمی ڕەسەن) پێک هاتبوو. حیزبی کۆمۆنیست هاوکات لەگەڵ داماوی و



داڕووخانی سۆسیالیزمی خەڵکی وەک ڕەوتێکی ڕەخنەگر لە سۆسیالیزمی خەڵکی پێک هات. لە باری سیاسییەوە ئەم ڕەوتە چەپترین باڵی ئۆپۆزیسیۆنی چەپی لە ئێراندا پێک هێنابوو. بەڵام واقیعییەت ئەوەیە کە نەک هەر ڕەوتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی تر لە شکڵ و قەوارەگرتنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا بەشدار بوون، بەڵکوو خودی ئەم "مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێران"ەش دیاردەیەکی تێکەڵاو بوو کە گرنگترین کێشمەکێشەکانی نێوان مەیلەکانی کۆمۆنیزمی ئێرانی لەنێو خۆیدا کۆ کردبووەوە.

ئەگەر لە هەلومەرجی مێژوویی سەرهەڵدانی ئەم ڕەوتە بکۆڵنەوە، دوو ڕەوتی سەرەکی تێدا جیا دەکەنەوە. یەکەم، هەڵسووڕاوبوونی بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی چینی کرێکار لە ماوەی شۆڕشدا و قەوارەگرتن یان بە هەر حاڵ هەنگاونانەبەری توێژێک لە کرێکارانی سۆسیالیست لە سەرووی ئەم بزووتنەوە ناڕەزایەتییەوە. بە وتەیەکی تر سۆسیالیزمی کرێکاری لە ئێران بە هۆی شۆڕشەوە لە مەیدانی بزووتنەوەی ناڕەزایەتیدا یەکجار زۆر هەڵسووڕاو بووەوە. دووەم، لەپاڵ ئەم بزووتنەوە چینایەتییەوە ئێمە شایەدی ڕادیکاڵبوونەوەیەکی فیکری و سیاسی لەنێو چەپی ڕادیکاڵی غەیرە کرێکاری داین. بزووتنەوەی چەپی ئێران بزووتنەوەی ڕووناکبیران بوو. لە ماوەی شۆڕشدا ئەم بزووتنەوەیە کە لە باری جێگاوشوێنەوە دەکرێ بە تەواوی لە سۆسیالیزمی کرێکاری جیا بکرێتەوە، لەبەرانبەر خەڵکگەرایی و شتی تردا بەرەو مارکسیزمی ئۆسووڵی و شۆڕشگێڕ وەرچەرخا. "مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێران" لە باری عەمەلییەوە بە هەر حاڵ ڕەوتێک بوو، بەڵام نوێنەرایەتی هاوجیهەتی و کاریگەریتی دوو لایەنەی ئەم دوو ڕەوتە لێکجیاوازە کۆمەڵایەتییەی دەکرد. بە وتەیەکی تر، ڕەوتی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ لە لایەکەوە پردێک بوو بۆ لێکهەڵپێکانی سیاسی و عەمەلیی ئەم دوو مەیلە کۆمەڵایەتییە لێکجیاوازە و لە لایەکی تریشەوە خۆی بوو بە چوارچێوەیەک بۆ ئەوەی سۆسیالیزمی کرێکاری و ڕادیکاڵیزمی سۆسیالیستیی ئۆپۆزیسیۆنی ڕووناکبیری دیسان ماوەیەکی تریش لەپاڵ یەکدا بژین. ڕەوتێکی ڕادیکاڵ پێک هات کە چەپی ڕادیکاڵتر دەکرد، بەڵام لە لێکدانەوەی ئاخیردا سۆسیالیزمی کرێکاری و ڕادیکاڵیزمی ڕووناکبیریی چەپی ئێرانی هەر وا هاوچارەنووس ڕادەگرت. ئەم لێکهەڵپێکراوی و پێکەوەژیانە بەرهەمی هاوجیهەتی هەردوو ئەم بزووتنەوانە بوو لە خەباتیاندا بەرانبەر بە خەڵکگەرایی و لە کرێکار دووربوونی ئۆپۆزیسیۆنی چەپ و بێگانەبوونی لەگەڵ تیۆری مارکسیزم. بە هەر حاڵ

به کورتی قسەکەم ئەوەیە کە "مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێران" یانی، ئەو ڕەوتە تایبەتەی کە حیزبی کۆمۆنیست لەژێر ئاڵایدا پێک هات، لە سەرەتاوە لەسەر دوو پایەی کۆمەڵایەتی جیاواز دانرابوو. ئەم ڕەوتە بەرهەمی هاوجیهەتی و پێکەوەژیانی دووڕەوتی کۆمەڵایەتیی جیاواز بوو، ڕەخنەی مارکسیستی لەنێوخۆی چەپی ناکرێکارییەوە بە پەلاماربردن بۆ سەر خەڵکگەرایی لە لایەک و سۆسیالیزمی کرێکاری بە شووراکان و مانگرتنەکان و ڕابەرانی عەمەلیی خۆیەوە لە لایەکی تر. ئاشکرایە کە پەرەسەندنی ڕەخنەی مارکسیستی نەدەکرا چەپی ڕادیکاڵ بەرەو چینی کرێکار و بەرەو خۆ ڕێکخستنی زیاتر لەگەڵ کۆمۆنیزمی کرێکاری پاڵپێوە نە نێ. ئەو بزاوتە ڕەخنەگرانە تیۆریک و سیاسییە کە لەنێو چەپی ڕادیکاڵی ئێراندا پێک هات لە هەموو بارێکەوە مەوقیعییەتی سۆسیالیزمی کرێکاریی بەهێز دەکرد. بەڵام وەک ڕەوتێکی دیاریکراوی سیاسی، مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێران، خودی سۆسیالیزمی کرێکاری نەبوو. بلۆکێکی دژی پۆپۆلیستی بوو بە مەیلە جۆراوجۆرە جیاوازەکانی نێوخۆیەوە. هەروەها ڕۆشنە کە بە کۆتایی پێهاتنی پۆپۆلیزم تەمەنی بەکەڵکی ئەم بلۆکەش کۆتایی پێ دێ.

داڕووخانی پۆپۆلیزم و خودی پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیست وەک بەڵگەی عەمەلیی سەرکەوتن بەسەر خەڵکگەراییدا دیارە، هەر وەک لە کردەوەشدا ڕووی دا، کۆتایی بە خوازراوی و مەتلووببوونی ئەم چەتر و چوارچێوە هاوبەشە دەهێنا و ئەم ڕەوتەی دابەش دەکردەوە سەر ئەو مەیلانەی کە پێکیان هێنابوو. ئەم ڕووداوە کە قۆناغێکی گرنگی مێژووی پەرەسەندنی سۆسیالیزمی کرێکارییە لە ئێراندا، تا ڕادەیەکی زۆر بە شێوەی سەرهەڵدانی هێندێک ناکۆکی لەنێو حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا ڕووی دا.

بە هەر حاڵ ئەم چوارچێوە هاوبەشە، بنەمای فەرمی و سەرەکیی پێکهاتنی حیزب بوو. بەرنامەکەی، داخوازەکانی، شێوە و نەریتەکانی هەموویان وەک ئەو ئوسووڵ و حەقیقەتانەی کە حیزب دەبێ لەسەر بنەمای ئەمانە کار بکا قەبووڵ کرابوو. بەڵام حیزبی کۆمۆنیست پاشان هەر بەو ڕەوت و مەیلانەی کە پێکیان هێنا، نەمایەوە. چەند مەیلی گرنگی تر دەخاڵەتیان لە حیزبی کۆمۆنیستدا هەبوو. لە کوردستان ناسیۆنالیزمی کورد هەر لە سەرەتاوە، گەرچی لە شکڵ و شێوەیەکی خەڵکیتر و ڕادیکاڵتردا، لە نەریتی خەباتی کۆمەڵەدا بەشدار بوو. لە کۆنگرەی دووەمی کۆمەڵەدا مارکسیزمی شۆڕشگێڕ لەم ڕێکخراوەدا سەرکەوت. ڕەوتی ناسیۆنالیستی بێدەنگ بوو، بەڵام لە پاڵ



کۆمەڵەوە هاتە نێو حیزبەوە. لە لایەکی دیکەوە لە ئاستی سەراسەریدا، حیزبی کۆمۆنیست و لەپێش ئەویشدا تەنانەت خودی ئەو ڕێکخراو و فراکسیۆنانەی کە بە مارکسیزمی شۆڕشگێڕ ناو دەبران، ببوونە جەمسەرێک کە چەپی ڕادیکاڵی ئێرانیان بە گشتی بەرەو خۆیان ڕادەکێشا. بتەوێ و نەتەوێ مەیلە جۆراوجۆرە مەوجوودەکانی نێو چەپی ڕادیکاڵی ئێران، بە هەندێک چاکسازی و ئیسڵاحەوە، هاتنە نێو حیزبەوە. ساڵی 83 حیزبی کۆمۆنیست چوارچێوەیەکە بۆ هەڵسووڕانی هەموو ئەم مەیلانە لەژێر چەتری گشتیی "مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێران"دا. دیار بوو ئەم سەنگ و سووکییەی مەیلەکان، بە لەبەرچاوگرتنی گەشەی بیر و بۆچوونی سیاسی لەنێو حیزبدا و لەویش گرنگتر بە لەبەرچاگرتنی ئاڵوگۆڕی بابەتی لە ئاستی کۆمەڵایەتی لە ئێران و لە ئاستی جیهاندا، نەیدەتوانی هەر وەک پێشوو بمێنێتەوە. سەرجەمی ئەم هۆیانە مەیلە سیاسییەکانی نێو حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانی لێک دوور خستەوە. چەپ و ڕاست و ناوندێکی پێک هێنا کە بەرهەمی گەشەی مەیلەکانی نێو حیزب بوو لە هەلومەرجی نوێی ئێستادا.

**بسووی سۆسیالیسم**: لە سەردەمی تایبەتی ئەمڕۆدا بە بڕوای تۆ مەیلەکانی ڕاست و چەپ و ناوەند کامانەن؟

**مەنسوور حیکمەت**: با لەپێشدا ئەوە بڵێم کە لەسەر کاغەز و لە باری فەرمییەوە لەنێو حیزبی کمۆنیستی ئێراندا بە ڕواڵەت هیچ باڵبەندییەک نییە. تێڕوانینە فەرمییەکانی ئەم حیزبە سەبارەت بە مەسەلە بنچینەییەکانی تا ئێستا زۆربەیان لە لایەن مەیلی چەپەوە لەم حیزبەدا بەیان کراوە و پێداگرتنێکی زۆر لە لایەن زۆر کەسەوە لەم حیزبەدا لەسەر ئەوە هەیە کە تێڕوانینە فەرمییەکانی حیزب لە ڕاستیدا تێگەیشتنە هاوبەشەکانی تەواوی حیزبی بەیان کردووە. یەکێک لەوانەش خودی باسی کۆمۆنیزمی کرێکارییە. بڕیارەکان بە تێکڕای دەنگ پەسەند کراون و ئەمە کەم یان زۆر شێوەیەکی باوی نێو حیزب بووە. تەنانەت باسکردنی ئەوەی کە هێڵ و مەیلی جۆراوجۆری ناسازگار پێکەوە لە حیزبدا هەن، زۆر کەس تووڕە دەکا. گەرچی لەم دواییانەدا هاوڕێیانێکی زیاتر ئەم واقیعییەتانە بە فەرمی دەناسن. بە هەر حاڵ دەمەوێ بڵێم، بێجگە لە چەپ کە ڕوانگە و بۆچوونەکانی ئاشکرایە و بە تایبەت پاش کۆنگرەی سێیەم هەوڵی داوە وەک مەیلێکی جیاواز قسە بکا، ڕاست و ناوەندی نێو حیزب ڕەوتگەلێکی وا نین کە بکرێ وەک فراکسیۆن، یان بە پلاتفۆرم و قسەکەری لەپێشدا مەعلوومکراویانەوە

بیانبینی. بەڵام بوونیان و ڕادەی هێزیان بە تەواوی دەبیندرێ و بە تایبەت لەم دەورەیەی دواییدا، پاش کۆنگرەی سێیەم، بەرانبەرکێی مەیلەکانی نێو حیزب زۆر گەشتر بووەتەوە و شکڵی کۆنکرێتتری بە خۆوە گرتووە. با ئەوەش بڵێم کاتێک قسەی مەیلەکانی نێو حیزب دەکەم، دوو ئاستم لەبەرچاوە. یەکەم ئاستی سیاسی، یانی کاتێک کە مەیلێک خۆی وەک جیهەتگیری، سیاسەت و نەریت و پراتیکە دیاریکراوەکان نیشان دەدا، وە دووەم ئاستی ڕێکخراوەیی، یانی ئەوەی کە کادرەکان و ئۆرگانەکان سەر بە کام مەیلن. سەبارەت بەوەی دووەمیان باسەکەم لە بنچینەدا هەڵدەگەڕێتەوە سەر کادرەکانی ئەو کۆمیتە سەرەکییانەی کە دەتوانن بڕیار بدەن نەک ئەندامانی حیزب بە شێوەیەکی گشتی. شێوەی جەمسەربەندیی ئەندامان بەدەوری ئەم مەیلانەدا تەنیا کاتێک بە دروستی دەتوانێ هەڵسەنگێندرێ، کە هەرکام لە مەیلەکان لەوە زیاتر خۆی لە کادرەکان و سیاسەتەکاندا نیشان دابێ و بەرانبەرکێیەکی کۆنکرێتتر لەم ڕادەیەدا پێک هاتبێ. ئەمە شتێکە بەوە دەچێ کە ئەمڕۆ خەریک بێ، ڕوو بدا.

بە گشتی دوو ڕەوتی ڕاست هەیە کە حیسابیان لە باری سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە لێک جیایە. یەکەم، ناسیۆنالیزمی کورد لە ڕێکخراوی کوردستانی حیزبدا و تا ڕادەیەک لە ڕێکخستنی دەرەوەی وڵاتدا نفووزێکی دیاری کراوی هەیە. ئەم ڕەوتە هەر وەک باسم کرد، تا ئەم دوواییانە زۆر بێدەنگ بووە و بەو نوێڵانەی کە لە ئاستێکی عەمەلیتردا بۆ کاریگەریدانان لەسەر کاروباری حیزب لە دەستیدا بووە و بە نفووزی مێژوویی نەریتەکانی لە خەباتی چەکدارانە و شتی لەم بابەتە قانیع و دڵخۆش بووە. ئەم وەزعە ئەمڕۆ هێندێک گۆڕاوە و تا ڕادەیەک ئەم ڕەوتە زیاتر خۆ دەنوێنێ. مەیلەکەی تر بەرهەمی هێرشی جیهانی بۆرژوازییە دژ بە سۆسیالیزم بە گشتی و دژ بە مارکسیزم بە تایبەت. لە دەرەوەی حیزب ئێمە ئەمە بە شێوەی بوون بە سۆسیال دیموکرات و بوون بە لیبراڵ و بوون بە چەپی نوێی هەڵسووڕاوانی پۆپۆلیستیی چەپی ئێران دەبینین. لەنێو حیزبیشدا کاریگەرییەک لەم بابەتەوە دەبیندرێ. بەڵام دیسانیش بە لەبەرچاوگرتنی هەژموونی فیکریی مارکسیزمی ڕادیکاڵ و ئەرتەدۆکسی مارکسیزم لە حیزبی کۆمۆنیستدا، ئەم مەیلە وەک مەیلێکی خامۆش و بێدەنگ دەبینرێ. ناکرێ بەم ڕەوتە بڵێی ئاکادیمیزم، چونکە ڕاستییەکەی تەنانەت جەوهەری کاری تەحقیقی و نووسینیشی لە خۆی نیشان نەداوە. زیاتر شێوەی خۆنواندنی ئەم ڕەوتە محافەزەکاریی سیاسی، ناهەڵسووڕاویی عەمەلی، مەحفەلیزم و شتی لەم چەشنەیە. لە



باری فیکرییەوە بە بڕوای من ئەمانە نوێنەری مەیلێکی دیموکراتیک و سۆسیال دیموکراتن، دیارە ئەم مەیلە ڕاستانە پێکەوە نایەنەوە و هیچ کامیشیان لە بوونی ئەوەی تریان لە حیزبدا ڕازی نین.

ناوەندی ئەم حیزبە، وە لە ڕاستیدا لە باری چەندایەتییەوە گەورەترین بەشی ئەم حیزبە لە هەمان نەریتی مارکسیزمی شۆڕشگێڕی دژی پۆپۆلیست پێک هاتووە کە حیزبەکەی خۆی بە سازکراوی دەبینێ و مەسەلەی بنەڕەتیشی، بەڕێوەبردنی حیزب و بە وتەیەکی تر تەشکیلاتدارییە. ئەمە ڕەوتێکە، ناتوانێ کۆتایی پێهاتنی سەنگ و سووکیی فیکری و سیاسیی پێشوو ببینێ و بە فەرمی بناسێ. ئەوە نابینێ کە چوارچێوەی فیکری و سیاسیی دژی پۆپۆلیستی بە کۆتایی پێهاتنی پۆپۆلیزم خۆی دەبێتە شتێکی بێ کڕیار و ناکافی. بە بڕوای من خەتی ناوەند لە باری کۆمەڵایەتییەوە بە پێچەوانەی ڕاست، پایەیەکی ماددی نییە. ئەم جۆرە مارکسیزمە شۆڕشگێڕە، یانی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی ڕووناکبیرانی کۆمۆنیست، دەورەی تەواو بووە و هەر جۆرە کۆمۆنیزمێکی ڕادیکاڵ و لە باری فیکرییەوە ئەرتەدۆکس، تەنیا لەسەر بنچینەی بزووتنەوەی سۆسیالیستیی کرێکار دەتوانێ وجوودی هەبێ. ئێمە ئەم قسەیەمان لە کۆنگرەدا کرد، بەبێ ئەوەی کەسێک لەو ناوەندە پانوبەرینە ڕەخنە و هۆشیارکردنەوەکەمان بە خۆ بگرێ. بە هەر حاڵ ئەم ناوەندەی ئەمڕۆ، هەمان چەپی پێشووی حیزبە کە لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا قسەیەکی زیاتری پێ نییە، وەڵامێکی بۆ گیروگرفتەکانی کۆمۆنیزمی ئەمڕۆ نییە و جاری وا هەیە تەنانەت بە داخەوە پرسیارێکیشی نییە، چونکە حیزبێک هەیە کە دەبێ بپارێزرێ، گەشە بکا و ئەندام بگرێ و ڕۆژنامە دەرکا و شتی تر. هەر وەک گوتم، لە هەموو پلەیەکی حیزبی کۆمۆنیستدا، لە کۆمیتەی ناوەندییەوە تاکوو خوار، بێجگە لە لقەکانی هەڵسووڕانی حیزب لەناوخۆی ئێراندا، ئێمە ئەم ناوەندە وەک مەیلی سەرەکی دەبینین.

مەیلی چەپ مەیلێکە کە بە باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری و بە هەوڵدانی ئەم ساڵانەی دوایی بۆ بەدەستەوەدانی بنەمایەکی فیکری و عەمەلی بۆ ڕێکخستنی سۆسیالیستیی چینی کرێکار و باسکردنی مەسەلەکانی کۆمۆنیزم لە ڕوانگەی سۆسیالیزمی کرێکارییەوە دەناسرێتەوە. ئەم ڕەوتە لەپێش پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیست و بە تایبەت لە کۆنگرەی "یەکێتیی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست"وە وردەوردە قاڵبی هاوبەشی مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێرانی شکاند. بە کافینەزانینی پاکیی تیۆری و جەختکردن

لەسەر خەسڵەتی کۆمەڵایەتیی کاری کۆمۆنیستی وەک ڕێکخستنی ناڕەزایەتیی سۆسیالیستیی خودی چینی کرێکار ئەم ڕەوتە دەناسێنێتەوە. لە باری کۆمەڵایەتییەوە، ئەمە لقێک لەو کۆمۆنیزمەیە کە لە هەموو ئەم وتووێژەدا باسم کرد. پایەی ماددیی ئەم ڕەوتە لە کۆمەڵدا، زۆر بابەتی و بەهێزە و هەر ئێستا سەرنجی ئەو بەشانەی ڕێکخستنی حیزبی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە کە ڕاستەوخۆ لە شوێنی کرێکاری و بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی چینی کرێکاردا هەڵدەسووڕێن. ئەمە ئەو مەیلەیە کە حیزب بە گشتی و لە ئاستی فەرمیدا خۆی پێوە دەناسێنێ، بەبێ ئەوەی کە لە مەیدانی عەمەلی و هەموو مەیدانەکانی هەڵسووڕانی حیزبدا، هێزێکی عەمەلیی وای هەبێ کە لەگەڵ جێگاوشوێنە فەرمییەکەی یەک بگرێتەوە.

**بسووی سۆسیالیسم**: گوتت ئەم مەیلانە بە هۆی کاریگەری وەرگرتن لە هێندێک فاکتەری ناوخۆیی و دەرەوە لێک دوورکەوتوونەوە. ئەم فاکتەرانە کامانەن و جیایی ئەم مەیلانە بە چ شکڵ و شێوەیەک خۆی نیشان دەدا؟

**مەنسوور حیکمەت**: گرنگترین فاکتەر بە بڕوای من گۆڕانکارییەکە کە خەریکە لە دنیادا بەسەر بزووتنەوەی بەناو سۆسیالیستیدا دێ. کاتێک "ڕیڤیژیۆنیزم" بابەتیتی خۆی لەدەست بدا، ئەو چەپە ڕادیکاڵەش کە خۆی بە "دژی ڕیڤیژیۆنیزم" ناساندووە زەمینەی بوونی خۆی لەدەست دەدا. چەپی ڕادیکاڵ، یەکێکیش لەوانە ڕەوتی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ لە ئێران کە داکۆکییەکی تەواو و کامڵ لە پاکیی تیۆری و گەڕانەوە بۆسەر تیۆری مارکس دەکرد، لە بنچینەدا وەک ڕەخنە لە ڕیڤیژیۆنیزم و لە بەرانبەرکێ لەگەڵ ڕیڤیژیۆنیزمدا گرنگی و بابەتیتی هەبوو نەک وەک چوارچێوەی ناڕەزایەتییەکی کۆمەڵایەتی و چینایەتی. کەوابێ ئەوەی ئێمە شایەدی بووین، ئەوە بوو کە خەت و بیرکردنەوەی فەرمیی نێو حیزب، خەسڵەتی ڕەخنەگرانە و پەلاماردەرانەی بۆسەر دنیای دەوروبەری خۆی لەدەست دەدا و دەبێتە ئایدیۆلۆژیی حیزبیکی سیاسی و فەلسەفەی بەڕێوەبردنی حیزب. ئەمە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن دیاردەیەکی زۆر ناسراوی نێو حیزب بوو، کە ڕابەران دەیاننووسی، تا ڕۆژنامە دەرچێ و ڕادیۆ بەرنامەی هەبێ. ئەو هەستکردن بە لەسەرهەقبوونە و پەلەکردنە بۆ سەلماندن و داسەپاندنی ڕوانگەی خۆ، بەرانبەر بە مەیل و ڕەوتەکانی تری نێو کۆمەڵ، کە خەسڵەتی دەورەی ڕەخنەگرانەی دژی پۆپۆلیستی بوو، وردەوردە نەما. ئەمە چارهەڵنەگر بوو، چونکە چوارچێوەی دژی پۆپۆلیستیی حیزب کاری خۆی کردبوو، وە



بەری ڕێکخراوەیی خۆی دابوو. دوای پێکهاتنی حیزب، مەسەلەی واقیعیی حیزب دەبێتە مەسەلەی بەڕێوەبردنی حیزب. ئەم مەسەلەیەمان لە هەمان سەرەتای "بسووی سۆسیالیسم"ی ژمارە یەکدا، ساڵێک لەدوای پێکهاتنی حیزب باس کرد. بە هەر حاڵ بەرەوپاش گەڕانەوەی مەیلەکان دەکرێ لەوەدا ببینرێ کە خەتی فەرمی هەر لە شوێنی خۆیدا مایەوە و ڕێکخراوچێتی بەسەردا زاڵ بوو، سستی لە خۆنیشاندانی ئەم ڕەوتە لە هەمان حاڵدا لەگەڵ گۆڕانکارییەکی فیکری و سیاسی زۆر گرنگ لە تەواوی ئەو بزووتنەوەیەدا هاوکات بوو، کە بە کۆمۆنیزم ناسرا بوو. ئەمە ڕەوتێکی بەرینی تێڕوانینەوە و پاشگەزبوونەوەی تیۆری، لەنێو چەپی ڕووناکبیریدا پێک هێنا. تەنیا کۆمۆنیستێک دەیتوانی لەم دەورەیەدا هەڵسووڕاویی پێشوو لە خۆی نیشان بدا و گەشە و هەڵدانی پێشووی هەبێ، کە وەڵامی بۆ مەسەلەکانی ئەم دەورەیە هەبێ.
ئەم وەڵامە لە چوارچێوەی فیکریی پێشوو دەرنەکێشرا، بەڵکوو بە ڕەخنەگرتن لەم چوارچێوە فیکرییە لە ڕوانگەی سۆسیالیزمی کرێکارییەوە بەدەست هات (یان بە هەر حاڵ بە بڕوای من بەدەست هات). بە وتەیەکی تر، بە ڕۆشنبوونەوەی بەرتەسکییەکانی چوارچێوەی فیکریی دژی پۆپۆلیستی و بە دەرکەوتنی لاوازییە عەمەلییەکانی ئەم ڕەوتە لە توانا واقیعییەکەیدا بۆ ڕێکخستنی کرێکاری، سۆسیالیزمی کرێکاری وەک مەیلێک کە دەخاڵەتی لە حیزبی کۆمۆنیستدا هەبوو، ئەمجارە وەک نەریتێکی جیاواز دەستی بە قسە کرد. لەم دەورەیەدا ئێمە شایەدی ئەدەبیاتێکی جیاوازین کە ئەم خەتە دەیهێنێتە گۆڕ و ڕیشەی لە نەریتی فیکریی دژی پۆپۆلیستیدا نییە. باسەکانی پەیوەست بە سۆڤێت، باسەکانی پەیوەست بە ڕێکخستنی کرێکاری و شتی تر، گەرچی وەک خەتی فەرمی لە ئۆرگانە ناوەندییەکاندا بڵاو دەبنەوە، ئاشکرایە کە لە هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانەوە بەرانبەر بەم خەتە فەرمییەی تا ئێستایە و تەنانەت هێندێک ئەسڵ و پایەی بەرنامەیی و تێگەیشتنی بنچینەیی تا ئێستای حیزب. بە بڕوای من پاش پێکهاتنی حیزب، خەتی کرێکاری، ڕەوتی چەپ، وردەوردە وە پاش کۆنگرەی سێیەم، ئیتر بە شێوەی فەرمی حیسابی خۆی لە خەتی فەرمیی حیزب جیا دەکاتەوە، تا ئەو جێگایەی هەڵدەگەڕێتەوە سەر نێوخۆی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، باسەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری وەک پەلامارێک بۆسەر ناوەند دێتە گۆڕ. ڕەوتی چەپ بانگەشەی ئەوە دەکا، کە لەگەڵ نەریتە فیکری و عەمەلییەکانی زاڵ بە سەر حیزبدا، جیاوازییەکی کۆمەڵایەتی و چینایەتی هەیە.

بزووتنەوەی ڕەوتە ڕاستەکانیش لە ئاڵوگۆڕە جیهانییەکانەوە سەرچاوە دەگرێ. ناسیۆنالیزمی کورد بە تایبەت لەژێر کاریگەریی بار و دۆخی ناوچەکەدایە. بێ ئاسۆیی ئەم نەریتە لە دەرەوەی حیزبی کۆمۆنیست بە ڕۆشنی دەبینین. سەرلێشێواوی سیاسی و عەمەلیی حیزبی دیموکرات و ڕەوتەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە عێراق لە کەس شاراوە نییە. ناسیۆنالیزمێکیش کە بە قەبوولکردنی چوارچێوەی ڕادیکاڵتر و زمانی مارکسیستی، خۆی لە حیزبی کۆمۆنیستدا زیندوو ڕاگرتووە، هەر ئەم بێ ئاسۆیییە داگیری کردووە. ناسیۆنالیزم ناسیۆنالیزمە و بە بوونی لە حیزبی کۆمۆنیستدا، ئاسۆ و ڕوانگە کۆمەڵایەتییەکەی ناگۆڕێ. قەیرانی سۆسیالیزمی بۆرژوایی لە ئاستی جیهانیدا، سستیی خەتی فەرمی لە حیزبدا و سەرەنجام ڕەوتی بەرەوپێشچوونی شەڕی ئێران و عێراق کە دەرەتانی ئەم ڕەوتانە تەنگتر دەکاتەوە، توانستی وەرچەرخان و مانۆڕ و خوڕاگریی ئەم ڕەوتە کەم دەکاتەوە. پەلاماری چەپی نێو حیزبیش لەم مەوقیعەتە زیاد کەن، دیارە ئەم ڕەوتە دەبێ سەرەنجام لە هەڵوێستی ئیسپاتییەوە جووڵە و ڕاوەستاوییەک لە خۆی نیشان بدا.

مەیلەکانی چەپی نوێی و سۆسیال دیموکراتیک ئیتر بە فەرمی بەرهەمی بار و دۆخی جیهانیی ئەم دواییانەیە. ئەم بار و دۆخە کۆمەکی بەوە کردووە، کە بەشێک لە هەڵسووڕاوانی چەپی ڕادیکاڵ، تازە مەیلەکانی خۆیان بناسن. هەموو باسی ئێمە ئەوە بوو کە چەپی ئێران لە بنەڕەتەوە ڕەوتێکی دژی ملهوڕی بووە. سەرنجام وردەبۆرژوازیی ناڕازیی ئێرانی کە دە ساڵ لەوە پێش بە هۆی بایەخداربوونی مارکسیزم مەشغەڵەکان و مەیل و بۆچوونەکانی لەژێر ناوی مارکسیزمدا باس دەکرد، ئەمڕۆ کە هەموو دنیا خەریکن، کۆتایی پێهاتنی مارکسیزم ڕادەگەیەنن، بۆچی دەبێ ئەم قاڵبە نەشکێنێ و ئەم ناوە بەدوای خۆیدا بکێشێ. جگە لەوە، تازە دەرفەتێک بەدەست هاتووە کە ڕووناکبیری چەپی ئێرانی لە ئاستێکی بەرینتردا ڕەگە فیکرییە غەیرە مارکسیستییەکان زیاتر بناسێ. لە هەلومەرجێکی ئاوادا، بە بوونی گۆرباتشۆفیزم لە ڕووسیا و کونێک کە لە توێژی ئۆزۆندا پێک هاتووە و شتی لەم چەشنە، زەحمەتە بکرێ ئەم مەیلە لە حیزبێکدا بە نەریتی تایبەتیی دژی پۆپۆلیزمەوە ڕازی ڕابگیرێ. ئەم ڕەوتە ئیتر بە هیچ جۆرێک ناتوانێ لەگەڵ باسەکانی ئەمڕۆ سەبارەت بە کۆمۆنیزمی کرێکاری بسازێ.



هەموو ئەمانە یانی، ئەوەی کە لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیشدا هەر وەک کۆمەڵ بە گشتی، سۆسیالیزمی ناکرێکاری دەگاتە بنبەست و دەتاوێتەوە و سۆسیالیزمی کرێکاری خۆی لە مێژووی چەپی ناکرێکاری و لە بیر و بۆچوون و پراتیکەکەی جیا دەکاتەوە. هەلومەرجی جیهانی، ئەم ڕەوتەی لەنێو حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا یەکجار خێرا کردووەتەوە.

**بسووی سۆسیالیسم**: هێز و نفووزی واقیعیی مەیلە ڕاستەکان لە حیزبدا چەندەیە؟

**مەنسوور حیکمەت**: وەک هێزێکی ڕێکخراوەیی و بابەتی زۆر کەمە. بەڵام نفووزی عەمەلییان لەسەر کاروباری حیزب بە شێوەی پێکهێنانی کۆسپ لەسەر ڕێگای پێشڕەویی سیاسەتە ڕادیکاڵەکانی حیزب کەم نییە. گوتمان ئەمە حیزبێکی مارکسیستیی ڕادیکاڵە. ناسیۆنالیزم و سۆسیال دیموکراتیزم و شتی لەم چەشنە لە حیزبدا هیچ مەشرووعییەتێکیان نییە. کەوابێ هێز و دەور و نەخشی مەیلە ڕاستەکانی حیزب، نەک بە شێوەی ئیسپاتی لە هێزی سەربەخۆیاندا، بەڵکوو لە توانایی ئەواندایە بۆ کولکردنەوەی تیژی سیاسەتەکانی چەپی نێو حیزب. ئەوەی کە جیابوونەوەمان لە نەریت و ڕەوشتەکانی چەکدارانەی میللی و جێگۆڕکێیان لەگەڵ خەباتی چەکدارانەی کۆمۆنیستی لە کوردستان دەبێتە ڕەوتێکی دوورودرێژ، ئەوەی کە پێکهێنانی ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستیی ڕۆشن بین، ڕێکوپێک، پڕکار و بەدەربەست، لە دەرەوەی وڵات تووشی ئەم هەموو هەڵسوکەوتە دەبێ، ئەمانە گشت شوێنەوار و نیشانەی ڕاوەستانی ئەم مەیلانەن. ئەمانە ئاڵاهەڵگریان نییە و لەو چوارچێوە مارکسیستی و ڕادیکاڵەدا کە بەسەر حیزبدا زاڵە، ناتوانن خۆنواندنێکی سەربەخۆیان هەبێ. بەڵام واقیعین و دەکرێ لە هەموو هەڵسووڕان و کاروبارێکی ڕێکخراوەییدا زەحمەت سازکردنەکانیان نیشان بدەی. لە سەرجەمی خۆیدا، مەیلی ناسیۆنالیستی لەچاو ڕاستی ڕووناکبیری و سۆسیال دیموکراتیک دیاردەیەکی بابەتیترە و باشتر دەکرێ ئەندازەی بگیرێ. ئەوەی دووەمیان زیاتر وەک مەیل و بۆچوونی فەردی و مەحفەلی لێرە و لەوێ دەبینرێ.

**بسووی سۆسیالیسم**: کەوابێ، تا ئەو جێگایەی دەگەڕێتەوە سەر مەیلەکانی نێو حیزب، ڕەخنەی ئێوە لە ڕوانگەی کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە، لە بنچینەدا ڕووی لە مەیلی ناوەندە لەنێو حیزبدا. چونکە هەر وەک خۆت باست کرد، مەیل و نەریتەکانی ڕاست تەنانەت لە هەمان چوارچێوەی کۆنی فیکری و سیاسیی حیزبیشدا جێگایەکیان نییە.

بەڵام لە ڕەخنەگرتن لە ناوەندا، دەبێ مەسەلەیەک ڕۆشن بێتەوە. ئەگەر باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری و چوارچێوەی فیکری سەرەتایی حیزب بە هەر حاڵ هەردووکیان نوێنەرایەتی جەختکردن و هەڵگەڕانەوە بۆ ئەرتەدۆکسی مارکسیزم دەکەن، ئیتر بەپێی ڕێسا نابێ ڕەخنەی ئەمڕۆی ئێوە ڕەخنەیەکی تیۆری لە چوارچێوەی فیکریی سەرەتایی حیزب بێ. بەکردەوەش وا پێدەچێ کە لە دەروونی حیزبدا باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری نەک وەک ڕەخنەیەک لە سیستەمی فیکریی تا ئێستای حیزب، بەڵکوو بە ڕەخنەیەک لە پراتیکی حیزب دانراوە. ئایا ئەم لێ حاڵیبوون و تێگەیشتنە بە دروست دەزانی؟

**مەنسوور حیکمەت:** نەخێر، هەڵبەت زۆر لە هاوڕێیان پێیان خۆشە بەم شێوەیە بیر بکەنەوە، چونکە ئەم شێوەیە بە جۆرێک باسی ئەمڕۆ لەدرێژەی باسەکانی دوێنێدا نیشان دەدا و لێکهەڵپێکرانی مێژوویی حیزب ڕادەگرێ. بە بڕوای من کۆمۆنیزمی کرێکاری ڕەخنەیەکی تیۆریی جیددی لە چوارچێوەی فیکریی ناسراو بە مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێرانی تێدایە. ئەوەی کە هەردووکیان جەختیان کردووەتە سەر ئەرتەدۆکسیی مارکسیزم بۆ وەکیەک فەرزکردنیان، یان تەنانەت لە باری تیۆرییەوە بەس نییە. هەموو قسەکە لەسەر تێگەیشتنی جیاوازی ئێمە لەو مارکسیزمە و لەو ئەرتەدۆکسەیە. بە وتەیەکی تر، کۆمۆنیزمی کرێکاری لە سەرجەمی خۆیدا لە هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانەی جیددی سەبارەت بە ڕابوردووی فیکری و سیاسیمان قەراری گرتووە. با ئەمە زیاتر ڕوون بکەمەوە، چونکە پێم وایە بە تایبەت لە باری چارەنووسی ئەم ڕەوتە لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا گرنگە.

پێشتریش باسم کرد کە من لە بەرانبەرکێی بزووتنەوەکانەوە، وەک دیاردە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵایەتی، بۆی دەچم و تەنیا لەسەر ئەم بنچینەیە دەتوانم بەرانبەرکێی مەکتەبەکان و دەزگا فیکرییەکان بناسم. "مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێران" بزووتنەوەیەکی فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی بوو. چوارچێوەی فیکری بزووتنەوەیەکی ماددی بوو، کە لە کۆمەڵی ئێراندا لە دەورەیەکی دیاریکراودا بەڕێ کەوت و بەرەنجام و بەرهەمی واشی لە ئاستی کۆمەڵدا بەدواوە بوو، کە بە تەواوی هەستی پێ دەکرێ و دەکرێ ببینرێ. زۆر کەس پێیان خۆشە ئەمە وەک ناوێک حیساب بکەن کە "یەکێتیی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست" وەک گرووپێکی کۆمۆنیستی لەسەر خۆی دانابوو. ئەمانە تەنانەت مێژوونووسێکی باشیش نین. ڕاستییەکەی



ئەوەیە، کە ڕەوتی مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێران لەنێو چەپی ڕادیکاڵی ناکرێکاریی ئێراندا ڕەوتێکی ڕەخنەگر بوو، کە لە ماوەی ساڵەکانی 79 تا 82 نفووزێکی بەرینی کردە ناو چەپی ئێران و سەرەنجام سیمای سیاسی و تیۆری ئەم چەپەی گۆڕی. ئەم ڕەوتە ناوەڕۆکی هاوبەشی تەواوی مەیلە چەپە ڕادیکاڵەکانی ئێران، یانی خەڵکگەرایی بردە ژێر پرسیار و بووە ئامرازێک بۆ داچڵەکاندنێکی فیکریی بنچینەیی لەنێو ئەم چەپەدا. ڕاستییەکەی لە مێژووی چەپی ئێراندا زۆر کەم حاڵەتێکی ئاوا کلاسیک لە گەشە و گشتیبوونەوەی ڕەخنەیەک و سیستەمێکی ڕەخنەگرانە بینراوە. ڕێک هەر وەک چۆن مەکتەبێک لە نیگارکێشی یان مۆسیقا و ڕەخنەی ئەدەبی گشتی دەبێتەوە، مارکسیزمی ئێرانیش لە چوارچێوەی چەپی ڕادیکاڵدا گشتی بووە. هەندێک بیر و بۆچوون کە لە پێشدا لە لایەن گرووپێکی بچووکەوە هاتنە گۆڕ، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا زۆر قسەکەر و موبەللیغ و لایەنگری لە هەموو بەرینایی چەپی ئێراندا بەدەست هێنا. لە هەموو ڕێکخراوەکاندا گوشاری ئەم ڕەوتە ڕەخنەگرە زیادی کرد، نەک هەر مەیلی زۆر بەهێز بە لایەنگری لەم ڕەخنەیە پێک هات، بەڵکوو موخالیفەکانیش زۆر زۆر زمان و فۆرموولبەندییەکانی ئەم ڕەوتەیان وەرگرت و بەکاریان هێنا. ئەم ڕەوتە ئاڵای بەرەو چەپ وەرسووڕانی سۆسیالیزمی ڕادیکاڵ لە ئێران بوو، وە زۆر هێزێکی وا بەرینی گرتە بەر، کە بەکردەوە بووە ڕێڕەوی سەرەکیی ڕادیکاڵیزمی چەپ لە ئێران و بە بایەخترین و هەڵسووڕاوترین حیزبی سیاسیی چەپی ڕادیکاڵ، حیزبی کۆمۆنیستی پێک هێنا. چەپی ئێران لە ماوەی شۆڕشی 79دا پارچەپارچە بووەوە، ناوەندەکەی تووشی سەرلێشێواوی بوو، ڕاستەکەی بەرەو حیزبی توودە و سۆسیال دیموکراسی وەرسووڕا و چەپەکەی لەسەر بنەمای ئەم ڕەخنە مارکسیستییە شۆڕشگێڕە لە خەڵکگەرایی، بوو بە ڕەوتێکی حیزبی بەهێز.

ئاشکرایە کە ئەم ڕەوتە ڕەخنەگرە بەرانبەر بە خەڵکگەرایی پشتی بە ئەرتەدۆکسی مارکسیزمەوە دابوو. ئاشکرایە کە بەشێکی زۆر لە هەڵسووڕاوانی ئەم ڕەوتە مارکسیزمیان لە ڕەخنەگرتن لە پۆپۆلیزمدا بەرتەسک نەدەکردەوە و ئاوا نەیان دەهێنایە خوارەوە. بەڵام بە هەر حاڵ ئەم ڕەوتە وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی سیمایەکی تایبەت و دیاریکراوی لە خۆی نیشان دەدا. ئەوەی کە ئێمە وەک هەڵسووڕاوان و سەردەمدارانی ئەم ڕەوتە، چ تێگەیشتنێکمان لە مارکسیزم هەبوو، باسێکە و ئەوەش کە بزووتنەوەی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ وەک بزووتنەوەیەکی

بابەتی و ناسراو چ تێگەیشتنێکی لە مارکسیزم بە دەستەوە دەدا باسێکی ترە. ئەمەی دووەمیان زۆر گرنگترە. لە هەموو بزووتنەوەکاندا هەر وایە. ئەو بەشە لە بیر و بۆچوون و ئاگایی ڕابەران و هەڵسووڕاوانی ڕەوتێک دەبێتە تایبەتمەندیی فیکری و بابەتیی بزووتنەوەیەک بە گشتی، کە لەگەڵ پێداویستییەکان و تایبەتمەندییە ماددی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم بزووتنەوەیە بێتەوە. بزووتنەوەیەک بە هەر حاڵ مەشغەڵەیەکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراوی دەبێ، کە نیشاندەری هەموو ئاسۆی هەڵسووڕان و سەردەمدارانی فیکریی ئەم بزووتنەوەیە نییە. ڕەوتی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ، ئاڵای ڕادیکاڵبوونەوەی چەپی ڕووناکبیریی ئێران لەژێر گوشاری مارکسیزمی کرێکاری و مەزنی مەعنەویی مارکسیزم بوو کە تازە خەریک بوو بە شێوەی دەستی یەکەم، یان بە گێڕانەوەیەکی ئوسوولێتر لەنێو چەپی ئێراندا دەهاتە گۆڕ. بە هەر حاڵ مارکسیزمی شۆڕشگێڕ وەک ڕەوتێک، تا ئەو جێگایە دەگەڕایەوە بۆ ئەرتەدۆکسی مارکسیزم کە بۆ چەپێکی ناکرێکاری لە شۆڕشێکی دیاریکراودا بەکار دەهات. ڕەنگە زۆر هەڵسووڕاوی ئەم ڕەوتە لە مێشکی خۆیدا ئاسۆیەکی واوەتر، یان بەرتەسکتر لەوەیان بووبێت.

گەڕانەوە بۆ مارکسیزم لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا و لە چوارچێوەی گیروگرفتێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراودا کە ئەم بزووتنەوەیە لەپێش خۆی دابنابوو، کرا. کۆمۆنیزمی کرێکاری ئەم چوارچێوە و ئەم گیروگرفتە کۆمەڵایەتییە دەداتە بەر ڕەخنە و دەیشکێنێ. کەوابێ، کۆمەڵێک لە مەسەلەی تیۆری و گیروگرفتە فیکری و بەرنامەییەکان دادەنێتە پێش خۆی، کە بە هیچ جۆرێک ناکرێ لە چوارچێوەی مارکسیزمی شۆڕشگێڕدا بێتە گۆڕ، چ بگا بەوەی کە وەڵامیان بدرێتەوە. پرسیاری بنەڕەتی ئەوەیە، کە ڕەوتی "مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێران" و کۆمۆنیزمی کرێکاری هەرکامیان دەگەڕێنەوە بۆ کام بەشی مارکسیزم. ئەگەر بمەوێ ڕەخنەی تیۆری ئەمڕۆی خۆم لە سیستەمی فیکریی ناسراو بە "مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێران" ئاسانتر باس بکەم و لە ڕستەیەکدا بیڵێم، دەبێتە ئەوە: ئەم ڕەوتە ڕوانگەیەکی مێژوویی و تێگەیشتنێکی کۆمەڵایەتی لە خودی مارکسیزم وەک تیۆری و بزووتنەوەیەک نەبوو. بە بڕوای من ئەم ڕەوتە مارکسیزمی وەک تیۆرییەک زۆر باش تەفسیر دەکرد، هەڵبەت تا ئەو جێگایەی بۆ ئەو کارە کۆمەڵایەتییەی کە لە پێشی بوو پێویستی بە هەڵگەڕانەوە بۆسەر مارکسیزم هەبا. ئەم ڕەوتە ئەنجامگیریی سیاسی و تاکتیکیی تەواو دروستی لەم تیۆرییە دەکرد. تا ئەمڕۆش دانەدانەی هەڵوێستەکانی ئەم



ڕەوتە بەرانبەر بە گیروگرفتە سەرەکییەکان و مەسەلە سیاسییەکانی دەورەی شۆڕش و پاش شۆڕش دروستن و لەسەر جێی خۆیانن. بەڵام کەم و کووڕییەکە لەوەدا بوو کە مارکسیزم بۆ ئەم ڕەوتە سەرەنجام تیۆرییەک بوو، تیۆرییەک کە ڕاستییەکانی دنیای سەرمایەداری ڕۆشن دەکردەوە و ڕەخنەی لێ دەگرتن. تیۆرییەک کە ڕەخنەی کرێکار لە کۆمەڵی سەرمایەداری بەیان دەکا. ئەم ڕەخنەیە و ئەم تیۆرییە خاڵی دەستپێکردنی بیر و بۆچوون و بیرکردنەوە سەبارەت بە پراتیکی کۆمەڵایەتی بوو. مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێران دەیەویست بزووتنەوەیەکی پراتیکی و هەڵبەت کرێکاریش، لەسەر بنچینەی ئەم تیۆرییە ڕێک بخا. ئەمە ڕوانگەیەکی سەرەوبنە. بە بڕوای من هەر لێرەدا ڕوانگەی غەیرە مێژوویی ئەم ڕەوتە و جیاوازی لەگەڵ یەکێک لە بنەڕەتیترین پایەکانی مارکسیزم دەردەکەوێ. مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێران هێشتا مارکسیزم وەک تیۆرییەک بە شێوەیەک چاولێ ناکا کە مارکس باسی دەکرد. بە وتەیەکی تر، خودی مارکسیزم وەک تیۆرییەکی دیاریکراو بە شێوەیەکی غەیرە کۆمەڵایەتی و غەیرە مێژوویی دەبینێ. تێزەکانی مارکس لە بارەی فۆیەرباخەوە، کە بە وردترین شێوە ڕوانگەی مارکس سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان بیر و بۆچوون و پراتیکی کۆمەڵایەتی و چینایەتی باس دەکا، خودی مارکسیزمیش وەک بیر و بۆچوونێک دەگرێتە بەر. ناکرێ هەموو ڕا و بیر و بۆچوونێک وەک بەرهەمی کۆمەڵ ببینرێ، بەکارهێنانی مێژووییان بۆ بدۆزرێنەوە، ڕاستبوون و ڕاستنەبوونیان بە پراتیکی کۆمەڵایەتییەوە گرێ بدرێ، لە هەمان حاڵدا لە خودی مارکسیزم وەک بیر و بۆچوونێکی جیاواز و لەپێشتر لە پراتیکی کۆمەڵایەتی، جیاواز لە بەکارهێنانی مێژووییەکەی و وەک کۆکراوەی حوکمە ڕاستەکانی سەبارەت بە جیهان حاڵی بێ. ڕۆشنە کە بەشە جۆراوجۆرەکانی تیۆری مارکس، لێکدانەوەی لەسەر شێوەکانی بەرهەمهێنان، لەسەر سەرچاوەی سوود، لەسەر دەوڵەت و شتی تر هەموویان حوکمی زانستین و بە جیاواز دەکرێ تێیان بگەی. بەڵام قەبووڵی ئەمانە قەبووڵی مارکسیزم نییە، چونکە بنچینەی مارکسیزم ڕەخنەگرییە، نەک ڕەخنەی مێشکێک لە دەوروبەری خۆی، بەڵکوو ڕەخنەی پراتیکێک و بزووتنەوەیەکی بابەتی و ماددی لە تەواوی کۆمەڵ. ناکرێ حوکمە مارکسیستییەکان وەک کۆمەڵێک بیروباوەڕ کۆ بکرێتەوە و نێوی مارکسیزمی لێ بنرێ. مارکسیزم پێش هەموو شتێک یانی، لە هەمان هەڵوێستی کۆمەڵایەتی و لەجەرگەی پراتیکی کۆمەڵایەتی_ ڕەخنەگرانەدابوون کە تازە

دەرفەتی ئەوە دەخولقێنێ، ئەم حوکمانە وەک ڕەخنە بەکار ببرێن. لە سیمینارەکەدا هەولم دا ئەوە ڕۆشن بکەمەوە کە چۆن ئەم هەڵوێستە کۆمەڵایەتییە تایبەتە و ئەم پراتیکە کۆمەڵایەتییە تایبەتە ناکرێ لە مارکسیزم وەک تیۆرییەک جیا بکرێتەوە و چۆن مارکسیزمی غەیرە کرێکاری ناکۆکییەکە لەنێو خودی خۆیدا.

لە کۆنگرەی دووەمدا من ئاماژەم بە لاوازی ئەم چوارچێوەیەی کە ئێستا لە ئارادایە کرد. گوتم ئێمە نەک هەر بۆ تیۆری مارکسیزم، بەڵکوو دەبێ بۆ ئەو شوێن و پایە کۆمەڵایەتییە بگەڕێینەوە کە تیۆری مارکسیزم خۆی دەگەڕێتەوە سەری. مارکسیزم ڕەخنەیەکی زانایانە و خێرخوازانە لە سەرمایەداری نییە. ڕەخنەی کرێکارە وەک چینێکی دیاریکراو و وەک نارازییەکی زیندوو لەنێو کۆمەڵی سەرمایەداریدا. بۆ حیزبێکی سیاسی ڕاوەستان لەسەر ئەم شوێنە کۆمەڵایەتییە هێندەی قەبووڵبوونی زێدەبایی، نیشانە و مەحەکی کۆمۆنیستبوونە. ئەمە بۆ هاوڕێیانی ئێمە ڕاگۆڕینێکی تیۆریک سەبارەت بە چوارچێوەی پێشوو نەبوو. بەڵکوو پێداگرتنێک بۆ جیهەتگیرییەکی پراتیکی بەرەو چینی کرێکار بوو. لە حاڵێکدا هەر وەک باسم کرد، ئەمە مەسەلەیەکی لە بنەڕەتدا تیۆرییە کە خۆی لە جیاوازیگەلێکی جیددی لە خستنەڕووی تیۆریی ئەو مەسەلانەدا دەنوێنێ کە بەرەو ڕوومانە و هەر ئێستاش خۆی نواندووە. نموونەیەکی ئەم جیاوازییەمان لە باسەکانی سەبارەت بە مەسەلەی سۆڤێتدا بینی. بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، لە چوارچێوەی نەریتی مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێراندا، هۆی شکستی یەکجاریی شۆڕشی کرێکاری لە سۆڤێت بە "زاڵبوونی ڕیڤیژینیزم" دەزانێ. باسی ئێمە، من و هاوڕێ ئیرەج ئازەرین، لە بۆڵتنی سۆڤێتدا، ڕێک ئەم لێکدانەوەیە دەداتە بەر ڕەخنە و ڕەتی دەکاتەوە. لەبری ئەوەی بگەڕێین هۆیەکانی شکست لە لادانی ئەم و ئەو لە مارکسیزم وەک تیۆرییەک دەرکێشین، ئێمە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی چینی کرێکار و ئاستەنگەکان و ئاسۆداربوون و بێ ئاسۆییەکەی دەکەینە بنەما. جا ئەمجار لێرەوە دەچینە سەر لێکۆڵینەوەی ئەو هۆیانەی کە بەکارهێنانی مارکسیزم وەک تیۆرییەک لە لایەن بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی چینەکانی ترەوە گۆڕا. لە بارەی خودی دەستەواژەی ڕیڤیژینیزمەوە ئێمە ڕوانگەی مەکتەبی ڕەت دەکەینەوە و ڕیڤیژینیزم وەک سیستەمێک و وەک سەرخانی فیکری ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانە دەدەینە بەر لێکۆڵینەوە و بەپێی جیاوازیی کرێکار لەگەڵ ئەم بزووتنەوانەدا دەگژیان ڕۆ دەچین، نەک بەنێوی



وەرگەڕان لە مەکتەب. سەبارەت بە مەسەلەی وەک هەلومەرجی جیهانی، خەباتی ئابووریی کرێکار، ڕیفۆرم، لێکدانەوەی حیزبە سیاسییەکان، لێکدانەوەی مێژووی کۆمۆنیزم، دیاریکردنی ئەرکەکان و ئاسۆی حیزبی کۆمۆنیست، کاری کۆمۆنیستی لەنێو چینی کرێکار و شتی تریش، دەکرێ ئەو جیاوازییە جیددییە تیۆرییانە ببینرێ کە لەنێوان کۆمۆنیزمی کرێکاری و چوارچێوەی فیکریی پێشوودا پێک دێ. ئەم جیاوازییانە، تا ئەو کاتەی کە چوارچێوەی فیکریی پێشوو پۆپۆلیزمی دەدایە بەر ڕەخنە، بە تەواوی دەرنەدەکەوتن. باسم کرد لەم مەیدانە دیاریکراوەدا، تا ئەو جێگایەی کە بیر و بۆچوونی مارکسیستی دەچێتە شەڕی خەڵکگەرایی، قسەیەکی زۆر لەوە زیاتر، یان جیاوازتر ناکرێ بکرێ. بەڵام کاتێک کاری پۆپۆلیزم تەواو دەبێ و گیروگرفتی تازە، بە تایبەت مەسەلەی پراتیکی کۆمۆنیستی و قەیرانی سۆسیالیزمی بۆرژوایی دێتە گۆڕ، خاڵە لاوازەکانی چوارچێوەی پێشوو دەردەکەوێ.

**بسووی سۆسیالیسم**: بەڵام بەشێکی گرنگ لەم جیاوازییە تیۆرییانە کە دەیهێنییە گۆڕ، لە ساڵەکانی ڕابردوودا هەر لە چوارچێوەی ئەم حیزبەدا و وەک هێڵی فەرمی، یان تێگەیشتن و هەڵێنجان لە هەڵوێستە فەرمییەکانی حیزب هاتووەتە گۆڕ.

**مەنسوور حیکمەت**: بەڵێ ڕاستە. مەبەستم لە "مارکسیزمی شۆڕشگێڕ" ئەو چوارچێوە و سەنگ و سووکییە فیکرییە نییە کە لە سەردەمی ئێستادا دەڕوانێتە سەر حیزبی کۆمۆنیستی ئێران. بە بڕوای من ئەم نێوە بە مانای دەقیقی وشەکە دەکرێ وێنایەک لە ڕەوتی ئێمە تا پێش کۆنگرەی "یەکێتیی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست" بێ. واتە، تا ئەو بڕگەیە کە باسی پراتیکی کۆمۆنیستی بە شێوەیەکی جیددی هاتە گۆڕ و کەم و کووڕییەکانی سیستەمی فیکریی پێشوو دەرکەوت. دوای ئەم بڕگەیە و بە تایبەت پاش پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیست، وردەوردە بۆچوونێک لە چوارچێوەی خەتی فەرمیی حیزبدا دێتە گۆڕ کە ئیتر هی ئەم نەریتە نییە. خودی باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری بە شێوەیەکی فەرمی، سێ ساڵ و نیو لەوەپێش، لە کۆنگرەی دووەمدا هاتووەتە گۆڕ. ئەمە بڕگەیەکە ئیتر ئێمە بەرانبەرکێیەکی کەم یان زۆر فەرمی و ئاشکرای کۆمۆنیزمی کرێکاری لەگەڵ چوارچێوەی فیکریی پێشوو، وە لەگەڵ مەیلە فیکرییەکانی دیکەی نێو حیزب دەبینین. ئەوەی کە لە دەورەیەکدا، لە ڕاستیدا هەتا کۆنگرەی سێیەم، ئەم باسانە وا دێنە گۆڕ کە لەگەڵ ڕابوردوودا لێک هەڵپێکراون، نابێ سێبەر بخاتە سەر جیاوازییە فیکری و عەمەلییەکانی ئەم ڕوانگەیە لەگەڵ چوارچێوەی پێشوو. من خۆشم

به ڕادەیەک کە چەند ساڵ لەمەوپێشەوە لەو بەرانبەرکێیە گەیشتووم، هەتا ئەو جێگایەی لە توانامدا بووە بۆ نیشاندانی خەسڵەتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و بە تایبەت تێڕوانینێک کە لەم دەورەیەدا باسم کردووە، خۆپارێزیم لە بەکارهێنانی دەستەواژەی "مارکسیزمی شۆڕشگێڕ" کردووە.
با ئەوەش بڵێم کە جیاوازیی ڕوانگەکانی ئەمڕۆمان لەگەڵ چوارچێوەی فیکریی پێشوو، شتێک نەبووە کە بە جارێک پێی گەیشتبین. ئەمڕۆ زانیومانە کە ئەمانە نەریتی فیکریی لێک جیاوازن، بەڵام مەرج نییە لە سەرەتاوە لە بەرینایی تیۆری و قووڵایی کۆمەڵایەتیی ئەم جیاوازییانە ئاگادار بووبین.
**بسووی سۆسیالیسم**: ئەم باسانە چۆن دەکرێ لە حیزبی کۆمۆنیستدا بچنە پێش و جێ بکەون. با بە شێوەیەکی تر پرسیارەکەم بکەم، هەر وەک باست کرد، لە حیزبی ئێمەدا لە ئاستی فەرمیدا موخالەفەتێک لەگەڵ ئەم ڕەوتە دەرنابڕدرێ. هەر ئەمڕۆ هەموو ڕێکخستن و ئۆرگانە حیزبییەکان لەگەڵ ئەم ڕوانگەیەدا مووافیقن، بۆ نموونە ئەو باسانە کە بە قەولی تۆ ڕەخنەیەکی بنچینەیی لە چوارچێوەی فیکری و سیاسیی حیزب دەگرێ، وەک هەڵوێستێکی ڕەسمی لە ئۆرگانی ناوەندیی حیزبدا چاپ دەبن. سەرەڕای ئەم قەبووڵکردنە گشتییە، گرێی کارەکە لە کوێدایە؟
**مەنسوور حیکمەت**: "مووافەقەت"کردن ئەو شتە نییە کە ئێمە بە شوێنیدا دەگەڕێین، هەرگیز لەم بارەیەوە کەممان نەهێناوە. ئێمە موافیقمان ناوێ، هاوفیکرمان دەوێ. مووافیق کەسێکە کە وەڵامی مرۆڤ بە پرسیارێک بە هەر حاڵ قەبووڵ دەکا، بەڵام هاوفیکر کەسێکە کە لە خودی پرسیارەکەدا لەگەڵ مرۆڤ شەریکە. هۆی موخالەفەتنەکردنی فەرمیی مەیلەکانی تر لەگەڵ ئەم باسانە پێش هەموو شتێک ئەوەیە کە ئاڵتێرناتیڤیان نییە. ئاڵا هەڵگریان نییە، یان بەپێی محەکەکانی خۆیان پێیان وایە کە لە هەلومەرجی ئێستادا موخالەفەتکردن بە زەرەریانە. بە کورتی بۆ موخالەفەتکردن ئامادە نین. قەبووڵکردنی فەرمی و پاشان ڕاوەستانی عەمەلی لەبەرانبەر ئەو ئەنجامگیرییانەی کە لەم باسە دەردەکێشرێ، هەرسکردنی ئەم باسانە و کولکردنەوەی تیژییەکەیان، شێوەی سەرەکیی ڕەفتاری ئەم مەیلانە بە باسەکانی ئێمەیە.
ئەم هێڵە پێویستی بە مووافیق نییە. پێویستی بە کادر و ڕابەر و هەڵسووڕاوە. دەورەی خەباتی دژی پۆپۆلیستی بهێننەوە بیر، هەر ئەندامێک و هەڵسووڕاوێکی ئەم ڕەوتە نوێنەرێکی پڕ لە هەست و بە متمانە بەخۆ و تێکۆشەرێکی ئەم خەتە بوو.



ئەمانە ئەو کەسانە بوون کە وەڵامی مەسەلەی واقیعی و پێویستییەکانی خۆیان وەرگرتبووەوە. ئەم ڕەوتە نوێنەری بیروباوەڕ و ئەرکە سەرەکییەکانی خودی ئەوان بوو. بۆ بەسەرکەوتنگەیاندنی ئەم بیروباوەڕەیان لە شوێنی هەڵسووڕانیان، لە ڕێکخراوەکەیاندا و لە هەر ناوەندێک کە دەیانتوانی جێی بخەن، پێیان دادەگرت. ئەمڕۆش کار بەبێ هەڵسووڕاوان و ڕابەرانێکی ئاوا ناچێتە پێشەوە. ئێمە ئەمانەمان بەو ئەندازەیەی کە پێویستە نییە و دەبێ پێکی بهێنین.
**بسووی سۆسیالیسم**: کەوابێ مەسەلەکە لەسەر کادرسازییە؟
**مەنسوور حیکمەت**: ئەم جۆرە ڕاگەیاندنە باش نییە. یەکەم، کادرسازی لایەنی فێرکاری و پەروەردەکردنی هەیە کە هەرگیز مەبەستی ئێمە نییە. دووەم، هەوڵدانی ئێمە لایەنێکی بەهێزی ڕێکخراوەیی هەیە. مەبەستمان فێرکاری، یان تەرویجکردنی ئەم باسانە نییە. ئێمە خەریکین ڕوانگە و سیستەمێکی فیکری و عەمەلیی دیاریکراو لە ئاستی کۆمەڵدا دەهێنینە گۆڕ، تا هێزە ماددییەکانی خۆی لێ کۆبێتەوە. لە پێشیشدا گوتم کە پایەی ماددیی ئەم ڕەوتە لەنێو بزووتنەوەی نارەزایەتیی سۆسیالیستی و لەنێو خودی چینی کرێکاردایە و دەبێ لەوێ بۆی بگەڕێی. ئێمە هەڵبژاردنێکی فیکری و سیاسیمان ناوەتە پێش کۆمۆنیستەکان، هەڵسووڕاوانی سۆسیالیستی چینی کرێکار و هەروەها دیارە هەڵسووڕاوانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیش بە تایبەت. ئەوانەی کە مەسەلەی خۆیان و ئۆردووی خۆیان لەم بۆچوونانە و لەو مەیلە فیکری و سیاسییەدا دەبیننەوە، دیارە بە دەورییەوە خڕ دەبنەوە. قسە تەنیا لەسەر کادری ئەم ڕەوتە نییە، ڕابەرانی ئەم خەتە دەبێ هەڵکەون و یەکگرن.
لە لایەکی تریشەوە حیزب دەبێ بەکردەوە لەسەر بنچینەی ئەم مەیلە کۆمۆنیستییە پێک بێ. لە پێشیشدا گوتوومە کە ئەم حیزبە حیزبێکی چەندپایە و چەندبنەیە و بە بڕوای ئێمە دەبێ ببێتە حیزبێکی یەکپایەی سۆسیالیزمی کرێکاری لە ئێران. ئەمە یانی خەبات بۆ وەلابردنی مەیلەکانی دیکەی نێو حیزب، تەنانەت ئەگەر لەگەڵ هەموو بڕیارنامەکان و پەسەندکراوەکانی مەوجوودی چەپی کرێکاری لەنێو حیزبیشدا موافیق بن. لە بەرەیەکی چەند حیزبیشدا ڕەنگە لەسەر سیاسەتەکان تەوافوق هەبێ. ئێمە حیزبێکی یەک مەیلمان دەوێ. ئێمە هاوتیۆری و هاوعەمەلیمان لەسەر ئەو بابەتانە دەوێ کە هیچ کات لە بڕیارنامەکان و پەسەندکراوەکاندا باسیان ناکرێ. هاوعەمەلییەک کە سەرچاوەکەی لەوەدایە کە هی حیزبێک و نەریتێکی خەباتکارانەی

واحیده. تەنیا لەم حاڵەتەدایە کە دەکرێ ئەو هێزە یەکجار زۆر و بەرینەی کە بۆ پەرەپێدانی کۆمۆنیزمی کرێکاری و بزووتنەوە حیزبییەکەی هەیە، بەدی بێنێ. بە هەر حاڵ ئەم مووافەقەتانەی کە هەن لە مەیدانی ڕێکخراوەییدا ئێمە بێ ئەرک ناکا. بە پێچەوانەوە دەبێ لەم هەلومەرجەدا بۆ یەککاسەکردنەوەی حیزب لەسەر بنچینەی کۆمۆنیزمی کرێکاری کەڵک وەرگرین. ئەو پێشڕەوییە ڕێکخراوەییەی کە کۆمۆنیزمی کرێکاری لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا دەیەوێ، زۆر لە مووافیقبوون و قەبووڵکردنی هەمووان واوەترە. زۆر کۆنکرێتتریشە. هەڵبەت ئەمەش واقیعییەتێکە هەتا ئەم مەیلە ژمارەیەکی پێویست ڕابەر و کادری بەتوانا و لێهاتووی نەبێ، بەدەستەوەگرتنی مەیدانە جۆراوجۆرەکانی هەڵسووڕانی حیزبێکی گەورە و بەرینی وەک حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بۆی کارێکی ئاسان نییە.

**بسووی سۆسیالیسم**: ئایا، لانی کەم تا ئەو جێگایەی هەڵدەگەڕێتەوە سەر حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، پێت وانییە ئەم "هەڵبژاردن"ە زۆر بە شێنەیی دەچێتە پێشەوە؟ ئایا سێ چوار ساڵ پاش کۆنگرەی دووەم، کە ڕەنگە لەوێدا ئەم باسانە بۆ یەکەمجار لەژێر سەردێڕی واحیدی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا دەهاتە گۆڕ، نەدەبوو لە باری هەڵکەوتنی ئەو جۆرە کادر و هەڵسووڕاوانەی کە مەبەستی تۆیە پێشڕەوییەکی لەوە زیاتر کرابا؟ ئەگەر چارەنووسی باسەکانی ئەمڕۆ لەچاو باسە دژی پۆپۆلیستییەکان کە توانی زۆر بە خێرایی کار بکاتە سەر چەپی ئێران، هەڵسەنگێندرێ، ڕەنگە هەندێک خاڵ ڕۆشن بکاتەوە.

**مەنسوور حیکمەت**: بە بڕوای من دەبێ لێرەدا چەند هۆ لەبەرچاو بگرین. یەکەم هاتنەگۆڕی باسەکانی ئەمڕۆ وەک ڕوانگەیەکی ئاڵتێرناتیڤ بەرانبەر بە چوارچێوەی فیکریی پێشوو بەکردەوە، لانی کەم لە ڕوانگەی ئەم هاوڕێیانەوە کە نەک لە کۆبوونەوەکانی ئۆرگانەکانی سەرووی حیزب، بەڵکوو لە ڕێگەی بڵاوکراوە و نووسراوەکانەوە ئاگاداری ئەم باسانە بوون، دەگەڕێتەوە بۆ کۆنگرەی سێیەم نەک کۆنگرەی دووەم. لە ڕاپۆرتێکدا کە پێشکەشی کۆنگرەی دوو کرا، لە وتار و نووسراوەکانی ئۆرگانی ناوەندی و شوێنی تردا بە هەر حاڵ خودی ئێمەش، هەڵبەت بە نادورست، لەچاو ئەمڕۆ باسەکەمان بە لێکهەڵپێکراوییەکی زیاترەوە لەگەڵ ڕابوردووی فیکریی حیزب دەهێنایە گۆڕ. قسەی دابڕانی فیکری و شتی لەم بابەتەمان زۆر دەکرد، بەڵام جێگای ئەم تەفسیرەی تێدا دەمایەوە، کە ئەمە ڕەوتی پەرەسەندنی



تیۆری و سیاسیی حیزبە. باسەکەمان وەک هەوڵدانێک بۆ گەشکردنەوە و کامڵکردنی خەتی فەرمی دەرک دەکرا. ئەم دۆخە پاش کۆنگرەی سێیەم گۆڕاوە و خودی ئێمەش هەوڵمان داوە تەنانەت لە فۆرمی کارماندا، وجوودی دووڕییانێک و پێویستی هەڵبژاردن لەنێوانیاندا زەقتر بخەینە بەرچاو.

دووەم، شێنەیی چوونەپێشێک کە دەبینرێ، زیاتر لە دەروونی دیوارە حوقووقییەکانی حیزبە، وە ئەویش نەک شوێن و ناوەندە کرێکارییەکانی حیزب بگرێتەوە، تا بگات بە دەروونی ئەو ڕەوتەی کە من بە مانای بەرینی وشەکە پێی دەڵێم حیزب. لەو مەیدانە بەرینترەدا، یانی لەنێو ئەو کۆڕ و کۆمەڵ و تۆڕە کرێکارییانەی کە بەدەوری حیزبەوەن، ڕەنگدانەوەی باسەکانی ئەم دواییانە فەرق دەکا و لە زۆر بارەوە هیوابەخش و گرنگە. تازە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەم هاوڕێیانە لە باسەکان بە وردی ئاگادار نین، زۆربەی بەڵگەکانیان نەدیوە و شتی تر.

هەڵبەت ئەو هەڵسەنگاندنەی کە باست کرد، دەتوانێ هێندێک لایەنی زیاتر ڕۆشن بکاتەوە. لە لایەکەوە فەزای شۆڕشگێڕانەی دە ساڵ لەوەپێش بێگومان خێراییەکی زۆری بە تەکلیف ڕۆشنکردنەوەی بزووتنەوەکان و تاکەکان دەبەخشی. بێجگە لەوە، ئەو بیر و بۆچوون و ڕوانگەیەی کە ئەو کاتە درابووە بەر ڕەخنە، زۆر بێ ناوەڕۆک و بە شێوەیەکی ئاشکرا ڕاست و غەیرە مارکسیستی بوو. ئەم بیر و بۆچوونە لە دوو بارەوە تێک شکابوو. لە باری تیۆرییەوە ناکۆکییەکانی لەگەڵ مارکسیزمدا دەرکەوت. لە باری سیاسییەوە دەرکەوت کە بە گشتی چوارچێوەی فیکریی هیچ جۆرە ئۆپۆزیسیۆنێکی ڕادیکاڵ پێک ناهێنێ. شۆڕش دەری خست نەک هەر لێکدانەوەکانی ئەم ڕەوتە، بەڵکە درووشم و داخوازەکانیشی زۆر کەم و بێبەهان. کاتێک پیشەسازی میللی کرا، یان سەفارەتی ئەمەریکایان داگیر کرد، ڕەوتێک کە ناوەڕۆکی سیاسی و ئابوورییەکەی شتێکی لەوانە زیاتر نەبوو، هەر لە خۆوە نفووزی لەنێو بەشە ڕادیکاڵترەکانی کۆمەڵدا لەدەست دەدا. بەڵام گرنگتر لە هەمووان ئەوەیە، کە باسی دژی پۆپۆلیستیی مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێران باسێک بوو لەنێو خۆی نەریتێکی خەباتکارانەی دیاریکراودا. ڕەخنەگر و ڕەخنە لێگیراو هەردووکیان لە جێگا و شوێنێکی کۆمەڵایەتی یەکساندا بوون. چەپی غەیرە کرێکاری، ئۆپۆزیسیۆنی چەپی ڕووناکبیری، لەگەڵ ڕەوتێکی ڕەخنەگرانە لەنێو خۆیدا بەرەوڕوو بوو، کە بە تایبەت وەڵامی سیاسی و عەمەلی هەر ئەم نەریتەی دەدایەوە. هۆی گشتیبوونەوەی خێرای

باسەکانی ئەو کاتە ئەمە بوو. ئەمجارە مەسەلەکە بە تەواوی جیاوازە. هەر وەکوو باسم کرد، کۆمۆنیزمی کرێکاری خەریکە نەریتێک دەداتە بەر ڕەخنە، کە شەریکی پرسیارەکەی نییە. باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری وەڵامی هێندێک دژایەتی و ناکۆکییە. وەڵامی هێندێک پرسیاری تیۆری و عەمەلی دیاریکراوە. بەڵام نەریتی چەپی ڕادیکاڵی غەیرە کرێکاری ئەم پرسیارانەی نییە. لەبەرانبەردا ڕێک لەو دەورەیەدا و لەژێر کاریگەریی ئەم باسانەدایە کە بەشی پێشڕەو و سۆسیالیستی بزووتنەوەی چینایەتی بەدەربەست و بە مەیلێکی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاترەوە سەرنجی داوەتە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و ئەم باسانەی کە تێیدا دەکرێ. بە هەر حاڵ ئێمە دەمانەوێ بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی خۆمان بکەینە خاوەن ئاسۆ و خاوەنی چوارچێوەیەکی پتەو بۆ خەبات. بزووتنەوەی سۆسیالیستیی کرێکارمان مەبەستە. زۆر باشترە کە هەڵسووڕاوانی چەپیش لەم باسانە تەئسیر وەرگرن و لەم بزووتنەوەیە نزیک ببنەوە. بەڵام ئەو ناوەندە سەرەکییەی کە ڕووی باسەکانمان لێیەتی ئەوێ نییە. من خۆم پێم وایە، کاتێک چەپی غەیرە کرێکاری بە شێوەیەکی واقیعی و لە ڕادەیەکی بەریندا لەژێر کاریگەری ئەم باسانەدا ئاڵوگۆڕی تێدا ڕوو دەدا، کە لە لایەکەوە سۆسیالیزمی کرێکاری وەک بزووتنەوەیەکی حیزبی و سیاسی توانایەکی زیاتر لە مەیدانی سیاسیدا بنوێنێ و دووەم، ئەم بیر و بۆچوونە لە کێشەی خۆیدا لەگەڵ مەیلە فیکرییە بنەڕەتییەکانی نێو کۆمەڵ کە ئەمڕۆ چەپی غەیرە کرێکارییان تۆقاندووە و شک و گومان و ڕاڕاییان تێخستووە، سەنگەربەندییەکی بەهێز پێک بهێنێ. پێم وایە، ئەمە قانوونێکی بنچینەیی خەباتی سیاسییە کە وەرسووڕانی ڕادیکاڵیزمی چینەکانی تر بەرەو بزووتنەوەی کرێکاری و بیر و بۆچوونی سۆسیالیستیی کرێکار، پەیڕەوی لە توانستی کرێکار و کۆمۆنیزمی کرێکاری دەکا بەرانبەر بە بۆرژوازی بە گشتی. ڕەنگە زۆر لە چەپە ڕادیکاڵەکانی ئێمە ئەمڕۆ هەڵبژاردنە فیکرییەکەیان بە قازانجی کۆمۆنیزمی کرێکاری نەکەن. بەڵام زوو بێ، یان درەنگ ناچار دەبن، هەڵبژاردنێکی سیاسی و عەمەلی بکەن.

**بسووی سۆسیالیسم**: وەک برگەیەکی گرنگ باسی کۆنگرەی سێیەم دەکرێ. خودی باسەکان پێشینەیان دەگەڕێتەوە سەر کۆنگرەی دووەم و تەنانەت پێشتریش بۆسەر ئەو ڕێبازەی کە لە گۆڤاری "کۆمۆنیست"دا بەرەو پێشتان دەبرد. تکایە گرنگیی کۆنگرەی سێیەم وەک خاڵی وەرچەرخانێک زیاتر ڕۆشن بکەنەوە.



**مەنسوور حیکمەت**: پێشینەی باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری هەر بەو جۆرەیە کە تۆ دەیڵێی. بەڵام باسم کرد کە تا کۆنگرەی سێیەم ئەم باسە قاڵبی کۆششێکی بە خۆوە گرتبوو، کە لە ڕواڵەتدا لە لایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە، بۆ دەقیقکردنەوە و ڕۆشنکردنەوەی بۆچوونە فەرمییەکانی حیزب بکرێ. ئەم وەزعە واقیعی نەبوو. واقیعییەت ئەوە بوو، کە باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری نە لە درێژەی خەتی فەرمیدا بوو، وە نە کۆمیتەی ناوەندی وەک کۆمیتەیەک، یان ناوەندێک، ئەم باسانەی بە خۆیەوە پەیوەست کردبوو. ئەم باسە <u>مەیلێک</u> بوو. لە کۆنگرەی سێیەمدا و لە ڕاستیدا لە پلینۆمی سێزدەهەمی پێش ئەم کۆنگرەیەدا، ئێمە ئەم واقیعییەتەمان ڕۆشن کردەوە. دوای کۆنگرە باسەکەمان لە چوارچێوەی فەرمی هێنایە دەر و لەگەڵ چەند هاوڕێیەک، بە شێوەیەکی کۆنکرێت هاوڕێیان ڕەزا موقەددەم و ئیرەج ئازەرین، گەڵاڵەیەکمان بۆ بەڕێوەبردنی کەمپەینێک سەبارەت بە کۆمۆنیزمی کرێکاری، چ لە ئاستی عەلەنیدا و چ لەنێوخۆی حیزبدا داڕشت، کە سیمیناری کۆمۆنیزمی کرێکاری یەکێک لە یەکەم هەنگاوەکانی ئەم کەمپەینە بوو. بەم جۆرە پاش کۆنگرەی سێیەم نووکی ڕەخنەگرانەی ئەم باسانە تیژتر دەبێ و بەکردەوە ناوەندێک بۆ بەرەوپێشبردنی قەوارە دەگرێ. کەوابێ جیاواز لەوەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ئەم باسانە بە خەتی فەرمیی خۆی بزانێ، یان نا، کە دەیزانێ، ئێمە وەک هەڵسووڕاوانی ئەم کەمپەینە مەبەستی خۆمان بەوە داناوە کە ئەم باسانە لە ئاستی عەلەنیدا (و ئەویش نەک هەر لە چوارچێوەی چەپدا) بێنینە گۆڕ و هەوڵ بدەین حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لەسەر ئەم ڕوانگەیە ساغ و پتەو بکەینەوە. جا سەرنجڕاکێش ئەمەیە، کە بەم هەنگاوە لە ماوەی شەش مانگی پاش کۆنگرەی سێیەمدا، پتر لە هەموو دەورەی پێشوو لەنێو حیزبدا بەدەربەستی سەبارەت بەم باسانە پێک هاتووە و سەرنجیان دراوەتێ. هەروەها هەوڵمان داوە بۆچوونی کۆنکرێتی خۆمان سەبارەت بە مەیدانە سەرەکییەکانی هەڵسووڕانی حیزب گردوکۆ بکەین و ئاڵتێرناتیڤەکانی خۆمان لەو مەیدانانەدا بدەین. تا ئێستا سەبارەت بە هەڵسووڕانی کرێکاری لە ئێراندا، سەبارەت بە هەڵسووڕانی حیزب لە کوردستان و هەروەها لە دەرەوەی وڵات تیۆری خۆمان بە وردی دەربڕیوە. سەبارەت بە هەڵسووڕانی کرێکاری لە شارەکان، بۆچوونەکانمان لە گۆڤاری "کۆمۆنیست"دا بڵاو کردووەتەوە. سەبارەت بە کوردستانیش نووسراوەیەکی دوورودرێژمان بەو کۆمیتانەی کە مەسەلەکەیان پێوە پەیوەستە و بە تەواوی ڕێکخستنیش داوە. هەڵبەت

ئەمانەش کۆمەکیان بە ڕۆشنبوونەوە و گەشتربوونەوەی زیاتری باسەکانمان لەو دەورەیەدا کردووە.

**بسووی سۆسیالیسم**: پێشتر گوتت لە هەمان حاڵدا کە هەوڵدان بۆ کۆمۆنیزمی کرێکاری هەوڵدانێکی سیاسی و فیکرییە بۆ پتەوکردنەوەی پایەکانی ئەم ڕەوتە و شکڵپێدانی بزووتنەوەیەکی بەرین لە ئاستی کۆمەڵدا، پێشڕەوییەکان و هەنگاوە دیاریکراوە ڕێکخراوەییەکان لە چوارچێوەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیشدا زامن دەکا. سەبارەت بە لایەنە سیاسی و فیکرییەکانی ئەم مەسەلەیە قسەمان کرد. دەمەوێ لایەنە ڕێکخراوەییەکەی زیاتر ڕۆشن بکەیەوە. شێوازی تایبەتی ئەم گۆڕانکارییەی کە دەتانەوێ لە چوارچێوەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا پێک بێ چییە؟

**مەنسوور حیکمەت**: هەر وەکوو باسم کرد، باسی ئێمە سەبارەت بە کۆمۆنیزمی کرێکاری لە جێگاوشوێنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دەرنەکێشراوە، بەڵام هێندێک ئەرکی ڕۆشنمان لەبەرانبەر حیزب دەنێتە سەرشان. ئێمە دەمانەوێ حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، حیزبی سۆسیالیزمی کرێکاریی ئێران بێ و بە تەواوی پەروەندەی "چەپی ڕادیکاڵی"ی خۆی ببەستێ. ئەم حیزبە دەبێ ببێتە حیزبێکی یەک پایە و یەک مەیل. بەرنامەکەی، ڕابەرییەکەی، نەریتەکانی، کادرەکانی، سەرقاڵییەکانی، هەڵسووڕانی ڕۆژانەی و شتەکانی تر بە تەواوی دەبێ ڕەنگدانەوەی جێگاوشوێنێکی ئاوا لە کۆمەڵدا بێ. مەرجی ئەم کارە ئەوەیە کە ئەم مەیلە بتوانێ یەکەم، لە ئاستی کۆمەڵدا خۆی بە هێزەوە نیشان بدا و دووەم، لەنێوخۆی حیزبدا ئامادەیی پێویست بۆ بەدەستەوەگرتن و ڕێنوێنیی هەڵسووڕانی حیزب بەدەست بێنێ. گوتم کە کادر و ڕابەرمان دەوێ. ئەمە دەبێ لە ماوەی ڕەوەندێکی خەباتی سیاسیدا پێک بێ، کە تێیدا مەیلە جۆراوجۆرەکانی نێو حیزب بە شێوەیەکی ڕۆشنتر و گەشتر بەرانبەر بە یەک ڕادەوەستن. با جەخت بکەمە سەر ئەوەیش کە مەسەلەکە تەنیا لەسەر ئەوە نییە کە کادرەکانی ئێستای حیزب تەکلیفی خۆیان ڕۆشن بکەنەوە. وەختێک باسی کادر و ڕابەر دەکەم، تەواوی سۆسیالیزمی کرێکاریی ئێرانم مەبەستە. ئەندامانی ئەو حیزبە بەرینەی کە ئێمە خۆمان بە ئەندامی و حیزبی کۆمۆنیست بە بەشێکی دەزانین. ڕەوتی هەنگاو بەرەوپێش هەڵهێنانەوەی کادرەکان و ڕابەرانی ئەم خەتە لە هەمان حاڵدا، ڕەوتی گۆڕانی ڕایەڵ و پۆی حیزب و کرێکاریبوونەوەی و هەروەها چوونی زیاتری حیزب بۆ نێو جەرگەی خەبات و نارەزایەتیی کرێکاریشە. ئێمە بەرنامەیەکی حیزبی



لەسەر بنچینەی ئەم ڕوانگەیە دەنووسین و بۆئەوەی ببێتە بەرنامەی حیزب هەوڵ دەدەین. لەسەر ئەم بنچینەیە و لەسەر بنچینەی مەوازینی حیزب، ڕابەریی حیزب و هەموو پایە ڕێکخراوەییەکانی حیزب دەبێ بدرێتە دەست سۆسیالیزمی کرێکاری و حیزب خۆی لەسەر بنچینەی نەریتە سیاسی و ڕێکخراوەییەکانی ئەم ڕەوتە ڕێک بخا. لەم ماوەیەدا و هەر لە ئێستاوە، بە بڕوای من دەبێ هەوڵ بدرێ تا بۆچوونەکان و ئەنجامگیرییە سیاسی و پراتیکییەکانی مەیلی چەپ و کرێکاری لە حیزبدا بەلێبڕاوی و خێراییەکی زیاترەوە عەمەلی پێ بکرێ. دەبێ بە تایبەت مەیلە ڕاست و بێگانەکان لەگەڵ نەریتی کرێکاری وەلا ببرێن.

دەبێ هەوڵ بدرێ بە بەرەوپێشبردنی بەردەوامی حیزب بەرەو بزووتنەوەی چینایەتی و بە زیادکردنی بەڵێنی حیزب لەو مەیدانەدا، ڕەوتی کرێکاریبوونەوەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران هەروا درێژەی پێ بدرێ.

**بسووی سۆسیالیسم**: دەڵێی "لەم ماوەیەدا". چ ماوەیەکی زەمەنیتان بۆ تەواوی ئەم گۆڕانکارییە لەبەرچاو گرتووە؟

**مەنسوور حیکمەت**: هەتا کۆنگرەی چوارەمی حیزب دەبێ تەکلیفی مەیلە جۆراوجۆرەکان لە حیزبدا ڕۆشن بکرێتەوە. خودی کۆنگرە بڕگەیەکە کە ئێمە دەمانەوێ لەوێدا سەرکەوتنی سۆسیالیزمی کرێکاری لەنێو حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا فەرمی ببێتەوە. بە بەرنامە و ڕابەری و هەموو شتێکییەوە.

وەرگێڕانی: محەمەد میسری
تایپکردنەوەی: ئامانج ئەمین
پیاچوونەوەی: فاتمە ئەحمەد

سەرچاوە:
تفاوت های ما
"بسوی سوسیالیسم"، دوره دوم
شماره 4، آبان 1368

## پێکهێنانی فراکسیۆنی کۆمۆنیزمی کرێکاری

له مانگی ئاب، به بڵاوبوونەوەی ڕاگەیاندنێک له لایەن هاوڕێ مەنسوور حیکمەتەوە بۆ تێکۆشەرانی حیزب، فراکسیۆنی کۆمۆنیزمی کرێکاری له حیزبدا بوونی خۆی ڕاگەیاند. ئەوەی لێرەدا دەیخوێننەوە وتووێژێکه لەگەڵ هاوڕێ مەنسوور حیکمەت سەبارەت به پێکهاتنی فراکسیۆن. ئەم وتوێژە له ژمارە 58ی گۆڤاری "کۆمۆنیست" ئۆرگانی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا بڵاو کراوەتەوە.

**کۆمۆنیست:** وەک یەکەمین پرسیارێک، با ئەوە بپرسم، که چۆن بوو پێکهێنانی فراکسیۆنتان به پێویست زانی و بۆچی ئێستا پێک دەهێنرێ؟ له کۆنگرەی دووەمدا کۆمۆنیزمی کرێکاری وەک لایەنگیرییەک، کەوتە بەرامبەر حیزب و وەک دەردەکەوێت قەبووڵ کرا. لەگەڵ کۆنگرەی سێیەمدا موشەخەس بوو، که کۆمۆنیزمی کرێکاری به گشتی وەک تابلۆیەکی تازەی لێهاتووە بۆ حیزب که دەکرێ له سایەیدا پاڵ بدەیتەوە و تەنانەت له ئاست لافاوی ئاڵوگۆڕەکانی دنیای دەرەوەش کەمتەرخەم بی و هەمان پراتیکی جاران درێژە پێ بدەی. بەم کۆنگرەیە کۆمۆنیزمی کرێکاری وەک بزووتنەوەیەکی ڕەخنەگرانە له ڕابەریی حیزبدا باسی کرا. ئایا پێکهێنانی فراکسیۆن درێژکراوەی ئەو ڕەوتە ڕەخنەگرانەیەیە؟ لەچاو ساڵ و نیوێک لەمەوپێش، که کۆنگرەی سێ گیرا، ئێستا چ زەمینەیەک فەراهەم بووە که کۆمۆنیزمی کرێکاری شکڵی فراکسیۆنێکی ڕێکخراوەیی دەگرێتە خۆی.

**مەنسوور حیکمەت:** ئەگەر بۆ ساتێک پەیوەندیی مێژوویی هاوبەشمان و کادری حیزبی کۆمۆنیست لەبیر بەرینەوە و سەیرێکی هەلومەرجی ئەمڕۆ بکەین و بزانین هەر کاممان چ ئاسۆیەکی هەیە و چۆن له کۆمۆنیزم تێدەگات و دەیەوێت چی بکات، پێم وایە ئەوە بۆ هەموومان ڕۆشنتر دەبێتەوە که بەپێی بۆچوون و فیکر و ئەولەوییەتەکانی ئەمڕۆمان، ئێمە دەبوو له پارتگەلی سیاسیی جۆراوجۆردا بووینایە. بەڵام ئەو مێژووە هاوبەشە لەوە بەهێزتر و به نرختره که ئەمڕۆ هەر کەس خۆی ملی ڕێگا بگرێ و بچێ حیزبێک بەپێی ئاسۆی خۆی دامەزرێنێ، یان بدۆزێتەوە. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران چەند حیزبه له پەیکەری حیزبێکدا. بەرەیەکی یەکگرتووە له چەند ڕەگەی جیاوازی سۆسیالیزمی ڕادیکاڵ. ئەگەر تۆ بتەوێ حیزبی دڵخوازی خۆت



دروست بکەیت و نەشتەوێ چاوپۆشی له هەموو ئەو شتانە بکەی که بەم حیزبە وەدەست هاتوون، فراکسیۆن دروست دەکەی. فراکسیۆنی کۆمۆنیزمی کرێکاری بۆ ڕێکخستنی جووڵانەوەی سۆسیالیستیی کرێکاری له حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا و بەدەستەوەگرتنی سوکانی ئەم حیزبە له لایەن ئەم بزووتنەوە پێویست و زەروورییە. پێکهێنانی فراکسیۆن به مانای ئەوەیە که ئێمە بەکردەوە وەفادارین بەو بانگەشەیەی خۆمان که دەڵێین ئەم حیزبە چەند ڕەگەیە له سۆسیالیزمی ڕادیکاڵی هاوچەرخ که له یەکتر جیاوازن.

ئەم فراکسیۆنە دەبوو زۆر زووتر پێک بهاتایە. له کۆنگرەی "یەکێتیی تێکۆشەرانیی کۆمۆنیست"ەوە هەتا دەستپێکردنی باسەکانی پەیوەست به ئاژیتاتۆری کرێکاری ئیتر من بۆم ڕوون بووەوە که ئێمە خەریکین باسی چەند کۆمۆنیزم و مارکسیزمی جیاواز دەکەین. شۆڕشی 79 هەموومانی له ڕیزێکی سۆسیالیستی ڕادیکاڵدا کۆ کردبووەوە. به دامرکاندنەوەی ئەو شۆڕشە، هاتنەگۆڕی مەسەلە بنەڕەتیتر و غەیرە تاکتیکییەکان بۆ ئێمە، کەلێنە واقیعییەکان دەکرانەوە و به شێوەیەکی پوختەتر بەیان دەکران. باسەکانی من له کۆنگرەی دووەمدا دەبوو له بەیاننامەی فراکسیۆنێکی جیاوازدا بوونایە، نەک وەک ڕاپۆرتی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندیی حیزب. ڕاپۆرتی هەلومەرجی جیهانی و جێگای کۆمۆنیزمیش هەر ئاوا که ئەوانیشم هەر بەنێوی کۆمیتەی ناوەندییەوە بۆ کۆنگرەی سێیەم نووسی. ئەوەی که ئەو کاتە بۆچی فراکسیۆن پێک نەهات، تەنیا دەکرێ به حیسابی ئەوە دابنرێ، که هێشتا پاشماوەی بۆچوونی "هەموومان پێکەوە" هەر مابوو. خۆشم به ئەندازەی کافی فاسیلە و مەودای نێوان هێڵەکانی حیزبی کۆمۆنیستم بۆ دەرنەکەوتبوو. له جیاتی پێکهێنانی ڕیزێکی ڕۆشن و سیاسی لەنێو حیزبدا، بۆ ماوەیەک ڕێگای تەرویجکردنمان گرتەبەر. له ماوەی نێوان کۆنگرەی دووەم و سێیەمدا ئەم کەلێن و قەڵشتانەمان به شێوەیەکی وردتر و بابەتیتر ناسی و درەنگخستنی لەوە زیاتری پێکهێنانی ڕیزێکی جیاواز به هیچ شێوەیەک جێگای نەبوو.

**کۆمۆنیست:** پاش کۆنگرەی سێیەم شایەدی پێکهاتنی کانوونی کۆمۆنیزمی کرێکاری بووین. بەپێی چ هەڵسەنگاندنێک ئەو کانوونە پێک هات؟ ئایا پێکهاتنی فراکسیۆن بەردەوامیی کانوونە؟ چ پەیوەندییەک لەنێوان کانوون و فراکسیۆندا هەیە؟

**مەنسوور حیکمەت:** لە کۆنگرەی سێیەم گرنگتر بە بڕوای من، پلینۆمی سیانزەیەم بوو کە ڕێک پێش کۆنگرە گیرا. بۆ ماوەیەکی زۆر لە کۆنگرەی دووەمەوە تا کۆنگرەی سێیەم، من سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی بووم و لە گەڵ هاوڕێیان ڕەزا موقەددەم و بەهرۆز میلانی پێکەوە کۆمیتەی تەنفیزی حیزب بووین. کەواتە ئەوەی دواتر ناوی لێ نرا کانوون، بەکردەوە لە سەرووی حیزب بوو، وە لەو دەرەیەدا بۆمان دەرکەوت کە ئەو ئۆتۆمۆبیلەی ئێمە بە فەرمی سوکانەکەیمان بە دەستەوەیە، لە کردەوەدا بە میکانیزمێکی دیکە دەجوولێتەوە. هەموو پێشڕەوی و بڕیارەکانمان وەکوو ئۆرگانی بەرزی حیزب، بە شێوەی فەرمی پشتیوانییان لێ دەکرا، بەڵام دواتر لە پرۆسەی عەمەلیدا مەیلگەلی جۆراوجۆرمان بە ڕۆشنی هەست پێ دەکرد و دەمان بینی. ناکرێ بە هەنگاوی ئیداری ڕووبەڕووی مەیلگەلی سیاسی ببیتەوە. هیچ نەخشەکار و بڕیارنامە و لێپرسینەوەیەک نەی دەتوانی، بێ ئاسۆیی و بێ حاڵی ڕادیکاڵیزمی چەپ لە حیزب و لە ڕابەریدا، یان خۆگرتنی ئاسۆی ناسیۆنالیستی لە کوردستان، یان دەستەوەستانی و بێ عەمەلیی سۆسیال دیموکراتیک لە ڕێکخستنەکانی دەرەوەدا وەڵام بداتەوە. بڕیارنامەکان و پەسەندکراوەکانمان لە بابەت هەڵسوورانی حیزب لە کوردستان، سیاسەتی ڕێکخستنی کرێکاریمان، نەخشەکارمان بۆ پێکهێنانی ڕێکخستنی توندوتۆڵ و بەهێز لە دەرەوەی وڵات، بانگەوازەکانمان بۆ بەخۆکەوتن و جم و جووڵی تیۆری و سیاسی لە ڕابەریی حیزبدا، هەموویان دەبوونە دیلی واقیعیاتێک کە خەسڵەتی سیاسی و کۆمەڵایەتییان بوو. لە پلینۆمی سیانزەیەمدا ئێمە هەر ئەمەمان وەک ڕاپۆرت وت. ئێمە وتمان مەیلی سۆسیالیستیی کرێکاری لە حیزبدا کە هێزی بەرەوپێشبەری سیاسەتەکانمانە، مەیلێکی کەمایەتییە و بەکردەوە نەریتەکانی تر لە حیزبدا بەسەریدا زاڵن. لە کۆنگرەی سێیەمدا لە ڕاپۆرتی هەلومەرجی جیهانی و قسە و باسەکانی پەیوەندیدار بەو ڕاپۆرتەدا ئێمە باسی جیاوازییەکانی خۆمانمان کرد. دوای ئەوە بە قازانجی خەباتی سیاسی بەرانبەر بە مەیلەکانی تر، لە دەسەڵاتی ئیداری کشاینەوە. کانوونی کۆمۆنیزمی کرێکاری لێرەدا پێک هات. ئەو کانوونە (ئەو دەمە من و ڕەزا موقەددەم و ئیرەج ئازەرین بووین و پاشان کۆرشی مودەڕیسیش پێوەی پەیوەست بوو) کۆمەڵێک بوو کە بەهێزکردنی کۆمۆنیزمی کرێکارییان چ لە حیزب و چ لە دەرەوەی حیزب، بە ئامانجی خۆیان دانابوو. کانوون لە هەنگاوی یەکەمدا دەستی دایە ڕۆشنکردنەوەی جیاوازییەکانی ئێمە لەگەڵ مەیلگەلی تر.



کۆنگرەی سێ، کۆنگرەی سەنتەر بوو لە حیزبدا. ڕاپۆرتەکە و یەک دوو وتاری ئێمە نەبێ، کە چاپیش کرا، کۆنگرە مەیدانی خۆنیشاندانی سەنتەر بوو بەرامبەر بە هەندێک حەریفی بچوک و بێ مایە، کە سەنتەر زیندووبوون و خاوەن قسەبوونی خۆی لەوەدا ئەبینی، کە بەرامبەر بەو حەریفانە ڕاوەستاوە. هاوڕێیەک بە سەد و چەند ئیمزاوە لە ئەندامانی حیزب، وتارێکی وای لەسەر مەسەلە ڕێکخراوەییەکان دا، کە پۆپۆلیستەکانی ساڵی 79 لەچاو ئەو دەتگووت ڕۆڵەی لۆکسۆمبۆرگن. سەنتەری حیزبی بە دیتنی پۆپۆلیستێکی تر کە دەکرا بیکاتە کیسەی بۆکس گەشکە بوو. دنیای دەرەوە تووشی تەکان و هەژانێکی مێژوویی ببوو، چارەنووسی سۆسیالیزم و مارکسیزم و بیروباوەڕ و ئەرکی شۆڕشی کرێکاری تووشی ئاڵۆزی و ناڕۆشنییەکی بێ وێنە هاتبوو، بەڵام سەنتەری حیزب توانی گوێی خۆی لەوانە بخەوێنێ و لە هەوڵی ئەوەدا بێ سەرکەوتنێکی دژی پۆپۆلیستی تازە بەدەست بێنێ. ئەو چەند ڕۆژەی کۆنگرەی سێیەم یەکێک لە تاڵترین سەردەمەکانی ژیانم بوو. ئیتر ئاشکرا بوو کە کەمایەتییەکی زۆر بچکۆلەین لەنێو کادرەکانی ئەم حیزبەدا و دەبێ فیکرێک بکەینەوە. ئەم حیزبە بەو وەزعەوە کە هەیبوو، نەی دەتوانی وەڵامی پێویستییەکان و ئەولەوییەتەکانی سۆسیالیزمی کرێکاری بداتەوە. هاتینەوە سەر ئەوە کە ئەگەر پێویستە، دەبێ هەر لەسەرەوە دەست پێ بکەین. کانوون بەرهەمی ئەم هەڵسەنگاندنە بوو.

فراکسیۆن بە مانایەک بەردەوامیی کاری کانوونە. لە کانووندا بەوە گەیشتین کە دەبێ دەخاڵەتێکی ڕێکخراوەیی چالاکانە لە چارەنووسی حیزبدا بکەین. کانوون خۆی وەک مەرجەعێکی نافەرمی و ڕۆشنگەر، ئۆرگانێکی گونجاو نەبوو بۆ ئەم کارە. نەمان دەویست کانوون زەینی بە مەسەلەی ڕێکخراوەییەوە خەریک بێت. کانوون دەتوانێ ناوەندێک بێت بۆ هاوئاهەنگکردنی کۆمەڵێک هەڵسووڕان کە سنووری لە هەڵسووڕانی حیزبیمان واوە تر دەچێ. بێجگە لەوەش خۆم وەک ئەندامێکی لەمێژینەی ڕێبەرایەتی حیزب، نەم دەویست و نەم دەتوانی چارەنووسی حیزبێک کە هەتا ئێرە هێناومانە، بەدەستی ڕەوتی خۆبەخۆی وەزعییەت و ئەنجامی ناڕاستەوخۆی تێکۆشانمان وەک کانوون بسپێرم. فراکسیۆنی کۆمۆنیزمی کرێکاری وەک ئامرازی دەخاڵەتی ڕێکخراوەیی چالاکانەمان لە چارەنووسی حیزبی کۆمۆنیستدا پێک هاتووە.

**کۆمۆنیست:** بەرچاوترین ئاڵوگۆڕی ناوخۆیی حیزب لەم دەورەیەدا باسەکانی پەیوەست بە تێکۆشانی حیزب لە کوردستان و خەباتی ناوخۆی سازمانی کوردستانی

حیزب بوو، کە نووسراوە و بەڵگەکانی کانوون سەبارەت بەم باسانە، خەریکە بڵاو دەکرێنەوە. ئەم باسانە تا چ ڕادەیەک لە خەملاندنی مەیلەکانی ناوخۆی حیزبدا و بە شێوەیەکی دیاریکراو لە جیاکردنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە پەیکەری حیزبدا، دەوریان هەبووە؟

**مەنسوور حیکمەت:** خاسییەتی ئەم باسانە ئەوە بوو کە هەمووانی لەو واقیعییەتە گەیاند، کە حیزب هێڵ و ڕێبازی جۆراوجۆری بە بۆچوونی جیاوازەوە تێدایە. ئەمە تا ڕادەیەک بەرئەنجامی ئەوە بوو کە کانوونێکی نافەرمی ئەم باسانەی هێنایە گۆڕ، کە بە خۆی دەگوت کەمایەتی. ئەگەر هەر ئەم باسانە بەنێوی مەکتەبی سیاسییەوە، یان بەنێوی کۆمیتەی ناوەندییەوە بکرایە، ڕەنگە بەپێی نەریتەکانی تا ئێستا هیچ هەڵوێستێکی موخالیفیان لەبەرامبەردا وەرنەگیرایە و هەر بەپێی ئەو نەریت و ڕێسایەی کە هەبوو، بە ڕواڵەت بەگەن بکرایە و بەکردەوە پشتگوێ بخرایە. هاتنە ناوەوەی باسەکان لە لایەن کانوونەوە، ئەویش بەو جەختەی کانوونەوە کە دەیگوت، ئەمە خەتی ڕەسمی نییە و قسەی چەند کەسێکی دیاریکراوە، ئیمکانی ئەوەی پێک هێنا کە موخالەفەتە واقیعییەکان لەبەرامبەریدا خۆ نیشان بدەن. ڕیزەکانی حیزب بەم جۆرە دیتیان، ئەو بانگەشەیەی ئێمە کە دەڵێین خەت و ڕێبازی جۆراوجۆر هەن، شتێکی واقیعییە و کادرەکانی ڕێبەرایەتی حیزب کە تا ئەو کاتە وەک ڕۆحێک لە چەند جەستەدا بەرچاو دەکەوتن لە ڕاستیدا نوێنەری مەیلی جۆراوجۆرن. بە تایبەتی لە کوردستان لە گەڵ ئەوە بەرەوڕوو بوون، کە لەنێو خەتەکاندا یەکێکیان هەڵبژێرن. گرنگیی باسەکانی کوردستان لەوەدا بوو کە سەرنجی ڕیزەکانی حیزبی بەرەو ناکۆکییەکان ڕاکێشا و کۆتایی هێنا بە ڕواڵەتی یەکپارچەیی کۆمیتەی ناوەندی کە ئەم ڕواڵەتە یەکپارچەیییە خۆی بەرهەمی ئەوە بوو، کە خەتێک بە ڕواڵەت لە لایەن باقییەوە پەسەند دەکرا. باسەکانی کوردستان خۆیان لە بوون و نەبوونی مەیلی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا کاریگەرییان نەبوو. ڕەنگە مەیلی تازە لەم نێوەدا شکڵیان گرتبێ، وەلێ ناکۆکی و جیاوازی ئێمە لەگەڵ مەیلەکانی دیکە لەپێش ئەم باسانەدا بوون. ئەو شتەی لەم باسانەدا بەدەست هات، بریتی بوو لە هۆشیاریی سیاسیی زیاتر لەنێو ئەندامان و تێکۆشەرانی حیزب لە کوردستان و هاتنەسەر هەڵبژاردن لەنێو مەیلەکاندا. خودی ئەم باسانە بە تەنیا بۆ جیاکردنەوەی تەواوەتی مەیلی کۆمۆنیستی کرێکاری لە کوردستان بەس نین. زۆربەی تێکۆشەرانی حیزب لە ڕێکخراوی



کوردستاندا بە قازانجی کانوون هەڵوێستیان وەرگرت. بەڵام سەرئەنجامی ئەم هەڵوێستگرتنە لێکهەڵوەشانی چەپ و ڕاست و پەیدابوونی مەیلێکی چەپ بوو، کە خۆی دەبێ لەنێو خۆیدا بەپێی بنەماکانی خەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری تەتەڵە بکرێ.

**کۆمۆنیست:** لە کردەوەدا مەیلگەلی تر لە حیزبدا نەیویستووە بوونی ڕەسمی خۆی دەرخا و لانی کەم لە ڕێکخراوی کوردستاندا هیچ مەیلێکی چالاک و هەڵسووڕاوی تر بە ڕاشکاوی خەریکی نیشاندانی وجودی ڕێکخراوەیی خۆیشی نییە. کۆمۆنیزمی کرێکاری تاقە مەیلی ئیسپاتی بووە لە حیزبدا. سنووری نێوان مەیلەکان چۆن دیاری دەکرێت؟ سەنگ و سووکی نێوان مەیلەکان ئێستا چۆن دەبینی؟

**مەنسوور حیکمەت:** مەیلەکانی تر قسەیان کردووە، بەڵام ئەو ئۆتۆریتە و توانا و کاریگەرییەیان نییە کە لە سەردەمی باسەکانی کانوون و ڕێبەرایەتی کۆمەڵەدا هەبوو. ئەو گرنگییەشیان نییە. بەڵام سنووری نێوان مەیلەکان بەپێی ئەوە دیاری ناکرێ کە چ جیاوازییەکمان لەگەڵ فڵانە نووسراوەی نێو بڵاوکراوەی ناوخۆییدا هەیە. من پێشتر ڕاست و چەپ و ناوەندم لە حیزبدا بەپێی بۆچوون و ڕەوشتیان دەستەبەندی کردووە و لە "جیاوازییەکانی ئێمە"دا، هەروەها لەو بەڵگەنامانەی باسەکانی کوردستاندا کە قەرارە بڵاو بکرێنەوە باس کردووە. لە بابەت سەنگ و سووکی نێوان مەیلەکان، ئەگەر مەبەستتان شێوەی ڕیزبەستنی ئەندامان و تێکۆشەران بێ، دەبێ بڵێم هەر لەم دەورەیەدا، ژمارەیەکی زۆر و لەوانە زۆربەی نزیک بە ئەندامانی خودی کۆمیتەی ناوەندی، بە فراکسیۆنەوە پەیوەست بوون. بەڵام قورسایی ئەسڵی فراکسیۆن نەک لە چەندایەتی و ژمارەی کەسانێکدایە کە پێی وابەستەن، بەڵکە لەو واقیعییەتەدایە کە تاقە ڕەوتێکە، چوارچێوەیەکی سیستەماتیک بۆ هەڵسووڕانێکی کۆمۆنیستی لە دنیای ئەمڕۆدا بەدەستەوە دەدا. هەر ئەمە ڕێگەی لەوە گرتووە، کە مەیلێکی تر بە فەرمی لە هەمبەر ئەم فراکسیۆنەدا شکڵ بگرێ.

**کۆمۆنیست:** حیزبی کۆمۆنیست شوێنی لەدەوری یەک کۆبوونەوەی سۆسیالیزمی ڕادیکاڵی ئێران بووە. ئەم سۆسیالیزمە قسەیەکی نییە بیکات و هیچ ئاسۆیەکی جیاواز و تایبەتی لە کۆمەڵدا لەبەرچاو نییە. ئەم سۆسیالیزمە بەهەرحاڵ ناچارە حیزب بە مەیلێکی ئیسپاتی بسپێرێ کە ساغە لەسەر ئەوەی خۆی دەفتەری ئیئتیلافەکەیان ببەستێ. پرسیارەکەی من ئەوەیە: بێجگە لەم حیزبە کە هەیە کەرەستە و ماتەریاڵی واقیعی بۆ پێکهێنانی حیزبێکی سۆسیالیستی کرێکاری بە چ ڕادەیەک هەیە؟ خەباتی

ئێستا بۆ یەکبنەکردنەوەی حیزبی کۆمۆنیست و بەدەستەوەگرتنی ئەو حیزبە، چ جێگا و شوێنێکی لە پێکهێنانی حیزبێکی سۆسیالیستیی کرێکاریدا هەیە؟

**مەنسوور حیکمەت**: ماتەریاڵ و کەرەستەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، نەریتی خەباتی سۆسیالیستیی کرێکارییە کە لەنێو کۆمەڵدا هەیە. بە مارکسیزم: بە بڕوای من ئەو نەریتە بووەتە خاوەنی ئاسۆیەکی زیندوو و خەوشهەڵنەگری مارکسیزم، لەوێوە خۆشبەختانە ئەوانەی قەوارەی کۆمەڵایەتییان لەم تیۆری و جیهانبینییەدا جێی نابێتەوە، خەریکن دەستی لێ هەڵدەگرن. ناڕەزایەتی دژی کاپیتالیستی کرێکار ئەوەندە بەرینە کە بۆ خنکاندنی ئەو ناڕەزایەتییە کە سوپای چەند ملیۆنی تۆڕی جۆراوجۆری هەواڵگری بۆ گۆڕینی حەقیقەت و گەڵێک ڕادیۆ و ڕۆژنامە، خەرجی گەورەیان بۆ دەکرێ. ئەگەر کەسێک بیەوێت سۆسیالیزمی زیندووی کرێکاری ببینێ، من هەر ئەم چەند ژمارەیەی "کارگەری ئەمروز"ی پێ نیشان دەدەم. لە "جەمال چراخوەیسی"یەوە هەتا "جری تاکر"، ڕیزێکی بەرینە لە نوێنەرانی سۆسیالیستیی چینی کرێکار. بزووتنەوەی ئێمە پەڕاگەندەیە، ئاڵۆزە، خۆی کۆ نەکردۆتەوە، یەکگرتوو نییە، هەزار و یەک خورافە کاری تێ دەکا، بەڵام هەیە و زیندووە. جگە لەمەش وا دیارە کۆمۆنیزمی کرێکاری بە ڕووداوەکانی ئەم دواییەی جیهان، جارێکی تر دەرفەتی دەست دەکەوێ وەک لایەنێکی سەرەکی لە کێشەی کۆمەڵایەتیدا پێ بنێتە مەیدان.

بەڵام لە بابەت بەشی دووەمی پرسیارەکەتانەوە، دەبێ بڵێم بە بڕوای من بۆ ئێمە ئەم مەسەلەیە حەیاتییە. نزیکترین بزووتنەوەیەک کە دەتوانێ لە چارەنووسی سۆسیالیزمی کرێکاریدا بەهۆی ڕێکخراوێکی حیزبی، ڕێکخراوێکی وا کە دەتوانێ ئەرکی جۆراوجۆر و ئاڵۆز بەڕێوەبەرێ و دەخاڵەت بکات، ئێمەین. ڕەخنەیەکی سەرەکیم لە تێکۆشەرانی سۆسیالستیی کرێکاری ئەوەیە، لە ئاسۆی عەمەلی سەبارەت بە حیزبایەتی و پێکهێنانی یەکگرتوویی بەرین و پڕ جم و جووڵ دوورن. سەنگەربەندییەکانی ئەمڕۆی کرێکارانی سۆسیالیست ناوچەیی و جێجێیە. ئاسۆکان کەم تا زۆر هەر لە سنووری وڵاتەکاندا دەمێننەوە و لە سنووری هەر وڵاتێکیشدا ڕادیکاڵیزەکردنەوەی ئەو بزووتنەوانە کە ئێستا هەن، ناوەڕۆکی سەرەکیی تێکۆشانی کرێکارانی سۆسیالیستە. ئەمانە هەموو دەبێ هەبن. بەڵام سەرەنجام کرێکار دەبێ بە حیزب و ئینتەرناسیۆناڵی خۆیەوە بێتە مەیدان. مەیدانی کێشە و بەرامبەرکێی گەورە و بەرین. کێشە لەسەر بیروباوەڕی بە ملیۆن کەس، لەسەر چارەنووسی نەوەکانی



کرێکار، لەسەر سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان و لەسەر سەرەنجامی خاوەندارێتی و شتی تری لەم چەشنە. لەم هەڵوێستەوە، من دەست لەو حیزبە هەڵناگرم کە ئێستا هەیە و تەنانەت هەر ئێستا ماشێنێکی ڕێکخستن و تەبلیغ و تەرویجی تا ڕادەیەک بەهێزە، تەنانەت لەچاو ڕێکخراوە ڕادیکاڵە کرێکارییەکان لە ئەورووپا و ئەمەریکا. ئەم حیزبە دەتوانێ هۆیەکی زۆر کارامە بێ بۆ دەخاڵەتی کاریگەرمان لە بزووتنەوەی سۆسیالستیی کرێکاریدا چ لە ئێران و چ لە جیهان. بە بڕوای من کۆمۆنیست و کرێکاری ئێرانی کە بیەوێ کاریگەریی ماددی و هەستپێکراو بکاتە سەر دنیای دەرەوەی خۆی، ناتوانێ چاوپۆشی لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بکات.

**کۆمۆنیست**: لە نەریتی چەپی مەکتەبی و فیرقەییدا، یەکبنەبوونەوە و یەک مەیلی بوونەوە هەمیشە بە مانای بەرزکردنەوەی دیوارەکانی فیرقە و هەنگاوێکی ترە بەرەو بەتاککەوتنەوە. لە خەباتدا بە یەکبنەکردنەوەی حیزب کە بێگومان بە مانای یەکبنەکردنەوەی حیزبە لە باری جێگاوشوێنە کۆمەڵایەتییەکەیەوە، چ نیشانە و پێوانەیەکی بەرچاو هەیە کە ئەم خەباتە لە نەریتی کێشەی ناوخۆی فیرقەکان جیا دەکاتەوە؟

**مەنسوور حیکمەت**: سیکتاریزم بە مانای خۆجیاکردنەوە لە فیرقەکەی پەنادەستی خۆت نییە. بە مانای فیرقەبوونە بە گشتی و جیابوونەوەیە لەجەرگەی کۆمەڵایەتیی خەباتی چینایەتی، لە جەرگەی کۆمەڵایەتیی خەباتی چینەکان. بناغەی سەرەکی باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری، کە ئەگەر کەسێک بەدڵ سەرنجی دابێتە ناوەڕۆکەکەی بۆی دەردەکەوێ، ڕەخنەگرتنە لە خەسڵەتی فیرقەیی چەپی ڕادیکاڵی تا ئێستا. لەم باسانەدا من باسی دوو جۆرە تەریکی و بەتاککەوتنەوەم کردووە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی پێکەوە هەیە. بەتاککەوتنەوە لە چینی کرێکار و بە تاککەوتنەوە لە کێشمەکێشە سەرەکییە کۆمەڵایەتییەکان. چەپی ڕادیکاڵ نەک هەر لە ئێران بەڵکوو لە ئاستی جیهاندا، لە جەرگەی ناڕەزایەتیی کرێکاریدا نەبوو. بزووتنەوەیەکی کرێکاری بە مانای خەڵکناسانە و کۆمەڵناسی ئەو وشەیە نەبوو (جیایی ئایدیۆلۆژیکی ئەم چەپە لە مارکسیزم و تیۆری شۆڕشی کرێکاریش بە جێی خۆی). بێجگە لەمەش تەنانەت تاقە یەک بزووتنەوەی کرێکاریش بەبێ ئەوەی لەنێو دڵی کێشمەکێشە سەرەکییە کۆمەڵایەتییەکاندا لە هەر دەورەیەکدا ئامادەیی هەبێ، هیچ کاریگەرییەکی لێ ناوەشێتەوە. ئەمە جۆرێکی ترە لە جیایی و بەتاککەوتنەوە کە زۆر ڕێکخراوی

کرێکاریش، وەک یەکێتییەکان، ڕەوتگەلی ئانارکۆسەندیکالیست و ئەمانە، گیرۆدەی بوون. جیایی لەو کێشە فیکرییانە کە خەریکە بالانسی فیکریی کۆمەڵی ئەم سەردەمە دیاری دەکات، جیایی لە کێشەی "ئیتیلاعاتی" و "سوئی ئیتیلاعاتی"، جیایی لە خەبات بۆ نیشاندانی ئاسۆی کۆمەڵی مرۆیی، جیایی لە تەواوی ئەو بزاوتە کۆمەڵایەتییانە کە خەریکە چارەنووسی ئەم وەچەیەی مرۆڤەکان دیاری دەکات. جیایی و بەتاککەوتنەوە بەو مانایەی باسم کرد، ڕەگەیەکی سەرەکییە لە ڕەخنەی ئێمە بەرامبەر بە مێژووی سۆسیالیزمی ڕادیکاڵی نیو سەدەی ڕابردوو. یەکبنەبوونەوەمان یانی، ڕزگاربوونمان لە چنگ تەواوی ئەو ڕەگە شێوە سۆسیالیستییە ڕادیکاڵانە کە ئەم بەتاککەوتنەوە و فیرقەگەراییە لە زاتیان و لە بوونی کۆمەڵایەتییاندایە. یەکبنەبوونەوە یانی ڕزگارکردنی بزاڤی حیزبی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە چنگ ڕەوتگەلێک کە دنیا لە چوارچێوەی فیرقەکەی خۆیاندا دەبینن. حەرەکەتی خودی ئێمە باشترین بەڵگەیە بۆ نیشاندانی ئەوە کە ئێمە فیرقەگەری بە گشتی، بە قازانجی نیشاندانی وجوودی کۆمەڵایەتی، دەدەینە بەر ڕەخنە و وەلای دەنێین. هەر لەوەوە کە ڕەخنەمان لە دەستەواژەی مەکتەبی و فیرقەگەرانە لە مێژووی شۆڕشی ڕووسیادا گرت، تەنانەت خستنەڕووی سیاسەتی ڕێکخستنی کرێکاری لەسەر بنەمای بە فەرمیناسینی جم و جووڵی کۆمەڵایەتیی خودی چینی کرێکار، بەڵگەی جیابوونەوەی قووڵ و خێرامانە لە ئاسۆی فیرقەیی چەپی مەوجوود. ئێمە کێشەی فیرقەییمان لەگەڵ کەس نییە. بەڵام حازریش نین چینەکان و ڕەوتگەلێک کە ئاسۆی جۆراوجۆر و جیاوازیان هەیە، پێکەوە بکەینە ناو توورەکەیەک. ڕێک بە پێچەوانەوە، بۆ ئەوەی ببێ بە ڕەوتێکی کۆمەڵایەتی بەهێز و قودرەتمەند، پێویستە لە چنگ هەموو ڕەگەیەکی سۆسیالیزمی فیرقەیی کە تایبەتی ڕووناکبیرانی ناڕازییە، ڕزگار بێت.

**کۆمۆنیست**: مەیلی کۆمۆنیزمی کرێکاری، بە شێوەیەکی دیاریکراو لە گەلێک وتار و نووسراوە و بەڵگەنامەدا کە خۆت لە بڵاوکراوە حیزبییەکاندا نووسیوتن، وە یان بە ڕێبەرایەتی حیزب دراون، بۆ مەیدانە جۆراوجۆرەکان تەرح و گەڵاڵە و ئۆلگووی جیاوازی دیاری کردووە. بێجگە لەم تەرح و ئۆلگووانە، نەخشەی هەڵسووڕانی گشتیتری فراکسیۆن چییە؟

**مەنسوور حیکمەت**: لە باری عەمەلییەوە ئێمە دەمانەوێ لە کورتترین ماوەدا حیزب بەدەستەوە بگرین و هەتا کۆنگرەی چوارەم تەکلیفی مەیلەکان لەم حیزبەدا ڕوون



بکەینەوە. بەڵام بە گشتی، ئێمە دەمانەوێ شێوەیەک لە تێکۆشان و هەڵسووڕان لە حیزبی کۆمۆنیستدا جێگیر بکەین، کە حیزب ببێتە شوێنی تەبیعی و سازگاری هەڵسووڕان بۆ تێکۆشەرانی سۆسیالیزمی کرێکاری و تێکۆشەرانی بزووتنەوەکانی دیکە لەنێو ئەم حیزبەدا هەست بە نامۆیی و ناسازگاری بکەن. ئەمە جۆرێکی جیاوازە بۆ نیشاندان و دەرخستنی بوونی حیزب لە کۆمەڵدا. لە بابەت ئەم ئۆلگوو و تەرحانە بە شێوەیەکی دیارکراو، بە تایبەت لە پلاتفۆرمێکدا کە بە پلینۆمی هەژدەیەمی دەیدەین، دەنووسین. بەڵام بە گشتی، ئێمە شێوەی تێکۆشانی حیزب و ئەولەوییەتەکانی حیزبی کۆمۆنیست نەک هەر لە بزووتنەوەی کرێکاری ئێراندا بەڵکوو لە ئاستی جیهاندا بۆ ئەو مرۆڤە ئاساییانە کە هەموو ڕۆژێ خەریکن دەچنە سەرکاری خۆیان، بکەینە شتێکی بەرچاو و هەستپێکراو. دەمانەوێ هێزێکی گۆڕینی وەزعیەتی ماددی کۆمەڵ بین. کەوایە بزووتنەوەکەی ئێمە بە تەمای پتەوکردنەوەی پەیوەندیی حیزب و چینی کرێکارە. یانی ئەوەی کە حیزب بچێتە نێو مەیدانە سەرەکییەکانی کێشەی کۆمەڵایەتی. هەوڵ دەدەین حیزبی کۆمۆنیست بۆ هەمیشە لە ئەڵقەی پارتگەلی ڕادیکاڵ و چەپی ئێران بێتە دنیای واقیعی و بەرەو ڕووی هێزە واقیعی و کاریگەرەکانی دنیای ئەمڕۆ بێتەوە.

**کۆمۆنیست**: لە بابەت ئەو حیزبەوە کە دەبێ دروست بکرێ، تا ئێستا لە زۆر جێگا نووسیوتە و قسەت کردووە. دیمەنی ئەم حیزبە چۆن دەبینی؟

**مەنسوور حیکمەت**: لە بابەت شێوەی تێکۆشانی ئەو حیزبەوە، دەکرێ گەلێک نموونە باس بکەین. بەڵام من لێرەدا، تەنیا چەند قسەیەک دەکەم. حیزبی ئێمە حیزبێک دەبێ کە لە چارەنووسی ئەم نەوەیە لە کرێکاران دەخاڵەت و کاریگەری هەیە، چ لە ئاستی جیهانیدا حیزبێک دەبێ کە لە پێکهێنانی یەکگرتنی جیهانیی کرێکاراندا دەخاڵەتی هەیە و هەروەها لە کێشە سەرەکییەکانی دنیای ئەمڕۆدا. حیزبی ئەو کرێکارە سۆسیالیستانە دەبێ کە سەبارەت بە تەواوی دنیا و هەموو نەزم و نیزامی ئەم دنیایە قسەیان هەیە و دەیکەن، حیزبێک کە پارێزەری ناسراو و بەهێزی بیری سۆسیالستی و کرێکارییە و توانای ئەوەی هەیە کە قسەی خۆی بگەیەنێتە گوێی جەماوەری بەرین. حیزبێکی بە دیسپلین، سازماندەر و تێگەیشتوو، کە وەک ئەڵقەی پەیوەندی و هێزی ئیلهامبەخش. ڕێنوێن بۆ هەموو شەڕەکانی سۆسیالیزمی کرێکاری لە مەیدانی ئابووری و سیاسەت و فەرهەنگ و ئاکاردا کار دەکات. بەرزەفڕانەیە؟ بۆ کەسانێک کە دونیاکەیان لە

سنووری نامەکانی بازرگان و هەڵسووڕانی سەرمێزی کتێبەکەیان واوەتر ناچێ، ڕەنگە وابێ! بۆ کەسێک کە پەیڕەوی مانیفێستی کۆمۆنیستە، نەخێر. "بەرزەفڕبوون" ئاوا، مەرجی ئەندامەتییە لەو حیزبەدا.

تایپکردنەوەی: کاوە عومەر

سەرچاوە:

گفتگو پیرامون اطلاعیه در مورد

تشکیل فراکسیون کمونیسم کارگری در حزب کمونیست ایران

"کمونیست"، شماره 58

مرداد 1369

## سەرهەڵدانی خوێناویی نەزمی نوێی جیهان
### جەنگی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

بەوەی لە کەنداو ڕوو دەدات و بەو ڕیوایەتەی کە میدیاکان لە بارەیەوە بە دەستەوەی دەدەن، بە ڕاستی دەبێ بەوەی کە دنیای ئەمڕۆ دنیای دووڕوویی و ئەخلاقیاتی ئارەزوومەندانە و پێچەوانەی دوو فاقەیە، سوپاسگوزار بین. بیهێننە بەرچاوتان، ئەگەر بڕیار بووایە هەموو بڕیارنامەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەم ڕادەیە لە توندی و جیددییەتەوە پیادە بکرایە، چ ئاشوبێک بەرپا دەبوو. بیهێننە بەرچاوتان کە تەنها بۆ نموونە چەند هەزار تەن بۆمب پێویست بوو بەسەر ئیسرائیلدا برژێنرێت بەهۆی داگیرکردنی سەرزەمینەکانی فەلەستین و ڕەفتاری دژی مرۆیی بەرامبەر خەڵکی فەلەستین، یان بەسەر ئەفریقای باشووردا، بەهۆی ملنەدان بە بەفەرمیناسینی ناسنامەی مرۆیی زۆربەی دانیشتووانەکەی، یان بەسەر خودی ئەمریکادا، بەهۆی چەندین دەیە لە تۆقاندنی بەردەوامی بەشەرییەتەوە. بیهێننە بەرچاوتان کە لەکارخستنی ئەو چەکە کۆکوژانەی کە لە ئەمەریکا، سۆڤێت، چین، فەرەنسا، ئینگلستان، ئیسرائیل و هەر وڵاتێک کە دەستی پێ ڕاگەیشتبێت عەمبار کراون، پێویستی بە چەند جار هەستانی فڕۆکە جەنگی و بۆمبهاوێژەکان و تەقاندنی چەند ڕۆکێتی کرۆز دەبوو.

سەرنج بدەن ئەگەر بە ڕاستی بڕیار بووایە، بەر بە کۆنترۆڵی مۆنۆپۆڵ نەک تەنها بەسەر نەوتدا، بەڵکوو بەسەر گەنم و تەکنەلۆژیا و زانیاری و دەرمان و شتی تردا بگیرێ، دەبوو چەند جەنگی گەورە بەرپا بکرایە. ئەگەر بڕیار بووایە هەموو دیکتاتۆرەکان گەمارۆ بدرێن، چ ژمارەیەک لە کوشتار پێویست دەبوو. ئەگەر بڕیار بووایە هەموو تاوانبارانی جەنگ، بەدەر لە نەژاد و بیروباوەڕ و میللەت و دابونەریتیان دادگایی بکرێن، پێویستی بە چەند قازی و هۆڵی دادگا دەبوو. سەرنح بدەن کە هەنگاوهەڵگرتن بۆ دەستەمۆکردنی هەموو زلهێزە دەست بەماشەکان لە ئاستی جیهانی و ناوچەییدا، ژینگەی لەگەڵ چ مەترسییەکی گەورە ڕووبەڕوو دەکرد. سەرئەنجام خەرج و مەخاریجی ئەمانە لەبەرچاو بگرن. هیچ ژاپۆن و عەرەبستانێکی سعودی نەیدەتوانی ئەم ئەندازەیە لە پارە هەڵڕێژێت. بە ڕاستی دەبووە کابووس. بەو



جۆرەی کە ئێستا هەیە باشە، ئەمین ترە. وەرن بە کەرنەڤاڵی خۆفریودان و خۆپەرستی قەومی ئەوروپایی_ ئەمەریکاییەوە پەیوەست بین. وەرن لە کەیف و زەوقی منداڵانەی "هەواڵنێرە بێلایەنەکان" و موفەسیرە تەلەفیزیۆنییە "پسپۆڕەکان"مان و لە یارییەکانی جەنگی کۆمپیوتەریی تازەیان لە دنیای واقیعیدا بەشدار بین.

یان ڕەنگە دیسان نا، لەجیاتی ئەمە باشترە خۆمان لە بە فەرزوەرگیراو و پاساوەکانیان ڕزگار بکەین و سەرنجی مەسەلە واقیعییەکانی ئەم جەنگە بدەین. ئەم جەنگە لەسەر دیموکراسی و دیکتاتۆری نییە. کوشتار و کەمئەندامکردنی هەزاران کەس لە خەڵکی عێراق و ڕووخاندنی خانوو و قوتابخانە و کارگاکانیان بەسەریاندا، بەڕاستی شێوازێکی دڕندانەیە بۆ ڕزگارکردنی ئەوان لە ستەمی سیاسی. ئەم جەنگە پەیوەندییەکی بە بەرگرتن لە بێبەشبوونی ڕۆژئاوا لە نەوت نییە. دەستبەسەراگرتنی لەمە زیاتری نەوت بۆ کەسێک کە مەبەستی فرۆشتنی نەبێت بێمانایە. ئەم جەنگە لەسەر پارێزگاری لە یاسا نێونەتەوەییەکان نییە. بە لەبەرچاوگرتنی پێشینەی خودی ئەم بەڕێوەبەرانەی یاسا، لە هێرۆشیما و ڤێتنامەوە تا گرانادا و نیکاراگوا، ناکرێ ئەم بانگەشانەیان بە جیددی بگیرێ.

ئەمانە کێشە واقیعییەکانی ئەم جەنگە نین. ئەمانە ڕێک وەکوو ئەوەی کە هەن، پرۆپاگەندەی جەنگین. سەرەداوی ئەسڵیی دەرککردن بە هۆیە واقیعییەکانی ئەم ڕووبەڕووبونەوەیە، دەبێ لە ئاماژە بە ڕواڵەت بێ ئازارەکانی جۆرج بۆش بۆ "نەزمێکی نوێی جیهان" و خواستی پەسەندنەکراوی سەددام حوسێن لەسەر بنەمای پێکهاتنی "پەیوەند" (لەنێوان چارەنووسی کوێت لەگەڵ چارەسەری مەسەلەی فەلەستین)دا، بدۆزینەوە.

### نەزمی نوێی جیهان

ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمڕۆی کەنداو تەنها یەکێک لە ڕووەکانی ناکۆکی و ناڕۆشنییە مەوجودەکان لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی دوای جەنگی ساردە. بە شکستی بلۆکی سۆڤێت لە نیوەی دووەمی دەیەی هەشتادا، پێکهاتەی پێشوی دەسەڵاتیش لە ئاستی نێونەتەوەییدا، کە لەسەر بناغەی بەرامبەرکێی سەربازی و سیاسی و بە ڕادەیەکی کەمتریش ئابووریی دوو بلۆکی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات دامەزرابوو، تێک ڕووخا. لە کاتێکدا کە میدیاکان و لێکۆڵەرەوە سیاسییەکان لە ڕۆژئاوا جەژنی ئەو شتەیان دەگرت کە ناویان نابوو مەرگی کۆمۆنیزم و بەڵێنی ئاییندەیەکی پڕ لە سوڵح و سەفایان لە

سایەی دەسەڵاتی بێ ڕەقیبی بازاڕی پڕ لە شانازیدا دەدا. بۆ هەر چاودێرێکی هۆشیار ئاشکرا بوو کە دنیای دوای جەنگی سارد پڕ دەبێت لە بەرامبەرکێ و کێشمەکێشی جیددیی ئابووری و سیاسی و ئایدیۆلۆژی. لێکۆڵەرەوە سیاسییەکان لە ڕۆژئاوا بە گشتی، خۆیان بە مەسەلەکانی وەکوو هەلومەرجی ناپایەدار و پڕ ئاڵوگۆڕ لە سۆڤێت و ئەورووپای ڕۆژهەڵات، قڵشتی نێوان "باکوور و باشوور"، ژینگە، کێشمەکێشە ناوچەییەکان و شتی لەم بابەتەوە سەرمەست دەکەن_ مەسەلەگەلێک کە بە ڕواڵەت ڕیشەیان لە دەرەوەی سنوورەکانی ڕۆژئاوای "شارستانی" و دیموکراتیک"دایە. ئەمانە بێگومان بەشێک لە گرفتەکانی دەیەی 90 پێک دەهێنن. بەڵام نەبەردە سەرەکییەکان و کێشەی تەوەرەیی لە هەر هەوڵێک بۆ شکڵدان بە "نەزمێکی نوێ" لە خودی ڕۆژئاوادا خۆیان حەشار داوە. شکستی ڕۆژهەڵات هەروەها، لەگەڵ پووکانەوەی ڕۆژئاوا بە وێنەی بلۆکی بەرامبەری ئەو هاوشانە. واتە پووکانەوەی ئەو پێکهاتە ئابووری و سیاسی و سەربازی و ئایدۆلۆژییەی کە بۆ ئابڵووقەدان و شکستی بلۆکی سۆڤێت دوای جەنگی دووەمی جیهانی دەمەزەرد کرابوو. ڕۆژئاوا چ بە وێنەی چەمکێک و چ بە وێنەی واقیعییەتێکی ئابووری_ سیاسی، لەسەر بنەمای هەژموونی، یان ئەوەی پێی دەڵێن "نەخشی ڕابەری" وڵاتە یەگکرتووەکان دامەزرابوو. پاراستنی ئەم نەخشە، یان هەتا پەرەپێدانی ئەمە، لە جیهانی پڕ ئاڵوگۆڕی سیاسەتی دوای جەنگی ساردا، کاکڵەی هیوای ئاییندەی ئەمەریکایە بۆ "نەزمی نوێی جیهان".

تا پێش قەیرانی ئەم دواییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وا دەهاتە بەرچاو کە ئاییندەیەکی بەم جۆرە بێبەرییە لە بەڵگەی عەمەلی بۆ پیادەکردنی خۆی. سەرهەڵدانی ژاپۆن و ئەڵمانیا بە وێنەی دوو زلهێزی مەزنی ئابووری، هەنگاونان بەرەو یەکێتیی ئەورووپا و جێبەجێبوونی عەمەلیی یەکێتیی هەردوو ئەڵمانیا، وەرچەرخانی سیاسی لە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات بە قازانجی ڕاست و لایەنگری بازاڕ، وە سەرئەنجام کرانەوەی ئابووری و سیاسیی خودی سۆڤێت بەڕووی ڕۆژئاوادا، ڕۆژئاوای پێشووی لە هەموو ڕوویەکەوە لاواز و تێک دابوو. نە تەنها نەخشی ڕابەریی ئەمەریکا، بەڵکوو خودی ئەو دامەزراوانەی ئامراز و زامنی باڵادەستیی ئەمەریکا بوون، وەکوو ناتۆ، هەمیشە زیادەتر و بێکەڵکتر دەهاتنە بەرچاو. هەموو سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا ئاراستە و چەقبەستنێکی خۆی لەدەست دابوو. تەنانەت بەشێک لە سەرسەخترین شەڕانییەکانی جەنگی سارد لە باڵی ڕاستی توندڕەوی سیاسەتی ئەمەریکادا، بوون بە



لایەنگرانی تەریکخوازی. قەیرانی کەنداو توانای ئەوەی بە دەوڵەتی ئەمەریکا بەخشی، کە بۆ هەڵگێڕانەوەی ئەم ڕەوەندانە دەستبەکار بێت. جۆرج بۆش لە دوا وتاری خۆیدا لە کۆبوونەوەی هەواڵنێرانی ئاییندا، ئامانجی ئەمەریکای لە جەنگدا بە ڕاشکاوییەکی لە ڕادەبەدەرەوە ڕاگەیاند. بە وتەی جۆرج بۆش، ئامانج لەم حەنگە "گێڕانەوەی ڕابەری" و "قابیلی پشت پێ بەستنی" ئەمەریکایە. کاتێک ئەم ئامانجە جێبەجێ بوو، ئەو کاتە مەسەلە نێونەتەوەییەکانی وەکوو مەسەلەی فەلەستین دەتوانێت لە سایەی "نەخشی ڕابەرییانەی ئەمریکا"دا چارەسەر بێت.

ئەمەریکا ئەو فرسەتەی لە ئاسمان قۆستەوە کە بە داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە بۆی ڕەخسابوو، بۆ ئەوەی جێگای خۆی وەکوو زلهێزێک سەرلەنوێ داسەپێنێتەوە. بە یارمەتی کەمپینێکی مەزن لە پرۆپاگەندە و هاندان کە لە لایەن ژۆرنالیزمی نۆکەر و پڕچەکی ڕۆژئاوا، کە خۆی بەرئەنجامی خەمساردیی سیاسیی جەماوەری دەیەی هەشتایە براوەتە پێشەوە، شتێکی وەکوو "ئیمپراتۆرێکی شەڕ"ی نوێ قوت کرایەوە. وڵاتێکی جیهانی سێیەمی بە دانیشتوانێکی کەمتر لە 17 ملیۆنەوە، قەرزار و بەتەواوی پشتبەستوو بە ناردنەدەرەوەی نەوت بۆ ڕۆژئاوا و شەکەت و ماندووی جەنگێکی هەشت ساڵە لەگەڵ وڵاتی ئێرانی دراوسێی، بە وێنەی خەتەرێکی هەڕەشەکەر لە جیهان نیشان درا. مەسەلەیەکی ناوچەیی کە لە سایەی هەلومەرجێکی دیکەدا بە زەخت و مانۆری سیاسی و دیپلۆماسی وەڵامی وەردەگرتەوە. تا ڕادەی جەنگی مان و نەمان بۆ "جیهانی شارستانی"، گەورە کرایەوە. ئەورووپای کیشوەر بە ڕاڕاییەوە چووە پشتی ئەم سیاسەتە. هێلمۆت کۆڵ و میتێران، سیماکانی ئەورووپایەکی بۆرژوازیی یەکگرتوو قودرەتخواز، لە لایەن بۆش و بێکەرەوە، هێماکانی دەسەڵاتی بێهاوتای ئەمەریکا، خرانە پەراوێزەوە. ژاپۆنی زەبەلاح هێنرایە خوارەوە بۆ ئاستی خەزێنەدارێکی ملکەچ. حەیاتیبوونی "ڕۆڵی ڕابەرایەتی" ئەمەریکا لە نەزمی سەرمایەدارانەی نوێی جیهاندا هێنرایەوە بیری ئەورووپا.

لە کاتێکدا کە عێراق مەیدانی جەنگە، ئەو مەسەلە تەوەرەییانەی کە دەبێ لە ڕێگای ئەم جەنگەوە یەکلا بکرێنەوە، بە پلەی یەکەم لە ڕۆژئاوادا خۆیان حەشار داوە. نمایشی هێز و "ڕابەری"ی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا بڕیارە زامنی پاراستنی جێگاوڕێگای لەبانتری ئەو وڵاتە بێت لە بەرامبەر هاوپەیمان و ڕەقیبەکانی لە ڕۆژئاوای پاش جەنگی ساردا_ فاکتەرێک کە لە هەمان کاتدا پێشمەرجی باڵادەستی جیهانیی ئەمەریکاشە.

بەڵام هەوڵی ئەمەریکا بە پێچەوانەی لۆژیکی سەرمایەداریی ئەمڕۆوە کار دەکات، کە پێداچوونەوەیەکی نوێی بنەڕەتی لە هاوسەنگیی پێشوو و شکڵگرتنی ئارایشێکی ئابووری و سیاسیی بۆرژوازیی تازە دەخوازێ. ماهییەتی لەرزۆکی "ئیئتیلافی" ئەمڕۆ بە بەراورد لەگەڵ هاوپشتییەکی ناوخۆیی کە یەکێتیی ڕۆژئاوا دەیان ساڵ لە بەرامبەر بلۆکی ڕۆژهەڵات لە خۆی نیشانی دا، گیروگرفتە مێژووییەکانی هەوڵی ئەمەریکا نیشان دەدات.

## فەلەستین و کوێت: پەیوەندییان

لە سەنگەرەکانی بەرامبەردا، نەک عێراق بە وێنەی وڵاتێک، یان ڕژێمێکی سیاسی، بەڵکوو ناسیۆنالیزمی عەرەب دەبینین بە وێنەی هێزێکی ناوچەیی_ ڕەقیبێکی دیکە لە کێشمەکێش بۆ بنیاتنانی نەزمی نوێدا. ئەمە ناسیۆنالیزمی خەڵکگەرایانە و دژی کۆلۆنیالی کۆن نییە، بەڵکوو ئاڵای بۆرژوازیی عەرەبی دوای ئۆپێکە. خەباتکاریی ئەم ناسیۆنالیزمە لە داماویی هەژارانی عەرەب، یان کوێرەوەرییەکانی خەڵکی فەلەستینەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکوو بەرهەمی ئەو ئیمکاناتە ماددییەیە کە بەڕووی دەوڵەتانی بۆرژوازیی عەرەبدا کراوەتەوە بۆ باشکردنی جێوشوێنیان لە ئابووریی جیهانی و پێکهاتەی ناوچەیی و نێونەتەوەیی دەسەڵاتدا. ململانێی هاوکێشەی پێشووی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەمێک بوو ئەم جۆرە چاوەڕوانییانەی ناکام کردبووە. نفووزی ڕۆژئاوا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا پشتی بە ئیسرائیل و ئێران بەستبوو، وەکوو دوو کۆڵەکەی سیاسەتی گەمارۆدانی سۆڤێت. تەنانەت وڵاتە عەرەبییەکانی لایەنگری ڕۆژئاوایش، وەک ئەردەن، سعودییە و دواتریش میسر، نەیانتوانی پەیوەندییەکی ئابووری و سیاسیی توندوتۆڵی وەها لەگەڵ ڕۆژئاوادا بەرقەرار بکەن کە ئیسرائیل و ئێرانی سەردەمی شا لێی بەهرەمەند بوون و بە مەرجی پێویستی گەشەی سەرمایەداری و پێشکەوتنی تەکنەلۆژی دەژمێردرا. جگە لەمە ماوەیەکی زۆر بەر لە داڕوخانی یەکجاریی بلۆکی ڕۆژهەڵات، ئیتر ئەوە ئاشکرا ببوو کە ئەم بلۆکە توانای داڕشتنی هیچ جۆرە چوارچێوەیەکی بۆ گەشەی ئابووری لە وڵاتانی ناوچەی ژێر نفووزی خۆیدا نییە. بەڵام مادام کە بەرژەوەندییەکی فراوانتری جیهانیی ڕۆژئاوا بە ئیسرائیل دەبەستێتەوە، ئەوەی کە وڵاتانی عەرەبی بە دانیشتوانێکی 50 ئەوەندەی ئیسرائیل و سەرچاوەیەکی فراوانی ئابووریی نەوت و هێزی کارەوە، لە مەیدانی سیاسەتی نێونەتەوەیی و ئابووریی جیهانیدا نفوزێکی بە هەمان ڕادە کاریگەر بەدەست



بهێنن، مومکین نەبوو. وە لێرەدا پەیوەندی لەحاشا نەهاتووی شەڕی ئەم دواییە لەگەڵ مەسەلەی فەلەستیندا ئاشکرا دەبێت. سەربەخۆ لەوەی کە سەرانی عەرەب بەقەد سەرە دەرزییەک لە خەمی کوێرەوەرییەکانی خەڵکی فەلەستیندا بن، یان نەبن (کە بەگشتی نین)، مەسەلەی فەلەستین بووەتە مەحەکی هەڵوێستی ڕۆژئاوا و ئەمەریکا بەرامبەر بە جیهانی عەرەب. ئیسرائیل و مەسەلەی فەلەستین ڕێگرە لەبەردەم جۆشخواردنی ئابووری و سیاسیی تەواوی جیهانی عەرەب لەگەڵ ڕۆژئاوادا. بە قەولی عەرەفات، "عەرەب دەیەوێت لەگەڵ ڕۆژئاوادا بێت، بەڵام "نەک وەکوو کۆیلە، بەڵکوو وەکوو شەریک". میسر هەوڵی دا تا لە ڕێگەی دوورکەوتنەوە لە مەسەلەی پانعەرەبیزم و گەیشتن بە ڕێکەوتنێکی سەربەخۆ لەگەڵ ئیسرائیلدا بەم ئامانجە بگات. ئەم ستراتیژە شکستی خوارد. ناسیۆنالیزمی میلیتانت دەیەوێت بە هێزنیشاندان بە هەمان ئامانج بگات. لەگەڵ ڕۆژئاوادا دەجەنگێت بۆ ئەوەی بە هەلومەرجێکی گونجاوترەوە پێوەی پەیوەست بێت.

داگیرکردنی کوێت لە لایەن عێراقەوە لە سەرەتاوە کردەوەیەکی سەربازیی ڕاستەوخۆی عێراق بوو بۆ گەیشتن بە ئامانجە تایبەتییەکانی خۆی. باشترین سیناریۆ لە ڕوانگەی عێراقەوە لکاندنێکی بێسەروسەدا بوو کە هیچ ئاکامێکی دەستبەجێی لە ناوچەکەدا لێ نەکەوتەوە. بەڵام کاتێک ئەم کردەوەیە لەگەڵ بەرهەڵستیی توندی ڕۆژئاوا بەرەوڕوو بووەوە، هەنگاوە ناکامەکەی عێراق وەکوو خزمەتێک بە ئامانجێکی گەورەتر و ناوچەیی لە لایەن ناسیۆنالیزمی عەرەبەوە باوەشی بۆ کرایەوە.

دەرکی ئەوەی کە بۆچی ناسیۆنالیزمی عەرەب مەیدانی هەڵسووڕانی خۆی فراوانتر دەبینێ و بۆچی شەڕێکی ماڵوێرانکەر هێشتا دەکرێ بە پێشڕەوییەکی سیاسی بژمێردرێت، دژوار نییە. داڕوخانی بلۆکی سۆڤێت گرنگیی ستراتیژیی ئیسرائیلی بۆ ڕۆژئاوا کەم کردۆتەوە. ئەو ڕۆژەی کە تیایدا واقیعییاتە ئابووری و مرۆییەکانی ناوچەکە خۆی بەسەر سیاسەتی ڕۆژئاوادا فەرز بکات، دوور نییە. گۆڕینی جوگرافیای سیاسیی کۆنی جیهان، هەر وەک لە ڕووداوەکانی ئەورووپا، سۆڤێت، یەمەن و کۆریا دەرئەکەوێت، مەسەلەیەکی حەتمییە. دابەشکردنی نێونەتەوەیی دەسەڵات لەنێوان دەوڵەتە بۆرژواییەکاندا بەناچاری دەبێ چاوی پێدا بخشێنرێتەوە و ئەو جەمسەرە ئابووری و سیاسییانەش بگرێتەوە کە لە ئەنجامی گەشەی تەکنەلۆژی و جیهانیبوونەوەی سەرمایەدا، لە دەرەوەی قەڵەمڕەوەکانی سەرمایەداریی پێشکەوتوودا

سەریان هەڵداوە. ئەو هاوسەنگییە وشک و زرەی کە لە لایەن جەمسەربەندیی کۆنی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە پێک هاتبوو و پارێزگاری لێ دەکرا، تێک ڕووخاوە. ئەو هێزانەی کە لە ئاستی ناوچەییدا ڕوو لە سەرهەڵدانن، دەتوانن ئومێدەوارتر بن بەوەی کە بە کاری لێبڕاوانە کاریگەری لەسەر چارەنووسی خۆیان دابنێن.
بەشێک لە ئامانجەکانی ناسیۆنالیزمی میلیتانتی عەرەب هەر ئێستا وەدیهاتووە. ئەنجامی شەڕەکە هەرچییەک بێت، هەر ئێستا گۆڕانکارییەکی گەورە لە ناوچەکەدا بە زیانی ئیسرائیل لە ئارادایە. درێژەپێدانی ئەم پرۆسەیەی ئێستای باشبوونی پەیوەندیی ئەمەریکا و ئیسرائیل، کە پارە و موشەکدان بە ئیسرائیل نیشانەکانێتی، لە ئاییندەدا سەخت دێتە بەرچاو. بە کۆتاییهاتنی شەڕ، گوشاری ڕۆژئاوا، وە یان بە هەر حاڵ ئەورووپا، لەسەر ئیسرائیل پەرە ئەسێنێ. ناسیۆنالیزمی عەرەب هەر بەمەندەی ئێستاش، توانیویەتی بەفەرمیناسینی قورسایی ئابووری و سیاسیی جیهانی عەرەب بەسەر ڕۆژئاوادا بسەپێنێ. هەر بەمەندەی ئێستاش ڕۆژئاوا بەڵێنی هەندێک سازشی لەسەر مەسەلەی فەلەستین داوە کە تا دوێنێ وێنەی نەبووە. جگە لەمە کۆمەڵێک سوودی لاوەکیشی هەبووە. لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا ناسیۆنالیزم پێشەنگی لە پانئیسلامیزم سەندەوە. ئیسلام خۆی کشاندۆتە دواوە بۆ گێڕانی دەوری پلە دوو لە سیاسەتی جیهانی عەرەبدا، بە وێنەی ئامرازێکی هەڵخڕاندن لە خزمەتی کاری سیاسیی بە ناوەڕۆک ناسیۆنالیستیدا. ئەم ململانێیەی دوایی کۆمەکی کردووە کە تەنانەت لە ئێرانیشدا بوخچەی باڵی پانئیسلامیستی حیزبوڵڵا بپێچرێتەوە. بۆ عێراق خۆی خودی مانەوە، دوای بەرگرییەکی سەربازیی ئابڕوومەندانە، بە سەرکەوتنێکی سیاسی، وە لە درێژماوەدا تەنانەت بە سەرکەوتنێکی سەربازیش دەژمێردرێت. داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمەریکاوە، وە یان تەنانەت مانەوەی سەربازیی درێژماوەی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا، بێگومان ئەم جەنگەی ئێستا دەکاتە ڤێتنامی دووەم بۆ ئەم وڵاتە. ئەمەش بە ئەگەرێکی زۆرەوە، دەبێتە مایەی قڵشت لەنێو یەکێتیی ڕۆژئاوا و تەریککەوتنەوەی ئەمەریکا لە کیشوەری ئەورووپا. ئەم حاڵەتەی لێ دەرچێت، جێوشوێنی عێراق بە وێنەی وڵاتێکی بە نفووز لە جیهانی عەرەبدا سەقامگیر دەبێت.

## ئەم شەڕە دەبێ ڕابوەستێ

ئەم شەڕە دەبێ ڕابوەستێ، لە پلەی یەکەمدا لەبەر ئەو وەحشیگەرییەی کە نمایشی دەکات. ئەم جەنگە هەتا ئێستا هەزاران کەسی بێگوناهی کردووەتە قوربانی.



سەرلەبەری بیرۆکەی بۆمباران بە "وردبینی نەشتەرگەری" ئەفسانەیە. سەرتاپای وڵاتێک بە بۆمب کێڵراوە. خەڵکی بە بچووک و گەورەوە بە بۆمب و مووشەک دەکوژرێن، لەبەر نەبوونی ئاو و کارەبا و داوودەرمان و پێداویستی تەندروستی گیان دەدەن. کارەساتەکانی ئەم شەڕە بۆ خەڵکی بێگوناە و سیڤیلی عێراق ناکرێت بۆ هەتاهەتایە لە لایەن میدیاکانی ڕۆژئاواوە پەردەپۆش بکرێن. کاتێک ڕاستییەکان بکەونە ڕوو، کە وردەوردە خەریکە دەکەونە ڕوو، مرۆڤایەتی شەرمەزار دەبێت.
ئەم شەڕە دەبێ ڕابوەستێ، لەبەر ئەو پاشەوپاشگەڕانەوە سیاسی و کولتووری و ئەخلاقییەی کە بەسەر هەموو جیهانی دەسەپێنێ. نیشانەکان هەر ئێستا لەبەردەستدان. دەخاڵەتگەریی سەربازیی زلهێزەکان، شۆڤێنیزمی میللی، نەژادپەرستی، وەتەنپەرستی، دەمارگیریی ئایینی، تیرۆریزم و ژۆرنالیزمی نۆکەر، ئەمانە بەشێکن لەو هێزە ڕەشانەی کە بەم شەڕە هەوساریان پچڕاندووە. ئەمانە تایبەتمەندییە واقیعییەکانی ئەو بەناو "نەزمی نوێی جیهان"ەن، کە خەریکە چەکەرە دەکات .

وەرگێڕانی: سەعید ئەحمەد

سەرچاوە:
طلوع خونین نظم نوین جهانی
"کارگر امروز"، شماره 10
بهمن 1369، فوریه 1991

# ئاکامە سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکانی شەڕی کەنداو

(گفتوگۆی گۆڤاری کۆمۆنیست)

**کۆمۆنیست**: ئاکامە سیاسییەکانی سەرکەوتنی ئەمەریکا لە شەڕدا چییە و تا چ ڕادەیەک ئەم سەرکەوتنە سەربازییە، ئامانجە سیاسییەکانی ئەمەریکا لەم شەڕەدا و بە دیاریکراوی ئاسۆیەک کە ئەمەریکا لە بەردەم خۆیدا دایناوە سەبارەت بە نیزامێکی تازەی جیهان دابین دەکا؟ کاریگەری ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دواییانە لەسەر جەوی فیکری و سیاسی جیهان و هەروەها جێگەوڕێگەی بزووتنەوە سۆسیالیستییەکان چییە؟

**مەنسوور حیکمەت**: ناوبردنی ئەوەی کە ڕوویداوە بە "سەرکەوتنی سەربازیی ئەمەریکا" وەسفێکی تەواوی حاڵەتەکە نییە. بە ڕەچاوکردنی جیاوازیی تەکنەلۆژیی هەردوو لایەن و هێزێک کە ئەمەریکا لە ناوچەکەدا کۆی کردبووەوە، ئاکامی شەڕەکە لە پێشەوە دیاربوو. لە ڕاستیدا شەڕێک ڕووی نەدا. ئەوەی ڕووی دا کوشتارێکی دەست ئەنقەستی و لە پێشدا داڕێژراوی سەدان هەزار سەربازی برسی و لە حاڵەتی پاشەکشەدا بوو.

ئەوەی کە ئەم ڕووداوە ئەیویست بە دنیای پێشان بدات، باڵادەستی سەربازی ئەمەریکا بەسەر عێراقدا نەبوو، بەڵکوو ئەوەبوو کە ئەمەریکا بۆ جێبەجێکردنی ئامانجە سیاسی و ئابوورییەکانی لە چوارچێوەی جیهانی دوای شکستی بلۆکی ڕۆژهەڵات ئامادەیە دەست بداتە بێڕەحمانەترین جم و جووڵی سەربازی و دەبێ جیهان حیسابێکی تایبەتی بۆ ئەم ژاندارمە خۆسەپێنەرە بکاتەوە و باجی پێوستی پێ بدات.

ئەم هێزپێشاندانە ئەمەریکای لە دابینبوونی ئامانجە سیاسییەکانی نزیکتر کردۆتەوە، دەبێت خودی ئەم ئامانجە بە دروست بناسرێت. لە ئێستادا سەرنجی گشتی ڕووی کردووەتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کاریگەرییەکانی ئەم شەڕە دوایی لەسەر چارەنووسی عەرەبەکان و ئیسرائیل و مەسەلەی فەلەستین و هەیکەلی ناوچەیی دەسەڵات. بەم پێیە دەبێ لەسەر ئەوە پێ دابگیرێت کە کێشەکان و هاوکێشە ناوچەیییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا فاکتۆرێکی پلە دووەم بووە لە حیساباتی ئەمەریکادا. مەسەلەی بنەڕەتی، جێگەوڕێگەی ئەمەریکایە لە پەیکەری دەسەڵاتدا لە



ئاستێکی نێونەتەوەییدا، کە بە تێکشکانی بلۆکی ڕۆژهەڵات، دەبێ سەرلەنوێ پێناسە بکرێتەوە. مەسەلەکە سەبارەت بە دابەشکردنی دەسەڵاتە لەنێوان هێز و جەمسەرە ئەسڵییەکانی سەرمایەداری لە ئاستێکی جیهانیدا. تا پێش لە قەیرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ڕێچکەی بار و دۆخی ئابووری پووکانەوەی بەرەبەرەی ئەمەریکا و سەرهەڵدانی هاوسەنگییەکی نوێ لەنێوان ئەمەریکا و ئەورووپا و ژاپۆندا دەسەلماند، کە تیایدا بەرەبەرە جێگە بۆ دەسەڵاتی باوی ئەمەریکا بەسەر ئەورووپای ڕۆژئاوای کۆندا نە دەمایەوە. جێگەوڕێگەی دەسەڵاتی ئەمەریکا لە ڕۆژئاوادا نەدەما، دەمێکە لەگەڵ سەنگوسووکیی ئابووریی ئەم وڵاتەدا نایەتەوە. پووکانەوەی ئابووریی ئەمەریکا و لاوازبوونی هەیکەلە پیشەسازییەکەی لەگەڵ دەرکەوتنی زەبەلاحی ئابووری لە چەشنی ژاپۆن و ئەڵمانیا و تا ڕادەیەکیش فەرەنسا هاوکات بووە. ئەمڕۆ هێزهاوسەنگییەکی ئابووری کە لە دوای تەواوبوونی شەڕی دووەم و دەستپێکردنی ئاوەدانکردنەوەی ئەورووپاوە لەنێوان وڵاتە سەرمایەدارە پێشکەوتووەکاندا لە ئارادا بوو، بە توندی بە زیانی ئەمەریکا ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە. بێجگە لەم ڕاستییانە، لە بنەڕەتدا ئەمەریکا بە هۆی بەرامبەرکێی جیهانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات، دەوری سەرکردەیی خۆی لە جیهانی ڕۆژئاوادا پاراستبوو. ئەمەریکا تەوەری هەموو ڕیزبەستنێکی ئایدیۆلۆژیی سیاسی و سەربازیی ڕۆژئاوا بوو لەبەرامبەر ڕۆژهەڵاتدا. ئێستا ئەگەر قەرار وا بێ کە بلۆکی ڕۆژهەڵات لە مەیدان بکرێتە دەرەوە و ئەو بەرامبەرکێیەی کە گشت هاوکێشەکانی جیهانی سەرمایەداری شکڵ پێدابوو بخرێتە لاوە. ئەو دەمە دەبێ خودی ڕۆژئاواش بەپێی ئەم هەلومەرجە تازەیە بگۆڕێت. یەکێک لەم گۆڕانکارییانە بە شێوەیەکی مەنتیقی لاوازکردنی جێگەوڕێگەی ئەمەریکا دەبوو لە گشت هەیکەلی سیاسیی جیهانی سەرمایەداریدا. کاتێک جۆرج بۆش لە سیستەمی نوێ دەدوێ، ئەم مەسەلەیە جێگەی سەرنجی ئەوە، نەک تەنها تەرتیباتێکی ئەمنی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سەرنج و تێبینییەکی ناوچەیی دیکەی لەو بابەتە. سیستەمی نوێ بووەتە شتێکی پێویست، چونکە سیستەمە کۆنەکە خەریکە لەنێو دەچێت. تەوەری سیستەمی کۆن هێزهاوسەنگییەک و هاوتاییەکی دیاریکراوی نێوان جەمسەرە بەهێزەکانی سەرمایەداریی جیهانی (بە بلۆکی ڕۆژهەڵاتیشەوە) بوو. سیستەمی تازەش دەبێ لە سەرەتاوە چارەنووسی ئەم مەسەلەیە ڕۆشن بکاتەوە. تەرتیباتی ناوچەیی تەنها پاش یەکلاییکردنەوەی ناوخۆیی چارەنووسی هێزەکانی سەرمایەداری ڕوون

دەبێتەوە. تا ئەو جێگایەی کە بەم ئامانجە تەوەرەیییەوە پەیوەندی هەیە، لایەنیکەم ئەمەریکا لە کورتماوەدا سەرکەوتنی بەدەست هێناوە. ئەورووپا و ژاپۆن پەیامەکەیان وەرگرتووە، وەکوو هێزێکی سەربازی و یاریکەرێکی بنەڕەتی لە گۆڕەپانی جیهانی و بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەندا بزمارێکی تر بە تابووتی سۆڤیێتدا داکوتراوە، ئەوە ئاشکرا بوو کە ڕەوەندی سەرهەڵدانی جەمسەرێک بە بێ دانی سەرقوفڵانەی جیددی بە ئەمەریکا لە تواناد نییە. لە ڕوانگەی بۆرژوازیی ئەورووپاوە بەکردەوە دەوری ژاندارمی ئەمەریکا لە ئاست جیهاندا درێژ کرایەوە و قسەکردن لەسەر جێکردنەوەی ناتۆ بە ئارایشتێکی تازە کە تیایدا ئەورووپا سەربەخۆ کارکردنێکی زیاتری هەبێت بەکردەوە کەم بۆتەوە، ئەو بەدیلانەی لە ئێستادا قسەیان لێوە دەکرێ لە چەشنی یەکێتییەکی تازەی سەربازی لە ڕۆژئاوادا و یاخود هەڵسووڕاوکردنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕۆڵێکی سەربازیی ئەمنیدا کە لە ئاستی جیهانیدا پارێزەری بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا بێت، هەر یەکەیان بە جۆرێک ڕەسمییەتناسینی توانا و نفووزی ئەمەریکای لە خۆدا جێ کردۆتەوە.
خاڵێک کە جێی سەرنجە ئەوەیە کە ڕووداوی ئەم دواییانەی ڕۆژهەڵات بەکردەوە هاوسەنگی هێزی نێوان عەرەبەکان و ئیسرائیلی بە زیانی ئیسرائیل گۆڕیوە. وا دەردەکەوێت کە تێکشکانی ناسیۆنالیزمی میلیتانتی عەرەب، کە لەم دەورەیەدا بە هۆکاری جۆراوجۆر لە ئینتیلافێکی عێراقی فەلەستینیدا بەرجەستە ببوو، وەکوو پێشمەرج و سەرەتایەک کاری بۆ دانی سەرقفڵانە بە باڵە میانڕەوەکانی عەرەب کردووە. چارەسەرکردنی مەسەلەی فەلەستین و پەیوەندی نزیکتر لەگەڵ بۆرژوازیی عەرەبدا، لە سەرەوەی دەستووری ڕۆژئاوا و ئەمەریکا دانرا. ئەم ڕەوەندە دەکرا لەپێشەوە ببینرێت و سەرەنجامی جەبری کۆتاییهاتنی بەرامبەرکێی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات لە مەیدانی جیهانیدا کە جێگەوڕێگەیەکی تایبەتی لە ستراتیژی گشتیی ڕۆژئاوادا بە ئیسرائیل دەبەخشێ. بەم جۆرە بە "سەرکەوتنی سەربازیی ئەمەریکا" پێویستیی پاشەکشەی سراتیژی (هاوپەیمانی تەقلیدی ڕۆژئاوا) لەبەرامبەر عەرەبەکاندا بەرجەستەتر کردووە. بەڵام ئەمەریکا لێرەشدا، بە کوشتوکوشتار لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەم ئیمتییازەی بەدەست هێناوە، کە لە شێوەی موشەخەسی دیاریکردنی چارەنووسی مەسەلەی فەلەستیندا نفوزێکی بێوێنە پەیدا بکات. فیکرەی کۆنفرانسی نێونەتەوەیی کە سۆڤیێت بەرگریکاری ئەسڵی بوو لێی و لەم دواییانەدا کەم تا زۆر



کەوتبووە سەرزاری هەمووان، بێجگە لە ئیسرائیل و ئەمەریکا، بەکردەوە لاواز بووە. لە بری ئەوە چارەسەری مەسەلەکە بە دەلاڵی و ناوبژیکردنی ڕاستەوخۆی ئەمەریکا بووەتە جێگەی سەرنجدان.
قازانجێکی تری ئەمەریکا داننانە بە بوونی سەربازیی ئەم وڵاتە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە وەکوو سیاسەتێکی فەرمی ڕاگەیانراوە. لە سایەی ئەم هێزنواندنەی دواییەوە، داکۆکیی بەشەکانی تری بۆرژوازیی جیهانی بۆ ئەم سیاسەتەی ئەمەریکا کەم بووەتەوە.
دیارە کە هێزنواندنی سەربازیی ئەمەریکا و ئەو ئیمتییازە سیاسی و سەربازییانەی کە لێوەی سەریان هەڵداوە، ئامانجێک نەبووە لە خۆیدا و قەرارە کە ئاکامەکانی، قازانجی دیاریکراوی ئابووری بۆ بۆرژوازی هەبێت. ئەمەریکییەکان زیاتر لە 70%ی قەرار و پەیمانەکانی پەیوەندیدار بە سەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوەی کوێت و عەرەبستانی سعوودییان بە خۆیانەوە گرێ داوەتەوە، کە لە پێنج ساڵی داهاتوودا دەکاتە 100 ملیار دۆلار. ئەڵمانیا و ژاپۆن لە هەر جۆرە دەخاڵەتکردنێک لەم مەسەلەیەدا بە فەرمی خراوەنەتە لاوە. تەنانەت بەریتانیا، بەچکە پاڵەوانی بژێوی ئەمەریکا، لەم شەڕەدا ناچار بووە کە دەربارەی هەڵاواردنی کۆمپانیا بەریتانییەکان بە فەرمی لای ناخاوەن پایە ئەمەریکییەکان شکات بکات. لە ماوەیەکی مامناوەندیدا دەسەڵاتی ئەمەریکا بەسەر بەرهەمهێنان و نرخدانانی نەوتی ڕۆژهەڵاتی نێوەندا جێگیر بووە و ئەمەش دەتوانێ لە خستنە ژێر گوشاری ڕکابەرە ئابوورییەکانی ئەم وڵاتە و بەهێزکردنی سەرمایەی ئەمەریکادا وەکوو ئامرازێک دەور ببینێ. لە ئاستێکی بەرینتردا، هەر ئێستا لە پەیوەند بە ژاپۆن و هەناردە و بودجەی دانەوەی ئەم وڵاتەوە، ئاخاوتنی ئەمەریکا توندتر بووە. لانی کەم تا ئەو جێگایەی بەدەست هێناوە کە پشکی سەرمایەی وڵاتە جیاجیاکان لە بەرهەمهێنان و فرۆشتن لەم بازاڕانەدا، بۆ دەورەیەک بەپێی قازانجی خۆی دیاری بکات.
سەرەڕای ئەمە ملهوڕی و باڵادەستیی ئەمەریکا چوارچێوە و سنوورێکی مێژوویی دیاریکراو و سنوورداری هەیە. مەنتیقی جیهانیی سەرمایەداری پاش جەنگی سارده ئارایشێک بە زیانی ئەمەریکا و بە قازانجی هاوسەنگییەکی تازە لەنێوان هێزە کاپیتالیستییە ئەسڵییەکاندا دێنێتە ئاراوە. ئارایشدانەوەی ئەوروپا و خەملێنی جەمسەرێکی بۆرژوازیی دیکە کە زیاتر پەلوپۆی ئەمەریکا کۆ دەکاتەوە، شتێکی

ناچارییە. هاوکێشە ئابوورییە بنچینەییەکانی نێوان ئەم وڵاتانە، لە ئاکامی ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتییان بەسەردا نایات. وەڵامی بەرهەمهێنی بەرزی ئابووریی ژاپۆن و ئەڵمانیا، یاخود لەقبوونی پایەی پیشەسازیی ئابووریی ئەمەریکا بە هێزنواندنی سەربازی نادرێتەوە. درەنگ بێت یان زوو، بەهۆی ڕۆیشتن بەرەو یەکێتیی ئەورووپاوە، هێزنواندنی ئەمڕۆی ئەمەریکا هەرەس دەهێنێت و جارێکی دی ڕەوەندە کۆنەکان مۆری خۆیان لە هێزهاوسەنگیی نێوان هێزەکانی سەرمایەداری ئەدەن. سەردەرهێنانی خەڵکی زەحمەتکێشی جیهان لە دۆخی ترسناکی ئێستا و تێکشکانی تێڕوانینی ئەمڕۆی ئەمەریکا وەکوو سەروەریی جیهان، ڕەنگە کەمێک زۆرتر درێژە بکێشێ، وەلی هەر چۆنێک بێت ناچارییە.

لە ڕوانگەی کاریگەرییە ئایدیۆلۆژییەکانی جەنگەوە، یەکەم ئاکامی بەرچاو و سەرنجڕاکێشی ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دواییانە، بەسەرچوونی گشت قۆناغی تەبلیغاتی جیهانیی ڕۆژئاوایە سەبارەت بە دیموکراسی و مافی مرۆڤ کە لە پەیوەند بە قەیرانی بلۆکی ڕۆژهەڵاتەوە وەکوو گوشارێکی فیکری لەسەر ئەم بلۆکە دەستی پێ کردبوو. ئەم بارگە و بنەیە کاتی پێچانەوەی هاتووە و ڕوخساری دژی دیموکراتیک و سەرکوتگەرانەی سەرمایەداری، بە قیمەتی گیانی دەیان هەزار مرۆڤی بێتاوان و بە قیمەتی دەربەدەری و ئاوارەیی ملیۆنەها کەس لە عێراق و کوێت پەردەی لەسەر لادرا. ئەو هیوا و ئاواتە کرچ وکاڵەی کە بە درێژایی کەمپینی ڕۆژئاوادا دژ بە بلۆکی ڕۆژهەڵات لەبیر و مێشکی ڕۆشنبیرانی چینە ناوەنجییەکانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات و وڵاتانی جیهانی سێیەمدا سەبارەت بە داهاتوویەکی پڕ ئاشتی و خۆشی و دەنگدان و هەڵبژاردن و سەلامەتیی شوێنی کار لەژێر بازاڕدا ڕەگی داکوتابوو، پووکایەوە. جارێکی دیکە مەنتیقی بنەڕەتیی سیاسەت لە جیهانی سەرمایەداریدا، مەنتیقی میلیتاریزم و هێزنواندن بەری چاوی خەڵکی گرتووە. هەواڵنێرە بۆرژواییەکان. دووبارە بە فەرمی قسە و زمان و دەستەواژەکانی سەردەمی کۆلۆنیالی بەکار دەبەنەوە. سەرۆک کۆماری ئەمەریکا بە ئاشکرا خۆی کردووەتە سەروەر و دەمڕاستی جیهان بە جۆرێک کە تەنانەت سیرالیۆن دەبێ ڕاستەوخۆ سەبارەت بە ئاژاوەگێڕیی فڵانە دەستەی چەکداری چارلز تیلور لای ئەو سکاڵا بکات و نەتەوەپەرستەکانی کوردستانیش دەبێ دەست بە دامێنی ئەو بن. بۆگەناوی دەخاڵەتگەریی سەربازی بڵاو کردۆتەوە و بۆ نموونە هەر لە ئێستاوە



زەمینەخۆشکردنی تەبلیغاتی ئەمەریکا بۆ داگیرکردنی کوبا لە داهاتوویەکی نزیکدا لە ڕێگەی تاوانبارکردنی کوبا و خودی کاسترۆوە دەستی پێ کردووە، بەوەی کە یارمەتی گەیاندنی مەوادی بێهۆشکەر بۆ نێو ئەمەریکا بە قاچاخ ئەدەن.

دیارە کە سەراحەت پەیداکردنی مەنتیقی زۆر و کەنارکەوتنی تەبلیغاتی پەیوەند بە مافی مرۆڤ و دیموکراسییەوە خۆی لە خۆیدا نەبووەتە هۆی ڕەواجپەیداکردنی ڕەخنەی ڕادیکاڵ لە سەرمایەداری و ئیمپریالیزم و ئەو چەمکگەلە پووچ و گەندەڵانەی کە دەسەڵاتەکەی پێ پاساو دەکات. تەنانەت لە خودی بزووتنەوەی دژی شەڕدا، سەرەڕای بوونی سەرەتایەک لە تێڕوانینێکی ڕادیکاڵی ڕەخنەگرانە، جۆرە پاسیڤیزمێکی ناسیاسی چوارچێوەی فیکریی باوی پێک دەهێنا، کە خۆی پێشفەرز ئیمپریالیستی و تەنانەت ڕەگەزپەرستانەی ئایدیۆلۆژیی فەرمیی بە خۆوە دەبینی. کاریگەریی فیکریی دەستبەجێی هێزنواندنی ئەمەریکا، کە لە لایەکەوە سەراحەتپەیداکردنی خەسڵەتی ئیمپریالیستی و شێوە کۆلۆنیالیستیی ئایدیۆلۆژیی فەرمییە لە ڕۆژئاوادا و لە لایەکی دیکەوە لەپەلوپۆکەوتن و خۆبەدەستەوەدانی ڕەوتە بنەڕەتییەکانی بیرکردنەوەی ئۆپۆزیسیۆنانەیە. مەیلە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئایدیۆلۆژیی فەرمی لە ڕۆژئاوادا، ڕەوتە لیبراڵەکان، هیومانیستەکان، سەوز و ڕێفۆرمیست و پەیڕەوانیان لەنێو ڕۆشنبیرانی خۆشخەیاڵی بلۆکی ڕۆژهەڵات و جیهانی سێیەمدا بەهۆی بار و دۆخی تازەوە سست و بێ بنچینە ماونەتەوە. دیموکراسیی ڕۆژئاوا بە شوارسکۆف و بۆشیەوە و بەو تەرمانەوە کە لە کوێتەوە تا بەسرە بەسەریەکدا کەڵەکە بوون، پەروەندەی نوێی وەجوڵەکەوتووی نموونەکانی زوڵم و سەرکوتی بلۆکی ڕۆژهەڵات و جیهانی سێیەمی سەرلەنوێ هەڵدایەوە. سەردەمی کەوتنی دیکتاتۆرەکان کە هێشتا دەستی پێ نەکردووە بەسەر چوو. دوکەڵێک کە قەرارە تا دە ساڵی دیکە لە چاڵە نەوتەکانی کوێت و عێراقەوە بە هەوادا بڵاو بێتەوە، خەڵکێک کە لە ئاوی دیجلە دەخۆنەوە و ئەو منداڵانە کە لە شاخەکانی کوردستاندا بەهۆی سەرما و نەبوونی خواردنەوە گیان دەدەن، بێگومان ئەو ئاژەڵانەی کە لە دۆخی لەناوچووندان لە بیری مرۆڤ دەبەنەوە. بار و دۆخی تازە، قەیرانی ڕەخنەی نیوەناچڵ لە سەرمایەداریی هاوچەرخ لە خۆیدا دێنێ. ئەمە دۆخێکی تۆقێنەرە کە ناتوانێ درێژە بکێشێت و بێگومان تەمەنێکی کورتری دەبێ لە دۆخی سڕبوونی سەردەمی "دیموکراسی و بازاڕ"، چونکە هەر بەو جۆرەی کە وتم، هەلومەرجێکی بابەتی کە ئەم بار و دۆخە فیکرییەی هێناوەتە کایەوە خۆی مێژووی

نییە. لە ڕاستیدا ئەم بار و دۆخە گوشاری ئایدیۆلۆژیی دەورەی پێشوو لەسەر ڕەخنەی ڕادیکاڵ لە سەرمایەداریی هاوچەرخ و بە شێوەیەکی دیاریکراو لەسەر بیرکردنەوەی ڕەخنگرانە و سۆسیالیستیی چینی کرێکار هەڵدەگرێت. ئاشکرابوونی ڕووی دزێوی سەرمایەداری و هەلومەرجە دژە مرۆییەکانی دیموکراسیی بۆرژوازی و ناسیۆنالیزم، هێزهاوسەنگی فیکری ئەم چەند ساڵەی دوایی بە قازانجی ڕەخنەی سۆسیالیستی دەگۆڕێ. دەخاڵەتگەری نالایەقی بۆرژوازیی ڕۆژئاوا لە ئاستی نێونەتەوەییدا. ڕووی کرێکاری ڕۆژئاوا بەرەو جیهان وەردەگێڕێ و لە داخراوییەکەی ڕزگاری دەکات. کرێکاری جیهانی سێیەم بێ بناغەیی لیبراڵیزمی دڵخۆش بە ڕۆژئاوا، بنبەستبوونی ناسیۆنالیزم و دین لە مەیدانی سیاسیدا جارێکی تر بە ڕۆشنی لە قەیران و شەڕی کەنداودا تاقی کردۆتەوە. کرێکارانی وڵاتەکانی بلۆکی ڕۆژهەڵات لە جەرگەی ئەو مەینەتە ئابوورییانەدا کە وەرچەرخان بە لای بازاڕدا بەسەریدا سەپاندوویەتی، لە گوشاری پڕۆپاگەندەی سیاسیی بۆرژوازیی ڕۆژئاوا زیاتر ڕزگاری دەبێت و توانای تێڕوانینێکی سەربەخۆتری لە جێگەورێگەی خۆی دەداتێ. نیشانەکانی هەموو ئەم ڕەوەندانە هەر ئێستا دەکرێ ببینرێن. دەیەی نەوەتەکان هەر وەک پێشتریش وتم و پێشبینیمان کرد، دەیەی خۆشخەیاڵی نییە، دەیەی واقیعییەت و کێشەیە لەسەر واقیعییات. هێزنواندنی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا لە بری ئەوەی بتوانێ چوارچێوەیەکی تازە بەسەر جیهاندا بسەپێنێت، زیاتر ئەو کەشە فیکرییە پڕ لە خۆشخەیاڵییەی سەردەمی ڕوخانی بلۆکی ڕۆژهەڵات تێک دەشکێنێ.

تێبینی: ئەم گفتوگۆیە لە دوو پرسیار پێک هاتووە، ئەم وەرگێڕانە تەنها پرسیاری دووەمیانە.

وەرگێڕانی: موحسین کەریم
تایپکردنەوەی: کاوە عومەر

سەرچاوە:
پیامدهای جنگ خاورمیانه
رویدادهای کردستان عراق
"کمونیست"، شماره 61
اردیبهشت 137

# پێڕست

پێشەکی .......................................................................... 5
مەنسوور حیکمەت کێ بوو؟ ............................................................ 7
ئەفسانەی بۆرژوازیی میللی و پێشکەوتنخواز ........................................ 37
پۆپۆلیزم لە بەرنامەی لانی کەمدا .................................................. 131
بڕیارنامە سەبارەت بە دروشمی: ئازادی، بەرابەری، حوکوومەتی کرێکاری .... 181
حیزبی کۆمۆنیست لە گرەوی چیدایە ................................................. 183
کۆمۆنیستەکان و پراکتیکی پۆپۆلیستی ............................................. 199
ئازادی، بەرابەری، حوکوومەتی کرێکاری ........................................... 237
چەند تێزێک لە بارەی: بنەماکانی ڕێکخستنی کۆمۆنیستی و ڕەخنە لە شێوەکاری پۆپۆلیستی ..................................................................... 245
شانەکان و خەباتی بەردەوامی کرێکاریی ........................................... 261
شانە حیزبییەکان و ئاکسیۆنە کرێکارییەکان ....................................... 273
مارکسیزم و پراکتیکی شۆڕشگێڕانە ................................................ 317
دەوڵەت لە دەورە شۆڕشگێڕانەکاندا ................................................ 343
هێڵە سەرەکییەکانی ڕەخنەی سۆسیالیستی لە ئەزموونی شۆڕشی کرێکاری لە سۆڤێت ....................................................................................... 405
حیزبی کۆمۆنیست و ئەندامەتی کرێکاری ........................................... 459
وەرگێڕدراوی وتووێژی هاوڕێ مەنسوور حیکمەت بە بۆنەی شەشەمین ساڵڕۆژی پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران .................................................. 475
جیاوازییەکانی ئێمە ................................................................. 487
وتووێژ لەگەڵ هاوڕێ مەنسوور حیکمەت سەبارەت بە: پێکهێنانی فراکسیۆنی کۆمۆنیزمی کرێکاری ................................................................ 559
سەرهەڵدانی خویناویی نەزمی نوێی جیهان_ جەنگی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ....................................................................................... 571
ئاکامە سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکانی شەڕی کەنداو .................................. 579